بوون و نەبوون

سەرچاوە:

Jean-Paul Sartre, *Being and Nothingness: An Essay on Phenomeno-logical Ontology*, translated by Hazel E. Barnes, Routledge: London, .reprinted 1996

ناوی کتێب: بوون و نەبوون
نووسینی: ژان پۆڵ سارتەر
وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال
بابەت: فەلسەفی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ڕوشدی ئەنوەر
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١١
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٠٠٩) ی ساڵی ٢٠١١ پێدراوە

(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)

Jean-Paul Sartre

Being and Nothingness

Translated from English by

Muhammad Kamal

ژان پۆڵ سارتەر

بوون و نەبوون

نوسراوێکە لەسەر ئۆنتۆلۆجیی فینۆمینۆلۆجییانە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
د. محەمەد کەمال

سلێمانی ٢٠١١

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٨٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ	١١
پێشەکی	١٣
1. گەڕان بەدوای بووندا	١٣
2. دیاردەی بوون و بوونی دیاردە	١٦
3. کۆجیتۆی پێش تێڕامان و بوونی هەستکردن	١٨
4. بوونی هەستکەر	٢٤
5. بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی	٢٧
6. بوون-لەنێو- خۆدا	٣٠
کەرتی یەکەم	٣٥
بەشی یەکەم	٣٧
بنەڕەتی ڕەتدانەوە	٣٧
1. پرسیارکردن	٣٧
2. ڕەتدانەوە	٤٠
3. چەمکی دیالێکتیکییانەی نەبوون	٤٦
4. چەمکی فینۆمینۆلۆجییانەی نەبوون	٥٠
5. بنەڕەتی ڕەتدانەوە	٥٥

بەشی دووەم ٧٨
بڕوای خراپ ٧٨
1. بڕوای خراپ و ناڕاستی ٧٨
2. "بڕوا" و بڕوای خراپ ٩٨
کەرتی دووەم
بوون-بۆ-خۆ ١٠٣
بەشی یەکەم ١٠٥
بونیادی ڕاستەوخۆی بوون-بۆ-خۆ ١٠٥
1. ئامادەبوونی خۆ ١٠٥
2. فاکتۆری بوون-بۆ-خۆ ١١٠
3. بوون-بۆ-خۆ و بوونی بەها ١١٦
4. بوون-بۆ-خۆ و بوونی ئەگەرەکان ١٢٦
5. خۆ و سوڕانەوەی خۆ ١٣٣
بەشی دووەم ١٣٦
کات ١٣٦
1. فینۆمینۆلۆجیای سێ ڕەهەندی کات ١٣٦
ئەلف. ڕابردوو ١٣٦
با. ڕانەبردوو ١٥٠
جیم. داهاتوو ١٥٤
2. ئۆنتۆلۆجی کات ١٦٠
ئەلف. کاتی وەستاو ١٦٠
با. دینامیکییەتی کات ١٧٣
3. کاتی بنەڕەتی و کاتی دەروونی: تێڕامان ١٧٩
بەشی سێیەم ١٩٧
بەرزێتی ١٩٧
1. زانین وەکو پەیوەندی نێوان بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆدا ١٩٨
2. سەلماندن وەکو ڕەتدانەوە ٢٠٥

3. چۆنیەتی، چەندەکی، هێزەکی و ناوەندیکردن	٢١١
4. کاتی جیهان	٢٢٦
ئەلف. ڕابردوو	٢٢٦
با. ڕانەبردوو	٢٣٠
جیم. داهاتوو	٢٣٦
دال. زانین	٢٣٧
کەرتی سێیەم	٢٤١
بەشی یەکەم	٢٤٣
بوون-بۆ-کەسانی دیکە	٢٤٣
ئەلف. گرفتەکە	٢٤٣
با. تاشەبەردی تاکڕەوی	٢٤٥
جیم. هوسرڵ، هیگڵ، هایدیگەر	٢٥٤
دال. تەماشاکردن	٢٧٤
بەشی دووەم	٣٢٠
لەش	٣٢٠
1. لەش وەکو بوون-بۆ-خۆ:فاکتۆر	٣٢٢
2. لەش-بۆ-کەسانی دی	٣٥٢
3. ڕەهەندی سێیەمی ئۆنتۆلۆجییانەی لەش	٣٦٤
بەشی سێیەم	٣٧٢
پەیوەندییە کۆنکریتییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە	٣٧٢
1. یەکەم هەڵوێست بەرانبەر کەسانی دیکە:	٣٧٥
خۆشەویستی، زمان، ماسۆچیزم	٣٧٥
2. دووەم هەڵوێست بەرابنەر کەسانی دیکە:	٣٩٠
گوێنەدان، ئارەزوو، ڕق و سادیزم	
3. بوون-لەگەڵ و "ئێمە"	٤٢١
ئەلف. ئێمەی بابەت	٤٢٣
با. ئێمەی خۆ	٤٣٠

کەرتی چوارم ٤٣٩
هەبوون، کردن و بوون ٤٤١
بەشی یەکەم ٤٤٢
بوون و کردن: سەربەستی ٤٤٢
1. سەربەستی: یەکەم مەرجی چالاکی ٤٤٢
2. سەربەستی و فاکتۆر: هەڵوێست ٤٨٨
ئەلف. شوێنی من ٤٩٥
با . ڕابردووی من ٥٠١
جیم. ژینگەی من ٥٠٨
دال . هاورێکانم ٥١٤
ئی . مردنی من ٥٣٥
3. سەربەستی و لێپرسینەوە ٥٥٥
بەشی دووەم ٥٥٩
کردن و هەیەتی ٥٥٩
1. سایکۆلۆجی شیکاری و بوونگەرایەتی ٥٥٩
2. "کردن" و "هەیەتی": خاوەنێتی ٥٧٦
3. چۆنیەتی، وەکو دەرکەوتنی بوون ٦٠٠
سەرەنجام ٦١٥
1. لەنێو-خۆ و بۆ-خۆ: ئاکامە مێتافیزیکییەکانی ٦١٥
2. ئاکامە ڕەوشتییەکان ٦٢٣

پێشەکی وەرگێڕ

ژان پۆل ســـارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) تەنیا فەیلەســـوف نییە، ڕۆمان، شانۆگەری و ڕەخنەی ئەدەبیشـــی نوسیوە. لە ســـاڵی ١٩٦٤دا خەڵاتی نۆبلی لەسەر ئەدەب پێبەخشراوە، بەڵام لەبەر هۆکاری ڕامیاری وەرینەگرتوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بێجگـــە لە جوانکاری لە شیوازی دەربڕیندا، ناوەڕۆکێکی فەلسەفیشـــیان بەخۆوە گرتوە. ئەم بیریارە هەوڵیداوە لە دەروازەی ئەدەبەوە بیروباوەڕە فەلسەفییەکەی بە خوێنەر بگەیەنێت. بیروباوەڕی فەلسەفی سارتەر، کە بە بوونگەرایەتی ناسراوە لەم شابەرهەمەیدا (بوون و نەبوون) باســـکراوە و ڕۆشنایی خراوەتە ســـەر کێشە گرنگەکانی. دەتوانـــم بڵێم، ئەم بەرهەمە دوای (کات و بوون)ی مارتن هایدیگەر بە گەورەترین کتێبی فەلسەفی بوونگەرایەتی دادەنرێت.

ســـارتەر یەکێکە لەو بیریارانەی کاریگەرێتی بەســـەر ســـەردەمەکەی و دوای خـــۆی ئاشکـــرا دەبینرێت. پاش جەنگـــی جیهانی دووەم گەلێـــک لە فێرگە و بزوتنـــەوە ئەدەبی و هونەرییەکان، تەنانەت شۆڕشـــی خوێندکاران لە ئەوروپا و بزوتنەوەی چەپی نوێ ســـودیان لە بیروباوەڕەکانی وەرگرت. هەروەها، ســـارتەر هەوڵیدا پردی پەیوەندی لە نێوان بوونگەرایەتی و مارکسیزمدا دروستبکات و دژی ستالیزمیش ڕاوەستا. هاوڕێیەتی و خۆشەویستییەکەشی لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤوار، کە فەیلەســـوفێکی ژنی بوونخوازە و یەکێکە لە پێشـــەوایانی فێمەنیزم واتایەکی نوێی بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بەخشـــی. بێجگە لەمانە، هەڵوێستی ڕامیاری ســـارتەر بۆ بەرگریکردن لە مافی گەلانی چەوســـاوە فەرامۆش ناکرێت. لەبەرئەم هۆکارانە، مەبەستم جێگەی مێژوویی سارتەر و گرنگی نوسراوەکانی بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی بوونگەرایەتی بە پێویستم زانی ئەم کتێبە بۆ کوردی وەرگێڕم تاکو خوێنەری کورد ڕاســـتەوخۆ، لە ڕێگەی ئەم نوسراوەوە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕە فەلسەفییەکانییدا بکات.

سارتەر لە ساڵی ١٩٣٩دا دەستی بە نوسینی ئەم کتێبە کردوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣دا تەواوی کردووە و لەچاپیداوە. کاریگەرێتی بیروباوەڕی ئەدمۆند هوســـرڵ و مارتـــن هایدیگەری بە ئاشکرا بە ســـەرەوە دیارە. بەڵام، پێویستە ئەو خاڵەش باســـبکەین، کە سارتەر پێش ئاشنابوونی بە فەلسەفەی هایدیگەر فینۆمینۆلۆجی هوسرڵی ناسیوە. لە ســـاڵی ١٩٣٢ بۆ توێژینەوە لەسەر میتۆدی فینۆمینۆلۆجی بـــۆ بەرلین دەچێت و لە ســـاڵی ١٩٤٠دا کاتێک نازییەکـــان بە دیل دەیگرن و لە

ئۆردوگایەکی نزیک شاری (تریەر)ی ئەڵمانیا دادەنرێت، کەشیشێکی ئەڵمانی (بوون و کات)ی هایدیگەر بە نهێنی بە سارتەر دەدات. لەو کاتەوە سارتەر دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی هایدیگەرەوە. دواجاریش لە ساڵی ١٩٤٢، دوای بەربوونی، بۆ یەکەمجار دەبێت بە میوانی هایدیگەر و یەکدی دەبینن. ئەم شاکارە فەلسەفییەی سارتەر لە ساڵی ١٩٥٨ دا لەلایەن (هایزڵ ئی بارنس)ەوە، کە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ مامۆستای فەلسەفـــە بوو، کرا بە ئینگلیزی و بڵاوکرایـــەوە. منیش لە دەقە ئینگلیزییەکەی ئەم مامۆســـتایەوە بۆ کـــوردی وەرمگێڕاوە و هیوادارم خوێنەری کورد ســـودی لێوەرگرێت. دواجاریش، سوپاســـی (تابان)ی خوشکم دەکەم، کە وەکو جارەکانی پێشو ڕەشنوسەکەی خستەسەر کۆمپیوتەر. سوپاسی، هونەرمەند ڕوشدی ئەنوەر بۆ دانانی نەخشـــی بەرگەکەی دەکەم و هەروەها سوپاســـی دەزگای 'ســـەردەم' دەکەم، کە ئەرکی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمایان گرتەخۆ.

د. محەمەد کەمال

زانکۆیماڵبۆرن

٢٠١١

پێشەکی

١. گەڕان بە دوای بووندا

بیرکردنەوەی نوێ، لەگەڵ گەڕانـــەوەی بوون بۆ زنجیرەیەک دیاردە، کە خۆی تیایاندا بەرجەســـتە دەکات، بەرەو پێشـــەوە چووە. ئەمەش بـــۆ لەناوبردنی ئەو بۆچوونە دووەلیستییە خراوەتەگـــەر، کە فەلسەفەی شەرمەزار کردوە و لەجێگەی ئـــەو [بۆچوونێکی] یەکانەگـــی دیاردەیی دامەزرانـــدووە.[1] ئایا ئـــەم هەنگاونانە سەرکەوتوانەیە؟ ئێمە بەدڵنیاییەوە بۆ یەکەمجار دووەلیزم لەناودەبەین، کە لە نێو هەمـــوو هەبووەیەکدا لایەنی ناوەوە و دەرەوە، دژوەســـتاو ڕادەگرێت. ئەو لایەنەی دەرەوەی هەبوو، وەکو پەردەیەک ڕاستییەکی ناوەکی لە پشتی خۆیەوە شاردبێتەوە، نامێنێت. هەروەها ڕاســـتی ناوەکیش ئەگەر ئەو نهێنییەبێت بوونی شتێکی لەسەر ڕاوەســـتابێت، مرۆڤیش تەنیا بیرۆکەیەکی لەبـــارەوە هەبێت و هەرگیز پێی نەگات چونکە (ناوەکی)یە؛ دەفەوتێت. ئەو دیاردانەی بوونی تێدا بەرجەستە دەبن، ناوەکی یان دەرەکی نین؛ هەموویـــان یەکسانن و ئاماژە بۆ دیاردەکانی دیکە دەکەن. هیچ کام لەم دیاردانە بوونێکی بەرزی نییە. بۆنموونە، هێز بنەڕەتێکی نەزانراو نییە خۆی لەودیو کارتێکراوەکانییەوە شاردبێتەوە: ئەو هەموو کارتێکراوەکانە. بەهەمان شێوە، وزەی کارەبا بۆ سەرچاوەیەکی شاراوە ناگەڕێتەوە؛ بەڵکو هەمووی جوڵە و چالاکییە کیمیاوی و فیزیکییەکانە، کە بەرجەستە دەبێت. هیچ کام لەم چالاکییانە بە تەنیا و بـــە بێ ئەوی دی ناتوانێت ئەو بەرجەســـتە بکات. هیچ چالاکییەکیش ئاماژە بۆ لایەنێکـــی نادیار ناکات. ئاماژە بۆ خـــۆی و زنجیرەی هەموو دیاردەکان دەکات. لە ئاکامدا بەو خاڵە دەگەین، کە بۆچوونی دووەلیستانەی نێوان بوون و دیاردەکان لە فەلسەفەدا جێگەی نابێتەوە. دیاردە بەشێکە لە زنجیرەی هەموو دیاردەکانی دیکە و بۆ ڕاســـتییەکی شاراوەی ئەودیو خۆی ناگەڕێتەوە. هەروەها، بەوجۆرەی هەندێک لە بیریاران بۆیدەچن، دیاردە خۆدەرخستنێکی نەرێی بوون نییە یان لایەنی نالەباری نۆمینە نییە.[2] نۆمینەش بوونی نییە و شتێکی ئەندێشەییە و بە هەڵە دانراوە.

---

١ زاراوەی (یەکانەگی)م بۆ مۆنیزم و (دیاردە) بۆ فینۆمینە بەکارهێناوە. یەکانەگی بۆچوونێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە، کە فرەلایەنی و زۆری دیاردەکان بۆ یەک بنەڕەت دەگەڕێنێتەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی دووەلیستانەیە، کە باوەڕی بە دوو بنەڕەتی جیاواز بۆ هەبووەکان هەیە. (وەرگێڕ)

٢ لێرەدا سارتەر ئاماژە بۆ بۆچوونە دووەلیستییەکەی کانت دەکات، کە بوون و دیاردەی بە نۆمینە و فینۆمینە داناوە. (نۆمینە) ڕاستی و بنەڕەتی نەناسراوی دیاردەکانە لەو دیو دەستەڵاتی زانینی مرۆڤەوە. بۆ ئەمەش بڕوانە:
Immanuel Kant. *Critique of Pure Reason*, translated by Norma Kemp Smith. London: Macmillan, 1963. A: 235, B: 294.

هەرچەندە هەندێک لە فەیلەسوفەکان باوەڕیان بەم لایەنەی بوون هەیە، بەڵام سەلماندنی و هێشتنەوەی کێشەی زۆری بۆ دروستکردون. ئەگەر ئێمە ئەو لایەنەی نیتشـــە بە"جیهانە ئەندێشاوییەکانی ئەودیو پەردەکان" دایدەنێت ڕەتبدەینەوە و باوەڕ بە ڕاســـتییەک لەو دیو دیاردەکانەوە نەکەین، دیاردە پۆزەتیڤانە دەبینرێت. ناوەڕۆکـــی دەبێت بەوەی دەردەکەوێت، کە شتێک نییە دژی ڕاوەســـتێت، بەڵکو دەبێت بە پێوەری بوونی خۆی. بوونی هەموو هەبووەکان ئەوەیە، کە دەردەکەوێت. کەوابوو، ئێمە بە بیرۆکەی دیاردە دەگەین، کە لای هوســـرڵ یان هایدیگەر ڕەها و پەیوەندیـــدارە. دیارە لەوێدا پەیوەندیدارە، کە بـــۆ دەرخستنەکەی پەیوەندی بە کەســـێکەوە بەستراوە. بەڵام پەیوەندییەکەی نییە. خۆی بۆ ڕاستییەکی دیکە ناگەڕێنێتەوە بەوجۆرەی کانت باســـیدەکات، کە گوایە دووجار خۆی دەردەخات، ئەمـــەش لایەنی ڕەهای ئەوە. دیاردە بە تەواوی [ڕەهایانە]ئاماژە بۆ بوونی خۆی دەکات. پێویستە بەمشێوەیە باسبکرێت و لەبوونی بکۆڵرێتەوە. دووەلیستی نێوان هێزەکی و کردەکیـــش بە هەمان شێوە هەڵدەوەشێتەوە. کردەوە هەموو شتێکە. هیچ هێزێک یان چاکەیەکی[شاراوە]لەودیو کردەوەوە نییە. ئێمە، بۆنموونە، ناڵێین پرۆســـت خاوەنی هێزێکی بلیمەتانە بوو بۆیە توانی بنوسێت. بلیمەتی پرۆست، نـــە لە بەرهەماکانیدایە و نە لە تەوانای نوســـینیدا. ئـــەم دوو لایەنە لە یەکدی جیاناکرێنـــەوە. بلیمەتی لە کۆی بەرهەمە کاندایـــە، کە ئەو تاکە دایاندەهێنێت. لەبەرئەمە دووەلیستی نێوان دیاردە و ناوەڕۆک ڕەت دەدەینەوە. دیاردە ناوەڕۆک داناپۆشێت، بەڵکو دەریدەخات و خۆی ناوەڕۆکە. ناوەڕۆک لە هەبوویەکدا شاراوە و نادیار نییە. یاســـایەکی بەرجەســـتەبووی زنجیرەیـــەک دیاردەیە. بە بۆچوونی نۆمینەڵزمی 'پۆینکێر' ڕاســـتەقینەی فیزیکی بەسەرجەمی شەپۆلە کارەباییەکان دادەنرێت. 'دوهێم' لە دژوەســـتانەکەیدا بەرانبەر بیردۆزەکەی خۆی دروســـت بۆ کێشـــەکە چووە و ئەو ڕاستەقینەیە بەتێهەڵکێشکردنێکی یەکگرتووی هەموو وزە بەرجەســـتەبووەکان دەبینێت. ئاشکرایە، فینۆمینۆلۆجی نۆمینەلیزم نییە. بەڵام ناوەڕۆک، بەدڵنیاییەوە، وەکـــو بنەڕەتی زنجیرەی دیاردەکان لێی جیانابێتەوە و خودی دیاردەکانە. ئەمەش ناســـینی ناوەڕۆک (بۆ نموونە دیاردەکانی هوســـرڵ) مسۆگەر دەکات. بوون خۆی دەردەخات؛ ناوەڕۆکی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەو بێجگە لە زنجیرەی دیاردە و خۆ دەرخستنەکانی چی دیکە نییە.[٣]

ئایـــا بە گەڕانەوەی بـــوون بۆ دیاردەکانـــی توانیومانە بە ســـەر دووەلیزمدا سەرکەوین؟ یان ئێمە ئەم دووەلیزمەمان لابردووە و شێوازێکی دیکەی دووەلیزمان

٣ نۆمینەڵیزم وشەیەکی لاتینییە، ئەو بۆچوونەیە، کە چەمکە هەمەکییەکان بەڕاست لەدەرەوە یان لەنێو بیرکردنەوەدا دانانێت. هەرچەمکێکی هەمەکی (وەکو ئەسپ) (ناوە)،کە بۆ بابەتە هەندەکییەکانی ئەو جۆرە دانراوە.

هێناوەتـــە کایەوە؛ ئەویش دووەلیزمی نێوان بڕاوە و نەبڕاوەیە؟ بوون زنجیرەیەک دیاردەی بڕاوە نییە چونکە هەر یەکێک لەو دیاردە بڕاوانە پەیوەندییان بە (بابەت) ێکەوە هەیە، کە بەردەوام لەگۆڕاندایە. هەرچەندە، لەوانەیە بابەتێک لە ڕوویەکەوە خۆی دەربخات بەڵام یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی بابەت فرەلایەنی بۆچوون و هەڵسەنگاندنـــی ئـــەو ڕووەی بابەتەکەیە. ئەمەش دەبێتـــە هۆکاری زۆرکردنی نەبڕانەوەی ڕووەکانی بابەتەکـــە. ئەگەر زنجیرەی دیاردەکانیش بڕاوەبن ئەوا ئەو دیاردانەی یەکەمجار دەردەکەون لەوانەیە جارێکی دیکە سەرهەڵنەدەنەوە. ئەمەش لەخۆیـــدا بۆچوونێکی نالەبارترە یان هەموویان پێکەوە یەکجار ســـەرهەڵدەدەن. هێشتا ئەمەش هەر نالەبارە. با واتێبگەین، کە بیردۆزەکەمان لەســـەر دیاردەکان بیرۆکـــەی ڕاســـتەقینەی دیاردەکانـــی لابـــردووە و لە جێگەی ئـــەودا بیرۆکەی بابەتگـــەری دیاردەکانی هێناوەتە کایەوە و دیاردەکانیشـــی بـــە نەبڕاوە داناوە. ڕاستەقینەی پەرداخێک لەوەدایە،کە پەرداخەکە [دیاردەیەکە] لەوێدایە، هەروەها ئـــەو پەرداخەش (من) نییە. لە ڕاڤەکردنی ئەمـــەدا ڕووندەبێتەوە، کە زنجیرەی خۆدەرخستنەکانی پەرداخەکە پشت بە بوونی من نابەستێت. بەڵام خودی دیاردەی پەرداخەکە، بێ گەڕانەوەی بۆ زنجیرەی دیاردەکانی، ســـەر بەهەستکردن و (خۆ) یەو پەیوەندی بە کارتێکردن بە (خـــۆ)وە هەیە. ئەگەر دیاردەیەک وەکو شتێکی بەرز خۆی دەرخات، پێویستە خۆیە هەستیارەکەش خۆی بەو بەرزییە بگەیەنێت و زنجیرەی هەموو دیاردەکانی بناســـێت. ڕەنگێکی سور بەڕێگەی ئینتیباعی سور دەدۆزێتەوە.[٤] مەبەست لەسەربنەڕەتی زنجیرەکەیە، یان شەپۆلە کارەبابییەکان لەســـەر ئەلەکترۆلیسس ڕاوەستاون. ئەگەر لایەنە بەرزەکە بە هۆکارێکی پێویست دابنرێت و هەمیشـــە بەرز بێـــت، لەو دیو دیاردەکەوە بێت لـــە ئاکامدا بابەتەکە لەســـەر ئەو بنەڕەتە زنجیرەی دیاردەکانی دادەمەزرێنێت، زنجیرەکەش بە نەبڕاوە دەردەکەوێـــت. کەوابوو، دیاردەی بڕاوە بە شێوەی بڕاوە خۆی دەردەخات. بەڵام مادامەکـــی دیاردە بە دیـــاردەی ئەو شتە دادەنێین، کە خـــۆی دەردەخات، ئەوا دەبێت لە سەر ئەو دیاردەیەوە زنجیرەیەکی نەبڕاوەی دیاردەکانیش هەبێت.

ئـــەم بۆچوونـــە نوێیە دژوەســـتانی نێوان بـــڕاوە و نەبڕاوە یـــان باشتر وایە بڵێین (نەبڕانـــەوەی دیاردە بڕاوەکان) لادەبات و لە جێگەی ئەو دوو لایەنی نێوان بـــوون و دیـــاردە دادەمەزرێت. لێرەدا 'یەک لایەنی' بابەتەکـــە دەردەکەوێت، کە لـــە دەرەوەیدایـــە. هەمانکات هەموویـــان لەنێو یەکدان و ئـــەو لایەنە دیاردەی

---

٤ ڕەنگی سور، وەکو دیاردەیەکی سور لە بابەتێکی سوردا لە (ڕەنگی سور بە گشتی)یەوە وەرگیراوە. مەبەستی سارتەر لەم نموونەیەدا گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکەی ئەفلاتون سەبارەت بوونی چەمکە هەمەکییەکان لەودیو هەندەکییەکانەوە نییە، چونکە سارتەر باوەڕی بە ناوەڕۆکی بەرز بۆ دیاردەکان نییە. ئەو دەیەوێت جیاوازی و لێکچونی (بۆ نموونە) گوڵێکی سور لە گەڵ سور بە گشتی ڕوونبکاتەوە. (وەرگێڕ)

بابەتەکەیە. بابەتەکەش بونیادی دیاردەکەو بنەڕتی زنجیرەی خۆدەرخستنەکانە. هەموویان پێکەوە لە دەرەوەن چونکە خودی زنجیرەکە دیاردە نییە. لێرەدا دەرەوە دەبێت بە دژوەستاوێکی نوێ بۆ ناوەوە و ئەو بوونەش، کە دیاردە نییە بۆ دیاردە. لایەنێکی هێزەکیش بۆ نێو دیاردە دەگەڕێتەوە و ژوور دیاردەکە دەکەوێت و لەنێو زنجیرەکەی دیاردەکاندا گەشەدەکات. بلیمەتی پرۆست، ئەگەر تەنیا لە نوسراوەکاندا بێت، لە بۆچوونە ژمارە بەدەرەکانی خوێنەر کەمتر نییە، کە ماندوونەبوونی پرۆستی تێدا دەردەکەوێت. بەڵام، ئایا ئەم ماندوونەبوونە، کە ئاماژە بۆ لایەنی بەرز و نەبڕاوە دەکات، بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە جۆرێک لە جادو نییە؟ ناوەڕۆک لە ئاکامدا لە تاک دەسەنرێت و دەبێت بە زنجیرەی نەبڕاوەی خۆدەرخستنەکان. ئایا ئەم کارە لە سود یان زیانی ئێمەدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان بەم زووانە دەستدەکەوێت. ئێستا ئەو خاڵە دەخەمە ڕوو، کە بەگوێرەی "بیردۆزەی دیاردە" دیاردە بۆ نۆمینەی کانت ناگەڕێتەوە.[٥] مادامەکی هیچ شتێک لەو دیو دیاردەکانەوە نییە و دیاردەکان ئاماژە بۆ خۆیان دەکەن، ئەوا بوونیان لە سەر هیچ شتێکی دیکە ڕانەوەستاوە. ئەگەر ناوەڕۆکی دیاردە خۆدەرخستن بێت، کە بەرانبەر هیچ بوونێک دژانە ڕاناوەستێت، ئەوا گرفتی بوونی دیاردەکان خۆی دەسەپێنێت. ئەم گرفتەش لە هەموو گرفتەکانی دیکە لە پێشترەو لە توێژینەوەکەماندا لەسەر بوون و نەبوون هەنگاوی یەکەمی گەشتەکەمانە.

٢. دیاردەی بوون و بوونی دیاردە

دیاردە لە سەر بوونێکی جیاوازتر لە خۆی ڕاوەستاوە؛ ئەو بوونی خۆی هەیە. یەکەم بوون لە توێژینەوەکەماندا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بوونی دیاردەیە. ئایا ئەم بوونە دیاردەیە؟ لەسەرەتاوە بەمشێوەیە دەردەکەوێت. دیاردە ئەوەیە کە خۆی دەرخستوە و بوونیش لەبەر ئەوەی دەتوانین بیناسین و باسی بکەین بە یەکێک لە شێوەکانی خۆی دەرخستوە. کەوابوو، دەبێت دەیاردەی بوون باسبکرێت. بوونیش بە یەکێک لە شێوەکانی ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بێزاربوون یان قێزکردنەوە و هتد خۆی دەردەخات. ئۆنتۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە سەر دیاردەی ئەو بوونە. بە هەرحاڵ لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجیدا پرسیارێک هەیە، کە خۆی دەسەپێنێت: ئایا دیاردەی بوون و بوونی دیاردە وەکو یەکن؟ ئایا ئەو بوونەی خۆی بۆ من دەردەخات و دەبێت بە دیاردە هەمان سروشتی بوونەکەی

---

٥ کانت لەو باوەڕەدایە لەودیو دیاردەکانەوە ڕاستەقینەیەکی شاراوە و نەناسراو هەیە، کە سەرچاوەی بوونی دیاردەکانە و بە نۆمینە ناوزەدی دەکات. (وەرگێڕ)

هەیە، کە خۆی دەرخستوە؟ دەردەکەوێت وەڵامەکە سەخت نەبێت. هوسرڵ [بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە] پەنای بۆ داماڵینی بیرۆکەیی بردوە؛ لەوێوە لە دیاردەکەوە خۆی گەیاندۆتە ناوەڕۆکی دیاردەکە. بۆ هایدیگەر "ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی" ئۆنتیک-ئۆنتۆلۆجییانەیە؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە[مرۆڤ دەتوانێت] لەو دیو دیاردەکانەوە بوون بناسێت. بەڵام گەیشتن بە ناوەڕۆک لە ڕێگەی بابەتێکی هەندەکییەوە تێپەڕبوونە لە هاوجۆرێکەوە بۆ هاوجۆرێکی دیکە. ئایا تێپەڕبوونیش لە بوونەوە بۆ دیاردەی بوون هەمان جۆرە؟ ئایا ئەم تێپەڕبوونە دەمانگەیەنێتە بوونی دیاردەکە؟ جیاکردنەوەی خەسڵەتەکانی بابەتێکی هەندەکی کارێکی گران نییە. ئێمە دەتوانین بابەتێک بۆ ڕەنگ و بۆن و هتد بگەڕێنینەوە. لێرەوە، وەکو چۆن واتاکەی دەدۆزینەوە بە ناوەڕۆکیشی دەگەین و سەرجەمی (ناوەڕۆکەکەی) دەبێت بە کۆ یان هەمووی بابەتەکە. ناوەڕۆک لەنێو بابەتەکەدا نییە؛ واتای بابەتەکەیە و بنەڕەتی زنجیرەی خۆ دەرخستنەکانێتی. بوون، بە پێچەوانەوە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی بابەت و واتاکەشی نییە. بابەت ئاماژە بۆ بوون ناکات؛ مەحاڵە، بۆ نموونە بوون بە ئامادەبوون پێناسبکەین، چونکە ئامادەنەبوونیش بوون دەردەخات. بابەت خاوەنی بوون نییە هەبووی ئەویش بەشداریکردن لە بوون و پەیوەندی نییە. بابەت نە بوون دەشارێتەوە نە دەریدەخات. ناتوانین خەسڵەتەکانی بابەتێک لابەرین تاکو بە بوونی بگەین چونکە بوون بە بێ جیاوازی بوونی هەموو خەسڵەتەکانیشە. هەروەها، بێهودەشە یەکێک بۆ ناسینی بوون بابەتێک بخاتە بەردەمی و لێیبکۆڵێتەوە. بوون دیاردەیە؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خۆی وەکو سەرجەمی خەسڵەتەکان نیشاندەدات. دیاردە خۆی، نەک بوون دادەمەزرێنێت. بوونیش مەرجە بۆ هەموو خۆدەرخستنەکانی. بوون بوونە بۆ خۆدەرخستن، نەک خۆدەرخستنی بوون. کەوابوو، مەبەستی هایدیگەر لە تێپەڕبوون بەرەو ئۆنتۆلۆجی چییە؟ بە دڵنیاییەوە دەتوانم ئەم مێزە یان کورسییە تێپەڕبکەم، پرسیار لە بارەی بوونیانەوە بکەم. بەڵام لە کاتی پرسیار کردنەکەدا چاو لەسەر مێزەکە لادەبەم و بیر لە دیاردەی بوون دەکەمەوە، کە مەرج نییە بۆ سەرجەمی دەرخستنەکان خۆی بەرجەستە بکات. دەبێت بە دیاردەیەک، کە ئەویش پێویستی بە بوونێک دەبێت خۆی لە سەری ڕاگرێت و لەوێوە خۆی دەربخات. ئەگەر بوونی دیاردە دیاردەی بوون نەبێت، ئێمەش بە بێ ناسینی دیاردەی بوون نەتوانین باسی بوون بکەین ئەوا پێویستە پەیوەندی نێوان بوونی دیاردە و دیاردەی بوون بدۆزینەوە. ئەمەش لەوێدا چاکتر دەگونجێت ئەگەر بڵێین، ڕوونکردنەوەکانی پێشو، لە بەرڕۆشنایی ئەزموونی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ دیاردەی بووندا سەریان هەڵدا. لەوێدا، کە بوونمان بە مەرج بۆ بەرجەستەبوون دانەناو وەکو دیاردە بینیمان، دەتوانین لە ڕێگەی چەمکەکانەوە باسیبکەین. هەروەها

دەبێت بزانین، کە زانین بە تەنیا بوونمان پێناناسێنێت؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کـــە بوونی دیاردە نابێت بە دیاردەی بـــوون. بوونی دیاردە ئۆنتۆلۆجیانەیە. لەم ڕووەوە ئێمـــە بەرەو بەڵگـــەی ئۆنتۆلۆجی کەشیـــش ئەنسلم و دێکارت دەڕۆین. دیاردەی بوون پێویستی بە پێشـــگر هەیە. مەبەستمان لەوە نییە بوون خۆی لە پشتی دیاردەکانەوە شاردبێتەوە (باسمانکرد دیاردە بوون ناشارێتەوە) یان دیاردە ئاماژە بۆ بوونێکی دوور دەکات.

٣. کۆجیتۆی پێش تێڕامان و هەستکردن

هەڵبەتە کەســێک دەتوانێت ئەو پرســیارەمان ئاڕاســتە بکات و بڵێت؛ ئەو گرفتانەی لە ســـەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن پەیوەندییان بە چەمکێکی دیاریکراوی بوونـــەوە و جۆرێک ئۆنتۆلۆجی ڕیالیزمانەوە هەیـــە، کە لەگەڵ چەمکی دیاردەدا هاوتەراز دانانرێت. لەڕاستیدا ئەوەی بوونی دیاردە دەردەخات خۆدەرخستنەکەیە. مادامەکی ڕاســـتەقینەمان بۆ فینۆمینە گەڕاندۆتەوە دەتوانین بڵێین فینۆمینە ئەو شتەیە خۆی دەردەخات.[٦]

بۆچی بە کورتی نەڵێین بوونی دیاردە خۆدەرخستنەکەیەتی؟ ئەمەش دەربڕینی گوتـــە کۆنەکـــەی بارکلی یە "ئەوەی هەیە هەســـتپێکراوە" و لـــە کاڵاو بەرگی چەند زاراویەکی نوێدا نیشانمانداوە. هوســـرڵ و شوێنکەوتوەکانیشی هەمانشتیان کردووە.

پـــاش داماڵینـــی فینۆمینۆلۆجیانە گەیشـــتونەتە ئەو بـــاوەڕەی، کە نۆمینە ڕاســـتەقینە نییە و ئەوەی هەیە ئەو شتەیە لە هەستکردندا دەردەکەوێت. بەڵام دەردەکەوێـــت گوتەکەی بارکلی ئێمە ڕازی نەکـــات، چونکە هەموو بیردۆزەیەکی زانین ئاماژە بۆ جۆرێک ســـیستەمی مێتافیزیک لە پێش خۆیەوە دەکات. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێت، کە ئایدیالیزمێک[بۆ نموونـــە] لەگەڵ داماڵینی بوون بۆ زانین پێویستی بە زەمینەیەک هەیە ئەو زانینەی لە ســـەر ڕاوەستابێت. ئەگەر یەکێک بـــە دوای ئەو زەمینەدا نەگەڕێت، هاوکات جەخت لە ســـەر ئەوەش بکات ئەوەی هەیە هەســـتپێکراوە، ئەوا بناخەی سەرجەمی هەســـتکردنە هەستکراوەکان لەق دەبێـــت و بەرەو نەبوون دەڕوات. زانین بە خـــودی زانین ناپێورێت؛ ناخرێتە بەر ئەزموونی هەستکردنەوە. کەوابوو، بناخەی بوونی هەستکردن هەستکەرەکە نییە.

٦ زاراوەی (فینۆمینە) هەمان واتای (دیاردە)ی هەیە. بەڵام هەندێک جار، هایدیگەر و سارتەر بە دوو شتی جیاوازی دادەنێن. بۆ نموونە نەخۆشی فینۆمینەیە، کە بە چەند شێوەیەک خۆی دەردەخات، وەکو سەریەشە، بەرزبوونەوەی گەرمایی لەش یان ڕشانەوە. هەموو ئەم شێوانە دیاردەکانی ئەو فینۆمینەیەن (نەخۆشیەکە)، کە لە ڕێگەیانەوە خۆی دەردەخات. (وەرگێڕ)

دەبێت پێشــگری فینۆمینەی هەبێت. لێرەدا بۆ خاڵی ســەرەتامان دەگەڕێینەوە و دەتوانین ڕێکەوین، کە هەســتکەر ئەو بوونەیە یاســاکانی دیاردەی بە سەردا ناسەپێنرێت. هەمانکات بوونی پێشــگرە بۆ خۆی. هەروەها هەستکەر ئاماژە بۆ بوونە هەستکراوەکان دەکات، زانراویش بۆ زانین و زانینیش بۆ ئەو بوونەی تەوانای زانینـــی هەیە؛ ئەمەش زانین بۆ ئاگامەندی دەگەڕێنێتەوە. هوســرل گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر (نۆیمە) بوونێکی ڕاســتەقینەی نەبێت، نکۆڵی لەپەیوەندییەکەی بە (نۆیەســس) بکرێت، یاساکانی بوونی لە هەســتکردندابن، تەنیا (نۆیەسس) وەکو ڕاســتەقینە بەرجەستە دەبێت. بەڵام یاسای بوونی ئاگامەندی لەوەدایە، کە ئەو بوونە بــە ئاگا بێت. ئاگامەندی شێوازێکــی تایبەتی جۆرێک لە زانین نیە واتایەکی ناوەکی هەبێت یان تەنیا بــە خۆ-ئاگایــی ناوزەدبکرێت. ڕەهەندێکی پێشــگرانەی فینۆمینەی لە بوونی (خۆ)دا هەیە.[٧] یاســای بوون لە هەستیاردا ئەوەیە، کە ئەو بوونە ئاگامەندە. با زۆرتر لەم ڕەهەندەی بوون وردببینەوە. ئێمە گوتمان ئاگامەندی بوونێکی هەستیارانەی هەیە، تەوانای زانینی هەیە یان تەوانای هەیە بزانێــت، نەک بزانرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ ســەلماندنی بوونی زانین پێویستە، واز لە پێشــخستنی زانین بهێنین. بێگومان، ئاگامەندی دەتوانێت خۆی بناســێت بەڵام ئەم زانینە لە بارەی خۆیەوە جیاوازە. بەوشێوەیەی هوسرڵ ڕوونیکردۆتــەوە، هەموو ئاگامەندییەک ئاگاییــە لە شتێکەوە. هیچ ئاگامەندییەک نییــە ڕوو لە بابەتێک نەکات و ناوەڕۆکێکی نەبێــت. هەموو شتێکی بێ لایەن و لــە پەیوەندی بەدەرەی ناوەوە و دەرەوەی ئاگامەندی ڕەتدەدەینەوە. مێز لە نێو ئاگامەندیــدا نییە. ئەو بیرۆکەیەش نییە نوێنەرایەتــی دەکات، بەڵکو شتێکە لە نێــو شوێن و کاتدایە و نزیک پەنجەرەکە دانــراوە. بوونی مێزەکە بۆ ئاگامەندی بنکەیەکــی تەماوی و نادیارە، کە پێویستی بە گــەڕان و دۆزینەوەیەکی نەبڕاوە هەیــە تاکو [ئاگامەندی] بە ناوەڕۆکەکەی بگات. ئامادەکردنی ئەم بوونە تەماوی و نادیــارە لە بەردەم ئاگامەندییدا پرۆســەیەکی نەبڕاوە و بەردەوامە. هەنگاوی یەکەم لە کاری فەلسەفەدا دەرکردنی بابەتەکانە لە نێو ئاگامەندییدا و بەستنەوەی ڕاستەقینەی ئاگامەندییە بە جیهانەوە. هەموو ئاگابوونێک ئامادەبوونە لە بەردەم بابەتێکی بەرز و دەرەکییدا و لە پێناوی گەیشتن بەو بابەتەیە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاگامەندی خۆی ماندوو دەکــات. ئەم هەڵوێستەی ئاگامەندی ویستدارانەیە، ڕوو لە دەرەوە بەرەو مێزەکە دەکات؛ هەموو ئەو دەســتەواژانەی دروستیان دەکات،

٧ هوسرڵ بابەتی هەستپێکراو یان ئەو دیاردەیەی لە بەردەم ئاگامەندییدا خۆی قوتدەکاتەوە و فینۆمینۆلۆجییانە دەناسرێت ناو ناوە (نۆیمە) و چالاکی ئاگامەندیش لە ناسینی ئەو بابەتە دەرەکییەدا بە (نۆیەسس) ناوزەد کردوە. هاوکات هیچ لایەنێکی لەم دوانەی نەکردووە بە قوربانی لایەنەکەی دیکە. (وەرگێڕ)

هەڵسوکەوت و خۆئامادەکردنەکانی بـــەرەو دەرەوە یان بەرزتر لەخۆیان دەڕوانن ڕوو لـــە مێزەکە دەکەن و لە ناویا دەتوێنـــەوە. هەموو ئاگابوونێکیش زانین نییە بەڵام هەمـــوو زانینێکی ئاگامەندانـــە زانینە لە بارەی بابەتەکـــەوە. بەهەرحاڵ، بارودۆخی پێویست و تەواو ئاگابوون لە بارەی بابەتەکەیەوە بە زانین دەگیەنێت ئەوەیـــە، کە خۆی بەو زانینە دابنێت. ئەمـــە پێویستە، چونکە ئەگەر ئاگامەندی مـــن ئاگابوون لەوە نەبێت، کە من ئاگام لـــە مێزەکەیە، ئەوا دەبێت بە ئاگابوون لـــە مێزەکە بـــە بێ ئەوەی من ئاگام لە خۆم بێت. بـــە کورتیەکەی ئاگابوونێکی بێئاگایـــە لە خۆ، کە ئەمەش شتێکی لە واتا بەدەرە. ئەمە بارودۆخی تەواوە بۆ زانیـــن چونکـــە خۆ- ئاگایی من لەوەی، کە ئاگام لە مێزەکە بەســـە بۆ ئەوەی ئاگـــام لە مێزەکە بێت. بێگومـــان ئەمە بەس نییە بۆ ئـــەوەی من بەو ڕادەیەی بڕیار لە ســـەر خودی بوونی مێزەکە بدەم. تەنیا ئەوەندە دەزانم، کە مێزەکە لە بەردەممدایە. ئاگایی لە ئاگامەندی چییە؟ پشـــت بەســـتن بە پێشخستنی زانین بەو هەڵەیەمان دەگەیەنێت، وەکو ســـپینۆزا، ئاگایـــی لە ئاگامەندی بە بیرۆکەی بیرۆکە یان زانینی زانین دابنێین. 'ئالەین' ئەم کێشـــەیەی بەمجۆرە باســـکردوە "زانین ئەوەیە بزانیت تۆ دەزانیت." لێرەدا توانیومانە پێناســـەی تێڕامان، ئاگایی لە ئاگامەندی یان باشتروایە بڵێین زانینی ئاگاماندی بکەین. ئەمەش ئاگابوونێکی تەواوە لە شتێک، کە ئەو شتە ئاگامەندی نییە؛ یان ئاگاییە لە ئاگامەندی، وەکو بابەتـــی تێڕامان. بە هەمان شێوە، چۆن ئاگامەندی بۆ ناســـینی جیهان ڕوو لە دەرەوە دەکات، بۆ ناســـینی ئەم بابەتەش دەبێت لە خۆیەوە دەرچێت. بەڵام ئەو بابەتەی دەیەوێت بیناســـێت و بیگاتێ خۆیەتی. دەردەکەوێت ئەم ڕاڤەکردنەمان لاپەسەند نەبێت. بە گەڕانەوەی ئاگامەندی بۆ زانین کێشەی دووەلیستی نێوان خۆ و بابەتمان لادروست دەبێت. هەروەها، لەگەڵ دامەزراندنی دوو لایەنی زانەر- زانراو دا پێویستی زاراوەیەکی دیکەش ســـەرهەڵدەدات و لەم دووڕیانەیەدا گیردەخۆین: دەبێـــت لەگەڵ یەکێک لەم زاراوانەدا زانـــراو، زانەر، زانەری زانەر بە زانراو هتد.. ڕاوەســـتین و لەوەزۆرتر نەڕۆین. سەرجەمی فینۆمینەکە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە و لەبەردەم تێڕامانێکدا دەوەســـتین، کە خۆ-ئاگا نییە یان دەبێت ڕانەوەستین و زنجیرەکەی (بیرۆکە و بیرۆکـــەی بیرۆکە و بیرۆکەی بیرۆکەی بیرۆکە) بەردەوام بڕوات. ئەمەش لە واتا بەدەرە. کەوابوو، بۆ پێویستییەکانی دامەزراندنی بناخەی ئۆنتۆلۆجیانە بۆ ئاگامەندی پێویستییەکی دیکە زیاد دەکەین: ئەویش دامەزراندنی ئەپستمۆلۆجییانەیە. ئایا پێویستە یاسای دوولایەنی بۆ ئاگامەندی دابنێین؟ ئاگایی لـــە خۆ دوولایەنی نییە. ئەگەر بمانەوێت لە زنجیرە نەبڕاوەکانیش دووربکەوینەوە دەبێـــت پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆ و نا-ئەپستمۆلۆجییانەی (خۆ) لەگەڵ خودی خۆدا هەڵبەســـتین. ئاگامەندی خۆی دەخاتە بـــەر تێڕامانەکەی خۆی و دەبێتە

بابەت بۆ خۆی. لێرەدا دەتوانم حوکم بە ســـەر ئەو ئاگامەندییەدا بدەم، کە بووە بـــە بابەتی تێڕامانەکەم. دەڵێم؛ من شەرم لە خۆم دەکەم، شانازی پێوە دەکەم، دەمەوێت یان نامەوێت و هتد. ئاگامەندی ڕاستەوخۆش، کە من لە هەستکردنەکەدا هەمە ڕێگەم نادات ئەم حوکمانە بدەم. هەســـتکردنەکەم ناناســـێت و ئاڕاستەی دەرەوەی ناکات. بـــە کورتییەکەی، هەموو ئاگاییەک لـــە بابەتێکی دەرەکییەوە هەمانکات خود-ئاگاییە.

ئەگـــەر جگەرەکانی نێو پاکەتەکە بژمێرم ئەوا من خەســـڵەتێکی دەرەکی ئەو جگەرانەم دەرخستوە: ژمارەیان دوانزەیە. ئەم خەسڵەتە لە دەرەوەی ئاگامەندی مندایـــە و لە نێو جیهانـــە. دەگونجێت من ئاگام لە ژمـــاردن نەبێت. منداڵ، کە دەتوانێت دوو ژمارە بخاتە ســـەر یەکدی لەوانەیە نەتوانێت بۆمان باسبکات چۆن بەو ئاکامە گەیشـــتوە. تاقیکردنەوەکەی 'پیاجێت' و هاوکێشەکەی 'ئەلەین' زانین ئەوەیـــە، بزانیت تۆ دەزانیت" ڕەتدەداتەوە. هەمانکـــات، کە ژمارەی جگەرەکان بۆ من دەردەکەوێت بیر لە کۆکردنەوەیان ناکەمەوە. ئەگەر لێم بپرســـن "تۆ چی دەکەیت؟" لە وەڵامدا دەڵێم، "دەیان ژمێرم." ئەم وەڵامە تەنیا ئاوەڕ لەو ئاگاییە خێرا تێپەڕیوە ناداتەوە، کە من لە تێڕامانەکەمدا هەمە.

ئـــەو جـــۆرە ئاگاییانەش دەگرێتەوە، کـــە خێرا بە بێ ئـــەوەی تێیان بڕوانم تێدەپـــەڕن. تێڕامان پێش ئەو ئاگامەندییە ناکەوێـــت، کە تێی دەڕوانێت. ئەوەی ئەو ئاگامەندییە دەردەخات تێڕامانەکە نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی تێڕامان دەهێنێتەکایـــەوە ئاگامەندییە، کە لە تێڕامان بەدەرە؛ **کۆجیتۆی پێش تێڕامانە،** کە دەبێت بە مەرج بۆ ســـەرهەڵدانی کۆجیتـــۆی دێکارتی.[8] ئەمەش وەکو ئەوە وایە بڵێین بۆ ئەوەی بتوانیت شتەکان بژمێریت پێویستە ئاگایی ژماردنت هەبێت. دەشێـــت هەندێک ئەمە بە ســـوڕانەوەیەکی بازنەیی دابنێـــن. ئایا پێویست ناکات من بۆ ئەوەی ئاگایی ژماردنم هەبێت، شتەکان بژمێرم؟ ئەمە ڕاســـتە. بەڵام ئەمە ســـوڕانەوەی بازنەیی نییە و ئاگامەندیش بۆ ئەوەی هەبێت، بە شێوەیەکی بازنەی دەســـوڕێتەوە. دەتوانین ئەم بۆچوونە بەمشێوەیە ڕوونبکەینەوە: هەموو بوونێکی ئاگامەند، ئاگاییە لە بوون. لێرەوە تێدەگەین بۆچی ئاگایی ئاگامەندی ڕوو لە دەر نییـــە؛ چونکە ئەو ئاگاییەو ئاگاماندی یەک شتن. ئـــەو لەهەمانکاتدا خۆی وەکو ئاگامەنـــدی و بابەتی ئاگاییەکەشی دەبینێت. پێویستی زمانەوانی زۆری لێکردووین

8 کۆجیتۆکەی دێکارت(من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم) لە ئاکامی تێڕامانی ئاگامەندییەوە بۆ بوونی خۆ یان(خود) سەرهەڵدەدات. بەڵام سارتەر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە خۆ یان ئاگامەندی پێش ئەم تێڕامانە جۆرێک لە ئاگایی لە بارەی خۆیەوە هەیە، کە پێویستی بە تێڕامان نییە. (وەرگێڕ)

باســـی ئەو جۆرە ئاگامەندییە بکەین، کە بۆ ناســـینی بابەتەکەی ڕوو لەدەر نییە. لە بـــەر ئەم پێویستیەشە لـــەگەڵ بەکارهێنانی " ئاگایی لە خـــۆ"، وشەی "لە" دەخەینـــە کەوانەوە. ئاگایی لە خۆ (یان خۆ-ئاگایی) شتێکی نوێ نییە. شێوازێکی بوونی ئاگامەندانەیە لە ئاســـتی هەبوویەکدا. وەکو چۆن بابەتێکی دەرەکی ســـێ ڕەهەنـــدی هەیە، ڕەهەندەکانی ئاگایی لە خۆ مەبەســـت و چێژ و خەمخۆرییە، کە ڕاســـتەوخۆ بەم ئاگاییەوە بەستراون. ئەگەر مەبەست لە نێو ئاگامەندییدا نەبێت، ئەوا بوونی مەبەســـت دەبێت بە خودی ئاگامەندی. با واتێنەگەین، کە هۆکارێکی دەرەکی (وەکـــو گرفتێکی ئۆرگانیکی، هاندەرێکی شـــاراوە یان ئەزموونێکی ژیان) ئەو ڕووداوە دەروونییەی، وەکو چێژ دروستدەکات و دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ئاگایی لە خۆوە.

ئەگـــەر وا بێت ئەوا خەســـڵەتی ئاگایی لە خۆ بۆ هەســـتکردنمان بە مێزەکە زیـــاد دەکەین و دەکەوینەوە نێو وەهمی پێشـــخستنی زانیـــن. هەروەها، دانانی ڕووداوێکـــی دەروونی بە شت، وەکو چۆن کاغەزێک بە ســـور دادەنێین، ئەویش بـــە ئاگایی دابنێین چێژ، لۆجیکانـــەش لە ئاگایی چێژەوە جیا ناکرێتەوە. ئاگایی لە چێـــژ پێکهاتەی چێژە، شێـــوازی بوونەکەیەتی، وەکو جەســـتەی نەک فۆرم بـــۆ شتێـــک. چێژ پێش هەســـتکردن بـــە چێژ یـــان ئاگایی لە چێـــژەوە پەیدا نابێـــت. تەنانەت، وەکـــو لایەنێکی هێزەکیش پێـــش ئاگاییەکـــە نادۆزرێتەوە. چێژێکی هێزەکـــی دەتوانێت، وەکو ئاگایی لە بوونـــی هێزەکی چێژەکە هەبێت. لایەنە هێزەکییەکانـــی ئاگامەندی، وەکو ئاگایی لەو لایەنـــە هێزەکییانەدا هەن. بە پێچەوانەشەوە، بەو شێوەیەی لە پێشـــتر ئاماژەم بۆ کرد، پێویستە خۆمان لە پێناســـەکردنی چێژدا بەو ئاگاییەی لە بارەیەوە هەمانە دوورخەینەوە. ئەگەر ئەم کارە نەکەین بۆ ئایدیالیزم و پێشخستنی زانین دەگەڕێینەوە. پێویست ناکات چێژ لەو دیو خۆ-ئاگاییەکەیەوە بشـــارینەوە؛ چێژ نوێنـــەری بابەتێکی دەرەکی نییە، ڕووداوێکی کۆنکریتییە و پڕو ڕەهایە. چێژ بوونی خۆ ئاگاییە و خۆئاگاییش یاسایەکە بۆ بوونی چێژ. ئەمەش هایدیگەر چاک بۆی چووە، کە دەنوســـێت (با لە دازاین، نـــەک ئاگامەندی بدوێین.): "چۆنییەتی (ناوەڕۆکی) ئەم بوونە، ئەگەر بتوانین بە گشـــتی لە ســـەری بدوێین پێویستە وەکو بوونی تەماشابکرێت." واتە ئاگامەندی شتێکی ڕووتکراوە نییە، لە نێو بووندایە و خۆی ناوەڕۆکی دروستدەکات. ئەویش ســـەرجەمی پرۆژە گونجاوەکانییەتی. ئەمە ئـــەوە دەگەیەنێت بوونی ئاگامەندی بەپێچەوانەی ئەو بوونەوەیە، کە لە بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیدا دەسەلمێنرێت.

مادامەکـــی ئاگامەندی لە پێش بووندا نییە، بوونیشـــی ســـەرچاوەی هەموو پرۆژەکانـــە، ئەوا بوونـــی ناوەڕۆکێتی. هوســـرڵ ئەمـــەی بە "پێویستی هۆکار" ناوزەدکـــردوە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی چێژ بدۆزینەوە پێویستە ئاگایی لەو چێژەوە،

وەکو هۆکارێکی پێویست هەبێت. یاسا لایەنێکی بەرزی زانینە؛ ئاگایی لە یاساوە هەیە، بەڵام یاسـای ئاگایی نییە. لەبەرئەمە، مەحاڵە بێجگە لەخودی ئاگامەندی هاندەرێکی دیکە بۆ ئاگامەندی ساخبکەینەوە. ئەگەر ئەمە نەکەین، لەم حاڵەتەدا جۆرێک لە ئاگایی دێتەکایەوە، کە ئاگای لە خۆی نابێت. تاکو ڕادەیەکیش ئاگای لـە بوون نابێت. لێرەدا دەکەوینە نێو وەهمی ئەو بۆچوونەی باوەڕی بە نەبزێوی ئاگامەنـدی و نیوە- ئاگامەندی هەیە. بەڵام ئاگامەندی هەمیشـە ئاگامەندییە، بێجگە لە خۆی هیچی دیکە سـنورداری ناکات. نابێت سەربەستی ئاگامەندی بە پێکهاتـە یان پێکهێنان دابنێین چونکە ئاگامـەندی پێش بوونی خۆی ناکەوێت. تەنانەت ئەم سەربەسـتییەی، کە ئەوە دەگەیەنێت خۆی ئافەریدکردبێت کردەوە نییـە چونکە ئاگامەندی خۆی بەکردەوە نابێت. ئاگامەندی بوونێکە سـەربەخۆ، ئەمـەش خەسـڵەتێکی بنەڕەتی ئـەم بوونەیە. بۆ دەرخستنی ئەم خەسـڵەتە زاراوەی"هۆکارە بۆ خودی خۆی" بەکارنەهێنین، کە بە ئاکاممان ناگەیەنێت. لەم ڕووەوە باشتـرە بڵێین: بوونی ئاگامەندی لە ئاگامەندییەوە دەردەچێت. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی لە نەبوونەوە دەرنەچووە. نەبوونی ئاگامەندی پێـش ئاگامەنـدی نییە. پێش ئاگامەنـدی بوون هەیە، کە ئامـاژە بۆ نەبوونی ئاگامەنـدی ناکات. ئەگەر نەبوونی ئاگامەنـدی هەبێت، پێویستە ئاگامەندییەکی لە پێشـتر هەبووبێت، کە ئێستا نییە. ئاگامەنـدی ئێستاش بۆ ئەو ئاگامەندییە نەبوونە گەواهی بدات. ئاگامەندی پێش نەبوون دەکەوێت و لە بوونەوە دەرچووە. ڕازیبـوون بەم ئاکامانە، بۆ هەندێک دژوارە. بەڵام ڕاسـتییەکەیان ئاشکرادەبێت ئەگەر وردتر لە نزیکەوە سـەرنجیان بدرێتێ. پارادۆکسەکە لەگەڵ ئەو هەبووانەدا نییـە، کە بوونی خۆیان دەخەنە گەر، بەڵکو لـە وەدایە، کە جۆرێکی دیکەیان نییـە. ئەوەی مەحاڵە بیریلێبکرێتەوە هەبوویەکی ناچالاکە؛ هەبوویەک ، کە هیچ هێزێکی نەبێت و بوونی خـۆی بەردەوام بکات و بیپارێزێت. ئەوەی لە دەرەوەی بیرکردنەوەدایـە یاسـای نەبزێوییە. ئایا ئاگامەندی، ئەگەر لـە شتێکەوە پەیدا نەبووبێت، چۆن هاتۆتە کایەوە؟ لەنێو بێ- ئاگایی یان فسیۆلۆجیەوە هاتووە؟

ئەگەر ئەو پرسیارەش بکەین ئایا ئەمانە لە کوێوە هاتون؟ لەوەڵامدا بە چەمکی بوونێکـی نەبزێو دەگەین. لەوە زۆرتر نازانین چۆن ئەو بێ-ئاگاییە یان فزیۆلۆجییە پەیدابووە. ئەمەش بەڵگەی چاکتر دەسەلمێنێت. *Contingentia mundi* [(٩)] لەگەڵ ڕەتدانـەوەی ئەو بۆچوونەدا، کە زانین پێش دەخات، بوونی زانەرمان دۆزییەوە و

٩ ئەمە بەڵگەیەکە بۆ بوونی ئافەریدکەر بە ڕێگەی هەبووەکانەوە. هەرچەندە ئەم بەڵگەیە بە بەڵگەی لایبنیز (١٦٤٦- ١٧١٦) دادەنرێت، بەڵام بنەڕەتی بیرۆکەکەی بۆ ئەریستۆ دەگەڕێتەوە. دەتوانین بە شێوازێکی بەڵگەی کۆسمۆلۆجی دابنێین. زاراوەکە لاتینییە و واتای هەڵکەوتووە دەبەخشێت. هەرشتێک هەڵکەوتووبێت پیویستی بە بوونێکی دیکەیە پشتگیری بکات. ئەمەش لەلای هەندێک بیریارە موسوڵمانەکانی، وەکو فارابی و ئبن سینا و ئەل جوەینی بووە بە بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی ئافەریدکەر. (وەرگێڕ)

بەرانبەر ئەو ڕەهایە ڕاوەســتاین، کە بیریارە هۆشەکییەکانی سەدەی حەڤدەهەم بــە بابەتی زانینیان ناوزەدکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی پرســیارەکە ســەبارەت ئەو ڕەهایە لە بارەی بوونیەوەیەتی نەک ناسینی، ئەوا ڕەخنەکەمان لەسەر ئەوە نییە، کە ئەو بوونە ڕەهایە بە ناسین ڕەهایەتی خۆی وندەکات و پەیوەندی خۆی لەگەڵ زانیندا دروســتدەکات. لەڕاستیدا، بوونی ئەم ڕەهایە لە سەر بوونیادێکی لۆجیکی ڕانەوەســتاوە، پەیوەندی بە زانینەوە نییە، بەڵکو بــەو خۆیەوە هەیە، خاوەنی ئەزموونــە کۆنکرێتییەکانــە. هەروەها لەبەر پەیوەندییەکەی بــە ئەزموونەکەوە ڕێژەیــی نییە چونکە خۆی ئەزموونەکەیە. بە هەمان شێوە ڕەهایەکی لە ناوەڕۆک بەدەر نییــە. هەڵەی ئۆنتۆلۆجــی فێرگەی هۆشەکی دێکارت لــەوەدا نییە ئەم ڕەهایە بە بوونێکی لە پێشــتر لە ناوەڕۆک دانابێت، بەڵکو ئەو ڕەهایە ناوەڕۆک نییە. ئاگامەندی ناوەڕۆکی نییە، ئەوەی هەیەتی دیاردەیەکی ڕووتە. بوونیشی بە خۆدەرخستنەکەیەوە بەستراوە. ئاگامەندی دیاردەیە و بۆشاییەکی گەورەیە (چونکە هەموو جیهــان لە دەرەوەی ئەودایە) لەبەر ئەوەی بوونی و دیاردەی بوونی یەک شتن و جیاوازییان نییە، ئاگامەندی ڕەهایە.

٤. بوونی هەستکەر

لەوە دەچێت بە ئامانجی توێژینەوەکەمان گەیشتبین. شتەکانمان بۆ سەرجەمی دیاردە نەبڕاوەکانیان گەڕاندۆتەوە. هەروەها ئەوەشمان ڕوونکردەوە، کە دیاردەکان بــۆ بوونێک دەگەڕێنەوە، کە ئەو بوونە خودی دیاردەکان نییە. ئەوەی دەســتی پێدەکرێت ئاماژە بۆ هەستکەرەکە دەکات. ئەویش ئەو بوونەیە، کە بە ئاگامەندی ناوزەدمــان کرد. لێرەوە بناخــەی ئۆنتۆلۆجیانەی زانینمــان دۆزییەوە. ئەمەش یەکــەم بوونە، کە هەموو دیاردەکان خۆیانی نیشــاندەدەن. ئەو ڕەهایەیە هەموو فینۆمینۆیەک لە پەیوەندییەکەیــدا دەبێت بە شتێکی ڕێژەیی. ئەمەش ئەو(خۆ) یە نییە کانت ئامــاژەی بۆ کردوە، بەڵکو خودگەرایەتییە، خۆیەکە لەنێو خۆیدا. لەبەرئەمەیــە خۆمان لــە ئایدیالیزم دووردەخەینەوە. ئایدیالیــزم بوون بە زانین دەپێوێت و بۆ ســەر ڕاڕەوی دووەلیستــی دەگەڕێتەوە. تەنیا بوونی زانراو هەیە؛ ئەویش پرســیارە لە بارەی خودی بیرەوە. بیر لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە خۆی دەردەخــات؛ ئەویش واتای بیرەکانە. فەیلەســوفیش لە گەڕانیــا بە دوای بیردا پێویستە پرســیار لە زانستەکان بۆ مەرج و گونجاندنی بیرەکان بکات. ئێمە، لە لایەکــی دیکەوە، بە جۆرێک لە بوون گەیشــتوین، کە بابەتی زانین نییە و زانین دادەمەزرێنێــت. بیرێکە، کە دڵنیایــن لەوەی نابێت بە واتا یــان نوێنەری بیر، بەڵکو ڕاســتەوخۆ دەناسرێت. ئەم شێوەی ناســینەش فینۆمینەی زانین نییە و

بوونیادی بوونە هەرچەندە هوسـرڵ لەگەڵ یەکەم حەدەسیدا ڕاستگۆ نەبوو. ئێمە خۆمان لە سـەر زەمینەی فینۆمینۆلۆجی هوسـرڵ ڕادەگرین. ئایا ئێمە لە ئەمە ڕازین؟ ئێمە توشی فنۆمینۆیەکی پێشـگر بووین، بـەڵام ئایا ئەمە ئەو بوونەیە، کـە فینۆمینەی بوونی بۆ دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئاگامەندی دەتوانێت ببێت بەبناخەی خـودی دیاردەکان؟ ئێمە بوونی دیاردەکانمان لـە فینۆمینەوە دەرهێنا و دامان بە ئاگامەنـدی. لەوباوەڕەشدا بووین ئاگامەندی جارێکی دیکە بۆ فینۆمینەکەیان دەگەڕێنێتەوە. ئایا ئەم کارە دەکرێت؟ وەڵامی ئەمە لە لێکۆڵینەوەکەمان لەسـەر ئۆنتۆلۆجی هەستکەر دەدەینەوە.

پێش هەموو شتێک پێویستە بزانین، کە بوونی ئەو شتەی هەستکراوە[لەدەرەوەی بیردا]یـە. تەنانـەت ئەگەر مێزەکە بۆ چەند خەسـڵەتێکی هەسـتەکی ناوەوە بگەڕێنمەوە پێویستە باوەڕم بەوە هەبێت، کە مێزەکە لە ڕێگەی ئەو خەسڵەتانەوە، وەکو بابەتێکی دەرەکی خۆی دەردەخات. مێزەکە لە بەردەم هەسـتکردنەکەدایە و خودی هەسـتکردنەکە نییە، ئەگینا دەبێت بە ئاگامەندی یان شتێکی ناوەوەی خۆ و لەبەر چاو وندەبێت. ئەگەر خەسڵەتە هەستەکییەکانی مێزەکە لە یەکدیش جیابکەمەوە پێویستە بوونێکی بۆ بدۆزمەوە، کە لە سـەری ڕادەوەسـتێت. ئەو بوونەش هەستکەرەکەیە. هەروەها بوونی هەستکەر بۆ هەستکراوەکان ناگەڕێتەوە. ئێستا شێوازی بوونی هەستکەر نەبزێوی یە. کەوابوو ئەگەر بوونی فینۆمینە لەنێو هەسـتکردندابێت، ئەم بوونەش نەبزێوە و چالاک نییە. نەبزێوی و ڕێژەگەری دوو خەسڵەتی ئەم بوونەن. ئایا نەبزێوی چییە؟ من نەبزێوم ئەگەر بە گۆڕانێکدا بڕۆم و خۆم سەرچاوەی گۆڕانەکە نەبم؛ واتە، من نەسەرچاوە و نەداهێنەری گۆڕانەکەم. بوونم شێوازێک وەردەگرێت، کە خۆی پەیدای نەکردوە. بەڵام، لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانە ڕووبدات پێویستە من هەبم. لەبەرئەمە بوونم هەمیشە کەوتۆتە ئەولای نەبزێوییەوە. لایەنگرتنی نەبزێوانەش جۆرێکە لە هەڵسوکەوت، کە من بڕیاری لەسەر دەدەم، لەبەر ئەوەی دەتوانم بڕیاری ڕەتدانەوەشی بدەم، سەربەستییەکەم دەخاتەگەر. ئەگەر من ئەو کەسەبم هەمیشە پەست و تووڕەیە، پێویستە لە بوونی خۆمدا ببینم، کە من خۆم بڕیار لەسەر ئەو بوونەم دەدەم. هەروەها بە جۆرێکیش وەڵام دەدەمەوە، خۆم لە ئاستی ئەوەی پەست و تووڕەم دەکات نەبزێو دەرنەخەم. لێرەدا ئەم چەند ڕێگەیەمان لەبەردەممدایە تاکو یەکێکیان هەڵبژێرین: من خۆم بە نەبزێو دەرناخەم، دەبم بەزەمینەی هەڵچونەکانم، ئەگەرچی سـەرچاوەکانیان من نیم یان نەبزێو و کارتێکراوم. بوونم دەبێت بە شتێکی هەسـتپێکراو و دەکەوێتە نێو نەبوونـەوە. بەمجۆرە نەبزێوی بە دوو شێـوە فینۆمینەیەکی پەیوەندیدارە. لـە لایەکەوە پەیوەندی بە بزێوی و چالاکی ئەو کەسـەوە هەیە، کە بە کردەوە وەڵامدەداتەوە، لە لایەکەی دیکەوە بە بوونی ئەو کەسـەوە، کە ئازار دەچێژێت.

ئەمەش دەریدەخات نەبزێوی بە سـەر بوونی ڕاسـتەقینەی کەسێکی نەبزێوەوە کاریگەر نییە. پەیوەندی بوون نییە بە نەبوونەوە، بەڵکو پەیوەندی بوونە لەگەڵ بوونێکـی دیکەدا. کەسـێک بەوجۆرە لە داهێنان تێدەگـات، کە داهێنراوەکە بۆ ئەوەی لە بوونی خۆی نزیک ببێتەوە و بڕیاری لەسەر بدات، خۆی لە داهێنەرەکە جیابکاتـەوە. پەرتووکێک لە نوسـەرەکەیەوە جیاوازە. بـەڵام بۆ ئەوەی کاری داهێنان بەردەوام بمێنێتەوە، داهێنراوەکە سەربەخۆ نەبێت، پێویستی بە پشتگرتن هەبێـت، شتێک بێت، کە خۆی لە نێو خۆیدا و بە تەنیا هیچە، لە داهێنەرەکەی جیانابێتـەوە و لە ناویدا تواوەتەوە. داهێنەرەکەش لەنێو جیهانی ناوەوەی خۆیدا دەمێنێتـەوە و دەرناچێت. لەسـەرو ئەمەوە، نەبزێوی هەسـتپێکراوەکە داوای نەبزێوی لە هەسـتکەرەکەش دەکات. ئەمەش لە یاسـای کردەوە و ڕەتدانەوەی کردەوەدا دەردەکەوێت؛ لەبەر ئەوەی دەسـتم تەوانـای شکاندن، گرتن و بڕینی هەیە، بەهەمانشێوەش دەستم دەشکێت، دەگیرێت یان دەبڕێت. بەڵام هەستکردن و زانیـن چ جـۆرە نەبزوێیەکیان تێدایە؟ ئەوان چالاکـی و جوڵانن. بەڵام ئەوان جوڵانێکـی ڕووتی بێ ئارەزوومەندانەن. هیچ شتێک نایانگرێت. کەوابوو، لەوێدا، کە دەڵێین ئەوەی هەیە هەستپێکراوە، پێویستیمان بە ئاگامەندی یان جوڵانێکە، کە کار لە سـەر هیچ شتێک ناکات. هوسـرڵ هەوڵیداوە بە گەڕانەوەی نەبزێوی بۆ ناوەڕۆک چارەسـەری ئەم کێشانە بکات، کە بووە بە هێولی و جوڵانی ڕەوانی ئەزموونەکان و ماتەر بۆ نەبزێوییە تێهەڵکێشراوەکان. بەڵام ئەو گرفتێکی دیکەی بۆ زیادکردووین. کۆمەڵێک خەسڵەتی پێدراوی بۆ ڕێزکردووین کە بوونیان مەحاڵە. دڵنیام لەوەی ئەمانە (ناوەڕۆکەکانی) ئاگامەندی نین و بە نەزانراوەیش دەمێننەوە. هێولـی ئاگامەندی نییە چونکە لەنێو شەفافییەتـدا وندەبێت، مانەوەی بناخە و سـەرنجەکان ناپارێزێت. بەڵام ئەگەر ئاگامەندی نەبێـت ئەمە لە کوێوە هاتوە؟ چۆن دەتوانێت خەسـڵەتی شتەکان وەرگرێت و لەبەردەم خۆیی بیرۆکەکانیشـدا خۆڕاگربێت؟ ناوەڕۆکیشی لە شتە هەستکراوەکانەوە سەرهەڵنادات چونکە هێشتا ئەو شتانە هەسـتیان پێنەکراوە. ئاگامەندیش بۆ ناسینیان ڕوو لە دەرەوە دەکات و بوونی خۆی جێدەهێڵێت. هێولی پشـت بە خۆی بۆ بوونی دەبەستێت. لێرەدا جارێکی دیکە ڕووبەڕووی گرفتە لە چارە بەدەرەکەی پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و ئەو بوونە دەبینەوە، کە پشـت بە ئاگامەندی نابەستێت و سەربەخۆیە. ئەگەر لەگەڵ هوسـرڵدا باوەڕ بە هێولی وەکو ناوەڕۆکیش بکەین، هێشتا تێناگەین چۆن ئاگامەندی جیهانی ناوەوەی خۆی جێدەهێڵێت و ڕوو لە جیهانی دەرەکی دەکات. هەندێک بیردەکەنەوە، کە هوسرڵ بە دانانی هێولی بە شت و هەروەها ئاگامەندیش چارەسەری ئەم گرفتەی کردووە. بەڵام ئەو تەنیا لە موتوربەکردنیان سەرکەوتوو بـوو، کـە ئاگامەندی پێی ڕازی نییـە و نایەوێت ببێت بـە بەشێک لە جیهان.

وەکو بینینمان، بە گوێرەی بوونی هەســتکەر هەستپێکردن ڕێژەیییە. ئایا بوونی ئەو شتەی زانراوە لە ئاســتی زانیندا ڕێژەییە؟ ئایا ڕێژەیی ڕاوەســتانە لە ســەر شتێکی دیکە؟ بێگومان ناتوانین بوونێک لە ئاســتی خۆیدا بە دەرەکی دابنێین. شتێکی هەســتپێکراو لە بــەردەم ئاگامەندییدایە؛ ئاگامەنــدی بەو شتە ناگات و ئــەو شتەش ناچێتە نێو ئاگامەندییەوە. هەمانکات شتێکە لە ئاگامەندی دابڕاوە. ئەگەر ئەم بوونە بەو جۆرەی هوسرڵ باسیدەکات بە ناڕاست دابنێین سودی نییە. تەنانەت، وەکو شتێکی ناڕاستیش دەبێت هەبێت. کەوابوو، ئەم دوو خەسڵەتانە؛ نەبزێوی و ڕێژەیی، کە پەیوەندییان بە شێوەکانی بوونەوە هەیە بۆ خودی بوون ناگەڕێنەوە. ناوەڕۆکی فینۆمینە ئەوە نییە، کە هەستپێکراوە. بوونی پێشگیرانەی فینۆمینەی ئاگامەندی نابێت بە بناخەی پێشگیری فینۆمینەی بوون. ئێمە لێرەدا هەڵــەی بیریارە فینۆمینەلیستەکان دەبینین: ئەوان بابەتیان بۆ کۆمەڵێک دیاردە گەڕاندۆتەوە. لــەو باوەڕەدابوون، کە بابەت کۆمەڵێک شێوازی بوونە. ئەمەشیان بە چەمکەکان باسکردوە و بەسەر شێوازەکانی بووندا سەپاندوویانە. ئاماژەیان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەو شتانە کردووە، کە هەن و لە بەر چاون.

٥ . بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی

بوون بابەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. ئێمە لەو باوەڕەدا بووین بە دانانی پێشگری فینۆمینــە بۆ بوون بە ئاکامەکەمان دەگەین چونکە پێشــگری فینۆمینەی بوونی ئاگامەندیشمان دۆزییەوە. بەڵام ئێستا هەوڵدەدەین بە پێچەوانەوە ئەوە ئاشکرا بکەین، کە ئەو پێشگرە فینۆمینەیەو پێویستی بە بوونی فینۆمینەکەیە. بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی بەکاردەهێنم، کە لە سەر **کۆجیتۆی پێش تێرامان** ڕادەوەستێت. هەموو ئاگامەندییەک ئاگاییە لە شتێک. ئەم پێناسەکردنەی ئاگامەندی دوو واتای هەیە: ئەو واتایە دەبەخشــێت، کە ئاگامەندی بوونی بابەتەکەی پێکدەهێنێت یان ئاگامەندی پەیوەندی بە بوونێکی بەرزەوە هەیە.[١٠] بەڵام واتای یەکەم زوو توشی گرفت دەبێت و هەڵدەوەشێتــەوە: ئاگایی لە شتێکەوە بوونی بابەتێکی کۆنکریتی لەبەردەم ئاگامەندییــدا قوتدەکاتەوە، کە ئەو بابەتە لــە ئاگامەندییەوە جیاوازە. بێگومان کەســێک دەتوانێت ئاگای لە بوونــی شتێک بێت، کە لە بەردەمیا ئامادە نییە. بەڵام ئەم ئامادەنەبوونە، هەمانکات پێشــمەرجێکی پێویستە بۆ ئامادەبوون.

---

١٠ مەبەست لە بوونی بەرز جیهانی فۆرمە بەرز و هەمەکییەکانی ئەفلاتون یان نۆمینەی کانت نییە. لە فەلسەفەی بوونگەرایەتیدا بابەتی زانین وەکو مێز هەمیشە لە دەرەوەی ئاگامەندییدایە و لەنێو ئاگامەندییدا نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی دەبێت ڕوو لە دەرەوەی خۆی بۆ ناسینی بابەتەکە بکات. بێگومان سارتەر زاراوەی (بەرز)ی بۆ بابەتەکانی دەرەوەی ئاگامەندی لە هایدیگەرەوە وەرگرتوە و هایدیگەریش بەهەمان شێوە بۆ هەمان مەبەست باسیکردوە و بەکاریهێناوە. (وەرگێڕ)

ئاگامەنـــدی خۆگەرانەیە و ئـــەوەی دەیزانێت ناوەکییـــە. خۆگەرێتی ئاگامەندی ناتوانێت بچێتە دەرەوە و خەســـڵەتەکان بە ســـەر بابەتەکـــەدا بسەپێنێت. ئەگەر سووربین لەسەر ئەوەی بوونی دیاردەیەک پشت بە ئاگامەندی دەبەستێت، بابەتەکە دەبێـــت لە ئاگامەندی جیابکرێتەوە، نەک بـــە ئامادەبوونی لە بەردەم ئاگامەندییدا بەڵکـــو بـــە ئامادەنەبوونی. نەک بـــە پڕی لە ڕووی خەســـڵەتەکانیەوە بەڵکو بە نەبوونی ئە پڕییە. ئەگەر بوون بۆ ئاگامەندیش بگەڕێتەوە، هێشـــتا ناتوانین بابەت بە ئاگامەند دابنێین و بڵێین شتێکە، کە نییە. ئەمەش پەیوەندی بە باسەکەمانەوە لە ســـەر نەبڕاوە هەیە، کە لە پێشـــتر ئاماژەمان بۆ کرد. بۆ هوسرڵ، بۆ نموونە، لایەنەکانی هێولی بەس نین تاکو ئاگامەندی بۆ دەرەوەی خۆیان پەلکێشبکەن. ئەو مەبەســـتانەی بابەتگەرین لە ڕاستییدا پوچەڵن. ئەوانەن دەیانەوێت خۆیان بەو دیو دیاردەی خۆ بگەیەنن. پێویستە بزانین مەبەستەکان دەیانەوێ بەو دیاردانە بگەن، کە لە یەک کاتدا خۆیان بە دەستەوە نادەن. مەحاڵە سەرجەمی زنجیرە نەبڕاوەکەی دیاردەکـــان لە یەک کاتدا خۆیان لە بـــەردەم ئاگامەندییدا ڕاگرن. ئەگەر ئامادەش بن، هەموو خەسڵەتە لە ژمارە بەدەرەکان لەنێو خۆدا دەتوێنەوە؛ ئامادە نەبوونیان بوونێکی دەرەکییان پێدەبەخشـــێت. لەم ڕووەوە بوونی بابەتێک نەبوونێکی ڕووتە. بە کەم و کورت پێناســـدەکرێت. بوونی ئەو شتەیە، کە لە دەستمان ڕادەکات و بە چەند شێوەیەکیش خۆی دەردەخات. چۆن نەبوون دەبێت بە بناخەی بوون؟ چۆن ئامادەنەبوون دەبێت بـــە ئامادەبوون؟ ئەو خۆشییەی بە ئومێدەوەم بیگەمێ، ئەو ناخۆشییەی دەترســـم توشم بێت، جۆرێک لە بەرزێتیان تێدایە. بەڵام ئەم بەرزێتیە ئێمە لە نـــاوەوە بۆ دەرەوە پەلکێش ناکات. دروســـتە شتەکان ڕوخساری خۆیان نیشانددەن؛ خۆیان دەردەخەن، هەروەها دروستە هەر یەکێک لەو دیاردانە ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دیکە دەکات.

بەڵام خودی هەر یەکێک لەو دیاردانە بوونێکی بەرزە و خەسڵەتێکی هەستەکی نێو ئاگامەندی نییە. بوونێکی پڕە نەک کەم، ئامادەیە نەک ئامادە نەبوو. ناتوانین ڕاستەقینەی بابەت بۆ خەسڵەتە هەستەکییەکان و نەبوون بگەڕێنینەوە. شتێکی دەرەکی لە ناوەکییەوە سەرهەڵنادات. بوونیش لە نەبوونەوە پەیدا نابێت.

هوســـرڵ ئاگامەندی بە بەرز دادەنێت. ئەمەش لەوێدا ڕاســـتە، کە نۆمینە بە ناڕاســـت دادەنێت بەڵام توشی ناکۆکی دەبێـــت. هەموو ئاگامەندییەک ئاگاییە لە شتێک. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی بونیادێکی بەرزی هەیە؛ ئاگامەندی لـــەو ڕۆژەوە پەیدا بووە بوونی لەســـەر شتێک ڕاوەســـتاوە، کە ئەو شتە خودی ئاگامەنـــدی نییە. ئێمە ئەمە بە "بەڵگەی ئۆنتۆلۆجـــی" ناوزەد دەکەین. دڵنیام هەندێـــک ئەو ڕەخنەیەشمان لێدەگرن، کە داواکارییەکانی ئاگامەندی تەواو نابن و جێبەجێش ناکرێن.

بەڵام ئەمە کار ناکاتە سەر بۆچوونەکەی هوسرڵ لە سەر مەبەستداریێتی ئاگامەندی. هەرچەندە هوسرڵ لە ناوەڕۆکی کێشەکە تێنەگەیشتوە. هەموو ئاگامەندییەک ئاگاییە لە شتێک، ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لە دەرەوەی ئاگامەندییدا بێجگە لە دەرخستنی ئەو بابەتەی لە ئەزموونەکەدا دەردەکەوێت چی دیکە نییە.

بۆنموونە، دەرخستنی بابەتە بەرزەکە. ئەوەی بە خۆگەرایەتی ناویدەبەین ئاگایی ئاگامەندییە لە خۆی. بەڵام ئەو ئاگاییەی ئاگامەندی دەبێت هەبێت. بوونیشی بەو حەدەسەوە گرێدراوە، کە بەرەو بابەتەکە دەڕوات، ئەگینا هیچە. حەدەس ئەوە دەگەیەنێت، کە بابەتێک لەنێو ئەو ئەزموونەدا ناسراوە. ئەمەش لەوانەیە لەهەڵوێستی ڕەتدانەوەی کانت دژی ئایدیالیزم بچێت.

بەڵام من لێرەدا بیر لە دێکارت زیاتر دەکەمەوە. ئێمە لە سەر زەمینەی بوون، نەک زانین ڕاوەستاوین. نامانەوێت مشتومڕ لە سەر ئەو کێشەیە بکەین، کە دیاردەکانی نێو هەستمان ئاماژە بۆ بابەتە دەرەکییەکانی نێو شوێن دەکەن. بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی ئاگامەندی پەیوەندی بە بوونێکی نائاگامەند لە دەرەوەی خۆیدا هەیە.

ئەگەر بڵێین ئاگامەندی ئاگاییە لە شتێک، ئەوا پێویستە ئاگامەندی خۆی وەکو بینەری پرۆسەی بینینی ئەو بوونە بینراوە خۆی دەربخات، کە لێوەی جیاوازە. لە هەمانکاتدا لە کاتی ئەزموونەکەی ئاگامەندیدا شتێکە، کە هەیە.[11] لێرەوە دیاردەی ڕووت جێدەهێڵین و بە بوونێکی پڕ دەگەین. ئاگامەندی بوونێکە، کە ناوەڕۆکی خۆی دادەهێنێت و هەروەها ئاگاییە لەو بوونەی ناوەڕۆکی لە پێش بووندایە و دیاردەکەی ئەو بوونە بەرجەستە دەکات. بوون لەهەموو شوێنێکدایە. دەتوانین لە پێناسەکردنی ئاگامەندیشدا پەیڕەوی پێناسەکەی هایدیگەر بۆ دازاین بکەین.[12] بەڵام لەو باوەڕەداین پێناسەکە پێویستی بە تەواوکردن هەیە. لەبەرئەمە دەڵێین: ئاگامەندی ئەو بوونەیە، کە لە بوونیدا پرسیار لە بارەی بوونیەوە دەکرێت و ئاماژەش بۆ بوونێکی تر لەخۆی دەکات. ئەم بوونە نۆمینە و لایەنێکی شاراوەی ئەو دیو دیاردەکان نییە. بوونی ئەم مێزە، پاکەتە جگەرەیە، چرایە یان بەگشتی بوونی جیهانە، کە لە بەردەم ئاگامەندییدایە. هەروەها بوونی بە تەنیا بە خۆ دەرخستنەکەیەوە گرێنەدراوە. بۆ ئاگامەندی ئەم بوونە پێشگیرییەی فینۆمینەکان بوونە لەنێو خۆیدا.

١١ مەبەستی سارتەر ئەوەیە ،کە لە ئەزموونی ئاگامەندی مرۆڤدا بابەتێکی دەرەکی ،وەکو مێز پیویستی بە ئاگامەندی بۆ بوونی نییە .مێزەکە لە کاتی ئەزموونەکەدا یان پێش ڕوودانی ئەزموونەکە دەبێت هەبێت ،تاکو کەسێک بیناسێت ،ئەگینا مێزەکە لە ئەزموونەکەوە پەیدانەبووە و سەر بە جیهانی ناوەوەی خۆ نییە .ئەمەش ڕەتدانەوەی بۆچوونە ئایدیالیستییەکەی بارکلی یە و بابەتگەریێتی بوون دەسەپێنێت (.وەرگێڕ)

١٢ دازاین زاراوەیەکی ئەڵمانییە (دا-لێرە) و (زاین-بوون) :واتە بوون لێرە . هایدیگەر ئەم زاراوەیەی بۆ بوونی ئاگامەندی مرۆڤ بەکارهێناوە (وەرگێڕ)

٦. بوون—لەنێو—خۆدا

ئێستا دەتوانین سەبارەت دیاردەی بوون بە هەندێک ئاکام بگەین. مەندی هەبووەکان دەناسێت و هەبووەکانیش لە سەر بناخەی بوونیانەوە خۆیان بۆ ئاگامەندی دەردەخەن. بەڵام ئەو بوونەی بناخەی هەبووەکانە بە تەواوی خۆی دەرناخات. هەروەها هەبوویەک لە بوونی دانابڕێت؛ بوون هەمیشە لە هەبووەکاندا ئامادەیە؛ لە هەموو شوێنێکدا و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە. هیچ بوونێکیش بە بێ شێواز نیە. ئاگامەندیش هەمیشە دەتوانێت خۆی بەو دیو هەبووەکان بگەیەنێت، نەک لە بوونی بەڵکو لەواتای بوونی ئەو هەبووانە تێبگات. لەبەرئەمەشە بە ئۆنتیک- ئۆنتۆلۆجیانە ناوزەدی دەکەین چونکە لە هەبووەکانەوە (ئۆنتیک) واتای بوون (ئۆنتۆلۆجی)تێدەگات.[13] ئەوەی خۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات دیاردەی بوونە، ئاگامەندی هەوڵدەدات لە واتاکەی تێبگات. ئەو واتایەش بوونی خۆی هەیە، کە لە سەر ئەو شتە ڕادەوەستێت و خۆی دەردەخات. لەم گۆشە نیگایەوە لە گوتەی بیریارانی سەدەکانی ناوەڕات تێدەگەین، کە گوایە هەموو دەستەواژەیەک لە سەر بوون لەنێو خولەیەکی بازنەییدا دەسوڕێتەوە، چونکە هەموو دەستەواژەیەک لە سەر بوون پێویستی بەو بوونەیە لە پێش خۆیدا هەیە. بەڵام لە ڕاستییدا ئەم کێشەیەی ئێمە سوڕانەوەی تێدا نییە. پێویست ناکات پاش تێگەیشتن لە واتای بوون بەرەو واتایەکی دیکە بڕۆین. واتای بوون هەموو فینۆمینەیەک دەگرێتەوە و تەنانەت بوونی واتاکەشی تێدایە. دیاردەی بوون بوون نییە، کە لە پێشتریش باسمانکرد بەڵام ئاماژە بۆ بوون دەکات و پێویستی بە بوونە. ئەو بەڵگە ئۆنتۆلۆجییەی لە پێشتر ڕوونمانکردەوە بۆ ئەم لەبار نییە. بەڵام جۆرێک بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی هەیە بۆ ئاگامەندی لەبارەو دەتوانین بەکاری بهێنین. هەموو ئەو زانیاریانەی پێدەسەلمێنرێت، کە لە دیاردەی بوونەوە دەستمان دەکەوێت. لەهەموو حاڵەتێکدا بەوشێوەیەی هایدیگەر باسیدەکات، تێگەیشتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەمان هەیە؛ ئەو تێگەیشتنەی هێشتا پێویستی بە چەمکەکان و ڕوونکردنەوە نییە.[14] لێرەدا

---

١٣ جارێکی دیکە سارتەر زاراوەی هایدیگەر بۆ بوونی ئاگامەندی یان مرۆڤ بەکاردەهێنێت. بە دیدی هایدیگەر مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لەنێو هەبووەکاندا خۆی بەو دیو بوونی (ئۆنتۆکی) هەبوو دەگەیەنێت و پرسیار لەبارەی واتای بوون بەگشتی دەکات. من ئەم خاڵەم لە پەرتووکەکەمدا (هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی) باسکردوە. بڕوانە: محەمەد کەمال. هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦. لاپەڕە، ٣٩-٤٠.

١٤ تێگەیشتنی پێش- ئۆنتۆلۆجییانە هایدیگەر بەو هەڵوێستەی دادەنێت، کە ئاگامەندی ڕاستەوخۆ دیاردەکەی لادەردەکەوێت. بۆ نموونە من چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕم و لە ناوەڕاستدا مێزەکە دەبینم. لەم ئەزموونەدا مێزەکە خۆی بۆ من دەرخستوە، منیش چاوم بە مێزەکە کەوتووە. ئەمە هەڵوێستێکی سادەیە و من لەم ئەزموونەدا پەنام بۆ چەمکەکان و زمان نەبردووە، تاکو لە بارەی ڕاستی بوونی مێزەکەوە بدوێم. (وەرگێڕ)

پرسیار لەبارەی دیاردەکەوە ناکەین تاکو واتاکەی بە ڕێگەی چەمکەکانەوە دەربڕین.
هەروەها پێویستە ئەم خاڵانەش ڕەچاو بکەین:

یەکەم، ڕوونکردنەوەی واتای بوون تەنیا بۆ بوونی دیاردەکە لەبارە. مادامەکی بوونـــی ئاگامەندی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە پێویستە باســـکردنیش لەم بوونە تایبـــەت بێت و بەو بوونە دابنرێت، کە دیاردەکان تیایدا دەناســـرێن و ناویدەنێین بوونـ-بۆ-خۆ، لە دواییدا باســـی ئەم بوونەش دەکەین و دژوەستاو بەرانبەر بوونـ-لەنێو-خۆیدا دایدەنیین.

دووەم، ڕوونکردنەوەکەمان ســـەبارەت واتـــای بوونـ-لەنێو-خۆدا کاتییە. ئەو لایەنانەی باسیاندەکەین ئاماژە بۆ شتی دیکە دەکەن، کە پێویستە لێیان تێبگەین. توێژینەوەکەمان بە تایبەتـــی دوو دەڤەری بوونی لە یەکدی جیاکردۆتەوە: بوونی پێش تێڕامانی کۆجیتۆیی و بوونی دیاردە. هەرچەندە ئەم دوو دەڤەرە لە پەیوەندی دابـــڕاون پێویستە بزانین چۆن هەردووکیان ســـەر بە بوونێکـــن. ئەمەش زۆرمان لێدەکات لە بوونیان بکۆڵینەوە. دژوارە لە واتای یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکەیان و بەستنەوەیان بە یەکدییەوە بە تەواوی تێبگەین. ئێمە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەمان لە سەر ئاگایی لە خۆوە روونمانکردەوە بوونی دیاردە کار ناکاتە سەر ئاگامەندی. لێـــرەوە پەیوەندییەکی ڕیالیستانەمان لە نێوان دیـــاردە و ئاگامەندییدا دۆزییەوە. هەروەها باسی ئەوەشمانکرد لە کۆجیتۆی پێش تێڕاماندا ئاگامەندی لەنێو دەلاقەی خۆگەرایەتی خۆیەوە ناچێتە دەرەوە؛ کارناکاتە سەر بوونە بەرزە [دەرەکییەکە]. بۆ ئەمەش چارەسەرکردنێکی ئایدیالیستانەمان خستەڕوو. بەمجۆرە لەوانەیە وادەرکەوێت ئێمە هەموو دەرگاکانی پەیوەندی نێوان بوون و ئاگامەندیمان داخستبێت. پێویستە بیسەلمێنین، کە بێجگە لە چارەســـەرەکانی ڕیالیزم و ئایدیالیزم ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی دیکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم گرفتەدا بکەین و چارەسەری بکەین. هەندێکجار تێڕوانینمان بۆ دیاردەی بوون بە هۆکاری ئەو بۆچوونەوە، کە گوایە هەموو شتێک ئافەریدکـــراوە، تەم و مـــژاوی دەبێت. مادامەکی زۆر کەس لـــەو باوەڕەدایە خوا جیهانی ئافەریدکردوە، ئەوا بوون بە شتێکی نەبزێو دادەنرێت.

بەڵام ئافەریدکردنی بوونێک لە نەبوونەوە ناتوانێت بۆمان بسەلمێنێت چۆن بوون پەیدابووە. هەرشتێک خۆگەرانەبێت، تەنانەت باوەڕمان بەوەبێت، کە لەنێو (خۆ)ی خواشدایە، هەرگیز نابێت بـــە شتێکی بابەتگەرانە و لەنێو (خۆ)کەدا دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە خۆیە ناتوانێت نوێنەری بابەتەکەشی بێت.

لەبەرئەوە ویستی ئافەریدکردنی لەلا ســـەرهەڵنادات. ئەگەر بوون بەو جۆرەش بێت لایبنیز باســـیدەکات، کە لە خۆوە دەردەچێت، دەبێت بە شتێکی دژوەستاو و دوورەپەرێز لە ئافەریدکەرەوە ڕادەوەستێت، ئەگینا لەنێو خۆدا دەمێنێتەوە و نابێت بـــە شتێکی دەرەکی. لە بیردۆزی ئافەریدکردنی بەردەوامدا لەگەڵ لابردنی ئەوەی

ئەڵمانییەکان بە"سەربەخۆ" ناوزەدیدەکەن لەنێو خۆی خوادا دەتوێتەوە. ئەگەر بوون لە خواوە جیاوازبێت دەبێت بە سەرچاوەی بوونی خۆی؛ هیچ ئاسەوارێکی خوا و مۆرکی خوایەتی پێوە دیارنابێت. ئەگەر ئافەریدیش کرابێت هێشتا بوون-لەنێو-خۆیدا، بە تەم و مژاوی دەمێنێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی بیردۆزەی ئافەریدکردندا لە واتاکەی ناگەین.

ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا، کە بوون بە ئافەریدنەکراو دادەنێت هاوتەرازە. بەڵام نابێت جەخت لەسەر خۆ ئافەریدکردنی بوونیش بکەین، چونکە لەم حاڵەتەدا بوون دەبێت پێش ئافەریدکردنی خۆی [لەپێشتر] هەبێت. بوون بە جۆری ئاگامەندی نییە[15] بوون خۆیەتی، نەبزێوە و نەنەبزێو. ئەم دوو زاراوانە[بزێو و نەبزێو] خەسڵەتی بوونی مرۆڤن. بزێوی لەوەدایە ئاگامەندی بۆ مەبەستێک دەیەوێت بە ئاکامێک بگات. ئەو بابەتانەش بە نەبزێو دادەنێین، کە کاریان لەسەر دەکەین چونکە بەبێ مەبەستی ئێمە بە هیچ کۆتاییەک ناگەین. مرۆڤ بزێوە و ئامێرەکانی دەستیشی نەبزێو. ئەگەر ئەم زاراوانە لەبوونی مرۆڤ ڕووتبکەینەوە، بەتەنیا دایانبنێین هیچ واتایەک نابەخشن. بوون بە تایبەتی بزێو نییە؛ بۆ گەیشتن بە کۆتایی لە ڕێگەی ئامێرەکانەوە، پێویستە بوونێک هەبێت بەو کارە هەستێت. هەمانکات نەبزێویش نییە. ئەوەی نەبزێوە دەبێت هەبێت. بوون و بەردەوامییەکەی لەودیو واتای بزێوی و نەبزێوییەوەیە. بوون، بە هەمان شێوە، لەودیوو ڕەتدانەوە و سەلماندنەوەیە. سەلماندن، هەمیشە سەلماندنی هەبوویەکە؛ هەروەها سەلماندن، وەکو کردەوە لە شتە سەلمێنراوەکەوە جیاوازە. ئەگەر ئەو شتەی دەسەلمێنرێت، سەلماندنەکە بهێنێتەکایەوە و لەگەڵیا یەک بێت سەلماندنی ئەم سەلماندنە مەحاڵ دەبێت. ئێمە لە پەیوەندی شتە سەلمێنراوەکەوە بە ئاگامەندییەوە بوون دەدۆزێتەوە. لەم ڕووەوە بە ناوەکی دانانرێت. بوون پەیوەندی بەخۆیەوە نییە. ئەو خۆیەتی. بەڵام ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. بزێوییەکە، کە نابزوێ چونکە بە خۆیەوە نوساوە. هەموو ڕووداوێک، وەکو ئەوە وایە بوون بۆ خۆ بسەلمێنێت، هاوکات بوونیش دەردەخات. پێویستە بوونیش بە شتێکی نەگۆڕی خۆسەلمێنەر دابنرێت. نەگۆڕی و یەک جۆری بوون-لەنێو-خۆیدا لە ژوور زنجیرە نەبڕاوەکەی خۆسەلماندنەوەیە. لێرە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین، کە بوون شتێکە لەنێو خۆیدا. بەڵام بوون-لەنێو-خۆیدا، وەکو ئاگامەندی پەیوەندی لەگەڵ خۆی دروستناکات

---

١٥ *Causa sui* وشەیەکی لاتینییە، واتە بوون بۆ خۆ، بۆ نموونە، ئەمڕۆ زۆر لە بیریارە ئایدیالیستەکان خوا بەم هۆکارە دادەنێن. لەو باوەڕەدان هۆکارێکی دەرەکی بۆ بوونی خوا نییە و ناتوانین بڵێین بوونی خوا ئافەریدکراوە. لەم حاڵەتەدا بوونی دەبێت بە هەبوویەکی هەڵکەوتوو، نەک بوونێکی پێویست. بەڵام زاراوەی خۆ-هۆکاری لەخۆیدا ناکۆکە، چونکە هەر بوونێک (خوا یان جیهان) ئەگەر ببێت بە هۆکار بۆ بوونی خۆی پیویستە پێش ئەوەی خۆی بهێنێتەکایەوە یان وەکو هۆکارێکی لەپێشتر هەبێت، ئەمەش بۆچوونێکی پوچەڵە. (وەرگێڕ)

چونکە بوونێکی پڕی هەیە و خاوەنی ناسنامەیە. لەبەرئەمەشە بوون لە ژێر(خۆ) وە دادەنێین. لە ڕاستیدا بوون تاریک و شاراوەیە لە خۆی، چونکە پڕە. باشترین شێوەی دەربڕینی ئەم خەسـڵەتەی بوون لەوێدایە بڵێین بوون ئەوەیە، کە هەیە. ئەم دەستەواژەیە بە ڕواڵەت شیکەرەوانەیە و دووریشە لە یاسای (خۆیەتی)یەوە، کە بناخەی هەموو دەستەواژەیەکی شیکەرەوەیە.[(١٦)]

پێـش هەموو شتێک ئاماژە بۆ دەڤەرێکی دیاریکراوی بوون دەکات، کە ئەویش بوونە- لەنێو- خۆیدا. هەمانکات بوون- بۆ خۆی، بە پێچەوانەی بوون- لەنێو-خۆیدا پێناسەیەکی جیاوازی بۆ دەکرێت. بوون- بۆخۆی ئەو بوونەیە، کە نییە و ئەو شتەش نییە، کە هەیە. کەوابوو پرسـیارەکەمان سـەبارەت بنەڕەت و تێهەڵکێشەکردنە. ناتوانین بەو شێوەیەی باسی بوون- لەنێو- خۆ دەکەین، وەکو ئەو شتەی هەیە، لە سەر بوونی ئاگامەندی بدوێین، چونکە ئاگامەندی هێشتا نەبووە بەوەی هەبێت.[(١٧)] ئەمەش واتایەکی تایبەتی بە وشەی (هەیە) دەدات. لە یەکەم سـاتی سەرهەڵدانی هەبووەکانـەوە ئەو هەبووانە هەن. ئەمەش لەسـەر یاسـای هەڵکەوتنی بوون- لەنێو-خۆیدا ڕادەوەسـتێت. بەهەمانشێوەش یاساکانی (ناسنامە یان خۆیەتی) و دەستەواژەی شیکەرەوە دەبن بە یاسای بوون و تاریکی و شاراوەیی ئەم جۆرە بوونە دەردەخەن. تاریکی و شاراوەیی بوون-لەنێو-خۆیدا بە پەیوەندی ئێمەوە لەگەڵ ئەم بوونەدا نەبەستراوە؛ نەکەوتۆتە سەر تێگەیشتنی ئێمە و وەستانی ئێمە لە دەرەوەی ئەودا. ئەم بوونە لایەنی ناوەکی نییە تاکو بەرانبەر لایەنی دەرەکی دژانە ڕاوەستێت و یاسـای ئەوبوونەش بێت. بوون-لەنێو-خۆیدا خاوەنی نهێنی نییە؛ شتێکە ڕەق. ئێمە بەشتێکی تێهەڵکێشـراوی دادەنێین، بەڵام لەڕاستیدا هێندە ڕەقە لەوە زۆرتر ناتوێتەوە و لەگەڵ خۆیدا تێهەڵکێشـراوە. ئاکامی بۆچوونەکەشمان ئەوەیە، کە ئـەم بوونە دوورەپەرێزەو بێجگە لە خـۆی لەگەڵ هیچ شتێکی دیکەدا پەیوەندی نییە. تێپەڕین، پەیدابوون، ئەو خەسڵەتەی پێشتر بۆ ئاگامەندییمان دانا، وەکو ئەو شتە نییە، کە هەیە؛ بۆ ئەم بوونە ناگونجێت. بوون بوونی پەیدابوونە، لەبەرئەمە لەودیو پەیدابوونەوەیە. شتێکە، کە هەیە و ئەوەش نییە؛ کەهێشـتا پەیدانەبووە. لەبەرئەوە لایەنی ڕەتدانەوە (نێگەتیڤی) نییە و پۆزەتیڤێکی پڕە. ئەوی دی نییە؛

---

١٦ بە دیدی کانت دەستەواژەی شیکەرانە یان شیکەرەوە، وەکو سێ گۆشە سێ گۆشەی هەیە، ناسنامەیەکی تەواوی هەیە. هاوکات زانیارییەکی دیکە یان هیچی دیکە بۆ ناسینی بابەتی دەستەواژەکە زیاد ناکات. (وەرگێڕ).

١٧ سارتەر تاکو ئەم شوێنە بوونی مرۆڤ بە ئاگامەندی ناوزەد دەکات. لێرەوە زاراوەی بوون- بۆ-خۆ بەکاردەهێنێت. بوون- بۆ-خۆ و ئاگامەندی بوونی مرۆڤ سێ زاراوەی جیاوازن بۆ یەک شێوازی بوون. (وەرگێڕ)

خۆی بەرانبەر دژەکەی ڕاناوەستینێت و پەیوەندی لەگەڵی دروستناکات. بەردەوام خۆی لەنێو بوونی خۆیـــدا ڕادەگرێت. لێرەشەوە بەو خاڵە دەگەین، کە لە دواییدا باســـیدەکەین. ئەم بوونە کاتیگەر نییە. کاتێک هەستیپێدەکەین، ناتوانین بڵێین شتێکە تێپەڕیوە، نەماوە یان ئاگامەندییمان دەریدەخات ئەو بوونە، بەســـەرچووە چونکـــە ئاگامەندی بوونێکـــی کاتیگەرانەی هەیە و کاتییە. بـــوون لەو شوێنەدا، کـــە هەیە و کەم نییە. بوونێکی پـــڕ و پۆزەتیڤە. ئەو شتێکە لە ڕابردوودا هەبوو، ئێستاش هەیە و هەموو شتێکە. دواجار،ســـێیەم خەســـڵەتی بوونـ لەنێوـ خۆیدا ئەوەیە،کەئـــەم بوونە (هەیە). ئەمەش ئەو واتایە دەگریتەوە، کە لە هەڵکەوتووەوە پەیـــدا نەبووە و نابێت بە بوونێکی پێویستیش. پێویستی پەیوەندی لە نێوان ئەو دەستەواژانەدا هەڵدەبەستێت، کە کێشەیەک دەخەنە ڕوو یان لە داکەوتدا نەبێت. هەروەها دیاردە لە بوونێکی ڕووتەوە سەرهەڵنادات. ئەمەش بە هەڵکەوتنی بوونـ لەنێوـ خۆدا دادەنێین. بوونـ لەنێوـ خۆدا لە شتێکی گونجاویشـــەوە پەیدا نابێت. گونجاو لە بونیادی بوونـ لەنێوـ خۆیدا نییە و ســـەر بە دەڤەرێکی دیکەی بوونە. کەوابـــوو، بوونـ لەنێوـ خۆیـــدا شتێکی مەحاڵ و گونجاویـــش نییە. شتێکە هەیە. لەبەرئەمەیـــە ئاگامەنـــدی، بوون بە شتێکی زیادە دادەنێـــت چونکە لە شتێکەوە ئافەرید نەکراوە. لە هۆکار بەدەرە و پەیوەندی بە هیچەوە نییە و هەمیشە زیادەیە. بوون هەیە و لەنێوـ خۆیدایە. ئەو شتەیە، کە هەیە. ئەم بوونەش سێ خەسڵەتی هەیە، لەم قۆناخەدا لەمە زۆرتر ناتوانین لە سەری بدوێین. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی تـــەواوی ئـــەو بوونە نییە، کـــە هەیە و لەوە زۆرتر بە چی دیکـــە نابێت. ئێمە لە توێژینەوەکەماندا لەســـەر دیاردەکان باســـی دوو جۆر بوونمان کرد؛ بوونـ لەنێوـ خۆیـــدا و بوونـ بۆـ خـــۆی. زانیارییەکەمان لەبارەی هەردووکیانـــەوە تەواو نییە و ســـەرەتاییە. وەڵامی گەلێک پرســـیارمان لەبارەیانەوە نەداوەتەوە: واتای تەواوی ئـــەم دوو جۆرەی بوون چییە؟ بۆچی هەردووکیان ســـەربە بوونە گشـــتگرەکەن؟ واتای ئەو بوونە گشـــتگرە چییە، کە ئـــەم دوو بوونە جیاوازەی بەخۆوە گرتووە؟ ئەگەر ئایدیالیزم و ڕیالیزم لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو جۆرەی بووندا ســـەرکەوتوونەبن، چۆن ئێمە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین؟ چۆن بوونی دیاردە لە ژوور دیاردەوەیە؟ من ئەم پەرتووکەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە نوسیوە.

کەرتی یەکەم

بەشی یەکەم

بنەڕەتی ڕەتدانەوە

١. پرسیارکردن

توێژینەوەکەمان بەرەو ناخی بوونی بردوین. بەڵام لەبەر ئەوەی نەمان توانیوە پەیوەنـــدی نێوان دوو جۆرەکـــەی بوون بدۆزینەوە لەســـەر کۆڵانێکی دەرنەچوو ڕاوەستاوین. بێگومان ئەمەش بە هەڵبژاردنی ڕێگەکەمانەوە بەستراوە. دێکارتیش لـــە مامەڵە کردنی پەیوەندی نێـــوان دەروون و لەشدا توشی هەمان گرفت بووە. هەوڵیـــداوە لە ڕێگەی پێکەوە بەســـتنی ناوەڕۆکی بیرکەرەوە و ئەســـتو (ماتەر) ەوە، چارەسەری گرفتەکە بکات. ئەو پەیوەندییەی لەنێو ئەندێشەدا پەیداکردوە. بۆچوونەکەی شیاوی ئاوەڕلێدانەوەیە. بێگومان ئێمە، وەکو دێکارت بۆ کێشـــەکە ناڕۆیـــن، بەو جـــۆرەش بیر لە ئەندێشـــە ناکەینەوە. بەڵام ئـــەو خاڵە پێویستە ڕەچاوبکرێـــت، کـــە جیاکردنـــەوەی دوو زاراوەی پەیوەندیدار لـــە یەکدییەوە بۆ بەســـتنەوەیان جارێکی دیکە بە یەکدییەوە کارێکی سودبەخش نییە. پەیوەندی تێهەڵکێشـــکردنە. لەئاکامدا لایەنە شیکراوەکان بە تێهەڵکێشکردن ناشاردرێنەوە. لاپۆت دەڵێت: پرۆســـەی ڕووتکردنەوە لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە شتێک نەتوانێت بە تەنیا، بەبێ هەبووەکانی دیکە ڕاوەســـتێت و لە حاڵەتی دابڕانیشـــدا نەبێت. کۆنکرێتیش (هەموو) یەکە، کە بە تەنیا دەتوانێت هەبێت. هوسرڵ هەمان بۆچوونی هەیە؛ ڕەنگی سور ڕووتکراوەیە چونکە ڕەنگ بەبێ فۆرم نییە. لە لایەکی دیکەوە، ئـــەو هەبووەی لەنێو کـــات و شوێندایە، بە (هەموو) خەســـڵەتەکانیەوە شتێکی کۆنکرێتییـــە. لەم گۆشەنیگایەوە، ئاگامەنـــدی ڕووتکراوەیە چونکە لەنێو خۆیدا ســـەرچاوە ئۆنتۆلۆجییەکەی دەڤەری لەنێو- خۆدا دەشارێتەوە. بە هەمانشێوەش مادامەکی دیاردە ئەو شتەیە خـــۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات، دەبێت ڕووتکراوە بێت. کۆنکریت هەموویەکی تێهەڵکێشـــراوە و ئاگامەندی پێکدەهێنێت. کۆنکرێت مرۆڤـــە لەنێو جیهانـــدا، یەکگرتنی هەردووکیانە یان هایدیگـــەر گوتەنی "بوونە- لەنێو- جیهاندا." ئێمە بە مەبەستەوە لە ڕووتکردنەوەوە دەست پێدەکەین، ئەگەر وەکو کانت پرســـیار لە بارەی 'ئەزموون'ەوە بکەین و لەو بارو دۆخانە بکۆڵینەوە ئەزموون دەهێننە کایەوە یان وەکو هوســـرڵ داماڵینی فینۆمینۆلۆجییانە بخەینە گەر، کـــە جیهان بۆ ناوەڕۆکـــە پەیوەندیدارەکان بە ئاگامەندییـــەوە دادەماڵێت

سەرکەوتوو نابین. وەکو سپینۆزاشمان لێدێت، کە ویستی لە سەرجەمی شێوە نەبڕاوەکانەوە بە ناوەڕۆک بگات.

پەیوەندی نێوان دەڤەرەکانی بوون بەشێکی گرنگە لە بوونیادی ئەو بوونانە. ئێمە لە یەکەم تێڕامانەوە ئەم گرنگییەمان بینی. ئێستاش پێویستە چاومان بکەینەوە و پرسیار لە بارەی بوونی مرۆڤ-لەنێو- جیهاندا بکەین. لەگەڵ باسکردنی ئەم پەیوەندییەدا دەتوانین وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە:

یەکەم، لەم تێهەڵکێشەیەدا ئەو پەیوەندییە چییە، کە بە بوون-لەنێو- جیهاندا ناوزەدمانکرد؟

دووەم، مرۆڤ و جیهان چین. تاکو پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبێت؟ لە ڕاستیدا ئەم دوو پرسیارە لە یەکدی جیاناکرێنەوە. ئێمەش نامانەوێت وەڵامەکانیان جیابکەینەوە. هەموو هەڵوێستێکی مرۆڤ هەڵوێستە لەنێو جیهاندا و بوونی مرۆڤ جیهان و پەیوەندییەکەی نێوانیان دەردەخات. ئێمە توێژینەوەکەمان بە یەکێک لەو هەڵوێستانەوە سنوردار ناکەین. بە پێچەوانەوە دەبێت لە چەند هەڵوێستێک و پەیوەندیشیان بە یەکدییەوە بکۆڵینەوە و هەوڵبدەین بە واتای تەواوی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان بگەین.

بەڵام لە سەرەتاوە لە یەک شێوازی هەڵوێست دەکۆڵینەوە و لەوێوە گەشتەکەمان دەستپێدەکەین. ئێستا توێژینەوەکەمان لەو هەڵوێستەوە دەکەوێتە گەڕ؛ ئەو مرۆڤەی، کە منم-ئەگەر بەو جۆرە ببینم، کە ئێستا لەنێو جیهاندایە دەگەمە ئەو خاڵەی ئەو مرۆڤە، وەکو توێژەرێک لەبەردەم بووندا ڕاوەستاوە. لەگەڵ پرسیار کردنەکەمدا، "هیچ هەڵوێستێک هەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان بۆ من دەربخات؟" پرسیارم کردووە. ئەم پرسیارەش بە بابەتی دادەنێم چونکە گرنگ نییە کێ ئەو پرسیارە دەکات، من یان ئەو خوێنەرەیە ئەم پەرتووکەم دەخوێنێتەوە. هەمانکات پرسیار سەرجەمی ئەو وشانە نییە، لە ڕاستەیەکدا لەسەر لاپەڕەیەک بووبێت بە شێکی بابەتی و دەرەکی. پرسیارکردن هەڵوێستی مرۆڤانەیە و پڕە لە واتا. ئایا ئەم هەڵوێستە چی دەردەخات؟ لە پرسیارکردندا لەبەر ئەو بوونەدا ڕادەوەستین، کە پرسیاری لەبارەوە دەکەین. هەموو پرسیارکردنێک ئاماژە بۆ بوونی پرسیارەکە و پرسیارلێوەکراو دەکات. ئەمەش پەیوەندییە بنەڕەتییەکەی نێوان، مرۆڤ و بوون-لەنێو-خۆیدا نییە، بەڵکو مرۆڤ لەنێو سنورداریێتی ئەم پەیوەندییەدا ڕادەوەستێت و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت. لە لایەکی دیکەوە، ئێمە پرسیار لەبارەی شتێکەوە لە بوونە پرسیارلێوەکراوەکەدا دەکەین. پرسیار لەبارەی ئەو شتەوە، کە من دەمەوێت، دەبێت بە لایەنێکی بوونە بەرزەکە. من پرسیار لە بوون لەبارەی شێوازییەوە یان بوونیەوە دەکەم. لەم ڕووەوە پرسیارکردن چاوەڕوانییە؛ من چاوەڕوانی وەڵامەکە دەکەم. چاوەڕوانم ئەو بوونە خۆی دەرخات،

شێوەکـــەی خۆیم نیشـــانبدات. وەڵامەکەش'ئا' یان 'نا'یـــە. بوونی ئەم دووانە، جیـــاوازی نێـــوان دوو وەڵامی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەهێنێتـــە کایەوە. هەندێک پرســـیار وادەردەکەون وەڵامێکی نێگەتیڤیـــان نەبێت، بۆ نموونە، "ئەم هەڵوێستە چی بۆ ئێمە دەردەخات؟" بەڵام لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا، کە وەڵامەکەی بە'هیچ'، "هیچ کەسێک" یان "هەرگیز نا"یە ڕەتدانەوە سەرهەڵدەدات. ئەو کاتەی دەپرسم، "هیـــچ هەڵوێستێک هەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان بۆ من دەربخات؟" من چاوەڕوانـــی وەڵامێکی نێگەتیڤی وەکو "هیـــچ هەڵوێستێک نییە" دەکەم. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێت ئێمە چاوەڕوانی نەبوونی هەڵوێستێک لە ئاســـتی ئەو بوونەی ڕووبەڕووی دەبینەوە دەکەین.

هەندێک باوەڕیان بە بوونی بابەتگەرانەی نە-بوون نییە. لەوانەیە بڵێین، ئەمە خۆگەرانەیە؛ لەو بوونە بەرزەوە تێدەگەم، کە ئەو هەڵوێستە بوونی نییە و شتێکە لەنێو ئەندێشەدایە. بەڵام، لە ڕاستیدا دانانی ئەو هەڵوێستە بە شتێکی ئەندێشاوی داپۆشین و ڕەتدانەوەیە نەک لابردنی. "ئەندێشەی ڕووت" و "شتێکی ئەندێشاوی"، کـــە جیاوازییان نییە. لە ئاکامدا، لەناوبردنی ڕاســـتەقینەی ڕەتدانەوە هەمانکات لەناوبردنی ڕاســـتەقینەی وەڵامدانەوەیە. ئەم وەڵامە، لەڕاستیدا، ئەو شتەیە، کە دەستم دەکەوێت؛ ڕەتدانەوە بۆ من دەردەخات. کەوابوو، ئەگەری وەڵامی نێگەتیڤ بۆ پرسیارکەر هەیە. بەڵام پرسیارکەر نازانێت وەڵامەکە نێگەتیڤە یان پۆزەتیڤ. پرســـیارکردن لەم ڕووەوە پردێکە لەنێوان دوو نە-بووندا: نەبوونی زانین لەبارەی ئەو بوونەوە لای پرســـیارکەرەکە و نەبوونی ئەو شتـــەی لەنێو بوونە بەرزەکەدا پرسیاری لەبارەوە کراوە. لە کۆتاییشدا، پرسیارکردن لەبارەی ڕاستی بوونەوەیە. لە پرسیارکردندا، پرســـیارکەرەکە چاوەڕێی وەڵامێکی پۆزەتیڤی، وەکو "ئەمەیە و ئەوە نییە" دەکات. ڕاســـتی، کە لەبوونەوە جیاوازە جۆری سێیەمی نەبوون بە پرسیارەکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش نەبوونی سنورداریێتییەتی. ئەم سێ جۆرەی نەبوون مەرجن بۆ هەموو پرســـیارێک بەتایبەتی پرسیاری مێتافیزیکیانەی، وەکو پرسیارەکەی ئێمە. لە توێژینەوەکەماندا، پرسیارکردنەکانمان بەرەو ناخی بوونی بردووین. بەڵام لە پرسیار کردنەکەدا ڕووبەڕووی نەبوون بووینەوە. نەبوون بەردەوام لە دەرەوەماندا و لەنێو ئێمەدا حوکم بەسەر پرسیارکردنەکەمان لەبارەی بوونەوە دەدات و وەڵامەکە سنوردار دەکات. چ بوونێک لەسەر بناخەی نەبوون دێتەکایەوە؟ هەرجـــۆرە بوونێک بێـــت ئەوە دەردەخات، کە "بوون ئـــەو شتەیە و لەدەرەوەی ئەودا هیچ نییە". کەوابوو، نەبوون، وەکو پێکهاتەیەکی نوێی ڕاســـتەقینە بۆ ئێمە سەریهەڵداوە. لێرەدا گرفتەکەمان ئاڵۆزتردەبێت چونکە بەتەنیا لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوون- لەنێو- خۆی ناکۆڵینەوە. پێویستە باســـی پەیوەندی نێوان بوون و نەبوون، نەبوونی مرۆڤ و بوونی بەرزیش بکەین.

٢. ڕەتدانەوە

دەشێـــت هەندێک ڕەخنەمـــان لێبگرن و بڵێـــن بوون-لەنێو-خۆیـــدا وەڵامی نێگەتیڤـــی هەڵنەگرتووە. ئایـــا ئێمە نەمانگوت، کـــە بوون-لەنیو-خۆیدا لە ژوور هەموو وەڵامیکی نێگەتیـــڤ و پۆزەتیڤەوەیە؟ هەروەها ئەزموونێکی ڕووتکراوە و تەنیا نەبـــوون بۆ ئێمە دەرناخات. من لەو باوەڕەدام هەزارو پێنج ســـەد فرانکم لەنێو جانتاکەدا داناوە. بەڵام، کە جانتاکەم دەکەمەوە هەزارو ســـێ سەد فرانک دەدۆزمـــەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت من هەزارو پێنج ســـەد فرانکم نەدۆزیبێتەوە یـــان لـــە ئەزموونەکەمدا شتێک بێت، کە نییە. بەڵکو من هەزار و ســـێ ســـەد فرانکـــم ژماردووە. واگوتراوە ڕەتدانەوە بە تەنیا نییـــە و بیریلێناکرێتەوە؛ لەنێو دەســـتەواژەدا سەرهەڵدەدات.[١٨] لە ڕێگەی دەســـتەواژەوە من ئاکامە چاوەڕوان کراوەکە لەگـــەڵ ئاکامە پەیدابووەکەدا بەراورد دەکـــەم. لەم ڕووەوە ڕەتدانەوە دەبێت بە خەســـڵەتی دەستەواژە. پرسیارکەرەکەش چاوەڕوانی ئەو دەستەواژەیە دەکـــات، کە وەڵامەکەی تێدایە. بەم جۆرە نەبوون لە دەســـتەواژەی نێگەتیڤەوە سەرهەڵدەدات؛ چەمکێکە لەنێو دەستەواژەی، وەکو (ئەوشتە نییە) وە پەیدادەبێت.

ئێمـــە دەزانین، ئەم بیردۆزەیە بە کوێمان دەگەیەنێت؛ بەوەمان دەگەیەنێت بڵێین بـــوون- لەنێو-خۆیـــدا پۆزەتیڤـــە و ڕەتدانەوە بە خۆوە ناگرێت. دەســـتە واژەی نێگەتیڤیـــش، لە لایەکـــی دیکەوە، لەبەر ئەوەی هەڵوێستێکـــی ناوەکی (خۆ)یە، لە دەســـتەواژەیەکی پۆزەتیڤی دەچێت. هەندێک کـــەس نابینێت کانت بونیادی ناوەکی دەســـتەواژەی پۆزەتیف و نێگەتیڤی لە یەکدی جیاکردۆتەوە. لە هەر دوو دەســـتەواژەکاندا چەند چەمکێکمان تێهەڵکێش کردوە. ئەم تێهەڵکێشکردنە، کە کۆنکرێتییە، ڕووداوێکە پەیوەندی بە (خۆ)وە هەیە.

لە ڕێگەی (هەیە)و (نییە)وە خۆی دەرخستوە.[١٩] بەهەمانشـــێوە، جیاکردنەوە و دامەزراندنی شتەکانیش بە دەســـتی خۆمان دوو جـــۆر هەڵسوکەوتن و هەمان ڕاســـتەقینەیان لەگەڵ خۆیانـــدا هەڵگرتـــوە. کەوابـــوو، ڕەتدانەوە"لە کۆتایی" حوکمدانەکـــەدا دەبێت بەوەی" لەنێو" بووندا نەبێت. وەکو ئەو شتە ناڕاســـتەیە لەبەردەم دوو ڕاستەقینەدا، هیچ کامیان خۆی ناکات بە خاوەنی؛ ئەگەر پرسیار لە بوون- لەنێو-خۆیدا سەبارەت ڕەتدانەوە بکرێت، ئەوا بە دەستەواژەمان دەناسێنێت

---

١٨ سارتەر ئاماژە بۆ کانت دەکات. بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، ڕەتدانەوە پەیوەندی بە دەستەواژەی نێگەتیڤەوە، وەکو (سوکرات فەرەنسی نییە.)وە هەیە. (وەرگێڕ)

١٩ ئەم دوو چەمکە (هەیە is) و (نییە is not) بارو بارهەڵگری و دەستەواژەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکانیان پۆزەتیڤانە و نێگەتیڤانە نیشاندەدات، لەزمانی ئینگلیزیدا بە copula ناوزەد دەکرێت. (وەرگێڕ)

چونکــه بــوون ئەوەیە هەیــە. ڕەتدانەوە لــە ئاکامــی هەڵسوکەوتەکانی (خۆ) وە ســـەریهەڵداوە. خۆ بە تەنیا شتێک نییە هەبێــت و بوونەکەی پەیوەندیدارە. ئەوەی هەیە بەتەواوی ئەو شتەیە، کە ئاگامەندی هەســتی پێدەکات. ڕەتدانەوە، وەکو چەمکێکی یەکانەکی نێو دەســـتەواژە نێگەتیڤەکان ڕاســـتەقینە نییە. ئێمە باسی (لیکتۆن)ی ڕواقییەکان ناکەین. ئایا ئێمە ئەم چەمکە پەسەند دەکەین؟[20] ئەو پرسیارانەی لێرەدا یەخەمان دەگرن ئەمانەن:

ئایا ڕەتدانەوە، وەکو بونیادی دەســـتەواژەی نێگەتیڤ زاگەی نەبوونە؟ یان بە پێچەوانەی ئەمەوە نەبوون، وەکو بوونیادی ڕاستەقینە دەبێت بە زاگەی ڕەتدانەوە؟ بەمجــۆرە دەبینین گرفتی بوون ئێمەی مرۆڤی گەیاندە هەڵوێستی پرســـیارکردن و گرفتی پرســـیارکردنیش بەبوونی ڕەتدانەوەمان دەگەیەنێت. ئاشکرایە، نەبوون لـــە چاوەڕوانییەکانی مرۆڤەوە ســـەرهەڵدەدات. من چاوەڕێی هەزارو پێنج ســـەد فرانکم دەکرد، هەزارو ســێ ســـەد فرانکم دۆزییەوە. زانایەکی فیزیکی چاوەڕوانە گریمانەکەی لە ڕێگەی دیاردە ســـروشتییەکانەوە بسەلمێنێت، بەڵام سروشت بە پێچەوانـــەوە دەجوڵێتەوە. نکۆڵیکردن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان، وەکو زاگەی ڕەتدانەوە کارێکی نالەبارو نەزۆکە. جیهان نەبوون بۆ ئەو بوونە دەرناخات، کە چاوەڕوانی ناکات. بەڵام ئەمەش بەو باوەڕەمان دەگەیەنێت ڕەتدانەوە ناوەکی و خۆیی بێت؟ یان وەکو (لیکتۆن)ی ڕەواقییەکان و (نۆیمە)ی هوسرڵە؟ نا، ئێمە بەمشێوەیە بیریلێناکەینەوە.

یەکــەم، ڕەتدانـــەوە بە تەنیا خەســـڵەتی دەســـتەواژە نییە. پرســـیارکردن لەنێو دەســـتەواژەیەکی لێکۆڵینەوەرانـــەوە پێکدێت، بەڵام خودی پرســـیارەکە دەســـتەواژەنییە. هەڵوێستێکە پێش حوکمدان ســـەریهەڵداوە. مـــن دەتوانم بە تەماشاکـــردن یان بە چاو پرســـیاربکەم. لـــە شێوازەکان لەبـــەردەم بوونێکد ڕادەوەســـتم. دەستەواژە هەموو شێوەکانی پەیوەندی و تەنیا ئەو شێوەیەیە، کە بە دەربڕین پەیوەندییەکە دەردەخات. هەروەها پێویستیش ناکات پرسیارکەرەکە، پرســـیار لە کەســـێکی دیکە لەبارەی بوونەوە بکات. ئەگەر پرسیارکردن لەنێوان دوو کەسدا بێت، ئەوا لەنێوان (خۆ)کاندا دەمێنێتەوە. لەو بوونەشەوە دادەبڕێت، کە پرســـیار لەبارەیەوە دەکرێت و دەبێت بە دایەلۆگ. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، پرســـیاری نێو دایەلۆگ جۆرێکە لە پرســـیاکردن بەگشـــتی. مەرجیش نییە ئەو بوونەی پرسیاری لەبارەوە دەکەین بوونێکی بیرکەرەوە بێت. ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەم لـــە کار بکەوێت، لەوانەیە کاربرێتەکەی یان پلاکەکانی خراپ بووبن، پرســـیاریان لەبارەوە دەکەم. ئەگەر کات ژمێرەکەم بوەســـتێت پرســـیار لەو کەســـە دەکەم کـــە، کاتژمێر چاک دەکاتـــەوە و داوا دەکەم هۆکاری وەســـتانەکەیم پێ بڵێت.

٢٠ لیکتۆنی فێرگەی ڕواقییەکان ئەو چەمکە ڕووتکراوانەن، وەکو کات و شوێن، کە بە ناو هەن.

بەڵام ئەو کەســەی کات ژمێرەکە چاک دەکات تەماشــای هەموو لایەنەکانی ئەو ســیستەمە دەکات، کە کات ژمێری لێدروســتکراوە. ئەوەی من لە کاربرێتەرەکە چاوەڕوانم یان وەســتای کات ژمێرەکە دەیەوێت بیدۆزێتەوە، لەســەر دەستەواژە ڕاناوەســتێت. بەڵکو خۆدەرخستنی بوونە و لەســەر ئەو خۆدەرخستنەشە، ئێمە دەستەواژە دروستدەکەین. ئەگەر خۆدەرخستنی بوون چاوەڕوان بکەم پێویستە بە هەمان شێوەش، خۆم بۆ خۆدەرخستنــی ئەو بوونە ئامادەبکەم. ئەگەر بیر لەوە بکەمەوە کاربرێتەرەی ئۆتۆمبیلەکەم خــراپ بووە، دەشێت وانەبێت و خراپییەکە لــە کاربرێتەرەکەدا نەبێت. کەوابوو، پرســیارەکەم لەنێــو خۆیدا و پێش ئەوەی وەڵامەکەی لە دەستەواژەیەکدا دروستبکرێت، نەبوونی هەڵگرتوە. پەیوەندی نێوان بــوون و نەبوونی تێدایە. بێجگــە لەمە، ئەگەر ناوەڕۆکی پرســیار تەم و مژاوی بێت، لەبەر ئەوەی پرســیارکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات، دەبێت ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکرێت، کە گەلێک ڕێگەی دیکە پێش دروســتکردنی دەستەواژە هەن نەبوونی تیایاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، ڕوخاندن، ئەو چالاکییەیە بە دڵنیاییەوە دەســتەواژە بۆ خۆ دەرخستنەکەی بەکاردێت، بەڵام هێشتا لە هەموو ڕوویەکەوە پشت بە دەستەواژە نابەستێت. بونیادی "ڕووخاندن" و "پرسیارکردن" وەکو یەکن چونکە مرۆڤیش تەنیا بوونێکە لە ڕێگەیەوە ڕوخاندن ســەرهەڵدەدات. زریانێک بۆ سروشت ڕوخێنەر نییە و تەنیا گۆڕان لە دابەشبوونی تەنەکاندا دروستدەکات. هیچ شتێک لەو تەنانە، دوای زریانەکە کەم ناکاتەوە. تەنیا ئەوەندەیە، کە لە شێوەیەکی دیکەدا، خۆی دەردەخات. تەنانەت ئەگەر کەســێک نەبێت گۆڕانکارییەکە ببینێت، ئەم ڕاســتیەش دەرناکەوێت. ئامادەنەبوونی ئەو گەواهە گۆڕانەکە ناســەلمێنێت. ئەگــەر زریانەکە ببێتە هۆکاری مردنی چەنــد زیندەوەرێک، مردنەکە لەبەرئەوەی لە ئەزموونی زیندەوەرە کوژراوەکاندایە، بە ڕوخاندن دادەنرێت. ڕوخاندن لەســەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوون ڕادەوەســتێت و پێویستە مرۆڤ بوونە ڕوخاوەکە بناســێت. ئەمەش جۆرێکە لە سنوردارکردنی بوون. ئەو بوونەی باسیدەکەین هیچ شتێــک لە دەرەوەیدا نییــە. کاتێک تفەنگ بە دەســتێک ڕووی تفەنگەکەی لە نیشانێک دەکات و تەماشای هیچ لایەکی دیکە ناکات هێشتا هیچ ڕوونادات ئەگەر نیشانەکە وەکو بوونێکی شکاو خۆی دەرنەخات. بوونێکیش دەشکێت ئەگەر نەبوونی خۆی هەڵگرتبێت. دیسانەوە دەڵێم خەسڵەتی لە شکان هاتووی بوونێک تەنها بۆ مرۆڤە. ئەو ســنوردارێتییەی لە پێشتر باســمانکرد، خەسڵەتی لەشکان هاتووی بوونەکەیە. هەبوویەک نەک هەموو بوون دەشکێت. بوون لە ژوور هەموو ئەگەرێکی تێکشــکاندنەوەیە. کەوابوو، پەیوەندی نێوان تاکیکی هەبووی ســنوردار، کە لە بەردەمی مرۆڤدا قوت بۆتــەوە، بۆ مرۆڤ هەبوویەکە دەشکێت و ئەگەری نەبوون تیایدا ســەرهەڵدەدات. بۆ ئەوەی ڕووخانی هەبوویەک بێتەکایەوە پێویستە مرۆڤ

هەبێت. بوونی مرۆڤ ئەگەری نەبوون پەیدادەکات؛ هەمانکات پێویستە هەوڵبدات بە پێوەرێکی دیاریکراو ڕووخانەکە بناسێت یان بە ڕەتدانەوەی نەبوون هەبووەکە ڕابگرێت. مرۆڤ شارەکان بە ڕوخاو دادەنێت چونکە ئەو بەشێکی لە شکان هاتوو دادەنێت و هەوڵی پاراستنیان دەدات. لەبەر بوونی ئەوە بوومەلەرزە یان ئاگرپژان شارەکان وێران دەکات. واتا و مەبەستی جەنگ لە بچوکترین خانوودا دەردەکەوێت. لەبەرئەمە پێویستە بزانرێت، کە ڕووخان بە بوونی مرۆڤەوە گرێدراوە. مرۆڤە لە ڕێگەی بوومەلەرزەوە یان زریان بە وێران دادەنێت. خودی مرۆڤ کەشتیەکانی نێو دەریا تێکدەشکێنن. هەمانکات پێویستە بزانین ڕووخان لە پێش حوکمداندا پێویستی بە ئاماژەکردن بۆ نەبوون و هەڵوێستیش لە ئاستی ئەو نەبوونەدا هەیە. لەسەرو ئەمەشەوە، هەرچەندە ڕووخا لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، شتێکی دەرەکییە و ناتوانین بە بیرۆکەی دابنێین. شکاندن بەسەر بوونی ئەو گوڵدانەدا مۆرکراوە، شکاندنەکەشی ڕووداوێکە گەڕانەوەی مەحاڵە. بۆ نەبوونیش بە هەمان شێوەی بوون، پێشگرێکی فینۆمینانە هەیە. توێژینەوەش لەسەر 'ڕووخان' بەهەمان ئاکامی توێژینەوەکەمان لەسەر 'پرسیاکردن'مان دەگەیەنێت. ئەگەر نیازی گەیشتنمان بە دڵنیایی هەبێت، پێویستە جەخت لەسەر نموونەی دەستەواژەی نێگەتیڤ بکەین. ئەو پرسیارەش لە خۆمان بکەین ئایا دەستەواژەی نێگەتیڤ نەبوون لەنێو بووندا پەیدادەکات یان تەنیا ئەوەی دەریدەبڕێت سنووردار دەکات. من لەگەڵ (پیرۆ) کاتژمێری چوار ژوانم هەیە. من چارەکێک دواتر دەگەمە قاوەخانەکە. پیرۆ هەمیشە لە کاتی خۆیدا دەگاتە جێ ژوان. ئایا ئەو چاوەڕوانی منی کردوە؟ تەماشایەکی نێو قاوەخانەکە دەکەم و دەڵێم، "ئەو لەوێ نییە." ئایا ئامادەنەبوونی پیرۆ لە ئەزموونی حەدەسی مندایە یان ڕەتدانەوە تەنیا لە دەستەواژەدا دەردەکەوێت؟ لە یەکەم سەرنجدا باسی حەدەس ناکرێت. ئەگەر بمەوێت بەتەواوی ڕاستبم، حەدەسی نەبوونم نییە. بەڵام ناتوانین بڵێین، بۆ نموونە، "من کتوپڕ بینیم، کە ئەو لەوێ نەبوو." ئایا ئەمە جێگە گۆڕینی ڕەتدانەوەکەیە؟ باشتر وایە ئەم کێشەیە لە نزیکەوە تەماشابکەین. ئاشکرایە، قاوەخانەکە بە هەموو کورسی، مێز، ئاوێنە، ڕووناکی، دوکەڵی جگەرە، دەنگەدەنگ، تەقەی پیاڵە و دەنگی پێ بوونێکی پڕی هەیە. هەموو حەدەسەکانم پڕن لە بۆن، دەنگ و ڕەنگی بابەتانەی بوونێکی پێشگریان هەبوو. بە هەمان شێوە ئامادەبوونی (پیرۆ) ش لەو شوێنەی من نازانم بوونێکی پڕی هەیە. لەوە دەچێت هەموو شوێنێک پڕ بێت. بەڵام با ئەوەش بزانین لە هەستکردندا هەمیشە جۆرە دامەزراندنێکی شێوە هەیە. هەموو ئەو شتانەی دامەزراون پەیوەندییان بە من و تێڕوانینی منەوە هەیە. کاتێک خۆم دەکەم بە قاوەخانەکەدا، چاو بۆ پیرۆ دەگێڕم، هەموو بابەتەکانی نێو قاوەخانەکە تێهەڵکێش دەکەم، لەسەر ئەو زەمینە ڕایان دەگرم، کە پیرۆ خۆی

تێدا دەردەخات. ئەم دامەزراندنـــەی قاوەخانەکە، وەکو زەمینەیەک لەناوبردنێکی بنەڕەتییـــە. هەر یەکێک لە هەبووەکانی نێو قاوەخانەکە، خەڵکەکە، کورســـی و مێزەکان خۆیان دوور دەخەنەوە و بەبێ جیاوازی دەکەونە پشـــتەوە؛ لەســـەر ئەو زەمینە دەتوێنەوە و ونەبن. ئەم ون بوون و توانەوەیە مەرجێکی ســـەرەکییە بۆ ســـەرهەڵدانی ئەوەی من بە دوایدا دەگەڕێـــم، کە لەم نموونەیەدا پیرۆی هاوڕێمە. ئەم لەناوبردن و بەنەبوون کردنە لە حەدەســـی منـــدا ڕوودەدات. من لەناوچوونی هەموو ئەو بابەتانە، یەکەیەکە لە پێناوی دۆزینەوەی هاوڕێکەمدا دەبینم، (تۆ بڵێی ئـــەوە پیرۆ بێت؟) بە خێرایی، لەبەر ئەوەی پیـــرۆ نین، هەر یەکێک لەو دیاردانە [لـــە ئەزموونەکەمدا] هەڵدەوەشێنمەوە. لەگـــەڵ ئەمەدا، ئەو کاتەی پیرۆ دەبینم، جاریکی دیکە حەدەســـەکەم پڕ دەبێتەوە و خۆی لە ئاســـتیدا ڕادەگرێت، هەموو بابەتەکانی نێو قاوەخانەکە خۆیان لە دەوروبەری بوونی ئەودا دادەمەزرێننەوە.

بـــەڵام پیرۆ لێـــرە نییـــە. ئامادەنەبوونی ئەو بـــە بەشێکی ئـــەو شوێنەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەو لە هەموو بەشەکانی قاوەخانەکەدا نییە. قاوەخانەکە دەبێت بە بەســـتێنێک و خـــۆی ونناکات، بەڵام دەچێتە پشـــتی ڕووداوەکەوە و لەســـەر شاردنەوە و نەمانی خۆی بەردەوام دەبێت. ئەو بۆ شێوەیەکی دیاریکراو [کـــە بـــە دواییدا دەگەڕێن]، دەبێت بە بەســـتێنێکی خۆ دەرخستـــو. لەنێو ئەم بەستێنە لەناوچوەی قاوەخانەکەوە پیرۆ، وەکو نەبوون سەرهەڵدەدات. ئەوەی لە حەدەسەکەی مندا خۆی زەق کردۆتەوە تروسکەی نەبوونە؛ نەبوونی بەستێنەکەو ئـــەوەی من بە دواییدا دەگەڕێـــم. ئەمەش دەبێت بە بناخە بۆ دروســـتکردنی دەســـتەواژەی "پیرۆ لێرە نییە". لەڕاســـتیدا ئەمە ئاگابوونە لە دوو جۆر نەمان. بێگومان ئامادەنەبوونی پیرۆ پەیوەندییەکەی نێوان من و قاوەخانەکە دەردەخات. من چاوەڕوان بووم پیرۆ ببینم. بەڵام چاوەڕوانییەکەم ئامادەنەبوونی پیرۆی، وەکو ڕووداوێکـــی زەق لە قاوەخانەکەدا هێنایە کایەوە. دۆزینەوەی ئامادەنەبوونی پیرۆ لە قاوەخانەکەدا فاکتۆرێکی دەرەکییە. هەروەها تێهەڵکێشەیەکی پەیوەندی نێوان پیرۆ و ئەو شتە دامەزراوانەیە، من لە گەڕانەکەمدا بە دوای هاوڕێکەمدا تەماشایان دەکەم. ئامـــادە نەبوونی پیرۆ دەبێتە هۆکاری لەناوچوونـــی قاوەخانەکە، وەکو بەســـتێن بۆ هەموو ئەو شتانەی تیایدایە. بەپێچەوانەوە، ئەو دەســـتەواژانەی لە ئاکامدا دروستیان دەکەم، وەکو (وێڵنگتن لەم قاوەخانەیە نییە، پۆل ڤالیری لێرە نەماوە، هتد.) واتایەکی ڕووتکراوەیان هەیە. لەسەر یاسای ڕەتدانەوە ڕاوەستاون و پەیوەندییەکـــی ڕاســـتەقینەش لەنێـــوان قاوەخانەکە و وێڵنگتـــن و ڤالیرییدا دروســـتناکەن. لێرەدا پەیوەندییەکە، کە لە (نییە)دا دەربڕاوە لەنێو بیردایە. ئەم نموونەیە بۆمان دەردەخات ڕەتدانەوە لە دەستەواژەی نێگەتیڤەوە سەرهەڵنادات؛ بە پێچەوانەوە، دەستەواژەی نێگەتیڤ لەسەر ڕەتدانەوە ڕادەوەستێت.

چۆن ئەمە بـــە پێچەوانەوە دەبێت؟ چۆن بیر لە دەســـتەواژەیەکی نێگەتیڤ بکەینـــەوە لـــە کاتێکدا بـــوون پڕ و پۆزەتیڤ بێـــت؟ ئێمە لـــەو باوەڕەدابووین ڕەتدانەوە لە بەراوردکردنی نێوان ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان و دەســـتکەوتوەکاندا پەیدادەبێت. بەڵام پێویستە ســـەرنجێکی بەراوردکردنەکە بدەین. ئەمە نموونەی حوکمدانێکـــی پۆزەتیڤ و چالاکییەکی دەروونییە و فاکتۆرێکی دامەزرێنراوە، کە دەڵێم: "هەزارو ســـێ ســـەد فرانک لە جانتاکەمدا هەیە." بەڵام دەستەواژەیەکی دیکەش هەیە، کە لە ئەمەوە جیاوازە و هاوکات فاکتۆرێکی دامەزرێنراویشە: "من چاوەڕێیی دۆزینەوەی هەزارو پێنج ســـەد فرانک بووم." ئێمە فاکتۆری ڕاستەقینە و دەروونی و دەســـتەواژەی پۆزەتیڤمان لە بەردەســـتدایە. لـــە کوێدا ڕەتدانەوە دابنێین؟ ئایا ڕەتدانەوە سەپاندنی کاتیگۆرییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین، هۆش، لەنێو خۆیدا (نییـــە)ی بۆ ڕیزکردن و جیاکردنەوەی شتەکـــان، وەکو فۆرم هەڵگرتوە؟ لێرەدا ئێمـــە کەمترین گومانی ڕەتدانەوە لە خـــودی ڕەتدانەوە دادەبڕین. ئەگەر ئێمـــە لەو باوەڕەدابین (نییە) کاتیگۆرییەکە لەنێـــو هۆشدا لەگەڵ بوونی ئێمەدا دێتەکایـــەوە، و بەســـەرشتەکاندا دەیسەپێنین. هەمـــوو چالاکیەکانی ڕەتدانەوە لـــە ڕەتدانەوە ڕووتدەکەینەوە. ڕەتدانەوە نکۆڵی کردنـــە لەبوون. لە ڕەتدانەوەدا ڕووبەڕووی بـــوون دەبینـــەوە و فڕێیدەدەینە نێو نەبوونەوە. ئەگـــەر ڕەتدانەوە کاتیگۆری بێت، ئەو فۆرمە بێت بەســـەر هەموو دەســـتەواژەیەکدا بەبێ جیاوازی ساخ بێتەوە، چۆن دەتوانین بڵێین بوون لەناودەبات و فڕێیدەداتە نێو نەبوونەوە؟ ئەگەر دەســـتەواژەیەکی لەپێشـــتری فاکتۆرێک دەربخات، وەکـــو ئەو نموونانەی ئاماژەمـــان بۆکردن، ڕەتدانەوە دەبێت دۆزینەوەیەکی سەربەســـتانە بێت و لەنێو ئـــەم چواردیوارەی شتە پۆزەتیڤەکاندا ڕزگارمان بکـــات. ڕەتدانەوە بڕانەوەیەکی کتوپڕە لە بەردەوامبوونی بووندا، کە هەرگیز لە دەســـتەواژەیەکی لەپێشـــترەوە ســـەرهەڵنادات و ڕووداوێکـــی بنەڕەتییـــە. ئێمە لەگەڵ ڕەتدانـــەوەدا لە جیهانی ئاگامەندیداین. بـــەڵام ئاگامەندی ناتوانێت بەبێ ئەوەی ئاگامەندییەکی ڕەتدانەوە بێت ڕەتدانەوە دروســـتبکات. لەنێو ئاگامەندییدا هیـــچ کاتیگۆرییەک دانەنراوە. (نییـــە)، وەکو دۆزینەوەیەکی کتوپڕ لە حەدەســـدا ئەزموونێکی ئاگامەندانەیە و لەگەڵ (نییە)دایـــە. بە جۆرێکی دیکە، ئەگەر بوون هەمـــوو شوێنێک پڕکاتەوە؛ برگسۆن گوتەنی، نەبوون بیریلێناکرێتەوە. بوونیش نابێت بە سەرچاوەی ڕەتدانەوە. بـــەردەوام بوون لە ئامادەبوونی نەبووندا لە دەرەوە و ناوەوەی ئێمەدا، دەبێت بە مەرج بۆ دەربڕینی وشەی (نییـــە). بە واتایەکی دیکە، نەبوون دێوەزمەی بوونە. بەڵام نەبوون لە کوێوە پەیدادەبێت؟ ئەگەر نەبوون مەرجێکی سەرەکی پرسیارکردن یان بە گشتی توێژینەوەی فەلسەفی و زانستی بێت، ئایا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و نەبوون چییە؟ ئەو هەڵوێستە چییە دەبێتە سەرچاوەی لەناوبردن؟

٣. چەمكی دیالێكتیكانەی نەبوون

هێشـــتا كاتی ئەوە نەهاتوە واتای نەبوون دەستنیشـــان بكەین و وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەینەوە، كە خۆی لەبەر دەمماندا قوتكردۆتـــەوە. بەڵام لە ئێستاوە دەتوانیـــن چەند ئاكامێك بخەینـــە ڕوو. بەتایبەتی گرنگـــە پەیوەندی بوون بەو نەبوونەوەی ڕاویدەكات دیاریبكەین. ئێمە ئاماژەمان بۆ چەند هەڵوێستێك كرد، كە لەسەر دوو هێڵی تەریبی دادەنرێن و مرۆڤ بەرانبەر بوون و نەبوون بەرجەستەیان دەكـــات. ئەمەش ئێمەی هاندا بـــوون و نەبوون، وەكـــو دوو لایەنی تەواوكەری یەكدی و ڕاســـتەقینە بە جـــۆری ڕووناكی و تاریكی دابنێیـــن. بە كورتییەكەی، ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو چەمكی ســـەردەمدا دەكەین، كە لەنێو بەروبوومی بووندا یەكدەگرن و ناتوانین، لە یەكدیان جیابكەینەوە. بوونی ڕووت و نەبوونی ڕووت دوو چەمكی ڕووتكراوەن و تەنیا بەهۆكاری ڕاستەقینەیەكی كۆنكرێتییەوە یەكدەگرن. بـــە دڵنیاییەوە، ئەمە بۆچوونی هیگڵ بوو. ئەو لەنێـــو پەرتووكی (لۆجیك)دا لە پەیوەنـــدی نێوان بوون و نەبوون دەكۆڵێتەوە. هەروەها لۆجیك بە "ســـیستەمی بیرۆكـــە ڕووتەكـــان" ناوزەد دەكات. بەمجۆرەش پێناســـەی دەكـــات و دەڵێت، "بیرۆكەكان بەو جۆرەی نیشاندەدرێن، ڕووت نین. ئەو بوونەی بیریان لێدەكاتەوە ناوەڕۆكێكی ئەزموونگەرانەیان دەداتێ. لە لۆجیكدا بیرۆكەكان بەو جۆرە دەناسرێن، كە ناوەڕۆكیان نەبێت و ڕووت بن." ئەم خەســـڵەتانە "لە قولایی هەبووە كاندان" ئەو كاتەی یەكێك بیریانلێدەكاتەوە لەنێو بیرەوە دەریاندەهێنێت و ڕاستییەكەیان لەوێدا دەدۆزێتـــەوە. بەهەرحاڵ هەوڵدانی لۆجیكی هیگڵ لەوەدایە"تا لەباری هەر یەكێك لەو چەمكانە دەرخات و لەوێوە لە واتاكانیان تێبگات و خۆی بە قۆناغێكی باشتری تێگەیشتن بگەیەنێت".

دەتوانین بەو جۆرەی لاســـین باســـی فەلسەفەی هاملین دەكات، كەسێكیش بڕوانێتـــە هیـــگڵ و بڵێت، "هەر یەكێك لـــە چەمكە نزمەكان پشـــت بە چەمكە بەرزەكان دەبەستێت، ڕووتكراوەش لەسەر كۆنكرێت ڕادەوەستێت، كە ئەمەش بۆ تێگەیشتن لە واتاكەی پێویستە." هەبوویەكی كۆنكرێتی ڕاستەقینە بۆ هیگڵ ئەو شتەیە ناوەڕۆكی هەبێت؛ سەرجەمی هەموو لایەنە تێهەڵكێشراوەكانە. لەم ڕووەوە بـــوون ڕووتكراوەترین و هەژارترینە. لەڕاســـتیدا "بوون، وەكو چۆن ڕاســـتەوخۆ بەرانبەر ناڕاستەوخۆ دادەنرێت، پەیوەندی بە ناوەڕۆكەوە هەیە. شتەكان بەگشتی هەن، بەڵام بوونیان بە بەرجەســـتەبوونی ناوەڕۆكیانەوە گرێدراوە. بوون دەچێتە نێو ناوەڕۆكەوە. دەتوانین ئەمەش بەمجۆرە دەربڕین و بوون پشـــت بە ناوەڕۆك دەبەســـتێت؛هەرچەندە ناوەڕۆك بەبنەڕەت دادەنرێت. بوون بۆ زەمینەكەی خۆی

گەڕاوەتەوە و ناوەڕۆکیش تێپەڕ یدەکات." [٢١] لەگەڵ دابڕانی بوون لە ناوەڕۆکەوە یان لە زەمینەکەیەوە، بوون دەبێت بە چەمکێکی پوچەڵی ڕاستەوخۆ. بەمجۆرەش پەرتووکـــی (فینۆمینۆلۆجی هۆش) باســـی بوونی ڕووت دەکـــات "لە گۆنیگای ڕاستییەوە" چەمکێکی ڕاستەوخۆی وەرگیراوە. [٢٢]

ئەگەر لۆجیک بە[چەمکێکی] ڕاستەوخۆ دەستپێبکات پێویستە سەرەتای بوون بدۆزێتـــەوە، کە"ڕووتکراوە و لە خەســـڵەت بەدەرە و پێش هەموو خەســـڵەتێک دەکەوێت. لەخەسڵەت بەدەرێک، کە دەبێت بە خاڵێکی ڕەهای دەسپێکردنەکە." بەڵام بوون، [چەمکێکی] ڕووتکراوەی لەخەسڵەت بەدەر و"دەچێتە نێو" دژەکەیەوە. هیگڵ لەپەرتووکی لۆجیکدا دەنوسێت، "ئەم بوونە ڕووتهەڕەتدانەوەیەکی ڕەهایە، لەوســـاتەدا، کە ڕاستەوخۆ دەناسرێت نەبوونە." ئایا نەبوون شتێک نییە لەخۆی بچێت، بەتاڵییەکی تەواو، بی خەســـڵەت و لـــە ناوەڕۆک بەدەری نییە؟ کەوابوو، بـــوون و نەبوونـــی ڕووتکراوە یـــەک چەمکن یان لەوانەیە ڕاســـت بێت ئەگەر بە جیاوازیان دابنێین. بەڵام جیاوازییەکەیان ناوزەد ناکرێن و بۆچوونێکن خەسڵەتێکی دیاریکراویان نییە. [٢٣]

واتـــە "هیـــچ شتێک لە ئاســـمان و زەوییـــدا نییـــە بـــوون و نەبوونی تێدا نەبێت." [٢٤] هێشـــتا زووە باســـی چەمکەکەی هیگڵ بکەین؛ پێویستە لە ئاکامی توێژینەوەکەمانەوە بڕوانینە ئەم کێشـــەیە. لێرەدا تەنیا ئەوەندە باسکەین، چۆن هیـــگڵ بوونی بۆ هەبووەکـــان گەڕاندۆتەوە. بوون لەنێـــو ناوەڕۆکدا پێچڕاوەتەوە و نـــاوەڕۆک بـــووە بە بنەڕەت و زەمینـــە بۆی. بیردۆزەکەی هیگڵ لەســـەر ئەو خاڵە ڕاوەســـتاوە، کە لە فەلسەفەدا پێویستە بیرۆکەیەکی ڕاســـتەوخۆ وەرگیراو لە ڕێگەی بیرۆکەیەکی ناڕاســـتەوخۆی ڕووتکراوەوە، لـــە کۆنکرێتییەوە وەرگرین و ببێـــت بە بناخەی. ئێمە باســـمانکرد پەیوەندی نێوان بـــوون و دیاردە، وەکو پەیوەندی نێوان ڕووتکراوە و کۆنکرێتی نییە. بوون "یەکێک لەبونیادەکان" نییە، بەڵکـــو بناخە و مەرجە بۆ هەمـــوو بونیادەکان. ئەو زەمینەیـــە، کە دیاردەکان خۆیانی لەسەر بەرجەســـتەدەکەن. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕانین، کە بوونی

---

٢١ *Treatise on Logic*, written by Hegel for his course at the gymnasium at Nuremberg.

٢٢ فینۆمینۆلۆجی هۆش پەرتووکێکی هیگڵە پێش پەرتووکی لۆجیک لە ساڵی 1805 دا نوسیویەتی. من لە پەرتووکەکەمدا بە ناوی(فەلسەفەی هیگڵ) باسی ناوەڕۆکی (فینۆمینۆلۆجی هۆش)م کردوە و دیالیکتیکی کۆیلە و خاوەنکۆیلە، کە هیگڵ لێرەدا باسیدەکات ڕوونمکردۆتەوە. بڕوانە: محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگڵ، دەستگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەڕە٦٠-٥١

٢٣ Hegel,P.c. E.98

٢٤ *Greater Logic*, chp.1_2 ,Hegel

شتەکان "لەســـەر بەرجەستەبوونی ناوەڕۆکیان ڕاوەســـتاوە." ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، بوونی ئەو بوونەش دەبێت بە شتێکی پێویست. لەسەرو ئەمەشەوە، ئەگەر بوونی شتەکان لەسەر بەرجەســـتەبوونی ناوەڕۆکیان ڕاوەستابێت، دژوارە بزانین چۆن هیگڵ گەیشـــتۆتە ئەو خاڵەی بوون ڕووتکراوەیە، لەکاتێکدا ئاســـەوارێکی ئەو بناخەیەمان بۆنادۆزرێتەوە. دروســـتە بوونی ڕووت، بە ڕێگەی تیگەیشتنەوە دەناسرێت. تیگەیشتن لە خەسڵەتەکانی رووتدەکاتەوە و جارێکی دیکە بە یەکیانەوە دەبەســـتێتەوە. بەڵام ئەگەر بوون بچێتە نێو ناوەڕۆکییەوە و تێگەیشتنیش تەنیا خەســـڵەتەکان بناسێت، ئێمە نازانین چۆن تێگەیشتن ئەو بوونە دەدۆزێتەوە، کە لە بەرجەستەبوونەکە پێکهاتووە. ئێمە دەتوانین، بەرگری لە بۆچوونەکەی هیگڵ بکەین و بڵێین هەموو بڕیاردانێک ڕەتدانەوەیە. ئاگامەندی ئەو شتە ڕەتدەداتەوە، کـــە بابەتەکەی جیاوازە. بەڵام مادامەکی بوون دەچێتە نێو شتێکی دیکەوە، ئەوا تێگەیشـــتن ناتوانێت حوکمی بەســـەردا بدات. ئەگەر خۆی تێپەڕ بکات و خۆی زەمینـــە و بنەڕەتی تێپەڕبوونەکەی بێت، ئەوا بوون دەبێت بۆ تێگەیشـــتن خۆی دەربخات، ئاگامەندیش خەســـڵەتەکانی دیاریبکـــات. کاتێک دەڵێین، بوون هەیە، ئەوا بـــوون وەکو خۆی یان بنەڕەتی تێپەڕبوونەکەی خـــۆی دەهێڵێتەوە. لێرەدا دەبینیـــن چەمکی تێپەڕبوون، کە هیگڵ بەکاریهێناوە تەمومژاوییە. بە دۆزینەوەی بوون، وەکو ئەوەی هەیە لە لایەن تێگەیشتنەوە بەس نییە. پێویستە بزانین ئەو بوونـــەی هەیە چۆنە و چییە. ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە ئاوڕدانەوە لە فینۆمینەی بوونەوە ســـەرهەڵدەدات و نەبەســـتراوە بە پرۆســـەی ڕەتدانەوە لە تێگەیشتندا. ئەوەی پێویستە لێی بکۆڵینەوە دەســـتەواژەکەی هیگڵە. گوایە بوون و نەبوون دوو لایەنی دژوەستاون و جیاوازییەکەیان لە حاڵەتی ڕووتکردنەوەیاندا دەبێت بە 'بۆچوون'. دژوەســـتانی بوون بەرانبەر نەبوون، وەکو دژوەستانی بابەت بەرانبەر دژەبابەت، هیگڵ گوتەنی، ئەوە دەگەیەنێت، ئەو دوو دژە هاوسەردەمی یەکدی بن. لەمحاڵەتەدا دوو دژ لە یەککاتدا بەرانبەر یەکدی سەرهەڵدەدەن. پێویستە ئەوەش بزانین، تەنیا دوو لایەنە دژ وەســـتاوەکە دەتوانـــن لەیەک کاتدا هەبن و بەرانبەر یەک ڕاوەســـتن، چونکە هەردووکیان بە یەکڕادە پۆزەتیڤ (یان نێگەتیڤن). بەڵام نەبوون دژوەســـتاوی بوون نییە؛ لایەنە ناکۆکەکەیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەگوێـــرەی بیرکردنەوەی لۆجیکانە، نەبوون پاش بـــوون دەکەوێت چونکە خۆی بوونە، کە لەوەوپێش ناســـیومانە و ئێستا ڕەتی دەدەینەوە. بوون و نەبوون ئەو چەمکانە نین هەمان ناوەڕۆکییان هەبێت. بوون هەر شتێکی هەبێت، نەبوون ڕەتی دەداتەوە. ئەمەش ڕێگە بە هیگڵ دەدات بوون و نەبوون بەنێو یەکدیدا تێپەڕبکات و ڕەتدانەوەش بکات بە بەشێک لە پێناســـەکەی بۆ بوون. ئەمەش شتێکی بەڵگە نەویستە. چونکە هەموو پێناســـەکردنێک ڕەتدانەوەیە. لێرەدا هیگڵ ســـودی لە

گوتەکەی سپینۆزا وەرگرتووە، کە دەڵێت، "هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەیە"[٢٥] ئایا ئەو نانوسێت، "گرنگ نییە چ ناوەڕۆک و خەسڵەتێک بوون لە شتێکی دیکە جیادەکاتەوە؛ ئەوەی ناوەڕۆکی پێدەبەخشێت لە ڕووتکردنەوەی دەپارێزێت. ئەوەی نەبوون بە ئێمە ناناسێنێت، ڕووتکردنەوە وبێ خەسڵەتیە."؟ ئەوەی ڕەتدانەوە لە دەرەوە بەسەر بوونێکدا دەسەپێنێت، بۆیدەردەکەوێت ئەو [بوونە] بە نەبوون دەگەیەنێت.

بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەتدانەوەدا کایەمان بە زمانەکەشمان کردووە. ئەگەر من هەموو ناوەڕۆکێکی بوون ڕەتبدەمەوە و ڕێگە نەدەم خەسڵەتێکی هەبێت، هەمانکات پێویستە ئەوبوونە بەو شێوەیەی هەیە بسەلمێنم. هەموومان دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان، ڕەتی بوونێک بدەینەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین بوون نییە. ڕەتدانەوە، کارناکاتە سەر ناوکی بوون، کە پڕ و پۆزەتیڤانەیە. بەپێچەوانەشەوە،نەبوون لە ناخی بووندا نییە. کاتێک هیگڵ دەنوسێت، "بوون و نەبوون" دوو چەمکی بەتاڵ و ڕووتکراوە دادەنێت،[٢٦] ئەو خاڵەی ڕەچاونەکردوە، کە بەتاڵی بێبەریبوونە لە شتێکەوە.[٢٧] بوون، بێجگە لە ناسنامەکەی، لە هەموو خەسڵەتێک ڕووتکراوەتەوە، بەڵام نەبوون بوونی لێسەندراوە. بە کورتییەکەی، ئێمە دژی هیگڵ دەڵێین، بوون هەیە و نەبوون نییە. هەرچەندە بوون نابێت بە زەمینەی خەسڵەتە جیاوازەکان، نەبوون لۆجیکانە لە پاش بوونەوە سەرهەڵدەدات چونکە پێویستی بە بوونە تاکو ڕەتی بداتەوە. ئەمەش ئەو واتایە ناگەیەنێت بۆ هاو تەرازکردنی بوون و نەبوون تەنیا پێویستیمان بە ڕەتدانەوە هەبێت. پێویستە ئاگامان لەو خاڵەش بێت، کە هەرگیز نەبوون بەو چاڵە قووڵە دانەنێین، کە بوونی لێوە سەرهەڵدەدات. هەروەها جێگەی سەرسوڕمانە بە ڕێگەی زمانەوە نەبوونی شتەکان و بوونی مرۆڤ دەردەبڕین. ئاماژە بۆ کۆمەڵێک شت دەکەین و. دەڵێین، "دەست لە هیچ مەدە." واتە هیچی ئەو شتانە. بەهەمانشێوە، ئەگەر پرسیارێک لە بارەی ڕووداوێکەوە لە کەسێکبکەین لە وەڵامدا لەوانەیە بڵێیت، "هیچ نازانم". ئەم هیچە [نەبوونە] سەرجەمی فاکتورەکان دەگرێتەوە، کە

---

٢٥ ئەمە گوتەیەکی سپینۆزایە و هیگڵ بە یاسایەکی گرنگی لۆجیکی دیالێکتیکی دادەنێت. لەو باوەڕەدایە، هەموو شتێک لەنێو خۆیدا لایەنە دژەکەی هەڵگرتوە. سپینۆزاش دەڵێت: هەموو سەلماندنێک یان دەستەواژەیەکی پۆزەتیڤ، بۆ نموونە (گۆچان خوارە.) هەمانکات ڕەتدانەوەی لایەنێکی دیکەی ئەو بوونەیە، لە دەستەواژەکەدا باسیدەکەین. کاتێک دەڵێین (گۆچان خوارە) ئەم دەستەواژەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە (گۆچان ڕاستە نییە.) دەستەواژەی واتایەکی لاتینییە (هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەیە.) (وەرگێڕ).

٢٦ Elxxxvii E. 2ed. p.c.

٢٧ هیگڵ یەکەم بیریاریشە دەڵێت، "هەموو ڕەتدانەوەیەک، ڕەتدانەوەی خەسڵەتێکە." ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕەتدانەوە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە.

پرسیارەکەی لەبارەوە کراو. سـوکراتیش لە گوتەکەیدا "ئەوەی دەیزانم ئەوەیە، کە من هیچ نازانم" ئەو (هیچ)ەی ئاماژەی بۆ دەکات سەرجەمی بوون و ڕاستییە. ئەگـەر بۆ بۆچوونی ئەوانـەش بگەڕێینەوە، کە لەبـارەی پەیدابوونی جیهانەوە دەدوێن و بپرسـین، چ شتێک لە پێش جیهاندا هەبوو و لە وەڵامدا دەڵێن 'هیچ' ئەوا باوەڕ بە 'هیچ' لە پێش جیهاندا دەکەن. ئەو هیچەش پێویستی بە شتێکی لەپێشتر هەیە. بەمجۆرە بەردەوام بەرەو دواوە[بۆ بنەڕەتی جیهان] دەگەڕێینەوە. ئەمـڕۆ ئەوەی ئێمـە ڕەتیدەدەینەوە ئەو بوونەیە، کە لە پێـش بووندا هەبووە. لێـرەدا ڕەتدانەوە لە ئاگامەندییەوە هەڵدەقوڵێت و بەرەو سـەرەتا دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئێمـە لەو شتە بەتاڵ و ڕووتکراوەیە خەسـڵەتی بەتاڵ بوونی لێدابڕین، جیهانی بخەینە نێو، پڕی بکەین لە سـەرجەمی شتەکان، خەسـڵەتی لەپێشتری لێبسەنیـن، کە ئاماژە بـۆ لەپاشتریش دەکات، ڕەتدانـەوە بەتەواوی وندەبێت. کەوابوو، دەستەواژەکەی سـپینۆزا وەردەگێڕین و دەڵێین، هەموو ڕەتدانەوەیەک سـەلماندنە. ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە بوون پێـش نەبوون دەکەوێت و دەبێت بە زەمینە بۆ نەبوون. هەروەها ئەم پێشـخستنەی بـوون تەنیا لۆجیکانە نییە. لەنێو هەبووە کۆنکرێتییەکانیشدا نەبوون لە بوونەوە سەرهەڵدەدات. لەبەرئەمەشە دەڵێیـن، نەبوون دێوەزمەی بوونە. بوون پێویستی بـە نەبوون بۆ بوونی نییە. بـەڵام نەبوون پێویستی بە بوونە و لە بوونـەوە پەیدا دەبێت. نەبوونی بوونێک لەنێو سـنوری بووندا خۆی دەردەخات. لەناوچوونی سەرجەمی بوون ڕوونادات. نەبوون بە ڕووی بوونەوە گیرساوەتەوە.

٤. چەمکی فینۆمینۆلۆجییانەی نەبوون.

ڕێگەیەکی دیکەش بۆ تێگەیشـتن لـە پەیوەندی نیوان بوون و نەبوون هەیە. ئێمە دەتوانین هەردووکیان یەکسانی بەپێکهاتە پێویستییەکانی جیهانیان دابنێین. بەبێ ئەوەی هیگڵ ئاسـایی بڵێین، بوون دەچێتە نێو نەبوونەوە یان بەبێ ئەوەی سوربین لەسەر پێشـخستنی بوون جەخت لەسەر هاوتەرازبوونی ئەم دوولایەنە دەکەین. ئەم بۆچوونەشە هایدیگەر ڕوویتێکردوە.[٢٨] بۆ ڕوونکردنەوەی پێشکەوتنی بیردۆزەکەی هایدیگەر و ڕەتکردنی هیگڵ سەبارەت نەبوون دوور ناڕۆین. یەکەم، بوون و نەبوون [بۆ هایدیگەر] دوو چەمکی ڕووتکراوە و بەتاڵ نین. هایدیگەر لە گرنگترین پەرتووکیدا بایەخی بە پرسـیارکردن سـەبارەت بوون داوە؛ ئەم بوونە خەسـڵەتی ئەو بوونەی نییە بیریارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست باسیان کردوە و

٢٨ سارتەر ئاماژەی بۆ بۆچوونەکەی هایدیگەر لە پەرتووکی (ئایا مێتافیزیک چییە؟) دا دەکات. (وەرگێڕ)

هیگڵیش لەوانەوە وەریگرتوە. واتای بوون پیویستە ڕووبنکرێتەوە؛ تێگەیشتن پێش بیرکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانەی بوون هەیە، کە لەنێو هەڵوێستەکانی مرۆڤدا خۆی سەقامگیرکردوە، بۆ نموونە، لە هەموو پرۆژەکانی مرۆڤدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەیە. بەهەمان شێوەش، ئەو گرفتانەی لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ نەبووندا دەهاتنە پێش دەردەکەوێت بناخەیان نەبێت. ئەو گرفتانە لەبەرئەوەی تێگەیشتن سنوردار دەکەن بە گرنگیان دەبینین و دەریش دەکەوێت لەنێو تێگەیشـــتندا نەبن. گەلێک هەڵوێســـت لە بوونی مرۆڤدا هـــەن، وەکو ڕق، قەدەخەکـــردن و پەشیمانی لە ڕێگەیانەوە نەبوون دەناســـین. بوونی 'دازاین' یش بەردەوام لەبەردەم نەبووندایە و دیاردەیەکە لە حاڵەتی دوودڵیدا دەیدۆزیتەوە.(٢٩) هایدیگەر، لەگەڵ دامەزراندنی ئەو حاڵەتانەدا، کە دیاردەی نەبوون تیایاندا سەرهەڵدەدات توشی هەڵەکەی هیگڵ نەهاتـــوە. بوون لەبەر نەبوون ناپارێزێـــت. نەبوون نییە و خۆی لەناودەبات. پشـــت بە شتێکی بەرز دەبەســـتێت. ئێمـــە دەزانین، هایدیگـــەر بوونی مرۆڤی بە "بوون –لەنێو- جیهان" ناوزەدکردوە. جیهانیش تێهەڵکێشـــراوی هەموو کەل و پەلەئاڵۆزەکانە، کە پێکەوە بەســـتراون و مرۆڤیش لەنێویاندا هەوڵ دەدات خۆی بناسێت. ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ، لەم پەیوەندییەدا، لەگەڵ بوون و دۆزینەوەی خۆی لەنێو بووندا بەرجەســـتە دەبێت. هەروەها، ڕاســـتەقینەی مرۆڤ دەبێت بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەوروبەر و ئەو جیانەی ناسراوە.

ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتـــی بـــە تێپەڕبوونی بـــوون دەتوانێت بـــوون، وەکو ســـەرجەمی ئەو شتـــە ڕێکخراوانـــەی جیهان دەربخـــات. هەموو ســـەلماندنێک بـــۆ هایدیگەر تێپەڕبوونـــە چونکە هەمانکات، خـــۆ دوورخستنەوەیە لە خاڵێکی تێڕوانینەکـــەوە. ئـــەم تێپەڕبوونـــەی جیهان لـــە ڕێگەی دازاینـــەوە ڕوودەدات. خەســـڵەتی خۆگەری لەوێدایە مرۆڤ هەمیشە لەســـەر زەمینەی ئەو شتەوە، کە ئـــەوەی نییەتی خۆی لەوە جیابکاتەوە، کـــە هەیەتی. لەو پەڕی جیهانەوە خۆی ببینێـــت و بناســـێتەوە و تەماشای خـــۆی بکات، تاکو جیهانـــی ناوەوەی خۆی بدۆزێتـــەوە. مرۆڤ "بوونە دوورەکانە." لەم جوڵانەدا بـــەرەو ناوەووەی خۆ، کە هەمـــوو بوون دەپێچێتەوە، بوون خۆی بە ڕێـــک وپێکی بۆ جیهان دەردەخات و ئاماژە بۆ پێشـــخستنی جوڵانەکە یان خۆی ناکات. بـــەڵام دەرکەوتنی (خۆ) لەو دیو جیهانەوە، لەو دیو ســـەرجەمی ڕاستەقینەکانەوە، سەرهەڵدانی "ڕاستەقینەی مرۆڤە" لەنێو نەبووندا. تەنیا لەنێو نەبووندا بوون ڕەتدەکرێت. لەم گۆشەنیگایەی ئەو دیو جیهانـــەوە بوون بەجیهان کراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە لایەکەوە ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی، وەکو بوون لەنێو نەبووندا ســـەرهەڵدەدات، لە لایەکی

٢٩ دازاین، زاراوەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێکهاتوە. (دا- واتە لێرە) و (زانین- بوون). ئەم زاراوەیە، کە واتای (بوون-لێرە) دەبەخشێت، هایدیگەر بۆ بوونی مرۆڤی بەکارهێناوە. (وەرگێڕ)

دیکەوە جیهان لەنێو نەبووندا 'ڕادەگیرێت'. لەم دوو جۆرە لەناوچوونە بەردەوامەدا دوودڵی دەدۆزینەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی جیهاندا دازاین هەست بەوەدەکات، کە جیهان بوونێکی هەڵکەوتوی هەیە؛ ئەو پرسیارەش دەکات، "چۆن لە جێگەی نەبوون بوون هەیە؟"[٣٠] بەمشێوەیە هەڵکەوتنی جیهان تاکو ئەو ئاستەی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەنێو نەبووندا خۆی دادەمەزرێنێت، خۆی نیشاندەدات. لێرەدا، نەبوون لە هەموو لایەکەوە چواردەوری بوونی گرتوە. هەمانکات لەنێو بووندا دەرکراوە. لێرەدا نەبوون نەخشەی جیهانمان وەکو ئەو جیهانەی دەردەکەوێت بۆ دەکێشێت. ئایا ئێمە بەم چارەسەرکردنە ڕازین؟ بەدڵنیاییەوە، تێگەیشتن لە جیهان، وەکو جیهان لەناوبردنە. لەو ساتەوە جیهان، وەکو جیهان دەردەکەوێت تەنیا بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە دەناسرێت. ئەم دەرکەوتنەش پێویستی بە سەرهەڵدانی "ڕاستەقینەی مرۆڤانە" لەنێو نەبووندا هەیە. بەڵام لە کوێوە ڕاستەقینەی مرۆڤانە دەستەڵاتی سەرهەڵدان لەنێو نەبوونەوە پەیدادەکات؟ بێگومان، هایدیگەر لەوێدا دروست بۆ کێشەکە چووە، کە نەبوون بناخەی ڕەتدانەوەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەبوون لەنێو خۆیدا 'نییە'ی هەڵگرتوە. ئەو بناخەیە[هیگڵ گوتەنی] چەمکێکی ڕاستەوخۆی ڕووتکراوە نییە. نەبوون دەبێت بە سەرچاوەی دەستەواژەی نێگەتیڤ چونکە خودی خۆی ڕەتدانەوەیە. ڕەتدانەوە چالاکی نەبوونە چونکە ڕەتدانەوە ڕوو لە بوون دەکات. نەبوون لەوێدا نەبوونە، کە خۆی وەکو نەبوونی جیهان ڕەتدەداتەوە؛ واتە لەگەڵ لەناوبردندا ڕوو لە جیهان دەکات و ڕەتی دەداتەوە. نەبوون بوون لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. بەرزیتی، کە "پرۆژە دانانی خۆیە بەرەو ئەودیو" نەبوون دادەمەزرێنێت.

بە پێچەوانەوە، نەبوون، کە لەنێو هەموو پرۆژەیەکی بەرزدایە سنورداری دەکات.

هایدیگەر ویستویەتی بە زاراوە پۆزەتیڤەکان باسی دازاین بکات و لایەنی ڕەتدانەوەی بشارێتەوە.[ئەو دەڵێت] "دازاین لەنێو جیهاندا لە دەرەوەی بوونی خۆیدایە"، "بوونە دوورەکانە"، نیگەرانییە؛ "پرۆژەکانی خۆیەتی" و هتد. بە کورتییەکەی لە جێگەی ئەم خەسڵەتانە دەتوانین بڵێین، دازاین ئەو بوونەیە، کە 'نییە'. ئەم خەسڵەتە جیهان تێپەڕدەکات و خۆی وەکو ئەو شتەی نییە دەردەخات. لەم خاڵەدا هیگل لە هایدیگەر ڕاسترە و دەڵێت، هۆش ڕەتدانەوەیە. ئێمە دەتوانین یەک پرسیار بە دوو شێوەی جیاواز ئاراستەی هەردووکیان بکەین. بە هیگڵ دەڵێین: "بەس نییە هۆش بە نێگەتیڤ و ناڕاستەوخۆ دابنرێت؛ پێویستە ڕەتدانەوە، وەکو بونیادی هۆش بسەلمێنرێت. ئایا هۆش چییە تاکو بە ڕەتدانەوە

٣٠ ئەم پرسیارە "بۆچی بوون لە جێگەی نەبوون هەیە؟ پرسیارێکە هایدیگەر لە سەرەتای نوسراوەکەیدا بە ناوی (پێشەکییەک بۆ مێتافیزیک) دایناوە.(وەرگێڕ)

دابنرێت؟" هەمان پرسیاریش لەهایدیگەر بەمشێوەیە دەکەین: "ئەگەر ڕەتدانەوە بونیادی بەرزێتی[دازاین] بێت بۆ ئەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤ جیهان ڕەتبکات سەرچاوەی بونیادە بەرزەکەی بوونی چییە؟" لە هەردوو حاڵەتەکەدا چالاکی ڕەتدانەوە باسکراوە، بەڵام ئەو چالاکییە نەخراوەتە سەر بوونێکی نێگەتیڤ. لەسەرو ئەمەشەوە، هایدیگەر نەبوون بە مەبەستی ئەو بوونە بەرزەوە دەبەستێتەوە بەبێ ئەوەی بزانێت لەپێشتر بە بونیادی بەرزێتی داناوە. چ سودێکی هەیە بڵێین، نەبوون زەمینەی ڕەتدانەوەیە ئەگەر ئەمە تەنیا ئەو بیردۆزەیەمان بۆ دامەزرێنێت، کە نەبوون لە هەموو ڕەتدانەوە کۆنکرێتییەکان جیادەکاتەوە؟ ئەگەر من لەنێو نەبوونەوە بەودیو جیهان بگەم، چۆن ئەم نەبوونە دەبێت بە بناخەی ئەو ڕەتدانەوانەی لە هەڵوێستەکانمان لە ئاستی ڕووداوەکاندا بەرجەستە دەبن؟ من دەڵێم "پیێر لێرە نییە"، "پارەم لەوە زۆرتر نییە" و هتد. ئایا پێویست دەکات لە جیهانەوە خۆمان بە نەبوون بگەیەنین و لە نەبوونیشەوە جارێکی دیکە بەرەو بوون بگەڕێینەوە، تاکو زەمینە بۆ دەستەواژەکان بدۆزینەوە؟ بۆ ئەم کارە پێویست ناکات جیهان بخەینە نێو نەبوونەوە و لە بەشێکی بووندا ڕاوەستین. ئەوەی دەیکەین ڕەتدانەوەی خەسڵەتێکی بابەتەکەیە. کەسێک دەتوانێت بڵێت هەر یەکێک لەو خەسڵەتانەی ڕەتدراونەتەوە یان ئەو بوونەی نکۆڵی لێکراوە هەمان شێوازی نەبوونە. نەبوون پڕی ئەو شتانەیە، کە نین و جیهانیش لەنێو نەبووندا ڕاگیراوە. لێرەدا هەر یەکێک لە ڕەتدانەوەکان جۆرێک ڕەتکردنیان هەیە؛ ڕەتکردنی بوونێک بەرەو بوونێکی دیکە. بەڵام ئەم ڕەتکردنە ئەگەر چەمکە ناڕاستەوخۆکەی هیگڵ نەبێت، چییە؟ تەنانەت ئەگەر باسەکەمان بۆ ڕەتدانەوەی بابەتە کۆنکرێتییەکان دروست بێت (بۆ نموونە دەڵێین سێنتارۆس لێرە نییە، هیچ هۆکارێک نییە ئەوی دواخستبێت، یۆنانییە کۆنەکان باوەڕیان بە چەندهاوسەری نەبوو) ڕەتدانەوەکان دەبن بە پێکهاتە بۆ نەبوون. چۆن دەتوانین بڵێین ئەمانە لەنێو جیهان و نەبوونیشدا هەن؟ بۆ نموونە، چەمکی دووری، کە شوێن سنوردار دەکات. ئاسانە ساتێکی نێگەتیڤی تێدا ببینین. دوو خاڵ دەبن بە دووری ئەگەر لە یەکدی جیاکرابێتنەوە.

درێژی نێوانیان یان هێڵی نێوانیان خەسڵەتێکی پۆزەتیڤە. هەندێک دووری بە بوونی ئەو درێژییە دادەنێن لەنێوان دوو خاڵی، وەکو (ئەلف) و (با) و سنورداری دەکەن.

ئایا ئەم کەسانە ئەوە نابینن، کە لێرەدا تەماشاکردنەکەشیان سنوردارکردوە؟ ئەو بەشە بینراوە بابەتی ڕاستەوخۆی حەدەسە، کە وەکو شتێکی پڕ و پۆزەتیڤ دەردەکەوێت. ئەو لایەنە نێگەتیڤەی لەم بەشەدا دەرنەکەوتوە لە دوو جۆر سنوردارێتیدا دەبینرێت: ئەگەر بڵێین خاڵی (با) دوا خاڵی ئەو دوورییەیە، ئەوا

جەخت لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئەو هێڵە خاڵی (با) ڕەتناکات. لێرەدا ڕەتدانەوە دەبێت بە بونیادێکی ناسەرەکی بۆ بابەتەکە. ئەگەر بڕوانینە دوو خاڵەکەش (ئەلف) و (با)، لەنێو شوێندا ڕاستەوخۆ دەبن بە دوو بابەتی حەدەسەکەمان. لەم حاڵەتەدا بەشەکە، وەکو شتێکی پڕ و بابەتێکی کۆنکرێتی دەشاردرێتەوە و دەبێت بە نێوانەی دوو خاڵ و بەتاڵ و ئەو لایەنە نێگەتیڤەی دوو خاڵەکە لە یەکدی جیادەکاتەوە. شێوەی تەواوی ئەو بەشەو هەردوو خاڵەکان و بونیادی ناوەکی ڕەتدانەوەکەی بە دوو جۆر بۆ تێگەیشتنمان دەردەکەون. دوو شێوازی هەیە و بەرجەستەبوونی یەکەمیان دەبێت بە هۆکار بۆ لەناوبردنی دووەمیان. ئەمە لە هەستکردنیشدا ڕوودەدات. لە هەردووکیاندا هەمان چەندەکی ڕەتدانەوە دەبینین، جارێک دەبێت بە چەمکی سنورداریێتی و جارەکەی دیکە دووری نێوان خاڵەکان. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ناتوانین تێپەڕی بکەین.

ئایا ئەو ڕەخنەیەشمان لێدەگرن، کە گوایە دووری حاڵەتێکی دەروونییە و تەنیا ئەو درێژبوونەوەیەشە، کە لە خاڵی ئەلفەوە بە خاڵی (با)مان دەگەیەنێت؟

ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین، هەمان ڕەتدانەوە بۆ ئەمە و درێژبوونەوەکەش دەبێت. لەگەڵ هایدیگەردا لەسەر ئەو خاڵە ڕێدەکەوین، کە "ڕاستەقینەی مرۆڤانە دوورکەوتنەوەیە لە خۆوە"، ئەو بوونەیە لە جیهاندا دووریەکان دەهێنێتە کایەوە و هەمانکات لەناویان دەبات.

ئەم دوورکەوتنەوەیە لە خۆوە، ئەگەر بۆ دامەزراندنی دووریش بێت بەگشتی، حاڵەتێکی پێویستە و لەنێو خۆیدا دووری، وەکو بونیادێکی ڕەتدانەوە هەڵدەگرێت، تاکو بە سەریا زاڵ بێت. بێسودە دووری تەنیا بۆ پێواندنی درێژی بگەڕێنینەوە. ئەوەی لەنموونەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت یەکێتییەکی لەچارە بەدەرە، لەنێو دوو خاڵەکان و بەشەکەدا، کە ئەڵمانییەکان بە (گیشتاڵت) ناوزەدی دەکەن.[31] ڕەتدانەوە هەوێنی ئەم یەکێتییەیە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو دوو خاڵەدا دەردەخات و لە بەردەم حەدەسەکەماندا، وەکو ئەویەکێتییە لەچارە بەدەرە ڕایدەگرێت. ئەم ڕەتدانەوەیە لەوێدا دادەپۆشرێت و دەتوانین بیشارینەوە، کە دووری بۆ درێژی نێوان خاڵەکان بگەڕێنینەوە و بیپێوین.ئەوەی لەبارەی دوورییەوە باسمانکردوە دەتوانین لە ڕێگەی چەند ڕاستەقینەیەکی دیکەشەوە، وەکو ئامادەنەبوون، گۆڕان، ئەوی دیکە، دەرکردن، پەشیمانی و ڕوخاندن و هتد ڕونیبکەینەوە. ژمارەیەکی زۆر لەم ڕاستەقینانە هەن تەنیا لە دەستەواژەکاندا دەرناکەون بەڵکو مرۆڤ هەستیان پێدەکات و ڕەتدانەوەش لە بونیادی ناوەکییاندایە. ئێمە بەم ڕاستەقینانە دەڵێین ڕەتدانەوەکان. کانت لە

٣١ گیشتاڵت وشەیەکی ئەڵمانییە، واتە بونیاد، شێوە، فۆرم، ڕوخسار و ئەندازە دەبەخشێت. فەرمانەکەی واتای فۆرم دروستکردن، شێوەپێدان، خستنە نێو چێوەو قاڵبەوە دەگرێتەوە.(وەرگێڕ)

باســـەکەیدا لەســـەر هەندێک لە چەمکەکان (بۆنموونە نەمری دەروون) بە کورتی ئاوەڕی لێیان داوەتەوە. ئەم چەمکانەی بە تێهەڵکێشـــەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ داناوە. لەنێویاندا نێگەتیڤ دەبێت بە زەمینە بۆ پۆزەتیڤ. ڕۆڵی ڕەتدانەوەکەش بەگوێرەی بابەتەکە دەگۆڕێت. نەبوون لەودیو جیهانەوە ڕەتدانەوەیەکی ڕەهایە. هەروەها نەبوون، ئەگەر لەســـەر بوون ڕاوەســـتابێت نابێت بە نەبوون و جارێکی دیکە دەکەوینەوە ســـەر بـــوون. ئەگەر نەبوون هەبێت ئـــەو نەبوونە لەپێش و لەپاش بوونەوە نییە. تەنانەت لە دەرەوەی بوونیشـــدا نییە. نەبوون، وەکو کرم لەنێوبووندا پێچی خواردووە.

٥. بنەڕەتـــی ڕەتدانـــەوە

باشترە ئاوەڕێک لەو ڕێگەیە بدەینەوە، کە بڕیومانە. ئێمە لە سەرەتاوە پرسیارمان سەبارەت بوون کرد. لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ئەم پرسیارکردنە گەیشتینە ئەو باوەڕەی پرسیارکردن هەڵوێستی مرۆڤ بێت. دوایی دەرکەوت بەبێ ڕەتدانەوە پرسیارکردنیش ســـەرهەڵنادات. ڕەتدانەوەش بۆ نەبوون گەڕایەوە و نەبوون بوو بە زەمینە. بۆ ئەوەی ڕەتدانەوە لەنێو جیهاندا هەبێت و ئێمەش بتوانین پرســـیار لەبارەی بوونەوە بکەین، پێویستە نەبوون هەبێت. هەروەها بەو باوەڕەش گەیشتین نەبـــوون لە دەرەوەی بووندا نییە. شتێک نییـــە تەواوکەری بوون یان چەمکێکی ڕووتکراوە بێت. نەبوون دەبێت لە ناخی بووندا بێت لەوێوە ئێمە ئەو ڕاستەقینانە دەناسین، کە بە ڕەتدانەوەکان ناوزەدمانکردن. بەڵام نەبوون لەبوونی لەنێو خۆوە دەرناچێـــت؛ بوونێکی پڕ و پۆزەتیڤ نەبـــوون ناگرێتە خۆی. هەمانکات ناتوانین بڵێین، نەبوونی ئەم بوونەش نییە و یان نەبوون هیچ پەیوەندییەکی بەم بوونەوە نییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا یەخەمان دەگرێت ئەوەیە: ئەگەر نەبوون لە دەرەوەی بوونـــدا نەبێت، بوون نەبێت و نەبوونیش نەتوانێـــت ببێت بە هێز بۆ لەناوبردنی خۆی، ئایا نەبوون لە کوێوە پەیدا دەبێت؟

بۆ ئەوی توێژینەوەکەمان بەرەوپێشـــەوە بەرین خەسڵەتی"خۆ-لەناوبردن" بە نەبوون نادەین چونکە تەنیا بوون ئەم خەسڵەتەی هەیە. لەبەر ئەوەشە باسیدەکەین چونکە ڕواڵەتی بوونی پێوەدیارە. نەبوون نییە، بەڵام دروســـت دەکرێت. نەبوون خۆی لەناو نابات بەڵکو لەناودەبرێت. کەوابوو، پێویستە بوونێک هەبێت (ئەمەش بوونی-لەنێو-خـــۆ نییە)، کە بتوانێت نەبوون لەناوبەرێت، پشـــتگیری بوونی بکات و بـــەردەوام بیهێڵێتەوە. بوونێـــک، کە لە ڕێگەی ئەوەوە نەبـــوون بێتەکایەوە. بـــەڵام چۆن ئـــەم بوونە پەیوەندی بـــە نەبوونەوە هەیە، کـــە لەکاتێکدا دەڵێین لـــەوەوە نەبوون دەردەچێت؟ پێویستە، یەکەمجـــار ئەوە بزانین، کە ئەو بوونەی

لێرەدا بەســـەرچاوەی نەبوونی دادەنێین لە پەیوەندییەکەیدا بە نەبوونەوە چالاکە و نەبزیـــۆ نییە. نەبوونیـــش لە ڕێگەی بوونێکی دیکەوە بە ئەم بوونە ناگات. ئەو بوونـــەی نەبوون دەهێنێتەکایەوە، وەکو هۆکاری ڕواقییەکان، بەبێ ئەوەی گۆڕان بەسەرخۆیدا بهێنێت کار لەسەر هۆکردەکەی ناکات. مەحاڵە بوونێکی پڕ و پۆزەتیڤ لـــەدەرەوەی خۆیدا، نەبوون ڕاگرێت یـــان پەیدابیکات. ئەو بوونەی نەبوونی لێوە دەردەچێت ئەو بوونەیە، کە دەتوانێت نەبوون لەنێو بووندا لەناوبەرێت. هەمانکات نەبوون لە ناخی بوونیشـــدا دامەزرێنێت. ئەو بوونەی نەبوون دەهێنێتە جیهانەوە ئەو بوونەیە پرســـیار لەبارەی نەبوونی بوونی خۆیەوە دەکات. بوونێکە دەبێت بە نەبوون بۆ خۆی. ئەمەش بە چالاکی لەناوبردنی بوونەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجییە لەم بوونەدا. با بزانین لە چ دەڤەرێکی بووندا ئەو بوونە پەیدا دەکرێت. باشتروایە جارێکی دیکە بۆ کێشـــەی پرســـیارکردن بگەڕێینەوە. ئەگەر لە بیرمان بێت ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کرد، کە هەموو پرســـیارێک لەنێو خۆیـــدا ئەگەری وەڵامدانەوەی نێگەتیڤی هەڵگرتوە. لە پرســـیارکردندا پرســـیار لەبـــارەی بوونەوە یان شێـــوەی بوونی بوونێکەوە دەکەین. ئـــەو بوونە یان ئەو شێوەیە[لە کاتی پرســـیارکردنەکەدا] نادیارەو ئەگـــەری ئەوەش هەیە ئەو بوونە یان شێوەی بوونەکە خۆی، وەکو نەبوون دەربخات. لەبەر ئەوەی لەوباوەڕەداین هەموو پرســـیارکردنێک لایەنی نەبوونیش هەڵدەگرێت و بەرجەستەش دەکات لە پرســـیارکردندا خۆمان لە بابەتەکەوە دوورەپەرێـــز ڕادەگرین. ئەمەش جۆرێک لە گۆڕان و بەرزی و نزمی لە پەیوەندی نێوان بوون و نەبووندا دەستنیشان دەکات. کەوابوو، پێویستە پرسیارکەر ئامادەبێت خۆی لە زنجیرەی هۆکارەکانی پێکهێنانی بوون دووربخاتەوە. ئەگەر لەو باوەڕەدابین خەسڵەتی هەمەکی پرسیار لە مێشکی پرســـیارکەرەکەدا ڕەنگدار دەکات ئەوا پرســـیار وندەبێت و ناناســـرێت. هۆکاری ڕاســـتەقینە دەبێت هۆکاری ڕاســـتەقینەی لە دوابێت. هەر بوونێکیش پێکهاتبێت پۆزەتیڤە و بوونی بە هۆکارەکەیـــەوە گرێدراوە. ناتوانێت لەنێو خۆیدا بچوکترین گەرای نەبوون هەڵگرێت. مادامەکی پرسیارکەرەکە هەڵوێستی خۆ دوورخستنەوەی [لە بابەتە پرسیار لێکراوەکەوە] هەیە، بەر کاریگەرێتی پەیوەندییە هۆکارییەکانی جیهـــان ناکەوێت. ئەو لە ئاســـتی بووندا خـــۆی دوورەپەرێز ڕادەگرێت. ئەمەش دوو جۆر لەناوبردنی تێدایە، لەلایەکەوە ئەو بابەتە لەناودەبات، کە پرســـیارەکەی لەبارەوە کراوە و بەشێکی بێ لایەن لەنێوان بوون و نەبووندا دادەنێت. لە لایەکی دیکـــەوە تاکو بتوانێـــت زەمینە بۆ ئەگەری نەبـــوون خۆشبکات پەیوەندی خۆی بەبابەتەکەوە لەناودەبات. لەم ڕووەوە، پرسیارکردن جۆرێک ڕەتدانەوە دەهێنێتە نێو جیهانەوە. درەوشانەوەی نەبوونی پێدەبینین. هەروەها، دەبینین پرسیارکەر، بۆ ئەوەی پرســـیارەکەی ئاراستە بکات، خۆی لە بوونەوە دوورەپەرێز ڕادەگرێت.

دووره‌په‌رێزی پرۆسه‌یه‌کی مرۆڤانه‌یه. له‌م پرۆسه‌یه‌دا مرۆڤ نه‌بوون له‌نێو جیهاندا به‌رجه‌سته‌ده‌کات. خۆشی ده‌که‌وێته ژێر کاریگه‌رێتی نه‌بوونه‌وه. ئه‌م بۆچوونانه یارمه‌تیمان ده‌ده‌ن له واتای ئه‌و ڕه‌تدانه‌وانه تێبگه‌ین، که له‌پێشتر ئاماژه‌مان بۆکردن. گومان له‌وه‌ش ناکرێت، ئه‌و ڕه‌تدانه‌وانه ڕاسته‌قینه‌ی به‌رزبن؛ دووری، بۆ نموونه شتێکه به‌سه‌ر ئێمه‌دا سه‌پێنراوه و پێویسته ئێمه هه‌وڵی له‌ناوبردنی بده‌ین. ئه‌م ڕاسته‌قینانه‌ش سروشتی تایبه‌تی خۆیان هه‌یه؛ هه‌موویان په‌یوه‌ندی بوونی مرۆڤ به جیهانه‌وه دیاریده‌که‌ن و له کرده‌وه‌وه سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، که پرۆژه یان چاوه‌ڕوانیکردنی مرۆڤه. هه‌موویان ئه‌و لایه‌نه‌ی بوون ده‌رده‌خه‌ن، که مرۆڤ خۆی پێوه‌خه‌ریکده‌کات. ئه‌م ڕاسته‌قینانه په‌یوه‌ندییان به‌و په‌یوه‌ندییانه‌وه نییه له ئاکامی ئه‌زموونه‌کانماندا په‌یداده‌بن. ئێمه باسی ئه‌و په‌یوه‌ندییانه ناکه‌ین له ڕێگه‌ی ئامێره‌کانه‌وه سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن و هایدیگه‌ر به وبابه‌تانه‌یان داده‌نێت، که خۆیان بۆ مرۆڤ ده‌رده‌خه‌ن. هه‌ریه‌کێک له ڕه‌تدانه‌وه‌کان مه‌رجێکی پێویسته بۆ په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان مرۆڤ و ئامێره‌کانی به‌رده‌ستی. بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رجه‌می بوون، وه‌کو ئامێر و که‌لوپه‌ل خۆی ده‌ربخات و به‌کاربهێنرێت، پێویسته ڕه‌تدانه‌وه ببێت به کاتیگۆری مۆرکردن به‌سه‌ر ڕێکخستن و خۆده‌رخستنی بوونی هه‌مووشته‌کانه‌وه. سه‌رهه‌ڵدانی مرۆڤ له ناوه‌ڕاستی بووندا ده‌بێته هۆکاری دۆزینه‌وه‌ی جیهان. به‌ڵام خاڵی بنه‌ڕه‌تی و سه‌ره‌کی ئه‌و سه‌رهه‌ڵدانه ڕه‌تدانه‌وه‌یه. لێره‌وه ئێمه به یه‌که‌م ئامانجی توێژینه‌وه‌که‌مان ده‌گه‌ین. مرۆڤ ئه‌و بوونه‌یه، که نه‌بوون ده‌هێنێته نێو جیهانه‌وه. به‌ڵام پرسیارێکی دیکه یه‌خه‌مان ده‌گرێت: ئایا بوونی مرۆڤ، ئه‌وبوونه‌ی نه‌بوون ده‌هێنێته جیهانه‌وه، ده‌بێت چۆن بێت؟

له بوونه‌وه ته‌نیا بوون په‌یداده‌بێت. ئه‌گه‌ر مرۆڤ سه‌ر به پرۆسه‌ی په‌یدابوون بێت، له‌م بوونه‌وه بوونیکی دیکه دێته‌کایه‌وه. ئه‌گه‌ر له‌و باوه‌ڕه‌دابین مرۆڤ ده‌سته‌ڵاتی پرسیارکردنی له‌باره‌ی پرۆسه‌که‌وه هه‌یه، بۆ نموونه، پرۆسه‌که ده‌کات به بابه‌تی توێژینه‌وه، پێویسته بتوانێت ته‌ماشای سه‌رجه‌می پرۆسه‌که بکات. پێویسته خۆی به ده‌ره‌وه‌ی بوون بگه‌یه‌نێت و بونیادی بوون لاواز بکات. به‌ڵام، هێشتا مرۆڤ ده‌سته‌ڵاتی له‌ناوبردنی ته‌نێکی بوونی پێنه‌دراوه. مرۆڤ ته‌نیا توانای گۆڕانی بوونی هه‌یه نه‌ک له‌ناوبردنی. بۆئه‌وه‌ی مرۆڤ بوونێک له‌ناوبه‌رێت پێویسته خۆشی به‌و نه‌بوونه بگه‌یه‌نێت. به‌ڵام ئه‌و نابێت به بابه‌تی نه‌بوون و له ده‌ره‌وه‌یدایه. نه‌بوون ده‌ستی به‌و ناگات چونکه ئه‌و خۆی به‌ودیو نه‌بوون گه‌یاندوه. دێکارت له‌ژێر کاریگه‌رێتی ڕواقییه‌کاندا ئه‌م حاڵه‌ته‌ی بوونی مرۆڤی به سه‌ربه‌ستی ناوزه‌دکردووه. به‌ڵام سه‌ربه‌ستی له‌م بۆچوونه‌دا چه‌مکێکی ڕووته. ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت زۆرتر به دوای وه‌ڵامی پرسیاره‌که‌ماندا بگه‌ڕێین، لێره‌دا ناوه‌ستین و پرسیارێکی دیکه له‌خۆمان ده‌که‌ین، ئایا سه‌ربه‌ستی مرۆڤ، که نه‌بوون ده‌هێنێته جیهانه‌وه

چییه؟ مامەڵە لەگەڵ کێشەی سەربەستی بەتەواوی ناکرێت. لە وهەنگاوانەوە تاکو ئەم قۆناخەی هەڵمانناوە ئەوە دەسەلمێنرێت، کە سەربەستی بەشێک نەبێت لە دەروونی مرۆڤ و لەوێدا دانرابێت و ئێمەش بە تەنیا ڕایگرین و لەسەری بکۆڵینەوە. ئێمە پێناسەی مرۆڤمان کردووە، کە بوونی دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی نەبوون. ئەمەش، وەکو سەربەستی بۆ ئێمە دەردەکەوێت. کەوابوو، سەربەستی ئەو مەرجەیە بۆ لەناوبردنی نەبوون و خەسڵەتێکی چەسپاوی ناوەڕۆکی مرۆڤ نییە. پەیوەندی نێوان بوون و ناوەڕۆک لە مرۆڤدا لەگەڵ پەیوەندی بوون و ناوەڕۆکی هەبووەکانی نێو جیهاندا بەراودناکرێت. سەربەستی پێش ناوەڕۆکی مرۆڤ دەکەوێت و ناوەڕۆک وەدەست دەهێنێت؛ ناوەڕۆکی مرۆڤ بەسەربەستییەوە هەڵواسراوە. دژوارە سەربەستی و ڕاستەقینەی مرۆڤانە لە یەکدی جیابکرێنەوە. مرۆڤ لەپێشدا پەیدانابێت و دوایی سەربەست بێت؛ جیاوازی لەنێوان بوونی مرۆڤ و بوونی سەربەستیدا نییە. مامەڵەکردنمان لەگەڵ سەربەستیدا لەم ڕووەوە بەستراوە بە پەیوەندی سەربەستی بە نەبوونەوە.

ئاشکرایە ڕاستەقینەی مرۆڤانە بە پرسیارکردن خۆی لە جیهان دادەبڕێت و دەتوانێت گومان بکات. دێکارت سەربەستی لەسەر زەمینەی گومان ڕاگرت و حوکمدانی دواخست. ئەلەین هەمان بۆچوونی دێکارتی هەیە. لەم واتایەشەوە هیگڵ باسی سەربەستی دەکات و بە هۆشەوە گرێیدەدات. فەلسەفەی نوێش ئاگامەندی مرۆڤ بە جۆرێک لە دەرچوون لە خۆوە دادەنێت، کە هایدیگەر بە بەرزێتی ناوزەدیکردوە. چەمکی مەبەستگەرێتی لای برینتانۆ و هوسرڵیش، تاکو ڕادەیەک واتای دەرچوونی خۆ لە خۆوە دەبەخشێت. بەڵام هێشتا ئێمە ئامادە نین سەربەستی بە بونیادی ناوەکی ئاگامەندی دابنێین. ئێمە لەم حاڵەتەی ئێستادا ئەو میتۆد و ئامێرانە شک نابەین، تاکو ئەم خاڵەی پێبسەلمێنین. ئارەزووەکەمان لێرەدا کاتییە چونکە پرسیارکردن، وەکو گومانکردن جۆرێکە لە هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤ. ئەوەش دەردەخات مرۆڤ دەتوانێت لەنێو بووندا خۆی بەرجەستە بکات و بۆ لەناوبردنیش دوورەپەرێز ڕاوەستێت. لەم بۆچوونەوە، هەوڵدانەکەمان بۆ ڕوونکردنەوەی شێوەی ئەو بارودۆخەیە، کە لەناوچوونی تێداڕوودەدات و هەمانکات لەنێو پرۆسەکاتییەکەدا دەبێت بە پەیوەندی لەگەڵ (خۆ)دا.

ژووری ئەو کەسەی دیار نییە، لاپەڕە کراوەکانی پەرتووکەکەی، ئەو بابەتانەی لەوێدا دانراون و دەستی لێداون تەنیا پەرتووک و بابەتن؛ ڕاستەقینەی پڕن. لەنێو بارودۆخی ئامادەنەبوونی ئەو کەسەدا ئەم شتانە، بە ئاسەوار و پاشماوەی ئەو دەبینرێن. پەرتووکەکە و ئەو لاپەڕانەی خوێندراونەتەوە بە تەنیا بەبێ (پیرۆ) نابێت بەو پەرتووکەی پیرۆ لاپەڕەکانی هەڵداوەتەوە. ئەگەر ئەو پەرتووکە بەشتێکی دانراو (ئامادەکراو)، بە بابەتێکی دەرەکی هەستکردنم یان تێهەڵکێشەی

چەند خەسڵەتێکی هەستەکی دابنرێت، ئەوا دەبێت بەو پەرتووکەی پەڕەکانی هەڵدراونەتەوە؛ ئاماژە بۆ خۆی، بۆ چراکەی تەنیشتی یان مێزەکە دەکات لەسەری دانراوە. بێسودە بەو جۆرەی ئەفلاتون، لە دایەلۆگی فیدۆدا هەوڵیبۆداوە ئامادەنەبوونی کەسێک بە هەستکردن بە بوونی گیتارەکە یان تارەکەوە دەربخەین. وێنەی ئەو کەسە ئامادەنەبووە، لەنێو ئەندێشەماندا لە بیردۆزە کلاسیکییەکاندا بوونێکی پڕ و دیاریکراوی هەیە؛ فاکتۆرێکی سایکۆلۆجی پۆزەتیڤانە و کۆنکرێتییە. ئەو حوکمەی بەسەریا دەدەین پێویستە دووجار ڕەتدانەوەی تێدابێت: ڕەتدانەوەی خۆیی، کە تیایدا دەردەکەوێت، وێنەکە هەستکردن نییە؛ ڕەتدانەوەی بابەتی، ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت پیرۆ، ئەو کەسەی من وێنەکەیم لەنێو ئەندێشەمدا دروست کردووە، لێرە نییە. ئەمە خەسڵەتێکی ناوداری وێنەکانی نێو ئەندێشەیە، کە بیریارانی دەروونناسی لە تەیناوە بۆ سپایەر خۆیان پێوە ماندووکردوە. پەیوەستکردن، وەکو بینیمان، چارەی کێشەکە ناکات و بۆدواوە بەرەو تێڕامان پاڵمان پێوەدەنێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، پێویستی بە ڕەتدانەوە هەیە. لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کردوە، ئەگەر وێنەی نێو ئەندێشە بە نوێکردنەوەی هەستکردن دابنرێت، دژوارە لەخودی هەستکردن جیابکرێتەوە.[٣٢] لەنێو بونیادی وێنەی ئەندێشەدا لەناوبردن هەیە و لەوێدا خۆشی دەردەخات، کە بیەوێت بابەتی وێنەکە، وەکو هەبوو یان نەبوو بناسێت. ئەندێشە دووجار ڕەتدانەوەیە: یەکەم جار، لەناوبردنی جیهانە (چونکە جیهان وێنەیەکی ئەندێشە، وەکو بابەتێکی هەستەکی و ڕاستەقینە دەرناخات). دووەم جاریش، لەناوبردنی وێنەی ئەندێشەیە (چونکە بابەتەکەی هەبوویەکی ڕاستەقینە نییە). هەروەها لە دەربڕینی ئامادەنەبوونەکەی پیرۆدا بێسودە پەنا بۆ "مەبەستی پوچەڵ"ی هوسرڵ بەرین. بێگومان لەنێوان مەبەستەکاندا جۆرە پەیوەندییەک بە هاندەرەکانەوە دەدۆزرێتەوە (بەڵام هاندەر هۆکار نییە). لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک لە مەبەستەکانمان پڕ و ئەوانی دیکە پوچەڵن. لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی مەبەستەکان پڕدەکەن ئامادەنیین، نابن بە هاندەر و بونیادی مەبەستەکان. مادامەکی مەبەستەکانی دیکەش پڕن نابن بەهاندەری مەبەستە پوچەڵەکان. لەسەرو ئەمەوە مەبەست دەروو نییە و بە شت دانانرێت. وەکو وەرگر، ئەو شتانەی پێی دەدرێ بەگوێرەی بارودۆخەکانی پڕ یان پوچەڵی دەکەن و لە ئاستی پڕی و پوچەڵیشدا بێ لایەن ڕادەوەستێت. دەردەکەوێت هوسرڵ نەیتوانیوە خۆی لە بۆچوونی ماتەریالیستانە ڕزگاربکات. بۆ ئەوەی پوچەڵ بێت، مەبەستێک پێویستە ئاگای لە خودی خۆی

٣٢ لێرەدا سارتەر ئاماژە بۆ نوسراوێکی دەکات بەناوی (ئەندێشە) لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوکراوەتەوە. (وەرگێڕ)

بێت و بزانێت، کە پوچەڵە و بابەتەکەی دەستنەکەوتوە. مەبەستێکی پوچەڵ خۆی بە پوچەڵی پێکدەهێنێت و بابەتەکەی وەکو نەبوون یان ئامادەنەبوو دەردەخات. بەکورتی، مەبەســتی پوچەڵ ئاگاییە لە ڕەتدانەوە، کە ڕوو لە بابەتێکی دەرەکی دەکات. بابەتەکەش خۆی بە نەبوو یان ئامادە نەبوو دەردەخات. بە هەر جۆرێک باسبکرێت گرنگ نییە، ئامادەنەبوونی پیرۆ، بۆ ئەوەی خۆی دامەزرێنێت پێویستی بە ڕەتدانـــەوە هەیە. لەو ڕێگەیەوە ئاگامەندی لەگـــەڵ هەموو ئامادەنەبووەکانی پێشوتردا خۆی وەکو ڕەتدانەوە دەردەخات.

ئەگەر تەماشای نێو ژوورەکە بکەم و ئەو کەسەی تیا نەبینم، کە پێشتر لەوێ بوو، جۆرێک بیرکردنەوەم لا سەرهەڵدەدات، کە هیچ شتێکی لەپێشتر سنورداری ناکات و نابێت بە هاندەری. ئەویش پچڕانی منە لە بوونەوە. چەند بە بەردەوامیش ڕەتدانەوەکان بخەمە گەر، تاکو هەبووەکان لە یەکدی جیابکەمەوە و مەرجداریان بکەم، بۆ نموونە، بیریان لێبکەمەوە، زنجیرەی "حاڵەتەکانی بیرکردنەوەم" دەبێت بـــە دابڕانێکی بەردەوام لەنێـــوان هۆکار و هۆکردەکاندا چونکـــە هەر یەکێک لە پرۆسەکانی لەناوبردن پێویستە ببێت بە سەرچاوەی خۆی. مادامەکی هەر یەکێک لە حاڵەتە نوێکانم درێژەپێدانی حاڵەتەکەی پێشوە، هەر یەکێک لەو بۆچوونانەی ڕەتدانـــەوە دەهێنێتە کایەوە بەریان بەتەواوی دەگیرێت. لەبەرئەمە هەریەکێک لە پرۆســـەی دەروونی لەناوبردن کەلەبەرێکی لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا تێدایە. ئەو کەلەبەرە نەبوونە. هەســـتکردن بـــە ئامادەنەبوونی پیرۆ، پەشیمانی لە نەبینینی ئەو لەمندا دروســـتدەکات؛ بەڵام ئەگەری لەناوبردنەکانمان لانەبردووە. بێجگە لە داپچڕانی زنجیرەی لایەنەی پۆزەتیڤەکان لە یەکدییەوە، دانانی هاندەری نەبوون بە نەبوون، چ واتایەک دەبەخشێت؟ بوونێک دەتوانیت بۆ هەمیشە خۆی لەناوبەرێت. لـــەم حاڵەتەشدا ئەو بوونە لـــەوەش دەبورێت، کە خۆی بە بنەڕەتی دیاردەیەکی دابنێت. ئەوەی دەمێنێتەوە باسبکرێت ئەو جیاکردنەوەیە یان خۆ نەبەستنەوەی ئاگامەندییە، کە تیایدا ڕەتدانەوە ســـەرهەڵدەدات. ئەگەر ئاگامەندی لەپێشتر بە هاندەر دابنێن، دەبینین نەبوون لەنێوان ئەو حاڵەتەی پێشـــوتر و ئێستادا خۆی دەهاوێتە ژوورەوە. داپچڕان لەنێو پرۆسەی جوڵانە کاتییەکەدا ڕوونادات. ئەمەش زۆرمان لێدەکات بۆ چەمکی کات، وەکو خاڵە لەبن نەهاتووە دابەشکراوەکان یان دابڕاوەکـــان بگەڕێینەوە. درێژبوونەوەیەکی کتوپـــڕ و توخمێکی نادیاریش نایەتە کایـــەوە تاکو، وەکو چۆن چەقۆ میوە قاش دەکات، ئەمیش ســـاتەکانی ڕابردوو لە ســـاتەکانی ئێستا دانەبڕێت. هاندەرە بە ئاگاکەی پێشوش لاواز ناکات، بەڵکو بەبێ گـــۆڕان دەمێنێتەوە و هیچ ونناکات. ئەوەی ڕابردوو لە ئێستا جیادەکاتەوە هیچە. ئەم هیچە (نەبوونە) لەبەر ئەوەی هیچە بێ هەستە. لەگەڵ لابردنی هەموو کۆســـپێکدا شتێکی پۆزەتیڤ هەیە، کەلا دەبرێت. ئەو ئاگاییەی لەپێشترە لەوێ

هەیە. لەگەڵ ڕاڤەکردنەکەی ئاگاییەکەی ئێستادا پەیوەندی دروســـتدەکات. بەڵام لەسەر ئەم پەیوەندییە بوونگەرانەیەوە، لەنێو کایەکەدا دەردەچێت و خۆی ناخاتە نێو کەوانەکە، وەکو ئەوانەی فینۆمینۆلۆجییانە دەڕواننە دەرەوە جیهان دەخەنە نێو کەوانەوە. لەم ڕوانینەدا جیهان لە ناوەوە و لە دەرەوەی ئەویشدایە. ڕاستەقینەی مرۆڤانە دەتوانێت نکۆڵی لە جیهان یان بەشێکی بکات چونکە نەبوون لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێـــت و ئەو نەبوونەش ڕابردووی لە ئێستای جیادەکاتەوە. بەڵام هێشـــتا ئەم باســـە تەواونەبـــووە. ئەو نەبوونەی لیرەدا دەیبینیـــن واتای تەواوی نەبوون نابەخشـــێت؛ هەڵواســـینی ئەو بوونەی هێشـــتا ناومان بۆ دانەناوە و ئاگاشی لە هەڵواسینەکەی نییە لە دەرەوەماندایە. ئەم لایەنە تاریک و نادیارەش لە ناخی ئەم ڕووینەدا دەبێت بە دوو کەرتەوە. هەروەها ئەم هیچە نابێت بە نێگەتیڤ. نەبوون، بەو شێوەیەی لەسەرەوە بینیمان، زەمینەی ڕەتدانەوەیە چونکە ڕەتدانەوەی لەنێو خۆیدا شاردۆتەوە، وەکو بوونیش خۆی دەبینێت بەڕەتدانەوە. لەم ڕووەوە پێویستە بوونێکی ئاگامەند بە هۆکاری نەبوونەوە خۆی لە ڕابردووی جیابکاتەوە. پێویستە لە بوونی ئەو کەلەبەرە بە ئاگا بێت. ئەو کەلەبەرەش دیاردەیەکی ئەزموونەکانی نییە، بەڵکو بونیادی ئاگامەندییەکەیەتی. سەربەســـتی لەوێدایە مرۆڤ ڕابردووی خۆی لەگـــەڵ بەنهێنی کردنی نەبوونـــدا بخاتە ئەولاوە. ئەمـــەش باروودۆخێکی دەروونی نییە. چەند جارێک یان ئەو کاتە سەرهەڵدەدات، کە ئاگامەندی دەیەوێت نکۆڵـــی لە شتێک بکات یان لێی بکۆڵێتـــە. ئاگامەندی بەردەوام خۆی بەو بوونە دادەنرێـــت، کە لـــە ئەزموونەکانیدا ڕابردووی لەناودەبات. لەوانەیە کەســـێک لەو باوەڕەدابێـــت، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕانەبێت و ئـــەو ناڕەزاییە دەربڕێت، کە خۆمان جارێک باســـمانکردوە: ئەگەر ئەو ئاگامەندییەی شتێک لەناودەبات، وەکو ئاگامەندی لەناوبەر خۆی دەرخات دەتوانین پێناســـەیەک بۆ ئاگامەندی دابنێین و بەردەوام شێوازی ئاگامەندیمان نیشانبدات. ئەویش ئاگامەندی لەناوبردنە. ئایا ئەم ئاگامەندییە هەیە؟ لێرەادا پرسیارێکی نوێمان لێکراوە: ئەگەر سەربەستی شێوازی بوونـــی ئاگامەندی بێت، ئەوا پێویستە ئاگامەندی، وەکو ئاگامەندی سەربەســـتی هەبێت. ئاگامەندی سەربەستی چ شیوازێکی هەیە؟ لە سەربەستیدا مرۆڤ دەبێت بە ڕابردووی خۆی (هەروەها داهاتوش) لە شێوازی لەناوبردندایە.

ئەگەر توێژینەوەکەمان ســـەرمان لێنەشێوێنێـــت، پێویستە مرۆڤ بۆ ئەوەی دژی ڕابردوو داهاتوی خۆی ڕاوەستێت، خۆی ئەو ڕابردووە و داهاتوە بێت دەبێت بتوانین وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە و بڵێین؛ لە دوودڵیدا مرۆڤ سەربەستییەکەی خـــۆی دەدۆزێتەوە یـــان ئەگەر تۆ حەزبکەیت دەڵێم، دوودڵـــی، وەکو ئاگایی لە بوونەوە، شێوازی بوونی سەربەســـتییە. سەربەستی لەنیو دوودڵیدایە. پێویستە دان بەوەدابنێیـــن، کە کیرکیگارد ڕاســـت بۆ کێشـــەکە چـــووە؛ دوودڵی و ترس

دوو شتــی جیاوازن. ترس بــه بابەتەکانی نێو جیهانەوە بەســتراوە. دوودڵێش مــن لەبەردەم بوونی خۆمدا ڕادەگرێت. ســەرگێژی تاکو ئــەو ڕادەیە دوودڵییە، کە من لەوە ناترســم بەســەرشتێکدا بکەوم، بەڵکو خۆم بەسەرییدا بدەم. ترس لەوێدا ســەرهەڵدەدات، کەمــن بزانم ژیانم گۆڕانی بەســەردا دێت و گۆڕانەکەش هۆکارێکی دەرەکی هەیە. دوودڵێش لە وونکردنی باوەڕە بەخۆم و هەڵچونمە لەنێو حاڵەتێکدا. تۆپباران ترس لە لای سەربازێک دروستدەکات، بەڵام دوودڵی لە لای سەربازەکە لەوێدا دێتەکایەوە، کە پێش تۆپبارانەکە بیردەکاتەوە، چ هەڵوێستێکی هەبێت. پرســیاری 'خۆڕاگرتن' لە خۆی دەکات. بەهەمانشــێوە ئەوەی لە کاتی جەنگدا دەکرێت بە سەرباز لە هەندێک حاڵەتدا لە مردن دەترسێت، بەڵام زۆربەی کات"لەوە دەترسێت، کە دەترسێت". ئەو لە ئاستی بوونی خۆیدا دوودڵە. زۆرجار ئەو حاڵەتانەی هەڕەشەکەرن بەڕیز سەرهەڵدەدەن. هەندێک جار بە ڕێگەی ترس و جاری دیکەش دوودڵییەوە هەســتیان پێدەکرێت. ئەمە دەکەوێتە ســەر ئەوەی مرۆڤ چــۆن دەیبینێ و هەڵوێست بەرانبەری چــۆن وەردەگرێت. ئەوەی توشی ڕووداوێکــی ناخۆش بووە، بۆنموونــە لە ڕووداوێکی ئوتومبیلدا تەندروســتی لە دەســتداوە یان لە هەژاری دەترســێت، دوایی توشی دوودڵی دەبێت و لە خۆی دەپرســێت: "دەتوانم چی بکەم؟ من چ دەتوانم بکــەم"؟ لەم حاڵەتەدا ترس و دوودڵی دەبن بە دوو شتی جیاواز. ترس هەستکردنە بە بابەتە هەڕەشەکەرەکەی دەرەوە بەبێ بیرکردنەوە. دوودڵێش بیرکەدنەوەیە لە خۆ؛ یەکەمیان بە لەناوچوونی دووەمیــان لە دایک دەبێت. لەم نموونەیەدا هێنامانەوە هەر یەکێک لەوان دەچنە نێو یەکدییەوە. حاڵەتیش هەیە، کە تەنیا دوودڵی لەئاســتیدا ســەرهەڵدەدات و تــرس نابێت بەهاوبەشی. ئەگەر من کارێکی نــوێ و گرنگم پێبسپێدرێت دوودڵ دەبــم لەوەی مــن بتوانم ئەو کارە بکەم یــان نا. هەمانکات لەوە ناترســم، کە ســەرکەوتو نەبم. واتای دوودڵی لەو نموونانەی سەرەوەدا چییە؟ با بگەڕێینەوە بۆ نموونەی ســەرگێژی. ســەرگێژی بە ترســەوە پەیدادەبێت. من بە شوێنێکی باریــک و بەرزدا دەڕۆم بێ ئەوەی بتوانم دەســت بە شتێکەوە بگرم. هەڵدێرەکە بە جۆرێک خۆی دەردەخات ، کە من دەبێ لێی دووربکەومەوە؛ مەترســی مردن دەخاتــە بەرچاوم. هەمانکات، من چەند هۆیەک دەبینــم، کە ئەو مردنە دەکەن بە ڕەەداوێکی ڕاســتەقینە؛ دەکەومە سەر بەردێک یان ناوچاڵێکەوە؛ زەوییەکەی ژێرپێــم هەرەس دەهێنێ و دەکەومە خــوارەوە. لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوە و چاوەڕوانیانــەدا مــن خۆم وەکو شتێک دەبینم لەبەردەم ئــەم ئەگەرانەدا چالاک نیــم، کە لە دەرەوە بەرەو ڕووی مــن دێن. هەروەها منیش بابەتێکی نێو جیهانم و یاسای ڕاکێشــان بەسەرمدا چەســپاوە. هەموو ئەم چاوەڕوانیانە ئەگەرەکانی بەردەم منن. لەم ســاتەدا ترس لەلام سەرهەڵدەدات چونکە من، وەکو بابەتێکی

بەرەونەمـــان چوو لەنێو بابەتەكانی دیكەی جیهانـــدا دەبینم، كە خۆی نەبوە بە هۆكاری لەناوبردنی داهاتوی. بیر لە بەردەلانییەكەی خوارەوە دەكەومەوەو خۆم لە قەراخەكە دووردەخەمەوە. بە هەموو دەســـتەلاتێكەوە هەڕەشەكە لەسەر خۆم لادەبەم و چەند هەڵوێستێك بۆ ئەم مەبەســـتەش دیاریدەكەم. ئەم هەڵوێستانە ئەگەركانی منن. من خۆم لە ترسەكە لە ڕێگەیانەوە دووردەخەمەوە.

لەبەرئـــەوەی ئـــەم هەڵوێستانە ئەگەرەكانی منـــن، وادەردەكەوێت هۆكارێكی بێگانەیـــان نەبێت. دڵنیانیم لـــەوەی كاریگەرێتی یان بوونێكی ســـەربەخۆشیان هەبێـــت. لێرەدا دەتوانین گوتەكەی باركلی بگۆڕین و بڵێین "بوونیان ڕاگیراوە" و "ئەگەری بوونیان پێویستە ڕابگیرێـــت". ئەمەش ئەگەرەكان، وەكو بارودۆخێكی پێویست دەكات بە هەڵوێستێكی ڕەتدانەوە (مەبەست لەوە نییە ئاوەڕ لە بەردەكان نەدرێتەوە، شەقامەكە نەبینرێت، ڕا بكەیت یان بیر لە شتێكی دیكە بكەیتەوە یان هەڵوێستێك بەپێچەوانەی ئەمانەوە، بۆ نموونە خۆت فڕێبدەیتە نێو كەندەلانەكەوە وەرگریت. ئەو ئەگەری دەمەوێت بیگۆڕم بۆ ئەگەرێكی كۆنكرێتی لەنێو بەســـتنی لۆجیكانەی هەموو ئەگەرەكانەوە ســـەردەردێنێت. ئەگەرە ڕەتدراوەكانیش بێجگە لەوەی بوونیان ڕاگیراوە چی دیكە نین. منیش بوونیان ڕادەگرم. بە پێچەوانەشەوە نەبوونیان دەكـــەم بەوەی پێویست نەكات ڕابگیرێـــت. هۆكارێكی دەرەكی لایان نابات. من تەنیا سەرچاوەیەكی نەبوونی ئەوانم و لە ڕێگەی خۆخەریكردنی منەوە ســـەرهەڵدەدەن یان من دەبم بە هۆكاریـــان. ئەگەر من لە پەیوەندییەكانمان بەم هەڵوێستانـــەوە خۆم، وەكو ئەو هۆكارە ببینم، كە هۆكردەیەكی لێوە دەردەچێت دوودڵی لەلام پەیدانابێت. هۆكردەكە، كە ئەگەرێكی منە لەژێر دەستەلاتی مندایە. بـــەلام لە ئەگەری دەكەوێـــت و دەبێت بەوەی "خەریكـــە ڕوودەدات" ئەگەر من حەزبكەم خۆم توشی دوودڵی و ســـەرەگێژە نەكەم. مـــن لەوێدا توشی دوودڵی دەبم، كە هەڵوێستەكانم ئەگەرەكان بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە كاتێكدا من هەموو هاندەرەكان كۆدەكەمەوە و بـــۆ دوورخستنەوەی حاڵەتەكە بەكاریدەهێنم تێدەگـــەم، كە كاریگەرێتی تەواویان نییە. لەو ســـاتەشدا، ئەو كاتەی من بوونی خۆم لە ترسدا دەبینم تێدەگەم ترسەكە پەیوەندییەكی دیاریكراوی بە هەڵوێستی منەوە نییە. لە لایەكەوە ترسەكە داوای خۆپاراستن لە من دەكات و خۆی دەكات بە هێڵكاری نەخشەیەكی لەپێشتر بۆ خۆپاراستنەكە؛ لە لایەكی دیكەوە ترسەكە دوا ڕوخساری هەڵوێستەكەم دەردەخات چونكە من هەڵوێستەكە بە هۆكار دانانێم و بە پێویستی دەزانم.

لێـــرەدا بۆمان دەردەكەوێـــت ئاگایی لە بوونەوە بوونی ئاگاییە. پرســـیار لە بارەی بیركردنەوەوە پاش ســـەرهەڵدانی ترسەكە ناكەم. بوونی ترسەكە بە خۆی دەردەخات "هۆكار نەبێت" بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرانبەری ڕادەوەستێت. نەترسان،

کــە داهاتوویەکی بەرزم بۆ دیاریدەکات، دیاریکراوە. مــن لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ بیرکردنەوە دەبەم، بەڵام بیرکردنەوەکە داهاتوویەکی دیاریکراو بۆ من دەرناخات. لــە دامەزراندنی هەڵوێستێکدا، وەکو یەکێک لە ئەگەرەکان من دەزانم هیچ شتێک زۆر لــە من ناکــات ئەو هەڵوێستــە هەڵبژێرم. هەمانکات من خــۆم بە داهاتوو گەیانــدووە. من بۆ ئـــەوەی بەو بوونە بگەم هەموو هێــز و تەوانام بەکاردەهێنم و ڕێگاکـــەم دەگۆڕم. لێرەوە پەیوەندی نێوان بوونـــی ئێستام و بوونی داهاتووم دروســـتدەبێت. بەڵام نەبوون خۆی خزانۆتە نێــو پەیوەندییەکەوە؛ من ئەو خۆیە نیم، کە لە داهاتوودا پەیدادەبێت.

یەکەم، چونکە (کات) لەنێوان من و ئەودایە. دووەمیش، منی ئێستا بناخەی منی داهاتوو نییە. دواجاریش، من ئەو خۆیەی داهاتوو نیم چونکە هیچ هەبوویەکی ڕاســـتەقینە حوکم بەسەر ئەوەدا نادات. من لە داهاتوودا چۆن دەبم. هێشتا، من ئەوەم، کە لە داهاتوودا دەبم (ئەگینا حەزم لە هیچ شتێک نەدەکرد)، من ئەو (خۆ) یـــەم، کە لە داهاتوودا دەبم بەو بوونەی ئێستا نییە. لە ترســـدا ڕوو لە داهاتوو دەکەم. ترس لەنێو پرۆژەی داهاتووشمدا خۆی لەناودەبات. دوودڵیش، بە تەواوی، لە شێوەی نەبووندا ئاگاییە لە داهاتووم. لەناوبردنی ترس، وەکو هاندەر هەڵوێستە پۆزەتیڤەکانی دیکەش دەردەخات (من دەتوانم خۆم فڕێبدەمە نێو کەندەڵانەکەوە) و بـــە ئەگەرێکـــی نێو ئەگەرەکانی دابنێم. ئەگەر هیـــچ شتێک وام لێنەکات خۆم ڕزگـــار کەم، هیچ شتێکیـــش ڕێگەم ناگرێت خۆم هەڵدەمە نێـــو کەندەڵانەکەوە. هەڵوێستێکی بڕیاردراو لە منەوە بەرجەســـتە دەبێت، کە هێشتا پەیدانەبووە. ئەو منەی ئێستا هەم پشـــت بەو منە دەبەستێت، کە هێشتا پەیدانەبووە. ئەو منەی پەیداش نەبووە پشت بە منی ئێستا نابەستێت. سەرگێژی لە ئاکامی ناسینەوەی ئـــەم پەیوەندییە [لە نێوان دوو منەکەدا] پەیدادەبێت. لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی کەندەڵانەکەدا من لە قوڵایی ناخمەوە بە دوای خۆمدا دەگەڕێم و یاری بە ئەگەرەکان دەکەم. تەماشای قوڵـــی کەندەڵانەکە دەکەم، بیر لە کەوتنەخوارەوە دەکەمەوە؛ هەمـــان کات خۆکوشتنیش دەبێت بە یەکێک لە ئەگەرەکان (خۆ کوشتن کۆتایی بەدوودڵـــی دەهێنێت). خۆشبەختانە، هاندەوەکـــان خۆیان کاریگەرانە دەرناخەن و پاڵ بەمنەوە نانێن، خۆم بکوژم و ترســـم، من لـــە کەوتنیش دەپارێزێت. ئەم لایەنەیـــە دژی دوودڵی ڕادەوەســـتێت و لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بڕیارێکی نادیاردا کۆتایی بە دوودڵی دەهێنێت. بڕیاری نادیار دوای بڕیاردانمان لێدەکات و لەپڕێکا خۆم لە کەناری کەندەڵانەکە دووردەخەمەوە و دەڕۆم. نموونەکەی بەردەســـتمان دوودڵی، وەکو "دوودڵی لە ئاســـتی داهاتوودا" نیشاندا. جۆرێکی دیکەی دوودڵی هەیـــە: کە دوودڵی لە ئاســـتی ڕابردوو پێدەوترێـــت. قومارچییەک پاش ئەوەی سەربەستانە و دڵسۆزانە بڕیاردەدات واز لە قومارکردن بهێنێت، ئەو کاتەی نزیک

مێزی قومارکردن دەبێتەوە بڕیاردانەکەی پێشـــوی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە ئـــەوە ڕووندەکاتەوە لەگەڵ نزیک بوونـــەوە لە مێزی قومارکردنەکە جۆرە مەیل و ئارەزوویەک لـــە ناخدا دەوروژێت، کە لەگەڵ بڕیاردانی پێشـــودا بۆ وازهێنان لە قومارکردن دەکەوێتە ناکۆکییەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە تاکو ڕادەیەک ماتیریەلیستانە لە کێشـــەکە دەدوێت. خەڵکی لە ڕێگەی دیکەشەوە دژی قومارکردن ڕادەوەستن، بۆ نموونە (لە ڕێگەی ئاکاری و گوتە ناودارەکەی دەڵێت، هۆش و ســـۆز دەکەونە زۆرانبازی)، ئەمە هۆکارەکان ناخوێنێتەوە. لەڕاستیدا، نامەکانی دۆستۆیڤسکی بۆ ئەمە بەڵگەن. هیچ شتێک لە بوونی ئێمەدا، وەکو مشتومڕی ناوەوەی دەروونمان نییە، کە پێـــش بڕیاردانمان دەردەکەوێت. بڕیاردانەکەی پێشـــو بۆ وازهێنان لە قومارکردن هەمیشـــە لەوێ یە. لە زۆربـــەی حاڵەتەکاندا، کە قومارچییەکە نزیک مێـــزی قومارکردنەکە دەبێتەوە لەوە دەچێـــت داوای یارمەتی لێبکات. ئەو حەز لـــە قومارکـــردن ناکات یان ڕۆژێـــک لەوەوپێش بڕیـــاری داوە واز لە قومارکردن بهێنێت. خۆی دەردەخات حەز لە قومارناکات و لەسەر بڕیارەکەی سوربێت. بەڵام لـــە دوودڵییدا لاوازی بڕیاردانەکەی دەدۆزیتـــەوە. بڕیارەکە لە منەوە دەرچووە و منیـــش بەردەوام ئاگام لە بوونی خۆمە و خۆم لەنێو جوڵان و گۆڕانە کاتییەکاندا دەناســـمەوە. هەمانکـــات، من خۆم نیـــم چونکە بووم بە بابەتـــی ئاگامەندی بۆ خۆم. بڕیاردانەکە هێشـــتا بەرقەرارە و لەشێوەی نەبووندا دەبێت بە (من). ئەوەی قومارچییەکە هەســـتیپێدەکات دابڕانێکی هەمیشەییە لە ناچاربووندا؛ ئەو نەبوون لە خودی خۆی جیادەکاتەوە؛ مـــن نامەوێت قوماربکەم، دوێنێ بۆم دەرکەوت چ ئاکامێکـــی خراپی هەیە (ماڵ وێرانی، گلەیی خـــزم و کەس) ڕێگەی قومارکردنم لێدەگـــرن. لەوە دەچێت دیوارێکم لەنێوان قومارکـــردن و خۆمدا بەرزکردبێتەوە. ئێستا، لەپڕ بۆم دەردەکەوێت تێگەیشتنەکەی پێشو بووە بە بیرۆکە و چۆتە نێو بیرەوەریمەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تێگەیشتنەکەم [لەزیانەکانی قومارکردن] فریـــام بکەوێت پێویستە سەربەســـتانە لە نێو هیچەوە دروســـتی بکەمەوە.(٣٣) قومارنەکردن یەکێکە لە ئەگەرەکانم و قومارکردنیش ئەگەرێکی دیکەیە. پێویستە ترس لە ئیفلاسبوون یان بێزاری خێزانەکەم و هتد.، بکەم.

پێویستە ئەزموونی ئەو ترســـە لە ناخمدا زیندووبکەمەوە و هەستبکەم، وەکو دێوەزمە لەپشـــتەوە شوێنم دەکەوێت. پاش هەڵبەســـتنی ئەم دیوارە و چەقین لەنێـــو بازنـــەی بڕیاردانەکەمدا بە دوودڵییەوە تێدەگەم هیـــچ شتێک نییە من لە قومارکردن دووربخاتەوە. من دوودڵییەکـــەم چونکە، وەکو مرۆڤێکی ئاگامەند لە بـــوون خۆم ناکەم بـــە ڕابردووی بڕیارە چاکەکان، کە خـــودی منن. ڕەتدانەوەی بنەچـــەی دوودڵییەکـــەش، وەکو نەزانینـــی بارودۆخە دەروونییەکـــان بێسودە.

٣٣ *ex nihilo* وشەیەکی لاتینییە واتای (لە هیچەوە) دەبەخشێت. (وەرگێڕ)

بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، دوودڵییەکەم لە کەمی زانینەوە سەرهەڵدەدات و تاریکی نێــو ئەودیو ئاگاییم حوکم بەســەر کردەوەکانمدا دەدات. ئێمــە بۆ وەڵامدانەوە پێویستە لەپێشــەوە بیسەلمێنن دوودڵی بۆ سەربەستی مرۆڤ نەبووە بە بەڵگە. سەربەســتی، وەکو بارودۆخێکی پێویست بۆ پرسیارکردن بۆ ئێمە ئامادەکراوە. ئێمــە ویستمان ئاگاییەکی دیاریکراو لە سەربەســتی دەستنیشــان بکەین. لەم بۆچوونەشەوە ناچارەکی ســایکۆلۆجی سەرنجامەکەمان بەتاڵ ناکاتەوە. بێگومان دوودڵــی دەبێت یەکێک لەم دووانە بێت؛ نەناســینەوەی ناچاربوونێکی نەزانراو، کە دوودڵی تێدا دەبێت بە سەربەســتی یان دەڵێین دوودڵی ئاگاییە لە بوون و هۆکارە ڕاستەقینەکانی هەڵوێست و کردەوەکانمان ناناسێت. لە حاڵەتی دووەمدا دوودڵی لە ســەرچاوەی هەستکردن بە مەترسی یان شتێکی چاوەڕوان نەکراوەوە و هاندەرێکی گەورەوە سەرهەڵدەدات و لە ئاکامیشدا توشی هەستکردن بە ئازاری ویژدانیمــان دەکات. لەم حاڵەتەدا خۆمان لەنێو جیهاندا، وەکو شتەکان دەبینین؛ خۆمان بە بابەتێکی بەرز دادەنێین. دوودڵی وندەبێت و ڕێگە بۆ ترس خۆشدەکات، چونکە ترس پێکهاتەی بابەتە بەرزەکەیە، وەکو شتێکی ترسناک.

ئەم سەربەســتییەی لەنێو دوودڵیدا دەردەکەوێــت پەیوەندی بەو نەبوونەوە هەیە، کە خۆی دەخزێنێتە نێوان هاندەر و کردەوەکانمانەوە. مەبەست لەوە نییە مادامەکی من سەربەســتم کردەوەکانم ناکەونە ژێــر کاریگەرێتی هاندەرەکانەوە بەڵکو بــە پێچەوانەوە، بونیادی هاندەرەکان دەبێت بــە بارودۆخێکی ناکاریگەر بۆ سەربەســتییەکەم. ئەگەر کەســێک پێمان بڵێت نەبــوون دەبێت بە بناخەی سەربەستی لە وەڵامدا دەڵێین، ناتوانین باسیبکەین، چونکە ئەو بناخەیە نەبوونە. ئەوەندەمــان لە دەســت دێت ئاماژە بۆ واتاکەی بکەیــن و بڵێین ئەو نەبوونە لە ڕێگەی بوونی مرۆڤ و پەیوەندی ئەو بوونە بەخۆیەوە پەیدابووە.

لێرەدا نەبوون پێویستییە بۆ سەرهەڵدانی هاندەر، وەکو هاندەرێک و پەیوەست بە ئاگایی بە هاندەرەوە. بە کورتییەکەی، هەر کاتێک دەست لە ناوەڕۆکی ئاگامەندی هەڵگرین دەبینین لەنێو ئاگامەندییدا هیچ هاندەرێک نییە؛ هاندەرەکان شتێکن بۆ ئاگامەندی. لەبــەر ئەوەی هاندەر، وەکو دیاردە خۆی دەردەخات ناکاریگەرانەش دەوری خــۆی دەبینێت. بێگومان شتێک نییە بوونێکــی دەرەکی لەنێو شوێن و کاتدا هەبێت؛ هەمیشە سەر بە جیهانی ناوەوەیە و وەکو شتێک بۆ من و لە مندا دەبینرێت. هاندەر خەســڵەتی لە ناوەوەدایە و بەرزیشــە. ئاگامەندیش نابێت بە بابەت بۆ هاندەر چونکە ئاگامەندی هاندەر دەهاوێتە دەرەوە و گرنگی و واتاکەی دەخاتە ڕوو. ئەو نەبوونەی ئاگامەندی و هاندەر لە یەکدی جیادەکاتەوە خەسڵەتی بەرزێتی لە ناوەوە هەیە. ئاگامەندی، وەکو شتێکی ناوەکی ســەرهەڵدەدات و ئەو نەبوونــە لەناودەبات، کە ئاگامەندی بە بوونێکی بــەرزی دادەنێت. دەبینین ئەو

نەبوونەی دەبێت بە بناخەی هەموو ڕەتدانەوە بەرزەکان لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی دوو جۆر لەناوبردنەوە واتاکەی دەردەکەوێت:

١. ئاگامەنــدی نابێت بە هاندەر بۆ خــۆی چونکە بەتاڵە و ناوەڕۆکی نییە. ئەمەش لەناوبردنی بونیادی کۆجیتۆی پێش تێڕامانە.

٢. ئاگامەنــدی بەرانبەر ڕابــردوو، هەروەها داهاتووی خــۆی، وەکو نەبوون ڕادەوەستێت. ئەمەش ئاماژە بۆ لەناوبردنی بونیادی کات[کاتیگەرێتی] دەکات.

ئێستا ناتوانین واتاکانی ئەم دوو جۆرە لەناوبردنە باسبکەین چونکە ڕێگەیەکمان نەدۆزیوەتەوە و هیچمان لەبەردەســتدا نییە یارمەتیمان بدات. پێویستە ئەوەندە بزانین، کە باســکردن لەسەر ڕەتدانەوە پەیوەندی بەتێگەیشتن لە خۆ–ئاگایی و کاتەوە [کاتیگەرێتییەوە] هەیە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین سەربەستییە، کە لەدوودڵیدا بەرجەستەدەبێت و بەردەوام پەیوەندی بە نوێبوونەوەی (خۆ)وە هەیە. لە پێشتر باسمانکرد، دوودڵی لەگەڵ هەموو ئەگەرەکانی بوونمدا ســەرهەڵدەدات چونکــە بەردەوام بوونی ئەو ئەگەرانە بە منەوە بەســتراوە. ئەگەر قومارچییەکە هەڵوێستێکی نوێ بۆ (خۆ)ی بدۆزێتەوە و قومارنەکات پێویستە بزانێت، کە (خۆ)ی خستۆتە نێو هەڵوێستەوە. ئەم (خۆ)یــە بە هەموو ناوەڕۆکەکانی پێشــویەوە و لە مێژووودا ناوەڕۆکی مرۆڤە. دوودڵــی، کە بەرجەســتەبوونی سەربەســتییە لە ئاســتی (خۆ)دا دەریدەخات. نەبوونیــش بوە بە هۆکاری جیابوونەوەی بوونــی مرۆڤ لە ناوەڕۆکییەوە. هیگڵ ئەم خاڵەی بەمجۆرە دەربڕیوە:

نــاوەڕۆک ئــەو شتەیــە، کــە هەیــە *wesen ist was gewesen ist* ناوەڕۆک ئەو شتانەیە لە بوونی مرۆڤدان. دەتوانین بە وشە دەریان بڕین و بڵێین، هەن. لەبەر ئەم هۆکارە ســەرەنجامی ئەو خەســڵەتانەیە، کە واتای کردەوەکان بە دەســتەوە دەدات. بــەڵام کردەوە لەودیو ناوەڕۆکەوەیــە، چونکە ئەو کاتەی دەڵێیــن ئەو شتە هەیە، دەبێت بەوەی مرۆڤ پەیدای کردووە و دەســتیکەوتوە. مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا جۆرە تێگەیشــتنێکی هەیە، کە بە ڕێگەی دەســتەواژەکان و حوکمدانــەوە پێش دەربڕینی ناوەڕۆکــی دەکەوێت. ئەمەش بوونی مرۆڤ لە ناوەڕۆکــی بە هۆکاری نەبوونەوە لە یەکدی جیادەکاتەوە. ناوەڕۆک بوونی مرۆڤ لەناوەوە بەوشتانە دادەنێت، کە هەیەتی.

لێــرەدا دوودڵی، کە بــەردەوام خۆی لــەو شتانە جیادەکاتــەوە دەبێت بە تێگەیشــتن لە (خــۆ). ئێمە هەرگیز ناتوانین ژیان بــەوە دابنێین، کە لە ئاکامی خۆرسکێکی پێدراوەوە پەیدا بووبێت.[٣٤] هەڵچونی بەردەوامی ئاگامەندیمان ئەو خۆرسکە پێکدەهێنێت. هەروەها بەردەوام لە دوای ئێمە دەمێنێتەوە و لە ناخماندا

٣٤ *Erlebnis* وشەیەکی ئەڵمانییە دیلتی و هایدیگەریش بەکاریان هێناوە.(وەرگێڕ)

جێنشین دەبێت و دەبێت بە بابەتی ئاوەڕدانەوەمان. ئەم خۆرسکە سەرچاوە نییە و شتێکە داوایدەکەین بۆیە لە دوودڵییدا دەدۆزرێتەوە، لە دوودڵییدا سەربەستی بەردەوام خۆی ڕادەگیرێت و دەردەکەوێت، هیچ شتێک پەیوەستی نەکات. لەوانەیە هەندێک بڵێن ئێمە دوودڵییمان بە بونیادی نەبڕاوەی بوونی مرۆڤ پێناسەکردوە؛ ئەگەر دوودڵی سەربەستی بەرجەستەبکات ئەوا دوودڵی بارودۆخی نائاساییە.

چۆن ئێمە بتوانین باسی نائاسایی دوودڵی دەبێت بە شتێکی نەبڕاوە و لە کۆتایی بەدەر. بە پێچەوانەی ئەمەوە بکەین؟ پێویستە بزانین لە زۆربەی حاڵەتەکانی ژیانماندا، ئەو حاڵەتانەی بەسەر هەموو کەسێکدا دێن، ئێمە ئەگەرەکانی ژیانمان بەبێ سەرهەڵدانی دوودڵی دەناسین. دوودڵی، لە ڕاستیدا ناسینەوەی ئەگەرێکە، وەکو ئەگەری من؛ کاتێک ئاگامەندی هەستدەکات نەبوون لە ناوەڕۆکی خۆی دابڕیوە یان سەربەستانە لە داهاتووی جیابۆتەوە دوودڵی تیایدا سەرهەڵدەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو نەبوونە لەناوبەرە هەموو بیانوەکانم دەسڕێتەوە و پرۆژەی داهاتووم بووە بە ئەگەرێک چونکە ئەو داهاتووەی من دەمەوێت پێی بگەم هێشتا نەبووە بە بەشێک لە من. لەم حاڵەتانەدا مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکەم و خۆم بەرەو داهاتوو دەبەم، لەوێدا من "ژوانێک لەدوا کاتژمێری ئەو ڕۆژەدا یان کۆتایی ئەو مانگە" بۆ خۆم دادەنێم. دوودڵی ترس کردنە لەوەی من. نەتوانم ژوانەکە دابنێم و بەو کاتە بگەم، کە تیایدایە. هەروەها بە هەندێک کاریش هەڵدەستم. کە ئەگەرەکان کتوپڕ دەخەنە بەردەمم. لە داگیرسانی جگەرەکەمدا کتوپڕ ئەگەرەکە دەناسم، کە حەزکردنە لە جگەرەکێشان. ئەو کاتەی دەست دەدەمە پاندانەکە و لاپەڕە سپیەکان بەرەو لای خۆم ڕادەکێشم ڕاستەوخۆ دەزانم دەمەوێت کار لەسەر نوسینی ئەم پەرتووکە بکەم. ئەم کارانە لەم حاڵەتانەدا ئەگەری منن چونکە دەتوانم دەستیان لێهەڵگرم. لاپەڕەکان بخەمە لاوە و سەری پاندانەکەشم دابخەم. بەڵام وازهێنانەکە، هەمانکات لەبەر ئەوەی کارەکە، کە خۆی لە ڕێگەی منەوە دەردەخات، وەکو شتێکی بەرزە و تاکو ڕادەیەکیش سەربەخۆیە. ئاگامەندی مرۆڤ لە کارکردندا تێڕامانی نییە. ئاگاییە لە شتێکەوە. ئەو شتە بەرزەی خۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات خەسڵەتێکی دیاریکراوی خۆی هەیە. بونیادێکی پێویستی لەنێو جیهاندا هەیە. جیهانیش لە ڕێگەی ئەوەوە ئاڵۆزی پێکهاتنی کەلوپەل و ئامێرەکان نیشاندەدات. لەنێو نامەکانی مندا ئەو ڕستەیەی هێشتا نەنوسراوە شتێکە پێویستە بنوسرێت. لەگەڵ نامە نوسیندا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کەلوپەلەکانیش (پاندان، مەرەکەب، کاغەز، دێر، پەراوێز، و هتد)لە چواردەورم ئامادەدەبێت. لە ژیانی گشتی ڕۆژانەمدا، خۆم بە کارەکانەوە خەریک دەکەم، لەگەڵ هەستان بە کارەکانم ئەگەرەکانم دەدۆزمەوە و بە پێویستیان دادەنێم و کەلوپەل و ئامێرەکانم لا ئاشکرا دەبن.

بێگومـــان لەگەڵ هەموو کارکردنێکدا دەتوانرێت پرســـیار لە بارەی کارەکەوە بکرێـــت و لـــە ئاکامەکەی یان لایەنـــە دوورەکانی بکۆڵرێتەوە. بـــۆ نموونە، ئەو ڕستەیەی من دەینوسم لەو پیتانە پێکهاتوە من بەدوایاندا گەڕاوم و دۆزیومنەتەوە، بەڵام نوســـراوەکە بە گشتی واتاکەی لە ڕستەکەدایە. پرۆژەی نوسینەکەشم لەبەر پەیوەندییەکەی بە دوودڵییەکەوە دەبێت بە ئەگەرێک؛ ئەگەری ڕاستەقینەی من. من دڵنیانیم لەوەی سبەینێش لەسەر ئەم پرۆژەیە بەردەوام دەبم یان نا. سبەینێ لە پەیوەندییەکەیدا بە پرۆژەکەمەوە لەسەر سەربەستی و دەستەڵاتی لەناوبردنی منەوە ڕاوەســـتاوە. دوودڵییەکەم لە ئاســـتی پرۆژەکەدایە، وەکو ئەگەرێکی من. پێویستە ڕاستەوخۆ بەرانبەری ڕاوەستم و پەیوەندییەکەم لەگەڵیا بناسم. ئەمەش وا لە من دەکات ئەو جۆرە پرسیارانەی، وەکو "پێویست دەکات بنوسم؟" نەکەم چونکە پەیوەندیم بە حاڵەتێکی فراوانترەوە و پرسیارێکی دیکەوە دەبەستێت، بۆ نموونە، لەم بوارەدا باشە بنوسم؟ ئایا ئەم نوسینەم دووپاتکردنەوەی نوسینێکی دیکەم نییە؟ ئەوەی دەینوسم پەسەند دەکرێت؟ هتد. هەموو ئەمانە گرنگییەکی بەرز لە جیهاندا دەخەنە بەردەممان.

بۆ ئەوەی لە نوسینی پەرتووکەکەمدا سەربەستییەکەم بە دوودڵییەوە پەیوەست بێـــت، پێویستە پەرتووکەکە بـــەو جۆرە خۆی دەرخات، کـــە پەرتووکی منە. لە لایەکەوە پیویستە ناوەڕۆکی خۆم، وەکو ئەوەی هەم بدۆزمەوە، کە من ئەوە کەسەم "ئارەزووی نوســـینی پەرتووکەکەی" هەیە. لەو باوەڕەدام نوســـینی ئەم پەرتووکە خۆشە و خۆم وا بەو جۆرەش نیشـــاندەدەم، ئـــەم پەرتووکە بووە بە ئەگەرێکی بنەڕەتی بۆ بوونم و بەبێ ئەو ئەگەرە تێگەیشتن لە بوونی من مەحاڵە. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە ئەو نەبوونە بدۆزمەوە، کە ناوەڕۆکی من و سەربەســـتییەکەم لە یەکدی جیادەکاتەوە: من حەزدەکەم پەرتووکەکە بنوســـم و (هیچ) شتێک، تەنانەت بەو جۆرەی هەم زۆرم لێنەکات بینوســـم. دواجار، پێویستە ئەو نەبوونە بدۆزمەوە، کەمن و ئەو (من)ەی دروستدەبێت لە یەکدی جیادەکاتەوە: بۆم دەردەکەوێت ئەگەری وازهێنان لە نوسینی پەرتووکەکە، کە هەمیشە لە بەردەممدایە بۆ نوسین و هەروەها بۆ واتای سەربەستییەکەم مەرجە. پێویستە لەگەڵ نوسینەوەی پەرتووکەکەدا وەکو پرۆژەیەکی من، سەربەســـتییەکەم بە دەســـتەڵاتێکی ڕوخێنەری ئێستاو داهاتووی بوونم دابنێم. دەبێت بیر لە بوونی خۆم بکەمەوە. تاکو لە نوســـین بەردەوام بم و لەسەر پەرتووکەکەم کاربکەم. پەرتووکەکە دوور و نادیارە ئەگەرەکانم بۆ بەرجەستە دەکات و ئاکامی کارکردنەکە یە[نوســـین]؛ نەکراوە بە بابەتێک بۆ خۆی؛ تەوانای پرســـیارکردنی نییە؛ نە پێویستە و نە شتێکی هەڵکەوتـــوو. شتێکی بەردەوامە. واتاکەشـــی لە وێدایە، کە من ئێستا دەنوســـم و لەم ڕووەوە بـــە بوون دادەنرێت؛ لەوێدایە پەرتووکەکە ببێت بە زەمینە بۆ ئێستای سەرهەڵدانی ڕستەکان.

لــە هەموو حاڵەتێکدا، ئێمە لەنێو جیهاندایــن و خۆمان بە جیهانەوە خەریک کردوە. پێش ئەوەی ئەگەرەکانمان دیارییبکەین دەســت بە کارکردن دەکەین. ئەو ئەگەرانــەی دیاریکــراون یان دیاریدەکرێن واتاکانیان بــە جۆرێک بە کارکردنەوە بەســتراون، کە ئێمە دەمانەوێت پرســیار لە بارەیانەوە بکەین. ئەو کاتژمێرەی بەیانیان زەنگەکە لێدەدات ئاماژە بۆ چوونە سەر کارەکەم دەکات، کە ئەگەرێکی منــە. بــەڵام زەنگلێدانەکە، وەکــو فەرمانێک یــان دەنگێک بۆ هەســتانی من و خۆئامادەکردنــم بۆ چوونە ســەرکار واتای لە خەوهەســتانی هەیە. کەوابوو، لە خەوهەســتان[وەکو کارێک] ئەو پرســیارە دەهێنێتە کایــەوە، "ئایا کارکردن ئەگەری منە؟" لە ئاکامدا من ناخاتە نێو هەڵوێستی دوورەپەرێزی و بێدەنگییەوە یان ڕەتدانــەوەی کارکردنەکەم و ڕەتدانەوەی جیهان یــان ئەگەری مردنەوە. بە کورتییەکەی، لەگەڵ تێگەیشتنی واتای زەنگلێداندا من بەخەبەر دێم. ئەمەش من دژی هەستکردن بەو دوودڵییە ڕادەگرێت، کە تەنیا من(پێویستی) بە زەنگلێدانی کاتژمێرەکە دەدەم.

بەهەمانشــێوە، ئاکاری ڕۆژانەمــان بەبێ دوودڵی نابێــت. کاتێک پەیوەندیم بــە بەهاکانەوە دیاریدەکــەم توشی دوودڵی ڕەوشتی دەبم. بەهاکان لەڕاســتیدا داواکارییەکن، کە لەســەر بناخەیەک ڕادەوەســتن. بەڵام ئــەو بناخەیە بە هیچ شێوەیەک بوون نییە. هەر بەهایەک بناخەکەی لەسەر سروشتە تەواوەکەی خۆی دابمەزرێنێت، وەکو بەها نامێنێتەوە. بوونی بەها لە پێویستیدایە، پێویستیەکەش لە خودی بەهاکەدا نییە. بەها لە چالاکییەکی سەربەســتانەدا خۆی بەرجەســتە دەکات و دەناسرێت. دەردەکەوێت سەربەستییەکەم بناخەیەکی تایبەتی بەهاکان بێــت. هیچ شتێکــی دیکە نییە وام لێبکات بڕیار لەســەر ئەم یــان ئەو بەهایە بدەم. من، وەکو ئەو بوونەی بەها دەهێنێتەکایەوە، بێ پاکانەم. سەربەستییەکەم دوودڵییــە لە ئاســتی بوون بە بناخــە بۆ بەهاکان. هەروەهــا دوودڵییە چونکە بەهاکان لە سەربەســتییەکەمدا بەرجەستەبوون و تاکو نەخرێنە بەر پرسیارکردن نابــن بە ئەگەرەکانی بوونم. دوودڵیم لە ئاســتی بەهاکاندا هەســت بە تەواویی بەهاکان دەکات. بە ئاســایی، هەڵوێستم لە ئاســتی بەهاکاندا دڵنیابوونەوەیە و خۆخەریکردنی منیش لەنێو جیهانی بەهاکان دەردەخات. تێگەیشــتن لە بەهاکان بە دوودڵییەوە، بەو جۆرەی سەربەســتییەکەی من دەیهێڵێتەوە، ســەرەکی نییە و دیاردەیەکە بیریلێکراوەتەوە. ئەوەی ڕاســتەوخۆ دێتــە بەردەممان جیهانە بە پێویستییەکەیەوە؛ ئەو جیهانــەی خۆم لەناوییدا خەریککردوە و کارەکانم، وەکو ســوێسکە دەبن بە هۆکاری ســەرهەڵدان و فڕینی بەهاکــان. تورەبوون بەهای نێگەتیڤی 'کەمی' و پەســەنکردنەکەشم بەهای پۆزەتیڤــی 'شکۆداری' دەداتێ. لەسەرو ئەمانەشەوە، ملکەچ کردنم بۆ کۆمەڵێک نەریتی قەدەخەکراو، بوونی شتە

قەدەخەکراوەکان بۆ من دەردەخات. ئەو بورژوازیانەی خۆیان بەهاووڵاتیانی بەرێز دادەنێن، لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە بەها ڕەوشتیەکانەوە بەڕیز نابن. ئەوان لە یەکەم ڕۆژی بوونیانـــەوە فرێدراونەتە نێو کۆمەڵێک لە هەڵوێست و ڕەفتارەوە، کە واتای ڕێزیان بۆ دادەنێت. ڕێزلێنان پێویستی بە بوونێکە و نەخراوەتە بەر پرسیارکردن. [لەم حاڵەتەدا] هەزارەها بەها، وەکو ئەو نوســـراوانەی لـــە باخەکاندا دانراون و ئاگادارمان دەکەنەوە بە ســـەر چیمەنەکەدا نەڕۆین، فرێدراونەتە ســـەر ڕێگەمان. لەچیدا جیهان ڕاستەوخۆ لەبەردەم ئاگامەندییماندا ڕادەوەستێت و ئێمەش خۆمان بەوجـــۆرە نابینیـــن، فرێدرابینە نێو پرۆژەکانمانەوە؟ بوونمان ڕاســـتەوخۆ لەنێو هەڵوێستدایـــە، لەبەردەم پرۆژەکاندا ڕادەوەســـتێت و بیریان لێدەکاتەوە. خۆمان لەنێـــو جیهانێکـــدا دەدۆزینەوە پڕە لە خەڵکی و ئەوانیـــش لەگەڵ پرۆژەکانماندا داواکارییان هەیە. بۆنموونە، من جگەرە دەکێشـــم، ئـــەم ئێوارەیە پیرۆ دەبینم. پێویستە وەڵامی سیمۆن بدەمەوە. نابێت ڕاستی لە کلاودە بشارمەوە. هەموو ئەم شتە چاوەڕوانکراوانە بەهاکانی ڕۆژانەن واتاکانیان لە هەڵبژاردنی مندا هەڵدەقولێن. هەڵبژاردنەکەش پـــڕۆژەی منە لەنێو جیهاندا. بـــە شێوەیەکی ئاشکراتریش ئەو پرۆژەیە، کە ڕوو لە ئەگەرەکان دەکات و دەبێت بە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی بەهاکان و شتە چاوەڕنەکراوەکان یان بە گشتی بۆ جیهان لەودیو جیهانەوە بە ڕووتکراوی واتاکەی خۆی نیشـــاندەدات. شتەکانی دیکە، وەکو کاتژمێرەکە، نوســـینی سەر شەقامەکان، فۆرمی باجدان، پۆلیسەکان و کارمەندەکانی ئیستگەی شەمەندەفەر بـــە کۆنکرێتی لە بەرانبەر دوودڵییەکەمـــان هەبوون. هەر ئەو کاتەی پرۆژەکە لە دوورەوە هەستی پێدەکرا و خۆی نیشانی من دەدا، منیش ئامادەم بۆ بوونی خۆم دەکرد چونکە دەبێت چاوەڕوانی سەرهەڵدانی خۆم لە داهاتوودا بکەم. خۆم، وەکو ئەو کەسە دەبینم واتا بە کاتژمێرەکە دەبەخشێت. من ئەو کەسەم بە خوێندنەوەی نوســـینی نێو باخەکە بەســـەر چیمەنەکەدا ناڕۆم و گوڵەکان ناشێلم. ئەو کەسەم پەرتووکەکە دەنوسم و دەزانم چ سودێکی هەیە. لە کۆتاییدا، من بەهاکان دەهێنمە کایەوە تاکو حوکم بەسەر کارەکانمدا بدەم. من لە دوودڵییەکەمدا بەرانبەر بوونی خۆم ڕادەوەستم؛ هەموو ڕێگرەکان بە هۆی سەربەستییەکەمەوە لەناودەچن. هیچ بەهایەک دژی ئەو ڕاســـتییە نایەتە پێش، کە من لە بووندا بەهاکان دەپارێزم و گلیـــان دەدەمەوە. هیچ شتێک بوونی من لە جیهان و ناوەڕۆکی خۆم لەو نەبوونە دانابڕێـــت، کـــە منم. پێویستە لە واتای جیهـــان و ناوەڕۆکی خۆم تێبگەم؛ بەبێ بیانوو یان ســـەلماندن بڕیاریان لەســـەر بدەم. کەوابوو، دوودڵی تێگەیشـــتنە لە سەربەســـتی. لەم ڕووەوە هەرچەندە ڕاستەوخۆ سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەو شتەش بیریلێدەکرێتەوە و ڕەتدانەوەی داواکارییەکانی جیهانە. لەوێدا دێتەکایەوە، کە من پاش خۆ خەریکردنـــم بە جیهانەوە خۆم دوور دەخەمەوە و هەوڵدەدەم لە خۆم،

وەکو ئاگامەندیەک تەواناى هەڵسەنگاندنى پێش ئۆنتۆلۆجیانەى بۆدەروونى خۆى هەبێت، تێبگەم. دوودڵى دژى بیرکردنەوەى ئەو کەســە جدییەیە، کە بەهاکان بە جیهان دادەنێت و ماتەریالیستیانەش لە ناوەڕۆکیان دەکۆڵێتەوە. من لە مەزاجێکى جیدییــدا خۆم بەو بابەتە دادەنێم، کە هەموو شتە لەپێشــترەکانى خستۆتە ئەو لاوە، کــە من لەگەڵیاندا لەو کاتەدا کارناکەم؛ ئەو واتایەى سەربەســتییەکەم بە جیهان بەخشیوە وا بۆیدەچم لە جیهانەوە هاتوە و منیش دەبێت پەیڕەوى بکەم. لە دوودڵییدا من خۆم، وەکو هەموو سەربەستییەکەم دەبینم و بێجگە لەو واتایەى مــن بە جیهانى دەدەم باوەڕ بە واتاى دیکە ناهێنــم. نابێت ئەو بابەتەى لێرەدا بیریلێکراوەتــەوە و ئەگەرەکانى ڕاســتەوخۆ دەرخستوە بە مەرجێکى تەواوى بۆ تێگەیشتن لە دوودڵى دابنێین. لە هەموو حاڵەتێکى بیرکردنەوەدا دوودڵى دەبێت بە بونیادى ئەو ئاگامەندییەى بیردەکاتەوە. بەڵام هێشتا دەتوانم لە ڕێگەى چەند هەڵوێستێکى دیکەوە دوودڵییەکەم بناســمەوە-بۆنموونە لە هەڵوێستى ڕاکردندا. هەموو شتێک، کە ڕوودەدات، لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەیە هەڵوێستى ڕاستەوخۆمان لــە دوودڵییەکەدا ڕاکردنە. فێرگەى ناچارەکى ســایکۆلۆجى، پێش ئەوەى ببێت بــە بیردۆزە، هەڵوێستێکى بیانودۆزینەوە بوو یــان ئەگەر حەز بکەیت بیانووى بــۆ هەڵوێستەکان دادەنــا. ئەوەش دەردەخات لە ناخى هــەر یەکێک لە ئێمەدا هێزى ناکۆک و دژوەســتا و هەیە بوونیان، کە وەکو بوونى شتەکانە. دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە، کە لــە چواردەورماندایە و پردى پەیوەندى نێوان ئێستا و ڕابــردوو، هەروەها ئێستاو داهاتوو هەڵبەســتێت. خۆرســکێک لە کردەوەکان بــۆ مرۆڤ پێکدەهێنێــت و کردەوەکانیش بە بەرز دادەنێــت. کردەوەکانیش بۆ ســەر بناخەیەک لە دەرەوەیاندا دەگەڕێنێتەوە. ناچارەکى ســایکۆلۆجى بەرزێتى بوونى مرۆڤ، کە لە دوودڵیدا لەودیو ناوەڕۆکییەوە سەرهەڵدەدات، ڕەتدەداتەوە. هەروەهــا بە کەمکردنەوەى ئێمــەش بۆ ئەو شتەى ئێستا هەیــن دەمانکات بە بوونێکى پۆزەتیڤى لەنێو—خۆدا و لە ناوەڕاستى بووندا دامانەنێت.

بەڵام ئەم جۆرە ناچارەکییەى بووە بە بەرگریکردن دژى دوودڵى، حەدەسێکى تێڕامانانە نییە. هیچ ســەلماندنێکى دژى سەربەســتى پێ نییە؛ بووە بە جۆرێک پەنابردن و ڕێگەیەک بۆ خۆدەربازکردن لە دوودڵى. ئەمەش لەو ڕوانگە فەلسەفییەوە باشتر ئاشکــرا دەبێت، کە زانایانى ناچارەکى ســایکۆلۆجى بــاس لەوە ناکەن بۆچوونەکانیان لەســەر بناخەى بەخۆداچوونــەوە دامەزراندبێت. بۆچوونەکانیان تەنیا گریمانەیەکە و بۆ فاکتۆر یان لە دامەزراندنى فێرگە ســایکۆلۆجییەکەیان بۆ پاشگرەکان دەگەڕێنەوە. باوەڕ بە ئاگاییەکى ڕاســتەوخۆ لە ئاستى سەربەستیدا دەکەن، کە نایارەکانیان بەناوى "سەلماندنى هەستى ناوەوە بە ڕێگەى حەدەس" ەوە دژى ئەوان بەکاریدەهێنن. لە مشتومڕەکەیاندا جەخت لەسەر بەهاى ئەو هەستەى

ناوەوە دەکەن. لەبەرئەمە ئەو حەدەسەی دەبێت بە هۆکاری ناسینەوەی بوونی خۆمان و کردەوەکانمان لای کەس باسنەکراوە. ئێمە، لەبەر ئەوەی واتێگەیشتوین، کە سەرچاوەی کردەوەکانی خۆمانین، هەستدەکەین بیرکردنەوە لە دوودڵی و تێپەڕکردنی بە حوکمدان بەسەریدا لەنێو دەستەڵاتماندایە. ئەو گرفتەی لێرەدا یەخەمان دەگرێت بڕواکردنە بە ناڕاستەوخۆی دوودڵییەوە. ئایا ئەو دوودڵییەی حوکمی بەسەردا بدرێت دەستەڵاتەکەیمان لێسەندوە و چەکمان کردوە؟ ئاشکرایە نا. لێرەدا دیاردەیەکی نوێ لەدایک دەبێت، ئەویش پرۆسەی 'ڕوخاندن'ە لە پەیوەندییەکەمان بە دوودڵییەوە. ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە هێزێ لەناوبردنە.
ناچارەکی بە تەنیا و بەبێ پشتبەستن بە شتێکی دیکە نابێت بە ڕوخێنەر چونکە ناچارەکی گریمانەیە. ئەم پرۆسەیە ڕاکردنێکی ئاگامەندانەیە. یەکەمجار، دەبێت بە هەوڵدانێک بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕێگرانەی دێنەبەر ئەگەرەکەم. کاتێکیش ئەگەرەکەی خۆم دەناسم، لە کۆتایی پرۆژەکەمدا بوونیشی دەناسم و بە بەشێک لە بوونی خۆمی دادەنێم، وەکو ئەو شتەی لە داهاتوودا چاوەڕێم دەکات و هیچ شتێک لە منی جیاناکاتەوە. لەم ڕووەوە، من دەبم بە سەرچاوەی ئەگەرەکەم و ئەمەیە بە ئاگایی لە سەربەستی ناوزەدی دەکەین. ئەم بونیادەی ئاگامەندییە شوێنکەوتوانی فێرگەی سەربەستی ویست، کە باسی هەستی ناوەوە دەکەن، بیریلێدەکەنەوە.
بەڵام من هەموو ئەو ڕێگرانەی دێنەبەردەم ئەگەرەکەم دووردەخەمەوە. لەڕاستیدا ناتوانم بوونیان بەو شێوەیەی ئەگەرەکانی خۆم دەهێنمەکایەوە، دەرنەخەم. ناتوانم بە ئەگەر دایاننەنێم و هەروەها نەبن بە ئەگەریش بۆ من. زۆر لە خۆم دەکەم بە هەبوویەکی لۆجیکانە یان وەکو شت بیانبینم. ئەگەر بیر لە نوسینی ئەم پەرتووکە بکەمەوە و بە ئەگەرێک دایبنێم ئەوا لەنێوان ئەم ئەگەرە و ئاگامانددییما دەبم بە هۆکاری نەبوونی ئەو بوونەی دەبێت بە ئەگەری نوسینەکە و ئەگەری نەنوسینیشی. بەڵام هەوڵدەدەم خۆم لەو دیوی ئەگەری نەنوسینەوە دابنێم و دەمەوێت بزانم چ دەبینم؛ هەوڵدەدەم لە ئەگەری نەنوسین، وەکو پێویستییەک بۆ بیرکەوتنەوە، نەک ئەوەی من بایەخی پێدەدەم، تێبگەم. ئەگەرەکەش پێویستە شتێکی دەرەکی بێت لە پەیوەندییەکەیدا و بەمنەوە و لەپەیوەندی نێوان جوڵان و تۆپە وەستاوەکانی یاری بلیارد بچێت. ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوبم، ئەوا ئەگەرەکانی دژی ئەم ئەگەری منن، دەبن بە شتێکی لۆجیکی و کاریگەرێتی خۆیان لە دەست دەدەن. لە دەرەوە وەکو بێگانە دەبینرێن و ناتوانن هەڕەشەمان لێبکەن. لەوانەیە کەسێکی دیکەش وەکو ئێمە بەمجۆرە تەماشایان بکات یان هایدیگەر گوتەنی، ببن بە هەڵوێستی دەرەکی کەسانی دیکە. من نوسینی ئەم پەرتووکە دەکەم بە پرۆژەی خۆم. هەمانکات کەسێکی دیکە نییە هەمان پرۆژەی نوسینی ئەم پەرتووکەی هەبێت. ئەگەرەکان بوونی من دەهێڵنەوە و بڕیار لەسەر سەربەستی

من دەدەن، بــەڵام ڕێگەیان نادەم ببن بە هەڕەشەکــەر. من بایەخیان پێنادەم. ئەو ئەگــەرەی هەڵیدەبژێرم دەبێــت بە ئەگەرێکی کۆنکرێتـــی و نەبوون لە من جیادەکاتەوە. ڕاکردن لە دوودڵی سەرلێشـــێوان لە ئاستی داهاتوودا نییە. بەڵکو داماڵینـــی ڕابردووشە لە هەڕەشەکردن. ئەوەی من لێـــی ڕادەکەم بەرزێتییەکەی بوونـــی خۆمە، کە دەیەوێت خۆی بگەیەنێتـــە ژوور ناوەڕۆکی ئێستاوە. من خۆم بە ناوەڕۆک، وەکو ئەو بوونەی لەنێو خۆدایە دادەبێم. هەمانکات، ئەو ناوەڕۆکەم بە پێکهاتەیەکی مێژوویی دانانێـــم و پەیوەندییەکەشی بە کردەوەکانمەوە، وەکو پەیوەنـــدی نێوان بازنە و خەســـڵەتەکانی دەبینمەوە. من ئـــەو ناوەڕۆکە بەبێ ئەوەی ســـەرەتا و کاتـــی پەیدابوونی بۆ دابنێیم بە جێگەزا و ســـەرەتای هەموو ئەگەرەکانی ناوزەد دەکەم. لێرەوە ئەو کردەوەیە بە کارێکی سەربەستانە دادەنێم، کە نوێنەرایەتی دەروونم بکات، ئەم سەربەستییە، کە ئەگەر لەپێش بوونی منەوە هەبووبێت پەشیمانم دەکات، بۆ ناوەڕۆکم دەیگەڕینمەوە و دەروونم بەو خوایە بچوکە دادەنێم، کە لەنێو بوونمدایە و سەربەســـتییەکەمی، وەکو چاکەیەکی مێتافیزیکی لێوە دەردەچێت. من ئەو بوونە سەربەســـتە نیم. ئەوەی سەربەســـتە (خۆ)کەی نـــاوەوەی منە، کە لەنێـــو ئاگامەندییما دەژی. ئەمـــەش چیرۆکێکی خەیاڵاوییە، چونکە سەربەســـتییەکەم لەناخی بوونێکی نادیارەوە ســـەردەردەکات. ناوەڕۆکم بوونێکی دیار و ڕوونی نییە، شتێکی ناوەکی بەرزە و سەربەســـتییەکەشم دەبێت بە یەکیک لە خەســـڵەتەکانی. بە کورتییەکەی، من سەربەستییەکەی خۆم لەنێو بوونێکـــی دیکەدا دەدۆزمەوە. پوختەی ئەم چیرۆکە خەیاڵاوییەش ئەمەیە: (خۆ) ی من دەبێت بە سەرچاوەی کردەوەکانم و خاوەنی ئەو کەسایەتییەی پێکهاتوە. دڵنیام، کە (خۆ) ئەژی و خۆشی دەگۆڕێت. هەر یەکێک لەو کردەوانە تیایدا دەبنە هۆکـــاری گۆڕانکارییەکان. بەڵام هارمۆنی و گۆڕانکارییەکان لەســـەر بناخەیەکی بایۆلۆجـــی دادەنرێن. لەو گۆرانکاریانە دەچێت من پاش ئەوەی پیرۆی هاوڕێم بۆ ماوەیەکی زۆر نابینم هەستیان پێدەکەم. برگسۆن باسی ئەوەی کردوە چۆن (خۆ) بەردەوام خۆی ڕێکدەخات و لەگەڵ ئاگامەندییدا هاودەم ڕادەوەستێت. ئاگامەندی ناتوانێـــت بگاتە ئەودیو بوونی (خۆ)وە، کە وەکو پەیوەندی نێوان باوک و منداڵ بەرانبەر دەبێت بە ســـەرچاوەی کردەوەکانم. کردەوە لـــە خۆ دووردەکەوێتەوە، بەڵام هەمیشـــە لەســـەر ئەو ڕێگەیە دەمێنێتەوە؛ بە دڵنیاییـــەوە تاکو ڕادەیەک خـــۆی دانابڕێت. ئێمە خۆمانی تێدا دەناســـینەوە و وەکو چـــۆن باوکێک بوونی خـــۆی لە منداڵەکەیدا دەبینێتەوە، ئێمەش خۆمـــان لەنێو کردەوەکەدا دەبینین. لە گەڕانەوەی سەربەســـتییەکەم بۆ هەبوویەکی دەروونـــی، وەکو (خۆ) برگسۆن دەمامەکێک دەخاتە ســـەر ڕووی دوودڵییەکەمـــان. ئەم کارەش لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئاگامەندییدایە. ئەوەی لێرەدا[برگسۆن] باسیدەکات، سەربەستییەکەمان نییە

بەوجۆرەی دەردەکەویت، بەڵکو سەربەستی شتێکی دیکەیە لە بوونی ئێمەدا.

ئەمە ئەو پرۆســـەیەیە ئێمە تیایدا دوودڵییەکەمان دەشارینەوە. بە هەڵگرتنی ئەگەرێک واز لە هەموو ئەگەرەکانی دیکە دەهێنین. ئەو ئەگەرەش نادەینە دەست سەربەستییەکەمان و بۆ شتێکی دەگەڕێنینەوە، کە لێوەی دەرچووبێت. هەمانکات، ئەو شتە خۆمانین، بەڵام وا باســکراوە، کە شتێکی دەرەکی بێت و ئێمە نەبین. هەروەهــا ئێمە حەزدەکەین لە سەربەســتییەکەمان ڕابکەین و پەنا بۆ ناچارەکی بەریــن و بەهانــە بۆ هەڵسوڕانی کردەوەکانمان پەیدابکەیــن. ئێمە بۆ ئەوەی لە دوودڵی ڕابکەین، خۆمان بە (شت)یــان ئەوی دیکە دادەنێین. ئەو[شتە] دەکەین بە ســەرچاوەی سەربەســتی و کردەوەکانمان. ئایا ئەو پیکهاتەیە لە داپۆشین و شاردنەوەی دوودڵییەکەماندا سەرکەوتووە؟

ئاشکرایە، ناتوانین بەســەر دوودڵییدا زاڵ بین چونکە ئێمە ئەو بوونەین، کە دوودڵیین. بێجگە لەوەی بیرکردنەوە ڕێگەمان نادات لە واتای شاردنەوە بە ڕووتی تێبگەیــن، بەڵام پێویستە بزانین ئەو هەڵوێســتە چییە و چۆنە، کە شاردنەوەی تێدا ڕوودەدات. ئێمە دەتوانین بابەتێکی دەرەکی بشــارینەوە چونکە ئەو بابەتە لە دەرەوەی بوونی ئێمەدایــە. لەبەر هەمان هۆکار دەتوانین ڕوومان وەرگێڕین و تەماشای نەکەین و چاومان بخەینەســەر بابەتێکی دیکە. لێرەدا بوونی من و ئەو بابەتە بەردەوام دەمێنیتەوە و پەیوەندییەکەی نێوانمان، کە ڕوویدا لەناودەچێت. بەڵام ئەگەر من ئەو بوونە بم، کە حەز لە شاردنەوە و داپۆشین دەکات پرسیارەکە سەبارەت شاردنەوە شێوازێکی دیکە وەردەگرێت. من ئەو کاتە حەز ناکەم لایەنێکی بوونــم ببینم و بیشــارمەوە، کە ئەولایەنەم بینیبێت. بۆئــەوەی بیریلێنەکەمەوە دەبێــت بیر لەوە بکەمەوە، کە بیریلێنەکەمەوە. لەم پەیوەندییەدا ئەوەی حەز لە ڕاکردنەکە دەکات، منم و هەروەها منیش ڕوو لەو بابەتە دەکەم، کە دەمەوێت لێی ڕابکەم. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە دوودڵی و مەبەستی دیاریکراوی دوودڵییەکە و ڕاکردنەکەش لە دوودڵی هەموویــان پێکەوە لەنێو ئاگامەندییدان. من ڕادەکەم لەوەی نەزانم، بەڵام ناتوانم نەزانم، کە من ڕادەکەم. ڕاکردن لە دوودڵی شێوازێکی ئاگاییە لە دوودڵی. لەبەرئەمە، دوودڵی داناپۆشرێت و ناتوانین لێیڕابکەین. هێشتا دوودڵ بیت و لە دەست دوودڵیش ڕابکەیت، بە تەواوی وەکو یەک نین. ئەگەر من دوودڵییەکەی خۆم بم و هەوڵ بدەم لە دەستیشی ڕابکەم ئەوە دەگەیەنێت، کە من خۆم لە بوونی خۆم بەو شێوەیەی هەم دووردەخەمەوە و دەتوانم ببم بە دوودڵی بەبی ئەوەی دوودڵ بم و واز لە دەســتەڵاتی لەناوبردنی بهێنم. ئەم دەســتەڵاتی لەناوبردنەش، مادامەکی لە دوودڵی ڕادەکەم دوودڵی لەناودەبات. ئەم هەڵوێستە بــە بڕوای خراپ ناوزەد دەکەین. دوودڵی لــە ئاگامەندی دانابڕێت و دیاردەیەکی دەرەوونی ئەودیو ئاگامەندیش نییە؛ ئاســاییە من لە ئاســتی بڕوای خراپدا توشی

ئـــازاری ویژدانی ببم و ئەو دوودڵییەش بناســـمەوە، کە خۆمم. ئەم بڕوای خراپە دەیەوێت ئەو نەبوونییە پڕبکاتەوە کەمنم و لە پەیوەندییەکەم بە بوونی خۆمەوە ســـەرهەڵدەدات. ئێمە بە کۆتایی باسکردنی یەکەم گەیشتوین. لێکۆڵینەوەکەمان لەســـەر ڕەتدانەوە لەمە زۆرتر ناڕوات. ئـــەم لێکۆڵینەوەیە جۆرێک هەڵوێستی بۆ دەرخستوین؛ هەڵوێست لە ئاستی نەبووندا، کە پێویستی بە جۆریک بوونی بەرزە بناســـرێت و بە جیا باســـیبکەین. کەوابوو، لەم حاڵەتەدا خۆمان لە ئاستی دوو جـــۆر بەرزی[یان دەرچوون لە خۆوە] دەبینینـــەوە: یەکەمیان ئێمە فڕێ دەداتە نێـــو بوون— لەنێو—خۆوە و دووەمیش ئێمە بە نەبوونەوە خەریکدەکات. لێرەدا، بە گەیشـــتن بەم خاڵە، لەوە دەچێت گرفتە بنەڕەتیەکەمان سەبارەت پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەوە چارەســـەر کردبێت. بەڵام بـــەردەوام بوونمان لە شیکردنەوەی بەرزێتی بەرەو نەبوون و گەیشـــتن بە ئاکامەکەی زانیارییەکی بەنرخمان دەداتێ. بێجگە لەمە ناتوانین کێشـــەی نەبوون ڕەچاونەکەین. ئەگەر مرۆڤ هەڵوێستێکی دیاریکراوی لە ئاستی بوون—لەنێو—خۆدا وەرگرت و توێژینەوە فەلسەفییەکەشمان پرســـیار لەبارەی ئەو هەڵوێستـــەوە بکات لەبەر ئەوەیە، کە مـــرۆڤ ئەو بوونە نییـــە. ئێمە نەبوونمان، وەکو مەرجێکی ڕووکردن بەرەو ئەو بوونە دانا. کەوابوو، پیویستە زۆرتر لە نەبوون بکۆڵینەوە و ڕێگە نەدەین لە دەستمان دەرچێت.(٣٥)

بەهەرحاڵ، وەڵامدانەوەی پرســـیارەکەمان لەسەر واتای ڕەتدانەوە زۆرشتی بۆ ڕوونکردوینەتەوە. ئێمەی بە سەربەســـتی ئەزمونگەرانە گەیاندوە، کە دەستەڵاتی لەناوبردنی مرۆڤە لەنێو کاتدا و تێگەیشتن لە هەموو جۆرەکانی ڕەتدانەوەیە. بەڵام ناکرێت ئەم جۆرە سەربەستییە لەناوبردن و بناخەی لەناوبردنیش بێت. لە ڕاستیدا بەشێکە لە پێکهێنانی ئەو بەرزێتییە-ناوەکییەی هەموو ڕەتدانەوەکان مەرجداردەکات. هاوکات ئاماژە بـــۆ بناخەکە ناکات. لەبەرئەمە دۆزینەوەی بناخەی ڕەتدانەوەکان پێویستـــە. دەبێت ئەو کردەوەیە بدۆزینەوە، کە مرۆڤ تێیدا دەبێت بە نەبوون بۆ خۆی. دەبێت بزانین چۆن مرۆڤ، وەکو ئاگامەندی لەنێو جیهاندا، کە بناخەی نەبوونـــی خۆیەتی نەبـــوون لەگەڵ خۆیـــدا دەهێنێتە جیهانـــەوە. لەوە دەچێت بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئامێرێکمان بە دەستەوە نەبێت. بەڵام ڕەتدانەوە ڕاســـتەوخۆ سەربەستی دەهێنێتە پێشـــەوە. ئێمەش دەبێت لە سەربەستیدا ئەو هەڵوێستـــە بدۆزینەوە، کە توێژینەوەکەمان بەردەوام دەخاتەگەڕ. ئایا لەپێشـــتر ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە نەکرد، کە لە بڕوای خراپدا ئێمە ئەو دوودڵییەین، کە لە

---

٣٥ Transcendence چەمکی بەرزێتی چەند جارێک سارتەر بەکاریهێناوە ئەو واتایە نابەخشێت، کە بیریارە ئایدیالیستەکان، وەکو ئەفلاتون یان کانت، ڕوونیانکردۆتەوە. سارتەر، وەکو هایدیگەر بەکاریهێناوەو بۆ هەموو ئەو بابەتانە دادەنریت لە دەرەوەی ئاگامەندییدان و ئاگامەندی ڕوویان تێدەکات تاکو بیانناسێت.(وەرگێڕ)

دەســت دوودڵی ڕادەکات و ئەمەش لەنێــو ئاگامەندییدا ڕوودەدات؟ ئەگەر بڕوای خراپ هەبێت ئەوا دەبێت بتوانین لەنێو ئاگامەندییدا بوون و نەبوون و ئەو بوونەی، کە نایەوێت ببێت بەو شتە بناسینەوە. بڕوای خراپ سەرباسی لێکۆڵینەوەکەمانە. بۆئەوەی مرۆڤ دەســتەڵاتی پرسیارکردنی هەبێت، پێویستە نەبوونی خۆی بێت؛ لەنێو بووندا بنەڕەتی نەبوون بێت.

کەوابوو، هەمیشــە شتە بەرزەکانی ڕابردوو یان داهاتوو لەنێو ڕاســتەقینەی کاتیگەرانەی بوونی مرۆڤدا خۆیان دەردەخەن.

بەڵام بــڕوای خراپ کتوپڕ ســەرهەڵدەدات. کەوابوو، چــۆن بڵێین پێویستە ئاگامەنــدی کتوپڕانــە کۆجیتۆیەکی پێش تێڕامان بێــت، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بڕوای خراپی هەبێت؟

بەشی دووەم
بڕوای خراپ

١. بڕوای خراپ و ناڕاستی

مــرۆڤ تەنیا ئەو بوونە نییە لە ڕێگەی ئەوەوە ڕەتدانەوەکان دێنە جیهانەوە؛ بەڵکو دەتوانێت بەرانبەر خۆشی هەڵوێستی ڕەتدانەوەی هەبێت. ئێمە لە پێشەکی ئەم پەرتووکەدا ئاگامەندییمان پێناســکرد و گوتمان مادامەکی ئەم بوونە ئاماژە بۆ ئەوی دی دەکات بوونێکە، کە پرســیار لە بارەیەوە ســەرهەڵدەدات. هەروەها واتای پرسیارکردنیشــمان ڕوونکردەوە و لــەم ڕووەوە دەڵێین، "ئاگامەندی ئەو بوونەیە، کە لــە نەبوونی خۆی بە ئاگایە". لە قەدەخەکردندا، بۆ نموونە، مرۆڤ شتێکــی بەرزی نێو داهاتوو ڕەتدەداتــەوە. بەڵام ئەم ڕەتدانەوەیە زەق و ئاشکرا نییە. ئاگامەندییەکەم بە بینینی ڕەتدانەوەکەوە نەبەســتراوەتەوە. وەکو هێزێکی لەناوبــردن بۆ ئەگەرێک دەردەکەوێت، کە ئەو ئەگەرە کەســێکی دیکە دەیەوێت بیکــات بە پرۆژەی خۆی. لەبەر ئەوە لەنێو جیهاندا دەبێت بە (نا)، ئەو چەمکەی بۆ یەکەمجار کۆیلە بەرانبەر خاوەنەکەی بەکاریدەهێنێت یان زیندانییەک لە کاتی ڕاکردندا لە ئاستی پاسەوانەکاندا دەریدەبڕێت. تەنانەت کەسانێک، وەکو (بەرپرس، پاسەوانی زیندان یان چاودێرێک) هەن، کە ژیانی کۆمەڵایەتییان لەسەر چەمکی (نا) ڕاوەستاوە. کەسانی دیکەش ئەم چەمکە دەکەن بە بەشێکی جیهانی ناوەوەیان و کەسایەتیان دەبێت بە ڕەتدانەوەیەکی بەردەوام. ئەمەش واتای گوتەکەی شیلەرە، کە دەڵێت، "مرۆڤی ڕیسوا" لە ڕاستیدا (نا)یە.

بــەڵام هەڵوێستی دیکەش لە بوونی مرۆڤدا هەن بەرەوناوەوەی ئاگامەندیمان دەبەن. گاڵتە یەکێکە لەو هەڵوێستانە. مرۆڤ لە گاڵتەکردندا ئەو شتە ڕەتدەداتەوە، کــە دەیەوێت دەریبڕێت. لە پێنــاوی ئەوەی باوەڕی پێنەکەیــن بەو باوەڕەمان دەگەیەنێت. ئەوە ڕەتدەداتەوە، کە دەیسەلمێنێ و ئەوەش دەسەلمێنێت، کەڕەتی دەداتەوە. بابەتێکی پۆزەتیڤمان دەخاتە بەردەست و ئەو بابەتە هەمانکات بێجگە لەهیچ، چی دیکە نییە. هەڵوێستەکانی ڕەتدانەوە بەرانبەر (خۆ) پرسیارێکی نوێ لە بەردەمماندا قوتدەکاتەوە: ئێمە چین تاکو بڵێین مرۆڤ ئەگەری خۆڕەتدانەوەی هەیە؟ بەڵام لێکۆڵینەوە لەســەر (خۆ–ڕەتدانەوە)ی هەمەکی لە دەرەوەی بواری نوســراوەکەماندایە. ئــەو جۆرە هەڵوێستانــەی دەکەونە ژێر ئەم سەرباســەوە فــرە و جۆراوجۆرن. لەوانەیە بتوانین زۆر بە کورتی باســیان بکەین. لەبەرئەمە

پێویستـــه ئەو هەڵوێستـــه هەڵبژێرین، کە لە بوونی مرۆڤـــدا لەوانی دیکە زۆرتر گرنـــگ و بنەڕەتییە. هەروەها لەم هەڵوێستـــەدا ئاگامەندی لە جێگەی ڕووکردنی ڕەتدانەوەکـــەی لە بابەتێکـــی دەرەکی ڕوو لە خۆی دەکـــات. ئەم هەڵوێستە بۆ مـــن بڕوای خراپـــە. هەندێکجار بـــڕوای خراپ لەگەڵ ناڕاســـتیدا جیانابێتەوە. بەبێ جیاوازی ئەو کەســـەی توشی بڕوای خراپ دەبێت، بە درۆزن لەگەڵ خۆیدا دایدەنێیـــن. لەبەرئەمە بڕوای خراپ بە درۆکردن لەگـــەل خۆدا ناوزەد دەکەین و لە درۆکردن بە شێوەی گشـــتی جیادەکەینەوە. ئێمە لەســـەر ئەو خاڵە هاوڕاین، کـــە درۆکردن هەڵوێستێکی نەرێیە. بەڵام نەرێی بوونەکە ناکەوێتە ســـەر خودی ئاگامەنـــدی و ڕوو لە بابەتێکـــی بەرز[دەرەکی]دەکات. هەروەهـــا ناوەڕۆکی درۆ لەوەدایە، کە درۆزنەکە ڕاســـتی دەناســـێت بەڵام دەریناخـــات. ئەوەی لە شتێک نەزانێـــت، درۆی لە بارەوە ناکات و ئـــەو کاتەی بە هەڵەشدا دەچێت درۆ ناکات. چاکترین وەسفکردنی درۆزن ئەوەیە بڵێین، ئەوەی درۆ دەکات گوێنەدەرە و ڕاستی دەناسێت، بەڵام نکۆڵی لێدەکات. ڕاستییەکە ڕەتدەداتەوە و ئەوەش ڕەتدەداتەوە، کە ڕەتی داوەتەوە. ئەم هەڵوێستە دوو جار ڕەتدانەوەیە و پێویستی بە بابەتێکی بەرز و دەرەکی هەیە. ئەو هۆکارەی درۆی لە بارەوەکراوە شتێکی بەرزە و بوونی ڕەتدراوەتەوە. ڕەتدانەوەکەی ناوەوەش دەکەوێتە ســـەر بەکارهێنانی وشەکان بۆ دەربڕینی خۆئامادەکردنەکەی درۆزن، کە ئەرێ یە؛ دەتوانرێت حوکمی سەلماندنی بەسەردا بدرێت. درۆزن دەیەوێت فێڵ بکات و ئەوەش لە خۆی ناشارێتەوە. بەڵکو بـــە پێچەوانەوە، ئەو کاتەی پرســـیاری لێدەکرێت پەنای بـــۆ دەبات. بە ئاشکرا دەستەڵات بەســـەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیا دەگرێت. بۆ سەرگرتنی درۆکەش ئەو گوتانەی وەکو (من هەرگیز فێڵت لێناکەم! ئەمە ڕاســـتە! یان سوێند دەخۆم) بەکاردەهێنێت، بابەتی ڕەتدانەوەی ناوەکین. بەڵام درۆزنەکە بە مەبەســـتی خۆی دانانێت. درۆکـــردن دیوی ناوەوەی ئاگامەندی دەرناخات؛ ڕەتدانەوەکانی ڕوو لەو بابەتە دەرەکییانە دەکان، کە ئاگامەندی لەنێو خۆیدا هەڵیان ناگرێت. لەبەرئەمە، درۆکردن پێویستی بە بناخەیەکی ئۆنتۆلۆجی نییە. باســـکردنەکەشمان لەســـەر ڕەتدانەوەکان بەبێ گۆڕان بۆ فێڵکردنیش دروستە. بێگومان ئێمە باسی درۆکردنی نموونەییمان کردووە؛ هەندێک جار ڕوودەدات درۆزنەکە دەبێت بە قوربانی درۆکانی خۆی، خۆی بە تـــەواوی باوەڕ بە درۆکردنەکەی ناکات. ئەم جۆرە درۆکردنانەش دەکەونە نێوان بڕوای خراپ و ناڕاســـتییەوە. درۆکردن هەڵوێستە بەرەو بابەتێکی بـــەرز و دیاردەیەکی ئاســـاییە، کـــە هایدیگەر بە بوون لەگەڵ کەســـانی دیکەدا ناوزەدیدەکـــات. ئاماژە بۆ بوونی من و بوونی کەســـانی دیکـــە، هەروەها بوونی کەسانی دیکە بۆ من دەکات. کەوابوو، دژوار نییە بڵێین درۆزن لە درۆکەی خۆی بە ئاســـانی تێدەگات و دەزانێت ئەو ڕاســـتییە چییە و دەیەوێت گۆڕانی بەسەردا

بهێنێت. ئەوە بەسە بۆ ئەو، کە ویستی خۆی بەرانبەر کەسانی دیکە دەرناخات و کەسانی دیکەش درۆکەی بە ڕاست وەردەگرن. لە درۆکردندا ئاگامەندی خۆی لە کەسانی دیکە دەشارێتەوە. بۆ بەرژەوەندی و سوودی خۆی باوەڕ بە جۆرێک دووانەی ئۆنتۆلۆجی لەنێوان خۆی و هەروەها ئەو خۆیەی کەسانی دیکە دەیبینن دەهێنێت. ئەگەر بڕوای خراپ درۆکردن بێت لەگەڵ خۆدا حاڵەتەکە دەگۆڕێت. بە دڵنیاییەوە ئەوەی خاوەنی بڕوای خراپە ڕاستییەکی ناخۆش دەشارێتەوە یان ناڕاستییەکی خۆش دروستدەکات. لەم ڕووەوە دەردەکەوێت بڕوای خراپ بونیادی درۆکردنی هەبێت. ئەوەی لە درۆکردنی جیادەکاتەوە لەوەدایە، کە من لە بڕوای خراپدا ڕاستییەکە لە خۆم دەشارمەوە. دوو لایەنی هەڵخەڵەتێنەر و هەڵخەڵەتێنراو سەرهەڵنادەن. بە پێچەوانەوە، بڕوای خراپ جەخت لەسەر یەک لایەنی ئاگامەندی دەکات. ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە بڕوای خراپ وەکو هەڵوێستەکانی دیکەی مرۆڤ پەیوەندی بە بوونی کەسانی دیکەوە نییە. بوونی کەسانی دیکە دەبێت بە بارودۆخێک، کە بڕوای خراپ ڕێگەی تێپەڕبوونی دەدات؛ بڕوای خراپ شتێک نییە لە دەوەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە سەرهەڵدات. کەس توشی نابێت و حاڵەت نییە. ئەوەی بڕوای خراپ دروستدەکات خودی ئاگامەندییە. لەبەرئەمە پێویستە بڕوای خراپ ویست و پرۆژەی ئاگامەندی بێت؛ پێویستە ئاگامەندی لە بڕوای خراپ تێبگات و تێگەیشتنەکەشی لەسەر کۆجیتۆی پێش تێرامان ڕاوەستابێت. پێویستە بزانین ئەوەی درۆکە دەکات و درۆکەی لەگەڵدا دەکرێت یەک کەسن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت من، کە ئەو کەسەم درۆکە دەکەم ڕاستییەکە دەزانم و لە بەرئەوەشە لە خۆمی دەشارمەوە و خۆم هەڵدەخەڵەتێنم. چەند بە تەواوی ڕاستییەکە بزانم ئەوەندەش بە چاکی دەتوانم بیشارمەوە. ئەمەش لە دوو کاتی جیاوازدا ڕوونادەن و لە یەک کاتدا سەرهەڵدەدەن و سەر بە یەک پرۆژەن. چۆن درۆکردن دەمێنێتەوە ئەگەر دوو لایەنەکەی لێ دابڕین؟

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، شەفافیەتی ئاگامەندی دەخەینە بەردەم. ئەوەی لە بڕوای خراپدا دەژی دەبێت ئاگای لە بڕوای خراپ بێت چونکە بوونی ئاگامەندی هەمیشە ئاگاییە لە بابەتەکەی. کەوابوو، بۆ ئەوەی ئاگام لە بڕوای خراپ بێت، پێویستە لە بڕوای چاکدا بم، بە تایبەتی بۆ ئەو کاتەی، کە هەست بە بڕوا خراپەکەی خۆم دەکەم. بەڵام ئەم سیستەمە سایکۆلۆجییە لەناودەچێت. پێویستە لەسەر ئەو خاڵە ڕێکەوین، ئەگەر من بە ئەنقەست درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم، من لە درۆکردنەکەمدا سەرکەتو نابم چونکە درۆکردنەکە دەناسم؛ ئاگاییم درۆکردنەکە دەیڕوخێنێت. لێرەدا دیاردەیەکی لەنابراو دێتە کایەوە، کە تەنیا لەنێو جیاوازییدا دەتوانێت هەبێت. ئەم حاڵەتە زوو زوو ڕوودەدات و لە ڕاستیدا بڕوای خراپ لەناودەبرێت و بەردەوامیش لەنێوان بڕوای چاک و بێ دەربەستییەکەی

ئێمەدا ســەرهەڵدەدات. هەرچەنــدە بڕوای خراپ بوونێکی نادیــار و دادەنرێت بونیادێکــی دەروونی هەیە ،کــە بەهەمانکات حاڵەتێکە بەردەوام و metastable درێژخایەن.[٣٦] لای هەندێک شێوازێکی ئاسایی ژیانە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو کەسەی لە بڕوای خراپدایە ناتوانێت بڕوای چاکی هەبێت یان بێ دەربەستانە بژی. لەوێدا هەست بە شەرمەزاری دەکەین، کە نەتوانین واز لــە بڕوای خراپ بهێنین و لێی تێنگەیــن. هەندێک بۆ خۆ دوورخستنەوە لەم گرفتانە پەنا بۆ ئەودیو ئاگامەندی دەبەن. بۆنموونە، لە سایکۆلۆجی شیکەرایەتیدا گریمانەی چاودێری بەکاردەهێنن، کە دەبێت بە هێڵی جیاکردنەوە لەگەڵ نەریت و فەرمانگەی پەساپۆرت دەرکردن و پارەدان و هتد. لەوێوە دوو لایەنە هەڵخەڵەتێنەر و هەڵخەڵەتێنراوەکە دەستنیشــان دەکەن. لێرەدا هاندەرەکان دەبن بە پێکهاتەی ڕاستەقینەی بوونی تاکە کەس. هاندەریش نە ڕاستە و نە درۆ چونکە شتێک نییە بە تەنیا و سەربەخۆ هەبێت. وەکو بوونی ئەم مێزەیە، کە تەنیا ڕاست و ناڕاست نییە، بەڵکــو شتێکە، کە هەیە یان ڕاســتەقینەیە. هێماکانیش بۆ ئاماژەکردنی هاندەرەکــان لەنێو ئاگامەندییــدا ناوەکین. ترس لە بیرچوونــەوە و خەونەکان، وەکــو وشــە و لا ڕەفتاری درۆزنێــک کۆنکرێتیە. پەیوەندی نێــوان بکەر و ئەم دیاردانــەش لە پەیوەندی نێوان هەڵخەڵەتێنەر و هەڵخەڵەتێنراو دەچێت. جۆرە ڕاستییەک لە ڕەفتار و کردەوەی هەڵخەڵەتینەرەکەدا هەیە؛ بۆنموونە درۆکردنەکە لای هەڵخەڵەتینراوەکە دەبێت بە ڕاســت. هەروەها ڕاســتیش لەنێو بەکارهێنانی هێماکانــدا دەدۆزرێتەوە: ئەمەش زانای ســایکۆلۆجی شیکاری لە دەروونی تاکە کەســەکاندا دەریدەهێنێت و ئاماژەی بۆ دەکــات بەچاودێر دایاندەنێت. کەوابوو، بکەر لە بارەی واتای هەڵوێستەکەیەوە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت. ئەو هەڵوێستە بە شتێکی کۆنکرێتی نەک ڕاستی دادەنیت چونکە ناتوانێت بۆ ئەو پێکهاتە دەروونییەی بگەڕێنێتــەوە، کە بوونێکی جیاوازی هەیــە. فرۆید لەگەڵ دامەزراندنی جیاوازی نێوان 'ئید' و 'ئیگۆ' دا دەروونی کردووە بە دوو بەشەوە.[٣٧] من 'ئیگۆ' و 'ئید' نیم و پەیوەندییەکی تایبەتیشم بەو دیو ئاگامەندیمەوە نییە. من دیاردەیەی دەروونی خۆمم چونکە دیاردە دەروونییەکانم ڕاستەقینەیەکن لەئاگامەندی مندا. بۆ نموونە من دەمەوێت ئەو پەرتووکەی لەسەر ڕەفەکە دانراوە بدزم. من ئەو ئارەزووەم، کە دەیەوێت دزییەکە بکات؛ من ئەو ئارەزووە بەرجەســتە دەکەم و بۆ دزیکردنەکە

٣٦ ئەم چەمکە metastab زاراوەیەکە سارتەر بۆ شێوازی یەکەمی بڕوای خراپ بەکاریهێناوە لە دوو بەش پێک هاتووە (ئەودیو-نەگۆڕ) ؛ بەواتە لەودیو گۆڕانەوە. لەڕاستیدا من نەمزانی چ چەمکێکی کوردی بۆ دابنێم.

٣٧ ئەم دوو زاراوەیەی فرۆیدم وەکو خۆیان داناوە و بۆ کوردیم وەرنەگێڕاون: (ئید) سەرچاوەی حەز و ئارەزووەکانی لەشە؛ (ئیگۆ) خۆیە؛ فرۆید باوەڕی بە بەشی سییەمی دەروونیش هەیە، کە بە (سوپەر ئیگۆ) خۆی بەرز ناوزەدیدەکات .(وەرگێڕ)

دەیخەمەگەر. دزیکردنەکەش، کە من لە ئارەزووەکەمدا دەریدەبڕم بەستراوە بە نەبوونییەوە یان بەرژەوەندی من لەپەرتووکەکەدا، نرخی پەرتووکەکە-لەڕاستیدا پرۆسەیەکە لە ئاکامی خۆ—سزادانەوە پەیدابووە و کەم یان زۆر بە گرێی ئۆدیبەوە بەستراوە.[٣٨] هاندەرەکە بۆ دزیکردن و ڕاستییەکی لەنێو خۆیدا شاردۆتەوە و ئێمە بەلێکۆڵینەوە دەتوانین بیدۆزینەوە. پێوەری ئەو ڕاستییەش کۆمەڵێک فاکتۆری دەروونین، کە دەژمێردرێن. دوا جاریش بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستییە پێویستیمان بەبیریارێکی سایکۆلۆجی شیکەرێتی هەیە، کە دەبێت بە یاریدەدەر لەنێوان ژیانی ئاگامەندی من و هاندەرەکانی ئەو دیو ئاگامەندیم. دەردەکەوێت (ئەوی دی) توانیبێتی لە سەرهەڵدانی تێهەڵکێشەی نێوان بابەتی ئەو دیو ئاگامەندییم و دژەبابەتی ئاگامەندیم کاریگەربێت. من لە ڕێگەی یارمەتیدانی ئەو کەسەوە لە خۆم تێدەگەم. من لە پەیوەندیەکەمدا لەگەڵ 'ئید' لە ڕێگەی ئەو کەسەوە خۆم دەبینمەوە. ئەگەر کەمێک زانیاریم لە سایکۆلۆجی شیکەرێتیدا هەبێت دەتوانم دەروونی خۆم شیبکەمەوە. بەڵام من لەوێدا لە شیکردنەوەکەمدا سەرکەوتودەبم، کە بڕوا بە حەدەسەکان نەکەم و لە دەرەوەدا خۆم ببینم. ئاکامەکانیشی، کە خۆم بەتەنیا یان لەگەڵ یارمەتی کەسێکی دیکەدا پێیان گەیشتوم دڵنیاییم نادەنێ. ئەوان تەنیا زەمینە بۆ سەلماندنی گریمانەیەکی زانستی خۆشدەکەن. گریمانەی "گرێی ئۆدیب"، وەکو بیردۆزەی ئەتۆمی بیرۆکەیەکی ئەزمونگەرانەیە؛ پیەرس لەم بارەیەوە دەڵێت. نابێت خۆمان لەسەرجەمی ئەزموونەکان جیابکەینەوە، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەواندا دەڕوانینە داهاتوو. کەوابوو، سایکۆلۆجی شیکەرێتی لەجیگەی بڕوای خراپ درۆکردن بەبێ درۆکەرەکە دادەنێت؛ بۆم ڕووندەکاتەوە چۆن بەبێ ئەوەی درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم درۆم لەگەڵدا دەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی نێوان ئەو کەسە [شیکەرەوەکە] و من لە پەیوەندی نێوان من و دەروونی خۆم جیاناکاتەوە. دوو لایەنی هەڵخەڵەتێنەر و هەڵخەڵەتێنراو لا دەبات. لەگەڵ دامەزراندنی دوولایەنە دەروونییەکەدا 'ئید' و 'ئیگۆ' بارودۆخی پێویست بۆ درۆکردنیش لەناودەبات. بونیادی بوون—لەگەڵ—ئەواندا بە قوڵی لەنێو دەروونی مندا دادەمەزرێنێت. ئایا ئەم بۆچوونە ئێمە ڕازیدەکات؟ نزیکبوونەوەمان لە بیردۆزەی سایکۆلۆجی شیکەرێتی دەریدەخات ئەم بیردۆزەیە ئەوەندە ئاسان نییە. دانانی 'ئید' بە شت نالەبارە. 'شت' گوێناداتە ئەو بیرۆکانەی باسیاندەکەین، بەڵام 'ئید بە پێچەوانەوە گوێیاندەداتێ، بە تایبەتی لەو کاتەدا دەمانەوێت ڕاستییەک بدۆزینەوە. فرۆید باسی جۆرێک بەرگریکردن دەکات، کە پزیشکێک لە کۆتایی قۆناخی یەکەمدا هەوڵی

٣٨ گرێی ئۆدیب چەمکیکی فرۆیدە بۆ حەزو ئارەزووی جوتبوون لە دەروونی کوڕدا لەگەڵ دایکدا بەکاردێت. فرۆید ئەم چەمکەی لە شانۆگەری ئۆدیبی پاشای سۆفۆکلیسەوە وەرگرتوە، کە ئۆدیب لەو شانۆگەریەدا باوکی دەکوژێت و لەگەڵ دایکیدا هاوسەرێتی دەبەستێت.(وەرگێڕ)

دۆزینەوەی ڕاستی دەدات. ئەم بەرگریکردنە ڕەفتارێکی دەرەکییە: نەخۆشەکە بەرگری دەکات، نایەوێ هیچ بڵێت و زۆر بە جوانی باسی خەونەکانی دەکات، هەندێک جار خۆی لە چارەسەرکردنە دەروونییەکەش دوور دەخاتەوە. دەگونجێت ئەو پرسیارە بکەین، چ بەشێکی دەروونی نەخۆشەکە بەرگری دەکات. ئەو بەشە 'ئیگۆ' نییە، کە بە سەرجەمی فاکتۆرەکانی ئاگامەندی دادەنرێت؛ ئەمەش نامانخاتە گومانەوە بەرانبەر پزیشکەکە، لەوەی واز لە چارەسەرکردنەکە بهێنێت، لەبەر ئەوەی 'ئیگۆ'، وەکو پزیشکەکە بە واتای ڕەتدانەوەکانی گەیشتوە. لەوانەیە 'ئیگۆ' بە گریمانەکەوە ببەستێتەوە، کە لەوەو پێش نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە. ئایا دەتوانین بڵێین، نەخۆشەکە بەو ڕاستییانەی پزیشکەکە ڕۆژانە بۆی دەردەخات، پەرێشان دەبێت و هەوڵدەدات لەناویان بەرێت و لەناخیشەوە دەیەوێت لە چارەسەرکردنەکە بەردەوام بێت؟ لەم حاڵەتەدا ناتوانین بڕوای خراپ بۆ ئەودیو ئاگامەندی بگەڕێنینەوە؛ بڕوای خراپ بە هەموو ناکۆکییەکانییەوە لەنێو ئاگامەندییدایە. بەڵام ئەمە بەرگریکردنەکە نییە، کە پزیشکەکە باسیدەکات؛ بۆ ئەو بەرگرییەکە نهێنیە و لە قولاییدایە، لە دوورەوە دێت؛ ڕەگوڕیشەی لەوێدا داکوتیوە، کە پزیشکەکە دەیەوێت ڕوونیبکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، مەحاڵە بەرگریکردنەکە بۆ ئەو سەرچاوە ئاڵۆزە بگەڕێنێتەوە، کە پزیشکەکە دەیەوێت بیخاتە ڕوو. ئەو سەرچاوە ئاڵۆزە دەستکردی پزیشکەکەیە چونکە پزیشکەکە بە ئاگاوە دەریدەبڕێ و دەیەوێت لە زمانی نەخۆشەکەی دەربهێنێت. تەنیا بە ڕێگەی چاودێریکردن[سانسۆر] ئەو بابەتە ڕەتدەدرێتەوە. لەوێوە لە پرسیارەکان و دۆزینەوەکانی پزیشکەکە تێدەگەین و دەمانەوێت شتێک دەربڕین یان بیشارینەوە. ئێمە لە چاودێریکردنەکەدا دەزانین چی خەفە دەکەین. ئەگەر زمان و میتۆدی سایکۆلۆجی شیکەرێتی ڕەتبدەینەوە بەو باوەڕەش دەگەین، کە چاودێریکردن لەگەڵ هەڵسوڕان بە چالاکییەکەی دەزانێت، چی خەفە کردووە. ئەگەر هەموو ئەو میتافۆر و بیرۆکانەی لە بارەی هێز و دەستەڵاتە نادیارەکانەوە هەن ڕەتبدەینەوە، دەبێت ئەو شتە هەڵبژێرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت چاودێریکردن دەزانێت چی دەکات. ئەگینا چۆن ڕێگە بە جووتبونێکی سێکسی یاسایی دەدات یان برسێتی و تینوێتی و پێویستی بۆ نوستن بە ئاگاوە دەردەبڕێت؟ چۆن دەتوانێت لەوە زۆرتر چاودێری نەکات یان بکەوێتە ژێر فێڵکردنی ئارەزووەکانیەوە؟ تاوانبارکردنی هاندەرەکان بەس نییە. پێویستە ئەو هاندەرەرانە بۆ ئەوەی بیشارێتەوە بناسرێن. بە کورتییەکەی چۆن چاودێریکردن ئەو هاندەرانەی پێویستە خەفەبکرێن جیادەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت جیایکردوونەتەوە؟ چۆن زانین لەبارەی خۆیەوە بێ ئاگا دەبێت؟

بە بۆچوونی ئەلاین، لە زانیندا دەزانیت، کە تۆ دەزانیت. ئێمە دەتوانین لەوەش زۆرتر بڵێین، کە هەموو زانینێک ئاگاییە لە زانین. ئامادەنەبوون و بەرگریکردنی

نەخۆشەکە لە دەربڕینی ئەو شتانەی دەیشارێتەوە ئاماژە بۆ زانین دەکات. هەموو ئەو چالاکییانەی نەخۆشەکە بۆ شاردنەوەی ئەو شتانەی دەیزانێت ئەوە دەگەیەنن، کــە نەخۆشەکە، وەکو چاودێرێک لە خۆی بە ئاگایە. بەڵام ئەو چاودێرە چ جۆرە خۆ–ئاگاییەکــی هەیە؟ دەبێــت ئاگایی بێت لەوەی، کە ئاگــای لە خەفەکردنی هاندەرەکانێتی، کە دەریاندەخات و ئاگاداریان نییە. ئەگەر ئەم چاودێرە لە بڕوای خراپدا نەبێت چییە؟ مادامەکی ســایکۆلۆجی شیکەرایەتی بۆ لەناوبردنی بڕوای خراپ لەنێوان ئاگامەندی و ئەودیو ئاگامەندییدا، ئاگامەندییەکی ســەربەخۆی بۆ بــڕوای خراپ دامەزراندووە، ئەوا هیچی بۆ ئێمە نەکردووە. دامەزراندنی لایەنەکان بۆ دەروون دووان یان ســیان بن (وەکو ئید و ئیگۆ و ســوپەرئیگۆ) کێشەیەکی زمانەوانی و وشەسازییە. شاردنەوەی ڕاستییەک لەخۆ ئەوە دەگەیەنێت ئەو (خۆ)یە یەکەیەکی سایکۆلۆجییە و چالاکییەکی دوو لایەنی هەیە. لە لایەکەوە هەوڵدەدات بەرجەستەی بکات و لە لاکەی دیکەوە خەفەی بکات. هەر یەکێک لەم دوو لایەنەی چالاکییەکە تەواوکەری ئەوی دیکەیە و ئاماژە بۆ بوونی دەکات. بە جیاکردنەوەی ئاگامەندی لە لایەنی ئەودیوی ئاگامەندییەوە زانایانی ســایکۆلۆجی شیکەرایەتی لە جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنەدا ســەرکەوتو نەبوون چونکە لبیدۆ کوێرانە ڕوو لە دەربڕینەکانــی ئاگامەندی دەکات و دیاردەکانی نێــو ئاگامەندیش نەبزێون و ئاکامێکی ساختەیان هەیە. سایکۆلۆجی شیکەرایەتی ئەم دوو لایەنەی ڕەتدانەوە و ڕاکێشانی داوەتە دەست چاودێرکەرەکە.

لەســەرو ئەمەوە، ئــەو یەکێتییــەی ســەرجەمی دیاردەکانی (خەفەکردنی هاندەرەکان و شاردنەوەیان لەژێر دەمامەی هێماکاندا) تێدایە بە تەواوی باسنەکراوە و پەیوەندی نێوان جیاوازییەکان هەڵنەبەســتراوە. چۆن هاندەرێکی خەفەکراو بە جۆرێکی دیکە خۆی دەردەخات ئەگەر: **یەکەم**، بە خۆی نەزانێت، کە خەفەکراوە. **دووەم**، نەزانێت خزێنراوەتە پشتەوە چونکە بەو جۆرەی هەیە نامانەوێت. **سێیەم**، لەبارەی پرۆژەی شاردنەوە و هەڵخەڵەتاندنەکەوە نەزانێت؟

چۆن بتوانین باســی خۆشیەک یان دوودڵی بکەیــن ئەگەر ئاگامەندی لەودیو چاودێرەکەوە ئاگای لە ئاکامەکە نەبێت و هەمانکات، نەزانێت ئەو ئاکامە ئەوەیە، کــە حەزدەکەین بیگەیەنێ یان خۆمانی لێبپارێزیــن؟ فرۆید لەگەڵ دابەشکردنی دەروونــدا زۆری لە خۆی کردووە و لە هەمــوو شوێنێکا یەکێتییەکی جادوگەرانە لەنێو بەشەکان و دیاردە دوورەکاندا دروســتبکات. هاندەرێکی ئەودیو ئاگامەندی بە جادو خەسڵەتی 'خەفەکردن' یان 'تاوانبارکردن' ی پێداوە و ڕەنگاوڕەنگ کراوە و جادوگەرانــەش جۆرێک لە هێماگەری بۆ هێناوینەتە کایەوە. بەهەمان شێوەش، دیاردەکانی نێــو ئاگامەندی لەنێو هێما واتادارەکانــدا ڕازاونەتەوە و بە تەنیاش ئــەو واتایانە بەبێ پەیوەندییان بەڕوونی دەرناکــەون. بێجگە لەم کەموکەرتییە،

جادوکردنەکە ڕێگەی پێکەوەبوونیان لەودیو ئاگامەندییەوە ناگرێت. شوێنکەوتوانی ئــەم بیردۆزەیە نەیــان توانیوە لە بڕوای خراپ ڕابکەن و باســـینەکەن. ئەمەش هانی (شتێـــگل)، زانای ســـایکۆلۆجی لە ڤینس دا، واز لە نەریتی ســـایکۆلۆجی شیکەرایەتی بهێنێت و بنوســـێت، "هەمــوو جارێک لــە توێژینەوەکەمدا ئەوەم سەلماندوە، کە ناوکی دیاردە دەروونییەکان ئاگامەندییە."

هەروەهـــا لەو نموونانەدا، کە لەم توێژینەوەیەدا باســـیاندەکات بڕوای خراپی دۆزیوەتـــەوە، کە فێرگـــەی فرۆید ئاماژەی بۆ ناکات. بــۆ نموونە ژنێک هەیە لە ژیانـــی مێردایەتیـــدا منداڵی نابێت: لەگەڵ هاوســـەرەکەیدا توانیویانە نەک تەنیا ئاڵۆزی کێشـــەکەیان خستۆتە لایەنێکی تاریک و قوڵی دەروونیانەوە، بەڵکو ئەو هەڵوێستانەشیان شاردۆتەوە، کە لە دەرەوەدا دەبینرێن و دەتوانرێت بناسرێنەوە. زۆرجـــار، پیاوەکە بە شتێگل دەڵێت، ژنەکە حەزی خۆی بۆ منداڵ دروســـتکردن دەربڕیوە، کەچی ژنەکە، کە پرســـیاری لـــەو بارەیەوە لێدەکرێت بە توندی ڕەتی دەداتـــەوە و نکۆڵی لێدەکات. لێرە جۆرێک لـــە ڕوخاندن دەدۆزینەوە. بەگوێرەی زانیارییەکـــەی شتێگل دەردەکەوێت، ئەو ژنانەی بە حاڵەتی نەزۆکی گەیشـــتون، لەپێشەوە ئەو خۆشییەی لێی دەترسن، دەڕوخێنن. زۆریان لە کاتی جوت بووندا لەگەڵ هاوســـەرەکانیان بیر لە سێکس ناکەنەوە و بیریان دەبەن بەلای کاروباری ڕۆژانە و ئیشـــی ناوماڵ. ئایا کەس هەیە لێرەدا باســـی ئەودیو ئاگامەندی بکات؟ هێشـــتا، ئەگـــەر ئەو ژنە نەزۆک و ســـاردیش بێت، ئاگایی خـــۆی لەو خۆشییە لەناوبەرێت، ئەوا لەو ڕووەوە لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە و دەیەوێت سارد و سڕیەکە بۆ خۆی بسەلمێنێت. کەسێک بۆ ئەوەی نکۆڵی لە چێژوەرگرتن بکات دەبێت دان بە بوونی ئەزموونی چێژ وەرگرتنەکە بهێنێت. ئەمەش لەخۆیدا بڕوای خراپە. بۆئەوەی ئەزموونەکە ڕەتبداتەوە دەبێت ئەزموونەکەی هەبێت. لێرەدا، ئێمە لەسەر زەمینەی سایکۆلۆجی شیکەرایەتی ناتوانین بمێنینەوە. پەنابردنەبەر ئەو دیو ئاگامەندی و دابەشکردنی دەروون بە ئاکامێکی تەواومان ناگەیەنێت. لەلایەکی دیکەوە لەبڕوای خراپدا چەند هەڵوێستێک سەرهەڵدەدەن، کە لەنێو ئاگامەندییدان. لەبەرئەمە ئەو گرفتەی باسمانکرد هێشتا چارەسەر نەکراوە. ئەگەر بمانەوێت خۆمان لەم گرفتە ڕزگاربکەیـــن، پێویستە لە نزیکەوە باســـی جۆرەکانی بـــڕوای خراپ بکەین. ئەم باســـکردنەش چاکتر ئەو بارو دۆخەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە بڕوای خراپی تێدا پەیدادەبێت؛ ئەو پرسیارەش خۆی دەسەپێنێت و دەبێت وەڵامی بدەینەوە: "ئەو بوونەی مرۆڤ چییە، کە دەتوانێت بڕوای خراپی هەبێت؟"

بیر لەو ژنە بکەوە بۆ یەکەمجار لەگەڵ پیاوێکدا دەچێتە ژوانەوە. ئەو زۆر چاک لە مەبەستی پیاوەکە تێدەگات و دەزانێت زوو یان درەنگ دەبێت بڕیاریشی لەسەر بـــدات. بەڵام بە پێویســـتی نازانێت پەلەی تێدابکات. تەنیـــا بیر لەوە دەکاتەوە

چۆن بەڕێزانە خۆی نیشـــانی پیاوەکە بدات. ئەو نازانێت ئەوەی لەم هەڵوێستەدا دەســـتیدەکەوێت ئێمە بە "یەکەم نزیکبوونـــەوە"ی ناوزەددەکەین. ئەو نایەوێت لە هەڵوێستەکەیدا چوونە پێشـــەوەکە ببینێـــت و حەز ناکات بێجگە لە واتا زەق و دەرەکییەکـــان بیر لـــە واتاکانی ژێرەوەی گفتوگۆی پیاوەکـــە بکاتەوە. ئەگەر پیاوەکـــە بڵێت، تـــۆ زۆرجوانیت، هەموو کاڵایەکی ســـێکسی لەبەر دادەکەنێت و ڕاســـتەوخۆ بە واتایەکی دیکـــەوەی گرێدەدات و خەســـڵەتێکی دیکەی دەداتێ. پیاوەکە، وەکو کەســـێکی ڕاستگۆ و بەڕێز دەبینێت، ئەمەش بۆ ئەو لەو ڕاستییە دەچێـــت، کە مێزەکـــە چواگۆشەیە یان ڕەنگی دیوارەکە شینە. خەســـڵەتەکانی پیاوەکە بەمشـــێوەیە، وەکو خەســـڵەتی شتێک، دەبن بە نەگۆڕ و هەمیشـــەیی. هۆکـــاری ئەمەش لەوەدایە، کە ئـــەو ژنە نازانێت چی دەوێـــت. ئەو دەزانێت چ جـــۆرە حەز و ئارەزوویەک بووە بە هاندەری، بـــەڵام دەربڕینی حەز و ئارەزووی لەبەردەم پیاوەکەدا شەرمەزاری دەکات و دەیترســـێنێت. هەمانکات ڕێزلێنانیش بەسەرنجڕاکێش و خۆش دانانێت، ئەگەر تەنیا ڕێزلێنان بێت و مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نەبێت بۆ ڕازیکردنی خۆی، لەم حاڵەتەدا، دەبێت جۆرە هەستکردنێک هەبێت، کە هەموو کەسایەتییەکەی بگرێتەوە- بۆ نموونە، هەموو سەربەستییەکەی بناســـێتەوە. پێویستە ئەم هەســـتکردنەش ئارەزووبێت و ببێـــت بە بابەتێک بۆ لەشـــی. لێرەدا نایەوێت ئەو ئارەزووە بناســـێت و بزانێـــت چییە. تەنانەت ناوی لینانێت. ناسینەوەکەی لەوێدا دەبینێتەوە، کە ئارەزووەکە ببێت بە پەسەندکردن و ڕێزلێنان و شێوازێکی دیکە وەرگرێت، کە ئەو، وەکو بابەتێکی گەرم یان تەنێک دەرناخات. بەڵام گریمان پیاوەکە دەستی ژنەکە دەگرێت. ئەم هەڵویستە ژوانەکە دەخاتە مەترســـییەوە و داوا لـــە ژنەکە دەکات خێرا بریارێـــک بدات. لانەبردنی دەســـتی لە نێو دەســـتی پیاوەکەدا ئەوە دەگەیەنێت ژنەکە حەزی لە دەستبازی پیاوەکەیە. ئەگەر دەستیشـــی لابەرێت ئەوا کاتە خۆشەکە تێکدەچێت و ژوانەکە دەشێوێـــت. لێرەدا ژنەکە دەیەوێت بڕیاردانەکـــەی خۆی[بۆ لابردن یان لانەبردنی دەستی] دوابخات. ئێمەش دەزانین دوای ئەمە چی ڕوودەدات؛ ژنەکە بەبێ ئەوەی ببینێت دەســـتی لەنێو دەستی پیاوەکەدا دەهێڵێتەوە. لەم حاڵەتەدا بە ڕێکەوت ژنەکە بووە بە هۆش. بوونـــی پیاوەکە، دەخاتە نێو پلەیەکی بەرزی بیرکردنەوە بەســـۆزەکەیەوە؛ باســـی چۆنیەتی ژیانی بەگشـــتی و ژیانی خۆی بەتایبەتی بۆ دەکات. کەســـایەتی خۆی نیشان پیاوەکە دەدات. لێرەدا دەستی لە نێو دەستی گەرمی پیاوەکەدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بڕیار لەسەر لابردنی یان مانەوەی بدات. ئێمە دەڵێین، ئەم ژنە لە بڕوای خراپدا دەژی. چەند ڕێگەیەکیش بۆ مانەوەی بڕوای خراپ دەگرێتەبەر. ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەکانی پیاوەکەی لە هەموو مەبەستێک ڕووتکردۆتەوە و وەکـــو خۆیان دەیانبینێت — کردوونی بە بوون— لەنێو—خۆیدا.

بـــەڵام ڕێگەشی بە خۆی داوە چێژ لە حەز و ئـــارەزووی پیاوەکە وەرگرێت و بە ڕادەیەکیـــش بەو جۆرە بیریلێناکاتەوە، کە هەیە و بە بەشتێکی بەرزی دادەنێت. دواجار، ئەوەندەش نکۆڵی لە بوونی لەشی خۆی دەکات و نایەوێت دەریخات، دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە ئەو لەش نییە. لە دەرەوەی لەشیەوە بیر لە لەشی دەکاتەوە و بەو تەنە نەبزێوەی دادەنێت، کە ڕووداوەکانی بەسەردا دێت بەبێ ئەوەی بتوانێت کاریگەریێتی بەســـەریانەوە هەبێت. چ یەکێتییەک لـــە نێوان ئەم جۆرانەی بڕوای خراپدا هەیە؟ کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و تێهەڵکێش کردنیان هونەرە. هەر چەمکێـــک دابهێنین ئەو چەمکە ئاماژە بۆ دوو خەســـڵەتی بوونی مرۆڤ دەکات؛ مرۆڤ لە یەک کاتدا فاکتۆر و بەرزێتیشـــە. ئەم دوو لایەنەی ڕاستەقینەی بوونی مـــرۆڤ هاوئاهەنگییەک دەردەخەن. بەڵام بڕوای خراپ نایەوێت ببێت بە هۆکاری ســـەرهەڵدانی ئەو هاوئاهەنگییـــە و بچێتە ئەودیو تێهەڵکێشـــەکەیانەوە. بڕوای خراپ لەگەڵ پاراســـتنی جیاوازەکانیان لەیەکچونیشـــیان دەسەلمێنێت. فاکتۆر، وەکـــو شتێکی بەرز دەســـەلمێنێت و بەرزەکەش بە فاکتـــۆر دادەنێت. ئەمەش بەجۆرێک ڕوودەدات، کە تاکە کەس بە ناســـینی یەکێک لەم دوو لایەنە خۆی لە بەردەم لایەنەکەی دیکەشدا دەبینێت. لە هەندێک گوتندا پێکهاتەیەکی سازکراوی بـــڕوای خراپ بەئاســـانی دەدۆزینـــەوە. بۆنموونە لە ناونیشـــانی پەرتووکەکەی جاک چـــاردۆن "خۆشەویستی گەلێک لە خۆشەویستـــی زۆرترە." دەبینین چۆن یەکێتیەک لەنێوان خۆشەویستی و فاکتۆرەکەیدا دروســـتکراوە، "جووتبوونی دوو شت پێکەوە"، هەستەوەری، ئیگۆیزم، هەستکردنی میکانیکی غیرە لای پرۆست، بیرۆکەی جەنگی نێوان دوو سێکسەکە لای ئەدلەر و هتد. هەروەها خۆشەویستی، وەکو هەســـتکردنێکی بەرز، "ڕووباری ئاگرین" ی مۆریکا، نۆســـتەڵجا بۆ ژیانی هەمیشەگی، ئیرۆســـی ئەفلاتون و حەدەسی گەردوونی قوڵ لای لۆرینس و هتد. لێـــرەدا، فاکتۆرەکان لە پیناوی دۆزینەوەی خۆمان لەودیو ســـاتەکانی ئێستاوە جیدەهێڵیـــن. بارودۆخی بوونـــی مرۆڤ لەودیو فاکتـــۆرە دەروونییەکانەوە لەنێو جیهانێکی مێتافیزیکدا دادەنێین. لە لایەکی دیکەوە، ناونیشـــانی شانۆگەریەکەی ســـارمنت "من خـــۆم زۆر مەزن دەبینم"، کە ئاماژە بۆ بـــڕوای خراپ دەکات، بۆ ئەوەی لەنێو چوار دیـــواری فاکتۆرەکاندا زیندانیمان بکـــات لەبەردەم بەرزێتیدا ڕامان دەوەســـتێنێت. ئەم بونیادە لە گوتەیەکی ناوداری دیکەشدا دەبینین: "ئەو بووە بەو شتەی، کە لەپێشـــتر وابوو." یان لە گوتەیەکی دیکەدا، کە پێچەوانەی ئەم گوتەیە دەڵێت، "لە کۆتاییدا ژیانی هەمیشـــەیی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ خودی خـــۆی." ئەم گوتانە دیاردەی بڕوای خراپیان تێدایە. پارادۆکسیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتوە، کە بیرکردنەوە دەهەژێنێت و ڕووبەڕووی شتێکی نادیاری دەکاتەوە.

لەڕاســـتیدا ئەم دیاردەیە ناوەڕۆکی باسەکەمانە. ئەوەی گرنگە بزانین ئەوەیە،

کە ئەمە پێکهاتەیەکی نوێ و بوونیادی بیرۆکەیەکی نوێ نییە؛ بە پێچەوانەوە، وا دانراون تاکو بەردەوام لە ڕوخاندندابن و ئێمە بتوانین هەر کاتێک ئارەزوومان کرد لە حاڵەتێکی ســـروشتی ئێستادا ڕوو لە بەرزێتی بکەین و لە بەرزێتیشەوە بەرەو ئێستا بگەڕێینەوە.

بۆمان دەرکەوت چۆن بڕوای خراپ سود لەو گوتانە وەردەگرێت، کە هەموویان دەیانەوێت ئەوە دامەزرێنن، کە من ئەوەنیم ئێستا هەم. ئەگەر من تەنیا ئەوەبم، کە ئێستا هەم، دەمتوانی بۆنموونە بیر لەوەش بکەمەوە کەســێک بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە ڕەخنەم لێبگرێت و منیش پرسیار لە بوونی خۆم بکەم، بەزۆریش ئەو ڕاســتییە وەربگرم. بەڵام سوپاس بۆ بەرزێتی. من تەنیا ئەوەنیم، کە ئێستا هەم. بەو جۆرەی ســۆزان بە فیگارۆ دەڵێت، "بۆئەوەی بیسەلمێنم من ڕاســتم، پێویستە باوەڕ بەوەش بکەم، کە من کەسێکم دەگونجێت توشی هەڵەکردن ببم." مــن ئەو بوونەم شەرمەزار نابم چونکە بەرزێتی لەبەردەممدایە. دەتوانم لە بوونی خــۆم ڕابکەم. دڕاندنی جــل و بەرگەکەم دەخەمە ئەســتۆی ئەوانەی خەتابارم دەکــەن. بەڵام لایەنی نادیار و تەمومژاوی بڕوای خراپ لەوێدایە من، وەکو شتێک لە بەردەم بەرزێتییەکەمدا ڕادەوەستم. لەم حاڵەتەشدایە لە هەموو تاوابناربوون و خەتایەک ڕادەکەم. ژنەکە خۆی لە هەموو جۆرە حەز و ئارەزوویەک پاکدەکاتەوە، کــە دەبنە هۆکاری شەرمــەزاری. ئەو خۆی بە بوونێکی بــەرز دەبینێت. بەڵام، بــە پێچەوانەوە، "من خۆم زۆر مــەزن دەبینم" بە گۆڕانــی بەرزێتییەکەمان بۆ فاکتۆرەکان دەبێت بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی بیانوەکان لە ئاستی ڕوخان و زەبونیمانــدا. کچێکی نازکەر بەڕادەیــەک هەوڵدەدات بەرزێتیەکە بپارێزێت، کە واتێدەگات ئەو ڕێزلێنانەی پیاوەکــە بۆیداناوە جۆریکە لەو بەرزێتییە. بەڵام ئەو بەرزێتیە دەچەقێنێت و فاکتۆرەکانی لە ئێستاوە توند دەیانبەستێتەوە. ڕێزلێنان بێجگە لە ڕێزلێنان چی دیکە نییە. ئەو شتە گیرخواردووەیە، کە لەوە زیاتر نابێت بە شتێکی دیکە.

ئـەم چەمکە (metastable) ەی "بەرزێتی—فاکتــۆری" یەکێکە لە ئامێرە بنەڕەتییەکانــی بڕوای خراپ، بەڵام تاکە ئامێــر نییە. ئێمە دەتوانین دوو لایەنی دیکــەش لەوێدا بدۆزینەوە، کاتێک دەڵێیــن، بوون— بۆ— خۆ لەگەڵ بوون—بۆ— کەسانی دیکەدا خۆی تەواو دەکات. هەموو هەڵوێستێکی من بە دوو چاو دەبینرێت؛ چاوی من و چاوی کەسانی دیکە. لەم دوو جۆرە بینینەدا بونیادی هەڵوێستەکەش گۆڕانی بەســەردا دێــت. بەڵام، وەکو دوایی ڕوونیدەکەینــەوە و هەر یەکێک لەو چاوانــە دەبینین، لەهــەر دوو حاڵەتەکەدا جیاوازی لە نێــوان بوون و دیاردەی بوونمــدا نابینرێت. ڕاســتی بوونم بەو شێوەیە دەناســرێت، کە خۆم دەردەخەم و کەســانی دیکە هەســتی پێدەکەن. ئەوەی من، وەکو بوون—بۆ—کەسانی دیکە

و بوون—بۆ-خـــۆ هەمە، بەردەوام تێهەڵکێشـــەکە هەڵدەوەشێتەوە و لەنێو کایەی ڕاکـــردن و خۆشاردنەوە لـــە بوون—بۆ— خۆوە بۆ بوون—بۆ— کەســـانی دیکە و دیسانەوە بۆ بوون—بۆ—خۆ دەمهێڵێتەوە. هەروەها ئەو بوونەشمان لە ناوەڕاستی جیهاندا لـــە ڕێگەی ژنەکەوە بینی. بـــۆ نموونە، گۆڕانی بوونمـــان بۆ بابەتێکی نەبزێـــو، وەکو بابەتەکانی دیکە تاکـــو خۆی لە چالاکییەکان و خۆ خەریکردن بە جیهانەوە بدۆزێتەوە و هەوڵنەدات پرۆژە و ئەگەرەکانی خۆی دابهێنێت. با بیر لەو تێهەڵکێشـــراوانە بکەینەوە، کە ئاڵوز و تەمومژاوین و کاریگەرێتییان بەسەر ئەم جۆرە لە خۆ دهرچوونە کاتیيانەوە هەیە. جەخت لەســـەر ئەوە دەکەین، کە من ئەوەم هەیە (مرۆڤێک لە قۆناخێکدا دەوەســـتێت و ئامادەی گۆڕان نییە)هەروەها من ئەوە نیـــم، کە هەم (مرۆڤێک نکۆڵی لە خەتاکانـــی ڕابردووی دەکات چونکە باوەڕی بە سەربەســـتی و داهێنانی بەردەوام هەیە.) ئێمە دەبێت مامەڵەکردنمان لەگـــەڵ بوونی مرۆڤدا لەســـەر ئەم زەمینەیە بێت، کە ئـــەم بوونە ئەوەیە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە. چی بۆ بوونی ئەم چەمکانە پێویستە و ئاگامەندی چۆن دەیانناســـێت؟ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا لەبیرۆکەی (دڵسۆزی) کە دژەبابەتی بڕوای خراپە، یارمەتیمان دەدات لەم کێشەیە تێبگەین. لە ڕاستیدا، دڵسۆزی داواکارییە نەک حاڵەت. ئایا چی لە دڵسۆزییدا وەدەست دێت؟ پێویستە مرۆڤ بوون— بۆ— خۆ بێت و ئەوە بێت، کە هەیە. بەڵام ئایا ئەمە پیناسە بۆ بوونێک—لەنێو— خۆدا نییە؟ باســـی یاسای ناســـنامە (خۆیەتی) ناکات؟[٣٩] بۆ ئەوەی چەمکی بڕوای خراپ بۆ ســـاتێکیش بێت ئێمە هەڵفریوێنێت و پاکی "دڵە ڕەوانەکان" (بۆ نموونە لە نوســـراوەکانی گید و کیسیل دا باسکراون) بەســـەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا بسەپێنرێت، نابێت بوونی مرۆڤ بە یاسای ناسنامەوە ببەستینەوە. بوونی مرۆڤ نابێت ئەو شتە بێت، کە هەیە، بەڵکو پێویستە ئەو شتە ببێت، کە هێشتا پەیدا نەبووە. واتای ئەمە چییە؟ ئەگەر مرۆڤ ئەوە بێت، کە هەیە بۆ هەمیشە، بڕوای خـــراپ ڕوونـــادات و پاکیش نابێت بەنموونەیەکی بەرز بـــۆ ئەم بوونە. بەڵام ئایا مرۆڤ ئەو بوونەیە، کە هەیە؟ یان بەگشتی چۆن دەبێت بەوەی هەیە لە کاتێکدا ئـــەو ئاگامەندە؟ ئەگەر دڵسۆزی و پاکی ببـــن بە بەهای هەمەکی، ئاشکرایە ئەو گوتەیەش، کە دەڵێت "پێویستە تۆ چۆنیت هەر وابیت" نابێت بە بناخەی حوکمدان و ئـــەو چەمکانەی من لەبارەی بوونی خۆمەوە بەو جۆرەی هەم، بەکاریاندەهێنم. ئەو تەنیا نابێت بە نموونەیەکی بەرز بۆ زانین، بەڵکو نموونەیەکی بەرزیشـــە بۆ

---

٣٩ یاسای ناسنامە یان خۆیەتی یەکێکە لە یاساکانی بیرکردنەوە لە لۆجیکی ئەریستۆدا. جەخت لەسەر سەلماندنی ڕاستی فاکتۆر یان بوونێک دەکات و دژی ڕەتدانەوەی ئەو ڕاستییە ڕادەوەستێت. بۆ نموونە ئەو کاتەی دەڵێین (بەفر سپیە) ئێمە لەم دەستەواژەیەدا ناسنامەی (بوون بە سپی)مان بە بەفر داوە و ناکرێت هەمانکات بڵێین بەفر سپی نییە. (وەرگێڕ)

بوون. پێشـــنیاری یەکسانییەکی ڕەهای بـــوون لەگەڵ خۆیدا دەکات. لەم ڕووەوە پێویستە ببین بەوەی هەین. بەڵام لە کاتێکدا بەرپرسین لەوەی بەردەوام خۆمان دروستبکەین، ئایا دەبێت ئێمە چی بین؟

بیـــر لەو لاوە دەکەینەوە لە قاوەخانەیەکـــدا کاردەکات. ئەو خێرا کاردەکات، هەندێـــک جـــار لەســـەرخۆ و جـــاری دیکـــە بە پەلـــە دێت و دەچێـــت. خۆی دادەنەوێنێتـــەوە. دەنـــگ و چاوەکانـــی ئەوەندە خەم و ئـــارەزووی بۆ داواکاری کڕیارەکـــان دەرنابڕێـــت. دواجـــار، بەســـینییەکەوە بـــە پەلـــە دەگەڕێتـــەوە. هەڵوێستەکانـــی بۆ ئێمە، وەکو یاریکـــردن دەردەکەون. جوڵـــە و هاتوچۆکەی میکانیکـــی و دووبارەبوونەوەیـــە. تەنانەت دەنگ و دەموچـــاوی و جوڵانەکەشی میکانیکیـــن. ئەو یاریدەکـــات. بەڵام چ جۆرە یارییەک؟ بۆ باســـکردنی یارییەکە پێویســـت ناکات زۆر تەماشای بکەین. ئەو یـــاری بوون بەخزمەتکار لە قاوەخانە دەکات. ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە. یاریکردن جۆرێکە لە دەستنیشانکردن و گـــەڕان بـــە دوای شتەکانـــدا. منداڵێک بۆ ئەوەی لەشی خۆی بناســـێت یاری پێدەکات. خزمەتکارەکەش لە قاوەخانەکەدا یاریدەکات تاکو هەســـت بە حاڵەتی بوونـــی خۆی، وەکو خزمەتکار بکات. ئەم لێپرســـینەوەیە لەوەی بازرگانەکانیش جیـــا نییە. هەموویان لە حاڵەتی ئاهەنگ گێڕاندا دەژین. خەڵکی داوایان لێدەکان بـــەو جۆرە خۆیان دەربخـــەن. بەقـــاڵ، درومانکەر، جارچی نێـــو مەزاتخانە بۆ ڕاکێشانی کڕیارەکان بە لای خۆیاندا سەمادەکەن. ئەوان کڕیارەکانیان بەو باوەڕە دەگەیەنـــن، کە بێجگە لە بەقـــاڵ و درومانکەر و جارچی هیچی دیکە نین. ئەگەر بەقاڵەکـــە خـــەون بە شتێکی دیکـــەوە، بێجگە لە بەقاڵی ببینێـــت، کڕیارەکەی دڵگـــران دەبێت. کۆمـــەڵ داوای لێدەکات وەکو چۆن ســـەرباز دەبێت کارەکەی ســـەربازی بێت، ئەمیش بەقاڵی بکـــات. بێگومان، ئەگەر لەوە بترســـین مرۆڤ دەتوانێـــت ڕابکات و خۆی دەرباز بکات، گەلێک ڕێگە بـــۆ زیندانی کردنی لەنێو ئـــەو حاڵەتەدا، کە تیایەتی و لەو بوونەدا، کە هەیە، دەدۆزرێتەوە. لەم حاڵەتەدا و لەنێـــوەوە خزمەتکـــاری قاوەخانەکـــە، ڕاســـتە و خۆ نابێت بـــە خزمەتکاری قاوەخانـــە. بوونی ئەو، وەکو بوونی شوشە مەرەکەبەکە یان پەرداخ نییە. شوشە مەرەکەب شوشـــە مەرەکەبە و پەرداخیش پەرداخە. ئەو دەتوانێت بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە و حوکمی بەســـەردابدات. ئەوە دەزانێـــت: دەبێت کاتژمێر پێنجی بەیانی لەخەو هەســـتێت، پێش کردنەوەی قاوەخانەکە زەوییەکەی پاک بکاتەوە، قۆرییەک چا بخاتە ســـەر ئاگر و هتد. مافەکانی خۆشی، وەکو مافی بەخشـــیش وەرگرتـــن و بوون بە ئەنـــدام لەنێو یەکێتی کرێکاراندا دەزانێت. بەڵام هەموو ئەم چەمـــک و بیرکردنەوانـــە پەیوەندییان بە بەرزێتییەوە هەیـــە و ڕووتکراوەن. ئەو کەســـەی ئەو مافانـــەی هەیە منم، کـــە دەمەوێت ببم بەو کەســـە (گریمان ئەو

خزمەتکارە منم)، هەمانکات ئەوەم، کە هێشـــتا نەبووم. ئەوە ناگەیەنێت من حەز نەکەم ببم بەو کەســـە یان دەمەوێت ئەو کەســـە لە منـــەوە جیاوازبێت. بەڵکو پێوەرێکی گشـــتی لەنێوان بوونی من و ئەودا نییە. بوونی ئەو بۆ من و کەســـانی دیکەش لە 'نوێنەرایەتیکردندایە'. ئەگەر من نوێنەرایەتی ئەو بکەم، من ئەو نابم، وەکو بابەت و خۆ لەیەکدی جیادەبینەوە. ئەوەی لە یەکمان جیادەکاتەوە هیچە. بـــەڵام ئەو هیچە من لە بوونی ئەو دوور دەخاتەوە. من ناتوانم ببم بە ئەو. تەنیا دەتوانـــم دەوری ئـــەو ببینم. بە ئەندێشـــە خۆم بکەم بە ئـــەو. لەبەرئەمە هیچ کاریگەرێتییەکـــم بەســـەر بوونی ئـــەوەوە نییـــە. هەوڵدانەکەشم بـــۆ بوون بە خزمەتکاری نێو قاوەخانەکە بێهودەیە. من، وەکو چۆن ئەکتەرێک دەوری هاملێت دەبینێـــت، دەتوانـــم ببـــم بە ئـــەو. ئـــەوەی هەســـتی پێدەکـــەم خزمەتکاری قاوەخانەکەیە، کە بووە بە بوون—لەنێو—خۆدا. دەردەکەوێت هەســـتانی لە خەو کاتژمێـــر پێنجی بەیانی یان مانـــەوەی لەنێو جێگا تاکـــو درەنگێک، ئەگەرچی لەســـەر کارەکە بە دەرکردنی دەدات هەموو ئـــەرک و مافەکانی هەڵبژاردنی ئەو نەبـــن. لەوە دەچێت ئـــەو خۆی بە حاڵەتێکـــی بەرزتر لەودیو ئـــەو حاڵەتەوە نەگەیەنێـــت. هێشـــتا، گومان لـــەوەدا نییە، کە ئـــەو بەم واتایـــە خزمەتکاری قاوەخانەکەیە. ئەگەر ئەمە بەمشێوەیە نەبێت، ئایا نەیدەتوانی خۆی بە دیپلۆمات و ڕۆژنامەنـــوس دابنێت؟ بـــەڵام ئەگەر من خزمەتکارێکـــی قاوەخانەکە بم، ئەوا نابێت بە بوونێکی— لەنێو— خۆ دابنرێم. من، وەکو خزمەتکار هەم، هێشتا بوونم ئـــەو شتەش نییە، کە ئێستا هەیـــە. بێجگە لەمە، ئێمـــە مامەڵە لەگەڵ چەند شێوازێکی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەکەین؛ من هەرگیز یەکێک لە هەڵوێستەکان و کردەوەکانم نیم. قسەزانێکی چاک ئەو کەســـەیە قسەی چاک دەکات چونکە ئەو قسەکردن نییە. ئەو خوێندکارەی گوێگرە و چاوەکانی دەخاتە سەر مامۆستاکەی و گوێدەگرێـــت ئەوەندە خـــۆی بەم نواندنەوە خەریک دەکـــات، لە کۆتاییدا وای لێدێت گوێـــی لەهیچ نەبێت. ئەگەر بەردەوام گـــوێ نەدەمە لەشم و کردەوەکانم دەبێـــت بەوەی ڤالیری بە "ئامادەنەبوونی پیـــرۆز" ناوزەدی دەکات. ناتوانم بڵێم بەوجۆرەی "ئەو پاکەتە شقارتەیە لەســـەر مێزەکەیە" مـــن لێرەم یان لێرە نیم. ئەمەش بوونم—لەنێو—جیهاندا لەگەڵ بوونم— لە ناوەڕاستی جیهاندا ئاڵۆزدەکات. من نەدانیشـــتوم و نەڕاوەســـتاوم؛ ئەمە لەشم توشی ئاڵـــۆزی دەکات. لە هەموو لایەکـــەوە لە بوون ڕادەکـــەم و کەچی هەم. بیر لەو شێـــوازی بوونە بکەوە، کە تەنیا منی تێدام: من خەمبارم. لەوانەیە کەســـێک بۆی بچێت من خەمبار بم، لەو شێـــوازەی بوونەدا، کە هەم. ئایا خەمباری بێجگە لەو یەکگرتنە مەبەســـتدارەی سەرجەمی هەڵسوێتەکانم دەردەخات چییە؟ خەمباری واتای ڕوانینێکی دێزی من بـــۆ جیهـــان دەخاتەڕوو. شان تەســـککردنەوە و ســـەردانەواندن و بێزاری لەشم

دەستنیشـــاندەکات. بـــەڵام لەم حاڵەتانـــەدا نازانم، کە دەتوانم لـــەم شێوازەدا بەردەوام بم یان نا. ئایا ئەو کاتەی کەسـێک دەبینم سـەری بۆ بەرزناکەمەوە و ڕوویەکـــی خۆشی نادەمێ؟ خەمبارییەکەم بۆ ئەو کاتەی ئەو دەڕوات دوا ناخەم؟ ئایـــا خەمبـــاری هەڵوێست نییە؟ ئایـــا جۆرێک لە ئاگایی نییـــە؟ لێرەدا ناڵێین خەمباری ئەوەیە کەسـێک خۆی خەمبار بکات؟ گرنگیش نییە هۆکارەکەی چییە و بۆچـــی خەمبار دەبین. ئـــەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئـــەو ئاگامەندییەی خۆی توشی خـــەم دەکات، ئاگاییەکـــی خەمبارانەیە. بەڵام دژوارە لە سـروشتی ئەو ئاگامەندییـــە تێبگەیـــن؛ بوونـــی خەمبـــار ئەو هەبـــووە ئامادەکـــراوەی، وەکو پەرتووکەکـــە نییە بیـــدەم بە خۆم یان بیـــدەم بە هاوڕێیەکم. من خەسـڵەتی کاریگەرێتیـــم لەســـەر بوونی خۆم نییە. ئەگەر من بڕیار لەسـەر خەمباری خۆم بـــدەم دەبێت، لە توانامـــدا هەبێت ئەو خەمبارییە لەنێو فایلـــدا دانێم و نەتوانم دروســـتی بکەمەوە. ئەو حاڵەتەش نییە پاش ڕوودانێک لەنێو لەشمدا ڕوودەدات. هێزی بـــەردەوام لەنێو ئاگامەندییدا نییە. ئەگەر مـــن بمەوێت خۆم خەمباربکەم لەبـــەر ئەوەیـــە، کە خەمبار نیـــم. بوونم، وەکو بوونێکی خەمبـــار بەم کارە لە دەســـتی من ڕادەکـــات. بوونێکی—لەنێو—خـــۆی خەمبار بـــەردەوام دەبێت و هەمانکات دەبێت بـــە دێوزمەی ئاگاییم لەو بوونەی، کە خەمبارە و بەهایەکیش، کە من هێشـــتا هەســـتم پێنەکردوە. ئەو بوونەی واتا بەخشی خەمەکەمە نابێت بـــە پێکهاتـــە بۆ شێوازی بوونی. دەشێت کەسـێک بڵێـــت، ئاگامەندیم بە لای کەمـــەوە بابەتەکەی هەرچی بێت یان هەر حاڵەتێکـــی ئاگامەندانە بێت، شتێکە هەیە. بەڵام چۆن خەمبـــاری و ئاگاییم لە خەمباری لەیەکدی جیابکەینەوە؟ ئایا هەردووکیان یەک شت نین؟ ئایا ڕاستە بڵێین ئاگامەندیم شتێکە هەیە؟ هەمانکات پێویستـــە لە بیرمان نەچێت بەو جۆرەی هوسـرڵ بۆی دەچێـــت، ئاگامەندیم لە بنەڕەتـــەوە بەرانبەر کەســـانی دیکە، وەکو شتێکی ئامـــادە نەبوو دەردەکەوێت. وەکـــو بابەتێـــک واتای هەموو هەڵوێســـت و کردەوەکانمـــی هەڵگرتبێت هەیە و ئامادەیە. هەروەها هەمیشـــە و ئامادە نییە چونکە لە ئاســـتی حەدەسی ئەوانی دیکەدا، خۆی وەکو سەربەســـتییەکی هەمیشەیی دەردەخات، کە بوونی پرسیاری لەبـــارەوە لێدەکرێت. کاتێک پیرۆ چاو دەبڕێتە من، دەزانم تەماشای من دەکات. چاوەکانی خستۆتە ســـەر لەشم. لەشم لەنێو جیهاندایە. بابەتێکە هەیە. هەروەها فاکتۆرێکە لەنێو جیهاندا. واتـــای تەماشاکردنەکەی لەنێو جیهاندا نییە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەرێشـــانبوونی من. هەرچەنـــدە زەردەخەنەی بۆ دەکەم، بەڵێن دەدەم یـــان هەڕەشە دەکەم، بـــەڵام هیچ شتێک ڕەزامەندی یان حوکمدانەکەم بۆ دەســـتگیرناکات. ئەوە شتێکە دەکەوێتە ئەودیو من و لە هەڵوێستەکەمدا هەستی پێدەکەم. ئەمەش وەکو مامەڵەکردنی کرێکاریک لەگەڵ ئامێرەکەی بەردەســـتیدا

نییە. ڕەتدانەوەکانم لە ئاستی کەسانی دیکەدا، کە دەبن بە پرۆژەکانم تەنیا بۆ من نین. ئەوان دەبن بەنوێنەری بوونم و چاوەڕوان دەکەن بە دڵسۆزییەوە یان نا دڵسۆزانە بخرێنە گەر. فاکتۆری بوون—لەنێو—خۆی ئاگامەندی کەسانی دیکەی لەنێو ڕەتدانەوە و سەربەستیدا دەرخستوە. ئاگامەندی کەسانی دیکە، وەکو نەبوونە؛ لە بوونی—لەنێو— خۆدا "ئێستا و لێرەدا"شتێکە، کەنەبووە. ئاگامەندی کەسانی دیکە ئەوشتەیە، کە نییە. ئاگامەندی من، وەکو ئاگامەندی کەسانی دیکە نییە. مادامەکی بوونی ئەو ئاگامەندانەیە، کەوابوو شتێکە هەیە و خۆی دروستدەکات. خۆ دروستکردن بەردەوامی بە بوونی دەدات. پێویستە ئاگامەندی ببێت بە بناخەی بوونی خۆی و لەسەر بوونێکی دیکە خۆی ڕانەگرێت. لەناخی خۆگەرایەتیدا بوونی خۆی دەپارێزێت، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونێک لەنێویدا جێنشین بووە، بەڵام ئەو بوونە هیچە: ئاگامەندی ئەوە نییە، کە هەیە. لەژێر ئەم بارودۆخانەدا گرنگی دڵسۆزی بێجگە لەوەی شتێکە ناتوانین دەستمان بکەوێت چی دیکە نییە. واتاکەشی لەگەڵ بونیادی ئاگامەندییمدا ناکۆکە. بۆ ئەوەی دڵسۆز بیت، دەبێت ببیت بەوەی هەیت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، من لە بنەڕەتەوە ئەوە نیم، کە هەم. لێرەدا لە گوتەکەی کانت "ئەوە ئەرکی سەرشانی تۆیە، کەوابوو دەتوانی بیکەیت." تێدەگەین. من دڵسۆز دەبم؛ ئەمە ئەرکی منە و دەبێت هەوڵی بۆ بدەم. بەڵام ئێمە دەمانەوێت بیسەلمێنین بونیادی بنەڕەتی "ئەوە نیت، کە هەیت" مەحاڵە. هەوڵدان بەرەو بوون لەنێو خۆدا یان "ئەوبوونەی هەیە" بێ ئاکامە. ئەمەش لە ئاگامەندی نەشاردراوەتەوە. بە پێچەوانەوە، ئاگامەندی ئەمە دەزانێت و جۆرێکە لە شەرمەزاریش توشی دەبین. بێ دەستەڵاتییەکەمان لە پێکهێنانی بوونمان، وەکو شتێکی هەبوو دیاریدەکات. لێرەدا دەردەکەوێت ئەو کاتەی خۆمان بە بوونێک دادەنێین و لە ڕێگەی ئەزموونێکی ناوەکییەوە یان زانینێکی لەپێشترەوە حوکمی بەسەردا دەدەین، ئەو بوونە ڕەتدەکەین. ڕەتکردنەکەشمان بەرەو بوونێکی دیکە نییە، بەڵکو بەرەو بۆشاییە یان بەرەو نەبوونە.

چۆن ئەو کەسانەی لەگەڵمان دڵسۆز نەبوون تاوانباربکەین یان ئێمە دڵسۆزییەکەمان دەربخەین لە کاتێکدا دڵسۆزی کارێکی مەحاڵ بێت؟ چۆن لە گفتوگۆکردندا دان بە تاوان کردن یان لە تێڕامانێکدا دڵسۆزی دەربڕین، کە ئەو دەربڕینە کارێکی سەرکەوتوانە نییە؟ لە تێڕاماندا دەمەوێت ببم بەوەی هەم. بیر لە بوونی ڕاستەقینەی خۆم دەکەمەوە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت من خۆم، وەکو شتێک دادەنێم؟ پێویست دەکات هاندەر و مەبەستەکانی ئەم کردەوەیەشم دامەزرێنم؟ بەڵام ئەمە دەبێت بە هۆکار و ناچارکردنی حاڵەتە هەڵچوەکانی ئاگامەندیم، وەکو ڕووداوە سروشتییەکان دەیانبینێت. ئایا دەبێت پەردە لەسەر

هاندەرەکان لابەرم، گرنگ نییە توشی حاڵەتی شەرمەزاریشـــم بکات؟

ئایا ئەمە خۆ دوور خستنەوەیەکی ئەنقەست نییە لەوەی من خۆم لەو هاندەرانە ڕازی بووم؟ هاندەرەکان هێزێکی ســـروشتی نین و من خۆم بڕیارم لەسەر داون؟ پێویست دەکات حوکم بەسەر کەسایەتییەکەمدا بدەم؟ ئایا ئەمە شاردنەوەی ئەو زانینـــە لە خۆم نییە، کە چاک دەیزانم؟ حوکم بەســـەر ڕابردوومدا دەدەم و بیر لـــە ئێستا ناکەمەوە؟ بەڵگەی ئەمەش ئەو کەســـەیە بە دەربڕینی دڵسۆزییەکەی دەیەوێت بڵێت، ئەو شتەیە، کە هەبوو. لە ئاستی کاری بەرانبەرەکەشی توڕەیە و ناڕازە. دەیەوێت خۆی لە دڵسۆزییەکەی دوورخاتەوە و بیسەلمێنێت، کە ناتوانێت ببێت بەو کەســـەی پێشـــو. کاتێک دادگا حوکم بەسەر کەسێکدا دەدات سەرسام و توڕە دەبین لەوەی حوکمدانەکە کاردەکاتە ســـەر ئەو کەسە چونکە ئەو کەسە، وەکو خۆی نەماوەتەوە و ئەوە نییە، کە هەستی بە تاوان کرد. هەمانکات داوا لەو کەسەدەکەین خۆی بەو بوونە دابنێت، کە هەستی بە تاوان کرد. کەوابوو، بێجگە لە جۆرێک بڕوای خراپ دڵسۆزی دەبێت چی بێت؟

ئێمـــە ڕوونمان کردەوە، کە لە بڕوای خراپدا مـــرۆڤ ئەو بوونەیە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە؟ ئەم نموونەیە دەهێنمەوە: کەسێکی هاوسێکسخواز زۆرجار توشـــی ئازاری ویژدانی دەبێت. هەموو بوونی لەبەردەم ئەمجۆرە هەســـتکردنەدا ڕادەوەستێت. کەسێک لەپێش وەختەوە لەنێو بڕوای خراپدا دەیبینێت. لەڕاستیدا زۆر جاریش ڕوودەدات هاوســـێکسخوازەکە، لەگەڵ ناســـینەوەی هەڵوێستەکەیدا و ئاشکراکردنـــی کارەکانی ڕەتی بوون بەهاوســـێکسخوازییەکەی خۆی دەداتەوە. حاڵەتەکـــەی خۆی بە جۆرێکی دیکە، وەکو ڕێکەوت یان بەد بەختی دەردەخات. هەمـــوو هەڵەکانی لەنێـــو ڕابردوودا دادەنێت. بەو شێوە جوانەش باســـدەکرێت، کە ژن پێی ڕازی نییە. ئێمـــەش گەڕانێکی ئۆقرەنەگری تێدادەدۆزینەوە. لێرەدا، بـــە دڵنیاییەوە مرۆڤێک بە بـــڕوای خراپەوە دەبینیـــن و ڕەفتارەکەشی شیاوی گاڵتـــە پێکردنە چونکە لە فاکتۆرەکانـــی ژیانیەوە خۆی بە ئاکامەکە ناگەیەنێت. هاوڕێکەشی، کە زۆر ڕەخنەی لێدەگرێت، لەم خۆ هەڵخەڵەتاندنەی بێزاردەبێت.

هاوڕێ ڕەخنەگرەکە پرســـیاری سەبارەت یەک شت لێدەکات—لەوانەیە خۆشی وادەرخات، کە چاوی لە کێشـــەکە پۆشی بێت: ئەویش ئەوەیە، کە ئەو کەســـەی هەســـت بەتاوانکـــردن بکات تاوابنـــارە. مرۆڤە هاوســـێکسخوازەکە بە ئاشکرا—فشـــەکەرانە یان کەم ڕێزانە دەڵێت: "من هاوســـێکسخوازم". ئێمەش دەپرسین: کێ بڕوای خراپی هەیە؟ هاوســـێکسخوازەکە یان ئەو کەســـەی خۆی بە دڵسۆز دادەنێت؟ مرۆڤە هاوسێکسخوازەکە، هەڵەکانی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام بە هەموو توانایەوە دەیەوێت ئەو بۆچوونە لەناوبەرێت، کە ئەو هەڵانە دەکات بە پێکهاتەی بوونی. ئەو نایەوێت، وەکو شت بناســـرێت. ئەو بیرۆکەیەی لە لایە، هەر چەندە

زۆر ئاشکــرا نییـــە و بەو جۆرە نییە، کە مێزەکە میزە و کەســێکی قژ زەرد قژ زەردە. هاوســێکسخواز هاوســێکسخواز نییە. وا دەزانێت بە باسکردن و دان نان بە هەڵەکانیدا لەو هەڵانە ڕزگاریدەبێت. تەنانەت هەســتدەکات بەم کارە دەروونی خۆی پاکدەکاتەوە و وەکو مرۆڤێکی تازە لە دایکبوو ژیان دەستپێدەکاتەوە. ئایا ئـــەو بە هەڵەدا چووە؟ ئایا ئەو هەڵوێستێکی بنبڕ نەکراوی ڕاســتەقینەی بوونی مرۆڤ ناناســێتەوە؟ هەڵوێستەکەی ڕاستی ناشارێتەوە. بەڵام، هاوکات پێویستی بـــەو لە دایکبوونەوەیە و ڕاکردنە[لە ڕابردوو] بـــۆ ژیان هەیە. بۆ ئەوەی خەڵکی حوکمی بەســـەردانەدەن خۆی بە دەستەوە نادات. کەوابوو، یاری بە وشەی بوون دەکات. ئەو ڕاســتە ئەگەر لەم گوتەیە "من هاوسێکسخواز نیم" بەو واتایەی "من ئەوە نیم، کە هەم" تێگەیشتبێت. ئەو دەتوانێ بڵێت، "تاکو ڕادەیەک ڕەفتارەکانم، وەکو ڕەفتاری هاوســێکسخوازێک پێناســدەکرێن و من هاوسێکسخوازم". لەبەر ئەوەی تاکو ڕادەیەک ڕاســتەقینەی مرۆڤ بەو ڕەفتارانە ناناســرێت، کەوابوو من هاوســێکسخواز نیـــم. بەڵام ئەو بە جۆرێکی دیکە مامەڵـــە لەگەڵ وشەی 'بوون' دا دەکات. واتای نەبوونی بـــە "نە-بوون—لەنێو—خۆدا" لێکدەداتەوە. بانگەشەی "نە-بوونـــی هاوســێکسخوازی" دەکات. ئەمـــەش وەکو ئەوە وایـــە بڵێین، ئەو مێـــزە شوشەی مەرەکەب نییە. لەم ڕووەوە ئەو کەســـە لە بڕوای خراپدا دەژی. مرۆڤە دڵسۆزەکە لە بەرزێتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بێ ئاگا نییە. ئەو دەزانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی چ کاتێک ڕووی تێبکات. ئایا هاوسێکسخوازەکە یەکەمجار بە ناوی دڵسۆزییەوە و دووەمجاریش، بە ناوی سەربەســتییەوە، نایەوێت بانگەشەی هاوســێکسخوازی خۆی بکات؟ ئایا بەمە کەسەکەی بەرانبەری ناگەیەنێتە ئەوەی چاوی لێبپۆشێ؟

چ ڕوودەدات ئەگەر ئەو کەسەی بانگەشەی هاوسێکسخوازی دەکات، نەتوانێت واز لە هاوســێکسخوازی بهێنێت و بەرەو سەربەســتی و بڕوای چاک بڕوات؟ ئەو کەســـەی ڕەخنەی لێدەگرێــت داوای واتای ئەو گوتەیـــەی لێدەکات، کە دەڵێت، "لەگەڵ دان نـــان بە هەڵەکانتدا نیوەی لێبوردنەکـــەت بردۆتەوە." ڕەخنەگرەکە دەڵێت، تاوانبارەکە بۆ ئەوەی، وەکو شت مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت خۆی دەکات بە شت. ئەم ناکۆکییەش لەنێو پێکهاتەی دڵسۆزییدایە. کێ ناتوانێ بزانێت گوتەی "ئەو هاوسێکسخوازە" چەند کەسانی دیکە تووڕە دەکات و چۆن دڵنیابوونێکیش بە من دەبەخشێت؟ ئەمە هاوسێکسخوازەکە دەکات بەشت و ئاواتی ڕەخنەگرەکەش دێتە دی. هاوســێکسخوازەکە دەبێت سەربەســتییەکەی، وەکو شمشاڵێک بداتە دەســت ڕەخنەگرەکـــەی و ڕەخنەگرەکەش، وەکو چـــۆن دەرەبەگێک شتێک بۆ جوتیارەکـــە دەگەڕێنێتـــەوە، ئەویش ئەو سەربەســتییە بۆ هاوســێکسخوازەکە بگەڕێنێتەوە. کەســـە دڵسۆزەکەش لە بڕوای خراپدا دەژی. وا خۆی دەردەخات،

که حوکم دەدات و لەو باوەڕەشدایە سەربەستی، وەکو سەربەستی دەبێت بە شت. لێرەدا تەنیا مردنی ئاگامەندییمان دەستدەکەوێت، کە هیگڵ لە "پەیوەندی نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا" دەریخستوە. کەسێک داوا لە کەسێکی دیکە دەکات بە ناوی ئاگامەندییەوە ئەو بوونە ئاگامەندانەیەی خۆی لەناوبەرێت و هەمانکات، بەو ئومێدەشەوە دەمێنێتەوە، کە پاش ئەو لەناوبردنە جارێکی دیکە لە دایک ببێتەوە. زۆرباشە، دەشێت کەسێک بڵێت، ئەم مرۆڤە مامەڵەی خراپ لەگەڵ دڵسۆزییدا دەکات. لایەنێک دژی لایەنەکەی دیکە بەکاردەهێنێت. پێویستە باسی دڵسۆزی لەنێوان تاکەکاندا نەکەین. لەو دڵسۆزییە بدوێین تاکیک لەگەڵ خۆیدا هەیەتی. بەڵام کی ناڵێت، دڵسۆزی نێوان تاکەکانیش بەهەمان شێوە نییە؟ کێ نابینێت مرۆڤێکی دڵسۆز بۆ ئەوەی لەوە ڕابکات، کە نەبێت بە شت، چۆن لە دڵسۆزییەکەیدا خۆی دەکات بە شت؟ ئەو مرۆڤەی دان بە خراپی خۆیدا دەهێنێت، خۆی بە شتێکی خراپ داناوە و بووە بەو شتەی هەیە. هەمانکات، لەگەڵ دان پێدانانەکەیدا دەیەوێت، لەو بوون بە شتە ڕابکات چونکە ئەو بیر لە بوون بە شت دەکاتەوە و دەتوانێت لەناوی بەرێت یان بیهێڵێتەوە. دڵسۆزییەکەی دەکات بە پێوەر و ئەوەی شیاوی دڵسۆزییە بە کەسێکی خراپەکاری دانانێت چونکە ئەو دەیەوێت بەو دیو خراپە بگات. هەروەها خراپییەکەش چەک کراوە و بووە بە هیچ و سەربەستی ئەو مرۆڤەی بەرانبەر دانراوە. لەم ڕووەوە ئەو مرۆڤە داهاتوویەکی پاک و لە خراپەبەدەر بۆ خۆی دیاریدەکات و ڕێگەش بە خۆی دەدات هەموو شتێک بکات. بەمجۆرە، بنەڕەتی دڵسۆزی لە بنەڕەتی بڕوای خراپ جیاناکرێتەوە. مرۆڤی دڵسۆز بۆ ئەوەی نەبێت بەوەی هەیە، خۆی وانیشاندەدات، کە ئەو شتەیە ئێستا هەیە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات چۆن دڵسۆزی دەبێت بە بڕوای خراپ. ڤالیری ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە و حاڵەتی (ستێندال) بەمشێوەیە دەبینێت. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دڵسۆزی لەگەڵ خۆدا، هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەسە لە خودی خۆی. تاکێک خۆی لە دەستی خۆی بە دانانی خۆی، وەکو بابەتێک ڕزگاردەکات. ئامانجی بڕوای خراپیش، بەو شێوەیەی باسمانکرد، خۆ دوورخستنەوە و خۆ دانانە لە شوێنێکدا، کە کەس دەستی نەیگاتێ. جۆرێکە لە ڕاکردن. لێرەدا بەهەمان شێوە پێناسەی دڵسۆزیمان کردوە. ئایا ئەمە چ واتایەک دەبەخشێت؟

لە کۆتایی شیکردنەوەکەمان بەو خاڵە گەیشتین، کە ئامانجی دڵسۆزی و بڕوای خراپ جیاواز نین. بە دڵنیایشەوە، دڵسۆزی هەیە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و ئێمە لێرەدا بایەخی پێنادەین. من دڵسۆزم، ئەگەر دان بەوەدا بنێم لە ڕابردوودا حەزم لەچی کردووە یان نیازی چیم هەبووە. دەبینین، ئەم جۆرە دڵسۆزییە دروستە چونکە مرۆڤەکە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و بووە بە بوون— لەنێو—

خۆدا. بەڵام ئێمە لەو دڵسۆزییە دەکۆڵینەوە، کە پەیوەندی بە ئێستاوە هەیە. ئایا چ ئامانجێکــی لە دوایە؟ بــۆ ئەوەی دان بە بوونی خۆمدا بنێم، بە خۆم بڵێم من چیــم، لەوانەیە لە کۆتاییدا بمەوێت لەگەڵ بوونمدا خۆم ڕێک بخەم؛ بە واتایەکی دیکــە، بۆ ئەوەی ببــم بە هۆکار بۆ بوونی خۆم، لە شێــوازی بوون— بۆ—خۆدا دەبێــت، ببم بەو بوونــەی "ئەوە نییە، کە ئێستا هەیە". لــە قوڵایی دڵسۆزییدا بــەردەوام خۆمان لەنێو ئاوێنــەدا دەبینین و بەردەوام لەو بوونــەوە، کە هەیە دەبیــن بەو بوونەی، کە نییە و جارێکــی دیکەش لەم بوونەوە دەبینەوە بەوەی، کە هەیە. دیسانــەوە ئامانجی بڕوای خراپ دەبێتە هۆکاری خۆدەرخستنی بوونی مــن، کە هەیە، وەکو بوونێک، کە نییە؛ یان ئەو بوونەی، کە من نیم لە شێوازی ئەو بوونەدا، کە هەیە. لە تەماشاکردنی خۆمان لە ئاوێنەدا هەمان کایە دەکەین. لــە ڕاســتیدا بۆ ئەوەی دڵسۆز بم، پێویستە هەمانکــات ئەو شتە بم، کە هەم و نیم. دڵسۆزی شیوازێکی بوون یان خەســڵەتێکی تایبەتیم نادات، بەڵکو من لە شێوازێکــی بوونەوە بۆ شیوازێکی دیکە دەگۆڕێت. شێوازی دووەمی بوونەکە، کە دڵسۆزی دەیەوێت، سروشتم ڕێگە نادات بیگەمێ؛ لەو کاتەدا هەوڵ دەدەم بیگەمێ و بیر لەوەش دەکەمەوە، کە نەیگەمێ. بەڵام بۆ ئەوەی لە مەبەستی بڕوای خراپ تێبگەم، پێویستە ئەو ســروشتەم هەبێت، کە هانم دەدات لە بوونی خۆم ڕابکەم. ئەگەر بەو جۆرەی بوونی ئەم شوشە مەرەکەبە هەیە، منیش ترسنۆک یان خەمبار بوومایــە، بیرم لە بڕوای خراپ نەدەکردەوە. نەک بە تەنیا نەمدەتوانی لە بوونی خــۆم ڕابکەم تەنانەت بیرکردنەوەش لەو ڕاکردنە ســەریهەڵنەدەدا. ئەگەر بڕوای خــراپ لەگەڵ پرۆژەدا بێتەکایەوە، بەبێ پرۆژەکانیش بوونی من لەگەڵ نەبوونمدا جیانابێتــەوە. بڕوای خراپ هەیە چونکە دڵســۆزی لە لابردنی ئامانجەکەی خۆی بە ئاگایە. ئەمەش بە ســروشتی دڵسۆزییەوە گرێــدراوە. من لەو کاتەدا دەتوانم خۆم بە ترسنۆک دانەنێم، کە بترسم. من نامەوێت ببم بەو کەسە ترسنۆکەی لێی ڕادەکــەم. بەڵام ئەگەر لە شێوازی ئەو بوونەدا، کە نییە ترســنۆک نەبم ئەوا من لە بڕوای چاکدام و دەتوانم بانگەشەی ئەوەش بکەم، کە ناترســم. کەوابوو، ئەم ترســنۆکییە هەســتپێنەکراوە شتێکە، کە نییە؛ ئەگەر منیش نەمەوێت ترسنۆک بم، دەبێت لە ڕوویەکەوە ترسنۆک بم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، پێویستە کەمێک ترسنۆک بم، یان تاکو ڕادەیەک بترسم. نا، من دەبێت بە تەواوی ترسنۆک بم یان بە تەواوی نەترســم. لەم ڕووەوە بڕوای خراپ لەسەر بوونی من، وەکو ئەو شتەی نییە ڕادەوەســتێت؛ واتە جیاوازییەکی هەڵنەســەنگیراو لەنێوان بوون و نەبوونی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا هەیە. بڕوای خراپ تەنیا ڕەتدانەوەی خەسڵەتەکانم نییە و لەوێــدا نییە، کە من بەو شێوەیەی هەم نەبینراوە. بڕوای خراپ بوونی منیش، وەکو ئەو بوونە دەردەخات، کە نییە. من بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ، وەکو ئازایەک

دادەنێت بەبێ ئەوەی من ئازا بم. ئەمەش لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە من ئەو بوونە بـــم، کە نیـــم؛ یان ئەگەر نەبوون لە بوونی مندا، وەکـــو نەبوونیش بوونی نەبێت بێگومان، پێویست ناکات من ئازا بم، ئەگینا بڕوای خراپ نەدەبوو بە بڕوای خراپ. هەروەها لە بڕوای خراپدا ئەو تێگەیشتنە ئۆنتۆلۆجیانەم لە بوونی خۆم هەیە، کە شتێکم هەم و هەمانکات لەڕاستیدا من ئەو شتە نیم. لێرەدا جیاوازی لەنێوان بوونی خەمبارانە و (من لەشێوازی ئەوبوونەدا، کە نییە) نەبوونی—بوونێکی سەربەستانە نییە، کە من دەمەوێت لە خۆمی بشـــارمەوە. لەســـەرو ئەمەوە، پێویستە ئەوەی ڕەتدەدرێتەوە بوونەکە خۆی بێت و خۆی ببێت بە ناوبردنێکی بەردەوام. بەمجۆرە واتای 'نەبوون' بەردەوام دەبەســـتین بە پرسیارکردن لەبارەی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤەوە. ئەگەر من بەو شێوەیەی شوشەمەرەکەبەکە یان مێزەکە هەن ئازا نەبم؛ خۆم لە ترسنۆکییەکەم دووربخەمەوە و دژی ڕاوەستم و نەتوانم بەرانبەر دژەکەی ڕابگرم، ئەگەر من نەتوانم خۆم بە ترسنۆکیش دابنێم و ونکۆڵی لە ئازایەتییەکەم بکەم و لە ترســـنۆکییەکەم ڕابکەم، ئەگەر هاودەمبوونی ترســـنۆک—نەبوونی من و ئازایەتییەکـــەم مەحـــاڵ بووایە، پـــرۆژەی بڕوای خراپ نەدەهاتـــە کایەوە. بۆ ســـەرهەڵدانی بڕوای خراپ پێویستە دڵســـۆزی لەنێو بڕوای خراپدا بێت. مەرجی ســـەرهەڵدانی بڕوای خراپ ئەوەیە، کە ڕاســـتەقینەی بوونی مـــرۆڤ، بەو شێوە ڕاستەوخۆیەی دەردەکەوێت، لە بونیادی کۆجیتۆی پێش تێڕاماندا، ئەو شتە بێت، کە نییە و ئەو شتەش نەبێت کە هەیە.

٢. بڕوا و بڕوای خراپ

ئێمە لەو بارودۆخانە دواین، کـــە یارمەتیمان دەدەن لە بڕوای خراپ تێبگەین و بونیادی ئەو شێوازەی بوونیشـــمان دەستنیشـــان کرد، کـــە لەنێویدا دەتوانین چەمکەکانی بڕوای خراپ دروستبکەین. بەڵام ناتوانین خۆمان بەمانەوە ببەستینەوە؛ هێشـــتا جیاوازی نێوان بـــڕوای خراپ و ناڕاســـتیمان ڕووننەکردۆتەوە. درۆزنێک بـــۆ بەرانبەرەکەی هەر دوو ڕووی ئەم چەمکانـــە بەکاردەهێنێت. ئەم دووڕووەش پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەوە، نەک ئەزمونێکی دیکەوە هەیە. گرفتی ڕاستەقینەی بڕوای خـــراپ لەوەدایە، کە بڕوای خـــراپ بڕوایە. ناتوانین بـــە درۆکردنێکی بێ دەربەست یان بابەتێکی حەدەسی دابنێین. ئەگەر لەو باوەڕەدا بین بڕوا واتایەکی هەیە و ئەو واتایەش سەربە بابەتەکەیەتی، ئەو بابەتەش شتێکی بەردەست نییە و هەمانکـــات دووریش نییە، ئەوا بڕوای خراپ دەبێت بـــە بڕوا؛ گرفتی بنەڕەتی بڕوای خراپیش دەبێت بە گرفتی بڕواکردن. چۆن ئێمە لە ڕێگەی ئەو چەمکانەوە دامانهێنـــان واتای بڕوای خـــراپ بۆ خۆمان ڕوونبکەینـــەوە؟ پێویستە ئەو خاڵە

ڕەچاوبکەیـــن، کە خودی پرۆژەی بڕوای خراپ پێویستـــە بڕوای خراپ بێت. من تەنیا لە کۆتایی هەوڵدانەکەمدا و دەرخستنی دووڕووی چەمکەکان بۆ ڕازی کردنی خۆم توشی بڕوای خراپ بووم. لە ڕاستیدا، من خۆم بەو ڕادەیەی ڕازی بم، خۆم ڕازی نەکردووە. لەو کاتەشدا خۆم لە بەردەم بڕوای خراپدا دانا و لە بڕوای خراپدا بووم. بۆ من ئامادەبوون لە بەردەم بڕوای خراپدا دەبوایە بێ دەربەســـتی بوایە؛ ئەگەر دڵسۆزانەش بڕوات پێی هەبێت، ئەوا لە بڕوای چاکدا دەبێت. کەس ناوێریت بە ئاشکرا بڕیار لەسەر بڕوای خراپ بدات. بڕوای خراپ بڕوای بە خۆیەتی، بەڵام خۆی بە بڕوای خراپ دانانێت، خۆشی ناخاتە ڕیزی بڕوای چاکەوە. ئەمەش لەگەڵ ســـەرهەڵدانی *weltanschauung* بڕوای خراپـــدا ڕوودەدات و هەڵوێستی وەکو دەردەخات.[٤٠]

بڕوای خراپ نەریت و پێوەری بۆ ڕاستی نییە، تاکو بیناسینەوە. ئەوەی بڕوای خراپ بڕیاری لەســـەر دەدات چۆنیەتی ڕاستییە. ئەوەی بڕوای خراپ دەریدەخات ڕاستی و میتۆدی بیرکردنەوە و جۆرێکە لە بوون، کە وەکو بابەتەکانن. خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجیانـــەی جیهان لەبڕوای خراپدا بەمشـــێوەیەیە: بوون لێرەدا ئەوەیە، کە نییـــە و ئەوەش نییە، کە هەیە. لە ئاکامدا ئەو بەڵگەیەی ئاشکرا دەبێت شتێکە ڕازیمان ناکات.

بـــڕوای خراپ بەڵگەکـــە ئاشکرا دەکات، بەڵام پێـــش ئاشکراکردنەکەی خۆی گەیاندۆتـــە ئەو بڕوایەی، کـــە بە بەڵگەکە ڕازی نەبێت و خـــۆی بە بڕوای چاک بگەیەنێـــت. خۆی لـــە پلەیەکی کەمـــدا دەردەخات، بێ ئاگا نییـــە و بڕواش بە بڕیاردان دادەنێت. دوای هەموو حەدەســـێک دەگاتە بڕیاردان و ناسینەوەی بوون بەو شێوەیەی هەیە. کەوابوو، بڕوای خراپ لە سەرەتای پڕۆژەکەیەوە و هاتنە نێو جیهانەوە بڕیار لەسەر داواکارییەکانی خۆی دەدات. ئەم پڕۆژەیە بڕیاردانی بڕوای خراپە لەسەر چۆنیەتی سروشتی بڕواکەی. با ئەوەش بزانین، کە ئەمە بڕیاردانێکی سەربەستانە و بیرکردنەوە نییە، بەڵکو حوکمدانێکی کتوپڕی بوونە. کەسێک بەو جۆرەی دەچێت بخەوێت و خەودەبینێت بڕیار لەســـەر بڕوای خراپ دەدات. بڕوای خـــراپ، وەکو خەو بینینە. کاتێک بڕوای خراپ ڕوودەدات دژوارە ئەو کەســـە بە ئاسانی خۆی لێدەرباز بکات. ئەوەی خەو دەبینێت ناتوانێت خۆی خەبەربکاتەوە و خەوەکەی بپچڕێنێت. بڕوای خراپ شێوازێکی بوونە لە نێو جیهاندا. شێوازێکە، وەکو خەو بینین یان لە خەوهەســـتان خۆی بەردەوام دەهێڵێتەوە. بەڵام بڕوای خراپ بونیادی خۆی دەناسێت. ئەگەر بڕوای خراپ بڕوا بێت و لەنێو پڕۆژەکەشیا ڕەتدانـــەوەی هەڵگرتبێت، ئەوا لەگەڵ دەســـتپێکردنیا ئەو بڕوایەی نایەوێت ڕازی

٤٠ *Weltanschauung* وشەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێکهاتووە: *Welt* واتە جیهان، *anschauung* واتە تێڕوانین.(وەرگێڕ)

بێت پێویستـــه بێتەکایەوە. ئایا بارودۆخە پێویستییەکان بۆ ســـەرهەڵدانی ئەم بڕوایـــە چین؟ لەو بڕوایەدام پیرۆ خۆی بە هاوڕێی من دادەنێت. بڕوا بەمە، وەکو بڕوای چاک دەکەم. من لەم بڕوایەدام، بەڵام بەڵگەیەکی حەدەسیم بۆ سەلماندنی نییە چونکە هاوڕێیەتی بابەتی حەدەس نییە. من تەنیا بڕوا بە هاوڕێیەتییەکەیم؛ خۆم هاندەدەم باوەڕ بەم بڕوایە بکەم و لەســـەر بڕیارەکەم بمێنمەوە. دواجار بەو شێوەیـــە خۆم دەردەخەم، کە دڵنیـــام و گومانم لە هاوڕێیەتییەکەی نییە. بڕوای چاک لێرەدا، ئەو چەمکە ڕاســـتەوخۆیەیە هیگڵ باســـیکردوە. بڕوایەکی سادەیە. هەروەها، هیگڵ ئەوەی سەلماندوە، کە چەمکێکی ڕاستەوخۆ پێویستی بە چەمکێکی ناڕاســـتەوخۆ هەیـــە. بڕوا، بۆ ئـــەوەی ببێت بە بڕوا دەبێت ببێـــت بە نا— بڕوا. ئەگـــەر لەو باوەڕەدابم پیرۆی هاوڕێم منـــی خۆشدەوێت، دەبێت هاوڕێیەتییەکەی لەنێـــو هەمـــوو هەڵسوکەوتەکانیا خۆی بۆ من دەربخات. بـــەڵام ئەگەر بزانم من بـــڕوا دەکـــەم، ئەوا بڕوا دەبێت بـــە چەمکێکی نێو بیرکردنـــەوە و پەیوەندی بە بابەتێکی دەرەکییەوە نییە. لەبەرئەمەش چەمکی 'بڕوا' بەبێ جیاوازی بەکاردێت بۆ شێوازەکانی دیکەی بڕواش دەگونجێت ("بڕوا بە خوا، بڕوام بە تۆیە") و دەبێت بـــە چەمکێکی ڕووتکراوەی نێو بیرکردنەوە. ئایا پیـــرۆ هاوڕێمە؟ نازانم یان لەو بڕوایەدام. لێرەدا لەنێو ئاگامەندییدا چەمکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکە بوون بە یـــەک. بڕواکردن ئەوەیە بزانیت بڕوا دەکەیـــت. بڕواکردنیش لەوێدا کۆتایی دێت، ئەگـــەر بزانیت بڕوا دەکەیـــت. کەوابوو، بڕواکردن بڕوانەکردنـــە. بێگومان لێرەدا بە زۆر باســـی ئەم دیاردەیەمان کردووە چامکی زانینمان بەســـەریا ســـەپاندوە؛ ئاگاییەکی لە بیردۆزە بەدەر زانین نییە. بەڵام شەفافیەتەکەی سەرچاوەی هەموو زانینێکـــە. کەوابوو، ئاگایی لـــە بیردۆزە بەدەری بـــڕوا لەناوبردنی بڕوایە. بەڵام کۆجیتـــۆی پێش تێرامان ئەوە دەســـەلمێنێت، کە بوونی بـــڕوا بە ئاگایی بڕواوە گرێدراوە. بڕوا ئەو بوونەیە پرســـیار لە بوونی خۆی دەکات. خۆی لەناودەبات و بە ڕەتدانەوەی خۆی لەبەردەم خۆیدا ڕادەوەســـتێت. بوونێکە بۆ ئەوەی هەبێت، پێویستە خـــۆی دەرخات، لەگەڵ خۆدەرخستنەکەشـــدا نکۆڵی لە خۆی دەکات. بڕواکـــردن بڕوانەکردنە. ئێمە هۆکاری ئەمـــە دەزانین؛ بوونی ئاگامەندی لەوەدایە هەبێـــت و خۆی ڕەتبکات. لـــەم ڕووەوە ئاگامەندی بەردەوام لە خۆی ڕادەکات و بڕوا دەبێت بەبێ بڕوایی و ڕاســـتەوخۆش بە ناڕاستەوخۆ، ڕەها دەبێت بە ڕێژەی و ڕێژەییش بە ڕەها. نموونەی بڕوای چاک (بڕوا بەوە بکەیت، کە بڕوات پێیەتی)، وەکـــو دڵسۆزییە (ئەوە بیت، کە هەیت)، ئەمەش نموونـــەی بوونە-لەنێو—خۆدا. هەموو بڕوایەک کورت دەهێنێت. کەس ناگاتە بڕوایەکی ڕەها. لە ئاکامدا پڕۆژەی ســـەرەتایی بڕوای خراپ لەناو بردنی فاکتـــۆری ئاگامەندییە. ئەگەر بڕوای چاک مەحـــاڵ بێت، ئەوا هەموو بڕوایەک مەحاڵە. تەواناییم بۆ بڕواکردن بە خۆم، وەکو

کەسێکی ئازا، ورەم کەم ناکاتەوە، چونکە هەموو بڕواکردنێک بڕوانەکردنیشە. ئەم بڕوانەکردنە مەحاڵە بڕوای منە. ناتوانم بۆ ئەوەی بڕوانەکەم لە خۆمی بشارمەوە یان بۆ ئەوەی بڕوانەکەم بڵێم بڕواناکەم. بەڵام لەناوبردنی بڕوای خراپ نابێتە سەرسوڕمان بۆ من چونکە لەناوبردنەکە لەنێو هەموو بڕوایەکدا هەیە. ئەو کاتەی دەمەوێت بڕوا بە ئازایەتی خۆم بکەم من کەسێکی ترسنۆکم. ئەمەش بڕواکەم لەناودەبات. بەڵام یەکەم، من وەکو جاران، کە ترسنۆک بووم ئازاش نیم. دووەم، من نازانم، کە ئازام. خۆ بە ئازا دانانم لەگەڵ بڕواکەدا سەرهەڵدەدات. سێیەم، ڕاستە، کە بڕوای خراپ لەگەڵ ئەو بڕوایەدا نییە، کە کەسێک حەزدەکات هەیبێت. بڕوای خراپ ڕازی بوونە بەوەی بڕوانەکەی، بەوەی بڕوات پێیەتی. بڕوای چاک لە بڕوانەکردن—بەوەی—بڕوات پێیەتی ڕادەکات و خۆی بە بوون دەگەیەنێت. بڕوای خراپ لە بوون ڕادەکات و بڕوانەکردنە-بەوەی—بڕوات پێیەتی. لە سەرەتاوە هەموو بڕواکردنێکمان لە خەسڵەتەکانی داماڵێوە. لە خواستی خۆلەناوبردنەوە، کە زانست ناتوانێت بیسەلمێنێت، بڕواکانی دژ بە خۆ دەڕوخێنین. ئێمە لێرەوە باشتر لە دیاردەی بڕوای خراپ تێدەگەین. لە بڕوای خراپدا درۆکردنی بێ دەربەستانە و خۆئامادەکردنێکی بە ئاگاش بۆ هەڵخەڵەتاندنەکە نابینین. یەکەم هەنگاوی بڕوای خراپ ڕاکردنە لەوەی ناتوانین لێی ڕابکەین، ڕاکردنە لەوەی هەیە. پڕۆژەی ڕاکردنەکەش هەڵوەشاندنەوەی بوونێک لە بڕوای خراپدا دەردەخات. لەبەرئەمە ئەوەی بڕوای خراپ دەیەوێت هەڵوەشاندنەوەیە. لە ڕاستیدا، دوو هەڵوێستە ڕاستەوخۆکەمان بەرانبەر بوون بە سروشتی ئەو بوونەوە و پەیوەندیمان بە بوون—لەنێو—خۆوە بەستراوە. بڕوای چاکیش دەیەوێت لە هەڵوەشاندنەوەی ناخی بوونم، وەکو بوون— لەنێو—خۆ یان ئەو بوونەی هەیە، کە نییە ڕابکات. بڕوای خراپ دەیەوێت بە ڕووخانی بوون لەناوەوە لە بوون—لەنێو—خۆ ڕابکات، بەڵام ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەکە ئاشکراناکات و نکۆڵی لەوەش دەکات، کە بڕوای خراپە. بڕوای خراپ لە ڕێگەی "ئەوە نییە، کە هەیە" لە بوون—لەنێو— خۆ ڕادەکات و دەبێت بەو بوونەی، کە هەیە. نکۆڵی لە خۆی دەکات و دەیەوێت ببێت بە بوون—لەنێو—خۆدا، کە بوونێکە "ئەوە نییە، کە نییە." بڕوای خراپ ڕوودەدات چونکە لە پڕۆژەی بوونی مرۆڤدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامە و لەنێو ئاگامەندییدا شاردراوەتەوە. ئەمەش بە چییەتی ئاگامەندی، وەکو شتێک ئەوەیە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە گرێدراوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانەدا لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئاگامەندی نەک وەکو هەموو لایەنێکی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ، بەڵکو لایەنێکی ناوەکی تیژ، دەکۆڵینەوە.

کەرتی دووەم

بوون-بۆ-خۆ

بەشی یەکەم
بونیادی ڕاستەوخۆی بوون-بۆ-خۆ

١. ئامادەبوونی خۆ

ڕەتدانەوە ئێمەی بە سەربەستی گەیاندو سەربەستی بە بڕوای خراپ و بڕوای خراپیش بە بوونی ئاگامەند، کە پێشمەرجە بۆ سەرهەڵدانی بڕوای خراپ. لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکەمان لە بەشەکانی پێشودا جارێکی دیکە بۆ باسەکەمان لەسەر کۆجیتۆی پێش تێڕامان دەگەڕێینەوە. ئێستا، کۆجیتۆ وەڵامی پرسیارەکەمان بۆ ئامادەدەکات، هەروەها دێکارت پرسیار لە بارەی ڕۆڵی کردەکی کۆجیتۆ بە بەستنەوەی بیرکردنەوە بە گومانکردنەوە دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە کردەکییەی کۆجیتۆ بە دیالێکتیکی بوونەوە نابەستێتەوە، خۆی توشی هەڵەی قوتکردنەوەی ناوەڕۆک کردوە. هوسرڵ ئەم هەڵەیەی ناسیوەتەوە بۆیە لە چوارچێوەی باسکردن نەچۆتە دەرەوە. لەبەرئەمە پێویستە بە بیریارێکی فینۆمینەلیست نەک فینۆمینۆلۆجیست دابنرێت. بۆچوونە فینۆمینە لیستەکەشی هاوسنوری فەلسەفەی ئایدیالیستانەی (کانت)ە. هایدیگەر خۆی لە فینۆمینەلیزم دوور دەخاتەوە چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەرەو فەلسەفەی میگاری و جیا دانانێکی نا– دیالێکتیکی ناوەڕۆک و شیکردنەوەی بوون بەبێ کۆجیتۆمان دەبات. لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە دازاین لە ئاگامەندی دابڕاوە ئەوا هەرگیز ناتوانێت ببێتەوە بە خاوەنی ئاگامەندییەکەی. هایدیگەر خەسڵەتی لە خۆ–تێگەیشتن بە بوونی مرۆڤ دەدات، کە بە پڕۆژەی دەرچوونی لە خۆوە داناوە. بە دڵنیاییەوە من نامەوێت بوونی پڕۆژەکان ڕەتبدەمەوە، بەڵام چۆن تێگەیشتن بەبێ ئەوەی بزانیت، کە تێدەگەیت سەرهەڵدەدات؟ پڕۆژەی چوونە دەرەوەی ئاگامەندی لە خۆوە بەبێ ئەم جۆرە ئاگاییە کوێرانەیەو ڕاستەقینەی مرۆڤیش دەکات بەشت. لە ڕاستیدا، کۆجیتۆ پێویستە خاڵی سەرەتای گەشتەکەمان بێت، بەڵام بەو مەرجە ڕابەریمان بکات، کە ڕەتی بکەین. بۆ بەڕێخستنی توێژینەوەکەمان پرسیار لە بارەی بوونی کۆجیتۆوە دەکەین و دەمانەوێت ئامێرێکی دیالێکتیمان بداتێ و بتوانین بەو ئامێرە لە کۆجیتۆوە بەرەو سەرجەمی بوون دەرچین. با لێرەدا بۆ خۆ–ئاگایی ڕاستەوخۆ [بێ بیردۆزە] بگەڕێینەوەو بزانین بەو جۆرەی دەڵێین، ئاگامەندی ئەو شتە نەبێت، کە هەیە و ئەوەش بێت، کە نییە، چ واتایەک دەبەخشێت.

لە پێشەکی باسەکەماندا گوتمان ئاگامەندی ئەو بوونەیە، کە پرسیار لەبارەی بوونـــی خۆیەوە دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بـــە تەواوی بوونی ئاگامەندی لەگـــەڵ خۆیدا هاوســـەنگ نییە. هاوســـەنگی، کە لە بوونـــە- لەنێو — خۆکاندا هەیـــە ئەو بوونەیە، کە هەیـــە. لەنێو بوون— لەنێو— خـــۆدا هیچ بەشێک دوور ڕاناوەســـتێت؛ دوو لایەنـــی جیاوازی نییە. ئەمەش هانمـــان دەدات ئەم بوونە بە شتێکی نەبڕاوە دابنێین. بوونێکە پڕو وەســـتاو. یاســـای ناســـنامەی [خۆیەتی] بەسەردا ســـاخدەبێتەوە چونکە چارەنوســـێکی نەبڕاوەی هەیە.ئەلف ئەلفە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەلف نەبڕاوەیە و چارەنوسێکی نەبڕاوەشی هەیە. ناسنامە چەمکێکە بۆ سنوردارکردنی یەکێتی ئەو بوونە. ئەوە دەردەخات بوون—لەنێو—خۆ پێویستی بە هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نییە و پێکهاتەکەشی دەبێت بە ناســـنامە. ناسنامە نموونەی (یەک بوون)ە، یەکیش لە ڕێگەی بوونی مرۆڤەوە دێتە جیهانەوە. بوون—لەنێو–خۆ پڕو تەواوە، هیچی دیکەی ناخرێتە سەر. بۆشایی لە بوونیدا نییە و تەنانەت درزێکی بچوکی تێدا نابینرێت تاکو لەوێوە نەبوون خۆی بخزێنێتە ناوی. ئاگامەندی بوونێکی پەستێنراوی نییە. دژوارە بەو بوونە دابنرێت، کە هاوسەنگی خـــۆی بێت. دەتوانم بڵێم ئەم مێـــزە، مێزە. بەڵام ناتوانم بڵێـــم بڕواکەم بڕوایە چونکە بڕواکەم ئاگامەندانەیە. هەندێک کەس لەو باوەڕەدان بیرکردنەوە فاکتۆری ئاگامەنـــدی لەو شتانەدا دەگۆڕن، کە ئاگامەندی ڕوویان تێدەکات. هوســـرڵ لەو باوەڕەدایە ئەو کەسەی (ببینرێت)، ئەو بینینە شێوازی ژیانی دەگۆڕێت. بەڵام لەو باوەڕەدام من سەلماندومە، کە یەکەم مەرج بۆ هەموو تێڕامانێک [بیرکردنەوەیەک] کۆجیتـــۆی پێش تێڕامانە. ئەم کۆجیتۆیە بابەتێک بەرانبەر خۆی ڕاناگرێت؛ لەنێو ئاگامەندیدا دەمێنێتەوە. لە بنەڕەتەوە، کۆجیتۆ خەســـڵەتی لەناوبردنی گەواهێک بۆ ئەزمونەکەی هەیە، هەرچەندە ئەو گەواهە خودی ئاگامەندیشـــە. کەوابوو، لەو کاتەدا باســـی بڕواکـــەم دەکەم یان لە بڕواکەم تێدەگەم، کـــە بڕواکەم بە ڕووتی خۆی دەرنەخـــات و ببێت بە بڕوایەکی گرفت ئامێز. حوکمدانە ئۆنتۆلۆجیەکەمان "بڕوا ئاگاییە لە بڕوا" دەبێت بە دەســـتەواژەیەک، کە تیایدا یاســـای ناســـنامە خۆی دەســـەپێنێت. بار و بارهەڵگرەکە ڕادیکاڵانە دوو شتی جیاوازن و یەکێکیان بەسەردا سەپێنراوە و بە یەک شت دانراون. باشە، کەسێک دەڵێت، ئاگایی لە بڕوا ئاگاییە لە بڕوا. لێرەدا ناسنامەیەک دەدۆززینەوە. بەڵام ڕاست نییە بڵێین، ئاگایی بڕوا ئاگاییە لە بڕوا و ئاگامەندی لە بڕوا دابڕین و بیکەینەوە بە بابەتی ئاگامەندی. ئاگایی لە بڕوا، کە ئاگاییە لە بڕوا لەڕاستیدا دەبێت جۆرە ئاگاییەک بێت لە خودی خۆی. لێرەدا بڕوا دەبێت بە بابەتێکی بەرز و دەرەکی بۆ ئاگامەندی. ئاگامەندیش لە ئاستی بڕواکەدا سەربەســـتانە ڕادەوەستێت. ئەمەش لە بۆچوونەکەی ڤیکتۆر کەزن دەکات، کە گوایە ئاگامەندی دیاردە دەروونییەکان یەکە یەکە باسدەکات و

ڕوونیاندەکاتەوە. بەڵام بەو جۆرەی هوسـرڵ ئاماژەی بۆ دەکات تەنیا لە میتۆدی گومانکارییدا ئاگامەندی دەتوانێت خۆی لەو بابەتانەوە دوور ڕاگرێت، کە دەیەوێت گومانمـان لێبکات. لە تێڕاماندا بابەتەکە دەخەینە نێـو کەوانەوە و لەوێدا ئەوە ڕەتدەدەینەوە، کە هوسـرڵ بە هاوبەشیکردن ناوزەدی دەکات. ئاگایی بڕوا، لەو کاتەدا گۆڕانی بەسەردا دێت، جیاوازی لەنێو خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا نەبینێت. ئەو هەیە تاکو وەکو بڕوا خۆی بناسـێنێت. لێرەدا دەڵێین ئاگایی بڕوا خودی بڕوایە. لە سـەرەتاشەوە ئەم دوو لایەنەی بڕوامان (ئاگایی بڕوا و بڕواش ئاگایی بڕوایە) دەمەزراندوە. هـەر یەکێک لەم چەمکانە دەچێتە ناو ئەوەی دیکەوە و ئاماژە بۆ یەکدی دەکەن، هاوکات لە یەکدییەوە جیاوازن. دەزانین بڕواو خۆشی و چێژ بەبێ ئاگامەندی نین. ئاگامەندی پێوەری بوونیانە. هەمانکات ڕاستیش نییە بڵێین، بڕوا گرفت ئامێزە و لەگەڵ سەرهەڵدانیا لە خۆی ڕادەکات. کەوابوو، ئاگایی بڕوا و بڕوا یەک شتن و ناوەکین. بەڵام ئەو کاتەی بمانەوێت بیگرین لە دەسـتمان ڕادەکات و خۆمـان لە بەردەم دوو شتدا دەبینین. ئاگامەندی تێڕامانە و ناتوانین بیگرین. فەیلەسـوفەکان، لەبەرئەمە، هەوڵیان نەداوە لە بونیادی تێڕامان بکۆڵنەوە و بە شتێکی نەبڕاوە و لەبن نەهاتوو دایانناوە. هەندێکیان، وەکو سپینۆزا، بە بیرۆکەی بیرۆکەی ناوزەدیکردوە. هیگڵ، وەکو گەڕانەوە بۆ سـەرخۆ پێناسـیکردوە و بە نەبڕاوەی داناوە.

بـەڵام دانانی ئاگامەندی بە نەبڕاوە خەسـڵەتی بوون—لەنێو—خۆی دەداتێ. ئەگەر بەمەش ڕازی نەبین و هێشـتا بمانەوێت تێڕامان بە بابەت دابنێین، دەبێت بوونی، وەکو بـوون— لەنێو—خۆ نەبینین یان بەو یەکێتییەی دانەنێین، کە لەنێو خۆیدا دوو شت بێت و بابەت و دژە بابەتی هەڵگرتبێت. بەڵکو پێویستە بەو دوو لایەنە ببینرێت، کە یەک شتن. تێڕامان ئەو شتەیە، کە خۆی دەبینێت.

ئەگـەر بمانەوێت لە سـەرجەمی ئەم دیاردەیە (یەکێتیی ئـەو دوو لایەنەی ئاگایـی لـە بڕوایـە) تێبگەین ڕاسـتەوخۆ ئاماژە بـۆ یەکێک لـەو دوو لایەنە دەکەین. ئـەو لایەنەش یەکێتییە ناوەکییەکەمان پێدەناسـێنێت. بە پێچەوانەی ئەمەشـەوە، ئەگـەر بمانەوێـت لـە سـەرەتایەکی دووەلیستیەوە دەسـت بە گەشتەکەمان بکەین و ئاگامەندی و بڕوا، وەکو دوو شتی جیاواز بەرانبەر یەکدی دابنێیـن، ڕووبەڕووی (بیرۆکەی بیرۆکە)ی سـپینۆزا دەبینەوە. لـەم حاڵەتەدا دیـاردەی پێـش تێڕامـان نادۆزینەوە، کـە دەمانەوێت لە سـەری بکۆڵینەوە. هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵـەی، کە ئاگامەنـدی پێش تێڕامان ئاگایـی ئاگامەندییە لە خۆی. لێرەدا پێویستە لە چەمکی (خۆ)بکۆڵینەوە چونکە ئاگامەندییمان پێدەناسـێنێت. وابۆی دەچین چەمکی (لەنێو—خۆ)، کە لە نەریتی پێشـترەوە وەرمانگرتـوە و بەکارمان هێناوە بۆ بوونێکی بـەرز دانانرێت. لەبەر

ئەوەی (خـــۆ) شتێک نییە لەگەڵ خۆیدا هاوســـەنگ بێت، بە بوونێکی لەنێو—خۆ دانانرێت. بە ســـروشت خاوەنی تێڕامانە و لەزمانی لاتینیشدا ئەم دوو شتە *ejus* و *sui* جیاکراوەتەوە.

چەمکـــی خۆ ئاماژە بۆ ناوی بکەرێـــک دەکات. هەروەها پەیوەندی ئەو بکەرە لەگـــەڵ خۆیدا دەردەخات. ئەم پەیوەندییەش دوو لایەنی هەیە. لە لایەکی ترەوە چەمکی خۆ ئاماژە بۆ بوون، وەکو بار یان بارهەڵگر ناکات. ئەگەر لە دەستەواژەی "ئەو بێزار بووە"، 'ئەو'، کە بارهەڵگرە ڕێگەی بە خۆی داوە لە پشت خۆیەوەشتێک هەڵگرێت. ئەمەش ئـــەوە ناگەیەنێت، کە 'ئەو' تەنیا بارهەڵگرە چونکە بارهەڵگر ناســـنامەی هەیە. لەبەر ئەوەی بارهەڵگرەکەی لە پشـــت خۆیەوە داناوە شتێکی ڕاستەقینەش نییە. لە ڕاستیدا خۆ بە شتێکی ڕاستەقینە دانانرێت.

بکەر خۆ نییە، چونکە بکەر ناســـنامەی هەیە. ئەگەر خۆ خاوەنی ناســـنامە بێت، وەکو خۆ نامێنێتەوە. هەروەها خۆ ئاماژە بۆ بابەتێک دەکات، کە خۆیەتی. کەوابوو، خۆ نوێنەرایەتی دوورییـــەک لەنێو خۆیدا و ئاماژە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا دەکات. خۆی لە ناســـنامە دەپارێزێـــت و بەردەوام ل ەناکۆکی نێوان (ئەو یەکێتییـــەدا دەژی، کە فرەلایەنەکـــان ناگرێتە خۆی و ئەو فرەلایانانەی، کە یەک ناگرن) دەژی.

ئێمـــە ئەم حاڵەتە بـــە ئامادەبوونی خۆ لە بەردەم خۆیدا دادەنێین. یاســـای بوونی (بـــۆ خۆ)، وەکو بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی ئاگامەندی ئەوەیە، کە ئەم بوونە لە بەردەم خۆیدا و لە ئامادەبوونەکەیدا خۆی بێت. ئامادەبوونی خۆ لە بەردەم خۆیدا هەندێک فەیلەســـوفی بەو خاڵە گەیاندووە ئاگامەندی بە بەرزترین هەبوو دابنێن. بەڵام ئەم ئاکامە پاش لێکۆڵینەوە لە واتای ئامادەبوون لەناودەچێت. لە ڕاستیدا، ئامادەبـــوون ئامادە بۆ دوو شت دەکات یان بـــەلای کەمەوە دوو شتی لە یەکدی داپچـــڕاو دەردەخات. ئامادەبوونی بوونیش لە بەردەم خۆیدا دەریدەخات، کە ئەو بوونە لە خۆی جیایە. ناسنامەکەشی لایەنێکی نێگەتیڤی لەنێو خۆیدا هەڵناگرێت. بێگومان یاسای ناســـنامە بەو شێوەیەی هیگڵ باسیکردووە پەیوەندی بە یاسای ناکۆکییـــەوە هەیە. ئـــەو بوونەی هەیە دەبێت ئەو بوونـــە نەبێت، کە نییە. ئەم ڕەتدانەوەیـــە، وەکو هەموو ڕەتدانەوەکانی دیکە، بوونی مرۆڤ دەیهێنێتە کایەوە، نەک دیالیکتیک. ئێمە ئەمەشمان لەپێشـــتر باســـکردووە. هەروەها ئەم یاســـایە پەیوەندی دەرەکی بوون دەردەخات چونکە لە بارەی پەیوەندی بوونەوەیە لەگەڵ ئـــەو شتەدا، کە نییەتی. کەوابوو، ئێمە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە دەرەکییەکانی بووندا دەکەین. ئەو پەیوەندییانەش لە ئامادەبوونیان لەگەڵ بوون— لەنێو— خۆدا و لەنێو جیهاندا بۆ مرۆڤ دەردەکەون. ئەم یاســـایە بە پەیوەندییە ناوەکییەکانی بوونـــەوە گرێنەدراوە؛ ئەم پەیوەندییانـــە لەبەر ئەوەی ئەوی دیکە دەردەخەن بە

تەنیا ناتوانن هەبن. یاسای ناسـنامە ڕەتدانەوەی هەموو پەیوەندییەکە لە ناخی بوون—لەنێو- خۆدا. ئامادەبوون لە بەردەم خۆدا ئەوە دەگەیەنێت درزێک کەوتۆتە بوونەوە. خۆ لەو کاتەدا لە بەردەم خۆیدا ئامادە دەبێت، کە بە تەواوی خۆی نەبێت. ئامادەبوون ڕاستەوخۆ هاودەمی بوون لەناودەبات و ئاماژە بۆ جیابوونەوە دەکات. بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئەو شتە چییە [لە ئامادەبووندا] (خۆ) لە خۆی جیادەکاتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین (هیچە). جیابوونەوە بە هۆکاری دووری لەنێو شوێندا، گۆڕان لەنێو کاتدا، جیاوازییە دەروونییەکان یان بەگشـتی لەنێـوان دوو تاکدا ڕوودەدات، کە پێکـەوەن. بە کورتییەکەی ئەو جیابوونەوەیە هەمیشـە ڕاستەقینەیەکی خەسڵەتدارە. لێرەدا، (هیچ) شتێک ئاگایی بڕوا لە بڕوا جیاناکاتەوە و بڕواش بێجگە لە ئاگایی بڕوا چی دیکە نییە. هەر شتێکی دەرەکی خەسـڵەتدار لە دەرەوەی کۆجیتۆی پێش تێڕامانەوە بچێتەسـەری یەکبوونەکە دەشوێنێت؛ شتێک لەنێو ئاگامەندییدا سـەرهەڵدەدات، کە ئاگاماندی نایناسێت و بوونێکی ئاگامەندانەشی نابێت. ئەوەی بڕوا لە خودی بڕوا جیادەکاتەوە بە تەنیا نابینرێت. ئەو کاتەی بمانەوێت بیناسـین لەناودەچێت و نامێنێت. بڕواش، وەکو شتێکی ناوەکی ڕووت خۆی دەردەخات.

ئەگـەر بمانەوێت خودی بڕوا بناسـین درزەکەش بێ ئـەوەی حەزبکەین لە بەردەممانـدا قوتدەبێتەوە و کە بیریشـی لێدەکەینەوە خۆی وندەکات. کەوابوو، درزەکە ڕەتدانەوەیەکی ڕووتە. دووری لەنێو شوێندا و گۆڕان لەنێو کاتدا و جیاوازییە دەروونییەکـان لایەنـی پۆزەتیڤ و لایەنی ڕەتدانەوەیان ئاسـانە. درزەکە لەنێو ئاگامەندییدا (هیـچ)ە و ناتوانین بیبینین. ئەم ڕەتدانەوەیە، کە هیچە و هەمانکات هێـزی لەناوبردنە نەبوونە. لە هیچ شوێنێکـدا بەم شێوە ڕەوانە نادۆزرێتەوە. لە شوێنەکانی دیکەدا بۆ ئەوەی، نەبوون بناسین ڕوو لە بوون— لەنێو—خۆ دەکەین. بـەڵام ئەو بوونەی لەنێـو ئاگامەندییدا لە دایک دەبێت (هیچ)ە و دروسـتکراوە. بڕوا، بۆ نموونە، پەیوەندی بوونێک لەگەڵ بوونێکی دیکەدا نیشـاننادات؛ بەڵکو ئامادەبوونێکـە لەبـەردەم خۆیدا. ئەگەر بـڕوا بەمجۆرە نەبێـت یەکێتییەکەی بوون—بۆ—خو بەسـەر دوو بوونی— لەنێو— خۆدا دابـەش دەبێت. لە بەر ئەمە پێویستە بوون—بۆ—خۆ هەمانکات نەبوونیش بێت. ئاگامەندی دوور بەرانبەر خۆی ڕاوەسـتاوە، بەڵام ئەم دوورییە (هیچ)ە و نییە. کەوابوو، بۆ ئەوەی (خۆ) هەبێت پێویستـە یەکێتیی ئەم بوونە نەبوونی لەنێو خۆیدا بۆ لەناوبردنی ناسـنامەکەی هەڵگرتبێـت. ئەو هیچەی خۆی دەهاوێتە نێو بـڕواوە هیچە. هیچی بڕوایە لەنێو بڕوادا، کە کوێر و پڕە یان "بڕوایەکی سـادەیە". بـوون— بۆ- خۆ ئەو بوونەیە تاکو ئەو سـاتەی خاوەنی ناسنامە نییە و لەگەڵ خۆیدا هاودەم نییە خۆی بڕیار لەسەر بوونی دەدات.

یەکێــک ناتوانێت نەبوون لــە هەموو شوێنێک یان لە هەمــوو هەڵوێستێکدا وەکو بوون بدۆزێتەوە. بوون— بۆ— خۆ هەمیشــە خــۆی بە جۆرێک دەنوێنێت، کە تێکشــکانی خۆی بە دەســتی خۆی. بێت. ئەم تێکشــکاندنەش بە بوونێکی دیکەوە نابەســتێتەوە؛ بەڵکو لــە تێڕامانی خۆیدایە، لە تێڕامانــی تێڕاماندایە. ئەمــەش جوڵانێکی لە کۆتایی بەدەر نییە و لەنێو یەکێتییەکەی بوون—بۆ—خۆدا ڕوودەدات. جوڵانی لە کۆتایی بەدەر بە ناســینی سەرجەمی لایەنەکانی دیاردەدا دێتەکایەوە، کە لە تێڕامانێکەوە بۆ تێڕامانێکی دیکە بەبێ وەستان دەکەوێتە گەڕ. کەوابــوو، نەبوون ئەم کەلێنەی بوونە، کەوتنی بوون—لەنێو—خۆیە بەرەو بوون—بۆ—خۆ. کەوتنێکە، کە دەبێت بەپێکهاتەی بوون—بۆ—خۆ.

بەڵام نەبوون 'دروست کراوە' و پەیوەندی بە هەڵوێستی لەناوبردنەوە هەیە. ئەم کارە هەمیشــەییەی بوون—لەنێو—خۆ بەرەو ڕوخان دەبات بە کارێکی ئۆنتۆلۆجی ناوزەدیدەکیــن. نەبوون پرســیارکردنی بوونــە لەبارەی بوونــەوە. ئەو بوونەی پرســیارەکە دەکــات ئاگامەندییە یان بوونە-بۆ—خۆ. کاریکــی ڕەهای بوونە لە ڕێگەی بوونەوە دێتە بوونەوە. مادامەکی بوون—لەنێو— خۆ سەرجەمی لایەنەکانی پۆزەتیڤــە، ئەوا بێجگە لە نەبوون، هیــچ بوونێک لە بوونەوە پەیدا نابێت و هیچ شتێکیش بەســەر بووندا لە بوونەوە ڕوونــادات. نەبوون ئەگەری تایبەتی بوونە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەگەرە لەو کارەدا دەردەکەوێت، کە دەیناسێتەوە. مادامەکی نەبوون نەبوونی بوونە، ئەوا بوون دەیهێنێتە کایەوە. لە ڕێگەی بوونێکی تایبەتەوە دروســتدەبێت، کە بوونی مرۆڤە. بوونی مرۆڤ هیچە و بنەڕەتی پرۆژەی نەبوونی خۆیەتی. بوونی مرۆڤ ئەو جۆرە بوونەیە، کە لەنێو بوونیدا نەبوون هەیە.

٢. فاکتۆری بوون—بۆ—خۆ

بوون— بۆ— خۆ شتێکە، کە هەیە. لەگەڵ ئەوەی بوونێکیشــەە، کە نییە یان ئەو بوونەیە، کە هێشتا پەیدا نەبوە، دەتوانین بڵێین هەیە. لێرەدا بیر لە پرۆژەی دڵسۆزی دەکەینەوە. بوون—بۆ—خۆ، وەکو ڕووداو هەیە. ئەم بوونەش، وەکو ئەوەیە مــن دەڵێم فلیپی دووەم هەبوو یان پیرۆی هاوڕێم هەیە یان نییە. بوون—بۆ—خۆ هەیە ئەگەر خۆی ئەو شیوازی بوونەی هەڵنەبژاردبێت. بۆ نموونە، پیرۆ لە ساڵی ١٩٤٢ دەژی و بوژواییەکی فەرەنسییە و سمت لە ساڵی ١٨٧٠ دا لە بەرلین کرێکار بوو. بوون—بۆ—خۆ هەیە ئەگەر [بەبێ خواستی خۆی] فڕێدرابێتە نێو بارودۆخێکی بوونەوە؛ وەکو هەموو ڕێکەوتەکانی دیکە؛ ئەم دیوارە، ئەم درەختە، ئەم پەرداخە یان ئەو پرســیارەی دەیکەین: "بۆچی ئەم بوونە بەمشــێوەیەیە و بەشێوەیەکی

دیکــه نییه؟“هەیە. لەوێدا دەڵێین هەیە چونکە خــۆی نەبووە بەبناخەی ئەوەی هەیەتی و خۆشی نەهێناوەتە نێو جیهانەوە. ئەم بوونە نابێت بە بناخەی خۆی. ئەم هەســـتکردنەش لە هەموو کۆجیتۆیەکدا هەیە. ڕاستەوخۆ لەنێو کۆجیتۆکەی دێکارتدا دەردەکەوێت کاتێک دێکارت دەیەوێت ســـود لەم هەســـتکردنە بکات و خۆی وەکـــو بوونێکی ناتەواو دادەنێت ”چونکە گومان دەکات“. لەنێو ئەم بوونە نا تەواوەشدا بیرۆکەی تەواوکۆیی پەیدا دەبێت و کەلەبەرێک لەنێو بوونی خۆی و ئەو بوونەی بیریلێدەکاتەوە دێتەکایەوە و لە یەکدیان جیادەکاتەوە. ئەم کەلەبەرە یان کەمی بوونە بۆ بوونی خوا دەبێت بە بەڵگەی دووەم. ئەگەر زمانی فەلسەفیی بیریارانی سەدەکانی ناوەڕاســـت بەکارنەهێنین، چۆن ئەم بەڵگەیە دەمێنێتەوە؟ گوایە ئەو بوونەی بیرۆکەی تەواوکۆیی تێدا دروستدەبێت ناتوانێ ببێت بە بناخەی بوون بۆ خۆی. ئەگەر ئەو بناخەیە بوایە ئەوا بوونی خۆی بە تەواوی بە گوێرەی بیرۆکەی تەواوکۆیی دروستدەکرد. بە کورتییەکەی، ئەو بوونەی بناخەی خۆیەتی بە ناتەواوی خۆی دروستناکات.

تێگەیشتنی بوون بە کەم و ناتەواو لە کۆجیتۆدا نا تەواوی ئەم بوونە دەسەلمێنێت. من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم. بەڵام من چیم؟ ئەو بوونەم، کە بناخەی بوونی خۆی نییە. ئەم تێگەیشتنە لە بوون ئەو هاندەرەشە، هایدیگەر بۆ تێپەڕبوونی ئەم بوونە لە شێوازی ناڕەســـەنییەوە بۆ ڕەسەنی باسیدەکات. لەم بوونەدا بەردەوام بانگـــەواز و ئازاری ویژدانی هەیە. لە ڕاســـتیدا، هایدیگـــەر ئاماژە بۆ بناخەیەکی ئۆنتۆلۆجـــی ئاکار دەکات، کە نایەوێـــت خۆی لە قەرەی بدات و مرۆڤایەتییەکەی لەگەڵ بەرزێتی ئایینیدا هاوسەنگ بکات. تێگەیشتن لە بوونی خۆمان، وەکو بوونێکی بە ڕێکەوت هەستکردن بە ئازاری ویژدانی نییە. هەمانکات تێگەیشتن لە بوونمان فاکتـــۆرە نەویستەکانمان بۆ دەردەخات. لەپێشـــتر، بوونی خۆمان بە ئاگامەندی دانـــا— ”ئەو بوونە بوو، کە بـــۆ خۆیەتی“. چۆن ئەم بوونە لەگەڵ یەکێتییەکەیدا دەتوانێت خۆی بێت، لە کاتێکدا ئەو بناخەی بوونی خۆی نییە؟ یان بوون—بۆ—خۆ، وەکـــو ئەو شتەی هەیە، خۆی نییە (بۆ نموونە، بناخەی خۆی نییە)؟ چۆن وەکو بوون—بۆ—خۆ دەبێت بە بناخەی نەبوونی خۆی؟ وەڵامەکە لەنێو پرسیارەکەدایە. کاتێـــک دەڵێین بوون، وەکو هێـــزی لەناوبردنی خۆی دەبێت بە بناخەی نەبوون، ئـــەوە ناگەیەنێت ئەو بوونە دەتوانێت بناخەی بوونیشـــی بێت. بۆ ئەوەی ببێت بـــە بناخەی خۆی پێویستە خـــۆی دوور لە بوونی خۆی ڕاگرێت. ئەمەش یەکێتی ئـــەو بوونە دەکات بە دوو بەشەوە. بـــە کورتییەکەی، هەر کاتێک بیر لەو بوونە بکەینەوە، کە دەبێت بـــە بناخە بۆ بوونی خۆی لەبەردەم بوونێکی هەڵکەوتوودا ڕادەوەســـتین، کە دەبێت بە بناخەی نەبوونـــی خۆی. ئەو کارەی خوا دەیکات و دەبێت بەهۆکار بۆ بوونی خۆی، خۆ لەناوبردنە. هەروەها بوونی پێویست لەســـەر بوونی هەڵکەوتوو ڕادەگیرێت.

هەوڵدانەکەی لایبنیز لە پێناسەکردنی بوونی پێویستدا لەسەر بوونی هەڵکەوتوو، کە دواجار (کانت)یش سودی لێوەرگرتوە بە زانین، نەک بوونەوە بەستراوە. گۆڕان لە ئەگەرەکانەوە بۆ بوونێکی پێویست، بەو شێوەیەی لایبنیز بیریلێدەکاتەوە (بوونی پێویست ئەوەیە بوونێکی هەڵکەوتوو لەســەری ڕادەوەستێت) لەوە دەچێت ئێمە لە نەزانینەوە بەرەو زانین بەرێت. لە ڕاســتیدا، مادامەکی ئەگەرەکان پێش بوون دەکەون ئەوا ئەگەرەکان دەبن بە بابەتی زانین. لەپێشتریش باس لەوەکرا لە دوو ڕووەوە بیــر لە ئەگەرەکان دەکەینەوە. دەتوانیــن لەناوەوە ئاماژەیان بۆ بکەین. دەستەواژەی "لەوانەیە پیرۆ مردبێت." ئەوە دەردەخات من لەبارەی پیرۆوە نازانم و ئەو ئەگەرە پێویستی بە گەواهی هەیە. بوون لە دەرەوەی خۆیدا، بەو جۆرەی لەبەردەم ڕێکەوتەکانیدا ڕادەوەستێت، ئەگەرەکانی خۆی دەردەخات.

ئەگەرەکان لەپێشــوەختا بە ئێمە دەدرین، بەڵام وەرگرتنیان دەکەوێتە ســەر ئێمە. ئەو تۆپی بلیاردەی لەســەر مێزەکــە دەڕوات خاوەنی ئەگەری لادان نییە ئەگەر پەڕۆی سەرمێزەکەش کاری تێبکات. تەنانەت ناتوانێت خۆی لە پەڕۆکەش لابدات. ئەو ڕووداوە پێویستی بە گەواهە. ئەگەرەکان، وەکو بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی ڕاســتەقینەش بۆ ئێمە دەردەکەون. کەوابوو، ســەر بە بوونێکی تایبەتین. ئەو ئەگەرانەن، کە هەن و دەبێت هەبن. لەم ڕووەوە بوون ئەگەرەکانی خۆی دەهێڵێتەوە و دەبێت بە بناخەیان. بوونی پێویستیش لەم ئەگەرانەوە دەرناچێت. لەبەرئەمە، ئەگەر خوا هەبێت، بوونێکی هەڵکەوتوی هەیە.

کەوابوو، لەبەر ئەوەی بوونی ئاگامەندی لەنێو خۆیدا بۆ ئەوەی، وەکو بوونێک بۆ—خــۆی لەناوبەرێــت، بوونێکی هەڵکەوتوی هەیــە؛ ئاگامەندی بوون بۆ خۆی نابەخشــێت و لە دەرەوەی خۆشیدا لە بوونێکی دیکەی وەرناگرێت. بێجگە لەمە، بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی، وەکو بەڵگەی کۆســمۆلۆجی ناتوانێت (بوونێکی پێویست) بسەلمێنێت.[٤١] بوونی من بە بوونی پێویستەوە نەبەستراوە.

پێشەکییەکانی وەکو "بوونی پێویست بناخەی هەموو بوونێکی هەڵکەوتووە و ئێستــا من بوونێکی هەڵکەوتووم هەیە" خواســتی دۆزینەوەی بناخەیەک دەکات بەبێ ئەوەی باس لە بوونی بناخەیەکی ڕاســتەقینە بکات. ئەم پێشەکییانە تەنیا مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەی بوونی هەڵکەوتوو دەکەن نەک ڕاســتەقینەی ئەو بوونە. هەروەها پرســیارەکە پەیوەندی بە بوونی بەهاوە، نەک فاکتۆرەوە هەیە. بوون—لەنێو—خــۆ هەڵکەوتووە و بە خۆ هەڵوەشاندنــەوەی لەنێو بوون—بۆ-خۆدا چاک

٤١ بوونی پێویست لە مێژووی فەلسەفەدا بەو بوونە دادەنرێت، کە بناخەی خۆیەتی و پیویستی بە بوونێکی دیکە نییە لێوەی پەیدا بێت. بوونی هەڵکەوتوو ئەو بوونەیە پێویستی بە بوونێکی دیکەیە تاکو پەیدای بکات. بە دیدی هەندێک لە فەیلەسوفەکان، بوونی هەڵکەوتوو دەبێت بە فاکتۆر و بەڵگە بۆ بوونی پێویست چونکە هەڵکەوتوو ناتوانێت خۆی ئافەریدبکات و پشت بەو بوونە دەبەستێت، کە پێویستە. (وەرگێڕ)

دەبێتەوە. دەیەوێـــت لەنێو بوون—بۆ—خۆدا بێت. بە کورتییەکەی، بوون هەیە و دەتوانێـــت هەبێت. بەڵام ئەگـــەری تایبەتی بوون، کە لە کـــردەوەی لەناوبردندا ســـەرهەڵدەدات ســـەر بە بوونێکە، وەکو ئاگامەندی، کە لـــە ڕێگەی لەناوبردنی خۆیـــەوە دەبێت بە بناخە بۆ خۆی. بوون—بۆ—خۆ ئەو بوونە-لەنێو—خۆیەیە، کە بـــۆ ئەوەی ببێـــت بە ئاگامەندی خـــۆی، وەکو بوون— لەنێو—خـــۆ لەناودەبات. کەوابوو، ئاگامەندی لەنێو خۆیدا بوونی ئاگامەندانەی خۆی دەپارێزێت. مادامەکی دەبێـــت بە هێزی لەناوبردنـــی خۆی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیـــە؛ ئەوەی لەنێو ئاگامەندییـــدا لەناودەبرێت، هەرچەندە ناتوانین بە بناخـــەی ئاگامەندی دابنێن، بوونێکی —لەنێو-خۆی هەڵکەوتووە. بوون—لەنێو—خۆ بناخەی هیچ شتێک نییە. بۆخـــۆ دۆزینەوەش دەبێـــت خۆی بکات بە بوون—بۆ—خۆ. ئـــەو، ئەگەر گۆڕانی بەسەردابێت و وەکو بوونێکی—لەنێو—خۆ نەمێنێتەوە، دەتوانێت ببێت بەبناخەی بوونـــی خۆی. ئەگەر بوون—لەنێو—خۆ بناخەی بوونـــی خۆی و بوونەکانی دیکە نەبێـــت، ئەوا بیرۆکـــەی بناخە لە بوون—بۆ-خۆوە لەنێـــو جیهاندا پەیدا دەبێت. ئەمـــەش تەنیا لەوێدا نییە، کە بوون—بۆ—خـــۆ بتوانێت خۆی لەناو بەرێت یان بناخە دروســـتبکات، بەڵکو لەگەڵ ئەم بوونـــەدا بناخە بۆ یەکەمجار دێتەکایەوە. ئەو بوونە-لەنێو—خۆیەی گەمـــارۆدراوە و لەناودەبرێت لەناخی بوون—بۆ—خۆدا، وەکـــو بنەڕەتێکی هەڵکەوتوو دەمێنێتەوە. ئاگامەندی بناخەی خۆیەتی، بەڵام بۆ ئـــەوەی هەبێت و نەبێـــت بـــە بوونێکی—لەنێو—خۆی هەمیشـــەیی، دەبێت بە هەڵکەوتوویـــی بمێنێتەوە. خەســـڵەتی هەڵکەوتوویی ئاگامەنـــدی لە ناخی ئەم بوونەدایـــە. ئەگەر لە بابەتە دراوەکانـــی کۆجیتۆی پێش تێڕامان بکۆڵمەوە ئەوە دەســـەلمێنین، کـــە بوون—بۆ-خۆ ئاماژە بـــۆ بوونی خۆی دەکـــات. ئەم بوونە هەرچییەک بێت بوونێکە لە شێوازی ئاگامەندیدا. تینوێتی ئاماژە بۆ هەســـتکردن بـــە تینوێتی دەکات، کـــە هەیە و بناخەیەتـــی. بەڵام ســـەرجەمی "تێڕامانی—تێڕامان"، ئەگـــەر هەبێت، هەڵکەوتووە و لەنێو—خۆدایە. بەڵام ئەم ســـەرجەمە شتێـــک نییـــە دەســـتکەوێت چونکە من ناتوانم بڵێم هەســـتکردن بـــە تینوێتی هەســـتکردنە بە تینوێتـــی یان تینوێتـــی تینوێتییە. ئەو، وەکـــو لەناوبردنێکی ســـەرجەم یان یەکێتییەکی لەناوچووی دیاردەیەک هەیە. ئەگەر من دیاردە، وەکو فرەلایەنـــی ببینـــم، ئەو فرەلایەنییـــە هەمانکات ئاماژە بۆ یـــەک بوونی دەکات. لەبەرئەمە واتای بوونێکی هەڵکەوتوو دەبەخشـــێت. دەتوانم بپرســـم "بۆچی من تینوم؟" "بۆچی ئـــەو پەرداخە دەبینم؟ لە کاتێکدا ســـەرجەمی شتەکانم لەنێو بوون—لەنێو—خـــۆدا بۆ دەردەکەوێت ســـەرجەمەکە خـــۆی لەناودەبات؟ ئایا بۆ ئـــەوە نییە؛ بـــۆ ئەوەیە نەبێت؟ لێرەدا من بۆ بـــوون— بۆ— خۆ دەگەڕێمەوە و دوولایەنـــی تیـــادا دەبینم. من تورەم چونکە خۆم، وەکو ئەو کەســـە دەردەخەم

ئاگـــای لە تورەبوون بێت. ئەگەر من ئەو هۆکارە دەرنەخەم، کە خۆمم و خەفەی بکـــەم، تۆ هیچ نابینیت. تەنانەت تورەبوونیـــش نادۆزیتەوە چونکە تورەبوون لە بوونی بوون—بۆ—خۆدا هەیە. کەوابوو، هەڵکەوتنێکی هەمیشـــەیی بوون—بۆ—خۆ ڕادەگرێت. بوون—بۆ—خۆش لە ئاســـتیدا بەبێ ئەوەی بتوانێت داپپۆشێت، خۆی بە لێپرســـراو دادەنێت. ئەم لەناوچوونە بەردەوامـــەی بوون—لەنێو— خۆ، بەبێ ئەوەی ڕێگەبدات هەســـتی پێبکرێت، دێوەزمەی بوون—بۆ— خۆیە و ئەم بوونە بە بوون—لەنێو—خۆوە دەبەســـتێتەوە. ئەم بوونـــە هەڵکەوتووە فاکتۆری بوون—بۆ خۆیە. ئەم فاکتۆرەیە هانماندەدات بڵێین بوون—بۆ خۆ شتێکە، کە هەیە. لەگەڵ ئەمەشـــدا ئێمە هەســـت بە فاکتۆرەکە ناکەین، بەڵام هەمیشـــە لـــە ڕێگەی ئەم بوونەوە دەیناســـین. لەپێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کرد، ئێمە بەبێ کایەکردن لەگەڵ بوونـــدا هیچین. گوتمان "ئەگەر لە قاوەخانەیەکـــدا خزمەتکاربم"، ئەمە لەوێـــدا ڕوودەدات، کـــە مـــن لە شێـــوازی بوونی خۆمـــدا نەبم و ناســـنامەیەکی هەڵکەوتوشـــم نەبێـــت. هەروەها من نیـــم. ئەم بوون—لەنێو—خـــۆ هەڵکەوتووە هەمیشـــە لێـــم ڕادەکات. بەڵام بۆ ئەوەی سەربەســـتانە واتایـــەک بە ئەرکەکەم ببەخشـــم، بۆ ئەوەی لەم هەڵوێستەمدا هەڵکەوتنی بوون—لەنێو—خۆم لەناوبەرم، پێویســـت دەکـــات ســـەرجەمی بوون—بۆ—خـــۆ لەناوبچێـــت. ئەمـــەش لەوێدا ســـەرهەڵدەدات، کە من دەمەوێت وەکو خزمەتکـــاری قاوەخانەکە خۆم بنوێنم. ناتوانم خۆم بە کەســـێکی دیبلۆماســـی یان کەشتییەوانێک نیشـــانبدەم چونکە من[لەو حاڵەتەدا] دیبلۆماسی یان کەشتییەوان نیم. ئەم هۆکارە دەستگیرنەبووەی حاڵەتەکەم و جیاوازییە هەستپێنەکراوە تێگەیشتنەکە و هۆکاری سادەی بوون—بۆ—خـــۆ لە یەکدی جیادەکاتـــەوە. هەمانکات لە هەڵبژاردنـــی واتایەکدا بۆ ئەو حاڵەتـــە و دانانی خۆی بە بناخەی حاڵەتەکـــە، خۆی هەڵنابژێرێت. ئەم بەشەی حاڵەتەکـــەم من بە لێپرســـراو بەرانبەر بوونی خۆ دادەنێـــت چونکە من بناخەی حاڵەتەکەم، بەڵام هێشـــتا ســـەرجەمی بوونم[لەو حاڵەتەدا] پاکانەی بۆ ناکرێت. بەبـــێ فاکتۆرەکان ئاگامەنـــدی دەتوانێت، وەکو دەروون لـــە کۆماری ئەفلاتوندا باســـکراوە و پەیوەندی بە جیهانەوە دەبەســـتێت، ئەویش خـــۆی بە جیهانەوە گرێبـــدات. ئەگەر بتوانم بڕیاربدەم "وەکو کرێکارێک یان بورژوایەک لەدایک ببم"، هێشـــتا لە لایەکی دیکەوە، فاکتۆرەکان، وەکو کرێکـــار یان بورژوایەک نابن بە پێکهاتـــەی بوونی من. فاکتۆر تەنیا ئاماژەکردنێکە بۆ بوونم، لە کاتێکدا بمەوێت لەگـــەڵ خۆمدا هاوســـەنگ بم بەو شتەی هەیـــە. مادامەکی فاکتـــۆر بە تەواوی دۆزراوەتەوە و سەربەســـتانە خۆی دامەزراندوە مەحاڵە بە ڕووتکراوی بیناســـین. فاکتۆرێکـــی ســـادەی وەکو "بوون لەوێدا" لە تەنیشـــت مێزەکەوە یان لەســـەر کورســـیەکە، بابەتێکـــی ڕووتە و چەمکی ســـنورداری خۆی هەیە و ناناســـرێت.

هەمانکـــات لەنێو ئاگامەندییدا بووە بـــەو شتەی لەوێدایە و هەڵکەوتوویەکی پڕ و تـــەواوە. بوون—بۆ—خۆ قـــووڵ دەڕوانێتە خۆی و خۆی بـــە ئاگایی بوون لەوێدا دادەنێت. ئەوەی لەنێو خۆیدا دەیدۆزێتەوە هاندەرەکانییەتی؛ بەردەوام ئاماژە بۆ خۆی و سەربەستییەکەی دەکات. (من لە پێناوی ... لەوێدام و هتد). پەیوەندی نێـــوان بوون—بۆ—خـــۆ، کە بناخەی خۆیەتـــی، لەگەڵ فاکتۆرەکانـــدا بەپێویست دادەنرێت. ئەم پەیوەندییە فاکتۆرییە پێویستەیە. دێکارت و هوسرڵ بە پێکهاتەی کۆجیتۆی دادەنێـــن. بوون—بۆ—خۆ بوونێکی پێویستی هەیـــە، چونکە بناخەی بوونـــی خۆیەتـــی. لەبەرئەمەشە دەبێت بە بابەتی حـــەدەس و ناتوانم گومان لە بوونـــی خۆم بکەم. بـــەڵام لەبەر ئـــەوەی بوون—بۆ—خۆ شتێکـــە نییە. هەموو هۆکارێکـــی هەڵکەوتـــووی تێدایـــە. بەوجـــۆرەی سەربەســـتییەکەم لەدوودڵیدا دەناســـمەوە، بوون—بۆ—خـــۆ لە فاکتۆرەکانی بـــە ئاگا دەبێتەوە. هەســـت بە سوپاســـگوزاری دەکات و خۆی بەوبوونە دەبینێت لەبەر هیـــچ لەوێدا دانرابێت. نابێـــت فاکتۆرەکان لەگـــەڵ ناوەڕۆکی دێکارتییدا تێکەڵ بکەین، کە خەســـڵەتی بیرکردنـــەوەی هەیە. ئەم ناوەڕۆکـــە هەیە چونکە بیردەکاتـــەوە. لەبەر ئەوەی ئافەریدکـــراوە، دەبێت بە شتێک لـــەو شتانەی دروســـتدەکرێن و شتێکە هەیە. ناوەڕۆکێکە خەســـڵەتی بوون—لەنێو—خۆ وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە بوون—بۆ—خۆ دادەنرێت. ئەمەش بۆچوونێکی ئەندێشاوی دێکارتییە بۆ بوونی ناوەڕۆک. بە پێچەوانەشەوە، بـــۆ ئێمە دیاردەی بوون—بۆ—خۆ ئاماژە بۆ هەوڵدانی بوون—لەنێو—خـــۆ بۆدامەزراندنـــی خۆی دەکـــات؛ هەوڵدانی بوونە بـــۆ لابردنی لایەنە هەڵکەوتووەکـــەی خۆی. بەڵام ئـــەم هەوڵدانە بە لەناوبردنـــی بوون—لەنێو—خۆ کۆتایـــی دێت. بوون—لەنێو—خۆ بەبـــێ ئامادەکردنی (خۆ)یان تێڕامان و بوون بە بۆ—خۆ، ناتوانێت ناســـنامەکەی خـــۆی لەناوبەرێـــت. بوون—بۆ—خۆ، کەوابوو، تێکشـــکاندنی بونیـــادی بوون—لەنێو—خۆیـــە و ئـــەم بوونـــە لـــە پێناوی خۆ دامەزراندنەکەیـــدا لەناودەبرێـــت. فاکتۆر ناوەڕۆک نییە و نابێت بە خەســـڵەتی بیرکردنـــەوە بۆ بوون—بۆ—خۆ. بەڵکو شتێکە لەنێو ئەم بوونەدا، وەکو یادەوەری یان ئامادەبوونی لە مەبەســـت بەدەری ئەم بوونە لەنێو جیهاندا جێنشـــین بووە. بوون—لەنێو—خـــۆ دەتوانێـــت نەبوونی خـــۆی دامەزرێنێت، بـــەڵام بوونی خۆی دانامەزرێنێت. لەنێو بوون—بۆ—خـــۆدا، خۆی لەناودەبات و دەبێت بە بوون—بۆ—خـــۆ و بناخەی خۆی. بەڵام ئەو لایەنە هەڵکەوتـــووەی بوون—بۆ—خۆ لە بوون—لەنێو—خۆوە بۆی بەجێمـــاوە ناگیرێت. ئەو لایەنەی بوون— لەنێو—خۆی بوون—بۆ—خۆیە ماوەتـــەوە و دەبێت بە هۆکاری پەیوەندی فاکتۆری پێویست. بناخەی ئاگایی بوون—بۆ—خۆیە لە بوون. کەوابوو، ئاگامەندی لە هیچ حاڵەتێکدا خۆی لە بوون نادزێتەوە و بەرانبەر سەرجەمی بوونی خۆشی لێپرسراوە.

٣. بوون—بۆ—خۆ و بوونی بەها

هەموو توێژینەوەیەک لە بوونی مرۆڤ دەبێت لە کۆجیتۆوە بکەوێتە گەڕ. بەڵام "مــن بیردەکەمەوە"ی دێکارتی پەیوەندی بە خێــرا تێپەڕینی کاتەوە هەیە. ئایا دەتوانین ئەم خێرا تێپەڕینە کاتییەی کۆجیتۆ تێپەڕ بکەین؟ ئەگەر ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتــی بە "من بیردەکەمەوە" ســنوردار بکەین، ئەوا ڕاســتییەکەی تەمەن کورت و ســاتی دەبێت. بێگومان دروستە لەگەڵ کۆجیتۆکەی دێکارتدا دەتوانین ســەرجەمی خێرا تێپەڕبوونەکە بناســین چونکە لە داهاتوو نادوێ، هەروەها بۆ تێپەڕبوون لە ساتێکەوە بۆ ســاتێکی دیکە 'داهێنانی' بەردەوام پێویستە. بەڵام ئایا دەتوانین ڕاستی ساتێکیش بناسین؟ هایدیگەر دەیەوێت بۆمانی بسەلمێنێت، کــە "مــن بیردەکەمەوە"ی هوســرڵ تەڵەیەکە بۆ کڵاوکوڕە گرتــن دانراوە بۆیە لە توێژینەوەکەیدا لەســەر (دازاین) ئاماژەی بــۆ ئاگامەندی نەکردوە. هەوڵیداوە ڕاســتەوخۆ[ئەم بوونە]بە نیگەرانی دابنێت؛ لە پرۆژەی (خۆ)وە بەرەو ئەگەرەکان ڕۆیشتوە. ئەم پرۆژەی (خۆ)یەی لە دەرەوەی خۆدا ناو ناوە 'تێگەیشتن'. ئەمەش هایدیگــەری گەیاندوە بەو باوەڕەی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی بە "ئاشکراکردنی—ئاشکراکردن" ناوزەدبکات. بەڵام ڕاکردن لە (خۆ)ی دازاین توشی چەند گرفتێکمان دەکات. ئێمە ناتوانین ڕەهەندی ئاگامەندی خەفە بکەین. تێگەیشــتن لەوێدا واتا دەبەخشــێت، کە ببێت بە ئاگایی تێگەیشتن. ئەگەرەکانم لەوێدا دەبن بە ئەگەری مــن، کە ئاگامەندیــم ڕوویانتێدەکات. ئەگەر ئەمە دروســت نەبێت، هەموو بوون و ئەگەرەکــان دەکەونــە نێو ئاگامەندییەکەوە، کە دەبێت بــە بوون—لەنێو—خۆ. ئێمــە جارێکی دیکە فڕێدەدرێینە نێو کۆجیتۆوە. پێویستە ئەمە بکەین بە خاڵی دەستپێکردنەکەمان. ئایا باسکردنەکەمان بۆ بوون—بۆ—خۆ چی ئاشکرا دەکات؟

یەکــەم، ئێمە توشــی لەناوبردن هاتین، کــە بوون—بۆ—خــۆ لەنێو بوونیا هەڵیگرتوە. ئاشکراکردنی ئەم نەبوونە لە چوارچێوەی کۆجیتۆوە ناچێتە دەرەوە. بەڵام با نزیکتر تەماشای ئەم کێشەیە بکەین.

بوون—بۆ—خــۆ بەبێ ئاشکراکردنی بوونی خۆی بە کەمی و ناتەواوی ناتوانێت بەردەوام دەســتەڵاتی لەناوبردن ڕاگرێت. ئەمەش ئــەوە ناگەیەنێت لەناوبردن و بەتاڵــی ئاگامەندی یەک شتن. بوون—بۆ—خــۆ بەردەوام دەیەوێت، وەکو بوون—لەنێو—خۆ نەناســرێت. بوونێکــە لەنێو—خۆ، بــەڵام دژی بوون—لەنێو—خۆیە. مادامەکی لەناوبردن هەمیشــە لەناوبردنی بوونە، ئەوا لەناوبردن پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خــۆ دیاریدەکات. بوونی کۆنکرێتی و بوون—لەنێو—خۆ بە پڕی لەبەردەم ئاگامەندییدا ئامادەیە. ئاگامەندیش ســورە لەســەر ئەوەی لــەو بوونەوە جیاوازە. کۆجیتۆ دەبێت ســەرجەمی ئەو بوونــە دەرەکییەمان بۆ

ئاشکــرا بکات. هەروەها وەســتانی ئەو بابەتەش لــە دەرەوەدا بەرزێتی بوون—بۆ—خۆ دەردەخات. بەڵام لە ڕاســتیدا دەســتەڵاتی لەناوبردنــە لەنێوان بوون—بۆ—خــۆ و بوون—لەنێو—خۆدا، کە دەبێت ببێت بە بنەڕەتی بەرزێتییەکە. لێرەدا دەزانین چۆن لە کۆجیتۆوە دەرچین. دوایی ڕوونیدەکەینەوە چۆن کۆجیتۆ واتای چوونەدەرەوەش دەبەخشــێت. ئەوەی توێژێنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان دەریدەخات ئەو خاڵەیە، کە ئەم بوونە کەم و ناتەواوە بناخەی خۆیەتی و خۆی خەسڵەتەکانی بوونی خۆی لەســەر ئەو کەمــی و ناتەواوییە دروســتدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، گەلێــک ڕێگەی نەبوون هەیە. هەندێکیان ســروشتی نــاوەوەی ئەو بوونەی، کە بــەو جۆرە نییە، کە نییە تێکنادەن. ئەگەر، بۆ نموونە، بڵێم شوشەی مەرەکەب باڵنــدە نییە، بوونی شوشــە مەرەکەبەکە و باڵندە بــەم ڕەتدانەوەیە ناشێوێن. ئەمە پەیوەندییەکی دەرەکییە. لــە ڕێگەی بوونی مرۆڤەوە دادەمەزرێت و مرۆڤ دەبێت بە گەواهــی پەیوەندییەکە. بە پێچەوانەشەوە، جۆرە ڕەتدانەوەیەک هەیە لەنێــوان دوو لایەنەکەی ڕەتدانــەوەدا دەبێت بە پەیوەندییەکــی ناوەکی. لەنێو هەموو ڕەتدانەوە ناوەکییەکاندا، ئەوەی لە هەموویان زۆرتر ناخی بوون دەپێکێت و نکۆڵــی لەنێــو بوونە نکۆڵی کەرەکــەدا دەکات (کەمیی)یە. کەمیی ســەر بە بوون لەنێو—خۆ نییە چونکــە ئەم بوونە لە هەموو لایەنێکەوە پۆزەتیڤە. لەگەڵ بوونــی مرۆڤدا لەنێــو جیهاندا پەیدادەبێت. تەنیا لەنێــو جیهانی مرۆڤدا کەمیی دەبینرێت. هەروەها کەمیی پێویستی بە ســێ لایەنی لەپێشتر هەیە: ئەو شتەی نییە یان کەمییە، ئەوەی کەمییەکەی هەیە، دوا جاریش ئەو هەبووە سەرجەمەی کەمییەکە ڕوخاندوییەتی و بەتێهەڵکێشکردنی 'کەمییەکە' و ئەو (بوون)ەی خاوەنی کەمییەکەیە دروستدەبێتەوە، ناویدەنێین (کەمیی). ئەو بوونەی خۆی لە حەدەسی مرۆڤــدا دەردەخات هەمیشــە کەمییە. بۆ نموونە، ئەگەر بڵێــم مانگ پڕ نییە و چارەکێکی کەمە. ئەم دەستەواژەیەی من بە حەدەسەکەمەوە بەستراوە، کە مانگ بە هیلالی دەبینێت. ئەوەی لە حەدەســەکەمدا دەرکەوتوە بوونێکە-لەنێو—خۆدا، کــە تەواو یان نا تەواویش نییە، بەڵکو شتێکە هەیــە و پەیوەندی بە شتەکانی دیکەشەوە نییە. بۆ ئەوەی ئەم بوونە، وەکو هیلال ببینرێت پێویستە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ئەوەش بزانێت، کە[مانگ] بە پڕیش هەیە و دوای ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونەکەی و مانگەکە بە هیلالی دەبینێت. ئەمە تێپەڕبوونە بەسەر ئەو کەمییەدا. لەم ڕووەوە کەمیی، وەکو بوونە و بوونیش کەمییە. ئەم کەمییەش، کە تەواوکەری بوونە بەســتراوە بە سەرجەمی تێهەڵکێشــراوی کەمییەوە. کەوابوو، لە جیهانی مرۆڤدا ئەو بوونە ناتەواوەی بە حەدەس دەناســرێت و کەمییەکەی دەردەکەوێت پێکهاتەی بوونی کەمیی تێدایە و شتێکە، کە نەبوون حوکمی بەســەردا دەدات. هــەر ئەو مانگە پڕەیە خۆی بە هیلالی دەردەخات و ئەوەی نییە حوکم بەســەر

هەبووەکەدا دەدات. هەروەها لە بوونی مرۆڤیشدایە، وەکو بوونێک لەبەر بەرزێتی و دەرچوونی لە خۆیەوە پەیوەندییەکانی دروستدەکات، کەمییەکان دەناسێتەوە و واتاکانیان لێکدەداتەوە. بوونی مرۆڤ، ئەو بوونەی کەمیی دەهێنێتە جیهانەوە، پێویستە خودی بوونی کەمیی بێت. کەمیی لە ڕێگەی کەمییەوە دێتە جیهانەوە. بوون—لەنێو—خۆ کەمیی پەیدا ناکات. بە واتایەکی دیکە، ئەو بوونەی کەمیی تێدابێت یان شتێکی کەم بێت، دەبێت خودی خۆی ببێت بە کەمیی. تەنیا ئەو بوونەی کەمیی هەیە دەتوانێت هەوڵبدات بەو شتە بگات، کە کەمە یان نییەتی.

بوونی ئارەزوو لە مرۆڤدا بەڵگەیە بۆ کەمیی. لە ڕاستیدا ناتوانین لە ئارەزوو بدوێین ئەگەر بە حاڵەتێکی دەروونی دابنێین؛ ئەو بوونە بێت، کە سروشتەکەی شتێک بێت هەبێت. ئەو بوونەی هەیە نەبوون لەخۆیدا نابینێت و هەوڵی خۆ تەواوکردن نادات. بازنەیەکی ناتەواویش تەواو نابێت ئەگەر بوونی مرۆڤ ئەو ناتەواوییە نەناسێتەوە. بازنە ناتەواوەکە لەنێو—خۆیدا وەکو هێڵێکی چەماوە بوونێکی تەواوی هەیە. حاڵەتی دەروونی لەبەردەم هێڵە چەماوەکەدا هیچ شتێک زیاد یان تەواو ناکات و ناتوانێت پەیوەندی خۆی بە کەمییەکەوە دروستبکات. بۆ ئەوەی هەست بە برسێتی یان تینوێتی بکات پێویستە بوونێک هەبێت لە بەرزێتییەکەیدا لەخۆیەوە دەرچێت و ڕوو لە دەرەوەبکات و سەرجەمی (تێربوون)؛ بەو جۆرەی مانگی پڕی بۆ دیاریکردنی شێوەی هیلالی ناسی، ئەمیش بناسێتەوە. بە دانانی ئارەزوو، وەکو هێزێکی فیزیکی لە گرفت ڕزگار نابین. ئەگەر بەو جۆرەش دایبنێین، ئەو هێزەی دەبێت بە هۆکار لە خۆیەوە بەرەو حاڵەتێکی دیکە دەرناچێت. ئەو هۆکارەی دەبێت بە سەرچاوەی هۆکردەکە لەگەڵ ئارەزوودا هاوتەراز دانانرێن. تینوێتی دیاردەیەکی ئۆرگانی نییە؛ پێویستییەکی فزیۆلۆجی بۆ ئاو نییە. ئەو ئۆرگانەی کەمیی ئاوی هەیە، پۆزەتیڤانە خۆی دەردەخات: بۆنموونە، خەستبونەوەی خوێن، کە دەبێت بە هۆکاری چەند دیاردەیەکی دیکە. دامەزران حاڵەتێکی پۆزەتیڤی ئۆرگانیزمە و ئاماژە بۆ بوونی خۆی دەکات. ئەو شلەیەی ئاوی تێدا نەماوە و خەست بۆتەوە ئارەزووی ئاو خواردنەوەی نییە. ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی نێوان لایەنی هۆشەکی و فسیۆلۆجی نیشانبدەین، پێویستیمان بە بناخەیەک بۆ ناسنامەیەکی ئۆنتۆلۆجی دەبێت. ئەمەش ئەو خاڵەیە سپینۆزا ئاماژەی بۆ کردوە. لە ئاکامدا بوونی لایەنە دەروونییە تینوەکە دەبێت بە بوون–لەنێو–خۆی حاڵەتەکە و ئێمەش جارێکی دیکە دەبێت گەواهێکی دەرەکی بۆ نیشان بکەین. کەوابوو، تینوێتی ئارەزوو بۆ بابەتە دەرەکییەکەیە نەک بۆ خۆی. لە چاوی کەسێکی دیکەدا، دەبێت بە ئارەزوو. ئەگەر ئارەزوو بۆ خۆی ببێت بە ئارەزوو، پێویستە بوونێکی بەرزی هەبێت؛ دەبێت لە خۆیەوە دەرچێت و ڕوو لە بابەتەکەی بکات. دەبێت کەمیی بێت— نەک بابەتی کەمیی و کەمیش بێت بۆ خۆی. ئارەزوو کەمیی بوونە و گەواهی لەسەر کەمیی بوونی مرۆڤ دەدات. بەڵام ئەگەر بوونی مرۆڤ

کەمیی بێت، ئەوا سـێ لایەنەکەی بوون و کەمیی و ئەوەی کەمە دێتە کایەوە. ئایا ئەم سـێ لایەنە چێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بۆ بیرۆکەی کەمیی بگەڕێینەوە و بزانین پەیوەندی بە بوونەوە چییە. ئەم پەیوەندییە نابێت هەڵکەوتوو بێت. ئەگەر کەمیـی لە ئامادە نەبووندا بێت، ئەوا ئامادەبوونێش لە ناخی بووندایە چونکـە بوون و کەمی هەردووکیان دەبن بە سـەرجەمی یەک ڕاسـتەقینە. ئەوەی بە کەمیی دادەنرێت، دەتوانێت خـۆی ڕەتکاتەوە و بەرەو ڕووخان بڕوات. کەوابوو، کەمیی دیاردەیە و لەسەر زەمینەی سەرجەمی بوونەکەدا ڕادەوەستێت. گرنگیش نییە ئەگەر ئەو سـەرجەمە لەپێشتر درابێت و ئێستا تێکشکا بێت (بۆ نموونە، "هەردوو قۆڵی پەیکەری ڤینۆس شکاون")یان هەرگیز هەستیپێنەکراون. (بۆ نموونە، دەڵێین "ئەو ئازا نییە.") هەموو کەمییەک کەمیی شتێکە و بۆ شتێکە. ئایا ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتی (بـۆ) چییە؟ بوون—بۆ—خۆ بناخەی خۆی و سـەرچاوەی ڕەتدانەوەیە. خـۆی لەنێو پەیوەندی ڕەتدانەوە لەگەڵ خۆیدا دەدۆزێتەوە. ئەوەی ڕەتیدەداتەوە و لەناویدەبات بوون— لەنێو—خۆیە. گرنگ نییە بوون—لەنێو—خۆ چی هەبوویەکدا بێت: بوونی مرۆڤ پێش هەمـوو شتێک بناخەی نەبوونی خۆیەتی. ئەوەی ڕەتیدەداتەوە و لەناویدەبات خۆیەتی. واتای بوونی مرۆڤ وابەسـتە بـەم لەناوبردنەوەیەوە؛ لەم ڕووەوە ئـەوەی بوونی مرۆڤ نییەتی و کەمییە بۆی بوونی خۆیەتی، وەکو بوونێکی —لەنێو—خـۆ. مادامەکی پەیوەندی بوونی مرۆڤ لە سـەرەتاوە لەگەڵ خۆیدا ئەوە نییە، کە هەیە ئەوا پەیوەندییەکەی سـەرەتایی نییە، واتاکەشی لە بنەڕەتەوە لەو پەیوەندییـەدا دەبینرێتەوە، کە هیچە. ئەو (خۆ)یەی هەیە بوون—بۆ—خۆ بەو بوونە دادەنێـت، کە ئەوە نییە هەیە؛ پەیوەندی نێوان ئەم بوونە و خۆی بە ناسـنامەوە نابەسـتێتەوە. ئەوەی بوون— بۆ—خۆ نییەتی (خۆ)یە یان بـوون— لەنێو—خۆیە. لەگـەڵ ئەمەشدا، نابێت ئەم کەمییە بە فاکتۆر دابنرێت. سـەرنەکەوتنی فاکتۆری بوون—لەنێو—خۆ لە دۆزینەوەی خۆیدا، پەیوەندی بە ئامادەبوونی بوون— لەنێو— خۆ لـە جیهاندا هەیە. بوون—لەنێو—خۆ وونبوەکە، لـە لایەکی دیکەوە ئامادەبوونێکی ڕووتە. هەروەها سەرنەکەوتنی دۆزینەوەکە بووە بە هۆکار بۆ بوون—بۆ—خۆ، کە لە خۆیەوە دەردەچێت و دەبێت بە بناخەی نەبوونی. واتای سەرنەکەوتنی دۆزینەوەکەش بـە بەرزێتی دەمێنێتەوە. بوون—بۆ—خۆ لەبەر ئەوەی بوونێکی سـەرنەکەوتوانەی هەیە، بناخەی نەبوونی خۆیەتی. سـەرنەکەوتن لە بوونی ئەودایە. واتاکەشی لەوێدا دەردەکەوێت، کە بوون—بۆ—خۆ لە ئاسـتی سەرنەکەوتنەکەدا سەرنەکەوتنی خۆی بناسـێتەوە. کۆجیتۆ بە سروشت ئاماژە بۆ کەمیی و کەمبوون دەکات چونکە بوون داگیریکردوە. دێکارتیش ئەم ڕاستییەی زانیوە.

ئەمە سەرچاوەی بەرزێتییە. بوونی مرۆڤ ڕوو لە شتە کەمەکانی دەکات؛ ڕوو لە بوونێکی هەندەکی هەبوو دەکات. بوونی مرۆڤیش لەپێشدا دروست نەبووە و لە

دواییدا کەمییەکە خرابێتە سەری؛ لە سەرەتاوە بە کەمییەوە پەیدادەبووە. کەوابوو، ئەو ڕووداوەی مرۆڤ لە ئاستی کەمییەکەی بوونیدا ڕادەگرێت ئامادەبوونێتی لەنێو جیهاندا. لەگەڵ پەیدابوونیدا مرۆڤ خۆی بە بوونێکی ناتەواو دەبینێت. لەبەردەم کەمییەکەیدا خـــۆی بەو بوونە دادەنێت، کە نییە. بوونـــی مرۆڤ تێپەڕبوونێکی بەردەوامە بەرەو هاوســـەنگ بـــوون لەگەڵ بوونی خۆیدا بۆ ئەوەی ســـەرکەوتن بە دەســـت بهێنێت. ئەگـــەر کۆجیتۆ بە بوونێک بگات لەبـــەر ئەوەیە، کە خۆی تێپەڕدەکـــات و ڕوو لـــە بوونێک دەکات؛ چونکە لەگەڵ خۆیدا هاوســـەنگ نییە. کۆجیتۆ بەبێ توانەوە بە بوون—لەنێو—خۆوە بەستراوە. ئەمەش، وەکو پەیوەندی نێـــوان بیرکردنەوەو و بابەت نییـــە، کە بوون—لەنێو—خۆ دەکـــات، بە شتێکی پەیوەندیـــدار، بەڵکو، وەکو کەمییە. لەم ڕووەوە بەڵگـــەی دووەمی دێکارتی لە جێگەی خۆیەتـــی. بوونی ناتەواو بەرەو تەواوکۆیـــی دەڕوات؛ تەنیا ئەو بوونەی بناخـــەی نەبوونی خۆیەتی بەرەو ئەو بوونە دەڕوات، کە بناخەی بوونی خۆیەتی. بـــەڵام ئەو بوونەی مرۆڤ ڕوویتێدەکـــات و دەیەوێت بیگاتێ خوایەکی بەرز نییە؛ بوونی خۆیەتی؛ سەرجەمی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤە.

ســـەرجەمی ئەم بوونە هەڵکەوتوویەکی ســـادە و ڕووتی بوون—لەنێو— خۆی بەرز نییە. ئەگەر ئەو سەرجەمە بەمجۆرەبێت، لەگەڵ لەناوبردنەکەی ئاگامەندییدا هاوســـەنگ دادەنرێت. بەڵام ئاگامەندی بەرەو لەناوبـــردن ناڕوات؛ نایەوێت خۆی لەنێو ناســـنامەی بوون—لەنێو—خۆدا ونبکات. تێپەڕبوونەکەی لەپێناوی بوون—بۆ—خۆدایە.

کەوابـــوو، ئامادەنەبوونە بەردەوامەکەی بووە بـــە دێوەزمەی بوون—بۆ—خۆ لە بوون—لەنێو—خۆدا چەسپاوە. تێهەڵکێشـــانێکی نەگونجاوی بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆیە؛ بناخـــەی خۆیەتی نەک، وەکو نەبوون بەڵکو، وەکو بوون و شەفافییەتـــی ئاگامەندیش لە هاودەمبوونی نێوان ئاگامەندی و بوون—لەنێو—خۆ دەپارێزێـــت. گەڕانەوەی ئاگامەندی بۆ خۆی دەپارێزێت، کە هەموو پێویستییەک و بناخەیەک ســـنوردار دەکـــات. گەڕانەوەکە مـــەودای نییە؛ لەبـــەردەم خۆیدا ئامادەنابێت، بەڵام هاوســـەنگە. بـــە کورتی، ئەم بوونە بە تـــەواوی خۆیەتی و لەپێشـــتریش بەو بوونەمان دانا، کە بەردەوام خۆی لەناودەبات. ئەم (خۆ)یەشە بوونێکی ناوەڕۆکـــی هەیە. کەوابوو، بوونی مرۆڤ لەبەردەم کەمیی ســـەرجەمی بوونی خۆیدا ڕادەوەستێت. سەرجەمی بوونی شتێک نییە سروشت پێی ببەخشێت چونکە لەنێو خۆیدا خەســـڵەتی نایەکسانبوونـــی بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خـــۆی هەڵگرتوە. با ڕێگە نەدەین یەکێک بە ئەندێشـــە ئەم جۆرە بوونەمان بۆ دابهێنێـــت؛ ئامادەنەبوونی ڕەهای ئەو بوونە لەودیو جیهانەوە بە (خوا)ی دابنێت. ئایـــا خوا ئەو بوونە نییە، کە هەیە و پۆزەتیڤە و بناخەی جیهانە؟ هەمانکاتیش

ئەو بوونە نییە، کە هەیە و ئەوەشە، کە نییە؛ خۆ ئاگا و بناخەی پێویستی بوونی خۆیەتی؟ مرۆڤ بوونێکی ئازارچێژە چونکە بێهودە دەیەوێت بەسەرجەمی بوونی خــۆی بگات و ناتوانێت بەبێ وازهێنان لە بوون—بۆ—خۆ ببێت بە بوون—لەنێو—خۆ. ڕاســـتەقینەی مرۆڤانە، کەوابوو، لە بنەڕەتەوە ئاگامەندییەکی نابەختەوەرە و ئومێدیــش ناکرێت نابەختەوەرییەکەی تێپەربکات. ئایا ســـروشتی ئەو بوونەی ئاگامەندی نابەختەوەر ڕوویتێدەکات چییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین نییە؟ دۆزینەوەی ناکۆکییەکــان لەناویدا دەریدەخات و بە شتێکی نەناســراوی دادەنێت. بەڵام هیچ شتێک دژی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستە ڕاناوەستێت: لەوێدا ئاگامەندی دەتوانێت هەبێــت، کە خۆی بە بوونەکانــی دەوروبەرییەوە خەریک بکــات و ئامادەبوونی خۆیانی بۆ دەربخەن. ئایا دەکرێت بڵێین بوونێکی پەیوەندیارە بە ئاگاماندییەوە؟ ئەمەش لەگەڵ بابەتدا تێکەڵی دەکــات. ئەم بابەتە لەبەردەم ئاگامەندییدا خۆی قوتنەکردۆتـــەوە. ئاگامەندیش بۆ ئەم بابەتە نییە چونکە پێش تێڕامانیش بوە بە دێوەزمـــەی ئاگامەندی. ئاماژە بۆ ئاگامەنـــدی، وەکو واتای بوونی خۆی دەکات، هەمانکات ئاگامەندی ئەو ئاگاییەش لەو بوونە نییە و ئاگاییە لە خۆی. هەمانکات ناتوانێت خۆی لە ئاگامەندی بدزێتەوە؛ بەڵام تاکو ئەو ڕادەیەی ئاگامەندی ئاگاییە لـــە بوون ئەو بوونە هەیـــە. ئاگامەندی، بەو جۆرەی واتا بە شوشەمەرەکەبەکە و پاندانەکە دەبەخشـــێت، واتا بۆ ئەم بوونە دانانێت. هاوکات بەبێ ئەم بوونە، کە فۆرمی نەبوونی هەیە، ئاگامەندی، بۆ نموونە، وەکو کەمیی نییە. بە پێچەوانەوە، ئاگامەنـــدی لەم بوونەوە واتا بۆ خۆی دادەنێت. ئـــەم بوونە لەگەڵ ئاگامەندییدا دێتەکایـــەوە و بوونێکی دەرەکی و ناوەکیشـــە. لە پێش بوونی ئاگامەندییدا نییە و ئاگامەندیـــش پێـــش ئەو ناکەوێت. هەردووکیان دوانـــەن. هەڵبەتە ئەم بوونە بەبـــێ بوون— بۆ—خۆ نییە، بەڵام بوون—بۆ—خـــۆش بەبێ ئەو نابێت. ئاگامەندی لـــە پەیوەندییەکەیـــدا لەگەڵ ئەم بوونـــە دەبێت بەم بوونە، چونکـــە ئەم بوونە ئاگامەندییە، بەڵام وەکو ئەو بوونەی، کە ئاگامەندی ناتوانێت هەیبێت ئاگامەندییە لە خودی ئاگامەندییدا و هەمانکات بوونێکە پێیناگات و ئامادەنەبووە و نەناسراوە. کۆکردنەوەی ناکۆکییەکان لە سروشتیدایە؛ پەیوەندییەکەی لەگەڵ بوون—بۆخۆدا ناوەکییە، کە لە ڕێگەی بەرزێتییەوە دەستیدەکەوێت. بێجگە لەمە پێویست ناکات ئـــەم بوونە لە بەردەم ئاگامەندییدا ئامادەبێـــت. ئاگامەندی کۆنکرێتی حاڵەتێکی تایبەتی و تاکە لەگەڵ پەیوەندی بە حاڵەتەکەیەوە ســـەرهەڵدەدات.(خۆ) لەنێو ئەمجـــۆرە ئاگاییـــەدا ئامادەیە و پەیوەندی بە هەمـــوو لایەنەکانی ئەم ئاگاییەوە هەڵدەبەستێت. (خۆ) تاکە؛ ئەو تاکەیە خۆی تەواو کردووە و بووە بە دێوەزمەی بوون—بۆ—خۆ. هەستکردن [ســـۆز]بۆ نموونە، هەستکردنە لە ئاستی نەریتێکدا؛ کە هەســـتکردن دەبێت بەوەی هەیە. ئەو نەریتە، وەکو ســـەرجەمی کاریگەرێتی

خـــۆ ڕاســــتەوخۆ ئامادەبوونی کەمیی لەناخی ئاگامەندییـــدا دەردەخات و توشی ئەشکەنجــەی دەکات. [هەندێکجار] کەســێک توشی ئەشکەنجــە دەبێت بەوەی توشی ئەشکەنجــەی زۆر نەبووە. ئەو ئەشکەنجەیەی باســیدەکەین هەرگیز ئەو ئەشکەنجەیە نییە توشی دەبین و هەســتی پێدەکەین. ئەوەی بە ئەشکەنجەیەکی 'چــاک' یان 'ڕاســت' ناوزەدیدەکەین و ئێمە دەجولێنێت بەڕوخساری کەســانی دیکەوە دەیبینین یــان باشتر لە پۆرترەیت، پەیکەر یان دەمامەیەکی شانۆگەری تراجیدیــدا دەیدۆزینەوە. ئەو ئەشکەنجەیەیە، کــە هاتۆتە بوونەوە. بۆ ئێمەش، وەکــو کۆکراوەیەکــی دەرەکی بێ ئــەوەی چاوەڕێمان بکات خۆی بەرجەســتە دەکــات. ئەشکەنجەیەکی پەیدابووە لەنێو جیهانــدا، وەکو ئەو درەختە یان ئەو بــەردە شتێکی ڕەق و ڕەپە؛ بەردەوام دەمێنێتەوە و دواجاریش شتێکە، کە هەیە. دەتوانین باســی بکەیــن یان لە ڕێگەی ڕووگرژییەوە نیشــانی بدەین. بەهۆکاری لەشمانەوە دەریدەبڕین، بەڵام لەش ســەرچاوەی ئەشکەنجە نییە و بەسەر لەشدا ســەپێنراوە؛ شتێکە لەودیــو کارتێکردن و کارتێکراوەوە، لــەو دیو ڕەتدانەوە و ســەلماندن و شتێکە، کە هەیــە. بەهەرحاڵ، ئەشکەنجە ئاگاییــە لە خۆ. ئێمە دەزانین ئەو دەمامەیە لایەنی ئەودیو ئاگامەندی کەســێکی نوســتو یان هەستی مردوویەک نیشاننادات. ئاماژە بۆ ئەگەرەکان و هەڵوێستەکانی نێو جیهان دەکات. ئەشکەنجــە لە پەیوەندی ئاگامەندییدایە بــەم ئەگەرانە و هەڵوێستانەوە و وەکو برۆنز بە ســەر بوونەوە ڕەق بوەو بەســتویەتی. بەمجۆرەیە بۆیە دەبێتە هۆکاری سەرســوڕمانمان. ئەشکەنجەی نێو ئەزمونی من، بــە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دۆزینەوەی خۆیدا لەناودەچێت هەرگیز لەبار نییە. وەکو ئەشکەنجە بەرەو ئاگایــی لە ئەشکەنجە ڕادەکات و کتوپڕ خۆی دەرناخات چونکە لە ئەزموونەکەی مندا تاکو ڕادەیەک دەردەکەوێت.

شەفافییەتبوونــی قوڵییەکــەی لەناودەبــات. منیش بەو شێوەیــەی ئازار و ئەشکەنجــە لــە ڕوخساری پەیکەرێکدا دەبینم ئەم نابینم چونکە من هەســت بە ئەشکەنجەکــەی خــۆم دەکەم. ئەگــەر بمەوێت توشی ئەشکەنجــە بم پێویستە ئەشکەنجەکەم، وەکو زریانێک هەڵکاتە ســەر بوونم کەچی من خۆم سەربەستانە دەیهێنمــە بوونەوە. من خۆم بــۆی دەناڵێم و دەلاوێنمەوە و هەســتیپێدەکەم. دەســتەئەژنۆ دادەنیشــم، دەگریــم تاکــو ئــەو بوونە-لەنێو-خۆیــە دەنگ و ڕوخسارەکــەی نێو جیهانی، کە ئەشکەنجەی هەڵگرتوە لــە بوونی مندا نەبێت. هەموو ئاخ هەڵکێشان و ڕوخسارێکی خەمۆکی لە مرۆڤدا بۆ داتاشینی پەیکەرێکی ئەشکەنجەیە لە بووندا. بەڵام ئەو پەیکەرە بەبێ بوونی کەســانی دیکە نابینرێت. ئەشکەنجەی من لەوێدا توشی ئەشکەنجە خواردن دەبێت، کە دەبێت بەوەی نییە و ئــەوەش نییە، کە هەیە. لەو حاڵەتەدا، کــە لەبەردەم خۆیدا قوتدەبێتەوە، لە

خـــۆی ڕادەکـــات و جیادەبێتـــەوە. جیابوونەوەکەشی لەخۆیـــەوە بەو (هیچ)وە بەســـتراوە، کە هەمانکـــات دەبێت بە بناخەی شتێکی زۆربڵـــێ چونکە نالەبارە. لەبێدەنگیشـــدا وەکـــو بێدەنگـــی پەیکەرەکە یان ئەو کەســـەی لەژێـــر لێداندا ســـەردادەخات و دەست بە دەموچاویەوە دەگرێت و بێدەنگ دەبێت هیچ دەورێک نابینێت. ئەو کەســـە بۆ من بێدەنگـــە، بەڵام لەناوەوە بـــەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و مشـــتومڕێتی. لە چاوانی مندا لەنێو ئەشکەنجەدا تێکشکاوە. ئەو خۆی دەزانێت بەرپرســـە لە ئـــازار و ئەشکەنجەکەی و خۆی بێ ئـــەوەی بیەوێت ئەو بارودۆخەی بەســـەر خۆیدا هێنـــاوە. ئەو خەمەی بە کەمییەکی هەمیشـــەییەوە بەســـتراوە و پەیوەنـــدی بە نەبوونی ســـەرجەمبوونی بوون-بۆ-خـــۆ وە هەیە ئەشکەنجەیە. [لەم ڕووەوە]ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ ئەشکەنجاوییە. ئەشکەنجەی ڕاســـتەقینەی من لەوەدا نییە بە (خۆ) بگەم، بەڵکو لەوەدایە، کە ئاستی نەبوونی تەواوی ئەشکەنجـــەدا، ئەوەندە ئەشکەنجـــەم نەخواردوە. ئێستـــا دەتوانین بە دڵنیاییەوە لەســـەر بوونی (خـــۆ) بدوێین: خۆ بەهایە. بەهـــاش لە دوو لایەنەوە کاریتێدەکرێـــت، کـــە بیریارانی زانستی ئاکار بە ناتەواوی باســـیانکردوە و بەبێ مـــەرج بە هیچیان دانـــاوە. بێگومان بەها، وەکو بەها بوونـــی هەیە. بەڵام مەرج نییە ئەمجۆرە بوونە ڕاســـتەقینە بێت. بوونی ئـــەو لەوەدایە، کە بەهایە و بوون نییـــە. کەوابوو، بوونی بەها، وەکو بەهـــا ئەو شتەیە، کە بوونی نییە. لەبەرئەمە بەها دەســـتگیرنابێت. ئەگەر بە بوون دابنرێت ئەوا لە ڕاستەقینەکەی تێناگەین و وەکو زانا کۆمەڵناســـەکانیش بە یەکێک لـــە فاکتۆرەکانی دادەنێین. لەم ڕووەوە لایەنـــی هەڵکەوتوویی بوون بەها لەناودەبات. بـــە پێچەوانەی ئەمەشەوە، ئەگەر بەهـــا بە بیرۆکە دابنرێت و بوونی لێـــوە دەرهێنین ئەوا دەتوێتەوە. بێگومان بەو جـــۆرەی شیلەر بـــۆی دەچێت، ئێمە لە هەڵوێستێکدا هەســـت بـــە بوونی بەها دەکەین؛ هەســـت بە چاکە لە کارێکی چاکدا دەکەین. بەڵام ئەم بەهایەی لێرەدا هەســـتیپێکراوە بوونی لە شێوەی بوونـــی کردەوەکەدا یان هەڵوێستەکەدا نییە و پەیوەندییەکەی بە کردەوەکەوە لە پەیوەندی نێوان ڕەنگی سور و بابەتێکی سور دەچێت. بەها لەودیـــو کردەوەکانەوەیە. بۆنموونە چاکـــە شتێکی نەبڕاوەی ئەو دیـــوو کـــردەوە چاکەکانە. بەها لەو دیـــو بوونەوەیە. هەمانکـــات پێویستە ئەم بوونەی ئەو دیو بوون شێوازێکی بوونی هەبێت. ئەم ڕوونکردنەوانە بەو ئاکامەمان دەگەیەنـــن، کە بەها لـــە ڕێگەی بوونی مرۆڤەوە دێتە نێـــو جیهانەوە. بوون-بۆ بەهـــا ئەوە دەگەیەنێت، ئـــەو بوونە بەرەو بەها لە بوونـــی خۆیەوە دەردەچێت؛ هەمـــوو هەڵوێستێک لەبەردەم بەهادا دەرچوونە لـــە بوونەوە بەرەو ئەو بەهایە. مادامەکـــی بەها هەمیشـــە و لە هەمـــوو شوێنێکـــدا لـــەو دەرچوونەدایە، ئەوا یەکگرتنێکـــی بـــێ مەرجە لەو دەرچوونەدا. لە خۆیـــدا دوو لایەنی هەڵگرتوە؛ لە

لایەکـــەوە دەرچوونـــە لە بوونەوە و لە لایەکی دیکەوە ئـــەو دەرچوونە دەهێنێتە بوونەوە و دەبێت بە ڕاســـتەقینەیەکی مرۆڤانـــە. هەروەها دەبینین لەبەر ئەوەی بەهـــا دەرچوونێکـــی بێ مەرجە، ئەوا دەبێت لە بنەڕەتـــەوە لەودیو ئەو بوونەوە بێـــت، کە بـــۆی دەردەچێت. تەنیا لەم حاڵەتەدا بەهـــا دەبێت بە شتێک لەودیو بوونـــەوە. ئەگەر هەموو دەرچوونێک تەوانای دەرچوونـــی هەبێت، پێویستە ئەو بوونەی دەردەچێت لەپێشتر بێت چونکە ســـەرچاوەی دەرچوونەکەیە. کەوابوو، بەها یان بەهای بەرز دەکەوێتە ئەودیوەوە و بەرزە. شتێکە لەودیوەوە دەبێت بە بناخـــەی دەرچوونەکانـــم، بـــەڵام ڕوو لـــەو شتە دەکـــات، کە مـــن هەرگیز لە دەرچوونەکەمـــدا ناتوانم جێی بهێڵم چونکە دەرچوونەکانم پێویستییان بە بوونی ئـــەوە. لەنێو هەموو بارودۆخەکانـــی کەمییدا ئەوەی کەمـــە بەهایە؛ بەڵام بەها کەمیـــی نییە. بەها، بـــەو ڕادەیەی (خۆ) دەبێت بە دێوەزمـــەی بوون—بۆ—خۆ، دەبێت بـــە خۆ. ئەو بەها بەرزەی ئاگامەندی دەیەوێـــت بیگاتێ بوونێکی بەرزی خـــۆ و خاوەن ناســـنامەیەکی ڕەوان و بەردەوامە و دەیکـــات بە بناخەی خۆی. لێـــرەدا ئێمـــە تێدەگەین، کە بۆچی بەها هەیە و نییـــە. واتایەکی لەودیو هەموو تێپەڕبوونەکانـــی ئاگامەندییەوە هەیە؛ ئامادەنەبوونـــی بوون—لەنێو—خۆیە لەنێو بوون—بۆ—خۆدا. هەمانکات لەگەڵ ناسینەوەی بەهادا تێدەگەین، کە خودی بەها تێپەڕبوونـــی بوون—لەنێو—خۆیە چونکە بەها بوون بە خۆ دەبەخشـــێت. لەودیو بوونی خۆیەتی چونکە لەگەڵ خۆیدا هاوتەرازە و بوونی خۆی، کە هەمیشـــەیی و بەردەوام و خاوەن ناسنامەیە تێپەڕدەکات. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر بوونی بەها لەبـــەردەم خۆیدا ئامادەبێت ئامادەبوونەکەی ڕاســـتەوخۆ دەبێت بەبوونێکی پڕ و پتەو یان بوون-لەنێو—خۆ.ئەو ســـەرجە مە پەیدانەبووەی بوونیشـــی هەمانکات لەنێو بوونیدا ســـەرهەڵدەدات. بۆ ئـــەو بوونە دێتە پێش، کە بناخەی لەناوبردنی خۆیەتـــی. لێـــرەدا بەها دەبێت بە دێوەزمەی ئەو بوونـــەی خۆی دادەمەزرێنێت، نەک ئەو بوونەی هەیە. بەها دێوەزمەی سەربەســـتییە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کـــە پەیوەندی بەها لەگەڵ بوون—بۆ—خـــۆدا تایبەتە؛ ئەو بوونەیە، کە تاکو ئەو ڕادەیەی بناخەی نەبوونی خۆیەتی دەبێت هەبێت. هێشتا، لەو کاتەدا دەبێت بەو بوونـــە لەبەر ئەوە نییە، کـــە لەژێر پاڵەپەســـتۆیەکی دەرەکییدایە؛ بەها، وەکو جوڵێنەری لە جوڵەبـــەدەری ئەریستۆ ئارەزووی بۆ فاکتۆرەکان کاریتێناکات یان لەبەر ئەوە نییە هەســـت بە بوونی کراوە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەیە خۆی دەکات بەم بوونە یان بە (خۆ)، بوون—بۆ—خۆ و پەیوەندییەکانیشـــی لەســـەر سەربەســـتی دادەمەزرێـــن. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێت بێجگە لەو سەربەســـتییەی، کە بوونی منیش دەهێنێتە کایەوە و لەنێو فاکتۆرەکانیشـــدا سنوردارە— دەبێت بە بناخەی نەبوونی خۆی و هیچ شتێکی دیکە بەها دروستناکات. هەروەها مادامەکی بوون—

بۆ—خـــۆ بناخەی نەبوونـــی خۆیەتی ئـــەوا ناتوانێت ببێت بـــە بناخەی بوونی. لەبەرئەمەشە بوون—بۆ بەها هەڵکەوتە (لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ئاکاردا دەبێت بە ڕێژەیی) و هەمانکاتیش پێویستییەکی ڕەها و سەربەســتە. بەها شتێک نییە بوون—بۆ—خۆ دابنێــت؛ بەڵکو لەگەڵ ئەم بوونەدایە. ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی بوون—بۆ-خـــۆ و بەهایە. ئەگـــەر بڵێین بەها دێوەزمـــەی بوون—بۆ-خۆیە و ئەو داینەناوە لەبەر ئەوەیە، کە بەها بابەت نییە؛ ئەگینا بوون—بۆ-خۆ لەو حاڵەتەدا، کـــە لەگەڵ بەهادا دوو شتی جیاواز دەبینرێـــن، دبێت بە دانەری بابەت. کەوابوو بـــوون— بۆ-خۆ، وەکو بوونێکـــی بەئاگا لە خۆ، وەکو مۆنادەکـــەی لایبنیز، کە لەبـــەردەم خوادا ڕادەوەســـتێت، ڕوو لە بەها ناکات. هەروەهـــا لەم قۆناخەشدا ناناســـرێت چونکە زانین بابەتی زانراو لەبەردەم ئاگامەندییدا ڕادەگرێت. بەها لە هەمـــوو شوێنێکـــدا هەیە و لـــە هیچ شوێنێکیشـــدا نییە؛ لە ناخـــی لەناوبردنی پەیوەنـــدی "تێڕامانی تێڕاماندایـــە"، شتێکە ئامادەیە و دەستیشـــمان نایگاتێ. شتێکـــە واتای کەمیی بە بوونم دەبەخشـــێت. بۆ ئەوەی بەهـــا ببێت بە بابەتی بوون—بۆ-خـــۆ دەبێت خـــۆی لەبەردەم تێڕامانـــدا قوتبکاتـــەوە. ئاگامەندی لە تێڕوانینـــدا دوو شـــت وەدەســـت دەهێنێـــت؛ ئەزموونی ژیان، کە لـــە تێڕاماندا دەردەکەوێـــت و بە کەمیـــی دادەنرێت و بەهاش لەنێو ئـــەو کەمییەدا دەبێت بە شتێکی دوور و دەســـتنەکەوتوو. لەم ڕووەوە ئاگامەنـــدی لە تێڕاماندا دەبێت بە ئاگامەندی ئاکاری چونکە بەبێ بەرجەســـتەکردنی بەها سەرهەڵنادات. ئاشکرایە لـــە بیرکردنەوە و تێڕاماندا دەتوانم سەربەســـتانە بیر لـــە بەهاکان بکەمەوە یان ئاوەڕیان لێنەدەمەوە، ئەمـــەش وەکو ئەوە وایە من بمەوێت تەماشای ئەو مێزە، پاندانەکەم، یان کیسەی توتنەکەم لە نزیکەوە بکەم. ئەوانە بابەتی بیرکردنەوەی منن. پێویست ناکات خۆمان بەو ئاکامە بگەیەنین و بڵێین تەنیا تێڕامان بەهاکان دەردەخات و بە ڕێگەی لێکچونیشـــەوە بەهاکانی بوونمـــان لە جیهانێکی بەرزدا دابنێین. ئەگەر بابەتی حەدەس دیاردەی ڕاســـتەقینەی بوونی مرۆڤ بێت، نەک بوونێکی بەرز ئەوا ئەو بابەتە لەگەڵ بەهادا خۆی دەردەخات. بوونی بوون—بۆ— خۆیەکـــی دیکەش دیاردەیەکی نادیار و شـــاراوە نییە تاکو لە ڕێگەی لێکچونێکی هۆشەکییەوە بیدۆزینەوە. ئەو بوونە خۆی بۆ من نیشـــاندەدات؛ دەبینین بوون— بۆ—خـــۆ لەبەردەم بوون—بۆ ئەوانـــدا پێویستە. بەها، لـــەم ڕووەوە، دەبێت بە شتێکی پێویست لەئاستی بوونی— ئەواندا. بەڵام لەبەر ئەوەی چۆنیەتی بوونی— ئەوانمان ڕوونەکردۆتەوە، ئەوا ناتوانین باســـی ڕووبەڕووبوونەوەی دەرەکی بەها بکەین. لە بەشی سێیەمی ئەم نوسراوەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکین.

٤. بوون—بۆ—خۆ و بوونی ئەگەرەکان

ئێمــە بینیمان ڕاســتەقینەی بوونی مرۆڤ، وەکــو بوون—بۆ—خۆ لە کەمیی پێکهاتبوو. ئەو کەمییەش جۆرێکە لە هاوسەنگی بوون لەگەڵ خۆیدا.

هەریەکێک لەبوون—بۆ—خۆی تاکەکان جۆرێک ڕاســتەقینەی تایبەتی کەمە. ئەگەر ئەو بوون—بۆ—خۆیە لەگەڵ ئەو ڕاستەقینەیەدا تێهەڵکێش بکرێت دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ. ئەم بوونە کەمیی شتێکە بۆ شتێک؛ لە مانگی هیلالی دەچێت و دەیەوێت بگات بە پڕی. کەمییەکەی لەنێو پرۆسەی بەرزێتییەکەیدا سەرهەڵدەدات و لە گەڕانەوەی بەرەو کەمییەکانی حوکمی بەســەردا دەدرێت. کەمیی بەگوێرەی بەرزێتی پێناســدەکرێت. کەمیی مانگ لــە شێوەی هیلالدا هەوڵدانێتی بۆ خۆپڕ کردن و تەواوبوونی خۆی.

کەمیـــی گۆشەیەکی کراوەی، وەکــو (ا ب س) بۆ ئەوەی ببێت بە دووگۆشەی ڕاســت گۆشەی تیژی (س ب د) یە. لەوێدا، کەمیی بوون—بۆ— خۆ، کە دەیەوێت ببێت بە (ســەرجەمی)خۆی بوونی خۆیەتی. بــەڵام بۆ ئێمە بوون—بۆ—خۆ؛ ئەو بوونـــەی، کــە من نیم شتێکــی دوور و بێگانە نییە. لە ڕاســتیدا ئەو کەمییەی بوون—بۆ—خــۆ هەیەتی منم. لــە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئــەو کەمییە من بم و ناسنامەیەکیشــم هەبێــت، ئەوا پێکهاتەکە دەبێت بــە بوون—لەنێو—خۆ. من بۆ بوونی خۆم لەو شیوازەدا، کە هێشتا نیم و نەگەیشتوم بەو خۆیەی ناسنامەیەکی هەبێت منم. کەوابوو، پەیوەندییە بەرزەکەی بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ (خۆ)دا بەردەوام لەو پرۆژەیـــەدا دەردەکەوێت، کە من تیایدا ئامادەنیم و کەمیم. ئەو کەمییەی لە بوون—بۆ—خۆدایە ئــەو بوونە خۆیەتی. لەبەرئەمە ڕوونادات بوون—بۆ—خۆ بەبێ پـــرۆژە و ڕوونەکردن لــە ئەگەرەکانیەوە هەبێت. هەمانکـــات کۆجیتۆ دەبێت بە پاڵنەری دەرچوونەکەی بەرەو ئــەوەی نییەتی. بۆ ئەوەی باشتر لەوەبگەین، کە ڕاســتەقینەی مرۆڤانە ئەوەیە هەیە و نییە، پێویستە بۆ ئەگەرەکان بگەڕێینەوە و لە واتاکەی تێبگەین. ئەمەش لە تێگەیشــتن لە بوونی بەها سەختتر نییە چونکە پێش ئەگەرێکی ڕەوان خۆی دەســەپێنێت؛ هەمانکاتیش بوونی، وەکو ئەگەرێکی ڕەوان خــۆی دەردەخـــات. ئایا ئێمە ناڵێین ”لەوانەیە ئەو بێت“؟ لە ســەردەمی لایبنیزەوە، (ئەگەر) بەو ڕووداوە دانراوە، کە زنجیرەی هۆکارەکان نییە و لەگەڵ خۆی و سیستەمەکەشیدا ناکۆک نییە.

لەم ڕووەوە پێناســـی ئەگەر لەسەر زانین کراوە چونکە ئێمە ناتوانین بوون و نەبوونی ئەگەرێکی بەردەممان ڕەتدەینەوە. کەوابوو، دوو هەڵوێستمان لە ئاستی ئەگەر دا هەیە: وەکو ســپینۆزا دەتوانین بڵێیـــن، ئەگەرەکان لە پەیوەندییان بە

نەزانینمانـــەوە پەیدا دەبن و لەگەڵ نەمانی نەزانینەکەماندا ئەوانیش لەناو دەچن. لێرەدا لەســـەر ئـــەو ڕێگایەی دەمانەوێت لێوەی بە زانینـــی تەواو بگەین ئەگەر دەبێـــت بە قۆناخێکی ناوەکـــی لەنێو خۆدا. بوونێکی خۆیی یـــان دەرونی هەیە و لەنێـــو جیهاندا نییە. بەڵام بەو جۆرەی لایبنیـــز دەڵێت، دەکرێت زنجیرەیەکی نەبڕاوەی ئەگەرەکان، وەکو بابەتی نێو بیر لە نێو تێگەیشـــتنی خوادا دابنێین و بە ڕاســـتەقینەیەکی ڕەها ناوزەدیان بکەین. ئەم بۆچوونە یارمەتی ویستی خواش دەدات و چاکتریـــن ســـیستەم لەنێویاندا پێکبهێنێت. لـــەم حاڵەتەدا، هەرچەندە زنجیرەی هەســـتکردنی مۆنادەکان دیاریکـــراوە،[٤٢] لەو ڕوانگەیـــەوە، کە گوایە ناوەڕۆکی ئادەم، ئەو بوونەی هەمووشتێک دەزانێت و دەتوانێت بڕیاربدات، بێهودە نییە بڵێین: "لەوانەیە ئادەم دەســـت بۆ ســـێوەکە نەبات". ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لەنێو بیری خوادا سیستەمێکی دیکە، بە تەنیشت ئەم ئەگەرەوە هەبـــووە و تیایدا ئادەم میوەی درەختی زانینی نەخواردوە.[٤٣] ئایا ئەم چەمکە لەوەی ســـپینۆزاوە جیاوازە؟ لەڕاستیدا ڕاســـتەقینەی (ئەگەر) لەبیری خوادایە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە بوونی لەنێو بیرکردنەوەدا هەیە، بەڵام هێشتا لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا سەریهەڵنەداوە. لێرەدا کێشەی خۆگەرایەتی شێوازێکی جیـــاواز وەردەگرێت چونکە ئێمە مامەڵە لەگـــەڵ ئاگایی خوا نەک مندا دەکەین. ئەگـــەر خۆگەرایەتی لەگەڵ بوونێکی بڕاوەدا تێکـــەڵ بکەین ئەوا لەم بۆچوونەدا خۆگەرایەتی دیارنامێنێت و تێگەیشـــتنەکە دەبێت بەنەبڕاوە. بەهەرحاڵ، هێشتا ئەگەرەکـــان لەنێو بیرکردنەوەدا بە بیرۆکەیی دەمێننـــەوە. لەوە دەچێت لایبنیز جۆرێک ســـەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی بۆ ئەگەرەکان دانابێت. لەو نوســـراوانەدا (کۆنـــورات) لە چاپیـــداون دەردەکەوێت ئەگەرەکان خۆیان بە ســـیستەمێکەوە دەبەستن و ئەوەی لە هەموویان زۆرتر پڕ و تەواوە خۆی ئامادە دەکات ببێت بە هەبوویەکی ڕاستەقینە. ئەمە تەنیا بۆچوونێکە و لایبنیز نەیتوانیوە بەرەوپێشەوەی بەرێـــت و بیکات بە ڕێچکەیەک. لە دوو حاڵەتدا ئەگەرەکان بەرەو بوون دەبرێن: لـــە حاڵەتی یەکەمدا ئەگەر خودی ئەگەرەکان بوونێکی پڕیان هەبێت و دووەمیش هەمـــان شێواز یان جـــۆری بوونیان هەبێت، بۆ نموونـــە تەوانایی بە خونچەیەک

٤٢ بۆ لایبنیز (١٦٤٦ – ١٧١٦) فەیلەسوفی ئەڵمانی، جیهان بە هەموو هەبووەکانەوە و بوونی مرۆڤیشەوە لە ئەتۆمی گیانەکی پێکهاتوون، کە بە (موناد) ناوزەدیان دەکات. هەروەها لەو باوەڕەدایە، ئەم مونادانە لە مونادی ڕەهای خواوە بە پڕی و تەواوی دێنەکایەوە و هەر یەکێک لەوان جیهانێکی پڕو سەربەخۆیە. (وەرگێڕ)

٤٣ سارتەر نموونەی (ئادەم) ی لە داستانی نێو (تەورات)ەوە وەرگرتوە. لە (تەورات) دا بە تایبەتی پەرتووکی (پێکهاتن)، کە بەشی یەکەمی تەوراتە ئادەم سێوی نەخواردوە بەڵکو بەری درەختی زانینی تامکردووە. ئەو درەختەی لە ئادەم قەدەغەکراوە درەختی زانین بووە. بڕوانە: تەورات، پەرتووکی پێکهاتن بەشی ٢: ١٦. (وەرگێڕ)

دەدرێـــت، تاکو ببێـــت بە گوڵ یان لـــە وەرزی گوڵی نێـــو بیرکردنەوەی خوادا ئەو ئەگـــەرە بیرۆکەیەکی—هێزدارە و لە ســـیستەمێکدا دامەزراوە و ویستی خوا دەردەخات. بەڵام لێرەدا ئێمە لەنێو جیهانی خۆگەرایەتی دەرناچین.

هەروەها لە پێناســـەکردن (ئەگەر)دا، وەکو شتێکی لە ناکۆک بەدەر بوونێکی پێدەبەخشین، کە تەنیا لەنێو بیرکردنەوەدا هەبێت و پێش بوونی جیانیش بکەوێت یـــان پێش بیرۆکەی بوونی جیهان بکەوێت. لـــە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئەگەرەکان بوونی خۆیان وندەکەن و لەنێو خۆدا دەتوێنەوە.

ئەو بوونەی بۆ ئەگەری دادەنێین لە ســـروشتی ناچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ســـروشتی لەناودەبات. لە ژیانی ڕۆژانـــە و مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەگەرەکاندا بە لایەنێکـــی نەزانینەکەمان و ئەو بونیادە لە ناکۆک بەدەرەی نێو جیهانی دانانێین، کە هێشـــتا نەناســـراوە. ئەگەرەکان، وەکو خەســـڵەتی بوون خۆیـــان بۆ ئێمە دەردەخـــەن. من تەماشای ئاســـمان دەکەم و دەڵێـــم، ”لەوانەیە باران ببارێت.“ لێرەدا لە واتای ئەگەر، وەکو شتێکی لە ناکۆک بەدەری حاڵەتی ئاسمان تێناگەم. ئەو ئەگەرە، وەکو هەڕەشەیەک ســـەر بە بوونی ئاســـمانە؛ پەیوەندی بە هەوری ئاســـمانەوە هەیە، کە من دەیبینم بارانی هەڵگرتوە. ئـــەم تێپەڕبوونە هەورەکە هەڵیگرتـــوە و ئـــەوەش دیاریدەکات، کە هەورەکە بوونێکی بـــەرزی بەرەو باران باریـــن هەیە. لەم نموونەیـــەدا (ئەگەر) بە بوونێکی هەندەکییەوە بەســـتراوە و ئامـــاژە بۆ هێز دەکات. ئەم نموونەیە بەســـەر چاوەڕوانکردنی ئێمەشدا لە هاتنی هاوڕێیەکماندا دەســـەپێنرێت و دەڵێین، ”لەوانەیە ئەو بێت.“ یان ”ئەو دەتوانێت بێت.“ لەم ڕووەوە (ئەگەر) نابێت بە ڕاســـتەقینەیەکی خۆگەرانە. هەروەها پێش ڕاستەقینەکەش ناکەوێت. خەســـڵەتێکی کۆنکریتی ڕاستەقینەی هەبووەکانە. بۆ ئەوەی باران بارین ببێت بە (ئەگەر)، پێویستە هەور بە ئاسمانەوە بێت. بێهودەیە بوون لە پێناوی دەرخستنی ئەگەرەکاندا بشـــارینەوە. تێپەڕبوون لە نەبوونەوە بۆ بوون بەنێو ئەگەرەکاندا ڕاســـتەقینە دەرناخات. بـــە دڵنیاییەوە، (ئەگەر) شتێک نییە پەیدابوو‌بێت یان هەبێت، حاڵەتێکی گونجاوە، کە بوون و نەبوونی لەســـەر ڕادەوەســـتێت. بێگومان، ئەگەر بەمجۆرە کێشـــەکە ڕوونبکەینـــەوە لە چەمکی 'هێزەکی'ی ئەریستۆ نزیکدەبینەوە. ئەمەش بۆ خۆ دوورخستنەوەمان لە چەمکی ئەگەرێکـــی لۆجیکـــی لە (چاریبدس) ەوە بەرەو (ســـکیلا)مان دەبـــات و داوای داهێنانی چەمکێکی سیحراویمان لێدەکات. بوون—لەنێو—خۆیدا بوونێکی هێزەکی نییـــە و خاوەنی لایەنێکی هێزەکیش نییە. ئەم بوونە ئەوەیە، کە هەیە و خاوەنی ناســـنامەیە. هەور لایەنـــی هێزەکی باران بارین نییە و هەڵمـــی ئاوە، کە لە ژێر پاڵەپەســـتۆی هـــەوا و ڕادەیەکی دیاریکراوی پلەی گەرمـــادا بووە بەوەی هەیە. بوون—لەنێو—خـــۆ بوونێکی کردەکییە. بەڵام تێدەگەین چۆن هەڵوێستی زانستانە

لەگــەڵ داماڵینی جیهان لە مرۆڤایەتی ئەگەرەکانــی بە لایەنی هێزەکی داناوە و هەموو ئەگەرێکی بە لایەنی ناوەوەی مرۆڤ و نەزانینەوە بەســتۆتەوە. هەنگاوی یەکەمی هەڵوێستە زانستییەکە دروســتە؛ (ئەگەر) لەگــەڵ بوونی مرۆڤدا پەیدا دەبێت. ئەو هەورانە باران دەبارێنن ئەگەر من گۆڕانەکە ببینم، هیلالیش بەشێکی مانگە ئەگەر من بە مانگی یەک شەوەوە بینەســتمەوە. ئایا پێویست دەکات ئەم ئەگەرانە بە جیهانی نــاوەوەی مرۆڤەوە گرێبدەین؟ وەکو چۆن کەمی لەگەڵ ئەو بوونەدا هاتە جیهانەوە، کە لە بوونیدا کەمی[نەبوون] هەیە، ئەگەریش لەگەڵ ئەو بوونەدا پەیدا دەبێت، کە لە بوونیدا ئەگەر هەیە.

پێویستە لەوەش دڵنیابین، ئەگەر و بیرۆکەی ئەگەر هاوجوت نین. لەڕاســتیدا ئەگەر (ئەگەرەکان) بابــەت نەبن و بوونێکی دەرەکییان نەبێت نابن بە ناوەڕۆکی بیرۆکەکانیان. ئەگەر (ئەگەرەکان) لەنێو تێگەیشــتنی خــوادا دابنێین و ببن بە ناوەڕۆکــی بیرۆکەی خوا ئــەوا وەکو بیرۆکەی کۆنکرێتی[نێو تێگەیشــتنی خوا] دەبینرێــن. لێرەدا ئەمە وەکو گریمانەیەک دادەنێین، هەرچەندە مەحاڵە تێبگەین چۆن ئەم هێزە نەرێیە دەبێت بە بوونێکی ڕاســتەقینە دەڵێین خوا دەســتەڵاتی ڕەتدانەوەی هەیە، بۆ نموونە دەتوانێت لایەنی نەرێی بیرۆکەکانی دەربخات. لەگەڵ ئەمەشدا، مەحاڵە بزانین چۆن ئەم بیرۆکانە دەبن بە ئەگەرەکان.

ئەنجامــی ڕەتدانەوە و دەربڕینێکی نەرێ ئــەوە دەردەخات، کە لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا هاوجوت نییە. کاتێک دەڵێین لە جیهاندا نییە مەبەســتمان ئەوەیە، کە ئەو ئەســپەی ســەری مرۆڤی پێوەیە بوونێکی (ئەگەر)ی هەیە. سەلماندن و ڕەتدانەوەی خەسڵەتی (ئەگەر)لەسەر بیرۆکەیەک دەرناکەون. لەوانەیە لای هەندێک ئەو خەسڵەتە بە تێهەڵکێشکردنی سەلماندن و ڕەتدانەوە دەرکەوێت، بەڵام هێشتا تێهەڵکێشکردن هەموو لایەنێکی ئەو شتەمان نیشاننادات. لەبەرئەمە لایەنی ناوەوە و ســەلماندنی نەزانینمان لە دەرخستنــی پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان و داکەوتدا نابن بە زەمینە بۆ ئەو خەسڵەتەی ئەگەرێک بە بیرۆکەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو بونیادەشمان پیناناسێنێت، کە ئەگەرەکەی لەسەر دامەزرێت.

ئەگەر جۆرە بۆچوونێکیش کاربکاتە سەر بیرکردنەوەم لە هەڵبژاردنێکدا، ئەوا دەتوانم بڵێم، کە ئەو کارتێکردنە بوونی ئەو شتەی هەڵیدەبژێرم لەپێشتر دادەنێت ئەو شتە، بەو جۆرەی باســم کرد، وەکو کەمی دەبێ هەبێت. لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی ئەگەرەکانیشــدا بۆچوونەکان کاریگەرێتی خۆیان لەسەر حەزی ئێمە بۆ هاوجوتکردنی بیرۆکەکانمــان و داکەوتی دەرەکییەوە تۆماردەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەســتنەوەی ئەگەرەکان بە داکەوتەوە لەسەر تێگەیشتنی ئێمە لــە ئەگەرەکان ڕادەوەســتێت. هەموو هەوڵدانێک بۆ دامەزراندنی ئەگەر لەســەر زەمینەی خۆگەرایەتی ئاکامێکی ســەرنەکەوتوی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا دروستە

بڵێیـــن، (ئەگەر) هەیـــە و دەتوانین هەڵیبژێرین. هەروەهـــا (ئەگەر) لەگەڵ ئەو بوونەدا دێتە جیهانەوە، کە (ئەگەر) لە بوونیدا هەیە و ئەم بوونەش ڕاستەقینەی مرۆڤە. لێرەدا دروســـتە، ئەگەر بڵێم من مافم هەیە بەو جۆرە بم، کە هەم. بەڵام ئەم مافە لەو بوونەم جیادەکاتەوە، کە مافی بوونی هەیە. مافی موڵکداریتی لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە کەسێک لەسەر موڵک ململانێم لەگەڵدا دەکات و ئەو موڵکەش لەژێر دەســـتی مندا دەردەهێنێت. ئەو خۆشییەی من لـــەو موڵکەوە وەریدەگرم فاکتۆرە و ماف نییە. لەم ڕووەوە ئەگەر (ئەگەر) هەبێت، ئەوا بوونی مرۆڤ دەبێت شتێکـــی جیاوازتر بێت لە خۆی. (ئەگەر) خەســـڵەتی بوونە-بۆ-خۆی، کە لەم بوونەدا بوونی-لەنێو-خۆ ڕەتدەداتەوە.

ئەگـــەر لـــەو باوەڕەدابین (ئەگەر) لەگەڵ ئەو بوونەدا دێتـــە جیهانەوە، کە لە بوونی خۆیدا ئەگەر هەیە، لەبەر ئەوەیە، کە بوون-لەنێو-خۆ و ئەگەر لە دەرەوەی ئەم بوونەدا و ئەو بوونەش دروستیدەکات، کە بەرانبەر ئەگەرەکان ڕادەوەستێت. ئـــەو پارچە کوتاڵەی جوڵانـــی تۆپی بلیارد دەوەســـتێنێت (ئەگەر)ی تێدا نییە. ئەگەری وەســـتانی تۆپەکە لەوێدا دێتە جیهانەوە، کە بوونێک هەبێت لەو ئەگەرە بـــە ئاگا بێت. لەبـــەر ئەوەی ئەگەرەکە بابەتێکی دەرەکی ڕووت نییە و ســـەربە بوون-لەنێو-خـــۆ نییە، هەمانکاتیش بابەتێکی ڕووتی ناوەکی نییە، ئەوا دەبێت ئەو بونیادە دەرەکییە بە ئاگاییەوە ببەستینەوە. تێگەیشتن لە ئەگەر و وەستان لە ئاســـتی ئەگەری خۆتدا پێویستی بوونێک دەردەخات، کە بوون لە لای دەبێت بە پرســـیار. بوونێکیش خاوەنی ئەگەر بێت ئەوە دەردەخات ئەو بوونە هێشـــتا لایەنێکی بوونی پەیدانەبووە و بوونێکە لە خۆی ڕادەکات و بەرەوپێش دەڕوات. بە کورتییەکەی، هەموو ســـاتێک لە بوونمدا دەبێت بەو بوونەی، کە هەیە و هاوکات هێشـــتا نەبووە بەوەی، کە هەیە. من فڕێدراومەتە دەرەوەی بوونی خۆم و بەرەو دامەزراندنی واتایەکی دیکەی بوونم دەڕۆم. بەڵام نابێت ئەمە لەگەڵ لایەنی ناوەوە و بیرۆکەکانی نێوخۆدا تێکەڵ بکەین.

دێکارت لە دەربڕینی بوونی خۆیدا، بە ڕێگەی گومانەوە لە کۆجیتۆکەیدا ئەگەر دەربڕینەکەی تەنیا لەسەر تەماشاکردن دامەزرێنێت ناتوانێت ئەو

گومانە پێناســـبکات. واتـــای گومان لەوێدا دەردەکەوێـــت، کە وەکو (ئەگەر) تەماشابکرێـــت و لـــەو باوەڕەشدابین لە داهاتوودا نەمێنێـــت. پێویستە دڵنیابین لەوەی هیچ فاکتۆرێکی ئاگامەندی ئاگامەندی نییە. ئەگەر هوســـرڵ ئاسایی باسی ســـترەکچەری ناوەکی ئاگامەندی بکەین، کە هیـــچ شتێکی لێوە دەرنەچێت و لە ناوەوەبمێننەوە، [فاکتۆرەکان] لەم حاڵەتەدا، لەو مێشـــانە دەکەن، کە خۆیان بە شوشوی پەنجەرەکەیا ئەدەن و ناتوانن بچنە دەرەوە.

ئەو کاتەی ئاگامەندی بە گومان، هەستکردن، تینۆێتی و هتد.. دادەنێین، ئێمە

ئاماژە بۆ ئەو نەبووە دەکەین، کە هێشتا نییە. ئاگامەندی لە خوێندنەوەدا ئاگایی نییە لە وشەکان و ڕستەکان و تەنانەت پەڕەگرافێکی نێو پەرتووکەکە. ئاگاییە لە خوێندنەوەی پەرتووکەکە، کە ئاماژە بۆ هەموو ئەو لاپەڕانەش دەکات هێشتا نەخوێنراونەتەوە و ئاگامەندی لە خۆی دووردەخاتەوە. ئەو ئاگاییەیە ئاگاییە لە شتێکی هەبووەوە، کە دەبێت ئەو هەبووە بە تەواوی باسبکات. هەموو بوونێکی بۆ—خۆ جۆرێک کەمی تێدایە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم بوونە لە مەراقی ئەوەدایە ببێت بەوەی خۆی دەیەوێت. ئەو کەمییەی بوون—بۆ-خۆ توشی بووە و ئەوەی دەیەوێت هەیبێت و بیکات بە (خۆ) بوونی خۆیەتی.

لەپێشتر بینیمان، کە بوون—بۆ-خۆ لەبەردەم بوونی خۆیدا ڕاوەستاوە و ئامادەیە. پەیوەندی نێوان بوون—بۆ-خۆ و ئەگەرەکان لە لەناوبردنی ئامادەبوونە لەبەردەم خۆیدا و هێشتا ڕوووینەداوە. کەوابوو، بوون—بۆ-خۆ تاکو ئەو ڕادەیەی لەبەردەم خۆیدا ئامادە نییە ئەو ئامادەنەبوونە لە بوونیدا دەبێت بە کەمی. هەموو ئاگاییەک جۆرە کەموکورتییەکی تێدایە.

بەلام پێویستە بزانین ئەم کەمییە، وەکو کەمی ناتەواوی مانگی هیلال، لە دەرەوە نایەت. کەمی بوون—بۆ-خۆ لەنێو ئەو بوونەدایە. ئامادەنەبوونی ئەم بوونە لەبەردەم خۆیدا و دەبێت بە بناخەی نەبوونی ئەم بوونە. (ئەگەر) ئامادەنەبوونی ئاگامەندی ئەم بوونەیە چونکە ئەم بوونە هێشتا نەبوە بەوەی خۆی دەیەوێت.

تینوێتی، بۆنموونە، تینوێتی نییە ئەگەر لەنێو ئەم بوونەدا خۆی دەرنەخات و ئامادە نەبێت. لەم حاڵەتەدا تینوێتی بۆ بوون—بۆ-خۆ دەبێت بە کەمی. کەمی ئەگەری ئەم بوونەیە نەک لایەنی کردەگی.[٤٤] تینوێتی کەمییەو بوون—بۆ-خۆ دەیەوێت پڕییکاتەوە.

بەلام پڕکردنەوەی ئەم کەمییە لە تینوێتی شکاندندا خەفەکردنی تینوێتی نییە. بە پێچەوانەوە، پەڕینەوەی تینوێتییە بۆ پڕکردنەوەی بوون. تینوێتی، کە خۆی تێردەکات، وەکو فۆرم لای ئەریستۆ گۆڕان بەسەر ئەستو (ماتەر)دا دەهێنێت و دەبێت بە تینوێتییەکی هەمیشەیی. ئەم بۆچوونە تازە هاتۆتەکایەوە. لەوە دەچێت گوایە مرۆڤی تینو دەیەوێت خۆی لە تینوێتی ڕزگاربکات یان پیاوێک تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی لەگەڵ ئافرەتێکی لەش فرۆشدا جوت

---

٤٤ لایەنەکانی هێزەکی و کردەکی، لە مێتافیزیکی ئەریستۆدا لە بوونی هەموو ئەو بابەتانەی گۆڕانیان تێدا ڕوودەدات هەن. لایەنی هێزەکی، کە لێرەدا سارتەر بە ئەگەرەکانی بوون ناوزەدی دەکات ئەو جۆرە لایەن و خەسڵەتانەن، کە هێشتا پەیدا نەبوون و بە کردەوە لە داکەوتدا نین. تۆوی میوەیەک لە بوونیدا ئەوەندە هێزی تێدایە ئەگەر لە زەوییەکی بە پیت و تێر ئاودا بچێنریت ببێت بە درەخت. کاتێک دەبێت بە درەخت ئەوا بە کردەوە درەختە. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر بۆچوونی ئەریستۆ لەسەر ئەم دوو لایەنەی بوون بڕوانە: ئەریستۆ، میتافیزیک، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، دەستگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، بەشی کاپا، ل ٢٣٦—٢٣٨.(وەرگێڕ)

دەبێت. تینوێتی و ئارەزووی سێکسی لە حاڵەتی سەرەتایی و بێ بیرکردنەوە دەیانەوێت چێژوەرگرن. دەیانەوێت لەگەڵ دڵنەواییدا پێکبێن. تینوێتی خۆی بە تینوێتی دەناسێنێت و دەزانێت بە ئاو خواردنەوەش تێر دەبێت. کەوابوو، ئەپیکۆر دروست و نادروستیش بۆ ئەو کێشەیە چووە، کە گوایە ئارەزوو بەتاڵییە. بەڵام هیچ پرۆژەیەک بەبێ بیرکردنەوە هەوڵی خەفەکردنی ئەم بەتاڵییە نادات. ئارەزوو دەیەوێت بەردەوام بمێنێتەوە. مرۆڤ درندانە دەست بە ئارەزووەکانییەوە دەگرێت. ئارەزوو دەیەوێت بەتاڵییەکە پڕ بکاتەوە. بەڵام ئەو کەسەی بڕیار لەسەر تێربوونەکە دەدات لەو قاڵبە دەچێت شێوەی برۆنزە تەواوەکەی نێو خۆی دادەڕژێت. ئەگەری بە ئاگا

لە تینۆێتی ئاگاییە لە خواردنەوە. ئێمە دەزانین پێکبوون لەگەڵ (خۆ)دا مەحاڵە چونکە بوون—بۆ-خۆ بەردەوام لە بوونیدا و ئەگەرەکان لەبەردەمیا قوتدەبنەوە. جۆرە نائومیدییەک توشی ئەم بوونە لە تێربوونیدا سەرهەڵدەدات، کە پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەیە: "تەنیا ئەمە هەیە؟" ئەمەش بەرەو ئەو چێژە کۆنکرێتییە دەڕوات لەگەڵ (خۆ)دا پێک نایەت. بەم پێیە دەتوانین ئاوڕێک لە بنەرەتی (کات) بدەینەوە چونکە تینوێتی ئەگەرە و ئەو شتەشە، کە ئەگەری ئەو نییە. ئەم نەبوونە لە بوونی مرۆڤدا لە نبەڕەتی کاتدایە.

بەڵام پێویستە بۆ ئەم خاڵەش بگەڕێینەوە، بوون—بۆ-خۆ لەگەڵ خۆ ئامادەبوونەکەیدا، کە کەمی ئەگەری خۆیەتی، جیادەبێتەوە. جیابوونەوەکەی لەسەر (نەبوون) و هەروەها بوونی تەواوی بوون—بۆ-خۆ لەنێو جیهاندا ڕادەوەستێت. بوون—بۆ-خۆ دەیەوێت لە ڕێگەی پرۆژەکانیەوە لەنێو جیهاندا لەگەڵ خۆیدا پێکبێت و لەگەڵ ئەگەرەکانیدا ببێت بە یەک. ئێمە ئەم[هەوڵدانە] بە[سوڕانەوەی خۆ] ناوزەد دەکەین، کە پەیوەندی بە بوون—بۆ-خۆ لەگەڵ ئەگەر و جیهاندا هەیە. ئێستا ئێمە دەتوانین واتای بوونی (ئەگەر) ڕوونبکەینەوە. (ئەگەر) ئەو جۆرە کەمییەیە بوون—بۆ-خۆ لەبەردەم بوون بەو شتەی دەیەوێت ببێت هەیەتی.

لەم ڕووەوە ئەگەرێکی[لۆجیکی] ڕووت نییە، مەگەر، لەم حاڵەتەدا بوون لە دوورەوە بەو دیاردەیە دابنێین، کە هەیە.(ئەگەر) بیرۆکەیەکی ڕووت نییە. کەمییەکی ڕاستەقینەی بوونە، کە وەکو کەمی لەودیو بوونەوەیە. بوونێکی کەمییە، کە کەمی بوونە.

(ئەگەر) شتێکە نییە، ئەگەرێکە لە بوونی بوون—بۆ-خۆدا، کە یاریدەی ئەم بوونە دەدات ببێت بە خۆی. (ئەگەر) ئەو نەبوونەیە دەکەوێتە ئەودیو بوونی ئەم بوونەوە. بە دڵنیاییەوە، لە سەرەتاوە ئەمەش وەکو بیردۆزەیەک خۆی دەرناخات.

بەڵکو لەودیو جیهانەوەیە و واتاش لەنێو (سوڕانەوەی خۆ)ی مندا بە ئاگاییم دەبەخشێت. (ئەگەر) سنورداریێتی خۆ—ئاگایی و ئاگامەندیش دیاریدەکات.

ئاگایی ڕاســـتەوخۆ لـــە تینوێتی لەگەڵ بینینی پەرداخێک ئاودا ســـەرهەڵدەدات بەبـــێ ئەوەی (خۆ) بیر لە کۆتایهێنان لـــە ئارەزووەکەی بکاتەوە. بەڵام تینوێتی شکاندنەکە بەستراوەیە، ئاگامەندی ڕاستەوخۆ لەنێو ڕەهەندی پەرداخە ئاوەکەدا لەنێو جیهاندا دروستدەبێت.

٥. خۆ و سوڕانەوەی خۆ

هەوڵمـــداوە لـــە نوســـراوێکمدا لـــە گۆڤـــاری *Recherches Philosophiques* ئەو خاڵە بسەلمێنم، کە ئیگۆ ســـەر بە بوون-بۆ-خۆ نییە.[٤٥] من نامەوێ ئەم خاڵـــە لێرەدا دووبارە بکەمەوە، بەڵام پێویستـــە لەبەرزێتی ئیگۆ تێبگەین: وەکو بناخەیەک بۆ یەکگرتنی ئەزمونەکانی ژیان، ئیگۆ دەبێت بوونێک بێت لەنێو—خۆدا نەک بوون—بۆ-خۆ. ئەگەر بوونێکی ئاگامەندانەی هەبێت ئەوا پێویستە بڵێین ئەو بوونەیە، کە هێشـــتا نەبووە بەوەی دەیەوێـــت، هەروەها ئەوەش نییە، کە هەیە. ئەمـــەش ئەو بوونەیە کە (من)م. لە ڕاســـتیدا ئاگامەندی (مـــن) ناهێنێتە کایەوە چونکە (من) هەمیشە لە پێش ئاگامەندییمدا شتێکی دانراوم و هەم.

کەوابوو، ئیگۆ بۆ ئاگامەنـــدی شتێکی بەرزە و بوونێکی لەنێو—خۆی لەنێوی جیهانی مرۆڤ نەک، وەکو خۆرسکی ئاگامەندی، هەیە. بوونێکی نا کەس نییە. بەڵام ئیگۆ لە بوونی کەســـەوە دوورە؛ کە بە بێ ئاگامەندی هەمیشە بەو نا—کەسییەوە دەمینێتەوە. ئاگامەنـــدی لەژێر بارودۆخی تایبەتیدا (ئیگـــۆ)، وەکو دیاردەیەکی بەرزی (خـــۆ) دەردەخات. هاوکات با ئاگامان لەو خاڵەش بێت، کە بوون—بۆ-خۆ ســـادە و ڕووت و دەبینین دژوارە بە بوونێکی لەنێو—خۆ بڵێین، لەنێو—خۆیە یان شتێکـــە، کە هەیە. لەم حاڵەتەدا، هەندێـــک وا بۆی دەچن (من)، ئەو بوونەی بە دیدی ئەوان لەنێو ئاگامەندییدایە، ئاگامەندی (من)ە، نەک (خۆ). ئەم بیریارانە لە ئاکامی بیرکردنەوەکەیان و دانانـــی بوون—بۆ-خۆ بە لەنێو—خۆ تێڕامانی[مرۆڤ] لەســـەر خودی خۆی ڕادەگرن و دەیڕوخێنن. ئاگامەندی بۆ[ئیگۆ] دەگەڕێتەوە و (ئیگـــۆ)ش ئاماژە بۆ هیچ بوونێک ناکـــات. پەیوەندی نێوانیان بووە بە چەقێکی نادیار و وەســـتاو. ئێمەش، بە پێچەوانەی ئەم بیریارانەوە، ڕوونمانکردەوە (خۆ) لەنێـــو ئاگامەندییدا دانانرێت. ئەو، ئەگـــەر بتەوێت، هۆکارە بۆ جوڵانی نەبڕاوەی بیرکردنەوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ بابەتەکەیدا دروستدەکات. لە پێناسەکردنیا بە شتێکی سنوردار و نموونەیی دادەنێین. سنورداریێتیش لە ڕەتدانەوەی ڕاستەقینەی

٤٥ ئەم نوسراوەی سارتەر لە ژمارە (٦) ی ئەم گۆڤارەدا لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوکراوەتەوە. (وەرگێڕ)

هەبوویەکدایە لە بووندا. لەگەڵ یەکەم ســەرهەڵدانیا، ئاگامەندی بەو ڕەتدانەوەیە کەســێتی خۆی پێکدەهێنێت؛ چونکە کەســایەتی لــە خاوەنێتی (ئیگۆ)دا نییە. ئیگۆ تەنیا ئاماژەکردنە بۆ کەســایەتی. ڕاســتییەکەی لەوەدایە، کە بوون هەیە و لەبــەردەم خۆیدا ئامادەیە. ئەم جوڵانــەی تێڕامانی ئاگامەندی ئاماژە بۆ (خۆ) ش دەکات. لەنێو (خۆ)ی منــدا ئەگەرەکانم لە ئاگامەندیمدایە و ئەو ئاگامەندییە دەکــەن بەو شتەی هەیە.(خۆ) تاکــو ڕادەیەک لەناوبردن و ڕوخانی لەنێو خۆیدا هەڵگرتــوە چونکە ئەو ئەگەرەی، کە لە بوونی مندایە ئامادەبوونێکی ڕووت نییە، بەڵکــو ئامادەنەبــوون و ئامادەبوونە. بوون—بۆ-خۆ لەودیو خۆیەتی و دەســتی بە خۆی ناگات. ئەم سەربەســتییە پێویستەی بوون، کە بوونی هەموو کەســێک بە کەمی دەردەخات (خۆ)ی تاکە کەســە. چۆن پێناســەی (کەس)بکەین، ئەگەر سەربەســتانە پەیوەندی بە بوونی خۆیەوە نەبێت؟ لە جیهاندا، بۆنموونە هەموو ئەو هەبوانەی هەن و پەیوەندییان بە سوڕانەوەی خۆوە هەیە، لەم ئەزموونەدا (خۆ) دەیەوێت تێپەڕیان بکات و بە خۆی بگات. بەگوێرەی پناسەکەی هایدیگەر جیهان "ئەوەیە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەو جۆرەی هەیە دەیناسێت." ئەو ئەگەرەی بۆ منە ئەگــەری بوون—بۆ-خۆیە، بەو شێوەیەش لەبەردەم بوون—لەنێو خۆیدا و بۆ ئاگامەندی ئامادەیە. ئەوەی من لە جیهانم دەوێت پێکهاتنە لەنێوان بوون—بۆ-خۆ یان (من) و ئاگایی لە جیهان. بەڵام ئەو ئەگەرەی، کە بە ئامادەنەبوون و ئامادەبوون ناوزەدمان کرد، لەبەردەم ئاگامەندییدایە، وەکو بابەتێکی بیرکردنەوە ئامادە نییە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئامادەبێت ئاگامەندی دەتوانێت لەبەردەمیا ڕاوەستێت و بیری لێبکاتەوە. شکاندنی تینوێتیم، کە مامەڵە لەگەڵ تینوێتی کردەکیدا دەکات ئاگایی نییــە لە شکاندنی تینوێتی. ئاگاییە لــە خواردنەوەی پەرداخێک ئاو. هۆکارە بۆ دەرچوونی[ئاگامەندی] بەرەو پەرداخە ئاوەکە. پەرداخە ئاوەکەش، وەکو ئەگەری پەرداخێکی پڕ ئاو دەردەکەوێت، کە پەرداخێکە ئاوی پێ دەخورێتەوە. کەوابوو، جیهــان تاکو ئەو ڕادەیەی لەگەڵ نەبوونــدا هاوپەیوەندییان هەیە، جیهانی منە. بەبێ جیهان نە (خۆ) هەیە و نە کەس. هەروەها بەبێ خۆ و بەبێ کەس جیهانیش نییــە. بەڵام ئەو جیهانەی لەبەردەم کەســێکدا قوت دەبێتەوە جیهانی کۆجیتۆی پێش تێڕامان نییە. بێگومان بێهودەیە بڵێم ئەو جیهانەی دەیناســم جیهانی منە. هەمانکــات، کە دەڵێم جیهانی منە، ئەم جۆرە[خاوەنێتییە] بونیادێکی هەیە، کە لەژێر دەســتماندا ڕادەکات و بەردەوام منیش تیایدا دەژیم. جیهان بۆ منە چونکە پڕە لــە ئەگەرەکان. ئاگاییم لە هەر یەکێک لــەم ئەگەرانە هەمانکات ئەگەرێکی خۆ—ئاگاییــە، کە (مــن)ە. ئەم ئەگەرانە یەکێتی و واتا بە جیهان دەبەخشــن. توێژینەوەکەمان لەسەر هەڵوێستی ڕەتدانەوە و بڕوای خراپ ڕێگەی بۆ خۆشکردین لەسەر کۆجیتۆ ئۆنتۆلۆجییانە بکۆڵینەوە. کۆجیتۆش، وەکو (بوون—بۆ-خۆ) خۆی

بـــۆ ئێمە دەرخست. ئەم بوونەش هەوڵدەدات خۆی بگەیەنێتە ئەگەر و بەهاکان، بۆیـــە بوونێکی بەرزی هەیە و لەنێو چوارچێـــوەی کۆجیتۆکەی دێکارتدا گرێمان نەداوە. لەبەرئەمە بەو ئاکامانە دڵخۆش نین، کە پێیان گەیشتوین. ئەگەر کۆجیتۆ بەرز بێت و بەرەو ئەگەرەکان بکەوێتەگەر، ئەوا ڕەتکردنێکی (کاتی) هەیە. بوون—بۆ-خۆ لە شێوازی ئەو بوونەدا، کە هێشـــتا پەیدانەبـــوە، ئەگەرەکانی خۆیەتی. ئەگەرەکانـــم لەنێو کاتدا و لەنێو جیهاندا ســـەرهەڵدەدەن و دەبن بە موڵکی من. ئەگەر ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی بە شتێکی کاتـــی دابنرێت بەرزێتی ئەم بوونەش کات بێت و تاکو لە گرنگی ئەم بوونە لەنێو کاتدا تێنەگەین ئەوا واتای بوون—بۆ-خۆ ڕووناکەینەوە. تەنیا لەم بۆچوونەوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ کێشـــەکەمان، کێشەی پەیوەندی ئاگامەندی بە بوونەوە بکەین.

بەشی دووەم

کات

١. فینۆمینۆلۆجییای سێ ڕەهەندەکانی کات

ئاشکرایە کات بونیادێکی ڕێکوپێکی هەیە. سێ لایەنەکەی کات، کە بە ڕابردوو، ئێستـــا و داهاتوو ناوزەدیان دەکەین، ئەو دراوانە نیـــن ئێمە کۆمانکردبنەوە، بۆ نموونـــە زنجیرەی نەبڕاوەی (ئێستا)کان نییە، کـــە هەندێکیان گوزەریان کردبێت و ئەوانی دیکەشیان هێشـــتا ســـەریان هەڵنەدابێت. کات، بە پێچەوانەی ئەمەوە، بونیادێکی تێهەڵکێشـــراوی هەیە. ئەگینا توشی ئەو پارادۆکسە دەبین، کە گوایە ڕابـــردوو ئەوەیـــە، کە تێپەڕیـــوە و داهاتوش پەیدانەبووە. هەموو کەســـێکیش دەزانێت، کە ســـاتەکانی (ئێستا) بێجگە لە زنجیرەیەک لـــە یەکەی دابەشکراوی نەبـــڕاوە چ دیکە نین، لەو خاڵانە دەچن ڕوو لە هیـــچ شوێنێک ناکەن. کەوابوو، ئەم زنجیرەیـــە دووجار بەرەونەمان دەچێت؛ چونکە ئەو (ئێستا)یانەی ســـەریان هەڵنەداوە (هیـــچ)ن و هەمانکات[لەگەڵ ســـەرهەڵدانیان] ڕوو لە ڕابردوو دەکەن و بەرەو نەمان دەگوزەرێن. تەنیا میتۆدێکی گونجاو بۆ توێژینەوە لەسەر کات هەبێت ئەو تێڕوانینەیە، کە کات تیایدا بەگشتی خۆی دەردەخات و ڕووناکی دەخاتە سەر بوونیادەکەی و واتایان پێدەبەخشـــێت. لەم ڕووەوە هەرگیز کاتمان لا ون نابێت. هاوکات ناتوانین لە بوونی کات بکۆڵینەوە ئەگەر لە سەرەتاوە لە واتا نادیارەکانی ڕەهەندەکانـــی کـــات فینۆمینۆلۆجیانە یان لە ڕوانگـــەی پێش—ئۆنتۆلۆجییانەوە تێنەگەیـــن. پێویستە ئـــەم تێڕوانینە فینۆمینۆلۆجییانەیە بـــە هەوڵدانێکی کاتی لەم قۆناخەدا بۆ مەبەســـتی تێگەیشـــتنمان لە کات بەگشتی بەکاربهێنین. لێرەدا ڕەهەندەکانی کات لەو زەمینە گشتییەوە خۆیان دەردەخەن بەبێ ئەوەی وابەستە بوونیان بە یەکدی و بەو بونیادەوە فەرامۆش بکرێت.

ئەلف. ڕابردوو

ئەو بیردۆزانەی لەســـەر بیرەوەری دانراون پێیان وایـــە بیرەوەری پەیوەندی بـــە ڕابردووەوە هەیە. ئەم پەیوەندیەش لەبەر ئەوەی ڕوونەکراوەتەوە کێشـــەی بیرەوەری و کاتیش بەگشـــتی ئالۆزکردوە. ئێمە پێویستە ئەو پرســـیارە بکەین: بوونـــی ڕابـــردوو چییـــە؟ بۆچوونە باوەکان لەنێـــوان واتای دوو جـــۆر چەمکدا

دەســـوڕێنەوە. گوایە، ڕابردوو ئەوەیە، کە تێپەڕیوە و نەماوە. لەم ڕووەوە تەنیا دەتوانیـــن بڵێین (ئێستا) یان ڕانەبردوو بوونی هەیە. ئـــەم گریمانە ئۆنتۆلۆجییە بۆتە هۆکاری ســـەرهەڵدانی بیردۆزە بە ناوبانگەکە، کە باســـی نیشـــانەکانی نێو مێشـــک دەکات. مادامەکی ڕابردوو تێپەڕیـــوە و لەنێو نەبووندا تواوەتەوە، ئەگەر بیرەوەری بەردەوام بێت، پێویستە لەســـەر گۆڕانکارییەکانی بوونی (ئێستا)ماندا خۆیڕاگرێـــت. بۆ نموونە، ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات، وەکو نیشـــانی مۆرکردن بەسەر بەشێکی مێشکمانەوە دەمێنێتەوە.

کەوابوو، هەموو شتێک ڕانەبردووە: لەش، ئەو هەستکردنەی ئێستا هەمە، ڕابردوو، وەکو نیشان لەنێو لەشدا، کردەکین: چونکە نیشانکردنەکە بەبێ بیرەوەری ناتوانێت هەبێت. هەموو ئەمانە پێکەوە دەبن بە نیشانێکی کردەکی. ئەگەر بیرەوەری جارێکی دیکە دروســـت ببێتەوە ئەوا لەنێو ڕانەبردوودایە و پرۆســـەیەکی ڕانەبردووە، وەکو پچڕانێکی هاوتایی پرۆتۆپلازمی لەنێو خانەکانی مێشکدا دادەنرێت. سایکۆلۆجی— فیزیۆلۆجییانە دەیەوێت باس لە چۆنیەتی پرۆسە سایکۆلۆجییەکە لە پەیوەندی نێوان دیاردەیەکی دەروونی ئامادەبوو بە وێنەیەکی نێو بیرەوەری مێشـــکەوە بکات. ئەو بیرۆکەیەی تازە بە ناوی (ئینگرام) پەیدابووە بە کوتاڵێکی نازانستانەی زاراوەکان دەپێچێتەوە. بەڵام ئەگەر هەموو شتێک ڕانەبردوو بێت، چۆن بتوانین باسی بیرەوەری بکەین؟ لە بیرەوەریدا ئاگایی دەیەوێت بەسەر ئێستادا تێپەڕێ و ڕووداوێکی ڕابردوو بە بیر بهێنێتەوە. من لە شوێنێکی دیکەشدا ئەو خاڵەم ڕوونکردۆتەوە، کە وێنەی هەســـتکردن[لەنێو مێشکدا] لە هەستکردنەوە جیاناکرێتەوە ئەگەر ئێمە وێنەکە بە دووبارە کردنەوەی هەســـتکردنەوە دابنێین.[٤٦] ئەگینا توشی هەمان کاری مەحاڵ دەبینەوە. لەســـەرو ئەمەوە، ئێمـــە ئەو میتۆدە دەخەینەلاوە، کـــە بیرەوەری لە وێنەکانی نێو ئەندێشـــە جیادەکاتـــەوە. لاوازی و کاڵبونەوە و ناتەواوی و ناکۆکی بیرەوەری لەگەڵ هەستکردەکاندا ئەوە دەرناخات وێنەکانی نێو ئەندێشە جیاواز بن. لەسەرو ئەمانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم خەسڵەتانە ئێستا هەن و لە ڕانەبردوودان، ئەوا ناتوانن ئێمە لەنێو ڕابردوو دەربهێنن و بەرەو ڕانەبردوو پەلکێشمان بکەن. بەگوێرەی بۆچوونەکانی کلاپەرێد و جەیمس، لە باسکردنەکەیاندا لەسەر خۆشەویستی، ئێمە بێهودە ســـتایش بۆ بیرەوەریمان دەکەین. لێرەدا خەسڵەتەکان تەنیا بارودۆخێکی ڕانەبردوومان بۆ بەرجەســـتە دەکـــەن، کە بە بیرەوەرییـــەوە پێچراونەتەوە، لەم حاڵەتـــەدا لەنێو ڕانەبردوودا دەمێننەوە یان پەیوەندییـــان بە ڕابردووەوە هەیە و واتایەکی لەپێشتریش ئامادە دەکەن.

٤٦ لێرەدا سارتەر ئاماژە بۆ نوسینێکی دەکات بە ناوی ئەندێشە، کە لە ساڵی ١٩٣٦ دا بڵاوکراوەتەوە. (وەرگێڕ)

هەندێــک بیریار لەو باوەڕەدان خۆیان لەم کێشــەیە بە ڕێگــەی گەڕانەوەی بیرەوەری بۆ جۆرێک لە بەستێنی کۆمەڵایەتی ڕزگار دەکەن.

بێگومان ئەم کارکردنانەی [بیرەوەری] لەم بەستێنەدا هەن و پێویستە زانستی دەروونناسی لە ســەریان بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکەی بە ڕابردووەوە نەدۆزینــەوە، ئەوا کارکردنەکانی بیرەوەری ناتوانن دروســتی بکەن. ئەگەر ئێمە لــە تەنیاڕەوی مــرۆڤ لەنێو دوورگــەی ڕانەبردوویەوە دەســتپێبکەین و هەموو شێوازەکانی بوونی ســروشتانە لەگەڵ دەرکەوتنیاندا لەنێو ڕانەبردوودا گیربخۆن، ئــەوا ڕادیکاڵانە هەموو میتۆدێکمان بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکەی بە ڕابردووەوە لەناوبردوە. ناتوانین ســەرکەوتوانە بنەمانی ڕەهەندی (ڕابردوو) لەنێو ڕانەبردوودا دەربهێنیــن. هەوڵدانەکەمان چی لە هەوڵدانی زانایانی جێنەتیک کەمتر نابێت، کە نەیانتوانیوە بەردەوامبوونی جینەکان بەچینە لەناوچووەکانەوە ببەستنەوە.

بۆچوونی گشــتی کێشەی لەبەردەم ڕەتدانەوەی بوونی ڕاستەقینەی ڕابردوودا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە باوەڕێکی دیکەی دامەزراندوە، کە گوایە ڕابردوو بە ناو هەیە. بوونی ڕابردوو لە ئاســتی ڕووداوێکدا واتای خانەنشینی، لە ناوچوونی کارتێکردن و بوون دەبەخشــێت. برگسۆن سودی لەم بۆچوونە وەرگرتوە: گوایە ڕووداوێــک لە ڕابردوودا وون نابێت، تەنیا هێزی کارتێکردنی نامێنێ و لە شوێنی خۆیدا هەمیشە بە چەق وەستاوی دەمێنێتەوە. لەم ڕووەوە، بوون لەنێو ڕابردوودا پارێزراوە. ئێمەش ئەوە دەسەلمێنین، کە بەردەوامی فرەلایەنی ساتەکانە و ڕابردووش بە ڕانەبردووەوە بەســتراوە. بەڵام هێشــتا بەڵگە و هۆکارمان بۆ دانەمەزراندوە. باســماننەکردوە چۆن ڕابردوو لە دایک دەبێتەوە و دەبێت بە مۆتەکە و[ســواری کۆڵمان دەبێت] یان بەکورتییەکەی چۆن لە لای ئێمە ســەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر برگسۆن گوتەنی، لەو دیو ئاگایی ئێمەوە بێت و ئەو دیو ئاگایشمان چالاک نەبێت و کارتێکــەر نەبێــت، چۆن خۆی دەخاتە نێو خوری چنــراوی ئاگامەندیمانەوە؟ ئایــا خاوەنی هێزە؟ [ئەگەر خاوەنی هێز بێــت] ئایا ئەو هێزە لەنێو ڕانەبردوودا نییە؟ چۆن لە ڕابردووەوە ســەرهەڵدەدات؟ ئایا ئێمە، وەکو هوسرڵ، پرسیارەکە هەڵگێڕینــەوە و لەنێو ئاگامەندی ڕانەبردوودا کایەی"گلدانەوە" نیشــانبدەین، کە ئاگاییەکانی ســاڵی ڕابردوو لەنێو مێژووی ڕووداوەکانیاندا دەچەقێنێت و نایەڵێت لەنێو بچن؟ بەڵام ئەگەر کۆجیتۆکەی هوســرڵ کتوپڕ ســەرهەڵدات ئەوا ناتوانین لێــی دەرچین. ئێمە لە بەشی پێشــوی[ئەم پەرتووکە] بینیمان چۆن دەرچوونی ئاگامەندی لە خۆوە بێهودە بەر شوشەی پەنجەرەی ڕانەبردوو دەکەوێت و نەیتوانی بیشکێنێت. ئەمە بۆ "گلدانەوە"ش دەبێت.

هوســرڵ بە درێژایی تەمەنی بیرکردنــەوەی فەلسەفییانەی خۆی بە بیرۆکەی بەرزێتی و تێپەڕبوونەوە ماندووکردوە. بەڵام تەکنیکی فەلسەفی ژێردەستی هوسرڵ

بەتایبەتـــی چەمکی ئایدیالیستانەی بۆ بوون ڕێگەی نەدا واتای بەرزێتی بەتەواوی بناسێت. چەمکی مەبەستدارێتی [ئاگامەندیش] لای ئەم فەیلەسوفە کاریکاتێرییە. ئاگامەندی، بە بۆچوونی هوســـرڵ، ناتوانیـــت ڕوو لە جیهان و داهاتوو بکات یان بـــۆ ڕابردوو بگەڕێتـــەوە. کەوابوو، بە دان پیانان بە بوونـــی ڕابردوودا هیچمان دەست نەکەوتوە چونکە بەگوێرەی زاراوەکان ڕابردوو دەبێت نەبوون بێت. ئەگەر ڕابردوو بەگوێرەی بۆچوونی هوسرڵ و برگسۆن شتێک بێت، کە هەیە یان دیکارت گوتەنی، شتێکە نییە و فەوتاوە، هەموو ئەم بۆچوونانە ســـودبەخش نابن ئەگەر ئێمە پردی پەیوەندی نێوان ڕابردوومان و ڕانەبردوو بڕوخێنین. لەڕاســـتیدا ئەگەر سەرنجێکی تایبەتی لە ڕانەبردوو بدەین و بیکەین بە "ئامادەبوون لەنێو جیهاندا" پێویستـــە ڕەخنەش لە ڕابردوو، وەکـــو هەبوویەک لەنێو ئەم جیهانەدا بگرین. بۆ هەندێک ئێمە لە پێشـــدا لەگەڵ ئەم میز و کورســـییەدا هەبیـــن، ئەنجا دەڵێین، پێویستە لە واتای کات تێبگەین. بەڵام ئەو کاتەی خۆمان لەنێو جیهاندا دەبینین تەوانـــای جیاکردنەوەی ئەو شتانە ون دەکەین، کـــە تێپەڕبوون و نین. لەوانەیە هەندێـــک ئەوەی تێپەڕیوە و نەماوە بەو شتە دانێن، کە پێشـــتر هەبووە. ئەوەی (نییە) بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بوونەوە نییە. ئەمە دروســـتە. دەتوانین بە ئاســـانی یاسای بوون لەنێو جیهاندا دەربڕین و بڵێین (ئەو شتەیە، کە هەیە). ئەمـــەش واتای بوونێکی پـــڕ و چەندەکی و ئەرێ دەبەخشـــێت و (نەبوون) بە هیـــچ جۆرێک لەگەڵ خۆیـــدا هەڵناگرێت. ئەو بوونە پڕەی هەیـــە لە بووندایە و پەیوەنـــدی بە نەبوونەوە یان بەو شتـــەی تێپەڕیوە و نەماوە نییە. ڕەتدانەوە بە هەمـــوو جۆرەکانیەوە لەم بوونەدا نادۆزرێتەوە. لەم ڕووەوە، ڕابردوو، وەکو خۆی هەیـــە و پردی پەیوەندییەکەی ڕووخـــاوە. تەنانەت بوون لە بیرنەچۆتەوە چونکە لـــە بیرچوونەوە جۆرێکە لە پەیوەندی. ڕابردوو، وەکو خەونێک لەژێر دەســـتمان دەرچووە و ڕەویوەتـــەوە. ئێمە واز لە چەمکەکانی دێکارت و برگسۆن دەهێنین چونکە بەهەمان شێوە دەتوانین ڕەتیانبدەینەوە. ڕابردوو لەناوبچێت یان بمێنێتەوە، لای ئەم بیریارانە پەیوەندی بە ڕانەبردووەوە پچڕاوە. ئەوان ئەو چەمکەی بەسەر بوونی ئاگامەندیشدا ســـەپاندوویانە بوونێکی، وەکو لەنێو—خۆیان بە ئاگامەندی داوە. ئاگامەندییان بەو شتە داناوە، کە هەیە. لەبەرئەمە پێویست ناکات سەرمان لەو ئاکامەیان بسوڕمێت، کە نەیانتوانیوە پەیوەندی نێوان ڕابردوومان و ڕانەبردوو دروســـتبکەن چونکە ڕانەبردوومان بـــە هەموو توانایەوە ڕابـــردوو ڕەتدەداتەوە. ئەگەر ئەوان دیاردەی کات بەگشـــتی ببینن، دەیانتوانی ببینن، کە ڕابردووی (من) لەپێش هەموو شتێکدا ڕابردووی منە و لەو بوونەدا کاریگەرێتی خۆی دەنوێنێت، کە (مـــن)ە. ڕابردوو (هیچ) نییە. هەروەها ڕانەبـــردووش بە (هیچ) دانانرێت؛ بەڵام لەبنەڕەتـــەوە بـــە ڕانەبردوویەکی دیار و داهاتوویەکی دیارەوە گرێدراوە و ســـەر

بەوانە. ئەوەی پێیدەوترێت (هینی من) و کلاپەرێد باسیدەکات، لایەنێکی خۆیەکی نییە بیرەوەری دروست بکات. پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بەستنی ڕابردوو بە ڕانەبردووەوە. ڕابردووم هەرگیز تەنیا و بە دابڕاوی ڕاناوەستێت. تەنانەت بێهودەیە بەوە دابنرێت، کە وەکو خۆی بوونی هەیە. لە بنەڕەتدا ڕابردوو ڕابردووی ئەم ڕانەبردووەیە. پێویستە لەم بۆچوونەوە لە واتاکەی بکۆڵینەوە.

من دەنوسم، کە پۆڵ لە ساڵی ١٩٢٠دا خوێندکاری خوێندنگای پۆلیتەکنیک بوو، ئەو کێیە یان کێ بوو؟ ئاشکرایە (پۆڵ)ە، بەڵام پۆڵ چییە؟ لاوێکی ساڵی ١٩٢٠؟ بەڵام شێوەی ئە فەرمانەی (بوونی هەبێت) بۆ پۆڵ لە ساڵی ١٩٢٠ دا بەکاربێت و پەیوەندی بە خەسڵەتی پۆڵەوە، وەکو خوێندکاری پۆلیتەکنیک هەبێت، لە دۆخی ڕانەبردوودایە. ئەو لە ڕابردوودا هەبوو کەچی ئێمە دەڵێین (ئەو هەیە.) ئەگەر ئەم پۆڵەی ئێستا هەیە ببێت بە ڕابردوو، کە خوێندکاری تەکنەلۆجی بوو، ئەوا هەموو پەیوەندییەکانی بە ئێستاوە دەپچڕێت: ئەو مرۆڤەی ئەم خەسڵەتانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە و گلیداونەتەوە، وەکو (خۆ) لە ساڵی ١٩٢٠ دا بووە. ئەگەر بمانەوێت لە بیرمان بێت، کە دەمێنینەوە و [بوونیان بەردەوامە] پێویستە لەسەر ئەم بۆچوونە ڕابردوومان و ڕانەبردوو لە یەکدی دانەبڕین. تێگەیشتنمان لەم بۆچوونەش مەحاڵە، ئەگەر لەسەر بنەمای شێوازی بوون داینەمەزرێنین. سەرنەکەوتنمان لە پێکەوە بەستنی ڕابردوومان بە ڕانەبردوومانەوە، ڕابردوومان دوورەپەریز و دابڕاو جێدەهێڵین. ئایا ئەم دابڕانە لە بوونی کەسێکدا چ واتایەک دەبەخشێت؟ پرۆست لەو باوەڕەدایە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند کەسایەتییەک لە بوونی تاکە کەسێکدا و توشی گرفتی زۆرمان دەکات، کە فێرگەی پەیوەستداریێتی دژیان وەستا.

هەندێک پێشنیاری بەردەوامی [بنەڕەتێک] لەنێو گۆڕانەکاندا دەکەن: ئەو خوێندکارەی لە ساڵی ١٩٢٠ لە خوێندنگای پۆلیتەکنیک دەیخوێند و ئێستا هەیە هەمان کەسە، کە (پۆڵ)ە.[٤٧] هەمان کەسە، کە (خوێندکاری پۆلیتەکنیک بوو) ئێستاش دەڵێین، (ئەو خوێندکاری کۆنی پۆلیتەکنیکە.) هێشتا بەردەوام بوونی لە گرفتەکان ڕزگارمان ناکات. ئەگەر هیچ شتێک ساتەکانی (ئێستا) بۆ دواوە

---

٤٧ مەبەستی سارتەر لەوانەی ئاماژە بۆ بنەڕەتێکی نەگۆڕ لەنێو گۆڕانەکاندا دەکەن ئەریستۆ و شوێنکەوتوانی فەلسەفەی ئەریستۆیە. ئەریستۆ لەو باوەڕەدابوو گۆڕان تەنیا لەنێو ئەو سێ کاتیگۆرییانەدا (چۆنیەتی و چەندەکی و شوێن) ڕوودەدات، کە دەتوانین لایەنە ناکۆکەکانیان یان بەپێچەوانەی ئەوانەوە بدۆزینەوە. بەڵام کاتیگۆری جەوهەر (بۆ نموونە سوکرات) لەبەر ئەوەی لایەنی پێچەوانەی نییە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانکارییە چۆنیەتی و چەندەکی و نێو شوێن کارناکەنە سەربوونی. بۆ نموونە، سوکرات قەڵەو یان لاواز دەبێت، لەنێو باخچەکەدا پیاسەدەکات، بەڵام هەر ئەو تاکە کەسەیە (ئەو جەوهەرەیە، کە ناوی سوکراتە) و نابێت بە شتێکی دیکە. بۆ خوێندنەوەی زۆرتر لەسەر بۆچوونەکەی ئەریستۆ بڕوانە: ئەریستۆ، میتافیزیک، وەرگێڕانی د.محەمەد کەمال. دەستگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٤٤- ٢٣٧.

نەگەڕێنێتەوە و تەنیا لەنێو ئەم زنجیرەی کاتەدا مانەوە و بەردەوامی بچەسپێنێت، ئەوا بەردەوامی بێجگە لە حاڵەتێکی کتوپڕ، بەبێ خۆ گرێدانی بە چارەنوســـەوە، هیچی دیکە نییە. پێویستە ڕابردوو هەبێت، هەروەها شتێک یان کەسێک، کە ئەو ڕابردووەیە بەردەوام هەبێت. بەردەوامی یارمەتیمان دەدات بونیادی کات تێبگەین و گۆڕان و بوونی خۆشی بۆ ئێمە دیاریدەکات.

بۆ باســـەکەی پێشـــومان دەگەڕێینەوە. ئەگەر شێوازی بوونـــی ڕابردووم لە ڕانەبردووەوە دەرنەچێت، دوێنێم لەودیو ئەمڕۆمەوە نەبێت، ئەوا لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان ڕابردوومان و ڕانەبردوودا نائومێد دەبین. ئەو کاتەی باســـی پۆل دەکـــەم و دەڵێم، لە پۆلیتەکنیک خوێندکاربوو، ئامـــاژە بۆهەمان کەس دەکەم، کە ئێستاش هەیە و تەمەنی چل ســـاڵانە. ئـــەو ئێستا ئەو هەرزەکارە نییە، کە خوێندکـــاری پۆلیتەکنیک بوو. مادامەکی ئەوســـا هەبوو ئێستاش هەیە. ئەو، کە ئێستا تەمەنی چل ساڵانە خوێندکاریش بوو. لە ڕاستیدا کەسە سی ساڵییەکەش خوێندکاربوو. بەڵام ئایا ئەو لە تەمەنی ســـی ســـاڵییدا چۆن دەبێت ئەگەر بەو کەســـەی دانەنێین، کە ئێستا چل ســـاڵانە؟ لەو پەڕی سنوری ئێستایدا، کە چل ســـاڵانە دەبێت بەو خوێندکارەی لە پۆلیتەکنیـــک دەیخوێند. لە کۆتاییدا، لەنێو ئەزموونەکانی ژیانییدا دەبێت بە کەســـێکی چل ساڵان، سی ساڵان و هەرزەکار. ئەمانە هەموویان شێوازی بوونی ئەون. کاتێک باسی ئەزموونەکانی ژیانی دەکەین، دەڵێین ئەمڕۆ هەیە و تەمەنی چل ســـاڵانە و لـــە کاتی خۆشیدا هەرزەکار بووە. ئەمـــڕۆ بەشێک لە ڕابردووی پێک دەهێنێت و ڕابردووش لەمڕۆی ئەزموونی ژیانی پۆڵـــدا لە ڕانەبردوویدایـــە. هەموو شێوازە جیاوازەکانی بـــوون بەو جۆرەی هەن یان هەبوون لە بووندان و[شتێکن] بە ڕاســـتی هەن. ڕابردوو هەمیشـــە ڕابردووی شتیک یان کەســـێکە؛ هەموو کەسێک خاوەنی ڕابردووە. ئەم ئامێرە، کۆمەڵە یان تاکە کەســـەیە ڕابردووی هەیە. ڕابردوو شتێکی هەمەکی نییە، بەســـەر تاکەکاندا دابەشبکرێت و ببێت بە هەندەکی. ئەو گرفتە ڕاستەقینەیەی لەم بەشەدا یەخەمان دەگرێت دۆزینەوەی ئەو پرۆسەیەیە ئەم ڕابردووە هەندەکییانە لەنێو دەلاقەی یەک ڕابردوودا کۆبکاتەوە و بە یەکدیانەوە ببەســـتێتەوە. هەڵبەتە ئەو ڕەخنەیەشمان لێدەگرن، کە ئێمە لە باســـەکەماندا لەسەر بەردەوامی (خۆ) لە ڕابردوو هەروەها ئێستاکە بارێکی گرانمان خستۆتە سەر تای تەرازوەکە. ئێمە نموونەی دیکەشمان لە بەردەســـتدایە. دەتوانم باســـی (پیرۆ)تان بۆ بکەم، کە مردووە. ئەو حەزی لە مۆســـیقا بوو. لەم حاڵەتەدا بابەتەکە ئاماژە بۆ ڕابردوو دەکات. پیرۆ کەســـێکی زیندوو نییە تاکو ڕابردووەکەی جارێکی دیکە ســـەرهەڵبداتەوە. بەڵام بە جۆرێک باســـیدەکەین، کە حەزکردنی پیرۆ لە مۆسیقا، وەکو ڕابردوو دەرنەکەوێت. پیرۆ هەمیشـــە لەگەڵ حەزەکەیدا، کە حەزی ئەوە هاوســـەردەمی بوونیەتی، بەڵام لە

ژیاندا نەماوە و لەنێو کەسایەتییەکەشیدا ناژی. ئەوەی لێرەدا تێپەڕیوە و بووە بە ڕابردوو حەزی پیرۆیە لە مۆسیقا. هەروەها پرسیارەکەی پێشترم جارێکی دیکە دەخەمەوە بەردەم و دەڵێم: بۆ کێ پیرۆ بووە بە ڕابردوو؟ ناتوانین پەیوەندی بە ڕانەبردوویەکی هەمەکییەوە ببەستینەوە، کە سەلماندنێکی ڕووتی بوونە؛ کەوابوو ڕابردووی بوونی ڕاستەقینەی منە. لە ڕاستیدا پیرۆ کەسێکە بۆ—من. منیش بۆ—ئەوم. بوونی پیرۆ کاریکردۆتە سەرناخم. جۆرێک لە ئامادەبوونی منی لەنێو—جیهاندا پێکهێناوە، کە بۆ من و بۆ کەسانی دیکەش ئەو کاتەی پیرۆش زیندوو بوو لە ڕابردووی مندا بوو. ئەو بابەتانەی وندەبن لەنێو ڕابردوودان ئەگەر بەشێک بێت لە ڕانەبردووی کەسێکی زیندوو. مالارۆ دەڵێت "ئەو شتە ناخۆشەی سەبارەت مردن هەیە ئەوەیە، کە ژیان بەرەو چارەنووس دەبات". واتە مردن بوون—بۆ خۆ و بۆ—کەسانی دیکە دەگۆڕێت بۆ بوون—بۆ کەسانی دیکە. ئەمڕۆ، من بە تەنیا لەنێو سەربەستییەکەمدا بەرپرسم لە مردنی پیرۆ. ئەو مردوانەی ڕزگارنەکراون و بۆ سنورەکانی ڕابردوویەکی کۆنکرێتی لای زیندووەکان نەگویزراونەتەوە ڕابردوو نین؛ لەگەڵ ڕابردوویاندا لەنێوچوون. کەوابوو، جۆرە هەبوویەک هەیە خاوەنی ڕابردووە. لەپێشتر ئاماژەمان بۆ ئامێرەکان و کۆمەڵ و بوونی مرۆڤ کرد. ئایا ئەوە دروست بوو؟ ئایا دەتوانین ڕابردوو بە هەموو هەبوویەکی بڕاوە بدەین؟ یان تەنیا بە لایەنێکی دیاریکراویان؟ ئەمەش لەوێدا باشتر دەردەکەوێت، کە لە واتای (خاوەنی ڕابردوو) بکۆڵێنەوە. کەسێک بەو جۆرەی ئوتومبیلێکی هەیە ڕابردوو نابێت بە موڵکی. ئەو کەسەی ئێستا هەیە بەو جۆرەی من لە دەرەوی پاندانەکەمدا هەم لە دەرەوەی ڕابردوودا ڕادەوەستێت. لەبەر ئەوەی (خاوەنێتی) پەیوەندییەکی دەرەکی لە نێوان خاوەن موڵک و موڵکەکەدا دەردەبڕێت، ئەم زاراوەیە[بۆ باسەکەمان] لەبار نییە. پەیوەندی دەرەکی کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ڕابردوومان و ڕانەبردوودا نیشاندەدات، کە هەردوو ئەم لایەنە بە دوو فاکتۆری لەیەک دابڕاو بەدەستەوە دەدات. تەنانەت ڕاڤەکردنەکەی برگسۆنیش بۆ ڕانەبردوو، لەبەر ڕۆشنایی ڕابردوومانەوە، ئەم گرفتە چارەسەر ناکات چونکە ڕاڤەکردنەکەی بۆ بەستنەوەی ڕانەبردوو بە ڕابردووەوە لە ڕانەبردووەوە دەستپێدەکات. بێگومان، ڕابردوو لە نێو ڕانەبردوودا دەبینرێت، بەڵام بەم کارە ئێمە هەموو ئەو ڕێگایانەمان بەستوە، کە بە جۆرێکی دیکە لە ڕابردوو تێبگەین و ڕابردوومان وەکو بەردێک فڕێداوەتە بنی گۆمەکەوە. ڕابردوو دەتوانێت لە نێو ڕانەبردوودا بژی، بەڵام ڕانەبردوو نییە؛ ئەو ڕانەبردووەیە، کە ڕابردووی خۆیەتی. کەوابوو توێژینەوەکەمان لەسەر پەیوەندی ڕابردوو بە ڕانەبردووەوە، لە ڕوانگەی ڕابردووەوە پەیوەندی ناوەکی نێوانیان دەرناخات. بەو ئاکامەش دەگەین هەبوویەکی لەنێو—خۆ، کە ڕانەبردووی ئەوەیە، کە هەیە، نابێت بە خاوەنی ڕابردوو. ئەو نموونانەی شێڤەلیەر بۆ سەلماندنی

تێزەکەی باسـیدەکات هیچ کارێکی ئەسـتویی (ماتەر)، کە لـە ڕابردوودایە، بە ئێستاوە نابەسـتێتەوە. ئەم نموونانەی ئامادەیکردوون بە ئاسانی لەبەر ڕۆشنایی جوڵەی میکانیکیدا دەناسرێن. ئەو دوو مێخەی ئەم بیریارە ئاماژەیان بۆ دەکات، یەکێکیان ئێستا دروستکراوە و بەکارنەهاتوە، دووەمیان لێدانی چەکوشەکە خواری کـردوە؛ هەردووکیان بە تەواوی لە یەکدی دەچن. بەڵام یەکێکیان بە چەکوشێک دەچێتە نێو دیوارەکە و دووەمیان جارێکی دیکە دەچەمێتەوە. ئەمەش کارێکە لە ڕابردوودا سـەریهەڵداوە. بە دیدی ئێمە، کەمێک بڕوای خراپ بۆ بینینی ئەو ارە لە ڕابـردوودا پێویستە. لێرەدا یەک ڕاڤەکردن هەیە؛ ڕواڵەتی دەرەوەی مێخەکان وەکو یەکە و هەردووکیان لەیەکدی دەچن، بەڵام بونیادی گەردیلەکانیان جیاوازە. ئەو گەردیلانەی ئێستا لەم بارودۆخەدا هەن، هەمان گەردیلەن پێشـوتر هەبوون. ئەمـەش بۆ زانایەک ئـەوە دەگەیەنێت، تێپەڕبوون بەنێـو بارووددۆخەکاندا بەبێ مانـەوە و بەردەوام بوونی ڕابردوو ڕوونـادات. گۆڕانەکە لەنێوان دوو بارووددۆخدا بـۆ دواوە لەنێو (کات)ی فیزیادا ناگەڕێتەوە. بەهەمان شێوەش، بۆ سـەلماندنی بەردەوامبوونی ڕانەبردووش، لە نموونەی ڕاکێشانی پارچەیەک ئاسن بە موگناتیس یارمەتیمان نادات. ئەمە دیاردەیەکە، کە خۆی بەو دیوو هۆکارەکەی دەگەیەنێت، وەکـو هۆکاریکی ڕووت یان ڕابردوویەکـی ڕووت نامێنێتەوە. پاش ئەوەی ئاوەکە لە هەوڵدانێکی درێژخایەندا، تاشەبەردەکەی کلۆرکرد بۆ ناو دەریاکە کشـایەوە. شەپۆلەکانیش بەردەوام خۆیان بە کەنارەکەدا دەدەن. بەڵام کەس پەنا بۆ ڕابردوو نابات، تاکو باسـی ئەم دیاردەیەمان بـۆ بکات؛ شێوازی کارکردنە میکانیکییەکە دیارە و ڕاڤەکردنێکی جیاوازتری بۆ ناکرێت.

ئاشکرایە زاراوەی (خاوەنی ڕابردووە)، کە شێوازی خاوەنێتی و بوونی خاوەنەکە ناچالاک دیاریدەکات بەسەر بوونی ئەستۆشدا دەسەپێنرێت. لەبەرئەمەیە باشترە بڵێین (ئەو ڕابردووی خۆیەتی). ڕابردوو بۆ ئەو ڕانەبردووە هەیە، کە ناتوانێ بەبێ ڕابردووەکەی هەبێت. تەنیا ئەو هەبووانە ڕابردوویان هەیە، کە ڕابردوو لە بوونیاندا پرسـیارە. ئەمەش ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەداتەوە، کە ڕابردوو بە هەبوویەکی لەنێو—خۆ دەبەخشـێت (ئەمەش نکۆڵی کردن لە ڕابـردووی ئەم بوونە نییە). کەوابوو، ناتونین بە یەکجاری گرفتی ڕابردوو لە بوونەوەرە زیندووەکاندا چارەسـەربکەین. پێویستـە بـە وردی سـەرنج بدەین ئەگەر ڕابـردوو بە ژیان بدەیـن. پێویستە بیسەلمێنیـن، کە ژیان ڕێگە بە سـەرهەڵدانی ڕابردوو دەدات. لەبەرئەمە، دەبێت ژیان لە هەبوویەکی ئەستویی سەر بە سیستەمی کیمیایی—فیزیکی جیابکەینەوە. هەوڵدانـە جیاوازەکەی شیڤەلیەر کارێکی بێهودەیە. ڕابردوو لەنێو ڕاسـتەقینەی بوونی مرۆڤدا سـەرهەڵدەدات چونکە ڕاسـتەقینەی بوونی مرۆڤ دەیەوێت ببێت

بــەوەی هەیە. لــە بوونی بۆ—خۆوە ڕابــردوو دێتە نێو جیهانـــەوە. ئەو کاتەی دەڵێم (من هەم) هەمانکات فۆرمی (من منم)ی هەیە.

کەوابوو، واتای (هەبــوو) چییە؟ ئەم فرمانە جگە لــە بکەرەکەی کارتێکراوێکی ڕاستەوخۆشی دەوێت. ئەگەر بڵێم، (پۆڵ ماندووە.) کەسێک لەوانەیە بڵێ، وشەی (is) [کە لەنێوان دوو وشەی نێو ئەم ڕستەیەدا بەکارهاتوە] بەهایەکی ئۆنتۆلۆجی هەیە. بەڵام ئەو کاتەی ڕستەکە دەگۆڕین بۆ (پۆڵ ماندوو بوو.) واتا بنەڕەتییەکەی (بوو)، کە ڕاســتەوخۆ خۆی بۆ ئێمە دەردەخات. پۆڵ، کە ئێستا هەیە خاوەنی ئەو ڕابردووەیە. ئەگەر ماندووبوونەکەی لە بوونیدا نەهێشتایەتەوە ئەو حاڵەتەشی لــە بیــر نەدەچووەوە. پێویستە شتێــک هەبێت، کە تێپەڕیــوە و نەماوە، تاکو لەگەڵ (نە-بــوون) دا هاوتا بێت. ماندوو بوونەکــە ون دەبێت؛ لەم ڕووەوە ئەو هەبوەی هەیە بنەڕەتی ڕابردووی خۆیەتی؛ (هەبوو) لەنێو ئێستاییدا بەرجەســتە دەبێــت. نابێت بەو جــۆرەش لە ڕانەبردوو تێبگەین، کــە گوێناداتە ڕابردوو یان گۆرانکاری بەســەردا ناهێنێت.(هەبوو) واتە ئەو بوونــەی ئێستا هەیە بنەڕەتی ڕابــردووی خۆیەتی و خۆی هەمانکات ئــەو ڕابردووەیە. ئەمە چ واتایەکی هەیە؟ چۆن ڕانەبردوو ڕابردووە؟

جەوهەری ئەم پرسیارە لە وشەی (هەبوو)دایە، کە دەکەوێتە نێوان ڕابردوومان و ڕانەبــردووەوە. وشەکەش نە بەتــەواوی ڕابردووە و نەڕانەبردوو. لە ڕاســتیدا هیچ کامیان نییە چونکە لە هــەردوو حاڵەتەکەدا بوونی لەنێو خۆیدا هەڵگرتوە. (هەبــوو) بازدانێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە لــە ڕانەبردووەوە بۆڕابــردوو. هەمانکات تێهەڵکێشــکردنی هەردووکیان دەردەخات. چۆن لەم تێهەڵکێشــەیە بگەین؟ لە سەرەتاوە چەمکی (هەبوو)، وەکو شێوازێکی بوون دەبینم. لەم ڕووەوە من دەبم بــە ڕابردووی خۆم. من خاوەنی ڕابردووم نیم، بەڵکو ڕابردووی خۆمم. کەســێک باســی کارێکی منی کرد، کە دوێنێ بە ئەنجامم گەیاند یان ئەو مەزاجەی تیایدا بووم؛ لە ئازاردا بووم یان کەســێک ستایشــی بۆکــردم، ناڕەزایی خۆم دەربڕی، یــان گوێم نەدایە. بەمجۆرە خۆم لە ڕابردوو دانابڕم. بێگومان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەوانەیە هەوڵبدەم لە ڕابردوو داببڕێم. دەتوانم بڵێم من ئەو کەسە نیم، کە هەم و گۆڕانم بەسەرداهاتوە و پێشکەوتوم. بەڵام ئەم کارە سەرەکییە، کە نییە. ئــەو کاتەی مــن نکۆڵی لە ڕووداو یان دۆخێکی ڕابــردووم دەکەم هەمانکات ئەو ڕابردووەی خۆم دەســەلمێنم. بە مردنیش من دەبم بە ڕابردوویەکی تەواو. مردن دەتوانێت پێناســە بۆ بوونم بکات. ئەمەش ســۆفۆکلیس لە (تراشینیا)دا لەسەر زاری دیانێریاوە بەمجۆرە باســیکردوە، (پەندێکی باوە، کە کەس ناتوانێت حوکم بەسەر بوونی مرۆڤدا بدات و بڵێت، بەختەوەر بوو یان بەختەوەر نەبوو، تاکو ئەو مرۆڤە نەمرێت.) ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی ماڵرۆدا هەمان واتا دەبەخشێت، کە

دەڵێت، (مردن چارەنوســی ژیان دەگۆڕێت.) ئەمەش وای لە بێلیڤەر کرد لە کاتی مردندا هەســت بەو ترســناکییە بکات و بڵێت، هیچ کارتێکی دیکەم بەدەستەوە نامــاوە تاکو یارییەکەمی پێ بــەردەوام بکەم. مردن ئێمــە بەبوونی خۆمانەوە دەبەســتێتەوە. ژیانی هەمیشەیی ئێمە دەکات بە خۆمان. لە سەرەمەرگدا، ئێمە خۆمانین؛ ئێمە لە ئاســتی حوکمدانی کەسانی دیکەدا بێ بەرگریکردن لە خۆمان ڕادەوەســتین. ئەوان دەتوانن حوکم بەسەر ڕاستی بوونی ئێمەدا بدەن و ئێمەش ڕێگەی هەڵاتنمان نییە. لە دوا ســاتی ژیاندا داوای لێبوردن لە هەڵە بۆ شکاندنی ئــەو بوونەی لە چواردەوری ئێمەدا بەســتویەتی دەکەین. مردن دوا هەنگاوە بۆ دابڕانی خۆمان لە وەی، کە هەین. بەڵام ئەمە کارێکی بێهودەیە. مردن هەموویان ڕادەوەســتێنێت. دەبێت بە ڕابــردوو. کەوابوو، ڕابردوو ئــەو لایەنەیە بەردەوام لــە بوونی—لەنێو—خۆدا، کە ئێمەین گەورە دەبێت. هێشــتا، تاکو ئەو ســاتەی نەمردوویــن، ئێمە بوون—لەنێو—خۆ نین و خاوەنی ناســنامەش نین. بوونێکین، کــە دەمانەوێت ببین بەوەی دەیخوازین. ڕق و کینە بەرانبەر کەســێک بە مردنی تەواو دەبێت چونکە مردووەکە لەگەڵ ڕابردوویدا یەکیان گرتووە؛ ئەو ڕابردوویەتی بەبــێ ئەو بەرپرس بەرانبەری دابنرێت. ئەو کەســە چەنــد لە ژیاندا بێت ڕق و کینەکەش بەردەوام دەبێت. من ئەو کەســە لە ئاستی ڕابردوویدا هەموو کاتێک، کــە ئەو هەڵوێستەی [من بە دڵم نییە] دووبارە دەکاتەوە شەرمەزاردەکەم چونکە بەرانبەری بەرپرسە. ڕاست نییە بڵێین ڕق و کینەکە ئەو کەسە لەنێو ڕابردوویيدا دەچەقێنێــت. ئەگەر بەمجۆرە بوایە پێویستی بە مــردن نەدەبوو. من ڕابردووی خۆمم، ئەگەر وانەبێت ئەوا ڕابردووشم بۆ من و بۆ کەسانی دیکەش نەدەبوو. من ئەو کەسەم ڕابردووم دەهێنمە نێو جیهانەوە.

بەڵام با ئەو خاڵەش لە یاد نەکەین، کە من بوون بە ڕابردوو نابەخشم؛ واتە، وەکو نوێنەری (من) بوونی نییە چونکە من ئەو ڕابردووەم، کە دێتە نێو جیهانەوە. ڕابردوو ئەوەیە من پێویستە ببم. هاوکات خەســڵەتی ڕابردوو لەگەڵ ئەگەرەکانی بوونمدا جیــاوازە. ئەگەرێک، کە شێوازێکی بوونی منە لایەنێکی کۆنکریتییە، کە دژ وەســتاوەکەشی ئەگەرێکی دیکەیە. ڕابــردوو، بەپێچەوانەوە، هیچ ئەگەرێکی [دژوەستاوی] نییە؛ هەموو ئەگەرەکانی خۆی براوتەوە. من [وەکو ڕابردوو] دەبم بەو بوونەی لەوە زۆرتر لەسەر تەوانای بوون-بە-شتێکی دیکە ڕاناوەستێت چونکە هەموو شتێکی لەنێو خۆیدا پێچاوەتەوە.

ئەو ڕابردووەی، کە (من)ە هیچ ئەگەرێکی تێدا نەماوە. من خۆم بەرپرســیار بەرانبەری دادەنێم، وەکو بڵێی، کە دەتوانم بیگۆڕم، بەڵام وانییە. لە دواییدا ئەم خاڵــە ڕووندەکەمەوە، کە ئێمە چۆن بــەردەوام دەمانەوێت ڕابردوومان بگۆڕین و وەکو داهاتوو مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بەڵام هێشتا، ناتوانم دەستکاری ناوەڕۆکی

ڕابردوو بکەم. ڕابردووم ئەوەیە، کە هەیە، بوونێکی—نێو—خۆیە لە جیهاندا.

ئەو بوونەی من لە ڕابردوودا هەمە بوونێکە لەنێو—خۆدا و خاوەنی ناسنامەیە و لەگەڵ خۆیدا جوتە، لەلایەکی دیکەوە من ڕابردوو نیم، چونکە ڕابردوو بووم. بە کینە و ڕقی کەسانی دیکە سەرسام و توڕە دەبم. چۆن ئەوان ڕقیان لەو کەسەیە، کە ئێستا هەیە و ئەو کەسەشە، کە[لەپێشتر] هەبوو؟ زانایانی کۆمەڵە دێرینەکان ئەم ڕاســتییەیان دەرخستوە گوایە، ناتوانم خۆم بە ناراســت دابنێم لەو کاتەدا، کە هێشتا خۆم بە ناڕاست نەسەلماندوە. هیگڵ سودی لەمە وەرگرتووە. من هەر کارێــک بکەم، هەر شتێک بڵێم، لــەو کاتەدا، کە دەمەوێت بیکەم یان بیڵێم ئەوا کردوومە و گوتوومە. بەڵام با لە نزیکەوە سەرنجێکی ئەم پەندە بدەین.

ئــەم پەندە ئەوە دەگەیەنێت حوکمدانێک بەســەر بوونی خۆمدا نادروســتە چونکە ئەو کاتەی حوکمەکە دەدەم من دەبم بە شتێکی دیکە.

ئایــا ئەو شتە چییە؟ ئەگەر ئــەو شتە شێوازێکی بوونی مرۆڤ بێت، هەمان بوونی، وەکو ئەو بوونەی ئێمە ڕەتی دەدەینەوە هەبێت ئەوا توشی هەڵەیە دەبین. ئێمە خەسڵەتێکمان پێداوە و خەسڵەتێکی دیکەمان پێنەداوە، کە دەبێت هەبێت. ڕاوکەرێــک تفەنگێک بە باڵندەیەکەوە دەنێت بەڵام باڵندەکە ئەو کاتەی گولەکەی دەگاتــێ لەو شوێنە نامێنــێ و هەڵدەفڕێت. ئەو دەتوانێــت باڵندەکە بکوژێت، ئەگــەر ڕووی تفەنگەکەی لەو شوێنە بکات، کــە باڵندەکە لەگەڵ تەقەکردنەکەدا هەڵدەفڕێــت و بۆی دەچێت. ئەگەر باڵندەکە لەو شوێنە نەبێت ئەوا لە شوێنێکی دیکەیە.

دەبینین بۆچوونی زانایانی ئیلیا لەســەر جــوڵان لەوێدا، کە تیرێک لە خاڵی ئەلفەوە بۆ با و هتد، دەڕوات و جوڵان لەنێو زنجیرەی ئەم خاڵانەدایە هەڵەیە[٤٨] بەهەمان شێــوە، ئەگەر بڵێین، ئەو کاتەی من هەبــووم زنجیرەیەکی نەبڕاوەی دۆخەکانیش هەبوون و لەناوچــوون و ئێستا نین، ئەوا (من) دەبم بە زنجیرەیەک دۆخی نەگۆڕ و چەســپاوی یــەک لە دوای یەک، وەکو وێنەی نێو فانۆســێکی سیحراوی دێن و دەچن. ئەگەر من ئەو شتە نەبم، کە باسیدەکەم، ئەوە ناگەیەنێت دیوارێک کەوتۆتە نێوان بوونم و باسەکەمەوە یان جیاوازی لەنێوان حوکمدانەکە و فاکتۆرەکەدا هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە من لە بوونی ڕاستەوخۆمدا و لە ئێستامدا، ئــەو شتە نیم. بە کورتییەکەی، هۆکار ئەوەی مــن ئەوە نیم، کە جاران هەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکــاری و پەیدابوون چونکە لە بنەڕەتەوە بوونم جیا جیایە. تێگەیشتنی جیهان لەبەر ڕۆشنایی پەیدابووندا و تێهەڵکێشکردنی بوون و نەبوون

٤٨ ئەمە بەڵگەیەکە سارتەر دژی زینۆی ئیلیا بەکاریهێناوە. بە دیدی زینۆ جوڵان نییە چونکە هەرچ تەنێک بجوڵێت دەبێت بە نێو زنجیرەیەک خاڵی نەبڕاوەدا تێپەڕیت، کە ئەمەش مەحاڵە.(وەرگێڕ)

به ئاسانی دەردەکەوێت. پێویستە ئەوەش بزانین بوون لە پرۆسەی پەیدابووندا ئەم تێهەڵکێشەیە، کە نەبوونی خۆی تێدادیاریدەکات. ئەگەر من ئەوە نەبم، کە جاران بووم، پێویستە تێهەڵکێشکردنی ئەوەشم تێدابێت. بتوانم لە لایەکەوە بوونی خۆم بپارێزم، ئەگینا پەیوەندیم بە جارانی خۆمەوە، کە تێپەڕیوە نامێنێت و بوونی پۆزەتیڤانەشم لەنێو پرۆسەی پەیدابووندا نەبوون هەڵناگرێت. پەیدابوون شێوازی بوونێکی ڕاستەوخۆی نییە؛ ئەگەر بەمجۆرە بێت، بوون و نەبوون لەنێو ئەم بوونەدا لەتەنیشت یەکدییەوە دادەنرێن و تێهەڵکێش ناکرێن. پەیوەندی نێوان بوون و نەبوون ناوەکییە. لەنێو بوون بەگشتیدایە. ئەمەش یاسایەکی سروشت نییە، سەرهەڵدانی بوونێکە، کە لەنێو خۆیدا نەبوونی هەڵگرتوە.

ئەگەر من ڕابردووی خۆم نەبم ئەوا [ڕابردووەکەم] ناکەوێتە نێو شێوازی پەیدابوونمەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە من دەبێت ڕابردووی خۆم بم تاکو نەبم بە ڕابردوو. هەروەها بۆ ئەوەی ببم بە ڕابردووم ئەبێ ڕابردوو نەبم. ئەمەش شێوازی (هەبوو)مان بۆ ڕووندەکاتەوە: ئەگەر من ئەوە نەبم، کە هەبوو، لەبەر ئەوە نییە من گۆڕاوم، بەڵکو من لە ناخی بوونمدا پەیوەندیم بە نەبوونەوە هەیە.

تاکو ئێرە تێدەگەین، کە من چونکە ڕابردووی خۆمم ئەوا نابم بە ڕابردوو؛ پێویستی ئەم شێوازی بوونەمە ڕێگەی لە من گرتووە، کە ببم بە ڕابردوو. ئەگینا، لە هەموو ساتێکدا نە ئەبم بە ئەو نە ئەتوانم ئەویش نەبم. ئەم ڕوونکردنەوەیە جۆرە ڕاستییەک لە ڕاڕەوی گومانکاری هیراکلیتسدا دەردەخات، کە دەڵێت، لە کاتی گوتندا من ئەو کەسە نیم، کە باسی خۆی دەکات. گرنگ نییە چۆن باسی من دەکرێت، هێشتا من ئەو کەسە نیم، کە باسم دەکەن. بەڵام دروست نییە بڵێم، من هەروەها ئێستا ئەو کەسەی پێشو نیم. خۆ ئەگەر مەبەستمان لە بوون هەبوویەکی لەنێو—خۆ بێت، ئەوا من هەرگیز ئەوە نیم. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەش ناگەیەنێت بە دانانی خۆم بەو ڕابردووە توشی هەڵە بووم. پێویستە من ئەو ڕابردووە بم، تاکو ڕابردوو نەبم. من لە شێوازی (هەبوو)دا ڕابردووم. هەر چییەک لەبارەی بوونمەوە، وەکو بوونێکی لەنێو—خۆ بوترێت، کە پڕ و خاوەن چارەنوسێتی (بۆ نموونە پێم بڵێن زوو توڕە دەبم، کارمەندم، ناڕازییم) هەمیشە لەبارەی ڕابردوومەوەیە. لە ڕابردوودا من ئەوەم، کە هەم. بوونێکی پڕو گرانم داوە بە کۆڵما. دوورییەکی ڕەهاش من و ئەو لە یەکدی دادەبڕێت و نایەڵێت دەستم بەبێ پەیوەندی بیگاتێ. ئەگەر من بەختەوەر بوومایە ئەوە دەگەیەنێت بەختەوەر نیم. بەڵام واتای ئەوە نییە من نا—بەختەوەرم، بەڵکو تەنیا لە ڕابردوودا بەختەوەر بووم. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە من خاوەنی ڕابردووم و پێویستە بوون بە دوای خۆما ڕاکێشم؛ بەڵکو ڕابردوو ئەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییەیە، کە من ناچاردەکات ببم بەوەی دەکەوێتە پاش بوونیەوە. ئەمەیە واتای (هەبوو). لە پێناسەکردندا

بۆ بوون—بۆ—خۆ دەردەکەوێت ئەم بوونە لە ئاستی بوونیدا بەرپرسە و بێجگە لەوەی بوونێکە بۆ خۆی چی دیکە نییە. بوونی خۆی بە خۆوە دەگرێت. پاش ئەوەی ئەو بوونە دەدۆزیتەوە، کە نێوانێکی دوور پێکدەهێنێت. لە کاتەدا دەڵێم، من بوونێکی— لەنێو—خۆم هەیە ئەوە دەسەلمێنم، کە من ئەو بوونە نیم چونکە هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەیە. بوون—بۆ—خۆ هەمیشە لەودیو ئەو شتەوەیە، کە هەیە چونکە بوونێکە بۆ—خۆ و لە پەیدابووندایە. هاوکات، ئەوەی لە پشتییەوە دەژی بوونی خۆیەتی و بوونێکی دیکە نییە. لێرەدا واتای (هەبوو) پەیوەندی بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ خۆیدا دەستنیشاندەکات. ڕابردوو ئەو بوونە- لەنێو—خۆیە یە، کە منم. هەروەها منیش ئەو بوونە-لەنێو—خۆیەم، کە تێدەپەڕێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە ڕوونکردنەوەی شێوازێکی تایبەتی بوون—بۆ—خۆیە، وەکو (هەبوو) یان ڕابردووی خۆی. ئێستا دەزانین بوون—بۆ—خۆ لەو کاریگەرێتییەدا سەرهەڵدەدات، کە بوون—لەنێو-خۆ بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە تیایدا لەناودەچێت. بوون—بۆ—خۆ بناخەی خۆیەتی چونکە بوون—لەنێو—خۆ ناتوانێ ببێت بە بناخەی بوونی خۆی. بوون—بۆ —خۆ ناتوانێت بە بوون—لەنێو—خۆ بگات و خۆی بە ئەم یان بە ئەو بوونە دابنێت. ناتوانێ ڕێگەی ئەوەش لە خۆی بگرێت، کە نەبێت بەوەی هەیە و دوورەپەرێز لە خۆی ڕاوەستێت. ئەم هەڵکەوتنەی بوون—بۆ—خۆ، ئەم تێپەڕبوون و خۆ گلدانەوەیە فاکتۆری ئەم بوونە و ڕابردوویەتی. فاکتۆر و ڕابردوو دوو چەمکی جیاوازن بۆ یەک شت. ڕابردوو، وەکو فاکتۆر هەڵکەوتێکی دەستکاری نەکراوە لە بوون—لەنێو—خۆدا، کە من ناتوانم نەمبێت. ڕاستەقینەیەکی خۆ چەسپێنەر و پێویستە. بوونی فاکتۆرە، کە ناوەڕۆکی هاندەرەکانم داگیر ناکات، بەڵام ئیفلیجیان دەکات چونکە تێپەڕبوون و گۆڕانیان مەحاڵە. لەوە زۆرتر بەچی دیکە نابن. ئەم بوونەیە بەرپرسە لەوەی لە هەموو دۆخێکدا من بڵێم دیبلۆماسی یان سەرباز نیم و مامۆستام. هۆکاری بێ توانایم بۆ گەڕانەوەم بە ڕابردوومدا هێزێکی نادیار نییە ڕابردوو لە دەرەوەی دەستەڵاتی من ڕاگرێت. لەبەر ئەوەیە، کە ڕابردوو شتێکە لەنێو—خۆدا و منیش بوونێکم بۆ—خۆ. ڕابردوو ئەو بوونەمە، کە ناتوانم بیژێنمەوە. ڕابردوو جەوهەرە. لەم بۆچوونەوە دەبێت کۆجیتۆکەی دێکارت بگۆڕین بۆ: من بیردەکەمەوە، کەوابوو، من هەبووم. ئەوەی ئێمە فریودەدات لەیەکچوونی ڕابردووە لە ڕانەبردووەوە. ئەو شەرمەزارییەی دوێنێ توشم بوو بەشێک بوو لە بوون—بۆ—خۆ لە ئەزموونی (ئەگەر)ی مندا. لەو باوەڕەشدابن ئەمڕۆ بۆ ئەم بوونە وەکو خۆی ماوەتەوە. من بە هەڵەدا دەچم ئەگەر نەتوانم بیگەرێنمەوە چونکە[ئەوەی دوێنێ ڕوویدا]نەماوە. بەڵام دەبێت پەیوەندییەکە دروستبکەینەوە تاکو ڕاستی بناسین. لەنێوان ڕابردوومان و ڕانەبردوودا جیاوازییەکی ڕەها هەیە. نەگەڕانەوەی منیش بۆ ڕابردوو لەبەر ئەوەیە، کە ڕابردوو شتێکە هەیە. تەنیا

ڕێگەیـــەک من بە ڕابـــردوو بگەیەنێت گۆڕانی خۆمە بـــۆ بوونێکی— لەنێو—خۆ و لەناوبردنی خۆمە و دامەزراندنی ناسنامەیەکی چەسپاوە بۆ بوونم. ئەمەش شتێکە لە بوونی مندا نییە. لە ڕاستیدا ئەو شەرمەزارییەی دوێنێ تیایدا ژیام شەرمەزاری بوون—بۆ-خۆمە و هەمیشـــەش شەرمەزارییە لـــە ڕانەبردوومدا و ناوەڕۆکەکەشی بـــە بوونێکی— لەنێو—خۆ دادەنرێـــت. بەڵام بوونەکەی بۆ—خـــۆی نییە چونکە تێپەڕیـــوە و نەماوەتەوە. هەرچەندە دەتوانین بـــە بوونێکی—بۆ—خۆی دابنێین، کەچی شتێکە (هەیە). ڕابردوو بوونێکی— بۆ-خۆی هەیە و دەبێت بە بوونێکی— لەنێو—خـــۆ. مادامەکی من دەژیـــم، شەرمەزارییەکەم ئەوە نییە، کە هەیە. ئێستا من ئـــەوەم، کە هەبووم؛ دەتوانـــم بڵێم: شەرمەزاری بووە بـــە شتێکی (هەبوو) لەپشت بوونی منەوە و هەمیشـــە دەمێنێتەوە و بووە بە بوونێک—لەنێو—خۆیدا. لەڕوویەکەوە، ڕابردوو، کە لە یەک کاتدا بوون—بۆ—خۆ و بوون— لەنێو—خۆیە لەو بەهایە یان (خۆ)یە دەچێت ئێمە لە بەشی پێشودا باسمانکرد؛ چونکە جۆرێکە لە تێهەڵکێشەی بوون. ئەو شتەیە هەیە و ئەوەش نییە، کە هەیە. بەم واتایە دەتوانین لەسەر بەهای لەناوچووی ڕابردوو بدوێین. بیرەوەریمان ئەو بوونە پڕە دەردەخات، کە (ئێمە)یـــە. ئەو خەم و پەژارەیەی لە ڕابردوودا توشمان بوو بەردەوام ئێستاش کاردەکاتە ســـەرمان. هاوکات بووە بە شتێکـــی لەنێو—خۆ و نەگۆڕ. پەیکەرێکی وەستاو. بۆ کارتێکردنەکەی پێویستی بەسەرهەڵدانەوە نییە.

بـــە پێچەوانەشەوە، دەبینین بووە بە خەســـڵەتێک یـــان شێوازێکی بوونمان. زانایانی دەروونناس لەو تێڕامانەوە بۆ بارودۆخی دەروون هەیانە، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی ئاگامەندی خەسڵەتێکە، کە کاردەکاتە سەر بارودۆخی دەروون بەبێ ئەوەی شێوازی بوونی بگۆڕێت. بارودۆخە دەروونییەکانی ڕابردوو لەنێو ئەم بوونەدا، وەکو چۆن وتمان پیرۆ مرۆڤێکی قژ زەردە یان ئەو درەختە داربەڕووە، هەن.

لەبەر ئەم هۆیەشە ڕابردوو، کە لە بەها دەچێت بەهانییە. لە بەها داناندا بوون— بۆ—خۆ بەتێپەڕکردن و دامەزراندنی بوونی دەبێت بەخۆی؛ ئەو بوون—لەنێو—خۆ لەبوونی دەدۆزێتەوە. لە ئاکامی ئەم کارەشدا، لایەنە هەڵکەوتوەکانی بوون ڕێگە بۆ لایەنە پێویستەکان خۆشدەکات. ڕابردوو، بەپێچەوانەوە، لە ســـەرەتاوە دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ. بـــوون —بۆ—خۆ لە ڕێگەی بوون—لەنێو—خۆوە بەردەوامی بـــە بوونی دەدات. ڕابـــردووی بوونە-لەنێو—خۆدا و بۆ ئێمـــەش، وەکو بوونێکی هەڵکەوتـــووی ڕووت خۆی دەردەخات. پێویست ناکـــات ڕابردوومان ئەو یان ئەم شتە بێت؛ ئـــەو لەنێو زنجیرەی تەواوی فاکتۆرەکانـــدا دەردەکەوێت. ئێمەش بە فاکتۆرێکی ڕووت و سوپاسگوزاری دەیبینین. بە کورتییەکەی، بەهایەکی گەڕاوەیە، کە بوون—بۆ—خۆ دەیدۆزێتەوە و بە هۆکاری ئەوەوە دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ و چەســـپاو. بەو بوونە پڕ و کوێر دەبێـــت و ناتوانێت لە وێوە ببێت بەو بوونەی

بڕوانێتـــه بوونی خۆی. لەبەرئەمەش ڕابردوو بـــۆ ئەم بوونە دەبێت بەو بابەتەی، وەكـــو بەها تەماشای بكات و لەو دوودڵییەش ڕابكـــات، كە بەردەوام لە ئاكامی نەدۆزینەوەی (خـــۆ)دا یەخەی دەگرێت. بەڵام[ڕابـــردوو] لە ناوەڕۆكەوە لە بەهاوە جیاوازە؛ ئاماژە بۆ لایەنێك دەكات، كە هیچ شتێكی پێویستی لێوە دەرناهێنرێت؛ فاكتۆرێكـــی تایبەتمەندی هەر یەكێك لە بوون—بۆ—خۆیـــە، ئەو لایەنە نەگۆڕ و هەڵكەوتوانەیە، كە دەبن بە بوونی من.

كەوابوو، ڕابردوو بوون—بۆ—خۆیە و گەڕاوەتەوە و بوون—لەنێو—خۆ دایپۆشیوە و لەنێو خۆیدا گلیداوەتەوە. ئەمە چۆن ڕوودەدات؟

ئێمە باســـی بوونی ڕابردووی ڕووداوێك و ڕابردووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیمان كـــردوە. ڕوونمانكردەوە، كە ڕابردوو یاســـایەكی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوون—بۆ-خۆ؛ هەموو بوون—بۆ—خۆیەك پێویستە لەودیو بوونی خۆیەوە بێت و نەتوانێت بیگاتێ. لەم بۆچوونەوە لەگەڵ هیگڵـــدا هاوڕا دەبین، كە دەڵێت: (ڕابردووم ناوەڕۆكمە)؛ ڕابردوو یاســـایە بۆ بوون. بەڵام ڕوونمان نەكردەوە چۆن ڕووداوێك بۆ ئەم بوونە دەبێـــت بە ڕابردوو. چۆن بوون—بۆ—خۆ، كە ڕابردووی خۆیەتی لەوێدا دەبێت بە ڕابردوو، كـــە بوون—بۆ—خۆیەكی نوێ پەیدا دەبێـــت؟ ڕەوتكردن بەرەو ڕابردوو گۆڕانكارییە لەم بوونەدا. ئایا ئەم گۆڕانكارییە چییە؟

بۆئەوەی لەم خاڵە تێبگەین پێویستە لە پێشدا لە پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆو ڕانەبردوو بكۆڵینەوە. لێرەوە ئەوەشمان بۆ دەردەكەوێت، كە لێكۆڵینەوەمان لەسەر ڕابردوو بە ڕانەبردووەوە بەستراوە.

با. ڕانەبردوو

بەپێچەوانەی ڕابردووەوە، كە بوون— لەنێو—خۆیە، ڕانەبردوو بوونە-بۆ—خۆی. ئایـــا ئەم بوونە چییە؟ جۆرێك پارادۆكس لەنێو ڕانەبردوودا هەیە: لە ڕوویەكەوە ئێمـــە بە بوونی دادەنێیـــن؛ ئەوەی ڕانەبردووە شتێكە ئێستـــا هەیە. ئەمەش بە تـــەواوی لە واتـــای داهاتوو هەروەها ڕابردووەوە جیاوازە. داهاتوو هێشـــتا پەیدا نەبووە و ڕابردووش تێپەڕیوە.

ئەگـــەر لێكۆڵینـــەوە وردەكە بیەوێت ڕانەبـــردوو بە ڕابـــردووە و داهاتووەوە گرێبـــدات، ئەوا ڕانەبردوو دەبێت بە دەســـتەیەكی لە ژمـــارە بەدەری بارودۆخە ســـاتییەكان. هوسرڵ لە نوســـراوەكەیدا (ئاگایی ناوەوەی كات) ئەو سنورەی بۆ دابەشكردنەكە داناوە و ڕووی لە لایەنێكی نەبڕاوە كردوە، لە ڕاستیدا هیچە. هەرچ كاتێك بمانەوێت لە ڕاســـتەقینەی مرۆڤ تێبگەین ڕووبـــەڕووی بۆچوونێكی نوێ دەبینەوە و بوون و نەبوون پێكەوە دەدۆزینەوە.

ئایا واتـــای بنەڕەتی ڕانەبردوو چییە؟ ئاشکرایە ئەوەی ئێستا هەیە لەســـەر خەســـڵەتی ڕانەبردووی لە هەموو شتێکی دیکە جیادەکرێتەوە. ئەو کاتەی ناوی سەربازێک یان خوێندکارێک لە پۆلدا دەخوێنرێتەوە، سەربازەکە یان خوێندکارەکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، ئامادەیە. ڕانەبردوو دژوەستاوی ئامادەنەبوون و ڕابردووە. کەوابوو، ڕانەبردوو واتای ئامادەبوون بۆ شتێک دەبەخشێت. لەبەر ئەوە دەکرێت بپرسین، کە ڕانەبردوو لە ئاستی چیدا ئامادە بوونە یان ڕانەبردوو چییە و کێیە؟ ئەمەش هانماندەدات لە بوونی ڕانەبردوو بگەڕێین.

ڕانەبـــردووی من ئامادەبوونمە. ئامادەبوونی بۆ چـــی؟ لەبەردەم ئەم مێزەدا، لـــەم ژوورەدا، لە پاریس، لەنێو جیهانـــدا یان بە کورتییەکەی بۆ بوون— لەنێو— خۆ. ئایا دەتوانین ئەم دەســـتەواژەیە هەڵگەڕێنینەوە و بڵێین بوون—لەنێو—خۆ لەبەردەم من و بـــوون— لەنێو—خۆیەکی دیکەدا ئامادەیە؟ ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئەوا ڕانەبردووەکان بەرانبەر یەکدی ڕادەوەستن و پەیوەندی دروستدەکەن. بەڵام ئێمە بە ئاســـانی دەتوانین بیسەلمێنین، کـــە وا نییە. ئامادەبوون پەیوەندییەکی ناوەکـــی لەنێوان ئامادە بووەکـــە و ئەو شتەدا هەیە، کـــە ئامادەبوون خۆی بۆ دەردەخات. ئامادەبوون ئەوە دەســـەلمێنێت، بوونێک لە دەرەوە یان نزیک خۆی ڕاوەســـتاوە. لەگەڵ ئامادەبووندا بوونێک هەیە پەیوەندی بە بوونەکانەی دیکەوە دەبەســـتێت. من ئەو کاتە لەبەردەم کورســـییەکەدا ئامادەم، کە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی تێهەڵکێشـــمان بکات. تەنیا لەوێدا، کە من لەنێو بوونی کورسییەکەدا هەم، بەڵام کورسییەکە نیم. ئەو بوونەی ئامادە دەبێت (بوون—لەنێو—خۆ) نییە؛ بوون—لەنێو—خۆ ڕابردووە و ناتوانێـــت ئامادە بێت. ئەو شتێکە هەیە. کەوابوو، ڕانەبـــردوو تەنیا بۆ بوون—بۆ—خۆ لـــە ئامادەبوونیدا بۆ بوون—لەنێو—خۆ هەیە. ئـــەم ئامادەبوونەش هۆکـــردی ڕووداوێک نییە پێکەوە بەســـترابن، بەڵکو هەموو شتە بەســـتراوەکان پێویستیان بە ئامادەبوونەکە هەیە. دەبێت، وەکو بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی بوون—بۆ—خۆ تەماشای بکەین. ئەم کورسییە لەو جیهانەدا بۆ مێزەکە ئامادە بێت، کە ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤی تێدابێت. بوون—بۆ—خۆ بە خۆکردن بەم بوونە خۆی بۆ بوون ئامادە دەکات.

هەروەها، ئەگەر خۆی بە بوون—بۆ—خۆ دانەنێت ئامادەبوونەکەشی نامێنێت. بوون—بۆ—خـــۆ بەو بوونە پێناس دەکرێت، کە لە بووندا ئامادەیە. بۆ چ بوونێک بوون—بۆ—خۆ ئامادە دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە. بوون—بۆ— خۆ ئامادەی بـــوون— لەنێو—خۆ دەبێت. دەتوانین بڵێین ئامادەبوونی بوون—بۆ— خۆ وا لە بوون— لەنێو—خۆ دەکات گشـــتگرانە و (هەموو)ی خۆی دەربخات. لەم ئامادەبوونەدا لەبەردەم بوون بەگشـــتی هەموو ئـــەو ئەگەرانە خراونەتە لاوە، کە بوون— بۆ—خۆ زۆرتر لەبـــەردەم هەبوویەکدا ئامادە دەکات و ئاوەڕ لەوانی دیکە

ناداتەوە. هەرچەندە فاکتۆری بوونی دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم بوونە لێرەدا بێت و لە شوێنێکی دیکەدا نەبێت، هێشـــتا بوون لێرە لە ئامادەبوونەوە جیاواز دیارە. بوون لێرە ئـــەو تێڕوانینە دەردەخات، کە ئامادەبوونی هەموو بوون— لەنێو—خۆ تیایـــدا دەردەکەوێت. بە هۆکاری بوون لێرەدا ئەم بوونـــە هەموو هەبووەکان لە ئامادەبوونەکەیدا دەهێنێتە کایەوە. هەبووەکان لەنێو جیهاندا لە تەنیشت یەکدییەوە ڕیزکـــراون و بوون—بۆ—خۆ پێکەوە بە خوێنی خۆی و قوربانیدان بەو دەرچوونە لە خۆیەوە و ئامادەبوونی هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە. پێش ئەم قوربانیدانە دژواربوو بڵێین هەبووەکان پێکـــەوە یان بەجیا هەبوون. لەگەڵ بوون— بۆ-خۆدا ئامادەبوونیش دێتە نێو جیهانەوە؛ هەبووەکانی نێو جیهان پێکەوە ئامادە دەبن و بوون—بۆ—خـــۆش لەبەردەم هەموویاندا ئامادە دەبێت. کەوابوو، بۆ ئەو بوونانەی بە لەنێو—خۆ دایاندەنێین ئامادەبوون بەو واتاگشتیەی بەکاریدەهێنین، هەرچەندە بێجگە لە بوونیان چی دیکە نییە، بەڵام لە بوونیان جیادەکرێتەوە. ئامادەبوونیان پێکەوە بوونە ئەگەر بوون— بۆ—خۆ لەبەردەمیاندا ئامادە بێت.

ئێستا ئێمە دەزانین ئامادەبوون چۆنە و لەبەردەم چیدا ئامادەبوون سەرهەڵدەدات. بەڵام ئایا ئامادەبوون چییە؟ زانینمان [ئامادەبوون] پێکەوە بوونی دووجۆر هەبوو نییە و پەیوەندییەکەشیان دەرەکی نییە چونکە لە پەیوەندی دەرەکییدا پێویستیمان بە لایەنی سییەم هەیە پەیوەندییەکە باسبکات. ئەم لایەنی سێیەمەش لەنێو جیهاندا و لەگەڵ هەبوویەکی دیکەدا پەیوەندی هەیە؛ تەنیا بوون—بۆ—خۆ دەتوانێت لەگەڵ ئامادەبوونەکەیدا پێکەوەبوون و هاوئامادەبوونی شتەکان دامەزرێنێت. هەروەها لە ئامادەبوونـــی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم بوون—لەنێو—خۆدا پێویستیمان بە لایەنی تاکو ســـێیەم نییە[ئامادەبوونەکە یان پەیوەندییەکـــە] دابمەزرێنێت. بێجگە لەم بوونـــە هیچ گەواهێکی دیکە یان خوا ئامادەبوونەکـــە دانامەزرێنێت، ئامادەبوون شێـــوازی بوونـــی هەبوویەکی لەنێو—خۆ نییە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کـــە بوون—بۆ—خۆ تاکو ئەو ســـاتەی گەواهـــی ئامادبوونەکەیە، خۆی ئامادە بۆ هەبووەکان دەردەخات. ئێمە چۆن لەم خاڵە تێدەگەین؟ ئێمە دەزانین بوون—بۆ— خۆ گەواهی لەسەر بوونی هەموو شتەکان دەدات. لێرەدا، بوون— بۆ—خۆ ئامادە بوونـــە بۆ بوون، ئەگەر بەو مەبەســـتەوە ڕوو لە دەرەوەی خۆی بکات. پێویستە بەبـــێ ئەوەی خـــۆی بە ئەو دابنێت زۆر خۆی لە بـــوون نزیک بکاتەوە. ئەم خۆ نزیکردنەوەیە، کە لە بەشی داهاتـــوودا ڕوونیدەکەینەوە ڕیالیستانەیە چونکە لە دایکبوونی خۆی بەو بوونەوە دەبەستێتەوە؛ ئەو گەواهی بۆ خۆی دەدات، کە ئەو بوونە نییە. لەبەرئەمە لە دەرەوەی ئەو بوونەدایە.

لەســـەرو ئەمەوە، بۆ تێگەیشـــتنمان لە واتـــای ئامادەبوون ئامـــاژە بۆ ئەم ئاکامانە دەکەم: ئامادەبوون لەبەردەم هەبوویەکدا ئەوە دەگەیەنێت ئامادەبووەکە

پەیوەندییەکی ناوەکی بە هەبووەکەوە هەیە؛ ئەگینا هیچ پەیوەندییەک دروست نابێت. بەڵام پەیوەندییە ناوەکییەکەش لە نێوانیاندا (نەریێ)یە و نکۆڵی لەوە دەکات، کە ئەو بوونەی لەبەردەم هەبووەکەدا ئامادەیە یەک شت بن. ئەگەر پەیوەندییەکە ئەم جۆرە نکۆڵیکردنەی تێدانەبێت ئەوا هەردوو لایەنەکە لە پەیوەندییەکەیاندا دەبن بە یەک و یەک جۆر ناسنامەشیان پێدەدرێ. کەوابوو، ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم بووندا ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم بوونە گەواهە بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم بوونێکدا، کە لە بوونی ئەمەوە جیاوازە و ئەم نییە. ئامادەبوون لەبەردەم بووندا ئامادەبوونی بوون—بۆ-خۆیە، تاکو ئەو رادەیەی، کە بوون—بۆ-خۆ نییە. لایەنی نەرێ تەنیا لەسەر جیاکردنەوەی دوو شت راناوەستێت و جیاوازیشە لە بووندا. ئەمەش لەو گوتەیەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێین ئامادەبوون نییە. مەبەست لە نەبوونی ئامادەبوون و بوون—بۆ—خۆ چییە؟ بۆ تێگەیشتن لەم کێشەیە پێویستە بۆ بوون—بۆ—خۆ و شێوازی بوونی بگەرێینەوە و پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەگەڵ بووندا باسبکەین. کاتێک لە بارەی بوون—بۆ—خۆوە دەدوێین، پێویستە نەڵێین ئەم بوونە شتێکە هەیە بەو جۆرەی دەڵێین ئێستا کات ژمێر (نۆ)یە، چونکە ئەمە بوونێکی پڕ دەردەخات، کە لەگەڵ خۆیدا کۆکە و ناجوڵێت. بوون—بۆ—خۆ دیاردەیەکە گەواهی دەدات. گەواهییەک، کە لەسەر تێرامان رادەوەستێت بەبێ ئەوەی بابەتی تێرامانەکەشی لەوێدا قوت بووبێتەوە. بوون—بۆ—خۆ هەبوو نییە چونکە بوونی دووری هەیە؛ بوونی لە تێراماندایە ئەگەر تۆ دیاردە بە خۆ دەرخستن و تێرامانیش بە تێراوانین دابنێیت. هەروەها ئەگەر ئەم دوو شتە بە رووتی و بەبێ پەیوەندی بخوێنیتەوە. لەسەر و ئەمەوە، بوون—بۆ—خۆ هەبوو نییە. ئەو ئاشکرا بەو جۆرە خۆی دەردەخات، کە هەبوو نییە. ئەو ئاگامەندییە، کە روو لە دەرەوە دەکات و رەتدانەوەی ناوەکییە. بناخەی ئەم بوونە لە هەڵوێستی مەبەستداریێتی و رەتدانەوەی ئەم بوونەیە لە پەیوەندییە ناوەکییەکەیدا بە بوونەوە. ئەم بوونە لە دەرەوەی خۆیدا خۆی پێکدەهێنێت، وەکو دەستەڵاتی رەتدانەوە خۆی دەردەخات. لەم لایەنەوە، یەکەم پەیوەندی بوون—بۆ—خۆ بە بوونە گشتییەکەوە رەتدانەوەیە. لەم بوونەدا، کە لە هەبووەکانەوە جیاوازە، ئەم جیاوازییە دەردەکەوێت و بەو شێوەیە خۆی نیشاندەدات، کە نییە. لە هەردوو لایەنەکەوە لە بوون رادەکات؛ لە لایەکەوە بوونێکی ناوەکی ناتەواوە و لە لاکەی دیکەوە رەتدانەوەیە. ئامادەبوون ئەم رەتدانەوەیەیە لە بوون—بۆ—خۆدا؛ راکردنە لە دەست بوون. بوون—بۆ—خۆ لە ئامادەبوونیدا لەبەردەم بووندا هەمانکات لە دەست بوون رادەکات. ئامادەبوون راکردنێکی بەردەوامە لە دەست بوون. لەم رووەوە، ئێمە توانیومانە پێناسەی ئامادەبوون بکەین و بڵێین ئامادەبوون نییە. ساتەکانی رانەبردوو لە چەمکی

ڕاســـتەقینە و ڕیالیستانەی بوون—بۆ-خۆوە پەیـــدا دەبن. ئەو چەمکەی واتایەک بەگوێرەی شێـــوازی ئامادەبوون لەبەردەم بووندا بـــە بوون—بۆ—خۆ دەدات. بۆ نموونـــە، ئەو پەنجەیەی ئاماژە بۆ کاتژمێرەکەی دەکات. لێرەدا ناکرێت بڵێین بۆ بوون—بۆ—خۆ کاتژمێر نوێیە. بـــەڵام بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ ئەو پەنجەیەی ئاماژە بـــۆ کاتەکە دەکات ئامادەیە. ئەو هەڵەیەی توشمان بووە ئەوەیە، کە ئامادەبوون بەو شتـــە دادەنێین، کە ئامادەبوونەکەی بۆ ئامادە کراوە. دژوارە ســـاتەکان بە ئامادەبوون دابنرێن، چونکە سات لەنێو ئامادەبووندایە و ئامادەبوون لەنێو ساتدا نییە. ئامادەبوون لە شێوازی ڕاکردندا خۆی دەردەخات.

ئامادەبـــوون بەتەنیـــا لایەنی نەبوونی بوون—بۆ—خۆ نییـــە، کە خۆی ئامادە دەکات. بوون—بۆ—خۆ لە دەرەوەی بوونی خۆیدا و لە پێش و لە پشـــتەوەیە. لە پشتەوە، ڕابردوویەتی و لە پشتەوە داهاتووی. بوونی ئەم ڕاکردنە بەرەو دەرەوە لە دەســـت هەبووەکان و بەرەو ئەوەی لە داهاتـــوودا چاوەڕوانێتی. لە ئێستاییدا ئەوە نییە، کە لە ڕابردوودایە و هێشـــتا نەبووە بەوەی لە داهاتوودا پێی دەگات. لێرەدا ئێمە ئاماژە بۆ داهاتوو دەکەین.

جیم — داهاتوو

لێـــرەدا ئەوە دەڵێم، کە بـــوون— لەنێو—خۆ لە داهاتوو بـــەدەرە و تەنانەت بەشێکی داهاتووشی تێدا نییە. مانگی یەک شەوە بۆ من پاش مانگی هیلال دێت و ڕاســـتییەکە بۆ مرۆڤ هەیە. داهاتـــوو لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دێتەکایەوە. مانگی هیلال شتێکە هەیە و هیچ لایەنێکی هێزەکی تێدا نییە[کە هێشتا پەیدانەبووبێت.] ئـــەو بوونێکی کردەکی پڕی هەیە. داهاتوو، وەکـــو ڕابردوو دیاردەیەکی بوونی— لەنێـــو— خۆ و کاتی ئەم بوونە نییە. ئەگەر بوون— لەنێو—خۆ داهاتووی هەبێت، داهاتووکـــەی لەنێو—خۆیدایە و وەکـــو ڕابردوو لە بوون دابـــڕاوە. ئەگەر لەگەڵ لاپلاسیش هاوڕا بین و لەسەر ڕاڕەوی ناچارەکی پێشبینی داهاتوو بکەین، هێشتا دەبێت ئەو داهاتووە بەو بوونەوە ببەستینەوە، کە لەگەڵ خۆیدا داهاتوو دەهێنێتە نێو جیهانەوە، ئەگینا کات دەبێت بە فۆرمێکی نێو ئەندێشە.

ئەگەر داهاتوو لە ئاســـۆی جیهاندا ببینرێت ئەوا دەبێـــت بوونێک هەبێت،کە ئەو داهاتووە بێت. لێرەدا جارێکـــی دیکە بوونیادی چوونە دەرەوە[لە خۆوە] بۆ دەردەکەوێت، کە لە باسکردنەکەمان لەسەر ڕابردووەوە نزیکە. بوونێک دەتوانێت داهاتوو بێت، کە بوونی خۆیەتی. بەڵام بوون بە داهاتوو چ واتایەک دەبەخشێت؟ چ جۆرە بوونێک داهاتووی هەیە؟

لە ســـەرەتاوە واز لـــەو بیرۆکەیە دەهێنیـــن، کە داهاتوو بـــە وێنەیەکی نێو ئەندێشـــە دادەنێت. دواجار، ئەگەر نوێنەری[شتێکـــی دەرەکی بێت] ئەوا نابێت لەنێو ئەندێشـــەی مندا بێت چونکە ناوەڕۆکـــی هەیە و ناوەڕۆکیش دەبێت، وەکو شتێک هەبێت. لەوانەیە هەندێک بڵێن ئەو ناوەڕۆکە لەگەڵ مەبەســـتەکانی ئێمەدا لەنێو داهاتوودا خۆی بەرجەســـتە دەکـــات و دێتە ژیانەوە. ئەمەش هیچ واتایەک نابەخشێت. گریمان ئەو مەبەستە هەیە، بوونی ئەو دەبێت (پێویست)بێت ئەمەش چارەســـەری کێشەی داهاتوو ناکات؛ یان ئەو مەبەســـتە بۆ گەیشتن بە داهاتوو خۆی دەگەیەنێتە ئەو دیو ئێستاوە. لێرەدا بوونی ئەو مەبەســـتە شتێکە هێشـــتا پەیدا نەبووە. هەروەها، ئەگەر بوون—بۆ—خۆ لەنێو ئێستادا گیریخواردبێت، چۆن دەتوانیـــن بە داهاتوو بگات؟ چۆن زانینی لەبارەی داهاتووەوە دەســـتدەکەوێت؟ هیچ بیرۆکەیەکی ســـاختە و دروستکراو نوێنەرایەتی داهاتوو ناکات. ئەگەر ئێستا بە ئێستاوە گرێبدەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین خۆمان بەو دیو ڕانەبردوو بگەیەنین. پێویستیـــش ناکات بڵێین (ڕانەبردوو ســـکی بە داهاتوو پـــڕە.) ئەم گوتەیە هیچ واتایەکمـــان ناداتێ یـــان کاریگەرێتی لەنێو ڕانەبردوودا دیاریدەکات یان یاســـای بوونی بوون—بۆ—خۆمان بۆ دەردەخات، کە ئەم بوونە داهاتووی خۆیەتی. بوون—بۆ—خۆ ســـکی بە داهاتوو پڕ نییە. تەنانەت چاوەڕوانـــی داهاتووشی لێناکرێت. زانیـــن لەبارەی داهاتووشەوە نییە. تەنیا پەیوەنـــدی بنەڕەتی بە بوونی خۆیەوە هەیـــە. ناتوانین تۆزقاڵێک لەبارەیەوە داهاتووبین بین ئەگەر ئەو بوونە نەبێت لە بوونیـــدا داهاتوو هەبێت و بەو بوونە خۆی دەرنەخـــات، کە دەتوانێت لە بوونی خۆیەوە دەرچێت و بەرەو داهاتوو نەڕوات.

لێـــرەدا نموونەیەک باســـدەکەم. بەو شێوەیـــەی لە شوێنـــی یاری (تێنس) ڕادەوەستم لەوێدا واتا بەخشە، کە من بتوانم لەو چەقەوە بجوڵێم و بە ڕاکێتەکە تۆپەکـــە بگەیەنمـــە خانەی ئەو دیـــو تۆڕەکە. من پەیڕەوی ئـــەو وێنانە ناکەم، کە لەنێو ئەندێشـــەدا لەبـــارەی جوڵانی داهاتووەوە هەن. وێنەکانی ئەندێشـــە و بیرورِا ئەو پەیکەرانەی[نێو بیرکردنەوەن]، کە زانایانی دەروون ناس دایانتاشیون. جوڵەکەی داهاتووە، کە هێشتا نەبووە بە بیرۆکە، لەو دیو شێوە وەستانی منەوە ڕادەوەســـتێت و منیش شوێنی دەکەوم. لەگـــەڵ لێدانی تۆپەکەدا من خۆم لەنێو یاریگاکە دەدۆزمەوە و تۆپەکە بۆ خانەکەی دیکە دەگەڕێنمەوە. من وەکو کەمییەک لـــە بوونمدا، ڕادەوەســـتم، ئەو شێوازانەی تیایاندا ڕادەوەســـتم، بە داهاتوومەوە گرێمدەدەن. واتای هەر یەکێک لە شێوازی ڕاوەستانەکانم بە داهاتوەوە بەستراوە. هیچ ساتێک لەنێو ئاگامەندی مندا نییە، کە پەیوەندییەکی ناوەکی بە داهاتووەوە نەبێت. ئەو کاتەی دەنووسم، جگەرە دەکێشم، ئەخۆمەوە، پشودەدەم، بارودۆخی ئاگاییم هەمیشە بەرەو دووری دەڕوات و لە دەرەوە دایە. هایدیگەر دروست بۆ ئەم

کێشـــەیە چووە و دەڵێت، دازاین"هەمیشە لەوە زیاترە، کە هەیە." لەمەش باشتر ئەوەیە بڵێین ســنوردارکردنی ئەم بوونە مەحاڵە چونکە ســنوردانان ڕانەبردووی [ئەم بوونە] دەکات بە بوون—لەنێو—خۆ. کەوابوو، دروســتە، کە دەڵێین کۆتایی هۆکارێکی گەڕاوەیە و کاریگەرێتییە لە داهاتوودا. بەڵام زۆرجار هەندێک کەس لە بیریان دەچێت سادە لە واتای ئەم گوتەیە تێبگەن.

داهاتــوو ئەو (ئێستا)یە نییە، کە هێشــتا پەیدانەبووە. ئەگەر بەمجۆرە بێت، دەکەوینە نێو بوون—لەنێو—خــۆوە. لەمەش خراپتر بەو ئاکامەدەگەین، کە کات دەلاقەیەکی وەســتاو و نەگۆڕ بێت. داهاتوو ئەو بوونەیە، کە من ئێستا ئەو نیم، بەڵام دروســت دەبێت. ئەو خاڵە بە بیردەهێنمەوە، کە گوتمان بوون—بۆ—خۆ لە بــەردەم بوونــدا، وەکو ئەم بوونە یان ئەوەی لە ڕابــردوودا هەبوو، خۆی ئامادە دەکات. ئەم خۆ ئامادەکردنە [هەمانکات] هەڵهاتنە. ئەمەش مامەڵەکردنە لەگەڵ هەڵهاتن و دەرچوون بەرەو پێشـــەوە. هەڵهاتن دوو لایەنی هەیە؛ هەڵهاتنە بەرەو ئەو بوونەی، کە نییە. هەڵهاتینشە لەو بوونەی، کە هەیە. بەڵام بەرەو چ بوونێک هەڵدەکات؟

پێویستە لە بیرمان نەچێــت، کە خۆ ئامادەکردن لەبەردەم بووندا لە پێناوی هەڵهاتنە لە کەمی. بوون—بۆ-خۆ خاوەنی کەمییە. خۆ دەرخستنی (من) دوورییە. لێرەدا واتای هەڵهاتنەکەمان، وەکو ئامادەبوون دەســتدەکەوێت؛ هەڵهاتنە بەرەو بــوون؛ بەرەو ئەو بوونەی، کە خاوەنی کەمییە و خۆشی ئەو کەمییەیە. داهاتوو ئــەو کەمییەیە، کە بوون لە ئێستا و بــوون— لەنێو—خۆ دووردەخاتەوە. ئەگەر ڕانەبــردوو کەمیی نەبێت ئەوا دەبێت بە خاوەنی ناســنامەیەکی نەگۆڕ. کەمییە ڕانەبــردوو دەکات بە ڕابردوو چونکە ڕانەبــردوو لە دەرەوەی خۆیدا و بەرەو ئەو کەمییـــەی هەیەتی خۆی دەگەیەنێتە ئـــەو دیو بوونی خۆی و جیهان. ئەو، وەکو ڕانەبردوو لەبەردم بوونێکی—لەنێو—خۆدا ئامادە دەبێت، کە نییەتی.

داهاتوو ئەو بوونەیە، کە بوون—بۆ—خۆ دەیەوێت لەوێو ببێت بە ئەو. مادامەکی بوون—بۆ—خــۆ نایەوێت ئەو بوونە بێت، کــە هەیە، داهاتووش هەیە. ئەو بونەی بوون—بۆ-خۆ دەیەوێت بیگاتێ بوونێکی ئێستا و لەنێو خۆی بوون—بۆ—خۆ نییە. لەم حاڵەتەدا نابێت بەوەی، کە دەیەوێ بیگاتێ. ئێمەش ناتوانین پێناســی ئەم بوونە، وەکو کەمی بکەین، یان (کانت) گوتەنی بوون هیچ ناخاتە سەر چەمکەکەی. ئــەم بوونە هەیە چونکە ئەو خۆی کردووە بــەوەی هەیە. ئەو دەڕوانێتە دوور و خۆی بەوە دەبینێت، کە هێشــتا پەیدا نەبــووە. هاوکات، گرنگە ئەم کەمییە بە بوونی تاکە کەسی بوون— بۆ—خۆوە ببەستنەوە. ئەگینا بوون—بۆ—خۆ ناتوانێت پەیوەندییەکانـــی خــۆی لە داهاتوودا ببینێت. بۆ ئەم بوونــە داهاتوو بەو جۆرە خــۆی دەردەخات لە کاتێکدا بوون— بۆ—خۆ لە کەمی خۆی بە ئاگایە و دەزانێت

ئەو بوونەیە هێشـــتا پەیدانەبووە و لەنێو ئێستادا خۆی بەرەو پرۆژەکانی داهاتوو دەبـــات. داهاتوو بەبێ ئەم ئاگاییە نییەو نابێت. ئاگاییەکەش پێویستی بە خۆ—ئاگایی هەیە؛ پێویستی بە بوون—بۆ—خۆیە ئەم ئاگاییەی لادروست بێت.

بەپێچەوانەشـــەوە، ئاگایی لـــەم ئاگاهاتنەوە دەکەوێتە ئەودیـــو ئاگاییەوە، بۆنموونـــە دەکەوێتە نێو بوونی— لەنێو—خۆوە. کەوابوو، تەنیا ئەو بوونەی خۆ—ئاگایە، ئەو بوونەی پرســـیار لەبارەی بوونی خۆیەوە دەکات، خاوەنی داهاتووە. ئەمـــەش ئەوە دەگەیەنێـــت ئەم بوونە نەبووە بـــەوەی دەیەوێت و خۆی بە هیچ [نەبـــوون] دادەنێت—بوونێکە پڕی و تـــەواوی بوونی لە خۆیەوە دوورە. پڕی ئەم بوونە لەودیو خۆیەوەیەتی. ئەوەی لەودیو ئەم بوونەوەیە داهاتووە.

ئایا ”ئەو دیو“ چ واتایەکی هەیە؟ بۆ تێگەیشتنمان لە واتاکەی پێویستە ئەو خاڵە ڕەچاو بکەین، کە داهاتوو لە بوونی بوون—بۆ—خۆدا خەسڵەتێکی بنەڕەتی هەیە. ئەویش ئەوەیە، کە ئامادەبوونە لەبەردەم بووندا و لە داهاتوودا. ئامادەبوونی ئەم بوونەیـــە لەبەردەم بووندا. کاتێک دەڵێم، ”دەمەوێت بەختەوەر بم“، ئامادەبوونی بـــوون— بۆ—خۆیە، کە دەیەوێت بەختەوەر بێـــت. ئەزموونی ئەم بوونەیە لەگەڵ هەمـــوو ئەو بارودۆخانـــەی پیایدا تێپەڕیوە و هەمانکات بـــەرەو داهاتوو بەدوای خۆیدا ڕایاندەکێشـــێت. لە ئامادەبوونەکەیدا بەختەوەر دەبێت؛ ئامادەبوونەکەشی لە داهاتوودا ســـەرهەڵدەدات. واتـــای ئامادەبوون لەم بوونـــەدا هاوتایی لەگەڵ داهاتووشدا دەردەخات. ئەوەی لێرەدا خۆی بۆ ئاگایی بوون—بۆ—خۆ دەردەخات جیهانـــی داهاتووە بەبێ ئەوەی ئاگامەنـــدی بزانێت، کە ئەوەی خۆی دەرخستوە جیهانـــە. واتای ئەم جیهانە بە بوونی منەوە، وەکو ئامادەبوونم لەبەردەم ئەوەی، کە دەمەوێت بیگەمێ، بەســـتراوە. ئەمەیە لە کۆتایی ئامادەبوونەکەمدا و لەودیو بوون— لەنێو—خۆوە دەبێت بە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ئەو جیهانەی من ویستومە بیگەمێ. ئەگەر بنووســـم من ئاگام لەو وشانەیە، کە نووســـراون و ئەوانەش، کە دەنوســـرێن، ئەوا وشەکان، وەکو داهاتوو دەردەکـــەون و چاوەڕوانی من دەکەن بیان نووســـم. بەڵام چاوەڕوانییان ئەوە دەگرێتەوە (نووسین)، وەکو هەڵوێستێکی خۆ—ئاگایی ئەگەرێکە لەبوونی مندا. کەوابوو، داهاتوو، وەکو ئامادەبونی بوون—بۆ—خۆ لە داهاتوودا بوون—لەنێو-خۆ بەدوای خۆیدا بەرەو داهاتوو ڕادەکێشـــێت. ئەو بوونەی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەمیدا ئامادە دەبێت بوون— لەنێو—خۆیە لەگەڵ ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆدا و ئەم بوونەشە واتای داهاتووی دەداتێ.

مادامەکـــی بوون—بۆ—خۆ دەتوانێت لـــە دەرەوەی خۆیدا لەبـــەردەم بووندا ئامادەبێت، داهاتووش هەیە. داهاتوو تەنیا داهاتووە بۆ بوون—بۆ—خۆ. لە داهاتوودا داهاتوویەکی دیاریکراو دێتە کایەوە. ئەمەش لە ئامادەبوونی ئەم بوونەدا لەو دیو بوونی خۆیەوە ســـەرهەڵدەدات. لەم خەسڵەتەی بوون—بۆ—خودا، لەودیو بوونی

خۆیـــەوە، ئەم بوونە دەبێت بەوەی دەیخوازێت. گوتەیەک هەیە دەڵێت (پێویستە بوویم بەوەی هەبووم.) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بەو جۆرەی من دەمەوێت ئەگەرەکان بە جیهان دەدەم. ناچارەکی لەســـەر زەمینەی پرۆژەکانی داهاتووم دەردەکەون و داهاتووم لە وێنەیەکی ئەندێشەیی جیادەکاتەوە، کە من تیایدا ئەوە نیم، کە هەم. واتای بوونم لەوێدا دەدۆزمەوە، کە هێشتا پێی نەگەیشتوم. ئەم بوون—بۆ—خۆیە یان (من) لەنێو زەمینەی ڕەتدانەوەی جیهاندا سەرهەڵدەدەم.

بەڵام داهاتوو بە تەنیا ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەودیو بوونییەوە نییە. شتێک چاوەڕوانـــی ئەم بوونە دەکات، کـــە ئەو شتە بوونی منە. کاتێک دەڵێم دەمەوێت بەختەوەربـــم، منم ڕابردووم بە دوای خۆمدا ڕادەکێشـــم و دەمەوێت بەختەوەربم. کەوابو، (مـــن) داهاتووم، لەبەردەم بووندا ڕاوەســـتاوم و دەمەوێت خۆم بەو دیو بگەیەنم. من دەمەوێت لە داهاتوودا پرۆژەی بوونم دامەزرێنم و ئەو کەمییەی هەمە لەناوی بەرم؛ بە تێهەڵکێشـــکردنم لەگەڵ ڕانەبردوومدا (من) دەکات بەوەی هەم. ئەوەی بوون—بۆ—خۆ دەخاتە بەردەم بوون و ئەودیو بوونیش ئەگەرەکانی بوونی خۆیەتـــی. داهاتوو خاڵێکی نموونەییە بۆ بەســـتنەوەی فاکتۆرەکان (ڕابردوو) و بوون—بۆ—خۆ (ڕانەبردوو) و ئەگەرەکان (داهاتوویەکی دیاریکراو و هەندەکی)، کە دەبێت بە هۆکار بۆ ســـەرهەڵدانی (خۆ)، وەکو بوونێکی— لەنێو—خۆی—بۆ—خۆ. پرۆژەکانی نێو داهاتووی بوون—بۆ—خۆ بۆ بوون—لەنێو-خۆیە. لەمڕووەوە بوون—بۆ—خۆ دەبێت ببێت بە داهاتووی خۆی چونکە دەتوانێت ببێ بە بناخەی ئەوەی لەبـــەردەم و ئەو دیوییدایە. لەمبوونەدا داهاتوو کەلەبەرێکی گەورەیە. لەبەر ئەوە بـــەو جۆرەی ئێستا هەیە ئەوە نییـــە لە داهاتوودا دەبێت. هاوکات داهاتووی ئەم بوونە دەبێت بە ڕابردوو. داهاتوویەکی دیاریکراو لە ڕابردووی بوون— بۆ—خۆدا بۆ نموونە، دوا هەڵوێستم لەنێو یاریگای تێنسدا بەستراوە بە هەموو هەڵوێستەکانی دیکەمـــەوە، کە دوای ئەو دێن. دواجاریش هەموویان دەبن بە یەک جۆر زنجیرەی جوڵان. بەڵام ئەم یەکگرتنەیان ڕاستەقینە نییە و ڕوونادات.

داهاتوو ڕێگەنـــادات گرێبدرێت. ئەو دەکەوێتە نێو ڕابـــردووەوە. ڕانەبردووش دەبێت بە بناخەی نەبوون بۆ خۆی و کەمییەکانی بوون لەنێو داهاتوودا. لێرەدا، لەگەڵ هەموو ســـەرهەڵدانێکی بوون—بۆ—خۆ لە داهاتوودا گومانێکی ئۆنتۆلۆجی لەناودەچێت، "لەژێر ســـایەی ئیمپراتۆریەتدا کۆمارەکە چەند جوان بوو!" ئەگەر ڕانەبردووشـــم بە ناوەڕۆک لە داهاتـــوو بچێت، ئەوا ئەم ڕانەبردووەم نییە، کە من کردم بە پرۆژەی بوونم؛ چونکە پرۆژەکەم لە داهاتوودا بوو. لەو خاڵەدا، کە بوونم تیایدا دەبوو بە یەک و (خۆ) سەریهەڵدەدا.

ئێستا ئێمە باشتر دەتوانین پرســـیار ســـەبارەت داهاتـــوو بکەین چونکە ئەو داهاتووەی دەمەوێت بیگەمـــێ ئەگەرێکی ئامادەبوونە لەبەردەم و لەودیو بووندا.

لەم ڕووەوە داهاتوو دژوەستاوی ڕابردووە. دڵنیاین، من ڕابردووم، کە لە دەرەوەی خۆمدام. بەڵام ئەو بوونەشم، کە هەمە و بەبێ ئەوەی بتوانم نەمبێت.

بەمجۆرە پێناسی ڕابردوومان کرد و گوتمان بوونێکە لە پشت خۆیەوە. بوونی مــن لە داهاتوودا، بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەوەیە، کە دەبم؛ سەربەســتییەکەم لە بناخەکەیەوە ســەرهەڵدەدات. داهاتوو واتای بوونــی بوون—بۆ—خۆ لە ئێستاییدا بە پرۆژە دادەنێت. بەڵام ئەمەش لەپێشــتر بوونی مــن ناچار ناکات چونکە ئەم بوونە دەتوانێت پێویستییەکان لەناوبەرێت و بناخەی (نەبوون)ی خۆیەتی. داهاتوو تەنیا ئەوەندە بەســەر بوون—بۆ—خۆوە کاریگەرە، کە هەڵدێ و خۆی بۆ بوونێک لــە داهاتوودا ئامادە دەکات. ئــەوەی لە داهاتوودا پەیدا دەبێت بوونی منە ئەگەر من سەربەسست بم و تەوانام هەبێت ببم بەوەی دەمەوێت. کەسێک ئەو پرسیارەم لێدەکــات و دەڵیت، چی دەکەیت؟ خەریکی ئەم مافــوری دیوارەم، تابلۆیەکە بە دیوارەکەدا هەڵدەواســم. هەمانکات داهاتووی بوون—بۆ—خۆ خۆی چەک دەکات؛ چونکە ئەو بوون— بۆ—خۆیەی پەیدا دەبێت حوکم بەســەر خۆیدا دەدات و ببێت بــەو جۆرە بوونە؛ داهاتوو دەبێت بە داهاتووی ڕابردوو، کە لەپێشــتر ئەم بوونە نەخشــەی بۆ کێشاوە. دەبێت بەو ڕابردووەی کاریتێدەکات ببێت بەوەی دەیەوێت. واتە، بەردەوام من ئەو داهاتووەم، کە نیم. لێرەدا ئەو دوودڵییەی لەپێشتر باسمان کــرد و لە ئاکامی ئەوەدا ســەریهەڵدا، کە من بە تــەواوی داهاتوو نیم، هۆکاری ئەوەیە، من ئەو بوونەم واتاکەی هەمیشــە توشی گرفتمــان دەکات. بێهودە ئەم بوونە بە ئەگەرەکانیەوە بەســتراوەتەوە و لــە دەرەوی خۆیدایە. ئەم بوونە بەبێ گرفــت داهاتووی خۆی نییە چونکە لەنێوان ئەم بوونە و داهاتوودا نەبوون هەیە. بەکورتییەکەی، بوون—بۆ—خۆ سەربەستە. سەربەستییەکەشی بۆ بوونی سنوردارە. سەربەســتی لەوەدایە حوکم درابێت سەربەست بیت. لەم ڕووەوە داهاتووی ڕووت نییــە. داهاتوو نییە و تەنیا ئەگەرە. داهاتوو بە ئەگەر دانانی ئەگەرەکانە. لێرەدا واتای بوون—بۆ—خۆ گرفت ئامێزە و لەژێر دەستمان ڕادەکات.

بەو جۆرەی پێناســی داهاتوومــان کرد، ئەو شاتانە ناگرێتەوە، کە هێشــتا ســەریان هەڵنەداوە. بەدڵنیاییشەوە ئەگەرەکانی بوونم لە نەۆمی جیاوازدا هەن. نهۆمەکەشیــان پەیوەندی بە کاتی جیهانەوەیــە. من کۆمەڵێک ئەگەری نەبڕاوەم چونکــە واتای بوون—بۆ—خۆ ئاســان نییە و گرفتی لە دوایــە. بەڵام ئەگەرێکی دیاریکــراو لەوانەیــە باشتر واتــای بوون—بۆ—خۆمان بۆ دەربخــات و لە کاتی جیهانیشــەوە نزیکی بکاتــەوە. بۆ نموونە، بینینی هاوڕێیەکــم کاتژمێری دووی نیوەڕۆ، کە دوو ســاڵە نەمبینیوە، ئەگەرێکی بوونی منە. بەڵام هێشــتا باســی کۆمەڵێک ئەگەری، وەکو چوون بۆ لای هاوڕێکەم بە پێ، بە پاس یان شەمەندەفەر نەکردووە. من ئەم ئەگەرانە نیم. هەروەها لەنێوان ئەم ئەگەرانەدا بۆشایی هەیە.

لـــە ڕووی زانینەوە، بۆشاییەکەیان بە لێکچونی ســـاتەکان پڕ دەبنەوە. لە ڕووی کـــردەوەوە بۆشاییەکان (ویست) پڕیاندەکاتەوە. ئەمەش هەڵبژاردنی ئەگەرەکانە؛ هەموو ئەو ئەگەرانەش دەگرنەوە، کە نابن بە ئەگەری من.

٢. ئۆنتۆلۆجی کات

ئەلف. کاتی وەستاو

توێژینەوە فینۆمینۆلۆجییەکەمان بۆ سێ ڕەهەندەکانی کات یارمەتیمان دەدات بونیادێکی گشـــتی کات ببینیـــن و بزانین چۆن لایەنە کەمتـــر گرنگەکانی لەنێو ئەم بونیادەدا ســـەرهەڵدەدەن. بـــەڵام لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو خاڵی جیاوازەوە دەســـتپێدەکات. هەندێک جار باســـکراوە، کە کات پێناس ناکرێت. بەڵام هەموو کەســـێک لەو باوەڕەدایە، پێـــش هەموو شتێک، کـــات دوابەدواییە. دوابەدوایش ئەو ڕیزکردنەیە، کە تیایدا پەیوەندی پێشـــتر و پاشتـــر دەدۆزێتەوە. ڕیزکردنی چەندبارەیـــی لەم ڕووەوە، کە پێشـــتر و پاشتری تێدایـــە دەبێت بە چەندبارەیی کاتی. کەوابوو، دەگونجێت، لە باسەکەماندا سەبارەت کات بە چەمکەکانی پێشتر و پاشتر سەرەتاکەمان دیاری بکەین. ئەمەش ناودەنێین کاتی وەستاو [ستاتیک] چونکە ئەم دوو چەمکەمان بە گۆڕانکارییەوە نەبەستۆتەوە. بەڵام کات بۆ ڕیزکردنی چەندبارەیی بە تەنیا وەســـتاو نییە. وردبونـــەوە لە کات فاکتۆری دوابەدواییش دەردەخات. ئەوەی پاش دەکەوێت پێشیش دەکەوێت، ڕانەبردوو دەبێت بە ڕابردوو، داهاتوش بە داهاتویەکی لەپێشتر. ئەمەش دەکەین بە ناوەڕۆکی باسێکی دیکەمان بە ناوی دینامیکییەتی کات. لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە کاتەدا بەدوای نهێنی کاتی وەســـتاودا دەگەڕێین و هەوڵی ناسینی پێکهاتەکەی دەدەین. بەڵام باشترە کێشە دژوارەکەمان دابەش بکەین. لەلایەکەوە دەتوانین بونیادی کاتی وەســـتاو بە جیا دابنێین، کە کانت بە ڕیزکردن ناویدەبات. کاتی دینامیکیش بە جوڵانی ئەســـتووە دەبەســـتینەوە و زاراوەکەی کانت؛ ڕێچکەی کاتی بۆ دادەنێین. بۆ ئێمەش باشە لەپێشدا باسی کاتی وەستاو بکەین.

ڕیزکردنی "پێشتر و پاشتر" گەڕانەوەی بۆ دواوە تێدا نییە. ئێمە بەم زنجیرەیە دەڵێیـــن دوابەدوایـــی. لەبەر ئەوەی هەر یەکێک لە چەمکەکانی پێشـــتر و پاشتر بـــە جیـــا و تەنیا لە یەک کاتدا دادەنرێن و لەنێو یەکـــدا نین، هەندێک ویستویانە لەنێو ئەم چەکمانەدا فۆرمی جوداییش ببینن. لە ڕاســـتیدا کات من لە تێگەیشتن لـــە ئارەزووەکانم جیادەکاتەوە. ئەگەر من چاوەڕوانیان بم، ئەوا لەبەر ئەوەیە، کە ئارەزوەکانـــم پاش چەند ڕووداوێک ســـەرهەڵدەدەن. بەبێ دوابەدوایی 'پاشتر' من

کتوپــــڕ دەبم بەوەی دەمەوێـــت؛ دووری نێوان منی ئێستا و منی دوایی نامێنێت و جیاوازییەکانی نێوان خەونەکان و کردەوەکانیشـــم ون دەبن. شاعیرەکان و ڕۆمان نوسەکان جەختیان لەسەر هێزی کات بۆ جیاکردنەوە کردوە. لەو بیرۆکەیە دەدوێن، کە لەگەڵ کاتی دینامیکییدا پەیدادەکرێت و دەڵێن هەموو 'ئێستا'یەک دەبێت بەوەی 'پێشتر' هەبوو. کات دەخوا و جیابوونەوە دروست دەکات و دەفرێت. هەروەها بە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئازارەکان کات چارەسەری مرۆڤ دەکات.

پاشا بە دۆن ڕۆدیریگۆی گوت، "با کات کاری خۆت بکات." بەگشـــتی هەموو کەســـێک دوابەدوای پێشـــتر و پاشتر بە پێویست دادەنێت. تەنانەت ئەو شتەی هەمیشـــەییە، ئەم مێزە، کە لەوە زیاتر بە چی دیکە نابێت، لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بەســـەر مندا دێت ئەویش دەبێـــت خۆی لەنێو کاتدا پەرشوبـــڵاو بکاتەوە. کات مـــن لە بوونی خۆم، لەوەی، کە هەم، لـــەوەی دەمەوێت بیگەمێ و لە بابەتەکان جیادەکاتەوە. کات دەبێت بە پێوەرێکی بەکردەوە بۆ دووری؛ ئەو شارە یەک کات ژمێـــر و نیو دوورە، ئەوی دیکەیان کات ژمێرێک دوورە؛ بۆ تەواوکردنی ئەم کارە ســـێ ڕۆژمان دەوێت، هتد. لەم تێڕوانینانەوە جیهان و بوونی مرۆڤ لەنێو پێشتر و پاشتردا دەتوێنەوە.

یەکـــەی ئەم توانەوەیە یان ئەتۆمی کاتیی چرکەیە[ســـاتە]، کە پێش و پاش ساتەکانی دیکە دەکەوێت بەبێ ئەوەی لەنێو خۆیدا پێشتر و پاشتری هەڵگرتبێت. ســـات لەوە زۆرتر دابەش ناکرێت. مادامەکی کاتیش دوابەدواییە ئەوا سات کاتی نییە. بەڵام جیهان لەنێو ساتە لە ژمارە بەدەرەکاندا دەتوێتەوە. هەروەها تێپەڕبوون لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە لای دێکارت کێشەیەکی دژواربوو چونکە ساتەکان لە تەنیشـــت یەکەوەن، بۆ نموونە هیچ شتێک لەنێوانیاندا نییە جیایان بکاتەوە، بەڵام هێشتا پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا نییە.

بەهەمان شێوە، پرۆســـت دەپرسێت، چۆن (خۆ)ی لە ساتێکەوە بە ساتێکی دیکـــە دەگات؟ چۆن، بۆ نموونە، پاش ئەوەی شـــەو دەخەوێت و بەیانی لەخەو هەڵدەســـتێت (خۆ)ی دوێنێی دەدۆزێتەوە؟ لەســـەرو ئەمەوە، ئەزمونگەرییەکان باوەڕیان بـــە بوونی (خۆ)یەکی بەردەوام نییە و بێهودەش هەوڵیانداوە یەکێتیەک لەنێوان ســـاتەکانی دەروون دامەزرێنن. لەم ڕووەوە، ئەو کاتەی بەمجۆرە باســـی هێزی توانەوەی کات دەکەین ناچار دەبین خۆمان لە ســـاتێکدا بەبێ بەستنەوەی بە ســـاتێکی دیکـــەوە ببینین و نەڕوانینـــە داهاتوو. کەوابـــوو، گرفتەکە لەوێدا ســـەرهەڵدەدات، بۆ نموونە، چۆن باســـی جیهان، وەکـــو زنجیرەیەک گۆڕانکاری پێکەوە بەستراو یان بەردەوامیی کات بکەین.

هێشتا کات بەتەواوی جیاکردنەوە نییە. ئەگەر بە وردی سەرنجی [چەمکەکانی] پێشـــتر و پاشتر بدەیـــن، ئەم خاڵە ئاشکرا دەبێت. گریمـــان (ئەلف) دوای (با)

دێت. لێــرەدا پەیوەندییەکمان لەنێوان ئەم دوو شتەدا دامەزراندوە و یەکێتییەک لە ڕیزکردنەکــەدا دەردەخات. تەنانەت، ئەگەر هیچ جــۆرە پەیوەندییەکی دیکە لەنێوانیانــدا نەدۆزرێتەوە ئەم ڕیزکردنە پەیوەندی نێوانیانی ســەلماندوە چونکە ڕێگە بە بیرکردنەوە دەدات لە یەکێکیانەوە بەوی دیکە بگات. کەوابوو، ئەگەر کات جیاکردنــەوە بێت، ئەوا جیاکردنەوە شتێکی دیاریکراوە، وەکو ئەو دابەشکردنەی جارێکی دیکە یەکێتییەیەکە دروستدەکات.

تاکــو ئێرە باســەکەمان چاکە، بەڵام هەندێک دەڵێن، ئــەم یەکێتییەی بووە بە پەیوەندی[نێوان ســاتەکان] دەرەکییە. شوێنکەوتوانی فێرگەی پەیوەستداری ویستیان ئەو بۆچوونە بسەلمینــن، کە پەیوەندییەکی دەرەکی ئینتباعەکانی نێو مێشــکی پێکەوە گرێداوە. ئایا ئەوان، لەدواییدا ئەو پەیوەندی و پەیوەستییەیان بە[چەمکەکانی] پێشــتر و پاشترەوە نە بەستۆتەوە؟ ئایا کانت باسینەکردوە، کە یەکێتی نێوان ئەزمونەکان و گۆڕانکارییەکانی نێو کات بۆ پەیوەستدارێتی شتێکی پێویستە؟ با وریاتر لە بیردۆزەی پەیوەستداری وردبینەوە.

ئەم بیردۆزەیە بەو چەمکەوە بەســتراوە، کــە بوون بوونە-لەنێو—خۆدا. هەر یەکێک لــە ئینتیباعەکانی نێو مێشــک شتێکە لەنێو—خۆیدا، کــە هەیە؛ لەنێو ئێستادا سەربەخۆ ڕاوەستاوە و ئاماژە بۆ کەمی یان داهاتوو ناکات. هیوم ویستی ئەم یاســایە بە ڕێگــەی ئەزموونەوە دابمەزرێنێت: هــەر ئینتیاعێک وەرگریت و لەسەری بکۆڵێتەوە دەبینیت سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندییەکی بە شتەکانی پێش و پاش خۆی نییە و ئەو پەیوەندییە نادۆزێتەوە.

ئێمە لێرەدا نموونەی ناوەڕۆکی کاتی (ئەلف) دەهێنینەوە کە بوونێکە-لەنێو—خــۆدا و ناوەڕۆکــی کاتی (با)ش پاش ئــەو دێت و بەهەمــان شێوەش هەیە؛ ئەویش خاوەنی ناســنامەیە و شتێکە لەنێو خۆیدا. ئەم ناســنامەیەش بەو جۆرە دەریاندەخات، کە هیچ کامیان لە ســاتێکدا یان بۆ هەمیشە لەخۆیان جیانابنەوە. بۆ ئەم ســاتانە حاڵەتی کتوپڕ و هەمیشــەیی وەکو یەکن چونکــە پەیوەندییە ناوەکییەکەی نێوان پێشــتر و پاشتریان کاتی نییە. لەوانەشە ئەو پرســیارەمان لێبکرێــت، چۆن لەنێو ئەم بارودۆخــەدا حاڵەتی (ئەلف) پێش (با) دەکەوێت؟ لە وەڵامدا هیچ ســودێکی نییە بڵێین ئــەوەی پێش و پاش دەکەوێت بارودۆخ نییە، بەڵکو ســاتەکانە چونکە بەگوێرەی ئەم بیردۆزەیــە جیاوازی لەنێوان بارودۆخ و ساتەکاندا نییە. ساتەکانیش، وەکو بارودۆخەکان بوون—لەنێو—خۆن. بەڵام پێش خستنی (ئەلــف) ئەوەش دەردەخات، کە (ئەلف) شتێکی تــەواو نییە و ئاماژە بۆ (با) دەکات. ئەگەر (ئەلف) پێش (با) بکەوێت ئەوا بە هۆکاری (با)وە بە شتێکی لەپێشــتر دادەنرێت. ئەگەر (با) لە سەرهەڵدان و لەناوچوونیدا بە ساتێکی جیا و دوورەپەرێز دابنرێت، هیچ جۆرە خەسڵەتێک بە (ئەلف) نابەخشێت. بەکورتییەکەی،

ئەگەر (ئەلف) پێش (با) ڕوویدات، پێویستە لە بوونیدا (با)، وەکو داهاتووی (ئەلف) هەبێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر (با) پاش (ئەلف) ڕوویدات، ئەوا دەبێت (ئەلف) لە پاش خۆی دابنێت، کە واتای پاشتر بە (با) دەبەخشێت. ئەگەر (ئەلف) و (با) بە دوو بوونی— لەنێو—خۆی لەپێشتر دابنێین، ئەوا مەحاڵە پەیوەندییەکەیان لەسەر دوابەدوایی دابمەزرێنین. پەیوەندییەکە دەبێت بە پەیوەندییەکی دەرەکی ڕووت و بە ئاسمانەوە هەڵدەواسین. لە هەموو ناوەڕۆکێکی دووردەخەینەوە و بەبێ هێز بۆ سەلماندنی یەکێک لەو دوو ساتە لەنێو دەلاقەیەکی لە کات بەدەر و هیچدا دەیچەسپێنین. ئەوەی پەیوەندی نێوان پێشتر و پاشتر دەردەخات، ئەو گەواهەیە، کە [لە ئەزمونەکەدا] دەردەکەون. بەڵام گرفتەکە لەوێدایە، ئەگەر ئەم گەواهە لە یەک کاتدا لەنێو ڕووداوی (ئەلف) و (با) بێت هۆکاری ئەوەیە، کە خودی خۆی بوونەوەرێکی کاتییە یان بەپێچەوانەوە بوونێکی کاتی نییە و لەژوور کاتەوەیە. ئەمەش ڕێگەچارەیەک بوو دێکارت و کانت بۆ ئەم گرفتە دۆزیویانەتەوە و لەمە زۆرتر لەسەر ئەم کێشەیە نەدواون. بۆ ئەوان ئەوەی ڕووداوە جۆراوجۆر و فرەکان پێکەوە گرێدەدات و یەکبوون لە نێوانیاندا پێکدەهێنێت، ئەو بوونەیە، کە خۆی لە کاریگەرێتی کات ڕزگارکردوە. ئەم دوو بیریارە بانگەشەی بوونی کاتێکی لەپێشتر دەکەن، کە دابەش دەکرێت و لەنێو ڕووداوە فرەجۆرەکاندا دەتوێتەوە. مادامەکی یەکێتی کات لەسەر زەمینەی کات دروست نابێت، ئەوا بوونەوەرێکی لە کات بەدەر دەبێت بەو زەمینەیە؛ ئەوبوونەش بۆ دیکارت خوا و ئاگامەندی خوایە لە ئافەریدکردنی هەبووەکاندا بە بەردەوامی و بۆ کانتیش ئەو یەکێتییەیە، کە لە ئاکامی تێهەڵکێشکردنی سەرهەڵدەدات. بۆ دێکارت، یەکێتی کات لەسەر ئەو ناوەڕۆکە دامەزراوە، کە بەردەوام لە هیچەوە ئافەرید دەکرێت؛ بۆ کانت ئەو چەمکانەی نێو تێگەیشتنی ڕووتن، دەخرێنە سەر فۆرمی کات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا (خوا و من) لەنێو کاتدا، وەکو دوو بوونەوەری لە کات بەدەر کات بە ڕووداوەکان دەدەین. کات دەبێت بە پەیوەندییەکی ڕووت و دەرەکی نێوان جەوهەرە لە کات بەدەرەکان.

ئاشکرایە ئەم دامەزراندنە بەرەو (کات)مان نابات. ئێمە دەبێت لەناوەوە ئەوەی لە کات بەدەرە بگۆڕین بۆ بوونێکی کاتی. ئەگەر ئەم کارەش نەکەین ئەوەی بە کات دادەنرێت دەبێت بە شتێکی ئەندێشەیی و فۆرمێکی نێو خەونی مرۆڤ. ئەگەر کات ڕاستەقینە بێت پێویستە خواش چاوەڕیی "شەکرەکە بکات لەنێو ئاودا بتوێتەوە." ئەو دەبێت لەنێو ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا بێت تاکو ڕووداوەکان پێکەوە گرێبدات. کەوابوو، لە کات بەدەرێتی ئەو ساختەیە و هەمانکات ئەو چەمکانەی، وەکو نەبڕانەوەی کات دەشارێتەوە. بەڵام واتای ئەم جۆرە چەمکانە لەوێدا دەردەکەون، کە فۆرمە تێهەڵکێشکراوەکانیان لەو (خۆ)یەی بوون لەنێو خۆ

نییە جیا دەبنەوە. ئەگەر ئێمە، بۆ نموونە، زانیننی خوا لەسەر کات بەدەرێتی ئەم بوونە دابمەزرێنین، ئەوا خوا پێویستی بەوە نییە بۆ ئەوەی بزانێت شەکر لەنێو ئاودا دەتوێتەوە چاوەڕوانی شەکرەکە بکات تاکو دەتوێتەوە. لەوانەیە پێویستبوون بە چاوەڕوانی و کات بەسەربردن لەنێو ئەندێشەی مرۆڤدا هەبن چونکە مرۆڤ بوونێکی براوەی هەیە. درێژخایەنی ڕووداوەکان پەیوەندی بە ئاڵۆزی هەستکردنەوە لە ڕێکەوتنی ڕووداوەکاندا هەیە، کە لۆجیکمەندانە و هەمیشەییە. ئەم بەڵگەیەش دژی بۆچوونەکەی کانت لەسەر کێشەی (من بیردەکەمەوە) بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بهینین بەکاردێت. ڕەتدانەوەی ئەو خاڵە، کە گوایە کات لەبەر ئەوەی فۆرمێکی لەپێشترە دەبێت بە یەکێتی، بێهودەیە چونکە کێشەکەمان ئەوەندەی لەسەر پەیوەندی نێوان پێشتر و پاشترە لەسەر یەکێتی نییە.

دەشێ هەندێک باسی کاتێکی هێزەکی بکەن، کە یەکێتی دەیکات بە کاتێکی کردەکی. هێشتا ئەم زنجیرەیەی بە هێزەکی هەیە لەو زنجیرە ڕاستەقینەیەی لەسەری دەدوێین، کەمتر دەناسرێت. ئەو زنجیرەیە چییە، کە چاوەڕوانی یەکێتییەکە دەکات تاکو بیکات بە زنجیرە؟ ئەو زنجیرەیە بۆ کێ یان بۆ چییە؟ ئەگەر لە هیچ شوێنێکدا نەدۆزرێتەوە، چۆن بوونەوەرێکی لە کات بەدەر بەبێ ئەوەی خەسڵەتی هەمیشەبوون بدۆڕێنێت، لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت؟ لەسەرو ئەمەوە، لێرەدا چەمکی یەکێتی تەمومژاوییە و لە واتاکەی تێنەگەیشتوین. لەڕاستیدا ئێمە باسی دوو شتی لەنێو خۆمان کردووە، کە لە یەکدییەوە جیاوازن و هەر یەکێک لە ئەوان دەکەوێتە نێو کات و شوێنی خۆیەوە. چۆن ئێمە بتوانین پێکەوە گرێیان بدەین؟ ئایا دەتوانین یەکێتییەکی ڕاستەقینەیان بۆ دابمەزرێنین؟ لێرەدا، ئێمە یاری بە وشە دەکەین و هەرگیز ناتوانین ئەم دوو شتە جیاوازە پێکەوە ببەستین یان دەبێت یەکیتییەکی نوێ لە نێوانیاندا بدۆزینەوە، کە هەر یەکێک لەو دوولایەنە لەم یەکێتییەدا لە دەرەوەی خۆیاندا ڕادەوەستن، تاکو پێشتر و پاشتری خۆیان بسەلمێنن. ئەمەش پێویستی بەوەیە هەر یەکێک لە ئەوان خۆی، وەکو شتێکی کاتی دەربخات. ئەمەش هەردووکیان بە یەکەوە نابەستێتەوە. چۆن یەکیتییەکی لە کات بەدەری (من بیردەکەمەوە) وەکو بەشێکی سادەی بیرکردنەوە دەتوانێت یەکێتی دروستبکات؟ ئایا دەتوانین بڵێین یەکێتییەکی هێزەکییە؟ لەو دیوو هەستکردنەوە، وەکو (نۆیما)کەی هوسرڵ جۆرە یەکێتییەکمان بۆ دادەمەزرێنێت؟[٤٩] ئایا چۆن بوونەوەرێکی لە کات بەدەر بڕیار لەسەر بوونی

٤٩ نۆیما وشەیەکی یۆنانییە واتای (هەست کردن یان تێگەیشتن) دەبەخشێت، ناوەڕۆکی هەستکردنیش، کە بیرۆکەیەکە سەبارەت بابەتە هەستپێکراوەکە بە (نۆیەتا) دادەنرێت. ئەفلاتون بۆ نموونە، هەموو فۆرمە هەمەکییەکانی جیهانی بەرزی بە نۆیەتا (بیرۆکە)ی (نۆیما) تێگەیشتن داناوە. لێرەدا هوسرڵ هەموو بابەتێکی مەبەست دارێتی ئاگامەندی بە (نۆیەتا) دادەنێت و هەروەها نوێما و نۆیەتا؛ ئاگامەندی و بابەتەکەی لە یەکدی جیاناکاتەوە. (وەرگێڕ).

زنجیره دەدات؟ گریمان ناوەڕۆکی کات ئەوەیە، کە هەستی پێدەکرێت، ئایا ئەو هەستپێکراوە چۆن پێکدێت؟ کەوابوو تاکو ئەو ڕادەیەی کات فۆرمێکی جیا و تێهەڵکێشراویش بێت، لە شتێکی لە کات بەدەرەوە سەرهەڵنادات و ڕێگەش نادات بەسەر ئەوانەی لە کات بەدەرن بسەپێنرێت. لایبنیز دژی دێکارتە و برگسۆنیش دژی کانتە، لەوێدا، کەتەنیا پەیوەندییەکی ڕووتیان لەنێو ئامادەبوون و هێزی لکاندنیان بەکات داناوە.

لایبنیز لەو باوەڕەدایە گرفتی گوزەرکردن لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی دیکە و لەناوچوونیشی، هەروەها ئافەریدکردنی بەردەوام گرفتێکی ساختە و چارەسەرکردنێکی بێسودیشە. بە دیدی ئەو، دێکارت لە بیری چووە باسی بەردەوامبوونی کات بکات. تێگەیشتنمان لە کات، وەکو بەردەوامی، ڕێگەمان نادات کات بە فۆرمی ساتە لە یەکدی داپچڕاوو جیاوازەکان دابنێین؛ ئەگەر ساتیش نەبێت ئەوا پەیوەندی پێشتر و پاشتری نێوان ساتەکانیش لەناودەچێت. کات بەردەوام بوونێکی بەربڵاوی ڕەوتکردنە، کە ناتوانین هیچ پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بۆ دیاری بکەین.

لایبنیز ئەو خاڵەشی فەرامۆشکردووە، کە فۆرمی پێشتر—پاشتر لە خۆیدا جۆرێکە لە جیاکردنەوە. ئەگەر کات بەردەوامی بێت و تەوانای جیاکردنەوەشی هەبێت، ئەوا کەسێک دەتوانێت پرسیارەکەی دێکارت بگۆڕێت و بە جۆرێکی دیکە ئاراستەمانی بکات: ئایا هێزی لکاندنی بەردەوامبوون لە کوێوە پەیدا دەبێت؟ بێگومان پێکهاتەی بنەڕەتی هەیە، کە لەنێو بەردەوامییەکەدا لایەنەکان پێکەوە دەنوسێنێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە لە سەرەتاوە جۆرە یەکێتییەک هەیە. لەبەر ئەوەیە من هێڵێکی ڕاست دەکێشم، وەکو کانت دەڵێت، ئەو هێڵە ڕاستە یەک کردەوەیە و لە زنجیرەی نەبڕاوەی خاڵەکانەوە جیاوازە. کێ کات دەکێشێت؟ بەکورتییەکەی، بەردەوامی ڕستەقینەیەکە پێویستە ئاوەڕی لێبدرێتەوە و بە چارەڕێگە دانانرێت. لێرەدا نموونەی پێناسەکەی پۆین کیرە دەهێنینەوە، کە گوایە: ئەلف و با و سین دەبێتە زنجیرەیەکی بەردەوام، ئەگەر بتوانین ئەلف = با، با = س، ئەلف÷ سین بنوسین. ئەم پێناسەیە گرنگە چونکە ئەو بوونەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو شتە نییە ئێستا هەیە. کەوابوو، (ئەلف) لەگەڵ (سین) دا یەکسان نین. هەروەها (با) لەگەڵ (ئەلف) و (سین)دا یەکسانە، ئەوا لەگەڵ خۆیدا بەگوێرەی ئەوەی (ئەلف) و (سین) نایەکسانن ئەویش جیاوازە. بەڵام ئەم پێناسەیە، بەو شێوەیەی ئێمە لە ڕووبەڕووبەنمان لەگەڵ بوون— لەنێو—خۆدا توشمان بوو، یاریکردنە بە وشە. لەبەر ئەوەی بوونێکمان پێدەناسێنێت، کە لە یەک کاتدا هەیە و نییە. بنەڕەت و بناخەمان بۆ دەستنیشان ناکات. لە توێژینەوەکەمان لەسەر کات چاک دەزانین بەردەوامی چۆن خزمەتی کێشەکەمان

دەکات. ئەگەر لەنێوان (ئەلف) و (سین)، گرنگ نییە چەند لە یەکدییەوە نزیکیش بــن، ئێمە (بـــا) دابنێین، لەم هاوکێشـــەیەدا ئەلف= با، با = ســـین، ئەلف ÷ ســـین؛ (با) لە (ئەلف) و (سین) جیاناکرێتەوە، بەڵام (ئەلف) و (سین) دوو لایەنی جیـــاوازن. لەم حاڵەتەدا (بـــا) پەیوەندی پێش و پاش دەردەخـــات. تاکو ئێرە باســـەکەمان دروستە، ئەی چۆن ئەو بوونە هەیە؟ لەکوێوە دەرچووە؟ چۆن ئەو دابەشبوونـــە ڕوویندەداوە؟ چۆن نابێت بـــە دوو چەمک و یەکێکیان لەنێو (ئەلف) و ئەوی دیکەیان لە (ســـین)دا ناتوێتەوە؟ چییە لە بینینی یەکێتییەکەی نێوانیان بەرچاومان دەگرێت؟ ســـەرنجدانێکی قووڵ لەم کێشـــەیە ئاشکـــرای دەکات، کە بوون—بۆ—خـــۆ دەتوانێت ئامادەی یەکێتییەکەی خـــودی خۆی بێت. بەڵام ئێمە هێشتا بەوقووڵییە ســـەرنجمان نەداوە و هێزی پێکەوەلکاندنی کاتیش بۆ لایبنیز بووە بە یەکێتی و ناسنامەیەکی ڕەهای لۆجیکی. ئەگەر کات بەردەوامی تێدابێت، نابێت ئەو بەردەوامییە بە ناسنامە دابنرێت چونکە بەردەوامی ناسنامە نییە.

بەهەمانشـــێوە، برگسۆن لەگەڵ چەمکی بەردەوامییـــدا پێکهاتە و فرەلایەنی ڕاڤەکردنـــدا ئـــەوە دەرناخات، کـــە پێکهاتەی فرەلایەنەکـــان پێویستی بە کاری پێکهێنان هەیە. ئەو بە ســـەرکوتکردنی ساتەکان لە دێکارت دروستر بۆ کێشەکە چـــوە؛ هێشـــتا بۆچوونەکـــەی کانت لەوێدا، کـــە ڕەتی تێهەڵکێشـــە دەداتەوە، لەوەی برگسۆن دروســـترە. بەو شێوەی بروگسۆن باســـی ڕابردوو دەکات و لەنێو ڕانەبردوودا دەیتوێنێتەوە بێجگە لە گوتارێکی ڕووت چی دیکە نییە. ئەو گرفتانەش دەردەخات ئەم بیریارە لە بیردۆزەکەیدا لەســـەر یادکردنەوە توشی بووە. ئەگەر ڕابـــردوو، بەو جـــۆرەی برگسۆن ئاماژەی بۆ دەکات، چـــالاک و بزێو نەبێت، ئەو بوونەی ئێستاش ئاوەڕ لە رابردوو نەداتەوە، ڕابردوو لەودیو ئێستاوە دەمێنێتەوە و هەرگیـــز بۆ نێـــو ڕانەبردوو ناگەڕێتـــەوە. بێگومان، بۆ برگســـۆن ئەو بوونەی بەردەوام بەنێو ســـاتەکاندا تێدەپەڕێت یەک بوونە. بەڵام ئەم بۆچوونە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجی هەیە. ئێمە نازانین ئەوەی بەردەوام دەمێنێتەوە خودی بوونە یان خودی بەردەوامی. ئەگەر بەردەوامیش بە بوون دابنرێت پێویستە برگسۆن بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەم بوونە باســـبکات؛ ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بێت، ئەوەی بەردەوام دەمێنێتەوە جۆرێک بێت لە بوون، ئەوا دەبێت بزانین چ شتێک بەردەوامی بەو بوونە دەدات.

ئایا ئاکامی ئەم توێژینەوەیەمان چییە؟ یەکەم، ئەوەیە، کە کات هێزی توانەوەیە، بـــەڵام ئەو هێزە لە ناوەندی یەکبوونەکەدایە؛ کەمتریش، وەکو ڕاســـتەقینەیەکی فرەلایەنی بەبێ یەکێتی خـــۆی دەردەخات. ئێمە نابێت ئەم دوولایەنە لە یەکدی جیابکەینەوە. ئەگەر بە تەنیا ئاوەڕ لە یەکێتی کات بدەینەوە زنجیرەی ساتەکانی نابینیـــن و ئاوەڕدانەوەش لە زنجیرەی ســـاتەکان یەکێتییەکـــەی دەشارێتەوە و

ناتوانین یەک کات ببینین. ئەگەر یەکێتی پێش فرەلایەنی نەکەوێت یان فرەلایەنی پێش یەکێتی دانەنرێت، دەبێت لەو باوەڕەدا بین کات، وەکو یەکێتییەک، خۆی دابەشدەکات و فرەلایەنی خۆی دەهێنێتەکایەوە؛ لێرەدا کات دەبێت بە پەیوەندی بوونێک بە خودی خۆیەوە. بوونی نابێت بە نێوانێکی دراو چونکە ئەمە ئەو خاڵە ڕەتدەکاتەوە، کە کات فرەلایەنەکانی خۆی پێکدەهێنێت. کات شتێک نییە هەبێت. ئەوەی هەیە بوونێکە، کە لە بونیادیدا کات، وەکو یەکێتی ئەو بوونە خۆی دەردەخات. واتای لەپێشتر و پاشتر لە پەیوەندی ناوەکییدا دەردەکەوێت؛ لەوێدا بوونێک هەبێت پێش خۆی بکەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کات ئاماژە بۆ شێوازێکی بوون دەکات، کە ئەو بوونە لە دەرەوەی خۆیدایە. کات پێویستە بونیادی (خۆ)ی هەبێت. لەبەر ئەوەی (خۆ) دەتوانێت لە دەرەوەی خۆیدا پێش یان پاش بکەوێت، لەپێشتر و پاشتریش بەگشتی هەن. کات بونیادێکی لەپێشتری ئەو بوونەیە، کە دەبێت بە بناخە بۆ بوونی خۆی؛ ئەو بوونەی بۆ–خۆیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەم بوونە پێش کات دەکەوێت. بەڵکو کات بوونی بوون–بۆ–خۆیە چونکە بوون بۆ خۆ ئەو بوونەیە لە دەرەوەی خۆیدا. کات نییە، ئەوەی هەیە بوون– بۆ-خۆیە، کە بوونێکی کاتی هەیە.

توێژینەوە فینۆمینۆلۆجییەکەمان لەسەر ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو دەیسەلمێنێت، کە بوون–بۆ–خۆ بەبێ شێوازی بوونێکی کاتی نییە و نابێت. بوون–بۆ–خۆ لەنێو بووندا، وەکو لەناوبەری بوون–لەنێو–خۆ سەرهەڵدەدات و پێکهاتەکانی خۆی لەنێو ڕەهەندەکانی لەناوچوندا دەدۆزێتەوە. لەهەر گۆشەنیگایەکەوە تەماشای بکرێت، بەو بوونە دەبینرێت، کە بە دەزویەک خۆی ڕاگرتوە یان باشتروایە بڵێین، ئەو بوونەیە، کە دەبێتە هۆکاری هەموو ڕەهەندەکانی لەناوچونی خۆی. لە کۆندا پێکەوە ژیان و لێکدابڕانی گەلی جولەکەیان بەو شێوازی بوونە دادەنا، کە بە "پەرت و بڵاوبوونەوە" ناوزەدکرا. ئەو زاراوەیە یارمەتیمان دەدات لە واتای بوونی بوون–بۆ–خۆ تێبگەین. بوون–لەنێو–خۆ یەک جۆر ڕەهەندی بوونی هەیە، بەڵام دیاردەی دروستکراوی نەبوون لە ناخی بووندا بونیادی بوونی (خۆ) ئاڵۆز دەکات. لە دواییدا باسیدەکەین چۆن تێڕامان، بەرزێتی، بوون–لەنێو–جیهاندا و بوون–بۆ–کەسانی دیکە دەبن بە ڕەهەندەکانی لەناوچون یان چۆن دەبن بە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان (خۆ) و بوون.

کەوابوو، نەبوون فرەلایەنییەکی ناڕاست دەهێنێتە ناخی بوونەوە. ئەم فرەلایەنە ناڕاستەش دەبێت بە بناخەی هەموو فرەلایەنییەکی ڕۆژانە، چونکە فرەلایەنی لەسەر زەمینەی یەکێتییەکی لەپێشتر دادەمەزرێت. لەم ڕووەوە میەرسۆن بە هەڵە بۆ کێشەکە چووە [ئەم زانایە] لەو باوەڕەدایە فرەلایەنی ئابڕوبردنە و ئەوەی ئابڕوش دەبات ئەوەیە، کە هەیە و ڕاستەقینەیە. بوون– لەنێو–خۆ فرەلایەن

نییە؛ جۆراو جۆر نییە. بۆ ئەوەی ئەم بوونە فرەلایەنی لەنێو خۆیدا دەربخات ئەوا پێویستە بوونێک لەبەردەمییدا و لە ئاستی هەر یەکێک لەو لایەنە جۆراوجۆرانەیدا قوت ببێتەوە. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لایەنی جۆراوجۆری ئەو بوونە دەهێنێتە ناو جیهانەوە. فرەلایەنی ناڕاســـتی بوون—لەنێو—خۆیە و دبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ژمارە لەنێو جیهاندا.

ئایا ئەو فرەلایەنە ناڕاســـتانە بۆ بوون—بۆ—خۆ چ واتایەک دەبەخشن؟ ئەوانە جۆرەکانـــی پەیوەندیـــن لەگەڵ بوونی ئـــەودا. ئەو کاتەی شتێـــک، بەو جۆرەی دەردەکەوێت هەیە یـــەک شێوازی بوونی خۆی دەردەخات. لە کاتێکدا ئەو بوونە دەگۆڕێت و وەکو خۆی نامێنێتەوە، کتوپڕ جۆری جیاوازی بوون ســـەرهەڵدەدەن. بوون—بۆ—خۆ، بەو جۆرەی لە خۆیەوە دەردەچێت، دەتوانێت ئەم ســـێ لایەنەمان بۆ دابمەزرێنێت:

(١) ئـــەوە نییـــە، کە هەیە. (٢) ئەوەیـــە، کە نییە. (٣) ئـــەوە نییە، کە هەیە و ئەوەشە، کە نییە. لێرەدا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ سێ جۆر دەرچوونی ئەم بوونە لە خۆیەوە دەکەین. هیچ ئاگامەندییەک نادۆزینەوە خاوەنی ئەم سێ ڕەهەندە نەبێت. ئەگەر کۆجیتۆ یەکێک لەم سێ لایەنە زووتر لە لایەنەکانی دیکە بدۆزێتەوە، ئەوە ناگەیەنێـــت ئەو لایەنەی دۆزراوەتەوە لەلایەنەکانی دیکە لەپێشـــترە. بەڵکو، ئەو لایەنە ســـەربەخۆ دەردەکەوێت و هەمانکات دوو لایەنەکەی دیکەش لەگەڵ خۆیدا بەرجەستە دەکات. بوون—بۆ—خۆ ئەو جۆرە بوونەیە، کە دەست و برد بە هەموو لایـــەن و ڕەهەندەکانییەوە بوونی خۆی دەخاتەگـــەر. لێرەدا، ئەو دوورییەی لەم بوونەدا دەبینرێت دوورییە لە بوونی خۆیەوە و شتێکی ڕاســـتەقینە نییە. شتێکە نییە؛ جیابوونەوە و نەبوونێکی دروستکراوە. هەر یەکێک لە ڕەهەندەکان پرۆژەی بێهودەی ئەم بوونەیە بەرەو (خۆ)ی. لێرەدا باســـی هەر یەکێک لەو سێ ڕەهەندە بە جیا دەکەین.

لە ڕەهەندی یەکەمدا بوون—بۆ—خۆ لەودیو بوونی خۆیەوە دەبێت بە خۆی. بوونی ئەو لەوێدایە، بەرانبەرخۆی. نەبوونیش ئەم و ئەو بوونەی لە یەکدی جیادەکاتەوە. ئەو نەبوونەش فاکتۆرەکانی ئەم بوونەیە. بوون—بۆ—خۆ، وەکو بنەڕەتی نەبوونییەکەی خۆی لە ڕووداوەکانی بوونی جیایە؛ ناتوانێت بە تەواوی لەناویانبەرێت یان لەگەڵیاندا بێـــت. ئەو بوون—بۆ—خۆیە، بەڵام لە شێوازی بوونێکی بێچارە و سوپاســـگوزاردا دەژی. بوون—بۆ—خـــۆ، وەکو بوونێک خۆی دەبینێت و لە خۆیەوە دوورە. ئەمەش لـــە کایەی تێڕامانی—تێرامان دەچێت، کە دەخزێتە نێو بوون—لەنێو—خۆوە و هیچ تێڕامانێک نامێنێتەوە بە تێڕامان هەستێت. ئەو بابەتە لەنێو تێڕامانی ڕووتدا پەیدا ناکرێت. لەو پەیوەندییەدایە ئەم بوونە لەگەڵییدا دروســـتیدەکات. بوون— بۆ—خۆ بوونی ئەو بوونەش دانامەزرێنێت، بەڵکو پێی دەدرێت.

لێرەدا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو پێویستییەدا دەکەین، کە هیچ مەرجێک لەبەردەم خۆیدا دانانێت: گرنــگ نییە بە چ شێوەیەک بیر لە بوون—بۆ-خۆ بکەینەوە، ئەو بوونێکە هەرگیز ئەوە نییە، کە ئێستا هەیە. ئەوەی هەیە دەکەوێتە پشت بوونی ئەوەوە و ئەویش بەردەوام ڕەتیدەکات. ڕابردووش بەم ڕەتکردنە ســەرهەڵدەدات. کەوابوو، ڕابردوو بونیادێکی پێویستی ئەم بوونەیە. بوون— بۆ—خۆ ئەو ڕەتکردن و لەناوبردنەیە و ئەو واتایەش دەبەخشێت، کە لە ڕەتکردنەکەیدا شتێک ڕەتدەکات. لە ئاکامدا، ئێمە ناتوانین ئەم بوونە بە شێوەیەک ببینین، کە هێشتا نەبووە بەو ڕابردووەی باسیدەکەین. پێویست ناکات باوەڕ بەوە بکەین ئەم بوونە هەیە و بەبێ ڕابردوو لەنێو جیهاندا دەژی. لە هەموو ڕوویەکەوە شتێکی نوێیە و دوایی ڕابردوو بۆ خۆی دادەمەزرێنێت. ئەو بە هەر جۆرێک بژی پەیوەندی بە ڕابردوویەوە هەیە. هیچ ســەرەتایەکی ڕەهای بێ ڕابردوو نییــە. مادامەکی بوون—بۆ—خۆ دەبێت بە ڕابردووی خۆی، ئەوا بە ڕابردووەوە دێتە جیهانەوە.

ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە ســەر لە دایکبوونی ئەم بوونە. ڕاســتی ســەرهەڵدانی ئاگامەندی لە لەشی کۆرپەدا دوای قۆناغێکی [گەشەکردنی لەشی] دەمانهەژێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لەپێشــتر ئەو کۆرپەیە بێ ئاگابووە و کتوپڕیش ئاگامەندی بەبێ ئەوەی هیچ ڕابردوویەکی هەبێت لەنێویدا گیریخواردوە. هەژاندنەکەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا، کە گوایە هیچ ئاگاییەک بەبێ ڕابردوو نییە، نامێنێت. با واتێنەگەین مەبەســتمان ئەوەیە هەموو ئاگامەندییەک لەپێش خۆیدا ئاگامەندییەکی دیکەی چەق وەســتاوی هەیە. پەیوەندی بوون—بۆ—خۆی ئێستا لەگەڵ خۆیدا دەبێت بە بوون— لەنێو—خۆ. هەروەها پەیوەندییە سەرەتاییەکەش بــە ڕابردووەوە لە ئێمە دەشارێتەوە، کە پەیوەندییە لەنێوان ئەم بوونە و بوون— لەنێو—خۆی ڕووتدا. لەڕاســتیدا، پەیدابوونی بوون—بۆ—خۆ لەنێو جیهاندا، وەکو لەناوبردنی بوون— لەنێو—خۆیە. لەم پەیدابوونەدا ڕانەبردووش ســەرهەڵدەدات. ئەوەی دەبێت بە بنەمای ئەم بوونە پەیوەندییەکەیەتی لەگەڵ ئەو بوونەی ئاگامەند نییە و لەنێو شەوی تاریکی ناســنامەکەیدا چەقیــوە. بوون—بۆ-خۆ، کە هەرگیز نابێت بەو بوونە[بێ ئاگایە] لەبەردەمییدا بوونێکی نوێی هەیە. بەڵام هەســت بە هاوکاریکردن لەگەڵییدا دەکات و ئەمەش بە وشەی (لەپێش) دەردەبڕێت. بوون— لەنێو—خۆ ئەو بوونەیە، کە بوون—بۆ—خۆی لەپێشــە. لەم ڕووەوە، ئێمە ڕابردوو بە دەزوویەکی باریکەوە دەبەســتینەوە و دەبێت بە ڕاستەقینە. ئەگەر ئاگامەندی بەبــێ ڕابردوو بێتە جیهانەوە و لەنێو هەنگاونانە نادیارەکانی پێشــکەوتنەکەیدا بەردەوام بێت چونکە ئەو مندالەی لەنێو ســکدا بوو من بووم، جۆرە سنورێک بۆ یادەوەریم دروستدەکات. بەڵام لە ڕووی بیردۆزەییەوە ڕابردووم سنوردار ناکات.

لەدایکبوون گرفتێکــی مێتافیزیکی لەگەڵ خۆیــدا دەهێنێتەکایەوە. جێگەی

سەرسوڕمانە من لەو کۆرپەیەوە پەیدا بووم، کە لەنێو سکدا دروستبووە.

دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ ئەم گرفتە مەحاڵە. بەڵام ئەمە گرفتێکی ئۆنتۆلۆجیی نییە. ئێمە پرسیار سەبارەت بوونی ئاگامەندی ناکەین چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاگامەندییدا بوون—لەنێو—خۆ لەناودەچێت. لەدایکبوون، وەکو پەیوەندی بەستن لەگــەڵ بوون—لەنێو—خۆدا ، وەکو بوونێک، کە هێشـــتا نەبـــوە بەوەی هەیە و مەرجێکی لەپێشتریش بۆ ڕابردوو دەبێت بە یاسا بۆ بوونی بوون— بۆ- خۆ.

بۆ ئەوەی بوون—بۆ— خۆ هەبێت پێویستە لەدایک بێت. بەڵام پێویست ناکات ئەو پرســـیارە میتافیزیکییە ســـەبارەت پەیدابوونی ئەم بوونە لە بوون— لەنێو— خـــۆ بکەین و بڵێین چۆن بوون— لەنێو— خۆ لەپێـــش لەدایکبوونی بوون— بۆ- خـــۆ هەبوو؟ چۆن بوون— بۆ—خۆ لـــە بوون—بۆ—خۆیەکی دیکەوە پەیدانەبووە؟ هەموو ئەم پرســـیارانە ناتوانین ئەو ڕاستییە دەرخەن، کە ڕابردوو لەگەڵ بوونی بوون—بۆ—خۆ پەیدا دەبێت.

ئەگەر (لەپێشـــتر) هەبێت ئەوا لەبەر بوونی بوون—بۆ—خۆیە، کە هاتۆتە نێو جیهانـــەوە و ڕابردووش ئەو دایمەزراندووە. بەبێ بوون—بۆ—خۆ جیهان دەبێت بە ڕووداوە لـــە یەک دابڕاوەکان. بوون—بۆ—خۆ بە یەکەییاننەوە گرێدەدات و لەگەڵ خۆشیدا (لەپێشتر) دەهێنێتە جیهانەوە و ڕابردوو دادەمەزرێنێت.

کەوابوو، بوون—بۆ—خۆ لە جیهاندا لە دایک دەبێت و لەو بوونە–لەنێو- خۆیەوەی لێوەی پەیدا دەبێت لە ناوەڕاســـتی جیهاندایە؛ لەگەڵ ڕابردوودا هاوســـەردەمە و پێش لەدیکبوونیـــش هیچ شتێکی نەبووە. هەروەها، بوون—بۆ—خۆ (لەپێشـــتر) دەهێنێتەکایەوە و لەنێو یەکێتی بوونیدا ئێستا و ڕابردووی دیاریدەکات. هیچ کاتێکی گەردوونـــی نییە ئەم بوونە لەنێویدا بۆ یەکەمجار بەبێ ڕابردوو ســـەریهەڵدابێت. بەڵکو، لەگەڵ لەدایکبووندا، وەکو یاســـایەک بـــۆ بوون—بۆ—خۆ جیهان و کاتی گەردوونی، ئەو کاتەی دەتوانین تیایدا ئەو ســـاتە دیارییبکەین، کە بوون–بۆ–خۆ لێرە نەبووە و پەیدابووە، خۆیان دردەخەن. لەدایکبوون پەیوەندبەســـتی تەواوە بە ڕابردووەوە. ڕابردوو بە لەدایکبوون دێتە جیهانەوە. لەدواییدا زۆرتر باسی ئەم کێشەیە دەکەین و جارێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

ڕابـــردوو، وەکو بوونێکی نەگۆڕی من و بەبێ ئەگەرەکانی ژیان لەنێو یەکێتیی تێڕامانـــی ڕووتدا[تێڕامانـــی تێڕامـــان] نییە و لـــە دەرەوەیدایـــە. هەروەها، بەو جـــۆرەش نییە، بۆ نموونە، دەڵێین ئەو کورســـییەی هەســـتپێکراوە ئەوەیە، کە ئاگامەندییەک هەیە هەستپێکردبێت. لە حاڵەتی هەستکردن بە کورسییەکە ئێمە ئەوە دەســـەلمێنین، کە کورسییەکە وەکو شتێکی جیاواز لە ئاگامەندییەوە هەیە. بوون—بۆ—خۆ کورســـییەکە نییە. بوون بە نەبوونی کورســـییەکە لە ئاگامەندی ئەم بوونەدایە. لێرەدا دەتوانین گەواهیـــش بۆ (نەبوون—بەو) شتە پەیدا بکەین.

کەوابـــوو، ڕەتدانەوە ئاشکرا دەردەکەوێت و دەبێت بـــە بنەمای پەیوەندییەکەی نێوان بابەتە هەستپێکراوەکە و بوون— بۆ—خۆ.

بێجگە لەم نەبوونە، کە ڕەتدانەوەی بابەتە هەستپێکراوەکەیە، بوون— بۆ—خۆ چی دیکە نییە. هەرچەندە ڕابردوو لە دەرەوەدایە، هێشـــتا پەیوەندییەکە دەبێت جیاواز تەماشای بکرێت چونکە بوون—بۆ—خۆ خۆی دەکات بەو ڕابردووە. لەبەرئەمە ڕابردوو نابێت بە بابەت چونکە ئێمە دەبین بەوەی هێشـــتا پێی نەگەیشتوین. لە هەســـتکردندا بوون—بۆ—خۆ بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو بابەتە هەســـتپێکراوەکە نییـــە. ئەو کاتەی ڕابردووی دەردەخات ناتوانێت خـــۆی لێجیابکاتەوە و بڵێ من ڕابـــردوو نیم، تەنیا خـــۆ جیاکردنەوەیەکی ئەم بوونە لەگـــەڵ ڕابردووییدا لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە ئەم بوونە هەمانکات نەبوونیشە.

ڕابردوو بابەت نییە و لەنێو بوون— بۆ—خۆشدا نییە: لەو ساتەشەوە بوون—بۆ—خۆ دەڵێت، من ئەو یان ئەم شتە نیم، دەبێت بە دێوەزمەی ئەم بوونە. ڕابردوو ئەو حاڵەتەی بوونە، کە بوون بۆ خۆ ناتوانێت ڕەتی بداتەوە یان بیسەلمێنێت.

بەدڵنیاییەوە، ڕابردوو دەبێت بۆ بابەت بۆ من و هەندێک جاریش دەتوانم بیری لێبکەمـــەوە. لەم حاڵەتەدا ڕابردوو دەبێـــت بە بابەتی لێکۆڵینەوە و لە دەرەوەی بوونی بوون—بۆ—خـــۆدا [بۆ لێکۆڵینەوەکە] دادەنرێـــت. هەروەها ڕابردوو نابێت بەوەی بەجێمهێشـــتوە و بەردەوام، وەکو ڕابردووش دەمێنێتەوە، بەڵام من دەبم بەو بوونەی ڕابردوو نیم. لە سەرەتادا من بەبێ ئەوەی بزانم ڕابردووی خۆم بووم، دووایی هەســـتم بە ڕابردووی خۆم کرد. بەڵام من ئەو ڕابردووە نەبووم. لەوانەیە هەندێک ئەو پرسیارە بکەن چۆن من بێ بیرکردنەوە دەتوانم ببم بە ڕابردوو. هێشتا ڕابـــردوو بەردەوام هەیە. من کردوومە بە بابەتی توێژینەوەکەم و دەتوانم بیبینم. ڕابردوو بنەڕەتی کردەوەکانمە و بوونی منە، وەکو تاکە کەس. بەکورتی، ڕابردوو پەیوەندییەکـــی هەڵکەوتوە لەنێوان من و جیهاندا، کە من بەردەوام دەمەوێت ئەو نەبم. زانا دەروونناســـەکان بەمە دەڵێن، زانینی ئەزموونی و سایکۆلۆجییانە و لە واتاکەی دەکۆڵنەوە. زانینی ئەزموونی لە هەموو شوێنێکدا هەموو شتێک تەنانەت یادەوەریش سنوردار دەکات. یادەوەری پێویستی بە زانینی لەپێشترە.

لـــە ڕەهەندێکی دیکەی لەناوچووونـــدا بوون—بۆ-خۆ بوونـــی خۆی، بە کەمی دەبینێـــت. ئـــەو کەمییەیە، کە دەبێت بە ئەوەی هەیە. مەبەســـت لە خواردنەوە تەواوکردنـــی خواردنەوەکە نییە. من ئەو شتـــەم، کە لەودیو خواردنەوەکەم. ئەو کاتـــەی "خواردنەوەکە تـــەواو دەبێت" و من خواردوومەتەوە: ئـــەوەی ڕوویداوە دبێت بـــە ڕابردوو. بەڵام لە کاتـــی خواردنەوەکەدا من ئـــەو خواردنەوەیەم، کە هەیە و هەروەها نییە. هەموو ئەو دامەزراندنانەی دەبن بە من و ناســـنامەیەک بۆ مـــن دادەنێن ڕوو لە ڕابردوو دەکەن. ئەگـــەر لە (ئێستا)ی بوونی مندا بن لەبەر

ئەوەیە، کە بەشێکیان هێشتا ڕووی نەداوە. منیش وا دەردەخات، کە هێشتا ئەو لایەنـــەی خۆمم دانەمەزرانبێت. ئەو لایەنەی هێشـــتا نەبووە پەیوەندی بە کەمی و سەربەســـتی بوون—بۆ—خۆوە هەیە. ئەمەش تەنیا ئەوە ناگەیەنێت بوونی ئەو شتێکی دوورە و پێی نەگەیشتووە، بەڵکو ئەو بوونە کەمە و پڕ نییە.

کەوابوو، ئەم بوونە لە ڕوانگەی ئەو لەناوچوونەیەوە پێش بوونی خۆی دەکەوێت و ئێستاش لەپشـــت خۆیەوەیەتی. ئەو لەپێش و لەپشت خۆیەتی و هەرگیز خۆی نییە. ئەمانە واتای ڕابردوو هەوەها داهاتوو بەم بوونە دەبەخشـــن. لەبەرئەمەش خودی بەها بە ســـروشت لەنێو کاتدا نییە. ئەو نەمرییەی مرۆڤ دەیەوێت بیگاتێ نەبڕانەوە لەنێو کاتدا یان ڕاکردن بەدوای خودی خۆیدا نییە، کە لێی بەرپرســـە. مرۆڤ دەیەوێت بە ئارامی بژی و بەتەواوی خۆی بێت.

دواجـــار لە ڕەهەندی ســـێیەمدا، بوون—بۆ—خۆ لەنێـــو کایەیەکی بەردەوامی تێڕاماندا پەرش و بڵاو دەبێتەوە، لە دەست یەکجۆر یەکێتیی بوونی خۆی ڕادەکات. لێرەدا بوون دەبێت بەوەی لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە. ئەگـــەر بتەوێت بیگریت لە هەموو شوێنێکدا لەبەر دەســـتدایە و کەچی هێشـــتا ناگیرێت. ئەم جۆرە یارییەی کورسی و مۆسیقایە، لە بوونی بوون—بۆ—خۆدا بووە بـــە ئامادەبوون لە بووندا. بوون—بۆ—خۆ بوونـــی خۆی بە نێو ڕابردوو، ئێستا و داهاتـــوودا پەرش و بڵاو دەکاتەوە و دەیەوێت بوونی خۆی ڕەتبکات. هیچ یەکێک لەم سێ ڕەهەندەی کات لەوانی دیکە لەپێشتر نییە و بەبێ ڕەهەندەکانی دیکەش نابێـــت. لەگەڵ ئەمەشـــدا، باشترە گرنگی بە ڕابردوو نـــەک داهاتوو بەو جۆرەی هایدیگـــەر بۆی چووە، بدرێت. لە ڕانەبردوودا بوون—بۆ—خۆ تێدەگات، کە بوونی ئـــەو ڕابردووی خۆیەتـــی و دەبێت بوونی خۆشی ڕەتبکـــات. ئەو تێدەگات چۆن کەمیی بووە بە دێوەزمەی بوونی و ڕوو لە داهاتوو دەکات. مەبەستمان ئەوە نییە، کە "ڕانەبـــردوو" ئۆنتۆلۆجییانە ڕەهەندێکی لەپێشـــترە. چۆن دوو ڕەهەندەکەی دیکە لەســـەر ڕانەبردوو ڕادەوەســـتن ئەمیش بە هەمان شێـــوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو ڕەهەندەدا هەیە. بـــەڵام قاڵبێکی نەبووی پێویستە بۆ فۆرمێکی تەواوی تێهەڵکێشـــراوی کات. کەوابوو، مەبەســـتمان لە کات ئەو فۆرمە گەردوونییە نییە هەموو بوونەوەرێکی تێدابێت. ئەو یاســـا ســـەپێنراوەش نییە لە دەرەوەی بووندا دانرابێـــت. بوونیش نییە، بەڵکو بونیادی ناوەوەی بوونێکە، کە خۆی لەناودەبات یان شێوازی بوونی بوون—بۆ—خۆیە. بوون— بۆ—خۆ ئەو بوونەیە، کە لەنێو کاتدا پەرتوبڵاو بۆتەوە.

با. دینامیکیەتی کات

سەرهەڵدانی بوون—بۆ—خۆ لەنێو ڕەهەندەکانی کاتدا گرفتی بەردەوامیمان بۆ چارەسەر ناکات. ئەم گرفتە پەیوەندی بە دینامیکییەتی کاتەوە هەیە. لە سەرەتاوە گرفتەکە وادەردەکەوێت دوو لایەنی هەبێت. بۆچی گۆڕان بە سەر بوون—بۆ—خۆ دێت و دەبێت بە ڕابردوو؟ هەروەها بۆچی بوون—بۆ—خۆیەکی نوێ لە هیچەوە سەرهەڵدەدات و دەبێت بە ڕانەبردووی ئەو ڕابردووە؟

ئەم گرفتە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ناوی بوون— لەنێو- خۆدا واتاکەی شارابووەوە. لەڕاستیدا واتای گۆڕانی بەردەوامی لە ڕەتدانەوەکەی کانت بۆ بۆچوونە ئایدیالیستییەکەی بارکلی و بەڵگەکەی لایبنیزدا دەردەکەوێت.

ئەگەر ئێمە بەردەوامی بۆ بوونێکی لە کات بەدەر دابنێین ئەوا کات دەبێت بە پێوەری گۆڕانەکان و بەبێ گۆرانەکان، ناتوانرێت بیر لە کات بکرێتەوە. بۆ لایبنیز گۆڕان لۆجیکمەندانە بووە بە پەیوەندی نێوان پێشەکی و ئاکامەکان. لەبەرئەمە کاتێکی ڕاستەقینە نییە.

ئەم چەمکە بۆ چەند هەڵەیەک دەگەڕێتەوە. لەسەرو هەموویانەوە، ئەوەی دەبێت بە بناغەی بەردەوامییەکە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە گۆڕانەکان دەبینێت و هەروەها خۆشی لەگەڵ ئەوەی دەگۆڕێ و بەردەوامیش دەمێنێتەوە یەکدەگرێ. یەکگرتن گۆڕان و بەردەوامی بۆ سەرهەڵدانی گۆڕان شتێکی پێویستە.

بەڵام ئەم چەمکی یەکگرتنەی لایبنیز و کانتیش بەکاریان هێناوە، لێرەدا واتاکەی خۆی [بە ئێمە] نادات. ئایا ئەم یەکگرتنە چ واتایەکی هەیە؟ ئایا شتێکی دەرەکییە؟ کەوابوو، واتای نییە. لەوانەیە واتای بوون ببەخشێت. بەڵام ئەم واتایەی بوون ئەوەش دەگەیەنێت، کە ئەو شتەی بەردەام دەمێنێتەوە گۆڕانیشی بەسەردا دێت. لەم ڕووەوە یەکگرتنەکە ئاماژە بۆ هەڵچوونی بوون— بۆ—خۆ دەکات چونکە بوون—بۆ—خۆ ئەو بوونەیە لەخۆیەوە دەردەچێت. یەکگرتن ڕێگە بە بەردەوامی و گۆڕان نادات ببن بە بوون—لەنێو—خۆ.

ئەو خاڵەی لێرەدا باسمان نەکردوە، ئەوەیە، کە بەردەوامی و گۆڕان ئەو دیاردانەن بوونێکی پەیوەندیداریان هەیە؛ بوون—لەنێو—خۆ، وەکو نۆمینە دژی دیاردەکان ڕاناوەستێت[٥٠] تەنانەت پەیوەندیش لەنێوان دیاردەکان دەگەڕێتەوە بۆ

---

٥٠ نۆمینە وشەیەکی لاتینییە بۆ ئەو بوونە دادەنرێت لەودیو دیاردەکانەوە هەیە. کانت، بۆ نموونە، یەکێکە لەو بیریارانەی لەو باوەڕەدا بووە لەودیو بوونی دیاردەکانەوە جۆرە بوونێک هەیە دەبێت بە هۆکار بۆ ئەوان و ئەو هۆیەی بە (نۆمینە) ناوزەدکردوە. بەڵام کانت نەیتوانیوە باسیبکات و گوایە تێگەیشتنی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت ئەو نۆمینەیە بناسێت و بە نەزانراوی دەمێنێتەوە. (وەرگێڕ)

بوونێــک، کە دەتوانێت لەخۆیەوە دەرچێــت و ئەو شتە بێت، کە نییە. هەروەها گەڕانەوەشمان بۆ گۆڕان لە پێناوی دامەزراندنی بەردەوامییدا کارێکی بێهودەیە.

ئــەو خاڵەی لایبنیز و کانت دەیانەوێ بیسەلمێنن ئەوەیە، کە گۆڕانی ڕەها بە گۆڕان دانانرێت چونکە پشت بەو بابەتە نابەستێت گۆڕانەکەی تێدا ڕوودەدات یان پەیوەندی بە هیچ شتێکی گۆڕاوەوە نییە. لەڕاستیدا هەر شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتبێــت و ئەو شتەش بێت، کە لەپێش گۆڕانەکەدا هەبــووە ئەوا بەردەوامی نا پێویستــە. لەم حاڵەتەدا گۆڕان دەبێت بە ڕەهــا و گۆڕانکاریش هەموو لایەنێکی بــوون داگیردەکات. بەردەوامیــش بەم گۆڕانە ڕەهایەوە دەبەســتینەوە. کاتێک مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا دەکەین، ئەوەی پێویستە گۆڕانی ڕەهایە، لەسەرو گۆڕانەوە، کە هیچ شتێکی تێدا نییە بگۆڕێت و دەبێت بە بەردەوامییەکی بە کردەوەش. ئەگەر لەوباوەڕەدا بین، بۆ نموونە، بوون—

بۆ—خۆ بەتاڵییەکی ڕەهایە، ئەوا هیشــتا ئاگامەندی نابێت بە شتێکی لە کات بەدەر. کەوابوو، هەمیشەیی نییە. ئەوەی هەیە بەردەوامییەکی پێویستە، کە تیایدا بوون—بۆ—خۆ ئێستای خۆی دەکات بە ڕابردوو. ئەگەر کەسێک پێمان بڵێت ئەم بەردەوامییە لە گۆڕانی ئێستاوە بۆ ڕابردوو دەبێتە هۆکاری ســەرهەڵدانی گۆڕان لــە ناوەوەی بوون—بۆ—خۆدا ئەوا ئێمە دەڵێین، ئــەو گۆڕانە دەبێت بە بناخەی کاتییەتی ئەم بوونە. لە هەمانکاتدا ناتوانین ئەو گرفتانەش بشــارینەوە، کە ئەم پرســیارانەمان لا دروســتدەکەن: بۆچی ئێستا دەبێت بە ڕابردوو؟ ئەو (ئێستا) نوێیە چییە؟ لە کوێوە پەیدا دەبێت؟ لەسەرو ئەمانەوە هەرچ جۆرە گۆڕانکارییەک ڕوویدات، لە فۆرم یان ناوەڕۆکدا، لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، هەروەها ئێستا لە کوێوە ســەرهەڵدات، پرســیارە گرنگەکەی [بە دوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێین] سەبارەت پێویستــی بوونە. ئایا ئەمانە بۆ ئێمــە گرفتن؟ با لە نزیکەوە تەماشایان بکەین. ڕانەبردوو تێناپەڕێت، ئەگەر نەبێت بە شتێکی پێشــتر بۆ بوون— بۆ—خۆ و ئەم بوونەش خۆی بە شتێکی لەپاشتری ئەو ڕانەبردووە دانەنێت.

کەوابوو، یەک دیاردەمان لە بەردەمدایە: سەرهەڵدانی ڕانەبردوویەکی نوێیە، کە ڕابــردوو دەکات بەو ڕانەبردووەی هەبووە و ڕانەبردووش دەکات بەو ڕانەبردووەی بوون—بۆ—خۆ تیایدا ڕادەوەســتێت و ڕانەبردووەکەی دەکات بە ڕابردوو. دیاردەی پێکهێنان لەنێو کاتدا گۆڕانکارییەکی جیهانییە چونکە ئەو ڕابردووەی پەیوەندی بە هیــچ بوونێکەوە نییە ڕابردوو نییە. ئەگەر ڕانەبردووش پەیوەندی بەم ڕابردووەوە هەبێت ئەوا بە ڕووتکراوی دەمێنێتەوە. ئەمە، بە هەمان شێوە، کار دەکاتە سەر داهاتــوش. ئەو ڕابردووەی ڕانەبــردوو، دوای گۆڕانکارییەکە، دەبێت بە ڕابردووی ڕابــردوو. لێرەدا جیاوازییەکانی ڕابردوو لەگەڵ ڕانەبردوودا دەرناکەون. ڕانەبردوو، وەکــو ڕانەبردووی ڕابــردوو دەمێنێتەوە و دەبێت بە ڕانەبــردووی ڕابردووی ئەو

ڕابردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم ڕانەبردووە لەگەڵ زنجیرەی ڕانەبردووەکاندا هاوواتایـــە و گەڕانەوەیە بۆ ئەو خاڵەی لێوەی پەیدابوە. هەروەها ئەم ڕانەبردووە لەوە زیاتر لەو لایەنەوەی ببێت بە شتێک، نابێت بە ڕابردووی خۆی چونکە بووە بەو شتە. پەیوەندی ڕابردوو لەگەڵ ڕانەبردوودا لە شێوازی بوون—لەنێو—خۆدایە و لەســەر بناخەی ڕانەبردووی بوون—بۆ—خۆ دادەمەزرێــت. ئەم پەیوەندییەشە زنجیرەی ڕابردووە ڕووتکراوەکان دەخزێنێتە نێو تاکە قەوارەیەکەوە.

داهاتووش، هەرچەندە گۆڕانکارییەکــە کاریتێدەکات، لەناوناچێت و بەردەوام لە دەرەوەی بوون—بۆ—خــۆ دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێت بە داهاتووی ڕابردوو یان داهاتووی داهاتوو. لە حاڵەتی یەکەمدا، ڕانەبردوو لە پەیوەندییەکەیدا بە ڕابردووەوە داهاتــووە: "ئەوەی چاوەڕوانیم دەکرد، هاتــە بەردەمم." ڕانەبردووی ڕابردووە لە شێوازی داهاتووی پێشــوی ئــەم ڕابردووەدا. هەمانکــات، بوون—بۆ—خۆیە، کە دەبێــت بە داهاتووی ڕابردووەکــە. لێرەدا جۆرە دووفاقییــەک بە دی دەکرێت: ڕانەبــردوو دەبێت بە داهاتووی پێشــوتری ڕابردوو لە کاتێکــدا نکۆڵی دەکرێت لەوەی ئەو داهاتووەیە. داهاتووە ڕاســتەکە نەناسراوەتەوە و لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ڕانەبردوودا بە داهاتوو دانانرێت. بەڵام لە ئاستی ڕابردوودا، وەکو داهاتوو دەمێنێتەوە. دەبێت بە هاوســەرێکی ئێستای ڕانەبردووی نەناسراو. ناسنامەیەکی پڕ و تەواویش بۆ خۆی پێکدەهێنێت، "ئەمە ئەو شتە بوو من چاوەڕوانیم دەکرد؟" ئــەو داهاتووەیە لەگەڵ ڕانەبردوودا دەژی و دەبێت بە داهاتوویەکی ڕابردووی ئەم ڕانەبردووە و هێشتا نەناسراوەتەوە.

کاتێک داهاتوو لە دوورەوە دەبینرێت، دەبێت بە داهاتووی ڕانەبردوویەکی نوێ؛ ئەگەر ڕانەبردووش بەو جۆرە نەبینرێت، کە لە بوونیدا ئەو داهاتووەی کەمە، ئەوا داهاتوو خەســڵەتی (ئەگەر)ی خۆی وندەکات، پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڕانەبردوویدا جیاوازییەکــان دەرناخات و دەبێت بە ئەگەرێکــی دراو؛ ئەگەرێک، کە لە بوون—بۆ—خــۆدا بوون— لەنێو—خۆیە. دوێنێ ئەگەرێک بوو بۆ من، دەبوایە دووشەممەی داهاتوو بۆ لادێ بچومایە. ئەمڕۆ من خاوەنی ئەو ئەگەرە نیم. ڕابردووی ڕانەبردوو لەگەڵ داهاتوودا بەســتویانە و لەنێو ڕانەبردووی مندا بوون بە بوون—لەنێو—خۆ. داهاتوو، لەنێو گۆڕانکارییەکانی نێو کاتدا، بەبێ دۆڕاندنی خەسڵەتی (داهاتوویی) خۆی دەبێت بە بوون—لەنێو-خۆ. داهاتوویەکە نەبووە بە دەســتکەوتی ڕانەبردوو، بەڵکو تەنیا داهاتوویەکی دانراوە. کاتێک داهاتوو دەبێت بە دەســتکەوت ناسنامە وەردەگرێت؛ بەڵام ناسنامە بوون—لەنێو—خۆیە. خۆی بە کەمییەکی دراوی ڕابردوو دەردەخــات نەک ئەو کەمییەی لە ئێستای بوون—بۆ—خــۆدا هەیە و شتێک، کە هێشــتا پەیدا نەبووبێت. لەگەڵ تێپەڕکردنی داهاتوودا، داهاتوو بۆ هەمیشە لەنێو زنجیرەی ڕابردووەکاندا، وەکو داهاتووی پێشتر دەمێنێتەوە.

پێویسته باسی گۆڕانی ڕانەبردووی بوون—بۆ—خۆ بۆ ڕابردوو، هەروەها سەرهەڵدانی ڕانەبردوویەکی نوێ بکەین. لەوێشدا توشی هەڵە دەبین ئەگەر لەو باوەڕەدابین ڕانەبردووی پێشو لەناودەچێت و ڕانەبردووە نوێکەش وێنەی ڕانەبردووە لە ناوچووەکەی تێدایە. لەلایەکەوە، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی دەکرێت گوتەکەمان هەڵگێڕینەوە چونکە دانانی ڕابردووی ڕانەبردووەکانی پێشو گۆڕانە بۆ بوون—لەنێو—خۆ. سەرهەڵدانی ڕانەبردووی نوێش لەناوبردنی بوون—لەنێو—خۆیە. ڕانەبروو بوون— لەنێو—خۆیەکی نوێ نییە؛ ئەو شتەیە، کە هێشتا پەیدانەبووە و لەودیو بوونەوەیە. ئەو شتەیە، کە دەتوانین لە ڕابردوودا بڵێین'هەیە'. ڕابردوو لەناونەچووە؛ ئەوەیە، کە بووە و بوونی ڕانەبردووە. لەکۆتاییدا، بەو شێوەیەی باسمانکرد، پەیوەندی ڕانەبردوو بە ڕابردووەوە پەیوەندی بوونە نەک بیر.

لە ئاکامدا، ئەو خاڵەی سەرنجمان ڕادەکێشێت، تێگەیشتنە لە بوون—بۆ—خۆ لە ڕێگەی بوونەکەی دەریدەخات. ئەم بوونە ناتوانێت نەبوونی خۆی ڕاگرێت. ئەو کەلەبەرەی لە بوون—بۆ—خۆدایە پڕکراوەتەوە؛ ئەو نەبوونەی (هێنراوەتە جیهانەوە) نامێنێت و لەگەڵ ڕابردووی بوون—بۆ—خۆدا دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ. ئەزمونی خەمباریم لە ڕابردوودا ئەوە دەگەیەنێت ئەو خەمبارییە، وەکو ئەزمونێک لەبەردەم مندا نەماوە. خەمبارییەکە ئەو خاسییەتەی بوونی نەماوە، کە لەگەڵ سەرهەڵدانەکەیدا خۆی بسەپێنێت چونکە ئەو ڕوویداوە و بووە بە ڕابردوو. ڕابردوو وەرچەرخانی مەرگەساتە. بوون—بۆ—خۆ دەتوانێت ببێت بەوەی خۆی دەیخوازێت، بەڵام پێویستی بوون چارەسەرنارێت. کەوابوو، ڕابردوو بوون—بۆ—خۆیە، کە ناتوانێت لە بوونی خۆیەوە دەرچێت و لەبەردەم بوون—لەنێو—خۆدا ئامادە بێت. ئەوەی دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهانەوە. ئەو بوونەی من دەمەوێت بیگەمێ و لە جیهاندا بۆی ئامادە دەبم و هێشتا پێی نەگەیشتوم، دەبێت بەو بوونەی، کە من بوو. هەروەها من [لەگەڵ تێپەڕبوونی] دەخاتە ناوەڕاستی جیهانەوە. من، وەکو هەبووەکان دەردەخات. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو جیهانەی بوون—بۆ—خۆ دەبێت بەوەی هەیە. ئەو جیهانە نییە، کە بە ڕاستی هەیە. بەمجۆرە ڕابردووی ئەم بوونە دەبێت بە ڕابردووی ڕانەبردووی ئامادەبوون لەنێو جیهاندا. لەو حاڵەتەشدا، گریمان لەگەڵ تێپەڕبوونی بوون—بۆ—خۆ لە ڕانەبردووەوە بۆ ڕابردوو جیهان گۆڕانکاری تێدا ڕوونادات. گۆڕانکاری لە ناخی بوون—بۆ—خۆدا سەرهەڵدەدات. ئەم گۆڕانکارییەش بە جوڵانی ئاگامەندییەوە بەستراوە.

لەو ئەزموونانەدا، کە دەکەونە نێو ڕۆخانی ڕابردووەوە، بوون— بۆ—خۆ دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ و بە "بوون—لە ناوەڕاستی—جیهاندا." جیهانیش دەبێت بەو ڕەهەندەی ڕابردووی ئەم بووە تیایدا خۆی دەردەخات. وەکو چۆن لەشی (سێرین)

له کلکی ماسی دروستکرا چەندبارە بوونەوەکانی بوون—بۆ—خۆش لەودیو بوونی خۆیەوە بووە بە (شت) و لەنێو جیهاندا جێگەی خۆی گرتوە. من تورەم، خەمبارم، گرێی ئۆدیبم هەیە یان هەســت بە کەمی دەکەم بەڵام هێشتا ئەو کەسەم، کە لە ڕابردوومدا یان جــاران فەرمانبەر، کرێکار یان بێقۆڵ بووم. جیهان لە ڕابردوومدا چواردەورمی داوە. منیش دەستەڵاتم بەسەر حوکمدانە هەمەکییەکەیدا نییە؛ بەڵام ڕادیکاڵانــە ڕوو لە داهاتوو دەکەم و ڕابردووم جێدەهێڵم. ئەو بوونێکە—بۆ—خۆی و (نەبــوون) لە بوونیدا نەماوە و بووە بــە بوون—لەنێو—خۆ. ئەو بوونەیە لەنێو جیهانــدا تواوەتەوە و بووە بە ڕابردوو. ئەمەش لەگەڵ ســەرهەڵدانی ئەم بوونە و ڕەتکردنــی ڕانەبــردووی خۆی ڕوودەدات. ئایا واتای ئەم ســەرهەڵدانە چییە؟ ئێمە باســی ســەرهەڵدانی بوونێکی نوێ ناکەین. هەموو ئەوانەی ڕوودەدەن بە جۆرێک ڕانەبردوو نیشاندەدەن، کە کۆتایی نەیەت یان ئەو ساتەی تێپەڕی دەکەین ڕانەبردوویەکی دیکــە جێگەی دەگرێتەوە. دەردەکەوێــت ڕانەبردوو هەڵهاتنێکی بەردەوام بێت لە دەســت بوون—لەنێو—خۆ، کە تاکو دوا ســەرکەوتنی هەڕەشە لــە بوونمان دەکات. ئەو ســەرکەوتنە بە مردن وەدەســت دەهێنرێت. مردن دوا گرتنی کاتــە، کە تیایدا هەموو شتێــک لەنێو ڕەهەندی ڕابــردوودا دەخزێنرێت و (هەموولایەنی) ڕاستەقینەی مرۆڤ دەبینرێت.

چۆن لە خەسڵەتی دینامیکی کات تێدەگەین؟ ئەگەر ئەمە خەسڵەتێکی پێدرا و نەبێــت، ئەوا دەبێت لە بونیادی بوون—بۆ—خۆدا هەبێت و بە شتێکی دەرەکی دانەنرێت. بوون—بۆ—خۆ لە هەمانکاتدا نەبوونە. لەم خاڵەوە ئێمە دەتوانین دەست بە گەشتەکەمان بکەین. لە ڕاســتیدا، لە ئاستی ئەم توێژینەوەیەدا توشی گرفت نابین. ئەگەر توشی گرفتیش ببیــن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئــەم بوونەدا، وەکو شتێکی بوون—لەنێو—خــۆ. ئەگەر لە بوون— لەنێو-خۆوە توێژینەوەکەمان دەســتپێبکەین دیاردەی گــۆڕان توشی گرفتمان دەکات. بەپێچەوانەشەوە، ئەو دەســتپێکردنە لە بوون—بۆ—خــۆوە داوای ڕوونکردنەوەی گۆڕانمان لێناکات. ئەوەی پێویستە لەسەری بدوێین بەردەوامییە؛ ئەگەر هەبێت. هەروەها، ئەگەر لە باســەکەماندا کات بە ڕێکخستن دابنێین ئەوا کات دەبێت بەو شتەی پەیوەندیدار نەبێت. خەسڵەتی دەرچوون—لەخۆی ئەو بوونەی کاتییە هیچ لە کێشــەکەمان بۆ ناگۆڕێت چونکە ئەو خەســڵەتە لە ڕابردوو نەک لە بوونیادی بوون—بۆ—خــۆدا دەبینرێت. دەبێت بە خەســڵەتێک، کــە پێویستی بە بوون—لەنێو—خــۆ هەیە. ئەگەر بیریش لە داهاتوو بەو جــۆرە بکەینەوە، کە داهاتووی بوون—بۆ—خۆیــە و ئەو بوون بۆ خۆیەش ڕابردووی هەیــە، ئێمەش ئەم گۆڕانە بە گرفت دابنێین، ئەوا داهاتوو دەبێت بە وەســتانێکی کتوپڕ. خەسڵەتی نەگۆڕ بە بوون—لەنێو—خۆ دەدەیــن. ئەوەی دایدەمەزرێنین دەبێــت بە (هەموویەکی)

دروســـتکراو. ڕابـــردوو لەگەڵ داهاتوو ئەم بوونە ســـنوردار دەکەن. ئێمە خۆمان لە ســـاتە کتوپڕەکان ڕزگارکرد چونکە هەر یەکێک لەو ســـاتانە لەبەر ئەوەی لە هەر دوو ســـەرەوە؛ ڕابردوو هەروەها داهاتووەوە بە (هیچ)ەوە بەستراوە، بووە بە بوون—لەنێو—خــۆ. ئەگەر ئەم کارە نەکەین ئەوا کات دەکەین بە شتێکی جیاواز تر لە کات و بوونیش بە خەون.

گۆڕان خەسڵەتی بوون—بۆ—خۆیە چونکە ئەم بوونە خۆی گۆڕان دروستدەکات و لە خۆیەوە گۆڕانەکە دەردەچێت یان گۆڕانەکەی (خۆرا) یە. خۆڕایی ئەم بوونە شتێکە هەیە؛ یان دەتوانین بڵێین لەخۆڕایی ئەم بوونە پێناســـەی خۆی دەکات. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم بوونە بناخەی بوون و نەبوونی خۆیەتی. جۆرێکـــە، کە خۆی دژی خۆی ڕادەوەســـتێت و ئـــەو دژەش ڕەتدەداتەوە. بەبێ ئـــەم کارە بوونی دەبێت بە هەبوویەکی بەردەوام و وەرگیراو. دەشێ هەندێک لەو باوەڕەدابن، کە بەردەوامی و خەسڵەتی پێدراوی ئەم هەبووە جەخت لەسەر (کات) ێکی لەپێشـــتر بۆ ئەم بوونە دەکەن. ئەمەش دروستە چونکە خەسڵەتی لەخۆڕا ئەو لایەنە وەرگیراوە ڕەتدەداتەوە. ڕەتدانەوەکەش دەبێتەوە بە لایەنی وەرگیراو. خەســـڵەتی لەخۆڕا بەبێ کات نییە. ڕەتدانەوەی ئەو خاڵەی گوایە ناتوانین بەبێ کـــات بیر لە بوونی شتێک بکەینـــەوە بێهودەیە و ئـــەو گوتەیەی (کانت)یش بۆ نموونە دەهێنینەوە، کە دروستە خەسڵەتی لەخۆڕای لە کات بەدەر نادۆزرێتەوە، بەڵام ئەمە کێشـــەیەک نییـــە توشی ناکۆکیمان بکات. بۆ ئیمـــە، بەپێچەوانەوە، ئەو لەخۆڕایەی لە خۆی ڕاناکات و دەتوانین دەستنیشـــانی بکەین و بڵێین "ئەو شتەیە"، لەنێو خۆیدا ناگۆڕێت و بوونی ناکۆکە.

هەمانکات، دەبێت بە ناوەڕۆکێکی سەلمێنراو و هەمیشەیی، کە هەرگیز ناتوانین بیکەین بە بار[بۆ بارهەڵگر].

لەســـەرو ئەمەوە، لەخـــۆڕا بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و خـــۆی دەدۆزێتەوە چونکە لەو ســـاتەوە خۆی دەردەخات بوونی خـــۆی ڕەتدەداتەوە و خۆدەرخستنی بەبێ ئاوەڕدانەوە لە ڕابردوو ڕەتدانەوەی بوونی خۆیەتی. ئەگینا هەموو وزەیەکی خۆی دەســـوتێنێ و دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ. زنجیرەی (وەرگرتن و ڕەتدانەوە) لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییـــەوە پێش گۆڕان دەکەوێـــت. گۆڕان پەیوەندی ئەم زنجیرەیەیە بە ناوەڕۆکی ئەستۆییی[ماتەریاڵ]ەوە. ئێمە ئەوەشمان باسکرد، کە نەگەڕانەوەی کات بۆ فۆرمی لەپێشـــتری لەخـــۆڕای بوون پێویستە. من لـــەم تێزەدا چەمکی لەخۆڕابوونـــم بەکارهێناوە چونکە لە خوێنـــەرەوە نزیکە. ئێستاش لە واتای ئەم چەمکە لەسەر بناخەی بوون—بۆ—خۆ بە زمانی خۆمان ڕووندەکەمەوە.

ئەو بوون—بۆ—خۆیەی، کە ناتوانێت بەردەوام بێت ڕەتدانەوەی بوون—لەنێو—خۆیە و هەمانکاتیش بوونی خۆی لەناودەبات. بەڵام ئەم لەناوچوونەی پێدەدرێت.

ئــەو دەیەوێت ببێت بە بوون—لەنێو—خۆ. ئەمەش ڕێگەی پێنادات وەکو ئەو هێزە بمێنێتەوە، کە لەنێو خۆیــدا نەمانی خۆی هەڵدەگرێت. هەڵهاتنی بوون—بۆ—خۆ ڕەتدانەوەی ئەگــەری بوون بە نەبوونی خۆیەتی. بەڵام هەڵهاتن خۆ دەربازکردنە لە شتێک. ئــەو کاتەی بوون—بۆ—خۆ هەڵدێت جێگــەی خۆی جێناهێڵێت. ئەو ناتوانێت خــۆی لەناوبەرێت چونکە من ئەوم. هەروەها ناتوانێت ببێت بە نەبوون بۆ خۆی لە کاتێکدا ئەو بووە بەوەی دەیویست بیگاتێ. ئامادەبوونی ئەو تێکڕایی بوونێتی. ئەم تێکڕاییەش هەرگیز دەستناکەوێت بوون—بۆ—خۆ بەردەوام لە تێکرایی ڕادەکات. کەوابوو کات بۆ ئاگامەندی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتییە، کە بوونی خۆی دەکــات بە شتێکی کاتی و ئەو تێکڕاییەشی هەرگیز مسۆگەر ناکرێت. نەبوونێکە، کە دەکەوێتە نێو تێکڕاییەکی بە تێکڕایی نەبووی گۆڕان. ئەم تێکڕاییەی بە شوێن خۆیدا دەگەڕێ و خۆشی ڕەتدەداتەوە و نایەوێت ســنوردار بکرێت. هیچ ســاتێک نییــە بوون—بۆ—خۆ تێیدا بمێنێتەوە تاکو بڵێین ئــەم بوونە ئەو شتەیە چونکە بوون—بۆ—خۆ هەرگیز ئەوە نییە، کە هەیە.

٣ . کاتی بنەڕەتی و کاتی دەروونی: تێڕامان

بوون—بۆ—خۆ، وەکو ئاگامەندی بێ بیرکردنەوە لە کات بەردەوام دەمێنێتەوە. بەڵام هێشتا من هەست بە تێپەڕبوونی کات دەکەم و خۆم بەو یەکێتییە دەبینم، کە بە زنجیرەی [ساتەکاندا] تێدەپەڕێ. لەم حاڵەتەدا من ئاگام لە بەردەوامبوون هەیــە. ئەم ئاگاییە بیرکردنەوەیــە و جۆرێکە لە زانین و بابەتی خۆی هەیە. ئایا چ پەیوەندییــەک لە نێوان کاتە بنەڕەتییەکــە و ئەم کاتە دەروونییەدا هەیە، کە من تیایدا هەســت بە بەردەوامی بوونی خۆم دەکەم؟ ئەم کێشــەیە ڕاســتەوخۆ لەبەردەم کێشــەیەکی دیکــەدا ڕامان دەگرێت چونکە ئاگایی لــە بەردەوامبوون ئاگاییە لەو ئاگاییەی بەردەوامە. لەم لایەنەوە پرســیارکردن سەبارەت سروشت و یاسای بیرکردنەوە لە بەردەوامبوون هەمانکات پرسیارکردنە لە سروشت و یاسای تێڕامان. لە ڕاســتیدا ئەو کاتەی پەیوەندی بە بەردەوامبوونی دەروونییەوە هەیە سەر بە تێڕامانە.

پێش پرســیارکردن سەبارەت ئەوەی چۆن بەردەوامبوونی دەروونی ڕاستەوخۆ دەبێــت بە بابەتی تێڕامــان، پێویستە وەڵامی ئەم پرســیارەش بدەینەوە، کە؛ چۆن تێڕامــان بابەتێکی ڕابردوو لەبەردەم خۆیدا دادەنێت؟ دێکارت و هوســرڵ لەو باوەڕەدابوون تێڕامان ڕاســتەوخۆ لە بەردەم بابەتەکەیدا ڕادەوەســتێت. ئایا دەتوانێــت ئەم کارە لەگەڵ شتێکی تێپەڕیودا بکــات؟ مادام ئۆنتۆلۆجییەکەمان

لەسەر ئەزمونی تێڕامان دامەزراوە، ئایا دەتوانێت یاساکانی خۆی بپارێزێت؟ ئێمە تەنیا لە گەڕانەوەمان بۆ دیاردەی تێڕامان و ناسینی بونیادەکەی دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

تێڕامـــان ئـــەو بوون—بۆ—خۆیەیە، کە لە بوونی خۆی بـــە ئاگایە. هەروەها، لەبەر ئەوەی بوون—بۆ—خۆ زۆربەی کات خۆ— ئاگاییەکەی بیرکردنەوە نییە ئەوا تیڕامـــان بـــە ئاگاییەکی نوێ دادەنێین، کە کتوپـــڕ دەردەکەوێت ڕووبەڕووی ئەو ئاگاییـــە دەبێتەوە، کە بیری لێدەکرێتەوە. هەردووکیان پێکەوەدەژین. ئەمەش، وەکو بۆچوونەکەی سپینۆزا لەبارەی بیرۆکەی بیرۆکەوەیە.

دژوارە باســـی دەرچوونی ئەم تێڕامانە لە هیچەوە بکەین. بێگومان مەحاڵیشە بڵێیـــن، کە بوونی ئەو شتەی لەم تێڕامانەدا بیری لێدەکرێتەوە شتێکە هەســـتی پێکراوە چونکە پێویستی بە هەســـتکردن نییە. پەیوەندییەکەشی بە تێڕامانەوە، وەکو پەیوەندی بابەتێکی هەستەکی نییە. ئەگەر لەو باوەڕەدابین بابەتە زانراوەکە لە ئاســـتی پلەی بوونـــی زاناکەدایە ئەوا بۆ ڕیالیزمی ســـادەگی دەگەڕێنێتەوە و دەبێت باســـی پەیوەندی نێوان ئەم دوو شتە بکەین. لێرەدا توشی کێشـــەیەکی گـــەورەی ڕیالیزم دەبین: چۆن دوو شتی جیاواز و ســـەربەخۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکدی دروســـتدەکەن، بەتایبەتی چۆن ئەو پەیوەندییە ناوەکییەی ئێمە بە زانین ناوزەدی دەکەین، دروستدەکەن؟ ئەگەر یەکەمیان بە ئاگامەندی سەربەخۆ دابنیین هەرگیـــز ناتوانین بەو ئاگامەندییەوە بیبەســـتینەوە، کە لە تێڕامانەکەماندا بیری لێدەکەینەوە. هەمیشە بە دووانی دەمێنێتەوە. ئەگەر بە جۆرێکی دیکەش بیریان لێبکەینـــەوە، ئاگامەندییە تێرامانکەرەکە بـــە ئاگامەندی ئەو ئاگاییە دابنێین، کە تێرامانی هەیە، ئەوا پەیوەندییەکەی نێوانیان دەرەکی خۆی دەردەخات. لەوانەیە بتوانیـــن بڵێین ئەو تێرامانەی ســـەربەخۆیە و لە بابەتەکەوە دوورە بیرۆکەی ئەو ئاگامەندییـــەی لەلایە، کـــە بیردەکاتەوە. لێرەدا بـــەرەو ئایدیالیزم دەڕۆین. ئەو زانینـــەی لە تێڕامانەوە ســـەرهەڵدەدات بەتایبەتی کۆجیتـــۆ دڵنیابوونەکە خۆی دەدۆڕێنێت و دەبێت بە ئەگەر و پێناســـکردنیش توشی کێشەمان دەکات. لەسەر ئەو خاڵە ڕێکەوتووین، کە پێویستە بوون و تێڕامان و بابەتی تێڕامانەکە پێکەوە ببەستێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو ئاگامەندییەی خاوەنی تێڕامانەکەیە تێڕامانێکی ئاگامەندە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئێمە پرســـیار لە بـــارەی ئەوەوەناکەین، کە ئەم دوو لایەنە بەتەواوی لە یەکدی دەچن یان نا. هەروەها، تووشی ئەو بوونە دەبینەوە، کە پێناســـەی بوون—بۆ—خۆ دەکات: ئەویش تێڕامانە چونکە دەسەلمێنرێت، کە تێڕامـــان ئەوەیە بیر لە شتێک دەکاتەوە. تاکو ئـــەو ڕادەیەی تێڕامانیش زانینە، ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە دەبێت بابەتی تێڕامانەکە بێت. ئەمەش بوونی دوو شت

له یەكدی جیادەكاتەوە. لەبەرئەمە پێویستە تێڕامان لە خۆڕا ڕوودبدات و[وەستان] و بیركردنەوە لە ئاستی شتێكدا نەبێت. ئێمە لە باسەكەمان لەسەر بوون—بۆ—خۆ ئاماژەمـــان بۆ ئەم بونیادی ئۆنتۆلۆجییە كردووە. بەڵام لەوێدا واتایەكی جیاوازی هەبوو. لە ڕاســـتیدا بە دوو زاراوەی (تێڕامانی تێڕامان)، كە سەربەخۆ ڕادوەستێت دوو لایەنمان نیشـــانداوە. لە تێڕاماندا كێشەی دوولایەنی كەمێك جیاوازە چونكە بابەتـــی تێڕامانەكە بۆ تێڕامانەكە هەیە. تێڕامـــان و بابەتەكەی وەكو دوو شتی سەربەخۆ دەردەكەون. ئەوەی جیایان دەكاتەوە هیچە.

لێرەدا پێویستە دوو خاڵ دەستنیشان بكەین: یەكەم، تێڕامان، وەكو گەواهێك لە ڕێگـــەی دیاردەوە هەیە. ئەمەش ســـەربەخۆییەكەی لەناودەبـــات. بوونی بە هەڵوێستەكەوە و هەڵوێستیش بە بوون—بۆ —خۆوە بەســـتراوە، كە تێڕامانەكەی هەیە. دووەم، تێڕامان لـــە شتێك تێڕامانەكە دەگۆڕێت، چونكە تێڕامان ئاگاییە لەخـــۆ لە كاتێكـــدا ئەو ئاگاییە تێڕامانەكەی لا ســـەرهەڵدەدات و بیر لە دیاردە بەرزەكە دەكاتەوە. ئەو تێڕامانەی بیر لە بابەتەكە دەكاتەوە دەزانێت، كە لەسەری دەڕوانن. ئەمەش لەو نموونەیەدا چاكتر دەردەكەوێت، كەسێك دەنوسێت و بەسەر مێزەكەدا ســـەری شۆڕكردۆتەوە و هەمانكات دەزانێت كەســـێكی دیكە لەپشتەوە ڕاوەســـتاوە و تەماشای ئەو دەكات. ئەوەی بیـــری لێدەكرێتەوە جۆرە ئاگاییەكە لەبارەی خۆیەوە و دەزانێت شتێك لە دەرەوەش هەیە. مەبەست لەوەیە، كە خۆی دەكات بە بابەت بۆ-، لەم لایەنەوە خۆی لە بابەتەكە جیا ناكاتەوە و هەمانكات دوور بەرانبـــەر خۆشی ڕادەوەســـتێت و ئەوەی بیری لێدەكاتـــەوە لە تێڕامانەكە سەربەخۆتر نییە.

هوســـرڵ بۆمان باســـدەكات، كە بابەتی تێڕامان "پێـــش تێڕامانەكە لەوێدایە خۆی دەردەخات". بەڵام نابێت بەهەڵەدا بچێن چونكە سەربەخۆیی ئەوەی هێشتا نەبووە بە بابەتی تێڕامان و نابێت بە دیاردەی تێڕامان، خەســـڵەتی خۆی وەكو دیاردە وندەكات. دیاردە ئەوەیە لە تێڕاماندا دەردەكەوێت. لە تێڕاماندا ئاگامەندی گۆڕانكاری تێدا ڕوودەدات و ســـەربەخۆییەكەی لەدەستدەدات. لەكۆتاییدا، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك تێڕامان و بابەتی تێڕامان لە یەكدی جیا ناكاتەوە. ئەو هیچەی لێـــرەدا ناتوانێت بوون بۆ خۆی دامەزرێنێت پێویستە دروســـتبكرێت. تەنیا ئەو بونیادەی لـــە بوونێكی یەكگرتودا هەیە دەتوانێت ببێـــت بە بناخەی نەبوون بۆ خۆی. لەڕاستیدا تێڕامان و بابەتەكەی ناتوانن ئەم هیچە دروستبكەن، كە جیایان دەكاتەوە. بـــەڵام تێڕامان، وەكو بوون—بۆ—خۆیەكی بـــێ تێڕامان یەك بوونە و بۆ بوون زیـــاد نەكراوە. ئەو بوونەیە، كە دەبێـــت نەبوونی خۆی بێت. دیاردەی ئاگاییەكی نوێ نییە ئاڕاســـتەی بوون—بۆ—خـــۆ كرابێت، بەڵكو بونیادی ناوەكی بوون—بۆ—خۆیە. بوون—بۆ—خۆیە، كە خۆی دەكات بەو بوونەی تێڕامانی هەیە و

بیردەکاتـــەوە. ئەو بوونەی بیر لە بوونی من دەکاتەوە شتێکی ئەودیو کات نییە، بەڵکـــو منم. من بـــەردەوام ئاگام لە بوونی خۆمە و مێـــژووی خۆم دیاریدەکەم. مێژووی مـــن و بوونم لەنێو—جیهاندا و بەردەوام بوونی دەروونم—ئەو بوون—بۆ—خۆیـــە پێکدەهێنن، کە منە و لەشێوازی ئـــەو بوونەدا دەژی، کە تێڕامانی هەیە. کەوابوو، دیاردەی تێڕامـــان لەناوبردنی بوون—بۆ—خۆیە. لەناوبردنێک، کە لەنێو خۆیدایە و ئەو بوونەش لەناوبردنەکەیە.

ئایا بنەڕەتی ئەم لەناوبردنە چییە؟ چ هاندەرێکی هەیە؟

لەگەڵ پەیدابوونی بوون—بۆ—خـــۆ و ئامادەبوونی لە بووندا پەرتوبڵاوبوونەوە ڕوودەدات: بوون—بۆ—خۆ لە دەرەوەی بوونی خۆیدا لە تەنیشت بوون—لەنێو—خۆدا لەنێو سێ ڕەهەندەکەی کاتدا وندەبێت. ئەم بوونە لە دەرەوەی خۆیدایە چونکە تێڕامانـــی هەیە و دەڕوانێتە دەرەوەی خـــۆی. تێڕامان ئەگەرێکی بەردەوامی ئەم بوونەیە، کە دەتوانێ بوونی پێبدۆزێتەوە. هەروەها لە ڕێگەی تێڕامانەوە ئەم بوونە لـــە دەرەوەی بوونیدا دەژی و خـــۆی ونکردوە؛ بوونی خۆی دەدۆزێتەوە و خۆی دەناسێت. ئەو بە چاوی خۆی خۆی دەبینێت. ئامانجی ئەمەش، بەکورتییەکەی، گرتنی ئەو بوونەیە، کە لە دەست خۆی ڕادەکات.

گرنگە ئەو بوونە خۆی بدۆزێتەوە و خۆی بکات بەوەی هەیە. هاندەری تێڕامان دوو لایەنی هەیە: لە لایەکەوە هەوڵدەدات خۆی بە دەرەوە بگەیەنێت و لە لایەکی دیکەوە لەناوەوە دەمێنێتەوە. بوونێکە یەکێتی ناوەوە و دەرەوە دروستدەکات.

ئـــەم هەوڵدانـــە بۆ دۆزینەوەی خۆی و خۆکردن بـــە بناخە بۆ بوونی خۆی و ڕاکردن لە دەســـت خۆی ئاکامێکی ســـەرنەکەوتوی هەیە. لەڕاستیدا تێڕامان ئەم ســـەرنەکەوتنەیە. ئەم بوونە هەر ئەو بوونەیە بوونی ونبووی خۆی دەدۆزێتەوە. خـــۆ دۆزینەوەکەش شێوازێکـــی بوونە؛ بوون—بۆ— خۆیە لـــە شێوازی ڕاکردندا. بوون—بۆ—خـــۆ دەیەوێت ببێت بەوەی هەیە یـــان ئەو بوون—بۆ—خۆیەیە، کە بۆ خۆیەتی. کەوابوو، بوون—بۆ—خۆ لە هەوڵدانەکەیدا بۆ دۆزینەوەی خۆی بۆ بوونی خـــۆی دەگەڕێتەوە. ئەو بوونـــەی دەیەوێت ببێت بە بناخـــەی بوونی خۆی ئەو بناخەیە لـــە نەبوونی بوونی ئەودایـــە. ئەم بوونە بەردەوام خـــۆی لەناودەبات. هەروەها، گەڕانەوە بـــۆ خۆ جۆرە دوورییەک لەنێوان خۆی گەڕاوە و ئەو خۆیەدا دروستدەکات، کە بۆی گەڕاوەتەوە. ئەم گەڕانەوەیە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی نەبوون لەم بوونەدا. ئەوەی دەتوانێت بوون—بۆ—خۆ بدۆزێتەوە ئەو بوونەیە، کە لە بناخەوە بوون—بۆ—خۆیە. کەوابوو، دۆزینەوەی ئەم بوونە دەکەوێتە سەرشانی بوون— بۆ—خۆ و بوونە دۆزراوەکەش دەبێت بوون— بۆ—خۆ بێت.

ئـــەم دوو بوونە یەک بوونن. بەڵام لە پێنـــاوی دۆزینەوەی خۆیدا ئەم بوونە

دوورییەک لەنێوان بوونی خۆی و ئەو بوونەدا لەنێو یەکێتیی بووندا دروستدەکات، کە بە دوایدا دەگەڕێت.

تێرامان، وەکو هەوڵدانی بوون—بۆ-خۆ بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆی جۆرێکە لە ناوبردن و دەکەوێتە نێوان بوونی سادە و ڕەوانی بوون—بۆ— خۆوە و بوون—بۆ—ئەوان. هەوڵدانی بوون—بۆ—خۆیە بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆی، وەکو ئەو بوونەی، کە نەبوو نییە.

ئایا هیچ یاسایەک هەیە، لەبەر ئەوەی بوون—بۆ—خۆ کاتییە، تێڕامان سنورداربکات؟ ئێمە لەوباوەڕەداین نییە. بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کات و تێڕامانمان بۆ دەرکەوێت، پێویستە دوو جۆر تێڕامان لە یەکدی جیابکەینەوە: تێڕامان ڕەوان یا ناڕەوانە. تێڕامانی ڕەوان ئامادەبوونێکی سادەی تێڕامانە لەبەردەم ئەو بوونەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەمەش شێوازی بنەڕەتی تێڕامان و فۆرمێکی ئایدیالە؛ ئەو بناخەیەیە، کە تێڕامانی ناڕەوانی لەسەر ڕادەوەستێت. تێڕامانی ناڕەوان، کە لەدواییدا ڕوونیدەکەینەوە، تێڕامانی ڕەوانی تێدایە، بەڵام لەوێدا ناوەستێ و ڕەتی دەکات.

ئایا خۆسەلماندن و داواکارییەکانی تێڕامانی ڕەوان چین؟ تێڕامان ڕوو لەو بابەتە دەکات، کە مەبەستێتی. لە دەرەوەی ئەودا تێڕامان نادۆزینەوە. بەڵام، لەو حاڵەتەدا، کە تێڕامان ڕوو لە دەرەوە دەکات هێشتا لەنێو خۆیدایە. ئەمەیە وا لە ئێمە دەکات بڵێین، بابەتی تێڕامان بابەتێکی دەرەکی لەپێشتر نییە. لەڕاستیدا ئەو ئاگامەندییەی دەڕوانێتە بابەتەکە هێشتا نەچۆتە دەرەوەی خۆی و نەبووە بەوەی لە ئاگامەندییەوە جیابووبێتەوە. نەبووە بەو بابەتەی بۆچوونی خۆمانی لەسەر ڕاگرین. بۆ ئەوی ئاگامەندی بیر لە خۆی بکاتەوە دەبێت لەگەڵ ئەو بوونەدا، کە بیری لێدەکرێتەوە جیاواز بێت و ئەوەش نەبێت، کە نییە. ئەمەش بوونی—ئەوانی— دیکە دەردەخات.

تێڕامان زانینە سەبارەت بەوەی گومانپێکراو نییە. هەڵوێستی ڕاوەستانی لە ئاستی بابەتەکەیدا هەیە و بوونی ئەو ئاگامەندییەش دەسەلمێنێت، کە بووە بە بابەتی بیرکردنەوە. بەڵام هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەشە. سەلماندنی ئەم بابەتە لەهەمانکاتدا ڕەتدانەوەشێتی. هەروەها بۆ ئەوەی بزانین دەبێت خۆمان بکەین بە وی دی. لێرەدا تێڕامان ناتوانێت بەتەواوی خۆی بکات بە هیچ شتێک بێجگە لەوەی ڕووی تێکردوە چونکە ئەو دەیەوێت ببێت بەوەی لە ئاستیدا ڕاوەستاوە.

بەڵام سەلماندنەکەی ناتەواوە چونکە ڕەتدانەوەکەی بەتەواوی بەکار نەهێناوە. لەبەرئەمە خۆی لە بابەتی بیرکردنەوەکەی جیاناکاتەوە و بۆچوونی بەرانبەر بابەتەکەش نییە. زانینەکەی گەرێنتییە و لەگەڵ بابەتەکەدا یەکیان گرتوە.

هەمووشتێک بە یەکجار دراوە و نزیکبوونەوەیەکی ڕەهای تێدایە. ئەوەی ئێمە بە زانینی دادەنێین لایەن و بەرزی و نزمی تێدا دەبینرێت. تەنانەت زانینی ماتماتیکی پەیوەندییان بە ڕاســتییەکانی دیکەوە هەیە و بە یەکجار خۆیان دەرناخەن. بەڵام زانینی تێڕامان لە بــارەی بابەتەکەیەوە[کە خۆیەتی] لە بابەتەکەیەوە دوور نییە و پێویستی بە باســکردنیش نییە. ئەو تەنیا لە ئاستی بابەتەکەیدا ڕادەوەستێت و هیچیان فێر ناکات.

لــەو کاتەدا زانین ســەبارەت بابەتێکــی دەرەکی پەیدادەبێــت بابەتەکەش دەردەکەوێت، بەڵام بابەتەکە لە خۆدەرخستنەکەیدا درۆمان لەگەڵ دەکات. بەڵام لە خۆدەرخستنی تێڕاماندا بوونێک ڕاوەســتاوە، کە لەپێشــتریش خۆی بۆ ئێمە دەرخستبــوو. لە تێڕاماندا ئەوەی خۆی دەردەخات تێڕامانە. بابەتەکەی بوونێکی دەرەکی نییە تاکو خۆی دەرخات، بەڵکو بوونێکە، کە خۆی دەرخستوە. تێڕامان بڕوانامەیە نەک زانین. هاندەری بنەڕەتییە بۆ تێگەیشــتنی پێش—تێڕامان لەوەی دەمانەوێت بیدۆزینەوە.

بــەڵام، ئەگەر تێڕامان ئــەوە بێت تێڕامان ڕووی تێدەکــات، ئەم یەکێتییەی بوونیش یاســاکانی ســنوردارەدەکات، ئەوا پێویستە ئەو خاڵەش باسبکرێت، کە تیڕامــان دەبێت بە ڕابردوو هەروەها داهاتووش بــۆ بوونی خۆی. کەوابوو نابێت دەســتکەوتی تێڕامانەکــەی دێکارت یــان کۆجیتۆکەی بە ســاتە نەبڕاوەکانەوە ببەســتینەوە. ئەمەش ئاکامی ئەو باوەڕەیە، کە گوایە بیرکردنەوە ڕابردوو لەنێو خۆیــدا هەڵدەگرێ و داهاتــووش دیاریدەکات. لــەم ڕووەوە دێکارت دەڵێت؛ من گومــان دەکەم، کەوابوو من هەم. چی بەســەر میتۆدی گومانکارییدا دێت ئەگەر گومان بە ساتەکانەوە ببەستینەوە؟ هەڵبەتە ئاکامەکەی پاشخستنی حوکمدانە.

بــەڵام پاشخستنی حوکمدان گومان نییە و بونیادی پێویستی گومانکردنە. بۆ ئەوەی گومان هەبێت، پاشخستنــی حوکمدان پێویستە و ناتەواوی ئەو هۆکارانە پەیدایدەکــەن، کە ڕێگەمان نادات زانینەکــە بسەلمێنن یان ڕەتیبدەنەوە. گومان لەسەر بناخەی تێگەیشتنی پێش—ئۆنتۆلۆجییانە پەیدا دەبێت و داوای دۆزینەوەی ڕاســتیمان لێدەکات. ئەم تیگەیشــتن و داواکارییە واتا بە گومان دەبەخشێت و ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی لەنێو جیهاندا ســەرقاڵ دەکات؛ ئەوان بابەتێکی زانین و گومــان لەنێو کاتێکی جیهانیدا دەهێننە پێــش. کەوابوو، گومانکردن جۆرێکە لە هەڵوێست، هەڵوێستی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتییــە لەنێو جیهاندا. ئەو کاتەی خۆمــان لەنێو گومانــدا دەدۆزینەوە بەرەو ئەو داهاتــووە ڕێدەکەین، کە کۆتایی شاردۆتــەوە. خۆمــان دەگەیەنینە ئەو دیوو ڕابردوو، کــە هاندەر و قۆناخەکانی گومانکردنمان نیشان نادات. ئێمەش لە گوماندا بەرەو دەرەوەی خۆمان دەڕۆین و لەنێو ڕانەبردوودا و لە جیهاندا ڕوو لە بابەتە گومانلێکراوەکە دەکەین.

ئــەم خاڵانەی ڕوونمانکردنەوە بۆ هەموو دەســتەواژەیەک دەبێت، کە تێڕامان دروستیان دەکات: بۆ نموونە، من دەخوێنمەوە، من خەودەبینم، من هەستدەکەم، من کاردەکەم. ئەم دەستەواژانە، لە لایەکەوە ڕێگەمان نادەن بەڵگە بۆ سەلماندنی تێڕامانەکەمــان دامەزرێنین. لــەم حاڵەتەدا ئەو زانینە لەبــارەی خۆمەوە هەمە دەتوێتــەوە و لەگــەڵ بووونمدا دەبێت بــە ئەگەرێکی ڕووت (چونکــە بوونی من لەو ســاتەدا بوون نییە) یان دەبێت یاســای تێڕامان بەسەر هەموو ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییــدا بسەپێنیــن؛ بۆ نموونە، بۆ ڕابردوو، ڕانەبــردوو، داهاتوو هەروەها بابەتەکەی دابنێین. بەڵام تێڕامان بوون—بۆ—خۆیە، کە بە دوای خۆیدا دەگەڕێ و دەیەوێت هەمووی بوونی خۆی بەردەوام بدۆزێتەوە. بوون—بۆ—خۆ بوونێکی کاتی هەیە و ئەمەش بەم ئاکامانەمان دەگەیەنێت:

یەکــەم، تێڕامــان، وەکو شێوازی بوونی بوون—بۆ—خــۆ دەبێت کاتی بێت و ڕابردوو و داهاتووی خۆی بێت.

دووەم، تێڕامان یاساکانی خۆی بەسەر ئەگەرەکاندا ساخدەکاتەوە. ئەگەرەکان ئێستای من و ڕابردووی منیش بوون. هەروەها تێڕامان ساتی نییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تێڕامان لە داهاتوودا داهاتووی ئەو بابەتە دەبینێ، کە ڕووی تێدەکات و لــە ڕابردووی ئەویشــدا ڕابردووی ئەو ئاگامەندییە هەیە، کە دەبێ بناســرێت. بەپێچەوانەوە، لە ڕێگەی ڕابردوو و داهاتووەوە تێڕامان و بابەتەکەی لەنێو بوونە یەکگرتوەکانیاندا جیادەکرێنــەوە. داهاتووی تێڕامان دامەزراندنی ئەگەرەکانێتی. بە هەمان شێوە ئەمە بۆ ڕابردووی تێڕامانیش دروســتە. لەم بۆچوونەوە، تێڕامان پــەرش و بڵاو دەبێتەوە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەردەم خۆیدا ئامادەیە، ئەوا بەم خۆ ئامادە بوونەوە لەنێو ڕەهەندەکانی کاتدا هەیە.

دەشێ هەندێک بڵێن چۆن تێڕامان سەبارەت ڕابردوو توشی هەڵەکردن دەبێت. منیش دەڵێم، ئەو خۆی لە هەڵەکردن دەپارێزێت ئەگەر ڕابردوو، وەکو دێوەزمەی ڕانەبــردوو لە شێوازی بیرۆکەدا نەبێت. ئــەو کاتەی دەڵێم من دەخوێنمەوە، من گوماندەکــەم، من هیوادارم و هتد، من لە ڕانەبردوومەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێمەوە. ئێستا لــە دەربڕینی ئەو حاڵەتانەدا توشی هەڵە نابــم. بەڵام لەوێدا، کە بیر لە ڕابــردووم دەکەمەوە توشی هەڵەدەبم چونکــە پەنا بۆ یادەوەری دەبەم. من لەم حاڵەتەدا بیردەکەمەوە و ڕابردووی خۆم نیم. کەوابوو، تێڕامان ئاگاییە لەنێو سێ ڕەهەندەکــەی کاتدا. ئاگاییەکە بێ بیرکردنەوە لەنێو ئەو ئاگاییەدا، کە بەردەوام بیردەکاتەوە و دەمێنێتەوە. بــۆ تێڕامان ڕابردوو لەگەڵ ڕانەبردووی ئەو بابەتەی تیڕامان ڕووی تێدەکات بوونێکی لەپێشــتریان هەیە و لە دەرەوە دانراون: ئەوان تەنیــا لەنێو بوون—بۆ—خــۆدا نین، بەڵکو بۆ بوون—بۆ—خۆشــن، کە (هیچ) لە یەکیان جیادەکاتەوە. بە تێڕامان ڕەوتەکە بەو بوونە دەگات، کە لە دەرەوەیە و لە

دەرەوەش نییە. هێشتا تێڕامانی ڕەوان لەوێدا، کە نایەوێ ببێت بە شتێکی، وەکو بوون—لەنێو—خۆ کات دەدۆزێتەوە. ئەگەرەکانی خۆی دەبینێت. ڕانەبردووی خۆی بە ڕەهەندێکی بەرز دادەنێت. تەنانەت ڕابردووشی، کە بووە بە بوون—لەنێو—خۆ بە ڕانەبردووەوە دەبەستێتەوە. تێڕامان، بوون—بۆ—خۆ، وەکو بابەتێکی نایاب بۆ خۆی دەدۆزێتەوە؛ بوون—بۆ—خۆ، وەکو ئەو (خۆ)یەی لە دەرەوەی خۆیدایە و هەمیشەش خۆیەتی و لە ڕەهەندەکانی ڕابردوو، ڕانەبردوو هەروەها داهاتوودا لەنێو جیهاندایە. کەوابوو، تێڕامان کات دەردەخات و بوونی تایبەتمەندی (خۆ) ش، وەکو هەبوویەکی مێژوویی دیاریدەکات. بەڵام ئەو بەردەوامییە دەروونییەی ڕۆژانە سودی لێوەردەگرین و دەبێت بە زنجیرەی ساتەکانمان بەپێچەوانەی مێژوو بوونەکەیە. لەڕاستیدا دەستکردی گۆڕانکارییە دەروونییەکانە. ئەم خۆشییەی هەمە، بۆنموونە، ئەو حاڵەتە دەروونییەیە پاش ناخۆشی توشم بووە و پێس ئەویش، دوێنێ بە حاڵەتێکدا تێپەڕیم، کە شەرمەزاریکردم. پەیوەندییەکانی، وەکو پێشتر و پاشتر لەنێوان ئەم حاڵەتە گۆڕاوانەدا دادەنرێن. هەروەها ئەمانە ئەو حاڵەتانەن بۆ دیاریکردنی کات بەکاردێن. کەوابوو، تێڕامانی مرۆڤ—لەنێو-جیهاندا و لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەنێو حاڵەتە دەروونییەکانیدا پەیوەندییەکی دەرەکی زنجیرەی حاڵەتەکان دەردەخات.

من باسی ئەو خۆشییە دەکەم هەمە یان حەزدەکەم هەمبوایە؛ ئێمە دەڵێین لەنێو خۆشی مندایە. ئەمەش لەوەدەچێت من ئەو خۆشییەم هێنابێتەکایەوە یان وەکو شێوازە براوەکانی سپینۆزا، کە لە خەسڵەتەکان جیا بۆتەوە، شتێک بێت لە من دابڕابێت. تەنانەت دەڵێین، من ئەم ئەزموونی خۆشییەم هەیە و ئەویش هات و، وەکو مۆر بەسەر کاتی منەوە خۆی نەخشاند؛ یان باشترە بڵێم، وەکو ئەوەوایە خۆشی و هەستکردن و بیرۆکەکان میوانی ئێستای من بن. ناکرێت بە وەهم دایانبنێین. بەردەوامبوونی دەروونی ڕەوتێکی کۆنکرێتییە. بەکورتییەکەی، فاکتۆرە دەروونییە بەردەوامەکان فاکتۆری ئاگامەندین. بێگومان ڕاستەقینەی ئەم فاکتۆرانە بابەتە دەروونییەکانن، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا، کە پەیوەندییەکەیان بەدەروونەوە، وەکو حاڵەتی غیرەکردن، ڕق و کینە، پێشنیار و فێڵ و تەڵەکەبازی و هتد، دیارە. هەمانکات ناتوانین بوون—بۆ-خۆ، کە دەبێت بەبناخەی بەکاتبوون ئەم خەسڵەتانە بێت. ئەگینا یەکێتی بوونی پەرتوبڵاو دەبوەوە و هەر بەشێکی بوونی لە دەرەوەدا بەرانبەر بەشەکانی دیکەی ڕادەواستا و جارێکی دیکە کێشەی کات سەریهەڵدەدایەوە. دەگونجێت بوون—بۆ—خۆ بە ڕابردووی خۆی دابنێین، بەڵام ناکرێت بڵێین ئەو خۆشییەی من هەمە لەو خەمەوە سەریهەڵداوە، کە لەپێشتر توشم بوو.

زانا دەروونناسەکان ئەم فاکتۆرە دەروونییانەیان لە ئاستێکی نزم داناوە و لەو

باوەڕەدان پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. گوایە هەورەگرمە پاش بێدەنگییەکی درێژخایەن دەبیسترێت. ئەمە دروستە، بەڵام پەیوەندییەکەیان بەزنجیرە دانەناوە چونکە باسی بناخە ئۆنتۆلۆجییەکەیان نەکردوە. لەڕاستیدا، ئەگەر ئێمە لە واتای بوون—بۆ—خۆ، وەکو بوونەوەرێکی مێژوویی تێبگەین، ئەوا فاکتۆرە دەروونییەکان لەناودەچن. حاڵەت و کردەوەکان نامێنن و ڕێگە بۆ بوون—بۆ—خۆ خۆشدەکەن تاکو بەوجـــۆرە خۆی دەربخات، کە بەبێ ئەو یان بەبێ تایبەتمەندێتی ئەو، وەکو تاک پرۆسەی مێژووی نابێت. ئەم بناخەیەیە دەبێت بە سەرچاوەی بەردەوامبوونەکە و بە باری گرانی ڕابردوویەوە ڕوو لە داهاتوو دەکات. لێردا بۆمان دەردەکەوێت ئەم فاکتـــۆر و حاڵەتانە لەنێو بوونی ئەودا بوون نین. ئەوەی هەیە پەیوەندی ناوەکی نێوانیانە لەم بووندا و بەبێ بوون—بۆ—خۆ نادۆزرێتەوە.

ئێمە لەبەردەم دووجۆر کاتدا ڕادەوەستین: کاتی بنەڕەتی، کە بوونی ئێمەیە. دووەمیـــش کاتی دەروونی، کە کتوپڕ دەردەکەوێـــت و ناتوانێت لەگەڵ شێوازی بوونمـــان هاوتەراز دابنرێـــت. ئەم جۆرە کاتە، وەکو ڕاســـتەقینەیەکی دەروونی بابەتی لێکۆڵینـــەوەی زانستانەیە و ئامانجی کردەوەکانی مرۆڤە (من هەوڵدەدەم کارێـــک بکەم تاکو ئانا منـــی خۆشبوێت)، (هەوڵدەدەم خۆشەویستی ئەو بۆ من دروستبێت). ئەم کاتە دەروونییە ڕاستەوخۆ لە کاتە بنەڕەتییەکەوە سەرهەڵنادات؛ کاتی بنەڕەتی بناخەی بوونی خۆیەتی. بەڵام کاتی دەروونی لەسەر بوونی خۆی ڕاناوەســـتێت و بەردەوام بوونی فاکتۆرەکانە. لەسەرو ئەمانەوە، کاتی دەروونی بەبـــێ تێڕامان و بیرکردنـــەوە نییە. بیرکردنەوە کاتی دەروونی دروســـتدەکات. ئەو پرســـیارەی لێرەدا پێویستە بکرێت ئەوەیە، ئایا چۆن تێڕامان، کە ڕەوان و ســـادەیە ئەم کاتە دەروونییە پێکدەهێنێت؟ پێویستە تێڕامانی ڕەوان و ناڕەوان لـــە یەکدی جیابکەینـــەوە. ئەوەی بەردەوامبوونی کاتـــی دەروونی پێکدەهێنێت تێڕامانی ناڕەوانە. ئەوەی ڕۆژانە توشمان دەبێت ڕەوان نییە. تێڕامانی ڕەوان پاش گۆڕانکاری دروســـت دەبێت. لە شێوازی خەم دەربڕیندایە. ئێمە لێرەدا جێگەمان بۆ باسکردن لەسەر خەم ڕەوانەوە نییە. ئەوەی مەبەستمانە ڕوونکردنەوەی واتای تێڕامانـــی ناڕەوانە. ئەو تێڕامانە کاتی دەروونی بە ئێمە دەناســـێنێت. تێڕامان، بـــەو جۆرەی ڕوونمانکردەوە ئەو جـــۆرە بوونەیە، کە بە بوون—بۆ—خۆ ناوزەدی دەکەین و دەیەوێت ببێت بەوەی هەیە. کەوابوو، تێڕامان لە مەبەست بەدەر نییە و بوونێکـــی بێباک و گوێنەدەری نییە. ئەو هەمیشـــە (بۆ) شتێکە. بوونێکە، کە لـــە بناخەیدا (بۆ) هەیە. واتای تێڕامان کەوابوو، لە بوون—بۆ—خۆدایە. بەئاشکرا دەتوانین بڵێیـــن تێڕامان ئەو بوونە—بۆ—خۆیەیە، کە بۆ دۆزینەوەی خۆی بوونی خـــۆی لەناودەبـــات. تێڕامان لەگـــەڵ ڕوونکردن لە بابەتەکـــەی لە بوونی خۆی ڕادەکـــات و نایەوێـــت، وەکو ئەو شتـــە بمێنێتەوە، کە هەیـــە. بۆ ئەوەی خۆی

بدۆزێتـــەوە و بگات بە خۆی لە بوونی خـــۆی ڕادەکات. ئەمەش دەبێتە هۆکاری دۆزینـــەوەی‌تێڕامانـــی‌ڕەوان.

تێڕامانی ناڕەوان، لەگەڵ وەستان لە ئاستی بابەتەکەیدا دەبێت بە بوون–لەنێو – خۆ. هاندەرەکەی، وەکو لەپێشـــتر باســـمانکرد، دوو لایەنی هەیە؛ لەنێو خۆیدا دەمێنێتەوە و لە دەرەوەشدایە. تێڕامانی ناڕەوان وەســـتانە لەبەردەم بابەتەکەیدا و دەیەوێت ببێت بەو بابەتە.

ئەمـــەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تێرامانی نا–ڕەوان ســـێ لایەنی هەیە: خودی تێڕامان، بابەتی تێڕامان و ئەو بوونە-لەنێو–خۆیەی پاش تێڕامانەکە سەرهەڵدەدات. ئەمـــەش بۆ تێڕامان یان بوون–بۆ–خۆ پرۆژەیـــە و بوونی شتێک نییە هەبێت، بەڵکو دروســـت دەکرێت. بابەتێکە تێڕامـــان ڕووی تێدەکات و بوونی دەردەخات. هەمانکات، نابێت ئەم بوونە-لەنێو-خۆیە بە بەها دابنرێت چونکە بابەتێکە بوونی بۆ هەموو تێڕامانێک پێویستە. ئەو بابەتە بەرزەیە لە دەرەوەی تێڕاماندا و هەموو تێڕامانێک ڕووی تێدەکات. هەڵوێستی تێڕامان لە ئاستی بابەتەکەشدا بەمجۆرەیە؛ یەکەم، ڕووکردنە بابەتەکەیە لە لایەن تێڕامانەوە.

دووەمیـــش، دیاریکردنـــی بۆچوونە بەرانبەر بابەتەکە. لـــە داکەوتدا ئەم دوو هەڵوێســـتە یەک شتـــن چونکە ڕەتدانـــەوەی تێڕامان بۆ بابەتەکـــە دیاریکردنی بۆچوونـــە. دەبینیـــن بابەتکردنەکە پەیوەندی بە خۆ جیاکردنـــەوەی تێڕامان لە بابەتەکەیـــەوە هەیە. خۆ جیاکردنـــەوەی تێڕامان ئەوە دەردەخات، کە بۆ ئەوەی بابەتی تێڕامان هەبێت، تێڕامان بابەتەکەی بە شتێکی جیاوازتر لە خۆی دادەنێت. بەهەرحـــاڵ، ئەم تێڕامانە لە بـــڕوای خراپدا هەیە. پەیوەنـــدی نێوان تێڕامان و بابەتەکـــە دەبڕێت. بانگەشەی ئەو خاڵەش دەکـــات، کە تێڕامان لە شێوازی ئەو بوونـــەدا، کە نییە و لە کاتـــی ڕووکردنی لە بابەتەکە ئەو بابەتە نییە و جیاوازە. تێڕامان لە بڕوای خراپدا دەژی ئەگەر خۆی بە دەرخستنی ئەو بابەتە دابنێ، کە من–دروســـتیدەکەم. بەڵام، دەبێت ئەوەش بزانین ئەو لەناوبردنە ڕادیکاڵە ڕاست یان ڕوودانێکی مێتافیزیکی نییە. ڕوودانی ڕاست لە پرۆسەی سێیەمدایە، کە دەبێت بە بوون بۆ ئەوان. تێڕامانی نا–ڕەوان هەوڵدانی بوون–بۆ–خۆیە بۆ ئەوەی ببێت بـــە شتێکی دیکە و هەمانکاتیـــش، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئەوەی تێڕامان ڕووی تێدەکـــات و لە دەرەوەی تێڕاماندایە، وەکو بابەتێکی بەرز خۆی دەردەخات تەنیا بوونێکە، کە تێڕامان دەتوانێت لە بارەیەوە بڵێێت، ئەو شتەیە، کە خودی تێڕامان نییە. بەڵام ئەو بوونە ســـێبەرە و دروســـتکراوە. تێڕامانیش بۆ ئەوەی خۆی لەو بابەتە جیابکاتەوە دەبێت خۆی بکات بە ئەو. ئەم سێبەرەی بوون و پەیوەندییە پێویســـتـەی تیڕامانی ناڕەوانە لە زانستی دەروونناســـیدا بـــە فاکتۆری دەروونی ناوزەد دەکرێت. کەوابوو، فاکتۆری دەروونی سێبەری ئەو بابەتەیە تێڕامان ڕووی

تێدەکــات. لێرەدا، تێڕامان ئەگەر (بوونێکی—بۆ—خــۆی لەنێو—خۆ) بێت دەبێت بــە ناڕەوان. ئەوەی خۆی بۆ تێڕامان دەردەخــات شتێکی کاتی و بێ ناوەڕۆکی مێژوویی نییــە. بوونێکە خاوەنی ناوەڕۆک و بونیادێکــی دامەزراو. یەکێتی ئەم بوونانــەش ژیانی دەروونی پێکدەهێنێت. تێڕامانی ناڕەوان زانینێکی لەپێشــترە؛ دەتوانیــن بڵێین، کە زانینــی تێڕامانی دەروون هەیە. هــەر یەکێک لە فاکتۆرە دەروونییەکان خەســڵەتی ڕاســتەقینەیان، وەکو بابەتی تێڕامان هەیە. بەڵام لە ئاستی خۆیان دابەزیون و بوون بە شتێکی لە-نێو—خۆ. ڕوونکردنەوەی زۆرتریش لەبارەی دەروونەوە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەم بابەتە لەنێو—خۆیە.

١. مەبەســت لە دەروون (خۆ)یە و هەموو دۆخ و خەسڵەت و چالاکییەکانیشی دەگرێتەوە. (خۆ) لە ڕێزماندا دوو واتای هەیە (من) و (خۆم)؛ ئەمەش کەسایەتی ئێمــە، وەکو کەســایەتییەکی یەکگرتــوی بەرز دەردەخات. باســی ئەمەمان لە شوێنێکــی دیکەدا کردوە. ئێمــە خۆ یان بکەرین، کارتێکەر یــان کارتێکراوین، خۆبەخشــین یان بابەتێکی گونجــاو، کە حوکمیان بەســەردا دراوە و لەبەردەم لێپرسینەوەیەکدا ڕاوەستاوین.

خەســڵەتەکانی (خۆ) لە چاکەکان و تەوانــا و هەڵسوکەوتەکان پێکهاتوون. خۆ خەسڵەتی توڕەبوون، کۆششــکەر، غیرەتکەر، هەستیار و هتد یە. پێویستە ئەو خەســلەتانەش بناسینەوە، کە پەیوەندییان بە مێژوومانەوە هەیە و بەمجۆرە دەردەکەون؛ من دەتوانم تەمەنی خۆم دەربخەم، بڵێم ماندووم، بەرەو لاوازی دەڕۆم یان پێشدەکەوم؛ دەتوانم بڵێم سەرکەوتنم مسۆگەر کردووە یان بەپێچەوانەوە هێدی تامی خۆش و سێکس پاش نەخۆشکەوتنێکی گران ناکەم. دۆخەکان بەپێچەوانەی خەســڵەتەکانەوە بە هێزەکی هەن و دەبن بە کردەکی. خۆشەویستی، ڕق و غیرە دۆخن. نەخۆشی، لەوێدا نەخۆشەکە هەســتی پێدەکات و توشی دەبێت حاڵەتە. بەهەمان شێوە ئەو هەڵسوکەوتانەی لە دەرەوە بە کەســایەتی منەوە نوساون و من لەگەڵیاندا دەژیم بۆ بوونم دەبن بە حاڵەت. ئەوەی نییە، تاڕاوگەنشــین، یان ســەرکەوتن حاڵەتن. دەتوانین جیاوازی نێوان خەسڵەت و حاڵەت ڕوونبکەینەوە: دوێنێ پاش ئەوەی توڕەبووم هەڵچونەکەم لە شێوازێکی ســادەدا تاکو ڕادەیەک مایەوە. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، پاش کردەوەکەی پیتەر نواندی و من ناڕازیبووم لەسەری، ڕقەکەم، وەکو هەستکردنێکی ڕاستەقینە هەرچەندە من ئێستا لەوانەیە بیــر لە شتێکی دیکە بکەمەوە، بەردەوام ماوەتەوە. هەروەها خەســڵەت شتێکی زکماکە یان دراوە، کە کەسایەتی هەیەتی. حاڵەت شتێکە بە سەر مندا ڕوودەدات. هەندێکجار شتێک هەیە دەکەوێتە نێوان حاڵەت و خەســڵەتەوە. بۆنموونە، ڕق و کینەی (پــۆزۆ دی بۆرگۆ) بەرانبەر ناپلیــۆن هەرچەندە پەیوەندییەکی براوە و تەمــەن کورت لەنێوان ئەو دوو مرۆڤەدا دیاریدەکــات، بەڵام پێکهاتەیەک بوو لە

کەســـایەتی ڕۆژۆدا. مەبەســـت لە کردەوە چالاکییەکانی تاکە کەسە؛ ئەو ڕێگە و مەبەســـتانە دەردەخات بۆ گەیشتن بە کۆتایی دەیانگرینەبەر. ئەم کردەوانەش لە دەرەوەی بوون—بۆ—خۆدان و تێهەڵکێشـــەیەکی بـــەرزی دەروونین. مەشقکردنی یاریزانێکی مشتبازی کردەوەیەکی بەرزە و یاریدەی بوون—بۆ—خۆ دەدات لە ڕێگەی مەشقکردنەکەوە بوونی خۆی بناســـێت. ئەمە بەسەر توێژینەوە و گەڕانی زانست و هونەرمەند و تەنانەت پڕوپاگەندەی دەســـتەڵاتمەدارێک لـــە کاتی هەڵبژاردندا دەســـەپێت. لەم کردەوانەدا بوون—بۆ—خـــۆ دەبێت بە نوێنەری بوونێکی بەرز لە جیهاندا و لایەنێکی دەرەکی بوونی خۆی دیاریدەکات.

٢. چەمکی (دەروونی) بە کاتیگۆری زانینەوە بەستراوە. پەیوەندی بە کارکردنی تێڕامانـــەوە هەیە. لە کاتێکدا بوون—بۆ—خۆ تێڕامانی نییە، دەبێت بە شێوازێکی لە بیرکردنەوە بەدەر. ئەوانـــەی بە مەحاڵ دادەنرێن ئەگەرن لەنێو جیهاندا. هەر شتێک بـــۆ بیرکردنەوە یان بیرنەکردنەوە دەرکەوێت بەحاڵەتەوە بەســـتراون. لە ئاکامدا ئەو گۆڕانکارییانەی بیرکردنەوە لە جیهاندا دەیان خاتە گەر لەشمان، وەکو ئامێرێک بۆ ئەنجامدانیان بەکار دەهێنێت.

ئەو کەســـەی تورەیە تەماشای بەرانبەرەکەی دەکات و ڕوخساری دەبینێت، وا هەستدەکات ئەو ڕوخسارە داوای مشتێکی لێدەکات. ئێمە هەندێکجار دەڵێین (لەشی بـــۆ لێدان دەخورێت) یان (بە دوای کێشـــەدا دەگەڕێـــت.) لەشمان، وەکو ناوەند بـــۆ حاڵلێهاتـــن بەکارهێناوە. لە ڕێگەی لەشەوە هەســـت بـــە هەندێک حاڵەتی، وەکو (خەریکە دەخۆینەوە، یارمەتی بـــە ڕێگەوەیە یان خەریکە ئاژەڵێکی دڕندە دەکوژین) دەکەین. لەم حاڵەتانەدا لە پەیوەندی ئۆنتۆلۆجی نێوان بوون—بۆ—خۆ و ئەگەرەکان (وەکو بابەت) تێدەگەین. کەوابوو، کردەوە خۆی لەبەردەم تێڕامانی ئاگامەندییدا قوتدەکاتەوە. مەحاڵە من لە یەک کاتدا و لە یەک ئاستدا ئاگام لە پیرۆ و هاوڕێیەکەشـــی بێت. بوون—بۆ—خۆ ئەم دوو شتە لە یەکدی جیادەکاتەوە. ئەم بوون—بۆ—خۆیەش ڕاستەقینەیەکی شاراوەیە؛ لە حاڵەتی ئاگامەندییدا ئەو شتەیە، کـــە بیری لێنەکراوەتەوە و لە جیهاندا کارتێکراوە. لـــە حاڵەتی بیرکردنەوەشدا، بـــوون— بۆ—خۆ ڕوو لە بابەتە دەرەکییەکەی دەکات. تەنیا ئاگامەندی دەتوانێت بوون—بۆ—خۆ بناسێت و ڕووناکی بخاتە سەر. ئێمە چەمکی (دەروونی) بۆ هەموو ئەو هەبووە بەرزانە بەکاردەهێنین، کە زەخیرەیەکی بەردەوامن بۆ تێڕامانی ڕەوان و بابەتی توێژینەوەی زانستی دەروونناس.

٣. ئەم بابەتانـــە کۆنکرێتین و ڕووتکراوە نین؛ تێرامان بەبێ ناوەڕۆک ڕوویان تێناکات. ئێمە چەمکی بەڵگە بۆ ئامادەبوونی ڕاســـتەوخۆی ڕق و تاراوگەنشـــین و گومانی بەردەوام لە کەســـایەتی تاکە کەســـدا بەکار دەهێنین. بۆ سەلماندنی ئەمـــەش وەبیرهاتنەوە لە ئەزمونەکانی خۆمانـــدا یارمەتیمان دەدات. بۆ نموونە،

دەتوانیـــن بیر لـــە خۆشەویستێکی مردوو یان بارودۆخێکی هۆشەکی پێشـــومان بکەینـــەوە. هەوڵدەدەین چەمکی تایبەتییان بۆ دابنێین و باســـیان بکەین. بەڵام دەزانیـــن لەوێ نین. هەروەها حاڵەتیش هەیـــە خۆشەویستییەکەمان تێداکردوە، بەڵام هەستمان پێنەکردوە. پرۆست جوان باسی ئەم حاڵەتە وەستاوانەی نێو دڵی کـــردوە. بەپێچەوانەشەوە، ئێمە دەتوانین هەســـت بە پڕی خۆشەویستی بکەین. لێرەدا بوون—بۆ—خۆ پێویستی بە تێڕامان دەبێت تاکو بیر لە بابەتەکە بکاتەوە. من بیر لە هاوڕێیەتیم لەگەڵ پیرۆ دەکەمەوە، بەڵام ئەو لەسەر بناخەی بەزەیی من بووە بە بابەتی تێڕامانەکەم. بەکورتییەکەی، تەنیا ڕێگەیەک خەسڵەت و حاڵەت و کردەوەکانی تێدا بناسرێن خۆگەیاندنە بە بوون–لەنێو— خۆ.

نموونـــەی ئامادەکردنی خۆشەویستی بۆ بابەتێکی بەرزی دەروونی بەڵگەیەکی چاکە. لـــەو حاڵەتەدا کتوپڕ خۆشەویستییەکەم دەبینـــم و ئەو بابەتە لەبەردەم ئاگامەندیمدا ڕادەوەستێت. من دەتوانم بۆچوونی خۆمی لەسەر دیارییبکەم، حوکمی بەسەردابدەم چونکە بووە بە بابەتی تێڕامان و من لەناویدا نیم. بووە بە بابەت یان بوون— لەنێو—خۆیەکی پڕ و ڕەق و شەفاف. لێرەوە بەو باوەڕە دەگەین، کە ئەو بەڵگەیەی دەروون بۆ تێڕامانی ناڕەوان ئامادەی دەکات سەلمێنراو نییە. کەلێنێک لـــە نێوان ئەو بوون—بۆ—خۆیەی داهاتوودا، کە تێڕامان ڕوویتێکردووە و بەردەوام ئازادییەکەی منیش دەیخوات و ســـوکتری دەکات، هەروەها خۆشەویستییەکەیدا هەیە. ئەگەر من خۆشەویستی، وەکو بابەتێکی دەروونی لە داهاتوودا نەبینم، ئایا دەتوانیـــن بڵێین خۆشەویستی هەیە؟ ئایا نابێت بە ئارەزوویەکی کتوپڕ؟ ئایا ئەو ئارەزووە کتوپـــڕە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و نابێت بە خۆشەویستی؟ لەناوبردنی داهاتووی بوون—بۆ—خۆ لە ئاستی دامەزراندنی خەسڵەتەکانی بوون—لەنێو—خۆدا ڕێگـــرە. لەم لەناوبردنە بەردەوامەدا لایەنە دامەزرێنـــراوە دەروونییەکان دەبن بە ئەگەر و شتێکی شیاو. ئەمانەش خەسڵەتی دەرەکی نین و زانین پەیدایان ناکات، بەڵکو هەڵسوکەوتی ئۆنتۆلۆجییانەن.

٤. فۆرمـــی دەروونی، بەردەوام کەم هێز دەبێت. وەکو دەســـتنەکەوت خۆی دەردەخـــات، چونکە بوون—بۆ—خۆ لەنێو بوونـــی هەمووگیری خۆیدا پەرشوبڵاو دەبێتـــەوە. ئەوەی دەروونییە لەنێو ســـێ ڕەهەندەکەی کاتدا؛ ڕابردوو، ڕانەبردوو و داهاتـــودا دەبینرێت. پرۆژەی خۆشەویستی ئەم ســـێ ڕەهەندەی لەنێو خۆیدا پێکەوە بەســـتۆتەوە. دروســـت نییـــە بڵێین خۆشەویستی خاوەنـــی داهاتووە و داهاتووش بە شتێکـــی دەرەکی دابنێین. داهاتوو بەشێکی ڕەوتی خۆشەویستییە و واتاکەی دەردەخات. بـــە حوکمی ئەوەی بابەتی دەروونی بوون—لەنێو—خۆیە، ئـــەوا ڕانەبـــردووی ئەم بابەتە هەڵهاتن نییـــە و داهاتووشی نابێت بە ئەگەرێکی ڕەوان. لەم ڕەوتەدا ڕابردوو دەبێت بە بنەڕەتی و خۆسەپێنەر، کە بوون—بۆ—خۆ

تیایدا ژیاوە و ئەم بوونەش دەکات بە بوون—لەنێو—خۆ. تێڕامان هەموو بابەتێکی دەروونی لە سێ ڕەهەندەکەدا دەبینێت، بەڵام ئەم سێ ڕەهەندە لەسەر ڕابردووی بابەتەکــە دادەمەزرێنێت. داهاتوو، دەبێ هەبێت ئەگینا چۆن خۆشەویستییەکەی مــن دەبێت بە خۆشەویستــی؟ خۆشەویستییەکەم ئێستا هەیــە، بەڵام نەدراوە یــان خۆی دەرنەخستوە. کەواتــە، نابێت بەو ئەگەرەی مــن دەمەوێ بیگەمێ؛ خۆشەویستییەکەم و خۆشییەکەم نابن بە داهاتوو چونکە وەکو چۆن پاندانەکەم شتێکــە هەیە، ئەوانیش هەن. ڕانەبردووش بە ڕاســتەقینە و لەوێدا دەبینرێت و لەسەرەوە تاکو خوارەوە خۆی چەکدارکردووە و دامەزراوە. ئەو کاتەیە لە یارییەکەدا دێتە دەرەوە و بۆی دەگەڕێتەوە. تێپەڕبوونی (ئێستا) لە داهاتووەوە بۆ ڕانەبردوو، لە ڕانەبردووشەوە بۆ ڕابردوو گۆرانکــاری ناهێنێتە کایەوە چونکە داهاتوو هەبێ و نەبــی ڕابردووە. نموونەی ئەمەش لە هەوڵدانی ئەو زانا دەروونناســەدا ئاشکرا دەبێت، کە دەیەوێت بــۆ لایەنەکانی ئەودیو ئاگاییەوە بگەڕێتەوە و لە (ئێستا)ی حاڵەتە دەروونییەکە تێبگات. ئەو (ئێستا) بەو ڕانەبردووە دادەنێت، کە لەبەردەم ئاگامەندییدا ئامادە بووە. ئەوانەی بەرەو داهاتووشن بەهەمان شت دادەنرێن، بەڵام لەنێوان ئاگامەندی و ئەودیو ئاگامەندییدا دەمێننەوە. یادەوەری ئەودیو ئاگامەندی ڕابردووی (ئێستا)یە و لە چاوەڕوانییەکەشیدا (ئێستا)یە لە داهاتوودا. لەم ڕووەوە، شێوازی دەروونی شتێک نییە پەیدا بێت؛ چونکە ئەو هەیە و دروستکراوە؛ تەواو بووە، ڕابــردوو، ڕانەبردوو لەگەڵ داهاتووی ســەریانهەڵداوە. ئەو (ئێستا) یانەی پێکیدەهێنن یەکەیەکە، پێش گەرانەوەیان بۆ ئاگامەندی دادەنرێن.

مادامەکــی شێــوازی دەروونــی شتێکــە هەیــە و دروســتکراوە، هەوەها زنجیرەیەی (ئێستا)کانە، بەو ئاکامە دەگەین، کە دوو فۆرمی ناکۆکی بوونی تێدایە. خۆشی، بۆ نموونە، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە دەڕوات چونکە داهاتووەکەی شتێکی بینراوە و هەیە. لەڕاستیدا، پێکەوەنوسانی شێوازە درەوونییەکان، بێجگە لە یەکگرتنی بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆ چی دیکە نییە. ڕق پارچەپارچە ناکرێــت و بەشی نییە؛ تەنانەت کــۆی هەڵوێست و حاڵەتەکانی نێو ئاگامەندیش نییە. ئــەو خۆی لەنێو حاڵەتەکانــی ئاگامەندییدا وەکو یــەک شت بەبێ بەش دەردەخات. یەکێتی بوون—بۆ—خۆ پەیوەندی بە دەرچوونی ئەم بوونە لەخۆیەوە و ژیانێتــی لەنێــو ڕەهەندەکانی کاتدا هەیە. شێوازی دەروونــی، بەپێچەوانەوە، شتێکی دروســتکراوەوە ناتوانێت خۆی بڕیار لەســەر بوونــی خۆی بدات. بەڵام هێزی بەردەوامی هەیە و زانا دەروونناسەکانیش لەو باوەڕەدان حاڵەتی نەخۆشی دەروونییە. لەم ڕووەوە دێکارت لەسەر (سۆزەکانی دەروون) دەنوسێت. هەرچەندە بوونــی شێوازە دەروونییەکان لە بوونی بابەتێکــی دەرەکی ناچێت، بەڵام هێزی بەردەوامبوونی یارمەتیمان دەدات لەگــەڵ بابەتە دەرەکییەکاندا پەیوەندییەکەی

دیاریبکەیـــن. خۆشەویستی بەرانبـــەر بابەتە حەزلێکراوەکە ســـەرهەڵدەدات. لە ئاکامدا پێکەوەنوسانە هەمووگرییەکەی شێوازە دەروونییەکان، لەبەر ئەوەی نابێت بە تێهەڵکێشـــەی بوونی خۆی، یەکگرتنەکەی شتێکی دروستکراوە دەردەچێت و ناناسرێت.

ڕق زنجیـــرەی ئێستاکانە و لەنێو خۆیدا دابەشبوونێکـــی نەبڕاوەی هەڵگرتوە هەمانکات، لەبەر ئەوەی شێوازی دەروونی بابەتێکی ئۆنتۆلۆجی ئەو یەکێتییەیە کە بوون—بۆ—خۆ هەیەتی، دابەشبوونەکە شاراوەیە و دەرناکەوێت. جۆرە یەکگرتنێکی سیحراوی لەنێوان (ئێستا)کانی ڕقدا هەیە، کە پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوانیان لادەبات.

جۆرە ئالۆزییەک لە بیردۆزەکەی برگسۆندا سەبارەت بەردەوامبوونی پیاچوونی فرەلایەنەکانی ئاگامەندی سەرهەڵدەدات. ئەوەی برگسۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردوە حاڵەتی دەروونییە نەک ئاگامەندی یان بوون—بۆ—خۆ. ئایا پیاچوون چ واتایەکی هەیـــە؟ بەگوێرەی بیـــردۆزەی دابەشکردن دەبێ هەبێت. بـــەڵام بەشەکانی، کە هەریەکەیان بە تەنیا ڕادەوەستێت، بە سیحراوی دەچنە نێو یەکدییەوە و پێکەوە دەنوسێن و گشتگرییەک پێکدەهێنن. ئەم گشتگرییە ڕێگە بە ئێمە نادات لەسەری بکۆڵینەوە. برگسۆن نایەوێت خەسڵەتی شێوازی دەروونی لەسەر بونیادێکی ڕەهای بوون—بۆ—خۆ دابمەزرێنێت. ئەو، وەکو شتێکی دراو لە ڕێگەی تێڕوانینێکی سادەوە دەیبینێت و بە لایەنە فرە ناوەکییەکانی دادەنێت. خەسڵەتی بەردەوامبوونی هەیە و دەتوانێـــت بەبێ ئەوەی ئاگامەندی بیری لێبکاتـــەوە هەبێت. مادامەکی مرۆڤ تەوانای ناســـینی نییە، ئـــەوا دەتوانێت بەبێ ئەوەی ئاگامەندی هەســـتیپێبکات هەبێت. کەوابوو، بابەتێک لە جیهاندا بەبێ هەســـتکردن بە بوونی هەیە. هەروەها خەســـڵەتی بەردەوامبوونی دەروونی بۆ برگسۆن فاکتۆرێکی ئەزمونییە؛ ئێمە بەو شێوەیە دەیبینیـــن. کاتی دەروونی بەردەوامبوونێکـــی دراوە. ئەو بەردەوامییە بەبێ ئەوەی کات کاریتێبکات خۆی لەنێو کاتدا دادەنێت. بێگومان یەکێتی ڕەهای دەروون پرۆژەیەکی ئۆنتۆلۆجی بوون—بۆ—خۆیە لەنێو ڕەهەندەکانی کاتدا. بەڵام لەبـــەر ئەوەی ئەو پرۆژەیـــە بوون—لەنێو—خۆیەکی دروســـتکراوە، بەشەکانی لە یەکدی جیادەکرێنەوە و دەبن بە ژمارەیەکی (ئێستا)ی نەبڕاوە.

لەبەرئەمـــە بەشداربوونی نێوان بوون—لەنێو—خـــۆ و بوون—بۆ—خۆ لە کاتی دەروونیدا جـــۆرە ناکۆکییەکی لەچارەبەدەر دەشارێتەوە. ئەمەش بۆ ئێمە مایەی سەرســـوڕمان نییە. کاتی دەروونی بەرهەمی تێڕامانی ناڕەوانە و شتێکی نەبووی دروســـتکراوە و ئەو شتە نییە، کە دروســـتکراوە. پاش ئـــەم توێژینەوەیە باشتر لـــە واتای پەیوەندییەکانـــی نێوان شێوازە دەروونییەکـــان لەنێو کاتی دەروونیدا تێدەگەیـــن. لەپێش هەموو شتێکدا دەڵێین، ڕاڤەکردن حوکم بەســـەر پەیوەندی

نێوانیان دەدات. هەموو کەسێک دەزانێت هەستکردنەکانی، وەکو حەسودی و ڕق یان ئەوانەی ڕۆماننوســـەکان باسیدەکەن لەنێو دەروونا هەن. بێگومان دەتوانین ڕاڤەی ئەو هاوڕێیەتییە بکەین، کە حەســـودی، وەکـــو چۆن شیر ڕەنگی قاوەکە دەگـــۆڕێ، تەڵخی کردووە. لەو باوەڕەدام ئـــەم بەراودکردنە جۆرە زیادەڕۆییەکی تێدابێت. هێشـــتا شەیدابوون لە هاوڕێیەتییـــدا بەشێک لە جۆری هاوڕێیەتی نییە و بەو شێوەیەی لاکێشـــەیەکی هاودوولا ســـەر بە جۆری لاکێشـــەیە. هاوڕییەتی خۆشەویستـــی پڕی دەکاتەوە. هەمانکـــات خۆشەویستیش نییە. ئەگەر ببێت بە خۆشەویستی نابێت بـــە هاوڕێیەتی. دەبێت بە بابەتێکی نەگۆڕ لەنێو خۆیدا، کە زمان ناتوانێت ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە.

لە پرۆســـەی دەروونیدا شێوازی دەروونی دوور و لەپێشـــتر کاردەکاتە ســـەر شێوازی دەروونی پاشتر. ئەمەش ســـەر بە یاســـای هۆکارێکی—میکانیکی نییە. پەیوەندیی بە بۆچوونەکەی (جۆن ســـیتوارت میل)ەوە نییە، کە باســـی پێکەوە بوونی دوو ڕووداو دەکات. مادامەکی لایەنی دەروونی خۆ بەبابەتکردنی بوون—بۆ-خۆیە ئەوا ســـەرهەڵدانە کتوپڕییەکەی ناوەکییـــە و لە شێوازە دەروونییەکەشیدا لەو هێزە جیانابێتەوە، کە لێوەی هەڵقولاوە. ســـەرهەڵدانی کتوپڕی ئەم شێوازە شتێک نییە لە فۆرمێکی پێشـــوترەوە پەیدا بووبێت. فۆرمی لەپێشتر لە دوورەوە کاریگەرێتی خۆی بەسەر فۆرمێکی نوێدا دەخاتەگەر و ئەم فۆرمە نوێیەش کتوپڕ هەڵقولاوە. لێرەدا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو بوونەدا ناکەین، کە دەبێت بە داهاتوو و ڕابـــردووی خۆی، بەڵکـــو مامەڵەکەمان لەگەڵ زنجیرەی ڕابـــردوو، ڕانەبردو و داهاتوودایە. هەموویان لە فۆرمی (هەبوو)دان و لە دوورەوە کاریگەرێتییان بەسەر یەکدییەوە هەیە.

ئەم کاریگەرێتییەش دوو جۆرە، بزواندن و چوونەناوەوە. ئەگەر چوونە ناوەوە بێـــت تێڕامان دوو بابەتی دەروونی جیاواز بە یەک شت دەبینێت. ئاکامی ئەمەش بابەتێکی نوێی تێهەڵکێشـــراوە. ئـــەم بابەتە نوێیەش لەنێو خۆیدا خەســـڵەتی بابەتەکانی پێشـــوی هەڵگرتوە. کاریگەرێتی بزاواندن، بەپێچەوانەی کاریگەرێتی چوونەنـــاوەوە، دوو بابەتەکە تێهەڵکێش ناکات. هەر یەکێک لە ئەوان لە جێگەی خۆیاندا دەمێنێتـــەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتی دەروونـــی فۆرمێکی ڕێکخراوە و فرەلایەنـــە. هەموو بابەتەکە کتوپڕ کاردەکاتە ســـەر هەمووی بابەتێکی دیکە. ئاکامەکەشی کارتێکردنێکی سیحراویی دوورە لەسەر بابەتێکی دیکە. بۆ نموونە، شەرمەزارییەکەی دوێنێ بووە هۆکاری بزاواندنی مەزاجی ئەمڕۆم.

لەڕاستیدا ئەم کارتێکردنە لە دوورەوە سیحراوی و ناماقوڵە. نەزۆکی هەوڵدانی دەروونناســـە هۆشەکییەکانیش بۆ مانەوەیان لەسەر پلەی دەروونی و بەستنەوەی [ئەم بزاواندنەش] بە یاسای هۆکارێکی هۆشگەرییەوە دەسەلمێنێت.

پرۆست، لەڕێگەی هۆشەکییەوە بەردەوام هەوڵیداوە پەیوەندییە هۆشەکییەکان، کە دەبن بە هۆکار بۆ یەکدی لەنێوان دۆخە دەروونییەکاندا بدۆزێتەوە. لەکۆتاییشدا بەم ئاکامەی خوارەوە گەیشتووە:

ئەو کاتەی (سوان) توانی (ئۆدیتە) بە بێ ڕق و کینە بهێنێتە بەرچاوی، بیر لە جوانی زەردەخەنەکەی بکاتەوە، ئەو کاتەی حەزو ئارەزووی ویستی (ئۆدیتە) لای خۆی گلبداتەوە بەبێ غیرە لەوانی دیکەی دووربخاتەوە، خۆشەویستییەکەی جارێکی دیکە ڕوویکردە ئەو تام و خۆشییەی ئۆدیتە پێی دابوو. خۆشییەک، کە لە نیگایەک، زەردەخەنەیەک یان دەنگە ناسکەکەیەوە هەستی پێدەکرا. خۆشییەک جیاواز لەوانی دیکە و[سوان]ی ئارام و هەستکردن بە پێویستی[ئۆدیتە]ش لەلای زۆرتر دەکرد...................................
لەبەرئەمە، پاش دەرهێنانی غیرە لە خۆشەویستییەکەیدا بەرانبەر ئۆدیتە ناسکتر بووەوە.

بەدڵنیاییـــەوە ئەم دەقە پەیوەندی بە کێشـــەیەکی دەروونییەوە هەیە. چەند سۆزێکی تاکە کەسێکی تێدا دەبینین و هەر یەکەیان کاردەکاتە سەر ئەوەی دیکە. پرۆســـت هەوڵی ڕوونکردنەوەیـــان دەدات و دەیەوێت ئێمە لە هەڵچون و داچونی ئەزمونەکەی سوان تێبگەین. پرۆست نایەوێت ئاکامی ئەزموونەکە (بۆ نموونە، لە ڕق و کینەی نێو غیرەوە بۆ نەرم و ناسکی خۆشەویستی) باسبکات؛ ئەو دەیەوێت باسی ئەو گۆڕانکارییە بکات لە ئەزمونەکەدا دۆزیویەتەوە.

ئایا ئاکامی ئەم شیکردنەوەیە چییە؟ ئایا ناماقوڵیەتی کێشـــە دەروونییەکان لاچـــووە؟ چۆن غیرە دەبێت بە هاندەر بۆ دوورخستنـــەوەی [خۆشەویستەکەی] لە کەســـانی دیکە؟ چۆن (ئەو کاتەی غیرە دەبێت بە بەشێکی خۆشەویستییەکە، وەکـــو تەڵخکردنـــی قاوەکە) ڕێگەی نـــادات تامی ئەو خۆشییە بکـــات ئۆدیتە، وەکـــو کـــەس دەیداتێ؟ چۆن خۆشـــی دەبێت بە پێویستی؟ چـــۆن غیرە لەنێو خۆشەویستیدا پەیدا دەبێت و ئۆدیتە لە کەســـانی دیکـــە دووردەخاتەوە؟ چۆن خۆشەویستی پاش ڕزگاربوونی لە غیرە نەرمی و ناســـکی دروستدەکات؟ لێرەدا، پرۆســـت بە شێوەیەکی میتافۆری باسی کێشەکەمان بۆ دەکات. میتافۆرەکەشی یان بەو جۆرەی ئەو بیر لە کێشـــەکە دەکاتەوە هانـــدان و لایەنە ناماقوڵەکەمان بـــۆ دەرناخات. هەوڵدانەکەی ئێمە بـــەرەو ڕاڤەکردنێکـــی میکانیکی بۆ شێوازە دەروونییەکان پەلکێش دەکات. لەبەرئەمـــە ڕوونکردنەوەکەی کەموکورتی تێدایە و کارتێکردنەکەشـــی بۆ جیاکردنەوەی شێوازەکان بنەڕەتی نییە. پێویستە واز لە کەمکردنـــەوەی لایەنە ناماقوڵەکان بۆ هۆکارە دەروونییەکان بهێنین. ڕووکردن لە

هۆکـــاری دەروونی نزمدانانی ڕەهەندە کاتییەکانی بوون—بۆ—خۆیە. ئەم بوونە لە دوورەوە و لە دەرەوەی خۆیدا لەنێو خۆیدایە. زانا دەروونناســـەکان دەبێت ڕاڤەی ئەم لایەنە ناماقوڵانە و پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەن و بە بابەتی ڕاســـتەقینەی نێو جیهانی دەروون دایبنێن.

کەوابـــوو، ئاگمەندی تێرامانـــە. ئاگامەندییەکی بەردەوامـــە و بەردەوامبوونی دەروونیش لەنێو ئاگامەندییدایـــە. کاتی دەروونیش بەتەواوی لەناودەچێت ئەگەر بوون—بۆ—خۆ لەســـەر زەمینەیەک ڕاوەســـتێت، کە تێڕامانی نەبێت. لەم ڕووەوە کاتـــی دەروونی لە کاتە بنەڕەتییەکـــە دەچێت و پەیوەندی نێـــوان بابەتەکانی دروستدەکات.

بەڵام جیاوازییەکەی لەگـــەڵ کاتی بنەڕەتییدا لەوێدایە، کە ئەم لەو کاتەشدا، کە کاتـــی بنەڕەتی خۆی دەردەخـــات، هەیە. لێرەدا کاتـــی دەروونی ڕابردووە، تەنانـــەت داهاتووشی، وەکو ڕابـــردوو دوای ڕانەبردوو دێت. ئەمەش فۆرمێکی بێ ناوەڕۆکـــی لەپێشـــتر و پاشترە. هاوکات، ئەم کاتـــە دەروونییە، کە خۆی نابێت بـــە بناخە بۆ بوونی خۆی و دەبێت بەردەوام دروســـتبکرێت. کاتێکە لە (ئێستا) هەبووەکان پێکهاتـــوە. هەر یەکێک لەم (ئێستا)یانە لەنێو هەمووی دەروونەکەدا، لـــە دوورەوە کاردەکەنە ســـەر یەکدی. ئەمەیە لەگـــەڵ بەردەوامی لە فەلسەفەی برگسۆندا بەراوردمانکرد. ئەو کاتەی مامەڵەش لەگەڵ تێڕامانی ناڕەواندا دەکەین، ئـــەو تێڕامانەی دەڕوانێتە بوونی من و دەستنیشـــانم دەکـــات بەو جۆرەی هەم، ئەوا جیهان و کەســـانی دیەکەش دەردەکەون. ئەم جیهانە، کە ئامادەیە و بابەتی گونجاوی تێڕامانمە جیهانی دەروونیی منیشە. لە ڕوویەکەوە بوونی ئەو لە فۆرمێکی ئایدیا[بیرۆکە]دایـــە و لـــە ڕوویەکی دیکەوە شتێکە هەیە. شتێکە دروســـتکراوە، هەروەها خۆی بۆ ئاگامەندیش دەرخستوە.

لەســـەرو ئەمەوە، جیهان لەبەردەم بوون—بۆ—خۆدا ڕاستەقینەیە. لە ڕێگەی جیهانـــەوە بوون—بۆ—خۆ دەتوانێت ببێت بەوەی دەیەوێت. من، بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی دژی کەسێکم بۆ ماڵی ناڕۆم. یان بەگوێرەی حەز و ڕقم بڕیار لەسەر کارێک دەدەم؛ لەبەر ئەوەی زوو توڕە دەبم و هەڵدەچم لەگەڵ بەرانبەرەکەمدا مشـــتومڕ لەسەر کێشەیەکی ڕامیاری ناکەم.

لەگەڵ بوونی جیهانی دەرەوەدا، کە پێکهێنانێکی نەبڕاوەیە یەکێتی بوونیش، وەکـــو لایەنێکی ناوەکـــی و بە بابەتبوونی کاتـــە بنەڕەتییەکە خۆی دەردەخات. لەگەڵ لایەنی ناوەکییـــدا لایەنی دەرەکیش دەدۆزینـــەوە؛ بوون—بۆ—خۆ لایەنی دەرەوە بە چاوەکانی خۆی دەبینێت، کە لایەنێکی ڕاستەقینەی ڕووتە. لە دواییدا ڕوونیدەکەینەوە چۆن بوون—بۆ—کەسانی دی ئەم لایەنە دەرەکییە دەبینێت.

بەشی سێیەم

بەرزێتی

بــۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان ســەبارەت بــوون— بۆ—خۆ پڕ و تــەواو بێت، لەبارەی هەڵوێستی ڕەتدانەوە دەدوێین. لەپێشتریش ڕوونمانکردەوە پرسیارکردن و وەڵامدانــەوەش ئەگەری هەمیشــەیی (نە-بوون)ی لە دەرەوە و ناوەوەی ئێمەدا هەڵگرتوە. مەبەستی سەرەکی ئێمە دۆزینەوەی هەڵوێستی ڕەتدانەوە لە بونیادی بوون—بۆ—خۆدا نییە. ئێمە لە پێشــەکی [ئەم نوسراوەدا] توشی گرفتێک هاتین و هەوڵی چارەسەرکردنیماندا: ئایا پەیوەندی بنەڕەتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بە بوونی دیاردەکانەوە یان بوون—لەنێو—خۆوە چییە؟ هەروەها لە پێشــەکییەکەدا بۆچوونی ئایدیالیست و ڕیالیستەکانمان بۆ چارەســەرکردنی ئەم گرفتە پەسەند نەکــرد. دەرکەوت، کــە هەبوویەکی بــەرز [دەرەکی] ناتوانێت کاربکاتە ســەر ئاگامانــەی و ئاگامەندیش ناتوانێــت بە دەربڕینی لایەنــە ناوەکییەکانی بابەتە بەرزەکە دابمەزرێنیت. لەم ئاکامەوە بەو خاڵە گەیشــتین، کە پەیوەندی بنەڕەتی لەگــەڵ بووندا دەرەکی نییە و بەســتنەوەی دوو جەوهــەری جیاواز و لە یەکدی دابڕاو دەرناخات. "پەیوەندی نێوان لایەنەکانی بوون سەرهەڵدنێکی سەرەتاییە". ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە گوتمان، "بونیادی هەبووەکان پێکدەهێنێت." هەبوویەکی کۆنکرێتی وەکو هەموویەکی تێهەڵکێشراو خۆی دەردەخات. ئاگامەندی لایەنەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە و دایدەمەزرێنێت.

هەرچەندە لە ڕوویەکەوە ئاگامەندی ڕوتکراوە و دوور ڕادەوەستێت و دیاردەکانیش —تەنانــەت دیاردەی بونیش— بەهەمان شێــوە دوور و دابڕاون و ناتونن ببن بە دیاردە، ئەگەر خۆیان بۆ ئاگامەندی دەرنەخن، هێشتا بوونی دیاردەی یان بوون—لەنێو—خۆ بەو شێوەیەی هەیە بە ڕووتکراوە و دابڕاو دانانرێت.

بوونی ئەو لەسەر خۆی ڕادەوەستێت. بەڵام، لەلایەنێکی دیکەوە تێگەیشتنمان لە بوون—بۆ—خۆ دەریدەخات چۆن ئەو لایەنە لەناو براوە؛ بوون—بۆ—خۆ دەکات بە (نەبوون) بۆ خۆی. هەروەها چۆن ئەم بوونە لەنێو یەکێتییە ئۆنتۆلۆجییەکەی ڕەهەندەکانی کاتدا دەژی.

کەوابوو، لە کاتێکدا جەخت لەســەر پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خــۆدا، وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی دەکەین، پێویستە ئەم پەیوەندییە بە

پێکهاتـــەی بوون—بۆ—خۆ، نەک بوون—لەنێو—خـــۆ دابنێین. پێویستە لە بوونی بوون—بۆ—خۆدا بە شوێن کلیلـــی پەیوەندییەکە بگەڕێین. ئەو پەیوەندییەی، کە بە زانین ناوزەدی دەکەین. بوون— بۆ—خۆ بەرپرســـی پەیوەندییە لەگەڵ بوون—لەنێو—خۆدا.

ئێمە ئەو کاتەی ئاگامەندییمان بەو بوونە دانا، کە لە بوونیدا پرسیارکردن هەیە، پێشبینی ئەم پەیوەندییەمان کرد. بەڵام لەو کاتەوە ئەم پێناسەیەمان بۆ ئاگامەندی داناوە، زانینی زۆرترمان پەیداکردوە. بەتایبەتی دەزانین چۆن ئەم بوونە دەبێت بە بناخەی نەبوونی خۆی. ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتوە ئەم زانینە لە پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆدا لەســـەر بناخەکانی بیر و کردەوە باسبکەین؟ ئایا بەو قۆناخە نەگەیشـــتوین بتوانین وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکەمان بدەینەوە؟ ئێمە ڕوونمان کردەوە چۆن بوون—بۆ—خۆ دەبێت بە بنەڕەتی ئەو شێوازی بوونەی، کە پێش تێڕامان دەکەوێت. ئایا ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەم پرســـیارانە بدەینەوە؟ مادامەکـــی بوون—لەنێو—خۆ ئەو بوونەیە، کـــە هەیە، چۆن و بۆچی بوون بۆ—خۆ دەبێت بە زانینی ئەو بوونە؟ یان ئایا بەگشتی زانین چییە؟

١. زانین وەکو پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆدا

تەنیـــا زانینی ڕاســـتەوخۆ و بە حەدەس هەیە. ســـیلۆجیزم و بەڵگەدانان بە هەڵـــە بە زانین دانراون. ئەمانە ئامێری گەیشـــتن بـــە زانینن. بۆ حەدەس چەند میتۆدێک بەکاردەهێنین؛ لە حاڵەتی نەگەیشتن بە بابەتەکە هۆش و بەڵگە لەودیو حەدەســـەوە دەبن بە هێما. ئەگەر بەو بابەتەش بگات و بەڵام لە ئێستادا نەبێت بـــە شێوازێکی ئاگامەندی من، ئەو ڕێنماییانەی بەکاریان دەهێنم وەکو پاشماوەی ئەزمونەکانم دەمێننەوە و دێکارت گوتەنی دەبن بە "یادەوەری بیرۆکەکان". ئەگەر کەســـێک داوای پێناسەی حەدەس بکات، هوســـرڵ، کە زۆرینەی فەیلەسوفەکان لەگەڵیـــدا هاوڕان، وەڵام دەداتـــەوە و دەڵێت؛ ئامادەبوونـــی شتێکە لەبەردەم ئاگامەندییدا. زانین، کەوابوو، بەو جۆرەی لە بەشی پێشـــوتری ئەم نوســـراوەدا باسمانکرد، شێوازێکی بوونە یان ئامادەبوونە. ئێمە ئەو خاڵەشمان ڕوونکردەوە، کـــە بوون—لەنێو—خۆ ناتوانێت ئامادەبێت. ئامادەبوون شێوازی بوونی بوون—بۆ—خۆیـــە. لێرەدا ناچار دەبین کێشـــەکە هەڵبگێڕینەوە و پێناســـەکەمان بەمجۆرە دابمەزرێنین: حەدەس ئامادەبوونی ئاگامەندییە لەبەردەم شتێکدا. لەم بۆچوونەوە پێویستە واتا و خەسڵەتی ئەم ئامادەبوونە ڕوونبکەینەوە.

لە ســەرەتاوە، هەرچەنــدە واتای ئاگامەنــدی بەتــەواوی ڕووننەکرابووەوە، ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەکرد، کە ئاگامەندی ئاگاییە لە شتێک. لەم خاڵەوە دەبینین ئاگامەنــدی خۆی لە هەموو شتێکی دیکــە جیادەکاتەوە و هەمانکات بوونێکە لە خۆی ئاگایە؛ ئەو ئاگامەندییەی ئاگایی لە شتێک نییە، ئاگاییە لە هیچ. بەڵام ئێمە لــەم قۆناخانەدا بە واتای ئاگامەندی یان بوون—بۆ—خۆ گەیشــتوین، لەبەرئەمە دەتوانین بپرســین: ئایا مەبەست لەو خاڵە چییە، کە دەڵێین ئاگامەندی دەبێت ئاگایی بێت لە شتێک، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییەوە؟

ئێمە دەزانین بوون—بۆ—خۆ بناخەی نەبوونی خۆیەتی. مەبەســتی تیرامانیش تێرامانــە. تێرامانیش هەمیشــە تێرامانــی تێرامانە. دوو لایەنی ئــەم تێرامانە پەیوەندییــان بە یەکدییەوە هەیە. بەڵام ئەگــەر پەیوەندییەکە لەنێوان ئەم دوو لایەنــەدا بمێنێتەوە، ئــەوا یەکدیش لەنێودەبەن. پێویستــە تێرامان، لە پێناوی مانــەوەی خۆیــدا، ڕوو لە بابەتێک بکات. ئەگەر خــودی تێرامان شتێک بوایە و ڕووی لە شتێک نەکرایە، ئەوا دەبوو بە بوون—لەنێو—خۆ نەک تێرامان. تیرامان لە بوون—بۆ—خۆدا تێرامانکردنە. ئەگەر تێرامان بەمشێوەیە بناسرێت لە تێرامانکراو جیادەبێتــەوە و دیاردە و ڕاســتەقینەکەشی دەبن بە دوو لایەنــی جیاواز؛ لەم حاڵەتەدا کۆجیتۆش مەحاڵ دەبێــت. تێرامان کتوپڕ دەبێت بە شتێک لەبەردەم تێراماندا و دەبێت بە هیچ. ئەوەی تێرامانی تێرامان پێناس دەکات، ئامادەبوونە لە بەردەم تێراماندا. تەنانەت خۆشی، بێ بیرکردنەوەش، کە دڵمان خۆشدەکات یان دەمانهێنیتە پێکەنین، ئامادەبوونێکی تێرامانانەیە. بەڵام لەپێشتر باسمانکرد، کە نەبوون بونیادێکی پێویستی ئامادەبوونە. ئامادەبوون ڕەتدانەوەیەکی ڕادیکاڵانەی ئەوەیە، کــە نییە. من ئەو شتە نیم لەبەردەم مندا خۆی قوتکردۆتەوە. هەروەها ئەو (نە-بوون)ەو لەنێو هەموو بیردۆزەیەکی زانیندا مەرجێکی لەپێشترە. مەحاڵە بەبێ ئەم ڕەتدانەوەیە و بەبێ جیاکردنەوەی ئاگامەندی لە بابەتەکەیەوە بیرۆکەی بابەتێک ســەرهەڵدات. ئەمەش بە ئاسانی چەمکی (جیاوازتر لە خۆ)ی بە ئێمە دەدات و بــۆ جیهانی دەرەوەی خۆ بەکاریدەهێنین. لەڕاســتیدا، پێکەوەگرێدانی بیرۆکەکــان، پێکهاتە دەروونییەکان، ڕەوتــە نەگەڕاوەکانی نێو کات و گەڕانێکی لــە کۆتایــی بەدەر، بۆ پێکهێنانــی بابەتێک یارمەتیمان نادەن. ئــەو بابەتە بە دژوەســتاو بەرانبەر من دانانێن ئەگەر ڕەتدانەوەکە لەپێشتر نەدرابێ و نەبووبێت بە زەمینەیەکی لەپێشتر بۆ ئەزموونەکان.

شتێک، پێش هەموو بەراوردکردنێکی یان پێکهێنانێکی، ئەوەیە خۆی لەبەردەم ئاگامەندییــدا قوتبکاتەوە و هەمانکات ئاگامەندیــش نەبێت. پەیوەندی بنەڕەتی ئامادەبــوون، کە دەبێت بە بناخەی زانین ڕەتدانەوەیە. بوون—بۆ—خۆ ڕەتدانەوە دەهێنێتە نێو جیهانەوە؛ مادامەکی ئەو شتەی لەبەردەم ئاگامەندییدا ڕاوەســتاوە

شتێکه هەیە و خاوەنی ناسنامەیە، ئەوا نابێت بەو شتەی بوون—بۆ-خۆ نییە چونکە ڕەتدانەوە لەو شتەوە پەیدانابێت و سەر بە بوون—بۆ—خۆیە. هەروەها، ڕەتدانەوە لەو دەستەواژەیەدا نییە ئێمە بۆ حوکمدان بەسەر شتەکەدا دروستی دەکەین و نکۆڵی لە لایەنێکی دەکەین. ئەم جۆرە ڕەتدانەوەیە لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە بوون—بۆ—خۆ، وەکو جەوهەرێکی پڕ و تەواو دابنرێت. ڕەتدانەوەی ڕاستەقینە لەوێدایە، کە بوون—بۆ—خۆ خۆی بە بوونێکی جیاواز لە شتەکەی بەردەمی دەبینێت. لە ئاکامدا، پێناسەکەی پێشوترمان بۆ ئاگامەندی بەمجۆرە دادەمەزرێت: "بوون—بۆ-خۆ ئەو بوونەیە، کە لە بوونیدا پرسیارکردن سەرهەڵدەدات چونکە ئەم بوونە ئەوە نییە، کە هەیە و دەیەوێت ببێت بە بوونێکی جیاواتر لە خۆی."

زانین، کەوابوو، شێوازێکی بوونە. ئەو پەیوەندییە نییە پاش ڕوودانێک لەنێوان دوو بووندا یان لە چالاکی نێوانیان ڕوودەدات. هەروەها چۆنیەتیش نییە. بەڵکو ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆیە؛ خۆناسینی بوون—بۆ—خۆیە، لە ئامادەبوونەکەیدا، وەکو بوونێکی جیاواز لەو شتەی بەرانبەری ڕاوەستاوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوون— بۆ—خۆ دەبێت لە شێوازی تێڕاماندا بێت تاکو بتوانێت خۆی لە بابەتی تێڕامانەکەی جیا بکاتەوە. بابەتی تێڕامانەکە لە دەرەوەدا ئەو بوونە دیاریدەکات، کە بوون—بۆ—خۆ نییە. ئەمەش واتای "ئاگایی لە شتێکەوە" [بۆ ئێمە] ئاشکرادەکات. پێویستە واتای ڕەتدانەوەی بنەڕەتی زۆرتر ڕوونبکەینەوە. لەڕاستیدا، دەبێت دوو جۆر ڕەتدانەوە لەیەکدی جیابکەینەوە: ڕەتدانەوەی دەرەکی و ڕەتدانەوەی ناوەکی. یەکەمیان پەیوەندییەکی دەرەکییە لەنێوان دوو بووندا و گەواهێکیش ئاماژەی بۆ دەکات. کاتێک، بۆ نموونە، من دەڵێم

"پیاڵە شوشەی مەرەکەب نییە،" ئاشکرایە بناخەی ڕەتدانەوەکە [نییە] لە پیاڵەکە یان لە شوشەی مەرەکەبەکەدا نییە. ئەم دوو بابەتە ئەوەن، کە هەن و لەوە زۆرتریش بە چی دیکە نابن. من ڕەتدانەوەکەم لە نێوانیاندا بەبێ گۆڕانکاری لە بوونیاندا داناوە. ئەوانیش لەگەڵ دانانی ڕەتدانەوەکەدا تۆزقاڵێک خەسڵەتی خۆیان نەدۆڕاندوە یا چی دیکە نەخراوەتە سەر بوونیان. ڕەتدانەوەکە هەژار یان دەوڵەمەندی نەکردوون، لەبەرئەمە ڕەتدانەوەیەکی دەرەکییە. واتای جۆری دووەمی ڕەتدانەوەش ئاشکرا دەبێت ئەگەر سەرنجێک لەم دەستەواژانەی، وەکو "من دەوڵەمەند نیم." یان "من جوان نیم." بدەین. ئەم دەستەواژانە تەنیا ئەوە ناگەیەنن، کە گوتەبێژەکە جۆرە کەمییەکی هەیە یان جۆرێک خەسڵەت لە بوونیدا نییە، بەڵکو ئەو نەبوونییە کاردەکاتە سەر بونیادی ناوەوەی ئەم بوونەش. کاتێک دەڵێم، "من جوان نیم" ئاماژە بۆ سنورداریێتی خۆم لە ڕێگەی نکۆڵیکردنەکەوە ناکەم، تاکو بوونم بپارێزم و گۆڕان تیایدا ڕوونەدات (بەو جۆرەی دەڵێم "گوڵدانەکە سپییە و خۆڵەمێشی نییە"- یان "شوشەی مەرەکەبەکە لە سەرمێزەکە نییە و لەنێو

چەکمەجەکەدایە.") دەمەوێ بڵێم "جوان نەبوونم" خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوونی منە. بوونی من لەناوەوە دەردەخات، وەکو ڕەتدانەوە خەسڵەتی ڕاستەقینەی منە. ئەم ڕەتدانەوەیەش هۆکاری خەمباری یان سەرنەکەوتنم لە ژیاندا دەردەخات.

ڕەتدانەوەی ناوەکی پەیوەندییە لەنێوان دوو بووندا بە مەرجێک نکۆڵیکردنەکە لە بوونی یەکێکیاندا و نەبوونی ئەوەی نکۆڵیلێکراوە لە ناوەڕۆکییدایە. لێرەدا ڕەتدانەوەکە دەبێت بە پەیوەندییەکی ناوەڕۆکی لەو بوونەدا. ئاشکراشە ئەمجۆرە ڕەتدانەوەیە بەسەر بوون—لەنێو—خۆدا ناسەپێنرێت. بە سروشت لەنێو بوون—بۆ—خۆدایە. بوون—بۆ—خۆ ئەو بوونەیە لەبوونیدا ئەوە نییە، کە هەیە. ڕەتدانەوەی ناوەکی لەنێو جیهاندا ئەو کاتە سەرهەڵدەدات، کە ئێمە دەڵێین ئەو مروارییە ڕاستی نییە، میوەکە پێنەگەیشتوە و هێلکەکە تازە نییە هتد. بوون—بۆ—خۆ ڕەتدانەوەی ناوەکی دەهێنێتە جیهانەوە. زانین تەنیا خەسڵەتی بوون—بۆ—خۆیە. تەنیا ئەم بوونە دەتوانێت بە شێوەیەکی جیاوازتر لە بابەتە زانراوەکەی خۆی ببینێت. لێرەدا دیاردە و بوون دەبن بە یەک شت چونکە بوون—بۆ—خۆ دیاردەی خۆیەتی. بوون—بۆ—خۆ بوونی بابەتەکە لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت و هەمانکات وەکو شتێکی جیاوازتر لەو بابەتە پرسیار لەبارەی بوونی خۆیەوە دەکات. دەبێت خۆمان لەو جۆرە وەهمە بپارێزین، کە گوایە، بۆ پێکهێنانی بوونی خۆم نەک، وەکو هەبوویەکی هەندەکی، پێویستە پێش کات یان زانین لەبارەی ئەم بوونەوە بکەوم. من ناتوانم حوکم بەسەر جیاوازییەکانی نێوان خۆم و ئەو بوونەدا بدەم، کە هیچی لە بارەوە نازانم. دروستە، ئێمە لە ئەزموونی ڕۆژانەماندا جیاوازی نێوان خۆمان و مرۆڤێکی یابانی، ئینگلیز، کرێکاریک یان فەرمانبەرێک، نازانین تاکو زانیاریمان لەبارەی جیاوازییەکانی نێوان ئەم بوونانەوە نەبێت. بەڵام ئەم جیاوازییانەی لە سەرچاوەی ئەزمونەکانەوە، دەدۆزرێنەوە سود بە ئێمە ناگەیەنن. ئێمە دەمانەوێت لە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی بکۆڵینەوە، کە دەبێت بە بناخەی دامەزراندنی هەموو ئەزمونێک و لێوەی فێردەبین چۆن بابەتێک لەبەردەم ئاگامەندییدا خۆی دەردەخات. مەحاڵە من ئەزموونی بابەتێکم، وەکو بابەت هەبێت و ئەو بابەتەش من نەبم ئەگەر من بڕیار لەسەر بابەت بوونی بابەتەکە نەدەم. بەپێچەوانەشەوە، سەرهەڵدانی لەپێشتری بابەتە ئەزمون پێکدەهێنێت. سەرهەڵدان فاکتۆریکی بنەڕەتی بوون—بۆ—خۆیە و ئامادەبوونی ئەم بوونەیە، وەکو بوونێکی جیاواز لەبەردەم بابەتەکەدا. ئەوەی پێویستە لێرەدا بکرێت وەرچەرخانی چەمکەکانە لە ڕوونکردنەوەی پێشوماندا و بەمشێوەیە باسەکە دابمەزرێنین: پەیوەندی بنەڕەتی، کە بوون—بۆ—خۆ تیایدا، وەکو هەبوویەکی هەندەکی لەبەردەم بابەتەکەیدا خۆی دەرناخات، بناخەی هەموو زانینێکی ئەم بوونەیە. بەڵام بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم پەیوەندییە پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە.

ڕاســـتی لەنێو ئەو دەســـتەواژەیەدا و وەهمی ڕۆشنبیران لەوێدایە، من نەتوانم خۆم بەو بابەتە بکەم، کە هەمیشە بە منەوە وابەستبووە. نکۆڵی لەوە ناکەم من هەبوویەکـــی هەندەکیم، ئەگەر لە دوورەوە خۆم لەم بوونە ڕاگرم. ئەگەر بوونێک بناسم و ئەو بوونە لەنێو خۆیدا بێت ئەوە شتێکە، کە هەیە. ئەمەش ڕێگە نادات ژوورێک لەم بوونەدا بۆ زانین و ڕەتدانەوە هەبێت. لەم ڕووەوە، ڕەتدانەوەی ناوەکی پەیوەندییەکـــی ئۆنتۆلۆجییە. ئێمە مامەڵە لەگـــەل ئەو ڕەتدانەوە ئەزمونگەریانە ناکەیـــن، کە تیایاندا ئـــەو خەســـڵەتانەی نکۆڵییان لێکراوە بـــە ئامادەبوونیان لەیەکدی جیاکراونەتەوە. لە ڕەتدانەوەی ناوەکییدا بوون—بۆ—خۆ دەکەوێت بەسەر نکۆڵیلێکراوەکەدا. بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم خەسڵەتە نکۆڵیلێکراوەکاندا ئامادەیە. لەبەردەمیانـــدا هێزی ڕەتدانـــەوە و نوێکردنەوە دەخاتەگەر. لـــەم بۆچوونەوەوە خەســـڵەتە نکۆڵیلێکراوەکان دەبـــن بە فاکتۆری پێکهاتوی ئـــەم بوونە؛ بوون—بۆ—خـــۆش لە دەرەوەی بوونی خۆیدا لەبەردەمیاندا ڕادەوەســـتێت. ئەوانیش، بۆ ئەوەی ڕەتبدرێنەوە، دەبێت هەبن. بەکورتییەکەی، بنەڕەتی ڕەتدانەوەی ناوەکی لـــە بوون—بۆ—خۆدا، ئەو شتەی لە دەرەوەدایە یان لە دەرەوەی ئەودا هیچ نییە، ئـــەو نەبوونەی لە شتێکی هەبوو بە ڕەتدانـــەوەی ڕەوان جیادەکرێتەوە، دەبن بە ناوەڕۆک.

گرفتـــی ماتەریالیزم، لە پێکهێنانـــی زانیندا لەوەدایـــە ماتەریالیزم دەیەوێت جەوهەرێـــک لە ڕێگـــەی جەوهەرێکی دیکەوە دەربهێنێت. هێشـــتا ئەم گرفتە بۆ ئێمە ڕێگر نییە چونکە لـــەو باوەڕەداین لە دەرەوەی بوون—لەنێو—خۆدا، بێجگە لـــە تێڕامـــان هیچی دیکە نییە. ئـــەم هیچیەش، کە دوو بەشـــی لێبۆتەوە لەبەر ڕۆشنایی بوون—لەنێو—خۆدا پێناس دەکرێـــت. لەم پەیوەندییەدا، کە دەبێت بە بناخـــەی ڕەتدانەوەی ناوەکی و زانیـــن، بوون—لەنێو—خۆیە، وەکو کەس دەبێت بە ئەســـتونێکی پڕ و بوون—بۆ— خـــۆش بەو بۆشاییەی بـــوون— لەنێو—خۆی لێدابڕاوە.

مادامەکی بوون—بۆ—خۆ ئەوەیە، کە نییە ئەوا لە دەرەوەی بوونی خۆیدا لەنێو بـــوون— لەنێو—خۆدایە؛ یەکەم پەیوەندی نێوان بوون— بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆدا، کەوابوو، بوونە. بەڵام ئـــەم پەیوەندییە کەمی یان ئامادەنەبوون نییە. لە ئامادەنەبوندا بوونی من دەبێت بەوەی، کە من نییە، شتێکە نییە یان لەوێدا نییە. بوونـــی من، لەنێو پڕی ئەزمونەکانمدا بۆشایی داگیری دەکات. لەلایەکی دیکەوە، لە زانیندا، بەو جۆرەی ئێمە بە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی دادەنێین، ئەو بوونەی لە منـــەوە جیاوازە بوونێکـــی لەنێو—خۆی پڕ و ڕەقە. منیـــش، بەپێچەوانەوە، ئامادەنەبـــوون و هیچـــم. لەو شێـــوازی بوونەدا، کە بە زانین نـــاوزەدی دەکەین ئەو بوونەی ڕووبـــەڕووی دەبینەوە و بەردەوام لەوێدایە شتە زانراوەکەیە. ئەوەی

زانینەکەی لایە نییە و نەناســراوە. ئەو بێجگە لــەو بوونەی شتەکانی بەرانبەری دەردەخـــات چی دیکە نییە. بابەتێک بە تەنیا ناتوانێت ئامادە یان ئامادە نەبێت و شتێکە هەیــە. بەڵام ئامادەبوونی شتە زانراوەکە، ئامادەبوونە لەبەردەم هیچدا چونکــە ئەوەی زانینەکەی لایە تێڕامانێکی ڕەوانی نەبوونە؛ ئامادەبوون پێویستی بــە هەموو لایەنە شەفافەکانی بوون—بۆ—خۆ و بابەتی زانراو لەگەڵ ئامادەبوونی ڕەها هەیە. بۆچوونی ســایکۆلۆجییانە و ئەزموونگەری پەیوندییە بنەڕەتییەکە بۆ خولیابوون دەگەڕێنێتەوە. لە خولیانووندا، کە زانین ڕاســتەوخۆ سەرهەڵدەدات، کەسەکە هیچێکی ڕەها و ڕەتدانەوەیەکی ڕەوانە؛ خۆی لە هیچ شوێنێکدا نادۆزێتەوە و نییە. لــە خولیابووندا بێجگە لە بابەتێکی هەرەمــەزن لە بیابانی بووندا، چی دیکە نابینرێت. هەروەها حەدەسی خولیابوونەکەش لەگەڵ بابەتەکەیدا یەکناگرن. خولیابوون پێویستی بــە بەرزکردنەوەی پلەی بابەتەکەیەتی لەنێو بەســتنێکی بەتاڵەوە. ئەمەش من دەکات بە ڕەتدانەوەی ڕاستەوخۆی بابەتەکە.

ئێمــە ڕەتدانەوەی ڕەوانیش لەگەڵ ئەو حەدەســە یەکانەگییانەی بووندا، کە ڕۆســۆ بــە ڕووداوی کۆنکرێتیی دەروونــی نێو مێژوو ناوزەدیــان دەکان، پەیدا دەکەیــن. ئەو، لەو باوەڕەدایە، لــەم دۆخانەدا لەنێو جیهاندا تواوەتەوە و جیهان بووە بــە ئامادەبوونێکی ڕەها و هەموویەکی لەمەرج بــەدەر. بێگومان دەتوانین لــەم ئامادەبوونەی جیهان تێبگەیــن، هەروەها دەزانین لــەم دۆخەدا بێجگە لە جیهــان چی دیکە نەبینراوە. بەڵام ئەمە ئەوەش دەرناخات، بەو جۆرەی ڕۆســۆ باسیدەکات، یەکگرتنێکی تەواو لەنێوان ئاگامەندی و جیهاندا ڕوویدابێت. یەکگرتن واتای توانەوەی بوون—بۆ—خۆ لەنێو بوون—لەنێو—خۆدا دەبەخشێت. دروستە لە بۆچوونــی یەکانەگی بووندا بێجگە لە جیهــان هیچی دیکە نییە. ئەمەش بوون—لەنێو—خــۆ بە زەقی ئامادەدەکات و دروســتە چونکە زانیــن ئامادەبوونە و[لە زانیندا] هیچ شتێک ئاگامەندی و بابەتی زانراو لەیەکدی دانابڕێت.

هەندێکجــار، حەدەس بــە ئامادەبوونێکی ڕاســتەوخۆی بابەتەکە لەبەردەم ئاگامەندییدا پێناســکراوە. بــەڵام زۆرکەم بیرمان لــە هەلومەرجەکانی چەمکی ڕاســتەوخۆ کردۆتەوە. ڕاستەوخۆیی ئامادەنەبوونی ناوەندە. ئەگەر ناوەند هەبێت ئەوا ئێمە ناوەندەکە نەک شتە ڕاســتەوخۆکە دەناسین. ئەگەر ناوەندیش نەبێت پێویستە بە یەکجار بەردەوامــی و پچڕاندن لە ئامادەبوونەکەی نێوان ئاگامەندی و بابەتــی زانراودا ڕەتبدەینــەوە چونکە بەردەوامی پێویســتــی بە ناوەند هەیە. کەوابوو، بونیادی بابەتەکە گومدەبێت؛ بوون—بۆ—خۆ بەتەواوی نکۆڵی لە بوونی بابەتەکە، وەکو بوون—بۆ—خۆ دەکات. هێشــتا، ئێمە پەیوەندی بنەڕەتی بوون—

بۆ—خۆ لەگـــەڵ بوون—لەنێو—خۆدا بە نابـــەردەوام دانانێین. جیاکردنەوەی دوو شتی نابەردەوام لەیەکدییەوە بۆشایی دروســـتدەکات، بـــۆ نموونە، ئەو بۆشاییە هیچە، بەڵام هیچێکی ناسراوە. ئەم هیچە ڕاستەوخۆیی ئامادەبوونەکە لەناودەبات و دەبێت بە شتێک. مادامەکی پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆ بەردەوامی و نابەردەوامیش نییە، ئەوا نکۆڵیکردنێکی ڕەوانی ناسنامەیە.

بـــۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەمان، پەنا بـــۆ بەراوردکردن دەبەین. دوو هێڵی چەماوە بە یەکدەگەن و ئامادەبوونێک بەبێ ناوەند دەهێننەکایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چـــاوی ئێمە لە یەککگرتنەکەیاندا هێڵێکی ڕاســـت دەبینێت. ئەگەر ئەو دوو هێڵە چەماوانـــە شاراوە بوونایە ئێمە تەنیا هێڵێکمان لـــە (ئەلف)ەوە بۆ (با) دەبینی و نەمـــان دەتوانـــی دوو هێڵەکە لەیەکدی جیابکەینەوە. لەڕاســـتیدا، ئەوەی لە یەکیـــان جیادەکاتەوە هیچە؛ ئەوەی هەیە بەردەوامی و نابەردەوامی نییە، بەڵکو ناســـنامەیەکی ڕووتە. دوای ئەمە، ئێمە دوو هێڵەکە دەناســـینەوە و دەزانین دوو شتی جیاوازن. هۆکاری ئەمەش لەوەدایە، کە هەر یەکێک لەم هێڵانە ڕەتدانەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە.

ئەوەی لەیەکدیان جیادەکاتەوە هیچە، تەنانەت دووریش نییە؛ ڕەتدانەوەیەکی ڕووتە دژی تێهەڵکێشـــبوونەکەیان ڕادەوەســـتێت. ئەمەش باشتر ئێمە بە واتای پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئاگامەندی و بابەتی زانراو دەگەیەنێت.

دەردەکەوێت، ڕەتدانەوە پێویستی بە شتێکی لەپێشـــتر بۆ پێکهێنانی بوونی هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر بڵێم شوشەی مەرەکەب مێز نییە، ئەوا شوشەی مەرەکەب و مێـــز دوو بابەتن، کە هەن و پێکهاتـــون و بوونیان، وەکو بوونێکی—لەنێو—خۆ پشـــتگیری ڕەتدانەوەکە دەکات. بەڵام لە پەیوەندی نێوان (زانەر و زانراو)دا هیچ شتێک لەلایەن زانەرەوە بۆ پشتگیری ڕەتدانەوەکە نییە. جیاوازی (لەوێدا) لەنێوان زانەر و زانراودا نادۆزرێتەوە. ئەو ڕاستییەی زانەر و زانراو دەریدەخەن بوونە. لەم ڕووەوە دەتوانیـــن بڵێین زانین بە تەنیا ڕاوەســـتانی بابەتە زانراوەکەیە. دیاردەی زانین هیچ بۆ بوون زیاد ناکات و داناهێنێت. بوون دەوڵەمەند ناکات چونکە زانین ڕەتدانەوەی ڕووتە و تەنیا بوون دەردەخات.

دەرخستنـــی بوونیش ناوەکـــی نییـــە و ڕەتدانەوەیە. لـــەم ڕووەوە، هەموو دەرخستنێکی لایەنی پۆزەتیڤی بوون لایەنی نایاری ئۆنتۆلۆجییانەی ڕەتدانەوەی ڕەوانـــە لـــە بوونـــی بوون—بۆ—خۆدا. بۆ نموونە، لە دوایشـــدا ئەمـــە دەبینین، دەرخستنی شوێن لە بووندا ئاماژەکردنە بۆ بوونی بوون— بۆ—خۆ، وەکو شتێکی درێژ نەبوو. درێژبوونی بوون—بۆ—خۆش خەسڵەتێکی پۆزەتیڤ، لایەنی شاراوەی

گیانەکی لەودیو خەسڵەتە نێگەتیڤەکانەوە نییە؛ پەیوەندییەکی سروشتی ئەم بوونەیە. لە ڕێگەی درێژبوونی بوون—لەنێو—خۆدا ئەم پەیوەندییەی خۆی، وەکو شتێکی درێژ نەبوو دەدۆزێتەوە. بوو—بۆ—خۆ لەپێشدا خۆی بە درێژنەبوو نابینێت تاکو درێژبوونی بوون— لەنێو—خۆ لە شویندا نەبینێت. چەمکی درێژنەبوون لە ڕەتدانەوەی درێژبووندا واتا دەبەخشێت.

درێژبوون حوکمدانێکی بەرزە، کە بوون—بۆ—خۆ لە نکۆڵیکردنی درێژبووندا دروستی دەکات. لەبەرئەمەش چەمکی ئاگایی، کە دوو واتای ئۆنتۆلۆجیمان بۆ دانا، پەیوەندی ناوەکی نێوان بوون و زانینمان بۆ ئاشکرا دەکات.

من ئاگام لە پرۆژەیەکە چونکە پرۆژەکە بە بوون دەگەیەنم. هەمانکات بە درێژیی ژیانم ئاگام لە بارودۆخی خۆمە و پرۆژەکەش بە پرۆژەی خۆم دادەنێم. ئاگام لە تێکچوون و دژواری تێگەیشتنە.

زانین بوون (لەوێدا) دادەنێت و لە تێڕامانەکەدا بەهێزی ڕەتدانەوەوە دەڕوانێتە بوون. ئەوەی ڕاستەقینەیە زانراوە. ئێمە بەرزێتی بەو ڕەتدانەوە ناوەکییە دادەنێیین، کە بوون—لەنێو—خۆ دەردەخات و خەسڵەتەکانی بوون—بۆ—خۆ دەستیشان دەکات.

٢. سەلماندن وەکو ڕەتدانەوە

لە ئاستی چ بوونێکدا بوون—بۆ— خۆ ئامادەیە؟ ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ وا دەردەکەوێت باش دانەنرابێت. بوون ئەوەیە، کە هەیە؛ ئەو شتە نییە تاکو لە پرسیارکردنەکەدا بڵێین (چ شتێکە؟) ئەم پرسیارەش پڕ واتایە ئەگەر لەنێو جیهاندا بکرێت. لە ئاکامدا بەو خاڵە دەگەین، کە بوون—بۆ—خۆ ناتوانێت لە ئاستی ئەم بوونەدا نەک بوونێکی دیکەدا ئامادەبێت چونکە ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ دەبێتە هۆکار بۆ بوونی ئەم شتە نەک ئەو شتە.

نموونەکانمان ئەوەی دەرخست، کە بوون—بۆ—خۆ بوونێکی هەندەکی نییە. ئەمەش لە باسکردنەکەمان بۆ پەیوەندی زانین پێش ڕوونکردنەوەی بونیادی ڕەتدانەوەی دەرکەوت. ڕەتدانەوە لە پلەی دووەمدا خۆی بەرجەستەکرد. ڕەتدانەوە وەکو بەرزێتییەکی بنەڕەتی (ئەم) شتە نییە؛ بەڵکو دەبێت بە هۆکار بۆ بوونی (ئەم) شتە.

ئامادەبوونی بنەڕەتی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم بووندایە. ئایا دەتوانین بڵێین ئامادەبوونەکەی لەبەردەم هەموو بووندایە؟ ئەمە بۆ هەڵەکەی پێشومان دەگەڕێنێتەوە. هەمووی بوون لە ڕێگای بوون—بۆ—خۆوە پەیدا دەبێت. هەمووگیری

بوون پێویستی بـــه پەیوەندی ناوەکی لەنێون فرەلایەنەکـــان و فرەلایەناکانیش پێویستییـــان بـــە هەمووگیرییەکی ناوەکی بۆ لایەنەکان هەیـــە. لێرەدا زۆرکردن دەبێـــت بە تێهەڵکێشـــکردن. هەمووگیری بوون ئەو بوونـــە پەیدادەکات، کە لە ئامادەبوونەکەیـــدا هەموو بوونی خۆیەتی. ئەمەش لـــە تەوانای بوون—بۆ—خۆدا دەبینرێت. بوون—بۆ—خۆ لـــە ئامادەبوونەکەیدا لەبەردەم بوونێکدا تێدەگات، کە ئـــەو ئامادەبوونە لەبەردەم هەموو بووندا مادامەکـــی هەمووگیری پەیوەندییەکی ناوەکییـــە لەنێوان (ئەوان)دا ئەوان لە ڕێگەی دەرخستنی تاکەکانەوە[ئەو یان ئەم شتەدا] دەدۆزرێتەوە. ئەمەش لە تێگەیشتنی بوون—بۆ—خۆ و لە ئامادەبوونەکەدا ئاشکرا دەبێت. ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەنێو جیهاندا ئامادەبوونێتی لەبەردەم شتێک یان چەند شتێکدا. دەتوانین ئەمەش هەڵگەڕێنینەوە و بڵێین، ئامادەبوونی لەبەردەم شتێکی تاکدا بەستراوە بە تێگەیشتنمان لە ئامادەبوونی لەنێو جیهاندا. هەستکردن بە ئامادەبوون لەنێو جیهاندا دادەمەزرێت.

جیهانیش دەبێت بە زەمینە بۆ ســـەرهەڵدانی هەموو هەســـتکردنێک. ئەوەی پێویستە بیسەلمێنین ئەو خاڵەیە، کە چۆن ســـەرهەڵدانی بوون—بۆ—خۆ بوونی (هەمووی) شتەکان یان (ئەوان) دەهێنێتەکایەوە.

ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم هەمووی بووندا، لەو ڕاستییەوە هاتووە، کـــە بوون—بۆ—خۆ دەبێت لەو شێوازی بوونەدا بێت، کە ئەوە نییە هەیە. لێرەدا هەمووی بوون لەبەردەم بوونێکدا ڕادەوەســـتێت، کە نییە. ڕەتدانەوەی بنەڕەت، لەم ڕووەوە، ڕادیکاڵانەیە. بوون—بۆ—خۆ بە ئامادەبوونی لەبەردەم بووندا هەمووی خۆیەتـــی، هەمـــووی ڕەتدانەوەیە و لە بەرئەمە ڕەتدانەوەی هەمووی بوونیشـــە. کەوابـــوو، هەموو جیهان دەبێـــت بە پێکهاتەی بوون بەبێ ئـــەوەی هەمووگیری وەدەســـت بهێنین. لە ڕێگەی جیهانەوە بوون—بۆ—خۆ دەتوانێت هەمووی خۆی، وەکو شتێکی نا- هەموو بناسێت.

واتـــای بوونی بوون—بۆ—خۆ لە دەرەوەی بوونـــی خۆیدا پەیدادەکرێت، بەڵام هێشتا بوون—بۆ—خۆیە واتا بە بوون دەبەخشێت. ئەم هەمووگیرییەی بوون بێجگە لـــە دەرخستنی بوون هیچی نوێ ناخاتە ســـەر بوون، وەکـــو شتێکی جیاواز لە بوون—بۆ—خۆوە چی دیکە نییە. ئـــەو بوونەش لە دەرەوەی بوون—بۆ—خۆدایە. دەرخستنـــی هەمووی بـــوون هیچ شتێک بۆ بوون زیاد ناکـــات. ئەگەر ئێمە دوو پیاڵە لەســـەر مێزەکە ببینین و بیانژمێرین، ئەو ژماردنەمان کاریگەرێتی بەســـەر بوون یان ســـروشتی پیاڵەکانەوە ناخاتەگـــەر. هەمانکات[ئەو دەرخستنە] ئاماژە بۆ لایەنێکـــی ناوەکی ڕووتی بوون—بۆ—خۆ ناکات. بـــەڵام ئەگەر بوون—بۆ—خۆ ئـــەو نەبوونە بێت، کە (ئەو شتـــە لێرەدا) دەردەخات ئەوا بـــوون لە بنەڕەتەوە دەبێت (هەمـــوو) بێـــت. کەوابوو، زانیـــن جیهانە. هایدیگـــەر گوتەنی؛ جیهان و

دەرەوەی ئەو نەبوونەیە. بەڵام ئەو نەبوونە ئەوە نییە ڕاستەقینەی مرۆڤی تێدا پەیدادەبێت. ئەم نەبوونە خودی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە و ڕەتدانەوەیەکی ڕادیکاڵە، کە جیهان تیایدا سەرهەڵدەدات. تێگەیشتن لە بوونی جیهان، وەکو شتێکی هەمووگیر بوونی[ئێمەش]لەنێو جیهاندا، کە نەبوونێکە ئەو هەمووگیرییە بەردەوام دەهێڵێتەوە، دیاریدەکات.

لەڕاستیدا، ئەو نەبوونە ڕەهایە لە دەرەوەی هەمووی جیهاندا هەمووگیرییەکە دەسەلمێنێت. لەبەرئەمەیە هەمووگیری هیچی زیادە ناخاتەسەر بوون چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو نەبوونەوە پەیدادەبێت. ئەم نەبوونە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە بەردەوام لەو دیو بوونەوە و بە نەبوونییەوە لە خۆی تێدەگات. دەتوانین بڵێین، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەمووی بوونی مرۆڤ دەردەخات یان ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ڕێگەنادات لەوێدا بێجگە لە بوون چی دیکە لە دەوەی بووندا هەبێت. ئەم دوو دەستە واژەیە واتایەکیان هەیە. ئەم نەبوونە ئەگەرە بۆ ئەوەی لەودیو جیهانەوەیە و لەوێدایە، (١) دەبێتە هۆکاری دەرخستنی بوون، وەکو جیهان و(٢) ئەو ئەگەرەش ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە. لەگەڵ ئامادەبوون لەبەردەم بووندا خولی دەروون پێکدەهێنیت.

ئەگەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی خۆی بەودیو ڕەتدانەوەی کۆنکرێتی بگەیەنێت، ئەوا ناتوانێت هەمووگیری ڕاتدانەوەکان وەدەست بهێنێت. هەروەها ئەگەر ئاگامەندی ڕەوانی ڕەتدانەوە جیانەکراوەکان بێت ناتوانێت خۆی بسەلمێنێت. لەم حاڵەتەدا نابێت بە هەمووگیرییەکی کۆنکرێتی. ئەو لەوێدا هەمووگیرەکە لە ڕێگەی ڕەتدانەوەکانی دیکەوە لە ڕەتدانەوەیەکی کۆنکرێتی خۆی ڕزگاردەکات. لەوێدا هەمووگیرە ئەگەر بەرەو هەموو بوونی خۆی بکەوێتە ڕێ و بەشەکانی خۆی جێبهێڵێت. ئەگینا ئەو دەبێت بەو شتەی ئێستا هەیە و بەو هەمووەی بوونی ناگات، کە هێشتا پەیدای نەکردوە. بەشێکی بونیادی ڕەتدانەوە دەبێت لەنێو زەمینەی ڕەتدانەوە دیاری نەکراوەکانەوە سەرهەڵدات. ئەو زەمینە بوونی منە. منیش، لەگەڵ جیاکردنەوەی بوونی خۆم لە بوون—لەنێو—خۆوە، خۆم دەناسم. ئەو شتەی لەوێدا لەبەردەم مندا دانراوە (من) نییە. ئەو شتەش، لەنێو بەستێنی بوون بەگشتییەوە خۆی دەردەخات و خۆی بە من دەناسێنێت.

پەیوەندی نێوان ئەو شتە و هەمووی بوون سەرچاوەی پەیوەندی نێوان شێوە و زەمینەیە لە بیردۆزەی گێشتاڵتدا باسکراوە.(ئەو) شتە هەمیشە بە زەمینەیەکەوە بەستراوە؛ ئەوەندەی بوون—بۆ—خۆ ڕەتدانەوەیەکی دیارینەکراوی ڕادیکاڵانەیە، ئەویش لەنێو هەموویەکی دیارینەکراوی بووندایە. لەکاتێکدا شتێکی دیکە لەبەردەم ئاگامەندییدا قوتدەبێتەوە، شتەکەی پێشو جارێکی دیکە لەنێو هەمووە دیارینەکراوەکەدا خۆی وندەکات. بوونی منیش بە شێوەیەک خۆی

دەردەخـــات، کە ئەوەو ئەویش نییە. ئەوە، وەکو نە-بوون و بوونی ئەویش نییە. لەم بەســـتێنەوە ڕەتدانەوەکەی ئێستام بەرانبـــەر ئەو شتە دەردەکەوێت، ئەگینا ڕەتدانەوەکـــەم لەنێو ڕەتدانـــەوە نادیاریکراوەکاندا دەتوێتـــەوە. خۆ دەرخستنی ئەو شتـــە لەنێو زەمینە هەمووگیرەکـــەدا پەیوەندی بـــە هەڵوێستێکی تایبەتی ڕەتدانەوەی بوون—بۆ—خۆوە هەیە. ئەو شتە هەیە چونکە من هێشـــتا نەبووم بە هێـــزی ڕەتدانەوەی داهاتوو، هەروەها بەتەواویـــش ڕەتدانەوەکانی ڕابردووی خۆم نیم. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێت بوونی ئاگامەندی، وەکو ڕەتدانەوەیەک لەســـەر زەمینەی هەموو ڕەتدانەوە ڕادیکاڵەکانی ڕادەوەستێت.

بوون—بۆ—خـــۆ جیهان نییە. شوێـــن، بەردەوامی و ماتەر بەگشـــتی بوون—لەنێو—خۆن. بەڵام جیاکردنەوەکە لەســـەر ئەوە دادەمەزرێت، کە بوون—بۆ—خۆ ئـــەو مێزە، ئەو پەرداخە و ئەو ژوورە نییە. ئەمەش لەســـەر زەمینەی ڕەتدانەوە هەمووگیرییەکەدا دادەمەزرێت. بوونی (ئەو شتە) ئاماژە بۆ ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە دەکـــات. ڕەتدانەوەیەکـــی ڕادیکالانە، کە نکۆڵی دەکـــات و هەمانکات خۆی بەو شتەوە بە دەزوییەکی ئۆنتۆلۆجییەوە گرێـــدەدات. لەم ڕووەوە (ئەو)، وەکو (ئەو) لە ڕێگەی خۆگەڕانەوە بەرەو زەمینەی جیهان دەردەخات. سەلماندنی بوونی، کە بناخەی سەلماندنەکانی دیکەیە، دەبێت بە ڕەتدانەوە.

پێویستـــە بزانین ئـــەم ڕەتدانەوەیە- لە ڕوانگەی بوونی (ئەو)ەوە- بەگشـــتی بیرۆکەیە. هیچ شتێکی زیادە ناخاتەســـەر بوون و کەمیشـــی ناکات. ئەو بوونەی ڕووبـــەڕووی دەبینەوە نابێـــت بە شتێکی دیکەو پەیداش نابێـــت چونکە شتێکە هەیە. لە دەرەوەی بوونی خۆیدا ڕاناوەســـتێت تاکو ناسنامەکەی لەنێو بەستێنە هەمووگرییەکـــەوە نکۆڵی لێبکرێـــت. ڕەتدانەوەی (ئەو) شتـــە بوونێک دەیهێنێتە کایـــەوە، کـــە لەبەردەم هەمووی بووندا و ئەم و ئـــەو شتەش ئامادەدبێت. بەڵام مادامەکی نکۆڵیکردنەکە بوونـــی بنەڕەتی ئەو شتە، خۆی دەهێڵێتەوە و گۆڕانی بەســـەردا ناهێنێت ئەوا ڕەتدانەوەکەی دەرەکییـــە؛ پەیوەندی نێوان ئەو شتە و هەمووش دەرەکییە. دەبینین [لێرەدا] سەلماندن دەبێت بە ڕەتدانەوەی دەرەکی و بەستراویشە بە ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی ڕادیکاڵەوە، کە (من)ە. ئەمە واتای شاراوە و ئاڵۆزی جیهانە، وەکو تێهەڵکێشـــەیەکی هەمووگیر و کۆی هەموو (ئەو) شتانە خۆیـــان دەردەخەن. بەڵام، مادامەکی جیهان، وەکو زەمینەیەکی هەمووگیر خۆی دەردەخـــات و بوون—بۆ—خۆ دەبێت بە (نەبوون) بۆ بوونـــی خۆی، ئەوا جیهان دەبێت بە دیارینەکراو. مادامەکی ئـــەم دیارینەکردنەشی لەودیو دیارینەکردنێکی کۆنکرێتـــی و لەناوبردنی ئەو شتەیە ئێستـــا لەبەردەمماندایە ئەوا جیهان، وەکو ســـندوقێک هەمیشـــە لەبەردەســـتماندا بۆ کردنەوە و دەرهێنانی (ئەو) شتانەی تیایدایە ئامادەیە.

ئـــەو کاتەی لە زەوییەکی پان و بەرین نزیـــک دەبینەوە شتە وردیلەکانی نێو زەوییەکەمـــان لائاشکرا دەبێـــت. بەهەمان شێوە لـــە تاقیکردنەوەیەکی فێرگەی گیشتاڵتدا ئەو بەستێنە گشتییەی دەبینرێت کتوپڕ دەبێت بە جیهانی شتە وردیلە و زۆرەکـــان. بەمجۆرە جیهـــان، وەکو پەیوەندییەک لەنێـــو شتە فرەلایەنەکان و هەمووگیرییەکەدا، ئەو بەستێنە بەرفراوان و هەمووگیرەیە، کە تێهەڵکێشکردنێکی بنەڕەتی پێکناهێنێت. بەردەوام بوونی جیهانیش، وەکو خەسڵەتێکی فۆرمەلیستی دەبێـــت بە زەمینـــە بۆ بەردەوام نەبوونـــی ئەو شتانەی پەیوەنـــدی دەرەکییان لەگـــەڵ هەمووگیری جیهاندا هەیە. ئەمجۆرە پەیوەندییەشە لەنێوان بەردەوامی و نابەردەوامییدا پێناســـە بۆ شوێن دادەنێت. شوێـــن بوون نییە، بەڵکو پەیوەندی جوڵاوی ئەو بوونانەیە، کە پەیوەندیدار نین. ســـەربەخۆیی تەواوی هەموو بوونە-لەنێو—خۆکانـــە و بـــۆ ئەو بوونە خۆی دەرخستوە، کە لەبـــەردەم هەموو بووندا ئامادەبووە. شوێن دەرەوەیە. دەرەوەبوونی شوێنیش سەر بە هیچ بوونێک نییە، بـــە تەنیا نییە و ناتوانێت خۆی پەیدابکات. بوون لە شوێندا لەســـەر پەیوەندی نێـــوان بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ هەمووی جیهان و یەک شتدا ڕادەوەســـتێت. شوێن جیهان نییە، بەڵکـــو گۆڕانکارییەکە لە هەمووی جیهاندا چونکە جیهان بەردەوام دەبێـــت بە زۆربوون و فرەلایەنی شتە دەرەکییەکان. شوێن شێوە و زەمینە نییە، بەڵکـــو زەمینەیەکی ئایدیاڵییە و لەنێو شێوە زۆرەکاندا دەتوێتەوە. بەردەوام یان نابەردەوام نییە، بەڵکو گۆڕانێکی هەمیشـــەییە لە بەردەوامییەوە بۆ نابەردەوامی. شوێن ئەوە دەســـەلمێنیت، کە بوون—بۆ—خۆ لە دەرخستنی بوونێک (لە ئەوێدا) بـــە ئامادەبوونەکەی هیچی زیادە ناخاتە ســـەر بوون. شوێن تێهەڵکێشـــەیەکی ئایدیالییە؛ هەموویەکە لە جیهانەوە پەیدادەبێت. شوێن ڕێگەش بە حەدەســـێکی کۆنکرێتی نادات بیدۆزێتەوە چونکە بوونی نییە. شوێن پشـــت بە کات بۆ بوونی دەبەســـتێت چونکە بوونێک دەیهێنێتە جیهانەوە، کە کاتییە. شوێن پەیوەندی بە بوونێکەوە هەیە، کە بۆ تێگەیشتن لە خۆی لە بوونی خۆیەوە دەردەچێت. شوێن بۆ (ئەو) شتە بۆ بوونی زیادنەکراوە و بەڵکو شوێنە بۆ ئەوە. پەیوەندی دەرەکی ئـــەو شتە بە زەمینەکەوە دیاریدەکات. لێرەدا بێســـودە بڵێین شوین فۆرمێکە و لەڕێگەی بونیادێکی لەپێشـــتری هەستکردن بەســـەر دیاردەیەکدا سەپێنراوە.[51]

٥١ لێرەدا سارتەر دژی بۆچوونەکەی کانت لەبارەی کات و شوێنەوە ڕادەوەستێت. بۆ کانت، کات و شوێن دوو فۆرمی لەپێشترن بۆ هەستکردن، بەڵام کات و شوێن بە ڕێگەی هەستکردنەوە نادۆزرێنەوە. مرۆڤ هەست بە هەر بابەتێک بکات پێویستە ئەو بابەتە و مرۆڤەکەش لە پێش هەمووشتێکدا یان پێش سەرهەڵدانی زانینەکە لەنێو کات و شوێندا بن. کەوابوو، کات و شوێن دوو پێشمەرجی بنەڕەتین بۆ ئەزمونی هەستکردن. کانت لە بەشی یەکەمی پەرتووکی یەکەمییدا بە درێژی باسی کات و شوێنی کردوە. (وەرگێڕ)

شوێن فۆرم نییە چونکە هیچە. ســەبارەت بە بوون—بۆ—خۆش، ئەگەر ئەم بوونە شوێن نەبێت، لەبەرئەوەیە، کە خۆی وەکو بوون—لەنێو—خۆ نابینێت. ئەو لەگەڵ نکۆڵیکردنی بوونــی خۆی، وەکو شتێکی دەرەکی و دەرچوون لە بوونی خۆیەوە بڕیار لەســەر دیاریکردنی شوێن دەدات. هەروەها پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو-خۆ دەرەکییەکی شاراوە نییە.

پەیوەندییەکــەی لەگــەڵ بوون— لەنێو—خۆیــدا ڕەتدانەوەیەکــی ناوەکییە. لەبەرڕۆشنایــی ئــەم پەیوەندییەشدایە بوون—لەنێو—خۆ بــەردەوام پەیوەندییە دەرەکییەکەی لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهاندا دروســتدەکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە باســی ئەو بوونە بکەین ڕەتدانەوەی دەرەکی دەبێت بە خاوەنی و بوون—بۆ—خۆش دەیهێنێتە جیهانەوە.

ئێمە دەزانین ئەو بوونە سەر بە (ئەو) شتە نییە. ڕۆژنامەی سەرمێزەکە ناتوانێت بڵێــت، کە ئەو مێزەکە نییە. لەم حاڵەتــەدا ڕۆژنامەکە دەبێت لە دەرەوەی خۆیدا ڕاوەســتێت و ڕەتدانەوەکەشی ناوەکی بێت؛ لە بوون—لەنێو—خۆوە دەبێ ببێت بە بوون—بۆ—خۆ. پەیوەندییەکە لەنێوان ئەو یان ئەم شتەدا نییە، بەڵکو بەبێ ئەوەی ببێت بە ئەوان لەنێو خۆیدا کۆیان دەکاتەوەو وەکو خۆیان جێیان دەهێڵێت.

لێرەدا دەستەواژە ناسراوەکەی ســپینۆزا "هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەیە"، کە هیگڵ گرنگییەتییەکەشی ناســیوە، دەگۆڕیــن. بانگەشەی ئەوە دەکەین، کە هەر سەلماندنێک لە بوونی ئەو شتە باسکراوەدا نەبێت ڕەدانەوەیەکی ئایدیالییە. تەنانەت ئەگــەر شوێن ســایکۆلۆجیزمی ڕەخنەگرانــەی ئەزمونگەریش بکەوین هێشــتا ناگەینە ئەو باوەڕەی بابەتە دەروونییەکە خاوەنی ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی تێهەڵکێشراو بێت.

هیــچ هۆکارێکیش نامانگەیەنێتــە ئەو باوەڕەی بوون—بۆ—خــۆ ڕەتدانەوەی دەرەکی نێوان بابەتە دەرەکییەکان لەناوبەرێت، لە کاتێکدا بوون—بۆ—خۆ خودی ڕەتدانەوەکە نەبێــت. لەبەرئەمە، ڕەتدانەوەی دەرەکی، وەکو پێکهاتەیەکی (ئەو) شتە خەســڵەتی شتەکە نییە و لەناو ئەویشــدا نییە. مەبەســت لە پێکهاتەش ئەو خەســڵەتەیە لــە بنەڕەتەوە لەنێو ئەو بوونەدا بێــت. ئەمەش بەو خاڵەمان ناگەیەنێــت، کە ڕەتدانەوەی دەرەکی لەنێو خودی بوون—بۆ—خۆدا بێت. بوون—بۆ—خۆ ڕەتدانەوەی ناوەکی ڕووتە؛ بوونی ڕەتدانەوەی دەرەکی لەنێو بوون—بۆ—خۆدا دەبێتە هۆکاری ڕووخان و لەناوچوونی بوونی.

بوونی دەرەکی ئەو "لەنێو هەوادا" دەیهێڵێتەوە و لە دەرەوەی بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆدا ڕایدەگرێت. لەبەرئــەوەی دەرەکییە، ئەمجۆرە ڕەتدانەوەیە بەتەنیاش ڕاناوەستێت و پشــت بە هیچیش نابەستێت. لە بنەڕەتەوە بوونی ئەو سەربەخۆ نییە و هەمانکات بۆ هیچ جەوهەرێکیش ناگەڕێتەوە. ئەو هیچە.

لەڕاســـتیدا هیچە چونکە شوشە مەرەکەبەکە، مێزەکە، سەبیلی جگەرەکە یان پەرداخەکە نییە. ئێمە ئەو شتە، وەکو شوشەی مەرەکەب دەبینین.

هەمانکـــات ئەگەر بڵێم، "شوشە مەرەکەبەکە مێزەکـــە نییە" من بیر لە هیچ ناکەمـــەوە. کەوابوو، ســـەلماندن هیچ نییـــە، وەکو بونیادێکـــی ناوەکیش نە لە ئاگامەنـــدی و نە لەنێو شتەکەدایە. بوونی ئەو بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ ڕەتدانەوەی ناوەکییدا ئەو کاتەی بوون—لەنێو—خۆ، وەکو شتێکی جیاواز لە بوون—بۆ—خۆوە خۆی دەردەخات، پەیدای دەکات.

٣. چۆنیەتی، چەندەکی، هێزەکی و ناوەندیکردن

چۆنیەتی بوونی ئەو شتەیە، کە پاش داماڵینی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ جیهـــان و شتەکانی دیکەدا خۆی دەردەخات. زۆرجار چۆنیەتی بە خەســـڵەتێکی ســـادەی ناوەوە دانراوە و بە لایەنێکی دەرونییـــەوە گرێدراوە. لێرەدا، گرفتەکە، بەوجـــۆرەی دەردەکەوێـــت، دۆزینـــەوەی لایەنە پێکهاتوەکانـــی بابەتێکە، وەکو یەکێتییەکی بەرزی هەموو چۆنییەتیەکانی. ئێمە لەپێشـــتر باســـمانکرد، کە ئەم گرفتە چارەسەر ناکرێت. ئەگەر چۆنیەتییەک ناوەکی بێت، ناتوانێت خۆی بکات بە خەسڵەتێکی دەرەکی. گریمان یەکێتی بابەتێک لەودیو چۆنیەتییەکانییەوە دانراوە؛ هەریەکێک لە ئـــەوان دەبێت کاریگەرێتییەکی دەروونی بەســـەر ئێمەوە هەبێت. بەڵام ڕەنگی زەرد لە لیمۆدا لە تێگەیشـــتنێکی دەروونی ئێمەوە ســـەرهەڵنادات. زەردییەکە لیمۆکەیە. لیمۆکە بە حوکمی چۆنیەتییەکانی هەیە. چۆنیەتییەکانیش پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. ترشی لیمۆکە لە ڕەنگ زەردییدایە و ڕەنگ زەردی لیمۆکەش ترشییە. ئێمـــە ڕەنگی کێک دەخۆین، ڕەنگی کێکەکەش ناوەندێکە بۆ دەرخستنی شێوەکەی و ئەو شتەی بە حەدەســـی خواردەمەنی ناوزەدی دەکەین. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، ئەگەر پەنجەم بخەمە نێو شوشەیەک مرەباوە ساردی و لینجی مرەباکە تامە شیرینەکەی بە پەنجەم دەگەیەنێت. شلی، ساردی، ڕەنگ و جوڵەی ئاوەکە لە حەوزەکەدا لە یەک ســـاتدا بەڕیز خۆیان نیشانی من دەدەن؛ تەفسیری هەموو ئەو خەســـڵەتانەش پێکەوە (ئـــەو) شتە دەردەخات. ئەمەش لە ئەزمونی هونەرمەندەکانی شێوەکارییدا، بەتایبەتی سیزان، ئاشکرا دیارە. هوسرڵ لەوێـــدا بە هەڵەدا چـــووە، کە دەڵێت تێهەڵکشـــکردنە پێویستییەکە بەبێ مەرج ڕەنگ و فۆرم پێکەوە دەبەســـتێتەوە. لەڕاستیدا فۆرم ڕەنگ و ڕووناکییە. ئەگەر هونەرمەندێکی شێوەکار یەکێک لەوانە بگۆڕێت ئەوی دیکەش گۆڕانی بەسەردادێت. ئەمەش لەبەرئەوە نییە، کە ئەم دوو خەســـڵەتە بە یاســـایەک پێکەوە گرێدراون، بەڵکو هەردووکیان یەک شتن.

لەم ڕووەوە چۆنیەتی بوون هەمووی بوونە. چۆنیەتی ئامادەبوونی ڕەهای ئەو بوونە پێکهاتووەیە. ئێمە بە ناسـینی چۆنیەی هیچ شتێک ناخەینە سـەر بوون. ناسـینەکەمان تەنیا بوون، وەکو ئەو شتە لەوێـدا دەردەخات. چۆنیەتی لایەنی دەرەکـی بوونێک نییە. ئـەوەی خاوەنی ناوەوە نەبێـت دەرەوەشی نییە. بەڵام بۆ ئەوەی چۆنیەتـی هەبێت ئەبێت بوونێک بۆ نەبوون هەبێت، کە لە بنەڕەتەوە هیچە.

هێشـتا بوون لەنێو خۆیدا چۆنیەتـی نییە. بەڵکو چۆنیەتی هەمووی بوونە و لەنێو سنوری (ئەو) شتەدا خۆی دەردەخات. ئەو دەرەوەی بوون نییە؛ لەبەرئەوەی بـوون بۆ بوون نییە، ئەوا چۆنیەتی هەمووی بوونە. ئەمەش [ڕاسـتیەکە]بۆ ئەو بوونەی، کـە دەتوانێت خۆی لەو بوونە جیابکاتـەوە. پەیوەندی بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ چۆنیەتیدا ئۆنتۆلۆجییانەیە.

ناسـینی چۆنیەتـی هەڵوێستێکـی سـیستی وەرگرتن نییـەو ئاگامەندیش بوون—لەنێو—خـۆ نییە تاکو ببێت بەو شتەی هەیـە. بوون—بۆ—خۆ لە ڕیگەی چۆنیەتییەوە ئەو شتەی بەردەمی دەناسـیت. بۆ ئـەوەی بوون—بۆ—خۆ ڕەنگی سوری کتێبەکە ببینێت، پێویستە خۆی، وەکو ڕەتدانەوەی ناوەکی ئەو چونیەتییە دابنێت. ناسینی چۆنیەتی، بەو جۆرەی هوسرڵ بۆیدەچێت، خۆ تەواوکردن نییە، بەڵکو فۆرمێکی دەستکەوتوە لەو بۆشاییەدا. لەم ڕووەوە، چۆنیەتی لە دەرەوەی دەسـتەڵاتی ئێمەدا، دەبێت بە ئامادەبوونێکی نەبڕاوە. تاکو ئێستا کێشەی زانین چارەسەرنەکراوە و لەگەڵ خواردندا بەراوردکراوە. گوایە بابەتە زانراوەکە دەخورێت و هەزم دەکرێت. زانەرەکەش پڕدەکاتەوە. ئێمە لە باسـکردنی بنەڕەتی دیاردەی هەسـتکردندا وابۆیدەچین پەیوەندی نێوان چونیەتـی و ئێمە نزیکبوونەوەیەکی ڕەهـا بێـت. بابەتەکە لەوێدا بەبێ ئەوەی خۆی لەناوبەرێت یان تەسـلیم بکات، لەبەردەم ئێمەدا دەردەکەوێت. نزیکبوونەوەی بابەتەکەش دووریی ئەو لە ئێمەوە دیاریدەکات. ئەو شتێکە لە دەرەوەی ئێمەدا ڕاوەسـتاوە. ئێمە خۆمان بە هەژار [لـە بارەیەوە] دەبینین. تێرامانمان، وەکو چۆن برسـییەک دەڕوانێتە خواردن و دەسـتی بە خواردنەکە ناگات، یان وەکو برسێتییەکەی (تەنتالۆس)، ئێمە زۆرتر خولیا و برسیتر دەکات. چونیەتی ئەو بوونە دەگەیەنێت، کە لە ئێمەوە جیاوازە و شێوازێکی بوونیشـە، کە[هێشتا] وەدەسـتمان نەهێناوە. ناسینی چۆنیەتیش بەسـتراوە بە ناسـینی شتێکەوە. چۆنیەتی هەرشتێک بێـت، خۆی وەکو بوون نیشان دەدات. ئەو بۆنەی بە چاوداخراوی بە لوتی مندا تێدەپەڕێت، پێش ئەوەی بزانم بۆنـی چییە، ڕامانێکی (ئینتباعێکی) دەروونـی نییە و بوونی خۆی هەیە. ئەو تیشـکەی بەیانیان بەرچـاو دەکەوێت بوونی خۆی هەیـە. ئەمەش ئاشکرا دەبێت ئەگەر کەسـێک بەوردی بیر لە بوونی چۆنیەتی بکاتەوە. بێگومان، وەکو

شتێکـــی هەبوو، خۆی بۆ لایەنە دەروونییەکە دەردەخات. ئەولایەنە دەروونییەش ئـــەوە نییە، کە ئێستا هەیە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، کاتێک دەڵێیین چۆنیەتی بوونی خۆی هەیە، مەبەســـتمان لە جەوهەر بوونی چۆنیەتی نییە. ئەوەی مەبەســـتمانە جیاکردنـــەوەی شێوازی بوونی چۆنیەتییە لە شێـــوازی بوونی بوون—بۆ—خۆوە. ڕەنگی ســـپی یـــان ترشی ڕەهەندەکانـــی کاتیان نییە. ئەگەر ئەو پرســـیارەمان لێبکرێـــت، چۆن شتێک چۆنیەتی هەیە؟ لە وەڵامـــدا دەڵێین، ئەو شتە هەمووی خۆی لەسەر زەمینەی بوونی لەنێو جیهاندا دەردەخات. ئەمەش یەکێتییەیەکە لە هەموو هەبووەکاندا هەیەو لەیەکدیـــان جیاناکاتەوە. ئەوەی خۆی جیادەکاتەوە، بەرانبەر شتێک ڕادەوەســـتێت و چۆنیەتییەکەی دەدۆزێتـــەوە بوون—بۆ—خۆیە. هەڵوێستی ڕەتدانەوەی بوون—بۆ—خۆ، کە سەربەســـتی ئەم بوونە دەسەلمێنێت، بوون دەردەخات. ئەمەش سەلماندنێکی تەواوی بوونە لە ڕێگەی ڕەتدانەوەوە. بۆ ئەوەی بوون—بۆ—خۆ لە دەستەڵاتی ڕەتدانەوە تێبگات و بۆی ڕوونببێتەوە، کە ئەو شتە نییە، دەبێت تایبەتمەندێتی بوونی خۆی بناسێتەوە. ئەم سەلماندنە ڕەهایەی چۆنیەتی، وەکو بوونی (ئەو) شتە ســـەربە سەربەستی بوون—بۆ—خۆیە. شتێک نییە هەبێت، بەڵکو پەیدادەبێت. هەموو کەسێک بە چاوی خۆی دەتوانێت ببینێت، چۆن سەرهەڵدانی چۆنیەتی شتێک دەبێت بە فاکتۆرێکی سەربەستی. ئەو کاتەی من نەتوانم ڕەنگی زەردی تویکڵی پرتەقاڵەکە بوەســـتێنم، ئەوا من لە ناســـینی ئەو توێکڵە زەرد و زبرەدا بەرپرســـم. بەڵام پەیوەندی نێوان شێوە و بەســـتێن، تاکوڕادەیەک لـــە پەیوەندی نێوان شتێک و جیهانەوە جیـــاوازە. وادەردەکەوێت بەســـتێنەکە و شیـــوە لەنێو یەکدیدابن. من توێکڵەکە بـــە زەرد دەبینم، زبری و ڕەونەقی ڕەنگەکەشی بەستێنێکی ناوەکی هەیە. من لێرەدا، لایەنە یەکگرتوەکانم لەیەکدی جیانەکردۆتەوە و بوون بووە بەو شتەی لەبەردەممدایە. بەڵام ناســـینی بوون پێویستی بە پرۆسەی ڕوتکردنەوە هەیە. ڕوتکردنەوەش ناسینی چۆنیەتییەک نییە بە ئاســـمانەوە هەڵواسرابێت، بەڵکو ناســـینی (ئەو) چۆنیەتییە دەبێت بە زەمینەیەکی ناوەکی بۆ هاوتابوونێکی ڕەها. ڕووتکردنەوەی ڕەنگی زەرد لە بوونی ڕەنگەکە کەم ناکاتەوە. ڕووتکردنەوە، بەهەرحاڵ، ئامادەبوونە لەبەردەم بووندا و بوونـــە ڕووتکراوەکەش بوونی دەرەکی خۆی دەپارێزێت. بەڵام لە ئامادەبوونەکەدا لەودیو بوونەوە دەبینرێت و دەبێت بە شتێک لەدەرەوەدا ڕاوەستابێت. ئامادەبوون لەبـــەردەم بووندا ئەگەرێکی بوون—بۆ—خۆیە. ڕووتکردنەوەکەش دەبێت بە واتای چۆنیەتـــی بۆ ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ. ڕەنگـــە زەردە ڕووتکراوەکە واتایەکی پێکهاتـــوی ئـــەو شتە کۆنکرێتییەیـــە و خۆی بۆ من دەردەخـــات. ئەمەش ئێمە بەرەو ناوەندیکردن و کاتیەتی جیهان پەلکێشـــمان دەکات. دوایی بۆ ئەم باســـە دەگەڕێینەوە، لێرەدا ئەوەندە لەبارەی ڕووتکردنەوە، وەکو ئەگەرێک بەسەر بوون—

لەنێو—خۆدا سەپێنرابێت، بەسە بزانین. هەستکردن هەرچییەک بێت ڕووتکردنەوە هەمیشە شتێکی دروستکراوە. من لە داهاتووی خۆمدا دەیدۆزمەوە. هاوبوونی ئەگەری ئامادەبوونی منە.

ئەگەر کەسێک ئەو کێشانەمان بهێنێتەوە یاد، کە پەیوەندییان بە ڕووتکردنەوە لە بۆچوونە کلاسیکییەکاندا هەیە ئێمەش دەڵێین، ئەو کێشانە لە جیاکردنەوەی (ئەو) شتە و پرۆسەی ڕووتکردنەوەکەوە سەریانهەڵداوە. ئەگەر شتێک لایەنی هێزەکی ڕووتکردنەوەی تێدا نەبێت، لەدواییدا ناتوانین چۆنیەتییەکی ڕووتبکەینەوە. ڕووتکردنەوە، وەکو ئەگەرێکی داهاتووی من، بەشێکە لە بوونی ئەو شتە. بوون—بۆ—خۆ ڕووتکەرەوەیە. ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی دەروونی ئەم بوونەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە بوون—بۆ—خۆ لە داهاتودا لەبەردەم بووندا ئامادە دەبێت. بوون بە تەنیا و لەنێو خۆیدا کۆنکریتیی، ڕووتکراوە، ئێستا و داهاتوو نییە: شتێکە هەیە. هەروەها، ڕووتکردنەوە بوون دەوڵەمەند ناکات. ڕووتکردنەوە تەنیا دەرخستنی نەبوونی بوونە لەو دیو بوونەوە.

پەیوەندی نێوان شتەکان کارتێکردنەسەر، هۆکارێکی یان سەرهەڵدان لەنێو یەک زەمینەوە نییە. ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم یەک شتدا جەخت لەسەر بوونی شتەکانی دیکەش لەنێو جهاندا دەکات. بەڵام هەموویان خۆیان بەو زەمینەیەوە دەبەستنەوە. ئەو شتەی ئامادەبووە لەسەری ڕاوەستاوە. لە دامەزراندنی پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئەم یان ئەو شتەدا دەبێت شتی دووەم، خۆی لەنێو جیهاندا و لە دەربڕینی ڕەتدانەوەکەی مندا دەربخات. لە هەموو حاڵەتێکدا شتی دووەم دەبێت لە شتی یەکەم جیابکرێتەوە و بە ڕەتدانەوەکەم دەرکەوێت، کە ئەو شتی یەکەم نییە. لەبەرئەمە پەیوەندی نێوان ئەم و ئەو شتە لەسەر ڕەتدانەوەی دەرەکی ڕادەوەستێت. ئەم شتە ئەو شتە نییە. ڕەتدانەوەی دەرەکیش بۆ بوون—بۆ—خۆ دەبێت بە شتێکی بەرز؛ لە دەرەوەی ئەم بوونەدا هەیە و بوون— لەنێو-خۆیە. ئایا چۆن لەم بۆچوونە تێبگەین؟

لە سەرەتاوە، سەرهەڵدانی ئەم و ئەو شتە، وەکو هەموگیر دەردەکەوێت. پەیوەندییەکەش بە یەکێتی ئەو هەموگیرییەوە بەستراوەتەوە. یەکێتییەکەش تەوانای لەناوچوونی هەیە. بوون—بۆ—خۆش ئەم و ئەو شتە نییە. ئەم و ئەو شتە لەگەڵ ئامادەبوونی مندا دەبێت بە ژوورەکەم. ئەم ڕەتدانەوە کۆنکرێتییە لەگەڵ لەناوچوونی یەکیتییەکەدا وندابێت و بەپێچەوانەوە دەبێت بە مەرجێکی پێویست بۆ لەناوچوونی یەکێتیەکە. بەڵام لەسەر زەمینەی ئامادەبوونەکە بوون خۆی بە دەرەکی دەردەخات. بوونی دەرەکی خۆی بۆ من دەردەخات چونکە من یەکێتییەکی فرەلایەنیم. هەڵوێستە ڕەتدانەوەکانی من لەنێو جیهاندا بێجگەلەوەی هەڵوێستی منن و منیش ڕەتدانەوەم هیچ پەیوەندییەکی دیکەیان بە یەکدییەوە نییە. یەکێتی

نـــاوەوەی ڕەتدانەوەکان لە بوونـــی مندایە. من لەبەردەم مێز و کورســـییەکاندا ئامادەم، هەروەها منیش کۆمەڵێ ڕەتدانەوەی هاوتام. ڕەتدانەوەکانیش ناوەکین. بە ئامادەبوونم لەبەردەم مێزەکەدا ناگرنگی کورسییەکانم بۆ دەردەکەوێت (کە من لەو حالەتەدا ئەوان نیم). بە نەبوونی مێزی یاریکردنەکە [لە ژوورەکەدا] بەرەو نە ‐بوون دەڕۆم و خولەکە دەپچڕێت.

کەوابوو، کەلەبەر لە بووندا هەیە. بەڵام کەلەبەر و جیاکردنەوە لەگەڵ ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەبەردەم بووندا دروست دەبن. ڕەتدانەوەی یەکێتییەکە، هەمانکات دەبێت بە ســـەرچاوەی پەیوەندی نێوان شتەکـــان و ڕەتدانەوە دەرەکییەکانیان. پەیوەندییـــە دەرەکییەکەش لە وشەی (وە)دا دەردەکەوێت. لەجێگەی (ئەمشـــتە ئەوشتە نییە) دەنوسین (ئەم وە ئەو). ڕەتدانەوەی دەرەکی خەسڵەتی دوولایەنی هەیە،بوون‐لەنیو‐خۆ و ناسنامەیەکی ڕەوانیشە. ئەو بوونێکە ‐لەنێو—خۆ، چونکە بوون—بۆ—خۆ نییە. هەروەها ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕەتدانەوە بەوجۆرە ناکەین، تاکو بوون بکەین بەوەی هەیە. ئەمجۆرە ڕەتدانەوەیە سەر بە هیچ شتێک نییە؛ شتێکە سادە و ڕەوان. ئەوشتەیە، کە هەیە. هێشتا خەسڵەتی (ئەو)شتەش نییە و نابێت بە یەکێک لە چۆنیەتییەکانی. پشـــت بە بوونی شتەکانیش نابەســـتێت. ئەوەی شتەکـــان لەیەکدی جیادەکاتەوە هیچە. ئەم هیچەش ئەو شیوازەیە ئاگامەندی بە ناسنامەی تێهەڵکێشراوی بوونی دادەنێت.

هیـــچ یان نەبوونی ئایدیاڵی بوون—لەنێو—خۆ چەندەکییە. چەندەکی لایەنێکی دەرەکی ڕووتە؛ پشت بە چەمکە زیادکراوەکان نابەستێت و پەیوەندی بە سەپاندنی ســـەربەخۆییانەوە هەیە. ژماردن تەوانای جیاکردنەوەیە لەنێو ئەو هەمووگیرییەی هێزی هەڵوەشاندنەوەی تێدایە. ژمارەش سەر بە (ئەو) شتانە نییە، کە دەژمێردرێن و ناتوانیـــن هەمووگیرییەکـــە بکەین بە خاوەنی. ئەو کاتـــەی دوو کەس بەرانبەر کەسێکی دیکە ڕادەوەستن و دەدوێن من یەکەمجار، وەکو دەستەیەک یان کۆمەڵێک لـــە ئاخاوتندا نایانبینم تاکو بزانم چەند کەســـن. ژماردنیـــان یەکێتییەکەشیان، وەکو دەســـتە یان کۆمەڵێک ناشێوێنێت. دەستە سێ قۆڵییەکەیان خەسڵەتێکی کۆنکرێتی کۆمەڵ یان دەستە نییە. هەروەها نابێت بە خەسڵەتی ئەندامەکانیشی. هیچ کامیان ژمارە سێ نییە‐ تەنانەت سێیەمیشیان ژمارە سێ نییە.

پەیوەندی چەندەکی لەگـــەڵ بوون—لەنێو—خۆدایـــە. پەیوەندی ڕەتدانەوەی دەرەکییە. بەو شێوەیەی باســـمانکرد ســـەر بە شتەکان و هەمووگیرییەکەشیان نییـــە. پەیوەندییەکـــی دەرەکی نێوان شتەکانە و لـــە دەرەوەی خۆی و شتەکان ڕادەوەســـتێت. لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە بوون هەبێت و لە ڕێگەی بوون—بۆ— خۆوە بە بوونیش بگات. لەم ڕووەوە شوێن و چەندەکی یەکن و دەبن بە یەکجۆری ڕەتدانەوە. لەگـــەڵ دەرکەوتنی شتەکاندا بۆ من شوێن و چەندەکیش پەیدادەبن.

هەریەکێک لە ئـــەوان پەیوەندییە لەنێوان شتەکاندا یان ئەگەر حەزبکەین دەڵێم، ئـــەو پەیوەندییەی، کە نەبـــوو ئێستا بوونیک هێناوییەتـــە جیهانەوە پەیوەندی خودی بوونی خۆیەتی. ئەمەش هوســـرڵ بە کاتیگۆرییەکانی دادەنێت (یەکێتی—فرەلایەنی—پەیوەندی نێـــوان بەشەکان لەگەڵ هەموودا— کەم و زۆر—لەدەوری—تەنیشت— شوێنکەوتو— یەکەم— دووەم و هتد. یەک، دوو، سێ و هتد—لەناوەوە و لەدەرەوە، هتد.) ئەمانە تێکەڵکردنی ئایدیالانەی شتەکانە و کارناکاتە سەریان. دەوڵەمەند و هەژاریان ناکات. بەڵکو سەربەســـتی بوون—بۆ—خۆ لە ناسینی ئەو شتە فرەجۆرە نەبڕاوانەدا دیاریدەکات.

لـــە ڕوونکردنەوەکەماندا بۆ گرفتی بنەڕەتـــی پەیوەندی بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ بووندا وادەرکەوت، کە ئەم بوونە بەو جۆرەی لە کۆجیتۆکەی دێکارتدا دەبینرێت، ســـادە و ئاگاییەکی کتوپڕ بێت. لەڕاستیدا باسی ئەوەشمانکرد، چۆن دەرچوونی ئـــەم بوونە لە خۆوە بۆ دەرخستنی شتەکـــان و ڕووتکردنەوەیان پێویستە. بەڵام هێشـــتا دەرچوونی بوون—بۆ—خۆ ناوەکی بوو. باشتـــرە نەڵێین بوون لەبەردەم بوونێکـــدا دەردەکەوێت، کە لە پێشـــا خـــۆی ئامادە دەکـــات و دوایی خۆی لە داهاتـــوودا پێکدەهێنێت. بەڵکو بوون—لەنێو—خـــۆ بۆ بوونێک خۆی دەردەخات، کە بەو بوونەی دەیەوێـــت خەریک دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕەتدانەوەی بوون—بۆ—خۆ لە ئامادەبوونەکەیدا لەبەردەم بووندا لە هەڵوێستە دەرچووەکەیەوە ڕەهەنـــدی داهاتووی تێدایە؛ تاکو ئەو ڕادەیـــەی من ئەوشتە نیم، کە ئێستا هەم ئـــەوا من نابم بەو بوونە- لەنێو—خۆیەی لەبەردەممدا قوت بۆتەوە. من لەبەر ئەم و ئەوشتـــەدا ئامادەم بەبێ ئەوەی هەمووگیریم وەدەســـت هێنابێت. ئایا ئاکامی دەرکەوتنی ئەوشتـــە چییە؟ مادامەکی من بەردەوام لەودیـــو ئەو بوونەوەم، کە هەمـــە و خەریکە بە بوونی خـــۆم دەگەم، ئەوا (ئەو)شتەی لەبـــەردەم مندایە و منیش بۆی ئامادەبووم شتێکە بۆ مەبەســـتی گەیشـــتن بـــە بوونی خۆم تێپەڕی دەکەم. هەستپێکراو لە بنەڕەتدا ئەوشتەیە تێپەڕکراوە. من ڕەتدانەوەی ئەوشتەم و لەهامانکاتـــدا ئەم ڕەتدانەوە تێپـــەڕ دەکەم و خۆم بە ڕەتدانەوەیەکی تەواوکەر دەگەیەنم. لێکدانی هەردووکیان من دەکات بە بوونێکی—لەنێو—خۆ. پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجییانە لەنێوان ڕەتدانەوەی (ئەو)شتە و جۆری دووەمی ڕەتدانەوەکە هەیە. جۆری دووەم ڕەتدانەوەیەکی تەواوکـــەرە بۆ ئامادەبوونم لەبەردەم بووندا. لەبەر ئەوەی بوون—بۆ—خۆ لـــە ئامادەبوونەکەیدا، وەکو ئاگایی لە بوونی خۆی، خۆی پێکدەهێنێت ئەوا لە دەرەوەی بوونی خۆیدا خۆی بەو بوونە دەبینێت، کە هێشتا پەیدا نەبـــووە. ڕەتدانەوەی تەواوکەری بوون—بۆ—خۆ ئەگـــەری ڕەتدانەوەیە لە ئامادەبوونەکەیـــدا. بوون—بۆ—خۆ ئەو ڕەتدانەوەیەیە، کە ئاگامەندانە ڕوو دەکاتە ئەودیو بوون.

بوون—لەودیو—بوونەوە بە ئامادەبوونی (ئەو)شتەوە نەک پەیوەندی دەرەکییەوە بەســـتراوە. وابەســـتە بە تەواوکەرێتییەوە، کە پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و داهاتوو دیاریدەکات. لەپێش هەموو شتێکدا، (ئەو) شتە لە ڕەتدانەوەی بوونێکدا خـــۆی دەرخستوە، کە بوونـــی خۆی لە شتەکە جیادەکاتـــەوە. (ئەو)شتە نییە و ئەگەرێکـــە لەودیوو ئێستـــاوە. ئەم ئەگەرەی نێو ڕانەبـــردوو کەمی ئەم بوونە نیشاندەدات. بوونێکە، کە نەبووە بە بوون—لەنێو—خۆ و پرۆژەیەکە لە ڕەتدانەوەی ڕابردوودا خۆی لە نێو جیهاندا ســـەرگەرم کردوە. هەرچ ڕەتدانەوەیەک پەیوەندی بە ســـەرگەرمی ئەم بوونە و خۆگەیاندن بەودیو ڕانەبـــردووەوە نەبێت، گرنگێتی خـــۆی، وەکو ڕەتدانەوە وندەکات. ئەوەی بوون—بۆ—خۆ ڕەتیدەداتەوە پەیوەندی بـــە ڕەهەندی داهاتووەوە هەیە. ڕەتدانەوەکەی دەرەکی (وەکو ئەمشـــتە ئەوشتە نییـــە، ئەو کورســـیە مێز نییە) یـــان ناوەکییە لە بوونی ئـــەودا. کاتێک دەڵێین ئەمشتە ئەوشتە نییە پەیوەندییەکی دەرەکی لەنێوان ئەم و ئەو شتەدا ئیستا یان لە داهاتوودا دیاریدەکەین. لـــە هەردوو جۆری ڕەتدانەوەکەدا واتای ڕەتدانەوە بە داهاتووەوە بەستراوە. هەموو ڕەتدانەوەیەک دەرچوونە.

دەرکەوتنـــی مێزەکـــە، وەکو مێز پێویستـــی بە بەردەوامی بوونـــی مێز لە داهاتووشـــدا هەیە. ئەمەش شتێکی دامەزرێنراو نییە، بەڵکو لایەنێکی هێزەکییە. هەروەهـــا بەردەوامییەکە شتێک نییە لە داهاتـــوودا دانرابێت و کاتێکی نەبڕاوەی هەبێت. کاتی نەبڕاوە هێشتا پەیدانەبووە. مێزەکە وا خۆی دەرناخات، کە ئەگەری بوونی مێز بێت بەبێ بڕانەوە. ئەو (کات)ەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، بڕاوە یان نەبڕاوە نییە؛ لایەنی هێزەکی دەبێت بە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی داهاتوو.

کاتێک باسی واتای ڕەتدانەوە دەکەین، مەبەستمان ئەو کەمییەیە ڕەتدانەوەی بوون—بۆ—خـــۆ بۆ ئەوەی ببێت بە ڕەتدانەوە، هەیەتی. لەم ڕووەوە، ڕەتدانەوە لە داهاتوودا دەبێت بە ســـەلماندنی ڕەتدانەوەی ئێستا. لـــە داهاتوودا واتای بوونی مـــن، وەکو ئەوشتەی نییە دەردەکەوێت. ڕەتدانەوەی ئەوشتە، کە ڕەنگی ســـەوز تیایدا لەســـەر زەمینەی هەمووگیری (زبری و ڕووناکی) پێکهاتووە، واتا بەخشـــە دەردەچێت ئەگەر ڕەتدانەوەی ڕەنگی ســـەوز بێت؛ بوونی سەوز یان ئەو زەمینە بێت، کە فرەلایەنەکانی بەبێ جیاوازی تیادا کۆبۆتەوە.

نەبوونـــی واتا لە ڕەتدانەوەکەی مندا لەنێو ئەو زەمینەدا بە ڕەنگی ســـەوزی ڕووتەوە بەســـتراوە. ڕەنگی ســـەوزی ڕووت لە داهاتوودا دێتە نێو (سەوز— زبر— ڕووناکی) و واتا بە دەســـتەوە دەدات. لێـــرەدا واتای ڕووتکردنەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ناوەڕۆک لە نێو هەبووەکاندا، وەکو چۆنیەتی دانەبڕاوە. ســـەوز هەمیشە ســـەوز نییە. ناوەڕۆک لە زەمینەی داهاتووی بوونـــەوە پەیدادەبێت و لەو واتایە دەچێت، کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە. پەیوەندی و ناسنامەیەکی ڕووتی ڕەتدانەوەی

منه. لێرەوە دەبینین، ڕووتکردنەوە پرۆسەیەکی سایکۆلۆجییانە نییە. شێوازێکی بنەڕەتـــی و ئۆنتۆلۆجییانەی بوون—بۆ—خۆیـــە. ڕووتکراوە بونیادی جیهانە و بۆ سەرهەڵدانی شتە کۆنکرێتییەکان پێویستە. شتێکی کۆنکرێتی لەوێدا کۆنکرێتییەکە لەسەر ڕووتکردنەوە ڕابوەستێت و لە ڕێگەی ڕووتکردنەوەوە بناسرێت.

بوونـــی بوون—بۆ—خۆ دەرخستنـــی ڕووتکردنەوەیە. لەم ڕووەوە بەردەوامی و ڕووتکردنەوە دەبن بـــە یەک شت. ئەگەر میزێک، وەکو خۆی تەوانای بەردەوامی هەبێـــت دەبێ مێـــز بێت. بەردەوامـــی ئەگەری یەکبوونی (ئـــەو) شتەیە لەگەڵ ناوەڕۆکییدا.

ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم نوسراوەدا ڕوونمانکردەوە پەیوەندی نێوان ئەگەری بوونـــی من و ئەو ڕانەبردووەی لێپڕادەکەم پەیوەندی نێوان کەمی و ئەو بوونەیە، کـــە خاوەنی کەمییەکەیە. تێهەڵکێشـــکردنێکی ئایدیالیانەی نێوان کەمی و بوونە کەمەکە ئەو هەمووگیرە نەناسـراوەیە توشـــی بوون—بۆ—خۆ بووە و نەبوونی لە بوونیدا پەیداکردوە. ئەم ئایدیاڵە ناودەنێین بەها یان بوون—لەنێو—خۆی—بوون—بۆ—خۆ. بەڵام پێش ســـەرنجدان و تێڕامان ئەم بەهایە نابینرێت چونکە دۆخێکی بوونە. ئەگـــەر ئاکامەکانمان گونجاوبن، ئەم تێهەڵکێشـــکردنە ئایدیالییە دەبێت بـــە ئاماژەکردنێکی دەرەکی بـــۆ بوونیادی ئایدیاڵانەی بابـــەت. بونیادەکەش بە ئاسانی لە ڕەتدانەوەدا دەردکەوێت. لەم تێهەڵکێشکردنەدا ڕووتکردنەوە دەبێت بە بناخـــەی شتە کۆنکرێتەکە. ئەوەی کۆنکرێتە (بە خوێن و گۆشتەوە) یان بوونەکە پێویستە ناوەڕۆکیش بێت. ناوەڕۆک لایەنە کۆنکرێتە دروستکراوەکەیە. لایەنی پڕ و دەوڵەمەند؛ فۆرم و هەمووی شتەکەیە. بوونی ماتەری ئەوە یان بەپێچەوانەوە، ماتەر فۆرمی ڕەهای دروستکراوی ئەو بوونەیە.

ئەم تێهەڵکێشە بەردەوامە مەحاڵەی نێوان بوون و ناوەڕۆک سەر بە ڕانەبردوو یان داهاتـــوو نییە. تێهەڵکێشـــکردنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتـــووە. (هەمووی) ڕەهەندەکانـــی کاتە. بەهایەکی بـــەرزە؛ ئەوشتەیە، کە بە (جـــوان)ی دادەنێین. جوانـــی حاڵەتێکی ئایدیاڵی جیهانە. دەرکەوتنـــی یەکگرتنەکەیە لەنێوان بوون و ناوەڕۆکدا و بەخشینی ناسنامەیە بەویەکگرتنە بۆ بوونێک، کە لەو خۆدەرخستنەدا لەگـــەڵ بوون—لەنێوان—خـــۆ دەبێت بە یەک شت. ئەمـــەش لەبەرئەوەیە چونکە جوانی بەتەنیا تێهەڵکێشکردنێکی دەرەکی نییە و پەیوەندی بەتێگەیشتنی ئێمەوە هەیە.

ئەمـــەش هۆکاری حەزی ئێمەیـــە لە جوانی و جیهـــان و بوونی خۆشمان بە جۆرێـــک دەبینین لەو جوانییە بێبەشکرابین. شتێکـــی جوانیش هێندەی بوون—لەنێو—خۆی بوون—بۆ—خـــۆ، وەکو ئەگەرێک بۆ بوون بۆ—خۆ لایەنێکی هێزەکی نییە. لەبەر ئەوەی هێشـــتا نەناسراوە بووە بە دێوەزمەی جیهان. شتێکی جوان،

وەکو بەها، بە بیرکردنەوە نابێت بە بەهایەکی دەرەکی ئەودیو دەسەڵاتی ئێمە و لەنیو جیهاندا. لەناوەوە دەناسرێت. ئەو کەمییەیە لەنێو ناتەواوی جیهانەوە خۆی دەردەخات. ئەمانە هەموو لایەنەکانی (ئەو)شتە بۆ ناسینی نین. تاکو ئەو ڕادەیەی بوون—بۆ—خۆ دەبێت خۆی بە ئەودیو بوونی بگەیەنێت و (ئێستا) ڕەتبکات، ئەوا ئەودیو بوون دەردەخات و لەنێو زەمینەی بووندا (ئەو)شتە دەناسـێت. تاکو ئەو ڕادەیەی بوون—بۆ—خۆ، وەکـو مانگێکی هیلالییە و دەیەوێت خۆی لە داهاتوودا پڕ و تەواوبکات، ئەوا هیلالی لایەنی هێزەکی بوونیەتی. تاکو ئەو ڕادەیەی بوون—بۆ—خۆ خونچەیـە و خۆی بەودیو بوونی خونچەکە دەگەیەنێت و دەبێت بە گوڵ ئەوا بـوون بە گوڵ لایەنی هێزەکی خونچەیە. دەرخستنی ئەم لایەنە هێزەکییانە پەیووەندی ئەم بوونە بە ڕابردووشەوە دیاریدەکات. لە ڕابردوودا پەیوەندی نێوان شێوەی هیلالی مانگ و مانگی پڕ یان خونچە و گوڵدا دەبینرێت.

ڕابردووی بوون—بۆ—خۆ، وەکو زانین بۆ ئەم بوونە ڕادەوەستێت. ئەم زانینەش بە نەگۆڕی نامێنێتەوە و لە دەورەوەی بوون—بۆ—خۆدایە و لەبەر دەسـتدا نییە. لەنێو یەکێتی هەرسـێ ڕەهەندە کاتییەکەی بوون—بۆ—خۆدا ئەم بوونە دەتوانێت ڕابردووی خۆی هەڵگـرێ و لەوێوە داهاتوش ببینێت. بوونی من بە جۆرێکە، کە دەتوانێـت ببێت بە هۆکـاری ئەوەی ئێستا نیم و یان ببم بـەوەی لە داهاتوودا هـەم. ڕەتدانەوەی (ئـەو) شتە لە بوونی مندا دوو لایەتی من دەردەخات: من لە شێـوازی ئەو بوونەدا، کە تێپەڕمکـردووە و ئێستا ئەو نیم. هەروەها لە شێوازی ئەو بوونەشدا، کە هێشتا پێینەگەیشتوم و لە داهاتوودا دەبم بە ئەو. من لەو دیو مانگـی هیلالەوەم، ڕادیکاڵانـە ڕەتی دەدەمەوە و دەمەوێت ببم بە مانگێکی پڕ و تەواو؛ مانگە پڕەکەش بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە تاکو حوکم بەسەر شێوازی هیلالی مندا بدات. مانگە پڕەکە ئەوەیە، کە مانگی هیلالی نییەتی و پێینەگەیشتوە. ئەو نەبوونیەیـە شێوازی هیلالی بە مانگی هیـلال دەدات. لەنێو یەکێتی ڕەتدانەوەی ئۆنتۆلۆجیـدا من ڕەهەندی داهاتوو بە مانگـە هیلالییەکە دەدەم و ئەو بوونەش لەسـەر بناخەی نەبوونیەکـەی بە هیلالی دادەنێم. ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتی بۆ گەیشـتن بە ئەگەرەکانی لە ڕێگەی ڕەتدانـەوە بوونی خۆی ڕەتدەکات و دەبێت بـەو بوونەی ڕەتدانـەوە دەهێنێتە جیهانەوە. ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتی کەمی و نەبوونی لەنێو شتەکاندا، وەکو لایەنێکی هێزەکی شتەکان، ناتەواییان، یان ڕاگرتن دەسەلمێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەمییەی لە دەرەوەدا هەیە، ڕەهەندێکی کاتی ناوەکی نییە. بـا لێرەدا لە واتای ئەمە وردبینـەوە. بوون—لەنێو—خۆ ناتوانێت ببێـت بە لایەنی هێزەکـی خۆی لە شێوازی بوونێکدا، کە هێشـتا پەیدانەبووە. خۆدەرخستنی بوون—لەنێو —خۆ لە ئاشکراکردنی ناسنامەکەیدایە. بوون—لەنێو—خـۆ شتێکە هەیە و خاوەنـی ڕەهەندەکانی کات نییە. ئەو، وەکو من، ئەو بوونە

ناتەواوە نییە و ڕوو لە داهاتوو ناکات. پەیدابوونی من لەنێو جیهاندا سەرهەڵدانی ئەگەرەکانە. ئەگەرەکانیش لەگەڵ سەرهەڵدانیاندا لە دەرەوەدا بەردەوام وندەبن. لێـــرەدا پێویستە جارێکی دیکە لـــە دوولایەنی بەرزێتی بدوێیـــن، کە هەمانکات دەبێتـــە هۆکاری ســـەرهەڵدانی چەمکی شوێن؛ چونکـــە ئەگەرەکان لە دەرەوەدا ڕیزکراون. ئەگەرەکانی داهاتوش بوونی (ئەو)شتە دەســـەلمێنن. بەڵام پەیوەندی نێـــوان بوون—لەنێو—خۆ و ئەگەر دەرەکییە. مانگی هیـــلال لە پەیوەندییەکەیدا بە مانگی پـــڕەوە کەم و ناتەواوە. هەمانکات، مانگی هیلال بەو شیوەیەی هەیە؛ وەکـــو مانگێکـــی هیلالی تەواو خـــۆی دەردەخات. ئەو شتێکـــی کۆنکرێتییە لە ئاســـماندا و لەوە زۆرتر پێویستی بە چـــی دیکە نییە بیکات بە هیلالی. ئەمە بۆ خونچەکەش یان دەنکە شقارتەیەک دروســـتە. هیچی دیکە نییە لەوە زیاتر دەنکە شقارتەکە بکات بە دەنکەشقارتە یان ئەو دارەســـپییەی لەسەرە ڕەشکراوەکەیەوە ئاگر دەگرێت. شوشەمەرەکەبەکە دەشکێت، فڕێدەدرێت و دەکێشـــرێت بە دیواری ئاگردانەکـــەدا. ئەگەری شکاندنەکەی لە بوونی شوشـــە مەرەکەبەکەوە جیاوازە. فڕێدانـــی شوشەمەرەکەبەکـــە و کەوتنی بە دیواری ئاگردانەکـــەدا پەیوەندی بە ئەگـــەری فڕێدان لـــە بوونی مندا هەیە. شوشە مەرەکەبەکـــە لە بوونی خۆیدا نە دەشکێت نە ناشکێت؛ ئەو شتێکە هەیە.

ئەمەش ئـــەوە ناگەیەنێت شتێک لە دەرەوەی هەمـــوو ئەگەرەکاندا بێت؛ لەو ڕاستییەوە، کە من داهاتووی خۆمم، ئەوشتەی خۆی بۆ من دەردەخات، لە ئەگەر بێبەش نییە. ئەو کاتەی دەنکە شقارتەکە، وەکو دارێکی ســـپی ســـەر ڕەشکراوە دەبینم ئەگەرەکانیش لەگەڵیدان. بۆ ئەوەی شتێک بەبێ ئەگەر ببینم، ئەوا دەبێت من ڕانەبردوویەکـــی ڕووت بم؛ ئەمەش نابێـــت و بیریلێناکرێتەوە. هەموو شتێک خاوەنـــی کۆمەڵێک ئەگەرە و پەیوەندییەکی یەکسانـــی لە گەڵیاندا هەیە چونکە شتەکـــان ئەگەرەکان نین. لەســـەرو ئەمەوە، ئەگەرەکانـــی منیش بوونیان نییە. ئەوان تەنیا ئەگەرن و لەنێو سەربەســـتییەکەی منـــدا دەتوێنەوە؛ من هەرجۆرە ئەگەرێکم هەبێت لایەنە دژوەستاوەکەشی ئەگەرە. من دەتوانم شوشە مەرەکەبەکە بشـــکێنم یان لەنێو چەکمەجـــەی مێزەکەم دایبنێم. من دەتوانـــم لەودیو مانگی هیلالەوە خۆم بە مانگی پڕ بگەیەنم. هەمانکات دەشێ جەخت لەسەر بەردەوامی و مانەوەی مانگی هیلال بکەم بەو شێوەیەی هەیە. لە ئاکامدا بەو خاڵە دەگەین، کە شوشەمەرەکەبەکە کۆمەڵێ ئەگەری بەرانبەر یەک وەستاوی هەیە: دەیشکێنم یـــان لەنێو چەکمەجەکە دایدەنێم. ئەو مانگـــە هیلالییە کەوانەیەکی کراوەیە یان بازنەیەکی هەڵواسراوە بە ئاسمانەوە. ئەو ئەگەرانەی بۆ شتەکان دەگەڕێنەوە بەڵام شتەکان دروســـتیان ناکەن، بە ئەگـــەری ڕوودان ناوزەدیان دەکەین و لە شێوازی بوون—لەنێو—خۆدا هەن. من ناتوانم بڵێم ئەگەرەکانم هەن؛ ئەوان ئەگەرن. بەڵام

ئەگەری ڕووداوەکان ڕووداو نین. هەر یەکێک لە ئەوان ئەگەری ڕووداوێکە و دەشێ ڕووبدات. لەم ڕووەوە، شوشەمەرەکەبەکە هەیە، بەڵام بوونی ئەو، وەکو شوشەی مەرەکەب ئەگەرێکی ڕووداوە؛ چونکــە شوشەمەرەکەبەکە ئامادەبوونێکی ڕووتی هەیە، کە ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیەکی دەرەکیدا دەدۆزرێتەوە.

ئــەو ئەگەرانــەی واتای بوون لەودیــو بوونەوە دیاریدەکــەن لەنێو—خۆیاندا دەکەونــە ئەودیو بوونەوە، لەبەرئەمە ئەوان هیچن. ناوەڕۆکی شوشە مەرەکەبەکە دروســتکراوە و ئەگەرێکە لە پەیوەندی ڕەتدانەوەی بوون—بۆ —خۆدا پەیدا بووە. بــەڵام ناوەڕۆکەکە شوشەمەرەکەبەکــە یان بوون نییە. مادامەکــی ناوەڕۆکەکە بوون—لەنێو—خۆیە و لــە ڕەتدانەوەکەوە پەیدا بووە، ئەوا هیچە. بوون—بۆ—خۆ بوونــی شوشەمەرەکەبەکە، وەکو شەشەمەرەکەب دەردەخات. ئەم دەرخستنەش لەودیــو بوونی شەشەمەرەکەبەکەوەیە و داهاتووشی نییە. هەموو ئەو ئەگەرانەی لە زەمینە هەمیشــەییەکەوە دەبن بە ئەگەری شتێکی ناســراو ئەوانەن، کە هیچ بوونێــک بەبێ ئەوان ناتوانێت پەیدابێت. لێــرەدا، دیسانەوە دەڵێین، زانین هیچ شتێک بۆ بوون کەم و زیاد ناکات. زانین بوون بە هیچ خەسڵەتێک ئارایش ناکات و نایڕازێنێتەوە.

زانیــن بوون—لەوێدا—تێدەپەڕێنێت، ڕوو لە نەبوون دەکــات و پەیوەندیەکی ڕەتدانەوەی دەرەکی لەگەڵدا هەڵدەبەستێت. ئەم نەبوونە ڕووتە لەنێو ئەگەرەکاندا دەبێت بە هاندەر بۆ زانستەکــان تاکو پەیوەندی دەرەکی نێوان شتەکان ببینین و خۆیــان بەودیو نــاوەڕۆک و ئەگەرەکان بگەیەنن. بەڵام، لــە ڕوویەکی دیکەوە پێویستی ئەگەرەکان، وەکو بونیادی واتابەخشــی هەســتکردن بە جۆرێک خۆی ئاشکرا دەکات، کــە ئێمە لەوە زۆرتر نامانەوێت باســیبکەین. زانینی زانستانە، لــە ڕاســتیدا، ناتوانێت بونیادی ئەگەرەکانی هەســتکردن تێپەڕێکات و خۆی بە ئەودیــو بگەیەنێــت. بەپێچەوانەوە، زانســت خۆی بەو بونیــادەوە گرێدەدات و لەسەری ڕادەوەســتێت. ئێمە ڕوونمان کردەوە چۆن ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ لەبــەردەم بووندا بــوون، وەکو شتێک دەردەخــات و لایەنەکانی بونیادی (شت) یشمان باسکرد: شتەکە، بوونی لە شوێندا؛ بەردەوامی، ناوەڕۆک و ئەگەرەکانمان ڕوونکردەوە. بەهەرحاڵ، ڕیزکردنی ئەم لایەنانە بەمجۆرە ئەوە ناگەیەنێت یەکێک لەوانی دیکە لەپێشترە. ئامادەبوونی بوون—بۆ—خۆ بۆ بونێک[لە ئەزمونەکەیدا] هەموو لایەنەکانی بونیادی ئەوشتە پێکەوە دەردەخات. لەسەرو ئەمەشەوە، هیچ لایەنێکی ئەم بونیادە بە تەنیا و دابڕاو لە لایەنەکانی دیکە ناتوانێت ڕاوەســتێت. تەنانەت (ئەو) شتە لۆجیکمەندانەش پێش ناوەڕۆک ناکەوێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە. ئەوشتە پێویستی بە ناوەڕۆکەکەیەتی و لەسەر ناوەڕۆکی ڕادەوەستێت. هەروەها ناوەڕۆکەکــەش دەبێت بە ناوەڕۆکی (ئەو) شتە. بە هەمانشــێوەش، (ئەو) شتە،

وەکو بوونێکی خاوەن چۆنیەتـــی لەنێو زەمینەی جیهانەوە دەردەکەوێت؛ جیهان کـــۆی شتەکانـــە. پەیوەندی هەڵوەشاوی نێوان شتەکـــان و جیهان یان جیهان و شتەکان دەبێت بە شوێن. کەوابوو، هیچ یەکێتییەکی بنەڕەتی لەنێوان دیاردەکاندا نییە. هەریەکێک لە دیاردەکان ڕاســـتەوخۆ و بێ پشـــت بەســـتن بە دیاردەیەکی دیکەوە دەردەکەوێت. لەبەرئەمـــە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر باوەڕ بە[بنەڕەتێکی] لەپێشتر بکەین. خۆمان لەم هەڵەیەش دووردەخەینەوە ئەگەر بڵێین، جیهان لەنێو خولـــەی دەرووندا خۆی دەردەخات. لێرەدا بوون—بۆ—خۆ خۆی لە خودی خۆی جیادەکاتەوە یان هایدیگەر گوتەنی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، بەو شێوەیەی هەیە، خۆی دەناسێت.

ئـــەم پرۆژەیەی بوون-بۆ—خۆ لە ڕووکردنە خۆکـــەدا، کە (خۆ) پێکدەهێنێت، دڵنیابونێکی تێرامانانـــە نییە. بەڵکو کەمییە. کەمییەکەش دراو نییە. کەمییەکە لەنێو بوونیدا. لە باسەکەی پێشودا ڕوونمانکردەوە، چۆن کەمی لە بوون—لەنێو-خـــۆدا لەنێو جیهانـــی دەرەوەدا لەناودەچێت. بەڵام ئەو بوونـــەی بە کەمییەوە پەیدا بووە و کەمی لە بوونیدایە لەســـەر ئەو کەمییە بوونی خۆی دەسەلمێنێت. بەکورتییەکەی لەو کەمییـــەوە بەردەوام خۆی بەو بوونە دەگەیەنێت، کە نییەتی و پەیدانەبووە.

ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لەو کاتەدا کەمی بوونی خۆی ڕەتدەداتەوە و دەبێت بە کەمی بۆ بوونی خۆی. لەڕاستیدا، تاکو ئەو ڕادەیەی ئەو بوونەی کەمە ئـــەوە نییە، کە کەمییەکەیە دەبێت بە خاوەنی ڕەتدانەوە. ئەگەر ڕەتدانەوەکەش نەبێـــت بە دەرەکی ئـــەوا بناخەیەکـــی پێویستی بۆ کەمییەکـــە هەیە. بناخەی ڕەتدانەوەکەشـــی دەبێت بـــە ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە. ئـــەم بناخەیەی ڕەتدانەوە بێجگـــە لە کەمییەکـــە، کە بنەڕەتییە، شتێکی پێدراو نییـــە. بوون—بۆ—خۆ لە یەکیتییەکەی بوونیدا و لەســـەر تێرامانـــی تێرامانەکەی خۆی بە کەمی دەبینێت؛ بـــەرەو کەمییەکەی خۆی دەڕوات و ڕەتی دەداتەوە. تەنیا لەم ڕووەوە لەو کاتەدا کەمی ڕەتدەدرێتەوە و ڕەتدەکرێت، کەمییەکە دەبێت بە لایەنێکی ناوەوەی بوون—بۆ—خۆ . بوون—بۆ—خۆش تاکو کەمی تێدانەبێت نازانێ کەمی هەیە. لەبەرئەمە، پەیوەندی بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ بونیادی بوونیدا نەگۆڕ یان ســـتاتیکی و پێدراو نییـــە. داهاتـــووی بوون—بۆ—خۆ بە ئێستای دەگات تاکـــو خۆی بسەلمێنیت و ڕانەبـــردووی ڕەتبکـــات. بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ خەفەکردنـــی کەمییدا دەبێت بە کەمی و خەفەکردنەکەشی شێـــوازی نە-بوونی هەیە. ئەم پەیوەندییەش ڕێگە بە ســـەرهەڵدانی کەمییەکی هەندەکی، وەکو کەمییەکی بەردەوام دەدات. بەگشتی، بناخەی کارتێکردنە؛ ئەمەش لە زانستی دەروونناسیدا بە هاندەر و ئارەزوو ناوزەد دەکرێت. ئەم هاندەرانە بە تەنیا واتابەخش نین و دەروونناســـەکان دایانهێناون.

ئێمـــه لەو کاتەدا لـــە واتاکانیان تێدەگەین، کە دەبن بە پرۆژە و پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ بوونی خۆیدا دەردەخات. ئەم پرۆژەیەش کەمییە.

بەڵام ئەم کەمییە بەبێ بیرلێکردنەوە ناناسرێت. تێڕامان دەتوانێت بیدۆزیتەوە. لە حاڵەتـــی ئاگاییمان لە جیهانەوە کەمییەکە دەبێـــت بە پرۆژە و شتێکی بەرز یـــان هەڵوێستێکی ئایدیالیستانە. لەوێدا، کـــە کەمی لە ئێستای بوون—بۆ—خۆدا ئامـــاژە بۆ بوون—بۆ—خۆ لەودیو بوونی خۆیەوە دەکـــات، بوون لەودیو بوونەوە کەمییەکە نیشاندەدات. کەوابوو، جیهان بە نەبوونییەوە خۆی بۆ ئێمە دەردەخات. نەبوونییەکـــان لە ئەگەرەکـــان جیانابنەوە. هەر نەبوونییـــەش ئاماژە بۆ شتێک دەکـــات و شتەکانیش ئاماژە بۆ نەبوونی دەکـــەن. مادامەکی هەموو نەبوونییەک یان ئامادەنەبوونێـــک بوونە لەودیو بوونەوە، بۆنموونە ئامادەنەبوون ئاماژەکردنە بۆ بوونێکی ئامادەنەبوو، هەریەکێک لە شتەکان بەرەو بوونێکی دیکەمان دەبات. هەموو ئاماژەکردنەکان لەنێو زەردەخەنەی بەردینی چاوە بەتاڵەکانی پەیکەرێکدا خۆیان دەچەقێنن و ڕیزدەبن.

ئـــەو ئامادەنەبوونەی لەودیو بوونی شتەکانەوە هەن بوونی شتەکان ئامادەیان ناکات. تەنانەت ناتوانین بڵێین خۆیان دەرخستوە تاکو من بیانناســـم چونکە من بونیادێکـــم هەیە، کە دەتوانێت لە بوونی خۆیـــەوە دەرچێت و ئاگامەندە. ئەوان بۆشاییـــن و داوای پڕکردنمان لێدەکەن. داوا ئەکـــەن بوون—بۆ—خۆ پڕیانکات. ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامادەبوونی کەسێکدا دەردەکەون. ئەوان پێویستییان بە هەســـتانی کار هەیە و جیهانیش بە کارهەستانە. لەم پەیوەندییەدا (ئەو) شتەی ئامـــاژەی بۆ دەکەین، دەبێت بەو شتەی کارهەســـتانەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەمەش ناودەنێین پەیوەندی نێوان مەبەست و کۆتایی.

تاکو ئەو ڕادەیەی (شتێک) لەســـەر زەمینەی لەجیاوازیبەدەر، ڕادەوەســـتێت و هاوکات ئامـــاژە بۆ بوونێکی دیاریکراوی بەکارهەســـتاو دەکات، ئەوا بە ئامێر یـــان کەلوپەل دادەنرێـــت. پەیوەندی نێوان شتەکان لەســـەر بناخەی چەندەکی دەبێـــت بە پەیوەندییەکی نێوان ئامێرەکان. بوون بە ئامێریش پێش ئەو بونیادە ســـەرهەڵنادات، کـــە ئاماژەمان بۆ کرد؛ لە ڕوویەکەوە ئـــەو بونیادە پێش بوونی ئامێرەکان دەکەوێـــت؛ لە ڕوویەکی دیکەشەوە دەردەکەوێت ئامێرەکان بونیادەکە دەهێننەکایەوە. شتێک لەپێشـــدا شت نییە و دوایی دەبێت بە ئامێر؛ هەروەها بۆ ئەوەی، وەکو شت بناسرێت بە ئامێر دانانرێت. بەڵکو ئامێرە-شتە.

دروستە، لێکۆڵینەوەی زانستانە بوونی ئەوشتە، وەکو شتێکی ڕووت دەردەخات و خەســـڵەتی بوونبەئامێری لێدادەماڵێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە زانست خۆی بە پەیوەندییـــە دەرەکییەکانەوە ماندو دەکات. لێـــرەدا دەبینین چەند پێویستە پێناسەکەی هایدیگەر بگۆڕین.

بـــه دڵنیاییەوە جیهـــان لەنێو خولەی دەروونـــدا دەردەکەوێت، بەڵام خولەی دەروون هەمیشە لەسەر تێڕامان خۆی ڕاناگرێت. خۆناساندنی منیش بەهەمانشێوە بە تێڕامانەوە گرێنەدراوە. بوون لەنێو جیهان دەرچوون، لە جیهانەوە و ڕووکردن لە (خۆ) نییە، بەڵکو ڕاکردنە لە جیهانەوە بەرەو ئەودیو جیهان یان بەرەو داهاتوو لـــە جیهاندا. ئەوەی جیهان بـــۆ منی ئاشکرا دەکات بـــە جیهانبوونی ئەوە. لەو بۆچوونـــەوە، ئەگەر ئاماژەکردنە نەبڕاوەکانمان بۆ هەموو ئامێرەکان پەیوەندییان بە بوون—بۆ—خۆوە نەبێت، کە ئەو بوونە (من)ە، ئەوا هەمووی ئامێرەکان دەبێت بە پەیوەندی نێوان ئەگەرەکانم؛ لەبەر ئەوەی بوونی منیش ئەگەرەکانە، ڕیزبوونی ئامێرەکـــان لەنێـــو جیهاندا و لە ناخی بوون—لەنێو—خـــۆدا دەبێت بە وێنەیەکی ئەندێشـــاوی پرۆژەی بوونم؛ وێنەیەکی ئەندێشـــاوی بوونی من. بەڵام هەرگیز من ناتوانم ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم وێنە ئەندێشـــاوییەی جیهان بدۆزمەوە. هەوڵدەدەم خـــۆم لەگەڵیدا بگونجێنـــم و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم. هەروەها تێڕامانیشـــم پێویستە تاکو خودی خۆم بکەم بە بابەتی بیرکردنەوە.

کەوابـــوو، خۆ ونکردن لەنێو جیهاندا ناڕەســـەنی نییە. بـــوون لەنێو جیهاندا بۆ ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی واتای خۆ ونکردن لەنێو جیاندا دەبەخشـــێت چونکە هەمیشـــە ئامـــاژە بۆ جیهان دەکەیـــن. کارێکی بێهودەشە دژی ئەو کێشـــانەی، وەکو (بۆچی) یان (بۆ کێ) ڕاوەستین. بێگومان، بۆچی و بۆ کێ ئاماژە بۆ بونیادێک دەکەن، کە هێشتا باسمان نەکردوە؛ ئەویش بوونە—بۆ—ئەوان. (بۆ کێ) هەمیشە لەودیـــو ئامێرەکانەوە دەردەکەوێت. بەڵام ئەم (بۆ کێ)یە پێکهاتەکەی لە (بۆچی) یەوە جیاوازە و زنجیـــرەی پەیوەندییەکانی ناپچڕێت. یەکێکە لە پەیوەندییەکان؛ بەتایبەتـــی لە کاتێکدا، کە وەکو ئامێرێـــک دەبینرێت و ناتوانێت لە بوونی خۆی ڕابکات. دڵنیام ئـــەو جلوبەرگانە بۆ کرێکارەکە دانراوە. بۆ کرێکارەکەیە تاکو لە چاکردنەوەی ســـەربانەکەدا لەبەریانبکات و لەشی تـــۆزاوی نەبێت. بۆچی لەشی تـــۆزاوی نەبێت؟ بۆ ئـــەوەی زۆربەی پارەکەی بە جلوبەرگ نـــەدات. ئەو پارەیە چەندەکییەکـــە بـــۆ گوزەرانی ژیانی دانـــراوە. گوزەرانی ژیانیشـــی بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی تەوانایەتی.

کەوابـــوو، ڕەتدانەوە، کە بوونی منە و (ئەو)شتەش بۆ من دەردەخات، دەبێت لە شێوازی (هەبوو) دابێت. ئەو ڕەتدانەوە ڕووتەی ڕانەبردوویەکی ســـادەیە بوونی لەپشـــت خۆیەوەیە و بووە بە فاکتۆرێکی نێو ڕابردوو. لێرەشەوە ئێمە ڕەتدانەوە بەبێ ڕەگوڕیشـــە نادۆزینەوە. ڕەتدانەوە خەسڵەتی هەیە و بوونی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشـــێ. ئەوەشە، کە هێشـــتا پەیدانەبووە. ڕەتدانەوە لـــە پێناوی بوونێکدا سەرهەڵدەدات و کاردەکاتە سەری. ڕەتدانەوە لە ئاستی (ئەو)شتەدا سەرهەڵدەدات و هەمانکات، لەگەڵ سەرهەلدانەکەیدا لە ڕابردووی خۆی هەڵدێت و ڕوو لە داهاتوو

دەکات. ئەمەش ناودەنێین (بۆچوون) و بەرانبەر (فاکتۆر) دایدەنێین. ڕابردوو ڕەهەندێکی ڕەتدانەوەیە. هەروەها، من لە داهاتوودا ئێستای خۆم نادۆزمەوە چونکە داهاتوو پەیوەندی بەو ئاگاییەوە هەیە، کە سەرهەڵدەدات. ڕابردووم لە بوون—لەنێو- خۆیدا خۆی دەردەخات و شتێکە لەنێو جیهاندا. بێگومان، ئەم بوونە، هەمانکات بەئاگاشە و بوون—بۆ—خۆیە. بەڵام ئەو بوون- بۆ—خۆیەیە، کە لەنێو بوون—لەنێو- خۆدا گیریخواردوە. واتای ڕیالیزم و سروشتگەرایەتی و ماتەریالیزم لەنێو ڕابردوودایە؛ ئەمجۆرە فەلسەفانە تەفسیری ڕابردوو، وەکو شتێکی ڕانەبردوو دەکەن.

کەوابوو، هەڵهاتنی بوون—بۆ—خۆ لەنێو جیهاندا دوولایەنییە؛ ئەو لە ئێستای بوونی خۆی لەنێو جیهاندا ڕادەکات. ڕاکردنەکەشی بەرەو شتێکی دەرەکی و بەرزی نەبوو نییە. هەمیشە بەرەو شتێکی هەبووە. بۆ ئەمەش نموونەی ئەو کەرە دەهێنمەوە گالیسکەیەکی بە پشتەوە بەستراوە و لە پێشەوەش بە دارێکەوە گوێزەرێکی بۆدانراوە. ئەو دەیەوێت دەمی بە گوێزەرەکە بگەیەنێت و هەوڵدانەکەشی دەبێتە هۆکاری ڕاکێشانی گالیسکەکە بەدوای خۆیدا. ئێمە شوێن ئەگەرەکان دەکەوین، کە بێجگە لە شوێنکەوتنەکەمان چی دیکە نین. ئێمە بێ ئەوەی بەخۆمان بگەین، بە شوێن خۆماندا ڕادەکەین. لەلایەکەوە شوێنکەوتنەکەمان هیچ واتایەکی نییە چونکە هەرگیز بەشوێنی مەبەست ناگەین کەچی شوێنکەوتنەکەمان پرۆژەیەکی داهێنراوی بوونیشمانە. ئێمە ناتوانین دەستبەرداری بین و واتا بەبوونمان دەبەخشێت. کەوابوو، هەڵهاتنەکەمان واتای هەیە و نییە.

هەڵهاتنم لە ڕابردوو شوێنکەوتنمە بەدوای داهاتوودا. داهاتووشم پەیوەندی بە ڕابردوومەوە هەیە و واتاکەشی لەوێوە سەرهەڵدەدات. داهاتوو ڕانەبردوویەکە لە دەرەوەدا، کە دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ و بناخەی بوونی خۆیان دەبێت بەو بوونەی، کە (من)ە. ئەگەری بوونی دۆزینەوەی ڕابردوومە چونکە دۆزینەوەی بناخەیە. من لە دەست بوونێکی بێ بناخە ڕادەکەم. ئەو بوونە خۆمم و منیش ئەوەم، کە لە داهاتوودا دەیگەمێ.

ئەگەرەکان لە بوون—بۆ—خۆدا کەمین؛ کەمی ڕەتدانەوەیەکی دیاریکراون لە ئێستادا. ئەگەرەکان دیاریکراون نەک لەبەر ئەوەی هەن، بەڵکو لەنێو ڕەهەندە دیاریکراوەکانیدا دۆزینەوەی بوون—بۆ—خۆن. تینوێتی، بۆنموونە، سێ لایەنی هەیە: ڕاکردنە لە حاڵەتی کەمی لەنێو ئێستادا، کە ئەو کەمییە لە بوون—بۆ—خۆدایە. ئەو ڕاکردنە جەخت لەسەر بوونی کەمییەکە دەکات. کەمی لەنێو ڕابردوودا نابێت بە کەمی، چونکە ئەو شتەی کەمە لەوێدا دەبێت بە کەمی ئێمە بەرەوبوونی برۆین و ئەو بوونەی ڕوویتێدەکات دەبێت بوونێکی بەرزی هەبێت. هەڵهاتنەکەش هەمیشە ڕوو لە شتێک دەکات. ڕووتێکردن واتا بە هەڵهاتن دەبەخشێت. هەڵهاتن،

لەخۆیدا، کەمییە و خۆیدەکات بەوەی هەیە. دەبێت لایەنێکی هێزەکی هەبێت، کە بە ڕابردووەوە بەستراوە. دۆزینەوەی بوون—بۆ—خۆ، ئەو بوونەی لە شێوازی کەمییدا خۆی وەکو تێڕامان یان ئاگایی لە کەمییەکە دەردەخات، پێویستە. دواجاریش، ئەو شتەی کەمییەکە ڕوویتێدەکات دەبێ هەبێت. ئەگەرەکان ئاماژە بۆ تێری دەکەن؛ بەها، وەکو ئەو بوونەیە دەچێتە نێو بوون—بۆ—خۆوە. دەبینین ئێمە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ تێربوون دەکەین، کە خۆی وەکو تینوێتی دەردەخات. پەیوەندی ڕابردوو—ڕانەبردوو فۆرمی ئەو تێربوونە لەســەر بوونیادی تینوێتی دادەمەزرێنێت. منیش یان ئەو ئەگەرە چارەنوســی خۆمی لێــوە دیاریدەکەم و تێیدەڕوانم. ئامادەبوونم لەبەردەم شتێکدا بوونی شتەکە دەسەلمێنێت و ڕەتدانەوەی (ئەو) شتەشە، تاکو ئەو ڕادەیەی من لە تەنیشــت شتەکەوە بە کەمییەوە ڕادەوەستم. ئەگەری بوونم وەســتانە لەودیو بوونــەوە. ئەگەری بوونم بوونێک لەودیــو بوونەوە، وەکو ئەو بوونە ئێستای پەیوەندی بەو تێرییەوە هەیە، کە ســەرهەڵدەدات، نیشــاندەدات. ئامادەنەبوونیش لەنێو جیهاندا لەگەڵ ئەو وونەدا دەناســرێتەوە، کە بوونی (من)ە و بە کەمییەوە پەیدابووە. پەرداخە ئاوەکە وادەردەکەوێت، کە دەبێت بخورێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بــە داهاتووی جیهانەوە هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەش پێویستە لەســەر کاتی جیهان بدوێین. کاتی جیهانیــش خۆی بۆ ئاگامەندی لە ڕێگەی ڕەتدانەوەی بنەڕەتییەوە دەردەخات.

٤. کاتی جیهان

کاتی جیهان لە ڕێگەی بوون—بۆ—خۆوە سەرهەڵدەدات. بوون—لەنێو—خۆ کات ناهێنێتەکایــەوە چونکە کات یەکێتی ئەو بوونەیە بــەردەوام لە دەرەوەی بوونی خۆی ڕادەوەستێت. بوون—بۆ—خۆ کاتییە، بەڵام ئاگای لەو کاتییەتە نییە ئەگەر خۆی لــە پەیوەندییەکەی نێو تێڕاماندا نەبینێت. لــەو حاڵەتەدا، کە ئەم بوونە تێڕامانەکــەی ناخاتەگەر کات لە بووندا یان لە دەرەوەدا دەدۆزێتەوە و کاتەکەی دەرەکییە.

ئەلف. ڕابردوو

(ئــەو) شتــە ڕانەبردوو نییــە تاکو دوایــی ببێت بە ڕابردوو. لەپێشــتریش داهاتوو نەبووە. ئەو کاتەی هەســت بە بوونی شوشەمەرەکەبەکە دەکەم، هەرسێ ڕەهەندەکانی کاتی تێدا دەدۆزمەوە. هەروەها، ئەگەر هەردووکمان لەجیهاندا نەبین هەســت بە بوونی ناکەم. لــەم ڕووەوە بڕوانامەیەکی تێهەڵکێشــراو نییە ئەگەر

مەبەستمان لەمە ناسینەوەی ساتەکانی ئێستا و بەردەوامی بێت. بوون-بۆ—خۆ بێ کۆتایی و بەردەوام لە کاتییەتی خۆیەوە ڕوودەکاتە هەموو بوون—لەنێو—خۆیەک. من ئەو ڕەتدانەوە بنەڕەتییەم لە شێوازی بوونێکی هێشتا پەیدانەبوودا لە تەنیشت ئەو بوونانەوە ڕادەوەستم، کە هەن. ئەگەر لەو باوەڕەدابین جۆرە ئاگامەندییەک لە جیهانێکی نەگۆڕ و وەستاودا هەیە، ئەوا ئەو ئاگامەندییە بە ڕابردوو هەروەها داهاتوویەکی نەگۆڕەوە خۆی دەردەخات. پێویستیشی بە تێهەڵکێشکردنی کارەکانی نابێت و لەگەڵ بوونی خۆیدا یەکدەگرێت. پێویستی کارکردن لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە بوون—بۆ—خۆ ڕابردووی خۆی بهێنێتەکایەوە. بەڵام مادامەکی بوون—لەنێو—خۆ ڕابردوو، هەروەها داهاتووی خۆیەتی، ئەوا خۆدەرخستنی بوون— لەنێو—خۆ دەخرێتە نێو کاتەوە. (ئەو) شتە لەنێو کاتدا خۆی دەردەخات نەک لەبەر ئەوەی واتایەکی ناوەکی لەپێشتری هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە خۆ دەرخستنەکەی بۆ بوونیکی کاتییە.

لەگەڵ ئەوەشدا خەسڵەتی لە کات بەدەری بوون لەو خۆدەرخستنەدا دەردەکەوێت. بوون—لەنێو—خۆ ئەوشتەیە هەیە، وەکو هەبوویەکی کاتی نییە. ئەو تەنیا وا دەردەکەوێت کاتی بێت و نابێت بە بناخەی کات بۆ خۆی و پەیوەندییەکەشی بە کاتەوە دەرەکییە. (بەردەوامی) ڕێکەوتنە لەنێوان ناسنامەیەکی لەکات بەدەر و یەکێتیی ڕەهەندەکانی کات؛ دەبێت بە خلیسکانی دیاردە تاک و هەندەکییەکانی بوون—لەنێو—خۆ، کە جیاوازییەکانیان زۆر بچوک دەردەکەون و یەکگرتنەکەشیان دەرەکی و ڕووکەشی دەبینرێت. ئەمەش فۆرمێکی وەستاو یان لە کات بەدەری بۆ دەڕازێنێتەوە. دروست نییە بڵێین لە کات بەدەری بوون لەژێر دەستی ئێمە ڕادەکات؛ بەپێچەوانەوە، ئەو لەنێو کاتدا دراوە و دەبێت بە بناخەی فۆرمی کاتی جیهانی بۆ بوون.

بەو ڕادەیەی بوون—بۆ—خۆ لە ڕابردوودا ئەوە بوو، کە هەیە، ئامێریش بۆ ئەم بوونە لەنێو جهاندا خۆی دەردەخات. بوون— بۆ—خۆ دەتوانێت لەبەردەم (ئەو) شتەدا ئامادەبێت؛ هەستکردن لە-نێو— خۆیە، لە کارکردن بەدەرە و بیرهاتنەوەیە. ئەوەی لەنێو یەکێتی سێ ڕەهەندەکەی کاتدا[ڕابردوو، ڕانەبردوو هەروەها داهاتوو] خۆی دەردەخات، بوونێکە بە ناسنامەوە. ئەمەش ئەو بوونە نییە لە ڕابردوودا یان ئێستا بینیومانە، بەڵکو ئەو بوونەیە، کە هەیە. کات دەبێت بە ئامێرێک بۆ بینینی ئەم بوونە. هەمانکات، ئەوشتە ئەوەیە لە ڕابردووشدا هەبوو. لەبەر ئەمە شتەکە وادەردەکەوێت، کە ڕابردووی هەبێت. بەڵام نابێت بە ڕابردوو ئەو تەنیا شتێکە خاوەنی ڕابردووە. کاتێکی دەرەکی و بابەتگەری خەیاڵییە؛ خۆی وەکو کاتی بوون—بۆ—خۆ یان بوون—لەنێو—خۆ نیشان نادات. هەمانکات، ڕابردووی بەرز، لەبەر ئەوەی لەنێو—خۆیە و بەرزە ناتوانێت بەو جۆرەی ڕابردوو هەیە

ئەویش هەبێت؛ ڕابردوو سەربەخۆییەکی خەیاڵی هەیە. هەریەکێک لە ساتەکانی ڕابردووش ڕانەبردوو بووە. ئەمەش زۆرتر دابڕان و سەربەخۆییەکەی ڕابردوو دەسەپێنیت. لەبەر ئەمە (ئەو)شتەی نەگۆڕە لەنێو بوونێکی بەخەیاڵ دروستکراو خۆی دەردەخات و قوتکردنەوەی مێزەکە یان پەرداخە ئاوەکە لەبەردەم مندا دەگونجێت. ئەوشتانە بەردەوام نامێننەوە، بەڵکو بەردەوامن و کات بەسەریاندا دەگوزەرێت.

لەوانەیە هەندێک ناڕەزایی دەربڕن و بڵێن من گۆڕانکارییەکانم لە بوونی مێزەکە یان پەرداخە ئاوەکەدا نەبینیوە. ئەمەش بۆچوونێکی زانستانە نییە و لەگەڵ هەستکردندا ناکۆکە. سەبیلی جگەرەکەم، پاندانەکەم لەنێو زەمینەی هەموو شتەکان، کە هێشتا جیاوازییەکانیان دیارینەکراوە لەودیو کاتەوەن. شتێک، وەکو (فۆرم) بوونی خۆی دەردەخات. فۆرمیش (هەموو)ی ئەوشتەیە و هێشتا نەکەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی جیاکردنەوەکە. هەریەکێک لە شتەکان لەژێر یاسایەکی بووندا خۆی دەردەخات و ئەو یاسایەش حوکم بەسەر بووندا دەدات؛ گۆڕانەکان، لە کۆیدا لەناودەچن و چ شتێک هەیە، کە وایان لێدەکات نەبن. ئەم یاسایەی بوون، کە بەردەوامی بەوشتە دەبەخشێت، بونیای بنەڕەتی ئەوە. حوکم بەسەر بوون و نەبوونیدا دەدات. ئێمە لەدواییدا بۆ سەر ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە. کەوابوو، بوون—بۆ—خۆ کات بەسەر بووندا دەسەپێنێت. ئەو تێڕامانێکی ڕەوانە بە سەربوونەوە بەبێ ئەوەی بوونەکە بگۆڕێت. زانستەکان ئەم خەسڵەتەی کات بە هاوجۆری ناوزەددەکەن. لێرەدا هەریەکێک لە ساتە ڕابردووەکان و ڕانەبردووەکان بوون— لەنێو—خۆن و لە یەکدی دابڕاون. لە دەرەوەشدا لەیەکدی دەچن. هەروەها، لەنێو بوونی یەک شتیشدا یەکیانگرتووە. ئەم کاتەش بێجگە لە پەرتبون چی دیکە نییە و بە بەشتێکی پێویست و نەگۆڕ دانراوە. ئەم ناکۆکییە لەسەر زەمینەی دوولایەنی بوون—بۆ—خۆی بوون—لەنێو—خۆ ڕادەوەستێت. لەبەر ئەوەی زانست ئاماژە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان دەکات، بوونیش بە بەتاڵی دەبینرێت یان ئەو هەبووە تاکانەیە بە نێو کاتدا تێدەپەڕن. ناوەڕۆکە فرە لایەنییەکانن لە دەرەوەی یەکدیدا بەرانبەر ڕادەوەستن و لەیەکدی دەچن. تاکو ئێرە باسەکەمان بۆ کاتی جیهانی لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە، کە هیچ شتێک لە بوونەوە بۆ پاراستنی خەسڵەتە نەگۆر و لە کات بەدەرەکەی پەیدا نابێت. بەڵام شتێک هەر پەیدا دەبێت ئێمە ناویدەنێین لە ناوبردن یان دێوەزمە. ئەمانەش بابەتی لێکۆڵینەوەی مێتافیزیکیین و سەر بە ئۆنتۆلۆجی نین، چونکە پێویستییەکەیان بە بونیادی بوونی بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خۆوە نەبەستراوەتەوە. بوونی ئەوان هەندەکی و فاکتۆرێکی میتافیزیکییە. ئێمە بە تەواوی نازانین چ جۆرە دێوەزمەیەک لە بوونەوە پەیدا دەبێت چونکە پەیوەندی بە دیاردەی (ئەو)وە لەنێو کاتدا

هەیە. لە ئەزموونەکانمانەوە فێردەبین بە چەند ڕێگەیەک (ئەو)شتە لەناودەبرێت. هەستکردنیش بوون—لەنێو- خۆمان پێدەناسێت و ئەوەش ڕادەگەیەنێت هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەو بوونەدا نەبێت. لێرەوە بەو ئاکامە دەگەین، کە بوون—لەنێو—خۆ سەرچاوەی لە ناوبردنەکەش بێت. لەسەرو ئەمەوە، یاسای ناسنامە، کە یاسای بوونی بوون— لەنێو—خۆیە پێویستی دامەزراندنی لەناوبردنەکە لە دەرەوەی بووندا دەسەلمێنیت، ئەگینا بوون—لەنێو—خۆ دەبێت بەوشتەی لە یەک ساتدا هەبێت و نەبێت. لەناوبردنەکە ڕووخانی ئەو بوونە لەگەڵ گەیشتن بە کۆتاییەکەی نییە. تەنیا بوون—بۆ—خۆ ئاگای لە ڕوخانی خۆیەتی چونکە ئەو کۆتایی بوونی خۆیەتی. بوونێک لە دەرەوەی خۆیدا برانەوەی دیاریکرابێت کۆتاییەکەشی دەرەکی ڕادەوەستێت. لەناوبردنەکەی ئاماژەکردنێکی پێویست بۆ (پاشتر) دیاریناکات. (پاش) لە بوون—لەنێو-خۆدا نیمچە ڕاستەقینەیە. بوون— لەنێو—خۆ ناتوانێت لەنێوان بوون و نەبووندا ڕاوەستێت. لەناوبردنەکەشی جۆریک لە هەوڵدان و خۆ تێهەڵقورتانی ئەم بوونە نییە. ئەم هەوڵدانە لە بوونی بوون—بۆ— خۆدا هەیە؛ لەو بوونەدا، کە لەناوبردن و هەوڵدان لە ناخیدا دەژین. بوون هەیە و خۆی ناهێنێتە بوونەوە؛ بوونێکی بێ منداڵی و تەمەنی لاوێتییە. ئەوەی دەردەکەوێت گۆران لەنێو خۆیدا دروستناکات؛ لە سەرەتاوە بوونێکە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ پێشوی خۆییدا قوتدەبێتەوە. لێرەدا نیمچە زنجیرەیەک دەدۆزینەوە ئەویش لەپەیوەندی نێوان دیاردەکە و نەبوونی خۆیدا سەرهەڵدەدات.

بۆ ئەوەی ئەو لایەنە دەرەکییە ڕەهایە لەفۆرمی (لەوێدا) بناسرێت، پێویستە جیهان هەبێت؛ ئەمەش جەخت لەسەر بوونی بوون—بۆ—خۆش دەکات. لایەنی دەرەکی بوون—لەنێو-خۆ بەرپرسە لەوەی ڕێگەنەدا نیمچە لەپێشترە دێوەزمەکە یان نیمچە لەپاشترە لەناوبراوەکە لە نێو پڕی بووندا جێگەی خۆیان بکەنەوە. لەنێو یەکێتی بوونی جیهاندا و لەسەر زەمینەی جیهانەوە (ئەو)شتە خۆی دەردەخات، کە لەپێشتر نەبوو یان پەیوەندییەکەی بە ئامادەنەبوونەوە دەرەکییانە نیشاندەدات. نەبوونی بوون لە ڕێگەی بیرکردنەوەی بوون—بۆ—خۆوە دێتە جیهانەوە. بوون—بۆ—خۆش ئەو بوونەیە، کە نەبوونی خۆیەتی. لەم ڕووەوە، سەرهەڵدان و لەناوبردنی شتێک دیاردەیەکی ئاڵۆزە. ئەوەی بوون—بۆ—خۆ دەیهێنێتە کایەوە نەبوونێکی ڕووتە، ئەوەیە هێشتا پەیدا نەبووە و ئەوەشە پەیدا بووە و لەناوچووە. ئەو بوونەی باسیدەکەین بناخەی ئەمە نییە. لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە بوون—بۆ— خۆ سەرهەڵدان دەهێنێتە جیهانەوە، کە بوونی لەپێشتر و لەپاشتری خۆیەتی، دێوەزمەکە، وەکو هەوڵدان دەردەکەوێت. ئێمە هەست بە بوونی (ئەو)شتە دەکەین و ئەویش بوونێکە لەبەردەم ئێمەدا و لەنێو جیهاندا. ئەو لەپێشتر ئامادە نەبووە. کەوابوو، شتێک لەنێو نەبوونەکەی خۆیەوە سەرهەڵدەدات. ئێمە لێرەدا مامەڵە

لەگەڵ چەمکێکی نێو هۆش ناکەین و مەبەستمان بونیادی بنەڕەتی هەستکردنە. تاقیکردنەوەکانی فێرگەی گیشتاڵت بەئاشکرا ڕوونیدەکەنەوە چۆن دێوەزمە یان ئەوەی نەبووە دەبێت بە سەرهەڵدانێکی دینامیکی؛ دیاردە لەسەر بوون لە نەبوونەوە پەیدا دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە لێرەدا بنەڕەتی (یاسای هۆکارەکی)مان هەیە. مەبەست لە هۆکارێکی ڕەتدانەوەی دیاردە نییە بەو شێوەیەی میەرسۆن باسیدەکات. دامەزراندنی پەیوەندییەکی دەرەکی هەمیشەیش لەنێوان دیاردەکاندا نییە. یەکەم هۆکارێکی ناسینەوەی دیاردەیە پێش خۆدەرخستنی وەکو فۆرمێک لەنێو ڕەهەندە کاتییەکانی بووندا دەکەوێت. بەڵام هەوڵدانەکە لەو نەبوونەوە لەنێو هەستکردندا دەتوێتەوە؛ لەپاشتر و لەپێشتر لەنێو نەبوونی بوون—لەنێو—خۆدا دەچەقن. دیاردەکە لەگەڵ ناسنامە دیارینەکراوەکەیدا نەبوونی دیاردەکە لەو نموونەیەدا دەبێت بە بوونێکی پڕ. پەیوەندی هۆکارێکی لەنێو پەیوەندی دەرەکی نێوان شتەکاندا دەتوێتەوە. ئاڵۆزی لەناوبردن و سەرهەڵدانی، وەکو جیهان، شوێن، ئامێرگەرێتی و کاتی جیهانی دەبن بە فاکتۆرێکی دروستکراو. بەردەوام لەنێو پرۆسەی توانەوەدا دەمێننەوە.

ئەمە بۆ ڕابردووی جیهانیش دروستە، ئەمیش لە نموونە هاوجۆرەکان پێکهاتوە. نموونەکانیش بە پەیوەندییەکی دەرەکییەوە بەیەکدییەوە گرێدراون. بوون—بۆ—خۆ لە ڕێگەی ڕابردووەوە خۆی لەنێو بوون— لەنێو—خۆدا دادەمەزرێنێت. بوون—بۆ—خۆی ڕابردوو دەبێت بە بوون—لەنێو—خۆ و بە بوونێک لەنێو جیهاندا خۆی دەردەخات: دەبێت بەوەی هەیە و بەرزێتی خۆی دەدۆڕێنێت. لەبەرئەمە بوونی بووە بە ڕابردوو لەنێو کاتدا. هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕابردووی بوون—بۆ—خۆ و جیهاندا نییە، بێجگە لەوەی بوون—بۆ—خۆ ڕابردووی خۆیەتی. کەوابوو، یەکجۆر ڕابردوو هەیە. ئەویش ئەو ڕابردووەیە منی تێدام. ڕابردووم ڕابردووە لەنێو جیهاندا، سەر بە هەمووی ڕابردووی بوونی منە و ئەو بوونەیە من لە دەستی ڕادەکەم. یەکێک لە ڕەهەندەکانی کات لەنێو من و کاتی جیهانییدا وەکو نەبوونێکی ڕووت پێکەوە ڕیکدەکەون. من لە ڕێگەی ڕابردوومەوە دەچمە نێو کاتی جیهانەوە؛ لە ڕێگەی ڕانەبردووم و داهاتووشم خۆمی لێ جیادەکەمەوە.

با. رانەبردوو

ڕانەبردووی بوون—بۆ—خۆ ئامادەبوونیەتی لە بووندا، هەروەها شتێکە، کە نییە. بەڵام خۆدەرخستنی بوونە. ئەو بوونەی لە ئامادەبوونەکەدا خۆی دەردەخات بوونە لە ڕابردوودا. لەبەر ئەمەش ڕانەبردوو بەو شێوەیەی لە ئەزمووندا دەردەکەوێت و خۆشی دەکات بە پێوەری بوون چونکە بوون دەبێت بەوەی ئێستا هەیە؛

پارادۆکسە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، بوون خۆی بە ئەودیو ڕانەبردوو ناگەیەنێت، بەڵکو ئەم خەسڵەتەی بوون لە ڕێگەی ڕابردووەوە، کە هەیە باشتر دەدۆزرێتەوە.

پەرتووکەکەی سەرمێزەکەم لە ڕانەبردوودایە و لە ڕابردووشدا (شتێکە، وەکو خۆی و ناسنامەی هەیە). کەوابوو، ڕانەبردوو لەنێو زەمینەی کاتە بنەڕەتییەکەوە، وەکـــو هەبوویەکی هەمەکی خۆی دەردەخات، لەهەمانکاتدا ئەو هیچە؛ یان بێجگە لـــە بوون چی دیکە نییە؛ ئـــەو ڕابردوویەکی خلیسکاوە لە تەنیشـــت بوونەوە و نەبوونێکی ڕووتە.

ســـەرنجدانەکەی پێشـــومان دەریدەخـــات، کە نەبوون لە بوونـــەوە دێتە نێو ڕانەبـــردووەوە. ئەمەش دەشێ ئەو خاڵەمان لەبیربەرێتەوە، کە بوون لە شێوازی جـــوڵان و گۆڕاندا خۆی بۆ بوون—بۆ—خۆ دەردەخـــات و هەردوو چەمکی جوڵان و وەســـتان پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان هەیـــە. ئۆنتۆلۆجییانە جوڵان لە بوونی بوون—بۆ—خۆوە یان پەیوەندییەکـــەی لەگەڵ بوون— لەنێو—خۆوە پەیدا نەبوە. تەنانـــەت لەنێو دیاردەی بوونیشـــدا هەڵنەقوڵاوە. ئێمـــە دەتوانین بیر لە جیهان بەبێ جوڵان بکەینەوە. بەڵام ناتوانین جیهان بەبێ گۆڕان ببینین. ئەوەش دەبێت بزانیـــن، کە گۆڕان نییە. گـــۆڕان ئاڵوگۆڕبوونی چۆنیەتی شتێکە؛ بە لەناوچوونی خەسڵەتێکی ڕوودەدات. جوڵان، بەپێچەوانەی گۆڕانەوە، ئاڵوگۆڕبوونی چۆنیەتی ناخاتەگەر. ئەگەر شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوێزینەوە و گۆڕانێکی بنەڕەتیش لەم گواستنەوەیەدا بەسەر بوونیدا بێت، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە جوڵانەکە ڕەتدەداتەوە و گواســـتنەوەکەش بە جوڵان دانانرێت. جوڵان جێگۆڕکێیە و گۆڕان لـــە بوونی شتە گوێزاوەکەدا پەیدا ناکات. لەبەرئـــەم هۆیەش بوو لە ئۆنتۆلۆجی ئیلیاییەکاندا بوونی جوڵان ڕەتدرایەوە.[٥٢] دێکارتیشـــی ناچارکرد لە سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەکەیدا پەنا بۆ "پەنجە تەقاندن" بەرێت. جوڵان هەمان بەهای فاکتۆری هەیـــە؛ لە بوونی کاتـــی شتەکاندا بەشداری دەکات و دەبێت بـــە دراو دابنرێت. هەڵبەتە ئێمە بەم زووانە پێویستی بوون—بۆ—خۆ بۆ بوونی جوڵان باســـدەکەین، هەروەها دژواریشـــە بەتەواوی بیسەلمێنین چی لە جوڵانی ڕووتەوە دێتە بوونەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە لێرەدا بوون—بۆ—خۆ، وەکو لە شوێنەکانی دیکەشدا هیچ شتێکی زیادە ناخاتەسەر بوون.

نەبوونێکی ڕووتە و ئەو زەمینە دادەهێنێت، کە جوڵان تیایدا خۆی دەنوێنێت. لەبەر ئەوەی جوڵان ڕێگەمان پینادات لە پێشەکییەکەوە پێیبگەین، ئەوا پێویستە

---

٥٢ بیریارانی فێرگەی ئیلیا، وەکو پارمەنیدس و زینۆ باوەڕیان بە جوڵان ، گۆڕان نەبوو. بۆ ئەوان ئەوەی هەیە بوونە و نەبوون نییە. گۆڕانیش جوڵانە لە بوونەوە بۆ نەبوون، یان لەنەبوونەوە بۆ بوون نەک لەبوونەوە بۆ بوون، یان لەنەبوونەوە بۆ نەبوون.(وەرگێڕ)

و دەشگونجێت ئێمە باسی بکەین. ئێمە چین تاکو واتای جوڵان لێکبدەینەوە؟

هەندێــک لەو باوەڕەدان جوڵان کاریگەرێتییەکی ســادەی بوونە چونکە پاش جوڵانەکە بوونە جوڵاوەکە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. گواستنەوە گۆڕان لە چۆنیەتی شتە گواستراوەکەدا دروست ناکات.

ئەمەش لە بیردۆزەی فیتزگیراڵد لەســەر "گرژبوونەوە" و ئاینشــتاین لەسەر "جۆرەکانی تەن"ەوە نزیکە چونکە پەیوەندییان بەو یاســایەوە هەیە، کە جوڵان لــە هەبووەکاندا پەیدادەکات. لێرەشەوە یاســای ڕێژەگەرایەتــی جوڵان، ئەگەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی بوون ڕاڤە بکات، خۆی دەسەپێنێت. جوڵان دەبێت بە پەیوەنــدی دەرەکی بۆ بوون. لەم ڕووەوە، جوڵان نە بوونە و نەشێوازێکی بوونە. بەڵکو پەیوەندیەکی نا- بنەڕەتییە. لە ڕاستیدا، شتێکی جوڵاو لە سەرەتا و کۆتایی جوڵانەکەدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئاوی کوڵاو لەنێو مەنجەڵەکەدا و پرۆســەی کوڵانەکە گۆڕانی بەســەردا نایەت. پێش کوڵانەکە بە ســاردی و دوای کۆڵانەکە بــە گەرمی هەر ئاوە. ئێمە دەتوانین جوڵانەکە بەســەر چەند قۆناخێکدا دابەش بکەیــن. لەهەر یەکێک لەو قۆناخانەدا شتە جوڵاوەکــە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئــەم بۆچوونــە ماتماتیکییەیە بۆ جوڵان، کە هەندێکــی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی شتە جوڵاوەکە هەمانکات وەســتاوە و پارادۆکســی بیریارەکانی فێرگەی ئیلیای لەســەر دامەزراوە. ئێمە ئەم بۆچوونە لەســەر وەستانی بوونی و سەرهەڵنەدانی گۆڕانــی لە کاتی جوڵانــدا بەبێ کێشــەمان لەگەڵیــدا و ڕەخنەلێگرتنی تێپەڕ ناکەین. بۆ ڕەخنەگرتنەکەشمان دەچینەوە سەر بیروباوەڕی بیریارە ئیلیاییەکان، بەتایبەتی نموونەکەیان بۆ[هاویشــتنی]تیری کەوان. ئەوان لەو باوەڕەدان تیرەکە لە خاڵی (ئەلف و با)دا وەســتاوە و وەکو خۆیەتی و ســەری لای (ئەلف)و کلکی لای (با)یە. ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە جوڵان بە زۆر بەســەر بووندا ســەپێنراوە و هیچ شتێک حوکم بەســەر وەستان و جوڵانی بووندا نادات. واتە، ئەگەر جوڵان ڕوودابێت، ئەوا وەســتان و جوڵان لە یەکــدی جیاناکرێنەوە. ئەو ڕەخنانەی لە بۆچوونی بیریارە ئیلیاییەکان گیراون بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پێشبڕکێکەی ئەخیلــۆس و کیسەڵەکەوە هەیە ســود بە ئێمە ناگەتەنــن. چ پێویست دەکات ئــەو خاڵە ڕەتبدەینەوە، کــە گوایە بیریارانی فێرگەی ئیلیا (شوێن)یان بەســەر خاڵــە نەبڕاوەکاندا دابەش کردووە و بیریان لــە دابەشکردنی کات نەکردۆتەوە؟ پرسیارەکە پەیوەندی بە بوونەوە نەک بە حاڵەت و ساتەوە هەیە. ئێمە لە وەڵامدا بە بیریارانی ئیلیــا دەڵێن، ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ شوێن بۆ جوڵان نەک خودی جوڵان کردوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە: ئایا بوونی ئەو بوونە جوڵاوە چییە، کــە چونیەتی ئەو بوونە بە نەگۆڕی گلدەداتەوە لە کاتێکدا بوونە جوڵاوە کە لە بوونە وەستاوەکەوە دوور دەکەوێتەوە؟

بــۆ ڕەخنەگرتن لە بیروڕاکەی زینۆ دەڵێین، کە ئەم بیریارە ڕاڤەی چەمکێکی ســـادەی جوڵانی کـــردوە. ئێمە لـــەو باوەڕەداین تیرەکە بـــە خاڵی (ئەلف و با) دا تێدەپەڕێـــت و تێپەڕبوونیش مانەوە نییە. هەمانکـــات، لەم بۆچوونەدا جۆرە کەموکورتییەکمـــان هەیە. ئێمە دەڵێین بابەتە جوڵاوەکـــە تەنیا بە (ئەلف و با) دا تێدەپەڕێت، هەروەهـــا لەو باوەڕەشداین، کە ئەو بابەتە شتێکە هەیە. تیرەکە کتوپڕ دەردەکەوێت لەنێو خۆیـــدا و لەنێو (ئەلف و با)شدا نەبێت. ئەمە بناخەی پارادۆکسی ئیلیاییە. ئایا چۆن لە کاتێکدا تیرەکە لە (ئەلف و با)دایە لەوێش نییە؟ بۆ دوور کەوتنەوەمان لەم پارادۆکسە پێویستە واز لەو بیرۆکەیە بهێنین، کە گوایە بوون لە جوڵاندا بوون– لەنێو–خۆیی خۆی دەپارێزێت. بە کورتییەکەی تێپەڕبوون بە (ئەلف و با)دا بوونێکی تێپەڕبووە. ئایا تێپەڕبوون چ واتایەکی هەیە؟ کتوپڕ لە شوێنێکـــدا بێت و لەوێش نەبێت. ناتوانین بڵێین، بوونە تێپەرِبوەکە لێرەیە بەبێ ئەوەی لێرەدا نەوەســـتێت. هەروەها ناتوانین بڵێین لێرەش نییە یان لە شوێنێکی دیکەدایـــە. پەیوەندییەکەی لەگەڵ شوێنـــدا داگیرکردنی شوێن نییە و دەرەکییە. بناخەی شوێن، کەوابوو، ئاڵوگۆڕکردنێکی دەرەکییە و لە ڕێگەی بوون–بۆ–خۆوە بەبێ جیاوازی کردن لە بووندا دێتە جیهانەوە.

لـــەو بۆچوونەوە، کە دەڵێین (ئەو)شتە ئەوەیە هەیـــە و لەنێو شوێندایە ئەوا بوون–بۆ–خۆ پەیوەندییەکانی بە شتەکانی دیکەشەوە دیاریکردوە. شوێن پەیوەندی نییە، بەڵام بوونێک هەیە لە پەیوەندییەکەی خۆیدا شوێنیش دەکات بە پەیوەندی. تەنانـــەت تێپەڕبـــوون بە شوێندا نـــەک لەنێو شوێندا بوون لـــە ڕێگەی بوونەوە دەناســـرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مادام بوون شوێن دادەمەزرێنێت، ئەوا بوون بەتەواوی ناتوانێت شوێنی خۆی بدۆزێتەوە، تەنیا سنورەکانی دیاریدەکات. بوون–بۆ–خۆ ناتوانێت پەیوەندییـــە دەرەکییەکانی نێوان شتەکان دامەزرێنێت چونکـــە بوون–بۆ–خۆ دەبێت ئـــەو پەیوەندییانـــە لەســـەر (ئەو)شتە هەبووە دیاریبکات. هەروەها، ئەو پەیوەندییانەش لەناوناچن چونکە ئەو بوونەی لەسەری ڕادەوەســـتن نەبوونێکی ڕووت نییە. (ئێستا) بۆ ئەوان دەرەکی ڕادەوەســـتێت؛ لەگەڵ ئەمەدا کتوپڕ چەند پەیوەندییەکی دیکە بەرجەســـتە دەبن و (ئەو)شتەش دەبێـــت بە بناخەیان. ئـــەم پەیوەندییە دەرەکییە بەردەوامـــەی نێو شوێن، کە پێناســـەی هەبوویەک لەنێو شوێندا دەکات، لەوێـــدا دەبینرێت، کە (ئەو)شتە لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ خودی خۆیدا دەرەکی ببینرێت. لە کاتێکدا دەڵێین (ئەو) شتە بە شوێنـــدا تێدەپەڕێت ئەوە دەگەیەنێت، کە (ئەو)شتە لەوێدایە و ئێستاش لەوێ دەرچووە؛ ئەمەش پەیوەندییەکـــی دەرەکییە نەک پەیوەندییەکی گرێدرا و بە ڕەهەندەکانی کاتەوە. کەوابوو، تاکو ئەو ڕادەیەی (ئەو) شتە پەیوەندییەکانی بە شتەکانی دیکـــەوە دەرەکییە (شوێن)یش هەیە. هەروەها تێپەڕبوونیش بە نێو

شوێنـــدا هەیە چونکە بوون لەنێو پەیوەندییـــە دەرەکییەکەدا گیرینەخواردووە و لـــە دەرەوەی پەیوەندییەکەدایە. لەم ڕوونکردنەوەیـــەوە دەتوانین بڵێین جوڵان بوونی ئەو شتەیە، کە لە دەرەوەی بوونی خۆیەوە بەرانبەر خۆی ڕادەوەســـتێت. ئەمـــەش دەبێت بە بناخـــەی پرســـیارێکی مێتافیزیکی ســـەبارەت جوڵان. ئایا مەبەســـتمان لەمە چییە؟ لە جوڵاندا بوونێک لە (ئەلف)وە دەڕوات بۆ (با) دەبێت بە هیچ. چۆنیەتییەکـــەی، کە ئەو بوونە بۆ بوون—بۆ—خۆ دەردەخات نابێت بە چونییەتییەکی دیکە و گۆڕانی بەســـەردا نایـــەت. جوڵان، وەکو پەیدابوون نییە. ناوەڕۆکی چۆنیەتی ناگۆڕیت و چۆنیەتییەکی دیکەش ناهێنێتەکایەوە. لە جوڵاندا چۆنیەتـــی بەردەوام، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و تەنیا شێوازی بوونەکە دەگۆڕێت. ئەو تۆپە سورەی لەسەر مێزی یاری بلیاردەکە دەجولێت ڕەنگە سورەکەی خۆی فرێنادات. بەڵام ئەو تۆپە لە جوڵاندا ئەوە نییە، کە لەپێشـــتر وەستابوو. ڕەنگە سورەکەی لەنێوان لەناوچوون و مانەوەدا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا، تاکـــو ئەو ڕادەیەی ئێستا لە خاڵی (با)دایە، ئەوا پەیوەندییەکەی بەو حاڵەتەوە، کە لەپێشتر لە خاڵی (ئەلفا)بوو دەرەکییە و لەناوچوونی ڕەنگی سوریشی تێدایە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی (با) ڕەتدەکات و خۆی بە (سین) دەگەیەنێت، ئەوا لە دەرەوەی لەناوچوونەکەشدایە. کەوابوو، لە ڕێگەی لەناوچوونەوە لە دەست بوون ڕادەکات و لە ڕێگەی بوونیشـــەوە خۆی لە لەناوچوون دەپارێزێت. کەوابوو، چەمکی (ئەوانە) بە جۆرێک لەنێو جیهاندا خەسڵەتی خۆی دەردەخات، کە هەرگیز بوون بەبێ ئەو نابێت بە نەبوون. تەنیا پەیوەندییەکیش بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ (ئەوانە)دا هەیبێت دەرەکییە. مادامەکی دەرەکی هیچە، ئەوا پێویستە بوونێک هەبێت پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا دەرەکی بێت. بە کورتییەکەی، مەحاڵە ئێمە پێناســـەی ئەو بوونە لەنێو خۆیە بەبێ پەیوەندی بکەین، کە خۆی بۆ بوون—بۆ—خۆ ، وەکو شتێکی دەرەکی بەرانبەر خۆی دەردەخات. پەیوەندی دەرەکـــی بوونێکی ئاگامەند دەیدۆزێتەوە، کـــە لە بنەڕەتەوە نەبوونە. مادامەکی پەیوەندی دەرەکی شتێک لەگەل خۆیدا بە ڕەهەندەکانی کاتەوە گرێنەدراوە ئەوا پەیوەندی تەنێکی جوڵان بە بوونی خۆیەوە ڕەوان و بێ جیاوازییە و هەمیشە پێویستی بە تەماشاکەر هەیە.

جـــوڵان لەناوچوونێکـــی تەواونەکراوە. ئـــەم نەبوونەی پێـــوەری پەیوەندییە دەرەکییەکەی لەگەڵ خۆیدا و یەکێتی یەکجۆر لە بوونە. لەو هێڵە خوارە دەچێت لەهەمـــان گۆشـــەدا چەند هێڵێکی خواری تر دەبڕێت. لـــە کاتێکدا (ئەو)شتە لە جوڵان دەکەوێت دەبێت شوێن هەبێت تاکو تیایدا ڕاوەســـتێت؛ ئەو کاتەی شتەکە لە جوڵانیشدایە شوێن سەرهەڵدەدات و پەیدا دەبێت. بەڵام هێڵە خوارەکە هەرگیز نییـــە و هیچە. کتوپڕ لەنێـــو پەیوەندییە دەرەکییەکانـــدا و شوێنە جیاوازەکاندا دەتوێتەوە. جوڵان لەوە زۆرتر نییە؛ بوونێکی نەگەیشـــتو، هەروەها لە ناوچوشی

هەیــە و پڕ وتەواویــش نییە. جولآن لە ناخی بوون—لەنێو—خۆدا ســەرهەڵدانی لایەنێکی دەرەکی لە جیاوازی بەدەرە. بوون—بۆ—خۆ لەنێو ڕەهەندە کاتییەکانی خۆیدا هەســتی پێدەکات و ناســنامەکەی دەدۆزێتەوە. ئەم ناسنامەیەش ئاماژە بــۆ هیچ بەرنامەیەک بە تایبەتــی "بڕوایەکی تێهەڵکێشــراو" ناکات چونکە ئەم ناسنامەیە بۆ بوون—بۆ—خۆ تەنیا پەیوەندی بە یەکگرتنی ڕەهەندەکانی ئێستا و ڕابردووەوە هەیە. کەوابوو ناسینەوەی کاتی تەنێکی جولآ و لەنێو لایەنە جۆراوجۆرە دەرەکییەکانی هۆکاردا و ڕەتبوونی هێڵە خوارەکەدا، ئاماژە بۆ سەرهەڵدانی شوێن دەکات. بە هۆکاری جولآنەوە (شوێن) لەنێو (کات)دا پەیدا دەبێت. جولآن هێڵێک لە دەرەوەی خۆیداو بەدوای خۆیدا ڕادەکێشــێت. ئــەو هێڵە لەگەڵ جولآنەکەدا، هەمانکات، نامێنێت و لەناودەچێت. ئەم جولآنەش لەنێو شوێندایە.

ڕانەبــردووی بوون—بۆ—خــۆ ئامــادە بوونە بۆ بــوون. بەڵام ناســنامەی بەردەوامبوون و هەمیشەیی ڕێگە نادات ئەو بەردەوامییە لەسەر شتەکان ببینرێت چونکــە لەبەردەوام بووندا هیچ شتێک نییە. ئەوەی هەیە و لەوانی جیادەکاتەوە، کــە لەپێش ئەودا هەبوون. ڕانەبردوو لە کاتی جیهانیدا بەبێ جولآن ناناســرێت. جولآن ڕانەبردووی کاتی جیهانــی دەهێنێتە کایەوە چونکە کاتی جیهانی هەژانە و ڕابردووی هێڵێکی ســڕاوەیە و لە دووکەڵی کەشتیەک دەچێت، کە لەنێو هەوادا وندەبێت و دەتوێتەوە. کاتی جیهانی لە داهاتووش بەدەرە چونکە ناتوانێت خۆی بکات بە پرۆژە و لە جولآنی شەوگەرد بەسەر دیوارەوە دەچێت. بوونی ئەو لەنێو ساتە ئاڵۆز و نەناسروەکاندایە، کە ناتوانین بڵێین هەن یان نین.

کەوابــوو، کاتی جیهانی ڕانەبردووی بوون—بۆ—خۆیە: لایەنی دەرەکی بوونە و ناتوانێت هەبێت یان بگەڕێتەوە بۆ بوون—بۆ-خۆ و لە ئاســتی بوون—لەنێو—خۆدا ببێت بە پرۆژەی ئەندێشەی ئەو. یان پرۆژەی ئەو بوونەی، کە دەبێت بەوەی نییە و ئێستاش ئەوە نییە، کە لە داهاتوودا پێیدەگات. جیاوازییەکە لە دابڕانی لایەنە دەرەکییەکــە لــەو بوونەوە دیاریدەکرێت. لە کاتێکدا، بــوون بۆ ئەوەی ببێت بە لایەنێکی دەرەکی بۆ خۆی دەبێت ئەوە نەبێت ئێستا هەیە، بەڵکو ئەو شتە بێت، کە لە داهاتــوودا دەبێت. لە ڕێگەی شتە جولآوەکەوە بوون—بۆ—خۆ ئامادەیی خۆی بۆ خودی خۆی بەرجەســتە دەکــات؛ خۆ—ئامادەبوونێکی کتوپڕ لەبەردەم جولآنەکەدا سەقامگیر دەکات؛ جولآنێکە، کە تیایدا کاتی جیهانی دەناسێت. لەگەڵ ناســینی جولآنەکەشدا هەست بە ئامادەبوونی خۆی دەکات. جولآنیش ئاماژە بۆ کاتی جیهانی دەکات. ئەمەش گرنگی بە ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکەی نێوان ساتەکان دەکات چونکە، شتە جولآوەکە پەیوەندییەکی دەرەکی بە ڕابردووی خۆیەوە هەیە، ئەو پەیوەندییە دەرەکییەش لەگەڵ پەیوەندییەکی دەرەکی دیکەدا دەرەکییە. ساتە نەبڕاوەکانی کات لەسەر ئەم پەیوەندییە دەرەکییە ڕادەوەستن.

جیم . داهاتوو

بنەڕەتی داهاتوو ئەگەری ئەو ڕانەبردووەیە من دەمەوێت لەودیو ڕاســتەقینەی بوون—لەنێو—خۆوە بیگەمێ. داهاتووی منیش پلان بۆ داهاتووی جیهان دادەنێت، وەکــو بینیمان، ئەو جیهانە داهاتووەیە خۆی بۆ بوون—بۆ—خۆ دەردەخات و من دەمەوێت بیگەمێ. ئەو داهاتووە ئەگەرە ڕاستەقینەکانی بوون بۆ خۆ نییە چونکە تەنیا تێڕامان دەتوانێت بیانناســێت. مادام واتای ئەگەرەکانم لە بوونی مندایە و لەو دیو بوون—لەنێو—خۆوە سەرهەڵدەدەن، ئەوا داهاتووی بوون—لەنێو—خۆ، کە لەنێو داهاتووی مندا خۆی دەردەخات پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو ڕاستەقینەوە هەیە، کە ڕانەبردووی منــە. داهاتووی بوون— لەنێو—خۆ ڕانەبردوویەکی گۆڕاوی ئــەو بوونەیە چونکــە داهاتووی من بێجگە لە ئەگەری ئامــادە بوونم لە بوون—لەنێو—خۆدا چی دیکە نییە. منیش ئەو ڕانەبردووەم گۆڕیوە. کەوابوو، داهاتووی جیهان لەنێــو داهاتووی مندا دەردەکەوێت. لەســەر ئەگەرەکانی من دامەزراوە. ئەو کاتەی بڕیار لەســەر ناوەڕۆکی شتێک دەدەم، هەستدەکەم ئەوشتە مێزە یان شوشە مەرەکەبە. من لەنێو داهاتوودام؛ چونکە ئەو ناوەڕۆکە بوونێکی هاوبەشی لەگــەڵ ئەگەری داهاتووی مندا هەیە. ئەو ئەگــەرەش ئەوەیە، کە من تەنیا ئەو ڕەتدانەوەیە نیم.

دووەمیــش خۆدەرخستنی مێزەکە یان شوشە مەرەکەبەکە وەکو ئامێر ئاماژە بۆ بەکارهێنانیان لە داهاتوودا دەکەن. ئێمە لە بەشی پێشــوی ئەم نوســراوەدا ئەم کێشــەیەمان ڕوونکردەوە، پێویست ناکات لێرەدا باســی بکەینەوە. ئەوەندە دەڵێــم، کە هەمــوو شتێک لەگەڵ خۆدەرخستنەکەیدا ئامــاژە بۆ بە ئامێربوونی خۆی لــە داهاتوودا دەکات. لەگــەڵ دەرکەوتنی جیهــان و شتەکاندا داهاتووی جیهانیش دەردەکەوێت. هەمانکات ئەوەشمان باسکرد، کە هەر حاڵەتێکی داهاتوو لە جیهاندا لەسەر زەمینە لەجیاوازی بەدەرەکەی پەیوەندییە دەرەکییەکەدا ناڕێک لەگەڵ جیهاندا ڕادەوەســتێت. هەندێک حاڵەتی داهاتــوو لەنێو جیهاندا هەن بە ڕێکەوت دادەنرێن و دەبن بەو ئەگەرانەی هێشتا پەیدانەبوون.

هەر یەکێک لەم حاڵەتانە سەر بە شتێک یان چەند شتێکن، بەڵام لە دەرەوەی ئەواندان.

ئایا داهاتووی جیهانی چییە؟ ئێمە بە بەســتێنێکی ڕووتکراوەی ســاتەکانی دادەنێین، کە هێشــتا پەیدانەبوون یان هەموو پەیوەندییــە دەرەکییەکانی تێدا کۆدەبنەوە؛ کۆی بوون—لەنێو—خۆکانە، کە هەر یەکێک لە ئەوان بووە بە بوون—لەنێو—خۆ. لەگەڵ ڕوودانی ئەگەردا داهاتووش هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی داهاتوو لایەنە لەیەکچووەکان و دەرەکییەکانە ولەبەردەم ڕانەبردوودایەو لە ســاتەکانی (ئێستا)

پێکهاتووە و تەنیا بە هۆکاری (پێشتر) و (پاشتر) پەیوەندییەکانیان دەدۆزرێتەوە، ئـــەوا ئـــەم داهاتووە زنجیرەیەکە لە بەســـتێنە بەتاڵەکـــان و پەرتوبڵاو بۆتەوە. لـــەم ڕووەوە داهاتـــوو هەڕەشەکەرە چونکە داهاتووی (ئـــەو) شتە بە داهاتووی خۆمەوە دەبەستمەوە. جاریواش هەیە هەڕەشەکە لەنێو پەیوەندییە دەرەکییەکەدا لەناودەچێت. منیش داهاتوو نابینم و دەبێت بە بەســـتێنێکی هاوتەرازی شتەکان لەنێـــو شوێندا و یاســـایەکی دەرەکی فەرمانڕەواییان دەکـــات. هەندێک جاریش داهاتـــوو، وەکو نەبوون دەبینرێت و دەبێت بە پەرتوبڵاوی لەودیو بوونەوە. کات، تاکـــو ئەو ڕادەیەی ڕەهەندەکانی خۆی دیاریدەکات لە هەموو شوێنێکدا لایەنێکی بەرزی هەیە و پاشتر ئاماژە بۆ پێشـــتر و پێشـــتر بۆ پاشتر دەکەت. هەروەها، تاکـــو ئەو ڕادەیەی ئەم بەرزێتییـــە ڕێگە بە خۆی دەدات بناســـرێت ئەوا نییە، بەڵکو دەهێنرێتە بوونەوە. لەسەر تێڕامانی بوون—بۆ—خۆ و جوڵانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ڕادەوەستێت.

ئەگەر (کات) بـــە تەنیا و بەبێ پەیوەندی لەگـــەڵ بوون—بۆ—خۆدا ببینرێت، ئەوا لەنێو ســـاتەکاندا دەتوێتەوە و دەبێت بە لایەنێکـــی لە کاتی بەدەری (ئەو) شتە. خودی کات نەبوونە و لە بوون—بۆ—خۆدا بەرجەســـتە دەبێت. لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاومان بۆ ناســـینی کاتێکی بابەتگەریانە لایەنی کردەگی بوونمانە. لەم ڕووەوە کـــات دەبێت بە بـــڕاوە و فۆرمێکی ڕازاوە لەنێو پەرتوبڵاوییەکی نادیاردا. بازدانی کاتیش ئاکامی پەســـتانی کاتە لەنێو پەرتوبڵاوییەکی ڕەهادا. ئێمەش لە ڕێگەی دانانی پرۆژەکانمان هەست بە پەستانەکە دەکەین. پەستانەکە شێوازێکی پەرتوبڵاوی جیابوونەوەیە چونکە ئاماژە بۆ دووری من لە بوونی خۆمەوە دەکات. لەلایەکـــی دیکەشەوە، مادام من ئەگەرەکانم دەکـــەم بە پرۆژەی بوونم ئەوا کات بـــۆ من دەبێت بە فۆرمێکی بابەتی و کاتی. ئـــەم فۆرمەش، وەکو هێڵی خواری کردەوەکانم وایە، کە بە نێو هێڵە خوارەکانی دیکەدا تێدەپەڕێت. کات لە ڕێگەی ئەو هێڵە خوارەوە دەردەکەوێت و لەنێو شوێنی چەقیودا وندەبێت. کەوابوو، هێڵی کات لەگەڵ مردنەکەیـــدا لەناودەچێت. کات لەگەڵ بازدانەکەیدا خۆی وندەکات و لەسەر ڕوخساری بوونێکی لە کات—بەدەر دەبێت بە نەبوونێکی درەوشاوە.

دال. زانین

ئەم باســـکردنە خێرایەی خۆ دەرخستنی جیهـــان بۆ بوون—بۆ—خۆ بە چەند ئاکامێکمان دەگەیەنێت. ئێمە ڕێگە بە ئایدیالیزم دەدەین بوون—بۆ—خۆ بە زانینی بوون دابنێت، بەڵام لەســـەرو ئەمەوە دەڵێین ئەو زانینە بوونی هەیە. ناسنامەی بوون—بۆ—خۆ و زانین لەســـەر زانین، وەکو پێوەری بـــوون دانەمەزراوە، بەڵکو

بوون—بۆ—خۆ لە ڕێگەی بوون—لەنێو —خۆوە ئەوە دەناسێت، کە هەیە. ئەمەش پەیوەندییە لەگەڵ بووندا. زانین، بێجگە لە ئامادەبوونی بوون لەبەردەم بوون—بۆ—خۆدا چی دیکە نیە. بوون—بۆ—خۆش ئەو نەبوونەیە، کە هەست بەئامادەبوونەکە دەکــات. کەوابوو، زانیــن لە بنەڕەتەوە بوونێکی دەرچــووی هەیە. لەبەر ئەمە، هەندێکجــار لەگەڵ دەرچوونی بوون—بۆ—خۆدا تێکــەڵ دەکرێت. بوون—بۆ—خۆ شتێک نییە لەپێشــدا هەبێت و دوایی زانینی دەســتکەوێت. ناتوانین بڵێین ئەو لەبەر ئەوەی دەزانێت یان زانراوە بوونی هەیە؛ چونکە توشی زنجیرەیەکی نەبڕاوە و لــە کۆتایی بەدەری زانینەکان دەبین. زانین ڕووداوێکی ســەرەتایی و ڕەهایە؛ سەرهەڵدانێکی ڕەهای بوون—بۆ—خۆیە لەنێو هەبووەکاندا و لەودیو بوونیشیانەوە. بە کورتییەکەی، بە هەڵگەڕانەوەی ڕادیکاڵانەی هەڵوێستی ئایدیالیستانە بەو خاڵە دەگەین، کە زانین لەنێو بووندا دەتوێتەوە. زانین خەسڵەت، هەڵوێست یان ڕووداوی بــوون نییە؛ بێجگە لە بوون هیچ ڕاســتییەکی دیکە نییە. لــەم گۆشەنیگایەوە، وازهێنان لە هەڵوێستی ئایدیالیستانە خۆی دەســەپێنێت و بەو ئاکامە دەگەین، کــە پەیوەندی نێوان بوون—بۆ—خۆ و بوون—لەنێو—خــۆدا ئۆنتۆلۆجییانەیە. لە کۆتایی ئــەم پەرتووکەشدا بەو بــاوەڕە دەگەین، کە پەیوەنــدی نێوان بوون—بۆ—خــۆ و بوون—لەنێو—خۆ لە جوڵان و گۆڕانە هەمیشــەییەکەدا هەوڵدانە بۆ گەیشــتن بە هەمووگیرییەکی ناڕاســت، کە بە (بوون) نــاوزەدی دەکەین. لەنێو بەســتێنی هەمووگیرییەکەدا ســەرهەڵدانی بوون—بۆ—خۆ تەنیا ڕووداوێکی ڕەها نییە، بەڵکو بۆ بوون—لەنێو—خۆش بەســەرهاتە. هەرشتێک ڕوودبدات پەیوەندی بــە دەســتەڵاتی لەناوبردنی ئەو بوونــەوە، وەکو (ئاگایی لــە شتێکەوە) هەیە. هەڵوێستی بەرزێتی ئەم بوونە خۆدەربازکردنە لە یاساکانی بوون—لەنێو—خۆ، کە لەسەر سەلماندن ڕادەوەســتێت. بوون—بۆ—خۆ لەگەڵ هەڵوێستی ڕەتدانەوەیدا، بوون—لەنێو—خۆ دەســەلمێنێت. ئەم هەڵوێستە مەبەستدارەی بوون—بۆ—خۆ لە ســەلماندنی بوون—لەنێو—خۆدا، وەکو بەدوادا گەڕانەوەی ڕەتدانەوەی ناوەکییە. بوونێک تەوانای سەلماندنی هەیە، کە بناخەی نەبوونی خۆیەتی و خودی خۆشی بوونە ســەلمێنراوەکە نییە. لەنێو هەمووگیرییە ناڕاســتەکەدا سەلماندن بەسەر بوون—لەنێو—خۆدا ساخدەبێتەوە؛ ئەوەی دەســەلمێنرێت بوون—لەنێو—خۆیە و بوون—بۆ—خۆ دەســەپێنێت. مۆردانانە بەســەر بوون—لەنێو—خۆوە و گۆڕانیش لــەو بوونەدا دروســتناکات. ئەمەش بەجۆرێــک ڕوودەدات یــان دەریدەکەوێت بوون—بۆ—خۆ بۆ ســەلماندنی جیهان ئارەزووی خۆلەناوبردنی هەبێت. بێگومان، سەلماندنیش بۆ بوون— بۆ—خۆ هەیە؛ لەگەڵ بوون— بۆ—خۆدا پەیدا دەبێت و بە نەمانی ئەویش سەلمامدن لەناودەچێت. بەڵام لەنێو بوون— بۆ—خۆدا نییە چونکە ســەلماندن دەرچوونە. ئەگەر بوون—بۆ—خۆ لایەنێکی بابەتە سەلمێنراوەکە بێت،

ئـــەوا بوون—لەنێو—خۆش دەبێت لەنێو ئەودا بێت. ئەو جیهانەی من دەیدۆزمەوە لە دەرەوەی مندا و لە بووندایە. لەلایەکی دیکەوە، ڕێگە بە ڕیالیزم دەدەین بوون لـــە بەردەم ئاگامەندیـــدا دابنێت و ئەمەش بکات بە ســـەرچاوی زانین. هەروەها ئەوەش بڵێین، کە بوون—بۆ—خۆ، بێجگە لەوەی لەنێو بوون—لەنێو—خۆدایە، هیچ ناخاتە ســـەر ئەم بوونە یان ســـەلماندنەکەی هیچی بۆ زیادناکات. ئێمە لەپێشتر باسمانکرد چۆن جیهان، ئامێرگەری، شوێن، چەندەکی و کاتی جیهانی نەبوونێکی ڕووتن و هیچ لە بوون ناگۆڕن. لەم ڕووەوە، هەموو شتێک دراوە و لەبەردەم مندا ئامادەیە. نەبوونی ئەوەی دەیبینم لە منەوە دەرناچێت؛ هیچ شتێک لە دەرەوەی ئـــەو شتانەدا نییە من دەیانبینم و بە چواردەوری مندا پەرتوبڵاو بونەتەوە. لەوە دەچێت من بتوانم دەستی لێبدەم، بیگرم، بیرۆکەکان داهێنراوی فەیلەسوفەکانن. بـــەڵام من، کە لەو بوونە شتێکی جیاواز نیـــم، هەمانکات من و ئەو (هیچ) جیای کردوینەتـــەوە. ئەم (هیچ)ەش شتێک نییە بتوانم بەســـەریدا تێپەڕم. بوون هەیە چونکـــە مـــن ڕەتدانەوەی بوونـــم؛ هەروەها جیهان، شوێـــن، چەندەکی، ئامێر و کاتیـــش لەگەڵ ڕەتدانەوەکەی مندا بۆ بـــوون دێنەکایەوە. ئەمانە حاڵەتی ڕووتی لەناوبردنـــی ئەوەیە، کە لەوێدایە و هیچ ناخەنە ســـەر بوون؛ تەنیا یاریدەی ئێمە دەدەن ئـــەوەی لەوێدایە بناســـین. ئەم حاڵەتە هیچانـــە ڕادیکاڵانە من لە بوون جیادەکەنەوە. هیچ واتایەک نادەین بە دەســـتەوە ئەگەر بڵێین بوون هەیە، بەڵام تەواوی گۆڕانکارییەکەش دەهێنێتەکایـــەوە چونکە بوون تەنیا بۆ بوون—بۆ—خۆ هەیە. پەیوەندی نێوان بوون و بوون—بۆ—خۆ خەســـڵەتی بوون نییە و شتێکیش نییـــە لەنێو (بوون)دا بێت. لەم بۆچوونـــەوە ئێمە لە ڕێژە گەرایەتییەکەی (کانت) خۆمان دوور دەخەینەوە. بوون، وەکـــو بوونێک لەوێدا پەیوەندی بە بوون—بۆ—خۆوە هەیە چونکە بوون—بۆ—خۆ بە هۆکاری دەستەڵاتی ڕەتدانەوەی ناوەکییەوە ئەوە دەســـەلمێنێت، کە ناسەلمێنرێت و بوون دەناســـێت. ئەمەش ئامادەبوونی ڕاســـتەوخۆی بوون—بۆ—خۆ لە بووندا دەگەیەنێـــت، هەمانکاتیش بوون—بۆ—خۆ بەردەوام بەرانبەر بوون لە دوورەوە ڕادەوەستێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە زانین لەلایەکەوە بوونێکی زانراوە و لەلایەکی دیکەوە بونیادە بنەڕەتییەکەشی پێویستی بە بوونێکە، کە لەشتە زانراوەکەوە دوور و جیاوازە. جیهان و شوێن و هتد.، ئەم نەبوونە دەخەنە ڕوو. من بوونی خۆم لە هەموو شوینێکدا لەنێوان خودی خۆم و بووندا وەکو نەبوون یان ئەو هیچەی نەبوونە دەبینم.

جیهـــان مرۆڤانەیە. حاڵەتەکانی ئاگایی دەبینین: بوون پەرتوبڵاوە و بەرانبەر من، لە چواردەورم گرانی دەخاتەســـەر بوونـــم و گەمارۆی داوم. منیش بەردەوام لە بوونەوە ئامـــاژە بۆ بوون دەکەم. ئەو مێزەی لەوێدایە بوونە و لەوەزۆرتر چی دیکـــە نییە؛ ئەو بەردە، درەختەکە، دەشتەکە هەمـــوو بوونن. من دەمەوێت ئەو

بوونـــه بگرم، بەڵام بێجگە لە خۆم چی دیکە نادۆزمـــەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە زانیـــن، وەکو ناوەندێک لەنێوان بـــوون و نەبووندا، ئەو کاتـــەی دەمەوێت ڕەها بناســـم بۆ بوونی خۆم دەمگەڕێنێتەوە. زانین واتە بوونی ئەوەی هەیە و نییە. بۆ ئەوەی بوون بناســـیت دەبێت ئەو بوونە بیت. بەڵام ئەوەی لەوێدایە هەیە چونکە مـــن ئـــەو بوونە نیم، کە دەمەوێـــت بیزانم. ئەگەر ئەو بوونەش بـــم، ئەوا بوونە زانراوەکە لەناودەچێت و ناتوانین بیریلێبکەینەوە. ئێمە مامەڵە لەگەڵ گومانکاری و ڕیالیزمـــدا ناکەین. زانین ئێمە لەبەردەم ڕەهادا ڕادەگرێت و ڕاســـتی زانینیش هەیە. بەڵام ئەو ڕاســـتییە مرۆڤانەیە. هەڵبەتە بۆ هەندێک جێگەی سەرسوڕمانە ئێمە بەبێ پرســـیارکردن سەبارەت بوونی لەش و هەســـتەکان لە کێشەی زانین دەدوێین. من نامەوێ لە ڕۆڵی لەش کەمبکەمەوە.

بەڵام لە ئۆنتۆلۆجیدا ئەوەی لەپێشـــترە بە گرنگی دادەنێین. ئێستاش، لەش هەرجۆرە کارکردنێکی هەبێت دەردەکەوێت بابەتێکی زانراو بێت. کەوابوو، ناتوانین زانین بۆ لەش بگەڕێنینەوە یان پێش پێناســـەکردنی زانین باســـی لەش بکەین. تەنانەت بونیادی بنەڕەتی زانین لەســـەر لەش دانامەزرێت. لەسەرو ئەمەوە، لەش یان لەشی ئێمە، لە بنەڕەتدا ئەو بوونەیە، کە کەســـانی دیکە هەســـت بە بوونی دەکەن. من لەشی کەسێکی دیکە دەبینم و لە ڕێگەی کەسانی دیکەشەوە بایەخدانم بە لەشی خۆم کەم و زیاد دەکات. کەوابوو، لەشم ئاماژە بۆ کەسانی دیکە دەکات و بوونـــم دەکات بە بوون—بۆ—کەســـانی دیکە. ئەگـــەر بمەوێت پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوون ڕوونبکەمەوە پێویستە توێژینەوە لەسەر بونیادی ئەم بوونە نوێیە خۆم، وەکو بوون—بۆ—کەســـانی دیکە بکەم. لەم بەستێنەوە ڕاستەقینەی مرۆڤ دەبێت بە بوون—بۆ—خۆ — بۆ کەسانی دیکە.

کەرتی سێیەم

بەشی یەکەم

بوون– بۆ–کەسانی دیکە

ئەلف. گرفتەکە

ئێمە لە ڕوانگەی هەڵوێستی ڕەتدانەوە و کۆجیتۆوە لە ڕاستەقینەی مرۆڤانە دواین. لێرەوە بەو ئاکامە گەیشتین، کە ئەو ڕاستەقینەیە بوون–بۆ–خۆیە. ئایا ئەمە هەموو لایەنەکانی ڕاستەقینەکەیە؟ بێ دەرچوونمان لە توێژینەوەکەمان ئێمە ڕووبەڕووی چەند شێوازێکی ئاگامەندی دەبینەوە، کە ئاماژە بۆ بونیادێکی ڕادیکالی جیاوازتری ئۆنتۆلۆجییانە دەکەن. ئەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییە بوونی منە و پەیوەندی بە منەوە هەیە. من، وەکو کەسێک، کە نیگەرانی خۆی بێت. هاوکات ئەو نیگەرانییە بۆ بوونی خۆم بوونێکم پێدەناسێنێت، کە منە، بەڵام بۆ خۆم نیم.

بیر لە شەرم، بۆ نموونە بکەوە. ئێمە مامەڵە لەگەڵ جۆرێک ئاگاییدا دەکەین، کە بونیادێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو شتانەدا هەیە پێشوتر باسمانکردن. خۆ– ئاگاییەکە دەرنەچووە و ڕووی لە دەرەوە نەکردووە و

ئاگاییە لە خۆوە. وەکو شەرم؛ ئەمەش ئەو نموونەیەیە ئەڵمانییەکان بە ئەزموونی ژیان ناوزەدیدەکەن و تێڕامانیش دەتوانێت بیگاتێ. بێجگە لەمە، بونیادەکەی مەبەستخوازە؛ تێگەیشتنێکی شەرمانەیە لە ئاستی شتێکدا و ئەو شتەش بوونی منە. من لە ئاستی بوونی خۆمدا شەرمەزارم. لە شەرمدا لایەنێکی بوونی خۆم دەناسم. هەرچەندە شێوازی ئاڵۆزی بیرکردنەوەی تێدا سەرهەڵدەدات، شەرم لە خۆیدا و لە بنەڕەتەوە دیاردەیەکی تێڕامان نییە. گرنگ نییە کەسێک لە ڕێگەی شەرمەوە، کە کەلتورێکی ئایینی بەسەریا دەسەپێنێت، چ ئاکامێکی هەیە. هەمیشە و لەپێش هەموو شتێکدا شەرمکردن لەبەردەم کەسێکدا سەرهەڵدەدات. من ئێستا شتێکی خراپم کرد یان پۆزێکی ناشرینم لێدا. ئەم کارە بە بوونی منەوە دەنوسێت؛ من حوکمی بەسەردا نادەم و تاوانباریشی ناکەم، بەڵکو لەگەڵیا دەژیم و هەستی پێدەکەم. کتوپڕ سەرهەڵدەبڕم کەسێک منی بینی. من هەست بە

ناشرینـــی پۆزلێدانەکەم دەکەم و شەرمەزار دەبم. شەرمکردنەکەم تێڕامانانە نییە چونکە بوونی ئەو کەسە لەنێو ئاگایی مندا لە ئاکامی تێڕامانەوە پەیدانەبووە. من تەنیـــا ئاگام لە خۆمـــە و بوونی ئەویش دەبێت بە ناوەندێک لەنێوان من و بوونی خۆمدا. من، بەو شێوەیەی بۆ ئەو دەردەکەوم، شەرمەزارم.

لەگەڵ دەرکەوتنی کەســێکی دیکەدا من دەکەومـــە نێو بارودۆخێکەوە حوکم بەســـەر بوونی خۆمدا بدەم و خۆم بکەم بە بابەت چونکە لە بەرچاوی ئەو بووم بـــە بابەت. هەروەها ئەم بابەتەی لەبەر چاوی ئەوە شتێک نییە ئەندێشـــەی ئەو هێنابێتیە کایەوە. من لەبەردەم ئەو کەســـەدا، وەکو چـــۆن لەبەردەم وێنەیەکی ناشرینی خۆمدا ڕادەوەســـتم، توشی ناڕازی و توڕەیی دەبم چونکە من بەناشرینی لەنێو چاوی ئەودا دەرکەوتوم. شەرمکردن لە بنەڕەتدا ناسینەوەیە. لەشەرمکردندا، من بەو شێوەیەی ئەو دەمبینێت، خۆم دەناســـم. لێرەدا هیچ بەراوردێک لەنێوان بوونم بەو شێوەیەی خۆم دەیبینم و هەروەها بوونم بەو شێوەیەی ئەو دەیبینێت ڕوونادات. هەســـتدەکەم بوون—بۆ—خۆی من لەگـــەڵ بوونم—بۆ—ئەو یەک شتن. شەرمکردن هەژانێکی کتوپڕە لە تەوقی سەرەوە بۆ بنی پێ بەبێ خۆ ئامادەکردن بۆی. لەســـەرو ئەمەشەوە، بەراوردکردنەکە مەحاڵە چونکە من ناتوانم پەیوەندی ئـــەو بوونەی منم و بۆ—خۆیە و لە خـــۆی دوور نەکەوتۆتەوە لەگەڵ ئەو بوونەدا دروست بکەم، کە بووە بە بابەت بۆ کەسێکی دیکە. هەروەها، چەمکی (سوکایەتی) پێویستی بە ناوەندێک لە پەیوەندییەکەیدا هەیە. کەســـێک بە تەنیا بژی هەست بە ســـوکایەتی ناکات. کەســـەکەی دیکە تەنیا بوونی منی، بەو شێوەیەی هەیە، دەرنەخستـــوە؛ ئەو منی خزانۆتە شێوازێکی نوێی بوونەوە و خەســـڵەتێکی نوێی پێداوم. ئەم شێوازی بوونە لە نەڕەتەوە پێش ئامادەبوونی کەسەکە لە مندا نەبوو. تەنانەت، ئەگەر هێزێک لەشم بۆ دروســـتکات تاکو کەسانی دیکە ببیبنن، هێشتا هەســـتکردنم بە ســـوکایەتی و ناشرینی خۆم لەگەڵ ئامادەبوونی کەســـای دیکە سەرهەڵدەدات. بەڵام ئەم بونەی بۆ کەسانی دیکەیە لای ئەوانەوە دەستپێناکات. من بەرپرســـم لەو بوونە. ئەمەش لـــە بەرنامەی پەروەردەدا باشتر دەبینرێت، کە منداڵەکان فێردەکات لە ئاستی ئەو بوونەی هەیانە شەرمەزاربن.

کەوابوو، شەرمکردن، شەرمەزارییە لەبەردەم کەســێکدا؛ ئەم دوو بونیادە لە یەکدی جیانابنەوە. من بۆ ناسینەوەی بونیادی بوونم پێویستیم بە کەسانی دیکە هەیـــە. بوون—بۆ—خۆ ئاماژە بۆ بوون— بۆ-کەســـانی دیکە دەکات. کەوابوو، بۆ ناسینی هەموو پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ بووندا ڕووتکردنەوەی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ بوون—لەنێو—خۆ بە تەنیا بەس نیی. پێویستە وەڵامی دوو پرسیاری دژوارتر بدەینەوە: یەکەمیان سەبارەت بوونی کەسانی دیکەیە و دووەمیان لەسەر پەیوەندی نێوان من و کەسانی دیکەیە.

با . تاشەبەردی تاکڕەوی

سەیرە، کە گرفتی بوونی کەسانی دیکە ڕیالیستەکانی پەرێشان نەکردوە.

لەبەر ئەوەی بیریارێکی ڕیالیست هەموو شتێک بەدراو دادەنێت، بوونی کەسانی دیکەش بەمجۆرە دەبینێت. لەنێو هەموو شتە ڕاستەقینەکاندا چ شتێک هێندەی بوونی کەسانی دیکە ڕاستەقینەیە؟ کەسانی دیکە وەکو من جەوهەرێکی بیرکەرەوەن. جەوهەرێکن بەسەر خەسڵەتە یەکەمەکان و دووەمەکاندا دابەش ناکرێن و بونیادی بنەڕەتیشیان لەنێو بوونی خۆمدا دەدۆزمەوە. هێشتا بیریارێکی ڕیالیست زانین بۆ کاریگەرێتی جیهان بەسەر جەوهەری بیرکەرەوەوە دەگەڕێنێتەوە، باسی پەیوەندی و کاریگەرێتی ئەم جەوهەرە بیرکەرەوانە بەسەر یەکدییەوە ناکات. ئەوان لە ڕێگەی ناوەندی جیهانەوە پەیوەندییەکەیان بە یەکدییەوە دروستدەکەن. لەشم، وەکو شتێک لەنێو جیهاندا و لەشی کەسانی دیکەش دەبن بە ناوەند بۆ پەیوەندی ئاگامەندی من و ئەوان. دەروونی ئەوان لەدەروونی من جیابۆتەوە و دوورییەکەشی یەکەمجار، وەکو دووری دەروونم لە لەشمەوە و دواجاریش دووری لەشی ئەوان لە دەروونیانەوە. ئەگەر لەم قۆناخەدا ئاشکرا نەبێت و نەزانین، کە پەیوەند نێوان بوون—بۆ—خۆ و لەشی دەرەکین، پەیوەندی دەرەکی نێوان لەشی من و لەشی کەسانی دیکە ئاشکرایە. ئەگەر دەروونەکان بە هۆکاری لەشەکانەوە لەیەکدی جیابووبێتنەوە ئەوا دوورییان لە یەکدییەوە لە دووری شوشە مەرەکەبەکە لە پەرتووکەکەوە دەچێت. ئێمە ناتوانین ئامادەبوونی هەردووکیان لەبەردەم یەکدیدا ڕاستەوخۆ ببینین. ئەگەر لەو باوەڕەشدابین دەروونی من ڕاستەوخۆ لە لەشی کەسێکی دیکەدا ئامادەیە، پێویستە بەسەر ڕەقی و پڕی لەشیدا تێپەرم، تاکو بە دەروونی بگەم و بیگرم. کەوابوو، ئەگەر ڕیالیزم پشت بە ئامادەبوون لەنێو (کەس)ێکدا و لەنێو کات و شوێنی ئاگامەندیم ببەستێت، ناتوانێت هەمان بەڵگە بۆ ڕاستەقینەی دەروونی کەسانی دیکە دامەزرێنێت چونکە دەرونی کەسانی دیکە بە من ناگیرێت. دەروونی ئەو ئامادە نییە و لەش بەبێ ئەوەی لەبەردەم ئێمەدا ئامادەی بکات پەنجەی بۆ درێژدەکات. بەکورتییەکەی، ئەو فەلسەفەیەی پەنا بۆ حەدەس دەبات ناتوانێت دەروونی کەسانی دیکە بدۆزێتەوە.

ئەگەر ئێمە نەمانەوێت یاری بە چەمکەکان بکەین بەو باوەڕە دەگەین، کە ڕیالیزم هیچ جێگەیەکی بۆ ناسینی کەسانی دیکەی بە حەدەس دیارینەکردوە. لەو حاڵەتەدا، ئەگەر بڵێین لەشی کەسانی دیکە بە ئێمە دراوە و ئامادەبوونی لەشیش ئامادەبوونی کەسانی دیکەیە لەبەردەم ئێمەدا، سودی نییە. دروستە، لەش سەر بەو هەمووگیرییەیە بە ڕاستەقینەی مرۆڤانە ناوزەدمانکرد. بەڵام بۆ

ئەوەی سەرنجەکەمان وردتر بێت، لەش هەمیشە لەشی مرۆڤێکە تاکو ئەو ڕادەیەی لەنێــو هەمووگیرییەکەیدا دەمێنێتەوە و بــزر نابێت. ئەمەش لەو ئەندامەی لەش دەچێت، کە بە لەشەوە نوســاون. ڕیالیزم، لــەم هەڵوێستەیدا و بە ئامادەکردنی لەش و گوێنەدانی بە هەمووگیری بوونی مرۆڤەوە یان بە بەستنەوەی بەشێکی بەو هەمووگیرییــەوە، وەکو بەردێک، درەختێک یان مۆمێک، لەشی کوشتوە. ئەمەش لــە کاری ئەو نەشتەرگــەرە دەچێت بە چەقۆکەی پارچەیەکی لەش دەبڕێت و لە بوونــی زیندەوەرەکەی جیا دەکاتەوە. ئەوەی بۆ بیریارێکــی ڕیالیست ئامادەیە لەشی کەســەکە نییە، بەڵکو لەشە بە تەنیا. ئەگەر ناســینی گیان بۆ بیریارێکی ڕیالیستی گیانەکی لە ناسینی لەش ئاسانتر بێت، هێشتا (بۆ ئێمە) ناسینی لەش لە ناســینی دەروونی کەســانی دیکە ئاسانترە. لە ڕاســتیدا بیریارێکی ڕیالیست بایەخ بەم گرفتە نادات؛ چونکە ئەو لە بوونی کەسانی دیکە دڵنیایە. ئەمەش بۆ بیریارانی ڕیالیست و ســایکۆلۆجی پۆزەتێستی سەدەی نۆزدەهەم بوونی کەسانی دیکەیان ڕاســتەوخۆ وەرگرت و ئەو بوونەش یان ئاگامەندی ئەو بوونەیان لەسەر لــەش دامەزراند. لەش بوو بە بابەتی توێژینەوەیــان. هەروەها باشترین ڕێگەش بــۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانی لێکچونی ئاگامەندی کەســانی دیکە و من بوو، کە بە هۆکاری هەڵچون و ســۆزەوە کاردەکاتەسەر باوردۆخی لەش. ئەم بیریارانە ڕایدەگەیەنــن، کە لە ڕێگەی لێکچونەوە (ئەنەلۆگی)لە نێوان بارودۆخەکانی لەشی من و ئەواندا بە ئاکامەکان دەگەین. سورهەڵگەڕانی دەموچاوم یان گریان لە کاتی تورەبووندا یان ئەم ئەزمونانە یاریدەی ڕاڤەکردنەکەمان دەدەن. ئێمە سەربەستانە دەڵێین، ئەم پرۆســەیە زانینێکی گونجاومان دەداتێ و لە چوارچێوەی (ئەگەر)دا دەرناچێت، ناگاتە ئەودیو (لەش)ی کەســانی دیکەوە. ئەگەر ئاژەڵ ماکینە بێت، ئــەی بۆچی ئەو مرۆڤەی دەیبینم لە شەقامەکــە دەپەڕێتەوە، وەکو ئاژەڵەکە بە ماکینە دانەنرێت؟ ئەوەی من بــە دەموچاوییەوە دەیبینم هۆکردی گرژبوونەوەی ماســولکەکانییەتی و گرژبوونەوەکــەش هۆکــردی تورەبوونەکەیەتــی، کە من هەســتی پێدەکەم. بۆچی کۆی ئەم هۆکردانە بۆ کاریگەرییەکی بێ ئاگایی سادە نەگەڕێنینەوە؟ زۆرینەی بیریارانی دەروونناس لەو باوەڕەدان بوونی کەسانی دیکە، وەکو بوونی خۆیان ڕاســتەقینەیەکی هەمووگرییە. بوونی کەســانی دیکە بۆ ئەم بیریارانە لە گومان بــەدەرە و زانینەکەشمان لە بارەی ئەوانەوە گونجاوە. لێرەدا بە هەڵەداچوونی ڕیالیزم دەبینین. لە ڕاســتیدا، دەبێت چەمکەکانی ئەم کێشەیە ئالۆگۆڕ بکەین و بڵێین، ئەگەر ناسینی کەسێکی دیکە لەسەر زانینمان سەبارەت بە ئەو ڕاوەســتابێت، ئەو زانینە تەنیا بۆچوونە و گونجاوییەکەشی پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە هەیە. لێــرەدا بیریارە ڕیالیستەکە ناچاردەبێت بۆ ئایدیالیزم بگەڕێتەوە. ئەگەر لەش بەســەر جەوهەری بیرکەرەوەدا کارتێکەر بێت،

ئەوا بوونی کەسانی دیکە دەبێت بە نوێنەر یان بیرۆکە و ناوەڕۆکێکی هەستەکی. بوونی کەسـێکی دیکەش لەسەر ئەو زانینە ڕادەوەسـتێت ئێمە لەبارەی ئەوەوە هەمانە. بیردۆزە نوێکان لەسـەر سـۆز و بەزەیی یارمەتیمـان دەدەن و باشتر ئامادەبوونی کەسانی دیکە راڤە بکەین، بەڵام ئەوان توێژینەوەکە لە زەمینەیەکی دروسـتەوە دەسـتپێناکەن: ئەویش دەرکەوتنی کەسـانی دیکەیە پێش ناسینی ڕەفتارەکانی. لەگەڵ نەبوونی هەموو جۆرە لێکچونێکدا ئەو بابەتە هەستپێکراوە، وەکو هەمووگیرییەکی مرۆڤانە دەمێنێتەوە. ئەگەر ڕیالیزم بۆ ئایدیالیزم بگەڕێتەوە پێویست ناکات پەنا بۆ ئایدیالیزمی ڕەخنەکاری بەرێت. مادامەکی بوونی کەسانی دیکە "بیرۆکەی منە" ئایا پێویست ناکات ئەم بیرۆکەیە بەو کێشەیەوە گرێبدەین، کە هەموو بوونێک لەسەر بیرۆکەکانی من دادەمەزرێنێت؟ ئێمە داوای یارمەتی لە شوێنکەوتوانی فەلسەفەی کانت دەکەین. ئەم بیریارانە خۆیان لەگەڵ دامەزراندنی یاسـا هەمەکییە خۆگەرییەکاندا ماندوکردوە. ئەم یاسـایانە بۆ هەموو کەسـێک وەکـو یەکن. بەڵام هەرگیز پرسـیار لەبارەی کەسـەکانەوە ناکـەن. ئەوان لەو باوەڕەدان (خۆ) ناوەڕۆکێکی هاوبەشی هەموو کەسـەکانە و ناتوانین باسی زۆری و جیـاوازی نێوان تاکەکان بکەیـن. ئەم ناوەڕۆکە هەمەکییەش لە سـیستەمی سـپینۆزادا بووە بە بوونی کۆنکرێتی بۆ مرۆڤ. لە سەرەتاوە، دەردەکەوێت کانت بوونی کەسانی دیکەی نەخستۆتە نێو بەرنامە ڕەخنەکارییەکەیەوە. با لەم کێشەیە زۆرتر وردبینەوە و بزانین چۆنە. بوونی کەسـانی دیکە لەنێو ئەزمونی ئێمەدایە؛ ئەو کەسە بابەتێکی هەندەکییە. کانت ئەو کەسە بە (خۆ)یەکی ڕەوان دادەنێت. هۆکـاری ئەمەش پەیوەندی بە دۆزینـەوەی بارودۆخێکی گونجاو، نەک تەنیا بۆ بابەتێـک بەڵکو هەمـوو کاتیگۆرییەکانی بابەتەکانەوە هەیـە: بۆ نموونە بابەتە هەستەکییەکان، ماتماتیکییەکان، بابەتە جوان و ناشرینەکان و ئەوانەی خەسڵەتی تیلیۆجیشیان تێدایە. ڕەخنە لەسـەر ئەم کەموکورتییەی کانت گیراوە. هەندێک بیریار پەیڕەوی (دیڵتی)یان کردوە و هەوڵیانـداوە بابەتە مێژووییەکانیش بخەنە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە و ڕەخنەکارییەکەیان مێژووش بگرێتەوە. بەهەمانشـێوە، ئەگەر ڕاسـتبێت، کە بوونی کەسانی دیکە بابەتێکی هەندەکییە و ئەزمونی ئێمە دەیدۆزێتـەوە، ئەوا لەنێو زەمینەی فەلسەفەی کانتەوە پێویستە بپرسـین، چۆن زانینمان سـەبارەت ئەو بوونە پەیدا دەبێت؟ ئەمەش پێویستی بارودۆخی گونجاو بۆ ناسینی کەسانی دیکە دەهێنێتە پێش.

لە ڕاسـتیدا هەڵەیە گرفتی بوونی کەسـانی دیکە و ڕاسـتەقینە نۆمینەکان لە یەک ئاسـتدا دابنرێن. هەڵبەتە ئەگەر کەسـانی دیکە هەبن و بوونیشـیان لە بوونـی من بچێت، ئەوا پرسـیارکردن لە ئەواندا سـەبارەت بوونی ئاگامەندییان وەکو پرسـیارکردنی من لە بـارەی (نۆمینە) لە بوونی خۆمدا سـەرهەڵدەدات؛

بەدڵنیاییشـــەوە، وەڵامدانەوەکـــە بـــۆ ئـــەوان و منیش دەگونجێت. ئـــەو بوونە تۆمینەییـــە تەنیا بیری لێدەکرێتەوە و هەســـتی پێناکرێت. بەڵام ئەو کاتەی من ڕۆژانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەڵسوکەوت دەکەم، ئەوان نابن بە تۆمینە. منیش نامەوێ و هەوڵێش نادەم لەگەڵ ناســـینەوەی ســـۆز و هەڵچونەکانمان ئەو لایەنە بدۆزمەوە. کەســـێکی دیکە دیاردەیە و ئاماژەش بۆ دیاردەکانی دیکە دەکات؛ بۆ نموونە دیـــاردەی توڕەبوون، کە ئەو بەرانبەر من دەریدەبڕێت یان زنجیرەیەک لە بیرۆکەکانی لەناوەوە هەیەتی. ئەوەی من لە ئەودا دەیبینم شتێکی جیاوازتر نییە لەوەی لە مندا هەیە. بەڵام ئەو دیاردانە ڕادیکاڵانە لە دیاردەکانی دیکەوە دوورن. لە پێش هەموو شتێکدا، دەرکەوتنی کەسێکی دیکە لە ئەزمونی مندا بە هۆکاری بونیادێکی ڕیکخراوی، وەکو پۆزلێدان، دەربڕین، کارکردن و هەڵسوکەوتەوە خۆی بەرجەســـتە دەکات. ئـــەم فۆرمانەش ئاماژە بۆ جـــۆرە یەکێتییەک لە دەرەوەی ئەزمونی مندا دەکەن. توڕەبوونی کەسێک، کە ئەزمونێکی ناوەکی ئەو کەسەیە لە ڕێگەی شێوەی دەموچاوی ئەوەوە لە ئەزمونی مندا دەبێت بە دیاردە. کەســـەکە، وەکو یەکێتییەکی هەموو ئەزمونەکانی خۆی، هەروەها لەگەڵ ویست و ســـۆزییدا ئەزمونەکـــەی من پێکدەهێنێت. ئەمەش پەیوەندی بە بوونی تۆمینەیەکی نەزانراو لەودیو دیاردەکان و لە دەرەوەی ئەزموندا نییە. بەڵکو بەســـتنەوەی دیاردەکانە لـــە چوارچێوەی ئەزمونی مندا لەلایەن کەســـێکەوە، کە (من) نیم. ئەم دیاردانە، بەپێچەوانەی دیاردەکانی دیکەوە، ئاماژە بۆ ئەزمونە ئەگەرییەکان ناکەن، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەو ئەزمونانە دەکەن، کە لە دەرەوەی ئەزمونی مندا ڕوودەدەن، سەربە ســـیستەمێکن و دەســـتی من نایگاتێ. بەڵام هاوکات حاڵەتـــی گونجاوی هەموو ئەزمونەکانـــم لەوێدایە، کە ئەو کەســـە دەربڕینەکانی خـــۆی ڕێکدەخات و لەنێو سستەمێکدا سەقامگیریان دەکات. ئێمە لەنێو شتەکاندا ئەوەی خۆمان دایدەنێین. دەیدۆزینەوە. کەسانی دیکە بەبێ ناکۆکی، وەکو ڕێکخەری ئەزمونەکانمان خۆیان بۆ ئێمە دەرناخەن؛ لێرەدا جەختکردن لەسەر سەلماندنی دیاردە خۆی دەسەپێنێت. ئایا لێرەدا هۆگەرایەتی ســـود بە ئێمە دەگەیەنێت؟ ئەم پرسیارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشـــەی ئاڵۆزی بوونی کەســـانی دیکە لە فەلسەفـــەی کانتدا لە جێگەی خۆیەتی؟ هۆگەرایەتی دیاردەکان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە. بەڵام توڕەبوون لە دەروونی کەسەکەدا یەک دیاردەیە و شێوازی دەربڕینی توڕەبوونەکەش بەرانبەر من دیاردەیەکی دیکەی جیاوازە. ئایا پەیوەندییەکی هۆگەرایانە لەنێوانیاندا هەیە؟

وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە دەبێـــت پەیوەندییەکەیـــان دیاریبکـــات. منیـــش ســـورهەڵگەڕانی دەموچاوی پـــۆڵ بە توڕەبوونەکەیەوە دەبەســـتمەوە. لەلایەکی دیکـــەوە، هۆگەرایەتی لەوێدا واتابەخشـــە، کە دیاردەکانـــی نێو یەکجۆر ئەزمون پێکەوە ببەســـتێتەوە. ئایـــا دەبێت بە پڕی نێوان دووجـــۆر ئەزمونی لە یەکدی

جیاواز؟ ئەو هۆگەرایەتییەی کانت باســـیدەکات ساتە نەگەڕاوەکانی نێو کاتی من پێکەوە دەبەســـتێتەوە. ئایا دەتوانێت ســـاتەکانی من و ساتەکانی کەسانی دیکە پێکەوە ببەســـتێتەوە؟ چ جۆرە پەیوەندییەکی کاتی لەنێـــوان بڕیاردانی ئەو بۆ دەربڕین، کـــە لەنێو ئەزمونیدا دەبێت بە دیاردە و دیاردەکانی نێو ئەزمونی مندا دروستدەکات؟ ئایا کتوپڕییە؟ بەردەوامییە؟ چۆن ساتێکی من لەو کتوپڕییە یان بەردەوامییەدا پەیوەندی بە ســـاتی کەســـێکی دیکەوە هەیە؟ ئەگەر دامەزراندنی هارمۆنیەکی لەپێشتریش (هەرچەندە کانت باسینەکردوە) پەیوەندی لەنێوان دوو ســـاتی نێو دوو کاتی جیاواز دروستبکات هێشتا ئەو دوو جۆر کاتە لە یەکدییەوە جیـــاوازن چونکـــە بناخـــەی یەکگرتنی ســـاتەکانی نێو هەریەکێکیـــان خاوەنی ئەزمەنەکەیـــە. لایەنی هەمەکی کات بۆ کانت بیرۆکەیـــی و چەمکە؛ ئەو جەخت لەســـەر بونیادی کات دەکـــات و ئەو بارودۆخە پێویستـــە کاتییەی بۆ ئەزمونی دادەنێت هەمەکییە. هێشـــتا ئەم بارودۆخە هەمەکی و ناسنامەیە بۆ هەڵبەستنی پەیوەنـــدی نێوان ئەزمونە جیاواز و فرەجۆرەکاندا یاریدەدەر نییە. مادام ناتوانین بیـــر لە پەیوەندی نێوان ئاگامەندییەکان بکەینەوە چەمکی کەســـانی دیکە نابێت بە بنەمایەک بۆ ئاگامەندییمان؛ دەبێت لە ڕیزی چەمکە تیلیۆلۆجییەکان دابنرێت. کەوابوو، کەســـانی دیکە ســـەر بە کاتیگـــۆری "وەکو ئەوە"یە. کەســـانی دیکە گریمانەیەکی لەپێشترە و پێویست بە سەلماندنی ناکات،. خاوەنی یەکێتیەکیشە، کە بەســـەر ئەزمونەکانـــەوە کاریگەرە. گریمانەیەکە، کـــە ناتوانین بەبێ ناکۆکی ســـەرهەڵدان بیـــری لێبکەینەوە. ئێمە دەتوانین کاریگەرێتی کەســـێک بەســـەر هەســـتکردنمانەوە بناســـین، بـــەڵام ناتوانین دیاردەکەی نێـــو ئەزمونی ئەو، کە کاردەکاتە سەر دیاردەی نێو ئەزمونی من بدۆزینەوە. هەرچەندە دەتوانین بڵێین، کە کارتێکردنەکە کتوپڕ لەنێو ئەزمونی مندا دەردەکەوێت، هێشـــتا دژوارە بزانین پەیوەندی نێوان دوو لایەنی دابڕاو یان نەخشـــەی بەرانبەر یەک وەســـتاو، وەکو دوو هێڵی تەریبی بدۆزینەوە. کێشـــەکەمان دۆزینەوەی ئەو چەمکە شێوەکارییە نییە، کە پەیوەندی نێوان ئەزمون و بابەتێکی دەرەکی دیاریدەکات یان کێشەی زەمینەیەکی لەپێشـــتر بۆ ئەزمونەکان نییە. هەستکردن بە بوونی کەسانی دیکە، وەکـــو بابەتێکـــی دەرەکی ئاماژە بۆ ســـیستەمێکی بیرۆکەکـــان دەکات. منیش خاوەنی ئەو ســـیستەمە نیم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بوونی کەسانی دیکە لـــە ئەزمونی مندا دیاردە نییە، بەڵکـــو ئاماژە بۆ دیاردەیەک لە دەرەوەی هەموو ئەزمونەکانـــی من دەکات. بێگومان چەمکی کەســـانی دیکـــە زۆرشت لەنێو ئەو ســـیستەمەدا بۆ من ڕووندەکاتەوە: بۆ نموونە لەگەڵ دیاردەیەکدا من چاوەڕوانی جۆرێـــک لـــە پۆزلێدان یان جوڵانێک دەکـــەم. بەڵام ئەم چەمکـــە وەکو چەمکە زانستییەکـــان نییە یان ئەو ئامێرانە نییە لە تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا بەکاردێن

و لـــه ئاکامی تاقیکردنەوەکەدا باســـناکرێن. چەمکی کەســـانی دیکە ئامێر نییە. تەنانـــەت زۆرچەمک هەن، کـــە بوونیان پەیوەندی بە چەمکی کەســـانی دیکەوە هەیە. بوونی سیستەمێکی دیکەی واتاکان و ئەزمونەکان لە دەرەوەی بوونی مندا دیاردە جوڵاوەکانی ئاماژەی بۆ دەکەن. ئەم ســـیستەمە، کە لە بنەڕەتەوە بۆ من دەرەکییە، بەردەوام پڕ دەبێت. من هەرگیز بە تەواوی پەیوەندی نێوان کەســـانی دیکە و خۆم ناناســـم و کەســـانی دیکەش شتێکی پێدراو نین. من لە پرۆسەدا و لەسەرخۆ ئەوانم بۆ دەناســـرێت. ئەوان ئامێرێک نین بۆ پێشبینی لە ئەزمونێکدا بەکاریـــان بهێنم. بەڵام هەندێک ڕوودان لە ئەزمونی مندا هەن، کە دەبن بە ئامێر بۆ پێکهێنانی بوونی کەســـانی دیکە بۆ من. من بەردەوام دەمەوێت هەست و بیر و ویست و ڕەفتاری کەســـانی دیکە بناســـم. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە کەسانی دیکـــە تەنیا ئەوە نین مـــن دەیانبینم، ئەوانیش من دەبینـــن. من دەمەوێت ئەو کەســـە بناســـم چونکە ئەو وەکو بابەتێک لەودیو دەســـتەڵاتی منەوە سیستەمی ئەزمونەکانە. بەڵام لەبەر ئەوەی من هەوڵدەدەم ئەو ســـیستەمە بناســـم و منیش بـــۆ ئەو دەبم بە بابەت، ئەوا ڕادیکاڵانە خۆم بەودیو ئەزمونەکانم دەگەیەنم، خۆم بە زنجیرەی ئەو دیاردانەوە ماندوودەکەم، کە ناکەونە بەر ڕۆشنایی حەدەسی من و لـــەم ڕێگەیـــەوە خۆم بەودیو ســـنوری زانینەکەم دەگەیەنـــم. هەوڵدەدەم ئەو ئەزمونانـــە پێکـــەوە گرێبدەم، کـــە ئەزموونی من نین. ئەمـــەش نابێتە هۆکاری پێکهێنـــان و یەکگرتنی ئەزمونەکانی خۆم. لەبەر ئەوەی کەســـانی دیکە ئامادە نیـــن و ڕادەکەن ئەوا بە چەمکێک پێناســـناکرێت. بێگومـــان، هەندێک بیرۆکەی دیکە، وەکو جیهان تاکو ڕادەیەک لە دەســـت من ڕادەکات هەن و دەتوانین تاکو ڕادەیەک واتاکەی دیاریبکەین. کەسی دیکە، بەپێچەوانەوە، لە زۆر ڕووەوە خۆی، وەکـــو ڕەتدانەوەی ئەزمونی من دەردەخات. من بۆ ئەو بکەر یان خۆ نیم، بەڵکو بابەتـــم. کەوابوو، من وەکو خۆیەکی خاوەنـــی زانین ئەو بابەتەم هەوڵدەدەم ئەو خۆیە دیاریبکەم، کە خۆیەتی من ڕەتدەداتەوە و دەمکات بە بابەت. لەم ڕووەوە، بۆ ئایدیالیزم کەســـانی دیکە چەمکێکی دانراو یـــان پێکهاتووی نێو زانین نییە؛ ڕاســـتەقینەیە و پەیوەندییەکەشـــی لەگەڵ مندا دیارینەکراوە. من کەســـی دیکە دەکەم بە بابەت، هێشـــتا ئەو بابەتە ناکەوێتە بەر ڕۆشنایی حەدەسەکەم. من بە (خۆ)ی دادەنێم کەچی بابەتی بیرکردنەوەی منیشـــە. لێرەدا، دووجۆر ڕێگەچارە بـــۆ ئایدلیستەکـــان دادەنێن: بەتـــەواوی واز لە چەمکی کەســـی دیکە بهێنن و بیسەلمێنـــن، کە بۆ پێکهێنانی ئەزمونەکانی من دەور نابینن یان باوەڕ بە بوونی ڕاســـتەقینەی کەســـی دیکە بهێنن و پەیوەندی نێوان ئاگامەندییەکان باسبکەن. ڕێگەچارەی یەکەم بە خۆگەری ناســـراوە. هێشـــتا، ئەگـــەر پێکهێنانی ناوەکەی لەســـەر دوورەپەرێـــزی ئۆنتۆلۆجییانەی من بێت، ئەوا دەبێـــت بە گریمانەیەکی

نەسەلمێنراوی مێتافیزیکییانە چونکە لەوێدا، کە دەڵێم لە دەرەوەی بوونی من هیچ شتێک نییە پێویستە بچمە دەرەوەی خۆم. لەوێشدا دەبێت بە شتێکی لۆجیکمەندانە ئەگەر تەنیا ڕەتدانەوەی دەرچوون بێت لە زەمینەی دامەزرێنراوی ئەزمونەکان و لەسەر ئاستی بابەتگەرێتی ڕەخنەگرانە دەمێنێتەوە. هەرچەندە دژوەستاو بەرانبەر بوونی ئێمە خۆی ڕادەگرێت، بەڵام خۆی لەسەر زەمینەی ناکۆکییەکانی نێو بۆچوونی ئایدیالیستانە دەسەلمێنێت. زانستی دەروونناسی، وەکو فێرگەی ڕەفتارگەری واتسۆن، کە دەیەوێت بابەتگەرانە و تەواو بێت، لە ڕاستیدا گریمانەیەکی خۆگەرییە. نکۆڵی لە هەبووە ناوەکی و دەروونییەکانی نێو ئەزمونەکانی من ناکات. لە ڕوانگەی ئەم ڕێگەچارەیەوە کانت و زۆرینەی شوێنکەوتوانی کانتیش بوونی کەسانی دیکە دەسەلمێنن. پەنا بۆ هەستکردنە هاوبەشەکانمان یان هاندەرە ناوەکییە قوڵەکانیشمان دەبەن. شۆبنهاوەر بیریای خۆگەرایەتی بەو "مرۆڤە شێتە دادەنێت، کە چاوەکانی خۆی لە ئاستی خانویەکی بەرزی بەرانبەری دادەخات." ئێمە، لێرەدا، ڕاستەوخۆ بونیادی ئایدیالیزم دەڕوخێنین و ڕوو لە مێتافیزیکی ڕیالیستانە دەکەین. یەکەم، ئێمە لەگەڵ دەستنیشانکردنی تاقمێک سیستەمی داخراو، کە تەنیا لە دەرەوەدا دەتوانین پێیان بگەین، بە نهێنی و لە ناوەوە چەمکی جەوهەر دروستدەکەینەوە. بێگومان ئەو سیستەمانە جەوهەر نین، چونکە سیستەمی بیرۆکەکانن. بەڵام پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لە خۆیاندا دەرەکین؛ نەناسراون، ئێمە کارتێکردنەکەشیان نازانین، چونکە گریمانەی بیریارە خۆگەرایەتییەکان لە ئەگەر زۆرتر چی دیکە نییە. تەوانای ئێمە بۆ دەرخستنی ئەو نەبوونە، وەکو فاکتۆرێکی ڕەها سنوردار نەکراوە؛ هەروەها پەیوەندی بە زانینی ئێمەوە سەبارەت کەسانی دیکەش نییە. کەوابوو، ئەگەر ئاگامەندییەکان چەمکێکی ڕووتی بەستنەوەی دیاردەکان بن، یاسای بوونیشیان هەستکردنی هەستکراوەکە بێت، هێشتا ئەو ڕاستییە ناشاردرێتەوە، کە سیستەمی پەیوەندییەکان فرەن. هەر یەکێکیش لەو سیستەمانە بە تەنیا ڕادەوەستێت. ئەگەر من ئاماژە بۆ ئەو چەمکە بکەم، ئەزموونی من بۆ توڕەبوونی کەسێکی دیکە و ئەو چەمکە هەمانکات بەستراون بە سیستەمێکی ناوەکی ئەزمونی توڕەبوونەوە. من سیستەمێکی ڕاستی ئەندێشاوی دادەمەزرێنم، کە کانت هەوڵی لەناوبردنی دەدات. بەدڵنیاییەوە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕێکەوتن لەنێوان دوو جۆر دیاردەدا دەکەین—توڕەبونێک لەسەر دەموچاوی کەسەکە دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، توڕەبوونەکەش، وەکو دیاردەیەکی ڕاستەقینەی ناوەوە یان دەروونی کەسەکەیە. ئەمەش ڕێکەوتنی نێوان دیاردە و ڕاستەقینەیەکی ئەو دیو دیاردەکە نییە. بەڵام کێشەی سەلماندنی ڕاستی لەسەر ڕێکەوتنی بیرۆکەیەک و بابەتە دەرەکییەکە دەمێنێتەوە. ئەمەش

ڕیکەوتن یان پەیوەندی بیرۆکەکان لەگەڵ یەکدییا ناگرێتەوە. ئێمە ئاماژەکردنمان بۆ (نۆمینە)سـڕیوەتەوە. دیاردەی تورەبوونەکە پەیوەندی بەو بابەتە دەرەکییە ڕاستەوە هەیە، کە لەنێو ئەندێشـەی ئێمەشدا سـەریهەڵداوە. کێشەکە لێرەدا نوێنەرایەتیکردنی بەجێی بابەتەکەیە چونکە ڕاسـتی دەرەکی و هەسـتکردن بەو ڕاسـتییە هەن. ئەگەر باسـی تورەبوونی خۆم بکەم دەمتوانی بەرجەستەبوونە ناوەکییەکەی و گۆڕانکارییەکانی سـەر دەموچاویشم بە دوو جۆر هۆکردەی یەک هۆکـار دابنێـم. ئەگـەر یەکێک لـەم دوو جۆرە لـە بوونی کەسـێکی دیکەدا سـەرهەڵدات و ئـەوی دیکەش لـە مندا بێت، ئـەوا یەکێک لەوانـە دەبێت بە ڕاسـتەقینەی ئـەوی دی و بەپێوەری بیریـارە ڕیالیستەکانیش ڕاسـتییەکەی دەدۆزێتەوە. لەنێو کێشـەی بوونی کەسـانی دیکەدا پێشبیرێکی بنەڕەتی هەیە: ئەویش ئەوەیە، کە کەسـی دیکە کەسـی دیکەیە و من نییـە. ئەم ڕەتدانەوەیە دەبێـت بـە بناخەی بونیـادی بوون—بۆ—کەسـانی دیکە. ئەم پێشـبیرە لای ئایدیالیـزم و ڕیالیزمیش هەیە و ڕەتدانەوەیەکی دەرەکییە. کەسـێکی دیکە من نییـە یان ئەو کەسـەیە، کە (من) ئـەو نیم. ئەم (نییە)یە ئامـاژە بۆ نەبوونێک لەنێوان من و ئەودا دەکات و لە یەکدیمان جیادەکاتەوە. سـەرچاوەی ئەم (نییە) یە من یان کەسـەکەی دیکە نییە، تەنانەت لـە پەیوەندییەکەشمان بەیەکدییەوە نییە بەڵکو، نەبوونی پەیوەندییە و بنەڕەتی هەموو پەیوەندییەکانیشـە لەنێوان من و کەسـانی دیکەدا. کەسانی دیکە لە ئەزمونی هەستکردنەکانمدا دەردەکەون. لەشـی ئـەوان، وەکـو بوون—لەنێو—خـۆ لـە دەرەوەی لەشی مندایـە؛ ئەو پەیوەندییەی دەکەوێتە نێوانیانەوە لەنێو (شوێن)دا سـەرهەڵدەدات و دەرەکییە. بیریارێکـی ڕیالیستـی لـەو باوەڕەدایـە بە هۆکـاری لەشەوە کەسـانی دیکە دەدۆزرێتـەوە و خۆی لەوانیش بە هۆکـاری لەشەوە جیادەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، کە واتای ئۆنتۆلۆجی ڕەتدانەوەکە لە دەسـتەواژەکەیدا، "من پۆڵ نیم." هەمان ڕەتدانەوەیە لە دەستەواژەی "مێزەکە کورسی نییە." بەکاریدەهێنین. مادامەکـی جیاکردنـەوەی ئاگامەندییەکانیش بـە جیابوونـەوەی لەشەکانەوە گرێـدراون، ئـەوا جۆرێک شوێن لەنێـوان ئاگامەنددییە جیاوازەکانیشـدا دەبێ هەبێـت؛ ئەمەش بەتـەواوی جۆرێکـە لە نەبـوون و دوورییەکـی ڕەها لەنێو ئەزمونەکانماندا. ئایدیالیزم لەشی من و کەسـانی دیکە بۆ سیستەمی بیرۆکەکان دەگەڕێنێتەوە، بۆ شۆپنهاوەر لەشم بابەتێکی ڕاسـتەوخۆیە. بەڵام ئەم بۆچوونە خۆی بەودیو دوورییە ڕەهاکەی نێوان ئاگامەندییەکان ناگەیەنێت. سـیستەمێکی بـڕی بیرۆکەکان، بۆ نموونە مۆناد، خۆی سـنوردار دەکات، ناتوانێت پەیوەندی لەگـەڵ شتێکی جیاواز لە خۆی دامەزرێنێت و خۆیەکی دیکە سـنوردار بکات و هیچ شتێکی ئەم سـنوردار نەکـات. بوونێکی دابڕاوی هەیـە و (شوێن) لەوانی

دیکـــەی جیادەکاتەوە. کەوابوو، لـــەم بۆچوونەشەوە، شوێـــن ئاگامەندی من و کەســـانی دیکـــە جیادەکاتەوە. ئایدیالیـــزم، بێ ئەوەی هەســـتی پێبکات، پەنا بۆ (کەســـی ســـێیەم) دەبات تاکو ڕەتدانـــەوە دەرەکییەکـــە بسەلمێنیت. ئێمە بینیمـــان، کە پەیوەندی دەرەکـــی داوای گەواهێک بۆ ســـەلماندنی دەکات. لەم ڕووەوە ئایدیالیستەکان و ڕیالیستەکان بەم ئاکامە دەگەن: لەبەر ئەوەی کەسانی دیکە، لەنێو شوێندا خۆیان بۆ ئێمە دەردەخەن ئەوا ئێمە و کەســـانی دیکە لەنێو شوێنی ڕاستەقینە یان ئەندێشاوییدا لە یەکدی جیادەبینەوە.

ئەم پێشـــبیرە چەنـــد ئاکامێکی لەدوایە: ئەگەر پەیوەندییم لەگەڵ کەســـانی دیکە دەرەکی و بێ جیاوازی بێت، ئەوا سەرهەڵدان و لەناوچوونی کەسانی دیکە کارناکەنە ســـەر بوونی من. مادامەکی بوونی کەسانی دیکە کارناکاتە سەر بوونی من تەنیا ڕێگەیەک بۆ خۆناســـینی بە من خۆ دەرخستنە، وەکو بابەتێکی زانین. لێرەدا پێویستە ئـــەوەش بزانین، کە من دەبێ بەوجۆرەی هەموو لایەنە فرەکانی سەرنجەکانم لەنێو یەکێتییەکدا کۆدەکەمەوە، کەسانی دیکەش بەهەمانشێوە لەنێو یەکێتییەکدا دادەنێم: لێرەدا من یەکێتی کەسێکی دیکە پێکدەهێنم. کەوابوو کەسانی دیکە بۆ من تەنیا وێنەیەکی ئەندێشاوییە. کەسی سێیەم یان گەواهێک دەتوانێت بەراورد لە نێوان کەســـانی دیکە و وێنە ئەندێشـــاوییەی من بکات و ڕاستییەکەی ســـاخبکاتەوە. لەســـەرو ئەمەوە، ئەو کەســـەی گەواهی دەدات نابێت پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ من و وکەســـانی دیکەدا هەبێت. ئەگەر ئەمکارە نەکات ئەوا من و کەسانی دیکە دەبین بە وێنەیەکی ئەندێشاوی نێو بیری ئەو. ئەو دەبێت لە بوونی مندا و لە بوونی کەســـانی دیکەدا ببێت بە ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی. پەنابردنە بەر خوا، بەو شێوەیـــەی لای لایبینز دەیبینین، پەنا بردنەبەر ڕەتدانەوەی ناوەکییە؛ لەنێو چەمکـــی تیۆلۆجی ئافەریدکردندا دەردەکەوێت: خـــوا، لەهەمانکاتدا من و کەسانی دیکەیە و من و کەسانی دیکەش نییە، چونکە ئافەریدمان دەکات. خوا بۆ ئەوەی من بناسێت، پێویستە من بێت و ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ ناوەندێک پەیوەندی بە منەوە هەبێت. هەروەها، بۆ ئەوەی گەواهییەکەی بێ لایەن بێت، پێویستە من و کەسانی دیکەش نەبێت. وێنەی ئافەریدکردن نموونەیەکی بەجێیە لەبەردەستماندا، چونکـــە لە ئافەریدکردندا تەماشای ناخی شتـــە ئافەریدکراوەکە دەکەین. ئەوەی ئافەریدیدەکەم (مـــن)ە، هاوکات ئافەریدکراوەکە لـــە دەرەوەی مندا بەرانبەر من ڕادەوەســـتێت و دەبێت بە بابەت. لەمحاڵەتەدا (شوێن) لە ئێمە دوورناکەوێتەوە و ڕێگەی هەڵبژاردنمان دەبەستێت: دەبێت پەنا بۆ خوا یان ئەو ئەگەرە بەرین، کە دەرگاکانی خۆگەریمان بۆ ئاوەڵا دەکات. بەڵام ئەم چەمکە لەبەردەم دووڕیانەیەکدا ڕامانەگرێت: ئەمەش گرفتێک بوو لە کێشـــەی بوونـــی جەوهەرەکاندا بیریارانی پاش—دیکارت باســـیانکرد. ئەگەر خوا من و کەســـانی دیکەش بێت، ئایا (من) چ

جۆره بوونێکم هەیە؟ ئەگەر ئافەریدکردن پرۆســەیەکی بەردەوام بێت ئەوا منیش لەنێوان بونێکــی دووری خۆم و یەکانەگی بوون لەگەڵ خوادا دەمێنمەوە. ئەگەر ئافەریدکــردن بە یەک جــار تەواو بووبێت و منیش لــە دەرەوەی خوادا بم ئەوا هیــچ شتێک بوونی من بە خواوە نابەســتێتەوە: خوا و بوونی من پەیوەندییەکی دەرەکییــان دەبێت. ئەمــەش لە پەیوەندی نێوان هونەرمەندێکی پەیکەرســاز و پەیکەرە دروســتکراوەکەی دەچێت. خوا، لەمحاڵەتەدا، بە هۆکاری وێنەکانی نێو ئەندێشەی سەربارەت من، من دەناسێت. لەنێوان ئەم بارودۆخانەدا، چەمکی خوا، کــە ڕەتدانــەوەی ناوەکی بۆ ئێمە دەردەخات و دەبێت بــە تەنیا پەیوەندییەکی گونجاو لەنێوان ئاگامەندییەکاندا، وەکو چەمکێکی بەجێ خۆی ناچەسپێنێت: خوا نابێت بە پێویست یان زەمینەیەک بۆ ســەلماندنی بوونی کەسانی دیکە. هەروەها خوا، وەکو ناوەندێک لەنێوان بوونی من و کەســانی دیکەدا لەپێشــوەختا بوونی کەسانی دیکە و پەیوەندییە ناوەکییەکەی نیشاندەدات، چونکە خوا بەوشێوەیەی هەمــوو خەســلەتەکانی (ئاگایی) هەیە، پاراوترین بوونی ئــەوی دییە. پێویستە بتوانێت پەیوەندی ناوەکی لەگەڵ مندا هەبێت. دەردەکەوێت بیردۆزەی پۆزەتیڤیزم ســەبارەت بوونی کەســانی دیکە، خۆی لە خۆگەرایەتی دووردەخاتەوە و واز لە پەنابردنیــش بۆ خوا دەهێنێت. ئەم کــارەش، بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەنێوان من و کەســانی دیکەدا لەســەر ڕەتدانەوەی ناوەکی پێویستە؛ ئەوە دەگەیەنێت، ڕەتدانــەوە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی کەســانی دیکە لەگەڵ مندا، کە بوونی منی پێدەناســرێت و نێوان من و کەســانی دیکەش، کە کەسانی دیکەی پێدەناسرێت بەرجەستەدەبێت. دەشێ لەم بۆچوونەوە تەماشای پرسیارەکە بکەین؟

جیم. هوسرڵ، هیگڵ، هایدیگەر

فەلسەفەی ســەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم وا بۆ کێشەکە دەچن، کە ئەگەر من و کەســانی دیکە بە دوو جەوهەری لەیەکدی دابــڕاو دابنرێین، ئەوا ناتوانین لــە خۆگەرایەتی ڕزگار بین: یەکگرتنی ئەم دوو جەوهەرە کارێکی مەحاڵە. بەڵام هەرچەندە ئــەم فەلسەفەیە واز لە ئاکامەکانی ڕەتدانــەوەی دەرەکی دەهێنێت، هێشــتا ئاکامێکی گرنگی هەڵگرتۆتەوە و وازیلێنەهێنــاوە. ئەو ئاکامە گرنگەش ئەوەیــە، کە پەیوەندی نێوان من و کەســانی دیکە لەســەر زانین دادەمەزرێت. کاتێک هوســرڵ لە (تێڕامانە دێکارتییەکان) و (لۆجیکــی فۆرمەلیستی و بەرز) هەوڵی ڕەتدانــەوەی خۆگەرایەتی دەدات، لەوباوەڕەدایــە ئاماژەکردن بۆ بوونی کەســانی دیکە،مەرجێکی دانەبڕاوە بۆ پێکهێنانی جیهان. ئێمە لێرەدا بە درێژی

باســی بیردۆزەکەی ناکەین و بۆچوونەکەی بەگشتی ڕووندەکەینەوە. جیهان بەو جــۆرەی خۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات، لای هوســرڵ، بووە بە (نێو—مۆنادی). بوونی کەســانی دیکــە لەنێو جیهانــدا تەنیا شتێکی هەندەکــی و کۆنکرێتی و ئەزمونگەری نییە، بەڵکو مەرجێکی پێویستیشــە بۆ یەکێتی و دەوڵەمەندبوونی جیهان. گرنگ نییە من ئەم مێزە، درەختە یان دیوارە ڕووتە بە تەنیا یان پێکەوە ببینم، کەســانی دیکە هەمیشــە، وەکو واتایەکی ئەو شتانەی دەیان بینم لێرەن. بەکورتییەکــەی، ئەو گەرەنتییەکی ڕاســتەقینەی دەرەکــی شتەکانە. مادامەکی دەروونمان لەنێو جیهاندایە و بەشێکە لە جیهان، لەگەڵ جیهانیشدا دەکەوێتە ژێر کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە، کەسانی دیکەش بۆ پێکهێنانی پێویستن. ئەگەر من گومان لە بوونی پیرۆی هاوڕێم یان کەســانی دیکە بکەم، پێویستە گومان لە بوونــی کۆنکرێتی و داکەوتی ئەزمونەکانم بکەم. من ڕەوایی بەخۆم نادەم: خۆی ئەزمونگەریم و خۆی ئەزمونگەری کەســانی دیکەش لە یەک کاتدا لەنێو جیهاندا بەرجەستە دەبن. واتای گشتی (کەسانی دیکە) بۆ پێکهێنانی هەریەکێک لە (خۆ) یــە تاکەکان پێویستە. بەمجۆرە، هەموو بابەتێــک، بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (کانت)وە، کە گوایە بابەت لە پەیوەندییا بە خۆوە سەرهەڵدەدات، لەنێو ئەزمونی منــدا چەند لایەنییــە؛ لە بنەڕەتەوە دەردەکەوێت خاوەنی ســیستەمێک بێت بۆ ئــەو شتانەی لە جیهانی پان و بەرینی ئاگامەندییا ئاماژەی بۆ دەکات؛ لەســەر مێزەکە، دیوارەکەیە، کە کەســانی دیکــەش لەوێوە دەردەکەون، هەروەها لەگەڵ خۆدەرخستنی کۆنکرێتی (پیرۆ) و (پۆڵ)یشدایە. بەدڵنیاییەوە ئەم بۆچوونانە جۆرە تێپەڕبوونێک بەســەر هەڵوێستە کۆنەکاندا نیشاندەدەن. نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە شتە بە ئامێرکراوەکە لە یەکەم ساتی دۆزینەوەیەوە ئاماژە بۆ دەستەوتاقمێک لە بوون—بۆ—خۆ دەکات. ئێمە لە دواییدا بۆ سەر ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە. ئاشکراشە واتای (کەســانی دیکە) لە ئەزمون یان بیرکردنــەوەی هۆشەکی و ئەنەلۆگییەوە ســەهەڵنادات؛ بەپێچەوانــەوە، لەبەرڕۆشنایی چەمکی کەســانی دیکەدا ئەزمون لێکدەدرێتەوە. ئایا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمکی کەســانی دیکە شتێکی لەپێشــتر بێت؟ وەڵامی ئەم پرســیارە بۆ دوایی هەڵدەگرین. لەگەڵ ئەم لایەنە چاکانەشدا بیردۆزەکەی هوســرڵ لەوەناچێت لە بیردۆزەکەی کانت جیاوازتر بێت. لەبەر ئەوەی خۆی ئەزمونگەری من لە کەسانی دیکە دڵنیا نییە هوسرڵ بۆ خۆی بــەرز دەگەڕێتەوە، کە ڕادیکالانە لە (خۆ)وە جیاوازە و لەو خۆیەش دەچێت کانت باســیدەکات. ئەوەی پێویستە بیسەلمێنین ئەو خاڵەیە، کە تەریبی دانانی خۆیە ئەزمونگەرییەکان گومان لەلای کەسەکاندا دروستناکات، بەڵکو گومان لەگەڵ خۆیە بەرزەکاندا دێتە کایەوە. لەم بۆچوونەوە، ئەوەی بەرانبەرم کەسێکی ئەزمونگەری نێو ئەزمونی من نییە، بەڵکو خۆیەکی بەرزە و ئەو کەسەش بە سروشت هەیەتی.

لەڕاســتیدا، کێشەکە لێرەدا دەبێت بە بەستنەوە یان دانانی پەیوەندی نێوان ئەم خۆیــە بەرزانەی ئەو دیو ئەزمونەکان. ئەگەر کەســێک بڵێت، خۆی بەرز ئاماژە بۆ بوونی کەســانی دیکە بــە هەمووگەرییەوە دەکات ئێمــەش دەتوانین بڵێین، ئامــاژە کردنەکە بۆ واتاکانیانە. لێرەدا، کەســانی دیکە دەبێت بە کاتیگۆرییەکی تەواوکەر و ڕێگەش بە پێکهێنانی جیهان وەکو بوونێکی نا—ڕاست لەودیو جیهانەوە دەدات. بێگومان کاتیگۆری (کەســانی دیکە) ئاماژە بۆ بوونی کەســانی دیکە لە دەرەوەی خۆمانــدا دەکات، بەڵکو ئەم ئاماژەکردەنە بۆی هەیە بوونێکی لەســەر ئەگەر وەســتاو بە کەســانی دیکە بدات. بەهای بەستنی ناوەڕۆکی هەیە و لەنێو جیهانیشدا دەگونجێت. یاساکانیشــی بەجیهانەوە پابەندە و کەسانی دیکەش بە ســروشت لە دەرەوەی جیهاندان. لەسەرو ئەمەوە، هوسرڵ بوون بۆ زنجیرەیەکی ســادەی کارکردنەکان دەگەڕێنێتەوە و تێگەیشتنی لە چەندبارەبوونەوەی بوونی کەســانی دیکەی لەناوبردوە. لەوانەیە ڕێگەیەکی چاکتر بۆ پێوانی بوون بە زانین نەدۆزینەوە. لێرەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەڵێین زانین بەگشتی پێوانە بۆ بوون، بوونی کەســانی دیکە بەو زانینە دەپێورێت کەســانی دیکــە لەبارەی خۆیانەوە هەیانە، نەک بەو زانینەی من لەبارەی ئەوانەوە هەمە. ئەوەی پێویستە من دەستم بکەوێت بوونی کەسانی دیکەیە، نەک بەوشێوەیەی من زانینم لەبارەیانەوە هەیە، بەڵکو بەوشێوەیەی ئەوان خۆیان دەناســن. ئەمکارەش مەحاڵە چونکە پێویستی بە یەکبوونێکی ناوەکی من و کەســانی دیکە هەیە. لێردا جیاوازییەک لەنێوان من و کەسانی دیکەدا پەیدادەبێت، کە لەسەر جیاوازی دەرەکی لەشمان ڕانەوەستاوە. بۆ ئەو ڕاســتییە دەگەڕێتەوە، کە هەریەکێــک لە ئێمە لە ناوەوەی خۆیدا دەژی. ئەو زانینەی لە ناوەوە دروستدەبێت تەنیا لە ناوەوە دەپێورێت و زانینی کەسانی دیکە، کە لەنێو خۆیاندا هەیانە ناگرێتەوە. هوســرڵ لەم خاڵە تێگەیشتوە چونکە دەڵێت (کەســانی دیکە) بەوشێوەیەی لە ئەزمونی کۆنکرێتی ئێمەدا دەردەکەوێت ئامادەنەبوونە.

بەڵام لە فەلسەفەی هوســرڵدا چۆن ئەم ئامادەنەبوونە دەناســرێت؟ کەسانی دیکــە بابەتی تێڕامانــی بێ ناوەڕۆکــە و خۆیان بەدەســتەوەنادەن و هەڵدێن. تەنیا ڕاســتەقینەیەک لەبەردەممدا بمێنێتەوە تێڕامانەکەی منە؛ کەســانی دیکە نیۆمایەکــی بێ ناوەڕۆکن، کە من بەرەو خۆیان دەبەن و دەیانەوێت خۆیان لەنێو ئەزمونەکەمدا دەربخەن. ئــەوان کردەوە دامەزرێنراوەکان و یەکێتی ئەزمونەکانی منن و دواجاریش دەبن بە چەمکێکی بەرز. هوسرڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بۆچوونە خۆگەرایەتییــە دەڵێت، دڵنیابوون لە بوونی کەســانی دیکە، وەکو دڵنیابوونە لە بوونــی جیهان. بوونی دەروونی و جەســتەیی منیش دەخاتە نێو ئەم جیهانەوە. بیریارێکــی خۆگەریش هەمــان بۆچوونی هەیە؛ ئەو دڵنیایە، بــەڵام لەوە زۆرتر

دڵنیا نییە. بوونی جیهان، بە دیدی ئەو، لەسەر ئەو زانینە ڕادەوەستێت، کە هەیەتی. ئەمە بۆ بوونی کەسانی دیکەش بە دروست دادەنێت. پێشتر وامدەزانی لەگەڵ ڕەتدانەوەی چەمکی خۆی بەرز لای هوسرڵ لە دەست خۆگەرایەتی ڕزگار دەبم.[٥٣] ئەو کاتە لەو باوەڕەدابووم مادام هەموو بابەتێکم لەنێو ئاگامەندی دەرهێناوە، هیچ شتێک نامێنیتەوە، بەرانبەر بوونی کەسانی دیکە ڕاوەستێت و خۆی بە سەروەر دابنێت. بەڵام هێشتا، هەرچەندە دەزانم، کە کێشەی خۆی بەرز نا پێویستە و ڕوخێنەرە، وازهێنان لەم چەمکە چارەسەری گرفتەکەمان بۆ بوونی کەسانی دیکە ناکات. ئەگەر لە دەرەوەی خۆی ئەزمونگەری بێجگە لە ئاگایی لەو خۆیەوە هیچی دیکە نەبێت، کە پانتاییەکی بەرزە بەبێ خۆ-سەلماندنی بوونی کەسانی دیکەپێویستی بە پانتاییەکی بەرزە لەودیو جیهانەوە. لە ئاکامدا، تەنیا ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە خۆگەرایەتی سەلماندنی ئاگامەندی بەرزی منە، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند باربوونەوەی ئاگامەندییەکانی دیکەی وەکو خۆم. هوسرڵ بوونی بۆ زنجیرەی واتاکان گەڕاندۆتەوە. لەڕێگەی زانینیشەوە پەیوەندی من و کەسانی دیکەی باسکردوە. لەم ڕووەوە هوسرل، وەکو کانت نەیتوانیوە چارەسەری خۆگەرایەتی بکات. ئەگەر لە جێگەی زنجیرەی سەرهەڵدانی کردەوەکان جۆرێک لە دیالێکتیکی ئەودیو کاتەوە دابنێین، دەبینین هیگڵ لە بەشی یەکەمی (فینۆمینۆلۆجی هۆش)دا پێشکەوتنی بەسەر هوسرڵدا وەدەست هێناوە. لێرەدا، دەرکەوتنی کەسانی دیکە تەنیا بۆ پێکهێنانی جیهان و خۆی ئەزمونگەری من مەرجێکی پێویست نییە، بەڵکو خۆ-ئاگایی منیش دەگرێتەوە. خۆ ئاگایی من یان هاوکێشەی (من منم) لەسەر ئەو هۆکارە ڕادەوەستێت. لە سەرەتاوە، خۆ-ئاگایی ڕووتە و شتێکە، وەکو خۆی. لە بوونی خۆی دڵنیایە، بەڵام هیشتا ئەم دڵنیابوونەی هیچ ڕاستییەکی لەنێو خۆیدا هەڵنەگرتوە. ڕاستییەکەی لەوێدا دەردەکەوێت، کە بوونی خۆی بەسەربەخۆ دابنێت. لەم سەرەتایەدا خۆ-ئاگایی پەیوەندی نێوان خۆ و بابەتی دەرەکی دەرناخات. بابەتەکەشی تاکو ئێستا[کە خۆیەتی] دەرەکی نییە و خۆیەتی. لە پێناوی وەدەستهێنانی چەمکەکە و ئاگابوونی لە خۆی، دەبێت خۆی لە دەرەوەی بوونی خۆیدا بکات بە بابەتی ئاگاییەکەی و بوونی خۆی بەرجەستەبکات. هەوڵبدات بوونی (من هەم) بکات بە بابەتێکی دەرەکی و پەرە بە خۆی بدات. ئەم هەوڵدانەش لەم قۆناخەدا جوڵێنەرە بۆ پەرەسەندنی ئاگامەندی؛ خۆ-ئاگاییە، کە لەلایەن خۆ- ئاگاییەکی دیکە دەناسرێت و هەمانکات لەگەڵ خۆی و خۆ-ئاگاییەکەی دیکەدا هەمان ناسنامەیان هەیە. ئەوەی دەکەوێتە

---

٥٣ سارتەر لەپێش نوسینی ئەم پەرتووکەدا پەرتووکێکی بە ناوی (بەرزێتی خۆ) لە ساڵی (١٩٣٤)، بڵاوکردۆتەوە تیایدا ڕەخنە لە چەمکی خۆی بەرز لای هوسرڵ دەگرێت و ڕەتی دەداتەوە.(وەرگێڕ)

نێوانیانەوە کەسانی دیکەیە. کەوابوو، ڕاستەقینەکە چەندبوونی ئاگامەندییەکانە. ئـــەم چەندبوونە بووە بە دوولایەنی و جیابوونەوەیـــان. لێرەدا، ئێمە ڕووبەڕووی ئـــەو ڕەتدانەوە ناوەکییە دەبینەوە، کە لەپێشـــتر دەمانویست بیسەلمێنین. هیچ نەبوونێکی دەرەکی ئاگامەندی من و کەســـانی دیکە جیاناکاتەوە. جیابوونەوەی نێوان من و کەســـانی دیکە لەســـەر فاکتۆری بوونی من ڕادەوەســـتێت. کەسانی دیکـــە ئەوەیە، کە بوونی من لە خۆیان جیادەکەنـــەوە و منیش ئەوان لە بوونی خۆم جیادەکەمەوە. ئاگامەندییەکان ڕاســـتەوخۆ پشـــتیوانی یەکتر دەکەن. ئەم بۆچوونە ڕێگەمان دەدات پێناســـی بوونی کەسانی دیکەش بکەین بەو شێوەیەی بۆ من خۆی دەردەخات: کەســـانی دیکە لە منەوە جیـــاوازە و بابەتێکە خاوەنی ڕەتدانەوە. هەروەها بابەتێکی خۆ—ئاگاشە. بۆ من ئەو بابەتەیە خۆی بە ژیانەوە خەریککردوە. منیش بەهەمانشـــێوە بۆ کەســـانی دیکە دەردەکـــەوم: بابەتێکی کۆنکرێتی، هەســـتەکی و ڕاســـتەوخۆم. بۆچوونی هیگڵ لەسەر هاودەنگی من و کەسانی دیکە ڕانەوەستاوە، بەڵکو وابەستە بەو پەیوەندییەوە، کە بە (خۆناسینی کەســـێک لەنێو کەســـێکی دیکەدا) ناوزەدیدەکـــات. لەڕاســـتیدا، لەبەر ئەوەی هەموو کەســـێک دژی ئـــەوی دیکەیە، ئەوا مرۆڤ بەتـــەواوی بوونێکە بۆ خۆی. لە کاتی دژوەســـتان بەرانبەر وی دی و بەرەنگاریکردن لەگەڵیدا تاکڕەوی مرۆڤ دەچەسپێنین. کەوابوو، کۆجیتۆ بە تەنیا نابێت بە سەرەتایەکی فەلسەفی چونکە لە ئاکامی ناســـینی بوونی خۆم، وەکو تاکە کەســـێک ســـەرهەڵدەدات. ناسینی بوونی خۆشم، وەکو تاکە کەس بە بوونی کەســـانی دیکەوە گرێدراوە. کێشـــەی بوونی کەسانی دیکە پەیوەندی بە کۆجیتۆوە نییە؛ بەپێچەوانەوە کۆجیتۆ لەسەر بوونی کەسانی دیکە ڕادەوەستێت. کەوابوو ئەو ساتەی هیگڵ ناویدەنێت بوون بۆ کەســـانی دیکە بۆ گەشەکردنی ئاگایی لە خۆ قۆناخێکی پێویستە؛ ئەو ڕێگایەی بەرەو ناخی خۆمان دەبات لە کەســـانی دیکەوە دەستپێدەکات. بەڵام من ئەوەندە بایەخ بە کەسانی دیکە دەدەم، کە لە منەوە جیاوازن و بابەتێکن بۆ من. هەروەها منیش بۆ ئەوان بەهەمانشێوە دەردەکەوم. منیش بۆ ئەوان دەبم بە بابەت. مادام من لەوێدا و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەبم بە بابەت بۆ خۆم، پێویستە داوای بڕوانامە بۆ بوونم لە کەســـانی دیکە بکەم. ئەگەر ئاگامەندییەکی دیکە لەنێوان ئاگامەندی من و خۆیـــدا بیربکاتەوە بوون—بۆ—خۆی ئاگامەندی من، لە ئاکامیشـــدا هەموو بوونم، پێویستی بە کەســـانی دیکە دەبێت. من بەوشێوەیە هەم، کە بۆ کەسانی دیکە دەردەکەوم. لەســـەرو ئەمەشەوە، کەســـانی دیکە بەوشێوەیە هەن، کە بۆ من دەردەکەون و بوونیشـــم پێویستی بە ئەوانـــە؛ بەو شێوەیەی من دەردەکەوم بوونی من دەردەخات. گەشەکردنی ئاگاییم لە بوونی خۆم دەکەوێتە سەر ئەوەی کەســـانی دیکە بۆ من دەردەکەون. گرنگی بڕوا نامەکەی بوونم لەلایەن کەســـانی

دیکەوە لەسەر بڕوانامەی من بۆ بوونی ئەوان ڕادەوەستێت. کەسانی دیکە هەست بە بوونی من بەو شێوەی بە لەشەوە بەستراوە و دەژی دەکەن. من دەبم بە بوونێکی دیکە بۆ خۆم. بۆ ئەوەی بڕوانامەی بوونم لە کەسانی دیکەش مسۆگەر بکەم، دەبێت ژیانم بخەمە نێو مەترسییەوە. بۆ ئەمەش دەبێت بیسەلمێنم، کە من بەژیانەوە نەبەستراوم. هەمانکات مردنی کەسانی دیکە دەخوازم. ئەمەش لەگەڵ کەوتنە نێو مەترسییەوە دژی کەسانی دیکە ڕوودەدات. کەسانی دیکەش، تەنانەت لەوساتەشدا، کە ناتوانێت خۆی بە ژیانەوە نەبەستێتەوە، دەیەوێت سەربەست بێت و بژی. لەبەر ئەوە خۆی لە بابەتە دەرەکییەکان دانابڕێت و بۆ من و بۆ خۆشی، وەکو شتێکی گرنگ و بنەڕەتی دەرناخات. ئەو دەبێت بە کۆیلە و منیش خاوەنکۆیلە؛ من بۆ ئەو دەبم بە بوونێکی گرنگ و بنەڕەتی. لێرەدا پەیوەندییە ناودارەکەی نێوان (کۆیلەو خاوەنکۆیلە) دروستدەبێت، کە کاریگەرێتییەکی قوڵی کردۆتە سەر بیرکردنەوەی مارکس.

ئێمە زۆر لەسەر ئەم کێشەیە نادوێین. ئەوەندە بەسە دەریبخەین، کە کۆیلە بۆ خاوەنەکەی ڕاستییە. بەڵام بڕوانامەکە دوولایەنی نایەکسانی دامەزراندوە. ڕاستییەکە بۆ دڵنیابوونی خاوەن کۆیلە ئاگامەندییەکی بنەڕەتی پەیدای نەکردوە. کەوابوو، خاوەن کۆیلە لە ڕاستی بوونی خۆی دڵنیا نییە.[٥٤] بۆ وەدەستهێنانی دڵنیابوونەکەی خاوەن کۆیلە ئەوە بۆ کۆیلەدەکات، کە بۆ خۆی دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێک لە خۆ-ئاگایی و لەلایەن خۆ-ئاگاییەکی دیکەوە بڕوای پێدەکرێت؛ ئەو خۆ-ئاگاییە لەگەڵ خۆی و ئەوی دیکەدا دەبێت بە یەک شت. لە بۆچوونەکەی هیگڵدا بوونی من لەسەر بوونی کەسانی دیکە ڕادەوەستێت. من تەتنا لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە دەبم بە بوون-بۆ-خۆ. کەسانی دیکە خۆیان دەهاونە ناخی بوونمەوە. تاکو گومان لە بوونی خۆم نەکەم ناتونم گومان لە بوونی ئەوانیش بکەم چونکە خۆ—ئاگایی داوای بڕوانامە لە کەسانی دیکە دەکات. لەم ڕووەوە خۆگەرایەتی بە تەواوی لەناوچووە. توێژینەوەکەمان لە

٥٤ مەبەسی سارتەر ئەوەیە، کە خاوەن کۆیلە لە ئاکامی جەنگەکەیدا بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ سەروەرییەکەی توشی نائومێدی دەبێت. ئەم بۆچوونەش پەیوەندی بەو خاڵەوە هەیە، کە هیگڵیش جەختی لەسەر کردوە و گوایە خاوەن کۆیلە داوای بڕوانامە لە کەسێکی دیکەی وەکو خۆی دەکات. لە ئاکامی جەنگەکەشدا لە دیالیکتیکی کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا، ئەو لایەنەی دەبێت بە خاوەن کۆیلە و سەروەر ناتوانێت بڕوانامەکە مسۆگەر بکات چونکە کەسەکەی دیکەی بە کۆیلە کردوە. ئەو لەلایەن کۆیلەکەوە بڕواناوی پێدراوە. کۆیلەش کەسێکە لە خەسڵەتی بە مرۆڤ بوون و ئاگامەندی نامۆکراوە و بەکەلوپەل کراوە. کۆیلە، وەکو بابەتە بەردەستییەکانی دیکە لە ژیانی خاوەن کۆیلەدا، دادەنرێت؛ بووە بە بابەت. لەبەر ئەمە دیالیکتیکی کۆیلە و خاوەن کۆیلە کۆتاییەکی ناکامی هەیە. من لە پەرتووکەکەمدا لەسەر فەلسەفەی هیگڵ ئەم خاڵەم بە درێژی باسکردوە. بڕوانە: محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگڵ، چاپی دووەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩. ل. (وەرگێڕ)

هوسرڵەوە بۆ هیگڵ پێشـــکەوتن دیاریدەکات: ئەو ڕەتدانەوەیەی بوونی کەسانی دیکـــە پێکدەهێنێت بووە بە ڕەتدانەوەیەکی ڕاســـتەوخۆ، ناوەکی و پەیوەندیدار. دووەمیش، جەخت لەسەر بوونی هەردوو ئاگامەندییەکە دەکات. دواجاریش، من لە بوونمدا پشـــت بە بوونی کەسانی دیکە دەبەستم و تەنیا بوونی خۆم بە لایەنێکی دژوەســـتاو بەرانبەر بوونی کەســـانی دیکە دانانێم. بوونی کەسانی دیکە دەبێت بـــە مەرجێکی پێویست بۆ بوونی من. ئایا ئێمـــە، لەگەڵ دەوڵەمەندی بیردۆزەی کۆیلە و خاوەن کۆیلە و ئەو چارەســـەرەی هیگڵ بۆ کێشەکەی دۆزیوەتەوە ڕازی دەبین؟

بەدڵنیاییەوە، هیگڵ پرسیاری لەمەڕ بوونی ئاگامەندی کردووە. توێژینەوەکەی جەخت لەسەر بوون—بۆ—خۆ و بوون—بۆ—کەسانی دیکە دەکات و لەو باوەڕەشدایە هەریەکێـــک لەم لایەنانە لایەنەکەی دیکەشی تێدایـــە. هەمانکات، ئەم توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییە لەسەر زەمینەی زانین دامەزراوە. ناکۆکییەکە لەوێوە سەرهەڵدەدات، کە هەریەکێک لە دوولایەنەکە دەیەوێت دڵنیابوونەکەی بکات بە ڕاســـتی. منیش دەزانم ئەو ڕاســـتییە لەوێدا مسۆگەر دەکرێت، کە ئاگامەنییم بۆ کەســـانی دیکە دەبێت بە بابەت؛ ئاگامەندی کەســـانی دیکـــەش دەبێت بە بابەت بۆ من. لێرەدا، ئایدیالیزم دەپرسێت: (چۆن کەسانی دیکە دەبن بە بابەت بۆ من؟) هیگڵیش لەسەر زەمینـــەی ئایدیالیزم دەمێنێتەوە و لە وەڵامی ئەم پرســـیارەدا دەڵێت: ئەگەر لە ڕاستیدا (من) هەبم و کەسانی دیکەش بابەتی من بن، ئەوا لەبەر ئەوەیە، کە منیش بۆ کەسانی دیکە بابەتم. زانین، لەم حاڵەتەدا، دەبێت بە پێوەری بوون. هیگڵ بیر لە بوونی کەسانی دیکە بەبێ کەمکردنەوەیان بۆ بابەت ناکاتەوە. ئەو ئاگامەندییە هەمەکییـــەی لە کۆتایی پرۆســـە دیالیکتیکییەکەیدا دەیگاتێ دەبێت بە (من منم) ێکی ڕووت. هێشتا، هیگڵ دەنوسێت، (ئەم دەستەواژەیە سەبارەت ئاگامەندی بێ ناوەڕۆکە.) لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت، (پرۆســـەیەکی ڕووتکردنەوەی ڕەهایە و هەموو هەبووە ڕاســـتەوخۆکان تێپەڕدەکات و بەڕەتدانەوەیەکی ڕووت دەگات، کە لەگەڵ ئاگامەندییدا دەبێت بەیەک.) لەمەزۆرتر باســـی ئەو ناکۆکییە دیالیکتیکییە و خۆ—ئاگاییە هەمەکییەمان بۆ ناکات. بێجگە لە (من دەزانم کەسانی دیکە، وەکو خۆم من دەناســـن.) نییە. ئەمەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، کە لە ئایدیالیزمدا بوون و زانین یەک شتن. بەڵام ئەم یەکبوونە چی دەهێنێتە کایەوە؟

لە سەرەتاوە دەڵێم، ئەم فۆرمە هەمەکییەی (من منم)، کە خاوەنی ناسنامەیە هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو ئاگامەندییە کۆنکرێتییەدا نییە لە پێشەکی ئەم نوسراوەدا باسمانکرد. لەوێدا ڕوونمانکردەوە، کە بوونی خۆ-ئاگایی لەسەر بناخەی زانین پێناس ناکرێت. زانین لە تێڕامانەوە دەستپێدەکات، بەڵام تێڕامانی تێڕامان پەیوەندی لەنێوان ئاگایی و بابەتەکەیدا دەرناخات. بوونی ئەویش ناکەوێتە ســـەر

ئاگایــی بەرز؛ بەڵکو ئەو شێوازێکە پرســیار لە بوونی خــۆی دەکات. لە بەشی یەکەمی کەرتی دووەمدا باســمکرد، کە پەیوەندی تێڕامان لەگەڵ خودی تێڕاماندا پەیوەندییەکی خۆیەتی نییە و بۆ (من منم)ی هیگڵیش ناگەڕێتەوە. تێڕامان خۆی ناکــات بە بابەتی خۆی؛ ئێمە لێــرەدا مامەڵە لەگەڵ بوونێکدا دەکەین، کە خۆی لە ناودەبات و بێهودەش دەیەوێت ببێت بەخۆی. ئەگەر ئەم بۆچوونە بۆ ناسینی ئاگامەنــدی تەنیا بۆچوون بێت، ئەوا بەو باوەڕەش دەگەین، کە هیگڵ نەیتوانیوە باسی دوولایەنی (من) لە خۆ-ئاگاییدا بکات. ئێمەش، لە ئاکامدا، خۆمان لە خۆی بەرزی ئاگامەندی ڕزگاردەکەین. پێویست ناکات لەســەربناخەی بوونی خۆیەکی بەرز پێناســی ئاگامەندی بکەین. بەکورتی، ئاگامەندی بوونێکی کۆنکرێتی هەیە و ڕووتکــراوە نییە. ئەو خۆیە نەک بناخە بۆ (ئیگۆ)یەکی بێ ســود. بوونیشــی دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی تێڕامانی بەرزەوە و ڕاســتییەکەشی پێویستی بە کەسانی دیکە نییە؛ بەڵکو مادام بوونی ئاگامەندی پشت بە زانین نابەستێت پێش ڕاستی دەکەوێــت. لەم ڕوانگەیەوە، بەو شێوەیەی ڕیالیزمی ســادە بۆی دەچێت، بوون دەبێت بە پێوەری ڕاســتی؛ ڕاستی تێڕامان بە بوون دەپێورێت. ئاگامەندی پێش ناسینی لەوێدا بووە. کەوابوو، ئەگەر لەبەردەم کەسانی دیکەدا بوونی ئاگامەندی بسەلمێنیــن، هۆکارکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناســینەوەی بوونی نەک ئاماژەکردن بۆ ڕاســتییەکی ڕووتکراوە. لەڕاستیدا توشی هەڵە دەبین ئەگەر ناکۆکی نێوان کۆیلە و خــاوەن کۆیلە بۆ بڕوانامەیەکــی ڕووتکراوەی، وەکو (من نیــم) بگەڕێنینەوە. هەروەها جۆرە ناڕاســتییەک لەو ناکۆکییەدا هەیە چونکــە لە ئاکامدا بە ئاگایی هەمەکی، (تێڕامانی خۆ بۆ خودی خۆی) دەگات. لێرەدا، وەکو لە هەموو شوێنێکی دیکەدا کیرکیگارد دژی هیگڵ ڕادەوەســتێت و جەخت لەســەر بوونی تاکە کەس دەکات. تاک دەســتکەوتەکانی بە مایەی تاکەکەسی خۆی دەزانێت و سەلماندنی بوونی خــۆی دەخوازێت. بێگومان مافەکانم، کە لە کەســانی دیکەی داوادەکەم شێوازێکی خۆی هەمەکی دەردەخەن. بەڵام هێشتا بوونی تاکەکەسی و کۆنکرێتی منە، خۆی بەو شێوازە هەمەکییە دەگەیەنێت؛ من بۆ بوونم-لەوێدا داوای مافەکانم دەکەم. لەم ڕووەوە، ئەوەی هەندەکییە دەبێت بە بناخەی هەمەکی؛ واتای هەمەکی لە خزمەتگوزاری هەندەکییدایە.

ئــەم بەیەککردنەی بــوون و زانین کۆمەڵێــک هەڵە و ئاکامــی نەگونجاوی لەدوایە. من لێرەدا لەژێر دوو سەرباســدا ڕیزیان دەکەم؛ ڕەخنەگرتنمان لە هیگڵ ڕووناکبینییەکی دووســەرمان بۆ دیاریدەکات. لەلایەکــەوە دەردەکەوێت، هیگڵ توشــی هەڵەی ڕووناکبینی لە زانیندا بووە. بۆ ئەو ڕاســتی خۆ-ئاگایی لەســەر ڕیکەوتنی بابەتگەرانە دروست دەبێت؛ ئەمەش دەکەوێتە سەر بڕواکردنی کەسانی دیکــە بە بوونی من و بڕواکردنی منیش بە بوونی ئەوان. ئەم بڕوانامەیە دەکرێت

کتوپـــڕ و پەیوەندیداریش بێت: (من دەزانم کەســـانی دیکە، وەکو چۆن خۆیان دەناســـن، من دەناســـن.) ئەمەش لایەنی هەمەکی خۆ-ئاگایی دەردەخات. بەڵام لەڕاســـتیدا گرفتە کۆنکرێتییەکەی بوونی کەســـانی دیکە ڕێگەی گونجاندنی ئەم دەستەواژەیە دەگرێت. ئەگەر کەسانی دیکە بتوانن (من) بۆ بوونی خۆم بگەڕێننەوە ئەوا لە کۆتایی پرۆســـە دیالیکتیکیەکەدا پێویستە پێوەرێکی هاوبەش بۆ بوونی مـــن بۆ ئـــەو، هەروەها بوونی ئەو بۆ من؛ بوونی خـــۆم بۆ خۆم و بوونی ئەویش بۆ خۆی هەبێت. بێگومان ئەم هاوتەرازبوونە لە ســـەرەتاوە سەرهەڵنادات: هیگڵ لەسەر ئەم خاڵە هاوڕایە. پەیوەندی نێوان کۆیلەو خاوەنکۆیلە لەهەردوو لایەنەوە نییە. ئەم پەیوەندییە دوولایەنییە، وەکو هیگڵیش باسیدەکات، لەدواییدا دروست دەبێـــت. لێرەدا جۆرە ئاڵۆزییەک لەنێوان بـــوون، وەکو بابەت و ژیاندا دەهێنێتە پێش. بە دیدی ئەو، کەسانی دیکە بۆ من دەبن بە بابەت. ئێستا ئەو بابەتە منم بۆ کەســـانی دیکە. کاتێک هیگڵ قوڵتر پێناســـی ئەم بە بابەتبوونە دەکات، سێ لایەنی جیاواز دیاریدەکات: **یەکەم**، ئەو ساتەی خۆیەتییەکی ڕووت هەیە. **دووەم**، هەریەکێک لە دوو کەســـەکە، وەکو هەبوویەکی هەندەکی و تاک خۆی دەردەخات و بـــۆ بەرانبەرەکەی دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی. **ســـێیەم**، هەریەکێک لە ئەوان بەتەواوی بوونێکە بۆ خۆی و تاکێکە بەرانبەر تاکێکی دیکە ڕاوەستاوە.

دەبینین خۆیەتی ڕووتکراوە بە زانینی کەســـانی دیکەوە بەســـتراوە. لە دوو حاڵەتی نێو هەمووی بونیادەکەدا دەدۆزرێتەوە. بەڵام لە تێهەڵکێشـــکردنەکەیاندا هیگڵ ئەو پرســـیارە ناکات چۆن ئەو ســـێ لایەنە یەکتر ڕەتدەدەنەوە و لایەنێک پێکدەهێنن، کە لەوانەیە نەتوانین شیبکەینەوە. ئەو لە پەرتووکی فینۆمینۆلۆجی هۆشدا بۆچوونەکەی دەخاتەڕوو، لەو باوەڕەدایە لە ســـەرەتاوە بوونی کەســـانی دیکە بنەڕەتیی نییە چونکە ئاگامەندی بە ژیانەوە خۆی ماندوو دەکات. بەڵام ئێمە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ پێکەوەژیانی ڕەوان دەکەین. ئەوەندەش بەســـە، کە من یان کەسێکی دیکە، ژیانی دەخاتە مەترسییەوە تاکو جیاوازی نێوان ئاگامەندی و ژیان دیارییبکات: (بەو شێوەیەی کەسانی دیکە بۆ ئاگامەندی ڕادەوەستن، ئاگامەندیش بۆ کەســـانی دیکە ڕادەوەســـتێت؛ هەموو ئاگامەندییەک بە هۆکاری چلاکییەکانی خـــۆی و چالاکییەکانی کەســـانی دیکەش خۆی تەواودەکات. ئـــەو ڕووتکردنەوە ڕەوانـــەی بوون بۆ خۆ... بۆ ئەوەی خۆ-ئاگاییەک، وەکو ڕەتدانەوەی ڕووت خۆی دەربخات دەبێت خۆی بە هیچ جۆرە بوونێکەوە نەبەستێتەوە... بە جۆریک خۆی دەرەخات، کە گوێ بە ژیان نادات.) بێگومان، هیگڵ دواتر دەڵێت، بە خۆفڕێدانە نێو مەترســـی و مردنەوە خۆ-ئاگایی تێدەگات ژیانیش بنەڕەتییە. بەڵام ئەمە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بینراوە. هێشـــتا ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە من دەتوانم

بوونی کەسانی دیکە یان خۆ-ئاگاییە ڕووتەکەی لە ژیان جیابکەمەوە. کۆیلە خۆ-ئاگایی خاوەنەکەی دەناسێت؛ ئەو ڕاستی خۆ ئاگاییەکەیە، بەڵام وەکو بینیمان ئەم ڕاستییە ڕەوا نییە.

ئایا ئەو کاتەی دەڵێین کەسانی دیکە، وەکو بابەت بۆ من دەردەکەون هەمان واتای ئەوەی هەیە، کە دەردەکەوێت خۆی بە بوونێکەوە بەستۆتەوە یان لەنێو ژیاندا نوقم بووە؟ ئەگەر لەسەر زەمینەی گریمانەیەکی لۆجیکمەندانەی ڕووت ڕاوەستین، ئەوا کەسانی دیکە وەکو ئاگامەندی لە شێوازی بابەتێکدا دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی ئەو بابەتە خۆی بە بوونێکی ڕووداو یان لەشێکی زیندووەوە گریدابێت. لەڕاستیدا ئەزمونەکەمان تەنیا ئاگامەندی تاکە کەسێکی زیندو دەناسێت. لە ڕووی بیردۆزەشەوە پێویستە کەسانی دیکە بە بابەت دابنرێن. ئەو ئەوە، وەکو لەش خۆی دەرناخات؛ ئەگینا ئێمە توشی وەهمی شوێن دەبین، کە لەسەرەوە باسمانکرد. ئەوەی بۆ بوونی کەسانی دیکە گرنگە بابەتگەرییە نەک ژیان. لەسەرو ئەمەشەوە، هیگڵ ئەم سەلماندنە لۆجیکمەندانەیەی بە خاڵی دەرچوون داناوە.

ئەگەر ڕاست بێت، کە پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و ژیان سروشتی حاڵەتی ڕووتکراوەی خۆ-ئاگایی ناشێوێنێت، کە لەوێدا دەمێنێتەوە، دەتوێتەوە و دەدۆزێتەوە، ئایا ئەمە بۆ بابەتگەرێتیش دەگونجێت؟ بە واتایەکی دیکە، مادام دەزانین ئاگامەندی پێش ناسینی هەیە، ئایا ئەو ئاگامەندییە ناسراوە لەگەڵ ناسینەکەدا گۆڕانی بەسەردا نایەت؟ ئایا دەرکەوتن، وەکو بابەت لەبەردەم ئاگامەندییدا ئاگامەندی وەکو خۆی دەهێڵێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە: بوونی خۆ-ئاگایی بە جۆرێکە، کە بوونی خۆی لادەبێت بە پرسیار؛ واتە ناوەکییەکی ڕووتە و بەردەوام ئاماژە بۆ ناوەوەی خۆی دەکات. بوونی بەمشێوەیە پێناس دەکرێت: بوونێکە لە شیوازی بووندا، کە نییە و ئەو نەبوونەشە، کە هەیە. بوونی، کەوابوو، ڕادیکاڵانە بابەتگەریی لە خۆناگرێت. من ئەوەم، کە بۆ بوونم نابم بە بابەت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت من دەستەڵاتی خۆ جیاکردنەوەم نەبێت یان زانینم سنوردار بێت، بەڵکو لەبەر ئەو هۆکارەیە، کە بابەتگەرێتی پێویستی بە ڕەتدانەوەیەکی دیاریکراو هەیە: من خۆم دەکەم بەو بابەتەی، کە من نییە. هەمانکات من خۆم دەکەم بەوەی دەمەوێت. من لە هەموو شوێنێکدا دوای خۆم دەکەوم، ناتوانم لە خۆم ڕابکەم و خۆم لەپشتەوە دەناسمەوە. تەنانەت ئەگەر خۆشم بکەم بە بابەت من دەبم بە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە و ئەو کەسەی لە ناوەوە تەماشای بابەتەکەش دەکات. هیگڵ لەوێدا، کە دەڵێت بوونی کەسانی دیکە بۆ بەبابەتکردنی بوونم پێویستە ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو خۆ-ئاگایی بە دەستەواژەی (من منم) دەردەبڕێ، نەیتوانیوە ئاکامی دەربڕینەکەی هەڵەنجێنێت. ئەو جۆرە

بابەتێکی لەنێو ئاگامەندییدا دەستیشـــان کردوە، کە بەبێ گۆڕان لەلایەن کەسانی دیکـــەوە بتوانێت خۆی بگۆڕێت. بەڵام بۆ ئەوەی ببم بەو بابەتەی، کە بە تەواوی من-نییە، ئەوا فاکتۆری بوون بەبابەت بۆ ئاگامەندی بەو شێوەیەی بۆ کەســـانی دیکــە دەردەکەوێت، گۆڕانکاری بەســـەر ئاگامەندییدا دەهێنێت. من بە ئاســـانی دەتوانم بیر لە ئاگامەندی کەسێکی دیکە بکەمەوە. لەبەر ئەمە بەو شیوەیەی بۆ من دەردەکەوێت خۆی نیشان دەدات و دەبێت بەوەی بۆ من لەنێو کاتی جیهانیدا دەبێـــت بە دیاردە و لەنێو کاتـــی بوونی خۆیدا دەرناکەوێـــت. تەنیا ئاگامەندی منـــە لەنێو کاتی خۆیدا بۆ من خـــۆی دەردەخات. ئەمەش بە وازهێنان لە هەموو شتێکـــی دەرەکی دێتەکایەوە. بەکورتی، بوون-بۆ-خۆ، وەکو بوون-بۆ-خۆ لەلایەن کەســـێکی دیکەوە ناناســـرێت. ئەو بابەتەی ناوی کەســـێکی دیکەیە و لەبەردەم مندایە لـــە فۆرمێکی دیکەدا بۆ من دەرەکەوێت. بەو شێوەیەی کەســـێکی دیکە بـــۆ من دەردەکەوێت بوونێکی-بۆ-خۆ نییـــە؛ هەروەها منیش بەو شێوەیەی خۆم دەناســـم بۆ کەســـێکی دیکە دەرناکەوم. من ناتوانم بەو شێوەیە خۆم بناسم، کە کەســـێکی دیکە دەمناسێت. کەســـێکی دیکەش بەو شێوەیەی من دەیناسم خۆی ناناســـێت. کەوابوو، چۆن بتوانین چەمکێکی هەمەکی بۆ خۆ-ئاگایی دروستبکەین ئاگاماندی من بۆ بوونم و زانینم لە بارەی کەســـانی دیکەوە و بوونی خۆم لەنێو خۆیدا کۆبکاتەوە؟ هێشتا ئەمەش هەموو شتێک نییە.

به دیدی هیگڵ، کەســـێکی دیکە بابەتە و منیش دەبم بە بابەت بۆ ئەو. بەڵام یەکێـــک لەمانە دەبێت بە ڕوخێنەری لایەنەکەی دیکە. بۆ ئەوەی من بتوانم خۆم وەکو بابەت بۆ کەسێکی دیکە دەربخەم، پێویستە کەسەکەی دیکە بە ئاگامەندی دابنێم؟ واتە لایەنێکی ناوەکی. بەڵام تاکو ئەو ڕادەیەی کەسەکە بابەتە لەبەردەم منـــدا بەبابەت بوونی من بۆ ئەو لای من ئاشکـــرا نابێت. بێگومان من لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ویستەکانەوە بـــە بابەت بوونی خۆمم لادەردەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسەکەش بابەتە، ئەوا کەسانی دیکە-وەکو-ئاوێنە بۆ من گەردەدەگرێت و هیچ وێنەیەکم نیشانادات. کردەوە و ویستەکانیش لەنێو جیهاندان و لەنێو کاتی جیهاندا دەدۆزرێنەوە؛ واتاکانیشیان بۆ من دەبن بە بابەت. لەبەر ئەمە من، وەکو خەســـڵەتێکی بەرز بۆ خۆم دەردەکەوم، کە ویست و کردەوەکانی کەسانی دیکە ئامـــاژەی بۆ دەکەن. هەروەها بابەت بوونی کەســـانی دیکە بابەت بوونی من بۆ ئەوان لەناودەبات. لەم حاڵەتەدا خۆم، وەکو (خۆ)یەکی ناوەکی دەناســـم، کە ئەو ویست و کردەوانە ڕووی تێدەکەن. ئەم تێگەیشتنەم لە بوونی خۆم پەیوەندی بە ئاگامەنـــدی ڕووتەوە نەک زانینەوە هەیە. من خۆ ئاگاییم و لە خۆمەوە دەردەچم و کەســـانی دیکـــە دەبینم پەنجە بۆ من ڕادەکێشـــن. لێـــرەدا ڕووناکبینی هیگڵ لەناودەچێـــت: هیچ پێوەرێکی هاوبەش لەنێوان کەســـەکەی دیکە، وەکو بابەت و

منیش، وەکو خۆ یان لەنێوان خۆ-ئاگایی و ئاگایی لە کەســـەکەی دیکە نامێنێت. من خۆم لەلای کەســـەکەی دیکە ناناســـم، ئەگەر ئەو بۆ من بابەت بێت؛ بوونی ڕاســـتەقینەی ئەویش، وەکو خۆ نادۆزمەوە. هیچ زانینێکی هەمەکی لە پەیوەندی نێوان ئاگامەندییەکان دەرنایەت. ئێمە ئەمە ناودەنێین دابڕانی ئۆنتۆلۆجییانە.

بـــەڵام لای هیـــگڵ گەشبینییەکی دیکەی گرنگ و بنەڕەتـــی هەیە. دەشێ بە گەشبینی ئۆنتۆلۆجییانە دابنرێت. بۆ هیگڵ ڕاستی هەمووگەرییە. خۆی لە شوێنێکدا دادەنێت، کە ئەو ڕاســـتییە یان (هەموو) بناســـێت و لەوێـــوە دەڕوانێتە گرفتی کەسانی دی. کەوابوو، کاتێک مۆنیزمی هیگڵی پەیوەندی ئاگامەندی ڕەچاودەکات، خۆی ناخاتە نێو هیچ ئاگامەندییەکی هەندەکی[تاکە کەســـەوە]. لەوێدا، کە هیگڵ لەبـــارەی هەموو ئاگامەندییەکەوە دەنوســـێت، مادامەکـــی ئاگامەندیش خاوەنی ناســـنامەیە و خۆیەتی، ئەوا ئەوی دیکە نییە. ئەو خـــۆی لەنێو هەمووەکەدا لە دەرەوەی ئاگامەندی ڕادەگرێت و بەچاوێکی ڕەهاییەوە تەماشایان دەکات. ئاگایی تاکەکەسەکان ســـاتن لەنێو هەمووەکەدا، کە سەربەخۆ ناتوانن ڕاوەستن. لێرەدا گەشبینییەکی ئۆنتۆلۆجییانە بەرانبـــەر گەشبینییەکی ئەپستمۆلۆجییانە هاتۆتە پێـــش؛ پێویستە فرەلایەنی ڕەتبکەین و خۆمان بـــە هەموو بگەیەنین. بەڵام ئەو خاڵەی هیگڵ لەبیری چووە باسیبکات ئاگامەندی خۆیەتی؛ ئەو خۆی بە هەمووەکە دادەنێت، دواجاریش ئەگەر بەم ئاسانییە چارەی گرفتی ئاگامەندی تاکەکەسەکان بکات لەبەر ئەوەیە، کە لە سەرەتاوە لە پەیوەندییەکەدا هیچ گرفتێکی نەبینیوە. لە ڕاســـتیدا پرسیار لەبارەی پەیوەندی ئاگامەندی خۆی و کەسانی دیکە ناکات. لەگەڵ دابڕانی خۆیدا بە ئاســـانی لە پەیوەندی نێوان ئاگامەندی کەســـانی دیکە دەدوێـــت، بۆ نموونە لە پەیوەندی نێـــوان ئاگامەندییەکان دەکۆڵێتەوە، کە بوون بـــە بابەت بۆ ئـــەو، هەمانکات جۆرێکن لە بابەت، کـــە دەتوانین بە خۆ و بابەت دایـــان بنێین. ئەم ئاگامەندییانە، لە ڕوانگـــەی هەمووگەرایەتییەکەوە، کە هیگڵ پەیڕەوی دەکات، هەرچەندە لە یەکدی پچڕاون و بە یەکێک لە خەســـڵەتەکانیان جیادەکرێنەوە، یەکسانن. ئەگەر هیگڵ خۆی لەبیرچووبێت، ئێمە ئەو لەبیرناکەین. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە بۆ کۆجیتۆ دەگەڕێینەوە. لەڕاستیدا، ئەگەر، بەو جۆرەی لەپێشتر سەلماندنمان، بوونی ئاگامەندی من بۆ زانین کەم نەکرێتەوە، ئـــەوا ناتوانم بوونی خۆم ڕەتکەم و بـــە پەیوەندییەکی هەمەکی بگەم، کە تیایدا بوونی خۆم و کەسانی دیکە یەکسان و بەرانبەر دەبینم.

بەپێچەوانـــەی ئەمەوە، من دەبێت لەنێو بوونی خۆمدا ڕاوەســـتم و لە بوونی خۆمەوە بڕوانمە گرفتی بوونی کەســـانی دیکە. خاڵی دەرچوون دەبێت بە لایەنی ناوەوەی کۆجیتۆ. مەبەســـتیش لەم خاڵە ئەوەیە، کە هەریەکێک لە ئێمە دەبێت بتوانێـــت لە ناخی خۆیەوە ڕوو لـــە دەرەوە بکات و کەســـانی دیکە بدۆزێتەوە.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە چەندەکی ئاگامەندییەکان ڕەتناکرێت. من دەتوانم لە ناخی خۆمەوە دەرچم و بە هەموو بگەم. بەڵام مەحاڵە خۆم لەنێو هەمووەکەدا دامەزرێنم تاکو بیر لە بوونی خۆم و کەسانی دیکە بکەمەوە. هیچ گەشبینییەکی لۆجیکانە و ئەپستمۆلۆجییانە فرەجۆری ئاگامەندی تاکەکەسەکان ناشارێتەوە. ئەگەر هیگڵ لەو باوەڕەدابێت ئێمە دەتوانین ئەمکارە بکەین، لەبەر ئەوەیە، کە ئەو لە واتای ڕەهەندی هەندەکی خۆ-ئاگایی تێنەگەیشتوە. کاری ئۆنتۆلۆجی دامەزراندنی ئەو خاڵەیە نەک ڕەتکردنی. دەگونجێت، بەو شێوەیەی لە دواییدا باسیدەکەین، خۆگەرایەتی ڕەتبدەینەوە و بیسەلمێنین، کە بوونی کەسانی دیکە دیار و ئاشکرایە. لەگەڵ سەلماندنی بوونی کەسانی دیکەشدا و بەستنەوەی بە کۆجیتۆوە؛ بۆ نموونە بە بوونی منەوە هێشتا مەحاڵە ئەو بوونە ڕەتبکەین و بە مۆنادێکی گشتگر بگەین. مادامەکی ئاگامەندی هەیە جیابوونەوە و ناکۆکییەکەش بەردەوام دەمێنێتەوە.

ئەم ڕەخنەیە چ دەستکەوتێکی بۆ ئێمە هەیە؟ بە سادەیی ئەمەیە: ئەگەر خۆگەرایەتی ڕەتبدەینەوە، ئەوا پەیوەندییە بنەڕەتییەکەی من لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبێت بە پەیوەندی بوون لەگەڵ بوونێکی دیکەدا، نەک زانین لەگەڵ زانیندا.

ئێمە سەرنەکەوتنی هوسرلمان بینی، کە بوونی بە زانین دەپێوا و هەروەها هیگڵیش لەو خاڵەدا، کە بوون و زانینی بەیەک شت دانا. بەڵام ئەوەشمان ڕوونکردەوە، کە هەرچەندە هیگڵ پەنای بۆ ئایدیالیزمی ڕەها بردووە توانیویەتی گرفتەکە بخاتە سەر زەمینەیەکی دروست.

لە (بوون و کات)دا هایدیگەر سودی لەبیریارانی پێش خۆی وەرگرتوە و دوو خاڵی پێویست سەرنجتان ڕاکێشاوە: **یەکەم**، پەیوەندی نێوان ڕاستەقینە مرۆڤایەتییەکان دەبێت پەیوەندی بوون بێت. **دووەم**، ئەم پەیوەندییە ببێتە پشتبەستنی ڕاستەقینە مرۆڤایەتییەکان بەیەکدییەوە. بیردۆزەکەی بەلای کەمەوە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو خاڵەدا بکات. لە هەڵوێستە شپرزەکەیدا و پچڕانی گرێکانی (گۆردیان) نەک بەستنەوەیان، وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیەی سەبارەت پێناسەکردن داوەتەوە. ئەو هەندێک ساتی پێکەوە گرێدراوی دۆزیوەتەوە و بوون-لەنێو-جیهاندا، کە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییانەیە خەسڵەتدار دەکات. ئەم ساتانە ئەمانەن (جیهان)، (لەنێو) هەروەها (بوون)ە. ئەو جیهان، وەکو (ئەو شتەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەیناسێ)؛ لەنێو تێگەیشتن و براوە دادەنێت. بەڵام هێشتا دەبێت لە واتای بوون تێبگەین؛ ئەو شێوازەیە، کە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەخاتە نێو جیهانەوە. بۆ هایدیگەر، بوون بوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا؛ بوونە-

لەگەڵ. کەوابوو، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی خەسڵەتی بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە. ئەمەش بە ڕێکەوت ڕوونادات، من لەپێشدا پەیدا نابم تاکو لە دواییدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا بم. لێرەدا پرسیارکردنەکە لەبارەی بونیادی بوونی منەوەیە. بەڵام ئەم بونیادە لە دەرەوە دروستنەکراوە و پەیوەندی بە (هەموو)ەوە نییە بەو جۆرەی هیگڵ ئاماژەی بۆ کردوە. بە دڵنیاییشەوە، هایدیگەر لە کۆجیتۆوە دەستپێناکات و دێکارتییانە تەماشای ئاگامەندی ناکات. ئەو ڕاستەقینە مرۆڤایەتییەی باسیدەکات و دەیەوێت بونیادێکی بۆ دامەزرێنێت زادەی بیری ئەوە. ئەو دەنوسێت، (دازاین منم.) من لەگەڵ تێگەیشتنە پێش-ئۆنتۆلۆجییەکەم لە بوونی خۆم بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، وەکو خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوونم دەدۆزمەوە. وەکو چۆن بوون-لەنێو-جیهاندا دەبێت بە پێوەری ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، لە پەیوەندی بەرزێتیمدا بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبێت بە پێکهاتەی بوونم. لێرەوە، گرفتی کەسانی دیکە دەبێت بە ساختە. کەسێکی دیکە ئەوە نییە، کە من لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەبمەوە و نەتوانم خۆمی لێڕزگار بکەم چونکە من پێش ڕووبەڕووبوونەوەکە هەبووم. کەسانی دیکە ئەو لایەنە سنوردارەیە، کە بوونی من پێکدەهێنێن. کەسانی دیکە بوونی من دەخەنە نێو تاقیکردنەوەوە؛ من فڕێدەدەنە دەرەوەی بوونی خۆم و لەنێو بونیادێکدا توندم دەکەن، کە دەبێت بە پێناسەی بوونم و هاوکات من لێی ڕادەکەم. ئەم تاقیکردنەوەیە بوونی کەسانی دیکە بۆ من دەردەخات.

با ئەو جۆرە پەیوەندییە گۆڕاوەش لەگەڵ کەسانی دیکەدا ببینن. لەگەڵ ڕیالیزم، ئایدیالیزم، هوسرڵ و هیگڵدا پەیوەندی نێوان ئاگامەندییەکان (بوون-بۆ) بوون؛ کەسانی دیکە بەو شێوەیە دەرکەوتن یان تەنانەت بوونی منیشیان پێکدەهێنا، کە من بۆ ئەوان و ئەوانیش بوونیان بۆ من بوو. گرفتەکە لەسەر بڕواکردن بە یەکدی ڕاگیرا بوو، بەتایبەتی لەو کاتەدا ئاگامەندییەکان بەرانبەر یەکدی بەرەنگارانە ڕادەوەستان. بوون-لەگەڵ واتایەکی جیاوازتری هەیە. (لەگەڵ) ئاماژە بۆ پەیوەندی دژوەستان و بەرەنگاری ناکات. بەڵکو واتای هاوکارییەکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ دەست بەسەراگرتنی جیهان دەبەخشێت. کەسانی دیکە، وەکو بوونێک لەنێو کەلوپەلەکاندا خۆی دەرناخات. کەسێکی دیکە بابەت نییە. لە پەیوەندییەکەیدا بە منەوە هەمیشە، وەکو ڕاستەقینەیەکی مرۆڤانە دەمێنێتەوە. بوونی ئەو، کە بوونی من سنوردار دەکات، بوونە لەنێو جیهاندا. ئێمە دەزانین (لەنێو) واتای (جێنیشین) بوونی هەیە. بوون لەنێو جیهان واتە، وەکو دێوەزمە لەنێو جیهاندا بیت. لە ڕێگەی بوون لەنێو جیهانی منیشەوە کەسانی دیکە بوونی من سنوردار دەکەن.

پەیوەندییەکەی نێوانمان بەرەنگاری نییە، بەڵکو پشتبەستنە بە یەکدی. مادامەکی من جیهان، وەکو کەلوپەلی بەردەست بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانم

بەکار دەهێنم ئەوا بوونی خۆشم بەو بوونە سنوردار دەکەم، کە ئەویش جیهان بەو کەلوپەلە دادەنێت و بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی بەکاریان دەهێنێت. بون-لەگەڵ پەیوەندییەکی بەستراوی لەچالاکی بەدەر نییە. بۆ هایدیگەر، بوون ئەگەری خۆی هەیە؛ واتە هەموو کەسێک دەبێت خۆی دروستبکات. لەبەر ئەمە خۆ-دروستکردن شێوازێکی بوونە. ئەوەش دروستە بڵێین من بەرانبەر کەسانی دیکە لێپرسراوم چونکە من هەست بە بوونی ئەو دەکەم، گرنگیش نییە بوونێکی ڕەسەن یان ناڕەسەنم هەبێت. من لە تێگەیشتنم بۆ بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا سەربەستم؛ بۆ نموونە بوونم لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە (ئەوان) دادەنێم. ئەگەر پرسیارم لێبکەن چۆن بوونم لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبێت بە بوون بۆ خۆم، لە وەڵامدا دەڵێم لە ڕێگەی جیهانەوە من دەبم بەوەی هەم. بەتایبەتی لەو حاڵەتەدا، کە من کەسێکی ناڕەسەنم و (ئەوان)م، جیهان، وەکو ڕاستەقینەیەکی نا-کەسانەی ئەگەرە ناڕەسەنەکان و کەلو پەل و ژیانی ڕۆژانە بۆ من، کە کەسێکم، وەکو (ئەوان)،خۆی دەردەخات. جل و بەرگی ئامادەکراو، وەسیلە گشتیەکانی هاتووچۆ، باخچەکان، شوێنە گشتییەکان، کە هەموو کەسێک سودیان لێوەردەگرێت بەکاردەهێنم. لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەلوپەلەکانەوە خۆم دەکەم بە یەکێک لە ئەوان. بوونی ناڕەسەنم، تاکو ئەو کاتەی ڕەسەنیەتی خۆم نەدۆزیوەتەوە، بوونم لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەو جۆرە دەرناخات، کە لە کەسایەتییەکی تایبەتمەند لەگەڵ کەسایەتیەکی تایبەتمەندی دیکەدا هەیەتی. پەیوەندییەکە یەکسان و بەرانبەر نییە، کە تاکەکان تیایدا جێگیریان نەبێت، بەڵکو پەیوەندییەکە ئاڵۆگۆڕ تیایدا ئاسانە. من دژی بەرانبەرەکەم ڕاناوەستم لەبەرئەوەی لە پەیوەندییەکەدا من خۆم نیم؛ بەپێچەوانەوە ئێمە لەنێو (ئەوان)دا بووین بە یەک و یەکێتییەکی کۆمەڵایەتیمان هەیە. ڕاوەستان بەرانبەر کەسانی دیکە بۆ دۆزینەوەی (خۆ) بە ڕەسەن بوونی بوون دەست دەکەوێت. من دەبم بە بوونێکی ڕەسەن، ئەگەر ویژدانم بانگمکات و تەنانەت بڕیار لەسەر مردنیش بۆ مسۆگەرکردنی بوونە ڕەسەنەکەم دەدەم. لەم ساتەدا بوونی ڕەسەنم خۆی دەردەخات و بوونی کەسانی دیکەش لەم بوونە ڕەسەنەوە بەجۆرێکی دیکە دەبینم.

ئەو وێنە ئەندێشاوییەی نوێنەرایەتی پەیبردنی هایدیگەر دەکات بەرەنگاری نییە، بەڵکو پێکەوەبوونە. پەیوەندی بنەڕەتی کەسانی دیکە و ئاگامەندییم لە من و تۆدا نییە، هەموومانین. لای هایدیگەر بوون-لەگەڵ هەڵوێستێکی بەرانگاربوونەوە و خۆ جیاکردنەوەی تاکێک لەگەڵ تاکێکی دیکەدا نییە؛ هەروەها بە زانینیشەوە گرێنەدراوە. ژیانێکی بێ دەنگی تاکێکە لەنێو دەستەوتاقمەکەیدا، کە وەکو هاوتەراز بوونی سەوڵلێدان و جوڵەی کەشتیەک وایە. لەم پێکەوەژیانەوە تێگەیشتنی کتوپڕ لە بوونم بەرەو مردن دەمخاتە نێو تەنیاییەوە.

لێرەدا ئەوەمان دەستکەوتووە، کە بە دواییدا گەڕاوین. ئەویش ئەو بوونەیە، کە بوونی کەسانی دیکە لەنێو بوونیدا دەردەکەوێت. هێشتا بەم دەستکەوتەش ڕازی نین. **یەکەم**، بیردۆزەکەی هایدیگەر پێشنیاری دۆزینەوەی چارەسەرمان بۆ دەکات، بەڵام چارەسەرەکەی نەداوە. ئەگەر ئێمە بێ کێشە چەمکەکەی (بوون-لەگەڵ) وەرگرین و لە جێگەی (بوون-بۆ) دایبنێین دۆزینەوەی بناخەکەمان بۆ مسۆگەر ناکات.

بێگومان، ئێمە ڕووبەڕووی هەندێک حاڵەتی ئەزموونی دەبینەوە، بەتایبەتی ئەو حاڵەتەی ئەڵمانییەکان بەچەمکی (Stimmung)ی بۆ دادەنێن و ئێمە ناتوانین بۆ سەر زمانەکەی خۆمانی بگۆڕین. ئەم چەمکە پەیوەندی پێکەوەژیان نەک بەرەنگاری نێوان ئاگامەندی تاکەکان دیاریدەکات. پێویستە واتای ئەم پێکەوەژیانە ڕوونبکەینەوە. بۆچی دەبێت بەبناخەیەکی تایبەت بۆ بوونی ئێمە؟ بۆچی پەیوەندییەکی بنەڕتی نێوان ئێمە و کەسانی دیکەیە؟ بۆچی هایدیگەر لەم حاڵەتە ئەزموونی و ئۆنتۆکییەوە بوون-لەگەڵ دەکات بە بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا؟ ئەم پێکەوەژیانە چ شێوازێکی بوونی هەیە؟

ئایا ڕەتدانەوە، کەسانی دیکە دەکات بە کەسانی دیکە، وەکو شتێکی نا گرنگ دایدەنێت، دەهێڵینەوە؟ ئایا ئێمە بەرەو مۆنیزم ناڕۆین، ئەگەر بەتەواوی بیشارینەوە؟ ئەگەر بە بونیادێکی گرنگی نێوان من و کەسانی دیکەی دابنێین و لەناوی نەبەین، چ گۆڕانێکی بەسەردا بهێنین تاکو خسڵەتی بەرەنگاربوونەوەی لێدابماڵین؟ ئایا لێرەوە چۆن بە بوونی کەسانی دیکە بگەین، بەو شێوەیەی لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە کەسێک لەسەر شەقامەکە دەبینم پیاسەدەکات؟ بەدڵنیاییەوە، ئارەزووی ئەوەدەکەم خۆم لە دەرەوەی بوونمدا ببینم و سەربەستانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەگەرەکانمەوە ڕاستی بناسم. بەڵام ئەم شێوازە توشی کێشەمان دەکات.

لەپێش هەموو شتێکەوە، تێڕوانینە ئۆنتۆلۆجییەکە لەگەڵ بۆچوونی ڕووتکراوەی کانت لەسەر (خۆ) تێهەڵکێش دەکرێت. ئەگەر بڵێین ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی (ئەگەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی منیش بێت) بوون-لەگەڵ و لە بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەشدا بە سروشت (بوون-لەگەڵ)ە، ئەوا ئەم [خەسڵەتە]دەبێت بە تەواناییەکی بنەڕەتی و هەمەکی. ئەگەر ئەمەش بسەلمێنرێت ئێمە ناتوانین حاڵەتێکی کۆنکرێتی بوون-لەگەڵ باسبکەین. بە واتایەکی دیکە، پێکەوەژیان ئۆنتۆلۆجییانە، کە دەبێت بەبونیادی بوون لەنێو جیهاندا هەرگیز نابێت بە بناخەی پێکەوەژیانی ئۆنتۆکی بوون-لەگەڵ، وەکو هاوڕێیەتی من لەگەڵ پیرۆ یان پەیوەندی خۆشەویستی من لەگەڵ (ئانی)دا. پێویستە باسبکەین چۆن بوون-لەگەڵ-پیرۆ یان بوون-لەگەڵ-ئانی بونیادی پێکهاتنی بوونی منە. ئەمەش لەڕوانگەی بۆچوونەکەی هایدیگەرەوە

کارێکی مەحاڵە. بوونی کەسانی دیکە (لەگەڵ) ئەواندا لە ڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەوە ناتوانێت حوکم بەسەر حاڵەتێکی کۆنکرێتیدا بدات، بێجگەلەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەبەرانگەرییەکەیدا دەستەڵاتی نییە ببێت بەکەسانی دیکە، بۆ نموونە ببێت بە پیرۆ یان ئانی، پەیوەندی (بوون-لەگەڵ) بە هیچ شێوەیەک سودمان پێناگەیەنێت و چارەسەری سایکۆلۆجی و کێشەی بڕواکردن بە بوونی کەسانی دیکە ناکات. لێرەدا دوو نهۆمی نەناسراو لەگەڵ دوو گرفتدا دێنەپێش و پێویستە بە جیا چارەسەریان بکەین.

دەشێ بوترێت ئەمە لەو گرفتانەی هایدیگەر لە ڕەوتەکەیدا لە نهۆمێکی ئۆنتۆلۆجییانەوە بۆ نهۆمێکی ئۆنتۆکی یان دەرچوونی (بوون لەنێو جیهان)ەوە بەرەو پەیوەندییەکی تاکەکەسی و ئامێرەکان و بەرەو بوونی من لە ئاستی مردندا توشی بووە. مردنم یەکێکە لە ئەگەرەکان، کەڕوودەدات. مردنیشم (ئۆنتۆک)ییە، کە من لەبەرەو ڕووبوونەوەم لەگەڵ ئەم یان ئەو هەبووەدا بە ئەزمون دەناسم. بەڵام ئەم گرفتە دادەپۆشرێت چونکە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بوونی جیهان دەسەلمێنێت، کە هەڕەشەی مردنی تیادا شاراوەتەوە. باشتریشە بڵێین، ئەگەر جیهان هەبێت، دەبێت بەو شێوەیەی برینێک کاتییە و سارێژ دەبێت، ئەمیش بڕاوە بێت. بەڵام کێشەی دەرچوون لەنهۆمێکەوە بۆ نهۆمێکی دیکە لەگەڵ بوونی کەسانی دیکەدا زەقتر دەبێت. ئێمە دەڵێین ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بە دەرچوون لە خودی خۆیەوە بەرەو دەرەوە بوونی جیهان دەسەلمینێت. هەمان دەرچوون نابێت بە هۆکار بۆ بوونی کەسانی دیکە. بێگومان من ئەو بوونەم، کە لە ڕێگەی منەوە بوون هەیە. ئایا دەتوانم بڵێم، من ئەو بوونەم، کە لە ڕێگەی منەوە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بوونی کەسانی دیکە سەرهەڵدەدات؟ ئەگەر ئەمە وابێت ئەوا بوونی کەسانی دیکە دەبێت بە ڕاستییەکی سادە. ئەو کاتەی دەڵێم، من ئەو بوونەم، کە لە ڕێگەیەوە بوونی ئەم ڕاستەقینە مرۆڤایەتییە، کە من لەگەڵیا لەنێو-خۆمدام و لەنێو جیهانیشدا لەگەڵ خۆمدام؛ بناخەیەکی سەربەستی جیهانە. ئایا ئەمە چۆن جیهانی من پێکدەهێنێت؟ ئێمە ناتوانین ناسنامە بۆ جیهان لە (بوون-لەگەڵ) ەوە دروستبکەین. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ئەگەرەکانی خۆیەتی. من جیهان بە بڕاوە دادەنێم، بەڵام ناتوانم ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بکەم بە شتێکی کۆنکریتی لە کاتێکدا خودی ڕاستەقینەکە خاوەنی ئەگەرەکانی خۆی بێت. بوونم لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ڕوانگەی بوونی خۆمەوە ناسراوە؛ پێویستییەکە لە بوونی مندا. بە هیچ شێوەیەک بوونی کەسانی دیکە ناسەلمێنێت؛ تەنانەت پردێکیش لەنێوان من و کەسانی دیکەدا هەڵنابەستێت.

ئاشکراتر، پەیوەندی ئۆنتۆلۆجی من و کەسانی دیکەی نەناسراو، کە هەموو پەیوەندییەکی دیاریکراوم بە کەسانی دیکەوە پێناسدەکات، ناتوانێت پەیوەندییەکی

هەندەکی نێوان من و پیرۆ ئاســان بکات. بەپێچەوانەوە، لە ئەزمونەکاندا نابێتە هۆکاری ســەرهەڵدانی هیچ پەیوندییەکی کۆنکریتی نێوان من و کەســانی دیکە. ئەگەر پەیوەندییەکە لەپێشــتر درابێت ئــەوا ئەگەری هەموو پەیوەندییەکی من و کەســانی دیکە لەناودەبات. پەیوەندی ئەزمونی و تاکەکەسی دەبێت بە لایەنێکی ئەو نــەک حاڵەتێکی هەندەکی. لایەنی یاســا لەنێو دووجــۆر بارودۆخدا هەیە: ئەو یاســایە لە ئەزمونەکانەوە وەرگیراوە و دروســتکراوە، ئەمەش بەســەر ئەم کێشــەیەدا ساخنابێتەوە یان لەپێشتر دانراوە، وەکو چەمکەکان لای کانت دەبێت بــە بناخە بۆ پەیداکردنی یەکێتی نێوان ئەزمونەکان. لەڕاســتیدا، لەم حاڵەتەدا بوارەکانــی بەگوێرەی ئەزمونەکان تەســک دەبنەوە. من لەنێــو شتەکاندا تەنیا بە دوای ئەو خەســڵەتانەدا دەگەڕێم، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاســا لەپێشترەدا دەتوانین بیناســین. ئێستا بەســتنەوەی دوو بوون لەنێو جیهاندا بە یەکدییەوە لەســەر ئەزمونی من ڕاناوەســتێت و لە چوارچێوەی بوون-لەگەڵدا دەردەچێت. مادامەکی یاســا دەبێت بە پێکهاتەی بوونی هەموو فاکتۆرێکی ڕاستەقینەی دوور دەســتەڵاتی خۆی دەخاتە پەراوێزەوە. لەپێشتر بوونی (کات) بۆ هەستکردنم، من لەو کاتە (نۆمینە)یە دادەبڕێت، کە خەســڵەتی بوونی هەیــە. کەوابوو، (بوون-لەگەڵ)ێکی ئۆنتۆلۆجییانە و لەپێشــتر پەیوەندییە (ئۆنتیک)ەکانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی مەحــاڵ دەکات. بوون-لەگەڵ، وەکو بونیــادی ئۆنتۆلۆجی بوونم من دوورە پەرێز و تەنیا ڕادەگرێت.

هۆکاری ئەمەش لەوەدایە، کــە بەرزێتی لای هایدیگەر چەمکێکە لەنێو بڕوای خراپدا: دەیەوێت ئایدیالیزم ڕەتبکات. لەم کارەشدا سەرکەوتوە چونکە ئایدیایزم جەخت لەســەر ناوەوەی بوونی مرۆڤ دەکات و بە ئەندێشەوە گرێیدەدات. بەڵام ئــەم ئایدیالیزمــەی ڕەتکراوە زۆڵــە ئایدیالیزمە و جۆرێکە لە ســایکۆلۆجیزمی ئەزمونگەرانــەی ڕەخنەگرانە. بێگومان بۆ هایدیگەر ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی (لە دەرەوەی خۆیــدا دەژی) بــەڵام ئــەم دەرچوونە بووە بە پێناســە بۆ (خۆ). لە دەرچوون[ڕێژەن] لای ئەفلاتونیەتی نوێ، کە بوون لە دەرەوەی خۆیدا نامۆدەبێت یان لەتێڕامانی ماڵبرانیش لەسەر بوونی خوا ناچێت. هایدیگەر خۆی لە ئایدیالیزم ڕزگارنەکردووە. دەرچوونی لە (خۆ)وە و دامەزراندنی بونیادێکی لەپێشتر بۆ بوون لەهەوڵدانەکەی کانت بۆ دامەزراندنی بارودۆخی لەپێشتر بۆ ئەزمونەکان دەچێت. ئەوەی (خــۆ) لە دەرچوونەکەیدا و لە دەرەوە پێیدەگات (خۆ)یەتی. جیهانیش لە دوورەوە لەنێوان ئەم دوو (خۆ)یەدا دەبینرێت.

لە ئاکامدا، بێســودە لە نێو (بوون و کات)دا بەدوای ڕەتدانەوەی ئایدیالیزم و ڕیالیزم بگەڕێین. هەوڵدانی هایدیگەر بۆ هێنانە دەرەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەنــاوەوەی خۆیــەوە توشی ئەو کێشــەیەمان دەکات، کە لەگــەڵ ئایدیالیزمدا

سەرهەڵدەدات. دەردەکەوێت هایدیگەر خۆی لە دوورەپەرێزی پاراستوە و ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە دەرەوەدا داناوە. هەندێک جار چوونەدەرەوەکەشی بە چوونەدەرەوە لە خۆوە بەرەوخۆ و یان لەنێو کەسانی دیکەدا داناوە.

بەڵام دژوارە ئەم دوو ڕاڤەکردنە هاوتەراز بکەین. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە دەرچوونەکەشدا تەنیایە. لێرەدا چەند خاڵیکی نوێ لە تێگەیشتنەکەمان لە هایدیگەر وەدەست دەهێنین: ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بە تەنیا دەمێنیتەوە چونکە بوونی کەسانی دیکە هەڵکەوتە و ڕاستییەکیشە وازلێنەهێنراو. ئێمە ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبینەوە و لەپێکهێنانی بوونی ئەواندا بەشداری ناکەین. ئەگەر ئەو ڕاستییە پێویستییەکی ئۆنتۆلۆجییانەش بێت هێشتا نابێت بە ئەگەری ئەزمونەکانمان. ئەگەر بوونی کەسانی دیکە پێویستی بێت، ئەوا پێویستییەکی هەڵکەوتووە، وەکو ئەو فاکتۆرە پێویستانەیە بەسەر کۆجیتۆدا سەپێنراون. ئەگەر بوونی کەسانی دیکە بە ئێمە درابێت، ئەوا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەستکردن بەو بوونەوە دەناسرێت و بەو شێوەیەی کۆجیتۆ هەموو فاکتۆرەکانی دەخاتە نێو بیرکردنەوەوە فاکتۆری بەرەنگاریش خۆی قووتدەکاتەوە.

ئەم توێژینەوە درێژە بیهودە نییە، ئەگەر ئێمە بتوانین بارودۆخی پێویست بۆ بیردۆزەیەک لەسەر بوونی کەسانی دیکە دابمەزرێنین. یەکەم، بیردۆزەیەک بەمجۆرە بەڵگەمان بۆ سەلماندنی بوونی کەسانی دیکە ناداتێ و لەخۆگەرایەتیش چاکتر نابێت. ڕەتدانەوەی خۆگەرایەتی مەحاڵە چونکە هیچ کەسێک بەتەواوی خۆگەر نییە. بوونی کەسانی دیکە بەردەوام لەنێو گوماندایە، بەلای کەمەوە بە وشە ئەمە دەردەبڕێت. من دەتوانم بنوسم (گومان لە بوونم دەکەم.) بەکورتییەکەی، بوونی کەسانی دیکە ئەگەر نییە. ئەگەرەکان پەیوەندییان بە بابەتەکانی نێو ئەزمونمانەوە هەیە، کە کاردەکەنە سەر شتەکانی دیکە. ئەگەرەکان دەکەونە سەر سەلماندن و نەسەلماندنی بوونیان. مادام کەسانی دیکە لە دەرەوەی ئەزمونی مندان، ئەگەری ئەو بوونە، وەکو (خۆ)یەکی دیکە نە دەسەلمێنرێت نە بوونیشی ڕەتدەدرێتەوە و ناپێورێت. کەوابوو، بوونی ئەگەرایەتی خۆی وندەکات و دەبێت بە بیرۆکەیەکی نێو ئەندێشە. بەهەمانشێوە، میم لالاند دەڵێت، ڕاستی و ناڕاستی بیرۆکەی بوونی مرۆڤ لەسەر مەریخ ناسەلمێنرێت چونکە هیچ بیردۆزەیەکی زانستیمان بەدەستەوە نییە ئەم گریمانەیەی پێتاقیبکەینەوە. ئەگەر کەسانی دیکە ڕاستەوخۆ بۆ من ئامادە نەبن، بوونی ئەوانیش وەکو بوونی من ئاشکرا نەبێت، هەموو بیرۆکەکانم لەبارەی ئەوانەوە بێ واتا دەردەکەون. ئەگەر هیچ بیرۆکەیەکم نەبێت ئەوا من دان بە بوونیدا دەنێم. بیردۆزە لەسەر بوونی کەسانی دیکە، دەبێت پرسیار لە من لەناو بوونی مندا بکات؛ پێویستە واتای ئەو سەلماندنە ڕوونبکاتەوە و زەمینەی دڵنیایی بدۆزێتەوە. دێکارت نەیتوانیوە بوونی کەسانی دیکە بسەلمێنێت.

لەڕاســـتیدا، من هەمیشە زانیومە من هەم، هەرگیز وازم لە کۆجیتۆ نەهێناوە. هەروەها، خۆدوورخستنەوەم لە خۆگەرایەتی ئەوە دەگەیەنێت، کە من هەمیشـــە هەســـتم بە بوونی کەســـانی دیکە کردووە. ئەم هەستکردنە تێگەشتنێکی (پێش-ئۆنتۆلۆجییانە)یـــە، کە چاکتر لە هەموو بیردۆزەکان بوونی من و کەســـانی دیکە نیشـــاندەدات. ئەگەر بوونی کەسانی دیکە چەمکێکی بێ ناوەڕۆک و بیرۆکەیەکی ئەندێشـــەیی نەبێت لەبەرئەوەیە، کـــە کۆجیتۆیەک هەیە بایەخ بەو بوونە دەدات. ئێمەش پێویستە باســـی ئەم کۆجیتۆیە بکەین، خەســـڵەت و بوار و یاســـاکانی ڕوونبکەینەوە.

دووەم، لەلایەکی دیکەوە، سەرنەکەوتنی هیگڵ دەریدەخات، کە کۆجیتۆکەی دێکارت تەنیا ســـەرەتایە بۆ گەشتەکەمان. کۆجیتۆ بوونی ئێمە و کەسانی دیکە لەسەر فاکتۆرێکی پێویست ڕادەگرێت.

پاش وردبوونەوە و ســـەرنجدانێکی دیکە، کۆجیتۆ مـــن فرێدەداتە دەرەوە و لەبەردەم کەســـانی دیکـــە دامدەنێت. بەوجۆرەیە، کە مـــن فرێدەداتە نێو بوون-لەنێو-خۆوە. ئەمەش لە ڕێگەی ناســـینەوەی بونیادێکی لەپێشـــتر بۆ بوونم نییە تاکو ببێت بە بوونیاد بۆ بوونی کەســـانی دیکە. بەڵکو ، وەکو شتێکی کۆنکرێتی و هەندەکی و لەگومان بەدەر بە دەرخستنی بوونی کەســـانی دیکەیە. دەبێت داوا لە بوون-بۆ-خۆ بکەین بوون-بۆ-ئەوان بخاتە ڕوو. پێویستە لە ناخمدا ئەو ڕاستییە بناسم، کە کەسانی دیکە نەک تەنیا هەن بەڵکو ئەوانیش من نین.

ســـێیەم، نابێت کۆجیتۆ کەسانی دیکە، وەکو بابەت بۆ ئێمە دەربخات. بابەت بەوە دادەنرێت، کە گونجاوە. ئەگەر کەسانی دیکە بۆ من بابەت بن ئەوا دەبن بە شتێکی گونجاو. بەڵام گونجاندن لەسەر بیرۆکەکانی ئێمە بۆ شتە هەڵکەوتوەکانە. بوونی کەسانی دیکە بیرۆکە، ســـیستەمی بیرۆکەکان یان یەکێتییەکی پێویستی بیرۆکەکان نییە. لەبەر ئەمـــە نابن بە گونجاو یان بابەت. کەوابوو، ئەگەر بوونی کەسانی دیکە بوونێک بێت بۆ ئێمە ئەوا نە دەبێت بە پێکهاتەی زانینمان لەبارەی جیهانـــەوە نە زانیـــن لەبارەی خودی خۆمانەوە. بەڵکو بـــەو شتە دەردەکەوێت، کـــە ئـــارەزووی لە بوونمانە، نەک ئەو شتەی لەپێشـــتر لـــە پێکهێنانی بوونمان بەشـــداری دەکات چونکە بەشـــداری کردنەکەی (ئۆنتیـــک)ە و ئەزمونگەرانەیە و لەسەر بارودۆخەکان ڕادەوەستێت.

چوارەم، ئەگەر ئێمە پەیڕەوی دێکارت بکەین. بەو شێوەیەی باســـی (خوا)ی کردوە، ئێمەش لە بوونی کەسانی دیکە بدوێین و بیر لەو بەڵگەیە بکەینەوە، کە پەیوەندی بە تەواوکۆیی ئەو بوونەوە هەیە، ئەوا ناچاردەبین جۆرە ڕەتدانەوەیەک لـــە بوونی ئەواندا باســـنەکەین، کـــە بەڕەتدانـــەوەی دەرەکـــی ناوزەدمانکرد.

بەگوێرەی کۆجیتۆکەمان کەسانی دیکە من نین. ئەم ڕەتدانەوەیە بە دووجۆر لێکدەدرێتەوە:

ڕەتدانەوەیەکی ڕووت و دەرەکییە و بوونی کەسانی دیکە و من، وەکو دوو جەوهەر لەیەکدی جیادەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا ئێمە ناتوانین لە بوونی کەسانی دیکە تێبگەین؛ یان ڕەتدانەوەکە ناوەکییە. ئەمەش تێهەڵکێشکردنی ناوەوەی هەردوو لایەنەکە دیاریدەکات. هەریەکێک لە لایەنەکان خۆی لەگەڵ ڕەتدانەوەی لایەنەکەی دیکە پێکدەهێنێت.

ئەم پەیوەندییە، کەوابوو، بەرانبەرڕوەستان و ناوەکییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زۆری ئەوان کەڵەکەکردن نییە و هەمووگەرایەتییە (لەم ڕووەوە هیگڵ دروست بۆ کێشەکە چووە). هەر تاکێک لەنێو تاکێکی دیکەدا خۆی دەبینێت. هەمانکات هەمووگەرایەتییەکە ڕێگە بە ئێمە نادات تێڕوانینێکی هەمووگەرانەمان هەبێت.

ئێمە باسمانکرد هیچ چەمکێکی ڕووتکراوەی ئاگامەندی لە ئاکامی بەراوردکردنی بوونم-بۆ-خۆم و بوونم وەکو بابەت بۆ کەسانی دیکە دروستنابێت. ئەم هەمووگەرایەتییە، وەکو بوون-بۆ-خۆ هەمووگەرایەتییەکی ناهەمووە چونکە بوون-بۆ-ئەوان ڕەتدانەوەیەکی ڕادیکالانەی بوونی ئەوانە، هەمووگەرایەتی لە بوونی ئەواندا کارێکی مەحاڵە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕونکردنانەوە ڕەخنە لە پرسیارکردن سەبارەت بوونی کەسانی دیکە دەگرین.

دال . تەماشاکردن

ئەو ژنەی بەرەو ڕووی من دێت، ئەو پیاوەی لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە، دەنگی سواڵکەرەکەی ژێر پەنجەرەی ژوورەکە بۆ من بابەتن و گومانیان لێناکەم. کەوابوو، ڕاستە بڵێین یەکێک لە شێوەی بوونی کەسانی دیکە دەبێت بە بابەت. ئەوەشمان زانی، کە ئەگەر ئەم پەیوەندییەی بە بابەت بوونە لەنێوان من و کەسانی دیکەدا بنەڕەتی بێت، ئەوا بوونی کەسانی دیکە دبێت بە شتێکی درکپێکراو؛ هەروەها گونجاویش لەوێدا، کە دەزانم دەنگی پیاوەکە گۆرانییەک نییە لە گرامەفۆنێکەوە بێتە دەرێ. ئەو پیاوەی دەیبینم لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە ڕۆبۆت نییە و مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە. ئەم درککردنەم بوونی کەسانی دیکە وەکو ئامادەبوونی کەسەکان دەردەخات. ئەگەر کەسانی دیکە بابەتێکی گونجاو بێت نەک بابەتی نێو خەون، ئەوا بە بابەت بوونی ئەوان پێویستە ئاماژە بۆ تەنیاییەک لەودیو دەستەڵاتی منەوە نەکات؛ بەڵکو ئاماژە بۆ لایەنێکی کەسانی دیکە بکات، کە بەگوێرەی زانینەکەم لەبارەی ئەوانەوە خۆیان نیشان دەدەن. بیردۆزە کلاسیکییەکان لەوێدا دروست بۆ کێشەکە چوون، کە دەڵێن هەموو مرۆڤێکی هەستپێکراو ئاماژە بۆ شتێک دەکات و

ئەو شتەش دەبێت بە بناخەی گونجاندنەکە. نا دروستی بیردۆزەکان لەوێدایە، کە لـــەو باوەڕەدان لەودیو ئاماژەکردنەکەوە ئاگامەندییەکی جیاواز، وەکو نۆمینەکەی کانــت ئەو شتە دەدۆزێتەوە. ئەم ئاگامەندییە هەبێت یان نەبێت ئەو دەموچاوەی مـــن دەیبینم ئاماژەی بۆ ناکات؛ دەموچاوەکە ئـــەو ئاگامەندییە نییە، کە دەبێت بە ڕاســـتی گونجاندنی بابەتە هەســـتپێکراوەکە. ئاماژەکردنەکە بۆ ئامادەبوونی کەســـانی دیکە، دوو شت پێکەوە ڕادەوەســـتێنێت ئەویش (پێکەوەبوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا). ئەمە لەو حاڵەتەشدا سەرهەڵدەدات ئەگەر بوونی کەسانی دیکە لەودیو زانینی منەوە بەتەواوی خۆی دەرنەخات و لە فۆرمێکدا بێت، کە نەتوانین باسی بکەین. واتە، کێشەی بوونی کەسانی دیکە بەگشتی و بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە پەیوەندییە بنەڕەتییەکەی کەسانی دیکە دیاریدەکات بوون بە بابەتکردنی کەسانی دیکەیە؛ کەسانی دیکە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ هاتونەتە نێو هەستکردنمانەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەســـتکردن بە ســـروشت ئامادە بۆ شتێک لە دەرەوەی خۆیـــدا دەکات، زنجیرەی نەبڕاوەی یەکجۆر دیـــاردە و بابەتێکیش نادۆزێتەوە لە دەرەوەی دەستەڵاتی مندا دانرابێت، ئەوا ناوەڕۆکی هەستکردن لە ئامادەکردنی بۆ پەیوەندییەکەی نێوان من و کەسانی دیکەدایە. لەم پەیوەندییەدا بوونی کەسانی دیکە ڕاســـتەوخۆ بە من دراوە و بە پەیوەندیەکەی لەگەڵ مندا گرێدراوە. ئەمەش بوون-بۆ-ئەوانە و پەیوەندییەکی بنەڕەتییە. لەســـەرو ئەمەشەوە، ئاماژەکردنەکە ئەزمونێکی سۆفیگەرانە نیی. لەنێوان ژیانی ڕۆژانەدایە، کە کەسانی دیکەی تیادا بـــۆ ئێمە دەردەکەون. بوونی گونجاوی ئەوان لەنێو ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدایە. ئەم کێشەیەش بەکورتییەکەی بەمجۆرەیە: لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیوەندییەکی بنەڕەتیمان بە کەســـانی دیکەوە هەیە، کە دەتوانین بەردەوام پەنجەیان بۆ ڕاکێشـــین و لە دەرەوەی شتـــە نەزانراوە ئایینیەکاندا دەدۆزرێنەوە. بۆ ئەوەی لەم خاڵە تێبگەین پرســـیاری زۆرتر لەبارەی دەرکەوتنی کەســـانی دیکە لەنێو هەســـتکردنەکانمدا دەکەم؛ مادام ئاماژەکردنەکە بە پەیوەندی بنەڕەتییەوە بەستراوە، ئەوا پێویستە پەیوەندییەکە بتوانێت ئەوەی دەمانەوێت بیناسین بۆ ئێمەی ئامادەبکات.

من لە باخی گشـــتیم. لە نزیک مـــن چیمەنێک و لە قەراخ چیمەنەکەش چەند کورســـییەک دانراون. پیاوێک بە لای کورســـییەکاندا تێدەپەڕێت. من ئەو پیاوە دەبینم؛ وەکو بابەتێک و هەمانکات دەیناســـم. ئایا ئەمە ئاماژە بۆ چی دەکات؟ گوتەکەم، ئەو بابەتە پیـــاوە، چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر ئەو بە بووکەشوشەیەک دابنێم، ئەوا پێویستە بەو کاتیگۆریانە باســـی بکەم، کە بۆ بابەتەکانی نێو شوێن و کـــات بەکاریان دەهێنم و دەڵێم نزیک کورســـییەکانە و دوو یارد و بیست ئینج

له چیمەنەکەوە دوورە و قورسایشی خستۆتە سەر زەوی و ...هتد. پەیوەندی بە بابەتەکانی دیکەوە زیادەیـــە؛ واتە دەتوانم لەوێدا لاییەرم بەبێ ئەوەی لابردنەکە کاربکاتە سەر شتەکانی دیکە و بیانگۆڕێت. پەیوەندییەکی نوێ لە ڕێگەی ئەوەوە لەنێـــو جیهاندا ڕوونادات. ناســینی ئەویش، وەکو پیاو نـــەک بابەت، لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندییە زیادەکە لەنێوان ئەو و کورســـییەکاندا ئاشکرا ناکات. هەموو شتەکان بەبێ دیاریکردنی دووری لەنێوانیاندا و لەنێو جیهانی مندا لە چواردەوری خۆی کۆدەکاتەوە. بەدڵنیاییەوە، دووری چیمەنەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام چیمەنەکە دەبێت بە شتێک بـــۆ ئەو. ئەمەش پەیوەندییەکە، دووری چیمەنەکە لـــە ئەوەوە، ڕەتدەکات و لەهەمانکاتدا دەشیهێڵێتەوە. ئێمە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییەکدا دەکەین، کە دابەش ناکرێت، ڕاستەوخۆ دراوە، لە ناوەوەدایە و لە شوێنێکدایە، کە شوێنی من نییە.

لێرەدا لە جێگەی کۆکردنەوەی شتەکان لە چواردەوری خۆمدا شتێک دەدۆزمەوە، کە لەدەســـت من ڕادەکات. بێگومان ئـــەم پەیوەندییەی دابەش ناکرێت و دووری هەڵناگرێت ئەوە نییە من دەمەوێت. **یەکەم**، پەیوەندییەکە بە مرۆڤ و شتەکانەوە بەستراوە. لەسەرو ئەمەشەوە هێشتا بابەتی زانینە؛ دەتوانم باسیبکەم، بۆ نموونە، دەڵێم، ئەو پیاوە چیمەنەکە دەبینێت یان هەرچەندە نوسراوە بەسەر چیمەنەکەدا مەڕۆ ئەو خەریکە بچێتە ســـەرچیمەنەکە. دواجاریش، بە گونجاوی دەمێنێتەوە: یەکەم، لەوێدا، کە ئەو بابەتە دەشێ پیاو بێت، شتێکی گونجاوە. دووەم، لەسەرو ئەو ڕاســـتییەشەوە، کە پیاوە، بینینی چیمەنەکە لەلایەن ئەوەوە، لەو کاتەدا من تەماشای دەکـــەم، گونجاوە. لەوانەشە ئەو کاتـــەی دەڕوانێتە چیمەنەکە بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە؛ یان نابینا بێت.

لەگـــەڵ ئەمەشـــدا، ئەم پەیوەندییە نوێیەی کەســـەکە، وەکـــو بابەت لەگەڵ چیمەنەکەدا، خەســـڵەتێکی تایبەتی هەیە؛ ڕاســـتەوخۆ (هەموو)ی بە من دراوە. بابەتێکـــە من لـــەو جیهانەدا دەیناســـم. (لە ڕاســـتیدا پەیوەندییەکی دەرەکییە و لەوەدەچێـــت، کە دەریدەبـــڕم و دەڵێم؛ پیرۆ ڕوانییە کـــات ژمێرەکە، ژین لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد...هتد). لەهەمانکاتیشـــدا لە من ڕادەکات. ئـــەو مرۆڤەی بووە بەبابـــەت و پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەگـــەڵ مندا هەیە و لە پەیوەندییەکەیدا ڕوو لە من دەکات، لەژێر دەستی من دەردەچێت. من ناتوانم خۆم لە ناوەڕاستی پەیوەندییەکەدا دابنێم. دووری نێوان بابەتەکانی نێو جیهانم وندەبن. من هەست بە ونبوونەکەیان ناکەم؛ بەڵکو لە نێو پەیوەندییەکەدا دەردەکەوێت و دەبێت بە بەستێنی شتەکان. بەستێنێک، کە لە من ڕادەکات و لە دەرەوەی بوونی شتەکانیشەوە بەســـەر شتەکاندا سەپێنراوە. لەم ڕووەوە لەناوچوونی بابەتەکانی ژیانم پەیوەندی بە سەرهەڵدانی کەسانی دیکە لەنێو جیهانەکەمدا هەیە.

کەسـانی دیکە هەڵهاتنی بەردەوامی شتەکانە بەرەو ئاکامێک، کە من دوور لە خـۆم بە بابەتی دادەنێم. ئەو چەند لـە دوورەوە خۆی کۆبکاتەوە ئەوەندەش لە دەسـت من ڕادەکات. لەناوچوونەکەش بەگوێرەی پلەکانی لە زیادبووندایە؛ ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەو کەسە و چیمەنەکە دووری نەبێت و دووری دروستبکات، ئەوا پەیوەندییەکی پێویستیش لەنێوان کەسـەکە و پەیکەری ناوەڕاستی چیمەنەکە و درەختەکانی ئەملاوئەولای ڕێگاکەش سەرهەڵدەدات. شوێن لە هەموو لایەکەوە لە چوادەوری ئەو کەسـەدا کۆدەبێتەوە. ئـەو شوێنە لەگەڵ شوێنی مندا پەیدابوە. جۆرە کۆبوونەوەیەک هەیە، کە منیش تیایدا بەشداری دەکەم و لە منیش ڕادەکات. کۆبوونەوەکە لێرەدا ناوەستێت. چیمەنەکەش ئەو گیا سەوزەیە خۆی بۆ کەسەکە دەردەخات و دەبێت بە بابەت بۆ ئەو. گیا سەوزەکە بەو شێوەیەی خۆی نیشانی ئەو دەدات لە دەسـت من ڕادەکات. من پەیوەندی کەسـەکە و گیاکە بە دەرەکی دەبینم، بەڵام ئەو سەوزاییەی کەسەکە هەستیپێدەکات من نایبینم. لێرەدا، کتوپڕ بابەتێـک دێتە پێش، کە لـە جیهانی من دزراوە. شتەکـان وەکو خۆیانن و بۆ مـن هەن، بـەڵام بە نهێنی ڕادەکـەن و دەبن بە بابەتێکی نـوێ. دەرکەوتنی کەسـانی دیکە لەنێو جیهاندا جیهان بەرەو پەرشوبڵاوی دەبات. ئەو سەنتراڵیەتە لەناودەبات، کە من دامهێناوە.

هێشـتا کەسـانی دیکە بۆ من بابەتن و پەیوەندییان بە دوورییەکانی منەوە هەیـە: پیاوەکە لەوێیە، بیست هەنگاو لە منەوە دوورە، ئێستا پشـتم تێدەکات. دوو یـارد و بیست ئینج لە چیمەنەکەوە و شـەش یارد لە پەیکەرەکەوە دوورە. هەڵوەشاندنەوەی جیهانی من لەنێو سـنورەکانی ئـەو جیهانەدا ڕوودیداوە. ئێمە لێرەدا باسـی لەناوچوونـی جیهان بەرەو نەمان ناکەیـن. بەڵکو لەوەدەچێت لە ناوەڕاسـتی جیهاندا چاڵێکی گەورە بەرەو ڕۆخانەی ژێرەوە هەبێت و شتەکانیش بـەردەوام دەکەونە ناوی. جیهان و چاڵەکە و بەرەو ڕۆخانەکەش بوون بە بابەت. هەموو ئەوانە، لای من هەرچەندە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن بەشن لە بونیادی جیهـان. لەوانەیە سـنوری هەڵوەشاندنەوەکە تەسـکتر ببێتـەوە. بۆ نموونە، پیاوێـک لەوێدا پیاسـەدەکات و دەخوێنێتەوە. ئەو پیـاوە گوێچکەی هەیە، کە نابیستێت و چاویشی هەیە، کە تەنیا پەرتووکەکە دەبینێت. پەیوەندی ئەو لەگەڵ پەرتووکەکەیـدا، وەکو پەیوەندی نێوان پیاوەکەی نێو چیمەنەکە و گیاکە نکۆڵی لێناکرێت و هیچ ناوەندێک نەکەوتۆتە نێوانیانەوە. بەڵام ئێستا بابەتێکی تەواو بۆ من خۆی دەردەخات. لە ناوەڕاستی جیهاندا بەو شێوەیەی (بەردێکی سارد) هەیە یان (بارانێکی چاک) دەبارێت، دەتوانم بڵێم، (پیاوەکەی دەخوێنێتەوە). هەموویەکی داخراوم لا ئاشکرا دەبێت، کە خوێندنەوە تیایدا دەبێت بە خەسڵەتێکی سەرەکی و لە ئاسـتی شتەکانی دیکەشدا ئەو کەسە کوێر و کەرە. خەسڵەتی (پیاوەکەی

دەخوێنێتەوە) پەیوەندی نێوان ئەو کەســـە و پەرتووکەکە دەردەخات و درزێکی بچوکیش دەخاتە نێو جیهانی منەوە. لەنێو ئەو فۆرمە ڕەق و بینراوەدا ئەو خۆی دەکـــات بە بۆشاییەکی دیاریکراو. فۆرمەکە بـــە ڕواڵەت گەورەیە، بەڵام واتاکەی لەنێو جیهانی مندا بیست هەنگاو دوور لە منەوە لەنێو ئەو تەنەدا سەرهەڵدەدات و دەیەوێت ڕابکات.

هیچ لەوانە ئێمە بەو قۆناخە ناگەیەنن، کە کەســـانی دیکە تیایدا بابەت نەبن. ئەوپـــەڕی دەتوانیـــن ئەو بابەتە بە جیـــاواز و تایبەتمەند دابنێین، کە هوســـرڵ چەمکی (ئامادەنەنوونی) بۆ داناوە، بەبێ ئەوەی بزانێت ئامادە نەبوونی کەســـانی دیکـــە لەســـەر ئامادەنەبوونی ئاگامەندی لەنێو ئەو لەشـــەی من دەیبینم پێناس ناکرێت و پەیوەندی بە ئامادەنەبوونی ئەو جیهانەوە هەیە من هەســـتی پێدەکەم؛ ئامادەنەبوونێکـــە من لەنێو جیهاندا دەیدۆزمەوە. لەم حالەتەدا (کەســـانی دیکە) بابەتـــن لەنێـــو جیهانـــدا، بابەتێک، کە جیهان پێناســـەی بـــۆ دادەنێت. بەڵام پەیوەندییەکـــەی نێوان من و ئامادەنەبوون و ڕاکردنەکە شتێکی گونجاوە. ئەگەر ئەوە بێت پێناسەی بابەتبوونی کەسانی دیکەمان بۆ بکات ئەوا دەتوانین بپرسین چۆن ئاماژە بۆ ئامادەبوونی کەسانی دیکە دەکات؟ لێرەدا وەڵامی پرسیارەکە بەم جۆرەیە: ئەگەر پێناســـەکردنی کەسانی دیکە وەکو بابەت لەسەر بەستنەوەی بەو جیهانـــەوە بێت، کە من و ئەوان دەیبینین، ئەوا پەیوەندییە بنەڕەتییەکەم لەگەڵ کەســـانی دیکەدا، وەکو خۆ لەســـەر ئەو خاڵە ڕادەوەستێت، کە ئەوان تەوانایان هەیە من ببینن. لە ڕێگەی ئەو زانینەوە، کە من دەبم بە بابەت بۆ کەسانی دیکە ئامادەبوونـــی ئەوان، وەکو خۆ دەدۆزمەوە. بەو جۆرەی کەســـانی دیکە دەبن بە بابـــەت بۆ (خۆ)ی من، منیش دەبم بە بابەت بۆ (خـــۆ)ی ئەوان. ئەمەش لەوێوە هەڵنەقوڵاوە، کە جیهانی من بووە بە بابەتی بابەتبوونی ئەوان. من نابم بە بابەت بـــۆ بابەتێکی دیکە. وەرگێڕانی ڕادیکالانەی کەســـانی دیکە، ئەگەر بمانەوێت لە بابەتگەری ڕزگاییکەین، پێویستە. کەوابـــوو، ناتوانم تەماشاکردنەکەی ئەوان بۆ من بە ئەگەری خۆدەرخستنی بابەتێک دابنێم. هەروەها، کەســـەکە بە یەک چاو تەماشای من و چیمەنەکە ناکات. بە بابەتبوونی منیش بەشێک نییە لە بابەتبوونی جیهان. من ئەوەم جیهانی دەرخستوە. کەسێکم، کە نابم بە بات بۆ خۆی.

کەوابوو، ئەو پەیوەندییەی بە (کەســـێکی دیکـــە بینیویەتی) ناودەبەم لەگەڵ بوونی کەسانی دیکەدا، وەکو بابەت پەیدا نابێت و لەگەڵ بوونی منیش، وەکو خۆ نییە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر بوونی کەســـانی دیکە، وەکو بابەت واتایەکی هەبێت ئەوە لە ئاکامـــی وەرگێڕانی ئەوان و هەڵبەســـتنی پەیوەندییەکی بنەڕەتییدایە. هەستکردنم بە بوونی ئەو کەسە لەنێو جیهاندا لەسەر ئەوە ڕادەوەستێت، کە ئەو من دەبینێت. ئەوەی لێرەدا ڕوویداوە جێگرتنی بابەتێکە من بەو خۆیە دەیبینم،

که من دەبینێت. ڕاستی (کەسێک تۆببینێت) لەسەر (تۆ کەسێک ببینیت) ڕاوەستاوە.

چەمکی کەسانی دیکە ئاماژە بۆ دوورەپەرێزی و تاکڕەوی شتێک لەودیو ئاگامەندییەوە ناکات، کە نەتوانم بیری لێبکەمەوە. بوونی ئەو کەسە لەپەیوەندییەکەیدا بەمن و جیهانەوە پێناس دەکرێت. ئەو کەسە بابەتێکە لەجیهاندا، کە بڕیار لەسەر ئاڵوگۆڕە ناوەکییەکانی جیهان دەدات.

ئەو خوێن لێچونێکی ناوەوەیە. ئەو (خۆ)یە یە لە ئەزمونی بەرەو بابەتکردنی بوونی خۆم دەردەکەوێت.

بەڵام پەیوەندی بنەڕەتیم لەگەڵ کەسانی دیکەدا تەنیا ئامادەنەبوونی ڕاستی نییە؛ پەیوەندییەکی کۆنکریتی ژیانی ڕۆژانەشە. لە هەریەکێک لە ئەزمونەکانی ڕۆژانەمدا کەسانی دیکە تەماشای من دەکەن. بۆ ئێمە ئاسانە لەسەر ئەزمونە کۆنکریتییەکان باسی پەیوەندییەکە بکەین. ئەگەر کەسانی دیکە لە بنەڕەتەوە ئەوانە بن تەماشای من دەکەن، پێویستە بتوانین واتای تەماشاکردنەکە لێکبدەینەوە.

هەموو تەماشاکردنێک، کە بەرەوڕووی من دێت لەنێو هەستکردندا فۆرمێکی هەستەکییە، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، بە هیچ فۆرمێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوە. هەڵبەتە ئەوەی تەماشاکردنەکە بەرجەستە دەکات دوو چاون، کە ڕوو لە من دەکەن. تەماشاکردنیش لەو حاڵەتانەدا ڕوودەدات کاتێک لقی درەختەکان دەلەرێنەوە، دەنگی پێ دێت، دەرگاکە دەکرێتەوە یان پەردەکە دەجولێت. لە کاتی هێرش بردندا ئەوان بەڕاکشاوی لەسەر سنگ دەجولێن خۆیان لە دوو چاو ناشارنەوە. ئەوان دەیانەوێت خۆیان لە خانوە سپییەکەی سەرگردەکە، کە بەرانبەریانە حەشاربدەن. دەگونجێت کەسێک خۆی لەنێو دارەکاندا شاردبێتەوە و بە دزییەوە تەماشام بکات. بەڵام ئەم گونجاندنە ئێمە ڕاناگرێت؛ من لەدواییدا باسی ئەم خاڵە دەکەم. ئەوەی گرنگە پێناسکردنی تەماشاکردنە. ئێستا ناودارەکان، خانوی سەرگردەکە تەماشاکردن نین؛ ئەوان تەنیا نوێنەرایەتی چاو دەکەن. لە یەکەم جاریشدا چاو، وەکو ئامێرێکی هەستکردن بۆ بینین نابینرێت، بەڵکو بە پشتگری تەماشاکردن دادەنرێت. چاوەکان ئاماژە بۆ چاوی ڕاستەقینەی ئەو کەسە ناکەن لە پشت پەردەکەوە یان لەودیو پەنجەرەی خانوەکەوە دانیشتوە. ئەوان چاون. هەمانکات، تەماشاکردنیش تەنیا خەسڵەت و فۆرمی گشتی بابەتەکە و پەیوەندییەکە نییە. هەستکردنی من بە تەماشاکردنەکە لەسەر ڕوخاندنی چاوەکانە، کە دەڕواننە من. ئەگەر هەست بە تەماشاکردنەکە بکەم چاوەکان نابینم؛ چاوەکان لەوێدا هەن، لەنێو هەستکردنمدا دەمێننەوە، بەڵام بەکاریان ناهێنم. ئەوان بوون بە دوو شتی بێ لایەن؛ لە دەرەوەی کایەکەدان و بەستنەوەیان پچڕاوە.

ئەمــەش لــەو کەمکردنەوە فینۆمینۆلۆجییە دەچێت هوســرڵ باســیکردوە.
ئــەو کاتەی چاوەکان تەماشای تۆ دەکەن، تۆ جوانــی و ناشرینییان نابینیت و باســی ڕەنگەکانیان ناکەیت. تەماشاکردنەکە چاوەکان دەشارنەوە، ئەم بۆچوونە ئەندێشــاوییەش لەسەر ئەو فاکتۆرە ڕادەوەســتێت، کە چاوەکان، وەکو بابەتی هەســتکردنم لەنێو دوورییەکــەی نێوان من و ئەوانــدا دەمێننەوە (من لەبەردەم چاوەکانــدا بەبێ دووری ئامادەم، بەڵام چاوەکــان لەو شوێنەوە دوورن، کە منی تێدام.) تەماشاکردن دوورییەکە لەناودەبات و هەمانکات منیش لە شوێنی خۆمدا ڕادەگرێت. لێرەدا لێکچونێک لەنێوان تەماشاکردن و بابەتی ئەندێشــەدا هەیە، کە لە شوێنێکی دیکەدا باســمکردوە. ئێمە ناتوانین لە یەک کاتدا هەســت بە بوونی [بابەتێکــی دەرەکی] بکەین و لەنێو ئەندێشــەماندا بین. لــە یەک کاتدا یەکێک لەم کارانە هەڵدەســوڕێنین. من دەمەوێت بڵێم: ئێمە ناتوانین هەســت بە جیهان بکەیــن و هەمانکاتیش ئاگامان لــەو تەماشاکردنە بێت ڕووی لــە ئێمە کردوە. یەکێک لەم دووانــە لە یەک کاتدا ڕوودەدات چونکە هەســتکردن تەماشاکردنە. ئاگاییش لە تەماشاکردن هەســتکردن بە تەماشاکردن، وەکو بابەت لەنێو جیهاندا نییە (مەگەر تەماشاکردنەکە ڕووی لە ئێمە نەکردبێت)؛ بەڵکو ئاگاییە لەو بابەتەی تەماشاکراوە. ئەو تەماشایەی چاوەکان دەری دەبڕن، گرنگ نییە چ جۆرە چاوێک بن، ئاماژە بۆ بوونی دەکەن. ئەوەی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ جوڵانی لقی درەختەکەدا هەستی پێدەکەم بوونی کەسێکی دیکە نییە؛ بەڵکو ئەوەیە کە بوونی من ناسکە و بە ئاسانی زیانی لێدەکەوێت؛ لەشم ئازاری پێدەگات؛ من لەشوێنێکدام، کە ناتوانم تیایدا بەرگری لە خۆم بکەم. بەکورتییەکەی، من بینراوم. کەوابوو، تەماشاکردن ئەو ناوەندەیە لە منەوە ئاماژە بۆ بوونی من دەکات. ئایا خەسڵەتی ئەم ناوەندە چییە؟ (من بینراوم) چ واتایەک دەبەخشێت؟

بــا بڵێین غیرە و حەزی خوتێهەڵقورتان و خراپی هانم دەدەن گوێ بە دەرگا داخراوەکەوە بنێم و لە کونی کلیلەکەشەوە تەماشای نێو ژوورەکە بکەم. من تەنیام و بیر لە بوونی خۆم ناکەمەوە. ئەمە ئەو واتایە دەبەخشــێت، کە (خۆ)م نەبووە بە بابەتــی ئاگامەندیم و کردەوەکانمی بۆ ناگەڕێنمــەوە. کردەوەکانم نەزانراون. مــن ئاگامەندییەکی ڕووتی شتەکانــم و لەنێو خولەی نێو (خۆ)دام و ئەگەرەکانم دەسەلمێنم. ئەو واتایەش دەبەخشێت، کە لەودیو دەرگاکەوە دیمەنێک هەیە دەبێ ببینرێــت و گفتوگۆیەکیش دەبێ ببیسترێت. دەرگاکــە و کونی کلیلەکە لە یەک کاتدا ئامێر و کۆســپن بۆ من؛ دەبێت بە نیگەرانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؛ لە کونی کلیلەکەوە نزیک و کەم دەڕوانمە ئەو دیوەوە. لەم ساتەدا ئەوە دەکەم، کــە پێویستە بکرێت. هیچ تێڕوانینێکی بەرز کردەوەکەم ناســەلمێنێت و حوکمی بەســەردا نادات. ئاگامەندیم بە کردەوەکانمەوە دەنوســێت و لێیان جیانابێتەوە.

تەنیا ئاکامەکەش حوکم بەسەر کردەوەکانمدا دەدات. هەڵوێستم، بۆ نموونە، لایەنی دەرەکی نییە. هەڵوێستێکە پەیوەندییەکی ڕووتی بە ئامێرەوە (کونی کلیلەکە) تاکو کۆتایی هەیە، وەکو مەرەکەبەکە لەسەر کاغەزی وشکردنەوەکە خۆ ونکردنە لەنێو جیهاندا. ئاکامەکەش هەموو ئەم شتانە کۆدەکاتەوە و ڕێگرتنەکە دەسەلمێنێت. هیچ ڕێگرتنێک بەبێ گەیشتن بە ئاکام و لە دەرەوەی ئاکامدا نییە.

لەسەروئەمەوە، کۆکردنەوەکە پەیوەندی بە پرۆژەی ئەگەرەکانی منەوە هەیە. غیرە ئەو ئەگەرەیە، کە منم و ئەو بەئامێربوونە ئاڵۆزە بەخۆ گەیاندن بەودیو خۆی، ڕێکدەخات. بەڵام من غیرەم و هەستی پێناکەم. ئەگەر من لە جێگای غیرەکردن بیر لە غیرە بکەمەوە، ئەوا بەئامێربوونە ئاڵۆزەکەی جیهان فێرم دەکات. ئەم کۆکردنەوەیە لەنێو جیهاندا بە دوو لایەنەوە و خەسڵەتی گۆڕاوە (دیمەنێک لەودیو دەرگاکەوە هەیە و دەمەوێت ببینم چونکە من غیرە دەکەم، غیرەکردنەکەشم بێجگە لە لەو بۆچوونەی، کە دیمەنێک لەودیو دەرگاکەوە هەیە، دەبێ ببینرێت چی دیکە نییە)، بە هەڵوێست ناوزەدی دەکەین. ئەم هەڵوێستە ڕاستەوخۆ سەربەستی و لایەنی فاکتۆری بوونم دەردەخات. لەسەر ئەو بونیادە دەرەکییەی نێو جیهان لە چواردەری مندا سەربەستییەکەم دەکات بەو کارانەی سەربەستانە ئەنجام دەدرێن. لێرەدا هیچ ناچارییەک نییە چونکە سەربەستییەکەم لەسەر ئەگەرەکانم دامەزراوە و جیهانیش خۆی گونجاندوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بەتەواوی خۆم بەو بوونە دابنێم، کە لەنێو هەڵوێستیدایە؛ یەکەم چونکە من ئەو ئاگامەندییە نیم ڕووی لە دەرەوە کردبێت. دووەمیش، من نەبوونی بوونی خۆمم. لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی من ئەوەم، کە نیم و ئەوەش نیم، کە هەم تەنانەت ناتوانم خۆشم بەو بوونە دابنێم، کە گوێی بە دەرگاکەوە ناوە. لەمجۆرە پێناسەکردنە بۆ بوونم ڕادەکەم. لەوێدا، وەکو بینیمان بناخەی بڕوای خراپ دەدۆزرێتەوە. کەوابوو، نەک بە تەنیا ناتوانم خۆم بناسم بەڵکو بوونیشم ڕادەکات هەرچەندە من هێشتا ڕاکردویەکم لە بوونی خۆم و نەبوونێکی ڕەهام. بێجگە لە نەبوونێکی ڕووت مەبەستەکان گەمارۆدەدات هیچ لەوێدا نییە.

لەپڕێکا گوێم لە دەنگی پێی کەسێک لەنێو ڕاڕەوەکە دەبێت. کەسێک من دەبینێ! ئەمە چ واتایەکی هەیە؟ من کتوپڕ کارکراوەتە سەر بوونم. ئەم گۆڕانە لەنێو بونیادەکەدا دێتەکایەوە-گۆڕانەکانیش بە هۆکاری تێڕامان لە کۆجیتۆدا دەناسرێت.

لەسەروهەموویانەوە، لێرەدا من بۆ ئاگامەندییەکی لە تێڕامان بەدەر هەم.

بەڵام ئەمە دەپچڕێ؛ من خۆم دەبینم چونکە کەسێک من دەبینێ. هێشتا ئەم دەربڕینە تەواو نییە، با بە وریاییەوە بڕوانینە کێشەکە.

چەنـــد بوون-بۆ-خـــۆ تەنیا بێت، دەتوانیـــن بڵێین، ئاگامەندییـــە لە تێڕامان بەدەرەکەی (خـــۆ)ی تێـــدا جێنشـــین نەبووە. (خۆ) وەکو بابـــەت دەدرێت و بۆ ئاگامەندییەکـــە تێڕامانی دەبێت. ئێستا ئاگامەنـــدی لە تێڕامان بەدەر ئاگاییە لە جیهان.

کەوابوو، (خۆ) بۆ ئاگامەندی لە تێڕامان بەدەر بابەتێکە لەنێو جیهاندا. ئەمەش ئاگامەنـــدی دەکات بە خاوەنی تێڕامان. ئـــەو ئاگامەندییەی تێڕامانی هەیە (خۆ) دەکات بە بابەت. ئاگامەندییەکی لە تێڕامان بەدەر ڕاستەوخۆ کەسەکە ناناسێت. بـــوون بە بابـــەت بۆ ئاگامەندی، وەکو ئەوە وایە کەســـێک تۆ ببینێت؛ واتە، من کتوپڕ خۆم بە ڕاکردوویی لە دەســـت خۆم دەبینم، نەک لەو ڕووەوەی من بناخە نەبوونی خۆمم، بەڵکو بناخەکەم لە دەرەوەی بوونی خۆمدا دەدۆزمەوە.

مـــن بوونێکم بۆ خۆم ئەگەر بوونم ئاماژە بۆ کەســـانی دیکە بکات. پێویست ناکات ئەو ئاکامەش بسەپێنین، کە بابەتەکە کەســـانی دیکەیە و (خۆ)ش لەنێو ئاگایـــی منـــدا بونیادی دووەمە. کەســـانی دیکە، لێرەدا، بابـــەت نین و نابن بە بابەتیش. ئەم خاڵەشمان لەپێشتر ڕوونکردۆتەوە. من ڕوو لە کەسانی دیکە، بەو جۆرەی ڕوو لە بابەتێک دەکەم، ناکەم. خوشم بە بابەت دانانێم. لەڕاستیدا (خۆ) ی مـــن و بوونـــم نەبوونێکی پڕنەکـــراوە جیایاندەکاتەوە چونکـــە من بە (هیچ) دایدەنێم و بۆ کەســـانی دیکەش هەیە. من بەو جۆرە ڕووی تێناکەم تاکو ڕۆژێک دەســـتم بکەوێت. بەپێچەوانەوە، ئەو بەردەوام لە من دوور دەکەوێتەوە و منیش نایگەمێ و نابم بە خاوەنی. بەهەرحاڵ، من هێشـــتا ئەو (خۆ)یەم ڕەتی نادەمەوە، لەبەردەم مندا (خۆ)یەکە ناییناســـم. لەشەرمکـــردن و شانازیکردن و نموونەکانی دیکـــەدا دەیدۆزمەوە. شەرمکردن و شانازی تەماشاکردنی کەســـانی دیکە بۆ من دەردەخەن و من لە کۆتایـــی تەماشاکردنەکەدا دامدەنێن. ئەوان من دەهەژێنن و نایەڵن ئەو حاڵەتە تەماشالێکراوە بناسم. شەرمکردن، بەو شێوەیەی لە سەرەتای ئەم بەشەدا باســـمکرد، شەرمکردنی (خۆ)یە. ناســـینەوەی حاڵەتێکە من تیایدا لەلایـــەن کەســـێکی دیکەوە بینراوم و حوکم بەســـەر بوونمـــدا دراوە. من شەرم دەکەم چونکە سەربەستییەکەم دەدۆڕێنم و دەیکەم بە بابەت. کەوابوو، پەیوەندی نێوان ئاگامەندی لە تیڕامان بەدەرو (خۆ)ی من، کە بینراوە و بە زانین دروســـت نەبووە لەســـەر بوون دامەزراوە. لەودیو زانینەوە من ئەو (خۆ)یەم کەسێکی دیکە ناسیویەتی. هەروەها، من ئەو (خۆ)یەم لەنێو جیهانێکدا، کە کەسێکی دیکە نامۆی کردووم چونکە تەماشاکردنەکەی کەسەکەی دیکەش دیوارەکان، دەرگاکە و کونی کلیلەکـــە کۆدەکاتەوە. هەموو ئەم ئامێرانەی من مامەڵەیان لەگەڵدادەکەم ڕوو لە ئـــەو دەکەن. ئەویش ئەو دەموچاوەیە لە من ڕادەکات. من لەنێو جیهاندا (خۆ)مم بۆ ئەو. لەپێشـــتر ئەم خوێن ڕشتنەی ناوەوەم بە بابەتکردنی جیهانم بۆ کەسانی

دیکە ناوزەدکرد. تەنانەت دڵۆپێک لەو خوێنە نافەوتێت و لەو بوونەدا دۆزرایەوە، کە من ناتوانم بچمە ناخییەوە. لێرەدا، ڕاکردنەکە بێ سـنورە. جیهان لەدەسـت جیهان و منیش لەدەست خۆم ڕادەکەم. تەماشاکردنی کەسەکە من لەودیو بوونی خۆمـەوە دادەنێت و لەناوەڕاسـتی جیهانێکدا ڕامدەگرێت، کـە ئەم جیهانەیە و جیهانێکیشـە لەودیوەوە. ئایا چ جـۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەم بوونەی خۆمدا هەیە، کە شەرمکردن بۆ منی دەردەخات؟

یەکەمجار، پەیوەندییە لەگەڵ بووندا. من ئەو بوونەم و ناتوانم نکۆڵی لێبکەم. شەرمکـردن دانپێدانانە بە بوونمدا. لە دواییدا دەکرێت لە ڕێگەی بڕوای خراپەوە شەرمکردنەکە بشـارمەوە. بڕوای خراپیش دانپێدانانـە چونکە لە بڕوای خراپدا من لەدەسـت خۆم ڕادەکەم. بـەڵام من ئەو بوونەم نەبـووە بە خاوەنی شتێک و نە شتێکیشـە هەبووبێت. بوونم خەسـڵەتی دیاریکـراوی هەڵنەگرتوە و هیچ شتێکی لەبارەوە پێشـبین ناکرێت. ئەمەش لە نەناسینی منەوە بۆ کەسانی دیکە سەرهەڵنادات. بەڵکو بە سەربەسـتی کەسانی دیکەوە بەسراوە. بوونی کەسانی دیکە بۆ من ئەگەر نییە و لەنێو سەربەسـتییەکەی منیشـدا نابێت بە پرسـیار. بەپێچەوانەوە، ئەو سەربەسـتییەکەی من سنوردار دەکات. ئەو پشتی شانۆکەیە چونکە باسـی ئەو شتانە دەکەین لەودیـو پەردەکەوە ڕوودەدەن. بۆ من شتێکی گرانە و بەبێ ئەوەی بزانم چییە بەسەر کۆڵما دراوە، تەنانەت نازانم گرانییەکەی چەندە. لە سـێبەرەکەم دەچێت؛ مامەڵە لەگەڵ بوونمـدا دەکات. بوونم دەبێت بەوەی کەسانی دیکە سەربەستانە دەینوسنەوە. هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن وا خۆیان دەردەخەن نەبوونییەکی ڕادیکاڵانە لە منیان جیادەکاتەوە. ئەو نەبوونییەش سەربەسـتییەکەی کەسانی دیکەیە. کەسانی دیکە بوونی من دەکات بە بوون بۆ خۆی. هەریەکێک لە کردەوە سەربەسـتەکانم لەنێو دەوروبەرێکی نوێدا دامدەنێن؛ لە شوینێکـدا، کە بوونم بە سەربەسـتییە پێشـوەخت نەبینراوەکەی ئەوانەوە گیریخـواردووە. من یەکیتییەکی پتەوی ئاگامەندی دەسـەلمینم، ئەم یەکێتیەش هاودەنگـی مۆنادەکان نییە بۆ یەکێتی بوون دابنرێت چونکە من ڕازیم بەوە یان حەزدەکەم کەسانی دیکە ئەو بوونەم بناسن و بڕوای پێبکەن، کە خۆم دەمەوێت. شەرمکردن بوونی من بەو شتە نیشـاننادات، کە هەبووە یان دەیگاتێ و دەیکات بە بوون-لەنێو-خۆ. کاتێک من تەنیام بیر لە دانیشتنەکەی خۆم ناکەمەوە. ئەوەی لەبارەی خۆمەوە دەتوانم بڵێم ئەوەیە، کە من ئەوەم و ئەوەش نیم. تەماشاکردنی کەسـێک بەسە بۆ ئەوەی ببم بە ئەوەی هەم. بێگومان من هەمیشە بە ئاگاییەوە دەمێنمەوە، بەڵام لە چاوی کەسـەکەدا دەبم بەوەی دانیشـتوە. لێرەدا، جارێکی دیکە بوونە-بۆ-خۆ ڕاکردوەکە دەگیرێت و بوون-لەنێو-خۆ زۆر لە بوون-بۆ-خۆ نزیک دەبێتەوە. ئەم گۆڕانە لە دوورەوە دەخرێتەگەر. من، کە دانیشـتوم بۆ ئەو کەسە

له شوشەی مەرەکەبی سەرمێزەکە دەچم. ئەو من دەبینێت چەماومەتەوە و چاوم بە کونی کلیلــی دەرگاکەوە ناوە؛ لەو درەختە دەچم شنەی با شۆڕی دەکاتەوە. من بەرزێتی خۆم لە چاوی ئەودا دۆڕاندوە. ئەمەش بە لەناوبردنی بەرزێتییەکە بە هۆکاری سەپاندنی کاتیگۆرییەوە بەسەرمندا نییە، بەڵکو بوونی ئەو بەرزێتییەکەم لەناودەبات. ئەگەر کەسێک هەبێت، گرنگ نییە کێ و چیی بێت، چ پەیوەندییەکی لەگەڵ مندا هەبێت، چ کاریگەرییەکی بەسەرمنەوە هەبێت، لەگەڵ دەرکەوتنیدا من دەکەومە دەرەوەی بوونی خۆم؛ خۆرســکێک بۆ من پەیدا دەبێت. یەکەم کەوتنی مــن لەگەڵ دەرکەوتنی ئەودا ڕوودەدات. شەرم، وەکو شانازی، هەســتکردنە بەو خۆرســکە لە بوونمدا هەرچەندە خۆرســک ناگرمە خۆم و لێی ڕادەکەم. ئەمەش لەوەدا نییە من سەربەستییەکەم بدۆڕێنم بۆ ئەوەی ببم بە (شت)، بەڵکو خۆرسکم لەوەدایە، کە من لە دەرەوە لەودیو ســنووری سەربەستییەکەمدام، خەسڵەتێکی من هەیە لە-چاوی کەسەکەدا دەبینرێت.

من تەماشاکردنەکەی ئەو لە ناوەڕاستی ئەگەرە نامۆکان و چەقوەستاوەکانمدا دەدۆزمەوە. بە ترس یان دوودڵییەوە دەبینم ئەو ئەگەرانەی، کە بوونی منن و مەرجن بۆ بەرزێتییەکەم بە کەسێکی دیکە دراون. لەگەڵ تەماشاکردنی تەماشاکەرەکەدا بەرزێتییەکــەی من دەبێت بە بەرزێتی ئەو. بێگومان، من لەنێو ئاگایی ناوەوەمدا و بــێ بیرکردنەوە لە بوونم ئەگەرەکانم دەپارێزم. بــەڵام تەماشاکردنەکە لە من نامۆیــان دەکات. دوای ئەمە، مــن ئەگەرەکان لەنێو جیهاندا لە شێوازی هێزەکی ئامێرەکاندا دەبینم؛ ســوچە تاریکەکــەی کۆتایی ڕاڕەوەکە دەبێت بە شوێنی خۆ شاردنەوە. ئەم خەسڵەتە دەرەکییە بەشێکە لەو ئاڵۆزییەی بە هەڵوێست دامانناا. بە دەرکەوتنی کەسەکە ئاڵۆزییەکی جیاوازتر لە دەوروبەری شتەکان کۆدەکاتەوە و بەزۆر دەیسەپێنێت. هەستکردن بە بوونی، وەکو شتێکی بینراو هەستکردنە بە بوونم لەنێو جیهاندا و لە جیهانەوە. تەماشاکردنەکە من لەنێو جیهان دەرناهێنێت؛ ئــەو لە ناخــی هەڵوێستەکەمدا بە دوامدا دەگــەڕێ و دەمدۆزێتەوە و پەیوەندیم بــە ئامێرەکانەوە دیاریدەکات. ئەگەر من ببینرێم دانیشــتوم ئــەوا دەبینرێم لە سەرکورســیەک دانیشتوم؛ یان بە چەماوەیی دەبینرێم خۆم چەمانۆتەوە و چاوم بە کونی کلیلەکەوە ناوە و هتد. کتوپڕ، نامۆبوونم، بە هۆکاری تەماشاکردنەکەوە ئەو جیهانەش نامۆدەکات، کە من دروستم کردووە. دەمبینن من لەسەر کورسیەکە دانیشــتوم، کــە من نەمدەبینی و بۆ من مەحاڵ بــوو ببینم. کەوابوو، من، وەکو ئەگەرەکانــی بوونــی خۆم، ئەوەنیم، کە هەم. من کەســێکم، کە هەم و ئەوەشم لەنێــو جیهاندا بەردەوام لەدەســت خۆم ڕادەکەم. لەبەر ئەمــە پەیوەندییەکەم لەگــەڵ بابەتەکان یان لایەنی هێزەکی بابەتەکان لەگەڵ تەماشاکردنی کەســێکی دیکەدا لەناودەچێت و لەگەڵ ئەگەرەکانی ئەودا تێکەڵ دەبێت. بۆ نموونە دەشێ

سوچە تاریکەکەی نێو ڕاڕەوەکە من بۆ خۆشاردنەوە بیریلێدەکەمەوە بکەوێتە بەر ڕۆشنایی چراکەی دەستی ئەو. ئەم ئەگەرە لەوێدا هەیە. من بەبێ ئەوەی ڕووبدات بیریلێدەکەمەوە؛ دوودڵییەکەم دەمگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە خۆشاردنەوە لەوێدا دەمخاتە مەترسییەوە.

ئەگەرەکانم لەبەردەم ئاگامەندی لە تێڕامان بەدەری مندان، تاکو ئەو ڕادەیەی کەســەکە تەماشام دەکات. ئەگەر ببینم دەیەوێ شتێک بکات؛ دەســتی دەخاتە گیرفانی بۆ ئەوەی چەکێک دەربهێنێت، پەنجە بۆ زەنگەکە دەبات تا پۆلیس ئاگادار بکاتــەوە. ئەوا ئەگەرەکانم لە دەرەوەی بوونی خۆمدا و لە ڕێگەی بوونی ئەوەوە دەناســمەوە. هەمانکات بوونی من ئەو ئەگەرانەیە و بەو جۆرەی بیرۆکەکانمان بە ڕێگــەی زمانەوە دەردەبڕین و دەریان دەهێنین، ئەمانیش لە دەرەوەدا دەبینرێن. هەوڵدانم بــۆ خۆدەربازکردن، دەرچوون لەژێر کاریگەرێتی تەماشاکردنکەی ئەودا یان خۆ ڕزگارکردن لەو چەکەی لولەکەی کراوەتە من سەرهەڵدەدات. کەسەکەش لە هەوڵدانەکەم ئاگادارە و دەیەوێت ڕایگرێت. من دەرچوونە ڕاستەقینەکە نابینم، تەنیــا دەمەوێت خۆم لە نەمانی ئەگەرەکەم ڕزگــار بکەم. ئەگەری خۆشاردنەوە تاکــو ئەم کاتەش لەناو نەچووە؛ تاکو ئەو کاتەی من ئەو ئەگەرەم ئەویش هەیە و ســوچە تاریکەکە وننابێت و پەنجەم بۆ ڕادەکێشــێ. ئەگەر پیناسکردنی ئامێر لەوەدابێــت، کە دەتوانیــن تێپەڕی بکەین ئەوا ئەگەرەکــەم ئامێرگەری بەخۆوە دەگرێت. ئەگەری خۆشاردنەوەکەم لە ســوچە تاریکەکــەدا دەبێت بەو ئامێرەی کەســەکە بتوانێــت تێپەڕی بکات و من بدۆزێتەوە. ئەگەری من کەســێکی دیکە وەکــو هەموو ئامێرەکان، ڕێگــر و ناوەندن. ڕێگرە، چونکــە ناچاریدەکات بڕیار لەســەر کردەوەی جیاواز بدات (بەرەو ڕووی من بێت و چراکە هەڵکات). هەروەها ناوەندیشە چونکە ئەو کاتەی من دەبینێ چاوم بە کونی کلیلەکەوە ناوە دەمگرێت. هەرشتێــک دژی ئــەو بکەم ئەو شتە دەبێــت بە ئامێرێــک و دژی من بەکاری دەهێنێــت. من بە تەواویــش نازانم ئەو چۆن کردەوەکەم دەبینێت و دەترســم. کەســانی دیکە مەرگی نادیاری ئەگەرەکانی منن. تاکو منیش لە ژیاندابم مەرگی ئەگەرەکان بەشاراوەیی لەنێو جیهاندا دەمینێتەوە. پەیوەندی نێوان ئەگەرەکانم و ئامێر لە پەیوەندی نێوان ئامێرەکان دەچێت، کە لە دەرەوە بۆ مەبەستی گەیشتن بە کۆتاییەک ڕێکخراون و لە من ڕادەکەن. خۆشاردنەوەی من و ســوچە تاریکەکە پێش ئەوەی من پەنای بۆ بەرم بوونی کەسەکە و چراکەی دەستی تێپەڕیدەکات. ئەو ڕاچڵەکاندنەی لەگەڵ تەماشاکردنی کەسەکە توشیدەبم لە هەموو ئەگەرەکانم نامۆم دەکات. ئەوان دەبن بە بابەتەکانی

نێو جیهان و دوور لە منەوە ڕادەوەستن. لێرەدا بە دوو ئاکامی گرنگ دەگەین، یەکەم، ئەگەرەکانم لە دەرەوەی بوونی مندا ڕادەوەســتن. کەسێکی دیکە هەستی

پێکردوە و سەربەســتییەک لەناوی بردوون، کە کەســەکە سەرباســتییەکە نییە چونکە خۆی کردووە بە گەواهی ئەوان و لێیان دەکۆڵێتەوە. دواییش، ئەو کاتەی ڕاســتەوخۆ لەبەردەم کەسەکەداین و بە زمان پەیوەندی لەگەڵدا دروستدەکەین و تێدەگەین چۆن بیر لە بوونی ئێمە دەکاتەوە و ســەرنجمان ڕادەکێشێ و ترسیش دەخاتە دڵمانەوە.

“سوێند دەخۆم ئەو کارە دەکەم.”

“تۆ وادەڵێیت. حەزدەکەم باوەڕت پێبکەم. دەشێ تۆ ئەو کارە بکەیت.”

ئەم دایەلۆگە دەریدەخات کەســێکی دیکە لەبەردەم سەربەســتییەکەی مندا، وەکو ڕاوەســتان لەبەردەم شێکی نادیاردا و ئەگەرەکانمدا ڕاوەســتاوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە من بوونی خۆم لەوێدا لەبەردەم ئەودا ڕاگرتوە. لە شەرم و ترس و توڕەبووندا بەمشــێوەیە خۆم دەبینم. هێشتا، کوێرانە تەماشای خۆم دەکەم و خۆم بەوە دادەنێم، کە هەیە.

لەلایەکــی دیکەوە کۆکردنەوەی ئەگەرە بــە ئامێربووەکان منی لەبەردەم ئەو ئامێرانــەی نێو جیهاندا ڕاگرت، کە بوونی کەســەکەی دیکە تێپەڕیان دەکات. بە تەماشاکردنی کەسەکەی دیکە هەڵوێستەکەم لەدەستم ڕایکرد، لە زمانی ڕۆژانەدا دەڵێین، من خاوەنی هەڵوێستی خۆم نیم؛ یان من خاوەنی هەڵویستەکەمم، بەڵام هەڵوێستەکەم یەک ڕەهەندی ڕاســتەقینەی بۆ ماوەتەوە، کە لە ڕێگەیەوە لە من ڕادەکات. بێگومان، ئەو کاتەی تەنیام و کارێک دەکەم دەگونجێت ئاکامی کارەکە چاوەڕوان نەکراوبێت و بەگوێرەی حەزی من نەبێت. بۆ نموونە، گوڵدانێکی ناسک لەســەر میزەکە دانراوە و من لایەکی مێزەکە ڕادەکێشم، بەڵام پەیکەرە برۆنزەکە بەسەر گوڵدانەکەدا دەکەوێت و دەیکات بە هەزار پارچەوە. ئەگەر من کەمێک وریا بوومایە ئەم ڕووداوەم پێشبین دەکرد و هیچ شتێک لە دەستی من دەرنەدەچوو. دەرکەتنی کەســەکەی دیکە، بەپێچەوانەی ئەمەوە، من دەخاتە نێو هەڵوێستێکی ناحەزەوە، کە من ناتوانم ببم بەخاوەنی و لە بەر ئەوەی بۆ کەســەکەی دیکەیە لەدەســتی من دەردەچێت. ئەمەیە (ژید)، کە بە (بەشــی شەیتان)ی دادەنێت؛ شتێکە پێشبین ناکرێت و بادانێکی ڕاستەقینەشە. ئا پێشبینەکەیە کافکا لە (دادگا و قەڵا)دا باســیدەکات. لە لایەکەوە هەرشتێک (کەی) و ســێرڤیۆر دەیەکن کاری خۆیانە مافی ئەوانیشــە، بەڵام ئەو کاتەی کارەکانیان بە جیهانەوە دەبەستنەوە ئاکامــە چاوەڕوان لێکراوەکان دروســتدەکەن: کارەکانیان ســەرکەوتوو دەبێت. هەمانکات، ڕاستی کارەکان بەردەوام لەدەست ئەوان ڕادەکات. کارەکانیان واتایان هەیە، کە (کەی) و ســێرڤیۆر نایزانن. لێرەدا کافکــا دەیەوێت بەرزێتی بوونێکی پیرۆز دەربڕێت. لەچاوی بوونێکی پیرۆزدا کارەکانی مرۆڤ ڕاســتی هەڵدەگرێت. بەڵام، خوا،[لەم چیرۆکانەدا] چەمکێکە بۆ بوونی کەسێکی دیکە و دوایی دێمەوە

ســـەر ئەو خاڵە و باســـی دەکەم. کەژە خەمناک و تەڵخەکەی دادگا بوونی ئێمە لەنێو جیهان و کەسانی دیکەدا دەردەخات.

بەمشـــێوەیە هەڵوێست بە هۆکاری تێپەڕبوونی بەرەو کەسانی دیکە لە دەوری من، بەو جۆرەی شوێنکەوتوانی فێرگەی گیشـــتاڵت باسیدەکەن، دەبێت بە فۆرم. تێهەڵکێشـــبوونەکەشی لەوێدا دەبێت بە بونیادی من و خەســـڵەتی دەرچوون و بوون-لەنێو-خۆش هەڵدەگرێت. پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئەو کەسانەی دەدوێن و من تەماشایان دەکەم کتوپڕ دەبێت بە دەرەکی و نەناسراو. بەتایبەتی تەماشاکردنەی خۆم و ئەو دوورییەی لەنێوان ئەوان و مندا دەیبینم، لە ناودەچێت و دەبێت بەو تەماشاکردنەی تەماشای دەکرێت. من ئەوان، وەکو بابەت دەبینم؛ پەیوەندییەکەشم لەگـــەڵ ئەواندا هەمان پەیوەندی ئەوانە لەگـــەڵ مندا. کاتێک تەماشایان دەکەم، دەستەڵاتەکەی خۆشم دەپێوم. ئەگەر کەسانی دیکە من ببینن، ئەوا دەستەڵاتەکەم لەناودەچێت و ناتوانم کەســـانی دیکە بکەم بە بابەت، ئەوان بۆ کەسێکی دیکەش دەبـــن بە بابەت. تەماشاکردنەکەم پەیوەندییەک لەنێـــو جیهاندا دەردەخات، کە پەیوەندی بابەتێکە لەگەڵ بابەتێکی تەماشاکراودا. لەلایەکەوە، بابەتەکانی دیکەش لـــە دەوری تەماشاکردنەکە کۆدەبنەوە؛ دووری نێـــوان من و ئەوانەی تەماشایان دەکەم ئێستا دەردەکەوێت، بـــەڵام تەماشاکردنەکە دەوری داوە، کورتیکردۆتەوە و پەیـــوەندویەتی بە جۆرێک دووری بابەتەکان بـــووە بە زەمینەیەک و تەماشاکە لێیدابڕاوە. لەلایەکی دیکـــەوە، ڕەفتارەکان لە دەوری تەماشاکردنەکە کۆدەبنەوە و دەبن بە داردەســـت بۆ بەردەوامی مانـــەوەی. لێرەدا من دەبم بە پێکهاتەیەکی گشتگر، کە تەماشاکەیە. من وەکو بابەت تەماشاکەم؛ واتە، ئەو ئامێرە ئاڵۆزەیە لایەنـــی ناوەکی پێـــدراوە و دەتوانێت خۆی بە ئاکامەکـــان بگەیەنێت و بابەتێک لە دوورەوە بناســـێت. ئەم دوورییەش بە مـــن دراوە چونکە تەماشام دەکرێت و دەبێت منیش ئەو دوورییە لەناوبەرم. تەماشاکردنی کەســـێک دووری بەسەر مندا دەسەپێنێت. ئەو کاتەی هەســـت بەوەدەکەین تەماشامان دەکرێت خۆمان لەنێو شوێندا دەبینین. تەماشاکردنی کەســـانی دیکە تەنیا لەنێو شوێن دامان نانێت؟ (کات)یشمان بۆ دیاریدەکات. تەماشاکردنی کەسێکی دیکە لەنێو ئەزمونی ژیانمدا ڕوودەدات، کە مەحاڵە من بتوانم لە تەنیاییدا هەستی پێبکەم.

جیهان بۆ تاکێک کتوپر ســـەرهەڵنادات؛ بوونی ئەو هەمیشە ئامادەبوونە لەگەڵ کەســـانی دیکەدا. ئەو بەردەوام لـــە دەرەوەی بوونی خۆیدا و لەنێو جیهاندا ونە و هەموو هەبووەکان بە ئامادەبوونی خۆی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەڵام کتوپڕیش بیر لـــە پەیوەندی نێوان دوو هەبووی کاتی دەکاتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی دیکەیان تێـــدا نابینرێت. دوو شت لە پەیوەندییەکەیانـــدا بەیەکدییەوە کتوپڕ نابێت چونکە هەردووکیان ســـەر بە یەک سیستەمن. کتوپڕی، کەوابوو، سەر بە هەبووەکانی نێو

جهان نییە، بەڵکــو پێکەوەبوونی دووجۆر هەبوو دیاردەکــات. ئامادەبوونی پیرۆ و مــن لەنێو جیهانــدا ڕوودەدات. ئەمەش لەوە دەچێت، کە ئــەو پەرداخەی پۆڵ بەکاریدەهێنێــت منیش بەکاریدەهێنم. لێرەدا، بوونی بناخە خۆی دەســەپێنێت و بوونی کەســێکی دیکە و من لەنێو کاتدا دەبێت بە پێویستی. لەبەر ئەوەی بوونی کەســێکی دیکە کاتی خۆی هەیە، هەوڵــدەدات بوونی منیش بخاتە نێو ئەوکاتەوە و من و خۆی لەنێو کاتێکی جیهانیدا دەبینێت. تاکو ئەو ڕادەیەی من هەســت بە تەماشاکردنی کەســێکی دیکە دەکەم، ئەو کەســە ڕەهەندێکــی نوێ بۆ کاتی من دادەنێت. ڕانەبردووم دەبێت بەو ڕانەبردووەی کەســێکی دیکە هەستی پێدەکات و لایەنــی دەرەکی بۆ دیاریدەکرێت. ئەم ڕانەبــردووە لە من نامۆ دەبێت و دەکەوێتە ســەر ڕانەبردووی کەســێکی دیکە. من فرێدەدرێمە نێو ڕانەبردوویەکی جیهانییەوە چونکە کەســێکی دیکەش خۆی دەکات بە ڕانەبردوو بۆ من. بەڵام ئەم ڕانەبردووە جیهانییەی، کە جێگەی خۆمی تێدا دەکەمەوە نامۆبوونی ڕانەبردووی جیهانیی منە. من دەبم بە کاتێکی فیزیایی و ئەو کاتە ڕەهایەی (هیچ) من لە ئەو جیادەکاتەوە.

وەکــو بابەتێکی نێــو شوێن و کات لە جیهاندا، خاوەنــی بونیادێکی کاتی و شوێنی بۆ هەڵوێستم لەنێو جیهاندا، خۆم دەخەمە بەر هەڵسەنگاندنی کەســانی دیکەوە. ئەمەش لە کۆجیتۆدا دەبینرێت. کاتێک تەماشا دەکرێیت، دەبێت هەست بکەیــت، بۆ هەڵسەنگاندنێکی نەزانراو بوویت بە بابەتێکی نەناســراو. کەســانی دیکە حوکمت بەســەردادەدن و بەهات بەسەردا دەسەپێنن. لەهەمانکاتدا، من لە شەرمکردن یان شانازییدا دروستی ئەم حوکمدانانە دەناسمەوە.

من بەو جــۆرەی دەردەکەون لییان تێناگەم، حوکمــدان کردەوەیەکی بەرزی مرۆڤێکی سەربەستە. کەوابوو، بوونی-بینراوی من، وەکو بوونێکی بێ بەرگریکەر لەبەردەم سەربەستییەکدا، کە سەربەســتی من نییە، پێکدەهێنێت. لەم ڕووەوە ئێمە خۆمان لەبەردەم کەسانی دیکەدا بە کۆیلەیی دەبینین. بەڵام ئەم کۆیلایەتییە هۆکردەیەکی مێژوویی نییە و لەنێو فۆرمی ڕووتکراوەی ئاگامەندییدا بەسەریا زاڵ نابین. من بەو ڕادەیە کۆیلەم، کە بوونم لەســەر سەربەستییەک ڕادەوەستێت من خاوەنــی نیم و دەبێت بە پێکهاتەی بوونم. بــەو ڕادەیەی من دەبم بە بابەتێکی حوکــم بەســەردا دراو بەبێ ئەوەی بتوانم کارێکی بەرانبــەر بکەم من دەکات بە کۆیلــە. بەهەمانشــێوە، بەو ڕادەیەی من دەبم بە ئامێرێکــی ئەو ئەگەرانەی من خاوەنیــان نیــم و بوونیان لەژوور منەوەیــە و من لە ئاســتیاندا نەزانم و لەنێو مەترســییدا دەژیم. ئەم مەترســییە ڕووداو نییە، بەڵکو بوونیادێکی هەمیشەیی بوونی منە بۆ کەسانی دی.

ئەمــەش بە کۆتایــی باســەکەمان دەگەیەنێت. پێش ســودوەرگرتن لێی و دۆزینەوەی واتای کەسانی دی، پێویستە بزانین ئەم باسە لەسەر بناخەی کۆجیتۆ

دامەزراوە. ئێمە تەنیا ئەو ڕەتدانەوە ناوەکییانە بۆ تەماشاکردنی کەسانی دیکە، وەکو ترس ڕوونکردۆتەوە (بۆ نموونە هەستکردن بە مەترسی لەبەردەم سەربەستی کەسانی دیکەدا)، شەرمکردن و شانازی (هەستکردن بە بوونی خۆم لە ڕێگەی کەسێکی دیکەوە)و هەستکردن بە کۆیلایەتی (هەستکردن بە نامۆبوون لە هەموو ئەگەرەکانی خۆم). با هەریەکێک لە ئێمە بڕوانێتە ئەزموونەکانی خۆی. هیچ کەسێک لە ئێمە نییە لە هەڵوێستێکدا توشی سەرسوڕمان نەبووبێت و هەستی بە پەشیمانی نەکردبێت یان ئەو هەڵوێستەی بە سوک دانەنابێت.

من هەست بە تەماشاکردنەکە، وەکو دەرچوون بەرەو بوون دەکەم، کە یەکێک لە چەمکەکانی (من)ە. منیش بوون-بۆ-خۆم، کە ئەوشتەیە نییە و ئەوەش نییە هەیە. چەمکەکەی دیکەش (من)ە، بەڵام لەژێر دەستی مندا نییە و لە دەرەوەی کردەوە و زانینی مندایە. ئەم چەمکە، لەبەر ئەوەی بە ئەگەرە لە کۆتایی بەدەرەکانی سەربەستی کەسێکی دیکەوە بەستراوە، کۆمەڵێک خەسڵەتی لە کۆتایی بەدەر و دەرنەکەوتووە. لەنێو تەماشاکردنی کەسەکەی دیکەدا من، وەکو شتێکی چەق وەستاو لەنێو جیهاندا بە ترسەوە و بەبێ ئومێدی ڕزگاربوون دەژیم. من نازانم خۆم چیم و شوێنم لە نێو جیهاندا چییە و چۆن ڕوو لە کەسانی دیکە دەکەم.

ئێستا لە واتای سەرهەڵدانی بوونی کەسانی دیکە لە تەماشاکردنەکەدا تێدەگەین. کەسانی دیکە، وەکو بابەت بە ئێمە نەدراون. بە بابەتکردنی کەسانی دیکە ئاکامی ڕوخانی ئەوانی، وەکو تەماشاکەر لە دوایە. لەسەرو ئەمەشەوە، بەو جۆرەی بینیمان، تەماشاکردنەکە چاوەکانی کەسەکە، وەکو بابەت لەنێو خۆیدا وندەکات. بە بابەتکردنی کەسێکی دیکە، دەردەکەوێت، بەرگریکردن بێت لە بوونی خۆم. ئەو کاتەی من کەسێک بەو بوونە دادەنێم، کە بۆ من هەیە، بوونی خۆم لەو بارودۆخە ڕزگاردەکەم، کە بوونێکە بۆ ئەو. لە دیاردەی تەماشاکردندا کەسەکەی دیکە نابێت بە بابەت. هەروەها نابێت بە چەمکێکی سنورداریش بۆ پەیوەندی من بە بوونی خۆمەوە، کە بوونم بەبێ دەرکەوتنی خەسڵەتەکانی بەرجەستە دەکات. کەسەکەی دیکە نابێت بە بابەتی مەبەستەکەم؛ ئەگەر لەگەڵ سەرهەڵدانی تەماشاکردنەکەدا من بڕوانمە تەماشاکردنەکە یان کەسەکە، ئەمە بۆ بابەت دەبێت چونکە مەبەست ڕوو لە بابەتەکان دەکات. پێویست ناکات کەسانی دیکە بە بارودۆخێکی ڕووتکراوە دابنێین. لەڕاستیدا، لێرەدا هیچ بابەتێک نییە بیری لێبکرێتەوە و کەسەکەی دیکەش بونیادێکی هەمەکی نییە. کەسێکی دیکە، بە دڵنیاییەوە، بوونی من لەنێو جیهاندا ڕادەوەستێنێت. لەم ڕووەوە، نە بابەتە و نە بونیادی هەمەکی، وەکو کاتیگۆرییەکی ڕێکخەر بۆ ئەزموونەکانی منیش خۆی دەرناخات. ئەو لەبەرەنگارییەکەیدا بەرانبەر بوونی من بەرجەستە دەبێت. کەوابوو، کەسێکی دیکە چییە؟

پێش هەموو شتێک ئەو بوونێکە، کە من سەرنجی نادەم. ئەو تەماشای من دەکات و من تەماشای ناکەم. ئەو من بەو بوونە دەردەخات، کە خەسڵەتی شاراوەی هەیە، بەڵام خۆی بەو شیوەیە نیشانی من نادات. کەسێکە، وەکو بابەت ڕووی لە من نییە و ئەو لایەنێکی کۆنکرێتی دوور وەستاوەی نامۆبوونی ئەگەرەکانمە و بە هۆکاری ئەوەوە جیهان دەبێت بە جیهانێکی دیکە، کە هەموو پەیوەندییەکانم لەگەڵیدا کورت دەهێنێت. بەڵام ئەو لە گۆڕان و نامۆبوونەکە جیاواز نییە. ئەو واتایان پێدەبەخشێت. ئەو گۆرانەکانی من دەچەسپێنیت و دەیانکات بە بەشێکی جیهان. لە شەرمکردندا کەسەکەی دیکە لە هەموو شوێنێکی بووندا دەردەکەوێت و بوونی شەرمەکە دەسەپێنێت؛ ئەو دەبێت بە دروستکەری ئەو ژینگەیەی خەسڵەتە شاراوەکانمی تیدا دەردەکەون.

یەکەم، تەماشاکردنی کەسی دیکە، وەکو بارودۆخێکی پێویست بۆ بە بابەتکردنی من لەناوبردنی هەموو بابەتکردنێکە بۆ من. تەماشاکردنەکە دەمگرێت و من و جیهان بە تەواوی دەگۆڕێت. من دەبم بەو بوونەی لەنێو جیهاندا تەماشاکراوە. تەماشاکردنەکە، بەتایبەتی، کە تەماشاکردنی تەماشاکەرە، نەک تەماشاکراو جیاوازییەکانی نێوان بوونی من و بابەتەکان ڕەتدەداتەوە و خۆی دیارییان دەکات. تەماشاکردن دوورییەک لە جیهاندا و لە ئێستادا پەیدا دەکات، کە دووری نیی. من دەچمە دواوە، من لە ئامادەبوونەکەم لەنێو جیهاندا ڕووتکراومەتەوە؛ دوورییەکەم لە کەسەکەوە دیاریکراوە. لەوێدا، من پانزە هەنگاو لە دەرگاکەوە و شەش یاردیش لە پەنجەرەکەوە دوورم. بەڵام، کەسەکە دێت و بە دوای مندا دەگەڕێت و دوورییەکەی نێوانمان دەردەخات. بۆ ئەوەی دوورییەکەی نێوانمان بە شەش یارد بپێورێت، پێویستە بوونی ئەو بەبێ دووری خۆی بۆ من ئامادە بکات. کەوابوو، لە ئەزموونی دوورییەکەم لە بابەتەکان و لە کەسەکەوە هەست بە دووری کەسەکە لە ئامادەبوونەکەیدا ناکەم، دەگونجێت هەموو کەسێک لەم ڕوونکردنەوەیەدا بە ئامادەبوونی کەسێکی دیکە و تەماشاکردنەکەی توشی شەرم بووبێت. بە واتایەکی دیکە، مادام من هەستدەکەم تەماشام دەکەن، ئەوا بوونی کەسانی دیکە خۆی دەسەپێنێت. کاتێک کەسەکە تەماشای من دەکات ئەو لەنێو جیهانەکەی مندا نییە، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەوە ڕوو لە جیهانی من دەکات. بە تەماشاکردنەکەی دووری نێوانمان لەناودەبات. لەناوبردنەکەش بە هۆکاری بابەتێکی ڕاستەقینە یان ناڕاستەقینە یان شتێکەوە نییە. بەڵکو بە هۆکاری ئەو فاکتۆرەوەیە، کە ئەو کەسێکی دیکەیە. تەماشاکردنی کەسێکی دیکە دیاردەیەک لەنێو جیهاندا نییە، پەیوەندییەکەی نێوان من و کەسەکەش پەیوەندییەکی دەرەکی نێو جیهان نییە. بە ڕێگەی تەماشاکردنی کەسەکەوە

من دەیسەلمێنم، کە شتێک لەودیو جیهانەوە هەیە. بوونی کەسێکی دیکە بەبێ دووری و ناوەند، وەکو شتێکی بەرز لەبەردەم مندا و بۆ من خۆی دەردەخات. بەڵام ئەم ئامادەبوونە پەیوەندییەکی دوولایەنی دروست ناکات. ئەو ئامادەبوونە پڕ و بەرزەی لەبەردەم مندا قووت بۆتەوە و هیچ ناوەندێکی لەنێوانماندا دانەناوە، من بە خەسڵەتە شاراوەکانەوە دادەنێت، بەرزییەک، کە دوورییەکەی لە منەوە بوونێکی نەبڕاوەی هەیە و لە تەماشاکردنەکەدا من لەنێو جیهان نوقم دەکات.

لەسەرو ئەمەوە، بە وەستانی ئەگەرەکانم، کەسەکە ئەوەم بۆ ئاشکرا دەکات، کە من تەنیا سەربەستی کەسێکی دیکە دەمکات بە بابەت. من نابم بە بابەت بۆ خۆم چونکە من ئەوەم هەم؛ پشت بە تەواناییەکانی خۆم دەبەستم. لە دابڕان لە بوونی خۆم سەرکەوتوو نابم؛ من بەردەوام ئاگام لە خۆمە. هەندێکجار ساکارانە دەڵێم، دەتوانم ببم بە بابەت بۆ بوونی خۆم، بەبێ ئەوەی بیر لە لێپرسینەوەکەی بکەمەوە. لەمحاڵەتەدا لەناوەوە بیر لە بوونی کەسێکی دیکە دەکەمەوە؛ چونکە من، تاکو نەبم بەو کەسەی بابەتەکە دەناسێت، ناتوانم ببم بە بابەت. کەوابوو، پێش هەموو شتێک، کەسێکی دیکە ئەوەیە، کە من دەبم بە بابەت بۆ ئەو؛ لە ڕێگەی ئەوەوە بە بابەت بوونی خۆم دەسەلمێنم. ئەگەر من بتوانم یەکێک لە خەسڵەتەکانیشم وەکو بابەت بناسم ئەوا بوونی کەسێکی دیکە دەبێ هەبێت. ئەو کەسەش دەبێت (خۆ)یەکی ڕووت بێت. ئەم خۆیە ڕووتە، کە من ناتوانم بیناسم، بۆن موونە نابێت بە بابەت. هەر کاتێک بمەوێت بیکەم بە بابەت، لە دەرەوەی دەسەڵاتم ڕادەوەستێت. لەگەڵ هەستکردن بە تەماشاکردنەکە و ناسینی خۆم، وەکو بابەتێکی شاراوە بوونی کەسەکەی دیکە، وەکو خۆیەکی هێشتا نەناسراو لەگەڵ بوونی خۆمدا ڕاستەوخۆ دەدۆزمەوە.

هەمانکات، من هەست بە سەربەستی لە سنوربەدەری کەسێکی دیکە دەکەم. تەنیا سەربەستییەکەی ئەو دەتوانێت ئەگەرەکانی من ڕاگرێت و سنورداریان بکات. ڕێگرێکی ئەستویی ئەگەرەکانم ڕاناگرێت. نەچوونە دەرەوەم لە ماڵەوە لەبەر بارانبارین یان ڕێگەمپێنەدراوە، دوو شتی جیاوازن. لە حاڵەتی یەکەمدا من بڕیار لەسەر نەچوونە دەرەوە دەدەم. لەحاڵەتی دووەمدا ئەگەرەکانی چوونەدەرەوەم چەقیون و سەربەستییەک ڕێگەی لە من گرتووە و چوونەدەرەوەی لێ قەدەخە کردووم. ئارەزوویەکی ئاسایی و کتوپڕ پاڵ بە ئێمەوە نانێت بەبێ توڕەبوون و هەڵچون فەرمانی بەرانبەرەکەمان وەرگرین، بەڵکو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە فەرمان و قەدەخەکردنەکەی ئەو کەسە لەسەربەستییەکەیدا لەنێو بەکۆیلەکردنی خۆمان دەدۆزینەوە. لەناوچوونی ئەگەرەکانی خۆم لەنێو هەستکردن بە سەربەستی کەسەکەی دیکەدا دەبینم. لەناوچوونەکە لە ناخی سەربەستییەکەی ئەودایە. من دەبم بەوەی خۆمم و دەستیشم ناگاتە ناخی خۆم؛ فڕێدراومەتە ئێرە و لەنێو

سەربەســتییەکەی ئەودا وازملێهێنراوە. لەم ئەزموونــەدا پەیوەندییەکەم بە کاتی جیهانییەوە بۆ من دەبێت بە جۆرە کاتێکی ســەربەخۆ؛ تەنیا ئەو بوون-بۆ-خۆیەی کات بۆ خۆی پێکدەهێنێت دەتوانێت من فڕێ بداتە نێو کاتەوە.

کەوابوو، لە تەماشاکردندا هەســت بە بوونی کۆنکرێتی سەبەســتی و ئاگایی کەســێکی دیکە دەکەم، کە لەنێو کاتی بوونی خۆیدا ڕوو لە ئەگەرەکانی دەکات. ئامادەبوونی ڕاســتەوخۆی ئەو هەلومەرجێکی پێویستە بۆ تێگەیشــتن لە بوونی خۆم. کەســێکی دیکە ئەو (منە)یە، کە هیچ شتێــک لە یەکدیمان جیاناکاتەوە و هیچ شتێکیش لەژێر دەستی سەربەستییەکەیدا دەرناچێت.

ئێستا ئێمە تاکوڕادەیەک ســەربارەت ئــەو بەرەنگارییە دژی بەڵگەکانی خۆ-ویستــن فێــر بووین. بەرەنگارییەکەش لەســەر ئەو فاکتۆرە ڕادەوەســتێت، کە کەســێکی دیکە بۆ من دیاردەیەکی بەڵگەنەویست و ئامادەیە. من هەرگیز ناتوانم لەنێــو ئەزمونەکەمــدا دەریبهێنم، گومان لە بوونی بکەم یــان بیکەم بە بابەتی داماڵینە فینۆمینۆلۆجییەکە.

ئەگــەر کەســێک تەماشام بکات من دەبــم بە بابەت. ئــەم ئاگاییە لەبارەی بوون بە بابەتەوە لەوێدا ســەرهەڵدەدات، کە کەسێکی دیکە هەبێت. لەم ڕووەوە هیگڵ دروســت بۆ کێشــەکە چووە. بەڵام، ئاگایی و سەربەســتی کەســەکە بۆ مــن دەرنەکەوتــووە. ئەگەر هەبن ئەوا دەبێت بناســرێن و ببن بە بابەتی زانین. ئەمەش جارێکی دیکە لە بابەتەوە بۆ بکەرێکی بە ئاگا دەگەڕێنێتەوە. من ناتوانم بیرۆکەی ئەوان لە بوونی خۆمەوە دەربهێنم. یەکەم، چونکە من نایانناســم و هیچ نوێنەرێکیان لای من دروســت نەبووە. لەســەرو ئەمەوە، ئەم بەڵگە کۆنکرێتییە بۆ سەربەســتی، کە من دەیکەم بە هۆکردیش بەڵگەیە بۆ سەربەستییەکەی من؛ هەمــوو تێگەیشــتنێکی کۆنکرێتی لە ئاگایی، ئاگاییە لــە ئاگایی خۆم؛ چەمکی ئاگایی ئاماژەکردنە بۆ ئاگایی خۆم.

بێگومان، ئێمە لە پێشەکی[ئەم نوسراوەدا]سەلماندمان، کە بوونی سەربەستی و ئاگامەندی پێشمەرجن و پێش ناوەڕۆکیش دەکەون؛ لە ئاکامدا، ناوەڕۆکم دەبێت بە نموونەی سەربەســتی و ئاگامەندیم. لە جێگەی سێیەمدا، سەربەستی و ئاگامەندی کەســێکی دیکە نابن بە کاتیگۆری بۆ یەکگرتنی ئەزموونەکانم. بەدڵنیاییەوە، بەو شێوەیەی هوســرڵ باسیدەکات، بونیادی ئۆنتۆلۆجی جیهانی (من) داوادەکات ببێت بە جیهان بۆ کەسانی دیکەش. لەوێدا، کە کەسانی دیکە خۆیان بە جۆرێک لە بابەت لەنێــو جیهانی مندا دەردەخەن هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەوان بەو تەواناییەوە لەنێو جیهانی مندان. ئەگەر لەو باوەڕەدابم (پیرۆ) لەبەردەم مندا دانیشتوە و دەخوێنێتەوە، لەبەردەم پەرتووکەکەدا خۆی، وەکو بابەتێکی دەرەکی دەردەخات.

مــن ئەم بابەتــە دەبینم (هەرچەندە لە من ڕادەکــات) و لەگەڵیدا پەیوەندیم

هەیــە. لەنێو ئەم بارودۆخەدا چەمکی کەســانی دیکە چەقوەســتاو ڕادەگرین و دەیکەین بە چەقێکی بێ ناوەڕۆک، وەکو بابەتێکی دەرەکی لەنێو جیهانی خۆمدا دایدەنێــم. بەڵام ئامادەبوونی کەســانی دیکە لــە تەماشاکردنەکەیدا دەبێت بە ڕێبەســت و بە هۆکاری ئەوەوە جیهان لەژێر دەستی مندا دەردەچێت. دەرچوونی جیهان لەژێر دەستی مندا، لە کاتێکدا پەیوەندیدارە و ڕاکردنە لە بابەتەوە بەرەو بابەتێکــی دیکــە، بابەتگەرێتی بەهێزتر دەکات. ڕاکردنــی جیهان و بوونی خۆم لــە خۆمەوە بەرەو ئەو سەربەســتییەی من خاوەنی نیــم دەبێت بە لەناوچوونی زانینم. جیهان هەڵدەوەشێتەوە تاکو لە شوینێکی دیکەدا دروســتببێتەوە؛ بەڵام هەڵوەشاندنەوەکە بۆ من نییە و ناتوانم لەبارەیەوە هیچ بزانم یان بیریلێبکەمەوە. ئامادەبوونی کەســێکی دیکە، وەکو تەماشاکەر زانیــن و پرۆژەی بوونی من یان کاتیگۆری نییە. شتێکە هەیە و لە منەوە دەرنەچووە. منیش ناتوانم بیخەمە ژێر داماڵینە فینۆمینۆلۆجییەکەوە. لە داماڵینی فینۆمینۆلۆجیدا جیهان دەخەینە نێو کەوانەوە تاکو ئاگایی بەرز، وەکو داکەوتێکی ڕەها بدۆزینەوە. ســەرکەوتنی ئەم کــارەش بۆ ئێمە مەبەســت نییە و نامانەوێ بیدۆزینــەوە. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە کەســانی دیکە فەرامۆشناکرێن چونکە تەماشاکردنەکەیان ئەوە دەردەخــات، کە لە نێو جیهانی مندا نین. من گوتم، لەبەردەم کەســانی دیکەدا شــەرم دەکەم. لە داماڵینە فینۆمینۆلۆجییەکــەدا شەرم بە تەنیا ڕادەگرین تاکو باشتــر لە واتاکەی تێبگەین. کەســێکی دیکە بابەتی شەرمەکــە نییە. بابەتەکە هەڵوێستی من یان حاڵەتێکی منە لەنێو جیهاندا. ئێمە دەتوانین ئەمانە داماڵین. تەنانەت کەسێکی دیکە نابێت بە حاڵەتێکی دەرەکی شەرمکردنەکەشم. هێشتا ئەو بوونی شەرمەکەیە. شەرمکردن دەرخستنی کەسێکی دیکەیە، بەو شێوەیە نا، کە ئاگامەندی بابەتێک دەناسێت بەڵکو بە جۆرێک، کە ساتێکی ئاگامەندی دەبێت بە هاندەر بۆ ساتێکی دیکەی. ئەگەر ئێمە بە هۆکاری کۆجیتۆوە بە ئاگامەندی ڕەوان بگەیــن، ئەم ئاگامەندییە ڕەوانەش ئاگامەنــدی بێت لە بوونی شەرم، ئاگامەندی کەســێکی دیکە دەبێت بە دێوەزمەی و وەکو ئامادەبوونێکی دەستپێنەکراو خۆی لەدەســت هەموو داماڵینێک دەربازدەکات. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، پێویست نەکات لەنێو جیهاندا بۆ کەسێکی دیکە بگەڕێین بەڵکو لە تەنیشت ئاگامەندیدایە، ئاگامەندییــەک، کــە خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە دەکات بــەو شتەی هەیە. چۆن لە کۆجیتۆدا ئاگامەندیم خۆی ناسیوەو بووە بەگەواهی بوونی خۆی، بەهەمانشێوەش جۆرێــک لە ئاگامەندی، بۆ نموونە (ئاگایــی لە شەرم) لەنێو کۆجیتۆدا دەبێت بە گەواهی بوونی خۆی و بوونی کەسانی دیکە.

دەشێ هەندێک هاوڕانەبــن و لەگەڵ ئەو خاڵەدا ناکۆک بن، کە تەماشاکردنی کەســێکی دیکە واتــای بە بابەتبوون بە من دەدات. ئەگەر ئەمە دروســت بێت،

ئـــەوا جارێکی دیکە بـــۆ ڕاڕەوی خۆ-ویستـــی دەگەڕێینەوە. کاتێـــک من لەنێو ســـیستەمی بیرۆکەکاندا دەبم بە بابەت واتای بوون لە دەرەوەی مندا پەیدادەبێت و لەنێو گریمانەی کەســـانی دیکەدا سەرهەڵدەدات. لێرەدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەبکەین: **یەکــەم**، بە بابەتکردنی بوونم بۆ خۆم بە هیچ جۆرێک (من منم)ی هیگڵ نییە. ئێمە لەم ئاستەدا مامەڵە لەگەڵ خۆیەتی[ناسنامە] بە ڕواڵەت ناکەین. بوونـــم، وەکو بابەت یان بۆ-کەســـانی-دی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ بوون-بۆ-خۆمدا هەیە. لەڕاســـتیدا، چەمکی بابەتی، کە لە بەشی یەکەمی ئەم نوســـراوەدا بینیمـــان، پێویستی بە ڕەتدانەوەیەکی ئاشکرا هەیە. بابەت ئاگامەندی من نییە. ئەمەش بەو ئاکامەمان دەگەیەنێت، کە بابەت خەسڵەتەکانی ئاگامەندی بە خۆوە ناگرێـــت. کەوابوو، منی بە بابەتکراو بۆ خۆم ئـــەو منەیە، کە لە منەوە جیاوازە و خۆم نیم و خەســـڵەتی ئاگامەندی نییە. ئاگامەنییەکی لە ئاســـت دابەزێنراوە. بـــە بابەتکردن گۆڕانکارییەکی ڕادیکالانەیـــە. ئەو کاتەی خۆشم بە بابەت ئاشکرا دەبینم، هێشـــتا ئەو بابەتە نابێت بەو هەبـــووەی نوێنەرایەتی بوونم دەکات، کە ماڵـــرۆ گوتەنی ئەو دێوەیە هەموو کەســـێک دەیەوێت و لەگەڵ هیچ شتێکیشـــدا بەراورد ناکرێت. هەستکردن بە بوونم، وەکو بابەت و بۆ کەسانی دی لە بوون-بۆ-خۆی منەوە جیاوازە و هەرگیز ئاماژە بۆ بوونم ناکات.

بۆ ئەوەی خۆم وەکو کەســـێکی خراپ ببینم، بۆ نموونە، ئاماژە بۆ بوونم بەو جـــۆرەی بۆ خۆم هەم ناکەم، چونکە من خـــراپ نیم و بۆ خۆشم نابم بە خراپ. ئەمـــەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. لە پێش هەمـــوو شتێکەوە من بەو جۆرەی فەرمانبەرم یان پزیشکم خراپ نیم. لەڕاستیدا شێوازی بوونم بەو جۆرەیە، کە من ئەوە نیم ئێستا هەم. هەروەها بونێکیشم، کە هێشتا نەبووم. لە حاڵەتی دووەمدا، ئەگـــەر بۆ بوونـــی خۆم خراپ بم، ئەوا پێویستە لە شێـــوازی ئەو بوونەدابم، کە دەبێت ئەوشتە بێت و هەســـت بەم شێـــوازی بوونەشم بکەم، کە خراپە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت من دەبێت بوونی خۆم بەوشێوەیە ببینم، کە ویستی ئەوەی هەیە خۆی بە دژی چاکە دابنێ. لێرەدا پێویستە من بەپێچەوانەی حەز و ئارەزوومەوە ڕەفتاربکەم و ڕقم لەو بوونەی خۆم بێت، کە هەیە. ئەگەر لە ئاســـتی بوون-بۆ-خۆدا من هەســـت بە خراپە بکەم، ئەوا پێویستە خۆم بە کەسێکی خراپ دابنێم، ئەمەش لە ڕێگەی خۆ تاوانبارکردنەوە ڕوودەدات.

دەبینین ســـەرچاوەی چەمکی خراپ لە بوونـــی مندا نییە ئەگەر من خۆم بم. هەرگیز ناتوانم خراپە بەســـەر خۆمدا بسەپێنم یان بیبەســـتم بە بوونمەوە ئەگەر فـــرێ بدرێمە دەرەوەی بوونـــم. ئەمەش لەبەر ئەوەیە من لـــە کاتی فرێدانەکەدا خۆمـــم. من نەبوونی خۆمم؛ چونکە من ناوەنـــدم لەنێوان بوونی خۆم و خۆمدا و هەمـــوو بە بابەت بوونێک لەناودەچێت. من نابم بـــەو نەبوونەی بوونم، کە وەکو

بابەت من جیادەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا دەبێت شتێک نوێنەرایەتی من، وەکو بابەت بکات. کەوابوو، ناتوانم دان بە بوونی خەسڵەتێک یان هێزێکی دەرەکییدا بنێم، کە ئەو هێزە لە بوونی مندا نەبێت و نەتوانم خۆم بکەم بە خاوەنی. بێگومان، ئەم خاڵە لەپێش ئێمەدا باسکراوە. لە کۆنەوە گوتراوە کەسانی دیکە فێرم دەکەن من کێم. بەڵام ئەوانەی ئەم گوتەیە دەخەنە بەردەممان، لە هەمانکاتدا لەو بڕوایەشدان، کە من چەمکی کەسانی دی لە خۆمەوە بە هێزی خۆم و لە پڕۆژەکانی بوونمەوە دادەتاشم یان دەکەوێتەسەر بەراوردکردن و لێکچون. کەوابوو، لەنێو بازنەیەکی سنورداری سەختدا دەمێننەوە و لێوەی دەرناچن. کەسانی دی نابن بە واتا بۆ بەبابەتکردنی بوونم، بەڵکو حاڵەتێکی کۆنکرێتی و بەرزن بۆی. هەموو خەسڵەتەکانی، وەکو خراپ، غیرە، بەزەیی و دژبوون و زۆری تریش، لەنێو ئەندێشەدا نین. کاتێک دەیانبەستم بە بوونی کەسێکەوە دڵنیام لەوەی دەمەوێت من هەست بە بوونی کەسەکە بکەم. هەمانکات، نابن بە ڕاستەقینەی بوونی من. ئەو کاتەی کەسێک ئەم خەسڵەتانەم بۆ دادەنێت من هێشتا بوون-بۆ-خۆم. هەروەها خۆم ناناسمەوە و لەگەڵ ئەمەشدا دەزانم، کە ئەو بوونەی باسی دەکات منم. من لێپرسینەوەی ئەو کەسە بێگانەیەی خۆی بە من ناساندوە هەڵدەگرم، بەڵام ئەو هەمیشە بە بێگانەیی دەمێنیتەوە. ئەو نەیتوانیوە لەگەڵ بە بابەتبوونی مندا یەکبگرێت و ئەو بوونەش نییە،

که منم لە شێوازی (من منم)دا. من وێنەیەکی نێو ئەندێشەی ئەویش نیم، تاکو تەنیا بۆ ئەو هەبم و بەرپرس بێت لە بوونم. ئەم (من)ە لەگەڵ ئەو منەدا، کە هەیە بەراورد ناکرێت و گۆڕانکاری تێدا ڕوودا‌وە. ئەو منە بوونی منە، بەڵام ڕەهەند و شێوازی نوێی هەیە.

من بە هۆکاری نەبوونێکی لەچارەبەدەر لە بوونی خۆم جیاکراومەتەوە. من خۆمم، بەڵام ئەو نەبوونیە نیم، کە جیایکردوومەتەوە. بوونم بۆ کەسانی دیکە کەوتنە نێو بابەتگەراییە لە بۆشاییەکی ڕەهاوە. مادام ئەم کەوتنەخوارەوەیە نامۆییە ئەوا بوونم دەکەم بە بابەت بۆ خۆم؛ من ناتوانم بوونم لە خۆم نامۆ بکەم.

دووەم، لەسەرو ئەمەوە، کەسانی دیکە من ناکەن بە بابەت بۆ خۆم، بەڵکو دەیکەن بە بابەت بۆ خۆیان. کەسێکی دیکە ناتوانێت ئەو زانیارییەی دەستبکەوێت من لەبارەی بوونمەوە هەمە. کەوابوو، بوونی کەسێکی دیکە نابێت بە هۆکار بۆ دەرکەوتنی من وەکو بوون-بە-بابەت. من بێجگە لە هەڵهاتن هەست بە هیچی دیکە ناکەم. ئەو کاتەی لە ڕێگەی زمانەوە بۆم دەرکەوێت کەسەکە من بە خراپ یان غیرەکەر دادەنێت هەرگیز درک بەو خراپەیە یان غیرەیە ناکەم و هەوڵدەدەم لێیان ڕابکەم و خۆم لە ترس و شەرمکردن دووربخەمەوە. کەوابوو، بوون-بە-بابەتی من زانین و یەکێتی زانینیش نییە، بەڵکو سەختییە و دووركەوتنەوەیە لە بوون-بۆ-

خۆ؛ سنوردارییەکە من پێیناگەم و کەچی من ئەویشم. کەسەکەی دیکەش، کە ئەم بوونەی من بۆ من دەردەخات، زانین یان کاتیگۆری نییە، بەڵکو ئامادەبوونی سەربەستییەکی بێگانەیە. لەڕاستیدا دوورکەوتنەوە لەبوونی خۆم و سەرهەڵدانی سەربەستییە بێگانەکە یەک شتن. بۆ من دەبن بە دامەزراو و بەبێ یەکدی نادۆزرێنەوە. لەناخەوە هەست بە بوونی کەسێکی دیکە دەکەم و توشی سەختیم دەکات. بوونی ئەو لە تەماشاکردنێکی کورتی مندا بەردەوام من لە جیهاندا دخاتە نێو مەترسییەوە. ئەو بەو شێوەیە دەرناکەوێت، کە ئێستا سەریهەڵداوە و دوایی بەرەنگاریم دەکات، بەڵکو ئەو بوونەیە، کە پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بوونی مندا هەیە و بوونی ئەو، کە چەسپاوە و فاکتۆرێکی پێویستە لە ئاگامەندی مندایە.

لێرەدا چەند گرفتێک دەمێننەوە و ڕوومانتێدەکەن. بەتایبەتی، لە حاڵەتی شەرمکردندا ئامادەبوونی کەسێکی دیکە گومانی لێناکرێت. بەو شێوەیەی بینیمان، دەگونجێت کەسێک تەماشای من بکات. کێڵگەی سەر گردەکە دەڕوانێتە جەنگاوەرەکان. دڵنیاین لەوەی خانوەکەی ناوی پڕە لە دوژمن. بەڵام ئێمە نازانین ئێستا سەربازە دوژمنەکان لە پەنجەرەکانەوە دەڕواننە دەرەوە. دڵنیانیم ئەو کەسەی گوێم لە دەنگی پێیەتی لەپشتەوە تەماشای من دەکات، دەشێ ڕووی لە شونێکی دیکە بێت، تەماشای زەوییەکە یان پەرتووکێک بکات. دواجاریش، بەگشتی، دڵنیانیم لەوەی ئەو چاوانەی دەڕواننە من چاو بن. دەشێ چاوی ڕاستی نەبن. بەکورتی، پێویست ناکات بڵێم تەماشکردنەکە دەبێت بە ڕووداوێکی گونجاو چونکە من بەردەوام بەبێ ئەوەی تەماشابکریم هەستدەکەم تەماشا دەکرێم! ئایا بوونی کەسانی دیکە نابێت بە گریمانە؟ ئێمە دەتوانین گرفتەکان بەمجۆرە باسبکەین: لەحاڵەتی ئامادەبوونێک لەنێو جیهاندا، کە بۆ من تەماشاکردن بەرجەستە دەکات، بەدڵنیاییەوە من هەست بەوە دەکەم، کە تەماشام دەکرێت. ئەمەش لەنێو بونیادەکەیدا بوونی کەسێکی دیکە دەردەخات. بەڵام دەشێ من هەڵە بم و ئەو بابەتانەی بە چاو دامدەنان چاو نەبن. دەشێ با لقی درەختەکانی لە پشت منەوە جوڵاندبێ. بەکورتییەکەی، دەشێ ئەو بابەتانە تەماشاکردن دروست نەکەن. لەمحاڵەتەدا، چ شتێک من دڵنیادەکات لەوەی تەماشام کراوە؟ شەرمکردنەکەم وەستانە لەبەردەم کەسێکدا. بەڵام لەمحالەتەدا کەس لێرە نییە. ئایا ئەمە شەرمکردن لەبەردەم هیچ کەسدا نییە؟ ئایا ئەمە نابێت بەشەرمکردنێکی ناڕادت؟

نابێت ئەم گرفتە ڕێگربێت لە ئاستی توێژینەوەکەمان و پێویستیش ناکات باسیبکەین، مەگەر لە شیکردنەوەکەمان بۆ بوون-بۆ-کەسانی دی سودی لێوەرگرین. لێرەدا ئاڵۆزی لەنێوان دوو جۆر زانین و بووندا پەیدا دەبێت و بەراوردیش ناکرێن. ئێمە هەمیشە زانیومانە بابەتێکی نێو جیهان گونجاوە. ئەمەش وابەستە بە

خەسڵەتی ئەو شتەوە، وەکو بابەت. دەگونجێت ئەوەی بە لامدا تێدەپەڕێت مرۆڤ بێت و ئەویش تەماشای من بکات؛ ڕاســـتەوخۆ هەســـتدەکەم تەماشام کراوە. من ئەم دڵنیابوونەم بە بوونی کەسەکەوە، وەکو بابەت نابەستمەوە. لەڕاستیدا بوونی کەسەکە، وەکو بکەر بۆ من دەردەخات.

لـــە هەموو حاڵەتەکاندا دڵنیابوونەکەم بوونی کەســـەکە لە بکەرەوە بۆ بابەت ناگۆڕێت. زەمینەی تەماشاکردنەکە بابەتە بەرجەستەبووەکە هەڵدەوەشێتنێتەوە. ئەگەر ئەو کەسە ناشرینەی بە لای مندا تێیدەڕێ لە پڕ تەماشام بکات ناشرینییەکەی نامێنێتەوە. لەو کاتەدا هەست بە تەماشاکردنەکەی دەکەم و دەبێت بە ناوەندێکی سەربەست لەنێوان خۆم و مندا. ڕاستەقینەی ئەو بوونەی تەماشایکراوە پشت بەو بابەتە نابەستێت، کە تەماشاکردنەکەی لێوە پەیدا دەبێت. مادام شەرمکردنەکەم، وەکو ئەزمونی ژیان گەواهی لەسەر بوونی کەسێکی دیکە دەدات، بەهەمانشێوەش دەبێـــت بە گەواهی بوونـــی خۆی و من گومانی لێناکـــەم. گومانکردن لە ئەو لە گومانکردن لە بوونی خۆم دەچێت. هەستکردن بە بوونی خۆم (لەکاتێکدا تەماشای دەســـتەکانم دەکەم) توشی هەڵەکردن دەبێت. کەوابوو، ڕاستەقینەی ئەو بوونەی تەماشاکـــراوە، وەکو فۆرمێکی ڕووت بە لەشی تەماشاکەرەکەوە نەبەســـتراوە و پەیوەندی بە کۆجیتۆی ڕووتی ئاگامەندیشەوە نییە. ئێمە دەبێت لە سەرهەڵدانی بابەتێکـــی تایبەت لەنێـــو ئەزمونەکانمدا، ئەو کاتەی چاوکانی کەســـەکە ڕوو لە من دەکـــەن، ئاگادارم دەکەنەوە و منیش هەســـت بەوەدەکـــەم تەماشامکراوە. شوێنکەوتوانـــی فەلسەفـــەی ئەفلاتونیش لە ڕێگـــەی ناکۆکییەکانی نێو جیهانی هەســـتەکییەوە باوەڕە فەلسەفییەکەیان بە شوێنێکی دیکە دەگەیەنن. ئەوەی بۆ من ئاشکرایە ئەو ڕاستییەیە، کە تەماشامکراوە، تەماشاکردنەکەش پەیوەندی بە ئامادەبوونەوە هەیە. ئەوەی جێگەی سەرســـوڕمانیش نییە ئەو خاڵەیە، کە نەک چاوەکان، بەڵکو کەسەکە، وەکو بکەر ئێمە دەبینێت.

لەســـەرو ئەمەوە، دەشێ کەســـێک بڵێت، مـــن دەتوانم بیدۆزمـــەوە، کە بە هەڵەداچووم. من لە کونی کلیلەکەوە تەماشای ژوورەوە دەکەم و لە پڕێکدا گوێم لە دەنگی پێ دەبێت. هەستدەکەم، لە شەرما توشی دڵە لەرزە بووم. بەڵام کەس نابینم، تێدەگەم هەڵە بووم و هەناســـەیەک هەڵدەکێشم. ئایا ئەم ئەزموونە خۆ-ڕووخێنەر نییە؟ با زۆرتر لەم کێشەیە ورد ببینەوە. ئایا بوونی منە، وەکو بابەت بۆ کەســـەکە بە هەڵە بەرجەســـتە بووە؟ هەڵبەتە. هەڵەکەی من دەتوانێت کۆڵم پێبدات و پرۆژەکەم بوەستێنم. ئەگەر لەسەریشی بەردەوام بم دەبێ دڵە لەرزەکەم خێراتـــر بێت و گوێم لە نزمترین دەنگی ســـەر پلیکانەکان بێـــت. لەگەڵ ئاگادار بوونەوەکەمدا هەســـت بە بوونی کەسەکە لە هەموو شوێنێکدا بکەم؛ لەخوارەوە، لەسەرەوە، لەنێو هەموو ژوورەکاندا و هەستیش دەکەم بوونم بۆ ئەوە. لەوانەشە

شەرمکردنەکەم نەڕوات و لەو کاتەدا چاوم بە کونی کلیلەکەوە ناوە ڕەنگم سوور هەڵگەڕێت. ئەزموونی بوون-بۆ-کەسێکی دیکەم ناوەستێت؛ ئەگەرەکانم نامرن و دووری پلیکانەکانیش لەناوناچێت و سوچە تاریکەکەش بۆ خۆشاردنەوەی کەسێک دەمێنێتەوە. ئەگەر لەگەڵ هەموو دەنگێکدا لەشم بلەرزێت و منیش هەست بەوەبکەم کەسێک دەمبینێ لەبەر ئەوەیە من لە حاڵەتی ئەو بوونەدام تەماشای دەکرێت. کەوابوو، هەڵەکە یان ئەزموونە خۆ-ڕووخێنەرەکە چییە؟ بوونی کەسەکەی دیکە، وەکو بکەر و ئامادەبوونەکەی نییە. ڕاستەقینەی کەسەکە و پەیوەندی بوونی و بابەتەکەیە لەنێو جیهانی مندا. ئەوەی گومانی لێدەکرێت بوونی کەسەکە نییە، بەڵکو بونێتی لەوێ، بۆ نموونە، بوونێکی کۆنکرێتی یان ڕوداوێکی مێژوویی، کە لە دەستەواژەی (کەسێک لەنێو ژوورەکەدایە) دەریدەبڕین.

لەم ڕوونکردنەوەیەوە گەشتەکەمان زۆرتر بەڕێدەخەین. ئامادەبوونی کەسی دیکە لەنێو جهاندا لە شیکردنەوەی ئامادەبوونی کەسێک، وەکو بکەر بۆ من دەرناکەوێت چونکە ئامادەبوونەکە بەرزێتییە، بۆ نموونە بوونێکە لەودیو جیهانەوە. من لەو باوەڕەدابووم کەسێک لەنێو ژوورەکەدایە، بەڵام هەڵەبووم. کەس لەنێو ژوورەکەدا نەبوو. ئەو ئامادە نەبوو. ئامادەنەبوون چییە؟

ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونەکانی ڕۆژانەمان تەماشای چەمکی (ئامادە نەبوون) بکەین دەردەکەوێت واتای هەموو (لەوێدا نییە)یەک نابەخشێت. ئەگەر من کیسەی توتنەکە لە جێگای خۆیدا نەبینم، ناڵێم کیسەکە ئامادە نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە شوێنی بابەتێکی ئەستویی یان ئامێرێک لە سروشتی بابەتەکەوە سەرهەڵنادات. سروشتەکەش لەسەر شوێنەکە ڕاناوەستێت، بەڵکو من شوێن بۆ بابەت و ئامێرەکان دیاریدەکەم. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی شوێنی بابەتەکان دەهێنێتە کایەوە. هەمانکات ناڵێم ئاغاخان یان سوڵتانی مەراکیش لەنێو خانوەکەدا نییە، بەڵام دەڵێم پیرۆ، کە لەوێ دەژی نزیکەی چارەکە کاتژمێرێکە لێرە نییە[٥٥] بەکورتی، ئامادە نەبوون شێوازێکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە و پەیوەندی بەو شوێنانەوە هەیە، کە ئەو ڕاستەقینەیەی تێدا ئامادە دەبێت. ئامادەنەبوون پەیوەندی نەبوون بە شوێنەوە نییە، بەپێچەوانەوە، من پەیوەندی پیرۆ بە شوێنەوە، لە کاتێکدا دەڵێم لەوێ نییە دیاریدەکەم. دواجاریش، پەیوەندییەکەی پیرۆ بە شوێنی سروشتییەوە نییە. هەروەها، دەتوانم

---

٥٥ ئاغاخان ئیمام و پێشەوای دەستەی شیعەی ئیسماعیلی نیزارییە. شوێنکەوتوانی ئەم دەستەیە بەشێک بوون لە فاتمییەکانی میسر و سەر بە (نیزار) کوڕی ئەلموستەنسیر(١٠٩٤ مردووە) خەلیفەی هەشتەمی فاتمییەکانن. لەوباوەڕەدان نیزار پاش مردنی باوکی دەبێت ئیمامەت و خەلافەت بگرێتە دەست. ناوی ئاغاخان بۆ ئیمامی ئەم دەستە شیعەیە یەکەمجار حەسەن عەلی شا لە ساڵی ١٨٤٥، کە لە ئێرانەوە چوو بۆ هیند بەکاری هێنا و لەو ڕۆژەوە ئەم دەستەیە بە ئاغاخانی ناسراون. زۆربەیان لە وڵاتی هیند و پاکستان و ئەفریقا دەژین.(وەرگێڕ)

بڵێم پیرۆ بۆ ســەیرانەکە لە شوێنێک لــە دەرەوەی شار، کە هەرگیز نەیبینیوە، نەهــات. ئامادەنەبوونی پیرۆ بە پەیوەندییەکەی بــە شوێنەوە پێناس دەکرێت. ئەو شوێنەش لەســـەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ڕادەوەستێت. ئامادەنەبوونی پیرۆ لەنێو ئەزموونی کەســەکاندایە. ئامادەنەبوونەکــەی شێوازێکی کۆنکرێتی بوونی پیرۆیە بۆ تێرێسا؛ پەیوەندییە لەنێوان ڕاستەقینە مرۆڤایەتییەکاندا، نەک لەنێوان ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و جیهاندا. لە پەیوەندییەکەی نێوان تێرێسا و پیرۆدا پیرۆ ئامادە نییە. ئامادە نەبوون پەیوەندییە لەنێوان دوو یان چەند ڕاســتەقینەیەکی مرۆڤایەتی، کە جەخت لەسەر ئامادەبوونی ئەو ڕاستەقینانە دەکات.

ئامادەنەبوونــی پیــرۆ لــە پەیوەندییەکەیدا لەگــەڵ تێرێســا پەیوەندی بە ئامادەبوونییەوە هەیە. ئامادەنەبوونەکەش لەنێو پەیوەندی نێوان پیرۆ و تێرێسادا واتا دەبەخشــێت. پیرۆ تێرێسای خۆشدەوێت، هاوسەری ئەوە، پشتگیری دەکات و هتــد. ئامادەنەبوون، بوونی پیــرۆ دەردەخات؛ بەڵام مردن ئامادەنەبوون نییە. دووری لەنێــوان پیرۆ و تێرێسادا گۆڕان بەســـەر ئامادەبوونیاندا ناهێنیت. ئەگەر لە چــاوی پیرۆوە بڕوانینــە پەیوەندییەکە تێرێسا لەنێو جیهانــدا، وەکو بابەت دەبینین یان پیرۆ هەست بە بوونی خۆی بەرانبەر تێرێسا، وەکو بکەر دەکات. لە حاڵەتــی یەکەمدا، دوورییەکە ڕێکەوتە و واتاش لە پەیوەندییە بنەڕەتییەکەیاندا، بەو شێوەیــەی پیرۆ خۆی لەنێو جیهاندا ئامادەدەکات نابەخشــیت. لە حاڵەتی دووەمدا، پیرۆ هەســتدەکات بوونــی بۆ تێرێسا بەبــێ دووری هەیە؛ تێرێساش دووری نێوانیانــی لە ناوبــردوە. دووری نێوانیان بەقــەد پانتایی جیهانە، بەڵام بــۆ تێرێسا پیرۆ دوور نییە، بووە بە بابەتێــک لەنێو جیهانی ئەودا. بەهەرحاڵ، لەهەردوو حاڵەتەکــەدا لابردن پەیوەندییە بنەڕەتییەکــان ناگۆڕێت. گرنگ نییە نێوانی پیرۆی بکەر و تێرێسای بابەت، پیرۆی بابەت و تێرێسای بکەر گەورە یان بچوک بێت، چارەنووســەکانی جیهان نەبڕاوەن. هیچ جیاوازییەک لەنێوان پیرۆی بابــەت و تێرێســای بکەر و تێرێسای بابەت و پیرۆی بکــەردا نامێنێت. چەمکی ئەزمونگەراییەکانــی ئامادەبوون و ئامادەنەبــوون، ئامادەبوونی دیاریکراوی پیرۆ و تێرێســا و تێرێسا و پیرۆن. ئەمانــە ڕێگەی جیاوازی دەربڕینی ئامادەبونن. لە لەنــدەن، ئیندیسی ڕۆژهەڵات، ئەمەریکا، لە بیاباندا پیــرۆ بۆ تێرێسا ئامادەیە. پیرۆ تەنیا بــە مردن ئامادەبوونەکەی خۆی لەناودەبــات. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کــە بوون بەگوێــرەی درێژی و پانایــی پەیوەندی بە شوێنەوە نییە. کەســێک لەنێوان (ڕێگای گێرمەنتیس)م (ڕێگای سوان) دەکەونە نێو شوێنێکی-مرۆڤانەوە. ئامادەبوونی سوان و میرخانمی گێرمەنتیسە ئاماژە بۆ ئەم شوێنە دەکەن. ئێستا ئەم ئامادەبوونە لەگەڵ خۆیدا بەرزێتی شوێنیش پەیدا دەکات: ئامادەبوونی من و ئامۆزاکەم لە مەراکیش ڕێگایەک لەنێوانماندا دیاریدەکات و منیش لەنێو شوێنیکدا

دادەنێــت، کــە دەتوانم بە ڕێگا بەرەو مەراکیش نــاوزەدی بکەم. ئەم ڕێگەیەش بێجگە لە دووری لەنێوان ئەوی دیـ وەکو-بابەت و هەروەها وەکو (خۆ)ش، کە بۆ من بەبێ دووری ئامادەیە، چی دیکە نییە. کەوابوو، من خراومەتە نێو فرەڕێگای نەبــڕاوە، کە بەرەو ئەو بابەتەم دەبات، لەنێو جیهانــی مندایە و هەمانکات ئەو بابەتەش (خۆ)یەکی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ و بەرزە.

لەبەرئــەوەی جیهان بە هەموو هەبووەکانەوە خۆی بۆ من دەردەخات، ئەوا ئەم ڕێگایانە دەبن بە کۆمەڵێک ئامێری ئاڵۆز، کە من بە هۆیانەوە دەتوانم ئەو کەسەی، وەکو بابەت دەردەکەوێت بەو (خۆ)یە ببینم، کە لەوێدایە. دەتوانین ئەم بۆچوونانەش بکەین بەگشتی؛ تەنیا پیرۆ، رێنە، لوسیان لە پەیوەندییەکەیان لەگەڵ مندا ئامادە یــان ئامادە نین. ئەوان تەنیا کەســێک نین شوێنی من دیــاری بکەن؛ من، وەکو ئەوروپییەک پەیوەندییم بە مرۆڤە ئاســیاوی و پێست ڕەشەکانیشەوە هەیە؛ وەکو پیاوێکی پیر لەگەڵ لاوێکدا، دادوەر لەگەڵ تاوانکاردا، بورژوا لەگەڵ کرێکاردا هەیە. بەتێکڕا شوێن و ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، پەیوەندی بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی هەمــوو مرۆڤیکی زیندووەوە لەنێو بەســتێنی ئامادەبوونــە بنەڕەتییەکەوە هەیە. ئامادەبوونــی بنەڕەتی لەوێدا واتابەخشــە کە بوونێک بێــت تەماشای کرابێت یان تەماشا بکات؛ ئەمەش دەکەوێتە ســەر ئەوەیـ کەسانی دیکە بۆ من ببن بە بابەت، یان من بۆ کەســانی دیکە دەبم بە بابەت. بوونـ بۆ ئــەوان فاکتۆرێکی بەردەوامی ڕاستەقینەی مرۆڤانەیە؛ من لەگەڵ هەموو بیرکردنەوەیەکدا هەست بە بوونی دەکەم. بــۆ هــەرچ شوێنێک بڕۆم، هەرچ کارێــک بکەم من تەنیا لە گۆڕانــی دوورییەکەم لە کەســانی دیکەوە ســەردەکەوم؛ ئەو ڕێگایانەم بــۆ دەردەکەوێت، کە بە ئەوانم دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی کەســانی دیکە، وەکو بابــەت بدۆزمەوە یان دووربخەمەوە، پێویستیم بەو ئەزموونانە هەیە من، وەکو بوون بۆ ئەوان دەردەخەن. کەسانی دیکە لە هەموو شوێنێکدا بۆمان ئامادەن و من دەکەن بە بابەت بۆ خۆیان. لەم ڕووەوە من لەو خاڵەدا بە هەڵەدا دەڕۆم، ئەگەر بڵێم ئەزموونەکەم ئەوان بە بابەت دەردەخات. من ئەزانم ئەو کەسەی بەرەولای من دێت (ئانی)یە و کەسێکی نەناسراویشە. لێرەدا، ئامادەبوونەکەی (ئانــی) بۆ من گۆرانی تێدا ڕوونــادات. بێگومان، من دەگەمە ئەو باوەڕەی کەســێک لە ســوچە تاریکەکەوە تەماشای من دەکــەت یان ئەوەی من بەکەسێکم دادەنا لقی درەختەکە بوو؛ ئامادەبوونی بنەڕەتی من بۆ هەموو کەسێک و ئامادەبوونی بنەڕەتی هەموو کەسێکیش بۆ من لەم حاڵەتانەدا ناگۆڕێت. دەرکەوتنی کەســانی دیکە لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەمدا بوونی ئەوان ناسەلمێنێت. دڵنیابوونم لە بوونــی ئەوان لەودیو ئەزموونەکانەوەیە، بەڵکــو بەپێچەوانەوە، بوونی ئەوانە، کە ئەزموونەکانی من دەهێننە کایەوە.

ئــەوەی من توشی هەڵەکردن دەکات، ئەو ڕاســتەقینەیە یان پەیوەندییەکەی

نێوان مـــن و ئەو نییە؛ (ئەو)ەیە، کـــە نوێنەرایەتی مرۆڤ-وەکـــو بابەت دەکات و نایکات. ئەوەی هەیە دووری و نزیکی کەســـەکەیە؛ ئەمەش خەســـڵەتی وەکو بابـــەت و پەیوەندییەکەی بە جیهانـــەوە دەردەخات. بە بابەتبوونی ئەویش لەنێو جیهاندا لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی دیکەیە دەکرێتەوە. بە بابەتبوونی ئەو، لەگەڵ ســـەرهەڵدانی خۆیەتی مندا ســـەرهەڵدەدات، بەڵام من هەرگیـــز دڵنیانیم لەوەی ئەو کەســـە ئەو بابەتەیە. بوونی منیش بۆ ئەو بەهەمانشـــێوە خۆی دەردەخات. بێگومان من ئێستا بۆ هەندێک ئەڵمانی بابەتم. بەڵام ئایا بوونی من فەرەنسی یان پاریسییە، یان (ئەو) پاریسییەیە هەموو فاکتۆرەکان سەبارەت پاریس و فەرەنسا لە دەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە؟

ئێستا دەتوانین لە ناوەڕۆکی تەماشاکردن تێبگەین. لە هەموو تەماشاکردنێکدا کەســـانی دیکە، وەکو بابەت یان ئامادەبوونێکی کۆنکرێتی لەنێو بەســـتێنێکەوە دەردەکـــەون؛ لە هەڵوێستێکی ناســـراوی کەســـانی دیکەشـــەوە، کە من توشی شەرمکـــردن یان دوودڵی دەکات، چۆنیەتی بوونـــی خۆم دیاریدەکەم و دەبم بەو بوونەی تەماشای دەکرێت. ئەمەش من دەکات بە (ئەو)شتە کۆنکرێتییەی تەماشای دەکرێت و بوونی کەســـانی دیکە بەرجەســـتە دەکات. منیش دەکات بە بوون بۆ ئەوان. ســـەلماندنی ئەم بارودۆخەی من یان ئەو مرۆڤەی بوو بە بابەت بۆ هەموو مرۆڤە زیندووەکان و فرێدراوەمەتە بەر تەماشای ملیۆنێک لە ئەوان، ڕاکردنی منیش ڕۆژانـــە لە تەماشاکردنەکانیان، هەمانکات ســـەلماندنی بە بابەتبوونی منە. ئێمە هەموو ئەم لایەنانە لەنێو تەماشاکردندا کۆدەکەینەوە. هەموو تەماشاکردنێک ئەوە دەســـەلمێنێت، کە ئێمە بۆ مرۆڤە زیندووەکان هەین؛ ئێمە لەبەردەم (ئاگامەندی) ئەواندایین. ئەمەش فرەلایەنی دروســـت ناکات. فرەلایەنی بە بابەتەکانەوەیە. ئەو بوونـــەی لەلایەن (خۆ)یەکەوە تەماشای دەکرێت و (خۆ)کەش بۆ ئێمە دەردەخات لەبەردەم ڕاستەقینەیەکی یەک لایەنییدا ڕامان دەگرێت. لە کاتێکدا تەماشای ئەو کەســـانە دەکەم، کە تەماشای من دەکـــەن (ئاگامەندی) ئەوان لەنێو فرەلایەنیدا دادەنرێن. ئەگەر بمەوێت ئاوەڕ لە تەماشاکردنەکە نەدەمەوە و گوێ بە ئامادەبوونی کەســـانی دیکە نەدەم، ئەوا خۆم بـــە زنجیرەیەک ئەزمونی شاراوەی ئامادەبوونی ئەوان دەبەستمەوە و خۆم لەبەردەم خوایەکی خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها و خۆیەکی نەبڕاوەدا دەدۆزمەوە. بەڵام ئەم دوو بە بابەتکردنە سەلماندنیان دژوارە.

ئەم بۆچوونە لەگەڵ نموونەیەکی ڕۆژانەی ژیانماندا چاکتر واتاکەی دەردەکەوێت: ئەگەر لە شوینێکی گشتیدا دەرکەوین یان لەسەر شانۆ دەورێک ببینین، وانەیەک بڵێینەوە هەرگیز ئەو ڕاستییەمان لا وون نابێت، کە تەماشادەکرێین و کارەکانمان لەبـــەردەم تەماشاکردنەکەدا بەڕێوەدەبەین. کاتێک لەســـەر باســـێک دەدوێین و بۆچوونەکانمان دەردەبڕین، ئامادەبوونی ئەو کەســـانەی دیکە نەناسراو دەبێت.

ئــەوان بە پۆل یان گوێگران دانانرێن؛ تەنانەت تاکە کەســەکانیش ناناســینەوە. هەروەها بایەخ بە تەماشاکردنەکانیشــیان نادەیــن. ئەگەر بمەوێت بزانم ئەوان لە بۆچوونەکانی من تێگەیشتون و تەماشای بیسەران بکەم ئەوەی دەیبینم ڕووخساریانە بــۆ من دەردەکەون. تەماشاکردنەکە وون دەبێــت. لەبەرئەمە چەمکی (ئەوان) بۆ بارودۆخی نارەسەنی بوونی مرۆڤ بەکاردەهێنین. من لە هەرچ شوێنێک بم، ئەوان تەماشای من دەکەن. (ئەوان) هەرگیز نابن بە بابەت چونکە زوو هەڵدەوەشێنەوە. کەوابوو، تەماشاکردن ئێمــە دەکات بە بوون-بۆ-ئەوان و بوونی ئەوانیش بۆ ئێمە دەسەلمێنێت. بەڵام لەمە زۆرتر بەرەو هیچ شوێنێکی دیکەمان نابات. ئەوەی گرنگە لێی بکۆڵینەوە پەیوەندی بنەڕەتی نێوان من و کەســانی دیکەیە. یان باشترە ئەو پرسیارە بکەین، کە ئایا بوونی ئەو بوونەی بۆ کەسانی دیکەیە چییە؟

لە ڕوونکردنەوەی پێشــتردا خاڵێک هەبوو پێویســتــە ڕەچاوبکرێت و لەوانەیە یارمەتــی ئێمەش لە تێگەیشــتنەکەماندا بدات. ئەمەش ئــەو خاڵەیە، کە بوون-بۆ-کەســانی دیکە لەنێو بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆدا نییە. ئێمە ناتوانین بوون-بۆ-کەســانی دیکە لە بوون-بۆ-خۆوە و بوون-بۆ-خۆش لە بوون-بۆ-کەسانی دیکەوە دەربهێنین. بێگومان ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتیمان لەیەککاتدا بون-بۆ-خۆ و بوون-بۆ-کەســانی دیکەیە، بەڵام توێژینەوەکەمان نایەوێــت ئەنترۆپۆلۆجیش دابمەزرێنێــت، مەحاڵیش نییە بوون-بۆ-خۆ بە جۆرێک ببینین خۆی لەکەســانی دیکە ڕزگارکردبێت و ڕێگەنەدات کەس بیکات بە بابەت. بەڵام ئەم بوون-بۆ-خۆیە نابێــت بە "مرۆڤ". کۆجیتۆ تەنیا فاکتۆرێکــی پێویستیمان بۆ دەردەخات. ئەو فاکتۆرەش دۆزراوەتەوە و لەگومان بەدەرە؛ ئەوەیە، کە بوونمان لەگەڵ ئەودا، کە بوون-بۆ-خۆیە، بوونیشە-بۆ-کەسانی دیکە.

ئەو بوونەی تێڕامانی ئاگامەندی دەیناســێت بوونێکی-بۆ-خۆی-بۆ-کەســانی دیکەیە. کۆجیتۆکەی دیکارت ڕەهایەتی یەک فاکتۆر دادەمەزرێنێت، ئەویش بوونی منــە. ئەگەر کۆجیتۆ درێژبکەینەوە بەمجۆرەی ئێمە کردوومانە، بوونی کەســانی دیکەشمان بۆ دەدۆزرێتەوە. هەروەها دروستیشە بڵێین، بوونم-بۆ-کەسانی دیکە، کە لە ئاکامی دەرچوونی ئاگامەندیمدا دەیدۆزمەوە خەســڵەتی ڕوودانێکی ڕەهای هەڵگرتوە. مادام ئەم ڕووداوەش مێژووییە چونکە بوونی کاتیی خۆم بۆ کەســانی دیکــە ئامادە دەکەم، ئەوا پێویستە بــە ڕووداوێکی پێش مێژووی بە مێژووکردن ناوزەدی بکەین. مەبەســت لە (پێش مێژوو) واتای پێش سەرهەڵدانی مێژوو لەنێو کاتــدا نییە، کە هیچ واتایەک نابەخشــێت، بەڵکو بەشێکە لــەو بە کاتییکردنە بنەڕەتییەی خۆی دەکات بە مێژوو. لەهەمانکاتیشدا مێژوو پێکدەهێنێت. ئەمەش فاکتۆرێکی ســەرەکی و بەردەوامە، کە وا لە ئێمە ناکات تێگەیشتن لە بوون-بۆ-کەسانی دیکە بە ناوەڕۆکێکی پێویست دابنێین.

ئێمە لەپێشتر باســی جیاوازییەکانی نێوان ڕەتدانەوەی ناوەکی و دەرەکیمان کــرد. بەتایبەتــی لەوە دواین، کــە بنەڕەتی هەموو زانینێک لــەو پەیوەندییەدا دامەزراوە، کە بوونی-بۆ-خۆ شتە زانراوەکە نییە. ئەم ڕەتدانەوەیە ناوەکییە؛ بوونی-بۆ-خۆ لەنێو سەربەســتییەکەیدا دەیدۆزێتەوە. باشترە بڵێین، تاکو ئەو ڕادەیەی بوونی-بۆ-خۆ براوەیە ئەم ڕەتدانەوەیە. بەڵام ڕەتدانەوە بوونی-بۆ-خۆ بەو بابەتەوە بە توندی گرێدەدات، کە ڕەتدراوەتەوە. ئێمەش لەم پەیوەندییەوە گوتمان، بوونی-بۆ-خۆ ئەو بوونەش لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت، کە لەوەوە جیاوازە و بوونیشی ئەو بوونە ڕەتدراوە نییە.

ئەم پەیوەندییە بەبێ گۆڕان بەســەر بوونی-بۆ-خۆ و بوونی-بۆ-کەسانی دیکەدا دەســەپێنرێت. ئەگەر کەسانی دیکە، بەگشتی، هەبن، ئەوا پێویستە من کەسانی دیکە نەبم. ئەم ڕەتدانەوەیە بوونی من و بوونی کەســانی دیکە، وەکو دوو شتی جیاواز بەرجەستەدەکات. ئەو ڕەتدانەوەیەی بوونی من پێکدەهێنیت، هیگڵ گوتەنی، بوونم بەرانبەر کەسانی دیکە دژوەســتاو ڕادەگرێت و (خۆ)ی من دادەمەزرێنێت. با لەمەش وا تێنەگەین، کە (خۆ) دێتە نێو ئاگامەندیمانەوە و جێنشــین دەبێت؛ بەڵکو (خۆ) لە ئاکامی ڕەتدانەوەی خۆیەکی دیکەدا ســەرهەڵدەدات. ئەمەش خۆ هەڵبژاردنــی خۆیە، کە دەیەوێت بەردەوام خۆی بێــت. بوونی-بۆ-خۆیەکیش، کە خۆیە بەبێ ئەوەی خۆی بێت دەدۆزرێتەوە.

ئــەو بوونی-بۆ-خۆیەی منم لە ڕەتدانەوەی کەســانی دیکەدا دەبێت بە خۆی. ئــەو پێوەرەی بۆ زانینمان دانا و وتمان شتە زانراوەکە (من) نییە، لێرەدا بەکاری دەهێنین. بوونی-بۆ-خۆ لە بوونیدا بوونی-بۆ-کەسانی دیکەی هەڵگرتوە و هەمانکات ئەوانیش نییە. بۆ ئەوەی بوونی ئاگامەندی نەبێت بە ئەوان و کەســانی دیکەش هەبــن و ببن بــە مەرج بۆ بوونی خۆ پێویستیمان بە (کەســی ســێیەم)، وەکو گەواهێک دەبێت. لێرەدا پێویستە دوو شت بزانین؛ دەبێت ئاگامەندی خۆی بێت و ئەو شتەش بێت، کە نییە؛ دەبێت ئاگامەندی سەربەســتانە خۆی لە کەســانی دیکە جیا بکاتەوە و خۆی بەو شتە دابنێت، کە نییە و لەگەڵ خۆیدا یەکبگرێتەوە. ئــەم جیاکردنەوەیە بوونی ئەوە و دەبێتە هۆکاری بوونی کەســانی دیکە لەوێدا. ئەمەش ئــەوە ناگەیەنێت، کە ئاگامەندی بوونی کەســانی دیکە دێنێتە کایەوە، بەڵکو بوونی کەسانی دیکە، وەکو دۆخێکی (لەوێدا) دەدۆزێتەوە. شێوازی بوونی ئــەوەی، کە بوونی-بۆ-خۆ-ئەو-شتە نییە بە کەســانی دیکە ناســراوە لە ڕێگەی نەبوونــەوە توشی ئیفلیجــی دەبێت. بوونی-بۆ-خۆ کەســانی-دیکە نییە. ئەمەش ڕاستەوخۆ نەدراوە و بوونی-بۆ-خۆ بەردەوام هەڵی دەبژێرێت؛ زیندووبوونەوەیەکی بەردەوامــە: ئاگامەندی ناتوانێت ئەوان بێت چونکە ئاگاییە لە (خۆ). ڕەتدانەوەی ناوەکــی لەگەڵ ئامادەبوون لە جیهاندا دەبێت بە یەکێتییەک و بوون دەردەخات.

پێویسته کەســـانی دیکه لەبەردەم ئاگامەندییـــدا ئامادەبن و بچنه ناوەوەی تاکو ئاگامەندی نەبوونیەکەی خۆی بناســـێتەوە و لەدەســـت ئەوان خۆی ڕزگار بکات. ئەگـــەر ئاگامەندی[ئەو نەبوونه نەبێت]و شتێک بێت، ئەوا جیاوازی لەنێوان خۆ و کەسانی دیکەدا نامێنیت.

ئێمه خاڵێکی دیکەش دەخەینه ســـەر باسەکەمان. ئاگامەندی دەزانێت ئەوشته نییه و ئەم پەیوەندییەی ڕەتدانەوەش دوو لایەنی نییه. ئەوشتەی بەرانبەر ئاگامەندی ئامادەیه هەســـت به بوونی خۆی، وەکو شتێکی لـــه ئاگامەندی بەدەر ناکات. ئەو شتێکه بەبێ ئاگامەندی. پەیوەندییەکەی به ئاگامەندییەوە دەرەکییه چونکه بوونی-لەنێو-خۆیـــه و بەو جۆرەش بۆ ئاگامەندی خـــۆی دەردەخات. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەمەوە، ڕەتدانەوەکەی نێوان خۆ و کەسانی دیکه ناوەکی و دوولایەنییه. ئەو بوونەی ئاگامەندی به جیاواز له خۆی دادەنێت ئەو بوونەیە، که (ئەم) ئاگامەندییه نییه. له کاتێکدا بوونی کەسانی دیکه دەردەکەوێت ئاگامەندی تێدەگات، که شێوازی بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا جیاواز نییه. کەسانی دیکەش ئاگامەندین. کەسێکی دیکە، وەکـــو ئەو بوونی-بۆ-خۆیه و ئاماژەش بۆ ئەگەرەکانـــی ئەو دەکات. دژایەتییەکەی نێوانیشـــیان ناکەوێته سەر ئەوەی چەند ئاگامەندی لەوێدا هەن. کەسانی دیکه بۆ خۆ، وەکو ڕەتدانەوە هەن. لەبەر ئەوەی کەســـێکی دیکه (خۆ)یە، ئەوا هەردووکمان ڕەتـــی یەکدی دەدەینەوە. ئاگامەندییەک ناناســـم، که ئەویش من نەناســـێت. ئەو ئاگامەندییەی من نەناســـێت ئاگامەندییەکه لـــه دەرەوەی جیهاندا و تەنیا دەژی؛ ئەویش ئاگامەندی خۆمه. کەوابوو، ئەو کەسەی من دەیناسم و نامەوێت ببم به ئەو بوونێکە، که من بۆ ئەو هەم. من تەنیا هەوڵنادەم نەبم به هۆکاری ڕەتدانەوەکه و نەبم به ئەو، هەروەها نامەوێت ئەو بوونەش بم، که من نییه.

ئـــەم دووجۆرە ڕەتدانەوەیـــه له ڕوویەکەوە خۆ لەناوبردنـــه. یەکێک لەم دوو ڕووداوانەی لەدوایە: من خـــۆم ناکەم به بوونێکی دیاریکراو. من نابم بەبابەت بۆ ئەو، ئەویش به بابەت بۆ من. لەم حاڵەتەدا، کەسەکەی دیکه نابێت بەو کەسەی منه، یان ئەو خۆیەی لەبەر ئەوەی نایەوێت ببێت به من، من دەکات به بابەت. یان ئەو بوونه کەســـێکی دیکەیه و نایەوێت خۆی بکات به من. لەهەردوو حاڵەتەکەدا من بۆ ئەو دەبم به بابەت و ئەویش بوونی-بە بابەتبوونی خۆی لەناودەبات.

له بنەڕەتەوە کەســـەکەی دیکه من و بابەت نییه. ئەوەی من ڕەتی دەدەمەوە ئەو(من)ەیـــه، کـــه کەســـەکه دەیەوێت بیکات بـــه بابەت بۆ خـــۆی. من خۆم ڕەتدەدەمەوە. لەم ڕەتدانەوەیـــه بوونی ڕەتدراوەی خۆم دادەمەزرێنم. لێرەدا من تەنیا بوونی کەســـانی دیکه ناناســـمەوە. بوونه ڕەتدراوەکەش؛ که بوونی-من-بۆ-کەسانی دیکەیه دەناسم. وونبونی منێکی نامۆ دەبێته هۆکاری وونبوونی کەسانی دیکـــه له ڕێگەی لەناوچوونی منەوە. من له کەســـانی دیکـــەوە به ڕێگەی دانانی

منێکی نامۆ لەبەردەستیاندا، ڕادەکەم. بەڵام، لەگەڵ ئەم کارەدا بوونێکی دابڕاوی خۆم لە کەسانی دیکە هەڵدەبژێرم. منە نامۆکە بە بوونی خۆم دادەنێم. دابڕانم لە کەسانی دیکە لەسەر ئەو بناخەیە دامەزراوە، کە ئەو (من)ە خودی خۆمم، بەڵام کەسانی دیکە ڕێگە نادەن ئەم ئاگاییەم هەبێت.

ئەو (من)ەی نامۆ بووە و ڕەتدراوەتەوە کتوپڕ پەیدادەبێت من بە کەسانی دیکەوە دەبەستێتەوە و هێمای جیابوونەوەیەکی ڕەهاشە لە نێوانماندا. لەڕاستیدا، بەو جۆرەی خۆم، وەکو بابەتێک دەبینم جیابوونەوەی من و کەسانی دیکە هەرگیز ڕوونادات. منیش بەرانبەر ئەمە بەرپرسم. بەڵام مادامەکی کەسانی دیکەش لە بەرپرسییەکەدا هاوبەشن، ئەوا ئەم (من)ە لە دەستم ڕادەکات چونکە ئەوەیە، کە کەسانی دیکە دەیانەوێت. من خۆم بە خاوەنی دادەنێم، کەچی لە من ڕادەکات. مادام من نامەوێت ببم بە کەسانی دیکە، کەواتە دیسانەوە ئەوەی لە من ڕادەکات خۆمم. لەڕاستیدا ، ئەو منەی بووە بە بابەت و لە من ڕادەکات نابێت ببێت بە خۆیەکی ڕووت بۆ من و نابێت خۆم بەخاوەنی دابنێم.

کەوابوو، بوونم-بۆ-کەسانی دیکە، بۆ نموونە، بوونم وەکو بابەت، بوونێکی ئەندێشاوی نییە لە منەوە دەرچووبێت و لەنێو ئاگامەندییەکی بێگانەدا خۆی دامەزرێنێت. بوونێکی ڕاستەقینەیە، حاڵەتی بوونی منە لە بەرەنگارییەکەیدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ئەوانیش لەگەڵ مندا. بوونی منە لە دەرەوەدا. من کاتێک دەتوانم بڵێم، کە کەسێکی دیکە من نییە، ئەگەر ئەو کەسە (خۆ) بێت. ئەگەر من بوونی کەسێکی دیکە، وەکو بابەتێک لەنێو جیهاندا ڕەتبدەمەوە، ئەوا بوونی بابەتێکم ڕەتداوەتەوە نەک خۆ. من بێ بەرگریکردن لەخۆم لەنێو سنورەکانی (خۆیەتی) ئەودا دەمێنمەوە، کە هەمانکات سنوری منیشە. ئەمەش لە منەوە تەنانەت لە بیرکردنەوەمەوە دەرناچێت چونکە ناتوانم بوونی خۆم سنوردار بکەم، ئەگینا دەبووم بە هەموویەکی بڕاوە. لەلایەکی دیکەوە، سپینۆزا گوتەنی، ئەوەی بیر سنورداردەکات، بیرێکی دیکەیە. ئاگامەندی لە ڕێگەی ئاگامەندی منەوە، سنوردار دەبێت.

ئێستا لە سروشتی بوونم، وەکو بابەت تێدەگەم، سنوردارێتییە لەنێو دوو ئاگامەندییدا. سنوردارێتیش دوو واتای هەیە، لەلایەکەوە ئەو قاڵبەیە منی تێدا پەستراوم و لەلایەکی دیکەوە ئەو زنجیرە ماتماتیکییەیە، کە بڕانەوەی نییە. هەموو بوونێک من دەمەوێت بیگەمێ لە هێڵێکی چەماوە دەچێت. کەوابوو، من هەموویەکم هێشتا پەیدانەبووم و خۆم دیارینەکردووە و بە بڕاوەیی ماومەتەوە. من لە دەرەوەی بوونی خۆمدا ڕاوەستاوم. باشترین بەراوردکردن بۆ تێگەیشتن لە بوونی خۆم و هەوڵدانە بێهودەکەشی لە باسەکەی (پۆنیکێر)دایە سەبارەت پلەی گەرما؛ ئەگەر لە چەقەوە دوورکەوینەوە پلەی گەرما کەمدەبێتەوە. زیندەوەرەکان

له چەق دووردەکەونەوە و بەرەو سەرەوە دەڕۆن. کەمبوونەوەی گەرمابیش تیایاندا بەردەوام گرژبوونەوەیان زیاددەکات. دەیانەوێت تەخت بن و بە مەبەستەکەیان بگەن، بەڵام لە ڕووبەرەکەدا دوورییەکی نەبڕاوە لە یەکدییان جیادەکاتەوە. هێشتا، ئەم بڕانەوەیە، کە لەودیو دەستەڵاتەوەیە، ئەو خۆیەی بووە بە بابەت بەرهەمی ئەندێشە نییە و بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەم بوونەش شتێکی لەنێو-خۆیە چونکە دەرەکی نییە. هەمانکات بوون-بۆ-خۆش نییە چونکە ئەو بوونە نییە من لە ڕێگەی ڕەتدانەوەی ناوەکییەوە دەمەوێت بیگەمێ. بوونێکە بۆ-کەسانی دیکە و لەنێوان دووجۆر ڕەتدانەوەدا دابەشکراوە و بەشەکانی واتای جیاوازیان هەیە. کەسێکی دیکە ئەم (من)ە نییە، کە دەیبینێ و منیش ئەم خۆیەی خۆم نابینم، کە ئێستا من پێکدەهێنێت. ئەم (من)ەی کەسەکە هێناویەتەکایەوە و ڕاستەقینەیەکە لەسەر جیابوونەوەی ئەو دوو بوونە ڕادەوەستێت بەتەواوی لە یەکدی دەچن. مادام ئاگامەندی دەتوانێت ئاگامەندییەکی دیکە سنورداربکات، ئەوا هیچی دیکە ناکەوێتە نێوانیانەوە.

لەو بۆچوونەوە، کە کەسێکی دیکە وەکو (خۆ) بۆ من خۆی دەردەخات و منیش دەبم بە بابەت بۆ ئەو، دەردەکەوێت بە بابەتکردنی ئەو کەسە لەلایەن منەوە لە پەیوەندییەکەی نێوامانداا دووەم هەنگاوە. ئامادەبوونی کەسەکە پێش ئەوەی سنورداریێتییەکەی بوونم بۆ دەرکەوێت هانمدەدات سەربەستییەکەم و خۆم بەو کەسە دانەنێم و ئەویش بە کەسێکی دیکە دەبینم؛ وەکو (خۆ)یەک دوور لە دەستەڵاتی من و هەمانکات دەتوانێت بوونیشم سنوردار بکات. بێجگە لە کەسەکە هیچی دیکە من سنوردار ناکات. کەوابوو، ئەو لەگەڵ سەربەستییەکەیدا و دانانی پڕۆژەکانی بوونی من دەخاتە دەرەوەی کایەکەوە و بەو دەرکردنە لە بەرزیتییەکەم ڕووتدەکاتەوە. یەکەمجار دەبێت یەکێک لەو دوو ڕەتدانەوانە هەڵبژێرم، کە من بەرپرسی نیم و لە بوونی منیشەوە دەرناچێت. بەڵام، لەگەڵ هەستکردن بەم ڕەتدانەوەیە ئاگامەندییەک سەبارەت بوونی خۆم، وەکو خۆم دێتەکایەوە؛ کە لەسەر ئەو بیرۆکەیە ڕاوەستاوە من بەوڕادەیە ئاگام لە خۆمە و خۆم لە ئاستی ڕەتدانەوەکەی کەسێکی دیکەدا بەرپرسم چونکە ئەوە ئەگەرێکی منە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕەتدانەوەی دووەم. ئەو ڕەتدانەوەیەی لە منەوە بەرانبەر کەسێکی دیکە دەردەچێت. لەڕاستیدا ئەم ڕەتدانەوەیە بە شاراوەیی لەگەڵ ڕەتدانەوەی یەکەمدا هەبووە. بەڵام یەکەمیان بە هۆکار بۆ دووەمیان دادەنێین. ئەگەر کەسێک هەبێت ڕێگەنەدات من بەشداری کایەکە بکەم لەبەر ئەوەیە، کە من لەگەڵ هەستکردن بە سنورداریێتییەکەی بوونم خۆم لەو کەسە دووردەخەمەوە. ئاگاییم لەم خۆ دوورخستنەوەیە ئاگاییمە لە سەربەستییەکەم. لەگەڵ دوورکەوتنەوەکەدا، کە کەسەکەی دیکەی کردووە بە خاوەنی سنورداریێتی

بوونم، منیش کەســەکە دەخەمە دەرەوەی کایەکەم. کەوابوو، تاکو ئەو ڕادەیەی مــن لە بوونی خۆم و ئەگەری سەربەســتییەکەم بە ئاگــام و بەرەو بوونی خۆم پرۆژەکانم دەخەمەگەر بۆ ئەوەی خۆم بناســم بەرانبەر بوونی کەسەکەی دیکەش بەرپرســم. من، لەگەڵ جەختکردن لەسەر سەربەســتییەکەم، دەبم بە هۆکار بۆ بوونی کەســێکی دیکە. کەسێکی دیکە خۆی لە دەرەوەی کایەکەدا دەبینێت؛ ئەو بــۆ ئەوەی ببێت بەوەی نییە پەنا بۆ من دەبــات. بەرزێتییەکەش ئەو بەرزێتییە نییــە، کە من ڕەتدەکات و ڕوو لەودەکات، بەڵکو بەرزێتییەکە لەنێو بیرکردنەوەدا و سوڕانەوەی خۆیە. مادام من هەردوو جۆرەکانی ڕەتدانەوە لە یەک کاتدا نابینم، ڕەتدانەوە نوێکــە هەرچەندە لە ڕەتدانەوە کۆنەکەوە ســەرهەڵدەدات بە ئاشکرا خۆی دەرناخات. ئامادەبوونی کەسەکەی دیکەش بە کەمییەوە دەردەکەوێت.

لــەم حاڵەتەدا، من لــەو پرۆژەیەی بوونمدا جەخت لەســەر ئــەوە دەکەم، من کەســەکەی دیکە نیم و بوونی کەســێکی دیکە ســنوردار دەکەم. هاندەری ئەمــەش کاریگەرێتی خۆی دەخاتەگەر، ئــەم کاریگەرێتییەش بۆچوونەکانی من دەگۆڕێت. بەڵام هەســتکردنەکانم (وەکو ترس، شەرم، خۆ بەگەورەدانان) ئاماژە بــۆ ئەزموونەکانی بوونم لەگەڵ کەســانی دیکەدا دەکەن. ترس ئەوە دەردەخات، کــە بوونم لەنێو جیهاندا دەبێتە هۆکاری ســەرهەڵدانی هەڕەشەکردن لە من. من دەبم بەو بابەتەی لەنێو مەترسیدا دەژی. ترس بوونی من وەکو بابەت و بوونێکی لەنێــو پانتایــی بینینی مندا دەردەخات. منیش بۆ ئــەوەی لەم حاڵەتە دەربچم و لــە ترس ڕابکەم، بە بابەتبوونی خۆم بــە بنەڕەتی دادەنێم. ئەمەش بە دانانی خۆم بەو کەسەی لە بوونی کەســێکی دیکە بەرپرسە دێتەکایەوە. کەسی دیکە، کەوابــوو، دەبێت بەوەی من نامەوێت ببم و خۆم ناکەم بە خاوەنی ئەگەرەکانی و بە مردوو دایان دەنێم. من بە تێپەڕکردنی ئەگەرەکانی کەســانی دیکەش دەتوانم ئەگەرەکانی خۆم تێپەڕبکــەم. هەروەها ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات، کە من بگەمە ئەو باوەڕەی ئەگەرەکان خەســڵەتی ئەو کەســەن، کــە ئامادەبووونی من ئەوی کردووە بە کەســێکی دیکە. من ئەگەرەکانی ئــەو تێپەڕدەکەم چونکە ئەوانیش مــن تێپەڕدەکەن و لەوێوە من بەرەو ئەگەری نوێتر دەڕۆم. لێرەدا خۆ-ئاگاییی بە دەست دەهێنم و لە ڕێگەی دانانی ئەگەرەکانی کەسێکی دیکە بە مردوو بەردەوام خۆم لە ئاســتی ئەگەرە نوێکانی بوونمدا دەدۆزمەوە. شەرمکردن هەستکردنە بە بوونی خۆم لە دەرەوەدا و مامەڵەکردنە لەگەڵ کەســێکی دیکەدا، کە خۆم تیایدا بێ بەرگری دەبینم و دەکەومە بــەر ئەو ڕۆشناییەی لە (خۆ)یەکەوە دەردەچێت. شەرم هەســتکردنە بــەو بوونەی، کە بەبێ گۆڕان هەبــووم: "لە چاوەڕوانیدا"، لەشێــوازی بوونێکدام، کە هێشــتا نەبووە یان ئەو بوونەیــە "تێپەڕیوە". شەرم هەستێکی ڕووت بەرانبەر تاوانکردن نییە، بەڵکو هەستکردنە بە بابەتبوونی خۆم.

هەستکردنە بە دابەزینی پلەی بوونم و چەق وەستانی لە ئاستی کەسێکی دیکەدا. شەرمکردنی بنەڕەتی پەیوەندی بە ڕووداوێکی دیاریکراوەوە نییە، بەستراوە بە بوونی منەوە لەنێو جیهاندا و پێویستی بوونی کەسانی دیکەیە بۆ من تاکو لە بوونی خۆم دڵنیابم. خۆنەویستی و ئەو ترسەی لە کەسێکی ڕووتدا هەیە و لەوەی دەبینرێت نموونەیەکی هێماین بۆ شەرمکردن. لێرەدا، لەش دەبێت بە بابەتێکی بێ بەرگری. جل لەبەرکردنیش شاردنەوەی ئەو حاڵەتی بە بابەتبوونەیە؛ دانانی مافی تەماشاکردنە، بەبێ ئەوەی ببینرێت و بوونت بە (خۆ) دادەنێت. ئەمەش لە (تەورات)دا ئاماژەی بۆکراوە، ئەو کاتەی ئادەم و حەوا تاوانەکە دەکەن تێدەگەن، کە (ڕووتن). شەرمکردن حاڵەتی هەستکردنە بە بوون، وەکو بابەت.

لەڕاستیدا، لە یەکەم ساتی سەرهەڵدانی کەسێکی دیکەدا، وەکو بابەت (خۆ) یەتی ئەو دەبێت بە خەسڵەتێکی سادەی ئەو بابەتە. بوونی ئەو لە ئاستی خۆیدا دادەبەزێت و دەبێت بە بابەتێکی چەندلایەنی بۆ من. ئەو، وەکو کەسێکی دیکە و بابەتێک لەنێویدا (خۆ)یەتی هەڵگرتووە. ئەمەش لەو سندوقە دەچێت، کە ناوەکەی هیچی تێدا نییە. لێرەدا من بوونی خۆم دەدۆزمەوە چونکە نابم بە بابەت بۆ بابەتێکی دیکە. نکۆڵی لە پەیوەندییەکەشم لەگەڵ کەسەکەی دیکەدا ناکەم. بەڵام ئاگایی ئەو لە بوونی من، لەبەر ئەوەی ئاگایی بابەتە، ئاگاییەکی ناوەکی ڕووت و بێ کاریگەرێتییە. یەکێکە لەو خەسڵەتانەی لە ناوەوە هەیەتی و لە بوونی کامێرا دەچێت. بەو ڕادەیەی من بوونی کەسێکی دیکە لەوێدا پەیدادەکەم خۆم بە سەرچاوەیەکی سەربەستی ئەو زانینە دادەنێم، کە کەسەکەی دیکە لەبارەی منەوە هەیەتی. بوونی ئەو کەسەش بۆ من وادەردەکەوێت، کە ئەو زانینە کاریتێکردوە. ئەم زانینە خەسڵەتی خۆیەتی پەیوەندییەکی نوێیە. لەنێو ئەو خۆیە-بابەتییەدا دەمێنێتەوە و خەسڵەتێکە پەیوندی بە کەسێکی دیکەوە هەیە، کە من کارم تێکردوە. ئەو زانینەش کارناکاتە من چونکە وێنەی منە لەنێو ئەودا. کەوابوو، خۆیەتی کراوە بە شتێکی ناوەکی و ئاگامەندیش بە ئامادەنەبوونی بنەماکان و ئەگەرەکانیش بە خەسڵەتەکان. زانینی کەسەکەی دیکەش لە بارەی منەوە بووە بە وێنەیەکی ڕووتی من لەنێو ئاگامەندی کەسەکەدا. شەرمکردن داوای تێپەڕبوون دەکات چونکە من بۆ کەسێکی دیکە بووم بە بابەت. ئەمەش ئاگاییە لە بوونی خۆم. لە کاتێکدا شەرم دەردەبڕین و دەڵێین (من شەرم لە خۆم دەکەم) بوونی خۆم، وەکو بابەت بۆ کەسێکی دیکە دەبینم. لەهەمانکاتیشدا بوونی من کەسە شەرمنەکە بەرجەستەدەکات. لەم ڕووەوە، شەمکردن یەکێتییەکی سێ ڕەهەندییە: "من لە ئاستی کەسێکی دیکەدا شەرم لە بووی خۆم دەکەم". بەلابردنی یەکێک لەم ڕەهەندانە شەرمکردنیش لەناودەچێت.

ئەگەر من لەبەردەم (ئەوان)دا هەست بە شەرمکردن بکەم، تاکو ئەوان لە

یەکدی جیانەکەمەوە و نەیانکەم بە تاکەکان نابن بە بابەت بۆ من. ئەگەر (ئەوان) پێکەوە یەکێتییەکی ڕەهایان بدەمێ و بە (خۆ) دایان بنێم و نەکرێن بە بابەت ئەوا من خۆم دەکەم بە بابەتێکی هەمیشـــەیی و شەرمکردنەکەشم بە هەســـتکردنێکی بەردەوام. ئەمەش شەرمکردنە لەبەردەم خوادا؛ هەستکردن بە شەرم لەبەردەم (خۆ) یەکدایە، کە هەرگیز ناکرێت بە بابەت. من لەبەردەم خوادا هەمیشـــە خۆم وەکو بابـــەت دەبینم. بوونێکی نامۆم لە دەرەوەی خۆمدا. ئەمەش بنەڕەتی ترســـە لە خـــوا. کۆمەڵـــەی ڕەش، پەیوەندیکردن بە خێـــوەوە و زۆر نەریتی دیکەش هەن خۆدانانن بە بابەت لە ئاســـتی خۆیەکـــی ڕەهادا. لەکاتێکدا شوێن خراپە دەکەوم بیر لە بوونی بەرزی خوا دەکەمەوە. هەوڵدەدەم خوا توشی ئازارچێشتن بکەم یان تـــوڕەی کەم. ئەم هەوڵدانانـــە باوەڕکردنە بە بوونی خوا، وەکو خۆ، کە ناتوانین بیکەین بە بابەت و ناکۆکییان تێدایە و ســـەرکەوتوو نین. شانازیکردن پەیوەندی بە شەمکردنی بنەڕەتییەوە هەیە. لەڕاســـتیدا شانازی لەسەر بناخەی شەرم یان شەرمکردن لەوەی بووبێت بە بابەت دادەمەزرێت. هەروەها هەستکردنێکی ئاڵۆزە. لە شانازیکردندا هەســـت بە بوونی کەســـانی دیکە دەکەم، وەکو خۆ و لە ڕێگەی ئەوانەوە من بە بابەت دەکرێم. خۆم بەرپرسیش لە ئاستی بە بابەت-بوونی خۆمدا دادەنێم. شانازی لەلایەکەوە جەختکردنە لەســـەر ئـــەو شێوازی بوونەی هەمە و دەمەوێت بەو شێوەیە بمێنمـــەوە. کەوابوو، ئێمە مامەڵە لەگەڵ شەرمدا دەکەین و بەرەنگاری ڕاکردن لەو حاڵەتە و بڕوای خراپیش دەکەین و بەردەوام کەســـانی دیکەش بە (خۆ)دادەنێین. دەمەوێت کاریگەرێتی بە بابەت-بوونی خۆشم بەســـەر ئەوانەوە ببینم. بەکورتییەکەی دوو جۆر هەڵوێستی ڕەســـەنانە هەیە: یەکەمیان ئەوەیە من هەســـت بە بوونی کەســـانی دیکە وەکو (خۆ)دەکەم و ئەوان دەمکەن بـــە بابەت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ســـەرهەڵدانی شەرمکردن؛ دووەمیان، خۆم بە بابەتێکی سەربەســـت دادەنێم، کە بڕیار لەسەر شێوازی بوونی کەسانی دیکە دەدات. ئەمەش خۆبەزلدانانە یان جەختکردنە لەسەر سەربەستییەکەم لە ئاستی بە بابەتبوونی کەسانی دیکەدا. بەڵام شانازی هەستکردنێکە هیچ لایەنێک هاوشانی ڕاناوەســـتێت و لەنێو بـــڕوای خراپدایە. لە شانازیکردندا منـــی بابەت دەمەوێت کاربکەمە ســـەر کەسانی دیکە. جوانی، هێز یان زیرەکییەکەم، کە کەسێکی دیکە دەیبینێـــت، بەو ڕادەیەی من دەکات بە بابەت، هەوڵدەدەم ســـودی لێوەربگرم و بەهۆیەوە کاربکەمە ســـەر ئەو کەسەی لە مندا دۆزیویەتییەوە. کارێک بکەم ئەو منی خۆشبوێت یان پەســـەندم بکات. هاوکات من داوا لە کەســـەکە دەکەم منی بابەت بە سەربەســـت دابنێ. ئەمە تەنیـــا ڕێگەیەکە من بەو جوانییە یان هێزەوە ڕابگرێـــت. کەوابوو، داواکارییەکەی من جـــۆرە ناکۆکییەکی تێدایە. من دەمەوێت کار بکەمە ســـەر کەســـەکە و ئەویش لەهەمانکاتدا سەربەســـتە. ئەم داواکارییە

دەچێتــە شێوازی بڕوای خراپەوە و بــەرەو لەناوچوونیش دەڕوات. من پێویستیم بە کەسێکی دیکەیە تاکو نهێنی بوونم ئاشکرا بکات. من لە شانازیکردندا دەچمە ناخی کەســەکەی دیکەوە، کە بووە بە بابــەت بۆ من و لەو بابەتەوە بابەتبوونی خۆم دەدۆزمەوە. ئەمەش ئەو مریشکە دەکوژێت، کە هێلکەی زێڕمان بۆ دەکات. لەگەڵ بە بابەتکردنی کەســەکەدا من خۆم دەکەم بە وێنەیەکی نێو ئەندێشــەی ئەو بابەتە. من لەنێو ئەو وێنەیەدا خۆم ناناســمەوە و بە خەسڵەتێکی نێو (خۆ) ی ئەوی دادەنێم و بە تەنیا بەرانبەر بوونی بە بابەتبوونی ئەو بەبێ ناســینەوەی خۆم ڕادەوەســتم. شەرمکردن، ترس، شانازی کاردانەوەی بنەڕەتی منن: ڕێگەی جیاوازن بۆ گەیشتن بە بوونی کەسانی دیکە و ناسینەوەی بوونی خۆمە لە ئەواندا و هەمانکات بە بابەتکردنی ئەوانیشــە. کەسێکی دیکە، کە کتوپڕ وەکو بابەتێک بــۆ من ســەرهەڵدەدات بابەتێکی ڕووتکراوە نییە. ئەو بــە واتاوە لەبەردەم مندا قووتدەبێتەوە. ئەو تەنیا بابەتێکی سەربەســت یان بەرزێتی نییە، بەڵکو (تورە) ش دەبێت، دڵی خۆش دەبێت و گوێگریشە؛ ڕووخۆشە، ناڕازە یان چڵێسە و زوو هەڵدەچێت...هتد. ئەمانە کەسێکی دیکە بۆ (خۆ)ی من دەکات بەو بابەتەی لەنێو جیهاندایە. من بەرزییەتییەکەی ئەو دەناســمەوە، بەڵام بە بەرزێتییەکی بەرزێتی دانانێــم. ئەوە، وەکو کۆمەڵێــک ئامێر دەردەکەوێت، کە من لە پڕۆژەکانمدا خۆم دەگەیەنمە ئەودیویان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە من هەرگیز خۆم بە ئەگەرێکی ڕووت دانانێــم و بوونێکی کۆنکرێتیم لەنێو پڕۆژە دیاریکراوەکانمدا هەیە و دەمەوێت بە کۆتاییان بگەم.

بوونــی ئاگامەندانە بەردەوام خۆی بەم پڕۆژانــەوە خەریک دەکات. کەوابوو، من بە خۆخەریکردنم بە پڕۆژە دیاریکراوەکانمەوە هەســت بە بابەتبوونی کەسانی دیکە دەکەم. خۆ خەریکردنی کەسانی دیکەش، کە شێوازی بوونیان دیاریدەکات، بــۆ من دەبێت بەو بەرزێتییەی بەرزێتــی بوونی من تێپەڕ دەکات، دەبێت بە خۆ خەریکردنێکی ڕاســتەقینە. بەو ڕادەیەی من هەم و خــۆم خەریکردوە، ئەم خۆ خەریکردنە دەبێت خۆ خەریکردن بێت لەگەڵ کەســێکدا، قەرزدانەوەیەک بێت... هتد. ئەمەیە کەســێکی دیکە بە (خۆ) دادەنێــت و دەیکات بە خۆیەکی دیکەی، وەکو من. کاتێک بوونی کەسێکی دیکە دەبێت بە بابەت، خۆخەریکردنەکەی کەم دەبێتەوە و دەبێت بە بابەتێکی خۆخەریککەر، بەو جۆرەی دەڵێین، "چەقۆکە بە قوڵــی چووە نێو برینەکەوە." یان "لەشکرەکە لە دۆڵێکی تەســکدا هێرش کرایە سەری." پێویتسە بزانین دانانی کەسانی دیکە لەنێو جیهاندا، کە لە ڕێگەی بوونی منەوە دادەمەزرێت بوونێکی ڕاســتەقینەیە. هەمانکــات، من لەنێو ئەو جیهانەدا ونــی دەکەم، کــە جیهانی منە چونکە بوونی ئەو بۆ منــە و من نامەوێ بۆ ئەو بــم و لە دەرەوەی بوونی خۆمدا دایدەنێــم. کەوابوو، بابەتگەری تێڕامانی ڕووتی

من بۆ بوونی کەسـێکی دیکە نییە؛ دیاریکردنێکە لە منەوە بەرەو کەسانی دیکە دردەچێت. من [بەم هەڵوێستەم] بوونی کەسانی دیکە لەنێو جیهاندا دادەنێم.

ئـەوەی مـن دەیبینم بوونـی کەسـانی دیکەیە-لەنێو-هەڵوێسـتـدا. من ئەو لەنێـو جیهاندا بەو شێوەیـە دەبینم، کە جیهان لـە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. لە نیوەی دووەمی ئەم نوسـراوەدا باسـی هەموویەتی ئامێرەکان و پەیوەندییان بـە ئەگەرەکانمەوە دەکەم. مادام من ئەگەرەکانـم، ڕیزکردنی ئامێرەکان لەنێو جیهاندا دەبێت بە وێنەی نێو ئەگەرەکانی من، کە بوون بە پرۆژە و ڕوو لە بوون-لەنێو-خـۆ دەکەن. ئەم وێنەیـەش بوونی من دەردخات و لە ڕێگەی کارەکانمەوە خۆمی لەگەڵدا دەگونجێنم. کەسـێکی دیکەش لەبـەر ئەوەی (خۆ)یە بە وێنەی بوونییەوە خۆی خەریکدەکات. کاتێک من وەکو بابەت دەیبینم دەبێت بە ئامێرێک و پێناسـەکەشی دەکەوێتە سـەر پەیوەندییەکەی بـە ئامێرەکانی دیکەوە. ئەو ئامێرێکە لەنێو سیستەمی ئامێرەکانی مندا. دۆزینەوەی بوونی کەسەکە دەکەوێتە سـەر ئەم سـیستەمە و ئامادەنەبوونی دیوی "ناوەوە"ی. ئەم ئامادەنەبوونەش سەرهەڵدانێکی بەردەوامی بابەتەکانە لەنێو جهانی مندا. واتای ئەم سەرهەڵدانەش ئامێرەکان دەستنیشـانی دەکەن. هەمووی جیهان بوونی کەسـانی دیکە بۆ من دەردەخات. بەدڵنیاییشـەوە، ئەم دەرخستنە ئاشکرا نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی مـن هەموویەکی دیاریکراو نابینم خۆی لەسـەر بونیادێکی ناسـراو دامەزراندبێت.

ئەگـەر من بتوانم هەموو ئامێرە ئاڵۆزەکان لە بەرەو ڕووکردنەوەی کەسـێکی دیکـەدا دەربخەم (ئەگەر بتوانم نەک تەنیا شوێنـی چەکوش و مێخەکان بەڵکو شەقام و شار و گەلەکەش ...هتد بناسم)، ئەوا هەمانکات دەتوانم پێناسەی (خۆ)ی کەسێکی دیکەش بکەم. ئەگەر لە ئاستی بۆچوونێکی ئەودا هەڵە بم، هۆکاری ئەوە نییە من ئەو بۆچوونە بۆ خۆیەکی ناوەوەی شاراوە دەگەڕێنمەوە، بەڵکو ئەو خۆیە هیچ خەسـڵەتێکی هاوبەشی لەگەڵ بۆچوونەکەدا نییە و بەرزە. من لەوێدا توشی هەڵە دەبم، کە هەموو جیهان جیاواز لە دەوری بۆچوونەکەدا کۆدەکەمەوە. هەرچەندە کەسێکی دیکە دەبێت بە بابەت بۆ من، هێشتا بوونێکی سەرتاپاگیری هەیە و لەنێو هەموو جیهاندا هێزی بەسـتنەوەیە. جیاوازی نێوان کەسێکی دیکە وەکـو بابەت و خۆ، جیـاوازی نێوان بەش و هەموو یان ناوەکی و دەرەکی نییە. کەسـێکی دیکە وەکو بابەت لـە بنەڕەتدا لە بوونی (خـۆ)ی جیانابێتەوە؛ هیچ لایەنێکی شاراوەی نییە چونکە هەموو بابەتێک بە بابەتێکی دیکەوە بەسـتراوە. منیش دەتوانم بەردەوام لەسـەر پەیوەندییەکەی بـە ئامێرەکانی دیکەوە زانینم لەسـەر بوونی ئەو، وەکو بابەت زۆرتر بکەم. زانینـم لەبارەی ئەوەوە دەکەوێتە سەر دەرکەوتنی جیهان.

جیاوای بنەڕەتی لەنێوان کەسێکی دیکە، وەکو بابەت و خۆ دەکەوێتە سەر ئەو فاکتۆرەی، کە کەسێکی دیکە، وەکو خۆ بە هیچ شێویەک ناناسرێت. بابەتەکانی نێــو جیهانیش ئاماژە بۆ ئەو (خۆ)یە ناکەن؛ تەنیا پەیوەندییان بە ئەوەوە، وەکو بابــەت هەیە. ئامادەبوونی کەســێکی دیکە بۆ من، کە مــن دەکات بە بابەت لە ئەزموونی مندا بووە بە خۆیەکی سەرتاپاگیر. کاتێک من ڕوو لەو دەکەم و جارێکی دیکە ســەرتاپاگیرییەکەی خۆی دەســەپێنێت: دەبێت بە بابەتێکی سەرتاپاگیر لەنێــو جیهاندا. ئەم هەســتکردنەش کتوپڕ ڕوودەدات و هەمیشــە پەیوەندی بە هەڵوێستێکی تاک یان هێمایەکی دیاریکراوەوە هەیە. لە چواردەوری ئەو مرۆڤەدا، کە من نایناسم و لەوێدا دانیشتوە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە هەموو جیهان دەردەکەوێت. مــن تەنیا لەشی ئەو وەکو بابەت نابینم؛ کارتی ناســنامەکەی، ئەلقەی پەنجەی یان ئەو شەمەندەفەرەی ســواری دەبێت ئەوم پێدەناســێنن. ئەمەش لە ئاکامی ناســینی ئەو هێمایانــە نییە، کە ئاماژە بۆ چییەتی ئــەو دەکەن. چەمکی هێما لێــرەدا ئێمە بەرەو (خۆیەتی)دەبات، کە تەنانەت نازانین چییە و لەم ڕووەوە ئەو هیچــە. دەتوانم بڵێم ئەو شتێکە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە. ئەگەر بزانم ئــەو لەنێو جیهاندایە، لە فەرەنسا یان لە پاریســە، دەخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی کارتی ناســنامەکەی ببینم، دەڵێم بێگانەیە (واتــە ئەمەش: خۆیەکە پەیوەندی جیاوازتــری هەیــە، من دەبێت بە زمانی هۆڵەندی یــان ئیتالی لەگەڵیدا بدوێم و نامەکانیشی لەدەرەوەی وڵات بۆ دێت و هتد.) کارتی ناسنامەکەی لەنێو شتەکانی جیهاندا ســەرهەڵدەدات. لــەو ڕۆژەوە کارتەکەی بۆ دروســتکراوە ئەو کارتە لە من ڕاناکات؛ ئەو بۆیە دروســتکراوە تاکو من ببینــم. منیش بۆ بنینی کارتەکە دەبێت ئامادەبوونی خۆم لەنێو هەموو شتەکانی جیهاندا بگۆڕم. بەهەمانشێوەش، توڕەبوونی کەسەکە، وەکو بابەت لەو کاتەدا هاواریکرد و پوولەکەی لەسەر زەرفی نامەکــە دانا، هەڕەشەکردنەکەی ئاماژە بۆ خۆیەتــی یان توڕەبوونێکی شاراوەی کەســەکە ناکەن، بەڵکو بەســتراوە بە توڕەبوون و هاوارکردنی دیکەوە. ئەمانە کەســەکە، وەکو کەسێکی دیکە پیناسدەکەن. لەوانەیە من بە هەڵە بێزارییەکەی ئەو بە توڕەبوون دابنێم، هێشتا ئەم توڕەبونەش پەیوەندی بە لایەنەکانی دیکەی خۆدەربڕینــی کەســەکەوە هەیە، کە دەشێ من بە هەڵــە لێیان تێبگەم. دەشێ من بە هەڵە بەرزکردنەوەی دەســتی بە دەســتوەشان دابنێــم. بەکورتییەکەی، ئــەو توڕەبوونەی دەردەبڕێــت ئامادەبوونی جیهانە لــە دەوری هەموو ئەوانەی ئامادەش نین. ئایا ئەمە بۆچوونی زانایانی ڕەفتارگەری ســاخدەکاتەوە؟ بێگومان نــا. هەرچەندە ڕەفتارگەرییەکان بوونی مرۆڤ بــۆ هەڵوێستەکانی دەگەڕێننەوە، ئامــاژە بۆ لایەنــی بەرزی ناکەن. ئەگەر بوونی کەســێکی دیکــە بابەت بێت و خۆشــی نەتوانێت ســنورداری بکات، ئەوا دەبێت بەو بابەتــەی، کە بە هۆکاری

ئاکامەکانییەوە دەناسرێت. تێگەیشتن لە بوونی چەکوش و مشار جیاواز نییە. لە ڕێگەی کارەکانیانەوە یان کۆتاییەکانیانەوە دەناسرێن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت. بەراوردکردنی بوونی کەسێکی دیکە لەگەڵ مەکینەیەکدا دەکەوێتە سەر ئەو خاڵەی، کە ماکینە فاکتۆرێکی مرۆڤانەی هەیە و ئامادەبوونی بەرزێتی تێدایە. بۆچوونی ڕەفتارگەرییەکان پێویستی بەهەڵگێرانەوە هەیە و هەڵگێڕانەوەکەش بوونی کەسانی دیکە، وەکو بابەت دەپارێزێت. هەرشتێک بابەتگەری بێت لای دەروونناسە فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکان دەبێت بە ئاماژەکردن. بۆ فینۆمینۆلۆجیستەکان مەبەستدار و بۆ هایدیگەر بەرزێتی و لای فێرگەی گشتالتیش دەبێت بە فۆرم. ئەمانە ئەوە دەردەخەن، کە پێناسەکردنی کەسانی دیکە لەنێو بەستێنی سەرتاپاگیری جیهانەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر من بۆ پێناسەکردنەکە لە جیهانەوە بۆ کەسێکی دیکە بگەڕێمەوە لەبەر ئەوە نییە، کە جیهان یاریدەی من دەدات لە بوونی کەسانی دیکە تێبگەم، بەڵکو بوونی کەسانی دیکە، وەکو بابەت لە ناوەڕاستی جیهانی مندا وەستاوە.

ئەو ترسەی لە ئاکامی هەستکردن بە بوونی کەسانی دیکە، وەکو بابەت سەرهەڵدەدات ترسێکی دەروونی نییە. لێرەدا ترسەکە ڕاکردنە؛ لە هۆش چوونە. ئەم دیاردانە بە ڕووتی و لە خۆیانەوە دەرناکەون و پەیوەندییان بە بەرزێتییەوە هەیە: ڕاکردن و لە هۆش چوون ڕاکردن و کەوتن بەسەر بەردەکانی سەر ڕێگاکە نییە؛ بەڵکو دەرکەوتنی ئەو بوونیادەیە، کە کەسانی دیکە دەبن بە بنکەکەی. ئەو سەربازەی ڕادەکات کەسێکی دیکەی، وەکو دوژمن بینیوە، کە لولەی تفەنگەکەی تێکردوە. دووری نێوانیان لە خێرایی گولەکەدایە. ئێستا سەربازەکە تفەنگەکەی فڕێدەداتە چاڵێکەوە و خۆی ڕزگار دەکات. لەم حاڵەتەدا کتوپڕ ئامادەبوونی دوژمنەکەی لە چواردەوری ئەودا دەگۆڕێت؛ دوورییەکەی بە خێرایی گولەکە ناپێورێت. پانتایی زەوییەکەش بۆ ئەو خۆی دەکاتەوە و دەبێت بە پەناگا. ئەمانە فاکتۆری ڕاستەقینەن لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا و ترس تیایاندا پەیدا دەبێت. ترس هەڵوێستێکی جادوگەرانەیە و هەوڵدەدات بابەتە لێترساوەکە، کە ئێمە ناتوانین دووری خەینەوە خەفە بکات. ئەمەیە ترس دروستدەکات؛ وەکو خوێن بەربوونێکی ناوەوەیە لە جیهاندا و ئامادەبوونی لە جیهاندا جادوگەرانە دەگۆڕێت.

نابێت ئەو خاڵەمان لەبیربچێت، کە بەو ڕادەیەی کەسێکی دیکە بۆ من دەبێت بە بابەت منیش بۆ ئەو دەبم بە بابەت. کەوابوو، ئەو لەنێو (ئەوان) دەردەهێنم و دەیکەم بە بابەت، بە تاکی دادەنێم و دەڵێم ئەو کەسەیە. ئەگەر ئامادەش نەبێت، دەڵێم ئەو کەسەی لێرە نییە. ئەوەی ڕێگە بە من دەدات ئەو بکەم بە بابەت ئامادەبوونی هەردووکمانە لەنێو جیهاندا. ئەمەش فاکتۆرەکانی بوونی هەردووکمان دیاریدەکات. فاکتۆری بوونی هەردووکمانە ڕێگە بە من دەدات ئەو ببینم و ئەویش

من ببینێت. بەڵام کێشـــەی فاکتۆر لەژوور ئەم توێژینەوەیەمانەوەیە و دوای ئەم بەشە باسیدەکەین.

کەوابوو، لە ڕێگەی بە بابەتبوونم بۆ کەســـانی دیکە دەتوانم بوونی کەســـانی دیکە بسەلمێنم و لەوێشەوە ئاماژە بۆ بوونی تاکەکەسەکان بکەم. کاتێک دەمەوێت نەبم بە بابەت بۆ کەســـانی دیکە، وەکو ئەو یان ئەم کەســـە خۆی دەردەخات و وەکو ئەو-کەسە دەیبینم. بوونی کەسانی دیکە بەگشتی دەبێت بە بابەتێک بەبێ ئەوەی (خۆ)یەک تیایدا دەرکەوێت. پەیوەندی نێوان کەسێکی دیکە، وەکو بابەت و هەروەها، وەکو خۆ لە پەیوندی نێوان بابەتێکی ئەستویی و بابەتی هەستکردندا نییە. کەســـێکی دیکە، وەکو بابەت بەو جـــۆرەی هەیە خۆی بۆ من دەردەخات. تەنانەت ناتوانم ئەو زانینەی لەبارەی ئەوەوە لە ڕێگەی تەماشاکردنەوە دەســـتم دەکەوێـــت بۆ لایەنی ناوەوەی ئەو بگەڕێنمەوە. کەســـێکی دیکـــە، وەکو بابەت تەنیا بابەتە بەڵام تێگەیشـــتنم لە بوونی ئەو بەو ڕاســـتییەم دەگەیەنێت، کە لەم ئەزموونەمـــدا منیش بە جۆرێکی دیکە دەبینرێم. من بـــە هۆکاری ئەزموونەکانی ڕابردوومـــەوە ئەم ڕاســـتییە دەناســـمەوە و پەیوەندی دیالیکتیکـــی نێوان من و کەسێکی دیکە دەردەخەن. ئێستا، کەسەکەی دیکە ئەوەیە من دەمەوێت بیگەمێ. بەڵام بۆ ســـاتێکیش لە دەستی ڕابکەم و خۆم بشارمەوە ئەو بەردەوام بەو بوونە دەمێنێتەوە، کە کەســـێکی دیکەیە. ئەمەش لەهەمانکاتدا دژوارە بیریلێبکەینەوە چونکە: یەکەم، مـــن ناتوانم بیر لە ئەگەرێک بکەمەوە، کە ئەگەری من نییە یان بیر لە بەرزێتییەک بکەمەوە، کە نەتوانم تێپەڕیبکەم. دووەم، ئەگەرەکان نابن بە ئەگەری کەسانی دیکەی بە بابەتکراو. ئەم ئەگەرانە مردوون. ئەگەری بوونی من، وەکو بابەت دەکەوێتە سەر ئامادەبوونی کەسەکە، وەکو خۆ.

کەوابـــوو، بە بابەتبوونی کەســـێکی دیکە ئەو ئامێرەیە مـــن بە نیگەرانییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵـــدا دەکەم چونکە دەبینم ئەو دەتوانێـــت ئەزموونەکانی من بگۆڕێ و توشی نامۆبوونم بکـــات. دەبێت بەردەوام لەو شێوازی بە بابەتبووندا بیهێڵمەوە. بەڵام تەماشاکردنێکی ئەو هەوڵدانەکەی من لەناودەبات. شێوازی بوونی من دەگۆڕێت. هێشتا لەم کارتێکردنەدا سەرکەوتوو نابێت چونکە ئەوەی هەمیشە، وەکـــو بابـــەت دەمێنێتەوە و هەرگیز نابێت بە خۆ شتێکی مردوە. ئەو کەســـەی دەمرێت خۆی، وەکو بابەت لەنێو جیهاندا وون ناکات. مردووەکان بەردەوام لەنێو جیهاندا و لە چواردەوری ئێمەن. لەگەڵ مردندا مرۆڤ ئەگەری دەرخستنی بوونی، وەکو (خۆ) بۆ کەسانی دیکە دەدۆڕێنێت.

لەم توێژینەوەیەدا بونیادی بوون-بۆ-کەســـانی دیکەمـــان ڕوونکردەوە. لێرەدا پرســـیارێکی میتافیزیکییانە دێتـــە پێش: "بۆچی کەســـانی دیکە هەن؟" وەکو بینیمان، بوونی کەسانی دیکە لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆوە دەرناچێت.

ڕووداوێکی بنەڕەتییە و بە دڵنیاییشەوە، داواکارییەکی مێتافیزیکیانەیە: واتە لە پێکهاتەی بوونەوە سەرهەڵدەدات. هەروەها چەمکی (بۆچی) پەیوەندی بەو بوونە مێتافیزیکییانەوە هەیە.

ئێمە دەزانین وەڵامی (بۆچی) بـۆ بنەڕەتی پێکهاتەکەمان دەگەڕێتەوە. بەڵام پێویستە بیسەلمێنین، کە ئەو دیاردە مێتافیزیکییانەی مەبەستمانن کەم ناکرێنەوە. لەم بۆچوونەوە ئۆنتۆلۆجی دەبێت بە بونیادێکی گشـتگر بۆ بوون. مێتافیزیکیش پرسیار لەبارەی بوونی بوونەوە دەکات.

ئایا دەتوانین پرسـیار لەبارەی بوونی کەسانی دیکەوە بکەین؟ ئایا ئەم بوونە شتێکـە، کە کەمناکرێتەوە یان لە پێکهاتەیەکی بنەڕەتییەوە دەردەچێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن سەبارەت بوونی کەسانی دیکە لە زانا میتافیزیکییەکانی دەکەین. با لە نزیکەوە تەماشای ئەم پرسیارانە بکەین. ئەوەی دەردەکەوێت بوونی کەسانی دیکەیە، وەکو ڕەهەندی سـێیەمی بوونـ بۆـ خـۆ. ڕەهەندی یەکەم، بێگومان ئەو سـێ لایەنەن لە پرۆژەی بوونـ بۆـ خۆدا بەرەو ئەو بوونە شێوازی نەبوونی هەیە. یەکەم، کەلێن لـەم بوونەدا دەردەخات. دووەم، ڕەهەنـد تێڕامانی ئەم بوونەیە بۆ خۆکردنـەوەی بوونی. ئەمەش ناکۆکییەکی ئاشکرایە: بۆ ئەوەی هەسـت بە بەرزێتی خۆم بکەم دەبێت بەسـەر بەرزێتیدا تێپەڕم. بـەڵام من بەرزێتییەکەی خۆمم و ناتوانم بەکاری بهێنم و بیکەم بە بەرزێتیـ بەرزێتییەکەم. من حوکمدراوە بەسەرمدا، کە بەردەوام خۆم لەناوبەرم.

ئەو تێڕامانەی خۆی لەناودەبات بۆ بوونـ بۆـ خۆ دەبێت بە خۆـ ئاگاییەکی سادە. لە خۆئاگاییدا دوو لایەنەکەی تێڕامانی تێڕامان لەیەکدی جیانابنەوە و هەریەکێک لەو دوولایەنە ئـەوی دیکەیە. بەڵام تێڕامان و ئـەوەی تێڕامانیش ڕوویتێدەکات خۆیان بە دوو شتی جیاواز و سەربەخۆ دەردەخەن. ئەو نەبوونییەی بوونـ بۆـ خۆ هەیەتـی لەیەکدیان جیادەکاتەوە ئەو نەبوونییەش ناشاردرێتەوە. ئەگینا تێڕامان دەبێـت بە چالاکی و ڕوو لـە بابەتەکەی دەکـات و پەیوەندییەکەشی لەگەڵیدا لەسـەر ڕەتدانەوەی دەرەکی ڕادەوەسـتێت و ئەمەش دەبێت بە بارودۆخێک، کە ڕەتدانەوەی ناوەکی تیایدا، بەبێ ئەو بوونەی دەبێت بە سـەرچاوەی نەبوون بۆ خۆی، پەیدادەبێت.

کەوابوو، دەرچوونی تێڕامـان ڕێگایەکی ڕادیکاڵی زۆرتر دەگرێتەبەر و ڕوو لە بوونـ بۆـ کەسانی دیکە دەکات. دوای چەمکی لەناوچونیش دەبێت بە ڕەتدانەوەی دەرەکـی، کە لەسـەر شوێنی دەرەکـی ڕادەوەسـتێت. لەبـەر ڕۆشنایی ئەم ڕەتدانەوەیەدا سێ ڕەهەندەکەش بەوجۆرەی سەرەوە ڕیزدەکەین، کەباسمانکردن. بوونـ بۆـ خۆ بۆ ئەوەی بوونـ بۆـ خۆیی خۆی لەدەست نەدات، لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ هەرجۆرێکی هەبووەکاندا، ناتوانێت بە تەنیا خۆی ببینێت و خۆی بە بوونـ

لەنێو-خۆ دابنێت. لێرەدا، ئەو ڕەتدانەوەیەی بوونی-کەسانی-دیکە پێکدەهێنێت ناوەکییە؛ ئەو لەناوچوونەیە بوون-بۆ-خۆ هەیەتی و لە لەناوچوونی تێڕامان دەچێت. ڕەتدانەوەکەش دەبێت بە دوو ڕەتدانەوەی ناوەکی بەرانبەر یەکدی وەستاو. لەهەمانکتدا ڕەتدانەویەکی دەرەکی شاراوەش لە یەکدییان جیادەکاتەوە. لەبەر ئەوەی هەریەکێک لە ئەوان لە نکۆڵی کردنەکەیدا، کە ئەو بوون-بۆ-خۆیە کەسەکەی دیکەیە ماندوو بووە، هەروەها لەگەڵ ئەو بوونەدا مامەلەدەکات، کە پێویستە ببێت، ئەوا دەستەڵاتی بەسەر خۆیدا نییە و ناتوانێت ڕەتدانەوەکەی بەرانبەری ڕەتبداتەوە. لەمحاڵەتەدا کتوپڕ شتێک پەیدا دەبێت، نەک، وەکو ناسنامە و بوون بە بوون-لەنێو-خۆ، بەڵکو لە ئاکامی سەرهەڵدانی لایەنێکی دەرەکی، کە هیچ کام لە دوو ڕەتدانەوانە نییە و لەیەکدیشیان جیادەکاتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەو بوونەدا، کە خاوەنی تێڕامانە ئەم وەرگەڕانەمان بینی. بوونێکی خاوەن تێڕامان، وەکو گەواهێک، تێڕامانەکەی کاردەکاتە سەر بوونی. لە ئاکامدا بەو ڕادەیەی خۆی بەو بوونە دادەنێت، کە تێڕامانی هەیە و ڕوو لە دەرەوە دەکات، ئامانجی گەیشتنی بەو بوونە نییە، کە تێڕامانەکە ڕووی تێکردووە. ئەوەی تێڕامانەکە ڕووی تێدەکات بوونێکی خۆ-ئاگایە و دەزانێت تەماشای دەکرێت. لێرەدا تێڕامان دەیەوێت بەرەو بوونێک بڕوات، کە دەکرێت. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت، کە هەموو تێڕامانێک بابەتی هەیە و هەموو بابەتێکی تێڕامانیش تێڕامانی هەیە. ڕەتدانەوەی دووانی[لەمحاڵەتەدا] لەناودەچێت.

لە ڕەهەندی سێیەمدا تێڕامان بەرەو پێشتر دەڕوات. ئاکامەکەی جێگای سەرسوڕمانە: لەلایەکەوە، مادام ڕەتدانەوەکان کاریگەرێتی ناوەکییان هەیە، ئەوا من و کەسانی دیکە لە دەرەوەدا بە یەکدی ناگەین. پێویستە من و کەسانی دیکە هەبن تاکو بەرانبەر یەکدی ڕاوەستین و پەیوەندیمان هەبێت. ئەم بوونەش، کە (من و کەسانی دیکەیە) تێڕامان و بابەتی تێڕامانەکەیە و بوونێکە پێویستە ببێت بە سەرچاوەی نەبوونی خۆی؛ تیایدا بوونی من و کەسانی دیکە لەنێو یەک بونیادی گشتگردا دابمەزرێنێت.

لەمڕووەوە هیگڵ دروست بۆ کێشەکە چووە: هەر گشتگرییەک هەبێت سەر بە بوونە و ئەوەش بۆچوونێکی ڕاستە. بوونی کەسانی دیکە وادەردەکەوێت، کە درێژەپێدانی تێڕامانەکە بێت. هەموو هەوڵدانێک بۆ بینینی گشتگری لای خۆ-ئاگایی لە بوونی بوون-بۆ-خۆدا پەیوەندی بەو پێکهاتەیەوە هەیە، کە خۆ-ئاگایی نایەوێ ببێت بەوەی بەرانبەری و بە ئاگاشە. بەپێچەوانەشەوە، ئەو خۆیەی بووە بە بابەت بۆ ئەوەی هەبێت، دەبێت خۆی بەو هەبووە دابنێت، کە دروستکراوە و لەبەردەم ئاگامەندییدا ڕاوەستاوە. بەمجۆرە دووبەرەکی لە بوونی کەسانی دیکەدا دێتەکایەوە و بەردەوام بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە تاکو ئاگامەندییە

جـــۆراو جۆرەکان پێکبهێنێت. لە ئاکامدا "ژمارەیەکی زۆر لە کەســـانی دیکە" لە ئاکامـــی ســـەرنەکەوتنی گەڕانەوەی تێرامان بەرەو خۆی پەیـــدا دەبن. ئەگەر لە تیڕاماندا نەتوانـــم خۆم، وەکو بابەت ببینم و تەنیا خۆم بە نیمچە-بابەت دابنێم، لەبـــەر ئەوەیە، کە خودی من ئـــەو بابەتەیە دەمەوێت بیگەمێ! بۆ جیاکردنەوەی خـــۆم لە بوونی خۆمەوە دەبێت ببم بە نەبوون. مـــن ناتوانم لە ڕێگەی بۆچوونم لەبـــارەی خۆمەوە یان خۆم بەو بوونە دابنێم، کە لەوێدایە، لە بوونم ڕادەکات. لە حاڵەتی بوون-بۆ-کەسانی دیکە کێشـــەکە بەپێچەوانەوەیە؛ تێڕامان و بابەتەکەی لە یەکدییەوە دوورن، لەبەر ئـــەوە بابەتەکە لە دەرەوەی تێراماندایە. ئەمەش بە ڕادەیەک ســـەرکەوتوو نییە چونکە ئەوەی چارەی کێشەکە دەکات ئەوە نییە، کە چاک دەبێتەوە. ئەو هەمووە یان گشتگرییەی ئەوە نییە، کە هەیە و ئەوەشە، کە نییـــە. لە ئاکامی دابڕانەکەی لـــە بوونی خۆیەوە، لە هەموو شوێنێکدا بە جۆرێک خۆی بەرجەســـتە دەکات، کە لە شوێنێکی دیکەشدا هەیـــە. بوون-لەنێو-خۆ بە هەموو شوینێکدا پەرش و بڵاو بۆتەوە و هەمیشـــە لەوێیە و هەرگیز لەنێو خۆیدا نییە. تەقینەوەکەی بە هەموولایەکدا بەردەوام دەیهێڵێتەوە. ئەمەش، وەکو بوونی کەسانی دیکە و منیش وایە.

لـــە لایەکی دیکەوە، ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ ڕەتدانەوەکەی منـــدا بۆ بوونی خۆم کەســـانی دیکەش بوونی خۆیان بە من دانانێـــن. ئەم دوو ڕەتدانەوەیە لە یەکدی جیانابنەوە و هەمانکات هیچ تێهەڵکێشەیەکیش بە یەکدیان نابەستێتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە نەبوونێکی دەرەکی لە ســـەرەتاوە لە یەکدیان جیادەکاتەوە، بەڵکـــو لەبەر ئەوەیـــە، کە بوون-لەنێو-خۆ لەســـەر بنەمای ئـــەو پەیوەندییەی هەیانـــە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاســـتییەی، کە هەر یەکێک لـــە ئەوان ئەوی دیکە نییە، کۆیان دەکاتەوە. لێرەدا بوون-بۆ-خۆ جۆرە ســـنوورداریێتییەکی تێدا دروست دەبێـــت. جۆرێک لە فاکتـــۆری تێدا دەدۆزینـــەوە و ناتوانیـــن بزانین چۆن ئەو گشـــتگرییەی لەپێشـــتر باســـمانکرد و لە بووندا نەبوونیش دێنێتەکایەوە، پەیدا دەبێـــت. لەوەدەچێت ئەم نەبوونە خۆی خزانبێتە نێو بوونە گشـــتگرەکەوە بەو شێوەیە نەبوون لەلای فێرگەی ئەتۆمیزمی لیوسیپۆس خۆی دەهاوێتە نێو بوونە گشتگرەکەی پارمەنیدسەوە و بوونەکە دەتەقێنێتەوە و ئەتۆمەکان پێکدەهێنێت. کەوابوو، دەبێت بە نوێنەری ڕەتدانەوە لە تێهەڵکێشەیەکی گشتگردا و لەوێوە لە واتـــای فرەجۆری ئاگامەندییەکان تێدەگەیـــن. بێگومان، ئەمەش نازانرێت چونکە کەســـانی دیکە و من یان شتێک لەنێوانماندا دروستی ناکات. ئێمە ئەو خاڵەمان ڕوونکردەوە، کە ئاگامەندییەکان بەبێ ناوەند بە یەکدی دەگەن. کاتێک دەڕوانینە شوێنێک، ئێمە بابەتێک دەبینین، کە لە باسکردنیدا ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی سادە دەردەکەوێت. بەڵام هێشـــتا لەوێدا دووجۆر ڕەتدانـــەوە هەیە. ئەمەش نابێت بە

بناخەی فرەجۆرەکانی ئاگامەندی چونکــە ئەگەر لەپێش فرەجۆرییەکەدا هەبێت ئەوا بوونی کەسانی دیکە مەحاڵ دەردەچێت. بەپێچەوانەوە، دەبێت لە دەربڕینی فرەجۆرەییەکەدا پەیدا بێت. بەڵام، مادام هیچ شتێک داینامەزرێنێت ئەوا ئاگامەندی تاکە کەسێک و تەقینەوەی هەبووە گشتگیرییەکەش بۆ ئاگامەندییە فرەجۆرەکان نابێت بە پێکهاتەیەکی ڕووت. تەنانەت نکۆڵیکردن لەوەی من کەسەکەی دیکە نیم بۆ بوونی کەسەکە بەس نییە. دەبێت ئەو کەسە هەمانکات لەگەڵ ڕەتدانەوەکەی منــدا نکۆڵی لــەوە بکات، کە ئەو مــن نییە. ئەمە فاکتۆری بوون-بۆ-کەســانی دیکەیە.

ئێمە، لێرەدا، بەم ئاکامە ناکۆکە دەگەین: بوون-بۆ-کەسانی دیکە لە گشتگرییەکی ونبوودا دروســت دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە، بوون-بۆ-کەسانی دیکە لەسەر ئەو بوونە دەرەکییە ڕادەوەســتێت، کە هیچ گشتگرییەک و بیرکردنەوەیەک دروستی ناکات. لەلایەکەوە بوونی فرەجۆری ئاگامەندییەکان نابێت بە ڕاستییەکی بنەڕەتی و ئامــاژە بۆ دابڕانی خۆ لە خۆوە دەکات، کە ئەویــش فاکتۆری بیرکردنەوەیە. کەوابوو، پرســیارەکەمان "بۆچی ئاگامەندییە فرەجۆرەکان هەن؟" پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە. لەلایەکی دیکەوە فاکتۆری ئەم فرەجۆرییە کەمناکرێتەوە. ئەگەر بیــر لە هۆش لە ڕوانگەی فاکتۆری فرەجۆرییەکــە بکەینەوە، ئەوا لەناودەچێت. لــەم ڕووەوە پرســیارە مێتافیزیکییەکە بێ واتایە و دەتوانیــن بۆ وەڵامدانەوەی بڵێین "ئەوها، وایە." دەرچوونە بنەڕەتییەکە قوڵتر دەبێت؛ دەردەکەوێت بەشێک لــە نەبوون نەبێت. بوون-بۆ-خۆ بەو بوونــە دەردەکەوێت، کە ئەوە نییە هەیە و ئەوەشە، کە نییە. دەرچوونە گشتگرییەکەی هۆش گشتگرییەکی کەمکراوە نییە. ئەو بوونەیە، کە ئێمە ناتوانین بڵێین هەیە یان نییە. ئەم باســکردنە بەڕادەیەک بۆ بیردۆزەکەمان ســەبارەت بوونی کەسانی دیکە لە جێگەی خۆیەتی. فرەجۆری ئاگامەندییەکان بۆ ئێمە تێهەڵکێشــەیە نەک کۆکردنەوە. هەمانکات گشتگری ئەم تێهەڵکێشەیەیە ناناسرێت.

ئایا خەسڵەتی دژوەستانی گشتگرییەکە کەم ناکرێتەوە؟ ئایا دەتوانین لەناوی بەریــن؟ ئایا دەتوانیــن بڵێین هۆش، بەو شێوەیەی باســی بوون-بۆ-خۆمانکرد، ئەوەیە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە؟ پرســیارەکە بێ واتایە. دەریدەخات ئێمە بتوانین تەماشای گشتگرییەکە بکەین و لە دەرەوە ببینین. ئەمەش ناگونجێت چونکە من بەشێکم لەو گشــتگرییە و لە ناویدام. هیــچ ئاگامەندییەک، تەنانەت خواش، ناتوانێت ئەو گشتگرییە بناسێت. ئەگەر خوا ئاگامەندی بێت، ئەوا پێویستە بەشێک بێت لە گشتگرییەکە. ئەگەر سروشت بێت، ئەوا لە دەرەوەی ئاگامەندییدایە (بوون-لەنێو-خۆیە)و گشتگرییەکە بۆ ئەو دەبێت بە بابەت (لەمحاڵەتەدا ناتوانێت لــە ناوەوەیدا بێت)، مادام خوا (خۆ) نییە و [ســروشتە] ئەوا ناتوانێت ئەزموونی

هەبێت و بیناسـێت. لەبەر ئەمە، گشتگرییەکە لە هیچ ڕوانگەیەکەوە ناناسرێت و ئەویش دەرەوەی نییە.

لێرەدا بە کۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشـتین. فێربووین، کە بوونی کەسـانی دیکە لەسەر فاکتۆری بە بابەتبوونی من ڕادەوەستێت. تێگەیشتین، کە هەڵوێستمە لـە ڕەتدانـەوەی نامۆبوونم، پەیوەندی بە بابەتکردنی کەسـانی دیکەوە هەبوو. بەکورتییەکەی، کەسانی دیکە بە دوو شێوە بۆ ئێمە هەن: ئەگەر بە بەڵگەوە ئەو بناسـم لە ناسینی ئەودا سـەرکەوتوو نابم. ئەگەر بیناسم، هەڵوێستم بەرانبەری هەبێت تەنیا لە ڕێگەی بوونی ئەوەوەیە، وەکو بابەت لەنێو جیهاندا.

ئـەم دوو شێوەیەش تێهەڵکێش ناکرێن. بەڵام توێژینەوەکەمان لێرەدا کۆتایی نایەت. ئەو بابەتەی بە کەسـێکی دیکە نـاوزەدی دەکەین و منیش، کە دەبم بە بابـەت بۆ ئەو خاوەنی لەشین. کەوابوو لەش چییە؟ یان لەشی کەسـێکی دیکە چییە؟

بەشی دووەم

لەش

گرفتی لەش و پەیوەندییەکانی بە ئاگامەندییەوە ئاشکرا باس نەکراون. لەکاتێکدا لەش بەوشـــتە دانراوە، کە یاسای خۆی هەبێت و ئێمەش بتوانین پێناسەیەکی لە دەرەوەدا بۆ بکەین، گەیشـــتنمان بە ئاگامەندی لەناوەوە لە ڕێگەی حەدەســـەوە ڕوودەدات. ئەگـــەر من بتوانم ئاگامەندیم لەو شـــێوازە ڕەها و ناوەکییەدا بناســـم و زنجیـــرەی تێڕامانەکانی بدۆزمەوە، هەوڵێـــش دەدەم جۆرە یەکێتییەکی بوونی، وەکو بابەتێکی زیندووی پێکهاتوو لە سیســـتەمی دەمارە هەستکەرەکان، مێشک، گلاندەکان، هەرەسکردن، هەناسەدان و هەموو ئەوانەی لە ئەتۆمەکانی هایدرۆجین و کاربۆن و ناتیرۆجین و فســـفۆر... هتد پێکهاتـــوون، بۆ دابنێم. بەڵام ئەم کارە لـــە گرفت بەدەر نییە. ئەم گرفتانەش لە هەوڵدانەکەی من لە دامەزراندنی یەکێتی نێوان ئاگامەندی من و لەشـــی کەسانی دیکەدا ســـەرهەڵدەدات. لەڕاستیدا، لەشم ئەوە نییە، کە بۆ منە. من مێشکی خۆم یان گلاندی ئیندۆکرینم نەدیوە و ناتوانم بیانبینم. لەبەر ئەوەی من لاشەی مردووم بینیوە یان منسیۆلۆجیم خوێندوە، بەو باوەڕەدەگەم، کە لەشـــی منیش لەناوەوە لە لەشـــی مردووەکە یان وێنەکانی نێو پەرتووکەکە دەچێت. هەڵبەتە ئەو پزیشـــکانەی نەشـــتەرکاری لەسەر لەشی من دەکەن ڕاســـتەوخۆ ئەو لایەنەی لەشـــم دەبینین، کە خۆم نایبینم. من لەگەڵیاندا ناکۆک نیم. هەروەها ناتوانم بڵێم من مێشـــک، گەدە یان دڵم نییە. پزیشکەکانیش ئەزمونی لەشـــی منیان لەنێو جیهانـــدا هەبوو. لە ئەزمونی خۆمدا لەشـــم لەنێو جیهاندا دەرناکەوێت. بێگومان لە ئامێری ڕادیۆســـکۆپەکەدا توانیم وێنەی بڕبڕەی پشـــتم ببینم. بەڵام لەمحاڵەتەدا من لە دەرەوەی ئەودا و لەنێو جیهاندا بووم. من هەســـتم بە بابەتێک لەنێو بابەتەکانی دیکەدا کرد و تەنیا بە هۆی بیرکردنەوەوە ئەو وێنەیەم بە بەشێک لە لەشی خۆم دانا و بوو بە خەسڵەتێک نەک بوونی من.

دروستە دەتوانم دەست لە قاچ و دەستەکانم بدەم. هیچ شتێک ڕێگەم لێناگرێت هەســـتەکانم بە ڕێکی بەرەو جیهان بەرم، بۆ نموونە بە چاوەکانم تەماشابکەم. با ئەوەشـــمان لەبیر نەچێت لەمحاڵەتەدا من بۆ چاوەکانم دەبم بە کەســـێکی دیکە و وەکو ئەندامی هەستکردن لەنێو جیهاندا دایاندەنێم. لەوکاتەدا چاوەکانم لایەنێکی

جیهانم نیشـــاندەدەن من "بینین نابینم". بینین دەبێت شـــتێک بێت لەنێو ئەوانی دیکەدا یان ئەوە بێت شـــتەکانم بۆ دەردەخـــات. لە یەک کاتدا هەردووکیان نییە. بەهەمانشێوە، دەستم دەبینم شتەکان دەگرێت، بەڵام دەستگرتنەکە نازانم چۆنە. لەبەر ئەم هۆیەشـــە بیرۆکەکەی ماین دی بیران لەسەر "هەستکردن بۆ هەوڵدان" نییە. دەســـتم بەرگریکردنی، ڕەقی و نەرمی بابەتەکانم بۆ دەردەخات نەک خۆی. من دەســـتم، وەکو شوشـــە مەرەکەبەکە دەبینم. هەست بە دوورییەک لەنێونماندا دەکەم. ئەو کاتەی پزیشکەکە قاچە بریندارەکەم بەرزدەکاتەوە و تەماشای برینەکەم دەکات منیش خۆم بەرزدەکەمـــەوە تاکو ببینم هیچ جیاوازییەک لەنێوان بینینی لەشـــی پزیشکەکە لای من و قاچی خۆمدا نییە. جیاوازییەکەیان تەنیا لە بونیادی هەســـتکردنەکەدایە. ئەو کاتەی دەست لە قاچم دەدەم هەستدەکەم قاچم دەستی لێدەدرێت. بەڵام دیاردەی ئەم دوو جۆر هەســـتکردنە بنەڕەتی نییە: ســـەرما یان دەرزییەکی مۆرفین لە ناوی دەبات. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو ڕاســـتەقینەی جیاوازدا دەکەین؛ دەســـتلێدان و هەروەها دەستلێدراو. هەســـت بەوەبکەیت، کە دەســـت لە شتێک دەدەیت، هەســـتیش بکەیت دەستت لێدەدەن. ئەمانـــە دوو جۆری جیاوازن و ناکرێـــت هەردووکیان بە ناوی (دووجۆر هەستکردن) کۆبکەینەوە.

لەڕاســـتیدا، جیاوازی بنەڕەتییان هەیە و بە یەکـــدی ناگەن. بێجگە لەمە، کە دەســـت لە قاچم دەدەم یان دەیبینم بە ســـەریا تێدەپەڕم و بە ئەگەرەکانی خۆم دەگەم. بۆ نموونە، دەمەوێت پانتۆڵەکەم لەپێبکەم یان پەڕۆی سەر برینەکە بگۆڕم. هەروەها دەتوانم قاچم بە جۆرێک دانێم تاکو بە ئاســـانی کارەکەم بکەم. ئەمەش ئەو بەرزێتییەی من ناگۆڕێت، کە ڕوو لە ئەگەرێک بەرەو چاکبوونەوەم دەکات. من لەبەردەم ئەودا بەبێ ئەوەی ئەو بم یان ئەو من بێت ئامادە دەبم. ئەوەی من لێرەدا هەســـتی پێدەکەم قاچمە، وەکو شـــتێک؛ ئەو قاچە نییە، کە ئەگەرە بۆ ڕۆیشتن، ڕاکردن یان یاریکردنی تۆپێن بۆ من.

بەو ڕادەیەی لەش ئەگەرەکانی بوونم لەنێو جیهاندا دیاریدەکات، دەســـتدان لە لەشم ئەگەرەکان دەمرێنێت. ئەم گۆڕانکارییە بە تەواوی پەیوەندی بە بوونی لەشەوە هەیـــە، وەکو ئەگەرێکی زیندوو بۆ ڕاکردن، ســـەماکردن و زۆری تریش. بێگومان، هەســـتکردن بە بابەتبوونی لەشم هەستکردنە بە بوون، بەڵام ئەو بوونەی هەستی پێدەکەم بوونە بۆ کەســـانی دیکەش. ئەم ئاڵۆزییە دەتوانێت بەرەو بێهودەییمان بەرێت و پەیوەندی بە کێشـــەی (بینینی پێچەوانەکراو)ەوە هەیە. ئێمە پرســـیاری زانایانـــی فزیۆلۆجی دەزانین، کە دەڵێن: ئێمە چـــۆن بتوانین بابەتەکان بە ڕێکی ڕیزبکەین لە کاتێکدا لە پشـــتی چاوەوە ســـەرەوخوار دەبینرێن؟ هەوەها وەڵامی فەیلەســـوفەکانیش دەزانین. کە دەڵێن، هیچ گرفتێکی تێدا نییە بابەتێک بەرانبەر

جیهان بە هەڵگــەڕاوی دابنرێت. ئەگەر هەموو جیهانیش بــە هەڵگەڕاوی ببینین هیچ واتایەک نادات چونکە هەڵگەڕانەوەکەی پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە. ئەوەی سەرنجی ئێمە بەرەو بنەڕەتی ئەم کێشە نادروستە دەبات ئەوەیە، کە کەسانی دیکە دەیانەوێت لەشــی کەسێکی دیکەش بە یەکێک لە بابەتەکانی ئاگامەندیم دابنێین. لێرەدا مۆمێک، لە پشــتی چاومەوە بە هەڵەوگێڕاوی دانراوە. پشــتی چاویش بە شێکە لە سیستەمی فیزیکی: پەردەیەکی پشتی چاوە و هیچی تر، بلورەکە بلورە و هیچی تر؛ بوونی هەردووکیان لەگەڵ مۆمەکەشدا و سیستەمەکەش لەیەکدی دەچن. لێرەدا، بە مەبەستەوە بۆچوونێکی فیزیاییمان هەڵبژاردوە، کە دەرەکییە. بۆ ئەوەی لە گرفتی (بینین) بکۆڵینەوە دەبێت چاوێکی مردوو لەنێو جیهاندا بدۆزینەوە. ئەگینا چــۆن ئەو کاتەی ئاگامەندی، کە ناوەکییەکــی ڕەهایە ڕەتی پەیوەندییەکەی بەم بابەتەوە دەدات، توشی سەرسوڕمان دەبین؟ ئەو پەیوەندییەی من لەنێوان لەشی کەسانی دیکە و بابەتێکدا دروســتی دەکەم پەیوەندییەکی هەبووە. لە سەرەتاوە لەســەر بوونی کەسانی دیکە، وەکو بابەت ڕادەوەستێت. ئەگەر ئاوەڕ لە سروشتی لەش بدەینەوە، پێویســتە ڕێکبوونێک بۆ تەماشــاکردنەکانمان دروستبکەین، کە لەسەر ڕیکبوونی بوون دادەمەزرێت: نابێت نهۆمە ئۆنتۆلۆجییەکان تێکەڵ بکەین. پێویستە لە ســەرەتاوە لەش، وەکو بوون-بۆ-خۆ بناســین و دوایی بە بوون-بۆ-کەســانی دیکەی دابنێین. بۆ دوورخســتنەوەی بێهودەیی (بینینی پێچەوانەکراو) دەبێــت بەردەوام ئاگاداری ئەو خاڵە بین، کە ئــەم دوو لایەنەی لەش جیاوازن و نابن بە یەک. بوون-بۆ-خۆ دەبێت لەش و ئاگامەندیش بێت؛ شــتێک نییە لەگەڵ لەشــدا یەکیان گرتبێت. بەهەمانشێوەش بوون-بۆ-کەســانی-دیکە لەشە؛ دیاردە ســایکۆلۆجییەکان نییە لەگەڵ لەشدا یەکیان گرتبێت. هیچ شتێک لەودیو لەشەوە نییە. بەڵام لەش بەگشتی بوونێکی سایکۆلۆجی هەیە. ئێمە لێرەوە باسی ئەم دوو شێوازەی بوونی لەش دەکەین.

١- لەش وەکو بوون-بۆ-خۆ : فاکتۆر

دەردەکەوێت سەرنجەکانی پێشومان دژی ئەو زانینە ڕادەوەستێت لە کۆجیتۆکەی دیکارتدا دەســتمان دەکەوێت. دێکارت دەڵێت، "ناسینی دەروون لە ناسینی لەش ئاســانترە." لێرەدا [ئــەم بیریارە] فاکتۆرەکانی بیرکردنەوە و لەشــی لە یەکدی جیاکردۆتەوە و یەکەمیان بە ســەرچاوەیەکی پیرۆزەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش لە سەرەتاوە ئەوە دەرەخات، کە تێڕامان فاکتۆرەکانی ئاگامەندییمان بۆ دەدۆزێتەوە. بێگومان لەم قۆناخەدا تۆش ئەو دیاردانە دەبینی، کە لەنێو خۆیاندا پەیوەندییان بە لەشــەوە هەیە؛ بۆ نموونە ئازادی لەش، خۆشــی و ناخۆشی و هتد. بەڵام ئەم

دیاردانە فاکتۆری ڕووتی نێو ئاگامەندی نین. ئێمە دەتوانین هێمایان لێدروستبکەین، کە کاریگەرێتیان بەسەر لەشەوە هەیە بەبێ ئەوەی لەنێو ئاگامەندییدا دەریان بهێنێن. ئەمەش سەرەتا و خاڵی دەرچوونمان نییە بەڵکو پەیوەندیەکی سەرەتاییە لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆدا: بوون-لەنێو-جیهاندا. ئێمە دەزانین بوون-بۆ-خۆ و جیهان دوو شتی لە یەکدی دابڕاو نین. بوون-بۆ-خۆ پەیوەندییە بە جیهانەوە. بوون-بۆ-خۆ، لەو حاڵەتادا، کە دەڵێین نییە، بوونی جیهان دەسەلمێنێت. هەروەها لەگەڵ ڕەتدانەوە و دەرچوونی بەرەو ئەگەرەکانی بوونی ئامێرەکان دەردەخات.

کاتێک دەڵێین بوون-بۆ-خۆ-لەنێو-جیهاندایە، ئاگامەندی ئاگاییە لە جیهان، پێویستە لە بیرمان نەچێت، کە فرەلایەنی لەبن نەهاتووی جیهان بەرانبەر ئاگامەندی ڕادەوەستێت و پەیوندی فرەلایەنی لەگەڵدا دروست دەکات. ئاگامەندیش بێ حوکمدان تەماشایان دەکات. بۆ من ئەم پەرداخە لای چەپی بوتڵەکەوە و کەمێک لەدوایەوە دانراوە؛ بۆ پیرۆ کەوتۆتە لای ڕاستەوە و کەمێک لەپێشەوەیە. ئاگامەندی ناتوانێت لەیەک کاتدا پەرداخەکە لای چەپ و ڕاست ببینێت. کەمێک لە پشتەوە و کەمێک لە پێشەوە ببینێت. ئەمەش پەیوەندی بە یاسای ناسنامە (خۆیەتی)وە نییە چونکە تێهەڵکێشکردنی پێشەوە و پشتەوە، چەپ و ڕاست دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی (ئەوان). ئەگەر بنی مێزەکە نەخشی فەرشەکە لە من بشارێتەوە و نەیبینم پەیوەندی بە سنوردارێتی بینینم یان کزی چاومەوە نییە. لەبەر ئەوەیە، کە فەرشەکەی مێزەکە نەیشاردۆتەوە، لەژێر، لەسەر مێزەکە یان لە تەنیشت مێزەکەوە نییە و ناکەوێتە نێو ئەو جیهانەی مێزەکەی تێدایە. ئەو بوون-لەنێو-خۆیەی، وەکو (ئەو)شتە خۆی دەردەخات دەکەوێتەوە نێو ناسنامەیەکی نادیارەوە. تەنانەت شوێن، وەکو پەیوەندییەکی دەرەکی دیارنامێنێت. پێکهاتەی شوێن، وەکو پەیوەندییە فرەلایەنەکان تەنیا لە بۆچوونێکی زانستانەوە کاریگەر دەبێت؛ شتێکە ناژی و تەنانەت نوێنەرایەتیشی ناکرێت. ئەو سێ گۆشەیەی لەسەر تەختەڕەشەکە کراوە و یارمەتیم دەدات خۆم بە بیرکاریەکی ڕووتکراوەوە ماندووبکەم بوونی لەسەر تەختەکە پێویستە. منیش هەوڵدەدەم خۆم بگەینمە ئەودیو خەسڵەتەکانی ئەو شێوەیەی بە تەباشیر دروستکراوە بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکەی بە بوونمەوە دیاریبکەم. تەنیا قەوارەی لاکان و خراپی وێنەکێشانەکەی دەبینم.

لەسەر ئەو ڕاستییەی جیهان هەیە، جیهان بەبێ پەیوەندی بە بوونی منەوە نییە. سووربوونی ئایدیالیزم لەسەر ئەو خاڵەی پەیوەندی جیهان پێکدەهێنێت دروستە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئایدیالیزم لەسەر زەمینەی زانستی نیوتن ڕادەوەستێت، ئەم پەیوەندییە بە گۆڕینەوە دادەنێت و چەمکی ڕووتکراوەی دەرەکی نێوان کارتێکەر و کارتێکراو وەدەست دەهێنێت. سنوری بابەتگەری ڕەها تەسک دەکاتەوە. ئەم چەمکەش وەکو ئەو جهانەیە، کە لە بیابان دەچێت یان ئەو جیهانەیە هیچ

کەسـێکی تێدا ناژی. ئەمـەش ناکۆکە چونکە جیهان بە هۆکاری ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتییـەوە هەیە. چەمکی بابەتگەری، کە دەیەوێت ڕاسـتی بوون-لەنێو-خۆ لابەرێت و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکـراوەکان لەنێوان بیرۆکەکاندا دامەزرێنێت، ئەگەر سنورەکانی تەسک بکرێنەوە، خۆ-بەزێنە.

هەروەها، پێشکەوتنی زانسـت چەمکی بابەتگەری ڕەها ڕەتدەداتەوە. ئەوەی برۆکلـی بە (ئەزمون) ناوزەدیدەکات سیسـتەمی پەیوەندییە هاودەنگییەکانە، کە تەماشاکەرەکەشی تێدایە. دانانی تەماشـاکەر لەنێو سیستەمی زانستیدا لەلایەن مایکرۆفیزیاوە بۆ خۆگەرییەتی ڕووت ناگەڕێتەوە. ئەم چەمکە بێجگە لە بابەتگەری ڕووت چـی دیکە نییە. بەڵام، وەکو پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەگەڵ جیهاندا، وەکو شوێن یان ئەوەیە هەموو پەیوەندییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە، یاسای سەربەسـتی هیسنبرگ سەلماندن و نەسەلماندنی لە ناچارەکییەوە سەرهەڵنادات. لەڕاسـتیدا پەیوەندی نێوان شتەکانە؛ پەیوەندی بنەڕەتی نێوان شتەکان و مرۆڤە و جێگەی مرۆڤە لەنێو جیهاندا. ئەمەش دەتوانین بسـەلمێنین، بۆ نموونە، ئێمە ناتوانیـن بەبێ گۆڕان لـە خێراییدا ڕێژەی زیادبوونـی ڕەهەندی تەنە جوڵاوەکان بدۆزینـەوە. ئەگەر بڕوانمـە جوڵانی تەنێک بەرەو تەنێکی دیکـە، بە چاوەکانی خۆم، دواییش بە مایکرۆسـکۆپ، لە حاڵەتی دووەمدا خێراییەکەی سەدجار زۆرتر دەبینم. لەمڕووەوە، چەمکی خێرایی پەیوەندی بە ڕەهەندەکانی تەنە جوڵاوەکەوە هەیە. ئێمەش بڕیار لەسـەر ڕەهەندەکان بە ئامادەبوونمان لەنێو جیهاندا دەدەین. ئـەوان بەبێ بوونی ئێمە نین. کەوابوو، تەنیا پەیوەندییان بەو زانینەوە نییە ئێمە دەستمان دەکەوێت بەڵکو بە بوونی ئێمەوە لەنێو جیهاندا هەیە.

ئەم ڕاسـتییە ئاشـکرا لە بیردۆزەی ڕێژەگەرییدا باسکراوە: ئەو کەسەی لەنێو سیسـتەمێکدا دانراوە ناتوانێت حوکم بەسـەر وەستان و جوڵانی سیستەمەکە بە ئەزمـوون بدات. ئەم ڕێژەییە (ڕێژەگەرایەتـی) نییە؛ مامەڵە لەگەڵ زانیندا ناکات؛ بەڵام لەو دۆگما پێشمەرجییەوە دەکەوێتەگەر، کە دەڵێت، زانین ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کـە هەیە. مـرۆڤ و جیهان دوو بوونی ڕێژەیین و پەیوەندییش دەبێت بە بناخەی بوونیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە یەکەم، پەیوەندی لە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییەوە بۆ جیهان بەڕێدەکەوێت. بۆ من، هاتنەبوونەوە دیاریکردنی دووری و نزیکییە لە شتەکانەوە و دانانی بوونی شتەکانیشە لە (ئەوێ)دا.

شـتەکان دەبن بەو هەبووانەی-دوور-لەمن-هەن. کەوابوو، جیهان ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییەی بوونم دەکات، کە بە هۆیەوە بوونی خۆم ئاشکرا دەکەم.

زانینـی ڕووت لەخۆیدا ناکۆکە؛ هیچ زانینێـک بەبێ ئاماژەکردن نییە. ئەمەش لەوەدەچێت، بڵێین زانین و کردەوە دوولایەنی ڕووتکراوەی پەیوەندی کۆنکرێتیین. شـوێنی ڕاستەقینەی نێو جیهان ئەوەیە لوین ناوی دەنێت "هۆدۆلۆجیک". زانینی

ڕووت زانینێکە بێ بۆچوون؛ کەوابوو، زانینێکە لە بارەی جیهانەوە، کە لە دەرەوەی جیهاندایە. ئەمەش هیچ واتایەک نابەخشـێت. زانەر لەوێدا زانینی دەستدەکەوێت، کە لەســەر بابەتە زانراوەکەی پێناســبکرێت. زانین خۆ خەریککردنە و بۆچوونی کەسەکەیە، کە دەیەوێت بزانێت. بۆ ئەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەبێت، دەبێت لە (ئەوێ)دا بێت؛ لەوێدا لەسەر کورسییەکە، لای مێزەکەوە، لەسەر لوتکەی چیاکە و لەم ڕەهەندانەدا و هتد. ئەمە پێویستییەکی ئۆنتۆلۆجییە.

دەبێــت لەمخاڵە تێبگەین. ئەم پێویســتییە لەنێــوان دوو هەبووی هەڵکەوت ڕوودەدات؛ لەلایەکەوە، پێویستە من لەوێدا هەبم، ئەمەش هەڵکەوتە چونکە من نابم بە بناخە بۆ بوونی خۆم. لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە پێویســتە بۆچوونم لەسەر ئەم و ئەو شــتە هەبێت، بۆچوونەکەشم بۆ ئەم شتە، کە لە هەموو بۆچوونەکانی دیکــە دادەبڕێت هەڵکەوتە. ئەم هەڵکەوتە دوولایەنییە. باوەش بە (پێویســتیی) فاکتــۆری بوونی-بۆ-خــۆدا دەکات. ئێمە لەنیوەی دووەمدا باســمانکردوە. لێرەدا هەڵکەوتنێکی بەردەوام پشــتگیری بوونی-بۆ-خۆ دەکات و بەرپرسی دەبێت بەبێ ئــەوەی بتوانێت تێپەڕێیکات. بوونی-بۆ-خۆ هەڵکەوتنەکە لەنێو خۆیدا نادۆزێتەوە؛ نازانــێ چۆنە، تەنانەت تێڕامانی کۆجیتۆییش بۆ دۆزینەوەی یاریدەی نادات. بوون بــۆ خۆ بەردەوام بەرەو ئەگەرەکانی دەچێت و توشــی هەڵکەوتن دەبێت؛ ڕوو لە نەبوونەکــەی خــۆی دەکات. ئەو نەبوونە دەیکات بەوەی هەیە. هێشــتا ناتوانین بڵێیــن، فاکتۆرەکان نابــن بە دێوەزمەی بوونی-بۆ-خۆ یــان فاکتۆرەکانە دەبن بە هۆکاری هەستکردن بە لێپرسینەوە بەرانبەر بوونم و شتێکیشە، کە ناسەلمێنرێت. بەڵام، جیهان بۆ من ئاماژە بۆ فۆرمی یەکگرتووی تێهەڵکێشــراوی پەیوەندییەکان دەکات، کە ناســەلمێنرێن. پێویســتە جیهان بە ڕیزکراوی خۆی بۆ من دەربخات. لەمــڕووەوە، من دەبم بــە ڕیزکردنەکە؛ وێنەی من بوو، کە لەدوا بەشــی نیوەی دووەمی باسەکەماندا نیشــانماندا. دەردەکەوێت ڕیزکردنەکە پێویست بێت، بەڵام نەسەلمێنراویشە. ئەم پێویســتە ڕەهایە و نەسەلماندنی ڕیزکردنی شتەکان لەنێو جیهاندا، ئەو ڕیزکردنەی، کە منە لەبەر ئەوەی من بناخەی بوونی خۆم نیم و نابم بە بناخەی بوونێکی هەندەکیش، ئەوا ڕیزکردنەکە لە ئاستی بوونی-بۆ-خۆدا، وەکو لەشــە. ئێمە دەتوانین لەش بەو فۆرمە هەڵکەوتووە دابنێین، کە لەســەر بوونی هەڵکەوت و پێویســتی مــن دادەنرێت. لەش، بێجگە لــە بوونی-بۆ-خۆ چی دیکە نییە؛ بوونی-لەنێو-خۆ لەنێو بوونی-بۆ-خۆدا نییە. لەو ڕاســتییەوە کە بوونی-بۆ-خۆ بناخەی بوونی خۆی نییە لە پێویســتبوونی خۆ خەریککرنەکەی وەکو هەبوویەکی هەڵکەوتوو لەنێو هەبووە هەڵکەوتووەکانی دیکەدا دیاریدەکات. لەش لە هەڵوێستی بوونی-بۆ-خۆوە دوورەپەرێز ڕاناوەســتێت چونکە بوونی بوونی-بۆ-خۆ و هەڵوێست یەک شــتن. لەلایەکی دیکەوە. مادام جیهان (هەمووی) هەڵوێســتەکانی بوونی-بۆ-

خۆیە و پێوەری بوونیەتی، ئەوا لەش بە (هەمووی) جیهان دادەنرێت.

هەڵوێست هەڵکەوتێکی ڕووت نییە. بەپێچەوانەوە، لەگەڵ دەرچوونی بوون-بۆ-خـۆ بەرەوخۆی و ڕەتکردنیەوە پەیدادەبێت. لـە ئاکامدا، لەش-بۆ-خۆ ئەو بابەتە دراوە نییە، کە من دەتوانم بیناسـم. شتێکە لەوێدا و تێپەڕکراوە. ئەو کاتە هەیە، کـە من دەمەوێ لە ڕێگەی لەناوبردنی خۆمەوە لە دەسـتی هەڵبێم. لەش ئەوەیە من لە ناوی دەبەم. ئەو بوون-لەنێو- خۆیەیە، کە بوون-بۆ-خۆی لەناوچوو تێپەڕی دەکات و لەم تێپەڕکردنەدا جارێکی دی بە بوون-بۆ-خۆ دەکات. لەڕاسـتیدا بەبێ ئـەوەی ببم بە بناخەی بوونم، من دەبم بـە هاندەرەکانی خۆم. من بەبێ ئەوەی ببم بەوەی هەم، هیچم؛ هەروەها هێشتا نەبووم بەوەی دەمەوێ بیگەمێ. کەوابوو، لەلایەکەوە، لەش خەسڵەتێکی پێویستی بوون-بۆ-خۆیە؛ لەش بەرهەمی ئافەریدکەر نییـە یان یەکگرتنـی لەش و دەروون هەڵکەوتێک نییـە دوو جەوهەری جیاوازی پێکـەوە گرێدابێت. لەلایەکی دیکەوە، لەش بەرجەسـتەبوونی هەڵکەوتی بوونمە؛ دەتوانین بڵێین تەنیـا ئەم هەڵکەوتەیە. بیریارە هۆشـەکییە دێکارتییەکان ئەم خەسڵەتەیان پەسەندکردووە؛ نوێنەرایەتی تاکە کەسێکی من لەخۆخەریکردنم لەنێو جیهانـدا دەکات. تەنانەت ئەفلاتونیش بە دانانـی لەش بەوەی تاکبوونی دەروون دەردەخـات، بەهەڵەدانەچووە. بـەڵام بێهودەیە باوەڕ بەوە بکەین، کە دەروون بە جیابوونەوەی لە لـەش خۆی لەم تاکبوونییە دووردەخاتەوە دەروون بەو ڕادەیەی بوون-بۆ-خۆ تاکە، لەشە.

ئێمە باشـتر لەم خاڵانە دەگەین ئەگەر بەسـەر کێشـەی زانینی هەستەکییدا ساخیان بکەینەوە. کێشـەی زانینی هەستەکی لەنێو جیهاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو بابەتانەدا پەیدادەبێت، کە بە هەستکردن ناوزەدیان دەکەین. لە سەرەتاوە باس لەوە دەکەین، کە کەسـانی دیکە چاویان هەیە. دواییش، وەکو زانایانی فزیۆلۆجی بونیادی ئەم بابەتانـە و جیاوازییەکانی نێوان ڕێتیناو بیلبیلەی چاو دەدۆزینەوە. ئەم زانایانە ئەو یاسایانەشیان بەسەر ئەم بەشەدا دەسەپێنن، کە پەیوەندییان بە چاویلکەسازییەوە هەیە. لەگەڵ پێشکەوتنی نەشتەرسازیشدا فێربووین، کە کۆمەڵێ ڕەگ ڕێتینا بە مێشکەوە دەبەستنەوە. لەژێر مایکرۆسکۆبدا دەبینین لە کوێدا ئەم ڕەگانە دەسـتپێدەکەن و تەواو دەبن. هەموو ئەم زانیارییانە سـەبارەت بابەتێکی نێو شـوێنە، کە بە چاو ناوزەد دەکرێت. لەسـەرو ئەمانەوە، زانایان بانگەشـەی ئەوەیانکرد، ئێمە دەتوانین ئەم چاوە ببینین و دەستی لێبدەین؛ دەتوانین بۆچوونی هەستەکییمان لەسەر شتەکان هەبێت. دواجاریش هەموو زانیارییە زانستییەکەمان دەکەوێتە نێوان ئەو زانینەی سـەبارەت بە چاو هەمانە. بەکورتییەکەی، لەنێوان من و ئەو چاوەدا ئەو جیهانە دەردەکەوێت، کە بوونی من تیایدا خۆی بەرجەستە دەکات. لەدواییدا دەتوانین زۆرتر لێی بکۆڵێتەوە و لە سەرەتا و کۆتایی ڕەگەکان

لەنێو لەشــی خۆماندا تێبگەین. لێرەدا خۆمان لە ئاستی دوو بابەت لەنێو جیهاندا ڕادەگریــن: لەلایەکەوە، هاندەرەکە و لەلاکەی دیکەوە ئەو شــانە هەســتیارە یان ڕەگەیــە کۆتایــی بە هاندەرەکەی ئێمــە دێنێت. هاندەرەکــە بابەتێکی فیزیکی- کیمیاییە، شــەپۆلە کارەباییەکانە یان توخمێکی کیمیاوییە، کە خەســڵەتەکانی دەزانیــن. ئێمەش دەتوانین کەم و زۆری بکەین و درێژە بە بەردەوام بوونییەکەی بە شێوەیەکی دیاریکراو بدەین. کەوابوو، ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو بابەتی ئاساییدا دەکەین. هەستکردنیشمان پەیوەندی نێوانیان دادەمەزرێنێت. زانیاریشمان لەبارەی پەیوەندییەکەوە بەستراوە بە سیستەمی زانستی و شارەزایی ئێمە، کە لەسەر بوونی جیهان و سەرهەڵدانی ئێمە لەنێوجیهاندا پەیدا دەبێت. زانیارییە هەستەکییەکەمان یارمەتمان دەدات پەیوەندی نێوان ناوەوەی کەسانی دیکە، وەکو بابەت و پێکهاتە دەرەکییەکان ببینین. فێردەبین چۆن کارکردن لەســەر هەســتکردنەکان ڕێگەمان دەدات بیرکردنەوەی کەســانی دیکە بگۆڕین. ئەمەش بە هۆکاری زمان و دەربڕینی کەســانی دیکەوە لە بەرەنگارییەکانیاندا دەردەکەوێت. بابەتێکی فیزیایی (هاندەر) ە ، بابەتێکی فزیۆلۆجی (هەســت)ە، بابەتێکی سایکۆلۆجی (کەســێکی دیکە)یە، ســەرهەڵدانی واتاکانیش (زمان)ە. ئەمانە چەمکەکانی پەیوەندییە دەرەکییەکانە ئێمە دەمانەوێت دروســتی بکەین. بەڵام هیــچ کامیان ڕێگە بۆ ئێمە خۆش ناکەن تاکو لەنێو جیهانی بابەتەکان بچینە دەرەوە.

هەندێکجــار من دەبم بە بابەتێکــی توێژینەوە بۆ زانایانی ســایکۆلۆجی یان فزیۆلۆجی. ئەگەر خۆبەخشانە بەشداری لە تاقیکردنەوەکانیاندا بکەم، ئەوا کتوپڕ خۆم لە تاقیگەیەکدا و لە پشــتی شاشــەیەکەوە دەبینم یان هەست بە ڕەتبوونی شــەپۆلی کارەبا بەناولەشــمدا دەکەم، دەرمانێکم دەدەنێ، کە نازانم چییە، بەڵام هەمــوو ئەمانــە لەنێو جیهاندا بەرانبەر من ئامادەبوون. بۆ ســاتێک جیهانیان لە من دانەبڕاند؛ هەموو ئەمانە لە تاقیگەیەکدا لە ناوەڕاســتی شــاری پاریســدا لە خانویەکی بەشی باشوری ســۆربۆن ڕوویاندا. من لە لەگەڵ ئامادەبوونی کەسانی دیکــەدا مامەوە. تاقیکردنەوەکەش زۆری لێکردم بــە زمان ڕاگەیاندنکەی لەگەڵدا بخەمەگەر. ئەو کەســەی تاقیکردنەوەکەی دەکرد چەندجارێک پرسیاری لێکردم، کە ئایا شاشەکە بە باشی دەبینم یان نا. پاڵەپەستۆکەش لەسەر دەستم گرانی و ســوکی بۆ دەردەخستم و لەوەڵامدا دەمگوت؛ وایە. زانیارییەکی بابەتانەم لەبارەی ئەو شــتانەی لەنێو جیهاندا دەردەکەن، دەگەیاندا. کەسەکە هەندێکجار دەیپرسی؛ ڕووناکییەکە لەســەر چاوم بەهێزە یان نا. مادام من لە جیهاندا لەنێو بابەتەکاندام پرســیرکردنەکەی هیچ واتایەکی نە دەبەخشــی ئەگەر من نەمزانیایە (هەستکردن بە ڕووناکی) چییە. لەبەر ئەمــە وەڵامەکەی من بەم جۆرەبوو؛ ڕووناکییەکە کزە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە شاشەکە زۆر ڕووناک نییە. مادام من شاشەکە

بە کزی دەبینم، نیوەڕسـتـەی (بە بۆچوونی من) ئاماژە بۆ هیچ شتێکی ڕاستەقینە ناکات. تەنیا نەیەڵێت بابەتگەرێتی جیهان بۆ من ببێت بە شــتێکی ئاڵۆز. ئەوەی من دەیزانم لەم تاقیکردنەوەیەدا ئەو بابەتانەن کەسەکەش دەیانبینێت. لە کۆتایی تاقیکردنەوەکــەدا پەیوەنــدی نێوان دوو دەســتە بابەتمان بۆ ئاشــکار دەبێت: ئەوانەی لە تاقیکردنەوەکەدا پەیوەندییان بە منەوە هەیە و ئەواەی بۆ کەســەکەی تاقیکردنەوەکە دەکات لە تاقیکردنەوەکەدا خۆیان دەرخســت. ڕووناکی شاشەکە سەر بە جیهانی منە؛ چاوەکانم، وەکو بابەت سەر بە جیهانی کەسەکەن. پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەســتە بابەتەش پردێکە لەنێــوان دوو جیهاندا؛ کە بە پەیوەندی نێوان لایەنەکانی ناوەوە و دەرەوە دانانرێن.

بۆ چی چەمکی (خۆیەتی) بۆ ڕووناکی و گرانی و بۆنی ئەو بابەتانە بەکاربهێنین، کە لەتاقیکردنەوەکەدا، لە نیو تاقیگاکەدا لە پاریس و مانگی دوو پێکهاتن؟ ئەگەر بــە پێکهاتەیەکی خۆیەتی دابینێین بۆ چی بابەتەکان بخەینە نێو سیســتەمێکی دەرەکییەوە، کە لە تاقیگاکەدا بۆ کەسەکە سەریان هەڵدا؟ لێرەدا دووجۆر کێشان و پێوەرمان نییە. هیچ شتێک لە هیچ شوێنێکدا بەبێ بابەتگەری نییە من هەستی پێبکەم. من، وەکو جاران، لەم تاقیکردنەوەیەشــدا ئاگام لە بوونی جیهانە و لەم زەمینەوە هەســت بە بوونی چەند بابەتێکی دەرەکی دەکەم. وەکو جارانیش، ئەو بابەتانــە ڕەتدەکــەم و ڕوو لەو بوونە دەکەم، کە دەمەوێــت بیگەمێ، بۆنموونە، دەمەوێت بە دروستی وەڵامی پرسیارەکانی کەسەکە بدەمەوە تاکو تاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو بێت. بێگومان ئەم بەراوردکردنانە ئەنجامێکی بابەتگەرانەمان دەداتێ. من دەتوانم بڵێم ئاوە، ئاوە گەرمەکە ساردە، پاش ئەوەی دەستم لەنێو ئاوی گەرمدا دادەنێم. بەڵام ئەم ئەنجامە، کە بە (یاسای ڕێژەگەری هەستکردن) ناوزەدی دەکەین هیچ پەیوەندییەکی بە هەستکردنەوە نییە. لەڕاستیدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ خەسڵەتی ئــەو بابەتەدا دەکەین، کە خۆی دەردەخات. کاتێک دەســتی گەرمم دەخەمە نێو ئاوە گەرمەکەوە هەســتدەکەم ساردە. بەراوردکردنیش لەنێوان زانیارییەکەی من و گەرمیپێودا بۆ ئاوەکە توشــی ناکۆکیمان دەکات. ناکۆکییەکەش دەبێتە هاندەرێک بۆ هەڵبژاردنێکی سەربەســت. پێویســتە من ناوی خۆیەتی لەو شــتە دەرەکییە بنێم، کە هەڵمنەبژاردوە. وردبوونەوەی زۆرتریش لە (یاسای ڕێژەگەری هەستکردن) بونیادێکی بابەتگەری تێهەڵکێشــکراو بۆ من دەردەخات، کە بە فۆرم (گیشتاڵت) ناوزەدیدەکەم. وێنە ئەندێشاوییەکەی میولەرلایەرس یان ڕێژەگەرایەتی هەستکردن ناوی جیاوازن بۆ یاســا دەرەکییەکانی بونیادی ئەم فۆرمانە. ئەم یاســایانە هیچ شــتێکمان لە بارەی دیاردەکانــەوە پێناگەیەنن و تەنیا مامەڵــە لەگەڵ بونیادە تێهەڵکێشراوەکەدا دەکەن. بەم شێوەیە بونیادەکە، وەکو فۆرم خۆی دەردەخات.

بابەتگەرایەتی زانســتانە بونیادەکان لە (هەموو) جیادەکاتەوە و خەســڵەتیان

پێــدەدات. بەڵام لــە هیچ حاڵەتێکدا ئێمــە ناتوانین خۆمان لــە جیهان دابڕین. هەندێــک بیریار لــەو باوەڕەدان پەیوەنــدی دەرەکی نێوان هانــدەر و ئەندامانی هەســتکردن دەبێت بە پەیوەنــدی نێوان هاندەرێکی دەرەکی و هەســتکردنێکی ناوەکی. پێناســەکردنی لایەنە ناوەکییەکەش دەکەوێتە سەر کارکردنی هاندەرەکە لەسەر ئەندامانی هەســتکردن. هاندەرەکە کاردەکاتە سەر ئەندامانی هەستکردن؛ پرۆتۆپلازم و گۆڕانکارییە فیزیایی و کیمیاییەکان، کە لە هەســتکردندا ڕوودەدەن، ئەندامی هەســتکردنەکە دروســتیان ناکات و لە دەرەوەی ئەودا دێنە کایەوە. بۆ ئەوەی واز لە یاسای هێزی بەردەوامی نەهێنین، کە هەموو سروشت، وەکو دەرەکی پێکدەهێنێــت، باوەڕ بەم بۆچوونە دەکەین. کەوابوو، ئەو کاتەی پەیوەندی نێوان سیســتەمێکی دەرەکی (هاندەری ئەندامە هەســتەکییەکان)، کە ئێستا هەستیان پێدەکەیــن و سیســتەمێکی ناوەکی، کە خەســڵەتەکانی بابەتەکە پێکدەهێنێت، باســەکەین، دەبێت بە زۆر خۆمان بگەیەنینە ئەو باوەڕەی شــێوازە ناوەکییەکەی وابەســتە بە هاندەری هەستکردنەوە و شتێکی دیکە بێجگە لە خۆی پەیدایکردوە. ئەگەر کتوپڕ لە خۆیەوە پەیدابێت هیچ پەیوەندییەکی بە ئەندامی هەســتکردنەوە نابێــت یان پەیوەندییەکەیــان دەبێت بە شــتێکی جیاواز. کەوابوو، پێویســتە یەکێتییەکــی دەرەکی هەبێت، بۆ بچوکترین و کورتترین هاندەرێکی هەســتپێکراو دابنرێت و ئێمەش بە هەستکردن ناوزەدی بکەین. ئەم یەکێتییەش دەبێت هێزێکی بــەردەوام بێت؛ لایەنێکی دەرەکــی ڕووت بێت چونکە بە (ئەو) شــتە دادەنرێت و بەشــداری لە پیکهێنانی لایەنــی دەرەکی بوون-لەنێو-خــۆ دەکات. ئەو لایەنە دەرەکییەی لە هەســتکردندا دەبینرێت سەر بە بوونی هەستکردنە؛ هۆکاری بوونی هەستکردن لە دەرەوەی هەستکردندایە. بەڵام بۆ ئەوەی بوونی هەستکردن چاکتر دەربخەین لەنێو بەســتێنێکی دیاریکراودا دایدەنێین. من ئەو بەســتێنە ناودەنێم هۆش یان ئاگامەندی هەروەها ئەم ئاگامەندییە، وەکو شــتێکی دیکە یان بابەتێک دەبینم. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر ئەوەی دەمەوێت پەیوەندییەکان لەنێوان ئەندامانی هەســتکردن و هەستکردندا بە هەمەکی دابنێم، ئەوا دەبێت ئاگامەندییەکە سەر بە من بێت و بوونیشی بۆ-خۆی-نەک بۆ کەسانی دیکە بێت. لەمڕووەوە من شوێنێکی ناوەکیم داناوە، کە تیایدا وێنەکان پاش هەســتکردن لە ڕێگەی هاندەرەکانیانەوە پەیدادەبن. مادام ئەم شوێنە تەنیا وێنەکان وەردەگرێت ئەوا لایەنێکی چالاک نییە. هەمانکات من ڕوانینــە بایەلۆجییەکەش کارم تێدەکات، کە پەیوەندی بە چەمکی بوونی دەرەکی ئەندامانی هەســتکردنەوە هەیە. لەبەر ئەوە ئەو شــوێنە ناوەکییە لەنێو هەستکردندایە. کەوابوو، ژیان پەیوەندییەکی جادوگەرانەیە، کە من لەنێوان بەستینێکی ناچالاک و شیوازی ناچالاکی ئەم بەستێنەوە دروستیدەکەم. (هۆش) هەســتکردن دروست ناکات و هەســتکردن دەرەکییە. لەلایەکی دیکەشەوە، هۆش

هەســـتکردنەکان لە ئامێز دەگرێت و دەیانژیەنێت. یەکبوونی ئەوەی دەژی و ژیان نە لەنێو شـــوێندایە نە پەیوەندییەکیشە لە نێوان شـــوێن و شتێکی نێو شوێندا؛ ئامادەبوونێکی جادوگەرانەیە. هۆش هەستکردنەکانی خۆیەتی و لەوانیشەوە دوورە. هەستکردن، لەم بۆچوونەوە، دەبێت بە بابەتێکی تایبەتی، کە نەجوڵاوە و ناچالاک دەژی. ئێمەش بە (خۆیەکی) دادەنێین.

پێویستە بە دروستی لە چەمکی (خۆیەتی) بگەین. مەبەستمان ئەو شتە نییە، کە ســـەر بە (خۆ)یە؛ بۆ نموونە دەروون، کە بەردەوام دەبێت بە هاندەر بۆ بوونی خۆی. ئەو خۆیەتییەی دەروونناســـەکان ئاماژەی بـــۆ دەکەن لە ئەمەوە جیاوازە؛ بەپێچەوانـــەی خۆیەتییەکەی ئەوانەوە، هێزە بەردەوامەکە و ئامادەنەبوونی هەموو لایەنە بەرزەکان دەردەخات. ئەمـــەش ئەو جۆرە خۆیەتییەیە، کە ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە دەرەوە. بەو ڕادەیەی هەســـتکردن لایەنێکی دەرەکی ڕووتە ئەوا تەنیا دەبێت بە مۆر بەســـەر هۆشـــەوە خۆیەکییە چونکە نـــە ئامادەبوونی هەیە و نە نوێنەرایەتـــی دەکات. خەســـڵەتی خۆیەکی ئەوی دی، وەکـــو بابەت قوتووییەکی داخراوە و هەســـتکردنیش لەنێو قوتووەکەدایە. ئەمە واتای هەســـتکردنە. لێرەوە بێهودەییەکـــەی دەبینین. لە پێش هەموو شـــتێکدا، چیرۆکێکی ڕووتە. ســـەر بە هیچ ئەزموونێکی ناوەوەی من نییە و پەیوەندی بەوی دیشـــەوە نییە. ئێمە تەنیا جیهانێکی دەرەکی دەبینین، مەبەســـتەکانمان بوونی ئـــەو جیهانە دەردەخەن و پەیوەندییەکەمانی لەگەڵدا دیاریدەکەین. هەستکردنیش بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەردەخات چونکە مرۆڤ خاوەنی ئەندامی هەستکردنە و لەبەردەم پەیوەندییەکەی بە جیهانەوە ڕاوەســـتاوە. خۆیەتی مرۆڤ بـــۆ دامەزراندنی پەیوەندییە بەرزەکانی پێویستە. لەبەر ئەم هۆکارەیە ڕووبەڕووی ئەم سێ خاڵە دەبینەوە:

یەکەم، بۆ دامەزراندنی هەستکردن پێویستە ڕوو لە جۆرێک ڕیالیزم بکەین. ئێمە هەســـتکردنمان بە بوونی کەسانی دیکە و ئەندامانی هەستکردنی کەسانی دیکە و ئامێرەکان بە دروست دادەنێین.

دووەم، بـــەڵام، لە زەمینەی هەســـتکردندا ئەمجۆرە ڕیالیزمـــە لەناودەچێت. هەستکردن تەنیا زانیاریمان لە بارەی بوونی خۆمانەوە دەداتێ و سەربەو بوونەیە، کە دەژی.

ســـێیەم، لەگەڵ ئەمەشدا، بە هۆکاری هەستکردنەوە جیهانی دەرەکی دەناسم. ئەم ناســـینەش نابێت بە بناخەی پەیوەندییەکی بنەڕەتیم بە شتەکانەوە؛ بونیادی مەبەستەکانی هۆش نادۆزێتەوە.

ئێمە چەمکی (بابەتگەری) بۆ پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ بە بوونەوە بەکارناهێنین، بەڵکو بەســـتنەوەی هەســـتکردنەکانە، کـــە زۆرتر دەمێنێتـــەوە و بەرێکوپێکی دەردەکەون. بەتایبەتی ئەوەیە، کە ئێمە بۆ پێناســـەی هەستکردنمان بە وی دی،

ئەندامانی هەســـتکردنی ئەوی دی و ئامێــرەکان دایدەنێین. لەمحاڵەتەدا ناتوانین پرســـیار لە بارەی هەســـتکردنی من بە ڕێگەی ئەندامی هەســـتکردنمەوە بکەین؛ تەنانەت بەپێچەوانەوە، من ئەندامی هەستکردن بە هەستکردنمەوە دەبەستمەوە.

ئەمەش لە ســـوڕانەوەی بازنەیی دەچێت. هەستکردنم بە هەستەکانی کەسێکی دیکە یاریدەم دەدات چۆن باســـی هەســـتکردن بکەم، بەتایبەتی هەستکردنەکانی خۆم. بەڵام هەســـتکردنەکەی من ڕاستەقینەی هەستکردنم لە ئاستی هەستەکانی ئەو کەســـەدا پێکدەهێنێت. لەم سوڕانەوەیەدا بابەتەکە، کە ئەندامی هەستکردنی کەســـەکەیە، بەردەوام سروشـــتی خۆی و دیاردەکەشـــی ناپارێزێت و وەکو خۆی نامێنێتەوە. لە سەرەتاوە، ڕاستەقینەیە، ئەنجا لەبەر ئەوەی ڕاستەقینەیە ڕاڕەوێکی ناکۆک دژ بە خـــۆی دادەمەزرێنێت. دەردەکەوێت، لەڕاســـتیدا، بونیادی بیردۆزە کلاسیکییەکە سەبارەت هەستکردنەوە لە بەڵگەی درۆکەرەکە بچێت، کە ڕواقییەکان بانگەشـــەیان بۆ کردووە. لێرەدا، کرتیان ئەو ڕاستییە دەڵێت، کە درۆیە. لەسەرو ئەمەشەوە، بەو شێوەیەی بینیمان، هەستکردن خۆیەتییەتی ڕووتە. ئایا چۆن بوونی بابەتێک لەســـەر خۆیەتی دابمەزرێنین؟ ئەگەر هەســـت بە بابەتێک لەنێو جیهاندا بکرێت، پێویســـتە لەو کاتەوە ئێمـــە پەیدادەبین لەنێو جیهان و لەنێو بابەتەکاندا ئامادەبین. هەستکردن، دەکەوێتە نێوان بابەتگەری و خۆگەرییەوە. لە بابەتەکەوە سەرهەڵدەدات و بەرەو خۆ دەڕوات؛ بوونێکی هەیە، کە ناتوانین بڵێین ڕاستەقینەیە یان بیردۆزەیی. هەســـتکردن خەونی ڕۆژانەی ڕووتی زانایانی دەروونناســـە. هەر بیردۆزەیەکـــی پتەو لەبارەی پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و جیهانەوە هەبێت ڕەتی دەداتەوە.

ئەگەر هەســـتکردن تەنیا وشە بێت، ئەی هەستەکان چین؟ بێگومان، کەسێک دەتوانێت جەخت لەســـەر ئەو خاڵە بکات، کە لە ناوەوە ڕووبەڕووی هەســـتکردن نابینـــەوە. ئێمـــە تەنیا ڕەنگی ســـەوزی دەفتەرەکە یان گەڵاکـــە دەبینین، نەک هەستکردن بە (سەوز) یان ئەو ڕەنگە نا-ڕاستە سەوزەی هوسرڵ لەنێوان بابەتەکە و مەبەستی[ئاگامەندیدا] دایدەنێت. هوسرڵ دەگاتە ئەو باوەڕەی لەگەڵ کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانەشدا بابەتەکە دەخرێتە نێوان دوو کەوانەوە و ڕووبەڕووی دەبینەوە. بەڵام مۆری بابەتەکە لە ناخماندا نادۆزرێتەوە. هێشـــتا دروستە بڵێین هەستکردن هەیە. من ڕەنگی سەوز دەبینم، هەست بە ساردی ئەو تەنە دەکەم و دەزانم بەردە مەڕمەڕەکە چەورکراوە. ڕووداوێکیش دەتوانێت هەموو هەستەکانم لەناوبەرێت؛ کوێر و کەڕ دەبم و هتد. کەوابوو، هەست، کە هەستکردنمان ناداتێ چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاســـانە. با لە سەرەتاوە بڵێین، هەســـتەکان لە هەموو شوێنێکدا هەن و لە هیچ شوێنێکیشـــدا نادۆزرێنەوە. من ڕاســـتەوخۆ شوشە مەرەکەبەکە لەسەر مێزەکە، وەکو شتێک دەبینم،. ئەمەش بە هۆکاری ڕووناکییەوە ڕوودەدات. ئەوەی

دەردەکەوێت شتێکی بینراوە و منیش ئاگام لەو شتە دەرکەوتوەیە؛ من دەزانم، کە دەیبینم. هەمانکات، هەرچەندە بینینەکە سەبارەت شوشە مەرەکەبەکە زانینە، بینین لەژێر دەستی زانیندا ڕادەکات؛ زانینمان لەبارەی بینینەوە نییە. تەنانەت تێڕامانیش ئەم زانینەمان ناداتێ.

تێڕامان دەتوانێت زانینم لەبارەی شوشە مەرەکەبەکەوە بداتێ، کە دەبینرێت، بەڵام ئەو زانینە سەبارەت بینینەکە یان چالاکی بینین نییە. لێرەدا گوتە بەناوبانگەکەی ئۆگوست کۆمت بە نموونە دەهێنینەوە، کە دەڵێت؛ "چاو خۆی نابینێت." بێگومان چاوێکی دیکە دەتوانێت لەو کاتەدا تەماشادەکەین چاوەکانی ئێمە ببینێت. ئایا من ناتوانم دەستی خۆم ببینم یان لەوکاتەدا شتێک دەگرم دەست لە دەستم بدەم؟ لێرەدا، چاوەکان، وەکو بابەت دەبینم؛ ناتوانم بیان بینم؛ ناتوانم دەستگرتنی دەستم بگرم. کەوابوو، هەر هەستێک بۆ من بێت دۆزینەوەی مەحاڵە. هەروەها، مادام بەردەوام ڕووبەڕووی بابەتەکان دەبمەوە هەستکردن نابێت بە کۆی هەستکردنە لە کۆتایی بەدەرەکان. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بە ناخمدا شۆڕببمەوە و بڕوانمە ئاگاییم، ئەوا ڕووبەڕووی ئاگاییم لەم و لەو شتەی نێو جیهان دەبمەوە نەک بینین یان هەستەکانی دیکە. ئەگەر هەست بە ئەندامانی هەستکردنم بکەم و دەستیان لێبدەم ئەوا ئەو ئەندامانە، وەکو بابەت لەنێو جیهاندا دەردەکەون. هێشتا دەتوانین بڵێین هەستکردن هەیە؛ دەبینین، دەبیستین و بە دەست شتەکان دەگرین.

ئەگەر بیر لە سیستەمی بینینی بابەتەکان بکەمەوە بۆم دەردەکەوێت بە ڕێکی بۆ من دانەمەزراوە؛ بەڵکو بینینەکان ئاڕاستەکراون. مادام هەست لەسەر بنەمای کردەوە ناسراوەکان و بەردەوامی حاڵەتەکانی ژیان پێناسە ناکرێت، ئێمە هەوڵدەدەین لە ڕێگەی بابەتەکەیەوە پێناسەی بکەین. ئەگەر بینین کۆی ئەو هەستکردنانە نەبێت، کە دەبینن، ئایا نابێت بە سیستەمی بابەتە بینراوەکان؟ ئایا پێویستە بۆ بیرۆکەی پێشومان لەسەر ئاڕاستەکردن بگەڕێینەوە؟

لە سەرەتاوە پێویستە بزانین، کە ئاڕاستەکردن بونیادێکی پێکهاتووی شتە. بابەتێک لەنێو جیهانەوە خۆی دەردەخات و پەیوەندییە دەرەکییەکەش بە شتەکانی دیکەوە بەرجەستە دەبێت. خۆدەرخستنەکەی زەمینەیەکی پێکهاتووی دیارینەکراو بۆ هەموو هەستپێکراوەکان لە جیهاندا دادەمەزرێنێت. بونیادی شێوەکاری ئەم پەیوەندییە بە زەمینەکەوە پێویستە؛ واتە زەمینەی شتە بینراوەکان یان بیستراوەکان دەبێت هەبێت. بێدەنگی، بۆنموونە، زەمینەیەکی دەنگدارە بۆ هەموو دەنگە نەبیستراوەکان، کە دەنگێک تیایدا بۆ ئێمە سەرهەڵدەدات. بەڵام پەیوەندی نێوان بابەتێکی تاک بەم زەمینەیەوە لەهامانکاتدا دراوە و هەڵبژێردراویشە. هەڵبژێردراوە چونکە بوون-بۆ-خۆ ئامادە دەبێت و ڕەتدانەوەی ناوەکیشی بەرانبەر ئەو بابەتە

لەنێو جیهاندا هەڵگرتوە. من دەڕوانمە شوشە مەرەکەبەکە یان پیاڵەکە. ئەمانە بە من دراون. هەروەها، پەرتووکەکە لەلای ڕاست یان چەپی مێزەکەوە دەردەکەوێت. دەرکەوتنی مێزەکە لای چەپەوە پێویســـت نییە. من لێرەدا سەربەستم تەماشای پەرتووکەکە لەسەر مێزەکە یان مێزەکە لای پەرتووکەکەوە ببینم. ئەم هەڵکەوتنەیە لەنێوان پێویست و سەربەستی هەڵبژاردنەکەمدا بە هەست ناوزەدیدەکەین. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێت، کە بابەتێک پێویســـتە بۆ من ڕاســـتەوخۆ دەردەکەوێت، ئەو بابەتە شوشـــە مەرەکەب یان پیاڵەکەیە من دەیبینم. ئەم دەرکەوتنەش هەمیشە لەنێو بۆچوونێکدا دێتەکایەوە، کە پەیوەندییەکەی بە جیهان و شـــتەکانی دیکەوە دیاریدەکات. من دەنگی کەمانەکە بەگوێرەی نۆتەکە دەبیستم؛ بەڵام دەبێت دەنگەکە لە دەرگاکەوە یان لە پەنجەرەکراوەکەوە یان لەنێو هۆڵەکەوە بە من بگات، ئەگینا بوونی لەنێو جیهاندا بەرجەستە نابێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەش دروســـتە، کە هەندێک بابەت لەخۆوە لەنێو جیهاندا پەیدا نابن و لە ئاکامی تێهەڵکێشـــکردنیان لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا دێنەکایەوە. دەتوانین بڵێین هەریەکێک لەو بابەتانە لەیەک کاتدا بەیەک شـــێوە خۆیدەردەخات هەرچەندە شـــێوازی خۆدەرخستنی دیکەشی هەیە. یاساکانی خۆدەرخستنەکەشی ناوەکی یان سایکۆلۆجییانە نین. ئەو یاسایانە دەرەکین و لە سروشتی شتەکانەوە دەرچوون. ئەگەر شوشـــەی مەرەکەبەکە بەشـــێکی مێزەکە لە من بشـــارێتەوە و ڕێگەنەدات بیبینم، پەیوەندی بە خەسڵەتی هەستکردنی منەوە نییە و بەستراوە بە سروشتی شوشە مەرەکەبەکە و ڕووناکییەوە. لەکاتێکدا بابەتەکە دوور دەخەینەوە و بچوک دەبێتەوە نابێت بەشتێکی دەروونی دروستکراو، بەڵکو دیسانەوە بۆ یاسای دەرەکی ڕوانین دەگەڕێتەوە. ئەم یاسا دەرەکییانە بنکەیەکی دەرەکی ئاماژەبۆکراو پێناســـدەکەن. بۆنموونە، لە ڕوانیندا چاو دەڕوانێتە هێڵە دەرەکییەکان. زەمینەی ڕوانینەکە ئاماژە بۆ بنکەیەکی دەرەکی دەکات، کە چواردەوری ئێمەی داوە. ئێمە ئـــەو بنکەیە، وەکو بونیادی ڕوانینەکە نابینیـــن؛ ئێمە خودی خۆمان بنکەکەین. ڕیزکردنی شـــتەکان لەنێو جیهاندا بەردەوام لای ئێمە ئاماژە بۆ بیرۆکەی بابەتێک دەکات، کە بۆ ئێمە نابێت بە بابەت چونکە ئەو بابەتە ئێمە نین. بونیادی جیهان داوامان لێدەکات بەبێ بەرجەســـتە بوونمان هیچ نەبینین. بابەتێک لەنێو جیهاندا دەردەکەوێـــت و هەمانکات خـــودی بابەتەکەش جیهانە. ئەو بابەتە هەمیشـــە بە شتەکانی دیکەوە بەستراوە و بێ بڕانەوە ئاماژەیان بۆ دەکات. بەڵام، لەمحاڵەتەدا بابەتەکـــە بۆ ئێمە دەبێت بـــە ئاماژەکردنێکی ڕووتکـــراوە. بابەتێکە، کە هەموو شتەکانی دیکە ئاماژەی بۆ دەکەن و منیش ناتوانم تێیبگەم چونکە بابەتەکە منم. لەڕاستیدا، من نابم بە بابەت بۆ خۆم. ئەو بابەتەی شتەکانی نێو جیهان ئاماژەی بـــۆ دەکەن بوونێ-بۆ-خۆیە و بابەت نییە. ســـەرهەڵدانی بوونم، لەگەڵ لەناوبردنی

دوورییەکانەوە، خۆم دەکەم بەو بابەتەی لە جیهاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەروەها، من ئەو بابەتە نابینم چونکە بابەتەکە خودی منە.

من وەکو ئەو بوونەی نەبوونی خۆی هەڵگرتووە لەبەردەم خۆمدا ئامادە دەبم. کەوابوو، بوونم لەنێو جیهاندا، لەســەر ئەو فاکتۆرەی، کە جیهان دەناسێت، خۆی بەرجەســتە دەکات بۆ ئەوەی، وەکو بابەتێک لەنێو شــتەکانی جیهاندا و جیهان ئاماژەی بۆ بــکات. ئەمەش بەپێچەوانەوە مەحاڵە، چونکە بوونم هیچ ڕێگەیەکی دیکەی پەیوەندی بەســتنی لەگەڵ جیهاندا نییە. پێویستە من لەنێو جیهاندا خۆم داڵدە بدەم تاکو لەنێو جیهاندا بم و خۆم بەبەرزێتی بگەیەنم.

مەبەست لە هاتنە نێو جیهانەوە ئەوەیە، کە جیهان هەیە یان من لەشم هەیە. ئەم دوو گوتەیە یەکشــتن. لەشم لەنێو جیهاندا لە هەموو شوێنێکدایە. ئەمەش لە ڕاســتی ئەو بنمیچە دەچێت لەژوور پەنجەرەکانەوە شەش پێ بەرزە، ئوتۆمبیلەکە لە پشــت لۆرییەکەوە دەیەوێت بەلای چەپدا دەرچێت یان ئەو ژنەی لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە لەو پیاوەی لەبەردەم قاوەخانەکە دانیشتوە بچوکتر دەردەکەوێت. لەشم لەگەڵ جیهاندا درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ شــتەکاندا بڵاودەبێتەوە و لەهەمانکاتیشدا لەنێو ئەو چەقەدا کۆبۆتەوە، کە هەموو شــتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و منم بەبێ ئەوەی بزانم. ئەم ڕوونکردنەوەیە یارمەتیمان دەدات لە هەستکردنیش تێبگەین.

هەســت لە پێش بابەتــە هەســتەکییەکانەوە نایەت و لە پاش ئەوانیشــەوە ســەرهەڵنادات. هەستەکان و بابەتەکان هاوتەمەنن؛ هەستەکان ئەو شتانەن لەنێو کەسەکەدا، کە لە هەستکردندا بەرجەستە دەبن. ئەوان نوێنەری یاسایەکی دەرەکی بەرجەســتەبوونەکەن. بینین وێنە هەستەکییەکان دروستناکات و ڕووناکیش کاری تێناکات، بەڵکو کۆی هەموو بابەتە بینراوەکانە بەو ڕادەیەی هەموویان لە ڕوانینێکدا ئامادەدەبن. لەمڕووەوە هەستەکان ناوەکی نین. لەڕاستیدا جیاوازی نێوان بینینەکان دەرەکین. تەنانەت چاوداخســتن بارودۆخێکــی دەرەکییە. پێڵوی چاو یەکێکە لە بابەتە دەرەکییەکان و ئەو بابەتەیە، کە بابەتەکانی دیکەم لێدەشــارێتەوە. کاتێک دەمەوێــت پــەردەی نێو چاوم ببینم و چاو دادەخــەم، بابەتەکانی نێو ژوورەکەم نابینم. بەهەمانشــێوەش ئەگەر دەستکێشەکانم لەسەر مێزەکە دابنێم ئەو بەشەی مێزەکە نابینم، کە دەستکێشەکانم دەیانشارنەوە. ئەو ڕووداوانەی کاردەکەنە سەر هەســتەکان ســەر بە جیهانی بابتەکانن. "من ڕەنگی زەرد دەبینم" چونکە توشی نەخۆشی زەردوویی بووم یان چاویلکەیەکی شوشە زەردم لەچاوانە. لەم نموونانەدا هۆکاری دیاردەکان ناوەکی نییــە و پەیوەندییەکی دەرەکی نێوان بابەتەکانی نێو جیهانــە. لە هەریەکێک لەم نموونانەدا من لەناوەندێکــەوە دەڕوانمە بابەتەکان و ڕاســتی بینینەکەشــم دەرەکییە. دواجار، ئەگەر لەلایەکەوە یــان چەندلایەکەوە بنکەکە بڕوخێت (ڕوخانیش لە ئاکامی پێشــکەوتنی جیهان بەگوێرەی یاســاکانی

ڕوودەدات، بۆنموونــە دەربڕینی فاکتۆری بوونی من لە یەکێک لە شــێوازەکاندا)، بابەتــە بینراوەکان بەهەمانشــێوە بەرەو نەمان ناڕۆن. بــەردەوام بۆ من ، بەڵام بەبــێ بنکە و بەبێ بابەتێکی ئاماژەبۆکــراوی هەندەکی دەمێننەوە؛ واتە دەبن بە کۆیەکی ڕەهای پەیوەندییەکانی نێو یەکدی. کەوابوو، ســەرهەڵدانی بوونێ بۆ خۆ دەبێتــە هۆکاری بەرجەســتەبوونی دەرەکی جیهان و هەســتەکان و ئامادەبوونی خەسڵەتی بابەتەکان. پەیوەندی من لەگەڵ جیهاندا دەبێت بە بنەرەتی، جیهان و هەستەکانیش بە گوێرەی بۆچوونەکەم پێناسدەکات. کوێری، ڕەنگ کوێری و کورت بینی شێوازی بینیی منن بۆ جیهان. بینینی من پێناسدەکەن و دەبن بە فاکتۆری بەرجەســتە بوونەکەم. لەبەر ئەمەش دەتوانم هەستەکانم بناسم. هەروەها گرنگە پەیوەندییەکەم بە جیهانەوە و بیرۆکە هەمەکییەکانم بەردەوامی بە بوونی شتەکان بدات، کە هەســتیانپێدەکەم و هەســتەکانم دابمەزرێنێت و مێژووی کەسایەتیمی تێدا دروســت بێت. بەڵام لەمحاڵەتەدا من جیهانم لەسەر زەمینەیەکی هۆشەکی بە دابڕانــی خۆم و بیرەوە لە جیهــان دادەمەزرێنم. بە جیهاندا دەگەڕێم بەبێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵدا دروســت بکەم؛ خۆم لەنێو هەڵوێســتی بابەتگەرییەکی ڕەهادا دادەنێم، هەریەکێک لە هەستەکان دەبێت بە بابەتێکی نێو بابەتەکان و بنکەیەکی ڕێژەگەرانەی ئاماژەکردن. لەنێو بیرکردنەوەدا بنکەیەکی یەکسان و ڕەها بۆ هەموو ئاماژەکردنەکان ســەرهەڵدەدات. ئەگەر من باســی ڕۆڵی نێوان کردەوە و لەشــم لەبەر ڕۆشــنایی زانینمدا سەبارەت لەشــی کەسێکی دیکە بکەم، ئەوا من دەتوانم بیــر لــە فرێدانی ئامێرێک بە ویســتی خۆم بۆ مەبەســت و کۆتاییەک بکەمەوە. کەوابــوو، ئێمە جارێکــی دیکە بۆ جیاکردنەوە کلاســیکییەکەی نێوان دەروون و لەش دەگەڕێینــەوە. دەروون، وەکو ئامێر لــەش بەکاردەهێنێت. دانانی ئەمەش بۆ بیردۆزەی هەســتەکان تەواو دەردەچێت. ئێمە دەزانین ئەم بیردۆزەیە لەســەر زانینمان بۆ هەســتەکانی کەسێکی دیکە دامەزراوە و منی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی هەســتەکانی منیش لە هەســتەکانی کەســەکەی دیکە دەچێت. ئێمە گرفتەکانی ئەم بیردۆزەیەش دەزانین؛ من جیهان و هەســتەکانی کەســێکی دیکە بە ڕێگەی هەستەکانم دەناسم. هەستەکانیشــم بە تەنیا هیچ زانیارییەکم نادەنێ. بیردۆزەی کارکردنیــش، کە بونیادەکەی لە بونیادی بیردۆزەی هەســتەکان دەچێت، هەمان گرفتی لەدوایە. لەڕاســتیدا، ئەگەر من لە لەشــی کەسێکی دیکەوە بکەومەگەر و بە ئامێری دابنێم ئەوا بۆ گەیشــتن بە ئاکامێک بە کاری دەهێنم، کە من بە تەنیا ناتوانــم بیگەمێ. من فەرمان بەســەر کردەوەکانیدا دەدەم و بە کردەوەکانیشــم کردەوەکانی ئەو دەوروژێنم. هەمانکات دەبێت بزانم ئامێر ناســکە و بەکارهێنانی مەترســی تێدایە. پەیوەندییەکەم لەگەڵیدا لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان کرێکار و مەکینەیەک دەچێت. کرێکارەکە مەکینەکە دەخاتە کار و خۆشــی لێدەپارێزێت.

بۆ بەکارهێنانی ئامێری لەشـــی کەســـەکەی دیکە پێویستیم بە ئامێرێکی دیکەش هەیە. ئەو ئامێرە لەشی خۆمە چونکە بۆ ناسینی هەستی کەسێکی دیکە پێویستم بە هەســـتی خۆمە. کەوابوو، ئەگەر لەشـــم، وەکو لەشی کەســـێکی دیکە ببینم، دەبێت بە ئامێرێک لەنێو جهاندا و بە ناســـکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم و دەبێت بە کلیلیش بۆ مامەڵەکردنم لەگەڵ لەشـــی کەسانی دیکەدا. بەڵام مامەڵەکردنەکەم تەکنیکییە. من بێ برانەوە بۆ مامەڵەکردنم لەگەڵ ئامێرێکدا پێویستم بە ئامێرێکی دیکە هەیە. ئەگەر من ئەندامەکانی هەســـتکردنم، وەکو ئەندامەکانی هەستکردنی کەسێکی دیکە دابنێم پێویستیم بە ئەندامی هەستکردن بۆ ناسینیان هەیە. ئەگەر لەشم، وەکو لەشی کەسێکی دیکە ئامێر بێت پێویستە ئامیرێکی دیکە هەبێت تاکو مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەگەر ئەم پێویستییە بە بەردەوامییەکی نەبڕاوە دانەنێین دەگەینە پارادۆکسی مامەڵەکردن لەنێوان لەش و دەروونندا. بابزانین دەتوانن باسی سروشـــتی لەش-بۆ-ئێمە بکەن. بابەتەکان خۆیان لەنێـــو زەمینەیەکی ئاڵۆزی بە ئامێربوون بۆ ئێمە بەرجەستەدەکەن و هەریەکێک لەئەوان شوێنێکی داگیرکردوە. ئەو شوێنەش بە ئاماژەکردنەوە بەستراوە، "پەرداخەکە لەسەر مێزەکەیە." ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە جوڵانی مێزەکەدا ئاگامان لە پەرداخەکە بێت. پاکەتی تووتنەکە لەسەر پاڵتۆکەیە واتە بۆ ئەوەی تووتنەکە بهێنین دەبێت سێ یارد ببڕین و بەسەر چەند شتێکیشـــدا تێپەڕین، کە لەنێوان مێزەکـــە و پاڵتۆکەدا دانراون. لەمڕووەوە هەستکردن لە هەڵوێســـتی پراکتیکی لەنێو جیهاندا جیاناکرێتەوە. هەریەکێک لە ئامێرەکان ئاماژە بـــۆ ئەوانی دیکە دەکات ئاماژەکردنەکـــەش لەبیرکردنەوەیەکی ڕووتـــدا دەرناکەوێت. لـــە بیرکردنەوەی ڕووتدا چەکوش ئامـــاژە بۆ مێخ ناکات و لە تەنیشـــتی دادەنرێت. چەمکی (تەنیشت) واتاکانی دیاریناکات، ئەگەر پەیوەندی نێوان چەکوش و مێخ نەدۆزرێتەوە. ئەو شوێنە بنەڕەتییەی خۆی بۆ من دەردەخات شوێنێکی (هۆدۆلۆجییە)؛[٥٦] بە تووڵەڕێ و شەقامەکان پڕبۆتەوە و ئامێری شوێنە. لەمڕووەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی مندا جیهان ئاماژە بۆ کۆمەڵێک کردەوە دەکات و ئەم کردەوانەش بۆ کردەوەی دیکە و هتد.

ئەگـــەر لەم ڕوانگەیەوە کردەوەکان و هەســـتکردن لە یەکـــدی جیانەکرێنەوە کردەوە بە کاریگەرێتییەکی داهاتوو دەبینرێت و بابەتە هەستپێکراوەکە ڕەتدەکات. مادام هەســـتپێکراوەکە ئەو بابەتەیە مـــن لەبەردەمیدا ئامادە دەبم ئەوا دەبێت بە هاو-ئامادەبوونم و پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی بە بوونی منەوە هەیە. خۆشـــی بە جۆرێک نیشان دەدات، کە من ئێستا نەتوانم تێیبگەم. هەستپێکراو پڕە لە بەڵێن و

٥٦ هۆدۆلۆجی زاراوەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکهاتووە: (هۆدۆ) واتە ڕێگا و (لۆجی) زانست. هەردوو بەشەکە پێکەوە واتای زانستی ڕێگا یان ڕێگا ناسین دەبەخشێت.(وەرگێڕ)

هەرخەسڵەتێکی، کە من هەستی پێدەکەم و هەریەکێک لە ئاماژەکردنە پرواتاکان بە داهاتووەوە گرێم دەدات.

کەوابوو، من لەبەردەم ئەو شتانەدا ئامادەم بەڵێنی گەیشتنم بەو دیو ئامادەبوونەکەم دەدەن، کە من هێشتا پێی نەگەیشتوم و بوونێکی رووتە لەوێدا. پیاڵەکە لەسەر ژێرەکەی دانراوە، هەردووکیان لەوێدا و بۆ من ئامادەن، بەڵام لەوانەیە من نەیانبینم. ئەگەر بمەوێت ژێری پیاڵەکە ببینم دەبێت دەست بدەمە پیاڵەکە و بەرزیکەمەوە. ژێری پیاڵەکە لەدوای پرۆژەکانی منەوەیە. خۆدەرخستنی جیهان لەگەڵ سەرهەڵدانی مندا تەنیا هێڵکاری نەخشەی کردەوەکانم نیشاندەدات. هەستکردنەکەش بە سروشت روو لە کردەوەکانم دەکات و بە هۆکاری پرۆژەی کردەوەکانمەوە دەناسرێت. جیهانیش هەمیشە، وەکو کەلەبەرێکی داهاتوو دەبینرێت و ئێمەش ئەو داهاتووەین. پێویستە ئەوخاڵە بزانین، کە داهاتووی جیهان دەرەکییە. ئامێرەکان ئاماژە بۆ ئامێری دیکە یان رێگە لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا بۆ بەکارهێنانیان دەکەن؛ مێخ ئاماژە بۆ داکوتان و چەکوش بۆ گرتن و پیاڵەش بۆ بەرزکردنەوە دەکەن. ئەم خەسڵەتانە ڕاستەوخۆ خۆیان دەردەخەن. بێگومان پەیوەندییان بە بوونی ئێمەوە هەیە، بەڵام بونیادی جیهانن و ئەگەرەکان و ئامادەنەبوون و ئامێرەکانن. دەبینین جیهان خۆی، وەکو پیکهاتەیەکی دەرەکی دەردەخات. ئاماژە بۆ لایەنێکی ناوەکی داهێنەر ناکات، بەڵکو ئاماژەکردنەکەی بەردەوام بونیادی ئاڵۆزی نەبڕاوەی ئامیرەکانە.

ئاماژەکردنی ئامێرەکانیش بۆ یەکدی لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو ئامێرەی دەبێت بە کلیل بۆ هەموویان کۆتایی دێت.

ئەم بنکەیە بۆ ئاماژەکردنەکان پێویستە هەبێت، ئەگینا هەموو ئامێرەکان یەکشان ڕادەوەستن و جیهانیش بێ ناسینی پەیوەندییەکان دەبێت بە کۆی ئامادەکردنەکان. (کارتیج) بۆ ڕۆمییەکان (وێران)کراوە و بۆ دانیشتوانی شارەکەش (پارێزراو)ە.[٥٧] کارتیج بێ ئاماژەکردن بۆ بنکەکەی هیچە. لەگەڵ ئەمەشدا کلیلەکە بە من نەدراوە، وەکو کەلێنێک دەردەکەوێت. ئەوەی من لە جیهانی دەردەوە لە کردەوەکانمدا دەیناسم جیهانی ئامێرەکانە بەسەریەکدا کەوتون. منیش لە کردەوەکەمدا مامەڵە لەگەڵیاندا دەکەم، ڕەتیاندەکەم و خۆم بە ئامێرێکی دیکە دەگەیەنم. مێخەکە ئاماژە بۆ چەکوش و چەکوشیش ئاماژە بۆ ئەو دەستە دەکات بەکاریدەهێنێت. ئەمەش لەو حاڵەتەدا ڕوودەدات، ئەگەر کەسێک مێخ و چەکوشەکە بەکاربهێنێت. دەستی کەسەکەش ئامێرە، کە ئاماژە بۆ گەلێک ئامێری دیکە دەکات (بۆ نموونە هەڕەشەکردن، بەڵێن یان موچەدان و هتد). یەکەم چەمک لە هەموو شوێنێکدا

٥٧ کارتیج شارێکی کۆنی باکوری ئەفریقیا نزیک تونس بووە، ڕۆمییەکان لە ساڵی 146 ی پێش زایینی وێرانیان کردووە.(وەرگێڕ)

هەیە، بەڵام تەنیا ئاماژەی بۆکراوە. من لە کاتی نوسیندا هەست بە دەستم ناکەم تەنیــا پاندانەکەم دەبینم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مــن پاندانەکە بۆ پێکێنانی پیتەکان بەکاردەهێنم نەک دەســـتم. دەستم بۆ گرتنی پاندانەکەیە. بەو شێوەیەی پەیوەندیم بە پاندانەکەوەیە، پەیوەندیم بە دەســـتمەوە نییە؛ دەســـتم و هەموو ئاماژەکردنەکان دەوەســـتێنێت. دەســـتم تەنیا بۆ بەکارهێنانـــی پاندانەکە داناوە. لەمحاڵەتەدا، دەســـتم چەمکێکی نەناســـراو و بەکارنەهێنراوە و دوا ئامێرە لەنێو ئامێرەکانی، وەکو پەرتووک بۆ خوێندنەوە، وشەی سەرلاپەڕەکان کە بە پاندانەکە نوسراون. هەروەها لەنێو ئەم زنجیرەیەشدا پەرتووک ئاماژە بۆ دەست دەکات.

لە نوســـیندا من تەماشای نوکی پاندانەکە دەکەم، کە هێڵ و پیتەکان دەخاتە ســـەر لاپەڕەکە و دەستم نابینم. دەستم لەنێو ئاڵۆزی ئامێرەکاندا وندەبێت، تاکو بوون و واتا بەو سیستەمە ببخشێت.

دەردەکەوێت لەبەردەم دوو جۆر پێویستی ناکۆکدا ڕاوەستاوین: مادام هەریەکێک لـــە ئامێرەکان لە ڕێگەی ئامێرێکی دیکەوە دەناســـرێت و بەکاردێت، ئەوا جیهان ئاماژەکردنێکـــی نەبڕاوەیە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکـــی دیکە. ئێمەش لە ڕێگەی بەئامێرکردنی بوونی خۆمانەوە دەچینە نێو جیهانەوە و ناتوانین کار لەسەر جیهان بکەین ئەگەر کارمان لەســـەر نەکرێت. لەهەمانکاتدا واتای سیستەمە ئاڵۆزەکە لە کردوەکاندا ئاشکرادەبێت، بۆنموونە داکۆتانی مێخەکە و چاندنی تۆو. سیستەمەکەش ئاماژە بۆ بنکەکەی دەکات. بنکەش ئامێرێکە و لەنێو سیســـتەمەکەدا ئامێرەکانی دیکـــە ئاماژەی بۆ دەکەن و ئەو ئامێرەیە ناتوانین بەکاریبهێنین. ئێمە ئەو ئامێرە بەکارناهێنین چونکە خودی بوونـــی ئێمەیە. من خۆم لەگەڵیدا ڕاناهێنم و دەبێت بـــە خۆڕاهێنانم لەگـــەڵ ئامێرەکانی دیکەدا؛ ڕاهێنانێک، کە لەســـەر بوونی خۆم ڕاوەستاوە.

لەبەر ئەم هۆیەشە لەگەڵ بەراوردکردنی لەشم و لەشی کەسانی دیکەدا دووجۆر تێگەیشتن ســـەرهەڵدەدەن: یەکەم، لەش ناسراوە و بابەتگەرانە پێناسدەکرێت، بەڵام پوچەڵە چونکە بۆ ئەم تێگەیشـــتنە بیرۆکە هۆشەکییەکەی من، وەکو ئامێر دەبینێت لەسەر ئەو ئامێرانە ڕاوەستاوە بەکاریان دەهێنم. لێرەدا، ئەو ئامێرەی لە هەموویان زۆرتر بنەڕەتییە دەبێت بە بنکەیەکی ناســـرەکی و پەنا بۆ ئامێرەکانی دیکـــە دەبات تاکو ئاماژەی بۆ بکەن و بـــەکاری بهێنن. لەم ڕووەوە بەئامێربوونی جیهان لەناودەچێت و بۆ خودەرخستنەکەی پێویستی بەئاماژەکردن بۆ بنکەیەکی بنەڕەتی دەبێت؛ جیهانی کردەوەکان دەبێت بەو جیهانەی لای زانســـتی کلاسیکی کاری لەســـەر دەکرێت؛ ئاگامەندی لە دەرەوەدا لـــە جیهان دەکۆڵێتەوە و ناچێتە ناوی. دووەم، لەش بابەتێکی کۆنکریتی و پڕە و لە ڕێکخستنی بابەتەکان دەچێت. بۆ گەیشـــتن بە ڕێکخستنێکی نوێ بوون-بۆ-خۆ تێپەڕی دەکات. لەم بارەدا، لەش

بەبێ ئەوەی ببینرێت لە هەموو کردەیەکدا ئامادەیە. کردەوە چەکوش و مێخەکە یان برێک و گۆڕانی خێرایی دەردەخات نەک ئەو دەستەی چەکوشەکە دەگرێت یان ئەو پێیەی لەسەر برێکەکەیە. لەش دەژی بەڵام ناناسرێت. ئەمەش وەڵامدانەوەکەی مانێ دی بیران بۆ سایکۆلۆجی هیوم لە گوتەکەیدا (هەستکردنی هەوڵدان)، کە بەئەفسانەی دادەنا ڕووندەکاتەوە. ئێمە هەستکردنی هەوڵدانمان نییە و هەستیش بە ماسولکە و ئێسقان و پێست ناکەین. ئێمە هەست بە بەرەنگاریکردنی شتەکان دەکەین. لە کاتێکدا پەرداخەکە بەرەو لێوم بەرزدەکەمەوە هەست بە هەوڵدانەکەم ناکەم بەڵکو گرانی پەرداخەکەم بۆ دەردەکەوێت و لە بەشداری کردنیدا لەنێو سیستەمی ئامێرەکانم لەنێو جیهاندا بەرەنگاری دەکات. باکیلارد بە دروستی لەسەر کیشەی (لێکدانی لایەنە دژوەستاوەکان) ڕەخنە لە فینۆمینۆلۆجی دەگرێت و بە کورتبینی دادەنێت. ئەم ڕەخنەیە هزری بەرزێتی هایدیگەر و مەبەستدارێتی هوسرلێش دەگرێتەوە. بەڵام گرنگە بزانین بە ئامێربوون بنەڕەتییە. لەسەر پەیوەندی بە ئامێرە بنەڕەتییە ئاڵۆزەکەوە بابەتەکان بەرەنگاری و دژایەتی خۆیان دەردەخەن. بورغووەکە خۆی دەردەخات بۆ جەڕەکە گەورەبێت و ناچێتە ناوی، بناخەکە بێهێزە و ئەو بابەتە ڕاناگرێت، کە لەسەری دادەنێین، بەردەکە گرانە و ناتوانین بۆ سەر دیوارەکە بەرزیکەینەوە و هتد. بابەتەکانی دیکەش هەڕەشە لە ئامێربوونە ئاڵۆزە هەڵبەستراوەکە دەکەن. زریان و تەرزەکە زیان بە دورێنە و فیلۆکسیرا بە شەراب و ئاگرەکەش بە خانووەکە دەگەیەنێت. هێدی هەرەشەکردنەکە ڕوو لە بنکەکەش دەکات. هەموو بە ئامێربوونە ئاڵۆزەکان و ڕوخێنەرەکان ئاماژە بۆ لەشم دەکەن.

لەشم لە هەموو شوێنێکدایە و بەردەوامیش لەنێو مەترسیدایە. بۆمباکەی خانوەکە دەڕوخێنێت لەشیشم وێران دەکات چونکە خانوەکە ئاماژە بۆ لەشم دەکات. لەبەرئەمەیە[دەڵێین] لەش هەمیشە ڕوو لەو ئامێرانە دەکات، کە دەیەوێت بەکاریان بهێنیت: ئەو لەسەر دارەکەیە و لە ژوور زەمینەوە ڕاوەستاوە، لە پشت تەلیسکۆبەکەوەیە و ئەستێرەکانم نیشاندەدات؛ لەسەر کورسییەکە دانیشتوە و لە ماڵەوەیە، من [بە هۆکاری لەشمەوە] خۆم لەگەڵ ئەم ئامێرانەدا دەگونجێنم.

لە کۆتایی توێژینەوەکاماندا هەستکردن و کارکردن یەکدەگرن. ئێمە پەیڕەوی ئەو بۆچوونە ناکەین، گوایە لەپێشدا لەشمان پێدەدرێ و دوایی لە ڕێگەی لەشەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکەین. بەڵکو لەشمان بە ڕێگەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ جیهان و هەبووەکاندا دۆزییەوە. لەش ئەو هەبووە نییە شتەکان بۆ ئێمە دەربخات. ئێمە بە هۆکاری بە ئامێربوونی شتەکانەوە، کە ئاماژە بۆ لەش دەکەن لەش دەناسین. لەش پەردەیەک لەنێوان ئێمە و شتەکاندا نییە و تاکە کەسی و هەڵکەوتنی پەیوەندییەکانمان بە ئامێرەکانەوە دیاریدەکات. لەم بەستێنەوە ئێمە هەستەکان و ئەندامەکانی هەستکردنمان بە بوون-لەنێو-جیهاندا دانا. بەهەمانشێوەش کردەوەش

بەمجــۆرە پێناس دەکەین. بەڵام، ئەگەر من لەنێو شــتەکاندابم لەبەر ئەوەیە من جیهانم لەوێدا لەگەڵ بەرزێتییەکەمدا و گەشتەکەم بەرەو بوونی خۆم پەیداکردوە. ئەگەر منیش ئامیرێکی نێو جیهان بم لەبەر ئەوەیە من لە دانانی پرۆژەی بوونمدا ئامێرەکانی دیکەم هێناوەتەکایەوە. تەنیا لەنێو ئەو جیهانەدا، کە لەشی تێدایە بۆ ئەوەی بوونی جیهان بسەلمێنین دەبێت پەیوەندی پێویست هەبێت. لەڕوویەکەوە، لەش ڕاســتەوخۆ منە. لەڕوویەکی دیکەشــەوە، چڕی و پڕی جیهان من لە لەشم جیادەکاتەوە. کشانەوەی جیهان بەرەو فاکتۆرەکانی بوونم لەش لە من نزیکدەکاتەوە. ئەم کشانەوەیەش تێپەڕبوونێکی بەردەوامی بوونی منە.

لێــرەدا دەتوانیــن پێناســەی لــەش، وەکــو سروشــت-بۆ-ئێمە بکەیــن. ڕوونکردنەوەکەشــمان ئەوە دەردەخات، کە لەش تێپەڕبوونێکی بەردەوامە. لەش، وەکو بنکەی هەستکردن بۆ ئاماژەکردن ئەوەیە، کە من دەکەومە ئەودیوی چونکە من ڕاســتەوخۆ لەبەردەم پەرداخەکە، مێزەکە یان ئەو درەختەی دەیبینم ئامادەم. هەستکردن دووری لەنێوان بابەتەکە و هەستکەرە لەناودەبات. لەهەمانکاتدا، لەبەر ئەوەی هەستکەرەکە لەشە دوورییەکەش دەمێنیتەوە. لەش، کە بنکەی ئامێرەکانە بەســەریدا تێدەپەڕین؛ من دەتوانم بۆ گەیشن بە پێکهێنانی ئاڵۆزی دیکە تێپەڕی بکــەم. لەگەڵ ئەمەشــدا هەموو پێکهێنانێکی نوێ ئامــاژە بۆ لەش وەکو بنکەی ئاماژەکردنــەکان دەکات. کەوابــوو، لەش، لەبەر ئــەوەی تێپەدەکرێت ڕابردووە. بــەڵام، ئامادەبوونێکی ڕاســتەوخۆی هەستەکانی (بوون-بۆ-خۆ)شــە و ئاماژە بۆ بنکــەی ئاماژەکردنەکان دەکات، کە ڕووی لە پێکهێنانێکی نوێ کردوە. لە هەموو پرۆژەیەکی بوون-بۆ-خۆوە دەگاتە ئەو ئێستایەی، کە لێی ڕادەکات. لە یەک کاتدا خاڵی دەســتپێکردن و دەرچوونیشە. خاڵی دەســتپێکردن و دەرچوونیش منم و دەمەوێت ئەو بوونەی خۆم ڕەتبکەم، کە هەمە.

ئــەم بۆچوونە بەردەوام ڕەتی دەکەین و لە دایکیش دەبێتەوە خاڵی دەرچوونە و ناتوانم لێوەی دەســتپێنەکەم و (پێویســتی) هەڵکەوتنی منە. لە دوو سەرەوە پێویستییە. لەسەرێکەوە ناسینەوەیەکی بەردەوامی بوون-بۆ-خۆیە لەلایەن بوون-لەنێو-خۆوە و ئەو فاکتۆرە ئۆنتۆلۆجییەیە، کە ڕایدەگەیەنێت بوون-بۆ-خۆ بوونێکە ناتوانێت ببێت بە بناخەی خۆی. بوونی لەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت ئەو هەبووە بناخەی نەبوون نەک بوونی خۆیەتی؛ من بەو ڕادەیەی خۆمم[هەمانکات]لەشی خۆمم. بەو ڕادەیەی ئەوە نیم، کە هەم نابم بە لەشی خۆم. من بە هۆکاری لەناوچوونییەوە لێی ڕادەکەم. بەڵام هیچ بابەتێکی لێپێک ناهێنم چونکە ئەوەی بەردەوام ڕادەکات منم. لەش لە سەرێکی دیکەشەوە پێویســتییە؛ ڕێگرێکە لەنێو جیهاندا لەبەردەم تێپەڕبوونەکەدا. لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەکی لەڕیزکردنی شتەکانی نێو جیهان، بۆ ڕێگرتن نییە. ئێمە دەتوانین ئەم دوو پێویستییە پێکەوە گرێبدەین و یەکێتییەک لە

نێوانیاندا دروست بکەین: بوون-بۆ-خۆ جیهان تێپەڕدەکات و بەو تێپەڕبوونە جیهان دەهێنێتە کایەوە. تێپەڕبوونی توێژینەوەی جیهان نییە، بەڵکو مامەڵەکردنە لەگەڵیدا تاکو بتوانێت لێیدەرچێت. هەروەها گرنگە بۆچوونێکی هەندەکی تێپەڕبوونەکە کاریگەر بێت. لێرەدا هەبوویەکی بڕاوە دەبێت بە بارودۆخێکی پێویست بۆ پڕۆژەی ڕەسەنی بوون-بۆ-خۆ. بارودۆخێکی پێویست بۆ من، کە لەودیو ئەو جیهانەوەی من پێکم هێناوە ببم بەوەی نیم یان نەبم بەوەی هەم. ئەم بارودۆخە لە ناخی هەوڵدانە لە کۆتایی بەدەرەکەمدایە. ئەو شـــتەی، کە منە و هێشتا پێی نەگەیشتوم، بێجگە لە شـــێوازی نەبووندا، ناناســـرێت و ناگیرێت. لە هەموو شـــوێنێکدا هەیە و خۆی تێپەڕدەکات و بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانم دێتە پێشەوە. هەموو شتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و بوونی بۆ من دەردەخەن بەبێ ئەوەی ئاوەڕیان لێبدەمەوە چونکە ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات خودی بوونمە.

نابێت واتێبگەین ئاماژەکەرەکە بنکەیەکی ڕووتکراوە و چەق وەستاوەی ئامێرەکاتە. بەپێچەوانەوە، دینامیکییەتی بنکەکە، گرنگ نییە لەسەر کردەوە دامەزرابێت یان نا، بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان و ناسنامەکەشی پێناسەی بۆ دادەنرێت. ئەم ڕاستییەش بەپێچەوانەوە ناناســـرێت چونکە ئەوەی جیهان پێکدەهێنێت و لەگۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە ڕابردوو؛ بۆنموونە لە پرۆژەکانمدا بوون ڕەتدەکەم، منم. دەتوانم نکۆڵی لەوەبکەم، کە من ئەم یان ئەو شـــتە نیم. لەم ڕووەوە لەش، بۆ نموونە ئەم شـــتە دراوە نەناسراوە و بارودۆخێکی پێویستە بۆ کردەوەکانم.

ئەگەر خواســـت و نیاز بۆ گەیشتن بە ئاکامێک بەس بوونایە و یاساکانیش بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکان پێویست نەبوونایە ئەوا نەمدەتوانی جیاوازی نێوان ویست و ئارەزوو، خەون و کردەوە، ناڕاســـت و ئەوەی لەنێـــو داکەوتایە بدۆزمەوە. هیچ پرۆژەیەکم نەدەهاتە نێو جیهاتەوە چونکە بوونی لەنێو بیرکردنەوەدا بەس بوو. لە ئاکامیشـــدا بوون-بۆ-خۆم لەگەڵ جیانەکردنەوەی داهاتوو و ڕابردوودا لەناودەچوو. فینۆمینۆلۆجـــی کـــردەوە دابەشـــکردنی بەردەوامی کـــردەوەکان دادەمەزرێنێت. هەمەکـــی و بیرۆکە ڕووتکـــراوەکان وەکو (کابرێتەرەکە نابێـــت بگیرێ)، بیرۆکەی تەکنیکـــی و کۆنکرێتی بۆ کابرێتەرەکە بە کاردێن لەنێو ئەو بەســـتێنە ڕەهایەوە لەیەکـــدی جیادەکاتەوە. بارودۆخی بیرۆکە تەکنیکییەکە بەو جۆرەی لە کردەوەکە جیانابێتەوە فاکتۆری بوونی بڕاوەی منە. ئێســـتا، بۆ ئەوەی کێشـــەکە بەتەواوی ڕوونبکەینەوە، من، کە خاوەنی ڕابردوومم، لەسەر ئەو لەناوچوونەی لە منداڵییەوە توشـــم دەبێت، ڕابردوو ئاماژە بۆ بوون-لەنێو-خۆ دەکات. کەوابوو، لەش فاکتۆری ڕابـــردووە و ئاماژە بۆ لەدایکبوون دەکات: ئەمەش ئـــەو لەناوچوونەیە دەبێت بە هۆکار بۆ دەرچوونی من لە بوون-لەنێو-خۆوە، کە بوونی منە و منیش نامەوێ ئەو بم. لە دایکبوون، ڕابردوو، هەڵکەوت پێویستی بۆچوون و مەرجە فاکتۆرییەکان بۆ

کردەوەکانم لەنێــو جیهاندا-وەکو لەش هەموویان بۆ منن. ئەمانە بە هیچ جۆرێک بارودۆخێکی هەڵکەوتووی دەروونم نین، بەڵکو بوینادێکی هەمیشەیی ئەگەرەکانی ئاگامەندیمن. ئاگامەندیشم ئاگاییە لە جیهان و پرۆژەیەکی بەرزە و ڕوو لە داهاتووم دەکات.

لەم بۆچوونەوە پێویستە دوو شت بناسینەوە؛ هەردووکیان پێکەوە هەڵکەوتن و لە واتا بەدەریشن؛[وەکو دەلێێن] من ئیفلیجم، کوڕی فەرمانبەرێکم یان کرێکارێکم، تەمەڵم، هەمانکات پێویســتە شــتێکی دیکەش بم؛ فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیز؛ پرۆلیتــار، بورژوا، ئەرســتۆکرات، هتــد. یان زەبون و نەخــۆش بم چونکە بەبێ شاردنەوەی جیهان ناتوانم لە جیهان بکۆڵمەوە. لەدایکبوونم مەرج بۆ ئەو بابەتانە دادەنێت خۆیان بۆ من دەردەخەن (وەکو بابەتی خۆشــگوزەرانی پێویستییەکانی ژیان و ڕاســتەقینە قەدەخەکراوە کۆمەڵایەتییەکان و سنوردارێتی شوێن)؛ ڕەگەزم بەوجۆرەی کەســانی دیکــە دەیبینن و چینەکەم بەگوێــرەی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ نەتەوەکەم و بونیادی دەروونیم؛ هەڵویســتم، ڕابــردووم؛ هەموویان پێکەوە، کە من دەمەوێت تێپەڕیان بکەم وەکو بارودۆخی پێویســت بۆ بوونی جیهان دەبن بە یەکێتییەکی تێهەڵکێشراو بۆ بوونم لەنێو جیهاندا و هەروەها بۆ لەشم.

لێرەوە واتای پێناســەکەمان بۆ لەش چاکتر ئاشــکرا دەبێت: لەش فۆرمێکی پێویستی بوونی هەڵکەوتووی منە. هەڵکەوتنەکە لەوێدا دەردەکەوێت، کە تێدەگەین لــەش بۆ ئێمەیە؛ ئێمە هەڵبژاردنین؛ بوون هەڵبژاردنە. تەنانەت ئیفلیجییەکەشــم لەبــەر ئەوەی دەمەوێ بژیم هەڵمبژاردووە و بــە دانانی پرۆژەکانم تێپەڕی دەکەم یان دەیکەم بە ڕێگرێکی پێویســت بۆ بوونم. من ئیفلیج نیم، ئەگەر خۆم ئیفلیجی هەڵنەبژێرم. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەو ڕێگەیە دەگرمەبەر من تیایدا بە ئیفلیجی دەردەکەوم، (دەڵێم بەرگەیناگرم، شەرمەزارم، دەیشارمەوە، بە هەموو کەسێک دەڵێم و شانازی پێوە دەکەم یان بە هۆکاری سەرنەکەوتنەکەمی دادەنێم.) لەش پێویســتییەکە بــۆ هەڵبژاردن و دەبێت بە مەرجیش بۆ سەربەســتییەکەم؛ سەربەستی بێ هەڵبژاردن نییە. دەبێت بە واتای چەمکی لەش بۆ من بگەین چونکە لەش ناناســرێت و یەکێکیش لە بابەتەکانی نێو جیهان نییە، کە من دەیانناسم و بەکاریــان دەهێنم. من بەبێ ئاگایی لە بوونی خۆم هیچ نیم، کەوابوو دەبێت لەش بخرێتــە نێو ئاگاییەوە. لەلایەکەوە، لەش، وەکــو ئامێرێک دەتوانم بیگرم و بەبێ ئەوەی بزانم چ جۆرە ئامێرێکە بیناسم.

ئەگــەر خۆمان بــەم ڕوانینەوە ببەســتینەوە هیچ جیاوازییــەک لەنێوان ئەو تەلیسکۆپەی زانایەک تەماشای ئەستێرەکانی پێدەکات لەگەڵ لەشمدا نادۆزینەوە. لەڕاســتیدا، ئەگەر پێناسەی لەش، وەکو بۆچوونێکی هەڵکەوتوو بۆ جیهان بکەین دەبێــت بزانین چەمکی بۆچوون دووجۆر پەیوەنــدی دیاریدەکات: پەیوەندی بەو

بابەتانەوە هەیە لەش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و پەیوەندیشـــی بەو هەبوەشەوە هەیە، کـــە خاوەنی لەش و بۆچوونەکەیە. کاتێک مامەڵە لەگەڵ لەش-وەک-بۆچوون دەکەیـــن پەیوەندی دووەم ڕادیکاڵانە لە یەکەم جیادەبێتـــەوە. ئەم جیاوازییە لە بۆچوونەوە بەرانبەر جیهان ڕادیکاڵانە دەرناکەوێت (بۆنموونە تەماشاکردن، ڕوانگە یان دووربین)، کە ئامێری دەرەکین و لەش نین. گەشتیارێک لە هاوینەهەوارەکەیەوە تەماشـــای دەشـــت و دەر دەکات: ئەو هاوینەهەوار و دەشت و دەرە، درەختەکان و بنمیچی هاوینەهەوارەکەش، کە ئاســـمانی شـــاردۆتەوە دەبینێت. دووری نێوان هاوینەهەوارەکە و کەسەکە لە دووری نێوان چاوەکانی دیمەنی پان و بەرینی دەشت و دەرەکە کەمترە.

بۆچوون دەتوانێت لەش لەنێو خۆیدا ون بکات. چاویلکە یان دووربین دەبن بە شتێکی زیادکراو بۆ ئەندامەکانی هەستکردن. لەحاڵەتی بۆچوونی ڕەهاشدا جیاوازی نێوان بۆچوونەکە و کەســـەکە نامێنێت. کەسەکە ناتوانێت دوورەپەرێز ڕاوەستێت و بۆچوونێکی نوێ بەرانبەر ئەو بۆچوونە دروســـتبکات. ئەم فاکتۆرەشە دەبێت بە خەسڵەتی لەش. لەش ئەو ئامێرەیە، کە من ناتوانم وەکو ئامێرەکانی دیکە بەکاری بهێنم و ئەو بۆچوونەیە، کە بۆچوونێکی دیکەی لەسەر دروستنابێت. لەبەرئەمەیە لەســـەر گردەکەوە، کە بـــە ڕوانگەیەکی چاکی دادەنێم لەو کاتەدا تەماشـــای نێو دۆڵەکـــە دەکەم بۆچوونم دیاریدەکەم و ئەم بۆچوونەشـــم لەشـــمە. بەڵام ناتوانم تەماشای لەشم بەبێ ئاماژەکردن بۆ شتە بڕاوەکان بکەم. کەوابوو، لەش بە زانراوی و بەرزییەوە بۆ من نییە: ئاگامەندی ڕاستەوخۆ ئاگایی لە لەش نییە.

باشـــترە بڵێین ئاگامەندی بوونێکی (لەش)یی هەیە. لێرەوە پەیوەندی نێوان لەش-وەکو بۆچوون و شـــتەکان دەبێت بە دەرەکی و پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و لەشـــیش بە پەیوەندییەکی بوونگەرانە. ئایا مەبەســـت لە پەیوەندی بونگەرانە چییە؟

یەکەم، ئاشکرایە ئاگامەندی دەتوانێت، وەکو ئاگامەندی لەش هەبێت. کەوابوو، لەشم بونیادێکی ئاگاییانەی ئاگامەندیمە. لەبەرئەوەی لەش بۆچوون یان گۆشەنیگایە، کە لەسەر ئەو بۆچوونە دانامەزرێت، ئەوا لەسەر ئاستی ئاگامەندییەک، کە خاوەنی تێڕامان نییە، ئاگامەندی لەش پەیدا نابێت. لەش سەربەخۆ-ئاگاییەکی لە تێڕامان بـــەدەرە. ئایا دەتوانین لەگەڵ هەموجۆرە ئاگاییەکی لە تێڕامان بەدەر دایبنێین؟ ئەمەش کارێکی مەحاڵە، چونکە ئاگایی لە تێڕامان بەدەر خۆ-ئاگاییە و پرۆژەیەکە سەربەستانە ڕوو لە خۆی دەکات و بناخەی نەبوونی خۆیەتی.

ئاگامەندییـــەک ڕوو لە دەرەوە نەکات ئاگاییە لە لەش؛ ئەو بوونەیە بەزاڵبوون بەسەریدا و لەناوبردن خۆی دەکات بە ئاگامەندی. بوونێکە ئاگامەندی بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئەو بێت خۆی بەو دەکات و هەمانکات بۆ ئەوەی خۆی بەوەبگەیەنێت،

که هێشــتا نییەتی، تێپەڕی دەکات. بەکورتییەکــەی، ئاگایی لە لەش لابەلایی و ئاوڕدانەوەیە. ئەو شــتەیە پشتگوێ دەخرێت و بەبێ دەنگ تێپەڕ دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشــدا، لەش ئاگامەندییە؛ ئاگامەنــدی بێجگە لە لەش چی دیکە نییە. ئەوەی لەودیــو ئەوەوە هەیە هیچــە و بێدەنگییە. ئاگامەندی لەش لــە ئاگامەندی هێما دەچێت. هێماش لەسەر لەشەو یەکێکە لە بنەڕەتەکانی بونیادی لەش. ئاگایشی لە هێما هەیە، ئەگینا ئێمە ناتوانین لە واتاکەی تێبگەین. بەڵام هێما بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی تێپەڕدەکرێت و لەپێناوی گەیشتن بە واتا پشت گوێ دەخرێت و بە تەنیا نابینرێت. تەماشا هەمیشە دەڕوانێتە شتێک، کە لەودیو هێماوەیە.

ئاگامەندی لەشــیش لابەلا و ئاوەردانەوەیە لەوەی، کە ئاگامەندی پێکهێناوە. بەبی ئەوەی پێویســت بــکات ئەو ئاگامەندی بێت. ئەمــەش ئاگامەندی دەکات بە ئاگاییەکــی لە بیردۆزە بەدەری ئەو هەڵوێســتەی کاریگەرە. ئاگامەندی لەش زۆرجار لەگەڵ کاریگەرێتییە بنەڕەتییەکەدا تێکەڵدەکرێت. گرنگە واتای کاریگەرێتی بزانین.

بۆ ئەم مەبەستە دەبێت زۆرتر لە جیاوازی بدوێین. کاریگەرێتی، وەکو تێڕامان کاریگەرێتییەکــی پێکهاتوو بە ئێمە دەناســێنێت و ئاگاییە لە جیهان. هەموو ڕق و کینەیەک ڕەق و کینەیە بەرانبەر شــتێک؛ توڕەیی هەســتکردنە بە ئامادەبوونی شــتێک ڕقمان لێیەتی، کە دادوەرانە نییە یــان هەڵەیە؛ بەزەیی بەزەیی هاتنە بە کەســێک و هتد. لەم نموونانەدا مەبەســتە بەرزەکەمان ڕووی لەجیهان کردووە و هەســتی پێدەکات. جۆرە ڕەتکردن و ڕەتدانەوەی ناوەکییان تێدایە. ئێمە خۆمان لەســەر زەمینەی هەڵبژاردن و بەرزێتی دەدۆزینەوە. بەڵام، شیلەر سەلماندویەتی، کە "مەبەســت" لە خەسڵەتە کاریگەرە ڕەوانەکان جیادەبێتەوە. بۆنموونە، ئەگەر من توشــی ژانەســەر بم، ئەوا لەنێو خودی خۆمدا کاریگەرێتییەکی مەبەســتدار، کــە ڕوو لە ژانەکە دەکات دەدۆزمەوە و دەبێت بڕیار لەســەر بەرگەگرتنی ژانەکە بدەم یان لەناوییبەرم. لێرەدا مەبەســتەکە کاریگەرێتییەکەیە؛ کردەوەیەکی ڕەوان و پڕۆژەیە. ئاگامەندییەکی ڕوانە لە شــتێک. ئەمە ئاگایی نییە لە لەش، کە ئێمە دەمانەوێت باســیبکەین. لەڕاستیدا، مەبەستەکە نابێت بە هەموو کاریگەرێتییەکە. کاریگەرێتی تێپەڕکردنە و تێپەرکردنەکەش پێشبین دەکات. ئەمە بە ڕێگەی بوونی ئەو (ســۆزە ڕووتکراوانەوە) دەســەلمێنین، کە بۆڵدوین بە هەڵــە ناوییبردوون. بە بۆچوونی بۆڵدوین، ئێمە بەبێ ئەوەی هەستکردنێکی کۆنکرێتیمان هەبێت دەتوانین لەنێو خۆماندا جۆرە ســۆزێک بدۆزینەوە. ئەگەر کەسێک باسی جۆرێک ئازارم بۆ بکات، کە ژیانی پیرۆی تاڵکردوە، من بیردەکەمەوە، کە پیرۆ چەند ئازاری چێشتوە. من نازانم ئەو چەند ئازاری چێشــتوە و هەســتیش بە ئازارەکەی ناکەم. ئەمجۆرە هەســتکردنانە دەکەونە نێــوان زانین و کاریگەرێتی ڕاســتەوخۆوە و لای بۆڵدین

ڕووتکـــراوەن. بەڵام میکانیزمی ڕووتکردنەوەکە نادیارە. ئایا کێ ڕووتیاندەکاتەوە؟ ئەگەر پەیڕەوی پێناســـەکەی لاپۆرت بکەین دەبێت لە ڕووتکردنەوەدا بیر لە چەند بوونیادێکی دوور وەستاو بکەینەوە، کە بەبێ یەکدی ناتوانن هەبن. پێویستە سۆزە ڕووتکـــراوەکان بە چەمکە ڕووتکراوە ڕەوانەکان دابنێین یان بڵێین ئەم ڕووتکراوانە جۆرێکن لە شێوازەکانی ئاگامەندی.

ڕوانینمان بۆ ســـۆزە ڕووتکراوەکان دەریدەخات، کە مەبەست و پرۆژەی ڕەوانی سۆزن. ئێمە ڕوو لە ئازار و شەرم دەکەین، خۆمان لێیان دەپارێزین و ئاگامەندی خۆی ڕەتدەکات، بەڵام بە چۆڵی. خەم لەوێدا هەیەو بابەتی و بەرزە بەبێ ئەوەی بوونێکی کۆنکرێتی هەبێت. باشـــترە چەمکی کاریگەرێتی ئەندێشـــاوی بۆ ئەمانە دابنێین. بێگومان نکۆڵی لە گرنگیان بۆ داهێنانی هونەری و توێژینەوەی ســـایکۆلۆجییانە ناکرێت. ئەوەی لە شەرمکردنی ڕاستەقینە، بۆنموونە، جیایاندەکاتەوە ژیانە. کەوابوو، خەسڵەتی کاریگەرێتی ڕەوان هەیە، کە پرۆژەی کاریگەرێتی تێپەڕیدەکات. ئێمەش، وەکو شـــیلەر مامەڵەی لەگەڵدا ناکەین و بەجۆرێک (هیۆلی) نێو تەوژم و جوڵانی ئاگامەندی دانانێین. بۆ ئێمە ئەو ڕێگەیەیە ئاگامەندی تێدایە و هەڵکەوتەکانی تێدا دادەمەزرێت. ئەو ڕووکەشە ئاگامەندییە، کە ئاگامەندی بۆ گەیشتن بە ئەگەرەکانی تێپەڕیدەکات و دەبێت بە خۆدەرخستنی ڕاستەوخۆی ئاگامەندی بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بیردۆزە بەرێت. دەشـــێ خەمێک ڕەوان بێت، بەڵام لەوانەیە مەزاجیش بێت یان کاریگەرێتی، ڕازیبوون و ڕازینەبوونێکی ڕەوان بێت.

بەگشـــتی ئەمە بە (هەســـتکردنی هاوبەش) ناوزەددەکرێـــت.[58] زۆرکەم ئەم هەســـتکردنە دەردەکەوێت. ئێمە لە ڕێگەی پرۆژەکانمانەوە بەرەو جیهان تێپەڕی دەکەین. لەبەرئەمە دژوارە بە تەنیا و دابڕاوی لەســـەری بکۆڵینەوە. هێشتا چەند ئەزمونێکـــی تایبەت هەن بـــە ڕەوانی لێیان تێدەگەیـــن، بەتایبەتی ئازاری لەش. کەوابوو، بۆ ئەوەی چاو ببڕینە سەر بونیادی ئاگامەندی لەش دەبێت لەم ئەزموونە بکۆڵینەوە.

من چاوەکانم دێشـــێن، بەڵام پێویســـتە پەرتووکە فەلسەفییەکە ئەم ئێوارەیە بەتەواوی بخۆێنمەوە. پرۆژەی ئاگامەندیم پەرتووکەکە و ڕاستییەکانە لەودیو بوونی پەرتووکەکەوە. لەشـــم خۆی دەرناخات و بەڵکو خاڵی دەرچوون و بۆچوونی منە. وشەکان یەک لە دوای یەک دێن و دەڕۆن؛ دەیانخوێنمەوە، وشەکانی خوارەوەش، کەهێشتا نەم خوێندوونەتەوە سەر بە زەمینەیەکی ڕێژەیین یان لەنێو لاپەڕەکەدان، کـــە لەنێو زەمینەی پەرتووکەکەدان و پەرتووکەکـــەش لەنێو زەمینەیەکی ڕەهایە

٥٨ لێرەدا سارتەر چەمکی یۆنانی (کۆنیەیستیسس)ی بەکارهێناوە. ئەم چەمکە وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە: (کۆنیۆس)، واتە هاوبەش و (ئەیستیسس)،واتە هەستکردن. چەمکەکە هەستکردنی تێکڕایی یان هاوبەشی نێوان هەموو هەستەکانی لەش دەردەبڕێت. (وەرگێڕ)

بەناوی جیهانەوە. ئەوان لەنێو زەمینەکەیانەوە، کە جیاوازییەکەی دیار نییە، بانگم دەکەن و لەنێو هەموویەکی ناسکدا خۆیان کۆدەکەنەوە؛ خۆیان دەخەنە بەرچاوم. لەنێو ئەم هەموو ڕووداوانەدا لەشـم بەشـاراوەیی دەمێنێتەوە و جوڵانی چاوەکانم دەبێت بەسەرنجی بینەر. ئەوەی بۆ من هەیە و خۆی دەردەخات وشە ڕیزکراوەکانە. ڕیزکردنـی وشـەکانیش لەنێو کاتێکی دەرەکییدا پەیوەندی بـە کاتبوونی منەوە هەیە. جوڵانی ڕسـتە وەسـتاوەکانیان لەنێو جوڵانی ئاگامەندی مندایە. جوڵانی ئاگامەندیشم، کە میتافۆرێکە بۆ پێشکەوتن، جوڵانی چاومە. دژوارە جوڵانی چاوم لە پێشـکەوتنی حاڵەتی ئاگامەندیم جیابکەمەوە. بەڵام لە هەموو سـاتێکدا، کە دەخوێنمەوە چاوەکانم دەیەشێن. گریمان بابەتەکانی نێو جیهان ئاماژە بۆ ئازارەکە دەکەن؛ بۆنموونە، پەرتووکەکەی دەیخوێنمەوە. دژواریشـە وشەکان لەو زەمینەوە جیابکەینەوە، کە لەسەری پێکدێن. دەشێ لەبەر چاوم بلەرزن یان بیر لە واتاکانیان بکەمەوە، دووجار ڕستەیەک بخوێنمەوە یان بە سێ جاریش لە واتاکەی تێنەگەم. دەشـێ ئەمانە لەگەڵ قوڵبوونەوەم لە خوێندنەوەکـەدا کەمببنەوە و منیش چاو ئێشەکەم لەبیربچێتەوە. بەڵام ئەمە مەبەستی ئێمە نییە. بەڵکو بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێیین ئاگامەندی ئازارەکەی تێدابێت. لەسەرەتاشەوە لەوانەیە کەسێک بپرسێت چۆن ئەو ئازارە دەبێت بە ئازاری چاو؟

ئایـا ئاماژەکردن بـۆ بابەتێکی بەرز ناکەین یان بۆ لـەش ناکەین، کە لە نێو جیهانـدا هەیە؟ بێگومان ئازار زانیاری لەبارەی خۆیەوە دەگەیەنێت. مەحاڵیشـە ئـازاری چاو، پەنجە یان سـک تێکەڵ بکەین و جیاوازیەکانیـان نەزانین. لەگەڵ ئەمەشدا ئازار مەبەستدار نییە. هیچ هێمایەکی شاراوە یان زانینێک لە چاوئێشەدا نییـە. مادام ئاگامەندی هەیە ئەوا ئازارەکە خودی چاوە و لە ئازارەکانی دیکە بە بوونیدا جیادەکرێتەوە. چاوئێشەش پێویستی بە هەموو ئەو کارانە هەیە لەپێشتر باسمانکردن. بەڵام ئێستا پێویسـت ناکات باسیان بکەین. ئازار بیرکردنەوەیەکی تێڕامانانە نییە و ئاماژە بۆ لەش، وەکو بوونێک بۆ کەسانی دیکە ناکات. چاوەکان توشـی ئازار بـوون و ئێمەش بۆ ڕوونکردنـەوەی ناوی چاوئێشـەمان بۆداناوە. چاوئێشـە بەبێ دەربڕین لە ئازارەکانـی دیکە جیادەکرێتەوە و ئەمەش پەیوەندی بە بوونیەوە هەیە. ئەم ئازارە لە هیچ شوێنیکی جیهاندا لەگەڵ هەبووەکاندا نییە. نەکەوتۆتـە لای چەپ و ڕاسـتی پەرتووکەکەوە، لەناوەڕاسـتەکەیدا نییە، کە لە ئاکامـی خوێندنەوەکەم دەردەکەون و لەنێو لەشـمدا، وەکو بابەت (ئەو بابەتەی کەسـانی دیکە دەیبینن و دەسـتی لێدەدەن) نییە. لەنێو ئەو لەشەشـدا نییە، کە بنکەی بۆچوونە. ناتوانین بڵێین ئازارەکە[لەدەرەوە]خۆی سـەپاندوە. ئەمانە وێنەی ئەندێشـاوین و لە واتا بەدەرن. کەوابوو، ئازار لەنێو شوێندا نییە. هەروەها ناکەوێتـە نێو کاتی دەرەکیشـەوە؛ بەڵکو خۆی دەکات بە شـتێکی کاتی و لەم

خۆبەکاتیکردنەوە کاتی جیهانیش دەردەخات. ئایا ئازار چییە؟ بەئاسانی دەڵێین، بابەتێکی ڕوونی ئاگامەندییە و بوونیشی لەوێدا خۆ نوسانێتی بە جیهانەوە، کە لە خوێندنەوەکەمدا بەرجەستە دەبێت. ئازار لەودیو هەموو مەبەست و زانینێکەوەیە، چونکە خۆی دەهاوێتە نێو هەموو کارێکی مەبەستدار و زانینێکەوە. کارێکە، کە نابێت بە بناخە بۆ بوونی خۆی.

هێشتا لەسەر زەمینەی بوونی ڕەوانەوە ئازار، وەکو خۆبەستنەوەیەکی هەڵکەوتوو بەجیهانەوە دەتوانێت بێ بیرکردنەوە لەنێو ئاگامەندییدا هەبێت و تێپەڕیش بکرێت. ئاگایی لە ئازار ڕەتدانەوەیەکی ناوەکییە بەرانبەر جیهان. لەهەمانکاتدا لەنێو ئازار یان لەنێو خۆیدایە. ئازاری ڕەوان نییە، سەر بەو کاتیگۆرییانەیە پێناس ناکرێن و باسیان ناکرێت. بەڵام ئاگایی لە ئازار پرۆژەیە بەرەو ئاگایی دیکە، کە لە ئازار بەدەرە. ئەم ڕاکردنەی ئاگامەندی بابەتێکی دەروونی نییە و پرۆژەیەکە ئاگامەندی بێ بیرکردنەوە دەیگرێتەبەر. ئەمەش، وەکو دەرکەوتنی پەرتووکەکەیە، کە ئێستا بە پەلە دەخوێنرێتەوە و وشەکانی لەتەنیشت یەکدی ڕادەوەستن یان هەموو جیهان بە دوودڵی کونکراوە. ئەمە خەسڵەتێکی تایبەتمەندی هەبوویەکی لەشدارە، کە دەمانەوێت لێیڕابکەین. ئەمە ئەو ئاگامەندییە پێکدەهێنێت و ئاگامەندیش تێپەڕیدەکات.

گریمان، کەسێک دەڵێت، تۆ کاتێک گرانییەکە بە تەرازوو دەپێویت، کە ئازارەکە لەنێو یەکێک لە ئەندامەکانی لەشدا کاری خۆی دەکات. ئازاری چاو لە کاتی بینیندا دەدۆزیتەوە. کەچی من لە کاتی خوێندنەوەکەدا هەست بە ئازاری پەنجە بڕاوەکەشم دەکەم. ئەم ئازارە ناکەوێتە سەر خوێندنەوەکە. گرنگ نییە من چەند بەناو خوێندنەوەکەدا قووڵببمەوە، جیهان هەرگیز ون نابێت. خوێندنەوەکەم ئاماژە بۆ جیهان دەکات و بە زەمینەیەکی پێویستی دادەنێت. ئەم دڵنیابوونەش کەم ئاگاییم لە جیهان ناسەلمێنێت، بەڵکو جیهان بە زەمینە دادەنێت. ڕەنگەکان لەبەر چاون، نارۆن، جوڵانی شتەکانی دەوروبەرم و دەنگەکان دەمێننەوە. بەڵام بە جیاوازییەکانیانەوە دەکەونە بەستێنی پشت خوێندنەوەکەم. لەشم نابێت بەو بۆچوونە گشتگرەی جیهان ئامااژەی بۆ دەکات. لەهەمانکاتدا گشتگرییەکەی خۆی نادۆڕێنێت چونکە هەموو پێکهاتەکانی ئاگامەندیم لەودا کۆدەبنەوە. لەگەڵ خوێندنەوەکەدا بەو ڕادەیەی من هەم ڕوانینەکان تێپەڕدەکەم یان چاوەکانم دەبن بە شێوە و دەکەونە پشت بەستێنی هەموو لەشەوە. لەسەر ئەم زەمینە چاوەکانم ئەو ئەندامی بینینانە نین کەسانی دیکە دەیان بینن. بینینم بەشێکە لە بونیادی هەمووی ئاگامەندیم لە جیهان. ئاگامەندی ئاگاییە لە جیهان؛ جیهان و لەش بەردەوام بە شێوازی جیاواز خۆیان ئامادەی ئاگامەندیم دەکەن. ئاگاییم لە هەمووی جیهانیش زەمینەیە بۆ خۆدەرخستنی شتێکی هەندەکی و تاک، وەکو (ئەو). کاتێک دەخوێنمەوە، من ئەو لەشەم لەسەر کورسییەکە دانیشتوم و سێ یارد لە

پەنجەرەکەوە دوورم، ژوورەکەش پلەی گەرمای خۆی هەیە. من نابم بە شـــتێکی دیکە. تاکو هەموو لەشـــم لەناونەچێت ئازاری پەنجە براوەکەم لەناوناچێت. بەڵام بەو شـــێوەیەی هەم ئازارەکە لەنێو زەمینەی بەســـتێنی هەموو لەشـــمەوە خۆی دەشارێتەوە. ئازارەکە ناڕوات، منیش لێی بێ ئاگانیم و لە منەوە دوور نیی. ئەگەر بمەوێــت لاپەڕەی پەرتووکەکە بە پەنجە بگۆڕم ئازاری پەنجەم بەبێ ئەوەی پێیی بزانم جارێکی دیکە دەبێت بە هەڵکەوت و لەسەر زەمینەی هەڵکەوتەکانی دیکەی لەشم خۆی دەردەخاتەوە. بێجگەلەمە، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕوانینی ئەزمونگەرییدا کۆکـــە، کـــە گوایە خوێندنەوەکە زۆرتر بە ئازاری پەنجە یان پشـــت ئێشـــە تێک دەچێت، نەک ئازاری چاو. ئازاری چاو ڕاســـتەوخۆ پەیوەندییان بە خوێندنەوەوە هەیە. وشـــەکان لە هەموو حاڵەتێکدا بەرەو ئازارەکەم دەبەن. ئازاری پەنجە یان پشت ئێشە ناسینەوەی جیهانە، وەکو زەمینە و ئاماژەکردنە بۆ بەشێکی تایبەتی بونیادەکەی لەش و لەوێشەوە بۆ جیهان.

گریمـــان مـــن خوێندنەوەکەم دەبڕم و بیر لە ئازارەکـــە دەکەمەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێـــت من تێڕامانی ئاگامەندیم بۆ ئامادەبوونێکی ئاگامەندانەم دەگوێزمەوە. شێوازێکی تێڕامانی ئاگامەندیم لەسەر ئازارەکە ناسییەوە و بەرەو ڕووی بابەتێکی دیکەم دانـــا. دەبێت بۆچوونەکەی پێشـــومان لەســـەر تێڕامـــان بیربکەوێتەوە: تێگەیشتنێکی گشتگرانەیە بەبێ بۆچوون؛ زانینێکە دەیەوێت خۆی تێرکات و ببێت بە بابەتی و شتەزانراوەکەش لە دوورەوە دانێت و بیری لێبکاتەوە. یەکەم جوڵانی تێرامان، کەوابوو، تێپەڕکردنی خەســـڵەتی ڕەوانی ئاگامەندییە لە نێو ئازارەکەدا و ڕووکردنە لـــە ئازارەکە تاکو بیکات بە بابەتی بیرکردنەوە. ئەگەر تێڕامان تەنیا هاریکارکەربێت ئەوا ئازارەکە دەبێت بە بابەتێکی دەروونی.

بابەتێکی دەروونی ناســـراو لە ڕێگەی ئازارەوە نەخۆشـــییە. ئەم بابەتە هەموو خەسڵەتەکانی ئازاری تێدایە، بەڵام بابەتێکی بەرز و ناچالاکە. ڕاستەقینەیەکە سەر بـــە کاتی جیهان و ئاگامەندی نییە و خاوەنـــی کاتی دەروونی خۆیەتی. کەوابوو، دەکرێت بە پێوەر و سنوور بۆ زۆرشتیش دادەنرێت. هەرچەندە لەنێو ئاگامەندییدا خۆی دەردەخات لەوێشەوە جیاوازە. لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاگامەندیدا بەردەوام دەمێنێتـــەوە. مانەوەکـــەی دەبێت بە تەڵخی و تەمەڵی نەخۆشـــییەکە. لەلایەکی دیکەوە؛ نەخۆشـــییەکە خاوەنـــی یەکێتی و ناوەوە و کتوپڕییـــە، کە ئاگامەندی هەیەتـــی، بـــەڵام پلـــەی خاوەنییەتییەکەی دەگۆڕێـــت و کەمترە. لەســـەرەتاوە نەخۆشییەکە یەکێتییەکی تەواوە، دابەشنابێت و بەردەوامی خۆی هەیە چونکە لە دەرەوەی ئاگامەندییە و خاوەنی ڕابردوو و داهاتوشە. بەردەوامییەکە پرۆژەی کاتە بنەڕەتییەکەیە و بە شـــێوازی جیاواز ڕاڤەی بۆ دەکرێت و دەڵێین، نەخۆشـــییەکە "دەچێتەنێوە"، "توشدەبێت" و هتد. ئەمانە باسی خەسڵەتەکانی نەخۆشییەکە لە

بەردەوامییەکەیدا دەکەن. خەسڵەتێکن لە ئاهەنگی دڵنەوازی دەچن. ئەو ئازارە کورتەی کتوپڕ سەرهەڵدەدات و نامێنێت تێڕامان بە گۆڕانی ئاگامەندییەکی ئازاراوی و ئۆقرەگری دانانێت. ئەم ئازارە کورتانە، وەکو بێدەنگی لە ئاهەنگی دڵنەوازییدا بەشێکن لە نەخۆشییەکە. پێکەوە بوونیان ئاهەنگ و ڕەفتاری نەخۆشییەکەیە. وەکو کتوپڕییەکەی ناچالاک و جادوگەرانەیە؛ خۆی تەمەن درێژ دەکات و دەبێت بە خاوەنی کاتی خۆی. لەشێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت و خۆشی دەشارێتەوە. لەم ڕەفتارەدا لە بابەتەکانی نێو کات و شوێن ناچێت. ئەو کاتەی مێژەکە نابینم لەبەرئەوەیە، کە ڕووم لە شوێنێکی دیکەکردوە. بەڵام هۆکاری هەستنەکردن بە نەخۆشییەکە لاچوونی نەخۆشییەکەیە. لەڕاستیدا، لێرەدا جۆرە دیاردەیەک سەرهەڵدەدات و لەو فۆرمە دەچێت، کە دەروونناسەکان ناویدەنێن (وەهمی سترۆبۆسکۆپی). لاچوونی نەخۆشییەکە پاشگەز بوونەوەیە. نەخۆشییەکە جۆرە زیندەوەرێکە فۆرم، بەردەوامی و ڕەفتاری هەیە. نەخۆشەکەش جۆرێک نزیکبوونەوەی لەگەڵدا پەیدادەکات. وەکو دیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات. ئەو کاتەی نەخۆشەکە توشی دەبێت دەڵێت، ئەمە قەیرانی پاش نیوەڕۆمە. تێڕامان بەشداری ئەم قەیرانە ناکات، بەڵام بە درێژایی ڕۆژەکە ئەزمونەکان پێکەوە گرێدەدات. ئەم تێهەڵکێشکردنی ناسینەوانە خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە؛ نایەوێت بابەتێک پێکبهێنێت، کە بە ئامادەنەبوونی ئاگامەندیش بەردەوام بمێنێتەوە (بەو شێوەیەی ڕق و کینە لەودیو ئاگامەندییەوە خۆی حەشاردەدات). ئەو کاتەی نەخۆشییەکە دەڕوات بۆ هەمیشە لەناودەچێت. هیچ بەشێکی لە پاش خۆی جێناهێڵێت. ئەگەر جارێکی دیکە سەرهەڵبدات جوڵانەکەی ناچالاکانە و کتوپڕ دەردەکەوێت. هەست بە نیشانەکانی سەرهەڵدانەکەی دەکەین؛[دەڵێین] جارێکی دیکە توشی دەبم یان توشی بووم و دەزانم ئەو نەخۆشییەم گرتۆتەوە. ئازارەکان لەسەرەتای هەڵدانی نەخۆشییەکەوە ئەو شێوازە ناسراوانە نین ئاگامەندی بە وردی سەرنجیان بدات، بەڵکو بانگەوازن بۆ سەرهەڵدانی لەسەرخۆی نەخۆشییەکە. لەلایەکی دیکەوە، گرنگە ئەوە بزانین، کە من نەخۆشییەکە بە ئازارەکەوە دەبەستمەوە. ئەمەش نەخۆشییەکە ناکات بە هۆکاری ئازارەکان بەڵکو هەر یەکێک لەو ئازارانە بە نۆتێکی نێو ئاهەنگەکە دادەنێم. کتوپڕ دەبن بە هەموو ئاهەنگەکە و بەشێکی ئەویش. لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر یەکێک لە ئەوان، من هەست بە هەموو نەخۆشییەکە دەکەم و لەهەمانکاتدا هەر ئازارەش لەودیو نەخۆشییەکەوەیە چونکە نەخۆشییەکە تێهەڵکێشراوی هەموو ئازارەکانە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە خۆی پێشدەخات. هێشتا نەخۆشی لە ئاهەنگ ناچێت. نەخۆشی ئەزمونێکە زیاناوی؛ دووری لەنێوان ئازار و ئاگامەندییەدا نییە، کە بیر لە ئازارەکە دەکاتەوە. نەخۆشی شتێکی بەرزە، بەڵام دوور نییە. وەکو تێهەڵکێشەیەکی گشتی لە دەرەوەی ئاگامەندیدایە و لە شوێنێکی

دیکەشدا لە بوونەوە نزیکە. هەروەها لەنێو ئاگامەندیشمدایە و بە هەموو دانەکانی گازی لێدەگرێت و خۆی دەخزێنێتە ناوی و هەموو نۆتەکانی بۆ دادەنێت. نۆتەکان و دانەکانی ئاگامەندی منن. ئایا لەم ئاستەوە چی بەسەر لەشدا دێت؟ ئێمە باسمانکرد، کە جۆرە دابڕانێک لەگەڵ یەکەم ساتی پرۆژەی تێڕامانەوە دێتە پێش. بۆ ئاگامەندی لە تێڕامان بەدەر ئازاری لەش بوو؛ بۆ ئاگامەندی تێڕامانیش نەخۆشی و لەش دوو شتی جیاوازن. نەخۆشی فۆرمی خۆی هەیە و پەیدادەبێت و لەناودەچێت. لە تێڕاماندا ئێمە ڕوو لە بابەتەکە دەکەین، بۆنموونە پێش ئامادەبوونی کەسانی دیکە لەش، وەکو بابەتێکی بیرکردنەوە لەبەردەم ئاگامەندیدا ڕاناوەستێت. تێڕامانی ئاگامەندی ڕوو لە نەخۆشییەکەدەکات. مادام نەخۆشی فۆرمی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو ئاهەنگەکە بوونێکی تاک و بەرزی هەیە، ئەوا بۆ بوون-بۆ-خۆ دەگەڕێتەوە. لە ڕێگەی ئازارەکانیشەوە خۆی دەردەخات و دەبێت بە بناخەی یەکێتی هەموو ئازارەکان. بەو ڕادەیەی من کەرەسە بە نەخۆشییەکە دەدەم نەخۆشییەکە سەر بە بوونی منە. من مانەوە و گەشەکردنی لەسەر جۆرێک ژینگەی سست و ناچالاک دەخەمەگەر و فاکتۆری ئازارەکانی بە پرۆژە دادەنێم. ئەمەش سستی و ناچالاکی بوونی منە. نەخۆشییەکە لەسەر ئەم سیستی و ناچالاکییەم دەخوات و خۆی تێردەکات. جادوگەرانە هەموو هێز و تەوانای خۆی لەوێوە دێنێت و لە (ئەنتیۆس) دەچێت، کە بە خاک خۆی دەژیاند.[59] لەشی من خۆی لە شێوازێکی دیکەی بووندا دەدۆزێتەوە و ئەمەش بە (لەشێکی دەروونی) دادەنێم. بەڵام بەتەواوی نازانین چییە چونکە ئەو تێڕامانەی دەیەوێت ئاگایی لە ئازار بێت نەبووە بە سەرچاوەی زانین. ئەو نەخۆشییەکە، وەکو بابەت دەناسێت و ئەو بابەتەش کارتێکەرە. لەسەرەتاوە کەسەکەی ئازاری هەیە ڕقی لە ئازار دەبێتەوە. هەندێکجار ناتوانێت بەرگەی بگرێت یان حەزیلێبکات و بەهای بۆ دابنێت. لەبەر ئەمە، نەخۆشی نەزانراوە و ئێمە تەنیا توشی دەبین. لەشیش لە نەخۆشییەکەدا بوونی بەرجەستەدەکات و بە هۆکاری ئاگامەندیشەوە ناخۆشی دەچێژێت. بۆ ئەوەی بونیادی زانین بۆ لەش پێکبهێنین بەو شێوەیەی تێڕامان هەیەتی، دەبێت لەش لەبەردەم کەسانی دیکەدا ڕاوەستێنین. ئێمە لێرەدا ئەم خاڵە ڕووناکەینەوە، چونکە دەبێت بونیادی بوونی لەش-بۆ-ئەوان باس بکەین.

59 ئەنتیۆس پاڵەوانێکی نێو ئەفسانەی یۆنانە. باوکی ناوی پۆسیدۆن و دایکیشی زەمین بووە. کەسێکی ئازا و زۆرانباز بووە. لەگەڵ هەرچ کەسێکدا زۆرانبازی کردبێت کوشتویەتی و سەرەکەی بۆ دروستکردنی پەرستگایەک بۆ باوکی هەڵگرتوە. لەبەرئەوەی دایکی زەمین بووە ئەم پاڵەوانە چەند لە خاکەوە نزیک بووبێت و لەسەر خاک بووبێت بەهێزتر بووە. بەهەڵگرتن و بەرزکردنەوەشی یان دابڕانی لە زەمینەوە لاوازبووە.(وەرگێڕ)

ئێستا، دەبینین ئەم لەشە دەروونییە، کە پرۆژەیەکی ئاگامەندییە لەسەر بوون-لەنێو-خۆ، ســـەرچاوەی هەموو دیاردە دەروونییەکانە و کینە و خۆشەویستی یان کردەوەکان کاریتێدەکەن. بەو ڕادەیەی لەشـــێکە بە ئـــاگا ئەوا دەبێت بە گرتنی بوون-لەنێو-خۆ لەلایەن ئاگامەندییەوە؛ بەو ڕادەیەی بە دەســـت نەخۆشییەوە یان ڕق و کینە و تێڕامانەوە دەناڵێنێت ئەوا پرۆژەیەکە لەسەر بوون لەنێو خۆ. لەگەڵ ئەمەشـــدا دەتوانێت ببێت بە نوێنەری هەر یەکێک لە دیاردە دەروونییەکان و ئەو هێزە جادوگەرەی پێکەوە دەیانبەســـتێتەوە. کەوابـــوو، پانتاییەکی ناوەوەیە، کە تیایدا لایەنـــی دەروونی بەردەوام دەمێنێتەوە. پانتاییەکـــەش لایەنی بەرز و نزم یان ڕاســـت و چەپی نییە؛ دابەش ناکرێت. ئەمەش خەسڵەتی ڕاستەقینەی لایەنی دەروونییە. مەبەســـتمان لەم خاڵەش ئەوە نییە، کە دەروون بە لەشەوە نوساوە، بەڵکو لەش جەوهەری ڕیکخراوە دەروونییەکەیە و مەرجیشـــە بۆ بەردەوامبوونی. ئەمەیە دەبێت بە بنەمای هەموو میتافۆرە میکانیکی و کیمیاوییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕووداوە دەروونییەکان. دەمانەوێت لەمە تێبگەین، لەنێو ئەندێشەماندا وێنەکەی پێکبهێنین و لە ڕێگەیەوە ئەو هەستانە بهێنینەکایەوە، کە پەیدانەبوون. دواجاریش، ئەمەیە هانمانـــدەدات و بەڕادەیەکیش بیردۆزە ســـایکۆلۆجییەکان، وەکو ئەودیو ئاگامەندی و بیرەوەری دەســـەلمێنێت. ئێمـــە ئازارمان بە نموونە هێنایەوە ئەگینا نموونەی دیکەش هەن دەتوانین باســـیان بکەین. پێویستە ئەوەش بزانین کاتێک ئازارمـــان نییە یان ڕازیبوون و ڕازینەبوونێکی دیاریکـــراو نادۆزینەوە بوون-بۆ-خۆ لە پرۆژەکردنی خۆی لەودیو هەڵکەوتە ڕەوانەکانەوە ناوەســـتێت و واز لە لەشیش ناهێنێـــت. چالاکییەکانی (کۆینس تێتیک)، کەوابوو، ڕەوانە و ڕوو لەدەر نیە و بێ ڕەنگە و ناســـینەوەیەکی ڕووتی دەروونە. ئـــەم چێژوەرگرتنە بێ تامەی بوون-بۆ-خۆیە لە نوسراوێکی دیکەدا بە هێلنجدان ناوزەدمانکرد.(٦٠)

هێڵنجدان لەشـــم لەبـــەردەم ئاگامەدیمـــدا بەرجەســـتەدەکات. هەندێکجار بۆ دەربازبوون لە هێڵنجدان پەنا بۆ خۆشـــی یان ناخۆشی دەبەین. بەڵام ئەو کاتەی ئازار یان خۆشـــییەک ســـەرهەڵدەدات خۆی، وەکو فاکتۆر دەردەخات و لەســـەر زەمینەی هێڵنجدانەکەوە پەیدادەبێت.

ئێمە هێڵنجدان بە میتافۆر دانانێین. بەپێچەوانەوە، لەسەر بناخەی ئەم هێڵنجدانەیە هەموو هێڵنجدانێکی کۆنکرێتی و ئەزمونی (وەکو هێڵنجدان لە ڕێگەی خواردنی گۆشتی خراپ، خوێن و پیسایی و...هتد) دروستدەبن و ئێمە توشی ڕشانەوە دەکەن.

---

٦٠ سارتەر ئاماژە بۆ ڕۆمانەکەی بەناوی (نۆسیا)یان هێڵنجدان دەکات. ئەم ڕۆمانە لەساڵی (١٩٣٨) بڵاوکرایەوە، بە یەکێک لە ڕۆمانە فەلسەفییەکان دادەنرێت، سارتەر تیایدا باسی گۆڕانی بێهودەیی ژیان لە ڕیگەی پرۆژەی نوسینەوە دەکات. ڕۆکانتان، پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە پرۆژەدانان واتا بە ژیان دەبەخشیت. (وەرگێڕ)

٢ — لەش-بۆ-کەسانی دی

ئێمە باسی بوونی لەشـــمان بۆ خۆمانکرد. لەسەر ئەم زەمینە ئۆنتۆلۆجییەوە لـــەش تەنیا ئەمەیە و بەدوای ئەندامی لەش و خانەکانیدا ناگەڕێین. ئەو بنکەیەیە هەمـــوو ئامێرە-بابەتەکانی جیهان ئاماژەی بۆ دەکەن یان ئەو بوونە هەڵکەوتوەیە بوون- بۆ-خۆ لەسەری ڕادەوەستێت. ئەم دوو شێوازەی بوون تەواوکەری یەکدیین. بەڵام لەش دەزانێت، وەکو بوون-بۆ-خۆ ڕەهەندی دیکەی هەیە؛ زەمینەی دیکەشی لەســـەری ڕادەوەستێت. ئەویش بوونێتی بۆ کەســـانی دی. پێویستە ئەم لایەنەی لـــەش لەم بۆچوونـــە ئۆنتۆلۆجییەوە ڕوونبکەینەوە و بزانین چۆن لەشـــی من بۆ کەســـانی دیکە و لەشی کەسانی دیکەش بۆ من دەردەکەوێت. لەپێشتر ئەوەشمان سەلماند، کە بونیادی بوونم-بۆ-کەسانی دیکە لە بونیادی بوونی-کەسانی-دیکە بۆ من دەچێت. بۆ کارئاســـانی، لە ڕوانگەی بوونی کەسانی دیکەوە بۆ من دەڕوانینە سروشتی لەشی-کەسانی دیکە. لە بەشی پێشوی ئەم نوسراوەشدا ڕوونمانکردەوە، کە لەش ئەوە نییە لەپێشـــدا بوونی کەسێکی دیکە بۆ من دەردەخات. لەڕاستیدا، پەیوەندی بنەڕەتی نێوان من و کەسانی دیکە پەیوەندییەکی دەرەکی نێوان لەشمانە. بـــەڵام ئەگەر ڕەتدانەوەی ناوەکی لەگەڵـــدا نەبێت لە پەیوەندییەکە تێناگەین. من دەبێت بەوجۆرە هەســـت بە کەســـێکی دیکە بکەم، کە من بۆ ئەو دەبم بە بابەت. کەوابوو، دەرکەوتنی کەســـەکە لەسەرەتاوە بەرەنگاریکردن نییە، بەڵکو بەشێکی زنجیرەی پەیوەندییەکانمە لەگەڵیدا. بەتایبەتی لەوێدا، کە گوتمان کەسەکەش بۆ من دەبێت بە بابەت یان ئەگەر حەز بکەین دەڵێم، کەسەکە لەپێشدا سەرهەڵدەدات و ئینجا لەدواییدا لەشی دەناسم. لەشی کەسانی دیکە بونیادی دووەمە. لە دیاردەی بە بابەتکردنی کەســـێکی دیکەدا، کەسەکە، وەکو بابەتێکی بەرزی-بەرزێتی خۆی دەردەخات. منیش بە دانانی پرۆژەکانی بەرزێتییەکەی ئەو تێپەڕدەکەم و خۆم بە ئەگەرەکان دەگەیەنـــم. بەرزێتییەکەی لەنێو کایەکردنەکەدا دەردەهێنم؛ ئەو وەکو بابەت بەرزێتییە و لەنێو جیهاندا دەیناسم. لە بنەڕەتەوە، وەکو ڕیزکردنی ئامێرەکان لەنێو جیهانی مندا دەرەکەوێت و دەبێت بە بنکەی دووەمی ئاماژکردنەکان. دەزانم، کـــە ئەو بنکەیە من نییە. ئەم نیشـــانانە، کە من دەرناخـــەن، نابن بە پێکهاتەی شـــتەکان و خەســـڵەتی لابەلان. کەســـێکی دیکە، بەوجۆرەی بینیمان، نابێت بە چەمکی پێکهێنانی جیهان. نیشـــانەکان هەڵکەوت و خەســـڵەت و ڕووداوی خۆیان هەیـــە. بنکەی ئاماژەکردنەکەشـــیان بوونی بەرزی کەســـەکەی دیکەیە، کە بیری لێدەکرێتەوە یان تێپەڕدەکرێت. ڕیزکردنی دووەمی بابەتەکان کەســـەکەی دیکە بۆ مـــن، وەکو ڕێکخەری ڕیزکردنەکە دەردەخات. کەســـەکە بەو ئامێرە دادەنێت، کە

خۆشی ئامێر دروستدەکات. بەڵام من دەتوانم تێپەڕیبکەم و لەنێو هەموو شتەکانی جیهاندا بۆ مەبەستی خۆم بەکاری بهێنم. کەوابوو، لەپێشدا، کەسێکی دیکە لەناو شـــتەکاندا وەکو ئامێر دەبینرێت. شتەکاندا منیش، وەکو ئامێر دەردەکەوم و ئەو لەشـــەم ئاماژەی بۆ دەکرێت. کەوابوو، لەشـــی کەسانی دیکەیە لابەلا ئاماژەی بۆ دەکرێت و لەنێو شتەکاندا دەردەکەوێت.

لەڕاســـتیدا بۆچوونم لەســـەر لەش ڕاناوەســـتێت چونکە بەکارهێنانی لەشم لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی دیکە ناچێت. من هەوڵمدا لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە لەشـــم لەنێو جیهاندا بە ئامێرێکی ڕەوان دابنێم. ئاکامی ئەم کارەش ڕووخانی جیهان بوو. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی من کەســـانی دیکە نیم، لەشـــی کەسانی دیکە بۆ من دەبن بەو بنکەیەی بۆچوونی خۆمی لەســـەر دامەزرێنم و ئەو ئامێرەی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا بەکاری بهێنم. هەموو ئامێرەکان ئاماژە بۆ لەشی کەسێکی دیکە دەکەن. ئەویش ئاماژە بۆ بابەت گەلێکی دیکە دەکات. کەوابوو، لەنێو جیهانی مندا خۆی ڕاگرتوە و ئاماژە بۆ لەشی منیش دەکات. لەشی کەسێکی دیکە ڕادیکالانەش لە لەشـــی منەوە جیاوازە. ئەو ئامێرەیە، کە نابێت بە من و هەمانکات بەکاریشی دەهێنم. لەشی کەسێکی دیکە کەسەکەیە و ئامیرێکی بەرزێتییە.

ئەم ئاکامانە بۆ ئەندامی هەســـتکردنی کەســـەکەش، وەکو تێهەڵکێشـــەیەکی دامەزرێنراو، دروســـتە. ئێمە ئەگەری ناســـینیمان لای ئەو لە ڕێگەی لەشـــییەوە نادۆزینەوە. ناســـینەکە لەسەر بە بابەتبوونی من بۆ کەسەکە دێتەکایەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی بنەڕەتی منە لەگەڵ کەســـەکەدا. لەم پەیوەندییەدا جیهانی منیش بەرەو لای ئەو دەڕوات. بە ناســـینەوەی خۆشـــم جارێکی دیکە بەرزێتییەکەی ئەو تێپەڕدەکەم و ڕوو لە ئامانجەکانم دەکەم. ئەمەش لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە من "لەوێدام" و ئەو زانینەی کەسەکە لەبارەی من و جیهانەوە هەیەتی دەبێت بە زانین، وەکو بابەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، زانینەکە دەبێت بە خەسلەتێکی کەســـەکەی دیکە. خەســـڵەتێک منیش دەتوانم [لە ڕێگەی ئەوەوە] بیناسم. ئەم زانینەش بە بەتاڵی دەمێنێتەوە چونکە من پرۆســـەی زانینەکەی ئەو نادۆزمەوە و پرۆســـەیەکی بەرزێتی ڕەوانە و دەبێت لەناوەوە بیناسیت و لەنێویدا بیت. ئەوەی مـــن دەیزانم ئەو زانینەیە لەوێدا یان بوونی زانینێکە لەوێدا. ئەم ڕێژەگەرایەتییەی ئەندامی هەســـتکردن، کە خۆی بۆ من دەســـەلمێنێت و ناتوانم بیری لێبکەمەوە، یەکەمجـــار ئەو کاتە هەســـتی پێدەکەم، کە کەســـەکە بۆ من دەبێـــت بەبابەت. هەســـتکردنەکە لە مەترســـی بەدەرە چونکە کەسەکە بەشـــێکە لە جیهانی من و ڕێژەگەرایەتییەکەی نابێتە هۆکاری ڕووخاندنی جیهانم. هەســـتکردنی کەســـەکەی دیکە وەکو زانین ناسراوە.

لێـــرەدا هەڵـــەی زانایانی ســـایکۆلۆجیمان بـــۆ ڕووندەبێتەوە، کە پێناســـی

هەستکردنەکانی من بە هەستکردنی کەسانی دیکەوە دەبەستنەوە و ڕێژەگەریش بۆ هەستکردن لەسەر بوونی بۆ کەسانی دیکە دادەمەزرێنن. دەبینین چۆن ئەم هەڵەیە دەبێت بە ڕاســـت لە کاتێکدا لەسەر نهۆمێکی دروســـت دایدەنێین و ڕاستەقینەی بوون و زانین دەستنیشـــان دەکەیـــن. بابەتەکانی نێو جیهانی من لابەلا ئاماژە بۆ بنکـــەی ئاماژەکردنی بابەتەکان دەکات، کە بوونی کەســێکی دیکەیە. بەڵام ئەو بنکەیە بۆ من لە بۆچوونێکی-لە بۆچوون بەدەرەوە، کە بوونی منە یان لەشـــمە. بەکورتییەکەی دەتوانم بڵێم، هەرچەندە دروســـتیش نییە، من کەسەکەی دیکە بە ڕێگەی هەستەکانم دەناسم. بەوجۆرەی کەسێکی دیکە ئامێرە و من بەکاریدەهێنم کۆی ئەندامی هەستکردنەکانیشـــە، کە خۆی بۆ زانینی هەستەکی من بەرجەستە دەکات؛ ئـــەو فاکتۆرێکە لەبەردەم فاکتۆرێکی دیکەدا خۆی دەردەخات. لەســـەر بنەمای بوون و زانین دەتوانین توێژینەوە لەســـەر ئەندامی هەســـتکردنی کەسانی دیکە بەو شێوەیەی هەستەکانی من دەیانناسێت بکەین. توێژینەوەکە بۆ کارکردنی ئەندامانی هاستکردن گرنگە.

بەڵام زانینەکە بۆ من دەبێت بە بابەتێکی ڕەوان. لێرەدا بۆنموونە، کێشەی (بینینی پێچەوانەکراو) ســـەرهەڵدەدات. لەڕاستیدا، ئەندامی هەستکردنی کەسانی دیکە بە هیچ شـــێوەیەک نابێت بە ئامێری هەســـتکردن بۆ ئەوان؛ بەڵکو زانینە بۆ ئەوان؛ بەو ڕادەیەی زانینەکە لە شێوازی بابەتدا لەنێو جیهانی مندا هەیە، کارێکی زانینی ڕەوانە.

بێجگە لەمە، ئێمە لەشی کەسێکی دیکەمان لەسەر ئاماژەکردنێکی لابەلا لەنێو ئامێرەکانی نێو جیهاندا پێناسکرد. لەڕاستیدا ئەم پێناسەیە بوونی کەسانی دیکەمان لەوێدا و لەنێو گۆشت و ئێسک بۆ ناسەلمێنێت. بەدڵنیاییەوە، لەشی کەسانی دیکە لە هەمـــوو ئاماژەکردنێکدا ئامادەیە چونکە ئەوان ئامێـــرەکان بەکاردەهێنن. ئەم ژوورەی من تیایدا دانیشتوم و چاوەڕێی خاوەنی ماڵەکەم لەشی خاوەنی ماڵەکەم بۆ دەردەخات. ئەو کورســـییە شـــوێنی دانیشـــتنەکەیەتی و لە پەنجەرەکەشەوە ڕووناکـــی بۆ ناو ژوورەکە دێـــت و ئەو دەتوانێت کەلوپەلەکانـــی ببینێت. ئەمانە هەموویان ئاماژە بۆ بابەتێک دەکەن، کە کتوپڕ دێت و ناوەڕۆکێکی پڕ بە هەموویان دەبەخشـــێت. بەڵام هێشتا خاوەن ماڵەکە نەهاتووە، ئامادەنەبووە و لە شوێنێکی دیکەیە.

دەبینین ئامادەنەبوون دەبێت بە بونیادی بوون-لەوێ. ئامادەنەبوون ئامادەبوونە-لە شـــوێنێکی دیکە-لەنێو-جیهاندا؛ بە منیـــش دراوە. کاتێک نامەی ئامۆزاکەم لە ئەفریقاوە دەگاتە دەســـتم بوونی ئەو-لە شوێنێکی دیکەدا بە من دەدرێت. نامەکە ئاماژە بۆ ئامادەبوونەکەی دەکات. بوون-لە شـــوێنێکی دیکەدا بوونە لە شـــوێندا؛ ئامادەبوونەکەشـــی بە لەشـــە. هیچ ڕێگەیەکی دیکە نادۆزینەوە تاکو کاریگەرێتی

نامەی ژنێک بەسەر خۆشەویستەکەیەوە باسبکەین. لەشی دڵدارەکە لە نامەکەدا ئامادەش نییە. مادام بوون-لە شوێنێکدا بوونە-لەوێ و لەنێو ڕێکخراوی ئامێرەکاندایە و حالەتێکی کۆنکرێتییە ئەوا فاکتۆر و هەڵکەوتیشە. چاوپێکەوتنەکەی دوێنێ لەگەڵ پیرۆدا تەنیا حاڵەتێک نییە هەڵکەوتنی بوونی هەردووکمان پێناسبکات. ئامادەنەبوونەکەشی دەبێتە سەرچاوەی پێناسەکردنەکە. فاکتۆری ئامادەنەبوونەکە بە شاراوەیی لەنێو ئامێرەکاندایە؛ دەرکەوتنی ئەو کتوپڕ هیچ ناخاتە سەریان. کەوابوو، لەشی کەسانی دیکە فاکتۆرە، وەکو ئامێر و کۆی ئەندامی هەستکردنەکان لەبەردەم فاکتۆری بوونی مندا خۆی قوتدەکاتەوە. ئەو کاتەی کەسانی دیکە لەنێو جیهاندا پەیدا دەبن بە من دەدرێن. ئامادەبوون و ئامادەنەبوونیان هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت.

بڕوانە، ئێستا پیرۆ پەیدادەبێت و دێتەژوورەوە. دەرکەوتنەکەی هیچ گۆڕانێک لە بونیادی پەیوەندییەکەی نێوان دروست ناکات؛ ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی هەڵکەوتن. بابەتەکان ئاماژە بۆ ئەو دەکەن؛ ئەو کاتەی پاڵ بەدەرگاکەوە دەنێت و دەیکاتەوە دەرگاکە ئاماژە بۆ ئەو دەکات، کورسییەکەی لەسەری دادەنیشێت و هەموو شتەکانی دیکە بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەکەن.

کاتێک پیرۆ لە ژوورەکەدا نەبوو ئەم بابەتانە بەهەمان شێوە ئاماژەیان بۆ بوونی ئەو دەکرد. بێگومان، من بۆ ئەو هەم و لەگەڵیدا دەدوێم. بەڵام دوێنێش ئەو کاتەی تەلەگرافەکەی بۆ ناردم و ئێستا لەسەر مێزەکەم دامناوە و باسی هاتنەکەی دەکات، من هەبووم. ئەوەی تازەیە و ڕوودەدات دەرکەوتن و ئامادەبوونێتی لەنێو جیهاندا و من تەماشای دەکەم. ئەمە چ واتایەکی هەیە؟ پێش هەمووشتێک فاکتۆری بوونی کەسێکی دیکە، کە هەڵکەوتنی بوونێتی ئێستا ئاشکرایە و نادیار نییە. ئەم فاکتۆرە بوونی کەسێکی دیکەیە، وەکو بوون-بۆ-خۆ. ژیانێکی بەردەوامی ئەوە لەنێو هەستکردنی بە هێڵنجدان و ناسینی فاکتۆری بوونی خۆی. بەکورتییەکەی ئەمە (کۆنیەستیسیا)ی ئەوە. دەرکەوتنی کەسێکی دیکە ئاشکراکردنی تام و چێژێتی بۆ بوون.

بەڵام من هەست بە تام و چێژی ئەو ناکەم. هێڵنجدان بۆ ئەو زانین نییە؛ هەستکردنێکی پێش بیرکردنەوە و بیردۆزەیە سەبارەت شێوازی بوونی. تێۆەڕبوونی هەڵکەوتنەکەیە بەرەو ئەگەرەکانی بوون-بۆ-خۆ. هەڵکەوتنێکی بوونە، کە سەپێنراوە و ڕەتیش دەدرێتەوە.

ئەم هەڵکەوتنەیە من دەیناسم و دەزانم، کە من ئەو نیم. لەگەڵ ڕووکردنم بەرەو ئەگەرەکانی بوونم تێپەڕیدەکەم. تێپەڕکردنەکەش بەرزێتی کەسەکەی دیکە دیاریدەکات. بوون-بۆ-خۆی کەسێکی دیکە بەردەوام خۆی لێدادەبڕێت و تێپەڕیدەکات. بەڵام، مادام من بەرزێتی کەسەکە تێپەردەکەم، ئەوا هەڵکەوتنی

بوونی دەچەقێنم و ڕێگەی نادەمێ دژایەتی لەگەڵ فاکتۆری بوونیدا بکات و دەیکەم بە بەشیک لەو. کەوابوو، هیچ دیوارێک لەنێوان هەڵکەوتنی ڕەوانی بوونی کەسێکی دیکە، وەکو تامکردنی بوونی خۆی و ئاگامەندی مندا ڕاناوەستێت. بێگومان، من تامکردنەکە بە هەبوو دادەنێم.

لەبەر ئەوەی من لەدەرەوەی تامکردنەکەدام ئەوەندە دەزانم، کە لەنێو جیهاندا هەیە. لەشی کەسێکی دیکە بۆ من بوون-لەنێو-خۆی ئەوە؛ بوون-لەنێو-خۆیەکە لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆیەکانی دیکەدا و منیش بۆ ئەوەی بە ئەگەرەکانم بگەم تێپەڕیدەکەم. لەشی کەسێکی دیکە، کەوابوو، بە دوو خەسڵەتەوە خۆی دەردەخات: لێرەیە و دەتوانێت لە شوێنی دیکەش بێت؛ بە ئامێربوونی لە بەستێنێکی دیکەشدا دادەمەزرێت.

دووری نێوان لەش و کورسییەکە دەشێ بگۆڕێت. لەشەکە بەم شێوەیەیە و دەشێ بەشێوەیەکی دیکەش دەرکەوێت. لە داکەوتدا، ئەم دوو خەسڵەتە یەک شتن. دووەمیان دەبێتە هۆکاری ئامادەبوونی یەکەم. لەشی کەسێکی دیکە فاکتۆرێکی ڕووتی ئامادەبوونی ئەوە لەنێو جیهانی مندا. بوونێکە لەوێدا و ئەو شتەیە. بوونی کەسێکی دیکە، وەکو کەسێک-بۆ-من ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو ئامێرێکە خاوەنی زانینە. ئەم خەسڵەتەش وابەستە بە بوونێکی بابەتییەوە. ئەمەش بە پێویستی بوونی کەسێکی دیکە دادەنێین، کە دەبێت بە هەڵکەوت بۆ من.

لەوساتەوە کەسێکی دیکە پەیدا دەبێت دەبێ بزانین، کە ئەو ئامێرێکە و خاوەنی ئەندامەکانی هەستکردنە. ئەمەش تەنیا لەوێدا خزمەتگوزارە تاکو ببێتە پێویستییەکی ڕووتکراوەی ئەو بۆ لەشی. لەشی ئەو بۆ من لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵیدا دەبێت بە بابەتێک بۆ من. هەموو کەسێک ئەندامەکانی هەستکردنی هەیە، بەڵام پێویست ناکات ئەم ئەندامە هەستکردنانە بن یان دەموچاوێکی ناسراو یان ئەم دەموچاوە بێت. دەموچاو، ئەندامەکانی هەستکردن و ئامادەبوون شێوازی هەڵکەوتوی پێویستی بوونی ئەوە، کە سەر بە ڕەگەز، چینێکی کۆمەڵ یان ژینگەیەکن. تامکردنەکەی بوون بۆ ئەو دەبێت بە لەشی کەسەکە بۆ من. لەش هەڵکەوتنێکی ڕەوانی ئامادەبوونە. بەگشتی، لەنێو کالاَ و جلوبەرگدا پێچراوەتەوە، ماکیاج کراوە، قژی براوە یان ڕیشی کورتکردۆتەوە و هتد. بەڵام پاش ماوەیەک، کەسەکە دەناسم چەند بارودۆخێک دێنە پێش و تیایاندا شاردنەوە و داپۆشینی لەش لەناودەچێت. منیش ئامادەبوونی خۆم لەبەردەم ئامادەبوونی هەڵکەوتووی ڕەوانی ئەودا دەبینم. لەمحاڵەتەدا، من دەتوانم بەشەکانی دیکەی لەش ببینم. ئەم بینینە تەنیا زانین نییە؛ ناسینی هەڵکەوتنێکی ڕەهایە و ناسینەکەش جۆرێکە لە هێڵنجدان.

لەشی کەسانی دیکە، کەوابوو، فاکتۆری بەرزێتییە و ئاماژە بۆ فاکتۆری

بوونـــی من دەکات. بەڵام لەشـــەکە بەجۆرێـــک نابینین، کە تەنیا ڕاوەســـتێت و پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ شتەکاندا هەبێت. ئەمجۆرە وەستانە بەسەر لەشێکی مردوودا دەچەســـپێت. لەشی زیندووی کەســـانی دیکە بنکەی ئاماژەکردنەکانە و تێهەڵکێشەی هەموویانە. لەبارودۆخەکان جیانابێتەوە. لەبەرئەم هۆیەشە پێویستە نەپرســـین چۆن لەشی کەسێکی دیکە لەپێشـــدا، وەکو لەش خۆی دەردەخات و دوایی بەبارودۆخەکانەوە گرێدەدریت. لەپێشـــدا لەش و دوایی کردەوە نییە. لەش هەڵکەوتنێکی دەرەکی کردەوەکانی کەسانی دیکەیە. جارێکی دیکە لە بەستێنێکی دیکەوە پێویســـتییەکی ئۆنتۆلۆجی دەدۆزینەوە. ئێمەش لەگەڵ باسەکەمان لەسەر بوونی لەشـــم بۆ من ڕوونمانکـــردەوە. هەڵکەوتنی بوون-بۆ-خـــۆ تەنیا لە ڕێگەی بەرزێتییەوە هەیە. ئەو تێگەیشـــتنەی بـــەردەوام ڕەتدەکرێت و پیایدا دەچینەوە. تێگەیشتنی بوون-بۆ-خۆیە لە بوون-لەنێو-خۆ لەسەر زەمینەی سەرەکی لەناوچوون. بەهەمانشێوە، لەشی کەسێکی دیکە ناخرێتە نێو بارودۆخێکەوە تاکو پێناسبکرێت. لەشەکە ئەوەیە، کە بارودۆخەکە دەهێنێتەکایەوە. هەروەها، لە ڕێگەی بەرزیتییەوە هەیە. هەرچەندە ئەو بەرزێتییە لە ســـەرەتاوە تێپەڕدەکرێت؛ لەهەمانکاتدا بابەتە. لەشـــی پیرۆ، یەکمجار، ئەو دەســـتە نییە پەرداخەکـــە هەڵدەگرێت؛ ئەم چەمکە هەوڵدەدا لاشـــەمان بە لەشـــێکی زیندوو بخاتە بەرچاو. لەشی ئەو تێکەڵاوییەکی دەست و پەرداخە. دەستیشی بنەڕەتی هەڵکەوتنی تێکەڵاوییەکەیە.

دوور لە پەیوەندی نێوان لەش و ئەو بابەتانەی توشی گرفتمان دەکەن هەرگیز لەش لە دەرەوەیاندا نادۆزینەوە. کەوابوو، لەشـــی کەســـانی دیکە واتابەخشـــن. واتاکەشـــی بێجگە لە جوڵانی بەرزێتی چی دیکە نییە. لەش ئەو پارچە گۆشتەیە لای مێزەکەوە دەبینرێت، لەســـەر کورسییەکە دانیشـــتوە یان لەسەر شۆستەکە پیاسەدەکات و هتد. لەش کۆی واتاکانی پەیوەندییەکانە لەگەڵ جیهاندا. هەروەها دەکرێت بە ئاماژەکردنیش بۆ هەوای هەناســـەدان، ئاو بۆ خواردنەوە و خۆراک بۆ خواردن پێناســـبکرێت. لەش بەبێ هێشـــتنەوەی پەیوەندییەکانی ناتوانێت خۆی دەربخات. وەکـــو کردەوە ژیان واتای بەرزێتی بەرزێتییە. لە سروشـــتدا جیاوازی لەنێوان کردەوە و ژیاندا نییە. ژیان کۆی واتاکانە، کە ڕوو لە بابەتەکان دەکات و لەلایەن جیهانەوە ئامادە نەکراوە.

ژیان شـــێوەی لەشی کەسەکەی دیکە نییە بەڵکو زەمینەیەکە منیش دەتوانم بیناســـم. لەشـــی ئەو، وەکو شێوەیەکی پڕ واتا لەنێو بەســـتێنی جیهانەوە خۆی دەردەخات و بەردەوام دەبێت بە زەمینەش بۆ بوونی کەسەکە.

لێرەدا پێویستە باســـی جیاوازییەکی گرنگیش بکەین: لەشی کەسەکەی دیکە خۆی بۆ (لەشی من) دەردەخات. ئەمەش ئەو خاڵە دەستنیشان دەکات، کە جۆرە فاکتۆرێک لـــە بۆچوونی مندا بەرانبەر ئەو هەیە. ئێمە تاکو (هەموو)ی لەشـــەکە

نەناسـین لە واتای ژیانیشـی تێناگەین. دەشـی ئەو کاتەی تەماشـای دەستی دەکەیـن، زەمینەکەش بەتەواوی خۆی دەربخـات. ئاکامی ئەمەش لەو خاڵەدایە، کە لەشی کەسەکەی دیکە بۆ من هەموویەکی تێهەڵکێشراوە. ئەمەش ئەم واتایانە دەگەیەنێت.

١-من هەرگیز بەبێ ئەم (هەموو)ە لەشی کەسێکی دیکە ناناسم.

٢- هیـچ ئەندامێکی لەش بەتەنیا و بەبی ئەو نابینم. ئەندامەکانی لەش ئاماژە بۆ (هەمووی) لەش و ژیانی ئەو دەکەن. لەم ڕووەوە، ڕوانینم بۆ لەشـی کەسێکی دیکە ڕادیکالانە لەڕوانینم بۆ شتەکان جیاوازە.

١-کەسـێکی دیکە لەنێو سـنوری خۆیدا دەجولێت. جولانەکەشی ڕاستەوخۆ بەوچەمکانـەوە گرێدراوە، کە من ئاماژەیان بۆ دەکەم. سـنورداریتی جولانەکانی پەیوەندییـان بەکات و شـوێنەوە هەیە. لەڕووی شـوێنەوە دەڵێم پەرداخەکە لە پیرۆوە دوورە، ئەمەش جولانی ئەو [بەرەو پەرداخەکە] دیاریدەکات. سـەرجەمی ڕیزکردنەکەش (مێز-پەرداخ-شوشـە و هتد) لە هەسـتکردنی مندایە. تەماشـای جولانی دەسـتەکە دەکەم و دەمەوێت لە واتاکەی تێبگەم. ئەگەر دەسـتی پیرۆ دیاربێت و پەرداخەکە دیارنەبێت جولانی پیرۆ بۆ من دەبێت بە بیرۆکەیەکی ڕووتی بارودۆخەکە و بێ مەبەسـت، کە بوونی پەرداخەکە لە من دەشـارێتەوە. ئەمەش واتای نیشانەیە.

نیشانەی پیرۆ بۆ من ئاشکرابووە. منیش بە هۆکاری واتای نیشانەکەوە هەست بە ئامادەبوونی لەشی دەکەم. ئێمە هیچ لە سایکۆلۆجی هەستکردنی لەشی کەسانی دیکە تێناگەین، ئەگەر لەپێشدا ئەو ڕاستییە نەناسین، کە لەشی کەسانی دیکە بە جۆرێکی جیاوازتر لە تەنەکانی دیکە دەبینرێت. بۆ ناسـینی هەمیشە لەدەرەوەدا ڕووی تێدەکەین، ئەویش لەنێو شوێن و کاتدایە و نیشانەی هەیە. ناسینی کەسێکی دیکە لەسەر بوونی ڕادەوەستێت.

٢- هیچ کاتێک دەسـتێکی جولاو بە لەشـێکی نەجولاوەوە نابینین. من پیرۆ دەبینم دەسـتی بەرزدەکاتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت جولانی دەسـتەکە بەو ئاگامەندییـەوە دەبەسـتمەوە، کە لێیدەکۆڵێتەوە. من جولانی دەسـتەکە، وەکو جولانێکی کاتی هەموو لەش دەبینم. جولانی هەموو لەشـە جولان لە بەشـێکدا دەهێنێتەکایەوە. بۆ سـەلماندنی ئەم خاڵەش مامەڵە لەگەڵ هەسـتکردنی لەشی کەسـانی دیکە دەکەین. ئەوکاتەی دەسـتێک بەبێ لەش دەبینین دەترسین؛ یان کتوپڕ دەسـتێک دەبینین، کە قۆڵی شـاراوەتەوە و دەستەکە، وەکو جاڵجاڵۆکە دەجولێت. لەم نموونانەدا هەسـت بە لەناوچوونی لەش دەکەین. لەناوجوونەکەش ڕووداوێکی نائاساییە. سـەرباری ئەمە، سەلماندنەکانی سایکۆلۆجی جیشتالتیش دەزانیـن. جێگەی سەرسـوڕمانە ئەو کاتەی وێنەی دەسـتی پیـرۆ بە گەورەیی

دەبینین (کامێــر لە ڕەهەندێکی جیاوازەوە شــتەکان دەبینێت و هەموو لەشــەکە ناناســێت). لە چاوەکانی ئێمەدا دەستەکە ئەوەندە گەورە نییە. لەبەر ئەمە، لەش لەنێو بارودۆخی ســنورداردا، وەکو هەموویەکی تێهەڵکێشراوی ژیان و کردەوەکان بەرجەستە دەبێت.

لــەم بۆچوونانــەوە، ڕووندەبێتەوە، کە لەشــی پیرۆ لە بوونــی پیرۆ-بۆ-من جیانابێتەوە. لەشی کەسانی دیکە بە واتا جۆراوجۆرەکانیەوە بوونە-بۆ-من: بوون-بەبابەت-بۆ کەســانی دیکە یان بوون-بەلەش دوو شــێوازی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-کەســانی دیکەیە لــە بوون-بۆ-خۆدا. ئەم بوونەش ئاماژە بۆ لایەنێکی شــاراوەی دەروونی ناکات. لەولایەنــەوە دەروونییە، کە بەرزێتی بەرزێتییە. هەڵبەتە لایەنی دەروونــی نادیار یان دیاردەی دەروونی شــاراوە هەیە. بــەڵام ئەمەش ئەو واتایە نابەخشــێت ئێمە ئاماژە بۆ شتێک لەودیو بوونی لەشەوە دەکەین. ئاماژەکردنەکە تەینا ڕوو لە جیهان و لەشــەکە دەکات. بەتایبەتی بەرجەســتەبوونی ســۆزەکان یان دیاردە دەربڕاوەکان لایەنێکی شــاراوە دیاریناکەن. ڕوگرژی، ســورهەڵگەڕان، تەتەڵەکردن و لەرزەی دەســت، سەرشــۆڕکردنەوە، کە هەمــوو پێکەوە دەبن بە هەڕەشە تورەبوون دەرنابڕن: خودی ئەمانە تووڕەبوونە. پێویستە چاکتر لەم خاڵە تێبگەین. مشتپێدادان بەتەنیا هیچ واتایەک نابەخشێت و ئێمەش بەتەنیا نایبینین. کەسێک دەبینین لە حاڵەتی مشتهاویشتندایە. ئەم کردەوە پڕواتایە، بە ڕابردووەوە و ئەگەرەکانەوە بەســتراوە، لەنێو بەســتێنی هەموویەکی تێهەڵکێشراوی (لەش لەحاڵەتــدا) دەرکەوتوە و بووە بە تورەیــی. ئاماژە بۆ کردەوەیەک لەنێو جیهاندا دەکات (دەیەوێت خۆی بە کەسێکدا بدات، ئازارێک دروست بکات ...هتد.)؛ ئەمەش واتایەکی نوێ بەلەش دەبەخشێت. ئەم بابەتە دەروونییە خۆی نیشانی هەستکردنی داوە و بەبێ لەش ناتوانێت هەبێت.

ئەگەر بیر لەم فاکتۆرە نەکرابێتەوە یان کەســانێک ئەوانەی لەگەڵیدا هاوڕان، وەکو شــوێنکەوتوانی فێرگەی ڕەفتارگەری، لە بانگەشــەکانی خۆیان تێناگەن و جیهانیان بە بانگەشــەکانیان پڕکردوە، لەبەر ئەوەی هەموو کەســێک واتێدەگات هەســتکردنەکانمان وەکو یەکن. لەڕاستیدا هەســتکردن ڕاستەوخۆ شوین و کاتی بابەت دەردەخات. بونیادی بنەڕەتیش ڕەتدانەوەی ناوەکییە و بابەتەکەشی بۆ من، وەکو خۆی نەک شێوازی ڕاستەقینەیەکی دوور نیشاندەدات. لێرەدا بونیادی نوێی هەستکردن وابەستە بە داکەوتەوە. لەش بابەتێکی دەروونییە.

بەڵام ئەگەر لەوباوەڕەشــدابین بەرزێتی بەرزێتییە، ئەوا هەســتکردن بە لەش لە ڕیزی هەســتکردن بەبابەتەکان دانانرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەستکردن بــەردەوام خۆی پڕو تــەواو دەکات، بەڵکو بونیادێکی جیــاوازی هەیە. لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێســتێکی دەربڕاو پێویست ناکات پەنا بۆ نەریت یان هۆش لە

ڕێگەی لێچونەوە بەرین چونکە هەستکردن ئەو هەڵوێستە دەناسێت؛ واتاکەی بەشێکە لە ڕەنگی لاپەڕەکە یان بوونی کاغەزەکە. هەروەها پێویست ناکات بۆ ئەم تێگەیشتنە پەنا بۆ هەڵوێستی دیکە بەرین تاکو لە ڕەنگی کاگەزەکە یان ئەو فایلەی بەردەممان تێبگەین.

لەشی کەسانی دیکە، بەو جۆرەی ئەوان هەن، ڕاستەوخۆ بە ئێمە دراوە. ئەو شتەیە بەردەوام لە ڕێگەی واتایەکی تایبەتییەوە ڕوو لە مەبەست و کۆتاییەک دەکات. بۆنموونە، ئەو کەسەی پیاسەدەکات. لەسەرەتاوە پیاسەکردنەکەی لەنێو بەستێنی شوێن و کاتدا دەبینم (لە کۆڵان و سەرشەقام، بەردەم دوکان و ئۆتۆمۆبیلەکاندایە). لەم بەستێنەوە جۆرە بونیادێکی واتای پیاسەکردن سەرهەڵدەدات. من هەست بە پیاسەکردنەکە لەگەڵ گەڕانەوەم لە داهاتووەوە بەرەو ئێستا دەکەم. هەرچەندە داهاتوو، کە پرسیارکردن تیایدا خۆی بە کاتی جیهانییەوە دەبەستێتەوە و ئەو (ئێستا) ڕەوانەیە، کە هێشتا پەیدا نەبووە. خودی پیاسەکردنەکە، وەکو شتێکی نەناسراو یان لەناوچوو دەبێت بە ئێستا. بەڵام ئێستا خۆی بەرەو داهاتوو یان مەبەستێک لەداهاتوودا تێپەڕدەکات. لەودیو جوڵانی دەست و ئێستا نەناسراوەکەوە دمانەوێت ناوەڕۆکی جوڵانەکە بناسین. ئێمە هەرگیز ئەم ناوەڕۆکە ناناسین ئەگەر بە لەشەوە نەبێت. هەمانکات ڕابردووش ڕەتدەکات. من، کە باسی دەستێکی جوڵاو دەکەم ئەوا دەستەکە، وەکو جەوهەرێک لە چەقێکی وەستاوی نێو جوڵانەکەدایە. ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم نوسراوەدا باسمانکرد، کە پشتگیری ئەم خاڵە ناکەین. دەستە وەستاوەکە نابێت بە شتێکی جوڵاو؛ جوڵان تێکچوونی بوونە. ئەوەش ڕاستە بڵێین جوڵانی دەروونی دوو لایەنی سنورداری هەیە: داهاتوو مەبەستەکان و ڕابردووش ئەو ئەندامە وەستاوانەی تێپەڕ دەکرێن و گۆڕانیان بەسەردا دێت لەناودەبەن. دەستە جوڵاوەکە ئاماژەکردنێکی بەردەوام و نەناسراوە بۆ هەبوویەکی ڕابردوو. ئەم هەبووە ڕابردووە (وەکو قۆڵ، قاچ، هەموولەش لەکاتی وەستاندا) نابینم. تەنیا لە ڕێگەی ئەو جوڵانەوە، کە تێپەڕی دەکات دەتوانم بیناسم. ئەم شتە نەناسراوەش فاکتۆرە، گۆشتێکی ڕووتە، ڕابردووی بەرزێتی بەرزێتییە و بەردەوام دەبێت بەڕابردوو.

ئەم بوون-لەنێو-خۆ ڕەوانە بەردەوام تێپەڕدەکرێت. ئەگەر نەتوانێ بەردەوامیش لە ڕێگەی بەرزێتییەوە خۆی دەربخات و خۆی بشارێتەوە، دەبێت بە لاشە. وەکو لاشە؛ بۆنموونە ڕابردوویەکی تەواوی ژیان، لەوڕووە، کە لەوە زۆرتر تێپەڕناکرێت لێی تێناگەین. لەلایەکی دیکەوە بەوجۆرەی ئێستا، وەکو بوون-لەنێو-خۆیەکی ڕەوان دەردەکەوێت لە پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەژی. لاشە لەوە زۆرتر لەنێو بارودۆخدا نییە. دەکەوێتە نێو بوونی خۆیەوە و لایەنەکانی خۆی دەپارێزێت. هەریەکێک لەو لایەنانەی بوونی پەیوەندییەکی دەرەکی بە شتەکانی

دیکەوە هەیە. ئەو توێژینەوەیەی پەیوەندییە دەرەکییەکە دەناسێت و مامەڵە لەگەڵ فاکتۆری لاشەدا دەکات زانستی لەشناسییە. پێکهاتە تێهەڵکێشراوەکەی کەسێکی زیندوو لە ڕوانگەی لاشـــەکەوە دەناسێت فســـیۆلۆجییە. وادەبینرێت فسیۆلۆجی لەبـــارەی ژیانـــەوە زانینمان نەداتێ چونکە ژیان بە شـــێوازێکی مردن دادەنێت و لاشەکە بەسەر ئەنداماکانیدا دابەشدەکات. لە پێکهاتە یەکگرتووەکەی (تێپەڕبوون بـــەرەو) تێناگات. تەنانەت توێژینەوە لەســـەر ژیانی تاکەکەســـێکیش یان ژیانی پرۆتۆپلازمەیـــەک، کۆرپەیەک یان هێلکە ژیان نادۆزێتەوە. ئەو ئەندامانە دەخرێنە بەر لێکۆڵینـــەوە زیندوون، بەڵام پێکهاتەیەکی یەکگرتـــووی ژیان نییە. کەوابوو، هەڵەیە لەش کەســـێکی دیکە، ئەو لەشەی خۆی بۆ ئێمە دەردەخات، بەبابەتێکی لەشناسی-فسیۆلۆجی دابنرێت. ئەمەش ئەوەندەی دانانی هەستەکانمان بە ئەندامی هەســـتکردنی کەســـانی کە هەڵەیە. لەشی کەســـانی دیکە فاکتۆری بەرزێتییە و لەدایکبوونێکـــی بەردەوامە و ئاماژە بـــۆ پەیوەندییەکی دەرەکی بوون-لەنێو-خۆی تێپەڕکراو دەکات.

ئەم بیرۆکانە (کەســـایەتیش) بە ئێمە دەناســـێنن. پێویســـتە ئەوەش بزانرێت کەســـایەتی تەنیا، وەکو بابەتێکی زانین بۆ کەسانی دیکە بوونێکی دووری هەیە. ئاگامەندیش کەسایەتی خۆی نابینێت، تاکو لەدەرەوەدا تەماشای نەکات. لەبەرئەش باسکردنێکی ڕووت و لەناوەوە کەساتەتییەکە نا ناسینێت. پاڵەوانی[چیرۆکەکانی] پرۆست ڕاستەوخۆ ناتوانێت زانینی لەبارەی کەسایەتییەکەوە هەبێت. ئەو لەپێشەوە ئـــاگای لەبوونی خۆیەتـــی و خۆی بە پێکهاتـــەی ڕەتدانەوەکان، کـــە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە دەبنێنێت. ڕەتدانەوەکانیش میکانیزمی ســـۆز و هەڵچونی دەروونی و یادەوەرییەکانە..هتد، کە هەموو تاکە کەســـێک خۆی تیایاندا دەدۆزێتەوە. ئەم ڕەتدانەوانە گشتین و سەر بە سروشتی دەروونن.

ئەگەر (بەوجۆرە ئیبراهیم لە پەرتووکەکەیدا هەوڵی تێگەیشتینی پرۆستی داوە) ئێمەش لە ناســـینی کەسایەتییەکەی پرۆستدا سەرکەوتووبین، (بۆنموونە لاوازی و کەمتەرخەمی و ڕێگە تایبەتییەکەی بۆ بەستنەوەی خۆشەویستی بە بیرکەوتنەوە ببەســـتینەوە) لەبەرئەوەیـــە ئەم شـــتە پێدراوانە ڕاڤەدەکەین و لـــە دەرەوەیاندا تەماشایان دەکەین؛ بەراوردیان دەکەین و لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان دادەبڕین. بەو ڕادەیەی خوێنەر چاویلکەیەکی گشتی بۆ خۆێندەوەکە بەکاردەهێنێت خۆی بە پاڵەوانەکە دادەنێت و کەســـایەتی (مارسێل) نابینێت یان ئەو کەسایەتییە لەلای ئامادە نابێت.

کەســـایەتییەکە لەگەڵ دابڕانی من و نوسەرەکەدا سەرهەڵدەدات. لەوێدا، کە من موتمانە بە پەرتووکەکە بکەم و بە دەقێکی نوســـراوی دابنێم. کەساتەتییەکە، کەوابوو، لەســـەر زەمینەی بوون-بۆ-کەســـانی دیکە دێتە کایەوە. لەبەر ئەمەشە

ڕاڤەکردن و وانەگوتنەوە لەسەر (ڕاســـتەقینە سایکۆلۆجییەکانە)؛ ئەوانەی نوسەرە فەرەنسییەکان بە دەرەکی و سایکۆلۆجی-کۆمەڵایەتی دادەنێن، هەرگیز لە ئەزموونی ژیانی (خۆ)دا نادۆزرێنەوە.

ئەگـــەر لەبنەڕەتدا کەســـایەتی بوونێک بێت بۆ-کەســـانی دیکـــە ئەوا لە لەش جیاناکرێتەوە. گریمان، بۆنموونە، مەزاج هۆکارە بۆ شێوازی کەسایەتییەکە؛ مەزاجێکی تـــوڕە دەکەین بە ســـەرچاوەی هەڵچوون لەباری دەروونی کەســـایەتییەکدا؛ ئەمە لایەنێکی دەرەکی و ناوەکی کەسەکە دەردەخات. هەڵچونەکە لە دەرەوەدا ناسراوە. بەرزێتییەکەی منیش بەرزێتی ئەوی تێپەڕکردووە. لەمحاڵەتەدا هەڵچوون و مەزاجە توڕەکە لە یەکدی جیا ناکرێنەوە. لە هەردووکیاندا ســـورهەڵگەڕانی لەش دەبینین، بەڵام بەگوێرەی پرۆژەکەمان دەیخوێنینەوە. ئەگەر سوربوونەوەکەی لەش بە زەمینە دابنێین، ئەوا مامەڵە لەگەڵ مەزاجدا دەکەین. ئەمەش دەکەوێتەسەر دابڕانی هەموو ئەو پەیوەندییانەی لەحاڵەتەکەدا هەن. ئەگەر، وەکو لاشەش تەماشای بکەین، ئەوا دەتوانین توێژینەوەی پزیشکی و فسیۆلۆجی لەسەربکەین. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر بە حاڵەتێکی ئاسایی و جیهانی دابنێین، دەبێت بە خودی توڕەبوون یان بەڵێنێک بۆ توڕەبوون. ئەمەش دیاریکردنی پەیوەندییەکی بەردەوامە لەگەڵ شتێکی بە ئامێرکراو یان هێزەکیدا. تەنیا جیاوازییەکی پرنسیپاڵی لەنێوان مەزاج و کەسایەتییەکەدا هەیە و لە لەشیش جیانابێتەوە. ئەمەش زەمینە بۆ زانایانی دەمارناس خۆش دەکات تاکو لە ڕێگەی توێژینەوەیان لەسەر کەسایەتییەکە و لەش باسی (فسیۆگینۆمی) بکەن[٦١] لەم بوارەدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ توێژینەوەکەی (کرێشـــمەر) لەســـەر کەسایەتی و بونیادی لەش دەکەین. کەســـایەتی کەســـێکی دیکە، لەڕاستیدا، ڕاستەوخۆ، وەکو تیەهەڵکێشەیەکی دامەزراو بە تێڕوانین دراوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئێمە بتوانین ڕاستەوخۆ لێی بدوێین. دەرکەوتنی بونیادە جیاوازەکەی کاتی دەوێت. دەتوانین پەنا بۆ زانیاری گشـــتی (وەکو ئەو یاسا ئەزمونگەریانەی بە هۆکاری ئامارەوە دەستمان کەوتووە) بەرین و هەوڵبدەین ڕاڤەی بابەتە بینراوەکە بکەین. بەڵام هێشتا گرفتەکە لەوێدایە ئێمە پێشبینیکردن و کردەوەکە لەنێو تێڕوانینەکەماندا کۆبکەینەوە. ئەمەش هەندێ کەسی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی بڵێین (یەکەم بینین هەڵە ناکات.) ئەوکاتەی ڕووبەڕووی کەســـێک بۆ یەکەمجار دەبینەوە ئەو کەســـە ڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی بتوانێت خۆی بشارێتەوە دەکەوێتە نێو تێڕامانی ئێمەوە. لێرەدا فێربوون دەبێت بە تێگەیشتن، پێشکەوتن و پێزانین.

ســـەرەڕای ئەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کەســـێکی دیکە بەوجۆرە خۆی دەردەخات

٦١ فسیۆگینۆمی جۆرە زانستێکە لە ڕێگەی شێوەی ڕوخسار و قەوارەی ئەندامەکانی، وەکو ناوچەوان، لوت، لێو و چەناگە و هتد کەسایەتییەکە دەخوێنێتەوە.(وەرگێڕ)

دراوە، کــە هەیە. کەســـایەتی و فاکتۆر جــودا نین و هەردووکیـــان لە بنەڕەتی بوونی هەڵکەوتوی کەســـەکەدایە. ئێمە کەســـێکی دیکە بە سەربەست دادەنێین، لەپێشتر ئەوەشـــمان سەلماند، کە سەربەستی خەســـڵەتێکی بابەتانەی کەسانی دیکەیە و هێزێکی بێ ســـنورە بۆ گۆڕانی بارودۆخەکان. ئەم هێزەش لە پێکهێنانی بوونی کەسانی دیکە و داهێنانی بارودۆخەکان بەگشتی جیانابێتەوە. دروستکردنی گۆڕانکاری لە بارودۆخەکاندا داهێنانیانە. سەربەســـتی بابەتانەی کەســـانی دیکە بەرزێتییەکی بەرزێتییە؛ سەربەســـتییە، وەکو بابـــەت. لەمڕووەوە، دەبێت بوونی کەسێکی دیکە بەو هەڵوێســـتە دابنێین، کە بەردەوام بارودۆخەکانی بوونی خۆی دەگۆڕێت. لەبەرئەمەیە، لەشی هەمیشە دەکەوێتە ڕابردووەوە و کەسایەتییەکەشی تێپەڕکردوە. تەنانەت سوربوونەوەکەشـــی، کە توڕەبوونەکە دەردەخات بەردەوام تێپەڕدەکرێت. کەوابوو، کەســـایەتی کەسێکی دیکە ئەو فاکتۆرەیە لەبەردەم مندا قوتدەبێتەوە، بەڵام تێپەڕدەکرێت. ئەوکاتەی کەسێک توڕە دەبێت سوربوونەوەکەی خۆی تێپەڕکردوە چونکە دەیەوێت واتای بداتێ. توڕەبوون لە ڕێگەی سەربەستییەوە- وەکو بابەت دەبێت بە ســـەرهەڵدانی ســـورهەڵگەڕانەکە. ئەمەش ئاماژەکردن بۆ لایەنی ناوەکی نییە، بەڵکو ئەوەی ئێمە تێپەڕی دەکەین تەنیا فاکتۆری کەســـانی دیکە نییە و بەرزێتییەکەشـــە؛ بوونیان نییە (بۆنموونە ڕابردوویان) بەڵکو ئێستا و داهاتووشیانە.

هەڵبەتە توڕەبوونی کەسێکی دیکە بۆ من هەمیشە توڕەبوونێکی سەربەستانەیە (من دەتوانم حوکمی بەسەردابدەم) بەڵام من تێپەڕیدەکەم؛ زۆرتر یان کەمتری دەکەم. منیش لەم تێپەڕکردنەدا دەیناســـم. مادام لەش فاکتۆری بەرزێتی بەرزێتییە ئەوا هەمیشە ئاماژە بۆ شتێک لەودیو خۆیەوە دەکات. ڕاستەوخۆ لەنێو شوێندایە (لەنێو بارودۆخدایە) و لەنێو کاتدایە (بابەتێکی سەربەستە). لەشی کەسانی دیکە بابەتێکی جادوگەرانـــەی تەواوە و لەشـــێکە لە لەش زۆرترە چونکە کەســـانی دیکە بۆ من ئەو فاکتۆرەیە ڕاســـتەوخۆ لەبەردەممدایە و بەردەوامیش خۆی تێپەڕدەکات. بەڵام تێپەربوونەکە من بۆ لایەنی (خۆیەتی) نابات. هەروەها، ئەوەش ڕاستە لەش گرنگ نییـــە ئەندامەکان، کەســـایەتییەکە یان ئامێر بێت، بەبـــێ دەوروبەر بۆ من خۆی دەرناخات. دەوروبەرەکەشـــی کاردەکاتە ســـەری. نابێت لەشـــی کەسانی دیکە و بابەتگەری تێکەڵبکرێن. بابەتگەرێتی کەســـانی دیکە بەرزێتی بەرزێتییە. لەشیش دەبێت بە فاکتۆری بەرزێتییەکە. هەمانکات، لەشـــی کەسانی دیکە و بابەتگەرێتی بە هیچ جۆرێک جیاواز نین.

٣- ڕەهەندی سێیەمی ئۆنتۆلۆجییانەی لەش

من بە لەش هەم: ئەمە یەکەم ڕەهەندی بوونە. کەسانی دیکەش لەشم دەناسن و بەکاریدەهێنن: ئەمە دووەم ڕەهەندێتی. بەو ڕادەیەی بوونم بۆ کەسانی دیکەیە، کەسانی دیکە بۆ من ئەو (خۆ)یەن، کە من بۆیان دەبم بەبابەت. تەنانەت پرسیاریش لەسەر پەیوەندی بنەڕەتیم لەگەڵ کەسانی دیکەدا، وەکو بینیمان، سەرهەڵدەدات. کەوابوو، من بەو جۆرەی کەسانی دیکە دەیناسێت بەتایبەتی-هەم. من بۆ خۆم، وەکو لەش هەم، کە کەسانی دیکە دەیناسن. ئەمە ڕەهەندی سێیەمی لەشە. ئێمە لێرەدا لەسەرئەم ڕەهەندە دەدوێین و هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت شێوازی لەش لە بووندا بدەینەوە. لەگەڵ تەماشاکردنی کەسێکدا من بوونی خۆم، وەکو بابەت لادەردەکەوێت؛ ئەمەش بەرزێتییەکەی من تێپەڕدەکات. من بە هەموو لێپرسینەوەیەکەوە دەبم بە بابەتی بوونێکی نەزانراو لەبەردەم کەسانی دیکەدا. بەڵام من ئەم (خۆ)یەم ناناسم و هیچ لەبارەی شێوازی بونیادەکەشییەوە نازانم. هەستدەکەم کەسانی دیکە فاکتۆری بوونمیان دۆزیوەتەوە. من بەرانبەر ئەو بوونەی لەوێدا بۆ کەسانی دیکەیە بەرپرسم. ئەو بوونە لەوێدا لەشە. کەوابوو، ڕووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵە کەسانی دیکەدا فاکتۆری بوونم تەنیا بەرزێتییەکەم ناخاتە بەردەستی ئەوان. منیش لە فاکتۆری بوونم بە ئاگا دێمەوە و خۆم بەو بوونە لەنێوان شتەکانی جیهاندا دەبینم.

ڕووبەڕووبوونەوەکە دەمهەژێنێت چونکە لەشم لەدەرەوە، وەکو بوونێکی-لەنێو-خۆ بۆ کەسانی دیکە دەردەخات. لەشم بە زیندوویی نامێنێتەوە. ئەم تەنە زیندووە دەبێت بە فاکتۆرێکی ڕەها بۆ کەسانی دیکە و لەدەرەوەدا لەو ڕەهەندەدا، کە لە دەستی من دەردەچێت، دادەنرێت. لەشم بەردەوام دەبێت بەم لایەنە دەرەکییەی لایەنی ناوەوەم. مادام ئامادەبوونی هەمیشەیی کەسانی دیکە فاکتۆرێکی بنەڕەتییە، ئەوا بوون بەبابەت لەوێدا ڕەهەندێکی هەمیشەیی فاکتۆری منە.

لەشم لەوێدایە نەک لەبەرئەوەی بنکەیەکە بۆ ئاماژەکردن، کە بوونی من دیاریدەکات، بەڵکو ئەو بنکەیەشە، کە بۆچوون و ئاماژەکردنی بۆ دەکرێت و من ناتوانم خۆم بەخاوەنی بکەم. لەشم لە هەموو لایەکەوە لە دەستم ڕادەکات. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە پێکهاتەکانی هەستەکان، کە بەتەنیا هەستیان پێناکرێت، لە شوێنێکی دیکە و کەسانی دیکە دەیناسن. ئەم ناسینەوەیە بنەمایەکی

ئۆنتۆلۆجی پێویستی نییە. مادام فاکتۆری بوونم هەڵکەوتێکی ڕووتە و ڕاستەوخۆش من دەیناسم بوونی-کەسانی دیکە هەڵکەوتنی فاکتۆرەکەم زۆرتر دەکات و لەگەڵ ئەمەشدا فاکتۆرەکەم لە من هەڵدێ و ڕادەکات و دەبێت بە هەڵکەوتێکی نەبڕاوە. لەو کاتەوە من لەناوەوە هەست بە هەستەکانم دەکەم و هەستەکانم نابن بە بنکەی بۆچوونەکان ئامادەبوونی کەسانی دیکە دەبێت بە دێوەزمە. هەستەکانم بۆ ئەوان دەبێت بەو مێز و درەختەی من دەیانبینم. ئەوانە لەنێو جیهاندا و لە بەردەم کەسانی دیکەدان. پەیوەندییەکانی هەستکردنم، کە بەبێ ڕووخانی جیهانەکەم ناتوانم باسیان بکەم، بەردەوام جارێکی دیکە لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە بۆ من ئامادە دەبن.

بەهەمانشێوە، لەشم ئەو ئامێرەیە، کە منم و ئامێرێکی دیکە ناتوانێت سودی لێوەرگرێت. بەوڕادەیەی کەسانی دیکە لە ڕووبەڕووبونەوەکەیاندا بوونم-لەوێدا بەرەو ئەگەرەکانی خۆیان دەبەن، ئەو ئامێرە، کە منم بۆ من دەبێت بە ئامێر و لەنێو زنجیرەی نەبڕاوەی سەرهەڵدانی ئامێرەکاندا ژێر دەکەوێت. لەشم بەم نامۆییەوە دەبێت بە ئامێرێک لەنێو ئامێرەکاندا یان ئەو ئەندامە هەستەکییانەی ئەندامە هەستەکییەکانی دیکە دەیانناسن. ئەمەش نامۆبوون و ڕوخانی جیهانی منی تێدا ڕوودەدات و کەسانی دیکە خۆیان بە خاوەنی دەکەن. لەکاتێکدا، بۆنموونە، پزیشکەکە گوێ لە هەناسەدانم دەگرێت من گوێی دەبینم. من بۆ بابەتەکان بنکەی ئاماژەکردنەکانم. بینینی گوێکە جۆرە فۆرم و بونیادێک نیشاندەدات، کە من وەکو زەمینە بۆی دەبم بە لەش. بونیادەکە، لەگەڵ بوونی مندا سەر بە تەنێکی زیندووە. من دەتوانم پەیدایبکەم و لەناویشی بەرم. ئەمە یەکەم پەیوەندییە لەگەڵ ژیاندا. بەڵام لەودیو گوێکەوە پزیشکەکە دەبینم دەنگی لەشم دەبیسێت. بە لەشی هەست بە لەشی من دەکات. کتوپڕ، ئەو تەنە زیندووەم دەبێت بە شتێک لەدەوەی مندا و لەنێو کەلوپەلەکانی جیهاندا، کە من خاوەنی نیم. لەشم دەبێت بە شتێکی نامۆ و دامەزراو.

نامۆبوونەکەم لە چەند شێوازێکدا دەردەکەوێت، بۆنموونە لە شەرمکردندا؛ کاتێک سورهەڵدەگەڕێین و لە شەرما ئارەق دەردەدەین و هتد. ئەمانە دەربڕینێکی ناجۆرن بۆ شەرمکردنەکە. واتای تەواوی شەرمکردن لەوێدایە، کە کەسێک دەزانێت بەردەوام لەشی دەبینرێت. ئەم بەردەوامبوونە نائاساییە هەستکردنە بە نامۆیی لەش و پەیدانەکردنی ڕێگەچارە بۆی. دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی حاڵەتی دەروونی، وەکو ئیریۆفۆبیا (حالەتی سوربوونەوە لەگەڵ ترسدا)؛ ئەمەش ئەو ترسە مێتافیزیکییەیە لە ئاکامی ئامادەبوونی لەشم بۆ کەسانی دیکە دێتە پێش. زۆرجار ئێمە دەڵێین، کەسێک لەبەر لەشی شەرمدەکات. لەڕاستیدا ئەم شێوازی دەربڕینە نادروستە. من شەرم لەشێوازی لەشم، کە هەمە ناکەم. بەڵکو لەشم بەو شێوەیەی

کەسانی دیکە دەیبینن توشی شەرمم دەکات. هێشتا ئەم دەربڕینەش کێشەی تێدایە. ئەوەی توشـــی شەرمم دەکات شـــتێکی کۆنکرێتی ئامادەبوونی نێو جیهانی منە. ئەو شـــتەش ڕێگە بە من نادات ئامێرەکان بەکاربهێنم. لەمحاڵەتەدا شەرمکردنەکە باشتر دادەمەزرێت چونکە ئامادە نەبوون من تەوقدەکات. هەرگیز بوونی لەشم بۆ کەسانی دیکە بە ڕێگر دانانێم و بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوەیە، کە لەش، لەوێدا نییە، ناناســـرێت و تەوقدەکرێت. من دەمەوی بیگەمێ، داگیرییکەم و وەکو ئامێر سودی لێوەرگرم. بەڵام لەش لەبنەڕەتدا لەژێر دەستی مندا نییە. هەموو هەوڵدانەکانم بۆ گرتنی بێ ئاکامە چونکە لەشم بۆ کەسانی دیکەشە. کەوابوو، من بەردەوام تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێم. لەبەرئەمەشـــە کەســـێکی شـــەرمن خۆزگەکەی بۆ نەبوونی لەشی یان لەشێکی نەبینراو نایەتەدی. ئەو نایەوێت لەشی خۆی بەو شێوەیەی ئەو دەیناسێت لەناوبەرێت، بەڵکو دژی ڕەهەندی نامۆبوونی لەشێتی.

ئەم توێژینەوەیە جۆرە ڕاســـتەقینەیەک بەو شێوەیەی بە لەش-بۆ-خۆمان داوە بە لەش-بۆ-کەســـانی دیکەش دەدات. لەش-بۆ-کەسانی دیکە هەمانکات لەشە-بۆ-خۆمان، بەڵام نامۆکراوە. وادەردەکەوێت کەسانی دیکە ئەو کارەمان بۆ تەواوبکەن، کە بە ئێمە هەڵناسورێت؛ ئەویش بینینی بوونی خۆمانە بەو شێوەیەی هەین.

زمان بنەمای بونیادی لەشمان-بۆ-کەســـانی دیکە بە ڕووتکراوەیی بەرجەســـتە دەکات (هەرچەندە لەش بە وشـــە باس ناکرێت). زۆرمان لێدەکات لەشمان بخەینە بەردەســـتی ئەوان. دەمانەوێت خۆمان لە چاوی کەسانی دیکەدا ببینین؛ ئەمەش واتە ئێمە بە ڕێگەی زمانەوە لە بوونی خۆمان تێدەگەین. لێرەدا سیستەمێکی وشە سەرهەڵدەدات، ئێمە بە هۆکاری ئەم سیستەمەوە خۆمان لەبەردەم کەسانی دیکەدا دادەمەزرێنین و دەناســـین. هەروەها دەتوانین لێکچونەکانی نێوان لەشی کەسانی دیکە و خۆمان دیارییکەین. ئەگەر لەشـــم بۆ کەســـانی دیکە و لەشی ئەوانیش بۆ من بێت، کەســـانی دیکـــە دەبن بەو (خۆ)یە بە بابەتکـــراوە و دواییش بە بابەت. ئەگەر حوکم بەســـەر لەشـــی کەســـانی دیکەدا بدەم و بڵێم لە لەشی من دەچێت گرنگە کەسانی دیکە، وەکو بابەت خۆیان بۆ من دەربخەن. لێکچون و بەراوردکردن لە ســـەرەتادا لەشـــی کەســـانی دیکە، وەکو بابەت و بەبابەتبوونی لەشی منیش پێکناهێنێت. بەپێچەوانەوە، ئەم دوو حاڵەتی بابەتانە دەبێت لەپێشوەختدا هەبن، تاکو بەراوردبکرێن. کەوابوو، زمانە ســـەبارەت بونیادی لەشەوە بۆ کەسانی دیکە من فێردەکات. لەسەرو ئەمەوە، پێویستە بزانین زمان لەسەر زەمینەی بیرکردنەوە واتاکەی لەنێوان لەشم و ئاگامەندیمدا دەهێنێتەکایەوە. ئەگەر زەمینەکە تێڕامانانە نەبێت نامۆبوونی لەش لەبەردەم کەسانی دیکەدا و ڕەهەندی سێیەمی بوونی دەبێت بە ئەزموونێکی لە ناوەڕۆک بـــەدەر؛ دەبێت بە درێژبوونەوەی فاکتۆرێکی زیندوو. هیچ چەمک و زانینێکی ڕاســـتەوخۆ هەڵیناگرێت. حاڵەتی بەبابەتبوونی لەشـــم بۆ

کەسانی دیکە بابەت نییە بۆ من. هەروەها، وەکو بابەت نابێت بە پێکهاتەی لەشم. تەنیا ئەزمونێکی ڕاکردوی لەشــی منە. بۆ ئەوەی زانینی کەسانی دیکە سەبارەت لەشــی من و دەربڕینی لە ڕێگەی زمانەوە بونیادی لەشــی خۆمــم بداتێ گرنگە ئەو زانینە بەســەر بابەتێکدا ســاخبکرێتەوە و هەمانکات بابەتەکە بۆ من شتێک بێ، کە هەیە. کەوابوو، لەســەر زەمینەی تێڕامانێکی ئاگامەندانە زانینی کەسانی دیکە دەکەوێتەگەر. ئەم زەمینەیــەی بە چەمککردنەیە لەنێوان نیمچە-بابەتێک و تێڕامانی ئاگامەندانەدا دەتوانێت بابەتێکی دەروونی نیمچە-لەشــی دروســتبکات. تێڕامان، بەوجۆرەی بینیمان، فاکتۆر دەناسێتەوە و بەرەو شتێکی نا-ڕاستەقینەش تێپەڕیدەکات، کە ناوەڕۆکەکەی بابەتێکی هەســتپێکراوی ڕووتە و کەســانی دیکە دەیکەن بە لەشــێکی ســایکۆلۆجییانە. بە کورتییەکەی، ئێمە لەشــی خۆمان بە تێڕامان دەکەین بــە نیمچە-بابەتێک و دەڕوانینە بوونی خۆمان. بەڵام ئەو کاتەی ڕاســتەوخۆ لەش دەبینین و دەیناســین، ئێمە بە هۆکاری ناسینە ڕاستەوخۆکە و زانینی کەســانی دیکەوە، (کە ئێمە ناتوانین بەبێ ئەوان ئەم زانینەمان هەبێت)، پێکی دەهێنین. بونیادی زانینی لەشــە ســایکۆلۆجییەکەمان، کەوابوو بەردەوام ئاماژە بۆ نامۆبوونێکی لە ناوەڕۆک بەدەردەکات.

بۆ ئــەوەی لەنێو نامۆبوونە لە نــاوەڕۆک بەدەرەکەدا نەژیــن، ئێمە فاکتۆرە زیندووەکانمــان تێپەڕ دەکەیــن و ڕوو دەکەینە ئەم نیمچە-بابەتە، کە لەشــێکی ســایکۆلۆجییانەیە. لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆنموونەی ئــازاری لەش. زانیمان چۆن تێڕامان بە ئازاری لەش نەخۆشی پێکهێنا. بەڵام پێویست بوو لەنیوەی باسەکەماندا ڕاوەستین چونکە ڕێگەیەکمان نەبوو لەسەری بەردەوام بین. ئێستا دەتوانین لەسەر ئەم خاڵە زۆرتر بڕۆین. ئەو نەخۆشــییەی گرتومە بوون-لەنێو-خۆیە؛ واتە، شتێکە بۆ کەسانی دیکەشە. من ئەمە دەزانم، لەو ڕەهەندی بوونەشەوە تەماشایدەکەم، کە لە من ڕادەکات و ڕوو لە کەسانی دیکە دەکات. من دەتوانم چەمکەکان بەکاربهێنم. ئەم چەمکانە لەکەســانی دیکەوە بە من گەیشــتون و من بەتەنیا ناتوانم پێکیان بهێنم و بۆ لەشــم ســودیان لێوەرگرم. من لە ڕێگەی چەمکــە بەکارهێنراوەکانی کەســانی دیکەوە لەشــم دەناسم. تەنانەت لە تێڕامانیشــمدا کەسانی دیکە دەور دەبینن. کاتێک تەماشای لەشــم دەکەم، دەڵێیت من کەسانی دیکەم و تەماشای ئەو بابەتە دەکەم. من لە پەیوەندییەکەم بە ئەوانەوە دەڕوانمە لەشــم. ئاشکرایە، ئەو کاتیگۆریانەی بۆ نەخۆشــییەکەم دایاندەنێم ئەو بابەتە بە ڕووتی پێکدەهێنن؛ ئەمــەش لەو ڕەهەندەدایە، کە لە دەســتی من ڕادەکات. کەوابوو، بۆچی باســی زانینی ڕاســتەوخۆ بکەین؟ هۆکارەکــەی دەگەڕێتەوە بۆ لەش، کە بووە بە چەقی ئــەو نامۆبوونــەی تێپەڕیدەکات. لەش نەخۆشــییە ڕاکردووەکەیــە لە من بەرەو هەندێک خەسڵەتی نوێ، کە من بۆ سنوردارکردنی دایاندەمەزرێنم. بۆنموونە، ئەو

نەخۆشییەی بۆ من دەروونییە دەبێت بە نەخۆشی لەنێو گەدەمدا. ئازاری نێو گەدە ئەزمونێکی زیندوی ئازاراوی گەدەیە.

پێش سەرهەڵدانی نامۆبوونەکە یان زانینەکە ئازارەکە نیشانەیەکی ناوەوە یان ناسینەوەی [نەخۆشییەکە] نییە. سوتانەوەی گەدە بۆ ئاگامەندی دەبێت بە ئازارێکی ڕووت. بەڵام نەخۆشییەکە لە ئازارەکان و نەخۆشییەکانی دیکەوە جیاوازە. لەم ئاستەدا، ئێمە لەبارەی گەدەوە هیچ دەربڕین و بیریشی لێناکەینەوە. زانینە هەستەکییەکەشمان سەبارەت نەخۆشییەکە، کە ناوی گەدەمان بۆ دانا، زانینە لەبارەی سروشتێکی دەرەکی گەدە. من دەزانم گەدە لە تورەکە دەچێت، چەند شلەیەک دەردەکات، ئەنزیمی تێدایە، ماسولکە چواردەوری داوە و هتد. هەروەها، دەزانم یان لە پزیشکم بیستوە، کە گەدە لەناوەوە بریندار دەبێت و وێنەی برینداربوونەکە لە بیرمدا جێگەی خۆی گرتوە. لەوانەیە سوربوونەوە و گەنین بێت؛ لەگەڵ دومەڵ و قنچکە و چڵکی برین بەراوردیدەکەم. من ئەم زانیارییەم لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە دەستکەوتوە. لەوانەیە هەموویان نەخۆشییەکەم پێکبهێنن، کە لە من ڕادەکات. گەدە و برینەکەی ناوی دەبن بە ڕەهەندی ڕاکردنەکە و نامۆبوونەکە لەو بابەتەی من هەمە.

لێرەدا، بەشێکی نوێی بوون دەردەکەوێت: ئێمە لە ئەزموونی ئازارەکەوە بە نەخۆشی گەیشتوین. لە نەخۆشییەکەشەوە بە دەرد دەگەین،[٦٢] ئەزمونی دەروونی دەرد لەو دەردەوە جیاوازە، کە پزیشکەکە باسیدەکات؛ دەرد حاڵەتە. ئێمە[لەم ئەزموونەدا] باسی بەکتریا و لەناوچوونی چەند خانەیەکی لەش ناکەین، بەڵکو لە تێکشکانێکی پیکهاتوو دەدوێین. ئەمشێوەیە لە بنەڕەتدا لە من ڕادەکات. هەندێکجاریش لە ڕێگەی ژانێکی کورت و تیژەوە خۆی بۆ کەسانی دیکە دەردەخات. زۆربەی کاتیش دوورەپەرێز بێ ئەوەی کەس بیگاتێ بە شاراوەیی دەمێنیتەوە. کەوابوو، کەسانی دیکە دەتوانن هەست بە بوونی بکەن و منیش لەبارەیەوە ئاگادار بکەن یان چارەسەری بکەن. تەنانەت ئەو کاتەی منیش لە ئەو بێئاگام کەسانی دیکە دەتوانن بیناسن. بوونی ئەو بوونێکە-بۆ-کەسانی دیکە. ئەو کاتەی ئازارم نییە، لەبارەیەوە دەدوێم، وەکو بابەتێک باسیدەکەم و لە بابەتێکی دەرەکی دوورەپەرێز دەکات، کە کەسانی دیکە دایاننابێت.

---

٦٢ سارتەر دوو چەمک بۆ(نەخۆشی) دادەنێت. بۆ جیاکردنەوەیان، کە لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا ئاسانە و لە کوردیدا گرانە من چەمکی (دەرد)م بۆ دووەمیان داناوە. بەڵام هەردوو چەمکەکە یەک واتایان هەیە. ئازار دیاردەیەکی نەخۆشییەکەمە و هەموو ئازارەکان (نەخۆشی)یەکە پێک دەهێنن و دیاردەکانی دیکەی نەخۆشییەکە و ئازارەکانیشی پیکەوە دەبن بە (دەرد). دیاردەی نەخۆشی تەنیا ئازار نییە، بۆنموونە لاوازی و کەم خواردن و گۆڕانی گەرمایی لەشیشە.(وەرگێڕ)

کاتێک توشی نەخۆشی جگەر دەبم، شەراب ناخۆم تاکو ئازارم نەبێت.

بەڵام ئامانجی تەواوی من لەمکارەدا تەنیا قەدەغەکردنی ئازارەکە نییە. بەستراوە بە ئامانجەکانی دیکەشەوە، وەکو گوێگرتن لەو پزیشکەی نەخۆشییەکەمی دۆزییەوە و ئاگاداری کردم. کەوابوو، کەسێکی دیکەش لە ئاستی نەخۆشییەکەمدا بەرپرسە. هێشتا ئەو بابەتەی لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە بە من دەگات، خەسڵەتێکی هەیە، کە لە کتوپڕییەکەی کەمدەکاتەوە و منیش لەسەر زەمینەی نەخۆشییەکەوە هەستی پێدەکەم. باســـکردنی ئەم بابەتەش مەبەست نییە و نامانەوێت خەسڵەتەکانیشی دیاری بکەین یان ئاماژە بۆ ســـەرهەڵدانە کتوپڕییە جادوگەرانەکەی، دەســـتەڵاتە ڕوخێنەرەکەی و ئاشـــنابوونی لەگەڵ مندا، وەکو دەردێک توشی من بووە ناکەم. ئەوەندە دەڵێم، کە لەنەخۆشیدا لەش دەردەکەوێت: دەبێت بە زەمینە بۆ دەردەکە و زیانی پێدەگات. دەردەکەش دەستەڵاتی ڕوخێنەری خۆی بەسەر ئەودا دەسەپێنێت. گەدەی نەخۆشەکە توشی برین بووە. گەدە شتێکە لەوێدیە؛ من ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکەم و بە هۆکاری ئازارەکەوە دەیناســـم. من دەزانم ئەو خواردن هەرسدەکات و لە تورەکە دەچێت..هتد. نایبینم، بەڵام دەزانم ئازارەکەم لەوێدایە. هەروەها ئەو دیاردانەش، کە بە هەڵە ناوی (ئیندۆســـکۆبی)یان لێدەنێین دەزانم. لەڕاســـتیدا، ئازارەکە هیچم ســـەبارەت گـــەدە پێناڵێت. ئەمەش بەپێچەوانـــەی بۆچوونەکەی (سۆلیەر)ەوەیە. بەڵام بە هۆکاری ئازارەکەوە ئەو زانینە دەستکەوتوەم دەیکات بە گەدەیەک-بۆ-کەسانی دیکە و بۆ منیش شێیکی ئامادەنەبووی کۆنکرێتییە. لەسەر ئەو بنەمایەی باســـمانکرد، بابەتەکە شـــێیکی نامۆیە لە ئازارەکە. لەسەر بنەمای بوونی من، کە ئەو نیم، ناتوانم بەرەو شـــتێکی دیکەش تێپەڕیبکەم. بەوشێوەیەی بوون-بۆ-کەسانی دیکە دەبێت بە دێوەزمەی فاکتۆرەکانم. بوون-بەبابەت-بۆ کەسانی دیکەش دەبێت بە دێوەزمەی ڕەهەندی لایەنی ســـایکۆلۆجی لەشم. بەهەمانشێوە هێڵنجدانێکـــی ڕووت تێپەڕدەکرێت و دەخرێتە ڕەهەندی نامۆبوونەوە. لەشـــم، کە بۆ کەســـانی دیکەیە بۆ منیش بە فۆرمەکە و ئۆقرەگرتنەکەیەوە ئامادەدەکات. بە دەموچاوێکی قێزاوییەوە، گۆشتە سپییەکەم و دەربڕینەکەمەوە خۆی قوتدەکاتەوە. بـــەڵام دەبێت چەمکەکان ئاوەژو دابنێین. هێڵنجدان ئەوەیە و بێ بیرکردنەوە لێی هەبوو. زانینەکەشـــم بە کەسانی دیکەی دەگەیەنێت. کەسانی دیکە هێڵنجدانەکەم دەناسن و بە لەشمەوە دەیبینن.

لەگەڵ ئەم تێڕوانینانەدا، باسەکەمان لەسەر خۆدەرخستنەکانی لەشم بە ئاکام دەگات. ئەوەی باســـنەکراوە شـــێوازی لادەری دەرخســـتنەکەیە. من دەستەکانم دەبینم، دەســـت لەپشتم دەدەم و بۆنی شیرینییەکەی لەشم دەکەم. لەمحاڵەتەدا، دەســـتەکانم بۆ من لەنێو بابەتەکانی دیکەدا دەبن بەبابەت و لەنێو دەوروبەرەکەدا

نابن به بنکەی ئاماژەکردن. لەگەڵ دەوروبەرەکەدا خۆیان کۆککردوە و ئاماژە بۆ لەشــم، وەکو بنکەی ئاماژەکردن دەکەن. لەشــم دەبێت بە بەشێک لە جیهان و دەستەکانیشــم بە ئامێر. دەتوانم گوێزێک یان بادەمێک بە دەستی چەپ هەڵگرم و بیدەم بە دەســتی ڕاســت. دەستم دەبێت بە بەشــێک لەو ئامێرانەی بەردەوام بەکاریان دەهێنم. هیچ شــێوازێکی لادەر لەم خۆدەرخســتنەی لەشمدا نییە، تاکو ئێمە نیگــەران بکات. دەبێت بزانین ئەمجۆرە تێڕوانینەمان بۆ لەش، لەش دەکات بــە فاکتۆرێکی ڕووت و هەڵکەوتنێکی ڕەها. ناتوانین لەســەر بنەمای پێویســتی لەلایەن بوون-بۆ-خۆوە، کە لەشی هەیە یان لە بونیادی فاکتۆری لەش-بۆ-کەسانی دیکەوە بەرجەســتەی بکەین. کەسێک دەتوانێت لەشەکان، بەبێ تەماشاکردنی بۆ بوونی خۆی، بناسێت. ئەمە بەسەر مێروەکانیشدا دەسەپێت. هەرچەندە سیستەمی دەماریان جیاوازە و ئەندامی هەستکردنی جیاوازیان هەیە. ئەم سیستەم و ئەندامانە بۆ ناســینی یەکدی بەکارناهێنن. کەوابوو، ئێمە مامەڵە لەگەڵ بونیادێکی تایبەتدا دەکەین، کە پێویســتە بەبێ دەرهێنانی بە شێوەیەکی لۆجیکمەندانە، باسبکرێت. هەبوونی دەســتەکان و هەســتکردن بە لەشــی یەکدی بە هۆکاری دەستلێدانەوە دوو فاکتۆرن لەســەر یەک زەمینەی هەڵکەوتن ڕادەوەستن و دەکەونەبەر ڕۆشنایی مێتافیزیکــەوە یان ئەنەتۆمییەوە. ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان لەســەر بوونی لەش وەریان ناگرین.

پێویستە ئەوەش بزانین، ئەم خۆدەرخستنەی لەش کردەوە و هەست-کردنەکانی لەش نیشاننادەن. تەنیا لەش لەحاڵەتی هەستانی بە کردەوەکە یان هەستکردنەکە دەخاتەڕوو. بەکورتییەکەی، ئێمە لە ســەرەتای ئەم بەشەدا باسمانکرد، دەکرێت سیســتەمی بینینێک بناســین، کە چاوێک دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کەسانی دیکە ببینێت. بەڵام چاوە بینەرەکە دەبێت بە شــت نــەک بوونێک بۆ ئاماژەکردنەکە. بەهەمانشێوەش، کاتێک دەســتێکم بە دەستەکەی دیکەم دەگرم ئەوا دەستەکەم ئەوە نییە، کە (دەگرێ)، بەڵکو دەبێت بە بابەتێکی ناســراو. سروشــتی لەشمان لەوێدایە، کە لە ئێمە ڕادەکات و ئێمەش دەتوانین بۆچوونی کەسانی دیکەی لەسەر ببینین. لەسەروئەمەوە، پێویستە ئەو خاڵەمان لا ڕوون بێت، کە کاتێک ڕێکخستنی ئەندامەکانی هەستکردن یاریدەمان دەدەن لەشێک بەو شێوەیەی بۆ کەسانی دیکە دەردەکەوێت ببینین، ئەم دەرکەوتنی لەشە، وەکو ئامێر لە تەمەنی دوایی منداڵییدا ســەرهەڵدەدات. بە هەرشێوەیەک بێت، درەنگترە لە ئاگاییەتی دروست لە لەش و جیهان، وەکو ئامێرە ئاڵۆزەکان؛ درەنگترە لە هەستکردن بە لەشی کەسانی دیکە. منداڵ زوو فێری شتگرتن دەبێت و بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێت یان پاڵیپێوەدەنێت. پێش هەڵگرتنی شتێک و تەماشاکردنی فێردەبێت بیگرێت. دەرکەوتوە منداڵی دوو مانگان دەستی خۆی، وەکو دەست نابینێت. ئەو تەماشای دەستی دەکات و سەری

بەلایـــدا دەجولێنێت و بەبێ ئەوەی بزانێت، کە دەتوانێت دەســـتی لە خۆی نزیک بکاتەوە. پاش زنجیرەیەک کردەوەی دەروونی و تێهەڵکێشـــکردنیان و ناســـینەوە منداڵ فێردەبێت پەیوەندی لەنێوان لەشی خۆی و لەشە بینراوەکەدا هەڵبەستێت. دووبارە پێویســـتە منداڵ لەڕێگەی لەشی کەسانی دیکەوە پرۆسەی فێربوونەکەی دەستپێبکات. کەوابوو، هەستکردن بە لەشم لەنێو کاتدا دەخرێتە پاش هەستکردن بە لەشی کەسانی دیکە.

لەگەڵ ڕەچاوکردنی شوێن و کاتی گونجاوی هەڵکەوتنەکەدا، خۆدەرخستنەکەی لەش گرفتمان بۆ پەیداناکات. لەش ئەو ئامێرەیە، کە منم؛ فاکتۆری بوونی منە لەنێو هەموو شتەکانی جیهاندا. منیش بەرەو جیهان ئەم فاکتۆرە تێپەڕدەکەم. هەڵبەتە ناتوانم ڕادیکالانە بۆچوونێکی جیهانگیریم لەســـەر فاکتۆرەکە هەبێت. لەمحاڵەتەدا دەبێـــت من لەش نەبم. بەڵام بۆچی جێگەی سەرســـوڕمان بێت ئەگەر بونیادێکی دیاریکراوی لەشم، بەبێ ئەوەی شوێنی خۆی، وەکو بنکەی ئاماژەکردن بۆ بابەتەکانی نێو جیهان بدۆڕێنێت، لە بۆچوونێکی ڕادیکالانەوە دەردەچێت؟ بە سروشت مەحاڵە چاوم خۆی ببینێت. بۆچی جێگەی سەرســـوڕمان بێت، کە دەســـتم بەرچاوەکانم دەکەوێت؟ سەرســـوڕمانەکەمان هۆکاری ئەوەیە، کە ڕێگەیەکی پێویســـتیمان بۆ بوونـ بۆ خۆ دۆزیوەتەوە تاکـــو بۆچوونێکی کۆنکرێتی بۆ جیهان هەبێت. ئەمەش پێویستی و هەڵکەوتنی بابەتێک لەنێو جیهان بە ئێمە دەناسێنێت.

بەشی سێیەم

پەیوەندییە کۆنکرێتییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە

تاکو ئێرە باســی پەیوەندییەکی بنەڕەتیمان لەگەڵ کەســانی دیکەدا کردوە. ئەم پەیوەندییەش سێ ڕەهەندی بوونی لەشمانی بۆ دەرخستین. مادام پەیوەندی بنەڕەتــی لەگەڵ کەســانی دیکــەدا یەکەمجار، لە پەیوەندی نێوان لەشــی من و لەشی ئەواندا ســەرهەڵدەدات، ئەوا زانیم لەبارەی سروشتی لەشمەوە بۆ ناسینی پەیوەندییە تایبەتییەکانم لەگەڵ کەســانی دیکەدا پێویســت بــوو. پەیوەندییە تایبەتییەکان لە هەردوو سەرەوە لەسەر زەمینەی فاکتۆرێکی لەپێشتر ڕادەوەستن؛ واتە بوونی ئێمە وەکو لەشــەکان لەنێو جیهاندا. ئەمەش ئەو واتەیە نابەخشــێت، کە لەشــم ئامێرە و بۆ پەیوەندییەکانم لەگەڵ کەســانی دیکەدا دەبێت بە هۆکار. بەڵکو لەش واتاکانیان پێدەبەخشــێت و سنورداریشیان دەکان. بە هۆکاری لەش لەنێو بارودۆخدا هەســت بە بەرزێتییەکەی کەســانی دیکە و نامۆبوونی خۆشم بۆ بەرژەوەندی ئــەوان دەکەم. پاش ئەوەی دەزانین لــەش چییە کاتی ئەوە هاتوە لەم پەیوەندییە کۆنکرێتییانە بکۆڵینەوە. ئەمانەش خەســڵەتی ســادە و ساکاری پەیوەندییە بنەڕەتییەکان نین. هەڵبەتە هەر یەکێک لەم پەیوەندییانە لەنێو خۆیدا پەیوەنــدی بنەڕەتی لەگەڵ کەســانی دیکەدا، وەکو بناخــە هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ بوون-بۆ-خۆ شــێوازی نوێی بوونن. هەڵوێســتی جیــاوازی بوون-بۆ-خۆ لەنێو ئەو جیهانەدا دەردەخەن، کە کەســانی دیکەشــی تێدان. کەوابوو، هەریەکێک لە پەیوەندییەکان دوولایەنییە: بۆ-خۆ-بۆ-کەســانی دیکە و لەنێو-خۆشیدایە. ئەگەر ئێمە بتوانین پەیوەندییە ســەرەتاییەکانمان لەگەڵ کەســانی دیکە لەنێو جیهاندا ئاشــکرا باســبکەین بە ئاکامی کارەکەمان دەگەین. لەسەرەتای ئەم نوسراوەشدا ئەو پرســیارەمان کرد، ئایا پەیوەندییەکانی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆدا چین؟ لێرەدا، دەبینین کێشــەکەمان ئاڵۆزترە. پەیوەندییەکی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆدا هەیە، کە بە ئامادەبوونی کەسانی دیکەوە بەستراوە. کاتێک ئێمە ئەم فاکتۆرە کۆنکرێتییە ڕووندەکەینەوە، بە ئاکامەکانیش ســەبارەت پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی سێ شــێوازی بوون و بیردۆزەیەکی مێتافیزیکی بۆ بوون بەگشتی دەگەین.

بوونۣ-بۆ-خۆ، وەکو دەستەڵاتی لەناوبردنی بوونۣ-لەنێو-خۆ بوونی خۆی بە (کاتی) دەبینێت و بەرەوپێش ڕەوتدەکات. لەڕاستیدا، فاکتۆری بوونی خۆی (بۆنموونە، دەبێت شتێکی دراو، ڕابردوو یان لەش بێت) بەرەو بوونۣ-لەنێو-خۆ تێپەڕدەکات. دەتوانین ئەمەش بە شێوەیەکی دیکە و سایکۆلۆجییانە، هەرچەندە واتاکەی تەواو نابەخشێت، دەربڕین؛ بڵێین، بوونۣ-بۆ-خۆ لە دەست ئەم بوونە فاکتۆرییە ڕادەکات (بۆنموونە، بوونی ئەو لێرەدا بووە بە بوونۣ-لەنێو-خۆ و بناخەی خۆی نییە). ڕاکردنەکەش ڕوو لە داهاتوویەکی مەحاڵ دەکات، کە بەردەوام بوونۣ-بۆ-خۆ دەکات بە بوونۣ-لەنێو-خۆی-بوونۣ-بۆ-خۆ. کەوابوو، بوونۣ-بۆ-خۆ هەڵاتن و بە دوکەوتنیشە؛ ئەو لە بوونۣ-لەنێو-خۆ هەڵدێت و هەمانکات دوشی دەکەوێت. بوونۣ-بۆ-خۆ دوکەوتنی-وەدوکەوتنە. بۆ ئەوەی مەترسی ڕاڤەکردنی سایکۆلۆجییانە کەم بکەینەوە، ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکەین، کە بوونۣ-بۆ-خۆ یەکەم، بۆ ئەوەی دووەمی هەبێت پەنا بۆ بوون نابات. هەروەها نابێت بەو هەبووەی دابنێین، کە وەکو پەرداخەکە خەسڵەتی تایبەتی هەیە. هەڵهاتنی وەدوکەوتنەکە نەخراوەتە سەر بوونی بوونۣ-بۆ-خۆ. بوونۣ-بۆ-خۆ خودی هەڵهاتنەکەیە و لە ڕەتدانەوەی بنەڕەتی جیانابێتەوە. مەبەست لە بوونۣ-بۆ-خۆ، وەکو وەدوکەوتنی-وەدوکەوت ئەوەیە، کە ئەم بوونە ئەو شتە نییە، کە هەیە. ئەوەیە، کە نییە. ئەم دوو دەستەواژەیە یەک واتایان هەیە. بوونۣ-بۆ-خۆ بوونۣ-لەنێو-خۆ نییە و بە ئەویش نابێت. بەڵام پەیوەندی بە بوونۣ-لەنێو-خۆوە هەیە. لە هەموو لایەکەوە بوونۣ-لەنێو-خۆ گەمارۆیداوە و ناتوانێت ڕزگاری بێت، چونکە بوونۣ-بۆ-خۆ هیچە و هیچیش لە بوونۣ-لەنێو-خۆی جیادەکاتەوە. بوونۣ-بۆ-خۆ بناخەی هەموو ڕەتدانەوەکان و پەیوەندییەکانە. بوونۣ-بۆ-خۆ پەیوەندییە. سەرهەڵدانی کەسانی دیکە ناخی بوونۣ-بۆ-خۆ دەپێکێت. ئەوان وەدوکەوتن و هەڵهاتنەکەی لەنێو بوونۣ-بۆ-خۆدا دەچەقێنن. بوونۣ-لەنێو-خۆ [وەکو باسمانکرد] لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیداوە و ئەمیش ڕادیکاڵانە ڕەتیدەداتەوە و بەهاکانی خۆی دەسەپێنێت، کەچی هێشتا لەنێو فاکتۆرەکاندا ئیفلیج ڕادەوەستێت.

بەڵام، بەلای کەمەوە دەتوانێت بە هۆکاری بە کاتبوونی بوونییەوە هەڵبێت. (هەموو)ی کەسایەتییەکەی مەحاڵە و بەردەوامیش خۆی بە شوێنیکی دیکە دەگەیەنێت. ئێستا، ئەم (هەمووە)یە کەسانی دیکە دەیانەوێت نیشانی ئەوی بدەن. ئەویش لەگەڵ ڕووکردنەکەی بەرەو شوێنیکی دیکە تێپەڕیدەکات. ئەم هەمووەیە بە هەمووکراوە. من، بۆ کەسانی دیکە، ئەوەم، کە هەم و سەربەستییەکەشم بووە بە خەسڵەتێکی بوونم. لەمڕووەوە، بوونۣ-لەنێو-خۆ من دەگرێتەوە، لەنێو داهاتوودا ڕامدەگرێت و هەڵهاتنەکەشم دەبێت بە شتێکی بینراو یان دراو. من ئەم هەڵهاتنە ڕاگیراوە نیم، کە لەدەرەوەی بوونی مندا حوکمی بەسەردا دراوە. لایەنی

دەرەکی هەڵهاتنەکەم، بەو شـــێوەیەی من هەســـتیپێدەکەم نامۆبوونێکە، کە من ناتوانم بیناسم و تێپەڕیبکەم. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەرئەوەی لەنێو ئەزمونی مندایە و ئەو بوون-لەنێو-خۆیەش دیاریدەکات، کە لێی هەڵدێم پێویستە ئاوەڕی لێبدەمەوە و هەڵوێستی بەرانبەر وەرگرم.

ئەمە بنەڕەتـــی پەیوەندییە کۆنکرێتییەکانمە لەگەڵ کەســـانی دیکەدا؛ ئەوان بەتەواوی بە هەڵوێستەکانی منەوە بەرانبەر ئەو بابەتەوە بەستراون، کە منە و بۆ ئەوانە.

مادام بوونی کەسانی دیکە بوونی من دەکات بەوەی نەتوانم هەمبێت و تەنانەت تێی بگەم، ئەم بوونە دەبێتە سەرچاوەی دووهاندەر: یەکەم، کەسێک تەماشای من دەکات و نهێنی بوونـــم دەدۆزێتەوە. ئەو دەزانێت من چیم. کەوابوو، واتای بوونم لەدەرەوەی مندایە و لەنێو ئامادەنەبووندا گیریخواردووە. کەســـەکە دەستی باڵای لەسەر من هەیە.

کەوابـــوو، بەو ڕادەیەی مـــن لەو بوون-لەنێو-خۆیە هەڵدێـــم، کە بوونی خۆمە و دامنەمەزرانـــدووە دەتوانم نکۆڵی بکەم. منیش دەتوانم ڕوو لە کەســـەکە بکەم و بیکـــەم بەبابـــەت. بەبابەتکردنی ئەو بەبابەتبوونی من لـــەلای ئەو لەناودەبات. لەلایەکی دیکەوە، مادام سەربەســـتی ئـــەو بناخەی بوون-لەنێو-خۆی منە دەتوانم سەربەســـتییەکەم بدۆزمەوە و منیش بەکاری بهێنم. ئەگەر من سەربەســـتییەکەم بدۆزمـــەوە دەتوانـــم ببم بە بناخەی بوونی خۆم. تێپەڕکردنی بەرزێتی کەســـێکی دیکە یان بەپێچەوانەوە تێهەڵکێشـــکردنی بەرزێتییەکە لەگەڵ بوونی خۆمدا، دوو هەڵوێستی ئەرێ بەرانبەر کەسەکە دیاریدەکات.

لێرەدا، پێویســـتە واتای تەواوی ئەم چەمکانە تێبگەین. ڕاست نییە بڵێین، من یەکەمجار هەم و لەدواییدا هەوڵدەدەم کەسەکە بکەم بەبابەت: سەرهەڵدانی بوونی من لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بوونی کەســـانی دیکەدایە. من، لە ڕەگوڕیشەی بوونمدا، پڕۆژەی بەبابەتکردنی کەســـانی دیکەم هەڵگرتوە. مـــن بەڵگەم بۆ بوونی ئەوان. ئەم بەڵگەیەش هەڵوێســـتە بەرانبەر کەسانی دیکە. من ناتوانم لەبەردەم کەسانی دیکەدا ئامادەبم، ئەگەر ئامادەبوونەکەم لەبەردەم ئەواندا نەبێت. ئەمەش بونیادی بوون-بۆ-خۆ دەردەخات. هەرچەندە ئامادەبوونی کەسانی دیکە لەنێو جیهاندا ڕەها و بەڵگە نەویستە، هێشتا فاکتۆرێکی هەڵکەوتووە. فاکتۆرێکە مەحاڵە لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆوە دەربێت.

ئـــەم دوو هەوڵدانەی، کە منن، دژانە بەرانبەر یەکدی ڕادەوەســـتن. هەریەکێک لـــە ئەوان مەرگی ئەوی دیکەیە. ســـەرنەکەوتنی یەکێکیـــان دەبێت بە هاندەر بۆ ســـەرهەڵدانی دووەمیـــان. کەوابوو، لە پەیوەندییەکەمدا لەگەڵ کەســـانی دیکەدا دیالێکتیـــک نییە. هەرچەندە نەمانی یەکێکیان ئـــەوی دیکە دەوڵەمەندتر دەکات،

بـــەڵام [جوڵانەکە] خولانەوەیە. لەبەرئەمە دەبێـــت هەریەکێک لە هەوڵدانەکان بە تەنیا بناسین.

لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەو خاڵە ڕەچاونەکەین، کە لە ناخی هەریەکێک لەم دوو هەڵوێســـتەدا ئەوی دیکەش ئامادەیە. هیچ کامیان بەبێ ناکۆکی نییە. هەریەکێک لـــە ئەوان لەنێو ئەوی دیکەدایە و کۆتایی بە بوونی دەهێنێت. کەوابوو، لەنێو ئەم خولانەوەیە دەرناچین. نابێت لە توێژینەوەکەماندا لەســـەر هەڵوێستی بنەڕەتیمان بەرانبەر کەسانی دیکە، ئەم خاڵانە فەرامۆش بکەین.

مادام ئەم هەڵوێستانە لەنێو خولانەوەکەدا پەیدادەبن و دەفەوتێن، دەگونجێت لە یەکێکیانەوە دەستپێبکەین. مادام دەبێت یەکێکیان بۆ دەستپێکردنەکە هەڵبژێرین، لەو هەڵوێســـتەوە دەکەوینە ڕێ، کە بوون-بۆ-خۆ تیایدا سەربەستی کەسانی دیکە دەچوێنێ.

١- یەکەم هەڵوێست بەرانبەر کەسانی دیکە:

خۆشەویستی، زمان و ماسۆچیزم

هەرشـــتێک لەبارەی منەوە لە پەیوەندییەکەمدا لەگەڵ کەسێکی دیکە بگوترێت لەبارەی ئەویشەوەیە. کاتێک خۆم لە دەستی کەسێکی دیکە ڕزگاردەکەم، ئەویش دەیەوێت خۆی لە من ڕزگاربکات؛ ئەو کاتەی دەمەوێت داگیریبکەم ئەویش دەیەوێت مـــن داگیربکات. هەردووکمان پێکەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتێک لەنێو-خۆدا دەکەین؛ بـــەڵام مامەڵە کردنەکـــە لەهەردوو لاوەیە. ئەم ڕوونکردنەوەیەی بۆ هەڵوێســـت و ڕەفتاری کۆنکرێتی دەیکەین پێویستە بخرێتە بەر ڕۆشنایی بەرەنگاری. بەرەنگاری واتای بنەڕەتی بوون-بۆ-خۆیە.

ئەگەر لەو خاڵەوە دەســـتپێبکەین، کە گوتمان کەسانی دیکە لە تەماشاکردندا دەردەکەون، دەبێت بزانین بوونی خۆمان لە شێوازی خاوەنێتیدا دەکەین بە بوون-بۆ-کەسانی دیکە. ئەوان دەبن بە خاوەنی بوونی من؛ تەماشاکردنی کەسەکە لەشم بە ڕووتی دەبینێت. ئامادەیی پێدەدات، دەیکات بە پەیکەر و بەوەی، کە هەیە؛ بەو شێوەیە دەیبینێت، کە من هەرگیز ناتوانم بیبینم. کەسەکە نهێنییەکی لایە و ئەو نهێنییە منم، کە بەو شێوەیە هەم. ئەو من دەکات بەوەی هەم و داگیرم دەکات.

ئەم خاوەنێتییەش ئاگاییە لەوەی، کە ئەو خاوەنی منە. من، لەحاڵەتی بوون-بەبابەتدا ئاگاییەکەی ئەو دەسەلمێنم. ئاگاییەکەی ئەو بوونی من ڕووتدەکاتەوە و لە منی دەدزێ. بوونێک 'لەوێدا' دەهێنێتەکایەوە، کە بوونی منە. من لەم بونیادە ئۆنتۆلۆجییە تێدەگەم: من لە ئاســـتی بوونمدا-بۆ-کەســـانی دیکە بەرپرسم، بەڵام بناخەی نیم. کەســـێکی دیکە بوونی من 'لێرەدا' بەو شێوەیەی هەیە دەدۆزێتەوە.

بـــەڵام ئەو هەرچەندە دۆزیوێتییەوە، لە بوونی مـــن بەرپرس نییە. کەوابوو، بەو ڕادەیەی من دەیزانم لە بوونم بەرپرســـم و من خۆم دەکەم بە خاوەنی ئەو بوونە. دەمەوێت بیدۆزمەوە یان دۆزینەوەکە بکەم بە پرۆژە. دەمەوێت دەســـت درێژکەم، وەکو خواردنی ئێوارەی (تەنتالۆس) بیگرم و بەلای خۆمدا ڕایکێشـــم.[٦٣] دەمەوێت سەربەستانە بیدۆزمەوە.

ئەگەر بوونم وەکو بابەت هەڵکەوتێکی تاڵ و داگیرکردنێکی تەواو بێت، هێشتا ئەم بوونەم ئاماژە بۆ دۆزینەوەی ئەو بوونەم دەکات، کە دەبێت بە بناخە بۆ خۆی. ئەمەش لەگەڵ وێچواندنی سەربەســـتی کەســـانی دیکەدا دێتە پێش. پرۆژەی خۆ دۆزینەوەکەم، کەوابوو، لەبنەڕەتەوە پرۆژەی توانەوەی کەســـانی دیکەیە. لەسەرو ئەمەشەوە، دەبێت بوونی کەسانی دیکە بپارێزرێت. ئەمەش دوو ئاکامی لەدوایە:

یەکەم، من بەردەوام بۆ جەختکردن لەســـەر بوونی کەسانی دیکە دەمێنمەوە و خۆم بە ئەوان دانانێم. مادەم کەســـانی دیکە بناخەی بوونی منن بەبێ لەناوبردنی بوونم-بۆ-کەسانی دیکە ئەوانیش گوم نابن. کەوابوو، ئەگەر دەست بدەمە پرۆژەی یەکگرتنم لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەوا دەبێت وێچواندنی خۆم لەنێو ئەواندا، وەکو کەســـانی دیکە بکەم بە ئەگەرێکی خۆم. لەڕاســـتیدا، کێشەکە بۆ من لەوێدایە من بوونم بەرجەســـتە بکەم و بۆچوونی کەســـێکی دیکەش بۆ خۆم بکەم بە ئەگەر. ئەمەش وەدەســـتهێنانی تەواناییەکی ڕووت و ڕەوانی زانین نییە. کاتیگۆری ڕووتی کەسانی دیکە نییە، کە من لە پرۆژەکەمدا بەکاریدەهێنم. ئەم کاتیگۆرییە ناناسرێت. لەسەر زەمینەی ئەزمونە کۆنکرێتییەکان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، ئەوان ئەو لایەنە کۆنکرێتییەن دەبن بە داکەوتێکی ڕەها. منیش دەمەوێت بیخەمەسەر بوونی خۆم.

دووەم، ئەو کەســـەی دەمەوێت بیخەمە سەر بوونم، وەکو بابەت نییە. پرۆژەی گەڕانەوە بۆ بوونم لە بابەتەوە لەســـەر بەبابەتکردنی کەسانی دیکە ڕاناوەستێت. بەپێچەوانـــەوە، مـــن دەمەوێـــت ئەو-کەسەی-تەماشـــای-من دەکات بخەمە نێو وێچواندنەکـــە. ئەمـــەش ئاماژە بۆ بوونم بەو شـــێوەیەی تەماشـــایکراوە دەکات. بەکورتییەکەی، بۆ مەبەســـتی هێشتنەوەی سەربەستی کەسەکەی تەماشامدەکات بوونم بەوەدادەنێم، کە تەماشاکراوە. مادام بوون-بەبابەت تەنیا ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ پەیوەندی نێوان من و کەسێکی دیکە ئەوا ئەم بوونەشە، وەکو بابەت وێچواندنی سەربەستی کەسەکەم لا دەگونجێنێت.

وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ســـەرنەکەوتنم لە دەرچوونی ســـێیەمدا، بوون-بۆ-خۆ

٦٣ تەنتالۆس لە ئەفسانەی یۆناندا یەکێکە لەوانەی، وەکو (ئیکسیۆن، سێزیف، تیتیۆس) خواکان بۆ هەمیشە سزایان داون. گوایە تەنتالۆس لە خواکانەوە نزیک بووە و لەگەڵیاندا ئێواران خواردنی (خوایانە)ی خواردووە. پاش ئەوەی لەو خواردنە بەشێکی بۆ مرۆڤ دزیوە. خواکان دەریانکردووە و بۆ هەمیشە لە دۆزەخ دانراوە. (وەرگێڕ)

دەیەوێت خۆی بە سەربەستی کەسەکە و بناخەی بوونی-لەنێو-خۆی دابنێت. بوون بە کەسێکی دیکە، کە هەمیشە دەیەوێت ببێت بە کەسێکی کۆنکریتی-بەهای پەیوەندییەکەم لەگەڵ کەسێکی دیکەدا. واتە، بوونێکی ڕەها، کە دەبێت وەکو خۆی و کەسانی دیکەش بێت، بووە بە دێوەزمەی بوونم-بۆ-کەسانی دیکە. ئەمەش، وەکو بەڵگەی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی خوا. ئەم کێشە بیرۆکەییە بەبێ دەرچوونم بەرەو کەسانی دیکە و پەیوەندیم لەگەڵیاندا نایەتە نێو داکەوتەوە. ئەم ڕاسییەش ڕەچاوناکرێت. ڕاستییەکە بەستراوە بە پەیوەندییەکانم بە کەسێکی دیکەوە. ئەمەش لە پەیوەندی نێوان لەشم و جیهان دەچێت. یەکگرتن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، کەوابوو، نازانرێت. تەنانەت لەنێو بیردۆزەشدا نییە چونکە توانەوەی بوونی-بۆ-خۆ و کەسێکی دیکە لەنێو یەک بەرزێتیدا دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی خەسڵەتەکانی لایەنە بێگانەکە لەنێو کەسەکەدا. ئەو مەرجەی لەیەکچوونی کەسێکی دیکە و خۆمی پێڕادەگرم ئەوەیە، کە من لەگەڵ نکۆڵی کردنەکەم لەوەی من کەسەکەم، دەمێنمەوە. لەکۆتاییدا، پرۆژەکەم بۆ یەکگرتن دەبێت بەسەرچاوەی بەرەنگاری. گرنگیشە، مادام بوونی-بۆ-کەسانی دیکە دوو ڕەتدانەوەی تێدایە، ڕەتدانەوەی ناوەکی بکەوێتەگەڕ و کەسەکە بە بەرزێتییەکەی خۆی بەرزێتییەکەی من ڕەتبکات. من بکات بە بوونێک بۆ ئەوان؛ لەسەر سەربەستی ئەوان کاربکات. ئەم بیرۆکەیەی پرۆژەکەم لەبەردەم ئەواندا خۆشەویستی نییە. خۆشەویستی پرۆژەیە؛ بۆنموونە دامەزراندنێکی ئۆرگانێکی پرۆژەکانمە بەرەو ئەگەرەکانم. بەڵام خۆشەویستییەکی بیرۆکەییە. هاندەر و کۆتاییەکەی و بەهاکەشی بیرۆکەییە. خۆشەویستی، وەکو پەیوندییەکی سەرەتایی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆ ناسینەوەی ئەم بەهایە دامەزراندنی پرۆژەکانە. پرۆژەکان ڕاستەوخۆ بەرانبەر سەربەستی کەسانی دیکە ڕامدەوەستێنن. لەم ڕووەوە خۆشەویستی دەبێت بە بەرەنگاری. ئێمە زانیمان، کە سەربەستی کەسانی دیکە بوو بە بناخەی بوونم. بەڵام مادام بوونم لەسەر سەربەستی کەسانی دیکە دادەمەزرێت ئەوا بێ ئاسودەیی دەژیم؛ بوونم لەمەترسیدایە. سەربەستییەکە شێوەی بوونم لە قاڵب دەگرێت و دەمکات بەوەی هەم؛ بەهاکان بە سەرما دەسەپێنێت، لایان دەبات؛ منیش بەردەوام لەدەست ئەو بوونەی خۆم ڕادەکەم. ئەم سەربەستییە بێ دەربەستە، دوورەو لەنێو هەزار شێوازی بووندا ڕامدەگرێت. پرۆژەی خۆ دۆزینەوەکەم لەوێدایە من ئەو سەربەستییە بگرم و بەرانبەر سەربەستییەکەی خۆم دابینێم. هاوکات ئەمە تەنیا ڕێگەیەکە من بتوانم بە هۆکاری ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی سەربەستانە ئەو بوونەی خۆم ڕەتبدەمەوە، کە کەسانی دیکە بەبابەتیان کردوە. ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی لێکچونەکانی نێوان من و کەسانی دیکە لە داهاتوودا. ئەمەش چاکتر ڕووندەبێتەوە ئەگەر سایکۆلۆجییانە لێی بکۆڵینەوە.

بۆچی دڵدارێک دەیەوێت بەرانبەرەکەی خۆشیبوێت؟ ئەگەر خۆشەویستی

ئارەزوویەکی ڕووت بۆ داگیرکردنی لەش بێت، بە ئاسانی دەتوانێت خۆی تێربکات. پاڵەوانی پرۆســـت، بۆنموونە، خۆشەویســـتەکەی لە ماڵەوە دادەنێت و هەرکاتێک یان ڕۆژێـــک بیەوێت دەیبینێ و داگیریدەکات. ئەو بەتەواوی لە ڕووی ئابوورییەوە پشـــت بە[پاڵەوانەکە] دەبەستێت و لەملایەنەوە بێخەمە. بەپێچەوانەی ئەویشەوە، پاڵەوانەکە بەردەوام دوودڵە. لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە ئەو کاتانەی بەرانبەر یەکدیش دانیشتون ئەلبێرتین دەتوانێت لە مارسێل رابکات. لەبەر ئەمەیە ئەو کاتە [مارسێل] دڵخۆشـــە، کە [ئەلبێرتین] دەخەوێت و ئەمیش تەماشـــای دەکات. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە دڵدار دەیەوێت بیرکردنەوەی خۆشەویستەکەشی داگیربکات. بۆچی ئەمەی دەوێت؟ چۆن دەتوانێت ئەم کارە بکات؟

چەمکی 'خاوەنێتی'، کە زۆرجار واتای خۆشەویستی پێڕووندەکەینەوە، لەڕاستیدا ســـەرەکی نییە. بۆچی من بوونی کەسانی دیکە داگیربکەم، ئەگەر کەسانی دیکە نەیانەوێـــت من ئـــەم کارەبکەم؟ بەڵام ئەمە جۆرێک لە داگیرکردن نیشـــاندەدات؛ ئێمە دەمانەوێت سەربەستی ئەوان داگیربکەین. ئەمەش ئارەزوومەندی دەستەڵات نییە. دیکتاتۆر قێز لە خۆشەویســـتی دەکاتەوە و بە ترس ڕازییە. بۆ مەبەستێکی ڕامیاری دەیەوێت خۆشەویستی کەسانی ژێر دەستی مسۆگەر بکات. ئەگەر ڕێگەی ئابـــووری زۆرتر بۆ داگیرکردنیـــان بدۆزێتەوە بێوەســـتان دەیگرێتەبەر. لەلایەکی دیکەوە، دڵدار نایەوێت خۆشەویستەکەی بە کۆیلە بکات . ئەو نایەوێت ماکینەیەک داگیربکات. کاتێکیش بمانەوێت شـــەرمەزاری بکەین دەڵێن، کە خۆشەویستەکەی لەژێر کاریگەرێتییەکی ســـایکۆلۆجیدا خۆشـــیدەوێت و ناچارە. لێرەدا، دڵدارەکە هەستدەکات، کە بوونی و خۆشەویستییەکەشی نزمکراونەتەوە. ئەگەر (ترستین) و (ئیسۆدە) شێتانە یەکدییان لەبەر خۆشەویستی خۆشبوێت، ئەوەندە سەرنجڕاکێش نابن. بەکۆیلەکردنێکی تەواوی خۆشەویستەکە خۆشەویستی لەناودەبات. کۆتایی بە خۆشەویستییەکە دهێنێت. ئەگەر خۆشەویستەکە ببێت بە مەکینە دڵدارەکە تەنیا دەمێنێتەوە. لەبەرئەم هۆکارە دڵدارەکە نایەوێت بەوجۆرەی شـــتێک داگیردەکات دەست بەسەر خۆشەویستەکەیدا بگرێت؛ داگیرکردنەکە شێوازێکی جیاوازی هەیە. ئەو دەیەوێت سەربەستی، وەکو سەربەستی داگیربکات.

لەلایەکی دیکەوە، دڵدارەکە بە سەربەستییەکی بەرزتر و پەیوەندییە بەربڵاوەکان ڕازی نییە. کێ بە ســـوێندخواردن بۆ وەفادارییەکـــی ڕووت ڕازییە؟ کێ دڵی بەو وشـــانە خۆش دەبێت، کە دەڵێت، "من سەربەستانە تۆم خۆشدەوێت و لە بەڵێنم پەشیمان نابمەوە." دڵدارەکە داوای بەڵێن دەکات و پێشی ناخۆشە. ئەو دەیەوێت سەربەســـتانە خۆشـــیبوێت، بەڵام لەگەڵ داواکارییەکەدا دەیەوێت سەربەستییەکە سەربەســـت نەبێت. ئەو دەیەوێت سەربەستیی کەســـەکە ببێت بە خۆشەویستی. ئەمەش تەنیا لەسەرەتادا ڕوونادات و هەمووساتێک سەرهەڵدات. هەروەها دەیەوێت

سەربەستییەکە، وەکو لەشێتییدا یان لەنێو خەوبینیندا خۆی بگرێت. خۆگرتنەکەش بڕیاردانێک بێت سەربەستانە و ناسەربەستانەش. لە خۆشەویستیدا سۆزفەرمانڕەوایی ناکات و داوای سەربەستییەکی دوور ناکات؛ بەڵکو ئەو سەربەستییەمان دەوێت، کە دەستمان دەیگاتێ و دەبێت بە بناخەش بۆ فەرمانڕەواییکردنی سۆز. دڵدارەکەش نایەوێت لە سەربەستییەکەدا ببێت بە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە، بەڵکو خاوەن شوێنێکی تایبەت.

لە خۆشەویستیدا دڵدار دەیەوێت بۆ خۆشەویستەکەی ببێت بە "هەموو جیهان". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو واتا و هێماکان بۆ جیهان دادەنێت. دڵدارەکە (ئەو)ەیە، کە هەموو ئەوەکانی دیکەی تێدایە. ئەو ئەوەیە و ڕازیش بووە ببێت بە بابەت. هەمانکات دەیەوێت ئەو بابەتە بێت، کە کەسەکەی دیکە سەربەستییەکەی خۆی لەسەر دەدۆڕێنێت. بابەتێک، کە کەسەکەی دیکە پێی ڕازی بێت و فاکتۆری خۆی تێدا بدۆزێتەوە، لە هەموو شوێنێکدا حەزی لە سەربەستییەکەی ئەوە. لە هەڵبژاردنی کۆتاییەکدا دڵدارەکە حەزدەکات کۆتایی هەڵبژێرێت. ئەمە داواکارییەکەی دڵدار لە خۆشەویستەکەیەوە ڕووندەکاتەوە. ئەو نایەوێت کار لەسەر سەربەستی خۆشەویستەکەی بکات، بەڵکو بوونێکی لەپێشتری بۆ سنوردارکردنی سەربەستییەکە هەبێت. ئەوەی دڵدارەکە داوایدەکات کەمکردنەوە و چەسپاندنی سەربەستییەکەیە بە دەستی خۆی. سنورداریێتی بونیادی سەربەستییەکە شتێکی دراوە. لەنێو ئەو بونیادەدا سەربەستییەکە ڕێگەی دەرچوون لە خۆی دەگرێت. دڵدارەکەش ڕێگەگرتنەکە دەبینێت و هەستی پێدەکات و ڕازیش دەبێت.

ئێستا، لە واتای داواکارییەکە تێدەگەین: فاکتۆرە سنوردارەکەی بۆ کەسانی دیکەیە و لە داواکارییەکەی مندا خۆشەویستییە لە کەسانی دیکە. بەو ڕادەیەی من ئەو بابەتەم کەسانی دیکە دەیهێننەکایەوە، ئەوا منیش سنورداریتی بەرزێتی ئەوانم تێدایە. کەوابوو، سەرهەڵدانی کەسەکەی دیکە من دەکات بە ڕەها و تێنەپەڕکراو؛ نەک وەکو بوون-بۆ-خۆیەکی ڕووخێنەر بەڵکو بوون-بۆ-کەسانی دیکە-لەنێو-جیهاندا. کاتێک داوای خۆشەویستی لە کەسانی دیکە دەکەین، توشی فاکتۆری بوونی خۆیان دەبن؛ زۆریان لێدەکرێت ئێمە بەردەوام بکەن بە مەرج بۆ سەربەستییەک، کە خۆی سنوردار دەکات. حەزێک، کە سەربەستی لەسەر فاکتۆر و فاکتۆریش بەسەر سەربەستییەوە دەچەسپێنێت. ئەگەر بەم کۆتاییە بگەین ئەوا بوونی من لەنێو بیرکردنەوەی کەسەکەی دیکەدا دەپارێزرێت. یەکەم، چونکە هاندەری شەرمکردنەکەم و بێ ئارامییەکەم لەوەدایە من هەست بە بوونم، وەکو بوون-بۆ-کەسانی دیکە دەکەم و ئەوان دەیگەنێ؛ حوکمی بەسەردا دەدەن و دەیکەن بە ئامێر. هۆکاری بێ ئارامییەکەم سەربەستییە بێ سنورەکەی ئەوانە، کە من دەکات بەوەی هەم. "خوا دەزانێت من بۆ ئەو چۆنم! خوا خۆی دەزانێت

چــۆن بیر لە من دەکاتەوە." واتە، "خوا خۆی دەزانێت من بەچی بکات." من لەو بوونە دەترسم ڕۆژێک بەرەورووی ببمەوە، بوونێک، کە بۆ من بێگانەیە و هەمانکات بوونی منیشە.

بەڵام ئەگەر کەسێک منی خۆشبوێت ئەوا من دەبم بەو بوونەی تێپەڕناکرێم؛ واتە دەبــم بە کۆتاییەکی ڕەها. لەمحاڵەتەدا من ناکرێم بە ئامێر. بوونم لە نێو جیهاندا دەبێت بە پەیوەندی بەرزێتی بە خۆمەوە چونکە ســـەربەخۆییەکەم پارێزراوە. من بۆ کەسەکە دەبم بە بابەتێکی بەرز و بنەکەی ئاماژەکردنەکان و هەموو ئامێرەکانی دیکە لەدەوریدا کۆدەبنەوە. هەمانکات، وەکو سنورداریێتییەکی ڕەهای سەربەستی، بۆنموونە، وەکو سەرچاوەیەکی ڕەهای بەهاکان، من بەرانبەر لەناوبردنی بەهاکاندا پارێزراوم. من دەبم بە بەهایەکی ڕەها. من خۆم بۆ کەسەکەی دیکەی ئامادەدەکەم و دەبم بە بەها. کەوابوو، لەگەڵ داواکردنی خۆشەویســـتی دەمەوێت خۆم بەودیو سیســـتەمی بەهاکان بگەیەنم، کە کەسێکی دیکە دایدەنێت. من دەبم بە مەرج بۆ هەموو بناخەیەکی دەرەکی بەهاکان. ئەم داواکارییە ناوەڕۆکی باســـکردنە لەنێوان دوو خۆشەویستدا. لە La Porte Etroite ئەو ژنەی دەیەوێت کەسێک خۆشیبوێت، خۆی بە خاوەن ڕەوشتێکی سادە دادەنێت. لەسەرو ئەمەوە دەیەوێت شتێکی زۆرتر ڕوویدات و خۆشەیســـتەکەی بۆ ئەو قوربانی بە ڕەوشتە کۆنەکانی بدات. دەیەوێت بزانێت، کە خۆشەویستەکەی بۆ ئەو خیانەت لە هاوڕێکانی دەکات، دزی بۆ دەکات یان کەسێکی بۆ دەکوژێت...هتد.

لەم بۆچوونەوە، پێویســـتە خۆم لە تەماشاکردنی خۆشەویستەکەم دەربازبکەم یان ببــم بە بابەتێک لەنێو بونیادێکی جیاوازتردا. نامەوێت، وەکو شـــتێک لەنێو شـــتەکانی دیکەی نێو جیهان ببینرێم و جیهان لەسەر بوونی من خۆی دەربخات. مادام بەرجەستەبوونی سەربەستی جیهان پەیدا دەکات، پێویستە من ببم بە مەرج و ســـنورداریێتی بەرجەســـتەبوونەکە. من ببم بە سەرچاوە بۆ بوونی درەختەکان و ئاو، شـــار و دەشتەکان و بیاندەم بە کەسەکەی دیکە تاکو ئەویش لەنێو جیهاندا ڕیزیان بکات. ئەمەش لەوەدەچێت، کە ناوی خێزان لە کۆمەڵگای ژن سالارییدا بۆ ناوی دایکەکان دەگەڕایـــەوە و ئەوانیش بە منداڵەکانیان دەدا. لەلایەکەوە، ئەگەر بمەوێت کەســـێک منی خۆشـــبوێت، دەبم بەو بابەتەی بە هۆکاری ئەوەوە جیهان بۆ کەســـەکەی دیکە هەیە، لەلاکەی دیکەوە، من جیهانم. لە جێگەی ئەوەی (ئەو) شـــتە بم و لە جیهان دابڕێم، دەبم بەو بابەتە بناخەییەی جیهان لەســـەری خۆی لە شـــتەکانی دیکە جیادەکاتەوە. کەوابوو، من بەخۆمدا دەچمەوە؛ تەماشاکردنی کەســـەکەی دی من ســـنوردار و ئیفلیج ناکات. بوونم لەنێو چییەتییەکی نەگۆڕدا ناچەقێنێت. بە ناشرین نابینرێم، بچوک نیم، ترسنۆک نیم، چونکە ئەم خەسڵەتانە فاکتۆرن و بوونم سنوردار دەکەن. ئەگەرەکانم دەبن بە ئەگەری بەرز، مردو: بەڵام

من خاوەنی هەموویانم. من هەموو ئەگەرە مردووەکانم لەنێو جیهاندا؛ هەروەها ئەو بوونەش نیم کەسانی دیکە دەیبینن و تێیدەگەن.

لەو خۆشەویستییەدا، کە من دەمەوێت، دەبم بە هەموویەکی ڕەها و سەرچاوەی تێگەیشـــتن لەهەموو هەڵوێســـت و کردەوەیەک. کەســـێک دەتوانێت گوتەیەکی ڕواقییەکان بگۆڕێت و بڵێت، "خۆشەویستەکە لە سێ ڕووەوە سەرکەوتن وەدەست ناهێنیت." بیرۆکەی "وەلی"یەک و پیاوێک، کە داوای خۆشەویستی دەکەن لەوێدا یەک دەگرنەوە، کە هەردووکیان دەیانەوێت ببن بەو بابەتە گشـــتگرەی ئیدراکێکی جیانـــی دەیگاتێ و هەڵوێســـت و کردەوەی دڵدارەکە یـــان 'وەلی' یەکەش لە نێو جیهاندا بە بەشێک لە بونیادی هەموو ڕاڤەکردنەکە دادەنێت. وەکو چۆن گۆڕانکاری داوای زانایی دەکات، سەربەســـتی کەسەکەی دیکەش دەبێت بگۆڕێ تاکو من بەو حاڵەتە بگەم، کە تیایدا کەسەکە منی خۆش دەوێت.

تاکو ئەم جێگەیە باسکردنەکەمان لە بۆچوونی هیگڵەوە لەسەر پەیوەندی نێوان کۆیلە و خاوەنکۆیلە نزیکە. پەیوەندی نێوان خاوەنکۆیلە و کۆیلەکە لە لای هیگڵ لـــە پەیوەندی نێوان دڵدار و خۆشەویســـتەکەی دەچێت. بەڵام لێکچونەکە لێرەوە زۆرتر نـــاڕوات چونکە بۆ هیگڵ خاوەنکۆیلەکە لابەلا داوای سەربەســـتی کۆیلەکە دەکات. دڵدارەکە، بەپێچەوانەوە، داوای هەموو سەربەستییەکی خۆشەویستەکەی دەکات. ئەگەر بمەوێت کەسێک منی خۆشبوێت ئەوا من سەربەستانە هەڵیدەبژێرم و دەمەوێـــت ببم بە خۆشەویســـت. هەموو دەزانین، لە زمانی خۆشەویســـتیدا بە خۆشەویســـتەکە دەڵێین ئەو کەسەی هەڵبژێردراوە. نابێت ئەم هەڵبژاردنە ڕێژەیی و هەڵکەوت بێت. دڵدارەکە دڵگران دەبێت و هەست بەکەمی دەکات ئەگەر بزانێت لەنێو چەند کەســـێکدا ئەویان هەڵبـــژاردوە [بۆنموونە]دەڵێین، "ئەگەر من بۆ ئەم شـــارە و ماڵی فلانەکەس نەهاتمایە تۆ منت نەدەناسی و منت خۆشنەدەویست." ئەمە خۆشەویســـتەکە خەمباردەکات. خۆشویســـتییەکەی دەبێت بە شتێک لەنێو ئەوانی دیکەدا. ڕووداوەکە خۆی و فاکتۆری خۆشەویســـتەکەی ســـنورداردەکات. دەبێت بە خۆشەویستی لەنێو جیهاندا، بابەتێک، کە لەسەربوونی لەپێشتری جیهان ڕادەوەستێت. خۆشەویستییەکە بۆ ئەوان هەیە.

ئەوەی خۆشەویستەکە دەیەوێت و باسیدەکات لە چەمکی (چارەنوس)دا واتاکەی دەردەکەوێت. ئەو دەڵێت، "ئێمە بۆ یەکدی دروستکراوین." با واتای ئەمە ڕوونبکەینەوە. ئەو دەزانێت "ئێمە بۆ یەکدی دروســـتکراوین" ئاماژە بۆ هەڵبژاردن دەکات. دەشـــێ هەڵبژاردنی خوا بێت چونکە خوا خاوەنی هەڵبژاردنی ڕەهایە. بەڵام خوا نوێنەرایەتی ســـنوردارکردنێکی دووری داواکارییەکە دەکات. لەڕاســـتیدا، ئەوەی خۆشەویستەکە دەیەوێت ئەوەیە، کە دڵدارەکە بە هەڵبژاردنێکی تەواو یان ڕەهاوە ئەوی بوێت. ئەمەش واتە، بوونی خۆشەویستەکە لەنێو جیهاندا دەبێت بە بوونێکی حەزلێکراو.

سەرهەڵدانی خۆشەویستەکە پێویستە هەڵبژاردنێکی سەربەستی دڵدارەکەبێت. مادام کەسانی دیکە بوونی-من-وەکو بابەت دەردەخەن، ئەوا داوا لە خۆشەویستەکەم دەکەم سەربەستانە بوونی من، وەکو کۆتاییەکی ڕەها هەڵبژێرێت.

کەوابوو، بە فاکتۆربوونم پارێزراوە. من ئەو بوونە، لەودیو بیرکردنەوەیەوە نیم، کە ڕادەکەم. بەڵکو ئەوەیە، کە کەسێکی دیکە سەربەستانە بەرجەستەیدەکات. کۆتاییەکەی بە خودی خۆی بەخشیوە. منیش بوونی ئەوم بە فاکتۆری خۆم پێکاوە. ئەویش سەربەستانە بۆ منی دەگەڕێنێتەوە. ئەو بناخە و کۆتاییەتی. لەبەر ڕۆشنایی خۆشەویستیدا جیاوازتر لە واتای نامۆبوونم و فاکتۆرم تێدەگەم. فاکتۆرەکەم لەبەردەم کەسێکی دیکەدا دەبێت بە ماف. من هەم چونکە ناوم بۆ دانراوە. من هەم چونکە من خۆم ڕێگە دادەنێم. دەمارەکانی خۆشەویستی لەناودەستمدا سودبەخشانە هەن. چەند باشە چاو، برۆ، قژم هەیە و بێ ماندووبون بۆ ئەو حەز و ئارەزووە ماندوونەبووەی کەسەکەی دیکە پەرش و بڵاویان دەکەمەوە. پێش خۆشەویستییەکە لە ئاستی هەموویاندا نائاسایی بووین. ئێستا لەو سەربەستییە ڕەهایەوە هەست بە بچوکترین بەشیدەکەین، کە بوونمان هەمانکات سنورداری دەکات. ئەمە بناخەی خۆشییە، کە لە خۆشەویستییدا پەیدادەبێت. لەگەڵ ئەو خۆشییەدا هەست بە بوونی خۆمان دەکەین. بەهەمانشێوە، ئەگەر خۆشەویستەکەمان ئێمەی خۆشبوێت، ئامادەیە لەنێو سەربەستییەکەمان بتوێتەوە؛ چونکە ئەو بوونە حەزلێکراوەی ئێمە دەمانەوێت بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوون-بۆ-کەسانی دیکە. بوونی دەرەکیمان بوونی ئەوان دەسەلمێنێت. سەربەستی ئەوانیش ئێمە دەدۆزێتەوە. ئەگەر سەرکەوتوانە هەموو سیستەمەکە لەناوەوە هەڵگرین ئەوا دەبین بەبناخە بۆ بوونی خۆمان. ئەمە ئامانجی تەواوی دڵدارەکەیە؛بۆ ئەو خۆشەویستی پرۆژەیە، بۆنموونە، پرۆژەی خۆیەتی. پرۆژەکەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی بەرەنگاری. دڵدارەکە خۆشەویستەکەی، وەکو کەسێکی بەبابەتکراو لەنێو کەسانی دیکەدا دەبینێت. لەنێو بەستێنی جیهاندا دایدەنێت و دەیەوێت تێپەریبکات و بەکاریبهێنێت. خۆشەویستەکەی تەماشاکردنە. ئەو ناتوانێت بە بەرزێتییەکەی خۆی ئەو سنوردار بکات و سەربەستییەکەشی نایگرێت. خۆشەویستەکە ناتوانێت ویستی خۆشەویستی هەبێت. دڵدارەکەی دەبێت ئارەزووی بوروژێنێت. لە ئارەزوو وروژاندندا من لایەنی ناوەوەی خۆم بۆ کەسەکە دەرناخەم. لەسەروئەمەشەوە، بە تەماشاکردن کارەکەم دەکەم و لایەنی (خۆ)یی کەسەکە لەناودەبەم. ئەمەیە من دەمەوێت تیایدا بتوێمەوە.

ئارەزوو وروژاندن من دەکات بە حاڵەتێکی بابەتی لەبەردەم کەسانی دیکەدا؛ دەمخاتە بەر تەماشاکردنەکەی و ئەویش دەڕوانێتە من. من فڕێدەداتە نێو مەترسی بینینەوە. منیش ئەو حاڵەتە ڕەتدەدەمەوە، کە بوون بەبابەتی من دەسەلمێنێت.

لەنێو ئەم حاڵەتەدایە بۆ ئەوەی خۆم بە بابەتێکی سەرنج ڕاکێش بکەم، جەنگەکە ڕوودەدات. ئێمە لە بەشـــی دووەمی[ئەم نوسراوەدا] ئەم خاڵەمان ڕوونکردۆتەوە. ئارەزوو وروژاندن لە کەســـەکەی دیکەدا حاڵەتی ئاگایی دروســـتدەکات، کە هیچ یان نەبوونـــە، چونکە ئەو ڕووبەڕووی بابەتێکی ئـــارەزوو وروژاندن دەبێتەوە. لە ئارەزوو وروژاندا من دەمەوێت بوونێکی پڕ بە خۆم بدەم و کەسەکەی بەرانبەریشم بەمشـــێوەیە بمناسێت. بۆ گەیشـــتن بەم ئامانجەش خۆم، وەکو بابەتێکی پڕواتا دەردەخەم. کردەوەکانیشم ڕوو لە دوو شوێن دەکەن: لەلایەکەوە، ڕوو لەوە دەکەن، کە بە هەڵە بە خۆیەتی دانراوە، بەڵام لە قوڵایی بابەتێتی و بوونێکی شاراوەدایە؛ هەروەها مەبەســـتی کردەوەکانم بۆ خۆیان نییە، بەڵکو ڕوو لە شـــتێکی نەبڕاوە و دەســـتەیی ڕاستەقینە و ئەگەرەکان دەکەن. منیش بۆ پێکهێنانی لایەنی بابەتی و شاراوەی بوونم دەیانهێنمە کایەوە.

کەوابـــوو، من دەبم بە ڕێگە نیشـــاندەری بەرزێتییەک، کـــە من تێپەڕدەکات و ئامـــاژە بۆ لایەنی بڕاوەی ئەگەرە مردوەکانم دەکات، تاکو نەتوانرێت تێپەڕبکرێت. لەلایەکـــی دیکەوە، هەریەکێک لـــە کردەوەکانم ئاماژە بۆ پـــڕی جیهان دەکات و منیش بە بەشێکی جیهانەوە دەبەستێتەوە. هەمانکات، من جیهان دەخەمە بەردەم خۆشەویســـتەکەم و خۆم بە ناوەندێکی پێویست لەنێوان جیهان و ئەودا دادەنێم. بـــەردەوام کردەوەکانم بە (هێز)ەوە لەژوور جیهانـــەوە دەردەخەم (بۆنموونە پارە، شـــوێنم لەنێو کۆمەڵدا، ئەو کەسە بە دەســـتەڵاتانەی من دەیانناسم باسدەکەم.) لەحاڵەتـــی یەکەمدا، من خۆم بە قووڵ و نەبڕاوە دەردەخەم و لەحاڵەتی دووەمدا، خۆم، وەکو جیهان بە[خۆشەویســـتەکەم] دەناسێنم. لە ڕیگەی ئەمانەوە خۆم بە بوونێکـــی تێپەڕنەکراو دادەنێم. بەڵام ئەمە بەس نییـــە چونکە تەنیا گەمارۆدانی کەسەکەیە. بەبێ ڕازیبوونێکی سەربەستانە لەو کەسەوە نابێت بە بەها. پێویستە من ئەو سەربەســـتییە بگرم، وای لێبکەم خۆی لە ئاســـتی بوونە پڕەکەی مندا بە هیچ دابنێت.

دەشـــێ هەندێک لەو باوەڕەدابن ئەم کردەوانە پێویستیان بە بەکارهێنانی زمان هەیـــە. ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەدا ناکۆک نین. بەڵام دەڵێین خودی کردەوەکان زمانن یان شـــێوازێکی بنەڕەتـــی زمانن. زمان دیاردەیەک نییە خرابێتە ســـەر بوونـ-بۆ-خـــۆ. لەبنەڕەتەوە بوونی ئەوە؛ ئەزمونی خۆیەتی خۆکان، وەکو بابەت بۆ یەکدی دەســـەلمینێت. لەنێو جیهانێکدا، کە تەنیا بابەتەکانی تێدا بن زمان دروست نابێت چونکە زمان پێویســـتی بە پەیوەندی نێوان (خۆ)کانە. پێویســـتیش ناکات زمان دروســـتبکرێت، چونکە زمان هەیە. من زمانم. هەموو کردەوەکانم و پرۆژەکانم، کە ڕوو لە ئەگەرەکانم دەکەن، لە دەرەوەی مندا واتا بەخشن، کە لە من ڕادەکەن.

لەم لایەنەوەیە هایدیگەر بە دروستی بۆ کێشە دەچێت و دەڵێت؛ من ئەوەم، کە

دەڵێم.[٦٤] زمان سروشتییانە نییە وئێمەش (وەکو خۆ) دامان نەهێناوە؛ بۆ لایەنی ڕەوانی بوونی-خۆ-لەدەرەوەی دازایندا ناگەڕێتەوە. بەشێکی بارودۆخی مرۆڤ پێکدەهێنێت. بەڵگەی بوون-بۆ-خۆیە بۆ سەلماندنی بوون-بۆ-کەسانی دیکە. بەکارهێنان و تێپەڕکردنی ئەم بەڵگەیەیە لە بۆچوونەکەمدا بەرەو ئەگەرەکانمدەستنیشان دەکات. زمان، کەوابوو لە ناسینەوەی بوونی-کەسانی دیکەوە دوور نییە. سەرهەڵدانی کەسانی دیکە و تەماشاکردنەکەیان، وەکو مەرجێک بۆ بوونم دەبێتە هۆکاری ئامادەبوونی زمان. پێویست ناکات ئەم زمانە سەرەتاییە ئارەزوو وروژاندن بێت؛ شێوازی دیکەشمان بۆ ئەمە هەیە. ئێمە باسی ئەوەشمانکرد، کە هەڵوێستی سەرەتایی دیکەش بۆ ناسینەوەی بوونی کەسانی دیکە هەیە. ئەم دوو هەڵوێستە لەنێو خولانەوەیەکی بازنەییدا شوێن یەکدی دەکەون. بەپێچەوانەشەوە، ئارەزوو وروژاندن پێویستی بە زمانێکی لەپێشتر نییە. واتە، زمان لەگەڵ ئارەزوو وروژانندا کتوپڕ وەکو شێوازێکی سەرەتایی دەربڕین خۆی بەرجەستە دەکات. بێگومان مەبەستمان لە زمانیش هەموو دیاردەکانی دەربڕینە نەک بە تەنیا پێکهێنانی وشە، کە لە قۆناخی دووەمدا پەیدا دەبێت و مێژووییە. بەتایبەتی، لە ئارەزوو وروژانندا زمان نایەوێت بناسرێ بەڵکو ئەزمونەکە پێکدەهێنێت.

یەکەمجار بۆ دۆزینەوەی زمانێکی سەرنجڕاکێش کوێرانە هەنگاودەنێم، چونکە فۆرمێکی ڕووتی بوونم، کە بووە بە بابەت بۆ کەسەکە و دەبێت بەهاندەری. تەنانەت نازانم هەڵوێست و جوڵانەکانم چ ئاکامێکیان لەدوایە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەربەستی [کەسەکەی بەرانبەرم] تێپەڕیان دەکات و ئەو سەربەستییەش واتایان پێدەبەخشێت. کەوابوو، 'واتا'ی دەربڕینەکەم لەژێر دەستی مندا نییە. من هەرگیز نازانم ئەوەی دەریدەبڕم ئەوەیە دەمەوێت یان نا یان هیچ واتایەکی هەیە. کەمی زانین لە دەربڕینەکەمدا بۆ کەسەکە زمانەکەم لەدەرەوەی بوونی مندا دەکات بە دیاردەیەکی ڕاکردووی ناتەواو. کاتێک شتێک دەردەبڕم واتای تەواوی نازانم؛ نازانم من چیم چونکە من و دەربڕینەکەم دەبین بەیەک. کەسەکەی دیکە بەردەوام لەوێدایە و واتا بە زمان دەدات. هەموو دەربڕینێک، جوڵانێک و وشەیەک لەلایەن منەوە ڕاستەقینەی بوونی کەسێکی دیکەی جیاواز دەسەلمێنێت. تەنیا گەمژە دەڵێت، "کەسێکی دیکە بیرۆکەکەی دزیوم". بیرۆکە بۆ ئەوەی ببێت بە بابەت پێویستی بە هاوکاری سەربەستییەکی نامۆبوون هەیە. لەبەرئەمەشە یەکەم لایەنی زمان-بەوڕادەیەی من لەگەڵ کەسێکی دیکە بەکاریدەهێنم-پیرۆزە. بابەتێکی پیرۆز شتێکە لەنێو جیهاندا و ئاماژە بۆ شتێکی بەرز لەودیو جیهانەوە دەکات. زمان سەربەستی کەسێکم بۆ بەرجەستە دەکات، کە بەبێ دەنگی گوێ لە من دەگرێت.

٦٤ ئەم گوتەیەی هایدیگەر لە نوسراوێکیدا بەناوی (هۆڵدەرلن و ناوەڕۆکی شیعر) دەرهێنراوە.(وەرگێڕ)

هەمانکات، من بۆ کەسەکە وەکو هەمیشە بابەتێکی پڕ واتام. هیچ ڕێگەیەک من لە حاڵەتی بەبابەت بوون بەرەو کەسەکە لەبەرزێتییەکەمەوە ناگەیەنێت.

هەڵویســـتەکان، دەربڕینەکان و وشەکانم هەڵوێست و دەربڕین و وشەی دیکە نیشـــان ئەو دەدەن. زمان، بۆ ئەو، دەبێت بە خەســـڵەتێکی ســـادەی بابەتێکی جادوگەرانە.

کردەوەیەکی دوورەپەرێزە و کەسەکە کاریگەرێتییەکەی دەزانێت. کەوابوو، وشە ئەو کاتەی بەکاریدەهێنم پیرۆزە و جادوگەرانەشـــە، کە کەسەکە دەیبیستێت. من ئەوەندەی لەشـــم بۆ کەســـەکە دەبینم زمانەکەم ناناسم. من گوێم لە دەنگی خۆم نابێت و زەردەخەنەکەی سەرلێویشم نابینم. کێشەی زمان و لەش لەیەکدی دەچن و باسکردنیشیان وەکو یەکە.

خولیابوون، بەهەرحاڵ، حاڵەتی خولیایی لە کەسێکی دیکەشدا دروستدەکات و بەتەنیاش نابێت بەسەرچاوەی خۆشەویستی. ئێمە خولیای گوتاربێژێک، ئەکتەرێک یان کەسێک بەسەر پەتێکدا دەڕوا دەبینین و سەرنجمان ڕادەکێشێت، بەڵام خۆشمان ناوێت. ئێمە بۆ ساتێکیش ڕوو لە شوێنێکی دیکە ناکەین، بەڵام ئەو لەسەر زەمین نییە و خولیابوونەکەمان ئەو نـــاکات بە دوا بابەتێکی خولیابوون. بەپێچەوانەوە، خولیابوون بەرزێتییە. کەوابوو، کەی دڵدارێک دەبێت بە خۆشەویســـت؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە ئاسانە: کاتێک خۆشەویستەکە پڕۆژەی حەزلێکردن دەخاتەگەر ئەو بەتەنیا ناتوانێت بڕیار لەســـەر پڕۆژەی خۆشەویســـتی بدات. ئەگەر خۆشەویستی پێویســـتی بە کەســـێکی دیکە بێت (وەکو خۆیەک بڕوانێتە بابەت)، ئەوا نموونەی خۆشەویســـتییەکە لەوێدایە من ڕووبەڕووی کەســـێکی دیکە ببمـــەوە، کە (خۆ)یە نەک بابەت. ئەگەر کەســـەکەی بەرانبەرم، وەکـــو حاڵەتی بەبابەت بوونی بیەوێت ئارەزووی مـــن بوروژێنێت، ئەو ئارەزووە بۆ بابەتێـــک دەبێت، کە داگیردەکرێت. هەڵبەتـــە ئارەزوو وروژاندن هانمدەدات ئەو، وەکو بابەت داگیربکەم، بەڵام حەز بۆ داگیرکردنی بابەتێک لەنێو جیهاندا خۆشەویستی نییە. کەوابوو، خۆشەویستی لای دڵدارەکە لەوێدا ســـەرهەڵدەدات، کە بیسەلمێنێت لە کەسە حەزلێکراوەکە جیایە، نامۆبـــووە و بەرەو ئەویش ڕادەکات. کەســـە حەزلێکراوەکـــەش تەنیا لە پڕۆژەی حەزلێکردنەکەدا دەبێت بە خۆشەویســـت. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەو نایەوێت بەسەر لەشی خۆشەویستەکەیدا تێپەڕێت، بەڵکو مەبەستی لایەنی (خۆ) یەتی ئەوە. لەڕاستیدا، تەنیا ڕێگەیەک بۆ هەستکردن بە وەدەستهێنانەکە پەیدا بێت لەوێدایە، کە ئەو بزانێت کەسەکە خۆشیدەوێت. لێرەدا ئەم ناکۆکی و بەرەنگارییە نوێیە ســـەرهەڵدەدات؛ هەریەکێک لە دوو خۆشەویستەکە دەبێت بە دیل بۆ ئەوی دی چونکە هەریەکەیان دەیەوێت تەنیا ئەوی دیکە خۆشیبوێت. هەریەکەیان داوای خۆشەویستییەک دەکات، کە نابێت بە پڕۆژەی بوونێکی حەزلێکراو. ئەو دەیەوێت

کەســـەکەی بەرانبەری بێ داواکردنی خۆشەویســـتی ئەم بە سنورێکی دەرەکی بۆ سەربەســـتییەکەی و بەهایەکی بەرز دابنێت. خۆشەویســـتی، لەم ڕووەوە، داوای هیچ لە بەرانبەرەکەی ناکات؛ خۆ خەریکردنێکی ڕەوانە بەبێ گۆڕینەوە. هێشـــتا، ئەم خۆشەویســـتییە بێجگە لـــە داواکاری لەلایەن دڵدارەکـــەوە. چی دیکە نییە. خۆشەویســـتەکە بەتەواوی و جیـــاواز گیراوە. گیـــراوی داواکارییەکەیەتی چونکە خۆشەویســـتی داواکارییە بۆ حەزلێکردن. ئەو، سەربەســـتە لەوەدا، کە دەیەوێت لەش بێت و داوا کارییەکەشـــی ڕوو لە دەرەوە دەکات. سەربەســـتییەکە دەیەوێت بگاتە کەسەکەی دیکە، سەربەســـتییەکە دەبێت بە سەرچاوەی نامۆبوونی خۆی. سەربەســـتی دڵدارەکە، بەو ڕادەیەی دەیەوێت ببێت بـــە بابەتێکی حەزلێکراو بۆ کەســـێکی دیکە، ئـــەو کاتەی دەبێت بە لـــەش بۆ ئەو نامۆدەبێـــت. ئەو دەبێت بە بوونێک، کە بەرەو کەســـانی دیکە ڕادەکات. ڕەتدانەوەیەکی بەردەوامی بوونی خۆیەتی، وەکو خۆیەکی ڕووت چونکە لەم ڕەتدانەوەیەدا تەماشـــاکردنی کەسانی دیکە و بەبابەت بوونیشـــیان لەناو دەچن. خۆشەویســـتیش مەحاڵ دەبێت. لێرەدا دەردەکەوێت سەربەستی پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە. کەسانی دیکەش، وەکو لایەنی خۆیەتی ڕەتناکرێن. مادام ئەوان کلیلی بوونی ئەویان پێیە ئەوا سەربەستی و ئامانج و کۆتایی بوون-بۆ-خۆ سنورداردەکەن. لەم حاڵەتەدا ڕووبەڕووی نموونەی پرۆژەی خۆشەویستی دەبینەوە: ئەویش سەربەستییەکی نامۆکراوە. ئەوەی بیەوێت کەسێک خۆشیبوێت سەربەستییەکەی خۆی نامۆدەکات. سەربەستییەکەم لەبەردەم ئامادەبوونی کەسێکی دیکەدا، کە خۆیەتییەکی ڕووتە و من دەکات بە بابەت، نامۆ دەبێت. هەرگیز لەبەردەم کەسێکی بەبابەتکراو نامۆ نابێت. لەم حاڵەتەدا، نامۆبوونی کەسە حەزلێکراوەکە، کە حەزلێکەرەکە خەونی پێوە دەبینێت شتێکی ناکۆکە چونکە حەزلێکراوەکە تەنیا بوونی حەزلێکەرەکە بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێنێت تاکو لەوێوە خۆی بە بابەتەکانی دیکەی نێو جیهان بگەیەنێت. کەوابوو، ئەم تێپەڕکردنە بابەتێک پێکدەهێنێت، کە هەموو بابەتەکان ڕەتدەکات. هەریەکێک لە دوو خۆشەویســـتەکە دەیەوێت لە هەســـتکردنەکەیدا ببێت بە بابەتی سەربەستییە نامۆکەی ئەوەی دی. ئەم هەســـتکردنە، کە خۆشەویستییەکی ڕاســـتەقینەیە، وێنەیەکی ناکۆکی بوون-بۆ-خۆیـــە. هەریەکێک لە ئەوان بەقەد داواکارییەکەی لە نامۆکردنی بەرانبەرەکەیدا خۆشی نامۆدەکات. هەریەکێک لە ئەوان دەیەوێت بەرانبەرەکەی حەزیلێبکات بەبێ ئەوەی بزانێت، کە خۆشەویستی لە هەردوو لاوەیە. پەیوەندییەکانی خۆشەویستی سیسیەمێکی نادیاری ئاماژەکردنەو لە تێڕامانی تێڕامان لەنێو ئاگامەندییدا دەچێت. هەریەکێک لەلایەنەکان [لەم پەیوەندییەدا] بۆ ئەوەی کەســـەکەی دیکە بدۆزێتەوە دەبێـــت خۆی بکات بە بابـــەت. هۆکاری ئەمەش لەوەدایە، کـــە نەبوونێکی لەبن نەهاتوو ئاگامەندییەکانی لە یەکدی جیاکردۆتەوە. ئەم نەبوونییەش ڕەتدانەوەیەکی

ناوەکیـــی یەکێکیانە دژی بەرانبەرەکەی و ڕەتدانەویەکی فاکتۆریشـــە لەنێوان دوو ڕەتدانەوەی ناوەکییدا. خۆشەویستی هەوڵدانێکی ناکۆکە بۆ لەناوبردنی ڕەتدانەوە فاکتۆرییەکە و هێشـــتنەوەی ڕەتدانـــەوە ناوەکییەکە. من دەمەوێت کەســـەکەی بەرانبـــەرم حەزملێبکات و هەموو هەوڵێک دەدەم ئەم پرۆژەیە بەئەنجام بگەیەنم؛ بەڵام ئەگەر کەســـەکە منی خۆشـــبوێت ئەوا ڕادیکاڵانە بە خۆشەویستییەکەی من هەڵدەخەڵەتێنـــێ. داوا لەو دەکەم، وەکو خۆیەکـــی ڕووت من بکات بە بابەتێکی گرنـــگ و تایبەت بۆ خۆی. کاتێـــک حەزملێدەکات من، وەکو خـــۆ دەبینێت، کە لەنێـــو بوونی بەبابەتکراوی ئـــەودا نوقم بووم. ئەو خـــۆی بەرانبەر بوونی (خۆ) یەتی من دەدۆزێتەوە. گرفتی بوونم-بۆ-کەسانی دیکە بێچارەیە. هەریەکێک لە دوو خۆشەویســـتەکە بۆ خۆیان، وەکو (خۆ) دەمێنێتەوە: هیچ شتێک نییە ئەم حاڵەتە بگۆڕێت؛ پێکهاتەکەیان لەناوبەرێت، تەنانەت بە فاکتۆریش دەکرێن. بەلای کەمەوە هەریەکێک لە ئەوان توانیویەتی خۆی لە مەترسی سەربەستی بەرانبەرەکەی ڕزگار بکات، بەڵام چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد. ئەو لەدەست ئەوە ڕاناکات کەسەکە ئەم دەکات بە بابەت و ســـنوردارییدەکات. هۆکاری ڕاکردنەکەی ئەوەیە، کە کەســـەکە ئەم، وەک (خۆ) دەبینێت و داوای لێدەکات بەمشێوەیەش بمێنێتەوە. لەسەرەتادا، هەریەکێک لە ئاگامەندییەکان خۆی لە زنجیرەکە ڕزگاردەکات و بەرانبەرەکەی دەکات بەبابەت. لە پڕدا، تەلیســـمەکە دەشکێنێت؛ بەرانبەرەکەی دەبێت بە داردەستێک لەنێو داردەســـتەکانی دیکەدا. ڕاستەقینەی خۆشەویستی لەنێو کایەی ئاوێنەکاندا دەبێت بە وێنەیەکی ئەندێشـــاوی. دوایی، دوو خۆشەویســـتەکە لە ئەزمونەکەیاندا دەیانەوێت بوونی خۆیان بۆ یەکدی لە نێو سەربەســـتی یەکدیدا بپارێزن. ئەمەش داوادەکات، کەســـەکەی دیکـــە لەو دیو جیهانەوە بە (خۆ) و ســـەرچاویەکی ڕەها دابنرێت، کە جیهان دەهێنێتەکایەوە. لێرەدا دەبێت کەســـی ســـێیەم تەماشـــای ئەم دوو خۆشەویســـتە بکات تاکو بتوانن یەکدی، وەکو بابەت ببینن. ڕاســـتەوخۆ دەردەکەوێت کەســـەکەی بەرانبەرم بەرزێتییەکی ڕەها نییە؛ بەڵکو بەرزێتییەکی-بەرزێتییە و کەسێکی دیکە، بێجگە لە من دۆزیویەتییەوە. پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵیدا دەبێت بە ئەگەرێکی مردوو نەک پەیوەندییەک لەنێوان بابەتێکی سنورداری بەرزێتییەکان و سەربەســـتییەکە. خۆشەویستییەکە دەبێت بە بابەتێک نامۆ و ڕوو لە کەسی سێیەم دەکات. لەبەر ئەمەیە دڵدارەکان حەزیان لە تەنیاییە. دەرکەوتنی کەسی سێیەم، گرنگ نییە هەرکەسێک بێت، ڕووخاندنی خۆشەویستییەکەیانە. بەڵام تەنیایی فاکتۆری (بۆنموونە من تەنیا لەژوورەکەمدا دانیشتوم) تەنیایی بیردۆزەیی نییە. ئەگەر کەســـیش من نەبینێت هێشتا بۆ هەموو کەسێکین و ئێمەش ئاگامان لە بوونی ئەوانە. لەم حاڵەتەدا، خۆشەویستی، کە شێوازی بوونە بۆ کەسانی دیکە تۆوی لەناوبردنی خۆی هەڵدەگرێت.

ئێمه، لێرەدا، پێناســەی ڕووخاندنی سێ لایەنی خۆشەویستیمان کرد: یەکەم، لە ناوەڕۆکدا [خۆشەویستی] فریودانە و ئاماژەکردنە بۆ شتێکی لە کۆتایی بەدەر، چونکە لە خۆشەویستیدا کەسەکە دەیەوێت حەزیلێبکرێت. کەوابوو، ئەمەش حەزە لەوەی، کە بەرانبەرەکەی حەزیلێبکات. تێگەیشــتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانە لەم فریودانە لە خۆشەویســتیدا هەیە، ئەویش تێرنەبوونێکی بەردەوامە لای دڵدارەکە. ئەم تێگەیشــتنە لە ئاکامی هەســتکردن بە کەمی لە ئاستی خۆشەویستییەکەدا نییــە، بەڵکو لەوەدایە، کە ئــەوەی دڵدارەکە دەیەوێت پێی نەگەیشــتوە. چەند کەسەکە منی خۆشــبوێت ئەوەندەش بوونی خۆم وندەکەم و فرێدەدرێمە بەردەم لێپرسینەوەکەم و بەجێ دەمێنم.

دووەمیــش، بە ئاگاهاتنەوەی خۆشەویســتەکەم هەرکاتێک بێــت ڕوودەدات. ئەو دەتوانێت من بکات بە بابەت. ئەمەش نامســۆگەرییەکی بەردەوامە. ســێیەم، خۆشەویســتی ڕەهایە و کەسەکەی بەرانبەرم دەیکات بە شتێکی پەیوەندیدار یان ڕێژەیی. لەحاڵەتێکدا من و خۆشەویســتەکەم هەمیشــە لەنێو جیهاندا تەنیا بژین دەتوانین خۆشەویســتی بە ڕەهایی بهێڵینەوە. ئەمەش بەردەوام دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی شەرمەزاربوون یان شانازی لای دڵدارەکە. هەوڵدانەکەم بۆ توانەوەی بوونم لەنێو بابەتگەرێتییدا بێهودەیە. ســۆز و عاتیفەم دەســتکەوتیان تێدا نییە. کەســەکەی دیکە ئاماژەی بۆ خۆیەتی من کردووە، کە سەلماندنی دژوارە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری خەم و پەژارە و هەوڵدان بۆ دروســتکردنی یەک ناسنامە بۆ خۆم و کەسەکەی دیکە. پرۆژەی توانەوەی بوونم لە ئەودا بە لەناوبردنی خۆیەتییەکەم دەگرمەبەر تاکو خۆم لەناوبەرم. ئەم پرۆژەیە هەڵوێســتێکی ماســۆچیزمە. مادام کەســەکە بناخەی بوونمە-بۆ-کەســانی دیکە، ئەگەر بۆ بوونم پشت بەو ببەستم، ئەوا دەبم بە بوونێکی-لەنێو-خۆی بە سەربەســتی دۆزراوە. لێرەدا خۆیەتییەکەی من لە ئاستی کردەوەی کەسەکەدا بۆ دۆزینەوەی بوونم بە ڕێگرێک دەبینرێت. ئەم خۆیەتییە ڕێگرەش پێویستە سەربەســتانە ڕەتبدەمەوە؛ خۆم بکەم بەبابەت. من دەمەوێت تەنیا بابەت بم. پشــت بە کەسەکەی دیکە دەبەستم. مادام ئەم بوونەی خۆشم شەرمەزارمدەکات، ئەوا حەز لە شەرمەزارییەکەشم دەکەم چونکە دەبێت بە ئاماژەکردن بۆ بەبابەت بوونی بوونم. مادام کەسەکە دەیەوێت ببم بەبابەتی حەز و ئارەزووی ئەوا منیش دەمەوێت حەزم لێبکرێت و بە شەرمەوە خۆم دەکەم بە بابەتی حــەز و ئارەزووەکەی ئەو. لێرەدا نکۆڵی لــە بەرزێتییەکەم دەکرێت. من نامەوێت سەربەستییەکەی ئەو بگرم، بەپێچەوانەوە، دەمەوێت سەربەستییەکەی ڕادیکاڵانە بەربڵاو بێت. چەند هەســت بە داگیرکردنی خۆم لە گەیشــتن بە ئامانجەکانی ئەو بکەم ئەوەندەش چێژ و خۆشــی لە ناوبردنی بەرزێتییەکە وەردەگرم. دواجاریش، خــۆم تەنیا، وەکو بابەت دەبینم؛ ڕادیکاڵانە، وەکو بوون-لەنێو-خۆ. ماســۆچیزم،

وەکو سـادیزم، هەسـت بە تاوانکردنـی لەدوایە. کاتێک خـۆم بەبابەت دادەنێم بەرانبەر بوونم هەسـت بە تاوان دەکەم چونکە بـە نامۆبوونێکی ڕەها ڕازیبووم. لە ئاسـتی کەسەکەی بەرانبەریشم هەسـت بەتاوان دەکەم چونکە دەبمە هۆکاری هەسـتکردن بە تاوان لەودا. ئەوی نکۆڵی لە سەربەستییەکەم دەکات. ماسۆچیزم ئەوەنییە کەسەکەی بەرانبەرم لەگەڵ بەبابەتبوونی خۆم سەرسام بکەم. ماسۆچیزم سەرچاوەی گێژبوونە. گێژبوونێک، نەک لە ئاستی زەمین یان تاشەبەردێکدا، بەڵکو لە ئاستی خۆیەتی کەسانی دیکەدا.

بەڵام ماسـۆچیزم خۆ بەزێنە و سەرکەوتو نییە. بۆ ئەوەی خۆم لە ئاستی بە بابەتکردنی بوونمدا سەرسـام بکەم، دەبێت هەست بەو بوونە بکەم بۆ کەسەکەی دیکـە بووە بە بابەت. ئەمەش مەحـاڵ نییە. کەوابوو،، من دەتوانم لەبەردەم ئەو بوونەی خۆمدا سەرسـام نەبم. پێویست ناکات یان بێهودەیە ماسۆچییەک لەسەر ئەژنۆ دانیشێ و خۆی بخاتە حاڵەتێکی نا ئاساییەوە، تاکو وەکو ئامێرێکی مردوو بەکاربێت. ئەو بۆ کەسەکەی دیکە ناچالاکە! بۆ ئەو خۆی دەخاتە نێو ئەمحاڵەتەوە. بەڵام بوونی حوکمی بەسەردا دراوە بۆ خۆی بێت. لە بەرزێتییەکەی خۆیەوە دەبێت بـە بوونێک بۆ بەرزێتی. چەند تامی بەبابەتبوونـی خۆی بکات ئەوەندەش لەنێو ئاگامەندی خۆیدا نوقم دەبێت و دوودڵیش دەبێت. ئەو پیاوە ماسـۆچییەی پارە بـە ژن دەدات تاکـو بە قامچی لێیبدات ژنەکە، وەکو ئامێـر بەکاردەهێنێت. لەم پەیوەندییـەدا خۆی بە بەرزێتی دادەنێت. لە ئاکامدا، بۆ ماسـۆچی کەسـەکەی دیکـە بابەتە و تێپەڕیدەکات تاکو بە بوونـی خۆی، وەکو بابەت بگات. با بیر لە ئەشکەنجەی (ساشـەر مۆش) بکەینەوە. بۆ ئەوەی قێز لە خۆی بکاتەوە، جنێوی پێبدرێت و شـەرمەزار بێت ئەو ژنەی بەکاردەهێنا، کە خۆشـی دەویسـت. ئەو دەیویست بەو شێوەیەی ژنەکان خۆیان دەکەن بە بابەت و هەستیان بە بابەتکردنی خۆیان دەکرد بیان بینێت. بەمشێوەیە، لەهەمووڵایەکەوە ئەو بابەتەی ماسۆچییەک دەیەوێـت ڕادەکات و ناگیرێ. هەروەها دەشـێ ڕووبدات یان بە ڕاسـتی کاتێک ڕوودەدات ئەو بۆ سـەلماندنی بەبابەبیوونی خۆی بەبابەتبوونی کەسـەکەی دیکە دەدۆزێتەوە. لەمڕووەوە ماسۆچیزم خۆبەزێنە. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە ئەگەر ماسـۆچیزم بە ئامێرێک و ئەو ئامێرەش بەسـەرنەکەوتو دابنێیـن. بەڵام لێرەدا باسـی بونیادی سەرکەوتنەکە ناکەین بەڵکو ئەوەندە بەسە بڵێین، کە ماسۆچیزم هەوڵدانێکـی بەردەوامە بۆ لەناوبردنی خۆیەتی خۆ بە هـۆکاری توانەوەی لەنێو کەسێکی دیکەدا؛ بەڵام ئەمە هەوڵدانێکی سەرنەکەوتوە.

٢- هەڵوێستی دووەم لە ئاستی کەسانی دیکەدا: گوێنەدان، ئارەزوو، ڕق و سادیزم

سەرنەکەوتنی هەڵوێستی یەکەم لە ئاستی کەسانی دیکەدا بەرەو هەڵوێستێکی دیکەمان پەلکێشدەکات. بەڵام هیچ کام لەم دوانە یەکەم نییە. هەردووکیان هەڵوێستی گرنگن بۆ بوون-بۆ کەسانی دیکە و بنەڕەتین. دەشێ ئەو کاتەی نەتوانم خۆم بکەم بە ئاگایی کەسەکەی دیکە و یەک ناسنامە بۆ هەردووکمان دروست بکەم بە مەبەستەوە ڕووی تێبکەم و تەماشای بکەم ڕووبدات. تەماشاکردنی تەماشای کەسەکە دامەزراندنی سەربەستییەکەی خۆمە. دەمەوێت بە سەربەستییەوە بەرەنگاری سەربەستییەکەی ئەو بکەم. واتای بەرەنگاری بە سەرهەڵدانی ئەم دوو سەربەستییە بەرابنەر یەکدی بەرجەستە دەبێت. بەڵام ئەم هەوڵدان و مەبەستە توشی نائومێدی دەبن چونکە کاتێک بە سەربەستییەوە ڕووبەڕووی کەسەکە دەبمەوە، من ئەو دەکەم بە بابەت. ئێمە لەم سەرنەکەوتنە دەکۆڵینەوە و دەمانەوێت لە خەسلەتەکانی تێبگەین. من تەماشای کەسەکە دەکەم، کە تەماشام دەکات، بەڵام تەماشای تەماشاکردن ناکرێت. تەماشاکردنەکەی ئەو بە تەماشاکردنی من وندەبێت و بێجگە لە چاوەکانی ئەو چی دیکە نابینم. لێرەدا، کەسەکە دەبێت بەو هەبووەی من خاوەنیم. ئەویش بڕوا بە سەربەستییەکەم دەکات. ئەمەش من دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی ئامانجەکەمم وەدەست کەوتبێت چونکە بووم بە خاوەنی ئەو هەبووەی کلیلی بەبابەتبوونی منی هەڵگرتوە و دەتوانێت بە هەزار ڕێگە سەربەستییەکەم بسەلمێنێت. بەڵام، لەڕاستیدا هەموو بونیادەکە هەرەسی هێناوە. ئەو بوونەی من خاوەنیم کەسەکەیە، وەکو بابەت. ئەویش وێنەیەکی سادەی منی لە لا دروست بووە، کە ناتوانێت بمگرێت. ئەگەر کاریگەرێتییەکانی سەربەستییەکەم بناسێت و منیش بە هەزار ڕێگە کار لەسەر بوونی بکەم، ئەگەرەکانی بوونی بە هۆکاری ئەگەرەکانی بوونمەوە تێپەڕبکەم لەبەرئەوەیە، کە ئەو بابەتێکە لەنێو جیهاندا و لەدەرەوەی سەلماندنی سەربەستییەکەمدایە. نائومێدبوونەکەم زۆرتر سەقامگیر دەبێت ئەگەر هەوڵبدەم جارێکی دیکە سەربەستییەکەی ئەو لەنێو بابەتەکاندا بدۆزمەوە. بەڕێگەی داگیرکردنی لەشییەوە ئەو هەڵوێستانە دیاریبکەم سەربەستییەکەی ئەوی تێدان. هەموو ئەم هەوڵدانانە، کە هەموو کەسێک چاوەڕوانیانە سەرنەکەوتوون. ڕوودەدات "تەماشاکردنی تەماشاکە" ڕووبەڕووبوونەوەی بوون-بۆ-کەسانی دیکە بێت. واتە، لەگەڵ ئامادەبوونم لەنێو جیهاندا دەتوانم هەڵبژێرم تەماشای تەماشاکردنی کەسانی دیکە بکەم؛ خۆیەتی بوونم لەسەر خۆیەتی ڕووخاوی ئەوان دامەزرێنم. ئەم هەڵوێستە بە 'گوێنەدان' ناوزەد دەکەین. ئێمە مامەڵە لەگەڵ جۆرێک نابینا لە ئاستی کەسانی

دیکەدا دەکەین. بەڵام چەمکی 'نابینا' نابێ توشی ونبوونمان بکات. نابینابوون حاڵەت نییە؛ من لە ئاستی کەسانی دیکەدا نابینام. نابیناییەکەشم لەناوەوە تێگەیشتنمە لە بوون-بۆ-ئەوان؛ لە بوونی ئەوان، وەکو تەماشاکردن. تێگەیشتنەکەش دەبێت بە هاندەر بۆ خۆشاردنەوەم. کەوابوو، توشی سۆڵپسیزمێکی فاکتۆری دەبم؛ کەسانی دیکە ئەو فۆرمانەن لەسەر شەقامەکە هاتوچۆ دەکەن، ئەو بابەتە جادوگەرانەن لە دوورەوە کاردەکەنە سەر من و کردەوەکانیشم. من بەترسەوە هەستیان پێدەکەم؛ بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەم، کە بە تەنیا بژیم، وەکو چۆن فڵچە بەسەر دیوارەکەدا دەهێنم، فڵچە بەسەر ئەوانیشدا دەدەم. خۆم دوورەپەرێز ڕادەگرم. سەربەستییەکەیان، وەکو بابەت دەبێت بە ڕێژەیەکی نەگۆڕی دژوەستان بۆ من. تەنانەت بیر لە تەماشاکردنەکەشیان ناکەمەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەوان شتێک لەبارەی منەوە دەزانن، بەڵام زانینەکەیان دەست لە بوونم نادات. ئەوان باسی بوونی خۆیان بەو جۆرەی هەن نەک بەو جۆرەی من هەم دەکەن. ئەم 'کەسانە' کارکردنن: بلیتفرۆشەکە تەنیا بلیت دەفرۆشێت؛ خزمەتکاری قاوەخانەکە خزمەتدەکات. بۆ من زانینی کلیل و ئەو چەمکە گرنگانەی کارکردنەکانیان دەناسێنێت سودبەخش دەبێت. کەوابوو، ئەمەیە سایکۆلۆجی ڕیالیستی سەدەی هەڤدەهەم لە فەرەنسا بە ئێمەی داوە: هەروەها نوسراوەکانی سەدەی هەژدەهەم، وەکو نوسراوەکەی بیرۆڵد دی ڤێرڤیل (چۆن سەرکەوتوو دەبێت)، (پەیوەندییە ترسناکەکانی) لاکلۆس، (نوسراوێک لەسەر چڵێسی) لەلایەن هێرۆڵت دی شێڵێش، هەموویان زانینێکی کردەکی سەبارەت کەسانی دیکە بە ئێمە دەدەن. لە نابیناییەکەدا، من بوونی کەسەکەی دیکە، وەکو خۆیەتییەکی ڕەها و بناخەی بوونم-بۆ-لەنێو خۆ و بوونم-بۆ-ئەوان و بەتایبەتی لەشم-بۆ-ئەوان پشتگوێ دەخەم.

دڵنیام لەوەی من، کە نازانم تەماشاکردنی کەسەکە ئەگەرەکان و لەشم چەقوەستاو دادەنێت. من لەنێو حاڵەتێکدام بەپێچەوانەی شەرم و ترسەوەیە. لەمحاڵەتەدا هەست بە بارسوکی دەکەم؛ شەرم لە خۆم ناکەم چونکە لەدەرەوە نیم و نامۆ نیم. ئەمحاڵەتی نابینایی دەکرێت تاکو ئەو ڕادەیەی بڕوای خراپ ئارەزومەندێتی درێژخایەن بێت و چەند ساڵێک بخایەنێت یان هەموو ژیان بگرێتەوە. هەندێک کەس بەم نابیناییەوە دەمرن و بۆ ساتێک ڕۆشنایی بە چاویان نابینن و نازانن کەسانی دیکە چین.

تەنانەت، ئەگەر کەسێک لەمحاڵەتەشدا بتوێتەوە، ناجۆری ئەزمونەکە لەبیرناکات. ئەمیش، وەکو هەموو حاڵەتەکانی دیکەی بڕوای خراپ هانماندەدات خۆمان دەربازبکەین. نابینایی، کە پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە هەیە، هەموو ئەزمونێکی زیندووی بە بابەتبوونی خۆم دەشارێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، کەسەکەی دیکە بە سەربەستییەکەیەوە و بابەتێتی منیش بە نامۆبوونەکەیەوە لەوێدان و

هەســـتیان پێنەکراوە. بەڵام لە تێگەیشـــتنەکەم بۆ جیهان و بوونم لەنێو جیهاندا ئامادەبوون. بلیتفرۆشـــەکە، کە کردەوەیە، بەو کردەوەیەی خۆی بۆ من لەدەرەوە دەردەخات، ئەگەرچی لە کردەوەکەش تێنەگەین.

ئەمەش هەســـتکردنێکی بەردەوامە بە نەبوونی و نائاســـایی. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەو بۆ دوو فاقی پەیوەندییەکەم لەگەڵ کەسانی دیکەدا:

یەکەم، گرفتی خۆپاراســـتنم لەو مەترســـییەی لە ئاکامـــی بوونم-لەدەرەوە-لەبەردەم سەربەسستی کەسانی دیکەدا سەرهەڵدەدات. دووەم، گرفتی بەکارهێنانی کەسەکەی دیکە تاکو هەمووی ئەو بوونە کەمە پێکبێت، کە منە، دێتە پێش. من دەمەوێت بازنەکراوەکە دابخەم و ببم بە بناخەی بوونم. بەڵام لەناوچوونی کەسەکەی تەماشام دەکات من فرێدەداتەوە نێو خۆگەرایەتییەکی نەسەلمێنراو. بوونم دەکات بەو هەوڵدانە بەردەوامە بەرەوتێگەیشتن لە بوونێکی-لەنێو-خۆی-بۆ-خۆ. من بەبێ کەســـەکە بە تەواوی و ڕووتی لەم پێویستییە ترســـناکەی سەربەستی تێدەگەم. دەزانم، کە ناتوانم لە ئاســـتی خۆ دروســـتکردنەکەمدا نکۆڵی لە لێپرسینەوەکەم بکەم یان بیخەمە ئەستۆی کەسێکی دیکە هەرچەندە من ئەوەم هەڵنەبژاردبێت یان لەدایکیش نەبووبێتم. لەلایەکەوە، نابینا لە ئاستی کەسانی دیکەدا بە ڕادەیەک من لە مەترسیی سەربەستییەکەی ئەوان ڕزگاردەکات. بەڵام لەنێو خۆیدا و بەشاراوەیی ناســـینەوەی سەربەستییەکەی تیدایە. لەبەر ئەم هۆکارە، لەو کاتەوە من خۆم بە خۆیەکـــی تایبەت و ڕەها دادەنێم چونکە من بینراوم، هەســـتی پێناکەم و ناتوانم خۆشـــم لەو بیننە بپارێـــزم و دەمخاتە نێو بابەتگەرێتییەکـــی توندڕەوانەوە. من بەبـــێ ئەوەی بتوانم ڕوو لـــە خاوەنەکەم بکەم بووم بە خاوەنێتی کەســـەکە. بۆ سەلماندنی ڕاســـتەوخۆی تەماشاکردنی کەسەکە و بەرگریکردن لە خۆم، کەسەکە دەخەمە بەر تاقیکردنەوە و دەبێت بیکەم بە بابەت. ئەگەر کەســـەکە، ئەو کاتەی تەماشـــامدەکات، بیکەم بە بابەت بۆ خۆم، ئەوا من بەبێ ئەوەی بزانم کەوتومەتە مەترســـییەوە. نابینایییەکەم، کەوابوو، دوودڵییە چونکـــە لەگەڵ خۆیدا ئاگایی و هەســـتکردنی "سەرسوڕمان و تێنەگەیشتنی" تەماشـــاکردنی هەڵگرتووە. منیش لەنێو مەترســـی نامۆبوونم لەپشت خۆمەوە ڕادەوەستم. ئەم بارودۆخە نا ئاساییە بوارێکی دیکە بۆ داگیرکردنی سەربەســـتی کەسەکەی دیکە نیشاندەدات. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە من واز لە کەسەکە، وەکو بابەت، ئەو کەسەی دەیەوێت بوونم بســـڕێتەوە بهێنم و بیکەم بە ئامێر تاکو سەربەستییەکەی بگرم. مادام من ڕوو لەو بابەتە دەکەم ناتوانم لە ئاســـتی بەرزێتییەکەیدا بەرپرســـی بکەم. مادام منیش لەو ئاســـتەدا، کە ئەو دەکەم بە بابەت، خۆمم، بیر لەو شتەش ناکەمەوە، کە حەزدەکەم دەستم بکەوێت.

کەوابـــوو، من لەنێـــو بارودۆخی هەڵچون و هەڵوێســـتێکی ناکۆکـــدا بەرانبەر

بابەتەکە دەژیم: نەک تەنیا ناتوانم ئەوەی لەوم دەوێت وەدەســـتی بهێنم، لەسەرو ئەم کارەمەوە زانینە بەکردەوەکەشـــم لەبارەی ئەوەی حەزدەکەم دەســـتم کەوێت دەشاردرێتەوە. خۆم دەخەمە نێو گەڕانێکی بێچارە بەدوای سەربەستی کەسەکەی دیکـــەدا و لەنیوەی ڕێگە تێدەگەم گەڕانەکەم هیچ واتایەکی نییە. هەوڵدانەکانم بۆ پەیداکردنـــی واتاش ئەوەندە زۆرتر لە واتا دوورم دەخەنەوە و پەرێشـــانم دەکەن. ئەمەش لەوە دەچێت من هەوڵبدەم خەونێکم بیربکەوێتەوە و پەنا بۆ بیرکەوتنەوە بەرم. بەڵام ناوەڕۆکی خەونەکەم بەتەواوی لەبیردەچێت و بەهەڵە وێنەکانی دێنەوە بەرچاوم و ناوەڕۆکەکە وندەبێت.

هەوڵدانی بنەڕەتیم بۆ گرتنی سەربەســـتی خۆیەتی کەســـێکی دیکە لە ڕێگەی بەبابەتکردنییەوە لە ئارەزووی سێکســـیدا بەرجەســـتە دەبێت. هەڵبەتە جێگەی سەرســـوڕمانە ببینین دیاردەیەک، کە بەگشتی بە "ڕەتدانەوەی سایکۆفزیۆلۆجی" دادەنرێت ئێمە بە هەڵوێســـتی بنەڕەتی لەگەڵ بوونمان-بۆ-کەسانی دیکە پێناسی دەکەین. بۆ زۆرینـــەی زانایانی دەروونناس ئارەزوو، وەکو فاکتۆرێکی ئاگامەندی، بە توندی پەیوەندی بە سروشتی ئەندامانی سێکسییەوە هەیە. لە ڕێگەی خوێندی ئـــەم ئەندامانەوە لە ئارەزووی سێکســـیش تێدەگەین. بەڵام مـــادام بونیادەکانی لەش (شیردەر، منداڵبوون، هتد) جیاوازن، بونیادێکی تایبەتی سێکسیش (منداڵدان، بۆڕی هێلکە، هێلکەدان، هتد) هەڵکەوتێکی ڕەهان و سەربە ئۆنتۆلۆجی ئاگامەندی یان 'دازاین' نین، ئەوا بۆ ئارەزووی سیکسیش دروستن. ئارەزووی سێکس، وەکو ئەم ئەندامانە ســـایکۆلۆجی ئەزمونگەری لەســـەر بناخەی بایۆلۆجی دەیانناسێت. ئەمەش لە چەمکی ویســـتی سروشـــتیدا، کـــە بۆ ئـــارەزووی دەروونی بەکاردێت دەردەکەوێت. ویســـتی سروشتی جۆرە پێکهاتەیەکی ژیانی ناوەوەیە، کە دووجۆر خەســـڵەتی هەیە. لەبەر ئەم هۆیە فەیلەســـوفە بوونگەرییەکان لەو باوەڕەدابوون پێویست نەکات خۆیان بە سێکسگەرایەتییەوە ماندوو بکەن. هایدیگەر، بەتایبەتی هیچ لەبارەی سێکسەوە لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی بوونی دازایندا باسناکات. بێگومان، دەشێ بڵێین، کە 'مێینە' و 'نێرینە' لە بوونی مرۆڤدا هەڵکەتە و جیاوازی سێکسی پەیوەندی بە بوونەوە نییە چونکە ژن و پیاو هەردووکیان بەبێ جیاوازی لە بووندا هەن.

ئەم هۆکارانە ســـەلمێنەر نین. جیاوازی سێکســـی دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەو لایەنە فاکتـــۆرەی ئێمە پەســـەندی دەکەین. بەڵام ئایا بوون-بۆ-خـــۆ بە ڕێکەوت، لەبەر لەشی بوونێکی سیکســـییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین ژیانی سێکسی شتێکی زیادەیە و خراوەتەســـەر بارودۆخی بە مرۆڤبوون؟ هەمانکات، لە ســـەرەتاوە دەردەکەوێت ئارەزوو لەگەڵ دژەکەیدا و هاندەرە سێکســـێیەکان بونیادی بنەڕەتی بوون-بۆ-خۆ بن. ئاشکرایە، ئەگەر حاڵەتی سێکسی مرۆڤ لە بنەمای سێکسی، وەکو لایەنێکی

فزیۆلۆجییەوە پەیدابوو‌بێت ئەوا لە بوون-بۆ-کەسانی دیکە جیانابێتەوە. بەڵام ئایا مافمان نییە ئەو پرسیارە بکەین، کە گرفتەکە، وەکو گرفتی هەستکردن و ئەندامانی هەستکردنە یان نا؟ دەڵێن، مرۆڤ بوونەوەرێکی سێکسییە چونکە خاوەنی سێکسە. ئەگەر پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێت، ئەگەر سێکس تەنیا ئامێرێک و بیرۆکەیەکی سێکسییەکەری بێت، ئایا مرۆڤ لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی سێکسییە خاوەنی سێکسە، وەکو بوونێک لەنێو جیهاندا هەیەو پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە هەبێت؟ سێکس لە منداڵییدا پێش گەشەکردنی ئەندامەکانی سێکس لەنێو لەشدا دەرکەوێت. پیاوە خەساوەکانیش ئارەزوویان دەمێنێتەوە. تەنانەت پیاوی پیریش حەزی [سێکسی] هەیە. بەکارهێنانی ئەندامەکانی سێکس بۆ چێژوەرگرتن ڕوویەکی ژیانی سێکسی مرۆڤە. "لەگەڵ ئەگەری تێربووندا" یەک شێوازی سێکسی هەیە. سێکسی گەشە پێدراویش نوێنەرایەتی ئەم ئەگەرە دەکات و دەیکات بە شتێکی کۆنکرێتی.

هێشتا شێوازی دیکەی سێکسیش هەیە، کە بە تێربوون ناگات. ئەگەر باس لەم شێوازانە بکرێت تێدەگەین، کە ژیانی سێکسی لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا دەست پێدەکات و بە مردنی کۆتایی دێت. بێجگە لەمە، نە هەستانی ئەندامی نێرینەی پیاو یان ئەندامێکی لەش تەفسیری وروژاندنی ئارەزووی سێکسی دەکات، نە کشانی گلێنەی چاویش دەتوانێت وروژاندنی ترسمان بۆ ئاشکرا بکات. لە هەموو حاڵەتەکاندا لەش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. بۆ تێگەیشتنمان ئاماژە بۆ بوون-لەنێو-جیهان و بوون-بۆ-کەسانی دیکە دەکات. من حەز لە کەسێک نەک مێرو یان گوێماسییەک دەکەم. هەروەها بەو جۆرەی هەیە و بەو جۆرەی منیش لە حاڵەتێکدا لەنێو جیهاندام حەزی لێدەکەم. ئەو بۆ من کەسێکی دیکە و منیش بۆ ئەو کەسێکی دیکەم.

گرفتی سەرەکی سێکسگەرایەتی بەم شێوەیە دەبینرێت: ئایا سێکس ڕووداوە و بەستراوە بە سروشتی ئەندامەکانی لەشەوە یان بونیادێکی پێویستی بوون-بۆ-خۆی بوون-بۆ-کەسانی-دیکەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئۆنتۆلۆجی دەگەڕێینەوە. ئۆنتۆلۆجیش لەگەڵ دۆزینەوەی واتای بوونی سێکسی بوون-بۆ-خۆ وەڵامەکەمان بۆ ئامادەدەکات. بە گوێرەی باسەکە لەسەر لەش بوونی سێکس واتە من، وەکو بوونەوەرێکی خاوەن سێکس بۆ کەسێکی دیکە و ئەویش بۆ من هەبێت. دەبێت ئەوەش بزانین، پێویست نییە تەنیا ئەو کەسە بۆ من یان من بۆ ئەو بەم بەوجۆرەی پەیوەندییەکە لەنێوان دوو سێکسی جیاوازدا دەبینرێت. یەکەم، تێگەیشتنم لە بوونی کەسەکەی دیکە، بەو جۆرەی خاوەنی سێکسە، بە هۆکاری بینینی پەرش و بڵاوی پرچی، زبر دەستی، دەنگی و ماسولکە بەهێزەکانی لەشییەوە نییە. ئیمە لەوێدا مامەڵە لەگەڵ ئاکامێکدا دەکەین، کە ئاماژە بۆ

حاڵەتێکی لەپێشـــتر دەکات. یەکەم تێگەیشـــتنی من بۆ کەسەکە دەکەوێتە سەر ئارەزووم. لە ڕێگەی ئارەزووەکەمەوە ئەو دەبێت بە کەســـێکی سێکسی. ئارەزوو کتوپڕ بە سێکســـی بوونی من و ئەو، لەشـــی من و لەشی ئەو بەرجەستەدەکات. کەوابوو، بۆ ئەوەی ڕێگە ئۆنتۆلۆجییەکە بۆ توێژینەوەکەمان لەسەر سێکس دیاری بکەین پێویستە لە ئارەزوو بکۆڵێنەوە. ئایا ئارەزوو چییە؟ هەروەها، لە سەرەتاوە بپرسین؛ ئارەزووی چی دەکەین؟

پێویســـتە بیرۆکەی ئارەزوو لە چێژوەرگرتن یان ئارەزوو لە کەمکردنەوەی ئازار جیابکەینەوە چونکـــە نازانین چۆن لەمحاڵەتەدا ئارەزوو خـــۆی بە بابەتەکەیەوە دەبەســـتێتەوە. هەموو ئەو بیردۆزانەی لەسەر زەمینەیەکی خۆگەرایەتی دامەزراون ناتوانـــن باس لـــەوە بکەن چۆن ئێمـــە بەتایبەتی حەز لـــە ئافرەتێک دەکەین و حەزەکەشـــمان تەنیا تێربوونێکی سێکسی نییە. لێرەدا باشترە بە هۆکاری بابەتە بەرزەکەیەوە پێناسەی ئارەزوو بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا ناگونجێت بڵێین ئارەزوو بۆ داگیرکردنی بابەتێکی ئەستویی حەزلێکراوە ئەگەر مەبەست لە داگیرکردن جوتبوونی سێکســـی بێت. هەڵبەتە جوتبوونی سێکســـی ئارەزووەکەمـــان دادەمرکێنێتەوە، بەتایبەتـــی لەوحاڵەتەدا، کە ئارەزووەکە بە ئازارە و ماندووبوونی لەگەڵدایە. بەڵام لێـــرەدا ئارەزووەکە دەبێت بە بابەتەکە و دەبێت تێپەربکرێت. ئەمەش بە هۆکاری تێڕامانێکی ئاگامەندانەوە ڕوودەدات. خودی ئارەزوو تێڕامانی نییە و ناتوانێت خۆی بکات بە بابەتی بیرکردنەوە و تێپەڕیبکات. تەنیا کەسێکی داوێن پیس خۆی، وەکو ئارەزوو دەبینێت؛ مامەڵە لەگەڵ بوونی خۆی، وەکو بابەت دەکات، دەیوروژێنێت و دایدەمرکێنێتەوە. پێویستە ئەوەش ببینین، کە ئارەزوو دەبێت بە ئارەزوولێکراو.

هەڵەکەش، لێرەدا، لەوەدایە ئێمە واتێگەیشـــتوین جوتبوونی سێکسی ئارەزوو خەفـــەدەکات. لەبەر ئەمە چێژمان بە تێربوونی ئـــارەزوو داناوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتـــەوە بۆ چەند لایەنێکی دەرەکی (وەکـــو زاوزێ، پیرۆزی منداڵبوون، هێز و توانـــا لـــە تەواوبووندا و هەموو ئەو هێمایانەی بۆ ســـێکس دانـــراون و هتد). لەم ڕووەوە، پیاوە ســـادەکان تەواوبوون دەکەن بە تەنیا ئامانجی ئارەزووەکەیان. ئەمەش بووە بە بنەمای تێگەیشـــتن لە ئارەزوو، وەکو ویســـتێکی سروشتی، کە بناخە و کۆتاییەکەی بە ئەندامەکانی لەشـــی مرۆڤەوە گرێدراون. بۆنموونە، دەبێتە هـــۆکاری وروژاندن و تەواوبوون [لە جوتبووندا]. بـــەڵام خودی ئارەزوو جوتبوون نییە و داواشـــی ناکات. ئەمەش لە منداڵدا یان لەو کەسانەشـــدا دەردەکەوێت، کە نازانن چۆن سێکس بکەن. ئارەزوو، بەهەمانشێوە، ئارەزووکردنی کارێکی شەیدایی نییە؛ فرەجۆری کردەوە سێکسییەکانیش ئەمە دەسەلمێنن، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگۆڕێن. بەگشتی، ئارەزوو ئارەزووی کردەوە نییە. کردەوە پاش ڕووداو دەکەوێت. لە دەرەوەدا دەخرێتە سەر ئارەزوو. لەگەڵ ئەمەشدا گرنگی کاتی

دەســـتگیرانی دەردەخات. تەکنیکی جیاواز بۆ شەیدابوون هەیە. هەر تەکنیکەش ئامێر و کۆتایی خۆی هەیە. مادام ئارەزوو خۆی خەفە ناکات و لە کردەوەکەشـــدا نابێت بە دوا ئامانج، ئەوا ئارەزوو دەبێت ڕوو لە بابەتێکی دەرەکی بکات. ئەمەش مەبەستدارێتی ئارەزووە، لەپێشتر لەسەر بۆچوونەکانی شیلەر و هوسرڵ ئاماژەمان بۆ کرد.

ئایا بابەتی ئارەزوو چییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئارەزوو ئارەزووکردنە بۆ لەش؟ لەڕوویەکەوە نکۆڵی لەمە ناکرێت. بەڵام پێویســـتە بە هەڵە لە واتاکەی تێنەگەین. بەدڵنیاییەوە لەش: قۆڵێکی ڕووت یان دەرکەوتنی نیوەی مەمک یان ڕان توشـــی پەرێشانیمان دەکات. با لە سەرەتاوە ئەو خاڵەش لەبیرنەکەین، کە ئێمە قۆڵ یان لایەکی مەمکە ڕووتەکە بە ئامادەبوونی هەموو لەشـــی کەسەکەوە دەبەستینەوە. لەشـــەکە بەگشتی لەوانەیە دەرنەکەوێت، من تەنیا قۆڵەکە دەبینم، بەڵام لەشەکە لەوێدایە. بە هۆکاری ئامادەبوونی لەشەکەوە من دەتوانم قۆڵەکەش ببینم. لەشەکە، وەکو قۆڵەکە ئامادەیە. ئەمەش لە نەخشـــی ئەو مافورە دەچێت، کە لەوێدا هەیە و مێزەکـــە لە منی شـــاردۆتەوە. هەروەها ئارەزووەکەم هەڵـــە ناکات؛ ئەو ڕوو لە کۆی ئەندامانی لەش و توخمەکانی ناکات. فۆرمەکەی بەگشتی دەوێت، باشتروایە بڵێین ئەو فۆرمەی لەو هەڵوێســـتەدا دەوێت. حاڵەتێکـــی تایبەتی، کە لەدواییدا ڕوونی دەکەمەوە، دەبێتە هۆکاری وروژاندنی ئارەزوو. لەگەڵ ئەمحاڵەتە تایبەتییەدا چـــواردەور و جهانیش ئامادە دەبن. کەچی لێرەدا کتوپـــڕ لەگەڵ لایەنە دژەکەدا لەوبەرەوە لەســـەر زەمینەیەکی فزیۆلۆجی ڕادەوەســـتین؟ ئارەزوو لەنێو جیهاندا حەز لە لەشەکە لەنێو بەســـتێنی جیهانەوە و دەستە جوانەکەش لەنێو بەستێنی لەشەکەوە دەکات. ئەمەش لەو خاڵە دەچێت لە بەشەکەی پێشودا ڕوونمانکردەوە چۆن لەشـــی کەســـێکی دیکە بە هەڵوێســـتەوە لەنێو جیهاندا خۆی دەردەخات. ئەمە بۆ ئێمە جێگەی سەرســـوڕمان نییە چونکە ئارەزوو لەگەڵ دەرکەوتنی لەشی کەســـێکی دیکەدا بەرجەستە دەبێت. لەبەرئەم هۆیەشـــە ئێمە حەز لە لەشەکە، وەکـــو بابەتێکی ماتەری ناکەین؛ بابەتێکی ماتەری ڕووت بە هەڵوێســـتەوە ناژی. کەوابوو ئەو هەمووە ئۆرگانیکییەی کتوپڕ بۆ ئارەزوو ئامادە دەبێت لەوێدا دەبێت بـــە بابەتێکی حەزلێکراو، کە ئامادەبونەکـــەی بە تەنیا لایەنێکی زیندووی نەبێت، بەڵکـــو خاوەنی ئاگامەندیش بێت. لەبەر ئەمە بەرجەســـتەبوونی کەســـانی دیکە لەنێو هەڵوێســـتدا، کە ئارەزوو دەیدۆزێتەوە فۆرمێکـــی بنەڕەتییە. بێجگە لەمە، ئەو ئاگامەندییەی باسیدەکەین لایەنێکی بوونی بابەتە حەزلێکراوەکەیە؛ وێنەیەکی جوڵاوی بابەتەکەمان لەنێو جیهاندا دەداتێ، کە دەبێت بە بەشـــێک لەنێو جیهانی مندا. بێگومان، کەسێک دەتوانێت ئارەزووی ژنێکی خەوتو بکات. کەسەکە خەوتنی ژنەکە بە ئاگامەندییەکەیەوە دەبەستێتەوە و لەنێو ڕەهەندی حەزلێکردن لە لەشی

دەمێنیتەوە. واتا بۆ هەموو لەشی پەیدادەکات. لەشێکی زیندو، وەکو هەموویەکی ئۆرگانیکی لەنێو هەڵوێستدا ئاگامەندانەیە؛ ئەم بابەتەیە ئارەزوو دەیەوێت بیگاتێ. ئایا ئارەزوو چی لەم بابەتە دەوێت؟ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست ناکەوێت تاکو پرسیارێکی لەپێشتر وەڵام نەدەینەوە: ئایا ئەو کەسەی ئارەزوومەندە کێیە؟ وەڵامەکە ئاشکرایە. ئەو کەسە (من)م. ئارەزووش شێوازێکی خۆیەتی منە. هەروەها ئارەزوو ئاگاییە چونکە دەتوانێت خۆی بناسـێت. لەسـەرو ئەمەشەوە پێویست ناکات ئەم جۆرە ئاگاییە لەو ئاگاییەوە جیابکەینەوە، کە دەبێتە سەرچاوەی زانین. بوون-بۆ-خۆ ئەو کاتەی خۆی، وەکو ئارەزوو هەڵدەبژێرێت، بەپێچەوانەی (هۆکار)ی ڕواقییـەکان، کە هۆکرد پەیدادەکات، ئەم ئارەزوو دروسـتناکات. بوون-بۆ-خۆ خۆی دەخاتە سـەر زەمینەی شـێوازێکی بوونی، کە لە شـێوازەکانی دیکەوە، بۆنموونە شێوازێکی بوونی مێتافیزیکییەوە، جیاوازە. هەموو ئاگاییەک، بەو جۆرەی لەپێشـتر بینیمان، پشـتگیری پەیوەندییەکی خۆی لەگـەڵ فاکتۆرێکدا دەکات. ئەم پەیوەندییەش بەگوێرەی شـێوازی ئاگاییەکە دەگۆڕێـت. فاکتۆری ئازار لە ئاگامەندییـدا لە کاتی ڕاکردنێکی بەردەوامـدا دەردەکەوێت. ئەمەش بۆ فاکتۆری ئارەزوو دروست نییە. ئەو مرۆڤەی ئارەزوومەندە بوونی لەش لە شێوازێکی تایبەتدا نیشـاندەدات. هەموومان لەو باوەڕەشـداین، کە ئارەزوو (شەوق) نییە. ئارەزوو، بەگوێرەی پێناسەکەی گرفتە. چەمکی (گرفت) باشتر واتای ئارەزوومان پێدەدات. ئێمە ئاوێکی پەنگخواردوو لەگەڵ ئاوێکی ڕووندا دژوەسـتاو دادەنێین و بە ئاشکرا لە یەکدییان جیادەکەینەوە. ئاوە پەنگخواردووەکە هەر ئاوە؛ جوڵانی ئاوەکە و ئەم خەسـڵەتە بنەڕەتییەی ڕاگرتوە؛ ڕوونییەکەی توشی گرفت بووە. ئێمە دەتوانین گرفتەکـە بە هۆکاری وردیلە ڕەقەکانی سـەر ئاوەکـە ڕوونبکەینەوە، بەڵام ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی زانسـتانەیە. تێگەیشتنی بنەڕەتی ئێمە لە ئاوە گیرخواردووەکە لە گۆرانی ئامادەبوونی شـتێکی نادیاردایە، کە وەکو فاکتۆرێکی بەرگریکەر خۆی ڕاگرتوە. گرفت و ئاسـت تەنگـی ئاگامەندی ئارەزووش لـە ئاوپەنگخواردووەکە دەچێت.

بۆ ئەوەی لەم لێکچونە باشـتر تێبگەین، پێویسـتە ئارەزووی سێکسی لەگەڵ برسـێتیدا بەراوردبکەین. برسێتی، وەکو ئارەزووی سێکسی، ئاماژە بۆ حاڵەتێکی لەش، کە لێرەدا بە کەمی خوێن و ئاوکردنی نێو دەم و گرژبوونەوەی گەدە و هتد دەکات. ئـەم دیاردانە بۆ بوون-بۆ-خۆ فاکتۆری ڕووتن و دەیەوێت لە دەسـتیان ڕابکات و ڕوو لە ئەگەرەکانی بکات؛ دەیەوێت تێر بێت بەو شـێوەیەی لە بەشـی دووەمی ئەم نوسراوەدا باسـمانکرد. کەوابوو، برسێتی تێپەڕکردنی فاکتۆرەکانی لەشـە. ئاگامەندیش بەبێ تێڕامان لەم فاکتۆرانە بـە ئاگایە. لەش لێرەدا دەبێت بـە ڕابردوو، هەروەها شـتێکی تێپەڕکراو. لەئارەزوی سێکسـیدا، بەدڵنیاییەوە،

بونیادێکـــی هاوبەش بۆ هەمـــوو تامەزۆکردنەکان- حاڵەتەکانی لەش پەیدادەکەین. کەســـەکەی بەرانبەریشمان گۆڕانکارییەکانی ئەندامانی لەشمان (هەستانی ئەندامی نێرینە، ڕەقبوونی گۆی مەمک، ســـوڕانەوەی خوێن، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەش و هتد) دەبینێت. ئاگامەندییە ئارەزوومەندەکە ئەم فاکتۆرە دەهێنێتەکایەوە. بـــە هۆکاری ئەم فاکتۆرەوەیە ئێمەش دەڵێین، لەشـــەکە خـــۆی وەکو حەزلێکراو دەردەخات. بەڵام ئەم تێگەیشـــتنە ئارەزووی سێکســـی دوور دادەنێت. دەبێت بە ڕاکردنێکی ڕووت لە فاکتۆر و ڕووکردن بەرەو ئەگەرە جیاوازەکان. هەموو کەسێک دەزانێت، کە بۆشـــاییەکی گەورە لەنێوان ئارەزووی سێکسی و تامەزۆکردندا هەیە. هەموومان ئەو گوتەیەمان لە یادە، کە دەڵێت "وەکو چۆن زۆر تینوتە و پەرداخێک ئاوی ســـارد دەخۆیتەوە، ئەو کاتەش لەگـــەڵ ژنێکی جواندا جووت بە، کە حەزی لێدەکەیت." ئەم گوتەیەش بیرکردنەوە لەسەری ڕازی نابێت، چونکە ئێمە ئەو کاتەی ئارەزوومەندی ژنەکەین خۆمان لە دەرەوەی ئارەزووکردنەکەدا نابینین. ئارەزوو من توشی سازشـــکردن دەکات. من تەواوکەری ئارەزووەکەمم. با هەموو کەسێک بیر لە ئەزموونـــی خۆی بکاتەوە؛ ئەو تێدەگات چۆن ئارەزووی سێکســـی ئاگامەندی تەوقدەکات؛ فاکتۆر داگیریدەکات و ناتوانێت لە دەستی ڕابکات. دواجاریش بێدەنگ خۆی دەخاتە بەردەستی ئارەزووەکەی. لەحاڵەتەکانی دیکەدا، دەردەکەوێت فاکتۆر ئاگامەندی داگیردەکات و دەیئاوسێنێت.

بەوجۆرەی باسی ئارەزوومانکرد خەسڵەتەکەی دیاریدەکات. ئێمە گوتمان، کە ئارەزوو تۆ دەگرێت و ئیفلیجت دەکات. ئایا دەتوانرێت بەمجۆرە باســـی برســـێتی بکرێت؟ ئایا برســـێتی زۆر بۆ کەسێک دەهێنێت؟ لەڕاستیدا ئەمحاڵەتە لەوێدا واتا بەخشـــە، کە چەمکی بۆشایی هەبێت. بەپێچەوانەشەوە، تەنانەت ئارەزووکردنێکی کەمیش زۆر بۆ کەسەکە دەهێنێت. کەسێک ناتوانێت بەو جۆرەی لە برسێتییەکەی ڕادەگرێت و بیر لەشـــتێکی دیکە دەکاتەوە، ئارەزووەکەی دوور ڕابگرێت. ئارەزوو ڕازیکردنـــی ئارەزووە. کتوپڕ ئەو مرۆڤەی ئارەزوومەندە دبێت بە ئارامییەکی گران و ترسناک. چاوەکانی دەچەقن و بە نیوە داخراوی دەمێننەوە. جوڵانەکانی لەشی مۆری گرانی و شیرینییان پێوە دەلکێت؛ هەندێک لەم مرۆڤانە لەوەدەچێت خەواڵوبن. کاتێک "دژی ئارەزووش ڕادەوەســـتیت"، بەرەنگاری ئەم حاڵەتە دەکەیت. ئەگەر کەسێک بەرگری بکات پێش لەناوچونی ئارەزووەکە وەکو برسێتی دوور دەکەوێتەوە و کەسەکە لەخەو ڕادەچڵەکێت. بە سەرێکی گران و خێرالێدانی دڵییەوە هەست بە شلبوونی خۆی دەکات. هەڵبەتە ئەم باسکردنە تەوا نییە: ئەو ڕێگایانە نیشاندەدەن ئێمە بە هۆیانەوە ڕاڤەی ئارەزوو دەکەین. بەهەرحاڵ، فاکتۆری ســـەرەکی ئارەزوو دەردەخـــەن: ئاگامەندی لە ئارەزووکردندا لـــە زەمینەیەکی دیکەدا فاکتۆری خۆی دەدۆزێتەوە. ئەو لە دەســـتی ڕانـــاکات و دەیەوێت خۆی بخاتە ژێر دەســـتەڵاتی

هەڵکەوتی خۆیەوە، بۆنموونە، لەو کاتەدا لەشی کەسێکی دیکە دەبینێت و حەزی لێدەکات. بەگوێرەی ئەم واتایە ئارەزوو تەنیا ئاشـــکراکردنی لەشی کەسێکی دیکە نییە، بەڵکو بەرجەســـتەکردنی لەشـــی منیشـــە. ئەمەش، لەوێدا، کە ئەم لەشە نـــەک ئامێرە و بنکەی بۆچوونە بەڵکو فاکتۆرێکـــی ڕووتە؛ فۆرمێکی هەڵکەوتوی هەڵکەوتنی پێویســـتی بوونی منە. هەست بە هەناسەدان و ماسولکەکانم دەکەم. نەک بـــۆ ئەوەی تێپەڕیان بکەم بەو جۆرەی لەســـۆز و تامەزرۆکردندا ڕوودەدات. ئـــەوان ژیانی من و ڕاســـتییە نەجوڵاوەکانمن. لە ڕێگـــەی ئەوانەوە خۆم دەخەمە نێو مەترســـییەکانی جیهانەوە. بوون-بۆ-خۆ ئـــەم هەڵکەوتە نییە. ئەو لە بوونیدا بەردەوامە و هەســـت بە لەشی خۆی دەکات یان ئەگەر بتەوێت، دەتوانین بڵێین، ئەو سەرســـوڕمانە شێوازی بوونی لەشێتی. ئاگامەندی بەبێ تێڕامان بەسەر لەشدا دەگوزەرێـــت،. حەزدەکات ببێت بە لەش و تەنیا لـــەش بێت. لە ئارەزوودا، لەش لـــە بری ئەوەی ببێت بە هەڵکەوتەی بوون-بۆ-خۆ دەیەوێت لە دەســـتی ڕابکات و خۆی بە ئەگەرەکان بگەیەنێت. ئارەزوو تەنیا ڕوو لە لەشی کەسێکی دیکە ناکات؛ ئەو یەکێتییەکی کردەوەیە پرۆژەیەکی ئاوســـاوی لە تێڕمان بەدەرە لەنێو لەشدا. کەوابوو، بورانەوە دوا قوناخی ئارەزووی سێکسییە بۆ ڕازیکردنی لەش. لەم ڕووەوە دەتوانین ئارەزوو بە ئارەزووکردنی لەشـــێک بۆ لەشێکی دیکە دابنێین و دەبێت بە تامەزرۆکردنی لەشی کەسێکی دیکە. بوون-بۆ-خۆش بە سەرسوڕمانەوە لەبەردەم لەشـــی خۆیدا ڕادەگرێت. ئەو بوونە ئارەزوومەنـــدە ئاگاییە، کە خۆی دەکات بە لەش.

گریمان ئارەزوو ئاگامەندییە و بۆ گەیشـــتن بە لەشـــی کەسەکەی دیکە خۆی دەکات بـــە لەش، ئایـــا واتای ئارەزوو چییە؟ بۆچـــی ئاگامەندی خۆی دەکات بە لەش؟ چی لـــە بابەتە حەزلێکراوەکە دەوێت؟ ئەگەر لەوەتێبگەین، کە ئارەزوو بۆ گەیشـــتن بە لەشی کەسێکی دیکە خۆی دەکات بە لەش وەڵامی ئەم پرسیارانەش ئاسان دەست دەکەون. ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە من دەمەوێت شانی ئەو بگرم یان دەست لە لاقی بدەم و لەشم بە لەشییەوە بنوسێنم. گرنگە من ئەوانە بە ئامێرێکەوە گرێبدەم، کە لەشی ئەوە و ئاگامەندی تەوقدەکات. لە کاتێکدا دەست لە شـــانی دەدەم بە تەنیا شانی ئەو نادۆزمەوە لەشی خۆشم لەگەڵیدا بەرجەستە دەبێت، دەبێتە فاکتۆرێک و بوونم، وەکو گۆشـــت قوتدەکاتەوە. کەوابوو، ئارەزوو ئارەزووکردنە لە بوون بە خاوەنی لەشـــێک، کە من بە هۆیەوە لەشی خۆم، وەکو گۆشـــت دەبینم. بەڵام ئەو لەشەی من دەمەوێت ببم بەخاوەنی دەبێ گۆشت بێت. لە سەرەتادا لەشی کەسەکە بەم شێوەیە خۆی بۆ من دەرناخات؛ ئەو تێهەلکێشەی کردەوەکانە. وەکو گۆشت نایبینین. هەروەها، لەشەکە لەنێو هەڵوێستدایە. گۆشت، بەپێچەوانەوە، هەڵکەوتێکی ڕووتـــی ئامادەبوونە و خۆی بە مکیاج و جلوبەرگ و

هتد، لەسەر و ئەمانەشەوە بە جولانەکەی خۆی شاردۆتەوە. ئارەزوو دەیەوێت جوڵانەکان و جلەکان لە لەش داماڵێت و ڕووتی کاتەوە؛ ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ دانانی کەسەکە لەنێو گۆشتدا. لەم لایەنەوە، دەست لەملکردن دەبێت بە بە خاوەنبوونی لەشی کەسەکەی دیکە. ئەگەر دەست لەملکردنەکە تەنیا ڕووکەشی بێت پەیوەندی دروستناکات و ئارەزووەکەش تیرناکات: وەکو تەماشاکردن لە دەرەوە دەمێنێتەوە و منیش ناکات بە خاوەنی کەسەکەی دیکە. ئێمە دەزانین واتای ئەو گوتەیە، "پێست بەر پێست دەکەوێت" چییە. دەست لەملکردنەکە تەنیا دەست بەر یەکدی کەوتنە. ئەو کاتەی تەنیا بە دەست لێدان دادەنرێت واتاکەشی وندەبێت. دەست لەملکردن دەست لێدانێکی ڕووت نییە. لەشی کەسەکەی دیکە، وەکو گۆشت لەگەڵ دەست لەملکردنەکەدا لەژێر پەنجەکانی مندا لە دایکدەبێت. دەست لەملکردنەکە دامەزراندنی ئەو نەریتانەیە، کە کەسەکە دەخاتە نێو لاشەوە. دەشێ لەسەر ئەم خاڵە ڕەخنەمان لێبگرن و ئەو پرسیارەش بکرێت، کە ئایا کەسەکە لەنێو لاشەدا نەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەوردی نەرێیە. مادام من کەسەکەم لەنێو هەڵوێستدا بینیوە لەشی ئەو، وەکو گۆشت بۆ من ئاشکرا نابێت. تەنانەت بۆ ئەویش بەو شێوەیە دەرنەدەکەوت چونکە ئەو بۆ ڕووکردن لە ئەگەرەکانی، لەشی خۆی تێپەردەکرد. دەستلەملکردنەکە ئەوی، وەکو گۆشت هێنایە بوونەوە. مەبەست لە گۆشت و پێست و خانەی لەش نییە. بەڵکو داماڵینی لەشە لە کردەوە و ئەگەرەکانی. پەردەلادانە لەسەر تۆڕێکی نەبزێو لەودیو کردەوەکانەوە و مانەوەی بوونێکی ڕووتە لەوێدا. کاتێک دەستی کەسەکە دەگرم و دەیگوشم هەست بە گۆشت و ئێسقانەکانی لەنێو دەستمدا دەکەم. بەهەمانشێوەش تەماشاکردنەکەم لەودیو بازدان و لاقی سەماکەرەکەوە چرچی ڕانیم بۆ دەردەخات. کەوابوو، دەستلەملکردنەکە و ئارەزوو یەک شتن. ئارەزوو لە دەستلەملکردنەکەدا، وەکو بیرۆکە بە زمان، دەردەبڕێت. دەستلەملکردن کەسەکە و من بۆ کەسەکەش، وەکو گۆشت بەرجەستەدەکات. بەڵام بەرجەستەبوونەکە بەشێوەیەکی تایبەتییە. کەسەکە دەکات بە نەبزێو و بەرزێتییەکی بەرزێتی ناچالاک. بەڵام مەبەست لە دەستملکردنەکە ئەمە نییە. لە دەستملکردندا لەشی من تێهەڵکێشەی کردەوەکان نییە؛ بووە بە گۆشت و بوونی کەسەکەش، وەکو گۆشت دەهێنێتەکایەوە. دەستلەملکردنە بەوجۆرە دانراوە تاکو لەشی کەسەکە لەنێو چێژوەرگرتندا دروستبکات. لەشی هەردووکمان دەبن بە دوو شتی ناچالاک و بەر یەکدی دەکەون. لەبەر ئەمەشە، شەیدایی و دیاردەکانی زمانی خۆیان هەیە و پێویستە لەسەری بکۆڵینەوە. لەوانەیە دەستی خۆم بە بابەتێکی بێ ژیان دابنێم کاتێک بەرزی دەکەمەوە و لەتەنیشت ژنەکەوە، کە خۆشم دەوێت دایدەنێم. پەنجەکانم بەسەر قۆڵییەوە لە کۆتایی دەستمدا دەبن بە نەبزێو. بەمجۆرە، ئاشکرابوونی گۆشتی لەشی کەسەکە ئاشکرا بە بوونی گۆشی لەشی

منەوە بەستراوە. لە ئارەزووکردن و دەستلەملکردنیشدا، کە ئارەزووەکەی لێوە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی کەسەکە لەنێو لەشدا ببینم دەبێت لەشی خۆمم لا ئاشکرا بێت. بوونی خۆم لە پێناوی بوونی ئەودا دەکەم بە گۆشت و ئەویش بەوجۆرە خۆی بۆ من نیشاندەدات. ڕێگەی پێدەدەم بە هۆکاری لەشییەوە چێژ لە لەشی من وەرگرێت و لەشی خۆشی بناسێت. خاوەنێتی[کەسەکەی دیکە] لەم دوو لایەنەی چوونە نێو لەشەوەیە. ئارەزوو دەیەوێت ئاگامەندی بچێتە نێو لەشەوە تاکو لەشی کەسەکەی دیکە بەرجەستەبکات.

پێویستە هاندەری ئارەزوو بناسین یان لە واتاکەی تێبگەین. هەرکەسێک لە توێژینەوەکان تێبگات ئەو خاڵەی بۆ دەردەکەوێت، کە بوون-بۆ-خۆ، بۆ ئەوەی هەبێت، شێوازی بوونی لەسەر زەمینەی ڕەهای هەڵکەوتنی بونی-لەوێدا، هەڵدەبژێرێت. ئارەزووش بەو جۆرەی ئاگر ڕوو لە پارچەیەک ئاسن دەکات و گەرمی دەکات، ڕوو لە ئاگامەندی ناکات. ئاگامەندی بوونی خۆی، وەکو ئارەزوو هەڵدەبژێرێت. هەڵبەتە پێویستی بە هاندەریش بۆ ئەم مەبەستە هەیە؛ من لە خۆڕا و هەموو کاتێکیش ئارەزوومەند نیم. ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا باسمانکرد چۆن ئاگامەندی ڕوو لە هاندەرەکانی ڕابردوو دەکات و گرانی و بەهاکانیان دیاریدەکات. کەوابوو، جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنی هاندەرێکی ئارەزوو لەگەڵ واتای شاڵاوکردنەکەیدا لەنێو هەر سێ ڕەهەندەکەی کاتدا نییە. ئارەزوو، وەکو هەموولایەنەکانی سۆز و ئەندێشە و هەڵوێستەکانی بوون-بۆ-خۆ خاوەنی واتایەکە، کە پێکی دەهێنێت و تێپەریشی دەکات. ئەم ڕوونکردنەوەیەش ئەگەر ڕووبەڕووی پرسیاری دیکەمان نەکاتەوە بێ کەڵکە. لەبەر ئەمە پێویستە بپرسین، بۆچی ئاگامەندی لە شیوازی ئارەزوودا خۆی لەناودەبات؟ یەک دوو سەرنجی سەرەتایی یاریدەی تێگەیشتنمان لەم پرسیارە دەدەن. پێویستە بزانین ئاگامەندی ئارەزووکەرەکە ئارەزوومەندی بابەتێک لەنێو جیهانێکی نەگۆڕدا ناکات. ئەمە بۆ سۆزیش دروستە. لە شوێنێکی دیکەشدا ئەو خاڵەمان باسکرد، کە سۆز خاوەنێتی بابەتەکەی لەنێو جیهانێکی نەگۆڕدا ناکات. مادام داوای پەیوەندی بە جیهانەوە دەکات، دەیەوێت ڕادیکاڵانەش بیگۆڕێت. بەهەمانشێوە، ئارەزووی سێکسی گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵە لە بوون-بۆ-خۆدایە. بوون-بۆ-خۆ لەم ئارەزووکردنەدا خۆی لەسەر زەمینەیەکی دیکەی بوون ڕادەگرێت؛ بوونی لەشی بە شێوەیەکی جیاواز دەردەخات و خۆی لەنێو فاکتۆردا گیرخواردوو دەکات. هەروەها، جیهانیش بۆ بوون-بۆ-خۆ بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت و دەبێت بە جیهانی ئارەزوو. ئەگەر لەشم ئەو ئامێرە نەبێت هیچ ئامێریکی دیکە سودی لێوەرگرێت، بۆنموونە تەنیا تێهەڵکێشەی کردەوەکانم بێت، وەکو گۆشت هەبێت ئەوا بەو بابەتەی دادەنێم، کە لەنێو جیهاندا دەیناسم. واتە، لەشم بە ناچاک و نەبزێو لە پەیوەندییەکەیدا بە بابەتەکانەوە دەبینم. بابەتەکانیش

خۆیـــان بۆ بۆچوونی ئەم بنکـــە نەبزێوە دەردەخەن. دەبن بە دامەزراوێکی بەرز و بوونی من لەنێو لەشدا دیاریدەکەن. هەموو پەیوەندییەک لەگەڵیاندا دەستلەملکردنە؛ هەستکردنەکەم نابێتە سەرچاوەی سودوەرگرتن لە بابەتەکان و تێپەڕکردنی ئێستا. هەســـتکردن بە بابەتێک، ئـــەو کاتەی من ئارەزوومەندم، دەســـتلەملکردنی من و بابەتەکەیە. کەوابوو، من گوێنادەمە فۆرم و شێوەی بە ئامێربوونی بابەتەکە و ئەو توخمانەی دروستیانکردوە. لە هەستکردنی ئارەزووەکەمدا لەش و گۆشتی بابەتەکان دەدۆزمەوە. کراســـەکە بە پێستمەوە نوساوە و دەجوڵێت و هەستی پێدەکەم. ئەو بابەتەی دوورە ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکەم؛ گەرمی هەواکە، جوڵەی باکە، تیشکی ڕۆژ، هتد: لە شـــیوازێکدا بۆ من هەن، دوورییەکەیان نەماوە و لە ڕێگەی لەشـــی خۆیانەوە لەشـــم دەردەخەن. لەبەر ئەمە، ئارەزوو تەنیـــا تەوقکردنی ئاگامەندی بـــە فاکتۆر نییە. لە پەیوەندییەکەیدا لەشـــم دەخاتە نێو تۆڕی جیهانەوە. جیهان دەبێت بە تۆڕ: ئاگامەندیش لەنێو لەشدا و لەشیش لەنێو جیهاندا گەمارۆ دەدرێت. ئەو شێوازی بوونەی لێرەدا دەمانەوێت، بوونە-لەنێوان-هەموو بابەتەکانی جیهاندا. بوون-بۆ-خۆ دەیەوێت لەم بوونە، وەکو دوا پڕۆژەی لەنێو جیهاندا بناسێت. لەبەر ئەمەشـــە، زۆرجار، چێژی هەســـتەکی بە مردنەوە دەبەسترێتەوە و بە گۆرانکاری یان بوون-لەنێوان-جیهاندا دادەنرێت. لە ئەدەبدا جۆرە مردنێکی ســـاختە بەردەوام باســـدەکرێت. بەڵام، ئارەزوو پێش هەموو شـــتێکە و لە سەرەتاشەوە پەیوەندی بـــە جیهانەوە نییە. جیهـــان، وەکو زەمینە بۆ پەیوەندییەکە لەگەڵ کەســـەکەی دیکەدا دەبینرێت. ئامادەبوونی کەســـەکە جیهان، وەکـــو زەمینەیەک بۆ ئارەزوو دێنێتەکایەوە. وەکو کەلوپەل، لەگەڵ ئامادەنەبوونی کەسەکەی ئێمە مەبەستمانە یان هەموو ئەوانی دیکە خۆی بەرجەستەدەکات. ئێمە ڕوونمانکردەوە ئامادەنەبوون پەیوەندییەکی بوونگەرانە و کۆنکرێتی نێوان من و کەسانی دیکەیە. بێگومان، من دەتوانم، ئەو کاتەی تەنیاشم، لەشی خۆم ببینم، هەست بە گۆشتی بکەم، ئارەزووە خنکاوەکانم و جیهانش بە خنکاوی ببینم. بەڵام ئارەزووەی تەنیایی ئارەزووکردنە بۆ کەسێکی تایبەت یان بۆ کەسێکی دیارینەکراوە.

من ئارەزوودەکەم بوونم ببێت بە گۆشـــت بۆ گۆشتێکی دیکە. دەمەوێت جادو لە کەســـەکەی دیکە بکەم و خۆی بۆ من لە شوێنێکی تایبەتدا دەربخات. ئارەزوو ڕووداوێکی فزیۆلۆجـــی نییە، خواردنی لەش نییە. بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی من و کەســـەکە بۆ یەکدی ببین بە گۆشت پێویستە ئاگامەندی خۆی بخاتە نێو فۆرمی ئارەزووکردنەوە. ئارەزوو شێوازێکی سەرەتایی پەیوندی نێوان من و کەسانی دیکەیە؛ کەسانی دیکە لەنێو جیهانی ئارەزوودا دەکات بە لەشێکی حەزلێکراو. لێرەدا، ئێمە دەتوانین واتای ئارەزوو ئاشکرا بکەین. لە ئاستی تەماشاکردنی کەسانی دیکەدا من خۆم، وەکو تەماشا پێکدەهێنم. بۆ ئەوەی خۆم لە سەربەستییەکەی کەسانی دیکە

بپارێزم و ڕەتیبکەم، تەماشـــایدەکەم. سەربەستی و تەماشاکردنەکەی دەڕوخێنم. ئەویش من دەڕوخێنێت. لەمحاڵەتەدا پێویســـتە سەربەســـتییەکەی داگیربکەم و ببـــم بە خاوەنی یان بـــەلای کەمەوە زۆر لە سەربەســـتییەکەی ئەو بکەم بڕوا بە سەربەســـتییەکەی من بهێنێت. بەڵام ئەم سەربەستییە مردنە؛ لەنێو ئەو جیهانەدا نییە، کە من تیایدا دەژیم و کەسەکەی دیکەش لەنێویدا بووە بەبابەت. یەکێک لە خەســـڵەتەکانی کەسانی دیکە ئەوەیە جیهان ڕەتبکات. بەدڵنیاییەوە، من دەتوانم کەسەکە بگرم و بیدەم بە زەوییدا. ئەگەر لەو بەهێزتربم زۆری لێدەکەم ئەم یان ئەو کارەشـــم بۆ بکات یان بە دڵی من بدوێت. لەسەرو ئەمانەوە من دەمەوێت کەسێک داگیر بکەم بتوانێت ڕابکات و تەنیا چاکەتەکەی بە دەســـتمەوە جێبمێنێ. منیش ئەوەم دەبم بە خاوەنی چاکەتەکەی. هەرگیز ناتوانم بێجگە لە لەش لەنێو جیهاندا شتێکی دیکە داگیربکەم. هەڵبەتە هەموو کردەوە و ڕەفتارێکی ئەو لەشە پەیوەندی بە سەربەســـتییەوە هەیە، بەڵام کلیلی ڕاڤەکردنەکەم بۆ بەستێنی سەربەستییان وونکردوە. من تەنیا کار لەســـەر فاکتۆر دەکەم. هەروەها، ئاگاییەکەشم دەگۆڕێت. تێگەیشتنم لە بوونێکی تەماشاکراو، کە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ سەلماندنی سەربەستی کەســـانی دیکە، لەناودەچێت. کەوابوو، من خۆم لەگەڵ پرۆژەیەکدا ماندوودەکەم بەبێ ئەوەی واتاکەیم لەبیر بێت. من کەســـەکەم گرتووە و دەستی لێدەدەم، بەڵام نازانم چی لێبکەم. ئێستا، لەمحاڵەتەدا، خۆم دەکەم بە ئارەزوو. ئامانجی ئارەزوو سەرنج ڕاکێشانە. مادام من کەسەکە، وەکو فاکتۆرێکی بابەتی دەگرم، دۆزینەوەی سەربەســـتییەکەی لەنێو فاکتۆرەکەدا دەبێت بە کێشە. پێویستە گرتنەکە، وەکو گرتنی سەرتوێژی ماست بێت. بوون-بۆ-خۆی کەسەکە بێتە سەرەوە و منیش بتوانم بە گرتنی لەشی دەست لە سەربەستییەکەی بدەم. ئەمە واتای تەواوی خۆیەتییە. دروســـت من دەمەوێت لەشی کەســـەکەی دیکە داگیربکەم، بەڵام دەمەوێت لەشی لە ئاگامەندی ئەو جیانەبێتەوە. ئەمەش وێنەیەکی مەحاڵی ئارەزووە: داگیرکردنی کەسێکی دیکە، وەکو بەرزێتییەکی ڕووت و لەش کەمکردنەوەیەتی بۆ فاکتۆر چونکە ئەو لەنێو شتەکانی جیهاندا دادەنرێت و بەرزێتییەکەشی بەردەوام لەناودەچێت.

لەڕاســـتیدا، بەبـــێ گۆڕانکاری لە بوونـــی خۆمدا ناتوانم لـــە فاکتۆری بوونی کەسەکە تێبگەم. بەو ڕادەیەی من فاکتۆری بوونم ڕەتدەکەم و ڕوو لە ئەگەرەکانم دەکەم، هەڵدێم و من فاکتۆری بوونی کەســـەکە و شـــتەکانیش جێدەهێڵم. لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی بوونمدا ئەوانیش دەبن بە ئامێر و دەردەکەون؛ بوونە سادەکەیان لەودیو تۆڕە ئاڵۆزەکەی بە ئامێربوونیان دادەپۆشرێت. هەڵگرتنی پاندانەکە ئاماژە بۆ دەرچوونم بەرەو ئەگەری نوســـین دەکات؛ هەمانکات تێپەڕکردنی پاندانەکەشە، وەکو هەبوویەکی سادە و خاوەنی لایەنی هێزەکی خۆی. من ئەم لایەنە هێزەکییەشی بـــەرەو هەبوویەکی داهاتوو، کە (ئەو وشـــانەیە خەریکە دەنوســـرێن) ڕەتدەکەم.

دواجاریش ئەگەرەکـــەم دەبێت بەو (پەرتووکەی خەریکە بنوســرێت.) لەبەر ئەم هۆیەشــە بوونی هەبووەکان لەژێر هەڵسوکەوتەکاندا شاراونەتەوە. ئەمە بۆ بوونی کەســانی دیکەش دروستە. ئەگەر کەســەکەی دیکە نۆکەر بێت یان کەسێک بێت خۆمی لێبشــارمەوە، ئەو دەنگە بێت لە ژوورەکەی دیکەوە دێت و دەمەوێ تێیی بگەم (یان ئەو دەستە بێت دەمەوێت لەبیر خۆمی بەرمەوە چونکە نایەڵێت بخەوم)، تەنیــا بەرزێتی ئەو نییە لە دەســت مــن ڕادەکات، بەڵکو (بوونی-لەوێدا)، وەکو هەڵکەوت لەنێو شــتەکانی جیهانیشدا خۆی لە من دەپارێزێت. من چۆن فاکتۆری بوونم ڕەتدەکەم و لەناوی دەبەم، لە مامەڵەکردنەکەمدا لەگەڵ کەســەکە و دانانی بە نۆکەر یان فەرمانبەر فاکتۆرەکانی ئەویش تێپەڕدەکەم.

ئەگەر بمەوێت بۆ ئامادەبوونە ســادەکەی بگەڕێمەوە و تامی بکەم، پێویســتە بوونی خۆشــم بخەمە ئاستی ئامادەبوونی ســادەوە. لەگەڵ هەموو تێپەڕبوونێکی بوونم-لەوێدا بوونی کەســەکەش-لەوێدا تێپەڕدەکەم. ئەگەر جیهان لە چواردەورم بێت و هەڵوێســتی خۆمی تێدا دیاریبکەم، کەســەکەی دیکەش، وەکو هەڵوێست دەبینم و دەبێت بە بنکەی ئاماژەکردنەکان.

بێگومان کەســە حەزلێکراوەکەش دەبێ وەکو هەڵوێســت بناسرێت: من حەزم لە ژنێکە لەنێو جیهاندایە، نزیک مێزەکە ڕاوەســتاوە، بە ڕووتی لەســەر جێگاکە ڕاکشــاوە یان لە تەنیشتمەوە دانیشــتوە. ئەگەر ئارەزوو لە هەڵوێستەوە ڕوو لەو بوونە بکات، کە لەنێو هەڵوێســتدایە ئەوا بۆ لە ناوبردنی هەڵوێستەکە و ڕاگرتنی پەیوەندی کەسەکەیە بە جیهانەوە. جوڵانی ئارەزوو لە (ژینگەی) دەروبەرەوە بەرەو کەســە حەزلێکراوەکە جوڵانێکی دابڕاوە و دەوروبەرەکــەش لەناودەبات. ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات، کە هەموو ئەو بابەتانەی ئاماژە بۆ کەسەکە دەکەن هەڵکەوتێکی نەگۆڕ بن و کەسەکەش بۆ من دەربخەن. ئەمجۆرە گەڕانەوەیەش بۆ بوونی کەسەکە گەڕانەوەیە بۆ بوونی من-لەوێدا. من بۆ لەناوبردنی ئەگەرەکانی جیهان و دامەزراندنی جیهانــی ئارەزووەکانم ئەگەرەکانی خــۆم لەناودەبەم؛ بوونیادی جیهان دەگۆڕم و واتاکەی دەڕوخێنم. مادام بوون-بۆ-خۆش هەڵبژردنە، دەبێت من پرۆژە دابمەزرێنم و ڕوو لە ئەگەرە نوێکانم بکەم؛ لەشم، وەکو کاغەزەکە مەرەکەب هەڵدەمژێت، لەشم دەبێت بە بوون-لەوێدا. ئەم پرۆژەیە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە ئەزمونی ژیانە لە گرفت بەدەر نییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت من بۆ دۆزینەوەی بوونی کەسانی دیکە لەوێدا بە مەبەســتەوە خۆم توشی گرفت بکەم. ئارەزوو ئەزموونی ژیانە پێویستی بە مەبەست بۆ ڕاڤەکردنی واتاکەی نییە.

کاتێــک لەبەردەم فاکتۆری بوونی کەســەکەدا ڕادەوســتم و حەزدەکەم کردار و ڕەفتارەکانی بخەمەلاوە، دەســتی لێبدەم و بیگرم، پێویســتە لەنێو لەشــدابم. لەگــەڵ بینینی ئەو لەنێو لەشــدا دەبێت خۆشــم لەنێو لەشــدا ببینم. تەنانەت

ئارەزوویەکی پوچەڵیش (کاتێک بە نەزانی لە تەماشاکردنێکدا ژنێک بە ڕووتی دێتە بەرچاومان) گرفتێکی پوچەڵـــی لەدوایە، چونکە ئارەزووم لە گرفت بەدەر نییە و بەبێ ڕووتکردنەوەی خۆم ناتوانم کەســـەکەی دیکە ڕووتبکەمەوە. کە لەشی خۆم بینی لەشی کەسەکەش دەبینم. بینینی خۆم لەنێو لەشدا تەنیا مەرجیش بۆ بنینی لەشـــی کەســـەکەی دیکە نییە. من دەمەوێت ئەویش خۆی لەنێو لەشیدا ببینێت. گرنگە ئەو بەرەو فاکتۆری بوونی خۆی ڕاکێشم و خۆی بە لەش یان گۆشت دابنێت. کەوابـــوو، دەبێ لە ئەگەرە بەردەوامەکانی ئـــەو بەرزێتییە دڵنیابم، کە لە هەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو لایەکەوە دەتوانێت من ڕەتبکات.

بەرزێتییەکەش تەنیا ئەمەیە: لەنێو سنوری بابەتێتی خۆیدا دەمێنیتەوە، لەبەر ئەمە دەتوانم بیگرم، هەستی پێبکەم و داگیریبکەم. واتایەکی دیکەی بوونم لەنێو لەشدا یان گرفتەکە ئەوەیە، کە زمانێکی جادوگەرانەی هەیە. بۆ ئەوەی کەسەکەی دیکە سەرســـام بکەم، خۆم بە ڕووتی، وەکـــو لەش ڕادەگرم چونکە ئارەزووەکەی ئەویش پێویســـتی بەمجـــۆرە دەرکەوتنەی بوونی ئەوە. ئـــارەزوو بانگی ئارەزوو دەکات. لەشی من دەزانێت ڕێگەیەک بدۆزێتەوە و خۆی بە لەشی کەسەکەی دیکە بگەیەنێت. لەشـــم بە لەشییەوە دەنوســـێنم و داوای لێدەکەم لە واتاکەی تێبگات. ئەو کاتەی لە دەســـتلەملکردندا دەســـتم دەخەمە ســـەر قۆڵی کەسەکە دەمەوێت قۆڵی ئەو هەست بە گۆشتی دەستم بکات، ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات ئەگەر دەستم لەســـەر قۆڵی دانێم و نەیجوڵێنم. تەزووی خۆشـــییە هەستپێکراوەکە ئاگامەندی، وەکو گۆشت بەرجەستە دەکات. ئەگەر دەستم بجوڵێنم یان لای بەرم ئەوا دەبێت بە لەش لەنێو کردەوەدا. بەهەمانشـــێوەش دەتوانم دەستم بە گۆشتی نەهێڵمەوە و لەناوی بەرم. بەســـەر لەشـــی ئەوەوە ڕەهەندێکی دیکـــەی بدەمێ و بیکەم بە دەستێکی زبر یان نەرم. لەمساتەدا تێکەڵبوونی ئارەزووەکان دەناسرێت: هەریەکێک لە ئاگامەندییەکان بە خۆدەرخستنی لەنێو لەشدا، لەشی بەرانبەرەکەشی دەبینێت، هەریەکێک لە گرفتەکان ئەوی دیکەش دەناســـێت و یەکـدی دەوڵەمەند دەکەن. لەگەڵ دەســـتلەملکردنەکەدا هەســـت بە بوونی لەشـــی خۆم و لەشی کەسەکەش دەکەم. دەگەمە ئەو ئاگاییەی ئەو لەشـــەی لە ڕێگەی لەشمەوە هەستی پێدەکەم و بووم بە خاوەنی، لەشـــێکە کەسەکەش هەستی پێدەکات. بەڵام پێکەوەنوسانی هەردوو لەشەکە ئامانجی ڕاستەقینەی ئارەزووکردنە.

لەســـەرو ئەمەوە، ئارەزوو شکســـت دەهێنێت. وەکو بینیمان، جوتبوون، کە دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی ئارەزوو ئامانجی بنەڕەتیی ئارەزوو نییە. بەدڵنیاییەوە، هەندێک بونیادی سێکسی ئێمە دەبنە زەمینە بۆ دەربڕینی ئارەزووەکان، بەتایبەتی لـــە دیاردەی ئەندامی نێرینە یان قیتکەی مێینەدا. ئەمەش بێجگە لە بەرجەســـتە بوونی پارچە گۆشـــتێک چی دیکە نییە. بەڵام ئێمـــە مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی

بایۆلۆجیدا دەکەین، کە بە ئاگامەندییەوە لەنێو لەشدا بەستراوە. پێویستە بزانین، کە هیچ ئەندامێکی ماسولکەداری سێکسی سێکسی نییە. ئەگەر سێکس ئەندامە سێکسییەکان بێت ژیان دەبێت بە دیاردەیەکی ڕووەکی. بەڵام هەڵکەوتن لەگەڵ بوونی سێکسەکاندا پەیدا دەبێتەوە. بیر لە چوونە نێو ئەندامی نێرینەی پیاو بۆ نێو لەشی ژن بکەوە. ئەمە بەڵگەی خواستی ڕادیکاڵانەی ئارەزووە بۆ بەرجەستە بوونی لەنێو لەشدا.(ئێمە لایەنی نەبزێوی ئەندامانی سێکس لە جوتبووندا دەبینین، هەموو لەش تەکان دەدات و کارەسێکسییەکە ئەنجام دەدات. دەست یارمەتی ئەندامی نێرینەی پیاو دەدات، بەڵام ئەندامی نێرینەکە ئامێرە و بۆچوونە ناوەوە بەکاردێت. بەهەمانشێوەش کردنەوەی ئەندامی مێینەی ژن لە خۆوە دەست ناکەوێت.) لەگەڵ ئەمەشدا جوتبوون هەڵکەوتێکی ژیانی سێکسیمانە. لەڕاستیدا بوونی ئاگامەندی لەنێو لەشدا ئاکامی خۆی لەدوایە، ئەویش جۆرێکە لەوەی ، کە ئاگامەندی ئاگامەندییە لە لەش و تێڕامانە لەسەر لەش.

چێژ، وەکو ئازار، ئاگامەندی دەوروژێنێ و دەیکات بە ئاوەڕدانەوە لەچێژ. بەڵام، چێژ مردنی ئارەزووە و توشی شکستی دەهێنێت. مردنی ئارەزووە، چونکە چێژ لەخۆیدا سنوور و کۆتاییە. ئەمەش تەنیا هەڵکەوتنێکە پەیوەندی بە ئەندامەکانی لەشەوە هەیە. هەندێکجار بەرجەستەبوونی لەش لەگەڵ ڕەقبوونی ئەندامی نێرینەوە دواجاریش ڕەقبوونەکە بەفرێدان تەواو دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، چێژ بواری ئارەزوو بەرجەستە دەکا، چونکە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی تێڕامانی ئاگامەندی بۆ چێژ، کە ئامانجەکەی هەستکردن بە خۆشییە لە تێڕامانەکەدا. لەم ئاوەڕدانەوەیەدا لە بوونی بوون-بۆ-خۆ لەنێو لەشدا بوونی کەسەکەی دیکەی لەنێو لەشدا فەرامۆش دەکرێت.

لەمحاڵەتەدا ئێمە لەسەر زەمینەی هەڵکەوت ڕاناوەستین. ئاگامەندی بە بینینی خۆی لەنێو لەشدا کەسەکەی دیکەی لەبەرچاو نامێنێت. ئەوەندەش دەڕوانێتە خۆی، کە خۆی دەکات بە دوا ئامانجی ئەزمونەکەی. ئەمەش چێژوەرگرتن لە دەستلەملکردنەکە دەگۆڕێت بۆ چێژوەرگرتن لەوەی دەستی لە ملکراوە. داواکارییەکە بوون-بۆ-خۆ دەگەیەنێتە خاڵی هێڵنجدان. دابڕانێکی کتوپڕ ڕوودەدات و ئارەزووش ئامانجەکەی خۆی وندەکات. هەندێکجار ئەم سەرنەکەوتنەی ئارەزوو دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ماسۆچیزم: ئاگامەندی خۆی، وەکو فاکتۆر دەبینێت و داوا دەکات، وەکو لەش بۆ کەسەکەی دیکە بناسرێت و تێپەڕیش بکرێت. بەمشێوەیە، کەسەکەی دیکە، وەکو بابەت نامێنیتەوە، دەبێت بە تەماشاکەر، ئاگامەندی منیش لەنێو لەشمدا و لەبەردەم تەماشاکردنی کەسەکەدا لەهۆش خۆی دەچێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئارەزوو لەبەردەم بناخەی شکست هێنانی خۆیدا ڕادەوستێت. ئەوەندەش بەس نییە بڵێین گرفتەکە بوونی کەسەکەی دیکەش لەنێو لەشدا

دەگرێتەوە. ئارەزوو دەیەوێت ئەو ئاگامەندییەی لەنێو لەشەکەدایە بگرێت. کەوابوو، ئارەزوو بە سروشـــت نەک لە دەستلەملکردندا یان جوتبوون، بەردەوامە. ئامانجی دەستلەملکردنەکە پڕکردنی لەشی کەســـەکەیە بە ئاگایی و سەربەستییەکەیەوە. لەبەر ئەمە پێویستە ئەو لەشە بگیرێت و بچینە ناوی.

بەڵام ئەو کاتەی دەمەوێت لەشـــەکە بگرم، لــە خۆمی نزیک بکەمەوە و گازی لێبگرم لەشـــم بە گۆشـــتی نامێنێتەوە و دەبێت بە تێهەڵکێشـــەی ئەو ئامێرانەی من پێکدەهێنن. کەســـەکەش لەنێو لەشدا نابینرێت و دەبێتەوە بە ئامێرێک لەنێو جیهاندا. ئاگامانەی ئەویش، کە من ویســـتم بە ڕێگەی لەشم تامی بکەم لە ئاستی تەماشـــاکردنمدا وندەبێت. ئەو دەیەوێت بە وێنەی بابەتێک لەنێو خۆیدا. گرفت و پەرێشانبوونی منیش لەناودەچێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئارەزووم نامێنیت، بەڵکـــو ئارەزوو بابەتەکەی وندەکات و دەبێـــت بە بابەتێکی ڕووت. ئارەزووەکەش دەبێت بە ئارەزووکردن لە هەڵسوڕان و وەدەستهێنان. من لەسەر داگیرکردنی لەشی کەسەکەی دیکە سوردەبم. بەڵام سوربوونەکە من لەنێو لەشمدا ناهێڵێتەوە. من لەشم ڕەتدەکەم و ڕوو لە ئەگەرەکانم دەکەم (ئەگەرەکەشـــم ئەگەری وەدەستکەوتنە). لەشی کەسەکەی دیکەش لە تێپەڕکردنەکەدا لەگۆشتەوە دەبێت بە بابەتێکی ڕووت. لەمحاڵەتەدا دابڕانێک لە پرۆسەی بەرجەستەبوونەکە لەنێو لەشدا دێنێتە پێش، کە ئامانجی ئارەزووکردنەکە بوو. کەسەکەی دیکە لەنێو گرفتەکەدا دەمێنێتەوە، خۆی بە گۆشت دەبینێت. من لەم شێوازەی بوونی تێدەگەم. بەڵام ئەو گۆشتێکە، کە من لە ڕێگەی گۆشتی لەشمەوە نایدۆزمەوە. ئەو بووە بە بابەت نەک ئاگامەنییەکی نێو لەش. بەمجۆرە، من لەشـــم (تێهەڵکێشکردنی هەموولایەنەکانم لەنێو هەڵوێستدا) و ڕووبەڕووی لەش دەبمەوە. خۆم لەهەمانحاڵەتدا دەبینم، کە ویســـتم بە هۆکاری ئارەزووەوە لێی ڕابکەم: دەمەوێت کەسەکە، ئەو بابەتەی لەبەردەم مندایە خۆی بە بەرز دابنێت و لە من هەڵبێت. لێرەدا من بە دوای ئەودا دەگەڕێم و دەمەوێت دەستم بکەوێت بەبێ ئەوەی بڵێم چیم دەوێت. لەنێو گرفتەکەی خۆمدا ئارەزووەکەم لە من ڕادەکات. من لەو کەســـە دەچم خەوی لێکەوتوە، دەڕوات و لەخەو ڕادەچڵەکێت، خۆی لە قەراخی جێگەکەی دەبینێتەوە و نازانێت چی ڕویداوە. ئەمحاڵەتەیە لەنێو بنەڕەتی سادیزمدا دادەنرێت.

سادیزم سۆزە، نەزۆکی و چەســـپاندنە. چەسپاندنە چونکە حاڵەتی بوون-بۆ-خۆیە بەبێ ئەوەی بزانێت چی دەکات و بۆچی ئەوە دەکات یان ئامانجێکی هەبێت بەهایەکی بۆ کردەوەکەی دامەزراندوە. نەزۆکیشـــە چونکە دەردەکەوێت ئارەزوو لە گرفتەکەی ڕزگاری بووبێت. سادی لەشی خۆی وەکو تێهەڵکێشە و چەقی کردەوەکانی دەبینێتەوە. دەیەوێت بەردەوام لە فاکتۆری بوونی ڕابکات. لەبەردەم کەســـەکەی بەرانبـــەری خۆی بە بەرزێتییەکی ڕووت دەبینێت. لە گرفتەکانی دەترســـێت و لە

ئاســـتیاندا خۆی بە شەرمەزار دادەنێت. لەوانەشە لەمحاڵەتەی خۆی تێنەگات. بە ساردییەوە جەخت لەسەر نەزۆکی و چەسپاندنەکەی دەکات و خۆشی بە کەسێکی ســـۆزدار دەردەخـــات. ئامانجی ئەو، وەکو ئامانجی ئـــارەزوو، تەنیا داگیرکردن و بەکارهێنانی کەســـەکەی دیکەی نیە، کە بووە بە بابەت. ئەو دەیەوێت کەســـەکە بەرزێتییەکی ڕووتی نێو لەش بێت. بەڵام لە سادیزمدا جەخت لەسەر بەئامێربوونی کەســـەکە دەکرێت. سادیزم لە سێکسدا لەوەدایە بوون-بۆ-خۆیەکی نێو لەش خۆی ڕەتدەکات تاکو بە بوونی کەســـەکەی دیکە لەنێو لەشـــیدا بگات و خۆی بکات بە خاوەنی. ســـادیزم نایەوێت خۆی لەنێو لەشدا ببینێت و لە فاکتۆرەکان ڕادەکات، هەمانکات دەیەوێت بە فاکتۆرەکانی کەسەکەی دیکە بگات. ئەو لەشی کەسەکە بە ڕێگەی لەشی خۆی نادۆزێتەوە. لەبەر ئەمە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لە مامەڵەکردندا لەگەڵ کەسەکە نییە بێجگە لەوەی کەسەکە بە ئامێر و بابەت دابنێت. ئەو دەیەوێت لەشـــی کەسەکە بکات بە ئامێر و کەســـەکەش بوونی خۆی لەنێو لەشدا ببینێت. سادیزم هەوڵدانێکی توندوتیژە بۆ بەرجەستەبوونی کەسەکەی دیکە لەنێو لەشدا. ئەمەش بە (زەبر) خاوەنێتی و بەکارهێنانی کەســـەکە دەخاتەگەر. سادیزم، وەکو ئارەزوو، کەســـەکە لەو کردەوانە ڕووتدەکاتەوە، کە دایدەپۆشن. دەیەوێت لەشەکە دەربخات بەڵام لەشی خۆی دەشارێتەوە.

ئامانج و بابەتی سادیزمیش خۆیەتییەکی ڕاستەوخۆیە. هەروەها هاوپەیمانییەکە کوێرانەیە چونکە نەک تەنا چێژ لە داگیرکردنی لەشـــی کەســـەکە وەدەگرێت حەز لە شـــاردنەوەی لەشی خۆشـــی دەخات. داوای پەیوەندی دوولایەنی لە سێکسدا ناکات و حەز دەکات خۆی سەربەســـت بێت. لەبەر ئەمەشە مرۆڤێکی سادی لەش لەبەردەم ئاگامەندی کەسەکەی بەرامبەری بە شێوەیەکی جیاواز ئامادەدەکات. لەم ئامادەکردنە جیاوازەدا کەسەکە دەکات بە ئامێر؛ لەنێو ئازاردا دەیهێڵێتەوە. لەنێو ئازاردا فاکتۆر ئاگامەندی داگیردەکات و تێڕامانی ئاگامەندی لە ئاستی ئاگامەندییەکی لە تێڕامان بەدەردا سەرسام ڕادەوەستێت. کەوابوو، ئازار ئامادەبوونە لەنێو لەشدا. ئەو ئازارەش بە هۆی بوون بە ئامێرەوە سەرهەڵدەدات. لەشی بوون-بۆ-خۆ لە کاتی ئەشکەنجەداندا بۆ ئازار دورستکرن دەبێت بە ئامێر. لەسەرەتاوە مرۆڤە سادییەکە خۆی بـــەو باوەڕە (وەهیمە) دەگەیەنێت، کە دەتوانێت لە ڕێگەی بە ئامێرکردنەوە سەربەستی کەسەکەی دیکە داگیر بکات.

ئەوجۆرە ئامادەبوونەی لەنێو لەشدا سادیزم دەیەوێت بە درێو ناوزەد دەکرێت. درێوی جۆری بچوکە لە بوون-بۆ-ئەواندا، کە سەر بە جۆری بێ بەخشندەییە. بەڵام هەموو بێ بەخشـــندەییەک درێیوی نییە. لە بەخشندەییدا لەش، وەکو هەبوویەکی دەروونـــی نێو هەڵوێســـت دەردەکەوێت. لەســـەرو هەموویانـــەوە، بەرزێتییەکەی خۆی لەنێو کردەوەدا نیشـــاندەدات. هەموو جوڵەیەکی لە ئێستادا بە داهاتووەوە

دەبەســـترێتەوە. کردەوەی بەخشـــندە لەلایەکەوە کارەندازی ماکینەیەکی نایاب و لەلایەکـــی دیکەوە کارێکی تەواوی بێ پێشـــبینیکردنی دەروونـــە چونکە دەروون بابەتێکە بۆ کەسانی دیکە پێشبینی ناکرێت.

کەوابوو، هەموو کارێکی بەخشندە بە تەواوی دەناسرێت، چونکە بەسەردەچێت. ئامانجەکەشی رووناکی دەخاتە ســـەر هەموو بەشەکانی کارەکە. بەڵام بەشەکانی داهاتووی پێشـــبینی ناکرێن، هەرچەندە سەرهەڵدانیان پێویست بێت و تێپەڕیش بکرێن. ئەم وێنە جوڵاوەی نێوان سەربەستی و پێویستییە (وەکو خەسڵەتی بوونی بە بابەتکراوی ئەوان) بەخشندەیی پێکدەهێنێت. برگسۆن بە جوانی باسیکردووە. لە بەخشندەییدا لەش دەبێت بە ئامێری سەربەستی. کارێکی بەخشندەیی لەش بەو ئامێرە کارەندازە دادەنێت، کە سەربەستی لێوە بەرجەستە دەبێت؛ دەست دەبێت بـــە ئامێر بۆ گرتن و لەســـەرەتاوە خۆی وەکـــو بوونێک-لەپێناوی-گرتندا دەخاتە پێش. بەخشـــندەیی، کەوابوو، وێنەیەکی دەرەکی بوونمان بۆ دروســـتدەکات، کە لەپێناوی شتێکدا دەبێت بە بناخەی بوونی خۆی. فاکتۆر، لەمحاڵەتەدا، بە کاڵای بەخشـــندەیی پێچراوەتەوە. لەش بە ڕووتی ماوەتەوە، بەڵام نابینرێت. گەورەترین بەرهەڵســـتیکردنی بەخشـــندەیی لەوێدایە، کە لەش بە ڕووتی دەربخات و هەموو پۆشاکێکی لەبەرداماڵێت و تەنیا خۆی بە دەورا بپێچێتەوە. لەشێکی بەخشندە ئەو لەشە ڕووتەیە بە کردەوە نادیارەکان داپۆشراوە و لەبەرچاوی بینەرانیش دانراوە.

بێبەخشـــندەیی، بەپێچەوانـــەوە، لەگەڵ لەناوچوونی یەکێـــک لە توخمەکانی بەخشندەییدا ســـەرهەڵدەدات. جوڵانێکە شێوازێکی میکانیکی وەردەگرێت. لێرەدا لەش بەشـــەکانی خۆی دادەمەزرێنێت، بەڵام دەبێت بـــە ئامێر؛ بەرزێتییەکەی و هەڵوێستی وندەبن.

هەروەها دەشێ کردەوەکانیش پچڕ پچڕ و توندوتیژ بن؛ لەمحاڵەتەدا هەڵوێست وەرگرتـــن دەڕوخێت؛ هەڵوێســـت دەمێنێـــت، بەڵام بۆشـــاییەک دەکەوێتە نێوان هەڵوێست و کەسەکانی دیکەوە. کەســـەکانی دیکەش بە سەربەستی دەمێننەوە. سەربەستییەکەشیان بی پێشـــبینیەکی ڕووت دەناسرێت. ئەمەش لە ئەتۆمەکانی ئەبیکۆر دەچێت، کە کورت و سەربەخۆن. کۆتایش وەکو خۆی دەبێت و بەردەوام کەسەکانی دیکە بە داهاتووەوە دەبەستینەوە.

ســـەرنەکەوتن لەخۆگونجانندا ئاکامی هەیە؛ ئەویـــش ڕاڤەکردنی داهاتووە بە شـــێوەیەکی بەرفراوان یان تەسک. ڕاڤەکردنەکە تەنیا نزیکبوونەوەیە. لەبەر ئەمە سەلماندنی هەڵسوکەوت و بوونی کەسانی دیکە بە ناتەواوی دەناسرێت. لەکۆتاییدا، ناهەمـــواری نا ســـەلمێنرێت؛ هەموو فاکتۆرەکانیش دەشـــارێتەوە و لەبەرچاومان هەڵیدەگرێت.

ئەو کاتەی بمانەوێت ڕێگەچارەیەک بۆ هەڵوێستەکە بدۆزینەوە خۆمان لەبەردەم

هەڵکەوتێکی ناهەمـــواری نەگونجاو و کتوپڕدا دەبینیـــن؛ بوونی خۆمان بەرانبەر بوونێکی دیکە ڕادەگرین.

بێجگەلەمـــە، ئەگەر لـــەش تەنیا کردەوە بێت، فاکتۆریش نابێت بە گۆشـــت. ناشـــرینی ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە لەش خۆی لـــە کردەوەکانی دادەبڕێت و بە گۆشـــتی و نەبزێوی خۆی دەخاتە ڕوو. تەماشـــاکردنی لەشێکی ڕووت لە پشتەوە ناشـــرینی نییە. بەڵام لەنجەولاری پاشەڵەکە ناشـــرینە چونکە تەنیا قاچەکان بۆ ئەو کەســـە دەجوڵێن. پاشەڵەکە لەو دۆشـــەکە دەچێت قاچەکان هەڵیانگرتبێت. هەڵوێستەکە نایسەلمێنێت؛ بەپێچەوانەوە، دەبێت بە ڕوخێنەری هەموو هەڵوێستێک و چالاک نییە. ئەو بۆ ئەوە دروستکراوە لەسەر قاچەکان خۆی ڕاگرێت. کتوپڕیش، وەکو هەڵوێستێکی بێ بەڵگە خۆی قوتدەکاتەوە و دەبێت بە هەڵکەوت. لەولاشەیە جیادەبێتەوە، کە ئێستا پیاسەدەکات؛ هەرچەندە لەنێو جلوبەرگدا پۆشراوە، بەڵام هێشـــتا ڕووتە، لە بەرزێتی و کردەوەکانی لەشـــەکەدا بەشداریناکات. جوڵانەکەی تەنیا پەیوەندی بە وەستان و هاوتەرازبوونی خۆیەوە هەیە.

ئـــەم ڕوونکردنەوەیـــە بۆ ئەو لەشـــەش دەبێت، کە وەکو پارچەیەک گۆشـــت دەبینرێت. ئەو لەشـــەی خـــاوە و لەرزۆکە یان شـــێوازەکەی بەتەواوی تێکچووە. ئەم لەشـــە بۆ ئەو کەسەی حەزیلێناکات پارچەیەک گۆشـــتی ناشرینە و ئارەزوو ناوروژێنێـــت. نەبوونی جۆرێک لە گونجاندن، کە هەڵوێســـتەکە لەناودەبات، لەژێر جلەکانەوە نەبزێوی پارچە گۆشـــتەکەم بۆ دەردەخات (ئەو کاتەی منیش ئارەزووم بۆی نییە): ناوی دەنێم ناشرینی.

ئێستا لە داواکاری مرۆڤێکی سادی تێدەگەین: بەخشندەیی سەربەستی کەسەکەی دیکە-وەکو بابەت دەردەخـــات، وەکو بیردۆزەی بیرکەوتنەوەی ئەفلاتونیش لەنێو جیهانی هەستەکییدا ئاماژە بۆ لایەنێکی بەرز لەودیوەوە دەکات، کە ئێمە بە تەواوی بیرمـــان ناکەوێتەوە. بەگۆڕانێکی بنەڕەتی لە بوونماندا پێیدەگەین؛ ئەویش دانانی بوونمانە-بۆ-کەسانی دیکە. بەخشـــندەیی بوونی کەسانی دیکە، وەکو پارچەیەک گۆشـــت دەردەخات و هەمانکات دەیشـــارێتەوە یان، دەتوانیـــن بڵێین بۆ ئەوەی گۆشتەکە داپۆشێت، دەریدەخات.

لە بەخشـــندەییدا، گۆشت کەسانی دیکەیە، کە ئێمە دەستمان نایگاتێ. مرۆڤە ســـادییەکە بۆ ئەوەی بوونی کەســـانی دیکە لە تێهەڵکێشـــەیەکی نوێدا ببینێت بەخشـــندەیی لەناودەبات. ئەو دەیەوێت گۆشتی کەسانی دیکە بە ڕووتی دابنێت. گۆشـــتە ڕووتەکەش بەخشـــندەیی دەفەوتێنێت و سەربەستی کەسەکانیش لەنێو فاکتۆردا دەتوێتەوە. ئەم توانەوەیە فەوتانێکی تەواو نییە چونکە بۆ مرۆڤی سادی لەشـــی کەســـانی دیکە بوونی سەربەستی ئەوانە. ناســـنامەی ئەوان-وەکو-بابەت لەناوچووە. تەنیا پەیوەندی نێوان گۆشـــت و سەربەســـتی گۆڕانی بەسەرداهاتوە.

لەبەخشـــندەییدا سەربەســـتی دەپارێزرێت و فاکتۆریش دادەپۆشرێت. بەڵام لەم تێهەڵکێشـــە نوێیەدا فاکتۆر خۆی بەرجەســـتەدەکات و سەربەستی دەشارێتەوە. مرۆڤە ســـادییەکە، کەوابوو، دەیەوێت بە زۆر گۆشتەکە دەربخات. ئەم کارەش بە ڕێگەی خۆیەوە، وەکو پارچەیەک گۆشـــت نـــاکات، بەڵکو خۆی بە لەش دادەنێت و دەیـــکات بـــە ئامێر. داوا لە کەســـەکە دەکات بە جۆرێک خـــۆی دەربخات یان بجوڵێت، کە ناشـــرین بێت. ئەو خۆی بە ئامێری دەهێڵێتەوە و زۆر لە لەشـــەکەی دیکە دەکات ببێت بە گۆشـــت. هەروەها ببێت بە ئامێرێک لەبەردەســـتی ئەمدا. مرۆڤی سادی لەشی کەســـەکە داگیردەکات و خۆی بە سەرشانیدا شۆڕدەکاتەوە. هەمانکات ئامانجی ئەم کارە لە بەکارهێنانەکەدایە: ئەو دەیەوێت لەشـــی کەسەکە بە ئامێری نەهێڵێتەوە و بیکات بە پارچەیەک گۆشت. مرۆڤی سادی ئەو کەسەیە، کە دەیەوێت کەسانی دیکە لەنێو لەشدا بن. ئامانجی ئەویش ئەوەیە کەسەکە ببێت بە گۆشت و بەئامێریش بمێنێتەوە.

نابێ لێردا توشـــی ئەو هەڵەیە ببین و پێویســـتە بزانین، کـــە ئەوەی مرۆڤی سادی دەیەوێت داگیریدەکات و خۆی بەسەریدا شۆڕدەکاتەوە سەربەستی کەسانی دیکەشە. سەربەســـتییەکە لەنێو گۆشـــتەکەدایە. سەربەســـتییەکە گۆشتەکەیە و بـــووە بە فاکتۆری بوونی کەســـانی دیکە. کەوابوو، ئەوەی مرۆڤە ســـادییەکە دەیەوێت، داگیربکات سەربەســـتییە. مرۆڤی ســـادی دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کەسەکەی دیکە بووە بە گۆشت. ئەم دڵنیابوونە بە ڕێگەی ئازار و ئەشکەنجەدانی کەســـەکە دێتە پێش. بەڵام داگیرکردنەکە لەشـــەکە تێپەڕدەکات چونکە دەیەوێت بۆ داگیرکردنی سەربەســـتی کەســـەکە خۆی بکات بە خاوەنی لەشەکە. لەبەرئەم هۆیەشـــە مرۆڤی ســـادی دەیەوێت بـــە بەڵگەوە بەکۆیلەکردنی کەســـانی دیکە و داگیرکردنی سەربەستییەکەی لەنێو گۆشـــتەکەدا دەستکەوێت. ئەو ئەشکەنجەی کەســـەکە دەدات و هەڕەشـــەی لێدەکات تاکو بپاڕێتەوە و داوای لێبوردن بکات، ئەوەی هەیەتی بیدات بە مرۆڤە ســـادییەکە. هەندێک جار دەڵێین، ئەمە تینوێتییە بۆ دەســـەڵات. بەڵام ئەم بۆچوونە ڕوون نییە یان پوچەڵە. پێشـــەکی پێویســـتە بڵێین ئەمە ویستی داگیرکردنە. دەسەڵات بۆ سادی شتێکی لەپێشتر نییە چونکە ئەو بەرانبەر کەســـانی دیکە دەترسێت. لەڕاستیدا، ئەگەر مرۆڤی سادی دڵی بەوە خۆشبێت، کە کەسەکە لەژێر ئەشکەنجەدا نکۆڵی دەکات، ئەوا ئەم بۆچوونە لەبەر چەند هۆکارێک لەو واتایە دەچێت ئێمە بۆ خۆشەویستی لێکماندایەوە. باسمانکرد، کە خۆشەویستی داوای لەناوبردنی سەربەستی کەسەکەی دیکە ناکات، بەڵکو ئەو دەیەوێت سەربەســـتییەکە داگیربکات و خۆشەویستەکەی بە کۆیلە دانێت؛ ئەمەش کۆیلەکردنی سەربەستییە. بەهەمانشێوە، مرۆڤی سادی نایەوێت سەربەستی کەسە ئەشکەنجە دراوەکە خەفەبکات. بەڵکو دەیەوێت زۆر لەو سەربەستییە بکات لەگەڵ

لەشە ئەشـــکەنجەدراوەکەدا ببن بە یەک. لەبەر ئەمەیە مرۆڤە سادییەکە لە کاتی ئەشکەنجەدانەکەدا چێژ لەوە وەردەگرێت کەسەکە خۆی بە سوک و ڕسوا نیشانبدات. گرنگ نییە چ جۆرە زەبرێک دەخرێتە سەر کەسەکە، پەشیمان بوونەوە دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەســـەردا نایەت؛ دەبێت بە وەڵامدانەوەیەکی هەڵوێستەکە، بەرهەمێکی کتوپڕ و ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی بەرجەستەدەکات. گرنگ نییە کەسەکە تاکو چ ڕادەیەکیش بەرگریدەکات، زۆری پێدەچێت تاکو بپاڕێتەوە و داوای لێبوردن بکات؛ ئەو دەیتوانی دە تا یەک خولە یان یەک چرکە چاوەڕوان بێت. کاتەکە دیاریدەکات، کە ئەشکەنجەکە لەوە زۆرتر هەڵناگیرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە شەرمەزاربوونەکەیەتی لەئاستی پەشیمانبوونەوەکەیدا. لەبەر ئەمە لە هەڵوێستەکەی بەرپرسە. لەلایەکی دیکەوە، مرۆڤە ســـادییەکە خۆی بە هۆکاری ئەم کارە دادەنێت. ئەگەر کەســـەکە بەرگریبکات و نەپاڕێتەوە کایەکە لەلای خۆشتر دەبێت و هەموو کاتێ خۆی لەنێو جهاندا دەبینێت؛ لەسەرخۆ کارەکەی دەکات و پەلە ناکات. ئامێرەکانی خۆی، وەکو تەکنیکییەکی لێزان بەکاردەهێنێت. یەک لەدوای یەک، وەکو ئەو کەسەی کۆمەڵێک کلیلـــی پێیە و هەوڵـــدەدات دەرگاکەیان پێبکاتەوە، ئامێرەکانـــی تاقیدەکاتەوە. خۆشی لە تاقیکردنەوەکە وەردەگرێت. ئەو تەنیا کەسێکە لەنێو هەموو خەسڵەتە هەمەکییەکانـــدا ئامرازەکان بۆ گەیشـــتن بە کۆتاییەکی لەخـــۆوە پەیدابوو، بەو شـــێوەیەی تەماشاکردنی کەسەکە لەگەڵ دۆزینەوەی کلیلەکەی دەرگاکە دەکاتەوە گەشـــدەبێتەوە، بەکاردەهێنێت. گەیشـــتن بەم کۆتاییەش لەگەڵ هاوکاریکردن و سەربەســـتی کەســـەکەدا ڕوودەدات. کەوابوو، تاکو دواســـات کۆتاییەکە دیارە و دیاریش نییە. بۆ مرۆڤە سادییەکە بابەتەکە ئاڵۆز و تەمومژاوییە و ناکۆکە چونکە ئاکامی بەکارهێنانی تەکنیکە دیاریکراوەکە و بەرجەســـتەبوونی سەربەســـتییەکی بێسنورە. دیمەنی بەردەم مرۆڤە سادییەکە سەربەستییەکە دژی پەیدابوونی گۆشت و هەمانکات بەرجەستەبوونێکی سەربەستانەیە لەنێو گۆشتدا. لە کاتی پەشیمانییدا مەبەستەکە وەدەست دەکەوێت: لەشـــەکە دەبێت بە پارچەیەک گۆشتی ناشرین. بەوشێوەیە خۆی دەردەخات، کە مرۆڤە ســـادییەکە بەسەریدا سەپاندوویەتی؛ بە گوریس بەستراوەتەوە، ناجوڵێت و بەو بابەتە خۆی دەرناخات، کە دەتوانێت خۆی بجوڵێنێت. لە پەشیمانیدا سەربەستی و لەش دەبن بە یەک. ئەم لەشە تێکشکاوە و گرانە نموونەی سەربەستییەکی تێکشکاوی و داگیرکراوە.

ئەم تێبینیانە کێشەی سادیزم بەتەواوی دەرناخەن. ئەوەندەمان مەبەست بوو بڵێین، وەکو تۆوی نێو ئارەزووە و سەرنەکەوتنی ئارەزووشە. لەڕاستیدا ئەو کاتەی لە ڕێگەی بەرجەســـتەبوونی خۆم لەنێو لەشدا لەشی کەسێکی دیکە داگیردەکەم، پەیوەندییەکان دەپچڕێنم. لەش ڕەتدەکەم و ڕوو لە ئەگەرەکان و سادیزم دەکەم. سادیزم و ماسۆچیزم، کەوابوو، دوو زنجیرە بەردی کەناری دەریان، کە ئارەزوو

خۆیانی بۆ فڕێدەدات؛ ئینجا ئەگەر من بتوانم گرفت و پەرێشـــانی خۆم ڕەتبکەم، کەســـەکەی دیکە وەکو گۆشـــت داگیربکـــەم یان لەنێو گرفتی خۆمدا مەســـت و ســـەرخۆش بم و تەنیا بیر لە گۆشتی لەشی خۆم بکەمەوە نەک کەسەکە. ئەویش بەو تەماشاکردنە دابنێم، کە من بە لەشی خۆم دەناسێنێت.

ئـــەم ناڕێکییە و هەژانـــە بەردەوامەی ئارەزووە لەنێوان ئـــەم دووانەدا هەموو پەیوەندییەکی ئاسایی سێکسی دەکات بە "سادی-ماسۆچییانە". لەسەرو ئەمەوە، ســـادیزم، وەکو بێ دەربەســـتی و ئارەزوو هۆکاری ســـەرنەکەوتنی لەنێو خۆیدا هەڵگرتوە. یەکەمجار، نایەکسانییەکی تەواو لەنێوان تێگەیشتن لە لەش و گۆشت و بەکارهێنانی، وەکو ئامێر دەدۆزینەوە. ئەگەر من گۆشـــت بکەم بە ئامێر، ئەوا ئەو ئامێـــرە ئاماژە بۆ ئامێرەکان و لایەنە هێزەکییەکانی دیکە دەکات؛ بەکورتییەکەی ئاماژە بۆ داهاتوو دەکات؛ لە لایەکەوە بەو هەڵوێســـتەم بوونی-لەوێدا دەسەلمێنم، کە لە دەوروبەری خۆمدا دروســـتیدەکەم. ئەمەش، وەکو مێخەکان و ئەو تابلۆیەی دەبێـــت مێخەکان بۆ هەڵواســـینی بەکاربێت، ئاماژە بۆ چەکـــوش دەکەن، وایە. ئەو "گۆشـــتە بە ئامێرکراوە" ئاڵۆزەی سادییەکە دروستیکردوە لەناودەچێت. ئەم لەناوچوونە، تاکو گۆشتێک بۆ دەرخستنی گۆشتێکی دیکە، وەکو ئامێر بەکاربێت شاراوە دەمێنێتەوە. بەڵام کاتێک کەسەکە لەنێو لەشدا دەبینرێت و منیش لەشەکە بە هەناســـەبڕکێوە لەبەردەممدا دەبینم نازانم چۆن بەکاری بهێنم. هیچ ئامانجێکی دیاریکراوم لا نییە، چونکە لەشەکە بووە بە هەڵکەوتێکی ڕەها؛ لەوێدایە و بۆ هیچ مەبەستێک دانەنراوە. منیش، وەکو گۆشت ناتوانم بیگرم. بەبێ دانانی، وەکو گۆشت ناخرێتە نێو سیستەمی ئامێرەکانەوە؛ بە گۆشتبوونی ئەو لە دەستم ڕادەکات. من تەنیا بە سەرسوڕمانەوە بیریلێدەکەمەوە یان خۆم لەنێو لەشمدا دەردەخەم و توشی گرفتی خۆدەرخستنی گۆشت بۆ گۆشتێکی دیکە دەبم. کەوابوو، سادیزم ئەو کاتەی دەیەوێت بە ئامانج بگات ئارەزوو دەخاتە لاوە. ســـادیزم ســـەرنەکەوتنی ئارەزووە و ئارەزووش ســـەرنەکەوتنی ســـادیزمە. ڕزگاربوونیش لەنێو ئەم سوڕانەوەیەدا بە ڕێگەی ئەو هەڵوێســـتەوە ڕوودەدات، کە بـــە "داگیرکردنی لەش" ناوزەدیدەکەین. لێرەدا تیهەڵکێشەیەکی نوێی سادیزم و ئارەزوو دروستدەبێت. گەورەبوونی سێکس بوونی کەسەکە لەنێو لەشدا بەرجەســـتەدەکات، فاکتۆری "تێخستن" و "تێخێنراو" هێمان بۆ داگیرکردن لە ســـادیزم و ماســـۆچیزمدا. بەڵام، ئەگەر چێژوەرگرتن لە سوڕانەوەکە دەربازمان بکات لەبەر ئەوەیە، کە ئارەزووەکە و سۆزی سادیزم بەبێ تێرکردنیان دەکوژێت.

هەمانکات، بەشێوەیەکی جیاوازتریش سادیزم هاندەرێکی دیکە بۆ سەرنەکەوتنی خۆی دێنێتە پێش. مرۆڤی ســـادی دەیەوێت سەربەســـتییە بەرزەکەی کەســـەکە داگیربکات. بەڵام لە بنەڕەتەوە ئەم سەربەستییە ناگیرێت. چەند مرۆڤە سادییەکە

زۆر لە کەسەکە بکات و بیکات بە ئامێر بۆ خۆی، سەربەستییەکەش ئەوەندە زۆرتر لە دەســـتی ڕادەکات. ئەو تەنیا لە ڕێگەی گۆڕانی سەربەستییەکە بە کەلوپەلێکی دەرەکی، دەتوانێت ببێت بە خاوەنی و داگیریبکات. لێرەدا، سەربەستییەکە دەبێت لەنێو شتەکانی جیهاندا بێت و ڕوو لە ئەگەرە مردووەکانیشی بکات. مادام ئامانجی مرۆڤە سادییەکە زیندوکردنەوەی بوون-بۆ-ئەوانە ئەوا لەسەر بنەمای پرینسیپاڵەکە بۆ سەربەستی، وەدەستی ناهێنێت چونکە ئەو کەسەی مرۆڤە سادییەکە مامەڵەی لەگەڵـــدا دەکات لەنێو جیهاندایە و تەنیا وێنەی مرۆڤە ســـادییەکەی ئەشـــکەنجە دەدات لەنێو بیرکردنەوەیدا چەســـپاوە. مرڤە سادییەکە ئەو کاتە هەڵەکەی خۆی دەناســـێتەوە، کە نێچیرەکەی تەماشایدەکات و نامۆبوونێکی ڕەهای بوونی لەگەڵ سەربەستی ئەودا دەدۆزێتەوە. تێدەگات، کە تەنیا بوونی خۆی لەدەرەدا نەبینیوە، بەڵکو ئەو چالاکییەی بوونی ئەم بەرجەســـتە دەکات بەرزە و لەنێو "سادیزم"دا، وەکو ڕەفتار و خەســـڵەتی ئەگەرە مردووەکان دەبینێت. گۆڕانکارییەکەش بە هۆی بوونی کەســـەکەوە ســـەرهەڵدەدات، کە ئەم دەیەوێت داگیریبکات. کەوابوو، ئەو خاڵـــەی بۆ دەردەکەوێت، کـــە ناتوانێت تەنانەت زۆرکردن لە کەســـێکی دیکە و پاڕانەوەشـــی نابێتە هۆکاری داگیرکردنی سەربەستییەکەی. فۆکنەر بە جوانی لە بەرهەمەکەیدا (ڕووناکی لە مانگی گەلاوێژدا) باسی هێزی تەماشاکردنی نێچیرەکە دەکات. چەند "هاووڵاتییەکی چاک" مرۆڤێکی پێســـت ڕەشـــیان گرتوە، کە ناوی کرسمسە و خەسانویانە و لە سەرەمەرگدایە:

"پیاوەکە لە سەر زەوییەکە کەوتبوو، نەیدەتوانی بجوڵێت.
کەوتبوو، چاوەکانیشی کرابوەوە. بۆ چەند ساتێک بە
هێمنی تەماشای کەسەکانی دەوروبەری دەکرد. ئینجا
دەموچاوی، لەشی هەمووی دەرکەوتن، کە تێکشکاون.
خوێنیش، وەکو موشەیەکی تەقیو لە لەشە زەرد
هەڵگەڕاوەکەیەوە دەهاتە دەرێ. لەوە دەچوو ئەو لەنێو
یادەوەرییەکانیاندا بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە.
نەیاندەویست لە هەرچ دۆڵ و شیوێکی ئارام و تەوژمەکانی
تەمەنی پیریدا یان لە ئاوێنەی دەموچاوی منداڵەکان و
بیرکردنەوەیان لە کارەساتە کۆنەکان و هیوا نوێکاندا،
لەبەر چاویان ونبێت. دەبێت لەوێدا، سەرسوڕهێنەر،
بێدەنگ و چەقیو بمێنێتەوە. نابێت دیمەنەکە کاڵبێتەوە،
یان هەڕەشەکەر بێت. هەروەها، لە شارۆچکەکەوە،
لە دیواری کۆڵانە دەرنەچووەکەوە هاوارێک بەرزبووەوە
و خۆی گەیاندە دنیای بیستن."

تەماشاکردنی کەسەکەی دیکە لە جیهانی مرۆڤی سادییدا ئامانجەکە لەناودەبات. مرۆڤــە ســادییەکە تێدەگات، کە ئەو دەیویســت سەربەســتی داگیربکات و ئەم هەوڵدانەش بێ بــەرە. ئێمە، لێرەدا، جارێکی دیکە لە بوونێکی-تەماشــاکەرەوە ئامــاژە بۆ بوونێکی-تەماشــاکراو دەکەیــن و نەمان توانیوە خۆمــان لەنێو ئەم ســوڕانەوەیە ڕزگار بکەین. لەم ڕوونکردنەوەیەدا گرفتی ســێکس یان هەڵوێست بەرانبەر کەسانی دیکە چارەســەرنەکراوە. ئێمە دەڵێین، کە هەڵوێستی سێکسی لەسەرەتاوە ڕەفتارێکە بەرانبەر کەسانی دیکە دەینوێنین. پەیوەندی بە هەڵکەوتنی بوون-بۆ-کەســانی دیکە و فاکتۆری بوونمانەوە هەیە. ناتوانین بڵێین لەسەرەتاوە فزیۆلۆجی و پێکهاتەیەکی ئەزمونگەرانەیە. هەرکاتێک "لەوێدا" لەش یان کەسێکی دیکــە هەبێت ئێمــە ڕەتدانەوەیەکــی ئارەزوومەندانە لەلامان دروســتدەبێت، کە خۆشەویســتییە. بونیادی فزیۆلۆجیمان دەربڕینێکــی هێمایی هەیە. لەبەر ئەمە، بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا سێکسییە و بەو جۆرەش دێتە جیهانەوە.

ئێمە ناڵێین هەموو هەڵوێســت و ڕەفتارێک بەرابنەر کەسانی دیکە سێکسییە. ئەگەر بە وردی ســەرنجی ئەمــەش بدەین، بۆ دوو هــۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، لەلایەکەوە بنەڕەتین و دووەمیش، هەموو هەڵسوکەوتە ئاڵۆزەکانی نێوان مرۆڤەکان دەوڵەمەندکردنی ئەم دوو هەڵوێستەیە (دواییش ڕقە، کە لە پاشاندا باسیدەکەین). بێگومان نموونەی هەڵســوکەوتی کۆنکرێتی (هاوکاریکردن، ناکۆکی، دوژمنایەتی، ململانــێ، بەڵێندان، گوێڕایەڵی و هتد) پێویســتیان بــە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە چونکە لەسەر هەڵوێستی مێژوویی و پەیوەندی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕادەوەســتن. بەڵام لەنێو ئێســکی هەموویاندا پەیوەندی سێکسی هەیە. ئەمەش لەسەر بوونی (لبیدۆ) دانەمەزراوە، بەڵکو لە هەموو ئەم هەڵوێستانەدا بوون-بۆ-خۆ مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات و دەیەوێت تێپەڕیبکات.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت باســی ئەوەبکەین لە بەزەیــی، دڵگرتن، قێزکردنەوە، حەســودی یان لە سوپاسگوزارییدا چەند خۆشەویستی و ئارەزوو هەن. هەرکەسە دەتوانێت بەگوێرەی ئەزمونی خۆی بیپێوێت. هەروەها ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە ئەم هەڵوێستە جیاوازانە دەمامەی سەر سێکسن، بەڵکو سێکس خۆی لەناویاندا بەرجەستەدەکات. ئەم هەڵوێستانەش، وەکو ئێسکی داپۆشراو بە گۆشت شاراوەن یان بەشاراوەیی دەمێننەوە.

هەڵکەوتنی لەش و بنەمای پڕۆژەی بوونم، ئەو مێژووەی من دایدەهێنم هەڵوێستی سێکسی من دیاریدەکەن و لەنێو هەڵسوکەوت و ڕەفتارە ئاڵۆزەکانمدا هەڵیدەگرن. بۆنموونە، کەمجار کەســێک ئارەزووی سێکســی بۆ هاوسێکسەکەی خۆی هەیە. بەڵام ئەم ئارەزووە لە پشت قەدەخەکردنی ڕەوشتی و تابووە کۆمەڵایەتییەکانەوە

بە شـــاراوەیی دەمێنێتەوە. بەلای کەمەوە دەبێت بەو گرفتە سێکســـییەی قێزی لێدەکرێتەوە. ئەم پرۆژە سێکســـییە لەودیو ئاگاییمانەوە خۆی ناشارێتەوە. هەموو پرۆژەیەکی بوون-بۆ-خۆ شێوازێکی ئاگاییە. ئەمەیە بیریارانی سایکۆلۆجی شیکاری بۆ ئەو تەختەڕەشـــەی دەگەڕێننەوە، کە مێژووی تاکە کەســـەکان پڕیدەکاتەوە. ئەوەندەش دەڵێین، کە ســـێکس لە یەکەم ساتی سەرهەڵدانیدا لە بوون-بۆ-خۆدا و لەنێو ئەو جیهانەدا کەســـانی دیکەی تێدایە خەســـڵەتەکانی دیارە. ئەوەی دیار نییە و تاکە کەســـەکان دەبێت لە مێژووی ژیانیاندا ئاشکرای بکەن پەیوەندییەکی تایبەتە لەگەڵ کەســـێکی دیکەدا (بۆنموونە حەز و خۆشەویستی یان ماسۆچیزم و ساردیزمە)، کە لەو پەیوەندییە تایبەتییەدا سەرهەڵدەدات.

مادام هەڵوێســـتەکان لەنێو بازنەی پەیوەندییەکانی ئێمەدان لەگەڵ کەســـانی دیکەدا، ئەوا هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتمان بەرانبەریان کۆدەکاتەوە. بەوجۆرەی خۆشەویستی شکست دەخوات و ئارەزووش لە ئاکامی ئەم شکستییەی خۆشەویستیدا ســـەرهەڵدەدات، تاکو خۆی لەناوبەرێت و ڕێگە بۆ خۆشەویستی خۆشبکات، ئەوا هەموو هەڵوێستەکان لە ئاستی کەسە بە بابەتکراوەکەدا لەنێو خۆیاندا بە شاراوەیی ئاماژە بۆ کەســـەکە-وەکو-خۆ دەکەن. ئـــەم ئاماژەکردنەش مەرگی ئەوانە. لەگەڵ مردنی هەڵویستێکی دیاریکراودا بەرانبەر کەسە بە بابەتکراوەکە هەڵوێستێکی نوێ بۆ گرتنی کەسەکە-وەکو-خۆ دێتەکایەوە. ئەمەش هەمانکات بناخەکەی لەقدەکات و ڕێگەش بە لایەنە دژوەستاوەکەی دەدات خۆی بەرجەستەبکات. ئێمە بەردەوام و بە شێوەیەکی نەبڕاوە لە کەسە بە بابەتکراوەکەوە ئاماژە بۆ (خۆ)ی ئەو دەکەین و لە (خۆ)ی ئەویشەوە بۆ بە بابەتبوونی دەگەڕێینەوە.

ئەم جوڵانە بێ وەستانە و بە هەڵگەڕانەوەشی پەیوەندی نێوان ئێمە و کەسانی دیکە دیاریدەکات. لەهەموو حاڵەتێکـــدا تاک لەنێو یەکێک لە پەیوەندییەکاندایە. بـــە یەکێکیان ڕازییە و بەوی دییان نا ڕازییە. درێژخایەنی و مانەوە لەنێو جۆرێک پەیوەندییـــدا بۆ بڕوای خراپ یان بارودۆخیکی تایبەتی مێژووی ئێمە دەگەڕێتەوە. بەڵام هەرگیز لە خۆی ڕازی نییە: پەنجە بەرەو لایەنە دژوەســـتاوەکە ڕادەکێشێت. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئێمە هەرگیز ناتوانین هەڵوێستێکی نەگۆڕمان هەبێت ئەگەر کەســـەکە لەیـــەک کاتدا خۆی وەکو خۆ و بابـــەت دەرنەخات؛ یان بابەتێکـــی بەرزی بەرزێتی و بەرزێتییەکی بەرز نەبێت؛ ئەمەش لەبنەڕەتدا کارێکی ماحاڵە. کەوابوو، ئێمە بەردەوام لەو بوونەوە تەماشـــا دەکات، دەبین بەو بوونەی تەماشایدەکرێت، گرنگیش نییە چۆن خۆمان بگونجێنین و چەندیش پەیوەندییەکەمان ڕاگرین. ئێمە دەمانەوێت شوێن کارێکی مەحاڵ بە ناسینەوەی سەربەستی کەسەکە و بوون بە بابەتی بوونیدا بگەڕێین.

حەزدەکـــەم گوتەیەکی ژان ڤـــاڵ بەکاربهێنم و بڵێم، ئێمە لـــە پەیوەندیماندا

لەگەڵ کەسانی دیکەدا (هەندێک جار لەحاڵەتی سەرکردنی بەرزێتیدا، ئەو کاتەی کەسەکە، وەکو بابەت دەناسین و لەنێو جیهاندا ونیدەکەین)، هەندێک جاریش بەو بەرزێتییەی دادەنێین، کە بەرزێتییەکەی ئێمە ڕەتدەکات. بەڵام هیچ کام لەم دوو حاڵەتە بە تەنیا کاری خۆی بە ئاکام ناگەیەنێت. نابێت خۆمان بخەینە سەر زەمینەیەکی یەکسانیش؛ ئەو زەمینەیەی، کە لەسەری ناسینەوە و بڕواکردن بە سەربەستی کەسەکە و بڕواکردن بە سەربەستی ئێمەش پێکدەهێنێت. کەسێکی دیکە، لەبنەڕەتەوە، ناناسرێت؛ کاتێک دەمەوێ بیناسم ڕادەکات. ئەو کاتەی منیش لە دەستی ئەو ڕادەکەم دەمگرێت. تەنانەت ئەگەر بمەوێت پەیڕەوی بۆچوونە ئاکارییەکانی (کانت)یش بکەم، سەربەستی کەسانی دیکە بە کۆتاییەکی بێمەرج دابنێم، هێشتا ئەم سەربەستییە بە بەرزێتی دەمێنێتەوە و دەبێت بە ئامانجێکی دوور بۆ من. لەلایەکی دیکەوە، دەتوانم بۆ بەرژەوەندی ئەوان کار بکەم و بوونی بە ئامێربوونی ئەوان بۆ سەربەستییەکە بەکاربهێنم. لەڕاستیدا پێویستە من کەسێکی دیکە لە حاڵەتێکدا، وەکو ئامێر ببینم. لەمحاڵەتەدا دەستەڵاتم بۆ گۆڕانی پەیوەندییەکەش دەخەمەگەر و کەسەکەش بەحاڵەتەکەوە دەگۆڕم. لێرەدا، من خۆم لەبەردەم ئەو پارادۆکسەدا دەدۆزمەوە، کە بووە بە ناوەڕۆکی بۆچوونی ڕامیاری لیبراڵەکان و (ڕۆسۆ)ش پێناسەی کردووە و دەڵێت: دەبێت زۆر لە کەسانی دیکە بکەم سەربەست بن. ئەگەر زۆرکردنەکە هەموو جارێکیش بەکارنەیەت و نەبێت بە زەبر و توندوتیژیش حوکم بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکاندا دەکات. ئەگەر دڵنەوایی کەسێک بدەمەوە دڵنیاییبکەم ئەوا دەمەوێت سەربەستی کەسەکە لە ترس یان خەم دوورخەمەوە. بەڵام دڵنەوایی و دڵنیایی سیستەمی ئامێرەکانن و بەرەو کۆتاییەکمان دەبەن. بەجۆرێک دانراون تاکو کاربکەنە سەر کەسەکە و لەنێو سیستەمەکەدا بیکەن بە ئامێر. لەسەرو ئەمەوە، دڵنەوایکەرەکە دەبێتە هۆکاری جیاکردنەوەی ئەو سەربەسستییەی لەگەڵ بەکارهێنانی ژێرییدا و شوێن کەوتنی چاکەدا بەکاریدەهێنێت. هەروەها ئەو (ئەشکەنجەیەی) لە ئاکامی کارەکەیدا و ناچارییەکی دەروونیدا توشی دەبێت. کەوابوو، گرفتەکە لە جیاکردنەوەی سەربەستی و ئەشکەنجەکەدایە. لەبەر ئەوەی دڵنەوایکەرەکە دەتوانێت سەربەستییەکە جیاکاتەوە، هەمانکات ڕەتیدەکات و زەبریش بەرانبەری بەکاردەهێنێت. ئەوا ناتوانێت لەو زەمینەوە، کە لەسەری ڕاوەستاوە ئەم ڕاستییە بناسێت: کە ئەو سەربەستییەی خۆی دەکات بە ئەشکەنجەکە و دوایش بەو کردەوەیەی سەربەستییەکە لە ئەشکەنجەکە بپارێزێت، کارکردنە دژی سەربەستی. ڕیگەنادات ئاکار و لێبوردن باشتر ڕێز لە سەربەستی کەسەکەی دیکە بگرن. لەو ساتەوەی پەیدادەبم سنوری فاکتۆرەکان بەدەوری سەربەستی کەسەکەی دیکەدا دەکێشم. من ئەو سنورەم. هەریەکێکیش لە پڕۆژەکانم سنورەکەی دەوری ئەو

ڕەنگرێژدەکات. خێرخوازی، لێبوردن پرۆژەی بوونی منن، کە مامەڵەکردنی من و کەسەکە لەگەڵ یەکدییدا دەسەلمێنن. لێبوردن فرێدانێکی بەزۆری کەسەکەیە بۆ نێو جیهانی لێبوردن. لابردنی ئەگەرە سەربەستەکانی، وەکو ئازایەتی، بەرگری، بەردەوامبوون و خۆ-سەلماندنە، کە ئەو هەلّی بۆ دەڕەخسێت لە جیهانی لێنەبوردندا گەشەیان پێبدات. ئەم فاکتۆرە لەگەڵ گرفتی پەروەردەدا باشتر دەردەکەوێت: پەروەردەیەکی توندڕەوانە منداڵ بە ئامێر دەکات چونکە بەزۆر بەهاکانی بەسەردا دەسەپێنێت، بەبێ ئەوەی منداڵ بیەوێت. پەروەردەی لیبراڵیش، بۆ بەکارهێنانی ڕێگەگەلێکی دیکە بنەما و بەها لەپێشترەکان بە ناوی منداڵەکەوە بۆ پەروەردەکردنی هەڵدەبژێرێت. فێرکردنی منداڵ بە ڕێگەی ڕازیکردن و نەرمی لە زۆرلێکردن کەمتر نییە. کەوابوو، ڕێزگرتن لە سەربەستی کەسانی دیکە وشەیەکی بێ واتایە: تەنانەت ئەگەر بمانەوێت ڕێز لە پرۆژەی سەربەستیش بگرین، هەریەکێک لەو هەڵوێستانەی هەڵیدەبژێرین لادانە لە سەربەستییەکە. لێرەدا گوێنەدان بە کەسانی دیکەش بۆ کێشەکە چارەسەر نییە. ئێمە لەنێو جیهاندا فرێدراوینەتە بەردەم ئەوان. بوونی ئێمە سنورداریتی سەربەستی ئەوانە، تەنانەت خۆکوشتنیش هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. هەرچییەک بکەین پێویستە لەنێو جیهاندا بە ئاکامیان بگەیەنین، کە کەسانی دیکەشی تێدا دەژین و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە.

لەم تاکە هەڵوێستەوە هەستکردن بە تاوان یان ئازاری ویژدانی پەیدا دەبێت. من لەئاستی کەسانی دیکەدا ئازاری ویژدانیم هەیە. من لەنێو ئازاری ویژدانیدام چونکە لەژێر تەماشاکردنی کەسەکەوە نامۆ دەبم و خۆم بە ڕووتکراوەیی دەبینم، هەست دەکەم لە بەرزاییەوە کەوتومەتە خوارەوە. ئەمەش واتای دەستەواژەکەی نێو تەورات دەردەخات، کە دەڵێت، "ئەوان دەیانزانی ڕووت بوون." هەروەها، ئەو کاتەی تەماشای کەسەکە دەکەم توشی ئازاری ویژدانی دەبم چونکە لەگەڵ خۆ-سەلماندنەکەمدا ئەو دەکەم بەبابەت و ئامێر، ئەویش هەست بە نامۆبوون دەکات. کەوابوو، تاوانی یەکەم سەرهەڵدانی بوونی منە لەنێو جیهاندا، ئەو جیهانەی کەسانی دیکەشی تێدایە. هەرچ جۆرە پەیوەندییەکیشم لەگەڵیاندا دروستبێت لە ئازاری ویژدانی دوورناکەوێتەوە.

بەڵام زەبوونی دەبێت بەهاوسەری ئازاری ویژدانیم و هەرگیز ناتوانم خۆمی لێ ڕزگاربکەم. لەهەموو هەوڵدانەکانمدا بۆ ناسینەوەی سەربەستی کەسەکەی دیکە من دەبێت ئەو بەئامێربکەم و سەربەستییەکەشی بە بەرزێتی دابنێم. هەروەها، گرنگ نییە چ جۆرە هێز و زەبرێک بەکاردەهێنم، کەسەکە هەرگیز خۆی لە بەبابەتبوون دەربازناکات. من بێجگە لەوەی سەربەستییەکەی لەحاڵەتێکدا دەردەخەم چی دیکەم بۆ ناکرێت. ناتوانم زۆرتر یان کەمتری بکەم و بە ئارەزووی خۆم بەڕێوەی بەرم. کەوابوو، من لە بوونمدا بەرانبەر کەسانی دیکە ئازاری ویژدانیم هەیە،

چونکــه ســەرهەڵدانی بوونم ڕەهەندێکی نوێ بە بوونی ئــەوان دەدات؛ منیش لە ســود وەگرتن یان گۆڕانی ئەو ڕەهەندەدا بێ دەستەڵاتم. بوون-بۆ-خۆ لە مێژووی بوونیدا بەم ئەزمونانەدا دەڕوات و بەزانینش سەبارەت هەوڵدانە نەزۆکەکانی پێشوی دەتوانێت دوای مردنی کەسانی دیکە بکەوێت. ئەم بڕیاردانە سەربەستانەیە بە ڕق ناوزەدیدەکەین. ڕقیش ئەم واتایە دەبەخشێت؛ بوون-بۆ-خۆ واز لە داواکارییەکەی بۆ یەکگرتن لەگەڵ کەســانی دیکەدا دەهێنێت؛ بۆ ئەوەی بوون-لەنێو-خۆی بوونی بدۆزێتەوە کەســانی دیکە بە ئامێر ناکات. ئەو دەیەوێت سەربەستییەکەی سنوری فاکتۆریی نەبێت و بوونی خۆی-وەکو بابەت-بۆ-کەسانی دیکە لەناوبەرێت. ڕەهەندی نامۆبوونی لەکۆڵبێتــەوە. ئەمەش لەوەدەچێت پــڕۆژەی بوونت لەنێو جیهانێکدا دامەزرانبێــت کەســی دیکەی تێدا نــەژی. بوون-بۆ-خۆ، ئــەو بوونەیە، کە ڕقی لەڕازیبوونێکە تەنیا بۆ خۆی بێت؛ ئەزمونەکانی لە بەکارنەهێنانی بوونی-بۆ-کەسانی دیکە ڕێنمایی دەکەن. دەیەوێت ببێت بە لەناوبەرێکی سەربەســتی بوونی خۆی و بە ئاکامەکانی بوونی بگات. ئەو کەســەی ڕقی لە پڕۆژەکانە نابێت بە بابەت؛ ڕق سەربەستییەکی ڕەهای بوون-بۆ-خۆ دەخاتە بەردەم کەسانی دیکە. لەبەر ئەمەشە ڕق لە نرخی بابەتەکەی کەمناکاتەوە چونکە ناکۆکییەکە دەخاتە سەر زەمینەیەکی ڕاســت. ئەوەی من ڕقم لێیەتی ڕوخســاری کەســەکە نییە، بەڵکو هەڵەکەی یان کردەوەکەیەتی. ئەوەی ڕقم لێیەتی بوونییەتی بەگشتی، وەکو بەرزێتییەکی-بەرز. ئەمەش وا لە ڕق دەکات بڕوای بە سەربەستی کەسانی دیکە بهێنیت و بیناسێتەوە. بەڵام بڕواکردنەکە نەرێ و ڕووتکراوەیە؛ ڕق تەنیا کەسێک، وەکو-بابەت دەناسێت و ڕووی تێدەکات. ئەو دەیەوێت ئەم بابەتە لەناوبەرێت و بەرزێتییەکەی تێپەڕ بکات. بەرزێتییەکەش بە تەواوی ناناسرێت.

کەوابوو، بوون-بۆ-خۆ تێیناگات؛ هەروەها بەبێ گۆڕانیشــی بۆ بابەت ئەم کارە ڕوونادات. من بەردەوام بەو هەڵوێستە دەیبینم لە بوونی کەسە بەبابەتکراوەکەدا لە من ڕادەکات و خۆی بەدەستەوە نادات. ئەمەش وا لە ئێمە دەکات ڕقمان لە دەربڕینە دەروونییەکان بێت نەک خودی دەروونەکە. ئەوەی من ڕقم لێیەتی هەمووی ئەو لایەنە دەروونییەیە، کە من بە بەرزێتی کەســێکی دیکەوە دەبەستێتەوە. من لەڕقدا خۆم ناخەمە ئاستی بابەتێکی تایبەتییەوە. ئەمەش جیاوازی نێوان ڕق و قین دیاریدەکات. ڕقیش لە وەستانمدا لەئاستی شتێکی خراپدا سەرهەڵنادات. بەپێچەوانەوە، لەوانەیە لە چاوەڕوانی سوپاسکردندا و لەگەڵ بەزەییدا دروست بێت. ڕق لە ئاکامی کردەوەی کەسانی دیکە دێتە پێش، کە من دەکات بەبابەتی سەربەستییەکەی. ئەم کردەوەیە توشی شەرمەزارییم دەکات؛ بوونی من وەکو ئامێر دەخاتە بەردەستی سەربەستییەکەی کەسێکی دیکە. منیش بۆ هێشتنەوەی سەربەستییەکەم پێویستە بیروخێنم. ئەمەش نزیکی نێوان ڕق و سوپاسگوزاری نیشاندەدات؛ لە سوپاسگوزاریدا بەرانبەر بەزەیی

یان بەخشندەیی سەربەستی کەســەکەی چاکەکەی لەگەڵداکردوین دەناسرێتەوە. ئەویش بەرانبەر کردەوەکەی و بەهاکانی بەرپرسە. من ڕێخۆشکەری بووم و بە هۆی منەوە کردەوەکەی هەڵسوڕاندوە.

لە ڕوانگــەی ئەم بڕوانامەیــەوە بوونێ‌بۆ‌خۆ پرۆژەی خۆشەویســتی یان ڕق دەخاتەگەر و ناتوانێت بیر لە بوونی کەســانی دیکــە نەکاتەوە. ئاکامی دووەمی بۆچوونەکانمان لەوێدایە، کە ڕق، ڕقە بەرانبەر کەســانی دیکە لە یەک کەســدا. ئەوەی من هاندەدات دوای مردنی کەسێک بکەوم بوونی گشتی کەسانی دیکەیە. ئەو کەسەی ڕقم لێیەتی نوێنەرایەتی هەموو کەسانی دیکە دەکات. پرۆژەی تێپەڕبوونم بەسەر ئەودا تێپەڕبوونە بەسەر هەموو کەسانی دیکەدا. لە ڕقدا تێگەیشتن ڕەهەندی نامۆبوونم و بەکۆیلەبوونم لەئاستی کەسانی دیکەدا ڕووندەکاتەوە. تێپەڕکردنی ئەم بەکۆیلەبوونەیــە دەبێت بە پرۆژە. ئەمەیە ڕق دەکات بە هەســتکردنێکی تاریک؛ هەســتکردنێک، کە دەیەوێت کەســێکی دیکە بەبێ ڕازیبوونــی خەفە بکات. من ڕازی نیم کەســێک ڕقی لە کەسێکی دیکە بێت؛ من دەمەوێت تێپەڕیبکەم چونکە هەرچەندە ڕقەکە ڕوو لە من ناکات، بەڵام پەیوەندی بە منەوە هەیە و بەرانبەر منیش بەکاردێت. لەڕاستیدا دەیەوێت من بڕوخێنێت، نەک لەبەر ئەوەی من خەفەدەکات، بەڵکو لە بنەڕەتدا داوای ڕازیبوونی من ناکات. ڕق دەیەوێت بەرانبەر ڕق ڕاوەستێت. ڕق بڕواکردنێکی نائاساییە بە سەربەستی کەسە ڕقاوییەکە.

ڕقیــش خۆبەزێنە. پرۆژەی ســەرەتایی ڕق خەفەکردنی ئاگامەندی کەســانی دیکەیە. ئەگەر لەم پرۆژەیەدا ســەرکەوتوش بێت، بۆنموونە، لەم ساتەدا بتوانێت کەســەکە لەناوبەرێت ناتوانێت ڕێگەی سەرهەڵدانی بوونی کەسەکە لە بنەڕەتەوە بگرێت. ئەگەر سەرکەوتنی ڕق لە تێکشکانی کەسەکەدا بێت، ئەوا ئەمکارە بڕوانامە بە بووبی کەسکە دەدات. ڕاستەوخۆ بوونم‌بۆ‌کەسانی دیکە، لە خلیسکانمدا بەرەو ڕابردوو، دەبێــت بە ڕەهەندێکی لە چارەبەدەری بوونم. من هەرگیز ناتوانم خۆمی لێ ڕزگار بکەم. دەشــێ هەندێک بڵێن من لە ڕابردووم ڕادەکەم و خۆم بە ئێســتا دەگەیەنم، لە داهاتووشــدا خۆمی لێ دەربازدەکەم. بەڵام وا نییە. ئەوەی بووە بە بوونێ‌بۆ‌کەسانی دیکە، ئەگەر کەسانی دیکەش خەفەکرابن هێشتا بوونی لە هەموو ڕۆژەکــەدا زەهراوی کراوە. ئەو ناتوانێت بوونی خۆی بەبێ ئەوان ببینێت و بوونە نامۆکراوەکەی بدۆزێتەوە. هەموو ئومێدێکی بۆ کارکردن لەســەر نامۆبوونەکەشی دۆڕاندووە و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری ناهێنێت چونکە کەسەکەی ئەم دەیەوێت لەناوییەرێــت کلیلی نامۆبوونەکەی هەڵگرتــووە و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە نێو گۆڕ. من بە مردنی کەسەکە دەبم بە شتێکی نەگۆڕ و بێچارە لەنێو ڕابردوومدا دەچەقم. لەئێستاشدا بەوجۆرە دەمێنمەوە، ئەگەر لە حوکمدان و بۆچوونەکانی ئەودا پرۆژە و شێوازی ژیانم بهێڵمەوە.

مردنی کەســـەکە، وەکو مردنی خۆم، مـــن دەکات بە بابەتێکی لە چارەبەدەر. کەوابوو، ســـەرکەوتنی ڕق لەگەڵ ســـەرهەڵدانیدا ڕوخانی خۆشی پێیە. ڕق ئێمە لە ســـوڕانەوەی نێو بازنەکە ڕزگار ناکات. بەڵکو دوا هەوڵدانێکی بێهودەیە. پاش ئـــەم ڕوخانە ئەوەی بۆ بوونـ-بۆ-خـــۆ دەمێنێتەوە گەڕانەوەیەتی بۆ نێو بازنەکە و دیوگۆڕانێتی لەنێوان هەردوو هەڵوێستە بنەڕەتییەکاندا.

٣ . بوونـ-لەگەڵ و "ئێمە"

بێگومان کەســـێک دەریدەبڕێت باســـەکەمان ناتەواوە چونکە لـــەو ئەزمونە کۆنکرێتییانـــە دوایـــن، کە پەیوەندی نێوان ئێمە و کەســـانی دیکـــە بەرەنگاری دەرناخات. هەروەها دروســـتە هەندێک جار چەمکی "ئێمە" بەکاردەهێنین. بوون و پێویستی ئەم شێوازە ڕێزمانییە ئامڕە بۆ ئەزمونی بوونـ-لەگەڵدا دەکات. دەکرێت "ئێمە" بە بکەر دابنێین و لەم شێوازەدا (کۆ)یە بۆ "من". گومانیش لە پەیوەندی نێوان ڕێزمان و بیرۆکەدا ناکرێت. لەڕاســـتیدا، پێویســـتە بە پرســـیارکردنەکەدا بچینەوە و لە پەیوەندی نێوان زمان و بیرۆکە بکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دروستە بکەری (ئێمە) بەبێ بەستنەوەی بە بیرۆکەی کۆی بکەرەکانەوە، کە خۆیان، وەکو (خۆ) دەناســـنەوە، دەرناکەوێت. ئەگەر ئـــەم کارەنەکرێت، ئەوا چەمکی (ئێمە) دەبێت بە هەڵگـــری کۆمەڵێک ئەزمونی نەبـــڕاوە. ئەزمونەکانیش پێش ئەزمونی منـــی بەبابەتکراو بۆ کەســـانی دیکە و ئەوانی بەبابەتکراویـــش بۆ من دەکەون و ناکۆک ڕادەوەســـتن. لەنێو (ئێمە)دا کەس بەبابەت نەکـــراوە. (ئێمە) هەموو ئەو خۆیانە دەگرێتەوە، کە خۆیەتی خۆیان پاراستوە. هێشتا ئەم پاراستن و بڕواکردنە بە یەکدی بابەتی ئاشـــکراکراوی توێژینەوە نییە؛ ئەوەی ئاشـــکرایە کارکردنێکی هاوبەش یان هەســـتکردنێکی هاوبەشـــە. (ئێمە) بەرگری دەکەین، (ئێمە) هێرش دەبەین، (ئێمە) ئازارە ویژدانییەکە تاوانباردەکەین، (ئێمە) دەڕوانینە ئێرە و ئەوێ. بڕواکردن بە خۆیەتی تاکەکان لەو بڕواکردنە دەچێت، کە ئاگامەندی بەرانبەر بوونی خۆی لە پێش تێڕاماندا هەیبوو. چاکترین نموونە بۆ (ئێمە) بینەرانی شانۆگەرییە، کە بیرکردنەوەیان بۆ تێگەیشـــتن لە دیمەنی ئەندێشاوی و داهاتووی ڕووداوەکان و پاڵەوانەکان و خیانەتکەرەکانەوە ماندووکردوە. ئەو بینەرەی نوێنەری ئاگایی بینەر دەکات خـــۆی بەو ئاگامەندییە هاو-بینەرەی بینـــەران دەرناخات. هەموو دەزانین چۆن بە بینینی کورســـییە چۆڵەکانی نیوەی هۆڵەکە شـــەرمەزاردەبین و تامەزرۆ بوونەکەشمان هۆڵەکە پڕدەکات. هەروەها، بوونمان، وەکو خۆ لەنێو ئەزموونەکاندا لە هەموو حاڵەتێکدا سەرهەڵدەدات.

من لەسەرشۆســـتەی بەردەم قاوەخانەکە ڕاوەستاوم؛ تەماشای کەسانی دیکە

دەکەم و دەزانم تەماشادەکرێم. لێرەدا، بەرانبەر ئەوان بەرەنگارانە دەوەستم (ئەوان بـــۆ من و من بۆ ئـــەوان بەبابەت کراوین). بەڵام، کتوپڕ چەند ڕووداوێک لەســـەر شەقامەکە دێنە پێش؛ بۆنموونە تەکسییەک و ئۆتۆمۆبیلێکی جیپ بەیەکدا دەدەن. من دەبم بە تەماشاکەر، بوونی خۆم بەبێ تێڕامان دەبینم، کە لەگەڵ 'ئێمە'دا خۆی خەریککردوە. بەرەنگارییەکەی پێشـــو دیارنامێنێـــت و ئاگامەندییەکەی دەبێت بە بنەمای 'ئێمە' و هەموو کەسەکان دەگرێتەوە: 'ئێمە' دەروانینە ڕووداوەکە، 'ئێمە' بەشداریدەکەین. ئەم نادوژمنکارییەیە، کە ڕۆمانییەکان بە (یەکدابوون) ناوزەدیانکرد. لێرەدا، دەگەڕێینەوە بۆ چەمکی بوون-لەگەڵی هایدیگەر. ئایا ڕەخنەکەی پێشومان [لەسەر هایدیگەر] ڕەوابوو؟

ئەو خاڵەی لێرەدا دەمانەوێت باسیبکەین ئەوەیە، کە گومان لە ئەزمونی 'ئێمە' ناکەین. تەنیا ئەو لایەنە سنوردارەمان ڕوونکردەوە، کە ئەزمونەکە نابێت بە بنەمای ئاگامەندی ئێمە بۆ کەســـانی دیکە. ئاشـــکرایە، نابێت بە بنەمای ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ؛ ئێمە سەلماندمان، کە بوونی بوون-بۆ-خۆ لەنێو کەسانی دیکـــەدا لە بنەڕەتەوە مێتافیزیکی و فاکتۆرێکـــی هەڵکەوتوش بوو. بێجگە لەمە، 'ئێمە' خۆیەکی هاوبەشـــی ئاگامەندی نییە. ئەوشتە نوێیەش نییە، کە بەشەکانی تێپەڕیشیان بکات. 'ئێمە' لەنێو ئەزمونی تاکەکەسدایە؛ پێویستیش ناکات هەموو کەسانی نێو قاوەخانەکە ئاگایان لەم ئەزموونە بێت، تاکو من لە 'ئێمە' بەئاگابم. هەمووەمـــان دەزانین واتای ئەم دایەلۆگە لە ژیانـــی ڕۆژانەماندا چییە، کە دەڵێین، "ئێمە ناڕازاین" یان "بەڵام، نا تۆ بە ناوی خۆتەوە بدوێ." ئەمە بوونی 'ئێمە' بە شـــێواوی دەردەخات. ئەگەر ئەمە دروســـت بێت، بۆ ئەوەی ئاگامەندی بگاتە ئەو حاڵەتەی 'ئێمە'ی تێدا بەرجەستە بێت، پێویستە خۆی بخاتە نێو کۆمەڵەوە و بە شـــێوەیەکی دیکە خۆی دەربخات؛ واتە، وەکو بەرزێتییەکی بەرز یان بەرزێتییەکی بەرزکراو. 'ئێمە' ئەزمونێکی تایبەت لە حاڵەتی تایبەتی و لەسەر بنەمای بوون-بۆ-ئەوان بەگشتی دەناسرێت. بوون-بۆ-کەسانی دیکە پێش بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکە دەکەوێت و دەیهێنێتە کایەوە.

ئەو فەیلەســـوفەی لە واتای 'ئێمە' دەکۆڵێتەوە دەبێ وریا بێت و بزانێت باسی چیدەکات. تەنیا ئێمە-وەکو-خۆ نییە؛ بە هۆی ڕێزمانەوە فێردەبین، کە ئێمە-وەکو-تەواوکـــەر و ئێمە-وەکو-بابەتیش هەین.[٦٥] تاکو ئێرە هەرچییەکمان باســـکردوە

---

٦٥ واتای ئەم دوو جۆرەی 'ئێمە' لە ڕیزمانی کوردییدا دەرناکەوێت. 'ئیمە' بەگوێرەی دانانی لە ڕستەدا، بەپێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوە، ناگۆڕێت. بۆنموونە لەم دوو ڕستەیەدا: (ئێمە نانمان خوارد یان ئەوان نانیان بۆ ئێمە هێنا.) گۆرانی بەسەردا نایەت. لەهەردوو ڕستەکەدا 'ئێمە' نوسراوە، بەڵام دوو جێگە و دۆخی جیاوازیان لە ڕێزماندا هەیە. جیاوازییەکەیان بە نوسین لە زمانی ئینگلیزییدا ئاشکرا دەردەکەوێت. (وەرگێڕ)

ئاشــکرای دەکات 'ئێمە' لە دەستەواژەی "ئێمە تەماشای ئەوان دەکەین" ناخرێتە ســـەر هەمان زەمینەی ئۆنتۆلۆجی 'ئێمە' کە لە دەســـتەواژەی "ئەوان تەماشای ئێمـــە دەکەن" دەردەبرێت. ئەمەش پەیوەندی بە خۆگەرایەتییەکی ڕووتەوە نییە. لەو دەســـتەواژەیەدا، کە دەڵێین، "ئەوان تەماشای من دەکەن" بوونی خۆم، وەکو بابەت بۆ کەســـانی دیکە نیشـــاندەدەم. منی بەرزێتییەکی بەرزێتی نامۆدەکرێم. ئەگەر دەســـتەواژەکە "ئەوان تەماشای ئێمە دەکەن" ئەزمونێکی ڕاستەقینە بێت، ئەوا دەیســـەلمێنم، کە خۆم خســـتۆتە نێو کۆمەڵێکەوە و هەموو (من)ەکان تیایدا نامۆکراون. 'ئێمە' هەموو پێکەوە بووین بەبابەت. کەوابوو، دوو شـــێوازی ئەزمونی جیاوازی 'ئێمە' هەیە: ئەو دوو شـــێوازەش ئاماژە بۆ بوون-لەنێو-تەماشـــاکردن و بوونێکی تەماشـــاکراو دەکات، کە بنەڕەتـــی پەیوەندییەکانی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ کەسانی دیکەدا دیاریدەکات. ئێستاش لەم دوو شێوازەی 'ئێمە' دەکۆڵێینەوە.

ئەلف. ئێمەی بابەت

توێژینەوەکەمان بە ئەزمونی دووەم دەستپێدەکەین؛ واتاکەی ئاسانتر ڕووندەبێتەوە و یارمەتیمان دەدات لە بوونی کەســـانی دیکە تێبگەین. یەکەم، پێویستە بزانین، کە ئێمەی بابەت لەنێو جیهاندا ڕاگیردەکات. وەکو نامۆبوونێکی بەردەوام دەکەوێتە نێو ئەزمونی شـــەرمکردنەوە. ئەمەش لەو دیمەنەدا دەردەکەوێت، کە ژنێکی جوان دەچێت زیندانییەک لەســـەر بەلەمەکە دەبینێت و تەماشـــای کارکردن و ژیانی پڕ ئازاری دەکات. زیندانییەکەش خەریکە لە نێو شەرم و تووڕە بوونییدا بخنکێت. ئەمە شەرمکردن و نامۆبوونێکی گشتییە.

ئایـــا چۆن تاکێک لەنێو کۆمەڵێکی بە بابەتکراو هەســـت بە بابەتبوونی خۆی دەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ خەسڵەتی بنەڕەتیی بوونمان بۆ-کەسانی دیکە دەگەڕێینەوە.

لێرەوە تەماشـــای ئەو حاڵەتە دەکەین من بە تەنیا تیایدا ڕووبەڕووی کەسێک دەبمەوە. هەردووکمان دەڕوانینە یەکدی. من دەمەوێ بەرزێتییەکەی ئەو ڕەتبکەم یان هەســـت بە بەرزێتییەکەی خۆم دەکەم و هەموو ئەگەرەکانیشـــم بە مردوویی دەبینم. من و ئەو دەبین بە دووانە و لەنێو ئەم هەڵوێستەدا پەیوەندی دروستدەکەین. هەڵوێســـتەکەش بوونێکی ڕاســـتەقینەی بۆ من و ئەو هەیە. ڕووبەڕووبوونەوەکە و پەیوەندییەکەمان بە شێوەیەکی دیکە نابینرێت. بەڵام ئەو خاڵەمان باسنەکردووە، کە پەیوەندییەکەمان لەســـەر زەمینەیەکی نەبـــڕاوی پەیوەندییەکانی هەردووکمان لەگەڵ کەســـانی دیکەدا ڕاگیردەکرێت؛ ئـــەوەش ئاگامەندییەکانە، کە بە ڕواڵەت هەموو ئەگەرییان پێکهێناوە. لە ئاکامدا، پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئەم کەســـەدا، کە

لەپێشتر هەســـتمپێکرد و بوو بە بناخە بۆ بوونم-بۆ-کەسانی دیکە یان پەیوەندی ئەو لەگەڵ مندا لە هەموو حاڵەتێک و لەژێر باری هەموو هاندەرێکدا لەنێو ئەزموندا دەبێت بە بابەت بۆ کەســـانی دیکە. ئەمەش لەگەڵ ئامادەبوونی کەسی سێیەمدا باشتر دەردەکەوێت. گریمان، بۆنموونە، کەسێک دەڕوانێتە من. لەمحاڵەتەدا بوونم بە نامۆیی دەبینم. کەسی سێیەمیش کتوپڕ دەردەکەوێت. ئەگەر ئەویش بڕوانێتە مـــن ئەوا هەردووکیان دەبن بە کۆمەڵ، وەکو 'ئـــەوان' (ئەوانی خۆ) لەڕێگەی بە نامۆبوونـــی منەوە. 'ئەوان' ڕوو لە 'کەســـێک' دەکـــەن، کە تاکێکە و بە (کەس) دانانرێت. ڕاستەقینەی تەماشاکردنەکەش ناگۆڕێت و بنەڕەتی نامۆبوونەکەشم پتەوتر ناکات. ئەگەر کەسی سێیەم تەماشای ئەو کەسە بکات، کە تەماشای من دەکات، کێشـــەکە ئاڵۆزتر دەبێت. من کەسی سێیەم ڕاســـتەوخۆ نابینم، بەڵکو لەڕێگەی کەسەکەوە دەیبینم، کە تەماشایکراوە. کەوابوو، بەرزێتی سێیەم بەرزێتییەکە ئەو بەرزێتییە ڕەتدەکات، کە بەرزێتی منی ڕەتکردوە و هەموو چەکێکی لێدەســـەنێت. لێرەدا زەمینەیەکی چەق وەســـتاو دەبینرێت، کـــە زوو لەناودەچێت و دەفەوتێت. ئەمەش وابەستە بە هەڵوێستی منەوە و بڕیاردانم لەگەڵ کەسی سێیەمدا ڕێکەوم و هەردووکمان بڕوانینە کەسەکەی بەبابەتکراوە.

لەم حاڵەتەدا من هەست بە 'ئێمە'، وەکو خۆ دەکەم، کە لە دواییدا باسیدەکەین. هەروەها دەتوانم تەماشای کەسی سێیەم بکەم و بەرزێتییەکەی ڕەتبکەم. ئەمەش، کەسی سێێەم بەبابەت دەکات و ئەگەرەکانی دەمرێنێت. بەڵام تەماشای کەسەکەش دەکات، کە دەڕوانێتە من. ئەمە ئەو هەڵوێســـتە دێنێتە پێش، کە تیایدا من دەبم بەبابەت بۆ کەســـی دووەم، ئەویش دەبێت بەبابەت بۆ کەســـی ســـێیەم و کەسی سێیەمیش بۆ من دەبێت بەبابەت. سەربەستیش لەسەر بناخەی یەکێک یان دووان لەم پەیوەندییانە بونیاد بۆ هەڵوێستەکە پێکدەهێنێت.

ڕوودەدات کەسی سێیەمیش بڕوانێتە ئەو کەسەی من تەماشای دەکەم. لێرەدا، من دەتوانم تەماشـــای هەردووکیان بکەم و تەماشـــاکردنەکەی کەسی سێیەمیش چەک بکەم. کەســـەکە و کەســـی ســـێیەم بۆ من دەبن بە (ئەوان)ی بەبابەتکراو. بەبێ ئەوەی کەســـی ســـێیەمیش ببینم دەتوانم لەڕێگەی کەسەکەوە، کە هەست دەکات تەماشادەکرێت، تەماشاکردنەی بگرم. ئەمەش ناسینەوەی بەرزێتی سێیەمە لەڕێگەی کەسەکەوە. ئەزمونی سێیەم نامۆ بوونێکی ڕادیکاڵی کەسەکە دەردەخات. کەسەکەش دەیەوێت لەنێو جیهانی مندا خۆی دەربازبکات؛ لەوە زۆرتر من ناتوانم داگیریبکەم؛ بووە بە بابەت بۆ کەســـێکی دیکـــە و بەرزێتییەکی دیکە. کەوابوو، خەسڵەتی خۆی، وەکو بابەت ونناکات و تەنیا ئاڵۆزی و تەمومژاوی دەبێت. نەک بە هۆی بەرزێتییەکەیەوە، بەڵکو لەڕێگەی بەرزێتی کەسی سێیەمەوە خۆی لە من ڕزگاردەکات. هەرشـــتێک لەبارەیەوە بزانم ئەو بـــەوی دی دەهێڵێتەوە. بۆ ئەوەی

جارێکی دیکە داگیریبکەم، دەبێت بڕوانمە کەسی سێیەم و بیکەم بەبابەت. ئەمەش، یەکەمجار، ڕوونادات چونکە لەوانەیە کەسانی دیکەش هەبن تەماشای کەسی سێیەم بکەن. بەردەوام کەسانێک هەبن، کە من نایانبینم. ئەمە بناخەی ئەوان-وەکو-بابەت دەلەقێنێت و بوون-بۆ-خۆش بەردەوام هەوڵدەدات ئەوان بەبابەت بکات و داگیریان بکات. لەبەر ئەم هۆیەشە دڵدارەکان پەنا بۆ تەنیایی دەبەن.

ئاشکرایە، دەزانم لەوکاتەدا تەماشای کەسەکە دەکەم کەسی سێیەم تەماشای من دەکات. ئەمەش من نامۆدەکات و نامۆبوونی کەسەکەش دەبینم. ئەگەرەکانی من لە بەکارهێنانی کەسەکەدا، وەکو ئامێر و لەناوبردنی ئەگەرەکانی بوونی، بەرزێتییەکەی من، کە دەیەوێت بەرزێتی ئەو ڕەتبکات و بە ئاکامەکانی بگات دەبێتەوە بە بەرزێتییەکی بەرزکراو. کەسەکە نابێتەوە بە (خۆ)، بەڵام من ئەو ڕاستییەم بۆ دەردەکەوێت، کە ناتوانم ئەو بەبابەتی بهێڵمەوە. ئەو دەبێت بە شتێکی بێ لایەن؛ شتێک لەوێدایە و منیش ناتوانم هیچی لێبکەم. بۆنموونە، لەوحاڵەتە دەچێت، کە دەبینم کەسێک لێدان و ئەشکەنجە دەدرێ و ناتوانم یارمەتی بدەم.

دەرکەوتنی کەسی سێیەم من دەبڕێت. مرۆڤەکە ئەوە نییە لێدان دەخوات یان سوکایەتی پێکراوە؛ بەڵکو هەبوویەکی ڕووتە. لەوە زۆرتر بە چی دیکە نابێت. لەڕێگەی کەسی سێیەمەوە گۆڕانی بەسەردا دێت؛ من لەسەر زاری کەسی سێیەمەوە دەیبستم، کە ئەو نەیتوانیوە بەرگری لە خۆی بکات یان من پێی دەڵێم، (شەرم ناکەیت لە کەسێک دەدەیت، کە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات؟) حاڵەتی بێ دەستەڵاتی کەسەکە بە ئامادەبوونی کەسی سێیەم دەسەلمێنرێت. نابێت بە بەشێک لە جیهانی من؛ بەڵکو بەشێک لەو جیهانەی من و کەسە بێ دەستەڵاتەکە بۆ کەسی سێیەم تیایدا دەژین.

ئەمەش ئێمە دەخاتە بەردەم ئەو کێشەیەی دەمانەوێت لەسەری بدوێین: من و کەسانی دیکە لەبەرەنگاریدا دەژین. کەسی سێیەمیش سەرهەڵدەدات و هەردووکمان لەنێو تەماشاکردنەکەیدا کۆدەکاتەوە. من نامۆبوون و بوون بەباتی بوونمی پێدەسەلمێنم. بۆ کەسێکی دیکە من دەبم بە بابەتێک لەنێو ئەو جیهانەدا، کە من خاوەنی نیم. بەڵام ئەو کەسەی تەماشام دەکرد یان تەماشای دەکردم هەمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەویش بۆ کەسی سێیەم دەبێ بەبابەت لەنێو جیهاندا. دوو هەڵوێست لەپێش سەرهەڵدانی کەسی سێیەمدا هەبوون؛ یەکەمیان لەنێو دەستەڵاتی کەسەکەدا من بە ئامێر دانراوم، دووەمیش بەپێچەوانەوە ئەویش بۆ من بوو بە ئامێر. لەهەر یەکێک لەم هەڵوێستانەدا مردنی ئەگەرەکانی تێدایە. لەگەڵ سەرهەڵدانی کەسی سێیەمدا من هەست بە نامۆبوونی ئەگەرەکانم دەکەم. بەهەمان شێوەش، ئەگەرەکانی ئەویش دەمرن. هەڵوێستەکە لەناو ناچێت، بەڵکو

لەژێر دەستەڵات و لەنێو جیهانی هەردووکماندا دەردەچێت. دەبێت بە پێکهاتەیەکی دەرەکــی لەنێو جیهانی کەســی ســێیەمدا. لەنێو جیهانی ســێیەمدا دەبینرێت، حوکمی بەســەردا دەدرێت، تێپەڕدەکرێــت یان بەکاردەهێنرێت. بــەڵام بونیادە دامەزرێنراوەکــەی لە بوونی منەوە بۆ کەســەکە یان لە ئــەوەوە بۆ من نامێنێت. هەموو ئەگەرەکانمان لەگەڵ سەرهەڵدانی کەسی سێیەمدا لەناودەچن. من، کتوپڕ، بوونێکی دەرەکی هەڵوێســتەکە لەنێو جیهاندا دەبینم. کە من و کەســەکە یەک دەگرین و دژوەستاو ڕوو لە یەکدی ناکەین. من لەدەرەوە و لەگەڵ کەسەکەدا لەنێو دەڵاقەیەکی دەرەکی ڕادەوەســتین و خۆشــمان ناتوێنینەوە. دەڵاقەکە ئەو لایەنە هەمووگەرییەیە، کە من و کەسەکە تیایدا جیاناکرێنەوە و لەگەڵیدا ڕێدەکەوم. بوونم لەوێدا بۆ کەســی سێیەمە. بەمجۆرەش بیر لە بوونی کەسەکەی دیکە دەکەمەوە. من و کەســەکە لــەدەرەوەی بوونی خۆماندا مامەڵە لەگــەڵ یەکدی دەکەین. من بیرۆکەی مامەڵەکردنەکەم هەڵگرتوە بەبێ ئەوەی لە واتاکەی تێبگەم؛ ناسینەوەی لێپرسینەوەکەم و لێپرسینەوەی کەسەکەشە هەردووکمان بە ئێمەی-بابەت دەکات. کەوابوو، ئێمەی-بابەت، هەرگیز خۆمان ناناســین و ناخرێینە بەر ئەزمون. ئەوەی لەنێو ئەزموندا دەردەکەوێت هەڵوێستی هاوکاریکردنە لەگەڵ کەسەکەدا. بیرۆکەی لێپرسینەوەکەم لەنێو هەڵوێستەکەدا 'ئێمە'ی دەرخست.

مــن دەتوانم، پێش ئامادەبوونی کەســی ســێیەم، بڵێم، (من دژی کەســەکە دەجەنگم) کاتێک کەســی ســێیەم ئامادەدەبێــت ئەگەرەکانی من و کەســەکە لەناودەچن. زۆریشــم لێدەکرێت بیســەلمێنم (ئێمە جەنگ دژی یەکدی دەکەین.) لەڕاســتیدا دەستەواژەی (من لەگەڵ ئەودا دەجەنگم و ئەویش لەگەڵ مندا) دەبێت بە شــتێکی نادروست. ڕاســتییەکەی لەوێدایە، کە من دژی ئەو دەجەنگم چونکە ئەو دژی من دەجەنگێت. پڕۆژەی بەرەنگاریبوونەوەکە لەنێو مێشکی هەردووکماندا گەرای داناوە. بۆ کەســی ســێیەمیش یەکیان گرتوە و لە پــرۆژەی ئەوان-وەکو بابەت، کە لە تەماشــاکردنەکەیدا بەرجەستە بوو، سەرهەڵدەدات. من خۆم لەنێو تەماشــاکردنی کەسی سێیەمدا بە بەشێکی دانەبڕاوی 'ئەوان' دەبینم. 'ئەوان'یش خاوەن خۆبوون و کراون بە (ئێمە).

تێڕامانــی ئاگامەنــدی تەوانــای دۆزینەوەی (ئێمــە)ی نییــە. بوون-بۆ-خۆ لەمامەڵەکردنەکــەدا دەردەچێت و خۆی دژی بەرانبەر کەســانی دیکە ڕادەگرێت. پێویستە بزانین هەستکردن بە بەشێک لە ئێمەی بابەت نامۆبوونێکی ڕادیکاڵانەیە چونکە بوون-بۆ-خۆ لەم هەڵویستەدا خۆی نابینێت و بووە بە ئەوان. ئێمەی بابەت، لــەم ڕووەوە، ئەزمونێکی کتوپڕی بارودۆخی مرۆڤانەیە و فاکتۆرێکی دەرەکییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا. هەرچەندە ئێمەی بابەت ڕووداوێکە هاوکاریکردن دەردەخات واتاکەی ئەو بارودۆخە تایبەتییە ڕەتدەکات، کە ئەزمونەکەی تێدا ڕوودەدات

و منیش هەوڵدەدەم، وەکو بابەت ببم بە بەشێک لە هەمووی مرۆڤایەتی[بەبێ کەسی سێیەم]. کەوابوو، ئەزمونەکە شەرمەزاری و بێ تەوانابیە: ئەو مرۆڤەی هەستدەکات لەگەڵ کەسانی دیکەدا بووە بە (ئێمە) لەنێو تۆڕی بوونێکی سەیر و نەبڕاوەدا گیردەخوات. بەبێ کۆمەک نامۆدەبێت. هەندێک ئەزمون لەوانی دیکە زۆرتر (ئێمە) دەردەخەن. بەتایبەتی لە کارکردنێکی کۆمەڵایەتیدا: کاتێک چەند کەسێک پێکەوە کاردەکەن کەسی سێیەم تەماشایان دەکات بەرهەمەکەیان دەبێت بە بەرهەمی کارکردنی (ئێمە). کارەکانی من دەبەسترێت بە کارەکانی کەسەکەی تەنیشتمەوە و ئەویش بەوەی کەسێکی دیکەوە. ئەمەش بیرۆکەی (ئێمە) پێکدەهێنێت. هەر تاکەمان خۆی وەکو (ئێمە) لە ئاستی بەرهەمە دروستکراوەکەدا دەبینێت. بەرهەمە دروستکراوەکەش مۆری خۆی دەخاتە سەر ئێمە، وەکو ئامێرێک دەرماندەخات، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دانراوین.

ئەگەر بوونی (ئێمە) لە هەندێک ئەزموندا باشتر بەرجەستە بێت، پێویستە ئەو خاڵەشمان لەبیر بێت، کە هەموو هەڵوێستێکی مرۆڤانە، مادام مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات، هەرکاتێک کەسی سێیەم ئامادەبێت، (ئێمە)ی تێدا دروست دەبێت. من لەپشت ئەو کەسەوە پیاسەدەکەم و پشتی دەبینم، مامەڵەکردنیشم لەگەڵیدا کەمە. بەڵام کاتێک کەسێکی دیکە تەماشای من و شەقامەکە و ئەو دەکات، من و ئەو دەبین بە (ئێمە)؛ ئێمە لەسەر شەقامی بلۆمێت لە بەیانییەکی مانگی مایسدا پیاسەدەکەین. تەماشاکردنەکەی من و ئەو کۆدەکاتەوە و بە (ئێمە) مان دەکات.

بەپێچەوانەشەوە، بەوجۆرەی تەماشا بەرجەستەبوونێکی کۆنکرێتی ئەزمونی منە بۆ کەسەکە، بەوجۆرەی بوونی خۆم بۆ کەسەکە دەبینم لەدەرەوەی تەماشاکردن دەبینم، ئەوا مەرجیش نییە تەماشاکردنێکی کۆنکرێتی لەناوەوەی ئێمەدا ببێت بە بناخە بۆ هەستکردن بە بوونمان، وەکو (ئێمە)یەکی پێکهاتوو. مادام هەموویەکی پێکەوە نەنوساوی ڕاستەقینەی مرۆڤانە هەیە، دەشێ هەندێک لە تاکەکانیش لە ئەزمونیاندا خۆیان بە (ئێمە) دابنێن. هەندێک لەم تاکانە بە خوێن و گۆشت ئامادەن و هەندێکیان ئامادەنین. کەوابوو، لە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی کەسی سێیەمدا من خۆم بە خۆیەکی ڕووت دادەنێم و دەبم بە بەشێکی نەپچڕاو لە (ئێمە). ئەمەش شێوازێکی بوونی (ئێمە) دیاریدەکات، بەتایبەتی ئەو شێوازەی بە (ئاگایی چینایەتی) ناوزەدیدەکەین.

ئاشکرایە، ئاگایی چینایەتی شێوازێکی تایبەتی (ئێمە)یە و هەڵوێستێکی هاوبەشە. ئەوەندە گرنگ نییە چۆن ئەم هەڵوێستە پێناسدەکەین؛ ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستە چۆنیەتی (ئێمە)یە، کە دەمانەوێت باسیبکەین. ئەگەر کۆمەڵ لە ڕووی ئابووری و ڕامیارییەوە بەسەر چینی چەوساوە و چەوسێنەردا دابەشبووبێت،

هەڵوێســـتی چینی چەوسێنەر وێنەی چینی چەوســـاوە بە جۆرێک نیشاندەدات، کە بەردەوام لەنێو[تەماشـــای] کەســـی ســـێیەمدا بێت و بە سەربەســـتییەکەی بەرزێتییەکەیـــان تێپەڕبـــکات. کارکردنی گران و خراپی شـــێوازی گوزەرانی یان بێبەرییبوون نییە، کە چەوســـاوەکان لەنێو چینێکدا کۆدەکاتەوە. هاوکاریکردنە لە کاردا (کە لەدواییـــدا ڕوونیدەکەینەوە) و دەبێت بـــە کارکردنێکی هاوبەش، وەکو ئێمەی-خۆ و سەلماندنی بەرزێتییەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. شێوازی گوزەران پەیوەندیدارە و بەگوێـــرەی بارودۆخەکانیش دەگۆڕێت. بێبەرییبوونەکانیش، ئەگەر بەتەنیا تەماشـــایانبکەین، لە ئاکامی دابڕانی کەســـەکاندا دروستدەبن، کە توشی ئازارخواردنـــی کردن، نەک بۆتە هۆکاری یەکگرتنیان و بەگشـــتیش ســـەرچاوەی ناکۆکییە. دواجاریش، بەراوردکردنی شـــێوازی ژیانی ناخۆشـــی چەوســـاوەکان و خۆشگوزەرانی چەوســـێنەرەکان لەلایەن مرۆڤە چەوساوەکانەوە ئاگایی چینایەتی پێکناهێنێت؛ هەڵبەتە تاکەکان توشی حەســـودی یان بەڕادەیەک خەمباردەکات؛ بەڵام بەهەستکردن بە لێپرســـینەوە بە یەکدییەوە گرێیاننادات و یەکیان ناگرێت. بەهەڵەشدا دەچین ئەگەر بڵێین لەسەرەتاوە چینی چەوساوە تێدەگەن ئەم بارودۆخە چینی چەوســـێنەر سەپاندوویەتی. بەپێچەوانەوە، دامەزراندنی بیردۆزەیەک لەسەر چەوساندنەوە کاتێکی درێژخایەنی پێویستە. هەروەها بیردۆزەکەش تەنیا بەهایەکی زەقی دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەندامی کۆمەڵە چەوساوەکە، وەکو تاکێک لەنێو کۆمەڵەکەی خۆیدا و لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەدا لەنێو بەرەنگاریدایە (بۆنموونە لە خۆشەویســـتی و ڕق و دوژمنایەتیکردندایە.) بارودۆخی خۆی و ئەندامەکانیش وادەبینێت، کە تەماشـــادەکرێن و ئاگامەندییەکیش بیریلێدەکاتەوە، کە لە دەست ئەم ڕادەکات. (خـــاوەن کۆیلە) و (دەرەبەگ)، (بورژوا) و (ســـەرمایەدار)، تەنیا وەکو کەســـانی بەدەستەڵات دەرناکەون، بەڵکو لەسەرو ئەمەوە، کەسی سێیەمن؛ لەدەرەوەی کۆمەڵە چەوساوەکەن و کۆمەڵە چەوساوەکەش بۆ ئەوان هەن. کەوابوو، کۆمەڵە چەوساوەکە بۆ ئەوان و سەربەستییەکەی ئەوان هەیە. ئەوان بەتەماشاکردن دەیهێننەکایەوە. ئەوان بارودۆخی ناسنامەی من و چەوساوەکان دروستدەکەن.

من بۆ ئەوان لەنێو هەڵوێستدا هەم و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕیزکراوم. ئەگەرە مردووەکانی من و ئەوانەی کەســـانی دیکە هاوتەراز کراون. من بۆ ئەوان کرێکارم لەنێو تەماشاکردنەکەی ئەوانیشدا خۆم بە یەکێک لە ئەندامانی سەربەکەسانی دیکە دەبینم. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لە تەماشاکردنەکەی ئەواندا ئەو (ئێمە) یە دەدۆزمەوە لەدەرەوەی بوونی مندا دەبێت بە (چین)و منیش بە بەشێک لە ئەو. لەم تێڕوانینەوە، کەسی ســـێیەم و ژیانی ناخۆشی ئێمە دەبێت بە خاوەنی بەها؛ ســـەربەخۆیی کەسی سێیەم لە پەیوەندییەکەی بە ئێمەوە دەردەخات. نامۆبوونی ئێمە بە زەقی دەخاتە بەردەممان. لەنێو ئەم ئازار و چەوسانەوەیەدا خۆم بەو بوونە

دەبینم-کە تەماشاکراوە-وەکو شتێکیش مامەڵە لەگەڵ شتەکانی دیکە دەکات. لەبەر ڕۆشـــنایی ئازارخواردنەکەمدا من لەنێو کەسەکاندا و بەرەنگاریم بەرانبەر جیهان و فاکتۆری بارودۆخی ژیانم کەســـی ســـێیەم هەست بە بوونم دەکات. گرنگ نییە چ جۆرە بەرەنگارییەک بەرانبەر جیهان بخەمەگەر، ئەگەر کەسی سێیەم ئامادە نەبێت خۆم ســـەرکەوتوو دەبینم. بەڵام لەگەڵ ئامادەبوونی کەســـی سێیەمدا هەست بە بوونی (خۆمان) وەکو شت دەکەم.

کەوابوو، چینی چەوســـاوە یەکێتییەکەی خۆی لەو زانینەوە وەردەگرێت، کە چینی چەوسێنەر لەبارەیەوە هەیەتی. دەرکەوتنیش لەنێو چەوساوەکاندا و ئاگایی چینایەتی شەرمکردنە بەرانبەر ئێمەی بە بابەتکراو. ئێمە لە بەشی داهاتوودا باسی ئاگایـــی چینایەتی دەکەین و ڕوونیدەکەینەوە چ واتایەکی بۆ تاکێکی چەوســـاوە هەیە.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لێرەدا باسمانکردوە ئەزموونی بە بابەتبوونی ئێمەیە، کە بوون-بۆ-کەسانی دیکە دەبێت بە پێشمەرجێکی ئاڵۆز بۆی. هەروەها، دەستەڵاتی لەناوبردنیش هەڵدەگرێت چونکە لەڕێگەی شەرمکردنەوە دەناسرێت. بناخەی (ئێمە) ش ئەو کاتەی تاکێک بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە و سەقامگیری دەکات تەماشای کەسی ســـێیەم دەکات هەرەس دەهێنێت. ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کۆتایی بە (ئێمە) دەهێنا. بەڵام لە حاڵەتی ئاگایی چینایەتیدا بناخەی (ئێمە) بە گەڕانەوەی تاکە کەســـێک بۆ خودی خۆی ناڕوخێت. دەکەوێتە ســـەر پـــڕۆژەی ڕزگاریکردنی هەمووی (ئێمە) و گۆڕان لە ئێمەی بابەتەوە بۆ ئێمەی خۆ.

لەبنەڕەتەوە ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ پڕۆژە جۆراوجۆرەکان و گۆڕان لەو کەسەدا کردوە، کە تەماشادەکات و تەماشا دەکرێت؛ ئەمانە دوو ڕێگەن بۆ دیاریکردنی بوون-بۆ-کەسانی دیکە. چینی چەوساوە دەتوانین لە پەیوەندییان بە چینی چەوسێنەرەوە خۆیـــان بە (ئێمەی خۆ) دابنێن. ئەمەش ئەو کاتـــە ڕوودەدات، کە ئەوان بکەن بە بابەت. لێرەدا، ئەزمونی ئێمەی بابەت ئاماژە بۆ ئێمەی خۆ دەکات. بەهەمانشیوەش، لە سایکۆلۆجی دەستەوتاقمێکی ئاژاوەچیدا ئارەزووی شێتانە دەبینرێت، کە فۆرمێکی تایبەتی خۆشەویســـتییە. ئەو کەســـەی دەڵێت (ئێمە) لەنێو کۆمەڵەکەدا پرۆژەی خۆشەویســـتی دەردەبڕێت، بەڵام داوا لە کەسی سێیەم دەکات کۆمەڵەکە بپارێزێ ئەمیش ئامادەیە قوربانی بە سەربەســـتییەکەی بدات خۆشەویستیەکەی دەبیت بە ماسۆچیزم. لەو هەڵویستەدا ئاشکرا دەردەکەوێت، کە کۆمەڵەکە خۆی بە خزمەتکار دادەنێت و دەیەوێت، وەکو بابەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام کێشە لەگەڵ پڕۆژە جیاوازەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵەکەدا سەرهەڵدەدات. کۆمەڵەکە لە تەماشاکردنی ســـەرۆکەکەدا یـــان گوتەبێژەکە بووە بە کۆمەڵ؛ یەکێتییەکـــی دەرەکی هەیە، کە هەریەکێک لە تاکەکان لەنێو تەماشـــاکردنی کەسی سێیەمدا دەیدۆزنەوە. کەوابوو،

هەرتاکە دەیەوێت بوونی خۆی بسڕێتەوە و بە دەستی سەرۆکەکەوە ببێت بە ئامێر. ئەم ئامێرەش بوونی ئەو بۆ کەسانی دیکە نییە؛ هەمووی کۆمەڵە بەبابەت کراوە دەرەکییەکەیە. قەوارەی گەورەی کۆمەڵەکە و ڕاستەقینە دەرەکییەکەی دەبن بە جێگەی سەرسوڕمان بۆ تاکەکان. هەریەکێک لە ئەوان دەیەوێت لەنێو کۆمەڵەکەدا و بە ڕێگەی تەماشاکردنی سەرۆکەکە بتوێتەوە.

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت ئێمەی بابەت لەنێو ڕووداوێکی کۆنکرێتییدا هەمیشە خۆی لەنێو لایەنێکدا دەتوێنێتەوە و لایەنەکەی دیکەی هەمووگیری مرۆڤایەتی لەبیردەکات. ئێمە لەبەردەم ئەواندا و تەماشاکردنەکەیان دەمانکات بە (ئێمە). ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە پرۆژەی ڕووتکراوە و نەناسراوی بوون-بۆ-خۆ بەرانبەر هەمووگیری خۆ و کەسانی دیکە دەتوانێت دابنرێت. ئەم کارەش بەبێ بوونی کەسی سێیەم ئەنجام نادرێت، کە لەنێو چاوی ئەودا مرۆڤایەتی دەکرێت بە بابەت. کەسی سێیەمی نەناسراو بابەتی چەمکی سنورداری کەسانی دیکەیە. ئەو بۆ هەموو دەستەو تاقمەکان دەبێت بە کەسی سێیەم. ئەم چەمکەش لە چەمکی ئەو بوونە تەماشاکەرە دەچێت، کە کەس تەماشای ناکات. ئەمەش بیرۆکەی بوونی خوایە. ئەگەر خوا نەبێت ئەوا هەوڵدان بۆ ناسینەوەی مرۆڤایەتی بەردەوام و هەمیشە لە نوێ بوونەوە و ڕووخاندندایە. (ئێمە) مرۆڤانە-ئێمەی بابەت-بۆ هەریەکێک لە ئاگامەندی تاکەکان وێنەیەکی مەحاڵە. هەرچەندە هەموو خۆیان لەناویدا دەبینن. (ئێمە)ی مرۆڤانە، وەکو چەمکێکی لە واتا بەدەر دەمێنینەوە. هەرکاتێک بەکاری بهێنین (ئاماژە بۆ ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤایەتی، تاوانی مرۆڤایەتی یان گۆڕانکاریەکانی مێژوو بکەین) باسی ئەزمونێکی سنورداری کۆنکرێتی لەبەردەم ئامادەبوونی کەسی سێیەمی ڕەهادا دەکەین، کە خوایە. چەمکی سنورداری مرۆڤایەتی (وەکو هەموو ئێمە) و چەمکی سنورداری خوا ئاماژە بۆ یەکدی دەکەن و پەیوەندبەستن.

با. ئێمەی خۆ

جیهان ئێمە بە خۆی نێو کۆمەڵ نیشاندەدات، بەتایبەتی بوونمان لە نێو جیهانی بابەتە بەرهەمهێنراوەکاندا. ئەم بابەتانە مرۆڤەکان کاریان لەسەر کردون و بۆ کەسانی دیکە بەبێ دیاریکردنیان یان بۆ (ئەوان) بەرهەم هێنراون. کرێکار بۆ کەسانێکی بەرزی نەناسراو کاردەکات. سەربەستییەکەی خۆی بەسەر بابەتەکەوە لەکارکردنەکەدا دەخاتەگەر. کرێکارەکە، گرنگ نییە چ تاکێک بێت، بوونی خۆی لەکارکردندا، وەکو ئامێر بۆ کەسانی دیکە دەبینێت. کارکردن، ئەگەر بۆ مەبەست

و ئامانجی خودی کرێکارەکە نەبێت، شێوازێکی نامۆبوونە.

بەرزێتییـــە نامۆکراوەکە بــۆ کڕیارە، کە (ئـــەوان)ە. هەرکاتێک من بەرهەمێک بەکاربهێنـــم، بەرزێتی خۆمی تیادا دەدۆزمـــەوە. جوڵانێک دەردەخات، کە دەبێت مـــن بیخەمەگەر یـــان پاڵی پێوەنێـــم. ئێمە لێـــرەدا مامەڵە لەگـــەڵ گریمانەدا دەکەیـــن. گریمانەکەش کۆتاییەک بۆ من دیاریدەکات، کە لەنێو جیهاندایە: ئەگەر بمەوێت دابنیشـــم، ســـندوقەکە بکەمـــەوە و هتد. ئەم کۆتاییـــەش لە پێکهاتەی بەرهەمەکەدایە و بەرزێتییەک دیاریکردوە، بەڵام ئێســـتا، وەکو لایەنێکی هێزەکی ســـەر بـــە بوونی بابەتەکەیە. کەوابوو، دروســـتە بڵێین، کـــە بەرهەم بوونی من، وەکو (ئەوان) دەردەخات. بوونم بە شتێکی بەرز دەبینم، لە ئیستگەی (تراکادیرۆ) وە بۆ (سیڤرس-بابیلۆن) دەڕۆم. ئەوان لە (لامۆتە-پیکویت) دادەبەزن. دابەزینەکیان لەسەر نەخشەی ڕێگەوبانەکان پێشبینیکراوە. ئەگەر ڕێگاکەم لە (لامۆتە-پیکویت) بگۆڕم لەگەڵ (ئەوان) دەبێ دابەزم. هەموو کاتێک شـــەمەندەفەرەکە بەکاردەهێنم خۆم بە جیا دەبینم. کۆتاییەکانیـــش لەگەڵ تەواوبوونی کردەوەکانمدان. کۆتاییە کتوپڕەکانیشـــم لەگەڵ کۆتایـــی (ئەوان) دایە و خۆم بە یەکێک لە دراوســـێکانم دادەنێم. لەمحاڵەتەدا، ڕاستەقینەی تاکەکەسی خۆمان وندەکەین چونکە پڕۆژەکانی من دەبن بە پڕۆژەکانی ئەوان. لەنێو ئیســـتگەی شـــەمەندەفەرەکەدا یەک پڕۆژە سەرهەڵدەدات، کە لەپێشتر بوونی دیاریکراوە. هەرچەندە بوونی خۆم دەبینم، بەڵام لەوانی دیکەی جیاناکەمەوە. ئەگەر ئەم بەرزێتییە نەناسراوانە پڕۆژەکان بخاتەگەر، هەرجۆرێـــک بن، ئاماژە بۆ بەرزێتییەکانی دیکە بکات، ئەوا پڕۆژەکانی خۆم لەنێو هەزار پڕۆژەی وەکو یەکدا دەدۆزمەوە. من هەست بە بوونی بەرزێتییە ناجۆرەکان دەکەم و هەموویان ڕوو لە ئاکامێکیش دەکەن، کە منیش ڕووی تێدەکەم. من خۆم دەخەمە نێو شەپۆلێکی گەورەی مرۆڤانە، کە لەگەڵ دروستبوونی ئیستگەکەوە بە نێو ڕاڕەوەکەدا هاتوچۆدەکات. بەڵام پێویستە ئەم خاڵانەش ڕەچاو بکەین:

یەکـــەم، ئەم ئەزمونە ســـایکۆلۆجییانەیە و ئۆنتۆلۆجییانە نییە. یەکگرتنێکی ڕاســـتەقینەی بوونە-بۆ-خۆکان دروســـت ناکات. لە ئاکامی دوو جۆر تێگەیشتنی بابەتی لە بابەتە بەرزەکە، بەگشـــتی و لەو لەشـــانەوەی لە چواردەوری منن پەیدا دەبێت. بەتایبەتی لەو ئەزمونەدایە، کە من لەنێو کەســـانی دیکەدا دادەنێت و لە مامەڵەکردنەکـــەم لەگەڵ ئەواندا بوونی خۆم، وەکـــو ئێمەی-خۆ دەبینم. ئەمەش لە جوڵەی خۆپیشاندانی ســـەربازی یان پێکەوە کارکردنی کارمەندەکان دەچێت. دەبێت ئەوەش بزانین، کە هاوســـەنگییەکە سەربەســـتانە لـــە منەوە دەردەچێت؛ پڕۆژەیەکی بوونی بەرزی منە؛ داهاتوو بە ئێســـتاوە دەبەســـتێتەوە و ڕابردووش لەنێـــو چەندبارەبوونەوەی ڕووداوەکان دادەنێت. من ئەم کەســـەم ڕیکخســـتنەکە دروســـتدەکات. لەهەمانکاتـــدا لەنێو ڕێکخســـتنە گشـــتییەکەی کارکردنەکە یان

خۆنیشاندانەکەی کۆمەڵەکەی چواردەورم دەتوێتەوە. واتاکەشی لە پەیوەندییەکەی بە ڕیکخستنە گشتییەکەوە ئاشکرا دەبێت. هێشتا پێچانەوەی ڕێکخستنە تایبەتییەکەی من لەنێو ڕێکخستنە گشتییەکەی ئەواندا لابەلایی دەمێنێتەوە. من ڕیکخستنی کۆمەڵەکە، وەکو ئامێر بەکارناهێنم؛ بیریشی لێناکەمەوە، بۆنموونە بیر لە سەماکەرەکانی سەرشانۆکە ناکەمەوە. بۆ گەیشتنیش بە ئەگەرەکانی خۆم تێپەڕی ناکەم. بەڵکو لەنێو بەرزێتی خۆمەوە دەخلیسکێمە نێو ئەو بەرزێتییەوە و دەمەوێت کارێکم بە ئەنجام بگەیەنم یان بە شوێنێک بگەم، کە لە کارو شوێنی ئەوانەوە جیا نییە. کەوابوو، ئەو ڕیکخستنەی لە منەوە دەردەچێت لابەلا لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵەکەمدا دەمێنێتەوە و لەم پەیوەندییەیدا لەدایکدەبێت. بەو ڕادەیەش ڕێکخستنی منە، کە دەبێت بە ڕێکخستنی ئەوان و ڕیکخستنی ئەوانیش بەوەی من. ئەمە یان ڕێکخستنی ئێمە دەبێت بە هاندەر بۆ هەستکردن بە بوونی ئێمەی خۆ. ئەمە لەوێدا ڕوودەدات، کە من خۆم لەنێو بوونە هاوبەشییەکەدا دانێم و ئامانجە تایبەتییەکانی خۆم وازلێبێنم و بیر لە کۆمەڵەکە بکەمەوە. کەوابوو، ئێمەی خۆ لە ئەزموونی تاکەکەسدا سایکۆلۆجییانە و ڕووداوێکی ناوەکییە لە ئاگامەندی کەسەکەدا. ئاماژە بۆ گۆرانکاری لە بونیادی ناوەکی ئاگامەندییەکەدا دەکات و لە پەیوەندییەکی کۆنکرێتی و ئۆنتۆلۆجی نێوان بوون-بۆ-خۆ و کەسانی دیکەدا دەرناکەوێت. بوونی منیش لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەرجەستەناکات. تەنیا پەیوەندی بە هەستی منەوە لەنێو کەسانی دیکەدا هەیە. هەڵبەتە ئەم ئەزمونە بە هێمایەک بۆ یەکێتییەکی مێتافیزیکی و ڕەهای هەموو لایەنە بەرزەکان دادەنرێت. وادەردەکەوێت بەسەر ناکۆکییەکاندا بە ڕێگەی هاو ئاراستە کردنیان زاڵبێت. لەمحاڵەتەدا نموونە بەرزەکەی ئێمەی خۆ دەبێت بەو مرۆڤایەتییەی ئاماژە بۆ ئێمە دەکات و دەبێت بەخاوەنی زەمین. بەڵام (ئێمە)یە لەنێو بەستێنی دەروونیی تاکە کەسدا دەمێنیتەوە و بەردەوامیش بە خولیای گەیشتن بە یەکگرتنی هەموو لایەنە بەرزەکان دەژی. لەڕاستیدا، ئەم تاکە خۆیە ناتوانێت لایەنی خۆیەتی ئەوانی دیکە بناسێت. ئەوان لەدەرەوەی ئەودا دەمێننەوە و ناتوانێت بیانگاتێ. بەڵام لەشی من بەرزێتییەکەی من دەخاتە بەردەست و بەبێ ئەوەی من لە خودی خۆمەوە دەرچم یان ئەوان لە خودی خۆیانەوە دەرچن، لەنێو ئەواندا دامدەنێت. لەنێو جیهاندا خۆم بە بەشێک لە (ئێمە) دادەنێم.

لەبەر ئەم هۆیە ئەزموونی من بۆ ئێمەی خۆ لە ئەزموونی کەسانی دیکە ناکات. ئەمەش زەمینەیەکی پتەوەی بۆ دانامەزرێنێت چونکە دەکەوێتە سەر ڕێکخستێکی تایبەتی لەنێو جیهاندا. بە نەمانی ڕیکخستنەکە ئەویش لەناودەچێت. لەڕاستیدا، دەستەیەک پێکهاتە لەنێو جیهاندا بۆ ئامادەکردنی بوونم وەکو لەش هەیە: لەپێش هەموویانەوە، هەموو ئامێرە پێکهاتووەکان، ئامێرەکانی خانو دروستکردن، ئاو،

گاز، بۆڕییەکان هەروەها باسـی ئامێرەکانی هاتوچۆکردن و دوکان و بازاڕ ناکەین، کە لـە دەوری منن. جامخانەی دوکانەکان و شوشـەکان ئاماژە بۆ بوونی، وەکو بەرزێتییەکی ناجۆر دەکەن. لەسـەرو ئەمانەوە پەیوەنـدی کارکردن و تەکنیکیم لەگەڵ کەسـانی دیکەدا، بوونم، وەکو کەسـێک بە خۆم دەناسێنن. بۆ سفرەچی چێشتخانەکە من کڕیارم و بۆ بلیت فرۆشەکە من گەشتکەرم. دواجاریش، دانیشتم لەسەر شۆستەی چایخانەکە من دەکات بە تەماشاکەرێک (تەماشاکردنێکی ڕووت، کە ڕوداوی سەرشەقامەکە، وەکو شتێکی دەرەکی بەرجەستەدەکات). تەماشاکەرە نەناسراوەکانیش ئاماژە بۆ ڕووداوی شـانۆگەری سەرشەقامەکە، کە من ئامادەی بـووم یان پێشـانگا هونەرییەکەی بەردەمم دەکەن. بێگومـان، کاتێک پێڵاوەکە لەپێدەکەم، سـەری شوشەکە دەکەمەوە، سـواری دەزگای هەڵگری نێو تەلارەکە دەبم یان لە تەماشـاکردنی شـانۆگەرییەکەدا پێدەکەنم خۆم دەکەم بە کەسێک. ناسینەوەی بەرزێتییەکەم، وەکو کەسێکی ناجۆر ناوەکییە، ڕووداوێکی هەڵکەوتوە و تەنیـا پەیوەندی بە منەوە هەیە. هەندێک بارودۆخی دەرەکی من بە کەسـانی دیکەوە گرێدەدات و دەمکات بە بەشـێک لە (ئێمە). بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا من مامەڵە لەگەڵ لایەنی ناوەوە و دەروونی خۆمدا دەکەم.

دووەم، هەسـتکردن بە بوونی ئێمەی خۆ سەرەکی نییە؛ هەڵوێستی بنەڕەتی بەرانبەر کەسـانی دیکە پیکناهێنێت چونکە، بەپێچەوانەوە، بۆ بوونی پێویسـتی بە دوو جۆر ناسینەوەی لەپێشـتری بوونی کەسانی دیکەیە. لەحاڵەتی یەکەمدا، بەرهەمەکان ئاماژە بۆ بەرهەمهێنەر و یاسای بەکارهێنانیان دەکەن، کە بەرهەمهێنەر دانیـاوە. لەحاڵەتێکدا لەبەردەم بابەتێکی بەرهەمنەهێنراو ئامادەدەبم، فۆرمەکەی پێدەبەخشـم و شێوازی بەکارهێنانی دیاریدەکەم (ئەگەر بەردێک، بۆنموونە، وەکو چەکـوش بەکاربهێنم)؛ ئەوا ئاگاییەکی بەبێ تێڕامانم بۆ بوونی خۆم، وەکو کەس هەیـە. ئەمەش ئاگاییە لە خـودی خۆم و داهێنان و ئـەو کۆتاییانەی دەمەوێت بیانگەمێ. یاساکانی بەکارهێنان و میتۆدی بەرهەمهێنانی بابەتە بەرهەمهێنراوەکان دۆگمـا و (تابـوون) و بونیـادە بنەڕەتییەکەیـان من دەخاتە بەردەم کەسـانی دیکە. کەسـانی دیکەش مـن، وەکو بەرزێتییەکی ناجۆر دەبینـن. بڕوانە هێمای سەرشـەقامەکان یان ژوورەکانی چاوەڕوانی لە سـەریان نوسراوە (چوونەدەرەوە) یان (چوونـەژوورەوە)؛ یان ئەو پەنجەیەی ئاماژە بۆ خانویەک دەکات. لێرەدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ گریمانەیەکی پێویسـت و فەرمانی دەکەین. ئەم فەرمانانە کەسانی دیکە دەردەخەن، کە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ مندا دەدوێت. ئەو هێمایانەی بۆ دانراون؛ نوێنەرایەتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان من و ئەوان دەکەن و بۆ من دانراون. ئەگەر من ئامانجی کەسانی دیکە بم، ئەوا من دەبم بە بەرزێتییەکی ناجۆر. کەتێک لەژێر هێمای (چوونەدەرەوە)، کە لەنێو بازاڕەکە دەردەچم، ئەوا لە سەربەستییەکی

ڕەهای پرۆژەی بوونمەوە بەکارم نەهێناوە. من دامنەهێناوە و بوونێکی ئەستوییم نەکردووە بە بەرهەمێکی ڕووکەر لە ئەگەرەکانم. بابەت دەبێت بە مرۆڤانە و ئاماژە بۆ خاوەنێتی مرۆڤ دەکات. هێمای (چوونەدەرەوە) کردنەوەی ڕێگایە بۆ سەر شەقامەکە و لەگەڵ (چوونەژوورەوە) یەکسان دادەنرێت. هەروەها، لەگەڵ بەکارهێنانییدا خۆم ناخەمە ژێر دەستی بابەتەکە، بەڵکو خۆم لەگەڵ فەرمانێکی مرۆڤانەدا دەگونجێنم. چوونەدەرەوەکەم بوونی کەسانی دیکە دەسەلمێنێت و دایەلۆگ لەگەڵیاندا دروستدەکەم.

هایدیگەر ئەم خاڵانەی چاک ڕوونکردۆتەوە. بەڵام ئەو ئاکامەی باسنەکردووە، کە بوونی کەسانی دیکە بۆ سەرهەڵدانی بابەتێک، وەکو بەرهەمێکی دروستکراو پێویستە. ئەگەر تاکێک کەسانی دیکەی نەبینیبێت جیاوازی نێوان بەرهەم و بابەتێکی سروشتی نازانێت. چوونە دەرەوەش لە بازاڕەکە لەژێر هێماکەوە بەبێ ئەوەی هێماکە ببینین یان زمانەکە بزانین لەو بیریارە ڕواقییە شێتە دەچێت، کە بە نیوەڕۆ دەڵێت، (ئێستا ڕۆژە). ئەگەر بەرهەم ئاماژە بۆ کەسانی دیکە و بەرزێتی ناجۆری من بکات لەبەر ئەوەیە، کە من دەزانم کەسانی دیکە هەن. کەوابوو، هەستکردن بە ئێمەی خۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی بنەڕەتیمان بۆ بوونی کەسانی دیکە و دوای ئەم ئەزمونە دەکەوێت.

لەسەرو ئەمەوە، زانیمان، هەستکردن بە بوونی خۆم، وەکو بەرزێتییەکی ناجۆر یان نموونەی مرۆڤایەتی، هەستکردن نییە بە بەشێکی ئێمەی خۆ.

کەوابوو، پێویستە کەسانی دیکە لە چواردەورمان بن. هەروەها بینیمان، لەم ئەزمونەدا کەسانی دیکە، وەکو خۆ یان بابەت ناناسرێن. تەنانەت خۆیان لەبەردەم ئێمەشدا ئامادەنەکردوە. بێگومان،[ئەزمونەکەم] لەسەر فاکتۆری ئەوان لەنێو جیهان و هەستکردنی منیش بە کردەوەکانیان ڕادەوەستێت.

بەڵام فاکتۆر و کردەوەکانیان بە دانراوی نابینم. ئاگایی من لە لەشی ئەوان بەرانبەر لەشی خۆم لابەلاییە. تەنانەت نازانم، کە کردەوەکانی من کردەوەکانی ئەوان دەهێنێتەکایەوە یان بە پێچەوانەوەیە. وردبوونەوە لە کێشەکە دەریدەخات ئەزمونم بۆ ناسینی (ئێمە) کەسانی دیکە بەو جۆرەی دەبن بە بەشێک لە (ئێمە) لە بنەڕەتەوە سەرکەوتوو نییە، بەڵکو پێویستە شێوازێکی ئاگاییمان بۆ بوونی کەسانی دیکە لەپێشدا لەلا هەبێت تاکو ئەزمونەکە دروست بێت. بوون-لەگەڵ بەبێ ناسینەوەی چۆنیەتی کەسانی دیکە و ئەو ئاگاییەی دەڵێت، "من لەگەڵ..." مەحاڵە. ئەمە ڕاستە، بەڵام لەگەڵ کێم؟ ئەگەر ئەزمونەکە ئۆنتۆلۆجییانەش لەپێشتر بێت ناکرێت بزانین چۆن کەسێک ڕادیکاڵانە گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت. لە ناسینی هەموو کۆمەڵەکەوە بەرەوناسینی تاکە کەسێک دەڕوات. ئەگەر کەسانی دیکە لە شوێنی دیکەدا ئامادە نەبن ئەزمونەکە لە تێکشکاندنەکەیدا دەبێتە ناسینی

بابەتە بەئامێرکراوە ڕووتەکانی نێو جیهان و بەرزێتییەکەشم گەمارۆیان دەدات.

ئەم ڕوونکردنەوانە وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت (ئێمە) مسۆگەر ناکەن. تەنیا ئەو خاڵە نیشـــاندەدەن، کە ئەزمونی ئێمەی خۆ بەهایەکی مێتافیزیکی نییە؛ پشـــت بە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بوونَ-بۆ-کەسانی دیکە دەبەستێت و ئەزمونگەرانەیە. ئەمەش خەســـڵەتی گۆڕان بە ئەزمونەکە دەبەخشێت؛ سەرهەڵدەدات، لەناودەچێت و ئێمەش لەبەردەم کەسانی دیکەی بە بابەتکراو یان ئەواندا لەنێو ناکۆکییدا بەبێ چارە ڕادەگرێت. بێهودەش چاوەڕوانـــی ئاگاییەک دەکەین تاکو یەکێتییەکی ناوەکی پێبدات. ئەمەش ناسینەوەی ناکۆکییە لەنێوان لایەنە بەرزەکان لە شێوازی بوونَ-بۆ-کەسانی دیکەدا.

ئـــەم فاکتۆرە ئامـــاژە بۆ پارادۆکســـێکی زەق دەکات: مـــادام یەکێتی چینی چەوســـاوە بەســـتراوە بە ئەزمونی ئێمەی بابەتەوە لەبەردەم ئەواندا، کە کەســـی ســـێیەم یان چینی چەوساوەیە، کەسێک خۆی بەو باوەڕە دەگەیەنێت، کە چێنی چەوســـێنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەکەیدا خۆی بە ئێمەی خـــۆ دادەنێت. هەرچەندە چینی چەوســـێنەر ئامێری زەبرکردن و تەندوتیژییەکەی بە دەســـتەوەیە، هێشتا، لەناوەوە ئەنارکیستانەیە. بورژوا تەنیا مرۆڤێکی خاوەن دەستەڵات و ئیمتیاز نییە. لەناوەوەش ئاگامەندییەکە، کە خۆی بە ئەندامی چین دانانێت. ئەو نایەوێت بەوجۆرە خۆی ببینێت، کە مامەڵە لەگەڵ ئێمەی بابەتدا دەکات و یەکێکە لە ئەندامانی نێو چینەکەی. ئەزمونی ئێمەی خۆ دەریدەخات ئاگاییەکە لە چەند ئەزمونێکی جیاواز و گـــۆڕاو بەبێ ئەوەی بناخەیەکی مێافیزیکـــی هەبێت پێکهاتوە. مرۆڤی بورژوازی نکۆڵی لە بوونی چین دەکات. بوونی پرۆلیتاریا بە دەستکردی ئاژاوەگێڕان دادەنێت، کە باس لە نادادوەری دەکەن و بەڕادەیەک دەکرێ چاک بکرێت. لەمەڕ پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار دەدوێت. لەجێگەی هاریکاری چینایەتی داوای هاریکارییەکی گەورەتر دەکات، کە تیایدا کرێکار و خاوەن کارخانە یەک دەگرن و دەبن بە بوونَ-لەگەڵ و ناکۆکییەکانی نێوانیان خەفەدەکەن. لێرەدا، پرســـیارەکە سەبارەت بەو خاڵەیە مرۆڤە چەوسێنەرەکە چەوساوەکان دەبینێت و دەبن بە ئەوانی خۆ بۆ ئەم بەبێ ئەوەی خۆی لەنێو چینەکەی خۆیدا ببینێت. ئەم دوو ئەزمونە سەر بە یەکدی نین. یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکەیان لەوانەیە کەسەکە لەبەردەم هەموو چەوساوەکان ڕاگرێت و وەکو ئەوانی خۆ هەســـت بە هەموویان بکات. هەمانکات، بە ئامێردایان بنێت. خۆی بەرانبەریان بکات بە ڕەتدانەوەیەکی ناوەکی دژی هەموویان؛ بۆنموونە دەبێت بە کەسی سێیەمی بێ لایەن. لەوکاتەدا چینی چەوساوە شۆڕش دەکات یان دەســـەڵات دەگرێتەدەست. چەوسێنەرەکان هەست بەبوونی خۆیان، وەکو بوونێک دەکەن، کە تەماشـــایاندەکرێت و دەڵێن (ئێمە). ئـــەم (ئێمەی بە بابەتکراوە) لە ئاکامی ترس و شەرمکردنەوە پەیدا دەبێت.

بەمجۆرە هاولایی لەنێوان سەلماندنی ئێمەی بابەت و ئەزمونی ئێمەی خۆدا نییە.

یەکەمیان ناسینی ڕەهەندێکی ڕاســتەقینەی بوونە و ئاماژە بۆ سەلماندنی بوون-بۆ-کەسانی دیکە دەکات. دووەمیان ئەزمونێکی دەروونییە و مرۆڤێکی نێو مێژووی ســەرقاڵی کارکردن لەنێو کۆمەڵدا و سیســتەمی ئابوورییەکی دیاریکراو هەستی پێدەکات. هیچ شتێکی تایبەتی بەرجەستەناکات: ژیانێکی ڕووتی ناوەکییە.

ئەزمونی ناســینەوەی (ئێمە) و (خۆمان) هەرچەندە ڕاســتەقینەیە، ناتوانێت ئاکامەکانــی توێژینەوەکەی پێشــومان بگۆڕێت. ئێمەی بابەتیش ڕاســتەوخۆ بە کەسی سێیەمەوە گرێدراوین، بۆنموونە، لەسەر بوونی من-بۆ-کەسانی دیکە و بوونم-لەدەرەوەدا-بۆ کەسانی دیکە ڕادەوەستێت. هەروەها، ئێمەی خۆ لەنێو ئەزمونێکی دەروونییدا پەیدا دەبین، کە بوونی کەسێکی دیکە بۆ ئێمە دەردەخات. دەرچوونی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی لەم دووڕیانە بێسودە: دەبێت کەسانی دیکە تێپەڕبکەین یان کەســانی دیکە ئێمە تێپەڕبکەن. ناوەڕۆکــی پەیوەندی نێوان ئاگامەندییەکان بوون-لەگەڵ نییە؛ بەڵکو ناکۆکییە. پاش ئەم ڕوونکردنەوە درێژەی پەیوەندییەکانی نێوان بوون-بۆ-خۆ و کەســانی دیکە بەم دڵنیاییە گەیشتوین: بوون-بۆ-خۆ تەنیا ئــەو بوونە نییە، کــە بوون-لەنێو-خــۆ لەناودەبات و ڕەتدانــەوەی ناوەکی ئەم بوونەیە. ڕەتدانەوەکە و لەناوبردنەکە ئەو کاتە دەناســرێتەوە، کە کەســانی دیکە ســەرهەڵدەدەن. کاتێک بوون-بۆ-خۆ بە تەنیا جیهان تێپەڕدەکات؛ شــتەکان لە هیچەوە پەیدادەبن. سەرهەڵدانی کەسانی دیکە بوونی-لەنێو-خۆ-لەنێو-جیهاندا بۆ بوون-بۆ-خۆ دەچەسپێنن. ئەم بە بەردکردنەی بوون-لەنێو-خۆ بە هۆی تەماشاکردنی کەســانی دیکەوە واتایەکی تەوا بە ئەفسانەی مێدوسا دەبەخشێت. [٦٦] کەوابوو، لە توێژینەوەکەماندا پێشــکەوتنمان وەدەســت هێناوە: ئێمە ویستمان پەیوەندی بنەڕەتی نێوان بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆ دیاریبکەین. تێگەیشتین بوون-بۆ-خۆ هێزی لەناوبردن و ڕەتدانەوەی بوون-لەنێو-خۆیە؛ لێرەدا ئەوەش دەسەلمێنین، کە لەگەڵ ناسینی کەسانی دیکەدا و بەبێ ناکۆکی بوونیش لە ناوەڕاستی-بوون-لەنێو-خۆدا هەیە. ئەم لایەنەی بوون-بۆ-خۆ دەرەوەی ئەم بوونە دەردەخات. بوون-بۆ-خۆ ئەو بوونەیە بە سروشت ناتوانێت خۆی لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆیدا ڕێکبخات.

ئــەم بۆچوونانە دەبن بە بناخەی بیردۆزەیەکی گشــتی بۆ بوون، کە ئامانجی ئێمەیە. بەڵام گەیشتن بەم ئامانجە زووە. نەمانتوانیوە بە تەواوی باسی ئەوە بکەین چۆن بوون-بۆ-خۆ پرۆژەی ئەگەرەکانی لەودیو بوون-لەنێو-خۆوە دەخاتەگەر. ئەم پرۆژەیە بەردەوام گۆڕانکاری لە جیهاندا دێنێتە پێش. ئەگەر هایدیگەر بخوێنینەوە،

---

٦٦ مێدوسا لە ئەفسانەی یۆناندا یەکێکە لە سێ خوشکەکەی، کە ئەسینای خواوەند سزای دا و لەجێگەی پرچی ماری لەنێو سەریدا ڕواند. گوایە هەرکەسێک مێدوسا ببینێت یان تەماشای بکات دەبێت بە بەرد. (وەرگێڕ)

بۆنموونە، تێدەگەین چۆن ڕاڤەکردنە هێرمینۆتیکییەکەی نادروستە.

بە زمانی ئەو دەڵێین دازاین ئەو بوونەیە هەبووەکان بەرەو بوونیان تێپەڕدەکات. لێرەدا، بوون شێوازی بوونی هەبووەکانە. دروستە بوون-بۆ-خۆ ئەو بوونەیە هەبووەکان خۆیانی بۆ دەردەخەن. بەڵام هایدیگەر بەبێ دەنگ بەسەر ئەو فاکتۆرەدا بازدەدات، کە گوایە بوون-بۆ-خۆ تەنیا لە بوونیدا ئۆنتۆلۆجی هەبووەکان پێکناهێنێت، بەڵکو گۆڕانکارییە ئۆنتۆکییەکانیش دەهێنێتەکایەوە. ئـەم بەردەوامییە لە کارکردندا و گۆڕانکاریکردن لە بوون-لەنێو-خۆدا لە بەستێنی ئۆنتیکی و ماتەرییەوە دەبێت بە خەسـڵەتێکی بنەڕەتیی بوون-بۆ-خۆ دابنرێت. پێویستیشـە ئەم ئەگەرە بناخەی خۆی لەنێو پەیوەندی بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆدا بدۆزێتەوە.

ئەم پەیوەندییەش هێشتا باسنەکراوە. واتای کارکردن چییە؟ بۆچی بوون-بۆ-خۆ کاردەکات؟ چۆن کاردەکات؟ گرنگە وەڵامی ئەم پرسـیارانە بدەینەوە. هەموو خاڵەکانی وەڵامدانەوەمان لە بەردەسـتدایە: لەناوبردن، فاکتۆر و لەش، بوون-بۆ-کەسانی دیکە و سروشتی تایبەتی بوون-لەنێو-خۆ. پێویستە جارێکی دیکە پرسیار لەبارەیانەوە بکەین.

کەرتی چوارەم

هەبوون، کردن و بوون

هەبوون، کردن و بوون کاتیگۆری سەرەکی ڕستەقینەی مرۆڤایەتین. لەبەر ڕۆشنایی ئەماندا هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەناسرێن. زانین، بۆنموونە، شێوازێکی هەبوونە. ئەم کاتیگۆرییانەش لەیەکدی نەپچڕاون و پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. چەند نوسەرێکیش جەختیان لەسەر پەیوەندییەکەیان کردوە. دێنس دی ڕۆگیمۆنت ڕۆشنایی خستۆتە سەر پەیوەندییەکە و لە نوسراوەکەیدا لەسەر دۆن ژوان دەڵێت، "ئەو نەیدەتوانی هەبێت." هەروەها، هەمان پەیوەندیش لەو بکەرە ڕەوشتییەدا دەردەکەوێت، کە بۆ خۆی کارێک دەکات یان بەکارێک هەڵدەستێت تاکو بوونی هەبێت.

بەهەرحاڵ، مادام لایەنە دژوەستاوەکەی بەرانبەر بیردۆزەی جەوهەر لە فەلسەفەی نوێدا براوەیە، زۆرینەی بیریارەکان هەوڵیانداوە لەسەر زەمینەی چالاکییەکانی مرۆڤ، بەو جۆرەی زانایانی فیزیا پێش ئەوان کردوویانە، لەجێگەی جەوهەر جوڵان دابنێن. بۆ کاتێکی درێژخایەن ئامانجی ڕەوشت دیاریکردنی شێوازی بوون بوو بۆ مرۆڤ. ئەم ئامانجە واتای بە ڕەوشتی ڕواقییەکان و سپینۆزا بەخشی. بەڵام ئەگەر بوونی مرۆڤ زنجیرەی چالاکییەکانی بێت، ئەوا ئامانجی ڕەوشت گەیاندنی بوونی مرۆڤ بە پلەیەکی بەرزی ئۆنتۆلۆجی نییە. لەم ڕووەوە، سیستەمی ڕەوشتی (کانت) دەبێت بە گەورەترین، کە کردەوە لەجێگەی بوون بە بەهایەکی بەرزی چلاکی دادەنێت. پاڵەوانەکانی (لائیسپۆر) لەسەر ئاستی کردەوەکانیانن.(مارلۆ) ش ناکۆکی نێوان ئیسپانییە دیموکراتخوازە کۆنەکان، ئەوانەی دەیانەوێت هەبن و کۆمۆنیستەکان، کە ڕەوشتیان بە زنجیرەیەک لێپرسینەوە دانا و هەریەکێک لە لێپرسینەوەکان پەیوەندی بە کردەوەوە هەیە نیشاندەدات، ئایا کێ ڕاستدەکات؟ ئایا بەهای بەرزی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە بووندایە یان لە کردەوەدا؟ چ ڕێگە چارەیەک هەڵبژێرین؟ چی دەبێت بە هەبوون؟ پێویستە ئۆنتۆلۆجی زانینمان سەبارەت ئەم کێشەیە بداتێ. هەروەها ئەمەش کاری ئۆنتۆلۆجییە چونکە بوونـ بۆـخۆ ئەو بوونەیە کردەوەکانی پێناسی دەکەن. کەوابوو، بەبێ نەخشەدانانێکی فراوان بۆ توێژینەوە لەسەر چالاکییەکان بەگشتی و پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان کردن، بوون و هەبوون کۆتایی بە باسەکەمان ناهێنین.

بەشی یەکەم

بوون و کردن: سەربەستی

یەکەم، سەربەستی: یەکەم مەرجی چالاکی

جێگەی سەرسوڕمانە فەیلەسوفەکان بەردەوام مشتومڕیان لەسەر کێشەی ناچارەکی و سەربەستی ویست کردوە. نموونەیان بۆ یەکێک لەم لایەنەی بۆچوونەکان بەبێ ئاماژەکردن بۆ بونیادی چالاکی هێناوەتەوە. چەمکی چالاکی، لەڕاستیدا، چەند چەمکێکی دیکە لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت، کە لێرەدا پێویستە ڕیزیان بکەین: کارکردن واتای گۆڕان لەشێوازی جیهاندا دەگرێتەوە؛ بەکارهێنانی وەسیلەیە بۆ گەیشتن بە کۆتایی؛ بەرهەمهێنانی ڕێکخستنی ئامێرێکی ئالۆزە، کە بە هۆیەوە گۆڕانکارییەکە کاریگەر دەبێت و ئامانجەکان پەیدادەکات.

بەڵام، بۆ ئێمە، ئەمە گرنگ نییە. پێویستە بزانین چالاکی، لە پێش هەموو شتێکدا، مەبەستدارە. ئەو جگەرەکێشە بێ دەربەستەی ئاگری جگەرەکەی بوە هۆکاری تەقینەوەکە چالاک نییە. لەلایەکی دیکەوە، کرێکارێک، کە پڕە لە وزەی بزێو، هەروەها پەیڕەوی فەرمانەکانیش دەکات، ئەو کاتەی تەقینەوەکە دەکات، کەسێکی چالاکە. ئەو دەزانێت چی دەکات یان بە ئاگاوە مەبەستی پڕۆژەکەی دیاریدەکات. ئەمەش، بێگومان، ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو کەسێک دەبێت ئاکامی کردەوەکانی بزانێت. کاتێک کۆنستەنتاین بوو بە ئیمراتۆری بێزەنتاین نەیدەزانی مەڵبەندێکی کەلتوری و زمانی یۆنان دادەمەزرێنێت، کە پیاوانی کەنیسەی پێ ڕووگرژ دەبێت و ئیمراتۆرییەتی ڕۆماش لاواز دەکات. بەڵام بەو کارەش هەستا. بەرابەرکردنی مەبەست و ئاکام بۆ ئێمە زەمینە بۆ باسەکەمان لەسەر (کردن) خۆشدەکات. ئەگەر ئەمکارە دروست بێت ئەو ڕاستییە دادەمەزرێنین، کە (خواست) دەبێت بە مەرجێکی پێویست بۆ کردن؛ واتە، نەبوونییەکی دەرەکی یان ڕەتدانەوەیەک سەرهەڵدەدات. مەبەست لە دروستکردنی لایەنێکی نایار بۆ ڕۆم لای کۆنستەنتاین بە هۆکار نەبوونێک یان کەمییەکی دەرەکییەوە دێتە پێش: ڕۆم لایەنی نایاری نییە. بۆ ئەمە دەبێت شارێکی بێ بڕوا دژی مەسیحایەتی هەبێت، تاکو دژی ڕۆم ڕاوەستێت، کە نییە. دامەزراندنی شاری کۆنستەنتیپۆڵ کردنە ئەگەر چەمکی شارێکی نوێ پێش دروستکردنی شارەکە بکەوێت. بەڵام چەمکەکە نوێنەرایەتی

تەواوی شـــارەکە ناکات، بەڵکو زانینە لەبارەی خەسڵەتە سەرەکییەکانییەوە، کە دەمانەوێت و هێشتا پەیدا نەبووە.

ئەمە ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە لە یەکەم ســـاتی کارکردنەکەوە ئاگامەندی توانیویەتی خۆی لە جیهان و بوون دووربخاتەوە تاکو بە نەبوون بگات. بەوجۆرەی بوونی ئاگامەنـــدی دەبینرێت بەردەوام لە بوونەوە ئاماژە بۆ بوون دەکات و لەنێو بونیشـــدا هیچ هاندەرێک بۆ گەیشـــتن بە نەبوون نادۆزێتەوە. ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و ڕژێمە ســـەقامگیرەکەی لە پایتەختەکەیدا کارەکان هەڵدەسوڕێنێت و دەبینرێت. ئایـــا کەس دەڵێت باجەکان خراپ کۆدەکرێنەوە؟ ســـنورەکانی ڕۆم لە پەلاماردان نەپارێزراون؟ شـــوێنی جوگرافی ئەو بۆ ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی سەر بە دەریای ناوەڕاست چاک نییە؟ باربەرییەکان دەتوانن هێرش بکەنە سەری و گەندەڵییەکەشی زیان لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەســـیحایەتی دەدات؟ چۆن نکۆڵی لەوەدەکرێت، کە ئەم بۆچوونانە نەرێن؛ ئاماژە بۆ شـــتێکی نەبوو نەک ئەوەی هەیە دەکەن. ئەگەر بڵێین لەســـەدا شەستی باجەکان کۆکراوەتەوە بۆ شـــتێکی چاک بەکاردێت، ئەوا شتێکە هەیە. بەڵام، ئەو کاتەی دەڵێین خراپ کۆکراونەتەوە ئەوا ئاماژە بۆ شتێک دەکەین، کە نییە.

ئەگەر بڵێین گەندەڵی ڕۆم ڕێگرە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحایەتی ئەوا باس لەوەناکەین، کە هەیە؛ بۆنموونە، بانگەشەی پیاوە ئاینییەکان سەبارەت دینەکەیان. بەڵکو ئاماژە بۆ تیشکدانەوەیەک دەکەین، کە ناتەواوە و نهێنی نەبوونی هەڵگرتوە. ئەم حاڵەتە سنورداراە دەرناکەوێت ئەگەر تەنیا بیر لەو شتانە بکەینەوە، کە هەن. جوانترین کچ لە جیهاندا ئەوەی هەیەتی نیشانی دەدات و لانەوازترین کەسیش یان حاڵەت بە تەنیا دەریدەخات، کە بەبێ نەبوونییەکی نموونەییە.

بەو ڕادەیەی مرۆڤ لەنێو هەڵوێســـتی مێژوویدا دەژی، ناتوانێت لە ڕووخان و کەمییەکانی ڕێکخراوە ڕامیاری و دیاردە ئابوورییەکان تێبگات: ئەمەش بۆ ئەو خاڵە پوچەڵـــە ناگەڕێتەوە، کە گوایە مرۆڤ لەگەڵیـــدا ڕاهاتوە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە پڕی بوونەوە دەیەوێت تەماشـــایبکات و تەنانەت بیر لەوە ناکاتەوە، کە دەتوانێت بەجۆریکـــی دیکەش لە بووندا بێت. ئەمە لەســـەر بناخەی ئەوە نییە کێشـــەکە هەڵگێڕینـــەوە و دژوارییەکەی یان ئازارچێشـــتنەکەی دەربخەین، کە هەردووکیان دەبن بە هەندەر بۆ ناسینی حاڵەتێکی جیاوازتر و چاکتر بۆ هەمووان. لەمحاڵەتەدا ڕووناکی دەکەوێتە ســـەر کێشـــەکە و بـــەو باوەڕە دەگەین، کـــە بارێکی گرانمان هەڵگرتوە. ئەگەر موچەی کرێکار لە ســـاڵی ١٨٣٠دا کـــەم بکرایەتەوە، دەیتوانی شورش بکات چونکە تێدەگەیشت شێوازی گوزەرانی ئێستای چاکترە لەو شێوازەی پاش کەمکردنەوەی موچەکەی بەسەریا دەسەپێنرێت.

لێـــرەدا، بیـــر لە ئازاری ژیانی، وەکو بارێکی گـــران ناکاتەوە و خۆی لەگەڵیدا

دەگونجێنێـــت. ئەوەندە لەبارەی ژیانییەوە فێرنەبووە و ئاگایی نییە تاکو ئازارەکە لەناوبەرێت. لەئاکامدا، هیچ کارێک بۆ گۆڕانەکە ناکات. کرێکارەکانی کرۆکس-ڕۆسۆ پاش خۆپیشاندانەکەیان و سەرکەوتن چوونە ماڵەوە و نەیانزانی چۆن سەرکەوتنەکە بەکاربهێنن. ســەربازەکانیش بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵبوون. ئەم بەدبەختییە بۆ ئەوان 'خوو' نەبوو، بەڵکو 'سروشــتی'بوو؛ بارودۆخی ژیانی کرێکاری پێکدەهێنا؛ دانەبڕاوە، لەبەر ڕووناکی نابینرێت و دواجاریش کرێکارەکە کردوویەتی بە بەشێک لــە بوونی خۆی. ئەو، بەبــێ ئەوەی لە ئازارەکە تێبگات و بەهای بە بەردا بکات، لەنێو ئازاردا دەژی. بوون و ئازارچێشـــتن، بۆ ئەو، دەبن بەیەک شــت. ئازارەکەی کارتێکردنی ئاگامەندییەکەیەتی بەبێ تێڕامان، بەڵام بیری لێناکاتەوە. لەبەر ئەمە، ئازارەکـــەی نابێت بە هاندەر بــۆ کردەوە. بەپێچەوانەوە، پاش بڕیاردان لەســـەر گۆڕانی بارودۆخی ژیانی حاڵەتەکە، وەکو بارێکی گران دەناسێت. دەبێت خۆی لە حاڵەتەکــە دوورە پەرێز ڕابگرێت و دووجــۆر لەناوبردن بەکاربهێنێت: لەلایەکەوە، دەبێــت حاڵەتی نەبوونێکی ڕووت بخاتە بەردەم؛ لەلاکـــەی دیکەوە، حاڵەتەکەی تیایدا دەژی بەرانبەر حاڵەتە نەبووەکە بەرانبەر یەکدی دابنێت. ئەو دەبێت بزانێت بەختەوەری چییە، بە چینەکەیەوە ببەســتێتەوە و لەگەڵ حاڵەتی ئێستای خۆی بەراوردی بکات. لەو نەبوونییەوە بەو باوەڕەبگات، کە بڵێت، "من بەختەوەر نیم." لێرەدا دوو ئاکامی گرنگ وەدەست دەهێنین.

یەکـــەم، هیچ حاڵەتێکی فاکتۆری گرنگ (بونیـــادی ڕامیاری و ئابووری کۆمەڵ یـــان دەروونی و هتـــد.) نییە بەتەنیا ببێت بە هاندەر بۆ کردەوە. کردەوە پڕۆژەی بوون-بۆ-خۆیـــە و ڕوو لەوە دەکات، کە نییە. ئـــەوەی هەیە ناتوانێت ئەوەی نییە سنووردار بکات.

دووەم، هیچ حاڵەتێکی فاکتۆری ڕەتدانەوە و کەمی ئاگامەندی سنووردار ناکات و پێناسەشی بۆ دانانێت چونکە گوتەکەی سپینۆزا، کە دەڵێت "هەموو سەلماندنێک ڕەتدانەوەیە." ڕاستە. هەموو کردەوەیەک حاڵەتە کەمییەکە دەدۆزێتەوە. هەمانکات، لـــە پێش هەموو شـــتێکدا، پێکهاتەی ئەو حاڵەتـــەی بیریلێدەکاتەوە دەخاتە نێو سیســـتەمێکی جیـــاوازەوە. حاڵەتێکی فاکتـــۆری لەبەردەمماندایـــە، گرنگ نییە ڕازیبـــوون و ناڕازیبوونمان بۆ هێزی ڕەتدانەوەی بوون-بۆ-خۆ بگەڕێتەوە، ئەو هێزە دوورە پەرێـــزی ئێمە لە جیهانەوە ســـنوورداری ناکات. چەند ئەم بوونە ئاگامەندی بخاتەگەر، چەند لەنێو ئازاردا بێت، هەمیشـــە لە بووندایـــە. ئەوەی لەناودەبرێت و تێپەڕدەکرێت شـــێوازێکی دانراوی بوونی-نێـــو ئازاری-کرێکارەکەیە و دەبێت بە پڕۆژەی بیرکردنەوەکە. کرێکارەکە بە دەرچوونی لەنێو جیهاندا لە واتای ئازارەکەی دەگات و ئازارەکەش دەبێت بە هاندەر بۆ ســـەرهەڵدانی کردەوە شۆڕشگێڕانەکەی. ئەم نموونەیەشە بۆ داپچڕانی بەردەوامی ئاگامەندی لە ڕابردووی خۆی تاکو، وەکو

شـــتێکی نەبوو بیری لێبکاتەوە، واتای بداتێ و بەوەی دابنێت، کە نییەتی. لەژێر هیـــچ بارودۆخێکدا ڕابردوو بەتەنیا کردەوە ناهێنێتە کایەوە. هیگڵ باش لەم خاڵە تێگەیشتوە و دەڵێت، "هۆش نەرێیە." بەڵام ئەو کاتەی ویستی بیردۆزەکەی لەسەر سەربەســـتی و کردن دامەزراند بیری ئەم خاڵەی نەبوو. لەڕاستیدا، هەرکاتێک ئەم خەســـڵەتە نەرێیە بـــە ئاگامەندی بەرانبەر جیهان و خۆی بدرێت و شـــێوازەکانی لەناوبردن ببن بە بەشـــێک لە کۆتایی و ئامانجی کردنەکە، پێویستە تێبگەین، کە سەربەستی بکەرەکە دەبێت بە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ کردن.

لەســـەرەتاوە کەموکورتـــی گفتوگۆکانی نێـــوان شـــوێنکەوتوانی ناچارەکی و سەربەســـتی دەبینین. شوێنکەوتوانی سەربەستی بەدوای ئە حاڵەتانەدا دەگەڕێن، کە بڕیاردانەکان لەسەریان هۆکارێکی لەپێشتریان نییە. شوێنکەوتوانی ناچارەکیش لەوباوەڕەدان کردەوە بەبێ هۆکار نییە، بۆنموونە (بەرزکردنەوەی دەســـتی ڕاست لەبری دەستی چەپ و هتد) ئاماژە بۆ هۆکارەکان و هاندەرەکان دەکەن، کە واتای پێدەبەخشن. بێگومان، مادام هەموو کردەوەیەک مەبەستدارە، بۆ چوونەکە ناجۆر نییە. پێویســـتە هەموو کردەوەیەک کۆتاییەکی لەدوا بێت، ئەم کۆتاییەش ئاماژە بۆ هۆکار دەکات. ئەمەش یەکێتییە لەنێوان ســـێ ڕەهەندەکانی کاتدا؛ کۆتایی یان داهاتووی کات دەبێت بە هۆکار یان هاندەر؛ ئاماژەش بۆ ڕابردوو دەکات و ئێستاشم دەبێت بە کاتی سەرهەڵدانی کردەوەکەم. باسکردن لە کردەوە بەبێ هۆکار باسکردنە لە کردەوەیەکی بێ مەبەســـت. لەم ڕووەوە، هەوڵدانی شوێنکەوتوانی سەربەستی بێهودەیە. شـــوێنکەوتوانی ناچارەکیش ســـەنگی تەرازوەکەیان بـــە توێژینەوە و جەختکردن تەنیا لەسەر هۆکار و هاندەر دەوەستێنن. پرسیارەکە لەژوور بونیادی ئاڵۆزی "هۆکار-مەبەســـت-کردن و کۆتایی"ەوەیە؛ پێویســـتە بپرسین چۆن هۆکار پێکدێت؟

ئێســـتا زانیمان ئەگەر کردەوە بێ هۆکار نەبێـــت لەوەدەچێت دیاردەش بەبێ هۆکار نەدۆزینەوە. بۆ ئەوەی هۆکار هەبێت پێویستە بخرێتە بەر ڕۆشنایی ئەزمون. بێگومـــان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دەبێت بیرۆکەی هۆکارەکەمان لا دروســـت بێت، بەڵکو دەبێت بوون-بۆ-خۆ بتوانێت بەهاکانی خۆی لەسەر دامەزرێنێت، وەکو هۆکار یان هاندەر ببینێت. ئەم پێکهاتەیەی هۆکار ئاماژە بۆ بوونێکی ڕاستەقینە و ئەرێ ناکات؛ بۆنموونە هۆکارێکی لەپێشتر. ئەگینا سروشتی کردنەکە بەوجۆرەی مامەڵە لەگەڵ نە-بووندا بە مەبەستەوە دەکات، لەناودەچێت. هەموو هاندەرێک بە ئامانج و کۆتاییەکەی دەناسرێت، کە نە-بوونە. لەبەرئەمە ڕەتدانەوەیە. ئەگەر من بە موچەیەکی کەم لە ترســـا ڕازی بم، ئەوا ترس دەبێت بە هاندەر. بەڵام ترس لە مردن بە برسێتی لەدەرەوەی خۆیدا و لەو کۆتاییە نموونەییەدا هەیەتی واتابەخشە؛ ئەویش بەردەوامی ژیانە من لەحاڵەتی مەترسیدا دەیناسمەوە. ئەم ترسە پەیوەندی

به بەهای ژیانەوە هەیە، کە من بەشـــاراوەیی بەسەر ژیاندا دەیسەپێنم. کەوابوو، هاندەر پێکەوە دانانی ئەو شـــتانەیە، کە نین و لە داهاتوودان. بەوجۆرەی داهاتوو بەرەو ئێســـتا و ڕابردوو دەگەڕێتەوە، تاکو واتاکەیان ڕوونبکاتەوە، پێکەوە دانانی پرۆژەکانیشـــم دەگەڕێننـــەوە و بونیادی هاندەرەکە، وەکو هانـــدەر دادەمەزرێنن. لەبەر ئەوەی مـــن بە لەناوبردنی بوونم لەدەســـت بوون-لەنێو-خۆ ڕادەکەم و ڕوو لە ئەگەرەکانم دەکەم، ئەوا لەســـەر بوون-لەنێو-خۆ بەهاکە دەبێت بە هۆکار یان هانـــدەر. واتای هۆکار و هاندەرەکان بەســـتراوە بە پێکەوەدانانی نەبووەکان. ئەم پێکەوەدانانـــەش بوونی منە، وەکو بەرزێتی؛ بوونی منە بەو شـــێوەیەی دەمەوێت لەدەرەوەی بوونی خۆمدا خۆم بم.

ئەگەر ئەو خاڵەمان لەبیربێت، کە گوتمان ناسینەوەی ئەگەری شۆڕش بەهای، وەکـــو هاندەر بە ژیانی پر ئازاری کریکارەکە بەخشـــی. بەو ئاکامەش دەگەین بە هەڵهاتن لەو حاڵەتە بەرەو ئەگـــەری گۆڕانکاری حاڵەتەکە لەنێو بونیادی ئاڵۆزی هۆکار و هاندەرەکان دەچەســـپێنن. بـــەو ڕەتدانەوەیەی ئێمە لە پەیوەندییمان بە حاڵەتەکەوە دابڕاو دەکات ئەو ڕەهەندە کاتییانەی هەیە لە پرۆژەکەماندا گۆڕانکاری بەســـەر حاڵەتەکەدا دەهێنین. لەم ڕووەوە، مەحاڵە کردەوە بەبێ هاندەر هەبێت. ئەمەش ئەو واتایە نابەخشـــێت، کە هاندەر هـــۆکارە بۆ کردن. هاندەر تەواوکەری کردنە . بەهەمانشێوەش، پرۆژەی بڕیاردان بەرەو گۆڕان بەشێکە لەکردن. هاندەر، کردن و کۆتایی پێکەوە لە ســـەرهەڵدانی کردەوەیەکدا یەک دەگرن. هەریەکیک لە بونیادی ئەم سێ لایەنە بە دوو لایەنەکەی دیکەوە بەستراوە و لەو پەیوەندییەدا واتا دەبەخشێت. بەڵام بوونیادە گشتییەکەی هەرسێکیان پێکەوە بۆ یەک لا ناگەڕێتەوە . سەرهەڵدانی کردنیش، وەکو ڕەتدانەوەی بوون-لەنێو-خۆ لەنێو کاتدا سەربەستییە . کردن کۆتایی و هاندەرەکان دیاریدەکات. کردنیش دەربڕینی سەربەســـتییە . ئیمە لەئاستی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا ناوەستین. ئەگەر مەرجی بنەڕەتیکردن سەربەستی بێت، پێویستە لەسەر سەربەستی بدوێین. بەڵام لەسەرەتاوە توشی گرفتی گەورە دەبین. باســـکردنی بابەتێک پەیوەندی بە دەستنیشانکردنی بونیادی ناوەڕۆکێکی تایبەتی بابەتەکەوە هەیە . بەڵام سەربەستی لە ناوەڕۆک بەدەرە؛ نابێت بە بابەتی لێکۆڵینەوەی لۆجیکانەش. ئێمە، بەو جۆرەی هایدیگەر سەبارەت دازاینەوە دەڵێت، "بوونی پێش جەوهەری دەکەوێت" باسی سەربەستی دەکەین. خودی سەربەستی کردنە؛ ئێمەش لەگەڵ پێکەوەدانانی هۆکار و هاندەرەکاندا دەستماندەکەوێت.

بـــەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کردنە خاوەنـــی ناوەڕۆکە لە پێکهاتە دەچێت. ئەگەر بمانەوێت بە هێزێکی پێکهاتوو بگەین، پێویستە ئومێدمان بۆ دۆزینەەی ناوەڕۆکی نەبێت. دۆزینەوەی ناوەڕۆک دەکەوێتە سەر پێکهاتوویەکی دیکە و ئەمەش کۆتایی نایەت. چۆن بتوانین پێناسەی هەبوویەک بکەین، کە بەردەوام خۆی پێکدەهێنێت

و خۆی لەنێو یەک پێناسەدا ڕاناگرێت؟ بەکارهێنانی چەمکی 'سەربەستی' ترسناکە ئەگەر ئەم چەمکە، وەکو چەمکەکانی دیکە تاماشابکەین، ئایا سەربەستی بێ ناوە و لەپێناسەبەدەرە؟

پێشتر، لە پێناسەکردنمان بۆ نەبوون و بوونی دیاردە توشی کۆمەڵێ گرفتبووین، بەڵام گرفتەکان کۆڵیان پێنەداین. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە باسکردن، کە بە ناوەڕۆکەوە نەبەستراوە و پەیوندی بە تایبەتمەندێتی هەبووەکەوە هەیە. بەدڵنیاییەوە، من باسی ئەو سەربەستییە باوەی نێوان من و کەسانی دیکە ناکەم؛ لەبەر ئەمەشە پەنا بۆ ناوەڕۆکی نابەم. بەپێچەوانەوە، سەربەستییەکە دەبێت بە بناخەی هەموو ناوەڕۆکێک چونکە مرۆڤ بە ڕێگەی تێپەڕکردنی جیهان و گەیشتن بە ئەگەرەکانی ناوەڕۆکەکان بەرجەستەدەکات. بەڵام پرسیارەکەی ئێمە سەبارەت بە سەربەستییە. کاتێک باسی ئاگامەندیم کرد ئەو سروشتە هاوبەشییەی نێوان تاکەکانم دەستنیشانکردن. تەنیا لەسەر ئاگاماندی خۆم دوام، کە سەربەستییەکە لەودیو ناوەڕۆکەوەیە یان چەندجارێک باسمانکردووە و گوتمان بۆ هەرشتێک بتەوێ ببیت دەبێ هەبوبیت. هەروەها، ئەم ئاگامەندییە بوونی ئەزمونێکی تایبەتی کۆجیتۆیە. هوسرڵ و دێکارت، بەو جۆرەی گەستۆن بێرگەر ڕوونیکردۆتەوە، لەو باوەڕەدان کۆجیتۆ ڕاستی ناوەڕۆک دەردەخات. لەلای دێکارت پەیوەندی نێوان دوو سروشتی سادە باسکراوە؛ لای هوسرڵیش بونیادی ئایدیایی ئاگامەندی دامەزراوە. بەڵام ئەگەر بوونی ئاگامەندی پێش ناوەڕۆکی بکەوێت ئەوا دێکارت و هوسرڵ توشی هەڵەکردن دەبن. ئەوەی ئێمە لە کۆجیتۆی داوا دەکەین دۆزینەوەی پێویستییەکی فاکتۆرییە. هەروەها داوای سەربەستییەکەمانی، وەکو سەربەستی لەسەر پێویستییە فاکتۆرییەکە لێدەکەین؛ یان هەبوویەکی هەڵکەوتوو، کە من بتوانم بە ئەزمون بیناسم. بێگومان من ئەو بوونەم بە کردەوەکانم فێری سەربەستییەکەم دەبم. من بۆ سەربەستی ئاگاییم چونکە بێجگە لەو بوونەی بۆ ئاگامەندی هەیە چی دیکە لەنێو ئاگامەندیدا نییە. کەوابوو، من بەردەوام پرسیار سەبارەت سەربەستی لە بوونمدا دەکەم؛ سەربەستی خەسڵەتێکی پێدراو یان سروشتی نییە؛ بەڵکو بوونی منە و لە بوونی مندایە. پرسیارکردنە، پەیوەندی بە بوونی منەوە هەیە و پێویستە لە واتای سەربەستی تێبگەم. ئەم تێگەیشتنەیە دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە.

لە هەوڵدانەکەماندا بۆ گەیشتن بە ناخی سەربەستی، ئەو خاڵانەی لەسەر (خۆ) ئاماژەمان بۆ کردن یارمەتیدەرن. لە بەشی یەکەمی ئەم نوسراوەدا باسمانکرد، کە ئەگەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ڕەتدانەوە بهێنێتە نێو جیهانەوە، ئەوا پێویستە ئەم بوونە هەست بە پچڕان لەگەڵ جیهان و بوونی خۆشیدا بکات. هەروەها، بەو باوەڕەش گەیشتین، کە ئەگەری بەردەوامی پچڕاندنەکە و سەربەستی لە یەکدی دەچن. هەروەها، ئەوەشمان ڕوونکردەوە، ئەگەر بەردەوامیەکەی بوونم لەشێوازی

"بوونێکی-هەبوو" جۆرێک لە بوونی مرۆڤ دیاریدەکات. لە شیکردنەوەکەماندا، کە بۆ برِوای خراپیشمانکرد، بەو باوەرِەدەگەین راستەقینەی مرۆڤایەتی نەبوون بێت بۆ خۆی. بۆ ئەوەی بوون-بۆ-خۆ هەبێت، دەبێت ئەو بوون-لەنێو-خۆیە رەتبداتەوە، کە خۆیەتی. لەنێو ئەم بارودۆخەدا سەربەستی بێجگە لەم رەتدانەوەیە چی دیکە نییە. بە رێگەی رەتدانەوە بوون-بۆ-خۆ لەو بوونەی خۆی رادەکات، کە ناوەرِۆکی دەداتێ و دەبێت بە شـــتێکی دیکە. لەم رووەوە، بوون-بۆ-خۆ لەودیو ئەو خەسڵەتانەوەیە پێیدراون. کاتێک دەڵێین بوون-بۆ-خۆ پێویســـتە ببێـــت بەوەی هەیە، هەمانکات مەبەســـتمان ئەوەیە و ئەوەش نییە، کە ئێستا هەیە. کێشەی پێشخستنی بوون و دواخســـتنی ناوەرِۆک یان هەڵگەرِانەوەی بەو جۆرەی هیگڵ دەڵێت، "بوون ئەوەیە هەیە." یەک واتا دەبەخشـــێت؛ جەخت لەســـەر سەربەستی مرۆڤ دەکات. لەسەر ئەو راستییەی من ئاگام لەو هۆکارانەیە کردەوەکانم دەخەنەگەر، هۆکارەکان دەبن بـــە بابەتی بەرز بۆ ئاگاییـــم و لەدەرەوەی بوونی منـــدان. گرتنیان مەحاڵە و لە دەستیان رادەکەم. من مەحکوم کراوم و بەردەوامیش دەمەوێت لەودیو ناوەرِۆکمەوە بـــم؛ بوونم لەودیو هـــۆکار و هاندەرەکانی کردنەکەم بێـــت. **من مەحکوم کراوم سەربەســـت بم.** سەربەستییەکەشم بێجگە لە خۆی هیچ شتێک سنورداری ناکات یان ئێمە سەربەست نین بۆ ئەوەی سەربەست نەبین.

هاندەر، بەوجۆرەی، وەکو فاکتۆرێکی دەروونی دەبینرێت، بۆنموونە راستەقینەیەکی پر و دراو، لە بۆچوونی ناچارەکییەوە لە برِیاردان و کردن جیانابێتەوە. ئەم دووانەش بە فاکتۆری دەروونی دادەنرێن. بوون —لەنێو-خۆ خاوەنی ئەم لایەنانەیە. هاندەر، وەکو چۆن هۆکار کاریگەرێتی بەسەر هۆکردەوە هەیە، کردنەکە دەجوڵێنێت. هەموو شتێک پرِ و دەرەکییە. رەتدانەوەی سەربەستییەکەش هەوڵدانە بۆ دانانی بوون بە بوون-لەنێو-خۆ؛ جیاوازیان لەنێواندا نییە. دەکرێت پێناسی راستەقینەی مرۆڤایەتی بەو شـــێوەیە بکەین، کە ئەو بوونەیە سەربەســـتییەکەی بەردەوام لە مەترسیدایە چونکە نایەوێت بیناسێت. لە بۆچوونی دەروونناسیدا ئەم هەڵوێستەمان هەوڵدانە بۆ بەشتکردنی هۆکار و هاندەرەکان و بوونێکی بەردەوامیان دەدەینێ.

لە خۆمانی دەشارینەوە چۆن سروشـــت و سەنگینییەکەیان لە هەمووساتێکدا بۆ ئەو واتایانە دەگەرِێنەوە من پێیان دەبەخشـــم. هەرچەندە لەنێو ئێستاشدان بە نەگۆر لەنێو رابردوودا دایاندەنێم. باوەرِ بە خۆم دەهێنم، کە هۆکار ئەوەیە هەبوو؛ لە ئاگایی رابردوومەوە بە ئێستا دەگات و لەنێو ئاگامەندیمدا دەچەسپێت.

ئەمەش لە ســـەپاندنی ناوەرِۆک بەســـەر بوون-بۆ-خۆ دەچێت. بەهەمانشێوە، هەندێک کەس کۆتایی بە بەرزێتی دادەنێن. هەرچەندە ئەمکارە هەڵە نییە، بەڵام لە جێگەی بینینی ئەو راستییەی بەرزێتییەکە بە بەرزێتی منەوە بەستراوە، ئەوان بەو باوەرِە دەگەن، کە من لە بەرجەستەبوونم لەنێو جیهاندا رووبەرِوویان دەبمەوە. لە

خواوە یان لە سروشتەوە، لە سەرشتی (خۆ)مەوە یان لە کۆمەڵەوە بەرەو من دێن. کۆتاییەکان[لەمحاڵەتەدا] دروستکراون و پێش ویستی مرۆڤ دەکەون. کردەوەکانی من، پێش ناسینیان، وەکو هۆکارەکان، پێناسدەکەن.

هـــۆکار، کردن و کۆتایی بەردەوامین. هەوڵدانە ســـەرنەکەوتوەکان دەیانەوێت سەربەســـتی بخەنە ژێـــر باری بوونەوە (لەگەڵ ســـەرهەڵدانی دوودڵی لەئاســـتی سەربەســـتیدا دەڕوخێن) و دەریدەخەن، کە سەربەســـتی لە بنەڕەتەوە هاودەمی نەبوونە و لە بوونی مرۆڤدایە. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی سەربەستە چونکە ناتەواوە و بەردەوام لە خۆی دووردەکەوێتەوە. نەبوون بوونی ئەو لەوەی هەیە و پێی دەگات جیادەکاتەوە. دواجاریش، سەربەستە چونکە بوونی ئێستای لە شێوازی (تێڕامانی-تیڕامان)دا نەبوونە. مرۆڤ سەربەســـتە چونکە خۆی لەبەردەم خۆشیدا ئامادەیە. بوونێکی هەبوو ناتوانێت سەربەست بێت. سەربەستی نەبوونێکی دروستکراوی نێو بوونی مرۆڤە. زەبر لە ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتـــی دەکات لە باتی ئەوەی (هەبێت) خۆی دروستبکات. بەمجۆرە، بۆ ئەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەبێت، پێویستە خۆی هەڵبژێرێت؛ هیچ شـــتێک لەدەرەوە و ناوەوەی ئەودا دانەنراوە تاکو تەوانای وەرگرتنـــی هەبێت. بەبێ یارمەتی، هەرجۆریک بێت، لەبەردەم پێویســـتی گرانی دروســـتکردنی خۆیدا جێماوە. **کەوابوو، سەربەستی بوون نییە؛ بەڵکو بوونی مرۆڤە، بۆنموونە، نەبوونی بوونییەتی.** ئەگەر بوونی مرۆڤ پڕ بێت بێســـودە هەوڵبدەین لە بوونیدا بەدوای ئەو ســـاتانە یان دەڤەرە دەروونییانەدا بگەڕێین، کە تییادا سەربەستە. ئێمە بەدوای شوێنی بەتاڵی لێوانێکی پردا ناگەڕێین. هەروەها، مرۆڤ جارێک کۆیلە و جارێکی دیکە سەربەســـت نییە. ئـــەو بەتەواوی بەردەوام سەربەستە یان سەربەست نییە.

ئـــەم تێبینیانە، ئەگـــەر بزانین چۆن بەکاردێن، ئێمە بـــەرەو دۆزینەوەی نوێ دەبەن. یارمەتیمان دەدەن ڕۆشـــنایی بخەینە سەر پەیوەندی نێوان سەربەستی و ئەوەی بە 'ویســـت' ناوزەدی دەکەین. زۆرجار، کردەوەی سەربەست و خۆبەخشانە بە یەک شـــت دادەنرێن تاکو بۆچوونی شـــوێنکەوتوانی ناچارەکی سەبارەت سۆز ســـنوردار بکرێت. بەکورتیەکەی، ئەمە بۆچوونی دێکارت بوو. ویســـتی دێکارتی سەربەستە، بەڵام سۆزەکانی دەروونیش هەن. هەوڵدانەکەی دێکارت[بۆ تێگەیستن] لەم ســـۆزانە لە ڕوویەکی دەروونناســـییەوەیە. شیکردنەوەکەی پرۆست، بۆنموونە لەسەر (غیرە) لایەنی میکانیزمی سۆزەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە گرنگە مرۆڤ بەوجۆرە ببینین، کە کتوپڕ سەربەستە و ناچاریشە. لێرەدا، کێشەکەش بۆ پەیوەندی نێوان سەربەستییە بێسنورەکە و پرۆسە ناچارەکییە دەروونییەکەی لە ژیاندا دەگەڕێتەوە: چۆن ئەو دەبێت بە خاوەنی ســـۆزەکانی و بۆ سودی خۆی بەکاریان دەهێنێت؟

زانایی پێشـــینان، ئەو زانایییەی ڕواقییەکان هەیـــان بوو، فێرمان دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ سۆزەکاندا بکەین و بیانخەینە ژێر دەستەڵاتمانەوە؛ فێرمان دەکات، بـــەو جۆرەی مرۆڤ بایەخ بە سروشـــت دەدات تاکو بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت، ســـودیش لە سۆزەکان وەرگرێت. ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت هێزێکی سەربەست بێت لە هەموولاوە پرۆسە پێکهاتووە ناچارەکییەکان گەمارۆیان دابێت. کەسێک دەتوانێت کردەوە سەربەستەکان و پرۆسە ناچارەکییەکان، ئەوانەی ویســـتی سەربەست دەستەڵاتی بەســـەریاندا هەیە و ئەوانەی لە ویستی مرۆڤیش ڕادەکەن، جیا بکاتەوە.

ئاشـــکرایە لەســـەر ئەم بۆچوونە ڕێک ناکەوین. بەڵام پێویســـتە هۆکارەکانی ڕینەکەوتنەکە بزانین. یەکێک لە هۆکارەکان دیارە و پێویست ناکات خۆمانی پێوە ماندووبکەیـــن؛ ئەویش ئەوەیە، کە دوو لایەنییەکـــی توندوتیژ لەنێو یەکێتییەکی دەروونییـــدا نابینرێت. چۆن یەک بوون هەمانـــکات زنجیرەیەک فاکتۆری پێکەوە گرێدرا و هەڵدەگرێت، کە لە دەرەوەدا جیاوازبن، ئەو بوونەش خۆی سنور بۆ خۆی دیاریبـــکات و خۆی دەربخات؟ چۆن [ئەم بوونـــە] کاردەکات؟ ئایا کارکردنەکەی لەسەر بابەتەکەیە (فاکتۆرە دەروونییە ئامادەبووەکە)؟ چۆن دەتوانێت بوونی-لەنێو-خۆیەک بگۆڕێت، کە هەیە و لەوەش زۆرتر بەچی دیکە نابێت؟ ئایا بەگوێرەی یاسای پرۆسەکە کاردەکات؟ ئەمە لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە. ئایا لەسەر ئاکامەکانی پرۆسەکە کاردەکات؟ بەڵام کارکردن لەسەر فاکتۆرە دەروونییەکان لە پێناوی گۆڕانکارییەکاندا و کارکردن لەســـەر ئاکامەکانی پرۆســـەکە وەکو یەکن. لە ئاستی هەر یەکێکیاندا توشـــی هەمان مەحاڵ دەبین، کە لەپێشتر باسمانکرد. هەروەها، ئەم سەرهەڵدانە لەخۆڕایە چ ئامێرێکی بەدەســـتەوەیە؟ ئەگەر دەست شـــتێک بگرێت لەبەرئەوەیە توانای گرتنی هەیە. ســـەرهەڵدانی لەخۆڕا، کە بە پێناســـە لەودیو گەیشتنەوەیە توانای گەیشـــتنی نییە؛ تەنیا خودی خۆی بەرجەســـتەدەکات. ئەگەر ئامێرێکیش بەدەستەوە بێت ئەوا دەبێت ئامێرەکە بەشتێک لەنێوان ویستی سەربەست و سۆزە ناچارەکاندا دابنرێت، کە دەبێت بە ڕێگر. لەبەر چەند هۆکارێک ســـۆزەکان ناتوانن دەســـتەڵاتی خۆیان بەسەر ویستدا بســـەپێنن. بێگومان، مەحاڵیشە پرۆسەیەکی ناچار کاربکاتە سەر ســـەرهەڵدانێکی لەخۆڕا. کەوابوو، تێهەڵکێشکردنی ئەم دوو بوونە جیاوازە مەحاڵە؛ لەیەکدی ناچن؛ هەریەکێک لە ئەوان بە جیا و بێ پەیوەندی بەوی دیکەوە دەمێنێتەوە. تەنیا پەیوەندییەکی نێوانیان هەبێت بۆ ئەو ڕەتدانەوە ناوەکییە دەگەڕێتەوە، کە ڕوو لە هەردووکیان دەکات. بەڵام سەرهەڵدانە لەخۆڕاکە بە نکۆڵیکردنی دانانی بوونی بە ســـۆزەکان دەتوانێت هەبێت. لێرەدا، دامەزراندنی ســـۆزەکان بۆ ســـەرهەڵدانە لەخۆڕاکە دەبێت بە بەرزێتییەکـــی ڕووت، دەرەکی و ئەوەی، کە هێشتا نییە. ڕەتدانەوە ناوەکییەکە، کەوابوو، بۆ بە کاریگەرێتییەکەی

هەوڵی توانەوەی ویســـت لەنێو جیهاندا دەدات، چونکە ســـەرهەڵدانێکی لەخۆڕای سەربەســـت ویســـت و ئاگامەندییە. ئەم ڕوونکردنەوەیە دووجۆر چارەڕێگەمان بۆ دیاریدەکات: مرۆڤ بەتەواوی ناچارە (ئەمەش ناپەســـەندە چونکە ئاگامەندییەکی ناچار، بۆنموونە، کە هاندەرێکی دەرەکی هەیە، خۆی دەبێت بە شـــتێکی دەرەکی ڕووت نەک ئاگامەندی) یان مرۆڤ بەتەواوی سەربەستە.

هێشتا ئەم تێبینییانە مەبەستی سەرەکی ئێمە نین و ئاکامێکی نەرێییان لەدوایە. توێژینەوە لەسەر ویست، بەپێچەوانەوە، تێگەیشتنمان لە سەربەستی بەرەوپێشەوە دەبات. لەبەر ئەمەشە ئەو فاکتۆرەی دێتە بەردەممان دەریدەخات ویست سەربەخۆ بێـــت و ئێمەش ناتوانین بە فاکتۆرێکی دەروونی یـــان بوون-لەنێو-خۆی دابنێین. ســـەر بە کاتیگۆری زانایانـــی دەرونیش نییە، کە بـــە "حاڵەتەکانی ئاگامەندی" ناوزەدیدەکەن. لێرەدا، بەوجۆرەی لە هەموو شـــوێنێکی دیکەشدا هەمانە، دەڵێین حاڵەتی ئاگامەندی بتێکی ڕووتی سایکۆلۆجی پۆزەتیڤە. ئەگەر ویست سەربەستی بێت ئەوا پێویستە ڕەتدانەوە و هێزی لەناوبردنیش بێت. بەڵام نازانین بۆچی ویست دەبێت ســـەربەخۆ بێت. لەڕاســـتیدا دژوارە ئەو، کە لە بەرانەی نێو لەناوبردن، کە لەنێو تۆڕی پڕ و ئەســـتوری سۆزەکاندا ســـەرهەڵدەدات بناسرێت. ئەگەر ویست لەناوبردن بێت ئەوا فاکتۆرە دەروونییە دامەزراوەکان دەبێت لەناوبردن بن. ئایا لە کوێوە ئەو بیرۆکەیەمان بۆ هاتوە، کە گوایە 'فاکتۆر'ی سۆز یان ئارەزوویەکی ڕووت و سادە لەناوبردن نییە؟ ئایا سۆز پرۆژە نییە؟ ئایا حاڵەتێکی قبوڵنەکراو دروست نـــاکات؟ ئایا بە زۆر پەیوەندی بە حاڵەتەکەوە نابڕێ و بە خۆ-دوورخســـتنەوە و گەیشـــتن بە کۆتایی، کە نەبوونە، لەناوی نابات؟ ئایا سۆز خاوەنی ئەو کۆتاییانە نییە، کە لە یەکەم ساتەوە لەبەردەم خۆیدا بە نەبوون دایدەنێت؟ ئەگەر لەناوبردن بوونی سەربەســـتی بێت، چۆن ســـەربەخۆیی ســـۆزەکان ڕەتدەکەینەوە تاکو بە ویستی ببەخشـــین؟ ئەمە هەموو شتێک نییە: ویست، کە شتێکی تایبەت نییە و بەرجەســـتەبوونێکی سەروەرانەی سەربەستی نییە، وەکو هەموو ڕووداوێکی بوون-بۆ-خۆ پێویستی بە بناخەی لەپێشتری سەربەستییە بنەڕەتییەکە بۆ بوونی خۆی هەیە. ویســـت بڕیاردانێکی تێڕامانانەیە و پەیوەندی بە کۆتاییە دیاریکراوەکانەوە هەیە. بەڵام خۆی کۆتاییەکان دروســـتناکات. دەتوانین لـــە پەیوەندییەکەیدا بەو کۆتاییانەوە دەبێت بە شێوازێکی بوون.

سۆز هەمان پەیوەندی بە کۆتاییەکانەوە هەیە. بۆنموونە، ئەو کاتەی هەڕەشەم لێدەکەن، لە ترســـی مـــردن بە هەموو خێرایی ڕادەکەم. ئەم فاکتۆرەی ســـۆز بە شـــاراوەیی بەهای ژیان دەسەپێنێت. کەسێکی دیکەش، دەزانێت ئەگەر لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و ســـەنگەرەکە جێ نەهێڵێت ژیانی لە مەترســـیدا دەبێت، بەڵام سەنگەرەکە چۆڵ ناکات. ئەم ئامانجە، کە ئاشکرا دیارە و ئێمەش تێیدەگەین وەکو

ڕەتدانەوەی پڕ سۆزە و میتۆدی گەیشتنەکەش بە ئاسانی دەناسرێت. جیاوازییە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگاکان و [وەسیلەکان] ڕادەی تیرامانەکە، نەک کۆتاییەکە دەگەڕێتەوە. هێشـــتا کەسە ڕاکردووەکە بە کەسێکی ســـۆزدار دادەنرێت و بەرگریکەرەکەش بە خۆبەخش ناوزەد دەکەین.

جیاوازی، لەم بۆچوونەوە، پەیوەندی بە هەڵوێستی ناوەوە و کۆتاییە بەرزەکەوە هەیە. بۆ ئەوەی خۆمان لە هەڵەکەی پێشـــو بپارێزیـــن، کۆتاییە بەرزەکانیش بە شـــتێکی پێش-مرۆڤانە و سنورێکی لەپێشتر بۆ بەرزێتییەکەمان دانەنێین، دەبێت بە پڕۆژەکانی سەربەســـتی نێو کات بناسرێن. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەدەرەوەی بوونی خۆی یان لەنێو سروشتی ناوەوەیدا کۆتاییەکانی بۆ دانانرێت. ئەو کۆتاییەکان هەڵدەبژێرێت. بەم هەڵبژاردنەش بوونێکی بەرزیان پێدەبەخشێت. لەم ڕووەوە، لەو تێگەیشتنەوە، کە بوونی دازاین پێش ناوەڕۆکی دەکەوێت، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەگەڵ بەرجەســـتە بوونەکەیدا بە کۆتاییەکانی پێناســـەی خۆی دەکات. کەوابوو، کۆتاییەکانم خەســـڵەتەکانی بوونم دیاریدەکەن، کە سەربەستییە و منیش خاوەنی سەربەســـتییەکەم. بەرجەســـتە بوونەکەش بوونە؛ پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە یان خەسڵەتێکی بوونەوە، کە مامەڵە لەگەڵ بیردا دەکات نییە.

مادام سەربەســـتی و بوونی من یەک شـــتن، ئەوەی من دەمەوێ بە ویست یان هەوڵدانە ســـۆزدارەکانم بیگەمێ بناخەی کۆتاییەکانە. کەوابوو، ویستەکان، وەکو سۆزەکان هەڵوێســـتی ناوەکین، کە بە هۆیانەوە بەو ئاکامانە دەگەین سەربەستی بنەڕەتی دایاندەنێت. مەبەست لە سەربەستی بنەڕەتیش سەربەستییەک نییە پێش کردەوە سەربەخۆکان یان سۆزەکان پەیدا بووبێت، بەڵکو بناخەیەکی لەگەڵ کردەوە سەربەخۆکان و سۆزەکاندا هاوکاتییە و هەریەکێکیش لەم سیانە لە شێوازی تایبەتی خۆیدا بەرجەستە دەبێت. ئێمە سەربەستی بە ناکۆک لەگەڵ ویست و سۆز دانانێتین بەوجۆرەی برگسۆن دوو (خۆ)ی بەرانبەر یەکدی دیاریکردوە. بوون-بۆ-خۆ خۆیەکی هەمووگیرییـــە و لایەنێکی دیکەی نییە. ئەگەر مەبەســـتمان لە بوونی بونیادێکی بـــەرزی دەروونی نەبێت. بێجگە لە بوونی ویســـت و ســـۆزەکانمان بۆ لەناوبردنی فاکتۆرەکان سەربەستی چی دیکە نییە؛ ئەمەش ئەو بوونە دیاریدەکات، کە لەبوونیدا شـــێوازی هەبوونی هەیە. دوایی بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە و باســـیدەکەین. بەڵام با ئەوەمان لەبیربێت، کـــە کۆتاییەکانی بوون-بۆ-خۆ لە دانانی پرۆژە بەرزەکانیدا ڕووەو ئەگەرەکانی، ویســـت سنورداردەکەن. ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، چۆن لە واتای نیاز یان مەبەست تێبگەین، کە لە پەیوەندی بە کۆتاییەکانەوە وەسیلە و ئامێرەکان هەڵدەسەنگێنێت؟

ئەگەر کۆتاییەکان لەپێشـــتر دانرابن، ئەوەی بۆ مـــن دەمێنێتەوە دیاریکردنی ڕێگاکانە بۆ گەیشـــتن بە کۆتاییەکان؛ یان هەڵوێست وەرگرتنە. ئایا من بە ویست

یان بەسۆزەوە دەبێت کارەکەم بکەم؟ بێجگە لە خۆم کێ بڕیارم بۆ دەدات؟ ئەگەر لەو باوەڕەدابین، کە بارودۆخ بڕیارەکە دەدات (بۆنموونە، کاتێک ڕوو لە مەترسییەک دەکەم بە کارێک هەڵدەستم و ئەگەر ترسەکەش گەورەتر بوو دەکەومە نێو سۆزەوە)، ئێمە سەربەستی خەفە دەکەین. لەڕاستیدا بێهودەیە بانگەشەی سەربەخۆیی ویست بکەین و هەمانکات لەو باوەڕەشدابین بارودۆخەکان سنورداری دەکەن. چۆن ویستێکی نەبوو دەتوانێت کتوپڕ زنجیری سۆزەکان بشکێنێت و خۆی لە پێشیاندا ڕاگرێت؟ لەم حاڵەتەدا ویست، وەکو هێزێک دەبینرێت، جارێک خۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات و جارێکی دیکەش بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و لە هەردوو حاڵەتەکەشدا خاوەنی خەسڵەتی نەگۆڕ و بوونی-لەنێو-خۆیە. ئێمە بەم خاڵە ڕازی نین. بۆچوونە باوەکان ژیانی ئاکاری بە زۆرانباری لەنێوان ویست، وەکو شت و ناوەڕۆکەکانی سۆز لێکدەدەنەوە. لێرەدا جۆرە سایکۆلۆجییەکیماینکیزم هەیە، کە بەتەواوی پشتگیری ناکەین.

لەڕاستیدا خودی ویستکردن بەس نییە؛ بەڵکو پێویستە ویستی ویستکردن هەبێت. بۆنموونە، لە هەڵوێستێکدا بە سۆزەوە ڕادەوەستم. لە شوێنێکی دیکەدا ڕوونمانکردەوە، کە سۆز زریانێکی سایکۆلۆجییانە نییە؛ وەڵامدانەوەی هەڵوێستە؛ واتا و شێوەکەشی بابەتی ئاگامەندییە، کە دەیەوێت بە کۆتاییەکی دیاریکراو لە ڕێگەیەکی دیاریکراوەوە بگات. لە ترسدا، لە هۆشچوون و نوێژکردن بە خەفەکردنی ئاگامەندی ترسەکە دەشارێتەوە. مەبەست دەرچوونی ئاگامەندییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانێکی قەدەغەکراودا، کە خۆی پەیدایکردوە. بە ڕەفتاری جادوگەرانە ئارەزووەکانمان ڕەزامەنددەکەین. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، کردەوە سەربەخۆ و هۆشەکییەکان زانستانە دەڕواننە حاڵەتەکە. ڕەفتارە جادوگەرانەکە ڕەتدەدەنەوە؛ دەستەیەک ئامێری ئاڵۆز بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە بەکاردەهێنن. جیهانێکی تەکنیکی ئاشکرا دەکەن، کە تیایدا هەریەکێک لە دەستە ئامێرە ئاڵۆزەکان ئاماژە بۆ دەستەیەکی ئاڵۆزتر دەکات و هتد. چی هانی من دەدات یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرم؟ بە تەنیا جیهان نییە، بوونی جیهان چاوەڕوانە تاکو بدۆزریتەوە. کەوابوو، پێویستە بوونی-بۆ-خۆ لە دانانی پرۆژەیدا ئەو بوونە هەڵبژێرێت بە هۆیەوە جیهان وەکو جادوگەرانە یان هۆشەکی خۆی دەردەخات. پێویستە بوونی-بۆ-خۆ، وەکو پرۆژەیەکی سەربەست بوونی خۆی جادوگەرانە یان هۆشەکی بەرجەستەبکات. مادام بوونی-بۆ-خۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوا لە ئاستی هەردوو لایەنەکەدا بەرپرسە. لەم ڕووەوە، بوونی-بۆ-خۆ دەبێت بە بناخەیەکی سەربەستی ویست و سۆزەکانی. ترسەکە سەربەستە و سەربەستییەکەم بەرجەستەدەکات. من هەموو سەربەستییەکەمم بە ترس داوە و خۆم، وەکو ترسنۆک هەڵبژاردوە. لە بارودۆخێکی دیکەشدا ئازا و نەترسم. هیچ دیاردەیەکی دەروونی لە پەیوەندییەکەیدا بە سەربەستیمەوە

تایبەتمەند نییە. هەموو شێوازەکانی بوونم بە یەکسانی سەربەستی من بەرجەستە دەکەن. هەموویان شێوازی بوونی نەبوونییەکەی منن.

ئەم خاڵە لەنێو باسەکەمان لەسەر "هۆکارەکان و هەندەرەکان" بۆ کردن چاکتر دەردەکەوێت. ئێمە لەپێشـــتر بەمجۆرە باسمانکرد؛ ئێستاش دەگەڕێمەوە سەری و زۆرتر ڕوونیدەکەمەوە. ئایا ئێمە نەمانگوت، کە سۆز هاندەری کردنە یان سۆز دەبێت بەهاندەری کردەوە سۆزدارەکان؟ ئایا ویست، وەکو بڕیاردان خۆی دەرناخات، کە بە مەبەستەوە ڕوو لە هۆکارەکان و هاندەرەکان دەکات؟ ئایا هاندەر چییە؟

بەگشتی مەبەست لە هۆکار خستنەبەرچاوی لایەنەکانە، کە کردنەکە دەچەسپێنن. ئەگەر دەوڵەت بڕیار لەسەر گۆڕینەوەی (بۆندەکان) بدات پێویستە هۆکارەکانی بۆ دیاریبکات، دەشـــێ بۆ کەمکردنەوەی قەرزی دەوڵـــەت و پڕکردنی زەخیرە بێت. بەهەمانشـــێوە، لە ڕێگەی هۆکانەوە مێژوونوسان لەسەر کردەوەی پاشا و وەزیران دەنوســـن؛ هۆکاری بۆ هەڵگیرسانی جەنگ پەیدادەکەن: دوژمن بوحرانی نێو خۆی هەیە، کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە گرفتە ئابوورییەکان بهێنرێت.

ئەگەر کلۆڤیس ببێت بە بڕواکەرێکی کاســـۆلیکی، ئەوەندەی پاشای باربەریش ئارین، لەبەرئەوەیە، کە کلۆڤیس لایەنی چاک و مەزنی ژیانی کەشیشی دەبینێت، کە لە (گاوڵ) دەستەڵاتی هەیە. لێرەدا دەردەکەوێت هۆکار ناسینەوەی بارودۆخەکە بێت. بە کاسۆلیککردنی کلۆڤیس بۆ باری ڕامیاری و ئایینی دەوڵەتی گاوڵ گەڕایەوە؛ دەستەڵاتی کەشیشی، خاوەنێتی زەوی و کۆمەڵەکە بوو. گۆڕینەوەی بۆندەکانیش قەرزاریی دەوڵەت بوو. ناســـینەوەی بارودۆخەکان پێـــش کۆتاییەکە دەکەوێت و پرۆژەکەش سنورداریدەکات. بۆ ئەوەی دەستەڵاتی کەشیش بناسرێتەوە و ببێت بە هۆکار بۆ بەکاسۆلیککردنی کلۆڤیس، پێویستە کلۆڤیس داگیرکردنی گاوڵ بکات بە کۆتایی. ئەگەر کلۆڤیس کۆتایی جیاوازتر دەستنیشان بکات، ئەوا لەنێو بارودۆخی کەنیســـەدا هۆی دیکە بۆ بـــوون بە ئاری دەدۆزێتەوە و بەبـــێ بڕوا دەمێنێتەوە. لەوانەیە لەگەڵ ناســـینی کەنیسەدا هیچ هۆیەک بۆ کردەوەکەی نەبێت. بارودۆخی بوون بە کەشیش لەلای ئاشکرا نابێت.

هاندەر، بەپێچەوانەوە، بە فاکتۆرێکی ناوەکی دادەنرێت. لە ئارەزووەکان و هەڵچون و سۆزەکان پێکهاتوە، کە هاندەرن بۆ کارەکەم. مێژوونوس کاتێک هاندەر لە باسەکەیدا بەکاردەهێنێت، کە هۆکارەکان بۆ سەرهەڵدانی بارودۆخێک نادۆزێتەوە. فێردیناند لۆت، بۆنموونە، پاش ئەوەی هۆکارەکانی بۆ بەمەسیحیکردنی (کونســـتەنتاین) بە ناڕاســـت و ناتەواو دانا، دەنوســـێت: "پاش ئەوەی ئاشکرا بوو، کە کونستەنتاین هەموو شتێک دەدۆڕێنێت و هیچ ناباتەوە ئەگەر ببێت بە مەسیحی، یەک ئاکام خۆی دەســـەپێنیت ئەویش پەنابردنە بەر هاندەرێکی کتوپڕ یان پیرۆزە، ئەگەر تۆ پێت باش بێت." لێرەدا، لۆت باســـەکەی لەسەر هۆکارەکان دانامەزرێنێت و کردەوەکە

بە هاندەرەوە دەبەستێتەوە. پێویستە بە نێو بارودۆخی دەروونیدا یان بارودۆخی مێشکی بکەرەکەی ناو مێژوودا بۆ باسەکە بگەڕێین. ئەمەش ڕووداوەکە بە شتێکی هەڵکەوتوو دەردەخات چونکە کەسێکی دیکە بە سۆز و ئارەزووی جیاوازەوە هەیە تاکو ئەم کارە نەکات و بەکارێکی دیکە بکات.

بەپێچەوانەی مێژوونوسەوە، دەروونناس بەدوای هاندەردا دەگەڕێت. لەوباوەڕەدایە هاندەر لەنێو ئاگامەندی کەسەکەدا هەیە و بۆ کردنەکە دەور دەبینێت. کارکردنێکی هۆشەکی نموونەیی، کەوابوو پێویستی بە هاندەرەکان نییە و ناسینەوەی بارودۆخەکە کاریتێدەکات. کارکردنێکی لە هۆش بەدەر و سۆزدار بەپێچەوانەی ئەمەوەیە.

ئەوەی دەمێنێتەوە باسیبکەین پەیوەندی نێوان هۆکارەکان و هاندەرەکانە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، کە پێکەوە هەن. بۆنموونە، من دەتوانم بچمە نێو پارتی سۆشیالیستەوە چونکە لەو باوەڕەدام ئەم پارتە بۆ دادوەری خزمەتی کۆمەڵگا کاردەکات یان لە داهاتودا دەبێت بە هێزێکی مێژوویی: ئەمانە هۆن. هەمانکات، من هاندەریشم هەیە: هەستم بەرانبەر چینە چەوساوەکانە، (گید) گوتەنی، شەمکردن لەوەی لەنێو سەنگەرە چاکەکەدام، هەستکردن بە کەمی، سەرسامکردنی کەسوکارم و هتد. ئەو دەستەواژەیە چ واتایەک دەبەخشێت، کە دەڵێم من لەبەر ئەم هۆکار و هاندەرانە چوومەتە نێو پارتی سۆشیالیستەوە؟ دیارە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر واتادا دەکەین. ئایا چۆن بەراوردیان بکەین؟ چۆن ڕۆڵی هەریەکێک لە ئەوان لەسەر بڕیاردانەکەمان بناسین؟ ئەم کێشانە چارەسەر نەکراوە و کەم کەس توانیویانە ببینن. لەژێر ناوێکی دیکەدا لە ناکۆکی نێوان ویست و سۆزەکان دەچێت. ئەگەر بیردۆزە کلاسیکەکە لە ناسینی هاریکاری نێوان هۆکارەکان و هاندەرەکان، هەروەها کاریگەرێتییان بەسەر بارودۆخێکی دیاریکراوەوە سەرکەوتوو نەبێت، کە بڕیارەکە دەهێننەکایەوە ئەوا مەحالە بتوانێت ناکۆکییەکانی نێوانیان باسبکات. کەوابوو، دەبێت لە سەرەتاوە دەستپێبکەین.

بەدڵنیاییەوە، هۆکار دەردەکییە؛ حاڵەتی ئەو شتانەیە هاوبوونن، کە خۆیان بۆ ئاگامەندی دەردەخەن. گەندەڵی کەسە ئەرستۆکراتی و سادەکانی ڕۆم لە سەردەمی کونستەنتاین یان لایەنگرتنی کەنیسە لەو پاشایانەی لە سەردەمی کلۆڤیسدا بۆ سەرکەوتن بەسەر ئارییەکاندا، دەرەکییە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم حاڵەتە تەنیا بۆ بوون-بۆ-خۆ بەرجەستە دەبێت. بوون-بۆ-خۆش ئەو بوونەیە لەبەر ئەم جیهانیش هەیە. باشتریشە بڵێین، بۆ ئەو بوون-بۆ-خۆیە بەرجەستەدەبێت، کە خۆی لەم و لەو شێوازە تایبەتیەدا دادەنێت یان بۆ ئەو بوون-بۆ-خۆیەی تاکە کەسایەتی خۆی دامەزراندوە. پێویستە بوون-بۆ-خۆ لەم و لەو شێوازەدا خۆی وەکو پرۆژە دەربخات تاکو بەئامێربوونی ئامێرەکانی بۆ دەرکەوێت. چەقۆ دەرەکییە، لە دەسک و گوێزان پێکهاتوە. دەتوانم هەڵیگرم و بۆ بڕین بەکاریبهێنم. بەڵام چەقۆ

شـــێکە بە کەمییەوە. من دەتوانم چەقۆکە هەڵگرم و دەسکەکەی بۆ مێخ داکوتان بەکاربهێنم. ئەمەش هێشـــتا دەرەکییە. کاتێک کلۆڤیش هەست بە یارمەتییەکەی کەنیســـە دەکات، لای گرنگ نییە چ کەشیشێک ئامادەیکردووە یان بڕیاری لەسەر دۆســـتایەتی نێوان کەنیسە و پاشـــایەتی داوە. ئەو فاکتۆرە دەرەکییانەی هەموو بوون-بۆ-خۆیەک دەتوانێت بیدۆزێتەوە و دایمەزرێنێت دەســـتەڵاتی کەنیسەیە، کە لە دەســـتەڵاتی دانیشـــتوانی گاوڵ گەورەترە و مەترســـی کەنیسەشە لە گومڕایی ئارییـــەکان. بۆ دامەزراندنی ئەم فاکتۆرانەش بە هۆکار لە باســـەکەدا پێویســـتە لە پێکهاتەکەیان دووربخەینەوە و ئینجا لەناویانبەرین. پێویســـتە بۆ گەیشـــتن بە لایەنێکی هێزەکی دیاریکراو تێپەڕیانبکەین: لایەنی هێزەکی و دەرەکی کەنیسە بۆ کلۆڤیس ئەوەیە، کە کەنیســـە پشتگیری ئەو پاشـــایە دەکات بووە بە مەسیحی. ئەم لایەنە هێزەکییەش ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە بارودۆخەکە تێپەڕبکرێت و ڕوو لەوەبکرێت هێشـــتا پەیدا نەبووە. بەکورتییەکەی، دەبێت ڕوو لە نەبوون بکرێت. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە جیهان وەڵامی کەسێک دەداتەوە پرسیار لە بارەیەوە دەکات. ئەو کەسەی پرسیاریش دەکات مەبەستی گەیشتنی بە کۆتاییەکی دیاریکراو هەیە.

کەوابوو، هۆکار، بێجگە لەوەی (کردن) سنوردار دەکات، لەنێو پڕۆژەی کردندا دەردەکەوێت. لەنێو پڕۆژەی دەســـتەڵات ســـەپاندن بەســـەر (گاوڵ)دا لە ناوچەی ســـەر بە کەنیســـەی ڕۆژئاوایی هۆکارەکە بۆ کلۆڤیس خۆی دەردەخات تاکو ببێت بە مەســـیحی. بەواتایەکی دیکە، ئەو ئاگامەندییەی هۆکارەکە لەنێو پێکهاتەکەدا دەدۆزێتەوە بونیادی خۆی هەیە؛ کۆتاییەکی بۆ خۆی دیاریکردوە و بڕیاری لەسەر پڕۆژەکانی دەدات. ئەم ڕەفتارە لە دامەزراندنی پڕۆژە و ئەگەرەکاندا کاریگەرێتییە. ئەم ڕێکخســـتنە ناوەکییەی ئاگامەندی، کە لە شێوازی خۆ-ئاگاییەکی لە تێڕامان بـــەدەر بە خۆی داوە پەیوەندی بە دۆزینەوەی هـــۆکارەکان لەنێو جیهاندا هەیە. ئێستا، ئەگەر کەسێک بڕوانێتە بابەتێک پێویستە بونیادی ناوەکی خۆی ڕێکبخات تاکـــو لە ڕێگەیەوە بتوانێت لە نێو جیهاندا هۆکارەکان بدۆزێتەوە چونکە کردن لە بەستێنی مێژوویی چەمکەکەوە فاکتۆرێکی ناهۆشەکییە. بێگومان، ئێمە دەتوانین بە هۆشـــەکی لە ســـودی بە مەســـیحیبوونی کلۆڤیس تێبگەین. بەڵام هەمانشت بۆ تێگەیشـــتن لە داگیرکردنی گاوڵ بەکارنایەت. شـــتێت نییـــە حاڵەتی خۆیمان بۆ باســـبکات. ئایا دەتوانین لەســـەر تەماعی کلۆڤیس واتاکەی ڕاڤەبکەین؟ ئەی تەمـــاع، ئەگەر مەبەســـتی داگیرکردنەکە نەبێت، چییە؟ چـــۆن تەماعی کلۆڤیس و پـــڕۆژەی داگیرکردنی گاوڵ لەیەکدی جیادەکرێنەوە؟ کەوابوو، بێســـودە ئەگەر بنەڕەتی پڕۆژەی داگیرکردنەکە، وەکو ئارەزوویەکی پەیدابوو لە ڕێگەی هاندەرێکی لەپێشـــترەوە، کە تەماعە تێبگەین. ئەوەش دروســـتە، کە تەماع هاندەرە چونکە

ناوەکییە. بەڵام لەوێدا، کە لە پڕۆژەی داگیرکردنەکە جیا نابێتەوە، ئێمە دەڵێین، یەکەم پڕۆژەی نێو ئەگەرەکان لەبەر ڕۆشـــنایی دۆزینەوەی هۆکەرەکەی کلۆڤیس بـــۆ بوون بە مەســـیحی، بەتەواوی دەبێت بە هاندەر. پاش ئـــەم ڕوونکردنەوەیە، ئێمە پەیوەندییەکانی نێوان ســێ چەمک ڕووندەکەینەوە: هۆکارەکان، هاندەرەکان و کۆتاییـــەکان. هەروەها مامەڵە لەگەڵ حاڵەتێکی دیاریکراوی بوون-لەنێو-جیهاندا دەکەین: بەوجۆرەی ســـەرهەڵدانی بوون-بۆ-خۆ جیهان پەیدادەکات، لێرەدا بوون-بۆ-خۆ تاکو پڕۆژە بەرەو کۆتایی بێت، بونیادێکی دەرەکی بۆ جیهان دامەزرێنێت، ئەوا هۆکار لەبەر ڕۆشـــنایی کۆتاییدا دەناسین. بوون-بۆ-خۆ، کەوابوو، ئاگاییە لەم هۆکارە. بەڵام ئەم تێڕمانەی ئاگامەندی بەرابنەر هۆکار لە بنەڕەتدا بیردۆزەییانە و پڕۆژەیەک بەرەو کۆتایی نییە. لەم حاڵەتەدا، دەبێت بە هاندەر؛ ڕاســـتەوخۆ بەبێ پڕۆژە لەنێو ئاگامەندییدایە و کەم یان زۆر هەرکاتێک ئاگامەندی هۆکارەکان لەنێو جیهاندا ڕێکبخات، خۆی بە کۆتاییەوە دەبەستێتەوە.

بەوجـــۆرەی ئاگامەنـــدی تێڕامانانە و ئاگامەندی لە تێڕامان بەدەر لە ئاســـتی بابەتێکدا پەیوەندییەکـــی ئۆنتۆلۆجییان هەیە، هۆکار و هاندەریش پەیوەندیدارن. بەوجۆەی ئاگایی لە بابەتێک ئاگاییشـــە لە خۆ، هاندەریش ناســـینەوەی هۆکارە ئەگەر ناسینەوەکە خۆ-ئاگایی بێت. بەڵام، ئاشکراشە، کە هۆکار، هاندەر و کۆتایی سێ چەمکی پێکەوە گرێدراون و ســـەر بە تەوژمی سەربەستانەی ئاگامەندییەکی زینـــدوون، کە بوونی خۆی بەرەو ئەگەرەکانی بە پرۆژە دادەنێت و بە ئەگەرەکانی پێناسدەکرێت.

چـــۆن هاندەر بـــۆ دەروونناس دەبێت بـــە ناوەڕۆکێکی کاریگـــەری فاکتۆری ئاگامەنـــدی لە کاتێکدا ئەم ناوەڕۆکـــە فاکتۆرێکی دیکەی ئاگامەندی یان بڕیاردان ســـنووردارەکات؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە هانـــدەر، بێجگە لە ئاگامەندییەکی لە تێڕامان بەدەر چی دیکە نییە، بەهەمان ئاگامەندییەوە دەخلیسکێتە نێو ڕابرد‌ووەوە. هەرکاتێک ئاگامەندی بوو بە ڕابردوو، منیش دەبم بەوەی لە شـــێوازی ئەوبوونەدا هەم، کە هەبووم. کاتێک بۆ ئاگامەندی دوێنێم دەگەڕێمەوە، مەبەست و واتاکەی، وەکو شـــتێکی ناوەکی دەردەکەون. بەوجۆرەی بینیمـــان، ناگۆڕێن و لە دەرەوەدا وەکو شـــتێک دانراون چونکـــە ڕابردوو بوونە-لەنێو-خـــۆدا. هاندەر دەبێت بەوەی ئاگامەندی پێوەیە و بۆ منیش دەبێت بە "زانینی هەستەکی"؛ لەپێشتر بینیمان.

لە "زانینی کردەکیدا" ڕابردوو دەبێت بە دێوەزمەی ڕانەبردوو. هەروەها، دەشێ من ئاوەڕ بۆ دواوە بدەمەوە، جارێکی دیکە بیهێنمە سەرەوە و بۆ زانینەکەی ئەمڕۆ سودی لێوەرگرم. لێرەدا دەبێت بە بابەتی ئاگامەندی؛ لەم ئاگامەندییەدا من بە ئاگام. دەردەکەوێت بە شێوەی بیرەوەرییەکانم، بەرزن و ڕاستەوخۆش من خاوەنیانم. لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئێمە ئەو هاندەرانە گەماڕۆیان داوین، کە بە کاریان ناهێنین. ئێمە

تەنیا بڕیار لەسەر کردنی ئەم یان ئەو پرۆژەیە نادەین. دەبێت ئەو کارانەش بکەین دوێنێ بڕیارمان لەسەردان یان ئەو پرۆژانەی ئێستا بەدەستمانەوەیە تەواوبکەین. بەگشتی، ئاگامەندی هەموو کاتێک مامەڵە لەگەڵ زانینێکی کردەکی هاندەرەکان و تەنانەت تێڕامانی بیردۆزەییانەی هۆکارەکان دەکات. ئاشکراشە ناسینەوەی هاندەر ئاماژە بۆ هۆکار دەکات. بەڵام هاندەر ناوەکی و هۆکار دەرەکییە؛ وەکو دووانە دەبینرێن بەبێ ئەوەی جیاوازییەکی ئۆنتۆلۆجی لەنێوانیاندا دیاریبکرێت. ئێمە بینیمان، ڕابردوومان لەنێو جیهاندا ونبوو. لەبەر ئەمەشە لە ئاستێکدا ڕێزیان دەکەین و بەو جۆرەی باسی هاندەر و هۆکارەکانی کردنێک دەکەین، وا نیشانی دەدەین ناکۆکن یان هەردووکیان لە بڕیاردانێکدا ڕێژەیەکی دیاریکراویان هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر هاندەر بەرز بێت، هەبوویەکی لەچارەبەدەر بێت، کە بوونی ئێمەیە لە شێوازی (هەبوو)دا، ئەگەر وەکو ڕابردوومان نەبوون لە ئێمەی جیاکردبێتەوە، ئەوا ئەو کاتە دەتوانێت کاریگەر بێت، کە جارێکی دیکە بدۆزرێتەوە. لەنێو خۆیدا و بە تەنیا هیچ هێزێکی نییە. کەوابوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆ خەریکردنی ئاگامەندییدا بەها بۆ هاندەرەکان و هۆکارە لە پێشترەکان دادەنرێت. چۆنییەتی ئەوان بە ئاگامەندییەوە نەبەستراوە، بەڵام ئاگامەندی دەبێ ڕایانبگرێت و لەنێو ڕابردوودا بیانهێڵێتەوە. من حەزم لەو یان ئەو شتە بوو؛ ئەوەی لێرەدا ماوەتەوە هەرچەندە ناوەڕۆکم پێکدەهێنێت شتێکی لە چارەبەدەرە. ناوەڕۆکیشم ئەو چییەتییەیە، کە منم. بەڵام واتاکەی لەلای من، کە بەو ئارەزووەوە، ترسەوە، بارودۆخە دەرەکییەی نێو جیهانەوە و پرۆژەکانی ئەمڕۆم بەرەو داهاتووەوە بەستراوە، پێویستە خۆم بڕیاری لەسەر بدەم. من ئەوان بە کردەوەی پرۆژەدانانم ڕووەو کۆتاییەکانم سنووردار دەکەم.

دۆزینەوەی هاندەرەکانی پێشو، ڕەتدانەوەیان یان تێگەیشتنێکی جیاواز بۆیان لەو پرۆژانە جیانابێتەوە، کە ڕوو لە کۆتایی نوێ دەکەن و لەبەر ڕۆشناییاندا بوونی خۆم وەکو ناسینی هۆکار لەنێو جیهاندا دەناسم. هاندەر و هۆکارەکانی ڕابردوو و ڕانەبردوو لەگەڵ کۆتاییە نوێکاندا لەنێو یەکێتییەکدا، کە سەربەستییە لەو دیو هەموویانەوە، دادەنرێن.

لەئاکامدا، مەبەستێکی خۆبەخشانە خۆ هەڵخەڵەتاندنە. چۆن بتوانم پێش هەموو مەبەستێک و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکەی خۆمەوە هۆکار و هاندەرەکان هەڵسەنگێنم؟ خۆ هەڵخەڵەتاندنەکە لەوێدا ڕوودەدات، کە ئێمە هۆکار و هاندەرەکان بۆ هەموو ئەو شتە بەرزانە دادەنێین، کە لەسەر دەستمان ڕامانگرتوون، وەکو پێوان و کەچی پێوانەکەشی خەسڵەتێکی هەمیشەیی ئەوانە. لەلایەکی دیکەشەوە بە ناوەڕۆکی ئاگامەندی دایاندەنێین، کە ئەمەش لە خۆیدا ناکۆکە. لەڕاستیدا، هۆکار و هاندەرەکان لەوێدا دەپێورێن و گرانن ئەگەر لە پرۆژەی مندا بن، بۆنموونە

بەرهەمێکی سەربەســـت و ڕوو لە کۆتایی بـــن و کردەوەکەش زانراو بێت. کاتێک کارێک بە مەبەســـتەوە دەکـــەم "پارچەکان دەکەونە خـــوارێ".[٦٧] ئەگەر بگەمە ئاستی کارکردنێک بەئەنقەست لەبەر ئەوەیە، کە بۆ ناسینی هاندەرەکانم بەشێکە لە پڕۆژە بنەڕەتییەکەم. لەڕێگەی ئەم کارەوە (نەک لەنێو فۆرمەکانی دیکەی، وەکو ســـۆز بۆنموونە، یان کردن، کە ڕێکخستنی هۆکارەکان و کۆتاییەکان بەو جۆرەی زمـــان ئاگاداری بیرۆکەکانم دەکات، پێکدەهێنێت.) کەوابوو، هەڵبژاردن لە کارێکی پڕ و مەبەســـتدا هەیە و پڕۆژەیەکیشـــە خۆمی تێدا دەناســـم. هەڵبژاردن لە کارە مەبەستدارەکەشـــدا هۆکار-هاندەرە و کۆتایی لەنێو خۆیدا سەربەســـتانە و کتوپڕ کۆدەکاتەوە. کاتێکیش ویســـت خۆی فەرز دەکات بڕیاردان دروستدەبێت و بێجگە لە بەهای بانگەشەکردنیش چی دیکە بەخۆوە ناگرێت.

کاری سەربەســـت و بە زۆر ســـەپێنراو لەیەکدییەوە جیـــاوازن. لە دووەمیاندا ئاگامەنـــدی دەڕوانێتە هۆکارەکانی پڕۆژەکە. هەروەها، هاندەرەکەشـــی نابێت بە بابەت بۆ خۆی و ئاگامەندی تیایدا دەبێت بە خۆ-ئاگاییەکی ســـادەی بێ تێڕامان. بونیادی کاری سەبەســـت پێویســـتی بـــە تێڕامانیئاگامەندی هەیـــە. هۆکار، کە ئاگامەندی بە نێوانێکی تێڕامانەکەی دەبینێت، جیایە. ئێمە گوتە بە ناوبانگەکەی هوســـرڵ بۆ ئەمە بەکاردەهێنین و دەڵێین، تێڕامانی سەربەست و سادە لە بونیادی تێڕامانەکەیـــدا هـــۆکار بە هەڵواســـراوی دادەنێت و دەیخاتە نێـــو دوو کەوانەوە. کەوابوو، دەتوانێت مەبەســـتەکە بناســـێت چونکە بەڕەتدانەوە تێڕامانی ئاگامەند لە ئاگامەندی تێڕامان-لەســـەر یان هاندەر جیادەبێتەوە. هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دانانـــی هۆکار لەنێو دووکەوانەدا. بەهەرحاڵ، دەزانین، هەرچەندە تێڕامان میانەی نێـــوان بوون-بۆ-خۆ لەگـــەڵ خۆیدا فراوانتر دەکات، بەڵام هێشـــتا ئەمە بۆ خۆی بە ئامانج نـــاکات. ئامانجی تێڕامان دۆزینەوەی بابەتـــی تێڕامانەکە و پێکهێنانی هەمووە "لەنێوخۆ-بۆ-خۆ" نەناسراوەکەدایە، کە بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ سەرهەڵدانیدا بەهای بۆ دادەمەزرێنێت. ئەگەر ویست لە ناوەڕۆکدا تێڕامانانە بێت، ئامانجەکەشی بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی کۆتاییە ناسراوەکە نابێت. مەبەستی ویست زیاتر پەیوەنـــدی دەبێت بەو میتۆدەوە بۆ گەیشـــتن بە کۆتاییەکە دەیخەینەگەر. بوون-بۆ-خۆ لە شێوازی بوونە سەربەســـتەکەیدا دەیەوێت بە بڕیاردان و لەنێو (کردن) ەکەدا خۆی بدۆزێتەوە. ئامانجی ویست ئەوەیە ببێت بە "لەنێو-خۆیەکی بۆ-خۆ" و پڕۆژەیەک ڕووەو کۆتایی.

---

٦٧ ئەمە ناوی سیناریۆیەکە سارتەر لە ساڵی ١٩٤٧دا بڵاویکردۆتەوە. هەر لەو ساڵەشدا (ژان دیلانۆ) ی دەرهێنەری سینەمایی کردوویەتی بە فلیم و لە فێستیڤاڵی سینەمایی کان نیشان دراوە. ناوی سیناریۆکە لە گوتەیەکی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، کەواتای (گرەوەکە کراوە)دەبەخشێت.(وەرگێڕ)

ئەمەش، ئاشکرایە، کە ئامانجی تێڕامانە و واتای ڕازیبوونە، کە بەو دەستەواژەیەوە، "ئەوەم کرد، کە خۆم حەزم لێبوو" گرێدراوە. ئاشکراشە دوولایەنی تێڕامان لەسەر پرۆژە ڕادەوەستێت. پرۆژەیەک، کە لەبەر ئەوەی زاراوەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نەبوو بەشی سێیەمی کەرتی دووەمی ئەم نوسراوە بە هاندەر ناوزەدمانکرد. ئێستا، پاش پێناسەکردنی هۆکار و هاندەر ئەم پرۆژەیەی خاوەنی تێڕامانە بە 'مەبەست' دادەنێین. بەو ڕادەیەی ویست حاڵەتێکی تێڕامانە ئەوا پێویستی بە مەبەست بۆ بنەڕەتی هەیە.

باسکردنی خۆیەکی هەندەکی لە ناسینەوەی پرۆژەیەکدا و لە شێوازی تێڕامانێکی سەربەستدا بۆ دەروونناس بەس نییە؛ پێویستە دەروونناس مەبەستی ئەو خۆیە لە پرۆژەکەدا و لەشێوازی ویستدا بۆ ئێمە ڕوونبکاتەوە. بێجگە لەمە، دەبێت لە شێوازی ئاگامەندیش تێبگەین، گرنگ نییە چ ناسینێکی لەگەڵ گەیشتن بە کۆتاییەکە وەدەست هێنابێت. کەوابوو، سەربەستییەکەمان لە ویست گەورەترە. ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێت، کە ئێمە خۆمان لە دەروونناسەکان زۆرتر بە دروست دادەنێین و دەپرسین؛ بۆچی؟ ئەوان تەنیا باسی ئاگامەندی لەشێوازی ویستدا دەکەن.

لێکۆڵینەوەیەکی کورت وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت ویست بۆ ئامادە ناکات؛ بەپێچەوانەوە، باشترە فینۆمینۆلۆجییانە بڕوانینە ویست. بەڵام ئەمە ئامانجی ئێمە نییە. تەنیا ئەوەندە باسدەکەین، کە ویست بەرجەستەبوونێکی تایبەتمەندی سەربەستی نییە و ڕووداوێکی دەروونییە. بونیادی خۆی هەیە، کە لەسەر زەمینەی ڕووداوە دەروونییەکانی دیکە دامەزراوە و سەربەستییە ئۆنتۆلۆجییەکە پشتگیری دەکات.

سەربەستیش، وەکو هەموویەکی شینەکراوە خۆی دەردەخات؛ هۆکارەکان، هاندەرەکان و کۆتاییەکان هەروەها شێوازی ناسینییان لەنێو یەکێتییەکدا و یەکێتییەکەش لەنێو ڕووگای سەربەستیدا ڕێکخراون. دەبێت لەم بەستێنەشەوە لێی تێبگەین. ئایا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سەربەستی، وەکو ئەتۆمەکانی ئەبیکۆر، لە زنجیرەیەک هەژانی نائاسایی پێکهاتوە؟ ئایا سەربەستیم دەتوانێت حەز لە هەمووشتێک و هەرشتێک بیەوێت بکات؟ ئایا ئەو ساتەی حەز لە شتێک دەکەم پێویست دەکات لە باسکردنیدا ڕووبەڕووی لایەنی ناهۆشەکی و هەڵبژاردنە هەڵکەوتوەکەی سەربەستی ببمەوە؟ بەو ڕادەیەی ناسینەوەی سەربەستی چەند ئاکامێکی ترسناکی لە دوایە، کە لەگەڵ ئەزموندا ناکۆک ڕادەوەستن، بیریارەکان وازیان لە بڕواکردن بە سەربەستی هێناوە. تەنانەت کەسێک دەتوانێت بڵێت ناچارەکی، بە مەرجێک لەگەڵ چارەنوس تێکەڵنەکرێت، زۆرتر لە بیردۆزەی ویستی سەربەست پەیوندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە. ناچارەکی هۆکردەوەکان دیاریدەکات.

ئەگەر تەنیا دەروونیش بێت و بەدوای بارودۆخی گەردووندا نەگەڕێت، دەریدەخات، کـــە خۆمـــان دەبین بە هـــۆکاری کردەوەکانمان. ئێمە ئەوەین، کـــە کاردەکات و کارەکانیش بەشداری لە دروستبوونی ئێمەدا دەکەن.

با بەوردی ســـەرنجی ئاکامەکانی شـــیکردنەوەکەمان بدەین. باســـمانکرد، کە سەربەستی لەگەڵ بوونێ-بۆ-خۆدایە؛ ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەو ڕادەیەی نەبوونە بۆ خۆی بوونێکی سەربەستی هەیە. پێویستە نەبوون بێت و چەند ڕەهەندێکیشی هەبێت: یەکەم، لەگەڵ بەکاتکردنی بونییدا، بۆنموونە، بە دوور وەســـتان لە بوونی خۆیەوە، کە ڕێگەنادات ڕابردوو بوونی سنوردار بکات و حوکم بەسەر کردەوەکانیدا بدات. دووەم، ڕاوەســـتانێکی ئاگامەندانە لە ئاستی بوونی خۆی و شتەکاندا نەک ئامادەبوون بە تەنیا لەبەردەم خۆیدا، کە ئەوە بگەیەنێت ئاگامەندی هیچ شـــتێک لەنێو ئاگامەندییدا نییە و هیچ شـــتێکی دەرەکیش نابێت بە هاندەری. دواجاریش، بەرزێتییە؛ پرۆژەیەکە، کە کۆتاییەکەی واتای پێدەبەخشێت.

ئێمە باسی هیچ شـــتێک لەخۆڕا ناکەین. بوونێکی، وەکو ئاگامەندی لە هەموو شتەکانەوە جیاوازە چونکە هەمووشتەکان پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە و بۆ ئەون. ئەو بوونەی بڕیار لەســـەر ڕابردووی دەدات و بە نەرێتی دادەنێت، لە بەر ڕۆشنایی داهاتوودا دەیبینێت و ڕێگە نادات ئێســـتای داگیربـــکات. ئەو بوونەی هەبووەکان دەناسێت بە جیاواز دایاندەنێت (بە هۆی ئەو کۆتاییەوە دەیانناسێت، کە هێشتا نییە و لەوسەری جیهانەوە دەیکات بە پرۆژە)، بە بوونێکی سەربەست ناوزەدیدەکەین. سەربەستییەکەی من لە هەستان و دانیشتندا، لە هاتنەژوورەوە دەرچوون یان ڕاکردن و وەســـتان لەبەردەم مەترســـییەکدا نییە ئەگەر واتای سەربەستی بەبێ یاسایی، سوپاسگوزاری یان هەڵکەوتێکی تێنەگەیشتراو دابنرێت. بەدڵنیاییەوە، هەریەکێک لـــە کردەوەکانم، تەنانەت ئـــەوەی لەنێو هەموویاندا بێبایەخە، سەربەســـتانەیە. ئەمـــەش ئـــەوە ناگەیەنێت، کە گرنگ نییـــە کردەوەکانم چی بن یـــان نادیارن. دەشـــێ کەســـێک ڕەخنەمان لێبگرێت و ئەو پرســـیارە بکات، چۆن کردەوەیەکم بارودۆخێکی نێو جیهانی نەبێت و لەبەر ڕۆشنایی ڕابردوومدا نەبینرێت، هەرشتێک بێت سوپاسگوزاری نییە؟ با لە نزیکەوە بڕوانینە ئەم کێشەیە.

بۆچوونە گشـــتییەکە جەخت لەسەر ئەو خاڵە ناکات، کە سەربەستی لەوەدایە خۆت هەڵیبژێری. هەڵبژاردن، ئەگەر شتێک بێت لەخۆی جیاوازتر، سەربەستییە. من لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچین بۆ سەر چیا. پاش چەند کاتژمێرێک ڕۆیشتن ماندوو دەبیـــن و دواجاریش پامان دێشـــێت. یەکەمجار، گوێی نادەمـــێ و دەڕۆم. بەڵام، کتوپڕ کۆڵدەدەم و لە کەنار ڕیگاکە خۆم بە زەویدا دەدەم و درێژ دەبم. یەکێک لە هاوڕێکانم ڕەخنەم لێدەگرێت و مەبەستی ڕەخنە گرتنەکەشی ئەوە دەردەخات، کە من لە چوونە ســـەر چیا سەربەست بووم، دەمتوانی بەرگری لە ماندوو بوونەکەش

بکەم و زۆرتر بڕۆم. دەمتوانی، وەکو هاوڕێکانم نەوەستم و لەسەر چیاکە دانیشم و پشوبدەم. منیش لەوەلامدا دەڵێم، ماندووبووم. کێ ڕاست دەکات؟ ئایا گفتوگۆکەمان لە پێگەیەکی نادروستەوە نەخراوەتە گەڕ؟ دروستە من دەمتوانی کارێکی دیکە بکەم، بەڵام ئەمە کێشە نییە. باشترە بەم شێوازەدا دەربیبڕین: ئایا دەمتوانی بەبێ گۆڕانکاری لە پڕۆژەکەدا، کە بوونی منە بە کارێکی دیکە هەستم؟ ئایا بەرگریکردنم بۆ ماندووبوونەکە لە ڕێگەی گۆڕانی ڕادیکاڵانەی بوونم-لەنێو-جیهاندا، کە ئەگەرە ڕوودەدات؟ بە واتایەکی دیکە؛ من دەمتوانی هەڵوێستێکی دیکەم هەبێت، بەڵام چەند لەسەر من دەکەوت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەنا بۆ بیردۆزە دەبەین. ئاڵۆزی ڕاستەقینەی کۆنکرێتی ڕووندەکەینەوە و باسی ئەوەش دەکەین ئەم ڕاستەقینەیە بەبێ ناکۆکی بەرانبەر ئاکامەکانی بیردۆزەکەمان چۆن دەوڵەمەند دەکات.

با لەپێشەوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین، کە ماندووبوون بە خۆی کارناکاتە سەر بڕیاردانم. سەبارەت ئازاری لەشیش بینیمان ماندووبوون دەبێت بە ڕێگەیەکی بوونی لەشم. لەسەرەتاوە، بابەتێکی تێڕامان نییە و بەڵکو فاکتۆری ئاگامەندییمە. ئەگەر، لەگەشتەکەمدا جیهانی دەوروبەرم بناسم؛ ئەوا[جیهان] دەبێت بە بابەتی ئاگامەندیم. لێرەدا من بە بەرزێتییەوە ڕوو لەو ئەگەرانە دەکەم، کە من خاوەنیانم؛ بۆنموونە ئەگەری گەیشتن لە ئێوارەدا بەو شوێنەی دامناوە. هێشتا دەشت و دەرەکە، هەڵگەڕانی پێکانم بە بەرزاییەکاندا دەبنە هۆی سەرهەڵدان و شاردنەوەی تێڕوانین و ڕێگری نوێ. من، لێرەدا، ئاگامەندییەکی تێڕامانانەم بۆ لەشم نییە، کە حوکم بەسەر پەیوەندی نێوان من و جیهاندا دەدات. مامەڵە کردنەکەشم لەگەڵ جیهاندا بە ماندووبوون دادەنێت. لە ڕوویەکی دەرەکی و لەم پەیوەندییەدا ڕێگاکان خۆیان بە بێ کۆتایی و لێژی، هەروەها خۆرەکەش گەرمتر دەردەخەن. بەڵام، هێشتا بیر لە ماندووبوونەکەم ناکەمەوە؛ بە بابەتێکی نادروستی بیرکردنەوەی دادەنێم.

کاتێکیش دێت بیری لێبکەمەوە و بیدۆزمەوە دەبێت ڕاڤەی ئەم بیرلێکردنەوەیە بکەین. بەهەرحاڵ، وەکو خۆی دایدەنێین. بە هیچ جۆرێک تێگەیشتنێکی تێڕامانانە لە ماندووبوون نییە. بەو جۆرەی باسی ئازاریشمان کرد، من بە دەست ماندووبوونەوە دەناڵم. واتە، تێڕامانی ئاگامەندی، ڕوویکردۆتە ماندووبوونەکەم تاکو تیایدا بژی و بەهای بداتێ. منیش پەیوەندی پراکتیکی لەگەڵدا دەبەستم. لەم بەستێنەوە ماندووبووم. منیش بۆم دەردەکەوێت بەرگەی بگرم یان نا. ماندووبوون لەخۆیدا هیچ نییە. تێڕامانی بوون-بۆ-خۆ بڕیار لەسەر بەرگەگرتنەکە و ئازارچێشتنەکەی دەدات.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات: تەندروستی من و هاوڕێکانم چاکە. هەمووممان جۆرێک وەرزش دەکەین، هەرچەندە دژوارە ڕووداوە دەروونییەکان

بەراورد بکرێن. بەڵام، پاش بینیی لەشـیان، بە ئاسـانی بەو ئاکامە دەگەم، کە ئەوانیش، وەکو من مانـدوون. ئایا چۆن ئەزموونی ماندووبوونی ئەوان جیاوازە؟ لەوانەیە هەندێک بڵێن من شلەشاریم و ئەوان بەهێزن. هەرچەندە ئەم هەڵسەنگاندنە پراکتیکییـە و دەبێت لە دەرچوونێکی دیکەدا بەرەو دەشـت ئاوەڕی لێبدرێتەوە. هێشـتا جێگـەی ڕەزامەندی ئێمە نییـە. زانیمان، کە تەمـاع لەوەدایە پڕۆژەی داگیرکردنی تەخت یان پایەداریت هەبێت؛ ئەوەی پڕۆژەکە هاندەدات شتێکی دراو نییە؛ خودی داگیرکردنەکەیە. شلەشـارێتیش فاکتۆرێکـی دراو نییە و ناوێکە بۆ شێوازی ماندووبوونەکەی من دانراوە. ئەگەر بمەوێت بارودۆخی ماندووبوونە بەرگە نەگیراوەکەم بناسم ئەوا نابێت بە فاکتۆرێکی دراوی دابنێم، کە خۆی دەخاتە بەردەم هەڵبژاردن. پێویستە هەڵبژاردنەکە تاقیبکەمەوە و لەو بەستێنە گەورەیە تێبگەم، کە ئەوی تێدا بەرجەسـتە دەبێت. ئەگەر [سـەبارەت ماندووبوون] لە هاوڕێیەکم بپرسـم، هەڵبەتە لە وەڵامدا دەڵێت، ئەویش ماندووە. بەڵام ئەو بەوجۆرەی خۆی تەسلیمی برِوای خراپ دەکات مامەڵەش لەگەڵ ماندووبوونەکەیدا دەکات. بە ئامێرێک بـۆ دۆزینەوەی جیهانی دەرەوروبەری دایدەنێت. دەیەوێت خۆی لەگەڵ سـەختی ڕێـگا بەردەڵانییەکەدا بگونجێنێت و لێژی چیاکە بدۆزێتەوە. گەرمایی خۆرەکە لە پشـتملی و زرنگانەوەی نێو گوێچکەی پەیوەندییە ڕاسـتەوخۆکەی لەگەڵ خۆیدا بـۆ دەردەخات. لە کۆتاییدا هەوڵدەدات ماندووبوونەکە ڕەتبکات. ماندووبوونەکەی دەبێت بە سۆز بۆ هەڵگەڕان بە چیاکەدا و سەرکەوتن بەسەر خودی ماندوونەکەدا. ئێمە لە بەشـی داهاتووی [ئەم نوسراوەدا] واتای هەیەتی ڕووندەکەینەوە و باسی ئەوەش دەکەین چۆن کردن دەبێت بە متیۆدی هەبوون.

کەوابوو، ماندووبوونی هاوڕێکەم لەنێو پڕۆژەیەکی فراوانتری بڕواکردن بە سروشت و سۆز تاکو بەتەواوی سەرهەڵدات، دەژی. هەمانکات هەڵوێستێکی شارەزایانە بوو بۆ داگیرکردنی. لەنێو ئەم پڕۆژەیەدا واتای ماندووبوون بۆ ئەو دەردەکەوێت. بەڵام ئەم پڕۆژەیە و واتاکەشـی هێشتا سەربەخۆ و بەس نین. پەیوەندی هاوڕێکەم بە لەشـییەوە، هەروەها بە شـتەکانی دیکەوە پێش ئەوان دەکەوێت. ئاسانە ببینین چەند شێوازی بوونی لەش هەیە. بێگومان هەندێک بوونیادی بنەڕەتی بوونی لەش بۆ بوون-بۆ-خۆ نەگۆڕن و ڕاستەقینەی مرۆڤ پێکدەهێنن. ئێمە لە بەشێکی دیکەدا باسـی ئەو بۆچوونە نادروستە سەبارەت پەیوەندی بە شـوێنەوە و دامەزراندنی ڕاستی هەمەکی دەکەین. ئێستا پەیوەندییەکان بە هەزاران ڕووداوی واتابەخشەوە بۆنموونە، ڕێگەیەکی تایبەتی هەڵهاتن لە ئاستی فاکتۆردا، هەڵهاتنێک، کە خۆ لە فاکتۆر دادەبڕێت دەبینین؛ بە کورتییەکەی بە بڕواو و خۆشەویستی دەیدۆزینەوە.

پڕۆژەی دۆزینەوەکەش هەڵبژاردنی بوون-بۆ-خۆیە بۆ خودی خۆی لە ئاسـتی کێشـەی بووندا. پڕۆژەیەکی ڕوخێنەرە و ڕوو لە بوون-لەنێو-خۆ دەکات. ئەمەش

به هەزار شـــێوە لە هەڵوێستی وازهێناندا دەریدەبڕین. کاتێک واز لە ماندووبوون، گەرمایی، برســـێتی و تونێتی دەهێنرێت، کەسەکە لەسەر کورسییەکە یان جێگاکە درێژ دەبێت و دەیەوێت پشـــو بدات، یان مەســـت بێت، وەکو حاڵەتی ماسۆشـــی پێویستی بە کەسانی دیکە نییە. ئەمەش بەئاشکرا ئەو کاتە دەیبینین، کە کەسەکە بە ئامادەبوونی کەســـێکی دیکە بێزاردەبێت. ســـەرەتای پڕۆژەکەیان دۆزینەوەی لەشیانە؛ کە هەوڵدانێکە بۆ چارەســـەرکردنی گرفتی ڕەهایەتی (بوون-لەنێو-خۆی بوون-بۆ-خۆ).

ئەم شـــێوازە ســـەرەتاییە لەنێو چوارچێوەی فاکتۆرگەریدا سنوردار دەکرێت؛ پڕۆژەی (بە لەش دانانی خۆ) وازهێنان لە هەزاران حاڵەتی بچوکی نەوسنی و هەزاران ئارەزووی بچوک و لاوازیە. لە ڕۆمانی (پۆلیس)ی جۆیسدا، بلوم [پاڵەوانەکە] حەزی سروشـــتیی خۆی بە هەڵمژینی ئەو بۆنە تێـــردەکات، کە لە ژێرییەوە دەردەچێت. هەروەها، دەگونجێت (ئەمە بەسەر هاوڕێکەشـــمدا دەچەسپێت) لەڕێگەی لەشەوە بوون-بۆ-خۆ هەمـــووی ئەو لایەنە بێ-ئاگامەندییە بدۆزێتەوە، کە ئەو جیهانەیە لە کەڵەکەکردنی شتەکان پێکهاتووە. لەمحاڵەتەدا ئارەزووە تێهەڵکێشراوەکەی بوون-لەنێو-خـــۆ و بوون-بۆ-خۆ بە ڕواڵەت دەبێت بە یەکێتـــی نێوانیان، کە لە دواییدا دەدۆزرێتەوە.

لێرەدا، لەش ئامێری تێهەڵکێشکردنەکەیە؛ خۆی لەنێو ماندووبووندا وندەکات، بۆنموونـــە، دەیەوێت بوون-لەنێو-خۆ بە پڕی ســـەرهەڵدات. مادام بوون-بۆ-خۆ بە لەش هەیە، سۆزی لەشی دەبێت بە پڕۆژە بۆ دامەزراندنی بوونی بوون-لەنێو-خۆ. پێکهێنانی ئەم هەڵوێســـتە، کە هەڵوێستی یەکێک لە هاوڕێکانم بوو، بە شاراوەیی لەڕێگەی سازشـــکردنەوە دەریدەبڕیـــن و دەڵێین ئەو دەیەوێت بەســـەر چیاکەدا هەڵگەڕێ و دارستانەکە ببڕێت چونکە شتێکن هەن. ئەو دەیەوێت بەم کارە واتایان بداتێ. کەوابوو، ئەو کەسەیە، کە ئەم شتانە بەو شێوەیەی هەن دەدۆزێتەوە.

ئێمە لە بەشـــی داهاتوودا باسی ئەم پەیوەندییەی نێوان بوون-بۆ-خۆ و جیهان دەکەین چونکە هێشـــتا خاڵە پێویســـتەکانمان وەدەست نەهێناوە. بەهەرحاڵ، لە ڕوونکردنەوەکەمانەوە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە بەوجۆرەی هاوڕێکەم ئازاردەچێژێت، ماندووبوونەکەی-بەوشـــێوەیەی ئێمە تێیدەگەین- داوای شـــیکردنەوەیەکی گەڕاوە بەرەو دواوەمان بۆ ســـەرەتای پڕۆژەکە لێدەکات. ئایا پڕۆژەکەی ســـەربەخۆیە؟ بەدڵنیاییەوە، دەتوانین بە ئاســـانی ئەمخاڵەش بســـەلمێنین. لەڕاســـتیدا، لەگەڵ گەڕانەوەمـــان بۆ دواوە ئەو پەیوەندییە دەبینیـــن، کە بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ فاکتۆر و جیهاندا هەڵیدەبژێرێت. پەیوەندییەکـــەش بێجگە لە بوونی بوون-بۆ-خۆ لەنێو-جیهاندا چی دیکە نییە، بە مەرجێک بوون-لەنێو-جیهاندا هەڵبژاردن بێت و بوون-بۆ-خۆ نەبوونی بوونی خۆی بێت. ئێمە ڕاڤەی ئەمەش ناکەین چونکە ڕاڤەکردنەکە،

وەکو سەلماندنەکەی ئیکلیدس، کە پێویستی بەو ڕاستییە هەبوو لە سەلماندنەکەدا پێیبگات، دەبێت لەنێو-جیهاندا بێت.

ئەگــەر هەمان میتۆد بــۆ ڕاڤەکردنــی ماندووبوونەکەم بخەمەگەر پێویســتە لەســەرەتاوە گومان لە لەشم بکەم، بۆنموونە، ئارەزوومەندی ئەوە بم پەیوەندییم پێوەی نەبێت و بیری لێنەکەمەوە. ئەمەش شێوازێکی گونجاوە، کە من بە لەشمەوە دەبەستێت. لێکچوونێک لەنێوان ئەم گومانکردنە و بێبڕواییەدا لە ئاستی بوون-لەنێو-خۆدا پەیدادەکرێت. پرۆژەی ســەرەتایی بۆ دۆزینەوەی بوون-لەنێو-خۆ، کە من لە نێوەندی کەسانی دیکەوە ڕەتی دەدەمەوە و بە پرۆژەکانی دیکەوە دەمبەستێتەوە، کە لەپێشتر ئاماژەمان بۆکردن. کەوابوو، ماندووبوونەکەم لەبری ئەوەی بەشێوازی جۆراوجۆر هەستی پێبکرێت، دەگیرێت. دەبێت بەو دیاردەیەی من دەمەوێت خۆمی لێ ڕزگاربکەم. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ماندووبوونەکە لەنێو لەشم و هەڵکەوتنم لەنێو جیهاندا، کە تیایدا کەســانی دیکە دەمبینن. مادام ئەم بوونە هەڵبژاردنە منیش بۆ پرۆژە سەرەتاییەکەم یان بوونم-لەنێو-جیهاندا گەڕاومەتەوە.

ئێمــە نامانەوێت ئەوەش بشــارینەوە، کە ئەم میتۆدی شــیکردنەوەیە چەند پەسەنددەکەین. هۆکارەکەش هەمووشتێک لەنێو بوارەکەدا بە وەستاوی ڕادەگرێت. کێشــەکە، بێگومان، لەوێدایە، کە واتا بۆ کردنەکە دانانرێت و هەروەها گەیشــتنە بە واتــای پرتر تاکو بە دوا واتا دەگەین. ئەم ڕەوتە ژوورکێشــییە دیالێکتیکییە زۆر کەس بەکاریدەهێنێت؛ کەســێک لە زانینی خۆیدا یان کەســانی دیکەشدا بۆ ڕاڤەکردن ســودی لێوەردەگرێت. ئەمەش (جیهانبینی)یە و ئێمە دەیناسین. بەڵام کەس بەشێوەیەکی سیســتەماتیکی نەیخستۆتەگەر. تەنیا فێرگەیەک، وەکو ئێمە بۆچوونەکەی لەســەر ئەم دیاردە بنەڕەتییــە دامەزراندبێت فێرگەی فرۆیدییە. بۆ ئێمە و فرۆید کردن خۆی ســنوردار ناکات و ئاماژە بۆ بونیادیدەکات. سایکۆلۆجی شــیکاری دەیەوێت ئەو بونیادە بدۆزێتەوە. فرۆید، وەکو ئێمە، دەپرســێت: لەژێر باری چ حاڵەتێکدا ئەم کەسە ئەو کارەی کردووە؟ دەیەوێت، وەکو ئێمە، کردەوەکە بە ســاتەکانی پێشترەوە ببەســتێتەوە، بۆنموونە، دەیەوێت ڕەهەندی ناچارەکی دەروونی ئاشکرابکات. کردن، بۆ ئەو، هێمایە و ئاماژە بۆ ئارەزوو دەکات، کە لەبەر ڕۆشــنایی (لبیدۆ)ی خۆکەوە ڕاڤە دەکرێت. فرۆید، بەهەرحاڵ، هەوڵی دامەزراندنی ناچارەکییەکی ســتونی داوە. لەبەر ئەم بۆچوونەشــی، ڕاڤەکردنەکەی ئاماژە بۆ ڕابردووی خۆی دەکات.

بــۆ فرۆید چالاکی لەســەر بناخەی کردن لە شــێوازی هانــدەری دەروونییدا دادەمەزرێت. بەڵام چالاکی لە بنەڕەتدا و لە هەمووماندا تەختەیەکی ڕەشــی هیچ لەســەر نوســراوە. بۆ فرۆید، بارودۆخە دەرونییەکان و مێژووی خۆ بڕیار لەسەر هاندەرەکــە بۆ بابەتێک دەدات. حاڵەتی خێزانــی منداڵەکەیە گرێی ئۆدیبی تێدا

دروستدەکات؛ ئەگینا لە کۆمەڵگایەکی دیکەدا، کە خێزان شێوازێکی دیکەی هەیە (بۆنموونە لەنێو کۆمەڵگای ســـەرەتایی دوورگەکانی کوراڵ لە ئۆقیانوسی ئارام)، ئەم جۆرە گرێیە دروست نابێت، هەروەها بارودۆخە دەرەکییەکان بڕیاردەدەن ئەو تاکە لە تەمەنی هەرزەکارییدا واز لە گرێکە بهێنێت یان ژیانی سێکسی داگیربکات. لە ئاکامدا، لەم ناوەندەی مێژووەوە بیرۆکەی ناچارەکی ســـتونی فرۆید لە ئاسۆی ناچارەکییدا دەخولێتەوە.

ســـایکۆلۆجی شـــیکاری ڕەهەندی داهاتووی نییە و بە ڕابردووەوە بەستراوە. مرۆڤ، تیایدا، ڕەهەندێکی کاتی وندەکات.

بۆ ڕاڤەکردنی بوونی بەردەوام بۆ لە ئێستادا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. بونیادە بنەڕەتییەکانی خۆ، کە کردەوەکانی ئاماژەی بۆ دەکەن، تەنیا بۆ گەواهێکی دەرەکی یان ئەوەی لەســـەری دەکۆڵێتەوە گرنگـــە و واتاکەی دەردەکەوێت. هیچ واتایەکی پێش تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانە سەرهەڵنادات. لەجێگەی هەمووشتێک کردەوەکانی دەبن بە ئاکامی ئەو ڕووداوانەی نێو ڕابردوو، کە تاک دەســـتی پێیانناگات. ئێمە میتۆدی سایکۆلۆجی شیکاری تەنیا، وەکو هاندەرێک بۆ مەبەستی توێژینەوەکەمان ســـودی لێوەردەگرین. پێویســـتە هەوڵبدەین واتاکانی کردەوەیەک جیابکەینەوە؛ لەو پرۆســـەیەوە دەســـتپێبکەین، کە هەموو کردەوەیـــەک، ئەگەر گرنگیش نەبن، هۆکردێکی ســـادەی حاڵەتێکی دەروونی لەپێشتر نەبێت. لەسەر هێڵێکی باریک و ڕاســـتی ناچارەکییدا بەڕێ نەکەوێت. بەڵکو بونیادی دووەمی ســـەر بە بونیادێکی بەرفراوانی گەورەترە و دواجاریش سەربەو هەموویە، کە بوونی منە. ئەگەر ئەمە نادروســـت بێت، ئەوا دەبێت بوونم، وەکو تەوژمێکی ئاسۆیی دیاردەیەک دابنێم، کـــە هەریەکێک لـــە ڕووداوەکان تیایدا بە حاڵەتێکی دەرەکییەوە بەســـتراوە یان جەوهەرێک پشتیوانی دەکات. هەردوو ئەم چەمکانە سەرمان لێدەشێوێنن و بوون-بۆ-خۆ بە بوون-لەنێو-خۆ دادەنین.

ئەگەر شـــوێن میتۆدی ســـایکۆلۆجی شـــیکاری بکەوین، کە ئەمە بەدرێژی لە بەشی داهاتوودا باســـدەکەین، پێویستە وەری چەرخێنین. ئێمە هەموو کردەوەیە بـــە دیاردەیەکی زانـــراو دادەنێین. بەپێچەوانەی فرۆیدیشـــەوە، بـــە ڕێکەوتێکی ناچارەکییەوە گرێی نادەین. لەجێگەی تێگەیشـــتنی لەسەر زەمینەی ڕابردوو ئەو ڕووداوە لەنێو داهاتووەوە بۆ ئێستا دەهێنین. هەست بە ماندووبوونم نەبەستراوە بە سەختی و لێژی بەرزاییەکەی پیایدا هەڵدەگەڕێم یان نەخەوتنی دوێنێ شەوم؛ ئەم فاکتۆرانە بەشداری لەسەرهەڵدانی ماندووبوونەکەمدا دەکەن، بەڵام نەک بەوجۆرەی من ماندووم. هەروەها، بۆچوونی شـــاگردەکانی ئەدلەریش ڕەتدەدەینەوە، کە باس لە گرێی هەســـتکردن بە کەمی دەکەن و ئەم گرێیە بە شتێکی لەپێشتر دادەنێن. هەڵبەتە هەندێک لایەنی دەروونی لە ســـەرهەڵدانی ماندووبوونەکەدا پەیوەندییان

بەم گرێیەوە هەیە و نکۆڵییان لێناکەین. بەڵام گرێی هەستکردن بە کەمی پڕۆژەی بوون-بۆ-خۆیە لەنێو جیهاندا و لەگەڵ ئامادەبوونی کەســانی دیکەدا. بەمشێوەیە، هەمیشــە بەرزێتییە و شــێوازێکی هەڵبژاردنی بوونی خۆمە. ئەم هەستکردن بە کەمییەی زۆرانی لەگەڵدا دەگرم و هەمانکات هەســتیپێدەکەم، من هەڵمبژاردووە. ناسینەوەی سەرنەکەوتنی هەڵوێســتی خۆمە. هەستکردن و خۆ تەسلیمکردن بە ماندوبوون، بۆنموونە، ڕەتکردنی ڕێگاکەیە، وەکو "ڕێگایەک بڕینی ســەخت بێت." دژوارە بەبــێ دیاریکردنی ئەگەرەکانی داهاتوو هەســت بەکەمی بکەین. تەنانەت مەحاڵە بەبێ داهاتوو لە واتای دەستەواژەکانی، وەکو"من ناشرینم" و "من گەمژەم" تێبگەین، کە پێشــبینیکردنن. ئێمە، لێرەدا، مامەڵە لەگەڵ ناشــرینییەکی ڕووتی دامەزراودا ناکەین، بەڵکو پەیوەندی بە تێگەیشــتنی بــەو لایەنە نەیارەوە هەیە، کــە ژنان یان کۆمەڵ بەرانبەر پڕۆژەکانم دەریدەبڕن. ئەمەش لەڕێگەی دۆزینەوەی پڕۆژەکانمــەوە دەناســرێت. کەوابوو، گرێی هەســتکردن بە کەمــی پڕۆژەیەکی سەربەســت و جیهانی بوونی کەمیی منە لەبەردەم کەسانی دیکەدا. ئەو ڕێگەیەیە من خۆمی تێدا بۆ کەسانی دیکە دەردەخەم. پێویستە لە ڕەتدانەوەکانم بۆ گرێکە و سەرنەکەوتنی هەڵوێستەکەشم سەربەستانە، وەکو هەڵبژاردنی بوونی خۆم لەنێو جیهاندا تێبگەم.

بۆ سایکۆلۆجی شیکاری هەموو ڕەتدانەوەیەکی مرۆڤانە تێگەیشتنی لەپێشتری هەیە. ئێمەش ئەم تێگەیشــتنەیان بۆ ڕاســتدەکەینەوە. هەموو پڕۆژەیەک، وەکو پڕۆژە دەبێت بناسرێت و ڕوو لە ئەگەرێک بکات. مادام ناوەڕۆکی هەیە ڕاستەوخۆ تێدەگەین، کە پڕۆژەیە. من کیســەی خەوەکــە لە کەناری ڕێگاکە ڕادەخەم، تاکو پشوبدەم. ئەمەش ئەگەر و کۆتایی پڕۆژەیەکمان بۆ دیاریدەکات، کە من ئامانجمە. دوای ئەمــە، تێدەگەم ئەگەرەکە ئاماژە بۆ چەند ئەگەرێکی دیکەش دەکات، تاکو هەموویــان دەبن بەو بوونەی، کە منە. تێگەیشــتنەکە دوو کاریتێکردنی جیاوازی هەیە: لەڕێگەی وەرچەرخانی سایکۆلۆجی شیکارییدا لە کردەوەکەوە بەرەوژوور بۆ دوائەگەر سەرکەوین؛ بە تێهەڵکێشکردنێکی بەرەوپێشەوەچوونیش لە دوائەگەرەکەوە بەرەو خوار بۆ کردەوەکە دەڕۆین و هەمووی فۆرمەکە دەناسین.

ئەم فۆرمەی ناوی دوائەگەرمان بۆ دانا بەتەنیا یەکێک لە ئەگەرەکان نییە، کە هایدیگەر بە ئەگەری مردن دایدەنێت یان ئەو ئەگەرە نییە "هەســت بەبوون لەنێو جیهانــدا نەکرێت." هەریەکێک لە ئەگەرەکان لەنێــو ئەگەرە کەڵەکەکراوەکاندایە. گرنگــە دوائەگەر بە یەکێتییەکی تێهەڵکێشــراوی هەموو ئەگــەرە پەیدابووەکان دابنرێــت. هەریەکێــک لەئەوان خزێنراوەتــە نێو ئەم یەکێتییــەوە و چاوەڕوانی بارودۆخێک دەکات تاکو دەری بهێنێت. بێگومان لە بەشی دووەمی[ئەم نوسراوەدا] ڕوونمانکردەوە، کە هەستکردن بە هەربابەتێک لەنێو بەستێنی جیهاندا ڕوودەدات.

مەبەست لەم خاڵەش ئەوەیە، کە ئەوەی دەروونناسەکان بە هەستکردنی دادەنێن تەنیا ئـــەو بابەتانە ناگرێتەوە، کە دەبینرێن یان دەناســـرێن، بەڵکو ئەوانەن لەو ڕوانگەیەوە تەماشایان دەکرێت و ئاماژە بۆ هەموو بوونی لەنێو-خۆ دەکەن. ڕاست نییە بڵێین من پلەبەپلە هەســـت بە مێزەکەی نێو ژوورەکە دەکەم. دوایی بۆ نێو ڕاڕەوەکە دەڕۆم، دەچمە سەر پلیکانەکان و بۆ سەر شەقامەکە دەڕۆم تاکو هەموو جیهانـــم بۆ دەرکەوێت. بەپێچەوانەوە، من هەســـت بە هیچ شـــتێک ناکەم ئەگەر لەپێش هەستکردنەکەمدا لەنێو جیهاندا نەبم.

تاکو شـــتەکان هەبن و مرۆڤیش بـــەردەوام مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەوا لەو هەمووە پێکەوەبەســـتراوەوە خۆی بـــە بونیادێکی هەندەکییـــەوە گرێدەدات، کە پەیوەنییەکـــە لەگەڵ هەمووەکەدا دروســـتدەکات. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، بوونی جیهان لەبەر ســـەرهەڵدانی ئێمەیە لەنێو جیهاندا و لەنێو ئەو هەمووەدا. ئێمە لەو بەشـــەدا، کە باســـی بەرزێتیمانکرد ڕوونمانکردەوە، کە بوون-لەنێو-خۆ ناتوانێت یەکێتی بوونی دامەزرێنێت. سەرهەڵدانەکەشـــمان ســـۆزێکە، کـــە بۆ پەیداکردنی جیهان دەبێتە هـــۆکاری لەناوچوونی خۆمان. یەکەم دیاردەی بوون لەنێو جیهاندا پەیوەندییـــە لەنێوان هەموویەکی پێکهاتـــووی بوون-لەنێو-خۆ یان جیهان لەگەڵ هەموویەکی لەناوچووی بوونی من؛ بوونی خۆم، وەکو هەموو لەنێو هەمووی جیهاندا هەڵدەبژێرم. بەوشـــێوەیەی لە جیهانەوە بەرەو (ئەو) شتە دەڕۆم بەهەمانشێوەش لە هەمووە هەڵوەشاوەکەی بوونمەوە دەچمە سەر یەکێک لە ئەگەرەکانم چونکە لە بەستێنی جیهانەوە و پرۆژەیەکی دیاریکراومەوە دەتوانم (ئەو) شتە بناسم. هەروەها، لە بەستێنی دوا هەموویەکی پێکهاتووی ئەگەرەکانم دەتوانم لە پرۆژە دانانەکانمدا خۆم بگەیەنمە ئەو دیو (ئەو) شتە. دوائەگەری بوونم، وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی هەمـــوو ئەگەرەکانی دیکەم و هەمووی جیهانیشـــە، کە لەگـــەڵ بوونی مندا پەیدا دەبێت. دوو چەمکی پێکەوە بەستراون. من لە بەستێنی جیهانەوە هەست بە بوونی چەکوشەکە دەکەم؛ بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، بەکارهێنانی چەکۆشەکە لەنێو زەمینەی هەمووە پێکهاتووەکەی بوونی مندایە.

کەوابوو، کردەوەی بنەڕەتی سەربەستی دۆزراوەتەوە؛ ئەمەش واتا بە کردنێکی هەندەکی دەبەخشـــێت، کە من پێی هەڵدەستم و بەردەوامبوونی کردنەکانیش لە بوونـــی من جیانابێتـــەوە؛ هەڵبژاردنی منە لەنێو جیهاندا و هـــاوکات دۆزینەوەی جیهانە. ئەمەش لەو کەندەڵانە مەترسیدارەی ئەودیو ئاگامەندی ڕزگارمان دەکات، کە زانایانی سایکۆلۆجی شیکاری بۆیدەچن. ئەگەر ئەوەی لەنێو ئاگامەندییدا هەیە تەنیا ئاگامەندیبوون بێـــت، هەندێک ناڕەزایی دەردەبڕن و دەڵێن، ئەو هەڵبژاردنە بنەڕەتییە پێویستە ئاگامەندانە بێت. دەپرسن، ئایا ئەمە لە ماندووبوونیشدا هەیە، لە کاتێکـــدا تۆ ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ئـــەم فاکتۆرەیت؟ ئێمەش لە وەڵامدا

دەڵێیـــن، بەتەواوی ئاگامـــان لێیانە. ئەوەی ئاگامەندی ســـنوردارەدەکات بونیادی خۆیەتی بەگشتی و ئەو هەڵبژاردنەیە بڕیاری لەسەردەدەین.

لـــە حاڵەتی دووەمدا، جەخت لەســـەر ئـــەو خاڵە دەکەین، کە پرســـیارەکە ســـەربەهەڵبژاردنێکی پڕ مەبەســـت نییە. هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی و شاراوەیی ئاگامەنـــدی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو بناخەی هەموو مەبەســـتەکانە. مەبەســـتیش لەبەر ڕۆشـــنایی هەڵبژاردن پێویســـتە ڕاڤە بکرێت. پێویســـتە دژی ئەو بۆچوونە ڕاوەستین، کە سەربەستی لە بەردەم هۆکارەکان و هاندەرەکان دادەنێت و لەوێوە بڕیارەکەوە دەدرێت. کێشەکە بەتەواوی دژی ئەمە ڕادەوەستێت. کاتێک هۆکارەکان و هاندەرەکان دادەنرێن کۆتاییەکەش دەبینرێت و هەڵبژاردنیش شوێنی دەکەوێت. ئەمـــەش ئەوە ناگەیەنێـــت هەڵبژاردنەکە لەودیـــو ئاگامەندییەوەیە، بەڵکو لەگەڵ ئاگامەندییدا یەک شتن. ئەم ئاگاییە، وەکو دەزانین، تێڕامانانە نییە؛ بوونی ئێمەیە و لە ئێمـــەوە دوور نییە. مادام بوونی ئێمە هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکەیە، ئاگایی لە هەڵبژاردنەکە خۆ-ئاگاییە، کە ئێمەین. پێویســـتە مرۆڤ لە هەڵبژاردندا بەئاگابێت و بۆ ئەوەی بەئاگاش بێت، پێویســـتە هەڵبژێرێـــت. ئاگامەندی و هەڵبژاردن یەک شتن. هەندێک لە دەروونناسەکان ئەم ڕاستییەیان ناسیوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ تێگەیشـــتن لە هەڵبژاردن بۆ ئۆنتۆلۆجی نەگەڕاونەتەوە ئەوا هەڵبژاردنەکەیان بە کارێکی ئاگامەندی داناوە.

دەکرێت ئەم ڕەخنەیە ئاڕاســـتەی برگســـۆن بکرێت. ئەگەر بســـەلمێنرێت، کە ئاگامەنـــدی لە ناوچوونە ئەو ئاکامە دێتـــە پێش، کە خۆ-ئاگایی و خۆ-هەڵبژاردن دەبـــن بەیەک. ئەمـــەش کێشـــەیەکی دژوارەو بیریارانی ئـــاکاری، وەکو گید، لە پێناسەکەیان بۆ هەستکردنێکی ڕەوان توشی بووە. گید دەپرسێت، چ جیاوازییەک لەنێوان هەســـتکردن بە ویســـت و هەســـتکردن بە کردەوە هەیە؟ لەڕاستیدا هیچ جیاوازییەکیان نییە. "ویســـتی بۆ خۆشەویســـتی" و خۆشەویستیکردن یەک شتن چونکە خۆشەویســـتیکردن هەڵبژاردنی بوونی خۆشەویستکەرە و لەگەڵ ئاگایی لە خۆشەویستیدایە. ئەگەر ویست سەربەست بێت، ئەوا هەڵبژاردنە.

ئێمە لەو بەشـــەدا لەسەر کات بە باشی ڕوونمانکردەوە، کە پێویستە درێژە بە کۆجیتۆکەی دێکارت بدرێت. لەڕاســـتیدا، خۆ-ئاگایی ئاگایی لە ساتێک نییە؛ سات لە بۆچوونێکی ئاگامەندییدایە. ئەگەر ئەویش بێت ئەو کاتەی ئاگامەندی ســـاتەکە دەناســـێت لە هیچی دیکە بە ئاگا نابێت. ئاگامەندی من ئاگامەندی تاکە کەسێکە مامەڵە لەگەڵ ئەم یان ئەو پرۆژەیەدا دەکات. چاوەڕوانی ئەم یان ئەو سەرکەوتنەیە، لە ئەم یان ئەو ئاکامە دەترســـێت و بە پێکهێنانی چاوڕوانییەکانی هەموو وێنەکە دەهێنێتە بەرچاوی. بێگومان، کاتێک دەنوسم هەست بە بوونی خۆم دەکەم، بەڵام هەستکردنەکە بە جوڵانی دەستمەوە، کە لەسەر کاغەزەکە دەنوسێت نەبەستراوە.

من پێش جوڵانی دەستم دەکەوم و کۆتایی و واتای پەرتووکەکەم دەناسم و چالاکییە فەلسەفییەکانی ژیانم دەبینم. لەنێو چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدایە (لەنێو چوارچێوەی ئــەو بوونەی هەمە) چەند پرۆژەیەکی دیکە ڕووەو ئەگــەرە دیاریکراوەکان، وەکو دانانی ئەم یان ئەو بیرۆکەیە و وەســتان لە نوسین دێنەکایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵەیە لەو باوەڕەدابین ئاگامەندییەکی شیکاری و جیاکەرەوە بەرانبەر هەڵبژاردنی جیهانی ڕادەوەستێت. دوا پرۆژە و یەکەم پرۆژەم لایەنەکانی چارەسەرکردنی بوون دیاریدەکەن. چارەســەرکردنەکەش شتێک نییە لەپێشدا بناسرێت و دوایی بخرێتە گەر؛ ئێمە خودی چارەسەرکردنەکەین. ئێمە لەگەڵ مامەڵەکردنمان [بە جیهانەوە] دەیهێنیــە بوونەوە. لەبــەر ئەمە لەڕێگەی ژیانمانەوە دەیناســین. کەوابوو، ئێمە بەردەوام لەگەڵ خۆماندابن؛ بەردەوام ئامادەین و ناتوانین ئاگامەندییەکی شیکاری و جیاکەرەوەمان لە ئاســتی بوونی خۆماندا هەبێــت. هەروەها، ئەم ئاگامەندییە بیردۆزەییانە نییە.

لەلایەکــی دیکــەوە، جیهان بەوجۆرەی خــۆی دەردەخات ئامــاژە بۆ بوونی ئێمــە بەو شــێوەیە دەکات، کە ئێمەش خۆمان دەناســین. لەڕاســتیدا ئەمەش جێگەی سەرســوڕمانە. ئێمە جیهان هەڵنابژێرین لەبەر ئەوەی بەســتێنی بوون-لەنێو-خۆیــە، بەڵکو لەڕێگەی هەڵبژاردنی خۆمانەوە واتاکەی دەناســین. بە هۆی ڕەتدانەوەی ناوەکییەوە، جیاکردنــەوەی بوونمان لە بوونی جیهانەوە، جیهان بەو جۆرە نیشــاندەدەین، کە هەیە. ڕەتدانەوەی ناوەکیش تەنیا لەنێو بەپرۆژەکردنی ئەگەرەکاندا دێتەکایەوە. ئەو ڕێگەیەیە من تیایدا باوەڕ بە خۆم دەکەم و خۆم دەدەم بە لەشم، کە لەشم و جیهانی لەژیان بەدەریش بە بەهاکانیانەوە بەرجەستە دەکات. من لێــرەدا ئاگاییەکی تەواوم لە بوونی خۆم و دانانــی پرۆژەکەمە. لەمحاڵەتەدا ئاگامەندی تێڕامانانەیە. ئەوەی دەیناســم دەبێت بە وێنەیەکی بەرزی ئەو منەی، کە هەم. بەها، ڕۆڵی ئامێریی، دووری و نزیکی شــتەکان وێنەکەی من دەکێشــن، کــە هەڵبژاردنی منە. جلوبەرگەکەم (جلی ســەرکار، قات یان کراســێکی درێژ)، بایەخی پێبدرێــت یان نا، کەلوپەلی نێو ژوورەکەم، ئــەو کۆڵانەی تیایدا دەژیم، شــارەکەم، پەرتووکەکانی چواردەورم، ئەو شــتانەی بۆ خۆشی بەکاریاندەهێنم، هەمــوو ئەوانەی من هەمە، (دواجاریش ئەو جیهانەی بــەردەوام بیریلێدەکەمەوە) سەبارەت هەڵبژاردنەکەم یان بوونم ئاگادارم دەکەن. ئەمە بونیادی ئاگامەندییەکی تێڕامانانەیــە و دەتوانم بۆ هەســتکردنی ناوەکی بۆ بوونــی خۆمی بگەڕێنمەوە. ئامــاژەش بەو بابەتانە دەدات من دروســتیاندەکەم یــان بەکاریاندەهێنم و بەبێ ئەوەی بزانم چۆن زۆرتر پەیکەرەکەی بوونم دادەتاشــم. کەوابوو، ئێمە ئاگاییەکی تەواومان لە هەڵبژاردنەکەمان هەیە، کە بوونی خۆمانە. ئەگەر کەســێکیش لەسەر ئەم خاڵانە لەگەڵماندا هاوڕا نەبوو، پێویســتە ئاگاداری ئەوە بین، کە ئاگامان لە

هەڵبژاردنەکەمان نییـــە. بەڵام لە هەڵبژاردنی خۆماندا، ئێمە دەڵێین، ئەم ئاگاییە دوودڵی و لێپرسینەوەشی لەگەڵدایە. دوودڵی، وازهێنان و لێپرسینەوە خەسڵەتی ئاگامەندی پێکدەهێنن چونکە ئاگامەندی سەربەستە.

لەپێشتر ئەو پرسیارەمان کرد: من ئەو کاتەی ماندووبووم، بێگومان دەمتوانی هەڵوێســـتیکی جیـــاوازم هەبێت، بەڵام چەند لە ســـەرمدەکەوت؟ ئێســـتا، ئێمە دەتوانین وەڵامی پرســـیارەکە بدەینەوە. شـــیکردنەوەکەمان دەریدەخات، کە ئەم کارە سوپاســـگوزارانە نییە. بەدڵنیاییەوە، لەســـەر باســـکردنی هاندەر و هۆکار، وەکو ناوەرۆکی حاڵەتێکی لەپێشـــتری ئاگامەندی ڕاناوەســـتێت، بەڵکو دەبێت بە پرۆژەیەکی بنەڕەتی دابنرێت. لێرەدا، ئەوەش ئاشـــکرا دەبێت، کە هەڵوێستەکەش بەبـــێ گۆڕان لە هەڵبژاردنی بوونی خۆمدا ناگۆڕێت. دەرخســـتنی ماندووبوونەکەم بە کەوتن لە کەناری ڕێگاکە دەربڕینی ئازارچێشـــتنی لەشمە و لەنێو بەستێنێکی جیهاندا دادەنرێت، کە لایەنە ســـەختەکان (ئەو لایەنانـــەی لەوە زۆرتر بەرگرییان ناکەم) ســـەرهەڵدەدەن؛ یان مادام هاندەرەکە ئاگامەندییەکی لە تێڕامان بەدەرە و پرۆژەیەکە بەرەو کۆتاییەکی ڕەها، ئەوا ناســـینی جیهانە (وەکو گەرمە، لە شارەوە دوورە، هەوڵدان تیایدا بێســـودە و هتد)، کە دەبێت بە هۆکار بۆ وەســـتانی من. ئەگەری وەستان، لە ڕووی بیردۆزەییەوە واتا دەبەخشێت لە کاتێکدا لەنێو سیستەمی ئەگەرەکانـــدا، کە بوونی منـــن، دابنرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت من پێویســـتە ڕاوەستم بەڵکو دەتوانم بڕۆم و بوونم-لەنێو-جیهاندا بە شێوەیەکی دیکە دەربخەم؛ گۆڕان بەسەر پرۆژەکەمدا بهێنم. بەهەرحاڵ، ئەم گۆڕانکارییە دەگونجێت.

ئـــەو دوودڵییەی، لەگەڵ ئەم ئەگـــەرەدا، سەربەســـتییەکەمان بۆ ئاگامەندی بەرجەستەدەکات گەواهی لەســـەر گۆڕانکاری لە پرۆژە سەرەتاییەکەماندا دەدات. لـــە دوودڵییدا تەنیا ئەوە فێر نابین چۆن ئەو ئەگەرانـــەی بە پرۆژەیان دادەنێین سەربەستییەکەمان لەناویان دەبات. لەسەرو ئەمەوە، هەڵبژاردنەکەمان دەناسین، بۆنموونـــە لە بوونی خۆمـــان بەئاگا دەبیـــن، کە پاکانەی بـــۆ ناکرێت. ئەمەش ڕێگە نادات ئێمە پەنا بۆ ڕاســـتەقینەیەکی لەپێشـــتر بۆ هەڵبژاردنەکەمان بەرین. پاکانەنەکردن تەنیا ناســـینەوەیەکی ناوەکی هەڵکەوتـــی بوونمان نییە، بەڵکو بە ناوەکیکردنی هەڵکەوتە دۆزراوەکەیە لەســـەر بوونی ئێمە. دەبینین هەڵبژاردن لە هەڵکەوتـــی بوون-لەنێو-خۆوە دەردەچێت، کە ئەو بوونە لەناودەبات و بۆ ســـەر نهۆمی ناچارەکییەکی سوپاســـگوزاری بوون-بۆ-خۆی دەگوێزێتەوە. کەوابوو، ئێمە بـــەردەوام مامەڵـــە لەگەڵ هەڵبژاردن دەکەین و لەو ڕاســـتییەش بـــە ئاگاین، کە بەردەوام هەڵبژاردنەکان دەگۆڕین چونکە لەسەر بوونی خۆمان داهاتوو دەکەین بە پرۆژە. بەڵام، سەربەستییەکەی بوونمان بەردەوام لەگەڵ خۆناسینمان لە داهاتوودا دەخورێـــت بەبێ ئەوەی داهاتووەکـــە بگیرێت. لەناوبردنی هەڵبـــژاردن بەردەوام

هەڕەشـــەمان لێدەکات و داوامان لێدەکات خۆمان هەڵبژێرین. ئەمەش، لەئاکامدا، ئێمە دەکات بە شتێکی جیاواز لەوەی، کە هەین. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ڕەهایە، شتێکی ناسکیشـــە. لەگەڵ دامەزراندی سەربەستییەکەمان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئـــەو ئەگەرە بەردەوامەش دەردەخەین، کە هەڵبژاردنەکە دەبێت بەوەی (لێرەدا) و (ئێســـتا) دروست بووە! لە پێناوی ئەوەی لەودیوەوە دەمەوێت بیگەمێ چۆتە نێو ڕابردووەوە.

بێجگە لەمە، با ئەوەش تێبگەین، کە هەڵبژاردن هیچ هاندەرێکمان بۆ پەیداناکات تاکو ڕوو لە هەڵبژاردنێکی دیکە بکەین و ئەو بە ڕابردوو دانبێین. لەڕاستیدا، ئەم هەڵبژاردنە بنەڕەتییەیە هەموو هۆکارەکان و هاندەرەکان بۆ کارکردن دادەهێنێت؛ جیهـــان بەگوێرەی واتـــاکان، ئامێرە ئاڵـــۆزەکان و پێکەوەبوونـــی جیاوازییەکان ئامادەدەکات.

ئەوگۆڕانە ڕەهایەی لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونمانەوە تاکو مردن هەرەشـــەمان لێـــدەکات بە نەزانـــراوی و بێ پێشـــبینیکردنی دەمێنێتەوە. ئەگەر هەڵوێســـتی دیکەش بەرانبەریان وەرگرین، هێشـــتا لە دەرەوەدا، وەکو هەڵوێســـتی کەســـانی دیکە دەیانناســـین. ئەگەر بمانەوێت هەڵوێستی خۆمانیان نیشانبدەین، خەسڵەتی خۆیان، وەکو بەرزێتییەکی-بەرزێتی نادۆزینین. تێگەیشـــتن لێیان هەڵبژاردنیانە. ئێمە دوایی بۆ سەر ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە. هەڵبژاردنی بنەڕەتی لە نموونەیەکەوە بۆ نموونەیەکی دیکە خۆی دروســـت ناکات. ئەمحاڵەتە بـــۆ چەمکی نموونەکانی ئاگامەندیمان دەگەڕێنێتەوە، کە هوسرڵ نەیتوانی خۆی لێ ڕزگاربکات.

مادام، بەپێچەوانەوە، ئاگامەندی خۆی بە بوونێکی کاتی دەبینێت، پێویســـتە هەڵبژاردنی بنەڕەتی لەنێو کاتدا بدۆزینەوە و بەو بوونەی دابنێین لەگەڵ هەرســـێ ڕەهەندەکـــەی کاتدا یەکیان گرتووە. کاتێک خۆمان هەڵدەبژێرین بوونی خۆمان لە ناودەبەین؛ لە داهێنانی داهاتوودا یان ناسینمدا واتاکەی بە ڕابردوو دەدەین. بەوجۆرەی دێکارت باســـیدەکات ڕاست نییە بڵێین نەبوون ســـاتەکان لە یەک جیادەکاتەوە، ئەگینا هەڵبژاردنەکەم لە ساتی (ت)دا کار ناکاتە سەر هەڵبژاردنەکەم لەو ساتەدا. هەڵبژاردن کارتێکردنە لەســـەر پەیداکردن و مامەڵەکـــردن لەگەڵ بەردەوامبوونی حاڵەتـــە کۆنکرێتییە بڕاوەکان، کە من لە ئەگەرە بنەڕەتییەکان جیادەکاتەوە. لەم ڕووەوە، سەربەستی، هەڵبژاردن، لە ناوبردن و کاتیبوون یەک شتن.

هێشتا ســـات داهێنانێکی پوچەڵی فەیلەسوفەکان نییە. بەدڵنیاییەوە، کاتێک مامەڵە لەگەڵ کێشـــەیەکدا دەکەم ساتێکی خۆیی نادۆزمەوە. ئێستا، بۆنموونە من دەنوســـم و دەمەوێت بیرۆکەکانم ڕێکبخەم، سات بۆ من نییە؛ تەنیا بەردەوامی لە بەدوکەوتنی خۆمدا بەرەو کۆتاییەک، کە پێناسەم دەکات، دەبینم. سات، هەمانکات، هەڕەشـــەمان لێدەکات؛ واتە هەڵبژاردنە سەربەســـتەکەمان دەکات بەو شـــتە و

دەتوانین بە هۆی ســـاتەوە داپچڕانێک لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتدا دروســـت بکەین. ئایا ســـات چییە؟ لەنێو پڕۆسەی بەکاتبووندا سات لە پڕۆژەی کۆنکرێتی جیانابێتەوە. ئێمە ئەم خاڵەشـــمان باســـکردووە. هەروەها، چەمکی سەرەتایی و کۆتایی پرۆسەکەش نییە چونکە ئەم دوو چەمکە لە پرۆسەکە دانابڕێن. کەوابوو، هیچ چەمکێک خەسڵەتی ساتی نییە. چەمکی سەرەتایی لە سەرەتادایە و پرۆسەکە لەوێوە دەکەوێتەگەر. لەگەڵ ئەمەشـــدا، نەبوونێک سنووردارییدەکات، کە پێش ئەو دەکەوێت. چەمکی کۆتاییش دوای پرۆسەکە دێت و لەناویدەبات. ئەویش لە دوای خۆیەوە نەبوونێکی هەیە و کۆتاییەکەی سنورداردەکات. ئەگەر سات هەبێت پێویستە دوو نەبوون ســـنورداری بکات. مەحاڵە لەمەش تێبگەین ئەگەر ســـات بە سەرەتا لەنێو پرۆســـەی بەکاتبوون دابنرێت. بەڵام لەگەڵ پەرەپێدانی پرۆسەکەدا و لەگەڵ لەناوبردنی و سەرهەڵدانی پرۆسەیەکی دیکەدا ساتەکان دەهێننە بوونەوە. لێرەدا، سات دەبێت بە سەرەتا و کۆتاییش. بەکورتییەکەی، ئەگەر کۆتایی پڕۆژەیەک بێت و ببێت بە سەرەتا بۆ پڕۆژەیەکی دیکە، ڕاستەقینەیەکی ئاڵۆزی کاتی دێتەکایەوە، کە نەبوونێکی لەپێشتر سنورداری دەکات و ئەمەش دەیکات بە سەرەتا. هەروەها نەبوونێکی لەپاشـــتریش ســـنورداری دەکات و دەیکات بە کۆتایـــی. ئەم بونیادە کاتییـــەش لەوێدا دەبێت بە کۆنکرێتی، کە ســـەرەتاکەی، وەکو کۆتایی درابێت و ببێت بە ڕابردوو. ئەو ســـەرەتایەی کۆتایی پڕۆژەیەکی لەپێشترە دەبێت بە سات. کەوابوو، ســـات ئەو کاتە هەیە، کە ئێمە لەنێو یەکێتی کردەوەیەکدا ســـەرەتا و کۆتایی خۆمانین.

ئـــەوەی گۆڕانکارییـــە ڕادیکاڵییەکەی پڕۆژە بنەڕەتییەکەمان دروســـتیکردووە ئەمەیە. بە هەڵبژاردنی سەربەســـتانەی گۆڕانکارییەکە پڕۆژەکە، کە بوونی خۆمان دەخەینە نێو کاتەوە، خۆمان لە داهاتوودا بەو بوونە دەناسین، کە هەڵمانبژاردووە. ئێســـتای ڕووت دەبێت بە سەرەتای کاتە نوێکە و دەڕوانێتە داهاتوو. ئەم ئێستایە بە هۆی داهاتووەوە دەبێت بە ســـەرەتا. کەوابوو، بوونی هەڵبژاردن بەشـــێکە لە هەمووی سەرەتایەکی نوێ. لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت هەڵبژاردن هیچ پەیوەندییەکی بە ڕابردووەوە نەبێت و ئەو ڕابردووە سنوردارینەکات. هەڵبژاردن هەمانکات بڕیاردانە بۆ ناسینی ئەو ڕابردووەی ئاڵوگۆڕکراوە. ئەوەی لە بێبڕاواییەوە ڕوو لە بڕوا دەکات بڕواکەرێکی سادە نییە. کەســـێکە بێبڕوایی ڕەتداوەتەوە و ڕابردووی خۆی، وەکو بێبڕوا کردووە بە بەشـــێک لە پڕۆژەکەی. هەڵبژاردنە نوێکە دەبێت بە سەرەتا بۆ کۆتاییەک و کۆتاییش بۆ ســـەرەتایەکی دیکە؛ دوو ڕەتدانەوە سنورداری دەکات و دابڕانێکیش لە یەکێتی ڕەهەندەکانی بوونی دەردەخات. بەهەرحاڵ، خودی ســـات بە تەنیا هیچ نییە. ڕوو لە هەرچ شوێنێک بکەین بەردەوامی لەنێو کاتدا دەبینین. هەر یەکێک لە هەڵبژاردنەکان لایەنی شـــەێنکەوتنەکە پێناسدەکات و خۆی دەکات

بە دیاردەیەکی نێوی کات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەرجەستەبوونە سەرەتاییەکە پێکدەهێنێت یان شتێک هەیە بە ئاکام گەیشتوە و منیش دەتوانم سودی لێوەرگرم. بەپێچەوانەوە، بەردەوام شوێن لەناوچوونەکە دەکەوین و دواجاریش دۆزینەوەیەکی بەردەوامی سەربەســتانەی پرۆژەکان دەبێت بە کارێکی پێویست. دۆزینەوەکە لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە ڕوونادات، کە سەربەستانە هەڵبژاردنەکانم دیاریدەکەم. بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە سات نییە. دۆزینەوەکە بە ئاستەم بە پرۆسەکەوە نوساوە و دەردەکەوێت واتایەکی ساتی نەبێت. بەڵام، مادام سەربەستانەیە و بەردەوامیش سەربەستییەکە دەیدۆزێتەوە، ئەوا سەربەســتییەکەم هەڵبژاردن سنورداردەکات. دێوەزمـــەی ســات پەلامـــاری دەدات، تاکو من لـــە هەڵبژاردندا بـــەردەوام بم. بەڕابردووکردنی پرۆسەکە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئۆنتۆلۆجییانەی ئێستادا هاوشان دەڕوات. پرۆســـە بەڕابردووکراوەکە لەنێو ئێســـتا لەناوچووەکـــەدا دەمێنێتەوە و دەبێـــت بە زانینی کردەکی؛ واتە، ئەو واتایەی ژیاوە چۆتە ناوەوە بەبێ ئەوەی بۆ ئاگامەندی، کە خۆی بۆ کۆتایی دەکات بە پرۆژە، بووبێت بەبابەت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە من سەربەســـتم و ئەگەری ئەوەشـــم هەیە ڕابردووم بکەم بە بابەت. هەرچەندە ئاگامەندیم لەپێشەوە لە ئاستی ڕابردوومدا تێڕامانانە نییە، خۆی، وەکو ڕەتدانەوەی ناوەکی ئێســـتاکان ڕادەگرێت. بە هۆی ناسینی کۆتاییەکان، کە وەکو ئێســـتا و هەڵبژاردنی نوێ دەناســـرێن، واتاکان دەدۆزێتەوە. ڕابرووی خۆی، وەکو بابـــەت دەبینێـــت و دەتوانێت بیری لێبکاتەوە و هەڵیســـەنگێنێت. بەبابەتکردنی ڕابـــردوو، وەکو هەڵبژاردنێکی نوێیە، کە ڕوو لە کۆتاییەکی دیکە دەکات. ســـات، وەکو لەناوبردن و داپچڕان دەهێنێتە نێو کاتەوە.

ئاســـانترە خوێنـــەر لە ئاگامەندی ئەم شـــیکردنەوەیە تێبـــگات ئەگەر لەگەڵ بیردۆزەیەکی دیکە لە سەربەستی بەراوردیان بکەین. بۆنموونە، بیردۆزەکەی لایبنیز. بۆ لایبنیز و ئێمەش، دەگونجا ئادەم دەســـتی لە سێوەکە نەدایە. بەڵام بۆ لایبنیز و ئێمـــە، ئەم ڕەفتارە بە چەند ڕێگەیەک لێکدەدرێتەوە و دوواجاریش دەڵێین، کە دەگونجا ئادەم ســـێوەکەی نەبردایە. ئەمەش لەوە دەچێت، کە ئەگەری ئادەمێکی دیکـــە هەیە. هەڵکەوتنی ئـــادەم، کەوابوو سەربەســـتییەکەیەتی. هەڵکەوتن ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە ژمارەیەکی لەبن نەهاتووی ئادەمە ئەگەرەکان چواردەوری ئادەمی ڕاســـتەقینەیان داوە. هەریەکێک لە ئەوان لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ ئادەمە ڕاســـتەقینەکە، گۆڕان لە خەسڵەتەکانیدا و دواییش لە جەوهەریدا دیاریدەکات. بۆ لایبنیز، کەوابوو، سەربەســـتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە ڕیزکردنی سێ وشەدایە: مرۆڤ سەربەستە (1) چونکە هۆشەکییانە بڕیار لەسەر کارکردنی دەدات؛ (2) ئەوەی کارەکە دەکات لە کارکردنەکە تێدەگات؛ (3) هەڵکەوتە و بەوشـــێوەیە هەیە، کە دەگونجێت کەسانی دیکە، کە کاری جیاوازتر دەکەن پەیوەندییان بەم هەڵوێستەوە

هەبێت. مادام پەیوەندی پێویست لەنێوان ئەگەرەکاندا هەیە، هەڵوێستێکی دیکەی ئادەمیش بۆ ئادەمێکی دیکە دەبێت بە ئەگەر. بوونی ئادەمێکی دیکە ئاماژەش بۆ بوونی جیهانێکی دیکە دەکات. ئێمە لەگەڵ لایبنیز لەســـەر ئەو خاڵە هاوڕاین، کە ئاماژە بۆ کەسایەتی ئادەم و هەڵوێستێکی جیاواتریش بۆ کەسایەتییەکی جیاوازی ئادەم دەکات. بەڵام کاتێک لایبنیز جەوهەری ئادەم بەســـەرچاوەی هەڵوێستەکەی دادەنێت سەربەســـتی ڕەتدەداتەوە و ڕوو لە پێویستی دەکات. لێرەدا، هەڵوێستی ئـــادەم وا دەردەکەوێت ســـەر بـــە جەوهەری ئادەم بێـــت و هەڵکەوتنەکەش، کە دەبێتە دامەزرێنەری هەڵوێســـتەکە لەنێو جەوهەرەکەدا بێت. جەوهەری ئادەمیش خودی ئادەم هەڵینەبژاردووە و خوا ئافەریدی کردوە. دروســـتە هەڵوێستی ئادەم لەجەوهەرییەوە دەرچووە و پشت بە بوونی ئادەم دەبەستێت، بەڵام ئەمە مەرج بۆ سەربەستی دادەنێت.

جەوهەری ئادەم شتێکی دراوە؛ ئادەم هەڵینەبژاردوە. ئەو هەڵینەبژاردوە ئادەم بێت. لەبەرئەمە لێپرســـراو نییە. ئەوەندەش گرنگ نییە، کەسێک لەوباوەڕەدابێت، کە ئادەم کەمێک بەرپرس بێت.

بـــۆ ئێمـــە، بەپێچەوانەوە، ئادەم بـــە جەوهەر پێناس ناکرێـــت. **جەوهەری ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی پاش بوون دەکەوێت.** هەڵبژاردن بەرەو کۆتاییەکان پێناســـی ئادەم دەکەن. هەڵکەوتنی ئادەم شێوازی دەربڕینی هەڵبژاردنی براوەی خۆ دروستکردنی ئادەمە. هێشـــتا، ئەوەی ئادەمی بە کەس کردووە و دەیناسێت داهاتووە نەک ڕابردوو: لەگەڵ گەیشـــتن بە کۆتایی پرۆژەکانی خۆی دەناســـێت. ئەمـــەش هەموو تام، حـــەز و ڕقەکانی دەگرێتەوە. لێـــرەدا، خۆمان لەو ڕەخنەیە دەپارێزین، کە ئاڕاستەی لایبنیزمان کردو گوتمان، "بەدڵنیاییەوە، ئادەم سێوەکە هەڵدەبژێرێت، بەڵام خۆی هەڵنابژێریت." بۆ ئێمە، بێگومان سەربەســـتی دەخرێتە ســـەر ئاستی هەڵبژاردنی ئادەم بۆ بوونی خۆی. ئەمەش سنوردارکردنی جەوهەرە لەلایەن بوونەوە. بێجگە لەمە، لەگەڵ لایبنیزدا ئەوەش دەناسین، کە هەڵوێستێکی دیکەی ئادەم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئادەم و جیهانێکی جیاوازتر. بەڵام مەبەست لە جیهانی جیاواز ڕیزکردنێکی دیاریکراوی ئەگەرەکان، ئەو ئەگەرانەی ئادەمەکەی دیکە لەوێـــدا دەیاندۆزێتەوە، نییە. بەڵکو دیاریکردنی شـــێوازێکی دیکەی بوونی ئادەمە لەنێو جیهاندا.

دواجاریش، بۆ لایبنیز، مادام هەڵوێســـتی ئادەمەکـــەی دیکە لەنێوجیهانێکی جیاوازتردا دەردەکەوێت، وەکو ئەگەر و ناسینەوەی هەڵکەوتنی ئادەمێکی ڕاستەقینە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بۆ هەمیشـــە هەیە. دیسانەوە، لەسەر ئەم خاڵەش جەوهەر پێش بوون دەکەوێت. بۆ ئێمە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر ڕەوانە؛ شێوەی وەرنەگرتوە و سەر بە بوونێکی دیکەیە. لەوەوپێش وەکو ئەگەری پرۆژەیەکی نوێی ئادەم بەرەو

ئەگەرە نوێکانی نەبووە. ئەگەر لای لایبنیز هەمیشەیی و ڕووتکراوبن بۆ ئێمە تەنیا لە دامەزراندنیدا دەبێت بە ئەگەر؛ واتە لەگەڵ بانگەشەکردنی ئادەمدا، کە ئەو بوونەیە. دەبینین بۆ لایبنیز ڕاڤەکردنی سایکۆلۆجی لە ڕابردووەوە بەرەو ڕانەبردوو دەکەوێتەگەر. هەمووشتیک بە وەستاو لەنێو لۆجیکێکی هەمیشەییدا دادەنرێت. تەنیا هەڵکەوتێک پەیدابکرێت لە یاسادایە؛ ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە تێگەیشتنی خوا پێشمەرجە بۆ ئادەم. بۆ ئێمە، ڕیزکردنی ڕاڤەکردنەکە بەگوێرەی کاتە؛ لێکدانی لۆجیکانە و لە هۆکارەوە بۆ هۆکرد نییە. ڕاڤەکردنێکە لە ڕوانگەی داهاتووەوە.

دەبێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەین، کە شیکردنەوەکەی پێشومان بیردۆزەییانەیە بەگوێرەی بیردۆزە، دەشێ ئادەم هەڵویستێکی دیکەی هەبێت و لەنێو سنوری گشتگری کۆتاییەکانیدا، کە ئادەم بۆ دروستکردنی خودی خۆی هەڵیاندەبژێرێت، ببینرێت. ئێمە بەمجۆرە باسمانکرد و دەردەکەوێت لەگەڵ شوێنکەوتوانی لایبنیز هاوڕابین و بۆچوونەکەمان بە شێوەیەکی زۆر سادە دەربڕین. هۆی ئەمەش لەوەدایە، کە ڕاڤەکردن پەیوەندی بە ڕیزکردنی ڕووداوەکان لەنێو کاتدا نەک لۆجیکەوە هەیە. تێگەیشتن لە کۆتایی کردەوەیەک، کە بوونێ بۆ خۆ سەربەستانە وەریدەگرێت لەسەر هۆش ڕاناوەستێت. ڕیزکردنی ئەگەرەکانیش لەسەرەوە بۆ خوارەوە پەیوەندی بەو ئەگەرانەوە نییە بە دیدەکشن پێیاندەگەین. لەپێش هەمووشتێکدا، پەیوەندی نێوان ئەو ئەگەرانەی دەردەچن (گوێ نەدان بە ماندوبوون یان تەسلیم بوونی) و لەگەڵ ئەگەرە بنەڕەتییەکە دیدەکشنانە نییە. پەیوەندییە لە نێوان بەشەکان و هەمووی بونیادەکە. لە هەمووی پرۆژەکانەوە لە بونیادێکی هەندەکیش تێدەگەین. بەڵام، فێرگەی گیشتاڵتش نیشانماندەدات، کە هەمووی فۆرمێک بونیادە بچوکترەکان لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. من دەتوانم چەند هێڵێکی دیکە بخەمە سەر وێنەکە یان کەمیان بکەمەوە و خەسڵەتەکەی بگۆڕم. هێڵی دیکەش هەن، کە زیادکردن و کەمکردنی دەبێتە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوەکەدا و سەرهەڵدانی شێوەیەکی دیکە. ئەمەش بۆ پەیوەندی نێوان ئەگەرە یەکەم و دووەمەکان دروستە. واتای ئەگەرە دووەمەکانیش بۆ هەمووی بوونی من دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەرەکانی دیکە بەبێ ئەوەی گۆڕان لە هەمووی واتاکە دروست ببێت جێگەی ئەمانە دەگرنەوە.

بەکورتییەکەی، تێگەیشتن ڕاڤەکردنی پەیوەندییە فاکتۆرییەکانە نەک تێگەیشتن لە پێویستی. دەبێت ڕاڤەکردنی سایکۆلۆجییانە بۆ کردەوەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ چەمکی 'ناگرنگی' ڕواقییەکان. بۆ ماندوو حەسانەوەم، گرنگ نییە لە کەنار ڕێگاکە دانیشم یان سەد هەنگاوی دیکە زۆرتر بڕۆم تاکو لەو کوخەدا پشوبدەم، کە لە دوورەوە دەیبینم. تێگەیشتن لە ئاڵۆزی و فۆرمە جیهانییەکەی، وەکو ئەگەرێک

هەڵمبــژاردوە بەس نییە. لێرەدا کارێک نادۆزمەوە هاندەرو هۆکاری نەبێت، بەڵکو مەبەستێکی کتوپڕی هاندەر و هۆکارەکان بڕیاردانەکە دەوڵەمەند دەکات.

بەهەمانشێوەش هەر (ئەمە) دەبێت لەنێو جیهانەوە و لە ڕوانگەی فاکتۆری بوونی منەوە ســـەرهەڵدات. جیهان و فاکتۆری بوونیشم ڕێگەنادەن تێبگەین بۆچی ئێستا دەست بۆ لێوانی ئاوخواردنەوەکە نەک شوشەمەرەکەبەکە دەبەم. سەربەستییەکەمان لە پەیوەندییەکەدا لەگەڵ ناگرنگییەکاندا هەمووە و سنورداریش نییە. هەڵبژاردنی یەکێکیـــان و وازهێنانیـــش لێی بـــۆ هەڵبژاردنی دانەیەکی دیکەیـــان نابێتە هۆی سەرهەڵدانی سات و پچڕان لەبەردەوامییەکەدا؛ هەڵبژاردنە سەربەستەکان پێکەوەن و تەنانـــەت ئەگەر ناکۆکیش بن یەکدی تـــەواو دەکەن و لەنێو یەکێتی پڕۆژەکەدا دەمێننەوە. ئەوان هەرچییەک بن بە هۆی پڕۆژە بنەڕەتییەکەوە ڕاڤەدەکرێن؛ پڕۆژە بنەڕەتییەکە دەوڵەمەنددەکەن و دەیکەن بە پڕۆژەیەکی کۆنکرێتی. لەگەڵ خۆیاندا هاندەرەکـــە دەهێنن، کە ئاگاییە لە هۆکارەکە یان تێگەیشـــتنە لە حاڵەتەکە، کە بەمجۆرە و ئەوجۆرەیە.

خاڵێکـــی دیکەی پەیوەندی نێون ئەگەرە یەکەمـــەکان و دووەمەکان ئەوەیە، کە هیچ 'بیرکەرێکی-ئامادە' و لەپێشـــتر نییە تاکو پەیوەندییەکەی بۆ بگەڕێتەوە و سنورداریشـــی بـــکات. بوون-بۆ-خۆ ئەگـــەرە دووەمـــەکان هەڵدەبژێرێت و بە یەکەمەکانەوە گرێیاندەدات. بوون-بۆ-خۆ بە سەربەستییەکەی نەک تەنیا کۆتاییە یەکـــەم و دووەمەکان نادۆزێتەوە؛ سیســـتەمی ڕاڤەکردنیش بۆ پەیوەندییەکەیان دادەهێنێت. لە هەموو حاڵەتێکدا خودی کەسەکە دەبێت پێوەری بۆ دابمەزرێنێت. دواجاریـــش، بوون-بۆ-خۆ دەتوانێت سەربەســـتانە ئەو بڕیارانـــە بدات و لەگەڵ کۆتاییە بنەڕەتەکاندا ناکۆک ڕابوەســـتن. ئەم بڕیارانەش لەبەر ئەوەی تێڕامانانەن سەربەستانە دروست دەبن. لەو هەڵەیەوە سەرهەڵدەدەن، کە بە بڕوایەکی چاکەوە یـــان خراپـــەوە دژی کۆتاییەکان کراوە. هەڵەکەش لەوێـــدا ڕوودەدات ئەگەر ئەو هاندەرانەی بوونیم پێکدەهێنن، لەسەر بابەتێک لەنێو تێڕامانی مندا دۆزراونەتەوە، ئاگامەنـــدی لەتێڕامان بـــەدەر، کە پڕۆژەدانانێکی کتوپـــڕە و ڕوو لە ئەگەرەکان دەکات، فێـــڵ لە خۆی نەکات. هەڵوێســـتی تێڕامانانە هەزار ئەگەری هەڵەکردنی تێدایە. مەبەست ئەوە نییە، کە لە هاندەرێکی ڕووت، بۆنموونە ئەو ئاگامەندییەی بیـــری لێدەکرێتەوە و بووە بە بابەتێکی لەپێشـــتر، تێـــدەگات. بەڵکو ئامانجی پێکهێنانـــی بابەتە دەروونییەکانی ئەوبەری ئاگامەندییە، کە بابەتێکی گونجاوە و ئێمەش لە بەشی دووەم و سێیەمی[ئەم نوسراوەدا] باسمانکردوەو تەنانەت دەبن بە بابەتی ساختەش. کەوابوو، دەکرێت من هەڵەکان بە تێڕامانەوە بەسەر خۆمدا بسەپێنم، سەربەستانە پڕۆژەیەک بکەم، کە لەگەڵ پڕۆژە بنەڕەتییەکەمدا ناکۆکە و دەیگۆڕێت.

ئەگـــەر لە پرۆژە بنەڕەتییەکەمدا بوونی خۆم لەنێو کەســـانی دیکەدا بە کەمی ببینم (گرێی هەستکردن بەکەمیم هەبێت)، زمان تەتەڵەکردنیش بخرێتە سەر پرۆژە بنەڕەتییەکە، ئـــەوا بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و تێنەگەیشـــتنم لە هەڵبژاردنی بوونـــی خۆم، وەکو کەمی، بڕیار دەدەم زمانم چاک بکەم. لەوانەیە لەم کارەشـــدا ســـەرکەوتووبم، بەڵام هەســـتکردن بەکەمی هەر دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا، ئاکامی بڕیاردانەکەم بە میتۆدێکی تەکنیکی دەســـتدەکەوێت و ئەمەش بە خۆ-چاککردنی سەربەســـتانە ناوزەدیدەکەین. لێرەدا ئاکامەکە شوێنی هەستکردن بە کەمییەکەم دەگوێزێتەوە و لەجێگەی ئەو یەکێکی دیکە پەیدادەبێت. ئەم ناتەواوییەی کارێکی سەربەســـتانە دەبێتە مایەی سەرســـوڕمانمان و هەوڵدەدەین ئەم نموونەیە باشتر ڕوونبکەینەوە.

لەپێش هەمووشتێکدا، پێویســـتە ببینین، کە هەڵبژاردنی هەموو کۆتاییەکان، هەرچەندە سەربەستانەیە، هێشـــتا پێویست ناکات یان هەندێکجار لەخۆیدا نییە. نابێت پێویســـتی هەڵبژاردن و ویستی هێز تێکەڵبکەین. دەگونجێت لە هەڵبژاردندا هەست بە ناخۆشی بکرێت؛ لەوانەیە خۆدەربازکردن یان بڕوای خراپ بێت. تەنانەت دەتوانین هەڵنەبژاردنی خۆمان هەڵبژێریـــن. لەم حاڵەتانەدا کۆتاییەکان دەکەونە ئەودیو فاکتۆرەکانەوە و لێپرسینەوەکەش بۆ بوونی ئێمە دەگەڕێتەوە. ئێمە هەرچ جۆرە بوونێکمان هەبێت خۆمان هەڵمانبژاردووە. ئێمە گەورەیی و بچوکی، سەربەرزی و سەرشـــۆڕی بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین. ئەگەر سەرشـــۆڕی هەڵبژێرین هەست بە سەرشـــۆڕی بوونمان و کەمی دەکەین. ئێمە، لێرەدا، مامەڵە لەگەڵ شتەدراوەکان و لەمەش زۆرتر لەگەڵ واتادا ناکەین. بەڵام ئەو کەســـەی خۆی سەرشۆڕ دادەنێت ڕوو لەو کۆتاییانە دەکات پێکیان دەهێنێت و دەیەوێت بیانگاتێ: سەرشـــۆڕبوونە هەڵبژێردراوەکە، بۆنموونە، وەکو ماسۆشیزم دەبێت بەو ئامێرە داهێنراوەی بوونی-بۆ-خۆییمان دەگۆڕێت؛ پرۆژەیەکە لەپێناوی کەسانی دیکەدا لەدەست دوودڵییەکەی سەربەستی ڕزگارمان دەکات؛ پرۆژەیە بوونی-بۆ-خۆمان دەکات بە بوونی-بۆ-کەسانی دیکە. لەنێو هەموویاندا، هەســـتکردن بە کەمی لەوێدا ســـەرهەڵدەدات، کە بوونی ئێمە بە-تێگەیشتنێکی سەربەستانەوە بووە بە بوونی-بۆ-کەسانی دیکە.

بوونی-بۆ-کەســـانی دیکە ڕۆڵی هۆکار دەبینێت، بەڵام پێویستە هاندەرەکەش بدۆزرێتـــەوە، کە بێجگە لە پرۆژەیەکی سەربەســـتانە چی دیکـــە نییە. کەوابوو، هەستکردن بە کەمی ئامێرێکە هەڵمانبژاردوە تاکو خۆمان لەئاستی شتدا دابنێین؛ خۆمان لەدەرەوە دەخەینە نێو شـــتەکانی جیهانەوە. ئاشکراشە، بەو سروشتەدا، وەکو شەرم، تورەبوون و ناخۆشی، دەناسرێت، کە بۆی هەڵدەبژێرین. هەڵبژاردنی کەمی ئەوەش ناگەیەنێت بە کەمییەکە دڵخۆش و ڕازی بێت. بەڵکو هەســـتکردن بە کەمی دەبێت خەم و یاخیبوون دروســـتبکات. هەندێکجار، خۆم لەسەر کارێک

دەهێڵمەوە، کە کەمییەکەمی تێدا دەبینم و لە هەندێ کاری دیکەشدا خۆم دەخەمە ڕیزی هەموو کەسەکانی دیکە. ئەمەش هەوڵدانێکی بێبەرە من هەڵمبژاردووە. بێبەرە چونکە من دەمەوێت دواکەس بم یان لەنێو ئەواندا ون ببم. دەشێ هۆکەشی ئەوەبێت من گوێنەدان و شەرمم بۆ گەیشتن بە بوون هەڵبژاردوە.

ئاشکرایە، من دەتوانم لەنێو کردەوەکانمدا بە کەمی خۆم دەربخەم ئەگەر هەستبکەم گەورەییش هەیە. ئەو هونەرمەندەی هەست بە کەمی تەوانای هونەری خۆی دەکات دەیەوێت هونەرمەندێکی گەرە بێت؛ ئەگینا ئەو هەست بە کەمی ناکات و خەمیشی بۆ ناخوات. ئەگەر هونەرمەندێک بیەوێت مامناوەندیش بێت دوای کەمی ناکەوێت؛ بەڵکو ئەمە نموونەی هەڵبژاردنی شتێکی براوەیە. هەڵبژاردنی هەستکردن بە کەمی ناسینەوەی بۆشاییەکە لەنێوان ئەو کۆتاییەیە کەسەکە دەیەوێت بیگاتێ و ئەو کۆتاییەی دەستی کەوتوە. ئەو هونەرمەندەی دوای گەورەیی دەکەوێت و هەستکردن بە کەمی هەڵدەبژێرێت بۆشاییەکە دەپارێزێت؛ وەکو پینەڵۆپ ئەوەی بە شەو دروستیدەکات بە ڕۆژ دەیڕوخێنێت. ویستی دەبێت بە بڕوای خراپ؛ لە ناسینەوەی کۆتاییەکانی هەڵبژاردنەکەی ڕەتدەکات، کە ئاگامەندی کتوپڕ بڕیاری لەسەرداوە. بابەتی دەروونی ساختە پێکدەهێنێت، دەیکات بە هاندەر و خۆی بەو هاندەرەوە دەبەستێتەوە (بۆنموونە خۆشەویستی بۆ سەرکەتن یان خۆشەویستی بۆ جوانی، هتد). لێرەدا ویستەکە بە هیچ جۆرێک دژی هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکە ڕاناوەستێت؛ بەڵکو لە کۆتاییدا، لەسەر بڕوای خراپ و لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی بنەڕەتی هەستکردن بە کەمییەوە لێیتێدەگات.

لە ئاگامەندی تێڕامانانەدا ویست بابەتە دەروونییە ساختەکان، وەکو هاندەر پێکدەهێنێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەنێو تەوانایی خۆ-ئاگاییەکی لە تێڕامان بەدەر، لە بڕوای خراپدا ئاگاییە لە بوون و دواجاریش ئەو پڕۆژە بنەڕەتییەی بوونێ-بۆ-خۆ شوێنی کەوتوە. لەم ڕووەوە، جیاکردنەوەی ئاگامەندییە ویستدارەکە و کتوپڕییەکە لەسەر فاکتۆر دەستناکەوێت. ئەم دوولایەنی و جیاکردنەوەیە پێویستی بە سەربەستی بنەڕەتی هەیە؛ لەنێو یەکێتی پڕۆژەکانماندا دەناسرێت، کە هەڵبژاردنی بوونمانە بە کەمی. جیابوونەوەکەش ئەوە دەردەخات، کە ئێمە خۆبەخشانە و بە مەبەستەوە لە بڕوای خراپدا لەڕێگەی ئەو کاردانەوانەی ئێمە بە کەمی نیشان نادات، کەمییەکەی خۆمان دەشارینەوە.

شیکردنەوەکەمان دوو نهۆم، کە ئەدلەریش بۆ گرێی هەستکردن بە کەمی داینـاون، دەگرێتە خۆی: ئێمە، وەکو ئەدلەر، هەستکردن بە کەمییەکە دەناسین، گرانی و ناتەبایی لە گەشەکردنی کردەوەکانیشدا دەبینین و هەموو ئەو دەستەواژانەی بۆ شاردنەوەی کەمییەکە بەکاریاندەهێنین دەزانین. بەڵام ئەم جیاوازیانەش دەدۆزینەوە: یەکەم، ئێمە ڕێگە نادەین ناسینەوە بنەڕەتییەکە بەبێ

ئـــاگا دابنرێت؛ جیاوازییەکـــە ناخەینە نێوان ئاگایی و ئەودیـــو ئاگاییەوە، بەڵکو لەسەر جیاوازی ئاگامەندییەکی لەتێڕامان بەدەر و ئەو ئاگامەندییەی تێڕامانی هەیە دادەمەزرێنین. دووەم، دەردەکەوێت، بۆ ئێمە، چەمکی بڕوای خراپ، کە لە کەرتی یەکەمی[ئەم نوســـراوەدا] باسمانکرد، لەجێگەی سانســـۆر، خەفەکردن و ئەودیو ئاگایی، کە ئەدلەر بەکاریاندەهێنێت، شـــتی جیاوازتر دابنێت. ســـێیەم، یەکێتی ئاگامەنـــدی، کە خـــۆی بۆ کۆجیتۆ دەردەخات، دژوارییەک بـــۆ ئێمە پەیدادەکات تاکو نەتوانین جیاوازی لەنێوان دوو نهۆمەکەدا دروســـتبکەین. مەگەر یەکێتییەکە جارێکی دیکە ببێت بە تێهەڵکێشـــەیەکی مەبەستدار و لە نهۆمێکەوە بۆ ئەوی دی بڕوات و یەکیان بخات. ئێمەش هەست بە بوونی شتێکی قوڵتر، گرێی هەستکردن بە کەمی دەکەین و ئەم ناسینەوەیەش دەکەین بە هەڵبژاردن. لەم گواستنەوەیەدا، ویست تەنیا کەمییەکە ناشارێتەوە، مەبەستێکی قوڵتر شوێنی دەکەوێت و لاوازی سەلماندنەکان هەڵدەبژێرێت تاکو شەرمەزارییەکە چاکتر نیشاندات و سەرنەکەوتنەکە بەرجەستەبکات. ئەو کەسەی هەست بە کەمی دەکات چەوسێنەری بوونی خۆیەتی. ئەو شـــەرم و ئازاری هەڵبژاردوە، بەڵام ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە هەست بە خۆشی ناکات.

ئەگـــەر ئـــەم ئەگەرە نوێیانـــەی نێو بڕوای خـــراپ و لە نێو ســـنوری پرۆژە ســـەرەتاییەکەماندا ویست هەڵیانبژێرێت، پێویســـتە تاکو ڕادەیەک دژانە بەرانبەر پـــرۆژە ســـەرەتاییەکە دابنرێن. بەو ڕادەیە بن، کە ئێمە حەز بکەین هەســـتکردن بە کەمییەکە لە خۆمان بشـــارینەوە تاکو دروســـتی بکەین. بـــۆ ئەمەش دەبێت هەوڵدانێکـــی سیســـتەمی و تێڕامانانە بۆ شـــاردنەوەی دیاردەکانـــی بدەین. ئەم هەوڵدانەش لەنێو حاڵەتی دەروونی ئەو نەخۆشـــانەدا دەکرێت، کە دێن بۆ بینینی پزیشـــکە دەروونناســـەکان. ئێمە لەلایەکەوە دەمانەوێت دەسکەوتێکمان هەبێت و لەلایەکی دیکەوە دەســـتکەوتەکە ڕەتدەدەینەوە. نەخۆشەکە خۆبەخشانە بۆ لای پزیشـــکەکە دەڕوات، تاکو لەدەســـت ئەو نەخۆشـــییە ڕزگاری بێت، کە ناتوانێت لە خۆی بشـــارێتەوە. بەم هەوڵدانەشـــی خۆی بەرەو چاککردنەوە دەبات. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەیە، کە ئەو هەوڵێکی زۆری بۆ چاکردنەوەی خۆی داوە و نەخۆشییەکەی چارەسەرنەکردووە. چارەسەرکردنی پزیشکەکە بە بڕواو ویستێکی خراپەوە وەردەگرێت. هەرچەندە خۆبەخشانە ڕوو لە پرۆژەکە دەکات هەوڵدانەکەی، وەکـــو ئامانجەکەی، ســـەرناکەوێت. ئەمەش لەو نەخۆشـــانە دەچێت، کە ژانێت لەسەریانی کۆڵیوەتەوە و خۆیان توشی نەخۆشیی کردووە و هەوڵی چاکبوونەوەش دەدەن. ئێمە لێرەدا ئاکامەکە دەبینین چۆنە؛ نەخۆشـــەکە باسی ئەوە ناکات، کە خۆی توشکردوە. بە درۆوە خۆی دەتلێنێتەوە و دان بە تاوانەکانیدا ناهێنێت.

لێرەدا، بێسودە باسی زۆرانبازی نێوان ویست و نەخۆشییەکە بکەین. هەوڵدانەکان

لەنێــو ڕەهەندەکانی یەکێتی بڕوای خراپدا و لەو بوونەدا ڕوودەدەن، کە ئەوە نییە هەیە و ئەوەشە، کە نییە. بەهەمانشێوە، کاتێک پزیشکە دەروونییەکە تێگەیشتنی بۆ پرۆژەی نەخۆشەکە نزیک دەبێتەوە، نەخۆشەکە واز لە چارەسەرکردنەکە دەهێنێت یان درۆ دەکات. بێسودیشـــە ئەم بەرگریکردنە بـــە ڕەتدانەوە یان دوودڵییەکی لە ئاگابەدەر دابنێین.

چۆن پێشکەوتنی توێژینەوە ســایکۆلۆجییەکان بەودیو ئاگامەندی بگەیەنین، ئەگەر ئەو بوونە ئاگامەند نەبێت؟ ئەگەر نەخۆشـــەکەش لەکایەکەیدا تاکو کۆتایی بەردەوام بێت، پێویســـتە بەڕادەیەک چارەسەری نەخۆشییەکەی کرابێت. دەبێت نیشانەی نەخۆشـــییەکانی، کە هانیدا پزیشکەکە ببینێت، لەناوچووبن. کەوابوو، شەڕێکی بچوکتری هەڵبژاردووە: ئەو وای دەزانی نەخۆشییەکەی دەرمانی نییە بۆیە بۆلای پزیشـــکەکە هات. ئەو زۆری لە خۆی کرد پرۆژەکەی خۆی لەبەر ڕۆشناییدا نەبینێـــت و لەناوببەرێت. سەربەســـتانە بیکات بە پرۆژەیەکـــی دیکە. ئەو زۆری لێکـــراوە خۆی بەتەواوی چاکبکاتەوە. بەمجۆرەش، من، کە چارەســـەری ترس و تەتەڵەی زمانم دەکەم دەشێ لە بڕوای خراپدا بم. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییەش دەمێنێتـــەوە، کە من زۆرم لێکراوە کاریگەرێتییەکەیان بناســـم. لەمحاڵەتەدا ترس و تەتەڵەکردنی زمانم وندەبن؛ ئەمەش شەڕێکی بچوکترە. دڵنیاییەکی ساختەش جێگەیان دەگرێت. چارەســـەرکردنی نەخۆشـــی هیســـتیریاش بە لێدانی شەپۆلی کارەبایی هەمانشێوە وەردەگرێت. ئێمە دەزانین ئەم چارەسەرکردنە گرژبوونەوەی پێی نەخۆشـــەکە لەناودەبات، بەڵام وەکو دەبینیـــن، گرژبوونەوەکە دوایی لەنێو دەســـتدا ســـەرهەڵدەدات. هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە پێویستە هەمووی هیستیریا چارەســـەربکرێت چونکە پرۆژەیەکی هەمووگیری بوون-بۆ-خۆیە. چارەسەرکردنی لایەنێکـــی تەنیا دیـــاردەکان ئاڵۆگـــۆڕ پێـــدەکات. چارەســـەرکردنی ترس یان تەتەڵەکردنی زمانم دەبێت لە هەڵبژاردنی پرۆژەیەکدا بێت ڕێگە بە ســـەرهەڵدانی گرفتی دیکە بۆنموونە، هەســـتکردن بەگەمژەیی و ناتەبایی لەدڵنیابووندا، نەدات. مادام بڕیاردانەکـــەم هاندەرەکەی لەنێو هەڵبژاردنە سەربەســـت و بنەڕەتییەکەی کۆتاییەکانمدا دەدۆزێتەوە، لەوانەیە بە ڕووکەشـــانەش بەریان بکەوێت. ویستیش تەنیـــا لەنێو ڕووگەی پرۆژە بنەڕەتییەکەمـــدا کاریگەرێتی خۆی دەنوێنێت؛ منیش دەتوانم لەڕێگەی گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانە لە پرۆژەکەمدا خۆم لە گرێی هەستکردن بە کەمی ڕزگاربکەم.

ئەمـــەش نابێت بە هۆکار و هاندەرەکانی لەنێو پرۆژەیەکی لەپێشـــتردا یان لە ئەزمونی شـــەرمکردن و خەمەکەمدا ببینێتەوە چونکە دووەمیان بۆ ناســـینەوەی پرۆژەی هەستکردن بە کەمی دانراوە. چەند لەنێو گرێکەدا بمێنمەوە ڕێگەی دەرچوون سەختتردەبێت. ئەگەر خەو بە دەرچوونیشەوە ببینم، خەوەکە ڕزگارم ناکات و بەڵکو

زۆرتر قێز لە حاڵەتەکەم دەکەمەوە. لەنێو ئەو حاڵەتەدا ڕاڤەدەکرێت، کە من خۆمی بە کەم تێدا دەبینم. لەگەڵ ئەمەشدا، لە هەموو ساتەکاندا هەڵبژاردنە سەرەتاییەکەم بە هەڵکەوت و بێبەڵگە دادەنێم؛ کەوابوو، هەموو ساتێک من وەکو شتێکی دەرەکی لێیتێدەگـــەم و دەمەوێت تێپەڕیبکەم، بیخەمە ســـەر ڕابردووم و خۆڕزگارکردنێکی کتوپڕانە بهێنمەکایەوە. دوودڵی و ترســـەکەم جـــادووم لێدەکەن (ڕادیکاڵانە دەبن بەشـــتێکی دیکە)؛ ســـەرهەڵدانی وەرگێڕانەکەش دەبێتە هۆکاری گۆڕان لە پڕۆژە بنەڕەتییەکەمدا. ئەم وەرگێڕانە، کە فەیلەســـوفەکان باسیان نەکردووە، سەرنجی ڕۆماننوســـەکانی ڕاکێشاوە. دەتوانین بیر لەو ســـاتە بکەینەوە پاڵەوانەکەی گید بەناوی فیلۆکتیتس ڕق و کینەکەی تێدا بەرجەستە دەکات و دەیکات بە پڕۆژەیەکی بنەڕەتی و هۆکار بۆ بوونی خۆی و بوونیش بەگشتی. بیر لەو ساتەش دەکەینەوە، کە ڕاســـکۆ لینکۆف بڕیاردەدات خۆی بە دەســـتەوە بدات. لەم ساتە گرنگەدا، کە پڕۆژە لە پێشترەکان فڕێدەداتە نێو ڕابردووەوە و پڕۆژەی نوێ دادەهێنرێت، شەرم، دوودڵی، خۆشی و هیوا تیایدا کۆدەبنەوە و واز لە شتێک دەهێنن و شتێکی دیکە دەگرین. وێنەیەکی ڕوونی سەربەســـتییەکەمان بۆ دەکێشن. بەڵام، هێشتا ئەمانە هەموو پڕۆژەکان نین و چەند پڕۆژەیەکن لەنێو هەموویاندا.

بەمجۆرە پارادۆکسی لە کارکەوتنی بڕیاردانە سەربەستەکانمان کەمتر دەردەکەوێت. وەکو ئەوە وایە بڵێین، بە هۆی ویستەوە خۆمان بەتەواوی دروستدەکەین. بەڵام ئەو ویستەی ئێمە دروستدەکات لەنێو ئەو پڕۆژە بنەڕەتییەدا واتا بە خۆی دەبەخشێت، کە من ڕەتی دەدەمەوە. دواجاریش، کاری دروســـتکردنەکە لە بانگەشەکردنەکەی جیاوازتر دەردەچێت. نەخشـــەی بونیادەکەی دەکات، بەڵام هەرگز ناتوانێت پڕۆژە بنەڕەتییەکە بگۆڕێت.

پـــاش ئەم باســـکردنە بەدرێـــژی دەردەکەوێت بـــە ڕادەیەک لە تێگەیشـــتنە ئۆنتۆلۆجییەکەی سەربەستی تێگەیشتبین. ئێمەش ئەم تێگەیشتنە لەچەند خاڵێکدا کۆدەکەینەوە.

یەکەم، لەگەڵ ســـەرنجدانمان بۆ ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی تێدەگەین، کە بوون بۆ ئەو کردنە. دەروونناســـەکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئەوانەی ئاماژەیان بۆ جوڵانی هاندەرەکان، مەبەست و هەستکردن دەکرد، دروست بۆ کێشەکە چوون. بەڵام جوڵان کردنە. هیچ شـــتێک، وەکو مەزاج، خەسڵەت، سۆز، یاساکانی هۆش زکماکی نین. ڕوانینێکی ئەزمونگەرانە بوونی مرۆڤ بە یەکێتییەکی ڕێکخراوی هەڵســـوکەوتەکە دەردەخات. کەسێکی چڵێس، ترسنۆک یان بێزارکراو بە کردەوە خۆی بەو شێوەیە دەگونجێنێت. لێرەدا، دەروونناســـە ڕەفتارگەرییەکان باشـــتر بۆ کێشەکە چوون و مرۆڤ بۆ ڕەفتار و هەڵوێســـتەکانی دەگەڕێننەوە. هەروەها، بەو جۆرەی فێرگەی گیشـــتاڵت باسیدەکات و کارەکانی ژانێت دەری دەخەن، دەبێت بەدوای هەڵوێستە

سۆزدارەکاندا بگەڕێین و هەست بە ڕەفتارەکان بکەین چونکە هەستکردن لەدەرەوەی ڕەفتار و جیهاندا ڕوونادات. تەنانەت، گوێنەدانی زانستخوازەکانیش، کە هایدیگەر باسیدەکات، بەرانبەر بابەتەکە هەڵوێستی گوێ پێنەدانە و لە ئاکامدا ئەمەش دەبێتەوە بە یەکێک لە هەڵوێستەکان. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەپێشدا پەیدانابێت و دوایی بەکارەکانی هەستێت. بوون بۆ ئەو کردنە و نەکردنیش نەبوونە.

دووەم، ئەگەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی کردن بێت، ئەوا سووربوونی لەسەر کارکردن خودی کردنە. ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕەتبدەینەوە و سووربوونی مرۆڤ لەسەر کارکردن بۆ حاڵەتێکی لەپێشتر لەنێو جیهاندا بگەڕێنینەوە، وەکو ئەوە وایە ئەوەی دەستدەکەوێت لە سەرەتای زنجیرەکەوە دابنرێت. کەوابوو، کردەوەکان، بۆ ئەوەی جێگە بۆ زنجیرەیەک جوڵان دروستبکەن، لەناودەچن. چەمکی کارکردنیش لەگەڵ بۆچوونەکەی ژانێت و دەروونناسە ڕەفتارگەرییەکان دەفەوتێت. بوونی کارکردن سەربەخۆییە.

سێیەم، لەسەرو ئەمەوە، ئەگەر کردن جوڵانێکی ڕووت نەبێت، پێویستە لەسەر مەبەست پێناسبکرێت. گرنگ نییە چۆن مەبەستەکە بناسرێت، هێشتا ئەو شتەی دراوە ڕەتدەکات و دەیەوێت بە ئاکام بگات. ئەوەی دراوە شتێکی ئامادەیە و ناتوانێت خۆی جێبهێڵێت. شتێکە هەیە و پڕە. هیچ هۆیەک بەو دیاردەیە نادات، کە واتاکەی بەو کۆتاییەوە بەستراوە پێیدەگەین و هێشتا پەیدانەبووە. کاتێک دەروونناسەکان، بۆنموونە، ئارەزوو بە حاڵەتێکی فاکتۆری دادەنێن، ئەوە نازانن، کە هەموو خەسڵەتەکانی بوون لە ئارەزوو دادەماڵن. بۆ جیاکردنەوەی ئارەزووی سێکسی لە ئارەزوو بۆ خەوتن دەبێت تەماشای کۆتاییەکانیان بکەین. کۆتاییش نییە. پێویستە دەروونناسەکان سەبارەت بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەو دیاردەیەی خۆی دەردەخات و لەسەر شتێک ڕادەوەستێت، کە نییە بپرسن. مەبەست بونیادی بنەڕەتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە لەسەر شتێکی دراوەوە باسناکرێت. ئەگەر کەسێک بیەوێت لە ڕاڤەکردنەکەیدا مەبەست بە کۆتاییەکانەوە بناسێت پێویستە ئاگای لەوەبێت، کە کۆتایی بە دراو دانەنێت. دەکرێت کۆتایی بە دراوێک پێش ئاکامەکە دابنرێت. لێرەدا کۆتایی لەناخی نەبووندا دەبێت بە هۆکاری ڕاڤەکردنی ئارەزوویەک یان کردنێک بەگوێرەی کۆتاییەکەی و بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە، کە لە بونیادی کۆتاییەکە لەدەرەوەدا دامەزراوە. مەبەست لەڕێگەی هەڵبژاردنی کۆتاییەوە خۆی دروستدەکات و دەناسرێت.

چوارەم، مادام مەبەست هەڵبژاردنی کۆتاییە و جیهان لە هەڵوێستماندا خۆی دەردەخات، ئەوا هەڵبژاردنێکی پڕمەبەستی کۆتاییە دەبێتە هۆکاری دەرخستنی جیهان. جیهانیش، وەکو ئەمشتە و ئەوشتە بەگوێرەی کۆتاییە هەڵبژێردراوەکان دەردەکەوێت. کۆتایی، کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر جیهان، ئەوحاڵەتە پەیدانەبووەی

جیهانە دەمانەوێت دەستمان بکەوێت. ئەمەش ئاگامەندییەکی تێڕامانانەیە لەئاستی کۆتاییدا. کاتێکیش ڕوودەدات، کە ئاگامەندی سەبارەت ئەگەرەکەی خۆی تێڕامانانە نەبێت. کە برسیمە کۆتایی ئامانجەکەم ژەمی خواردنی چاکە. بەڵام ئەم ژەمە چاکە لەودیو تەپوتۆزی ڕێگاکە بووە بە پرۆژەیەک واتای ڕێگاکە بەرجەستەدەکات (ڕێگاکە مـــن دەگەیەنێتە ئوتێلێک، کە مێزی خواردنی تێـــدا ڕازاوەتەوە و خواردنی خۆش لێنراوە و چاوەڕوانیم دەکرێت)، بە پەیوەندییەکەشی لەگەڵ پرۆژەی ئەگەری بوونمدا، کـــە لە تێڕامان بەدەرە لە ئەگـــەری خواردنەکە تێدەگەین. لەگەڵ ئەم دوولایەنەدا کە لەیەکدی جیانابنەوە 'مەبەست' ڕۆشنایی دەخاتە سەر جیهان و بە کۆتاییەکی پەیدانەبووی دادەنێت. کۆتایی من حاڵەتێکی دەرەکی نێو جیهانە و ئەگەری منیش بونیادێکی دیاریکراوی خۆیەتییە. یەکێکیان لە تێڕاماندا دەردەکەوێت و دووەمیان دەکەوێتە ئەودیو تێڕامانەوە.

پێنجەم، ئەگەر شـــتە دراوەکە پێناسی مەبەســـتەکە نەکات، ئەوا مەبەستەکە و شـــتە دراوەکـــە لە یەکدی دادەبڕێـــن. لەگەڵ ڕوونەدانی ئەمحاڵەتەدا 'ئێســـتا' پڕدەبێـــت لە زنجیرەیەک ڕووداوی بێداهاتوو. هەروەها، دابڕانەکە بۆ ناســـینەوەی شـــتە دراوەکە پێویســـتە. لەڕاســـتیدا، دراوەکە نابێت بە هۆکار بۆ کردن ئەگەر نەناســـرێت. ناسینەکەشـــی ئەو کاتە ڕوودەدات، کە خۆمانی لێ دووربخەینەوە و لەبەر ڕۆشـــنایی شـــتێکی دیکەدا ببینین. ئەوشـــتەش کۆتاییەکەیـــە. کەوابوو، مەبەست لە سەرهەڵدانێکی یەکگرتوودا کۆتاییەکە دیاریدەکات، خۆی هەڵدەبژێرێت و شـــتە دراوەکە لە کۆتاییەکەدا دەناســـێت. لەنێو ئەم بارودۆخەدا شتە دراوەکە بەو کۆتاییە دادەنرێت، کە هێشـــتا پەیدا نەبووە. لەبەر ڕۆشـــنایی ئەم نەبوونەدا بوون-لەنێو-خۆ دەردەکەوێت. دوو جۆر لەناوبردنی شـــتەدراوەکە تیایدا ڕوودەدات؛ لەلایەکەوە لەڕێگەی دابڕانەکەوە هەموو کارتێکردنەکانی خۆی بەسەر مەبەستەکەوە دەدۆڕێنێت؛ لەلاکەی دیکەشـــەوە، ڕوو لە لەناوچوونێکی دیکە دەکات. نەبوونەکە دەبێتـــە هۆکاری گەڕانەوەی کارتێکردنەکە. مادام ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتیکردنە، لە ناوەڕۆکدا دەبێت بەو بوونەی لە شـــتە دراوەکە دادەبڕێت. ئەو بوونەیە لەگەڵ دابڕان و ڕۆشنایی خستنە سەر ئەو شتەی هێشتا پەیدانەبووە شتە دراوەکە لەوێدا دەهێنێتە کایەوە.

شەشەم، پێویستی شـــتە دراوەکە لە بەستێنی ڕووگەی لەناوچوونەکەوە پەیدا دەبێـــت و لـــە ڕەتدانەوەی ناوەکیـــش دەچێت، کە ئێمە لە کەرتـــی دووەمی[ئەم نوسراوەدا] باسمانکرد. بێسودیشە بیر لە ئاگامەندی بەبێ شتێکی دراو بکەینەوە. لەمحاڵەتـــەدا ئاگامەندی دەبێت بە ئاگایی لە خۆی، وەکو ئاگایی لە هیچ، ئەمەش نەبوونی ڕەهایە. بوونی ئاگامەندیش بە شـــتە دراوەکەوە ئەو واتایە نابەخشـــێت، کە شـــتە دراوەکە ئاگامەندی مەرجداردەکات. ئاگامەندی ڕەتدانەوەیەکی ســـادە

و ڕەوانی شـــتە دراوەکەیە. بوونیشـــی مامەڵەنەکردنە لەگەڵ هەندێک شتی دراو، هەروەها مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو شتە پەیدا نەبووانەی لە کۆتاییدان. ڕەتدانەوەی ناوەکیش ڕاســـتەقینەی ئەو بوونەیە بەردەوام لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خۆیدا لە خـــۆی دووردەکەوێتەوە. ئەگەر ئەم بوونە خۆی ڕەتنەداتەوە دەبێت بەوەی هەیە، بۆنموونە شتێکی سادەی دراو. لەبەر ئەمە پەیوەندی بە شتی دراوەوە نییە چونکە شـــتی دراو ئەوەیە، کە بە سروشت هەیە. ئەمەش هەموو ئەگەرەکانی دەرکەوتنی جیهـــان دەهاوێتە دەرەوە. بۆئەوەی نەبیت بە شـــتێکی دراو، بوون-بۆ-خۆ دەبێت بـــەردەوام لە خۆی دووربکەوێتەوە؛ بەردەوام بوونی خۆی بکات بەوەی، کە نییە. ئەم خەسڵەتەش بوون-بۆ-خۆ وادەردەخات، کە یارمەتی نەدرێت و کۆڵەکەیەکیش بۆ ڕاگرتنی هەبوونی نادۆزێتەوە. لە ســـەرێکی دیکەوە، بوون-بۆ-خۆ سەربەستە و جیهان پەیدادەکات. ئەو بوونەیە دەیەوێ لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی هەیە ببێت بەوەی لە داهاتوودا دەیگاتێ.

سەربەستی بوونی بوون-بۆ-خۆیە. مادام سەربەستیش شتێکی دراو یان خەسڵەت نییە، تەنیا لـــە هەڵبژاردنی خۆیدایە. سەربەســـتی بوون-بۆ-خـــۆ مامەڵەکردنە؛ سەربەســـتی نادیار و بێ هەڵبژاردن نییە. ئێمە بەبێ هەڵبژاردن لە بوونی خۆمان تێناگەین. بەڵام سەربەستی ئەو فاکتۆرەیە، کە هەڵبژاردن بەبێ مەرج دادەنێت.

حەوتـــەم، هەڵبژاردنێـــک بەبـــێ بناخـــە و دیاریکردنی هۆکارەکانـــی بێ واتا دەردەکەوێت. هۆی ئەمەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، کە سەربەستی بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام نابێت بە بناخە بۆ بوونی خۆی. ئێمە دوایی لەم بەشـــەدا بۆ پەیوەندی نێوان سەربەســـتی و فاکتۆر باسیدەکەین. ئێستا ئەوەندە دەڵێین، کە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت و ناتوانێت خۆی هەڵنەبژێرێت. تەنانەت ناتوانێت نەبێت؛ لەڕاســـتیدا، خۆ کوشتن هەڵبژاردنە و سەلماندنی بوونە. لەم ڕێگەیەوە، کە دەبێت بە شـــتێکی دراو، ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی بەشداری لە هەڵکەوتـــی هەمەکی بووندا دەکات، کە ئێمە بە بێهودەیـــی ناوزەدیدەکەین. ئەم هەڵبژاردنـــە لەبەر ئەوە بێهودە نییە، کە بـــێ هۆکارەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە ئەگـــەری خۆ-هەڵنەبژاردنی نییە. هەموو هەڵبژاردنێک لەســـەر بوونێک دامەزراوە چونکـــە هەڵبژاردن هەیە. بەڵام ئـــەم هەڵبژاردنە لێرەدا، وەکـــو ئەو دیاردەیەی ســـەرهەڵدەدات و پەیوەندی بە هیچ شـــتێکەوە نییە، بێهـــودە نییە. لەو ڕووەوە بێهودە دەبێت، کە بە هۆی هەڵبژاردنەوە هەموو بناخە و هۆکارەکان دێنە بوونەوە و واتایان پێدەبەخشرێت. بێهودەیە چونکە بوونێکە لەودیو هۆکارەکانەوە. کەوابوو، سەربەستی بەوجۆرەی ڕۆشنایی دەخاتە سەر بوونی کۆتاییەکە هەڵکەوتێکی سادە و ڕووت نییە. هەڵهاتنێکی بەردەوامە لەدەست هەڵکەوتن؛ بە ناوەکیکردن، لەناوبردن و بەخۆکردنی هەڵکەوتەکەیە، کە دەبێت بە هەڵبژاردن.

هەشـــتەم، پڕۆژە سەربەســـتانەکە بنەڕەتییە چونکە بوونی منە. نابێ تەماع و ســـۆزمان خۆش بوێ و گرێی هەستکردن بەکەمیش بە پڕۆژەی بنەڕەتی دابنرێت. بەڵکو پێویســـتە لە پڕۆژە بنەڕەتییەکانەوە لەوان تێبگەین و بیاناسین. میتۆدێکی فینۆمینۆلۆجی دیاریکراو بۆ دەرخســـتنی پڕۆژە ســـەرەتاییەکە دەبێ بدۆزینەوە. ئێمە ئەم میتۆدەش ناودەنێین ســـایکۆلۆجی شـــیکاری بونگەرایەتی و لە بەشـــی داهاتوودا باســـیدەکەین. ئێستا، ئێمە دەڵێین پڕۆژە بنەڕەتییەکە، کە بوونی منە، پەیوەندی بەمشـــتە و ئەوشـــتەوە نییە، بەڵکو هەمووی بوونمـــە لەنێو جیهاندا. مـــادام جیهانیش لەبەر ڕۆشـــنایی کۆتاییەکە دەردەکەوێت ئـــەوا پڕۆژەکە لەگەڵ ڕووکردنی بـــەرەو کۆتاییەکە جۆرە پەیوەندییەک بە جیهانـــەوە دیاریدەکات، کە بوون-بۆ-خۆ دەیەوێت هەیبێت. پرۆژەکە ســـاتیش نییە چونکە دەشێ لەنێو کاتدا نەبێـــت. هەروەهـــا بەوجۆرەش لە کات بەدەریش نییـــە تاکو دوایی کات بۆ خۆی دابنێ. بیرۆکەی "هەڵبژاردنی خەســـڵەتێکی ئاگامەندانەی" کانت ڕەتدەدەینەوە. بونیادی هەڵبژاردن لەوەدایە، کە هەڵبژاردن لەنێو جیهاندا بێت. ئەو هەڵبژاردنەی هیچـــە و دژی هیچە هەڵبژاردنی هیچە و وەکو هەڵبژاردنیش ڕەتدەدرێتەوە. تەنیا هەڵبژاردنـــی دیاردەیی هەیە بە مەرجێک ئێمەش لە دیاردە، وەکو ڕەها تێبگەین. بـــەلام لەگەڵ ســـەرهەڵدانیدا هەڵبژاردن دەبێت بە کاتی چونکە دەیەوێت ئێســـتا بـــە داهاتوو ڕوشـــنبکات. ئێمە، لێرەدا، لەبەر ئەوەی مامەڵـــە لەگەڵ هەڵبژاردندا دەکەین ئەوا هەموو هەڵبژاردنێکمان ئاماژە بۆ هەڵبژاردنی دیکەش دەکات. ئەگەری هەڵبژاردنەکانی دیکە نە سەریانهەڵداوە و نەئاشکران. ئەمەش واتای بێهودەیی بە هەڵبژاردن و بوونم دەبەخشێت. کەوابوو، سەربەستییەکەم دەبێت بە سەرەخۆرەی سەربەستییەکەم. مادام من سەربەستم، هەموو ئەگەرەکانی خۆم دەکەم بە پڕۆژە. هەمانکات، من خۆم، وەکو کەسێکی سەربەست دەردەخەم و دەتوانم بەردەوام ئەم پڕۆژەیەم ڕەتدەنەوە و بیکەم بە ڕابردوو.

کاتێک بوون-بۆ-خۆ دەیەوێت بیر لە خۆی بکاتەوە ئەو شـــتەی هەیە لەڕێگەی پڕۆژەی نەبوونەوە دەناسێت، لە بوونی خۆی ڕادەکات. ئەوەی هەیە بەجۆرێکی دیکە دەردەخات. خۆنەســـەلماندنەکەی بەسە تاکو سات بەرجەستەبکات؛ کە بە نەمانی پڕۆژەی پێشو پڕۆژەی نوێ دروســـتدەکات. سەرهەڵدانی پڕۆژەی نوێ لەناوبردنی پڕۆژەی پێشـــوە. لەبەرئەمە بوون-بۆ-خۆ لەبوونی نوێـــی خۆی دڵنیانییە. لەگەڵ ڕەتدانـــەوەی ئەو پڕۆژەیـــەی کەوتۆتە نێو ڕابردووەوە دەبێت بـــەو پڕۆژەیەی، کە 'هەبوو'، واتە، پڕۆژەکانی نێو ڕابردوو دەبن بە هەڵوێستی بوون-بۆ-خۆ. هیچ یاسایەکی بوون ژمارەیەکی لەپێســـتر بۆ پرۆژەکانی بوونم دانانێت. ئەم بوونەی بوون-بۆ-خۆ جەوهەری مەرجدار دەکات. بەڵام پێویستە پرس بە مێژووی هەموو مرۆڤێک بکەین تاکو لەبارەی ئەو بوون-بۆ-خۆیەوە بیرۆکەیەکی لێوەرگرین. پڕۆژە هەندەکییەکانمان

لەنێو جیهاندا ڕوو لە داهاتوویـــەک دەکەن و هەموویان لەنێو پڕۆژەیەکی جیهانیدا یەکیـــان گرتووە، کە بوونـــی ئێمەیە. بەڵام ئێمە هەمووی هەڵبـــژاردن و کردنین، ئەوا پڕۆژە جیهانییەکە پڕۆژە هەندەکییەکان ســـنوردار ناکات. هەریەکێک لە ئەوان هەڵبژاردنە؛ جۆرێک لە هەڵکەوت و داهاتووەکەی نەناسراوە. لەگەڵ ئەمەشدا لەنێو بەســـتێنی هەموو پەیوەندییەکانی منەوە لە بوونم لەنێو جیهاندا دەناســـرێن. لەم تێبینیانەوە بیردەکەینەوە باســـی سەربەستی بوون-بۆ-خۆمان لە بنەڕەتی بوونیدا کردبێت. هەروەها، بینیمان ئەم سەربەستییە داوای شتێکی دراوەدەکات، نەک وەکو ســـنورداری بەڵکو چەند مەبەســـتێکی دیکە. یەکەم، سەربەستی ڕەتدانەوەی شتە دراوەکەیە (خاڵـــی پێنجەم)؛ بەڕادەیەک ڕەتدانەوەی ناوەکی و ئاگامەندانەیە (خاڵی شەشـــەم)و ئاگامەندییەکەش ئاگامەندییە لە شتێک. بێجگە لەمە سەربەستی واتە سەربەستی هەڵبژاردن نەک سەربەستی هەڵنەبژاردن.

هەڵنەبژاردنیش، لەڕاستیدا، هەڵبژاردنی هەڵنەبژاردنە. ئاکامی ئەمەش ئەوەیە، هەڵبـــژاردن بناخەی بوونێکـــی هەڵبژێردراوە نەک خودی هەڵبـــژاردن. هەروەها، بێهودەیی سەربەستییە (کە لە خاڵی حەوتەمدا) ڕوونکرایەوە. لەپێشدا ئاماژەمان بۆ شتێکی دراو کرد، کە بێجگە لە فاکتۆری بوون-بۆ-خۆ چی دیکە نییە. دواجاریش، پـــڕۆژە جیهانییەکەی، جیهان ڕۆشـــندەکاتەوە. بە هۆی ئەم و ئەو هەڵوێســـتەوە دەکرێت دیاریبکرێت و بخرێتە سەر هەڵکەوتی جیهان.

هەموو ئەم خاڵانە بەرەو گرفتێکی گرانمان دەبەن: ئەویش پەیوەندی سەربەستییە بە فاکتۆرەوە. هەروەها، توشـــی ڕەخنەشـــمان دەکەن. ئایا من، کە کورتە باڵام دەتوانـــم هەڵیبژێرم باڵابـــەرز بم؟ ئەگەر قۆڵێکم هەبێـــت دووان هەڵبژێرم؟ هتد. ئەمەنە سنورداریتین، کە فاکتۆری حاڵەتەکەم بەسەر سەربەستی هەڵبژاردنەکەمدا دەیســـەپێنێت. کەوابوو، باشـــترە لە لایەنەکانی دیکەی سەربەستی بکۆڵینەوە و باسی پەیوەندییەکەی بە فاکتۆرەوە بکەین.

٢. سەربەستی و فاکتۆر: هەڵوێست

ئەو بەڵگە باوەی دژی سەربەستی دادەنرێت گرنگی باسەکەمان بیردەخاتەوە. دەردەکەوێت بەبێ گۆڕانی هەڵوێســـتمان نەتوانین خۆمان بگۆڕین. من لە وازهێنان لە چینەکەم، نەتەوەکەم و خێزانەکەم یان لە دامەزراندنی دەستەڵات و چارەنوسی خۆمدا سەربەست نیم. من بە کرێکاری، وەکو فەرەنسییەک و بە نەخۆشی سفلسەوە یان سیلەوە لەدایکبووم. مێژووی ژیان، بەهەرجۆرێک بێت، مێژووی سەرنەکەوتنە. هەروەها، بۆ پەیڕەویکردنی سروشـــت پێویستە ملکەچ بیت؛ ئەمەش دامەزراندنی کارەکانمە لەنێو تۆڕی ناچارەکییدا. لەوەدەچێت مرۆڤ لەجێگەی خۆدروســـتکردن

ئاووهەوا، زەمین، ڕەگەز یان چین و زمان دروســـتیبکەن. ئەو بەشێکە لە میرات، بارودۆخی منداڵی، ڕەوشت و ڕووداوە گەورە و بچوکەکانی ژیانی.

ئەم بەڵگەیە گرفتێکی گەورەی بۆ شــوێنکەوتوانی سەربەستی دروستنەکردووە. دێکارت، لەپێش هەموو بیریارەکانەوە (ویســتی)بە نەبڕاوە داناوە و لەو باوەڕەشدایە پێویســـتە "خۆمان بدۆزینەوە نەک چاوەڕوانی چارەنوس بین." لێرەدا، دەبێت چەند جیاوازییەک دەستنیشـــان بکرێن. شوێنکەوتوانی ناچارەکی باس لە چەند فاکتۆریک دەکەن، کە پێویســـت نـــاکات ئێمە ئاوەڕیان لێبدەینـــەوە. بەتایبەتی پێکەوەبوونی لایەنە دژەکان لەنێو شـــتەکاندا دژی سەربەســـتی بە بەڵگـــە دانانرێت چونکە ئێمە پەیدایاندەکەیـــن. لوتکەی چیاکە، کە خۆی بە بەرز و ســـەخت بـــۆ پێداهەڵگەڕان دەردەخات، بۆ تەماشاکردنی دەشت و دۆڵەکە شوێنێکی خۆشە. لوتکەکە بە تەنیا و بەبێ ئەم پەیوەندییانە شتێکی بێ لایەنە: چاوەڕوانە کۆتاییەک ڕۆشنایی بخاتە سەر و بدۆزرێتەوە و خۆی، وەکو کۆسپ یان شوێنێکی خۆش دەربخات. هەروەها، خۆی لەنێو بەستێنی ئامێرە-ئاڵۆزەکان، کە لەپێشتر باسمانکرد، بەرجەستەدەکات. بەبێ تەکنیکی هەڵگەڕان بەسەر شاخدا و ئەو شتانەی پێویستیمان پێیانە لوتکەکە بۆ هەڵگەڕان نە ئاسان و نە سەختە؛ پرسیارکردنەکەش لەبارەیەوە پەیوەندی بە شاخ هەڵگەڕان نابێت. شتە سەختەکان (کە هایدیگەر بە 'هەبووە سەختەکان' ناوزەدیان دەکات، لەسەرەتاوە سەربەستی کارکردنەکانمان بەربەستدەکەن، بەڵام سەربەستییەکەمان ئەو بەستێن و تەکنیکانە یان کۆتاییانە پێکدەهێنن، کە پەیوەندییان بە دەرخستنی بەربەستەکەوە هەیە. ئەگەر لوتکەکە "زۆر ســـەخت بۆ هەڵگەڕانیـــش" دەرکەوێت، ئێمەش کۆڵ لە هەڵگەڕانەکە بدەین لوتکەکە بەمجۆرە خۆی نیشاندەدات چونکە لەبنەڕەتەوە ئێمە بەو شتەمان دانا، کە دەتوانین پیایدا هەڵگەڕێین. کەواتە، سەربەستییەکەمان ئەو ڕێگرانە پێکدەهێنێت، کە توشمان دەبن.

هەڵبەتە، پاش ئەم تێبینیانە، ئـــەوەی ناوی نەهێنراوە و بیری لێنەکراوەتەوە لە بوون-لەنێو-خۆدایە، کە لەو فاکتۆرە بەرپرســـە سەربەســـتییەکەمان ڕۆشنایی دەخاتەســـەر. ئەم پاشماوەیە نابێت بە بەربەستی سەربەسستی: لەڕاستیدا چەند پاشماوەکە سەخت بێت سەربەستییەکەش زۆرتر دەبێت بە سەربەستی. بێگومان، هەموو کەســـێک لەگەڵ ئێمە لەســـەر ئەو خاڵە هاوڕایە، کە کەسێکی سەربەست ئەوەیە بڕیار لەســـەر پرۆژەکانی بدات. بۆ ئەوەی بە کردەوە پرۆژەکان دابمەزرێن و بڕیاردان لەســـەر کۆتایی پرۆژەیەکی ســـادە دەبێت لە ناســـینەوەی لەپێشتری کۆتاییەکە جیابکرێتەوە. ئەگەر ناســـین بۆ بڕیـــاردان بەس بێت، ئەوا بە جۆرێک دەکەومە نێو جیهانەوە، کە خەون و ڕاســـتەقینەی تێدا جیانەکرێنەوە. من حوکم بەســـەردادراوە گۆڕانکارییەکانی جیهـــان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانـــی ئاگامەندیمدا

ببینـــم؛ من ناتوانم له پەیوەندییەکەمـــدا لەگەڵ چەمکەکەم "لەنێو کەوانەدانان" و دواخســـتنی حوکمدانەکەم بکەم، کە ڕاســـتەقینە لە چیرۆک جیادەکاتەوە. ئەگەر بابەتێک کتوپڕ لەگەڵ هەســـتپێکردنەکەدا ســـەرهەڵدات ئەوا ناتوانین هەڵیبژێرن یـــان ئەو بابەتە بێت ئێمە دەمانەوێت. کاتێک جیاوازی لەنێوان حەزێکی ســـادە، نوێنەرایەتییدا من هەڵیدەبژێرم و هەڵبژاردن دامەزرا، سەربەستیش وندەبێت. ئەو کاتە سەربەستین، کە دوا چەمکێک ئێمە بە خۆمان دەناسێنێت دەبێت بە کۆتایی و ئەوەی هێشتا نییە. لە ئاکامدا، دەشێ کۆتاییەکە بەرزێتی بێت بەتایبەتی ئەگەر هەبوویەکی ڕاســـتەقینە بێت و ئێمەش لە خۆی جیابکاتەوە. لەگەڵ ڕەتدانەوەی ناوەکیدا بوون-بۆ-خۆ ڕۆشـــنایی دەخاتە ســـەر بوونی شتەکان و پەیوەندییان بە یەکدییەوە. لێرەدا، سوڕانەوەی بازنەیی نادۆزینەوە چونکە سەرهەڵدانی بوون-بۆ-خۆ ڕاســـتەوخۆ کاریگەرێتی خۆی دەنوێنێت. ئەگەر ئەمەش دروســـت بێت، ئەوا بەرجەستەبوونی شتەکان لە سەربەستی جیانابێتەوە. بە هۆی ئەوانەوە سەربەستی خـــۆی لەکۆتاییەکە جیادەکاتەوە و یەکدەگرێتەوە، کە[بوون-بۆ-خۆ]دەکات بەوەی هەیە. بەرگریکردن لەلایەن هەبوویەکەوە مەترســـی بۆ سەربەستی دروستناکات و یارمەتیدەدات خۆی وەکو سەربەســـتی بەرجەستەبکات. سەربەستی بوون-بۆ-خۆ بە بەرگریکردن لەلایەن جیهانەوە هەیە. لەدەرەوەی ئەم پەیوەندییەدا چەمکەکانی سەربەستی، ناچارەکی و پێویستی واتایان وندەکەن.

لەســـەرو ئەمەوە پێویســـتە ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکەین، کە سەربەستی ئەو واتایە نابەخشـــێت "هەموو خواستێکت بەدەســـت بهێنێت"، بەڵکو ئەوەیە (لەنێو واتا بەرفراوانەکەی هەڵبژاردندا) "کەســـێک خواســـتەکانی خۆی دیاریبکات." بە واتایەکی دیکە، ســـەرکەوتن بۆ سەربەستی گرنگ نییە. بەڵگەی کەسە سادەکان دژی فەیلەســـوفەکان لە تێنەگەیشـــتنەوە پەیدادەبێت: چەمکـــی ئەزمونگەرانە و باوی سەربەســـتی، کە بارودۆخی مێژوویی، ڕامیاری و ئاکاری هێناویانەتە کایەوە، "تەواناییە بۆ گەیشـــتن بە کۆتایی." چەمکی فەلســـەفی و تەکنیکی سەربەستی، ئەو چەمکەی ئێمە دەمانەوێت بەکاریبهێنین ســـەربەخۆیی هەڵبژاردنە. بەهەرحاڵ، پێویســـتە، ئەوەش بزانین کە هەڵبژاردن و کردن یەک شـــتن و بۆ ئەوەی خەون و خواست لەیەکدی جیابکرێنەوە دەبێت پێش بڕیاردان لەسەری هەڵبژاردن بناسرێت. ناگونجێت بڵێین زیندانییەکە هەمیشـــە لە چوونەدەرەوەی لە زیندان سەربەستە. ئەمە بێهودەیە یان بڵێن لە حەزکردنەکەی بۆ بەربوون سەربەستە، کە ڕاستییەکی سادەیە. ئەو لەهەوڵدانیدا بۆ ڕاکردن لە زیندان (یان بەربوون) سەربەستە؛ لەهەرچ حاڵەتێکدا بێت، دەتوانێت ڕاکردن بکات بە پرۆژە و بەهاکەشی لەڕێگای کارکردن بۆ ڕاکردنەکە دیاریبکات.

لەبەرئـــەوەی هەڵبـــژاردن و کردن لـــە یەکدی جیاناکەینەوە، باســـەکەمان بۆ سەربەســـتی زۆرمان لێدەکات واز لە جیاوازی نێوان مەبەست و کردنیش بهینین. وەکو چۆن بیرۆکەکان لەو زمانە جیانابنەوە، کە دەریاندەبڕێت مەبەستیش لە کردن جیانابێتەوە؛ گوتەکانمان بیرۆکەکانمان دەردەخەن و کردەوەکانیشمان مەبەستەکان بەرجەستەدەکەن. یارمەتی مەبەستەکانمان دەدەن تاکو مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا بکەن.

دێکارت، پاش تێگەیشـــتن لە ڕواقییەکان، ئەم جیاوازییەی نێوان سەربەستی هەڵبژاردن و سەربەســـتی بۆ وەدەستهێنان باســـکردوە. هەروەها، کۆتاییش بەو بەڵگانە دەهێنێت، کە لەســـەر جیاوازی نێوان "ویســـت" و "توانایی" ڕادەوەستن و تاکو ئەمرۆش نەیارانی سەربەســـتی بەکاریاندەهێنن. لەگەڵ ئەمەشدا، دروستە سەربەســـتی لەلایەن بابەتە ڕەتدراوەکەیەوە بەرەنگاری دەکرێت. بۆ دەرخســـتنی ئەوەی بزانین، کە لایەنە دژوەســـتاوەکان و خەســـڵەتی بابەتەکە لە سەربەستی جیانابنەوە، دەبێـــت بەڵگەیەک دابمەزرێنین دوو ڕێگا ببڕێـــت؛ یارمەتیمان بدات بیســـەلمێنین سەربەســـتی لە ئاستی بابەتە دراوەکەیدا بە ســـاختە دەرناچێت و لەلایەکی دیکەشەوە بارودۆخێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ سەربەستی دەربخات. ئایا نابێت لەگەڵ هەندێک فەیلەســـوفی سەردەمدا بڵێین، سەربەســـتی بەبێ ڕێگرتن نییە؟ وەکو چۆن ئەوەمان باســـکرد، کە سەربەســـتی بەتەنیا ناتوانێت ڕێگەگرتنەکە بۆ خۆی دروستبکات، مەحاڵیشـــە بڵێین بوون-لەنێو-خۆ ئۆنتۆلۆجییانە لە بوون-بۆ-خۆ لەپێشـــترە. لەبەرئەمە بۆ خاڵەکانی پێشـــومان دەگەڕێینەوە و مامەڵە لەگەڵ پرســـیارەکەمان ســـەبارەت فاکتۆر دەکەیـــن. ئێمە ئەو خاڵەمان ســـەلماند، کە بوون-بۆ-خۆ سەربەســـتە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێـــت بوون-بۆ-خۆ بناخەی بوونی خۆیەتی. ئەگەر سەربەستی لەوەدابێت ئەو بوونە بناخەی خۆیەتی، ئەوا پێویستە سەربەستی بڕیار لەسەر بوونی خۆی بدات. ئەم پێویستییەش بە دووجۆر واتاکەی لێکدەدرێتەوە. یەکەم، پێویستە سەربەستی بڕیار لەسەر بوونی-سەربەستی خۆی بـــدات. ئەمەش تەنیا لە هەڵبژاردنی کۆتاییدا نییە، بەڵکو دەبێت بوونی خۆشـــی هەڵبژێرێـــت. ئەمە ئـــەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەر بوونی سەربەســـت و بوونی نا-سەربەست پێکەوە و بەیەکسانی لەبەردەم هەڵبژاردنە سەربەستەکەدا قوتدەبنەوە. مادام سەربەســـتییە لەپێشترەکە بۆ هەڵبژاردنی سەربەستی پێویستە ئەوا توشی پرۆسەیەکی نەبڕاوە دەبین. لەڕاستیدا، ئێمە ئەو سەربەستییەین، کە هەڵدەبژێرێت، بەڵام هەڵینابژێرین سەربەســـت نین. حوکم بەســـەر ئێمەدا دراوە سەربەست بین، وەکو لەپێشتر باسمانکرد، فڕێدراوینەتە نێو سەربەستییەوە یان هایدیگەر گوتەنی، (بەجێماوین). بەجێمانەکەش بێجگە لە سەربەستی هیچ بناخەیەکی دیکەی نییە. ئەگەر سەربەستی ڕاکردن لە بابەتە دراوەکە و فاکتۆر بێت، ئەوا فاکتۆری ڕاکردن

له فاکتۆر دێتەکایەوە. ئەمەش فاکتۆری سەربەستییە. مادام سەربەستی نابێت بە بناخە بۆ بوونی خۆی، ئێمە دەتوانین بە جۆرێکی دیکەش لەم خاڵە تێبگەین، کە بەهەمان ئاکاممان دەگەیەنێت. ئەگەر سەربەستی بڕیار لەسەر بوونی خۆی بدات تەنیا بوونی نا-سەربەستانەی من نابێت بەشتێکی پێویست بەڵکو نەبوونی ڕەهای منیش دەبێت بە گونجاو. ئێمە بینیمان چۆن لە پرۆژەی سەرەتایی سەربەستیدا کۆتایی بۆ هۆکارەکان دەگەڕێتەوە تاکو پێکیان بهێنێت؛ بەڵام ئەگەر سەربەستی بناخەی خۆی بێت، ئەوا کۆتاییەکە دەبێت بۆ خۆی بگەڕێتەوە و هۆکەش بهێنێتە بوونەوە. بابزانین ئاکامی ئەمە چییە: بوون-بۆ-خۆ لە نەبوونەوە بۆ گەیشتن بە کۆتایی ڕێدەگرێت. ئەم شێوازی بوونە بەگوێرەی کۆتاییەکەی دەگونجێت نەک بەگوێرەی ماف یان فاکتۆر. هەروەها، دروستە لەنێو یەکێک لەو هەزار ڕێگایانەی بوون-بۆ-خۆ ڕوویانتێدەکات، ئەم بوونە خۆی بە کەسانی دیکە، وەکو بوونێکی خاوەن ماف بناسێنێت. ئێمە لەنێو بەستێنێکی بەرفراوانی پرۆژەیەکماندا، کە بوونمان لە هەڵسوکەوتەدا دیاریدەکات لەسەر مافەکانمان سوردەبین. ئەمەش هۆکارە بۆ خۆدانانی مرۆڤ بە هەڵسوکەوتەکانی و خۆی لەبەردەم "دادوەری نێو دادگا" و "فەرمانبەری داراییدا" دەبینێت. بوونی هەریەکێک لەم هەڵسوکەتانە لەسەر کۆتاییەکەیان ڕاوەستاوە. بە خۆدانانی یەکێک لەوان دەکەوێتە سەر خۆپاراستنیش لە هەڵکەوت. بەڵام سەرکەوتن، وەدەستهێنان لە ڕاکردن و هەڵکەوت دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی بوونی هەڵکەوتەکە. سەربەستی بە کۆتاییەکەی خۆی سنوردارناکات. بێگومان بە هەڵبژاردنەوە هەیە، کە کۆتاییەکە دروستدەکات، بەڵام خاوەنی ئەو ڕاستییەش نییە، کە گوایە سەربەستییەک هەیە کۆتاییەکە دەناسێت. ئەو سەربەستییەی بوونی خۆی پێکدەهێنێت واتای سەربەستی وندەکات. سەربەستی دەستەڵاتێکی سادە و بێسنور نییە. ئەگەر وا بوایە دەبوو بە هیچ یان بوون-لەنێو-خۆ؛ بە تێهەڵکێشکردنی شێواوی نەبوون و بوون-لەنێو-خۆ کەسێک سەربەستی بە هێزێکی ڕووتی پێش هەڵبژاردن دادەنێت. سەربەستی لەگەڵ سەرهەڵدانی کردەوە خۆی سنورداردەکات. وەکو بینیمان، کردنیش پێویستی بە لەناوبردنی بابەتەکەی هەیە. مرۆڤ کار لەسەر شتێک یان بەرانبەر شتێک دەکات. کەوابوو، سەربەستی کەمی بوونە لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ شتە دراوەکە؛ بوون بە پڕی سەرهەڵنادات. ئەگەر ئەم کەلەبەرە بێت لە بووندا، ئەم نەبوونەی بوون، کە باسمانکرد، پێویستی بە هەموو بوونە تاکو لەوێوە، وەکو کەلەبەر خۆی دەربخات. بوونی خۆی لە نەبوونەوە دیاریناکات چونکە هەموو بەرهەمێک لەبەر ڕۆشنایی نەبووندا تەنیا بوون-لەنێو-خۆیە.

ئێمە لە کەرتی یەکەمی ئەم نوسراوەدا سەلماندمان، کە نەبوون تەنیا لەنێو بووندا سەرهەڵدەدات. ئێستا دەمانەوێت لە پەیوەندی نێوان بونیادەکانیان

تێبگەین. لەبەر ئەوەی سەربەستی ڕاکردنە لە بوون و خۆ لەگەڵ بووندا ڕێکناخات، لەنێو پرۆژەی (پشکنین)دا دروستدەبێت؛ ئەگەر کەسێک لەنێو ئامانجێکدا زیندانی نەکرابێت لێی ڕاناکات. پرۆژەی (خۆ) لە قەراخ بووندا ناتوانێت ببێت بە لەناوبەری بوونەکە. سەربەستی ڕاکردنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بووندا؛ لە ناوبردنی ئەو بوونەیە، کە هەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دەبێ لەپێشـــدا ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی هەبێت و دوایی سەربەستییەکەی بدۆزرێتەوە. لەپێش و دوایی دوو چەمکن خودی سەربەستی دایهێناون. سەربەستی دووجۆر لەناوبردنە، لەناوبردنی ئەو بوونەی، کە هەیە و لەناوبردنی ئەو بوونەی لەنێو بوونە هەبووەکەدایە. ئاشـــکرایە، سەربەستی بوون-لەنێو-خۆ نییە. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی کەمییەکە و ئەو کۆتاییەی هەڵبژاردوە بوونێک هەیە، کە دەبێت بەبوونی ئەو. سەربەســـتی لەپشـــت بوونی خۆیەتی یان لەودیو ئەو بوونەیە، کە هەڵینەبژاردوە؛ مادام ئاوەڕ لە خۆی دەداتەوە، سەربەستی دەبێت بەســـەرچاوە بۆ سەرهەڵدانی پەیوەندییەکەی بە بوونەوە؛ یان بوونی لەنێو جیهاندا. سەربەســـتیش ئەوە نییە کەسێک سەربەست بێت سەربەست نەبێت یان بوونی نەبێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاســـتەقینەیەی، کە ئەو ناتوانێت نەبێت یان نەبێت بەهەڵکەوت. هەڵکەوت و فاکتۆر یەک شـــتن؛ بوونێک هەیە، کە سەربەستییە و لە شێوازی نەبوون (لەناوبردن)دایە. بوونی فاکتۆری سەربەستی یان بوون لەنێو جیهاندا یەک شتن و لەیەکدی دەچن. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لە بنەڕەتەوە سەربەستی پەیوەندییە لەگەڵ شتە دراوەکەدا.

ئایا ئەم پەیوەندییە چییە؟ ئایا ئەوە دەگەیەنێت، کە شتەدراوەکە (بوون-لەنێو-خۆ) سەربەســـتی ســـنورداردەکات؟ با لە نزیکەوە تەماشای ئەم کێشەیە بکەین. شـــتەدراوەکە نابێتە هۆکار بۆ سەربەستی (چونکە تەنیا شتی دراو دروستدەکات)، هەروەها بەڵگەش بۆ سەربەستی نییە (چونکە سەربەستی بەڵگە دادەنێت). مادام ئێمەش لە ئاســـتی هەڵکەوتێکـــی ڕەواندایـن، ئەوا نابێت بە مەرجێکی پێویســـت بۆ سەربەســـتی. ئەو زەمینەش نییە، کە بەبێ ئەو سەربەســـتی نەتوانێت خۆی بخاتەگەڕ چونکە ئەگەر وابێت سەربەستی دەبێت بە فۆرمەکەی ئەریستۆ و شتیکی لەپێشتر ئامادەکراو یان (پنیۆما)ی ڕواقییەکان و بەدوای ئەستویەکدا دەگەڕێت کاری لەسەربکات. شتەدراوەکە ناکەوێتە نێو پێکهاتەی سەربەستییەوە چونکە سەربەستی ناوەکییە و ڕەتدانەوەی ناوەکی شـــتەدراوەکەیە. سەربەستی بە هەڵبژاردنی خۆی دەبێت بە هەڵکەوتێکی ڕەوان و شـــتەدراوەکە ڕەتدەداتەوە. شتەدراوەکە پانتایی بوونە و سەربەســـتی بە کەمییەکەیەوە ڕەنگی دەکات، بەڕەتدانەوەکەشی ڕووناکی دەخاتە ســـەر و ئەو کۆتاییەی تێدا دەبینێت، کە هێشـــتا پەیـــدا نەبووە. مادام سەربەستی هەیە شـــتە دراوەکەش دەبێت بە سەربەستی. سەربەستیش ناتوانێت بە هیچ جۆرێک خۆی لە بوون بشـــارێتەوە. پێویســـتە خوێنەر تێبگات، کە شتە

دراوەکە ئەوەیە بوون-بۆ-خۆ ڕەتی دەداتەوە ببێت بە ئەو. لەش، وەکو تێڕوانینێک بـــۆ جیهان، ئەو ڕابـــردووەی بووە بە جەوهەری بوون-بۆ-خۆ ســـەر بە یەک جۆر ڕاستەقینەن. سەربەستی لەگەڵ خۆ دوورخستنەوەکەیدا سیستەمی پەیوەندییەکان دادەمەزرێنێت. ئەمەش لەســـەر تەماشاکردنی کۆتاییەکەیە لەنێوان هەموو بوونە-لەنێو-خۆکانـــدا (پانتایی بوون لەنێـــو جیهاندا) و ئەو بوونەی ســـەرهەڵدەدات، ڕوودەدات.

لەگـــەڵ پرۆژەدانان و ڕووەو کۆتایی سەربەســـتی خـــۆی دەکات بە بوونێکی هەندەکـــی و هەبوو لەنێو جیهاندا. سەربەســـتی بوونی خۆی هەڵنابژێرێت؛ بەڵکو بـــە هەڵبژاردنی کۆتاییەکەی ئەو هەبووەش لەم یان لەو شـــێوازەدا پەیدادەکات. هەڵکەوتنـــی سەربەســـتی و جیهان لەبەر ڕۆشـــنایی کۆتاییـــە هەڵبژێردراوەکەدا دەردەکەوێـــت؛ لەنێو یەک ڕەتدانەوەدا دادەمەزرێت. سەربەســـتیش ناتوانێت ئەو هەبووە بناسێتەوە چونکە بۆ ئەو کارە دەبێت خۆی لەدەرەوە هەڵبژاردنەکان ڕاگرێت. ئەمەش سەربەســـتی لەناودەبات. ئێمە هەڵوێست بۆ هەڵکەوتی سەربەستی لەنێو پانتایی بووندا بەکاردەهێنین، ئەگەر شتەدراوەکەی لەبەر ڕۆشنایی هەڵبژاردنەکەدا سەربەستی سنوردار نەکات. کەوابوو، شتەدراوەکە خۆی وەکو بوون-لەنێو-خۆیەکی دڕندە نیشانناداتن. هەمیشەش وەکو هۆکار دەناسرێت و کۆتاییەکە دەریدەخات.

هەڵوێســـت و هاندەر یەک شـــتن. بوون-بۆ-خۆ خۆی لەنێو مامەڵەکردن لەگەڵ بووندا و هەڕەشـــەکردن لەلایـــەن بوونەوە دەدۆزێتەوە. حاڵەتی شـــتەکان، وەکو هۆکار بۆ ڕەتدانەوە، بەرگریکـــردن و پەلاماردان دەبینێت. بەڵام دەتوانێت ئەوانە بدۆزێتەوە ئەگەر سەربەســـتانە ڕوو لە کۆتاییەکە بکات، هەست بە هەڕەشەکردن و خۆشـــگوزەرانی دەوروبەری بکات. ئەم تێبینیانە دەریدەخەن، هەڵوێســـت، کە دەستکردی هەڵکەوتنی بوون-لەنێو-خۆ و سەربەستییە، دیاردەیەکی تەمومژاوییە و مەحاڵە بوون-بۆ-خۆ تیایدا بەشـــداریکردنی سەربەســـتی و هەبووەکە لەیەکدی جیابکاتەوە. بەوجۆرەی سەربەســـتی ڕاکردنە لە هەڵکەوت، کە بۆ ئەوەی ڕابکات دەبـــێ هەبێت، هەڵوێســـتیش هاوئاهەنگییەکـــی سەربەســـتانە و دیاریکردنێکی سەربەســـتانەی هەبووە دڕندەکەیە، کە ڕێگە بە دیاریکردنەکە بە هیچ شـــێوەیەک نادات. من لەژێر لوتکەی چیایەکدام، کە ناپێورێت. تاشە بەردەکە، وەکو پرۆژەی دووەم لەنێو پرۆژەی پێوانەکەدا دەبینرێت. واتاکەشـــی بە پرۆژە سەرەتاییەکەی بوونمـــەوە لەنێو جیهاندا بەســـتراوە. کەوابوو، بەردەکە لەنێـــو زەمینەی جیهاندا هەڵبژاردنە سەربەســـتە سەرەتاییەکەم دەیتاشێ. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی سەربەستییەکەم دەستی نایگاتێ پێوانی بەردەکەیە. ئەمەش پەیوەندی بە بوونی سەختی بەردەکەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەکە بەرگریکردنی خۆی بۆ پێوانەکە دەردەخات ئەگەر بۆ پێوان سەربەســـتی بیخاتە نێو هەڵوێستەوە. بۆ گەشتیارێک

بێـــرەدا گـــوزەردەکات و دەیەوێت جوانی دەشـــت و دەر ببینێت، لوتکەی چیاکە خۆی وەکو شـــتێک بپێوێت یان نا دەرناخات؛ وەکو شـــتێکی جوان یان ناشـــرین دەبینرێت. مەحاڵە بزانین، لە هەموو حاڵەتێکی تایبەتدا، چی لە سەربەستی و لە هەبووە دڕندەکەوە ڕوو لە بوون-بۆ-خۆ دەکات. شتەدراوەکە تەنیا لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەی سەربەستیدا دەبینرێت. پرۆژەی سەربەستیش شتە دراوەکە، بەو جۆرەی هەیـــە دەردەخات (بەرگریدەکات یان تەســـلیم دەبێت). پێویســـتە ئەوەش بزانین بەرگریکردنی شـــتەدراوەکە خەســـڵەتێکی بوون-بۆ-خۆ نییە ڕاستەوخۆ بناسرێت. سەربەستی ڕۆشنایی دەخاتەســـەر. جیهان بەرانبەر سەربەستی بەرەنگاریدەکات. مرۆڤ لە سەربەســـتییەکەیدا توشی بەرەنگاری دەبێتەوە. هەروەها، ئەوەی بۆ من دەبێت بە ڕێگر لەوانەیە بۆ کەســـێکی دیکە ڕێگر نەبێـــت. ڕێگرتنێکی ڕەها نییە و تەنیا لەنێو پێکەوەبوونی لایەنە نەیارە سەربەســـتەکان سەرهەڵدەدات. پێکەوە بوونەکەش بەهای کۆتایی سەربەســـتییەکە دیاریدەکات. تاشـــەبەردەکە ناتوانێت ببێت بە ڕێگر ئەگەر من ســـوربم لەسەر هەڵگەڕان بە لوتکەی چیاکەدا. لەلایەکی دیکەشـــەوە، ئەگەر من ئارەزووەکەم بۆ هەڵگەڕان مەرجداربکەم لوتکەکە نابێت بە هاندەر بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکەم.

کەوابوو، پێکەوەبوونم لەگەڵ جیهاندا، وەکو دوولایەنی نەیار، پەیوەندی وەستانم لەئاستی کۆتاییەکانمدا، کە خۆم دایدەمەزرێنم دەردەخات. پەیوەندییەکەش ئاسان نییە. پەیوەندییەکە سەربەســـتی ڕۆشنایی دەخاتەسەر و لەنێو شتە دراوەکەدایە، لە لێواری تاشـــەبەردەکە و سەربەستییەکەی مندایە؛ لەنێوان فاکتۆرێکی ڕووت و هەڵکەوتێکدایە، کە نییە. لەوانەیە هەڵگەڕان بەســـەر تاشەبەردەکەدا بۆ کەسێکی وەرزشکار ئاسان و کەسێکی دیکە سەخت بێت، کە لەشی ڕانەهاتووە. لەشەکەش لێـــرەدا وا خـــۆی دەردەخات پەیوەنـــدی بە وەرزش و ڕاهێنانەوە سەربەســـتانە هەبێت. من لەبەر ئەوەی لەوێدا وەستاوم و خۆم کردوە بەوەی هەم تاشەبەردەکە، وەکو نەیار دەردەکەوێت. بۆ پارێزەرێک لەنێو شـــار دەژی و ڕۆبی پارێزەری لەنێو دادگا لەبەردایـــە، هەڵگەڕانی بەردەکە نە ســـەختە و نە ئاســـان؛ لەنێو هەمووی 'جیهـــان'دا تواوەتەوە. لەلایەکەوە، من لەشـــم بە لاواز هەڵدەبژێرم و لەئاســـتی ســـەختییەکاندا (هەڵگەڕان بەســـەر چیادا، ســـواری پاســـکیل یان وەرزشکردن) ڕایدەگرم. ئەگەر بەشداری لەوەرزشدا نەکەم. لەنێوشار بژیم، تەنیا بازرگانی بکەم یان بنوسم، ئەوا لەشم بۆ کارە[سەختەکان] ناگونجێت.

کەوابوو، با بڕوانینە پارادۆکســـی سەربەســـتی: سەربەستی لەنێو هەڵوێستدا هەیە، هەڵوێســـتیش لەنێو سەربەســـتیدایە. لە هەموو شـــوێنێکدا، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی بەرەنگاری و ڕێگرەکان دەبێتەوە، کە خۆی دروستینەکردون و واتاکەشیان لە هەڵبژاردنە سەربەستەکەیدا دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی لە واتاکانیان

تێبگەین چەند نموونەیەک دەهێنێنەوە. ئەوەی بە فاکتۆری سەربەستی ناوزەدمانکرد شـــتێکی دراو بوو، کە هەیە و پرۆژەکە ڕۆشـــنایی دەخاتە سەر. هەرچەندە لەبەر ڕۆشـــنایی یەکێتی پرۆژەیەکدا دەردەکەوێت، شتەدراوەکە بە چەند شێوازێک خۆی بەرجەستەدەکات. ئەو شـــوێن، لەش، ڕابردوو، بارودۆخی منە و کەسانی دیکەش حوکمی بەســـەردا دەدەن. دواجاریش، دەبێت بە پەیوەندییە بنەڕەتییەکەم لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ئێمە بە نموونەوە ئەم بونیادانەی هەڵوێست باسدەکەین. باشترە ئەو خاڵەشـــمان لەبیرنەچێت، کە هیچ لەم بونیادانـــە لەوانی دیکە جیانابێتەوە و بەتەنیا نییە.

ئەلف. شوێنی من

ئەو شـــوێنەی منی تێدایە، بەگوێرەی (ئەوان)ی نێو جیهان، پێناســـدەکرێت. بێگومـــان، ئـــەو خاڵەیە منـــی تێـــدا "دەژیـــم" (وڵاتەکەمە بە خۆرەتـــاوەوە، ئاوهەواو، ســـامانەکەی، دەریا، ڕوبار و چیاکانی). هەروەها، ڕێکخســـتنی بابەتە ئامادەبووەکانیشـــە (وەکو مێزەکە، پەنجەرەی پشت مێزەکە، کەنتۆری لای چەپی مێزەکە، کورســـییەکەی لای ڕاست و لەودیو پەنجەرەکەشەوە شەقام و دەریاکە.) ئەمانە هەموویان دەبن بە بەشـــی ڕێکخستنەکە. ناگونجێت من لە شوێنێکدا نەبم، ئەگینـــا پەیوەندییەکەم بە جیهانەوە دەبێت بەحاڵەتـــی لێکۆڵینەوە و جیهانیش بەوجۆرەی باسمانکرد بۆ من نابێت. بێجگە لەمە، هەرچەندە سەربەستانە دەتوانم شـــوێنەکەم هەڵبژێرم (من خۆم "هاتم" بۆ ئێرە)، هێشـــتا بوونم لەم شوێنەدا بەو ڕێگە و بابەتانەوە بەستراوە من شوێنیان کەوتوم.

شوێنەکەم ئاماژە بۆ شـــوێنێکی پێشو دەکات، ئەویش بۆ شوێنێکی پێشوتر و هتد، تا دەگاتە هەڵکەوتێکی ڕووتی شوێنەکەم؛ ئەوەش ئەو شوێنەیە، کە ئاماژە بۆ شوێنێکی دیکە ناکات و بەشێکە لە ئەزمونەکەم: ئەو شوێنەیە لەگەڵ لەدایکبوونمدا بە من دراوە. بێسودە ئەم شوێنەش لەسەر ئەو شوێنەی دایکم لە کاتی لەدایکبوونی مندا لەسەری وەستاوە، باسبکەم. زنجیرەکە پچڕاوە و ئەو شوێنانەی دایک و باوکم سەربەستانە هەڵیانبژاردووە بۆ شوێنەکانی من دەستنادەن. ئەگەر کەسێک یەکێک لەو شوێنانە بە شوێنی بنەڕەتی من دابنێت، بۆنموونە بڵێت، "من لە بۆردیۆ لەدایکبووم چونکە باوکم بۆکارکردن ڕەوانەی ئەوێ کراوە." یان "من لە تورس لەدایکبووم چونکە باپیرم موڵکی لەوێ هەبووە، دایکیشـــم ســـکی بە من هەبووە، کە هەواڵی مردنی باوکمی بیست چوو لەوێ لەگەڵ باپیرمدا ژیا." ئەمانە دەریدەخەن چۆن لەدایکبوون و شوێنی لەدایکبوونم دەبن بە هەڵکەوت. کەوابوو، لە دایکبوون، وەکو خەسڵەتگەلێکی دیکە، بوون لە شوێندایە یان بەگوێرەی باسەکەمان، شوێن وەرگرتنە.

دەردەکەوێت لێرەدا سەربەستییەکی سنوردارمان هەیە. کاتێک بیریلێدەکەینەوە پرسیاکردنەکە ئاڵۆز دەردەکەوێت. شوێنکەوتوانی ویستی-سەربەست لەو باوەڕەدان لەگەڵ ئامادەبوونم لەو شوێنەی ئێستا تیایدام دەتوانم شوێنی دیکەش هەڵبژێرم. نەیارەکانی سەربەستیش جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەن، کە خەسڵەتی نەبڕاوەی شوێن ڕێگەی هەڵبژاردنەکەی من دەگرێت و شوێنەکەشم دەبەستێت بە بارودۆخی (وەکو شـێوازی تەندروسـتیم و ئاووهەوا و هتد)یەوە. لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا بڕیاردان مەحاڵە چونکە مشتومڕەکەیان نەخراوەتە سەر زەمینەیەکی دروست.

ئەگەر بمانەوێ پرسیارەکە بکەین، پێویستە لەم بەربەرەکانەیەوە بکەوینەڕێ: ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتـی لـە بنەڕەتەوە لەنێو شـتەکاندا شـوێن وەردەگرێت؛ ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتی ئەوەیە، کە لەڕێگەی ئەوەوە شـتەکانیش دەکەونە نێو شوێنەوە. بەبێ ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی شوێن نییە، لەگەڵ ئەمەشدا، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەبێ ئەوەی هیچ گوتەیەکی لەسـەر هەبێت لەنێو شـتەکاندا شوێنی پێدەدرێت. لەڕاسـتیدا شتێکی شاراوە لێرەدا نییە، بەڵام باسکردنەکە دەبێت لەم بەربەرەکانەیەوە دەستپێبکات؛ ئەمەش پەیوەندییەکی تەواوی نێوان سەربەستی و فاکتۆر نیشاندەدات.

ئێمە بینیمان، کە شـوێنی ئەندازیـاری، بۆنموونـە ئاڵوگۆرکردنێکی ڕووتی پەیوەندییەکانی نێو شوێن-نەبوونێکی ڕووتە. درێژبوونەوەیەکی ڕەها، وەکو ئەوەی شـوێنەکەی من پێناسیدەکات و لەناوەڕاسـتدایە و دوورییەکەنی لێوە دەپێوین، شـوێنێکی کۆنکرێتییە. لەو شوێنە ڕەهایەوە دەستپێدەکات، کە منی تێدایە. هیچ بنکەیەکی دیکە بە ڕەها بۆ ئاماژەکردنەکان دانانرێت، ئەگەر خاوەنی ڕێژەگەرییەکی جیهانی نەبێت.

ئەگەر درێژبوونەوە لەنێو سـنوری تێگەیشتنی بوونم، وەکو سەربەست یان نا-سەربەست هەبێت، درێژبوونەوەیەک بۆ من ناچارەیی بێت یان جیاواز لەبەرئەوەیە، کـە من بەبێ هەڵبژاردن بێ پێویسـتیش وەکو فاکتۆرێکـی ڕەهای بوونم-لەوێ، لەنێـو شـوێندام. من لێرەم و لەوێ نیم. ئەمە فاکتۆرێکـی ڕەهایە و لە بنەڕەتی درێژبوونەوکەدایـە. هەروەها، لە بنەڕەتی پەیوەندییەکەشـم بە شـتەکانەوەیە. فاکتۆری هەڵکەوتنێکی ڕووت لە واتا بەدەرە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو شـوێنەی منی تێدام، پەیوەندییە. هەڵبەتە هاودەنگە، بـەڵام پەیوەندییەکـە هەموو جارێک وەکو خۆیەتی. ئەگەر بوون لە شـوێندا من سـنورداربکات ئەوا من ناتوانم هەمانکات لە شوێنێکی دیکەدا بم و پەیوەندییەکە دیاریبکـەم؛ تەنانەت ناتوانم لـە پەیوەندییەکەم بە شـتەکانەوە تێبگەم. تەنیا هاندەرە دەروونییەکانم دەبینم، کە بابەتە نەناسراوەکانی دەوروبەرم دەیانوروژێنن. بەهەمانشێوەش، ڕاسـتەقینەی درێژبوونەوە ڕەهاکە وندەبێت و منیش لەو شتانە

دادەبڕێم، کە لە شـــوێن دەچن. لەســـەرو ئەمەوە، من نە سەربەستم و نە ناچار. مـــن بوونێکـــی ڕووتم بەبێ تەوق و بەبـــێ بیانویەکیش تاکو نکۆڵـــی لە تەوق و ڕێگرتن بکەم. ئەوەی بە درێژبوونەوە دادەنرێت و شـــوێنی من پێناسدەکات دێتە جیهانەوە. بەهەمانشـــێوەش ڕۆشنایی دەخاتە سەربوونی من. پێویست ناکات من لە شـــوێندا، بۆنموونە لەوێدا بم. پێویســـتە من بتوانم لێرەدا نەبم تاکو نزیک ئەو بابەتەی دە پێ لە منەوە دوورە و لەو شـــوێنەی لەســـەری ڕادەوەســـتم، لێی بم. هاودەنگی پەیوەندییەکە، کە شـــوێنی من پێناسە دەکات دەبێت بە پەیوەندی ئەو شتەی، کە منە و ئەو شتەی من نیم. ئەم پەیوەندییەش بۆ دامەزراندنی پێویستی بەخۆدەرخستنە. بۆ ئەم کارانەش دەبێت من لەنێو حاڵەتێکدا بم:

(١) پێویستە من بتوانم لەو بوونەی خۆم ڕابکەم، کە ئێستا هەمە، لەناوییەرم و هەمانـــکات بە پەیوەندی دابنێم. ئەم پەیوەندییەش ڕاســـتەوخۆ دەدرێت. لەنێو بیرکردنەوەیەکی ســـادە لە بابەتەکان سەرهەڵنادات (ئەگەر بمانەوێت شوێن لەنێو بیرکردنەوەیەکی ڕووتدا بدۆزینەوە، ئـــەو ڕەخنەیەمان لێدەگرن، کە بابەتەکان بە ڕەهەندە ڕەهاکانەوە نەک دووری و نزیکی ڕەهاوە دەدۆزینەوە).

پەیوەندییەکە لەنێو بیرکردنەوە لە کردەوەکانمان ڕاستەوخۆ بەدەست دێت ("ئەو بـــەرەو ئێمە دێت"، "با خۆمانی لێبشـــارینەوە"، "من بەدوایـــدا ڕادەکەم" و هتد) بیرکردنـــەوەن لە بوونی من لەوێدا. پێویســـتە بوونی منیـــش لەوێدا لە ڕوانگەی ڕەهەندەکانی دیکەوە پێناســـبکرێت. من لەوێدام و کەســـێک بەرەو من ڕادەکات. کەســـێک کاتژمێرێکی دیکەی دەوێت تا بە لوتکەی چیاکە بگات. کاتێک دەڕوانمە لوتکەکـــە، بۆنموونە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕاکردنێک لە منەوە و لەگەڵ لێشـــاوی لوتکەکە بەرەو بوونم-لەوێ دەکەین تاکو خۆم لەنێو هەڵویستێکدا دابنێم. پێویستە من ئەوەبم، کە هەم تاکو لە دەســـتی ڕابکەم. بۆ ئەوەی شـــوێن پێناسەم بکات، پێویســـتە یەکەمجار لە بوونم ڕابکەم و خۆم لە ناوەڕاستی جیهاندا دابنێم. بوونم لەوێ ڕەتکردنەکە ســـنوردارناکات، کە شتەکان دادەمەزرێنێت چونکە بوونم لەوێ شتێکی دراوی ڕووتە و ناتوانێت پرۆژە دابنێت.

(٢) پێویستە لە ڕێگەی ڕەتدانەوەی ناوەکییەوە بتوانم لە 'ئەوانە' ڕابکەم، کە لەنێو ئەو جیهانەدان. ئەوان من نین و منیش لەوێوە ئەو بوونەی هەمە دەیناسم. دۆزینەوە و ڕاکردن لێیان لە ئاکامی ڕەتدانەوەکەوە پەیدادەبێت. لێرەدا، دیسانەوە دەڵێم، کە ڕەتدانەوەی ناوەکی لەئاستی بابەتەکەدا پەیوەندییەکی کتوپڕی هەیە. ناکرێ بڵێین بابەتەکە تێگەیشتنمان دەوروژێنێت؛ بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی شتێک هەبێت پێویســـتە دووری خۆی لە منەوە دەربخات و منیش بە ڕەتدانەوەی ناوەکی لـــە ئەو ڕابکەم. لەناوبردن، ڕەتدانەوەی ناوەکی و گەڕانەوە بۆ بوونی خۆم ســـێ کارکردنی پێکەوە بەستراون. ساتەکانی بەرزێتییە بنەڕەتییەکەن، کە بە لەناوبردنی

مــن ڕوو لە کۆتایی دەکات و منیش لە داهاتوودا بوونی خۆم دەناســم. کەوابوو، سەربەستییەکەم بڕیار لەسەر شوێنم دەدات و دانانم لەوێدا پێناسیدەکات. هۆکاری سنوردارێتی من بەو بوونەوەیە، کە لەوێدایە و بوونی منە بۆ بونیادی ئۆنتۆلۆجیم. وەکو ئەوە نییە، کە هەیە و ئەوەیە، کە نییە دەگەڕێتەوە.

دیاریکردنی شوێن، کە بەرزێتی پێشــیدەکەوێت بە پەیوەندی لەگەڵ کۆتاییدا ڕوودەدات. لەبــەر ڕۆشــنایی کۆتاییدا جێگاکــەم واتا دەبەخشــێت چونکە من بەبێ کۆتایی ناتوانم لەوێدا بم. شــوێنەکەم دەبێت بــە مەنفا یان بەپێچەوانەوە، سروشــت و ئەو ناوچەیــەی مۆریاک بە (کیۆرینچی) ناوزەدیــدەکات و لەگەڵ ئەو شــوێنەدا بەراودیدەکات، کە هەموو کاتێک گایە بریندارکراوەکە لە یاریگاکەدا بۆی دەگەڕێتــەوە. لەگــەڵ پەیوەندییەکەمدا بە پڕۆژەی کردنەوە، جیهان بەگشــتی و بوونم لەنێو جیهاندا، جێگاکەم دەبێت بە یاریدەدەر یان ڕێگر. بوون لەنێو شوێندا واتە دووری و نزیکی. واتاکەش بەستراوە بەو بوونەوە، کە هێشتا پەیدا نەبووە و کەسێک دەیەوێت بیگاتێ. گەیشتن و نەگەیشتن بە کۆتاییەکە شوێن پێناسدەکات. کەوابوو، لەبەر ڕۆشــنایی ئەو نەبوونە و داهاتوودا حاڵەتەکەم دەناسرێت. "بوونم لەوێدا" هانگاونانە بۆ گەیشتن بە قۆرییە چاکە، دەست درێژکەم و پاندانەکە بکەمە نێو شوشــەی مرەکەبەکە، پشــت لە پەنجەرەکە بکەم و پەرتووکەکە بخوێنمەوە، ســواری پاسکیلەکەم ببم؛ لەدەست ماندووبوون و گەرمای نیوەڕۆ بۆ دوو کاتژمێر خۆم ڕزگار بکەم و پیرۆی هاوڕێم ببینم یان ئەگەر بمەوێت (ئانی) ببینم؛ بەشــەو سواری شەمەندەفەرەکە ببم. "بوون لەوێدا" بۆ کۆلۆنێل بیست ڕۆژ دوورییەکەی لە فەرەنساوە دیاریدەکات؛ یان باشترە بڵێین، ئەگەر ئەو فەرماندەر بێت و چاوەڕوانە دەوڵەت خەرجی گەشتەکەی بدات، ئەوا شەش مانگ و حەوت ڕۆژی لە بۆردیا یان ئێتەپلسەوە پێدەچێت. "بوون لەوێدا" بۆ سەربازێک سەدو دە یان سەدو بیست ڕۆژ لە دەرچوونی لە سەربازییەوە دوورە. پڕۆژەکانی داهاتوو لە هەموو شوێنێکدا هەن؛ ئەو داهاتووەیە من بە پاندانە تەڕەکە و مەرەکەب دەینوسم، بوونی من لەنێو شوێندا دیاریدەکات، شپرزەم دەکات یان بێ ئۆقرە و بە نۆستەڵجاوە ڕامدەگرێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر لە دەست چەند کەسێک ڕابکەم و خۆم لە ڕای گشتی بدزمەوە، ئەوا شــوێنەکەم ئەو کاتە پێناسەیدەکات، کە کەسەکان لە دوور و دەرەوەی گوندەکە، بە گەیشــتنیان، منی تێدا دەدۆزنەوە. لەمحاڵەتەدا، دوورەپەرێزییەکەم شــوێنی [خۆشــاردنەوە] بە ئارەزووکراو دەردەخات. لێرەدا بوون لەنێو شــوێندا دەبێت بە پەناگە. هەڵبژاردنی ئەم کۆتاییەم دەکەوێتە نێو پەیوەندییەکانی شــوێنەوە (بەرز و نزم، چەپ و ڕاســت...هتد) تاکو واتای بوونگەرانەیان بدەمێ. ئەگەر لە بناری چیاکەدا بژیم ئەوا چیاکە هەموو لایەنێک دادەپۆشــێت؛ ئەگەر لەسەر لوتکەکەشی ڕاوەستم پڕۆژەی خۆ-بەگەورەدانانم دەیدۆزێتەوە و من لەوێوە خۆم بە گەورەتر لە

کەسانی دیکە دادەنێم. هەروەها ڕووبارەکە دووری دەریا لەبەر ڕۆشنایی پڕۆژەکەمدا دیاریدەکات. ئێمە دوایی بە درێژی، کە باسی بابەتی میتۆد و سایکۆلۆجی شیکاری دەروونناسی دەکەین، لەسەر ئەم خاڵە دەدوێین. پەیوەندی نێوان بابەتەکان لە دەرەوەدا واتا و هێماکان وەرناگرێت چونکە ئێمە دروستیدەکەین. ئەو شارەی بیست میل لە گوندەکەمەوە دوورە و ڕێگەی ئۆتۆمبیلی هەیە لە لوتکەی ئەو چیایە نزیکترە، کە تەنیا چوار میل لێرەوە دوورە و دووهەزارو هەشت سەد مەتر بەرزە. هایدیگەر باسیکردووە چۆن نیگەرانی ڕۆژانە جێگای ئامێرەکان دیاریدەکات و ئەو جێگایەش پەیوەندی بە شوێنی ئەندازیارییەوە نییە: ئەو دەڵێت، چاویلکەکەم لەسەرچاوم لەو بابەتەوە لە من دوورترە، کە لە چاویلکەکەوە دەیبینم.

کەوابوو، پێویستە بڵێین، فاکتۆری شوین بۆ من، لەڕێگەی هەڵبژاردنی سەربەستانەی کۆتاییەکەم سەرهەڵدەدات. سەربەستی لە دۆزینەوەی فاکتۆر جیانابێتەوە. من لە لایەنەکانی پڕۆژەکەی داهاتوومەوە لە واتای فاکتۆر تێدەگەم. لەبەر ڕۆشنای داهاتووە هەڵبژێردراوەکەدا فاکتۆر بە خەسڵەتەکانییەوە خۆی نیشانی من دەدات، منیش بۆم دەردەکەوێت فاکتۆرەکە گرنگە یان نا گرنگ و لاوازە یان لە واتا بەدەرە. خەوبینینم بە ژیانی نیۆرکەوە ژیانی من لە مۆنت دی مارسۆن ناخۆش و ئازاراوی دەکات.

فاکتۆریش تەنیا ڕاستەقینەیەکە سەربەستی دەیدۆزێتەوە و لەگەڵ بینینی کۆتاییەکەدا لەناویدەبات. تەنیا شتێکە کۆتایی واتاکەی تەواودەکات. ئەگەر کۆتایی ڕۆشنایی بخاتەسەر هەڵوێست لەبەر ئەوەیە، کە کۆتایی کراوە بە پێکهاتەی گۆڕانی پڕۆژەی هەڵوێستەکە. شوێنەکەم بە هۆی گۆڕانکاری لە پڕۆژە دانانەکەمدا دەردەکەوێت. گۆڕان ئاماژە بۆ شتێکی گۆڕاو دەکات، کە شوێنەکەی منە. سەربەستی، کەوابوو، ناسینەوەی فاکتۆری منە. بێهودەیە هەوڵی پێناسەکردن و باسکردنی نرخی ئەم فاکتۆرە پێش کاریگەرێتی سەربەستی بەسەریەوە بدەین. شوێنم، پێش سەربەستییەکەم نییە. هەروەها، پرسیارکردنیش لەبارەیەوە نادروستە چونکە مامەڵە لەگەڵ 'پێشتر'دا دەکات، کە بێ واتایە. سەربەستی لەگەڵ بەکاتیکردنی خۆیدا 'پێشتر' و 'پاشتر' دەهێنیتەکایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو خاڵەش، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە بەبێ نرخی فاکتۆر سەربەستی خۆی بە سەربەستی دانانێت. ئەو فاکتۆری سەربەستییەکەی منە. تەنیا بە کردەوە، ئەو کردەوەیەی سەربەستی فاکتۆرەکەی تێدا دەردەخات و بە شوێنی دادەنێت، شوێن، وەکو ڕێگری ئارەزووەکانم دەردەکەوێت. ئەگینا چۆن دەبێت بە ڕێگر؟ ڕێگری چی؟ زۆرلێکردن بۆ چی؟ چیرۆکێک هەیە سەبارەت ئەو کۆچەرەی پاش سەرنەکەوتنی پارتە ڕامیارییەکەی لە فەرەنسا کۆچ بۆ ئەرجەنتین دەکات: کاتێک ئاگادارکرا، کە ئەرجەنتین "زۆر دوورە"، لە وەڵامدا پرسی، "لە چییەوە دوورە؟"

دروستە، ئەرجەنتین بۆ ئەوانەی لە فەرەنسا دەژین دوورە، بەڵام بۆ شۆڕشگێڕێکی جیهانی ئەرجەنتین، وەکو هەموو وڵاتێکی دیکە لە ناوەڕاستی جیهاندایە. ئەگەر سنورەکانی فەرەنسامان کردبێت بە پرۆژەیەکی ڕەهای شوێن بۆ خۆمان، چەند ڕووداوێکی تراجیدیش زۆرمان لێبکەن ڕوو لە هەندەران بکەین، ئەوا لەم پرۆژەیەدا ئەرجەنتین بۆ ئێمە وەکو هەندەران زۆر دوورە و خۆمان بە ئاوارە دادەنێین.

کەوابوو، ئەو ڕێگرەی توشی بووین سەربەستییەکەمان دروستیدەکات. سەربەستییە لەگەڵ دانانی کۆتاییەکەدا و هەڵبژاردنی، وەکو شتێک دەست بکەوێت یان دەست نەکەوێت بەرگریکردن و سەختییەکە دەهێنێتە پێش. دووبارە، سەربەستییە پەیوەندی نێوان بابەتەکان، وەکو ئامێرەکان دادەمەزرێنێت و بڕیار لەسەر تەکنیکی دووری و پێوانیان دەدات و خۆی سنورداردەکات. لەبەر ئەوەی سەربەستیش هەڵبژاردنە بەسنورداری دەمێنێتەوە. هەموو هەڵبژاردنێک، وەکو بینیمان، پێویستی بە لەناوبردن و دەستنیشانکردن هەیە؛ هەموو هەڵبژاردنێک هەڵبژاردنی شتێکی براوەیە. سەربەستی لەوێدا بە ڕاستی سەربەستییە، کە فاکتۆر بۆ سنورداریێتی خۆی پێکبهێنێت. دروست نییە بڵێین، من لە چوونم بۆ نیۆرک سەربەست نیم چونکە لە مۆنت دی مارسان فەرمانبەرێکی بچوکم. بەڵکو، بەپێچەوانەوە، لە پەیوەندی پرۆژەدانانەکەمدا بۆ گەشتەکەم بەرەو نیۆرک من خۆم لەنێو مۆنت دی مارسان دادەنێم. شوێنم لەنێو جیهاندا، پەیوەندیم بە مۆنت دی مارسان، نیۆرک و چینەوە جیاواز دەبێت، ئەگەر بۆنموونە، من جوتیارێکی دەوڵەمەندی مۆنت دی مارسان بم. لەپێش هەموو شتێکدا، مۆنت دی مارسان لەنێو جیهاندا دەردەکەوێت، کە پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە نیۆرک،ماڵبۆرن و شەنگەهایەوە هەیە؛ دووەم، لەنێو زەمینەیەکی ناجۆری جیهاندا سەرهەڵدەدات. من بڕیاریش لەسەر گرنگی گەشتەکە بۆ نیۆرک دەدەم. لەوانەیە لەسەر ناڕەزاییم لە مۆنت دی مارسان ڕاوەستێت؛ لێرەدا جەختەکە لەسەر مۆنت دی مارسان دەکرێت.

من بەڵگە بۆ لەناوبردنی شوێنەکەم دەهێنمەوە و دەمەوێت پەیوەندییەکەم، لەگەڵ ئەو شارەی تیایدا دەژیم، ببڕم. دەشێ ببێت بە پرۆژە و بەتەواوی خۆمی پێوە ماندووبکەم. لەحاڵەتی یەکەمدا، شوێنەکەم بەڕێگرێکی بەسەردا سەرنەکەوتوو دادەنێم و ناڕاستەوخۆش پێناسیدەکەم. لەحاڵەتی دووەمدا، ڕێگرەکە نامێنێت؛ خۆم بە شوێنەکەوە نابەستمەوە. دەمەوێت لێی دەرچم و بگەمە نیۆرک. لەهەموو حاڵەتێکدا خۆم لەنێو جیهاندا دەبینم و مامەڵە لەگەڵ هەڵکەوتی شوێندا دەکەم. ئەم مامەڵە کردنەشە، کە سەربەستییەکەی منە و واتا بە هەڵکەوتی شوێن دەبەخشێت. بەدڵنیاییەوە، لەگەڵ لەدایکبوونمدا شوێنێک دەگرم. بەڵام من بەرپرسی شوێن وەرگرتنەکەم. لێرەدا پەیوەندییەکی نەپچڕاوی نێوان سەربەستی و فاکتۆر لەنێو هەڵوێستدا دەبینین. بەبێ فاکتۆر سەربەستی نییە. سەربەستی هێزی لەناوبردن و هەڵبژاردنە. بەبێ سەربەستیش فاکتۆر نادۆزرێتەوە و واتاش نابەخشێت.

با ٠ ڕابردووی من

ئێمە خاوەنی ڕابردووین. ئەوەشـــمان سەلماند، کە ڕابردوو، وەکو دیاردەیەکی لەپێشـــتر بۆ دۆزینەوەی دیاردەکانی دوای خۆی، کردەوەکانمان ســـنوردارناکات؛ ئەوەشمان باسکرد، کە ڕابردوو لە پێکهێنانی ئێستا و نەخشەدانانی داهاتوودا بێ دەستەڵاتە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو سەربەستییەی ڕوو لە داهاتوو دەکات، ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی ڕابردوو دابنێت. ئەو ناتوانێت بەبێ ڕابردووش خۆی دروستبکات. ئەو دەبێت ببێت بە ڕابردووی خۆی و ڕابردووش نەگۆڕە. لەسەرەتاوە، دەردەکەوێت سەربەســـتی نەتوانێت ڕابردووی خۆی بگۆڕێت؛ دەســـتمان بـــە ڕابردوو ناگات و ڕابردووش لە دوورەوە بووە بە دێوەزمەی بوونمان. ئەگەر ڕابردوو کارنەکاتە ســـەر کردەوەکانمان بڕیاردانەکانمان پەیوەندییان بە ڕابردوومانەوە دەبێت. ئەگەر من لە کۆلێجی دەریایی بخۆێنم و ببم بە فەرمانبەرێکی دەریاوان لە هەموو حاڵەتێکدا بڕیار دەدەم مامەڵە لەگەڵ شـــتەکاندا بکەم؛ لەسەر پردی پاپۆڕەکە دەوەستم و دەزانم من دووەم فەرمانبەری نێو پاپۆڕەکەم. لەپڕ دژی ئەم فاکتۆرە ڕادەوەستم و بڕیاری خۆکوشـــتن دەدەم. ئەم بڕیاردانە ڕادیکاڵە پەیوەندی بە ڕابردوومەوە هەیە. ئەگەر بیەوێت ڕابردووم لەناوبەرێت لەبەر ئەوەیە، کە ڕابردووم هەیە. بڕیاردانەکەشم لەوێدا ســـەرکەوتوو دەردەچێت، کە لە ئاستی ڕابردوومدا نەرێ بێت. ئەمەش ناسینەوەی ڕابردووە.

هەموو کردەوەیەک من لە ڕابردووم داپچڕێت، دەبێت وەکو ڕابردوویەکی دیاریکراو بناسرێت؛ واتە، ئەو کردەوەیە لەنێو ڕابردوویەکی دیارەوە سەریهەڵداوە و دەیەوێت لەناوییبەرێت. دەڵێین، کردەوەکانمان دوای ئێمە دەکەون. ڕابردوو ئێستایە و لەنێو ئێستادا دەتوێتەوە؛ قاتە جلەکە شـــەش مانگ لەمەوبەر هەڵمبژارد، ئەو خانووەی تیایدا دەژیم دروستکراوە، پەرتووکەکەی زستانی پێشو دەستمدایە، هاوسەرەکەم و بەڵێنەکانـــی پێمدا و منداڵەکانم؛ هەموو ئەوانەی منن، ئەوانەن من هەمە. زیادە ڕۆیـــی لە گرنگی ڕابـــردوود ناکرێت چونکە بۆ من "نـــاوەڕۆک لە بووندایە". بەڵام لێرەدا توشـــی ئەو پارادۆکســـە دەبینەوە، کە لەپێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد؛ من بەبـــێ ڕابردوو لە بوونم تێناگـــەم. ناتوانم بیر لە بوونم بکەمەوە، چونکە بیر لەوە دەکەمەوە، کە هەیە و منیش لەنێو ڕابردوودام؛ لەلایەکی دیکەوە، من ئەو بوونەم ڕابردوو دەهێنمە نێو بوونم و جیهانەوە.

با لە نزیکەوە ســـەرنجێکی پارادۆکسەکە بدەین. مادام سەربەستی هەڵبژاردنە، ئەوا گۆڕانە. ئەو کۆتاییە پێناسەیدەکات، کە پڕۆژەکە دایدەنێت؛ واتە ئەو داهاتووەی پەیدادەبێت. لەبەر ئەوەی داهاتووش هێشتا پەیدانەبووە لە پەیوەندییەکەیدا بەوەی ئێســـتا هەیە دەناسرێت. مەحاڵە ئەوەی هەیە ڕۆشـــنایی بخاتە سەر ئەوەی نییە

چونکە ئەوەی هەیە کەمییە و بەوجۆرەش دەناســرێت. کۆتایی ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی هەیە. بەڵام گەڕان بەدوای کۆتاییدا و پەیداکردنی ناسینی ئەوەی هەیە پێویستی بە بوونێکە لەودیو هەیەکەوە بێت و خۆی لێدابڕێت. واتای ئەوەی هەیە، کەوابــوو، لە ڕەتکردنی بەرەو داهاتوو دەدۆزێتەوە. هەروەها، ئەوەی هەیە دەبێت بە ڕابردوو.

لێــرەدا، دەبینین چۆن ڕابردوو "وەکو ئەوەی دەبــێ بگۆڕێت" لە هەڵبژاردنی داهاتووەوە جیانابێتەوە و چۆن ڕەتکردنێکی سەربەســتانەش بەبێ ئەو ڕابردووە نابێت. ڕابردوو تەنیا لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتوودا دەبێت بە ڕابردوو. خەســڵەتی نەگــۆڕی ڕابردوو لەگــەڵ هەڵبژاردنی داهاتوومدا ســەرهەڵدەدات؛ ئەگەر ڕابردوو بەمشێوەیە بناسرێت ئەوا ڕابردوو ئەوەیە، کە لە شوێندا جێی دەهێڵین و دەکەوێتە ئەودیو گۆڕانەوە. بۆ ئەوەی داهاتوو بناسرێت پێویستە ڕابردوو نەگۆڕ بێت. دەشێ من نەبم؛ بەڵام ئەگەر هەبم بەبێ ڕابردوو نابم. ئەمەش ئەو شــێوازەیە پێویســتی هەڵکەوتنەکەم دەیســەلمێنێت. لەلایەکی دیکەوە، وەکو بینیمان، دوو خەسڵەتی بوونگەرانە بۆ بوون-بۆ-خۆ دەبن بە بنەڕەتی:

(١) هیچ شتێک لەنێو ئاگامەندییدا نییە، کە ئاگایی لە بوون نەبێت.

(٢) لە بوونی مندا، پرســیار لە بوونم دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ شتێک لە بوونمدا بەبێ هەڵبژاردن پەیدانەبووە.

بێگومان، بینیمان ئەو ڕابردووەی تەنیا ڕابردووبوو لەنێو هاوئاهەنگی بووندا دەڕوخێ و پەیوەندی بە ئێســتاوە نامێنێت. بۆ ئەوەی ڕابردوومان هەبێت پێویســتە بە هۆی پرۆژەکانی نێو داهاتوومانەوە لەنێو بووندا بیهێڵینەوە؛ ئێمە هەســت بە ڕابردوومان ناکەین، بەڵام هەڵکەوتنی بوونمان زۆرمان بۆ دەهێنێت ڕابردوومان هەڵبژێرین. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشــێت، کە "دەبێ ببێت بە ڕابردووی خۆت." ئەم پێویســتییە لە ڕوانگــەی کاتەوە دەبینرێت و لە بونیادی بنەڕەتی سەربەســتیش جیانابێتەوە، کە لەناوبردنی ئەو بوونە هەبووەیە و جەخت لەسەر ئەو شتە دەکات، کە هەیە.

لە کاتێکدا دەڵێین سەربەستی هەڵبژاردنی کۆتاییە و بە داهاتووەوە بەستراوە، بەپێچەوانەشــەوە، ڕابردوو بە پەیوەندییەکەی لەگــەڵ کۆتاییە هەڵبژێردراوەکەوە هەیە. ڕابردوو خەسڵەتێکی ئاڵوگۆڕ نەکراوی هەیە (بۆنموونە، من لە تەمەنی پێنج ســاڵیدا توشی کۆکەڕەشە بووم)، هەروەها خەسڵەتی جۆراو جۆریش هەیە (واتای ئەو فاکتۆرەی پەیوەندی بە هەموو بوونمەوە هەیە). بەڵام، مادام، لەلایەکی دیکەوە واتــای فاکتۆری ڕابردوو خۆی دەســەپێنێت (لەدەرەوەی پــرۆژە دیاریکراوەکەی واتاکە دادەنێت، من بیرم ناکەوێتەوە بە منداڵی توشی کۆکەڕەشە بووم)، مەحاڵە بتوانــم بوونــە نەگۆڕەکە لە واتا جۆراوجۆرەکانی جیابکەمــەوە. ئەگەر بڵێم "من لە تەمەنی چوارســاڵیدا کۆکەڕەشــەم هەبوو" هەزار پرۆژە دەستنیشان دەکات،

بەتایبەتی دانانی ڕۆژ ژمێرێک بۆ بوونم (دانانی سیستەمێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیم) و بڕواکردنی بە کەسی سێیەم، کە باسی منداڵیم دەکات. ئایا ئەو فاکتۆرە لەخۆیدا بەبێ گەواهیدانی کەسانی دیکە، ساڵەکە و زمانە تەکنیکییەکەی بۆ نەخۆشییەکە دانراوە (دامەزراندنی واتاکەی لەسەر پرۆژەکانی من) چی دیکەیە؟ کەوابوو، ئەو بوونە، کە پێویست و نەگۆڕە، وەکو کۆتاییەکی ئایدیاڵی بەبێ ئەوەی دەستمان بیگاتێ ڕادەوەستێت. واتاکەشی لەنێو سیستەمی یادەوەریدایە. بێگومان بابەتی ڕەوانی یادەوەری هەیە و (برگسۆن)یش باسیدەکات؛ بەڵام کاتێک خۆی دەردەخات هەمیشە لەنێو پرۆژەدایە.

واتای ڕابردووم بە پرۆژەکانی ئێستامەوە بەستراوە. مەبەستمان ئەوەش نییە، کە دەتوانم واتای جیاواز بە کردەوەکانی پێشوم ببەخشم. بەتەواوی کێشەکە بەپێچەوانەوەیە، ئەو پرۆژە بنەڕەتییەی منە بڕیار لەسەر ڕابردووی من و کەسانی دیکەش دەدات. من بەتەنیا بڕیار لەسەر هەڵگرەکانی ڕابردوو دەدەم. مشتومڕیان لەسەرناکەم و هەڵیاننناسەنگینم؛ بەڵکو پرۆژەی بوونم بەرەو کۆتایی دیارییاندەکات. من ڕابردوو لەنێو خۆمدا دەپارێزم و بەکردەوەش واتاکەی دادەمەزرێنم. کێ بڕیاردەدات ئەو گرفتەی لە تەمەنی پانزەساڵیدا توشم بوو پەیوەندی بە هەرزەکارییەوە هەبوو یان یەکەم هێمای وەرگێڕانی داهاتووم بوو؟ بەگوێرەی تەمەنی بیست یان سی ساڵیم من بڕیارەکە دەدەم. پرۆژەی وەرگێڕانەکەم بەیەکجار گرفتەکانی هەرزەکارێتی دەسەلمێنێت و بەهای پێشوەختی بۆ دادەنێت، کە من زۆر بەلامەوە گرنگ نەبووە. کێ بڕیاردەدات ئەو کاتەی پاش دزیکردنەکە لە زیندان بەسەرم برد سودبەخش یان زیانبەخش بوو؟ من، بەگوێرەی وازهێنانم لە دزیکردن یان دزیکردنی زۆرتر، بڕیاری لەسەر دەدەم. کێ بڕیار لەسەر بەهای فێربوونی گەشتەکە، ڕاستگۆیی لە خۆشەویستیدا و مەبەستی پاکی ڕابردوو و هتد دەدات؟ هەمیشە من، بەگوێرەی کۆتاییەکان، کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر ڕابردوو بڕیاریان لەسەر دەدەم. ڕابردووم زۆرم لێدەکات، پەلەم لێدەکات و دەستەڵات فەرزدەکات، بەڵام واتاکەی بەکۆتایی پرۆژەکانمەوە بەستراوە. هەڵبەتە مامەڵەکردنەکەم گرانی دەخاتە سەرشانم. هاوسەربوونەکەی پێشوم و خانوەکەی پار کڕیم و کەلوپەلم تێکرد، ئەگەرەکانم سنورداردەکەن و حوکم بەسەر هەڵوێستمدا دەدەن؛ بەڵام پرۆژەکانم بەجۆرێکن، کە من خۆم جارێکی دیکە بڕیار لەسەر هاوسەربوونی دەدەمەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە من "بڕوانامەی هاوسەربوونەکە بە ڕابردوو، تێپەڕیو یان مردوو دانانێم". هەروەها، بەپێچەوانەوە، پرۆژەکانم لەگەڵ مامەڵەکردنەکە و بڕیاردانەکەدا ڕاستگۆن و دەمەوێت ژیانێکی باشم وەکو هاوسەر یان باوک هەبێت. ئەم پرۆژانە ڕۆشنایی دەخەنە سەر هاوسەربوونەکەی پێشوم و بەهای بۆ دادەنێن. کەوابوو، سەرهەڵدانی ڕابردوو لە داهاتووەوەیە.

گریمـــان، وەکو پاڵەوانی شـــڵوبێرگەر پرۆژەکەم ڕادیکاڵانـــە دەگۆڕم. واز لەو بەختەوەرییە دەهێنم و کاروبارەکانی پێشوم بە گرنگ دانانێم. بوونی ئەوان نامێنێ و وەکو بوونی بورج و ئاســـەوارەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی لێدێت. کەس نکۆڵی لە بوونیان ناکات، بەڵام واتاکەیان تەنیا لەوەدایە، کە ســـەر بە شارستانییەتێکی پێشـــو یان سیســـتەمێکی ڕامیـــاری و ئابووریـــن ئەمڕۆ نەماوەتـــەوە و مردووە. ڕابردوو، لەبنەڕەتەوە، وەکو سەرهەڵدانی بوونم، پرۆژەیە. بەو ڕادەیەی پرۆژەشە، چاوەڕوانکردنە؛ واتاکەی لە داهاتووەوە دێت، کە نەخشـــەکە دەکێشـــێت. کاتێک ڕابـــردوو دەکەوێتە نێو ڕابردووەوە بەها ڕەهاکەی دەکەوێتە ســـەر ســـەلماندن و نەسەلماندنی چاوەڕوانکردنەکان، کە هەبوون. ئەمەش دەکەوێتە سەر سەربەستی ڕاســـتەقینەی من تاکو واتای چاوەڕوانکردنەکان ببەخشـــێت و خۆی لەئاستیاندا بەرپرس دابنێت. لەم حاڵەتەدا، ئەو بەشـــەی پـــاش دەکەوێت، ڕووتدەکرێتەوەو دەبێت بە شتێکی چاوەڕوانکراوی وازلێهێنراو. بەبی هێز دەمێنیتەوە. هۆی ئەمەش لەوەدایـــە، کە هێزی ڕابردوو لە داهاتووەوە دێت؛ چەند لەنێو ڕابردوومدا بژیم و بە گرنگی دابنێم، گرنگییەکەی دەکەوێتە سەر پرۆژە دانانم لە داهاتوودا.

سیســـتەمی پرۆژەدانانی داهاتووم سیستەمی ڕابردووم ســـنورداردەکات. ئەم سیســـتەمەش ڕیزکردن بەگوێرەی کات نییە. هەمیشـــە بۆ یەکەمجار ئەو ڕابردووە هەیە، کە تیایدا دەژین: بەڵێنی خۆشەویستی، کاروبارەکانم و ئەو وێنەیەی بوونم، کە من بە ڕاستگۆ دەردەخات. کەوابوو، ڕابردوویەکی شاراوە هەیە من ناڕاستەوخۆ هێشـــتومەتەوە و حەزیشـــی لێناکەم: ئـــەم جلوبەرگـــەی لەبەرمدایە لە کاتێکی دیاریکراودا کڕیومە تاکو شوێن مۆدێل بکەوم، ئێستا حەزی لێناکەم؛ ئەو ڕابردووەی جلەکەم تێدا هەڵبژارد مردووە. بەڵام، لە پرۆژە ئابوورییەکەمدا بەردەوام ئەم جلە لەبەردەکەم و جلێکی دیکە ناکرم. ئەمەش دەیکات بە ڕابردوویەکی زیندوو هەروەها مردوو. ئەمەش لەو دەستگا کۆمەڵایەتییانە دەچێت، کە لە ڕابردوودا بۆ کۆتاییەکی دیاریکـــراو دامەزران و ئەمڕۆ ماونەتـــەوە و ڕوویان لە کۆتاییەکی جیاواز، تەنانەت ناکۆکیش لەگەڵ کۆتاییەکانی پێشودا کردوە. ڕابردووی زیندوو، نیوەمردوو، درێژە پێدراو، شاراوەکان و ناجۆرەکان: دامەزراندنی ئەم بەشانەی ڕابردوو لەنێو یەکێتی پرۆژەکەمدا ڕوودەدەن.

ســـەبارەت بە بەهاش بڕیاردانەکە، سیســـتەمەکە و سەربەســـتی ڕابردوومان، بەگشـــتی، هەڵبژاردنێکی مێژووییە. مەبەستمان لە بەمێژووبوونی کۆمەڵگاکانیش لەوێـــدا نییە، کە خاوەنی ڕابردوون، بەڵکو لەیادکردنەوەی ڕابردووەکەدایە. کاتێک ڕژێمی ســـەرمایەداری ئەمەریکا بڕیار لەسەر بەشداریکردنی جەنگ لەگەڵ ئەوروپا لە ســـاڵی ١٩١٤-١٩١٨ دەدات، بڕیاردانەکە لەبەر سودوەرگرتنە نەک مێژووییانە. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ســـودوەرگرتنەکە پەیوەندییەکەی پێشوی لەگەڵ فەرەنسادا

جارێکی دیکە دەدۆزێتەوە، دەیەوێت قەرزەکەی بداتەوە و خزمەتی فەرەنسا بکات. لێـــرەدا دەبێت بە مێژوویی. لەو دەستەواژەیەشـــەوە، کە دەڵێت: "لافەیات، ئیمە لێرەین!" خۆی دەکات بە مێژوویی. ئەو ڕاســـتییە ناڵێـــت، کە بەرژەوەندییەکەی هانیداوە لەگەڵ ئەڵمانیا بێت و پێویســـتی بە یادەوەرییەکانیشی بۆ ئەم مەبەستە نابێـــت. پڕوپاگەندەش بۆ پەیوەندی خوێن یـــان خزمایەتی، کە ئەڵمانییەکان لە ســـەدەی نۆزدەهەمدا دروستیانکرد دەبێت ڕەچاویشبکرێت. بۆ ڕاکێشانی جەماوەر ئەمە پێویستە و جەماوەریش داوای پڕۆژەیەکی ڕامیاری بۆ سەلماندنی ڕابردووەکە دەکات. هەروەها، ئاشکرایە ڕابردووش دروستکراوە. ڕابردووی هاوبەشی ئەمەریکا و فەرەنسا دامەزرێنراوە، کە لەلایەکەوە ئاماژە بۆ بەرژەوەندییەکی ئابووری گەورەی ئەمەریکییەکان دەکات، لەلاکەی دیکەشـــەوە، پەیوەندی نێوان دوو سیســـتەمی دیموکراسی سەرمایەدارییە. بەهەمانشێوەش، لە ساڵی ١٩٣٨ ئێمە بینیمان چۆن نەوەی نوێ ڕۆشـــناییان خستە سەر ســـاڵەکانی (١٩١٨- ١٩٣) و بە کاتی نێوان جەنگەکان ناوزەدیانکرد. کتوپڕ ئەو کاتەی نێوان (١٩١٨- ١٩٣٨) بوو بە پێکهاتەیەکی تێپەڕکراوی دیاریکراو، لەکاتێکدا ئەوانـــەی تیایدا ژیان بە پڕۆژەکانیانەوە ڕوویان لە داهاتوو کرد و بەردەوامیش لە ئێســـتایاندا بە ڕابردووشـــییانەوە بەسترابوون. پڕۆژە ڕاســـتەقینەکە، کەوابوو، بڕیار لەسەر بەردەوامبوونی ڕابردوویەکی دیاریکراو بە ئێســـتاوە یان دابڕانی دەدات. لەبەرئەمە، پێویســـتە مێژووی مرۆڤایەتی پێش ڕووداوێکـــی دیاریکراو تەواوبکرێت، بۆنموونە، گرتنی باســـیل دەشـــێ واتەیەکی تەواو ببەخشـــێت. کەس نکۆڵی لەوە ناکات، کە باســـیل لە ساڵی١٧٨٩دا گیرا: ئەمـــە فاکتۆرێکی نەگۆرە. بەڵام ئایا لەم ڕووداوەدا شۆڕشـــێک بەبێ ئاکامەکانی دەبینین، هێرشـــێکی جەماوەر بۆ ســـەر قەڵاکە، کە کەنیســـە نایەوێت بیکات بە ڕابـــردووی خۆی، کە بـــوو بە کارێکی مەزن؟ ئایا دەکرێت بەســـەرهەڵدانی هێزی جەماوەری دابنێین، کە خۆی ســـەلماند و پەلاماری ڤێرسای "لە کۆتایی ڕۆژەکانی ئۆکتۆبەردا"دا؟ ئەو کەسەی ئەمڕۆ پرسیارەکان دەکات ئەو خاڵەی لەبیردەچێت، کە مێژوونوس مێژوویيە. بە نوسینی مێژووی خودی خۆی لەبەر ڕۆشنایی پڕۆژەکانی و کۆمەڵگاکەیدا دەبێت بە مێژوویی. لەبەرئەمە واتای ڕابردووی کۆمەڵایەتی بەردەوام بە هەڵواســـراوی دەمێنێتەوە. ئێستا، وەکو کۆمەڵگا، تاکیش ڕابردووی یادکراوەی هەڵواســـراوی هەیە. ئەم پرســـیارکردنە بەردەوامەش بوو ســـەبارەت ڕابردوو زانا و نوســـەرە تراجیدییەکانی یۆنان لەو پەندەدا دەریانبڕی و لەشـــانۆگەرییەکانیاندا دایاننا، کە دەڵێت: "کەس لەبەردەم مردندا بە بەختەوەر دانانرێت." بەمێژووکردنی بەردەوامی بوونی بۆ خۆ سەلماندنی بەردەوامی سەربەستییەکەیەتی.

کاتێک توانیمان ئەم فاکتۆرە بسەلمێنین، ڕابردووی بوونی بۆ خۆش بە هەڵواسراوی و تەمومژاوی، ناتەواو نابێت بە مێژوویەکی لەپێشـــتر. وەکو هەڵبژاردنی بوونی بۆ

خۆ خودی ئەم بوونە دەیناسێ و پێناسیدەکات. بەهەمانشێوە، کەشتییەکەی تیتیۆس یان ستونی تراجان، هەرچ واتایەکی مێژوییان لەشوێنێکی دیکەدا هەبێت، بۆ ڕۆمانییەکان یان گەشتیارەکان، ڕاستەقینەیەکی تاک و تەنیان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژەیەی ڕووناکییان دەخاتەسەر ڕابردوو دەردەکەوێت. خەسڵەتی هەڵواسراوی ڕابردوو ڕووداوێکی نائاسای نییە؛ تەنیا بەگوێرەی دروستکردنی ڕابردوو هەروەها بوون-لەنێو-خۆ لایەنی پرۆژەدانانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەردەبڕێت. لەبەرئەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیش پرۆژەدانانێکی سەربەستانە و سەربەستیی چاوەڕواننەکراویش دەیخوات و دەیکات بە ڕابردوو. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی فەرمانی بەسەردادراوە، کە خۆی بە ڕابردوو بکات و بۆ هەمیشەش لە داهاتوودا چاوەڕوانی سەلماندنی ڕابردووی بێت. ئەمەش ڕابردوو دەکات بە شتێکی هەڵواسراوی هەمیشەیی چونکە راستەقینەی مرۆڤایەتی چاوەڕوانیدەکرد و چاوەڕوانیش دەبێت. چاوەڕوانی و هەڵواسین لە سەلماندندا شوێن یەکدی دەکەون و سەربەستیش دەبێت بە پێکهاتەیان. ئەو کاتەی دەڵێین، ڕابردووی بوون-بۆ-خۆ هەڵواسراوە، مەبەست ئەوەیە، کە ئێستای چاوەڕوانییە. داهاتووشی پرۆژەیەکی سەربەستە یان بەبێ ئەوەی هەبێت ئەو هیچ نییە و هەمووی ئەم نا-هەمووانەیە. بەڵام ئەمە شاراوەیی لەو ڕابردووەمدا ئێستا دەیبینم نییە، بەڵکو ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ناسینەوەی ڕابردووەکە پرسیارم لا دروستدەکات. بەو جۆرەی ئێستام چاوەڕوانییە ئەو ڕابردووەی پەیوەندی بە چاوەڕوانییەکەوە هەیە بەشداری تێدادەکات. هەرچەند واتای ڕابردوو، وەکو شتێکی تاک دەرکەوتوە، لەسەر چاوەڕوانییەکە و چاوەڕوانییەکەش لەسەر نەبوونێکی ڕەها ڕادەوەستێت؛ کە ئەو پرۆژە سەربەستەیە هێشتا پەیدا نەبووە. ڕابردووم، کەوابوو، کۆنکرێتییە و چاوەڕاوانی مۆرکردنە. ئەمەش واتایەکە (کافکا) لە دادگاکەیدا ڕوشنایی دەخاتەسەر. ئەو خەسڵەتەیە، کە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەردەوام لەبەردەم دادگادا ڕادەگرێت. سەربەستی ئەوەیە بەردەوام سەربەستییەکەت بخەیتە بەردەم دادگا. ئاکامی ئەم کارەش ئەوەیە، کە ڕابردووەکەم لەنێو بەستێنی هەڵژادنی سەربەستەوە بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی پرۆژەکەمە. دەتوانین بەنموونە ئەمخاڵە ڕوونبکەینەوە. ڕابردووی سەربازێکی خانەنشین قارەمانێتی سەبازەکەیە پاشگەڕانەوەی لە ڕوسیا. ئەم ڕابردووەش پرۆژەیەکی سەربەستی داهاتووی سەربازەکە بووە. ئەو بە ڕەتدانەوەی بەشداریکردنی لەنێو لەشکری لویسی هەژدەهەم و حەزی ئەو لە خانەنشینی نەک سەربازێکی چالاکی ناپۆلیۆن، ڕابردووەکەی هەڵبژاردووە. سەربازێکی دیکە، کە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە هەمان ڕابردوو هەڵنابژێرێت. ئەگەر سەربازێکی خانەنشینکراو بە هەژاری بژی و حەز بکات ئیمپراتۆر بۆ سەر دەستەڵات بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەیە، کە ئەو قارەمانی گەڕانەوەکەبوو لە ڕوسیا. لێرە پێویستە لەم خاڵەش

تێبگەین: ڕابردوو لەسەر هیچ پێکهاتەیەکی دۆزینەوەدا کارناکات و سنورداری ناکات. کاتێک ڕابردوو "سەربازەکەی سەردەمی ئیمپراتۆر" هەڵدەبژێرێت، بوون-بۆ-خۆ لە ڕابردووەکەی تێدەگات. تەنانەت جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنی ئەم ڕابردووە لەلایەن سەربازەکەوە و تێگەیشتنی لە ڕابردووەکە بە ڕەفتار نییە. بوون-بۆ-خۆ بۆ بەگەورەکردنی ڕاستەقینەی نێو خۆیەتی ڕابردووی ئەو ڕابردووە بۆ کەسانی دیکە دەکات بە ڕاستەقینەیەکی دەرەکی. مامەڵەکردنی کەسانی دیکە لەگەڵیدا وا لە سەربازەکە دەکات خۆی بەو کەسە دابنێت، کە خاوەنی ڕابردووە بەنرخەکەیە. ئەو ڕابردووەشی بۆیە هەڵبژاردووە تاکو لە ناخۆشی و سەرنەکەوتنی ئێستا بیپارێزێت. ئەو خۆی، وەکو کەسێکی سازشنەکەر دەرناخات و مافی وەرگرتنی موچەی خانەنشینیش دەدۆڕێنێت؛ ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ئەو خاوەنی ڕابردوویەکی بێ نرخ نییە.

ئێمە لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکی دیاریکراودا ڕابردوومان هەڵدەبژێرین. لەوێوە ڕابردووش خۆی بە سەرماندا دەسەپێنێت. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە ڕابردوو بوونی خۆی هەیە و لە ئێمەوە جیاوازە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە: (١) بەرجەستەبوونی ئەو داهاتووەیە، کە بوونی ئێمەیە؛ (٢) لەنێو جیهاندا بۆ ئێمە و کەسانی دیکە خۆی دەردەخات، تەنیا نییە و دەکەوێتە نێو ڕابردووی جیهانییەوە. خۆی دەکات بە پێوەر بۆ ئەوانی دی. بەوجۆرەی ئەندازیارێک لە کێشانی وێنەیەکی ئەندازیارییدا، بە حەزی خۆی، سەربەستە و ناتوانێت وێنەیەک بکێشێت هیچ پەیوەندییەکی بە نموونە ئەندازیارییەکانەوە نەبێت، هەڵبژاردنی سەربەستانەی ئێمەش، لەگەڵ سەرهەڵدانی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕابردوومان، دەبێت بە هۆکاری پەیدابوونی کۆمەڵێک پەیوەندی نەبڕاوەی ڕابردوو بە جیهان و کەسانی دیکەوە. نەبڕانەوەی پەیوەندییەکان نەبڕانەوەی ئەو هەڵوێستانەیە ئێمە دەبێت وەریانگرین چونکە هەڵسەنگاندنەکەی ڕابردوومان لە داهاتوودا ڕوودەدات. وەرگرتنی هەڵوێستەکانیش لە چوارچێوەی پرۆژە بنەڕەتییەکەماندا خۆی دەسەپێنێت. سوربوون لەسەر دامەزراندنی ئەم پرۆژەیە سوربوونە لەسەر ڕابردوو؛ ئەمەش لە ناسینەوەی هەزاران هەڵوێست و ڕەفتاردایە. لۆجیکانەش، داواکاری ڕابردوو گریمانەیەکی مەرجدارە: "ئەگەر تۆ حەزبکەیت ئەو یان ئەم ڕابردووەت هەبێت، ئەوا دەبێت ئەم یان ئەو کارەبکەیت." مادام چەمکی یەکەم کۆنکرێتی و هەڵبژاردنێکی کاتیگۆریانەیە، مەرجدارییەکەش دەبێت بە مەرجدارییەکی کاتیگۆریانە. مادام هێزی خۆسەپاندنی ڕابردووم لە سەربەستی، لە تێرامانی هەڵبژاردن و هێزی هەڵبژاردنەکەوە پەیدابووە، دژوارە بە شتێکی لەپێشتر دابنرێت. هەڵبژاردنە سەربەستەکەی من بە تەنیا ناوەڕۆک و ڕێکخستنی ناوەڕۆکەکە دیاریناکات؛ پەیوەستبوونی ڕانەبردووشمە بە داکەوتەوە. ئەگەر لەنێو پرۆژە بنەڕەتییەکەمدا، ئەو پرۆژەیەی هێشتا پەیدانەبووە،

یەکێک لە پرۆژە بچوکەکانی پێشـــبکەوێت، بۆنموونە، بەهەرجۆرێک بێت خۆی لە دۆێنێ پێشتر دەربخات، یان کاتژمێرێک زووتر بێتەپێش، ئەم پرۆژە پێشکەوتووە لە پەیوەندییەکەیدا بە ڕابردوومەوە مامەڵە لەگەڵ زنجیرەیەک ڕووداوی دیکە دەکات. ڕابردووەکەم، کە ئێستا لە لوتکەی پێشکەوتنەکەوە تەماشایدەکەم، کەمێک قێزی لێدەکەمەوە و بابەتێکی نەبزێوی پێوەر و حوکمدانە ڕەوشـــتییەکەمە. "من چەند گەمـــژە بووم!" یان "من چەند شـــەڕانی بووم!"، ئەمانە دەڵێم چونکە خۆم لێیان جیادەکەمەوە. من، ئێســـتا، لەنێویاندا ناژیم و نامەوێت لەناویشـــیاندا بم. ئەمەش هـــۆی ئەوە نییە، کە ئەوانە نەماون، بەڵکو ئـــەوان ئەو خۆیەن، کە من نین. من ئەو کەســـە[گەمژەیە] نیم. ڕۆڵی سەرهەڵدانەکەش بۆ ئەوەیە من بتوانم خۆمی لێ جیابکەمەوە و بتوانم خۆم هەڵســـەنگێنم. ئەمجۆرە بوون-بۆ-خۆیە بەبێ هاوکاری لەگەڵ خۆیدا بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت. ڕابردووی خۆی لەناونابات بەڵکو ڕابردوو دەردەخات تاکو خۆی لێ جیابکاتەوە و جەخت لەسەر سەربەستییەکەی بەتەواوی بکات (ئەوەی ڕابردووە جۆرێکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوودا و هەروەها جۆرێک لە نەریت.) لەلایەکی دیکەوە، بوون-بۆ-خۆ هەیە، کە لە پرۆژەکەیدا کات ڕەتدەداتەوە و هاوکارییەکـــی کەمی لەگەڵ ڕابردوودا هەیە. لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی پتەودا، ڕابـــردوو هەڵدەبژێرێت و شـــتەکانی دیکەش بە ڕاکردن لـــە نەریت دادەنێت. ئەو لەســـەرەتاوە هەڵیانبژاردووە ڕانەکات؛ ڕەتـــی ڕەتدانەوەیانی داوە. ڕابردوو بۆ ئەو ڕۆڵی ڕاستگۆیی دەنوێنیت.

جۆری یەکەمی کەســـەکان بەقێزەوە دان بە هەڵەکەیدا دەنێت، بەڵام بۆ کەسی دووەم ئەمە مەحاڵە و بەبێ گۆڕانی پرۆژە بنەڕەتییەکە ناکرێت. ئەم جۆرە کەسە، کەوابوو، توشـــی بڕاوی خراپ لەنێو جیهاندا دەبێت. خۆدۆزینەوەکانیشی لەپێناوی مانەوەی لەنێو بڕوای خراپدا دەبن بە پێکهاتەی پرۆژە بنەڕەتییەکەی. ڕابردوو، وەکو شوێن، لەنێو هەڵوێستدا، کاتێک بوون-بۆ-خۆ داهاتوو هەڵدەبژێرێت، پێکدێت. بەهاش بەسەر فاکتۆری ڕابردوویدا دەسەپێنێت و دەیکات بە هاندەر بۆ کردەوەکانی.

جیم. ژینگەی من

ژینگە ئەو شـــوێنە نییە من داگیریدەکەم، کە لەپێشـــتر باسمانکرد. ژینگە لە ئامێرەکانی دەوروبەرم پێکهاتووە، کە ناتەبایی و سودمەندێتیشـــیان دەگرێتەوە. بێگومان، لە داگیرکردنی شـــوێنەکەمدا، من زەمینە بۆ بەرجەستەکردنی ژینگەکەم خۆشدەکەم و بە گۆڕانی شوێنەکەشم ژینگەکەم دەگۆڕم. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، کەســـانی دیکەش، بەبێ مـــن، دەتوانن ژینگە بگۆڕن. برگســـۆن لە (یادەوەری و ماتەر)دا ڕوونیکردۆتەوە، کە گۆڕانکارییەکی کەم لە شـــوێنەکەمدا دەبێتە هۆکاری

گۆڕانــی تەواو لە ژینگەدا. بەڵام بۆ باســکردنی گۆڕانی تەواو لە شــوێندا دەبێت بڕوانینــە گۆڕانی تەواوی ژینگە. گۆڕانی گشــتی ژینگــە نابینرێت، بەڵام نکۆڵی لەو ڕاســتییەش ناکرێت، کردەوەکانــم بەردەوام لەگەڵ ســەرهەڵدان و ونبوونی بابەتەکاندا، کە من دەســتمتیایاندا نییە، دەبینرێن. بەگشتی پێکەوەبوونی لایەنە نەیارەکان و ســودمەندێتی ئامێرەکان بەتەواوی پشت بە شوێنی منەوە نابەستن. من کاتێک پەیدادەبم، کە فرپیدەدرێمە نێو ئەو شتانەوە لەمنەوە جیاوازن. ئەوانیش لــە دەورەبەری مندا هێزی خۆیــان بۆ من یان دژی مــن زیاددەکەن. بۆنموونە، دەمەوێت زوو بە پاسکیل بگەمە شارۆچکەکەی دیکە. ئەم پڕۆژەیە مامەڵە لەگەڵ کۆتاییە تایبەتییەکانی مندا دەکات و پەیوەندی بە شوێنی من و دووری شوێنەکەم لەو شــارۆچکەیەوە هەیە. هەروەها مامەڵە لەگەڵ هەوڵدانە سەربەستەکەشــم بۆ گەیشتن بەو کۆتاییە دەکات.

بــەڵام تایەی پاســکیلەکەم پەنجەردەبێت، خۆرەکە گەرمــە، باکە بەرەوڕووم هەڵــدەکات و هتــد. هەموو ئەم دیاردانەی بیرم لێنەدەکردنــەوە دەبن بە ژینگە. هەڵبەتــە لەنێو پــڕۆژە ســەرەکییەکەمدا پەیدادەبن؛ لە پڕۆژەکــەی مندا باکە بەهێز یان ســوک دەردەکەوێت و خۆرەکەش گەرم دەبێت. تێهەڵکێشــکردنی ئەم ڕووداوە بەردەوامانەیە ئەو یەکێتییە دروســتدەکەن، کە ئاڵمانەکان بە (ئۆم وێڵت) ناوزەدیدەکەن. (ئۆم وێڵت)یش تەنیا لەنێو سنوری پڕۆژەی سەربەستدا، بۆنموونە، هەڵبژاردنی کۆتاییەکان، کە بوونی منن، پەیدا دەبێت.

ئەگــەر لێرەدا بوەســتین باســەکەمان ســادە دەردەکەوێت. ئەگەر ڕاســت بێــت هەریەکێک لە بابەتەکانی دەوروبەرم لەنێو هەڵوێســتدا بناســرێت و کۆی بابەتەکانیش هەڵوێســت پێکنەهێنن؛ ئەگەر ڕاست بێت هەریەکێک لە ئامێرەکان لەنێو بەســتێنی هەڵوێســتەوە لەنێو جیهاندا سەرهەڵدات، هێشتا ئەو ڕاستییەش وننابێت، کە دەرکەوتنی کتوپڕی ئامێرێکی دیکە بەشداری لە گۆڕانێکی ڕادیکاڵانەی هەڵوێســتەکەدا دەکات. کاتێک تایەی پاسکیلەکە کتوپڕ پەنچەر دەبێت دووریم لە شــارۆچکەکەوە گۆڕانی بەسەردا دێت؛ دوورییەکە بەپێ نەک بە سوڕانەوەی تایەی پاســکیلەکە دەپێورێت. ئەو ڕاستییەشم بۆ دەردەکەوێت، کە کەسەکەی دەمەوێت لەوێ ببینم، تاکو من دەگەمە ئەوێ سواری شەمەندەفەرەکە دەبێت و دەڕوا. ئەم دڵنیاییە کاردەکاتە ســەر چەند بڕیاردانێکی دیکەش (گەڕانەوەم بۆ شوێنەکەی خــۆم یان ناردنی تەلەگرامێک و هتد.) دەگونجێت دڵنیا نەبم لەوەی بتوانم لەگەڵ ئەو کەســەدا پەیمانەکە دروســتبکەم و دەبێ کەسێکی دیکە بدۆزمەوە یان واز لە پلانەکــە بەتەواوی بهێنم. ئایا پڕۆژەکەم بە ســەرنەکەوتوو دابنێم؟ لەمحاڵەتەدا، دەڵێم، نەمتوانی پیرۆ لە کاتی خۆیدا ئاگادار بکەم و تێبگەیەنم. ئایا ناســینەوەی ئەم بێدەستەڵاتییە نییە، کە سەربەســتییەکەم سنوردار دەکات؟ بێگومان نابێت

سەربەستی هەڵبژاردنەکەم لەگەڵ ئەو سەربەستییەی دەستمدەکەوێت تێکەڵبکرێت. بەڵام، هەڵبژاردنەکەشم نییە، کە لێرەدا کایەدەکات چونکە نەیاربوونی ژینگە لەزۆر حاڵەتدا گۆڕانکاری لە پڕۆژەکانمدا دروستدەکات.

پێش ڕەخنەگرتن لە پرسیارە سـەرەکییەکە، باشترە پرسیارەکە دیاریبکەین، ئەگەر گۆڕانکارییەکانی نێو ژینگە گۆڕان بەسەر پڕۆژەکانمدا بهێنێنن، ئەوا دەبێت لە دوو ئاستدا دایانبنێین. یەکەم، خودی گۆڕانکارییەکان بەتەنیا ناتوانن کاربکەنە سەر پڕۆژە بنەڕەتییە وازلێهێنراوەکەم، کە بەپێچەوانەوە، دەبێت بە پێوەر بۆیان. لەبەر ڕۆشـنایی پڕۆژەی بنەڕەتی دیکەدا دەبن بە هۆکار بۆ وازلێهێنان لەم یان لە ئـەو پڕۆژەیە؛ ئەگینا نابن بە هۆکار دانانرێن چونکە ئاگامەندییەکی-هاندەر هۆکار دەناسـێت، کە هەڵبژاردنێکی سەربەستی کۆتاییە. ئەگەر هەورەکان بە ئاسمانەوە ڕێگەی پڕۆژەی چونەدەرەوەم بگرن لەبەر ئەوەیە، کە لە پڕۆژە سەربەسـتەکەمدا ناسراون و پەیوەندیان بە بەهای چوونەدەرەوەوە هەیە؛ هەنگاوبەهەنگاویش پەیوەندی بە من و سروشتەوە و ئەو جێگەیەی پەیوەندییەکەی لەسەرە هەیە. دووەم، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا ئەو بابەتەی سەریهەڵداوە یان ونبووە، نابێت بەهاندەری وازهێنانم لەپڕۆژەکە. دەبێت بابەتەکە، وەکو شـتێکی کەم لەنێو هەڵوێستە سەرەکییەکەدا بناسـرێت؛ پێویستە دەرکەوتن و خۆشـاردنەوەکەی لەناوببرێت و من خۆمی لێ دووربخەمەوە. دواجاریش، لەبەردەم بابەتەکەدا خۆم حوکم بەسەر خۆمدا دەدەم. ئێمە ڕوونمانکردەوە، کە گازە سورە گەرمەکەی ئەشکەنجەدانیش لە سەربەستیمان دانابڕێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هەمیشە گرفتەکان چارەسەردەکرێن، بەڵکو مەحاڵی بەردەوامبوون لە ڕەهەندێکدا دەبێت سەربەستانە پێکبێت. مەحاڵبوونەکە لەڕێگەی وازهێنانی سەربەستانەی ئێمەوە دەکەوێتە سەر شتەکان. مانەوەی جۆرە ڕەفتارێک هانی مەحاڵبوونەکە بۆ وازهێنانەکەمان نادات.

کاتێـک ئەم ڕاسـتییە دامەزرا، دەبێـت بزانین، ئامادەبوونی شـتێکی دراو، دوور لەوەی ڕێگربێت بۆ سەربەسـتییەکەمان، سەربەستییەکەمان داوای دەکات. سەربەسـتییەکەش سەربەستییەکی دیاریکراوە، کە بوونی منە. ئایا من بێجگە لە ڕەتدانـەوەی ناوەکی بوون-لەنێو-خۆ چی دیکەم؟ بەبـێ ئەو بوون-لەنێو-خۆیەی ڕەتی دەدەمەوە لەنێو نەبووندا وندەبم. لە پێشـەکی[ئەم نوسراوەشدا] ئاماژەمان بـۆ ئەو خاڵە کرد، کە ئاگامەندی بوونی بوون-لەنێو-خۆ بۆ "بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی" بەکاردەهێنێت. ئەگەر ئاگامەندی ئاگای لە شتێک هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو شتە ڕاسـتەقینە بێت؛ واتە بوونێکی سـەر بە ئاگامەندی نەبێت. ئێستا دەبینین ئەم بەڵگەیە بەرفراوانترە: ئەگەر من بتوانم بە کارێک هەسـتم، ئەوا پێویسـتە لەسەر ئـەو هەبووانە کارەکەم بکەم، کە بوونێکی سـەربەخۆیان هەیە و لە بوونی من و کارەکەمەوە جیاوازن. کارەکە بوونی ئەو شـتە سەربەخۆیە بۆ من ئاشکرادەکات،

بەڵام مەرجداری ناکات. سەربەستی ئەوەیە تۆ سەربەستانە بتوانیت شتەکان بگۆڕیت. سەربەستی، کەوابوو، بوونی گۆڕانە لە ژینگەدا: لابردنی ڕێگرەکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانە. بێگومان، سەربەستیش ئەو شتانە بە ڕێگر دەبینێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەربەستانەدا واتاکەیان لێکدەداتەوە. پێویستە شتەکان لەوێدا بن و دڕندانە خۆیان دەرخەن بۆ ئەوەی سەربەستی هەبێت. سەربەستی ئەوەیە لە کارکردندا و لەنێو جیهاندا سەربەست بیت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، سەربەستی ئەوەیە بتوانیت بگۆڕیت و لە پڕۆژەکەتدا بوونی سەربەخۆی هەبووەکە بناسیتەوە. ڕەتدانەوەی ناوەکی بوونی سەربەخۆی بوون-لەنێو-خۆ دەردەخات. ئەم سەربەخۆییەیە خەسڵەتی بوون بە شت بە بوون-لەنێو-خۆ دەبەخشێت. لە ئاکامدا، ئەوەی سەربەستی لەگەڵ سەرهەڵدانییدا دایدەنێت دەریدەخات، کە مامەڵە لەگەڵ شتێک بێجگە لە خۆی دەکات. کردن، بەتەواوی گۆڕانی ئەو شتەیە، کە تەنیا پێویستی بە خۆی بۆ بوونی هەیە؛ کارکردن لەسەر ئەو شتە دەکرێت، کە بایەخ بەکار نادات و بەبێ کارکردن هەیە. بەبێ ئەمە کارکاردن لە واتا بەدەرە و سەربەستیش لەناودەچێت. بەگشتی پڕۆژەی سەربەستی هەڵبژاردنە، کە ناسینەوە و بڕواکردنە بە جۆرێک بەرەنگاری لە شوێنێکدا. سەربەستی دەیەوێت بەسەر بەرەنگاریکردنی جیهاندا سەرکەوێت.

مادام شتە دەرەکییەکان سەربەخۆن هەموو پڕۆژەیەک لە دامەزراندنی خۆیدا توشی چاوەڕوان لێنەکراوەکان بە ڕادەیەک دەبێت. کاتێک دەمەوێ بۆ بینینی پیرۆ بۆ گوندەکەی نزیکمان بڕۆم، لە ڕێگادا پەنچەربوونەکە و هەڵهاتنی بایەکی توند و هەزارەها ڕووداوی زانراو و نەزانراوی دیکە بەرەو ڕووم دەبنەوە. هەموویان واتای پڕۆژەکەم پێکدەهێنن. پەنچەربوونە چاوەڕواننەکراوەکە پڕۆژەکەم دەشێوێنێت. بەبێ هەڵبژاردنی من دێتە نێو جیهانەوە. بێگومان، من هەمیشە چاوەڕوانی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانم. ئەگەر شتێک ببێت بە ڕێگرم، کە هەرگیز بڕوام نەدەکرد ڕووبدات، وەکو لافاو یان هەرەسهێنانی لایەکی چیاکە، ئەم ڕووداوە چاوەڕواننەکراوانە بە ڕادەیەک لەپێشتر دەبینران. وەکو چۆن ڕۆمانییەکان جێگەیەکی تایبەتیان بۆ خواوەندە نەناسراوەکان دادەنا، منیش لەنێو پڕۆژەکەمدا پەراوێزێک بۆ ڕووداووە چاوەڕواننەکراوەکان دروستدەکەم. ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی پڕۆژەکەوە نەک توندی باکە یان ئەو دووربینییەی ئەزمون دەستیدەکەوێت، هەیە.

ئەم تێبینیانەیە ڕۆشنایی نوێ دەخەنە سەر هەڵبژاردنی سەربەست: هەموو پڕۆژەیەکی سەربەستی کراوەیە و داخراو نییە. هەرچەندە هەموو پڕۆژەیەک دەبێت بە شتێکی تاک، بەڵام لەنێو خۆیدا ئەگەرەکانی گۆڕانکاری هەڵدەگرێت. پڕۆژە لە بونیادەکەیدا سەربەخۆیی لەنێو جیهاندا بۆ شتەکان دادەمەزرێنێت. ئەم پێشبینییەی پێشبین نەکراوەکان لەنێو پڕۆژەدا، کە بوونی منە، یارمەتیمان دەدات

لە ڕووداو یان کارەساتەکان تێبگەین و لە ئاستیاندا سەرسام ڕانەوەستین. هیچ شتێک لەنێو جیهاندا شیاوی سەرسوڕمان نییە. هیچ شتێک بەبێ بڕیاردانی خۆمان لەسەر سەرسوڕمان سەرمان ناسوڕمێنیت.

بابەتی سەرەکی سەرسوڕمان بوونی ئەم یان ئەو شتە لەنێو جیهاندا نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە جیهان بەگشتی هەیە؛ من فڕێدراومەتە نێو هەبووەکانەوە، کە بۆ من ناجۆرن. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی کۆتای. من پەیوەندییەکانم لەگەڵ هەبووەکاندا هەڵدەبژێرم و هەبووەکانیش پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. من هەڵیدەبژێرم، کە بچنە نێو پێکهاتەیەکی ناساراوی بوونی منەوە. کەوابوو، نەیاری هەبووەکان دەبێت بە گەواهێک لەپێشتر و سەربەستییەکەم، وەکو مەرجێک هێڵەکانی دیاریدەکات.

هەرکاتێک پرسیار سەبارەت هەڵوێست بکرێت پێویستە لەسەر ئەو خاڵەش سووربین، کە حاڵەتە باسکراوەکانی شتەکان لایەنی ئەودیویشی هەیە. لێرەدا، ئەگەر سەربەستی پێشوەخت نەیاری شتەکان بەگشتی بناسێت ئەوا ئەمە هەمانکات بوونی دەرەکی و ناجۆری بوون-لەنێو-خۆ دەسەلمێنێت. هەڵبەتە، نەیاری لە سەربەستییەوە ڕوو لە شتەکان دەکات. ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات، کە سەربەستی ڕۆشنایی بخاتە سەر فاکتۆری بوونی خۆی، وەکو بوون-لەنێو-شتەکاندا و بوون-لەنێو-خۆی ناجۆرەکان. سەربەستی خۆی بەلایەنی جیاواز لە شتەکانەوە دەردەخات (واتایان پێدەبەخشێت و دەیانکات بە شت). بەڵام لەگەڵ ناسینی شتە دراوەکەدا واتاکەش خۆی دەسەپێنێت؛ سەربەستی دوورکەوتنەوەی خۆی لە بوونە-لەنێو-خۆ ناجۆرەکان دەبێ ببینێت، تاکو تێپەڕیانبکات. بەپێچەوانەشەوە، هەڵکەوتە دراوەکە پشتگیری لە واتا دانانەکانی دیکەشدا دەکات. دوورکەوتنەوە لەنێو شتە ناجۆرەکاندا بۆ بوون-بۆ-خۆ دەگرێتە خۆی. ئەمە بونیادی سەرەتایی هەڵوێستە و لێرەدا ئاشکرا دەبینرێت.

لەگەڵ ئەو سەرسوڕمانەی لەئاستی شتەکەدا توشمان دەبێت و ڕووکردنەکەی لەکۆتاییدا، سەربەستی بوونی شتە دراوەکە، وەکو ئەو شتە لێرەدا، بەرجەستەدەکات (لەپێشتر لێرە، لەوێ، ئەم یان ئەو شتە نەبوو). شتە دراوەکەش فۆرم وەرناگرێت، بەڵکو هەبوویەکی ڕووتە و ناساراوە بۆ ئەوەی تێپەڕبکرێت. هەمانکات، سەربەستی ڕەتکردنی شتە دراوەکەیە و خۆی، وەکو ڕەتکردنی شتە دراوەکە هەڵدەبژێرێت. سەربەستی هەموو ڕەتکردنێکی شتی دراو نییە. لەگەڵ ناسینی هەبووە ڕووتەکە و واتا پێبەخشینی، سەربەستی بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت. گۆڕانی شتە دراوەکە کۆتاییەتی و شتە دراوەکەش لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییە هەڵبژێردراوەکەدا دەبینرێت. کەوابوو، سەرهەڵدانی سەربەستی ڕۆشنکردنەوەی کۆتاییە لەودیو شتە دراوەکەوە و دەرخستنی شتە دراوەکەیە لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکەدا: ئەم دوو

بونیـــادە لەیەکدی جیانابنەوە و پێکەوە هەن. لەدواییدا ڕوونیدەکەینەوە، کە بەها هەمەکییەکانی کۆتاییە هەڵبژێردراوەکان تەنیا لە شـــیکردنەوەدا دادەبڕێن؛ هەموو هەڵبژاردنێک هەڵبژاردنی گۆڕانێکی دیاریکراوە بەسەر شتە دراوە دیاریکراوەکەوە. هەموو هەڵوێستێکیش دیاریکراوە. نایاری شتەکان و تەواناییان بەگشتی لەکۆتاییە هەڵبژاێردراوەکاندا دەبینرێن. بەڵام کۆتایی تەنیا بۆ بوون-بۆ-خۆ هەیە، کە بوونی خۆی بە فڕێدراوی لەنێو شتە ناجۆرەکاندا دەدۆزێتەوە. بەم خۆ دۆزینەوەیە هیچی نوێ بێجگە لە واتادانان ناخاتەسەر هەڵکەوتنەکە. ئەو لە فڕیدانەکەی بەرپرسە و بە هەڵوێستی دادەنێت.

لەبەشی چوارەمی کەرتی دووی[ئەم نوسراوەدا] بینیمان، کە بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ سەرهەڵدانیدا بوون-لەنێو-خۆش دەهێنێتە نێو جیهانەوە؛ بەشێوەیەکی گشتی، بە هۆی نەبوونەوە شـــتەکان یان بوون-لەنێو-خۆ 'لەوێدا' هـــەن. هەروەها بینیمان، خودی ڕاســـتەقینە لەوێدا، لەگەڵ خەسڵەتەکانیدا بەبێ شێواندن یان پێوەنوسان هەن. ئێمە، لەگەڵ ســـەرهەڵدانەکەماندا و بەڕەتدانەوەکان: وەکو جیهان، شوێن، کات و لایەنـــە هێزەکییـــەکان، لێی جیادەبنەوە. ئێمـــە، بەتایبەتی، بینیمان، کە هەرچەندە شـــتەکان (لێوانەکە، شوشەی مەرەکەبەکە، ئەم مێزە و هتد) دەورەیان داوین و خودی ئامادەبوونەکانیان ناناســـرێت، ئەگەر ئێمە کارێک یان هەڵوێستێک لە داهاتـــوودا بەرانبەریان دیارینەکەین. ئێمە ئێســـتا دەتوانین لە واتای حاڵەتی شتەکان تێبگەین: ئێمە، هیچ شتێک، بێجگە لە سەربەستییەکەمان لە شتەکانمان جیاناکاتەوە؛ سەربەستییەکەمان لەڕاستی بوونی ناجۆر و چاوەڕواننەکراوی شتەکان بەرپرســـە. ئەو ڕاستییە دەناسێت، کە نەیارە و ئێمەش لەوەوە جیاوازین: چونکە لەسەر زەمینەی ڕەتدانەوە دەردەکەوێت و دەبینرێت. کەوابوو، پرۆژەی سەربەستیم هیچ بۆ شـــتەکان زیادناکات: تەنیا بوونیان لەوێدا دەچەســـپێنێت. بوونیان لەنێو ئەزمونـــدا بەرجەســـتەدەکات و لەنێو جیهان و کاتـــدا دەریاندەخات. دواجاریش، سەربەســـتییەکەمان بوونی شـــتەکان دوور لە دەســـتەڵاتی ئێمە و سەربەخۆ بەو نەبوونەی، کە بوونی منە نیشـــاندەدات و لە منەوە جیایاندەکاتەوە. لەبەر ئەوەی سەربەستی حوکمی بەســـەردا دراوە سەربەستی بێت ناتوانێت خۆی هەڵبژێرێت. لەگەڵ ناســـینی شـــتە هەڵکەوتوەکان و تێپەڕکردنیان هەڵبژاردن و ڕێکخســـتنی شـــتەکان لەنێو هەڵوێســـتدا پەیدادەکرێن؛ هەڵکەوتنی سەربەستی و بوون-لەنێو-خۆیە لەنێو هەڵوێستدا لەڕێگەی ڕووداوە نەیار و چاوەڕواننەکراوەکانەوە دەردەبڕێن. کەوابوو، من سەربەســـتییەکی ڕەهام هەیە و لە ئاستی هەڵوێستەکەشمدا خاوەنی لێپرسینەوەیەکی ڕەهام. بەڵام من بەبێ هەڵوێست هەرگیز سەربەست نابم.

دال. هاوڕێکانم

ژیـــان لەنێو جیهانێکدا هاوڕێکانی تێدابێت تەنیا توشـــی ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ کەســـانی دیکە لە هەموو شـــەقامێکدا ناکات؛ من خۆشم لەنێو جیهانێکدا دەدۆزمـــەوە، کە مامەڵـــە لەگەڵ بابەتە ئاڵۆزەکاندا دەکـــەم و واتاکەیان پرۆژەی سەربەستییەکەم دروستیانناکات. ئەمەش، هەروەها، ئەوە دەگەیەنێت واتاکە دراوە و ئەو واتایەش ڕووبەڕووی واتاکەی من دەبێتەوە، کە هێشتا بە من نەدراوە. کاتێک پرســـیار ســـەبارەت فاکتۆرە بنەڕەتی و هەڵکەوتوەکەش دەکەین، کە بوونی ئێمە لەنێو جیهانێکدا لەگەڵ کەسانی دیکە لەنێو هەڵوێستماندا دیاریدەکات، کێشەکە سێ لایەنی ڕاستەقینە دەخاتە پێش، کە هەڵوێستێکی کۆنکرێتی من پێکدەهێنن: ئامێرە واتاپێبەخشـــراوەکان (وەکو، ئیستگەکە، هێما دانراوەکانی هێڵی شەمەندەفەرەکە، بەرهەمێکـــی هونەری و تێبینی بۆ هاتووچۆکردن)، ئەو واتایەی بوونی من هەیەتی و دەیدۆزمەوە (وەکو، نەتەوەکەم، ڕەگەزەکەم و چۆنیەتی لەشـــولارم)، هەروەها، کەسانی دیکە، وەکو بنکەی ئاماژەکردن بۆ ئەم واتایانە.

هەمووشـــتێک ئاســـان دەبوو ئەگەر ســـەر بە جیهانێک بوومایە واتاکان لەبەر ڕۆشـــنایی کۆتاییەکانی مندا دروســـتبکرانایە. لەمحاڵەتەدا وازم لە ئامێرەکان لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی بوونی خۆمدا دەهێنا؛ ئەم هەڵبژاردنە چیاکە دەکات بە ڕێگر و ســـەخت بۆ هەڵگەڕان یان ئەو شوێنەی دیمەنێکی جوانی لێوە دەبینم؛ کێشەکە لە واتای چیاکـــەدا نەدەبوو بەوجۆرەی خۆی دروســـتیدەکات چونکە من[لەوێدا] دەبم بەو ڕاســـتەقینەیەی واتای پێدەبەخشـــێت. گرفتەکە ئاسانیش دەبوو ئەگەر مـــن مۆنادێکی بێ دەرگا و پەنجەرە بوومایە. لەڕێگەیەکەوە بمزانیایە، کە مۆنادی دیکەش هەیە و واتای نوێ بەو شتانە دەبەخشن، کە من دەیانبینم. لەمحاڵەتەدا، کە فەیلەسوفەکانیش توێژینەوەکەیان لەسەر دامەزراندوە، واتاکانی دیکە بە ئەگەر دادەنێم. دواجاریش فرەلایەنی واتاکان بە فرەلایەنی ئاگامەندییەکانەوە دەبەستینەوەو بۆ منیش دانانی واتای نوێ ئاسان دەبوو. بەڵام بینیمان، چەمکی مۆناد خۆ-ویستی لەنێودا شـــاراوەتەوە و فرەلایەنی واتاکان، کە من بە ڕاستییەوە دەیانبەستمەوە و فرەلایەنی واتای سیســـتەمەکان، کە هەریەکەیان ئاماژە بۆ ئاگامەندییەک دەکات و ئـــەو ئاگامەندییەش من نیم، تێکەڵدەکات. بێجگە لەمە، لە ئاســـتی ئەزمونێکی کۆنکرێتییدا باســـکردنە مۆنادییەکە ناجۆرە. لەڕاســـتیدا، شتێک لە جیهانی مندا هەیە، کە لە فرەلایەنی واتاکانەوە جیاوازە؛ واتای دەرەکی هەن، کە من دروســـتم نەکردوون. من، ئەو بوونەی واتا بە شتەکان دەبەخشێت، خۆم لەنێو جیهانێکی پڕ واتادا دەدۆزمەوە بەبێ ئەوەی من درستم کردبن.

دەشی کەسێ بزانێت بۆنموونە واتاگەلێکی لە ژمارەبەدەر بەبێ هەڵبژاردنم لەو

شـــارەدا هەیە، کە منی تیدا دەژیم: ســـەقامەکان، خانوەکان، دوکانەکان و پاس، هێمای سەرشـــەقامەکان، مۆســـیقای نێو ڕادیۆکە و هتد هەن. لە تەنیاییدا بوونی ڕووت دەدۆزمـــەوە؛ بۆنموونە، ئەم بەردە دەبینم؛ واتە ئەو هەبووە لەوێدایە و هیچ لەدەرەوەیدا نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، واتای پێدەبەخشم، وەکو "پیایدا سەردەکەوم" و "لێـــی دوور دەکەومـــەوە"، "بیری لێدەکەمەوە" و هتـــد. کاتێک دەچمە ئەودیوی شـــەقامەکەوە و کۆشکێک دەبینم ئەو کۆشـــکە هەبوویەکی ڕووت نییە من لەنێو جیهاندا بەرجەستەیبکەم. من نابم بە هۆکاری سەرهەڵدانی 'ئەو'؛ بەڵکو واتاکەی، کە بۆ مـــن دەردەکەوێت ســـەربەخۆیە. من دەیدەۆزمەوە، دەزانم کۆشـــکەکە بۆ جێنشینیبوونە، فەرمانگەی کارخانەی گازە یان زیندانە و هتد. لێرەدا، ئەم واتایە هەڵکەوتە و ســـەر بە هەڵبژاردنی من نییە؛ وەکو ڕاستەقینەیەکی بوونی-لەنێو-خۆ بەهەمان ناجۆرییەوە خۆی ئامادەکردوە.

بەهەمانشێوەش، پێکەوەبوونی لایەنە نەیارەکان لەنێو شتەکاندا پێش ئەزمونەکەم خۆی دەرخستوە. هێماکە بۆ من دانراوە و لەسەری نوسراوە؛ "خێرایی کەمکەرەوە"، "لەسەرخۆ پێچبکەوە"، "قوتابخانەیە خێرا مەڕۆ"، "شوێنی مەترسییە"، "پاش سەد مەتر پردێکی باریک هەیە" و هتد. ئەم واتایانە بەســـەر شتەکانەوە ڕاستەوخۆش پەیوەندییان بە منەوە هەیە. من لە شوێنی پەڕینەوە دەچمە ئەوبەری شەقامەکە. بـــۆ کڕینی ئەوەی دەمەوێت دەبـــێ بچمە ئەو دوکانە. دواجاریـــش، ئەم ئامێرە، بۆنموونە پاندانەکە ئەم یان ئەو فۆڕمەی پێ پردەکەمەوە.

ئایا هەموو ئەم شـــتانە سەربەســـتییەکەم ســـنوردار ناکەن؟ ئەگەر شـــوێن نەخشەی کەســـەکە نەکەوم ڕێگاکەم وندەکەم و دەکەومە سەر شەقامێکی دیکە، شـــەمەندەفەرەکەش جێم دەهێڵێت و هتد. ئەم هێمایانە، وەکو "چوونەژوورەوە" و "چوونەدەرەوە" پێویســـتن. واتای ئەم هێمایانە لەسەر دەرگاکان نوسراوە. منیش پەیڕەویان دەکەم. ئەوان لایەنـــە نەیارەکان زۆرتر دەکەن. ئەگەر منیش ملکەچی ئەم سیســـتەمە بم، ئەوا دەبێت هەمووکاتێک پشتی پێببەستم. دەشێ سودەکانی بۆ من بوەستن؛ لە کاتی جەنگدا یان کاتێک من لەنێو پرۆژەکەمدا گیردەخۆم، لە پێویستییەکانم بێبەری دەبم تاکو بە کۆتاییەکانم بگەم. بەتایبەتی، ئێمە تەماشای هێمـــا، ئاگادارییەکان و قەدەغەکراوەکانمان کرد، کـــە بەو جۆرەی ڕوو لە هەموو کەســـێک دەکەن ڕوو لە منیش دەکەن. منیش لە پەیڕەویکردنیان دەچمە ڕیزەوەو خۆم تەســـلیمی ئامانجی مرۆڤایەتی دەکەم، کە هەموو کەســـێکە. کەوابوو، مادام من ئەو کۆتاییـــەم، کە هەڵمبژاردووە و ئامێرەکانیش بۆ ناســـینەوەی کۆتاییەکە هەرچییـــەک بن، ئەوا گۆڕانم بەســـەر بوونمدا هێناوە. هەمانـــکات، مادام جیهان لەنێـــو تەکنیکە بەکارهێنراوەکانی منەوە خۆی دەردەخات، ئەوا جیهانیش گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەو جیهانەی لەنێو بەکارهێنانی پاسکیلەکەی منەوە، ئۆتومۆبیلێک و

شەمەندفەر دەناسرێت ڕوخساری لەسەر ئەو ئامێرانە نیشاندەدات، کە من بەکاریان دەهێنم؛ کەوابوو، جیهان ڕوخساری خۆی بۆ هەموو کەسێک دەردەخات. ئاشکراشە، کەسێک دەڵێت، سەربەستییەکەم لە هەموو لایەک لە من ڕادەکات؛ هەڵوێستێک وەکو بەستێنی واتاکان بۆ جیهان، لە چواردەوری سەربەستی هەڵبژاردنەکە و لە خۆ بوونەکەمەوە نییە؛ بەڵکو حاڵەتێک هەیە، کە بەسەرمندا سەپێنراوە. ئەم گرفتەیە ئێمە دەمانەوێ لێی بکۆڵینەوە.

بێگومان بوونم لەنێو جیهانێکدا، کەسانی دیکەشی تێدا بژی بەهای فاکتۆری خۆی هەیە. ئاماژەش بۆ فاکتۆری بنەڕەتی ئامادەبوونی کەسانی دیکە لەنێو جیهاندا دەکات. ئەمەش ئەو فاکتۆرەیە، بینیمان، لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆوە دەرناچێت. هەرچەندە ڕەگی فاکتۆری بوونمان قوڵتر دادەکوتێت، هێشتا لە فاکتۆری بوونی ئێمەوە، مادام دووەمیان هەڵکەوتنی بوون-بۆ-خۆ بە پێویست دادەنێت، هەڵناقوڵێت. باشترە بڵێین: بوون-بۆ-خۆ لەنێو فاکتۆردا هەیە؛ بوونی ئەو لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی سەر بە یاسا نابێت بە یەک و تەنانەت لەگەڵ هەڵبژاردنی سەربەستیشدا یەک شت نین. لەنێو فاکتۆرەکاندا یەکێکیان، وەکو بوون-لەنێو-جیهاندا-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا، نە لە شتێکی دیکەوە دەدرێت نە دەسەلمێنرێت. ئەم فاکتۆرە پێویستی بە سەربەستی من بۆ دۆزینەوەی هەبێت یان نەبێت لە دواییدا باسیدەکەین.

فاکتۆر لەم ئاستەدا لەگەڵ دەرکەوتنی مندا دەردەبڕێت، کە بە هۆی تەکنیکە بە کۆمەڵ و لەپێشتر پێکهاتووەکانەوە بۆ دۆزینەوەی جیهانێک، کە واتاکەی لەدەرەوەی بوونی مندایە، خۆی دەسەپێنێت. تەکنیکەکان من بۆ شتە کۆمەڵەکان دەگەڕێننەوە: وەکو ڕەگەزی مرۆڤایەتی، نەتەوە، کۆمەڵە پیشەییەکان و خێزان.

پێویستە زۆرتر لەسەر ئەم فاکتۆرە بدوێین: لەدەرەوەی بوونمدا بۆ-کەسانی دیکە، کە لەدواییدا باسیدەکەین، تەنیا ڕێگەیەکی ئەرێ بۆ دانانی فاکتۆرەکەم بەکارهێنانی تەکنیکە دروستکراوەکانە، کە لە ئەوانەوە پەیدادەبێت. پێناسەکردنی بوونم، وەکو ئەندامێکی سەر بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی پەیوەندی بە بەکارهێنانی تەکنیکە سەرەتایی و گشتییەکانەوە هەیە: بۆنموونە، بزانیت چۆن دەڕۆیت، شت بکڕیت، چۆن حوکم بەسەر بابەتەکاندا بدەیت، زمان بەکاربهێنیت، بزانیت چۆن ڕاستی لە ناڕاستی جیابکەیتەوە و هتد. بەڵام ئەم تەکنیکانە لەلای ئێمە ڕووتکراوەو لە فۆرمێکی هەمەکییدا نین: گوتن دەنگەکان و واتای وشەکان بەگشتی ناگرێتەوە؛ ئەوەیە، کە بزانیت چۆن بە زمانێک بدوێیت و لە ڕێگەیەوە خۆت بە یەکێک لە ئەندامانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی ئەو نەتەوەیە دابنێیت. هەروەها، گوتن ئەو زانینە ڕووتکراوەیە نییە سەبارەت زمانەکە هەتبێت، کە فەرهەنگە ئەکادیمییەکان پێناسیدەکەن و ڕێزمانەکەی ڕووندەکەنەوە؛ بەڵکو ئەوەیە کەسێک بتوانێت لەودیو

گۆڕانکارییەکانەوە و دیاردەی ناوچەگەری پیشـــەیی و خێزانەوە بەکاری بهێنیت و بتوانێت بڵێت، ڕاستەقینەی بوونم، وەکو ئەندامێکی سەر بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە نەتەوەکەمان، ڕاســـتەقینەی ســـەر بە نەتەوەش لە خێزان، ناوچە و پیشەیە. ڕاســـتەقینەی گوتنیش زمانە و زمانیش دیالێکت، شـــێوەزمانی بـــازاڕی و زاراوە تایبەتییە بەکارهاتووەکانە. بەپێچەوانەشـــەوە، ڕاســـتی دیالێکت زمانە و ڕاستی زمانیـــش گوتنە. تەکنیکی کۆنکرێتی، کە پەیوەندی خۆمانی بە خێزان و ناوچەوە پێ دیاریدەکەین، ئاماژەی بوونمان بۆ بونیادێکی گشـــتیتر، کە واتاو ناوەڕۆکەکان پێکدەهێنێت، دەکات؛ ئەوانیش ئاماژە بۆ لایەنی گشتیتر دەکەن، تاکو بەگشتیترین و سادەترین ناوەڕۆک دەگەین، کە لە جیهاندا هەموو تاکێک هەیەتی.

بوون بە فەرەنسی، بۆنموونە، ئەو ڕاستییەیە، کە ساڤۆیاردی بیت. بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێکی ساڤۆیاردی لەناوچەی ساڤۆیدا بژی؛ هەزار خەسڵەتی دیکەشی هەیە، وەکو بە زستان خلیسکان لەسەر بەفر بکات و بۆ گواستنەوە بەکاریبهێنێت. هەروەها، پەیڕەوی میتۆدی فەرەنســـی بۆ خلیســـکان نەک میتۆدی ئارڵبێرگ یان نەرویجـــی بکات. بەڵام مادام چیا بەفراوییەکان و لوتکە ســـپییەکانی بە تەکنیک هەســـتیان پێدەکرێت ئەوا واتای خلیسکانی ســـەربەفری فەرەنسی دەدۆزینەوە. بەگوێرەی ئـــەو میتۆدەکەی کەســـەکە وەریدەگرێت. میتـــۆدی نەرویجی، کە بۆ بەرزایی تەخت یان میتۆدی فەرەنسی بۆ بەرزایی لێژ باشترە، ئەوا خۆدەرخستنی بەرزاییەکە بە تەختی یان لێژی دەکەوێتەســـەر پێداهەڵگەڕانەکە بۆ ئەو کەســـەی سواری پاسکیلەکە بووە و دانانی پاسکیلەکەش لەسەر گێڕی بۆش یان خوارەوە. کەوابوو، فەرەنســـییەک "گێڕ"ی فەرەنســـی بۆ هاتنەخوارەوەی بەســـەر بەرزاییە بەفرینییەکـــەدا هەڵدەبژێرێت. ئەم گێڕەش جۆرێک لە بەرزایی بۆ ئەو دەردەخات. ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە چیا ئەڵپییەکانی سویســـرا یـــان باڤاریا، تێلەمارک یان یورا هەمیشـــە واتایەک، چەند ســـەختییەک، ئامێرەئاڵـــۆزەکان یان کۆمەڵی ڕووداوی نەیاری ئاڵۆزی فەرەنسی بۆ ئامادەدەکەن. بەهەمانشێوەش، ئاسانە ئەوە نیشانبدەین، کە زۆربەی هەوڵدانەکان بۆ پێناسەکردنی چینی کرێکار لە وەرگرتنی پێوەرێـــک بۆ بەرهەمهێنان، بەرهەمخۆری یان جۆرێک دیدی جیهانگەرانە لە گرێی هەستکردن بەکەمی دێتەکایەوە؛ لە هەموو حاڵەتێکدا کۆمەڵێ تەکنیک بۆ باسکردن و تێگەیشتین لە جیهان لەودیو ئەو شتەی بە "پرۆلیتاریای ڕۆاڵەتی" ناوزەدیدەکەین، لەگەڵ دژوەستانە توندوتیژەکەیدا، جەماوەرەکەی، لایەنی خۆدەرخستنەکانی و ئەو کۆتاییانەی ڕۆشنایی دەخرێنە سەر بەشداریدەکەن.

ئێســـتا، ئاشـــکرایە بوونم بە یەکێک لە ئەندامی چینێک یـــان نەتەوەیەک لە فاکتـــۆری منـــەوە، وەکو بونیادێکـــی ئۆنتۆلۆجی دەرنەچـــووە. فاکتۆری بوونم، بۆنموونە، لەدایکبوون و شـــوێنی لەدایکبوونم پەیوەندییان بە تێگەیشـــتنمەوە بۆ

جیهان و بوونی خۆم بە ڕێگەی تەکنیکی دیاریکراوەوە هەیە. ئەم تەکنیکانەی من هەڵمنەبژاردوون واتا بە جیهان دەدەن. دەریدەخەن من نەتوانم بڕیار لەسەر کۆتاییم بدەم. گرنگیشـــە من جیهان لەچ شـــێوازێکدا دەناسم، ئاسان و دژوەستانی چینی پرۆلیتاریای جیهانی یان لەنێو پەیوەندییە بورژوازییەکاندا بێت. من فرێنەدراومەتە نێو بوونێکی ڕووتەوە، بەڵکو لەنێو جیهانی کرێکار، فەرەنسایی، جیهانی لۆرین یان خواروو، کە بەبێ من واتای خۆیان هەیە، دانراوم.

باسەرنجێکی وردتر بدەین. لەپێشتر باسمانکرد، کە نەتەوەکەم سەر بە ڕاستی ئەندامبوونی منە لە ناوچە، خێزان یان گروپێکی پیشـــەییدا. ئایا پێویستە لێرەدا بوەستین؟ ئەگەر زمان ڕاستی دیالێکت بێت، ئایا دیالێکت دەبێت بە راستەقینەیەکی کۆنکرێتی؟ ئایا زاراوە تایبەتییە پیشەییەکانی 'ئەوان' بەکاریدەهێنن یان دیالێکتی ئەلساتی یاساکان دیاریدەکات؟ ئایا ئەمە دیاردەی سەرەتاییە، کە بناخەکەی لەسەر فاکتۆری ڕووت و هەڵکەوتنی بنەڕەتی دادەمەزرێت؟ دەشێ توێژینەوەی زمانەوانی لێرەدا توشـــی هەڵەکردن بێت؛ ئامار ڕۆشـــنایی دەخاتە سەر دەنگە نەگۆڕەکان، فۆنەتیک یان گۆڕانکارییە سیمەنتیکەکانی زمانە دراوەکە؛ ڕێگەمان دەدەن فۆمینە و مۆرفۆمینەی زمانە دراوەکە پێشـــبخەین، کە وشە بە دیاردەیەکی تاکەکەس بە واتا و مێژووەکەیەوە دەردەخات.

تاکەکان کاریگەرێتی کەمیان بەســـەر گەشـــەکردنی زمانـــەوە هەیە. فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو داگیرکردن، ڕێگاوبان و پەیوەندییە بازرگانییەکان هۆکاری بنەڕەتین بۆ گۆڕانی زمان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە پرســـیار لە ئاستێکی ڕاستی شـــتە کۆنکریتییەکـــەدا دانەنراوە. ئێمـــەش تەنیا ئەوە دەبینین، کـــە بە دواییدا دەگەڕێین. بیریارە سایکۆلۆجییەکان لێکیانداوەتەوە، کە وشە توخمێکی کۆنکریتی گوتن نییە. تەنانەت وشەی دیالێکتیش یان خێزان بە خەسڵەتی تایبەتی خۆیەوە نابێت بەو توخمە؛ بونیادی ســـەرەتایی گوتن ڕســـتەیە. لەنێو ڕستەدا وشە ڕۆڵ دەبینێت؛ لەدەرەوەی ڕاســـتەدا وشـــە تەنیا ڕۆڵی پێشنیاری هەیە. لەنێو گوتاردا خەسڵەتی (هۆلۆفرەســـتیک)ی دەردەکەوێت. ئەمەش واتای وشە سنوردار ناکات، بەڵکو دەیکات بە بەشێکی دانەبڕاوی بەستێنەکە، وەکو فۆرمی دووەم لەنیو فۆرمە سەرەکییەکەدا. بەبێ ڕیکخستنە ئاڵۆز و چالاکەکە، کە خۆی تێدا بەرجەستەدەکات وشە لەدەرەوەدا بوونێکی ڕاستەقینەی نییە. پێش بەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەستەی دانراوە لەنێو ئاگامەندی یان ئەودیو ئاگامەندی بوونی نییە: ڕستە لە وشەکان پێک نایەت. هێشـــتا بەمەش ڕازی نابین. پۆلهان لە (فلورس دی تاربس)دا نیشانیداوە، کە تەواوی ڕســـتەکان، "شوێنە هاوبەشەکان"، لەپێش بەکارهێنانیان دروستنابن. ئەگەر لەدەرەوەدا خوێنەر تەماشـــایان بکات تەنیا شوێنە هاوبەشەکانن، کە تیایدا پەرەگرافەکان ڕێکدەخرێن.

بـــەڵام بەگوێرەی ڕوانینی نوســـەرەکە خەســـڵەتە ناســـراوەکانیان دەگۆڕێت. ئەگەر ئەمە ڕاســـت بێت، ئەوا وشەکان، ڕستەسازی و ڕستە ئامادەکراوەکان پێش بەکارهێنانیان پەیدا نابن. مادام یەکێتی دەربڕین ڕســـتەیەکی واتادارە ئەوا ڕستە دەبێـــت بەکردارێکی پێکهێنراو، کە ئـــەو بەرزێتییەی ڕەتیدەکات و ڕوو لە کۆتایی دەکات، دەیناســـێت. تێگەیشتن لە وشە لەبەر ڕۆشـــنایی ڕستەدا تێگەیشتنە لە شتێکی دراو لەنێو هەڵوێستدا و هەڵوێستیش لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکاندا.

بۆ تێگەیشـــتن لە ڕســـتەیەکی گوتراوی بەرانبەرەکەم، لەڕاســـتیدا، دەبێت لە ڕێگاکانـــی جوڵانی بەرزێتییەکەی ئەو تێبگەم. دەبێـــت منیش لەگەڵ ئەودا خۆم لەبەردەم ئەگەر و کۆتاییەکاندا دابنێم. زمانی گوتراو هەمیشـــە لەنێو هەڵوێستەوە ڕاڤەدەکرێت. ئاماژەکردن بۆ ئاووهەوا، شـــوێن و کات، ژینگە، شـــوێنی شـــارێک، ناوچەیەک یان وڵاتێک پێش وشـــەکە دەکرێـــت. خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان و باری تەندروستی پیرۆ و پەریشانییەکەی، ئەم بەیانییە، کە بینیم و سڵاوی لێکردم، بۆ من بەسن تێبگەم، کە شتەکان بە چاکی بەڕێوە ناڕۆن. تەندروستی ئەو نییە، کە خراپە، مادام دەموچاوی ئاڵ دیارە، کارەکە و خانوەکەشـــی نییە؛ بەڵکو حاڵەتی شار یان وڵاتەکەمانە. من ئەوەم دەزانی. لە پرسیارکردنەکەشمدا، "شتەکان چۆن بەڕێوە دەچن؟" من ڕاڤەی وەڵامدانەوەکەی دەکەم؛ من خۆم بۆ ئاسـۆی چوارلایی گواســـتەوە و ئامادەشـــم لەوێوە بـــۆ لای پیرۆ بگەڕێمەوە تاکو لـــە ئەو تێبگەم. گوێگرتن لە گفتوگۆ "گوتنە لەگەڵ"، نەک لەبەر ئەوەی بۆ ڕاڤەکردن لاسایی یەکدی دەکەینەوە، بەڵکو لە بنەڕەتەوە خۆمان بەرەو ئەگەرەکان دەکەین بە پرۆژە و دەبێت لە جیهانیش تێبگەین. ئەگەر ڕســـتە پێش وشە بکەوێت، ئەوا ئاماژە بۆ گوتەبێژ، وەکو بناخەیەکی کۆنکریتی گوتەکەی دەکەین. لەوە دەچێت وشە 'ژیان'ی هەبێت ئەگەر کەســـێک لە ڕســـتەکاندا و لە کاتە جیاوازەکاندا بەکاریبهێنێت. ئەم ژیانە وەرگیـــراوە لە ژیانی ئەو بابەتە دەچێت لە فلیمی فەنتازییدا دەیبینین؛ بۆنموونە، ئەو چەقۆیەی لەخۆیەوە هەرمێکە قاشـــدەکات. خرانە پـــاڵ یەکترە کتوپڕیەکان کاریتێدەکات؛ هونەرێکی سینەماتۆگرافییە؛ لەنێو کاتێکی جیهاندا پێکهاتوە. ئەگەر لە کاتی پرۆژەی ســـینماتیک یان فلیمی مۆرفۆلۆجیدا وشـــەکان بژین، ئەوا کۆی ڕستەکە دروستناکەن؛ وەکو ئەو ڕێگایانەی حاجیەکان یان کاروانچییەکان شوێنیان دەکەون ئەوانیش دەبن بە ئاســـەواری تێپەڕبوونی ڕســـتەکان. ڕســـتە پرۆژەیەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕەدانەوەی شتە دراوەکە (ئەو شتەی کەسێک دەیەوێت دیارییکات) کۆتاییەکە دیاریدەکرێت. ئەگەر شتە دراوەکە، وەکو وشە ڕستەکە دیاری نەکات، یان بەپێچەوانەوە ڕستە بۆ ڕۆشنکردنەوەی شتەدراوەکە پێویست بێت و وشەش لەبەردەم تێگەیشتندا ڕاگرێت، ئەوا ڕســـتە دەبێت بە ساتێکی هەڵبژاردنە سەربەستەکەم و کەســـەکەی لەگەڵمدایە تێیدەگات. ئەگەر زمان ڕاستەقینەی گوتن بێت، دیالێکت

و زاراوە تایبەتییەکان ڕاســـتەقینەی زمان بن، ئەوا ڕاستەقینەی دیالێکت کارێکی سەربەستی واتا دانانە، کە من هەڵیدەبژێرم. ئەم کارە سەربەستەش وشەڕیزکردن نییە. بەدڵنیاییەوە، ئەگەر وشە ڕیزکردنێکی ڕووت یان تەنیا شوێنکەوتنی یاساکانی ڕێزمان بوایە ئەوا سنورداریێتی فاکتۆر بەسەر سەربەستی گوتە بێژەکەدا دەسەپێنرا؛ سنورداریێتییەکە بەستراوە بە فۆنەتیک و سروشتی پێکهاتووی وشەکانەوە، زاراوە بەکارهێنراوەکان و زاراوە تایبەتییەکانی گوتەبێژەکەوە ئەوەشـــمان ڕوونکردەوە، کە ئەم حاڵەتەش دروســـت نییە. لەم دواییەدا ســـەلمێنراوە، کە وشـــەکان جۆرە سیستەمێکی ژیان و یاسای دینامیکیەتی گوتنیان هەیە. ژیانێکی نا-کەسی لۆگۆسە یان بەکورتییەکەی، گوتن سروشـــتە و بەڕادەیەکیش مرۆڤ دەبێت ملکەچی بکات تاکـــو بتوانێت بەکاری بهێنێت. هەندێک جار مرۆڤ گوتـــن بە مردوو "بۆنموونە، گوتـــراوە" دادەنێـــت و ژیانێکی نا-کەســـی و هێزی دەداتێ. جـــۆرە پەیوەندی و جیابوونەوەیەکی بۆ دادەمەزرێنێت، کە لە سەربەســـتی کەســـێتی بوون-بۆ-خۆی گوتەبێژەوە ســـەریانهەڵداوە. خەڵکی گوتن دەکەن بە زمان، کە بۆ خۆی دەدوێت. ئەمەش هەڵەیە و نابێ ڕووبدات. ئەگەر مرۆڤ لەنێو ئەو تەکنیکانەوە بەرجەســـتە بێـــت، کە خۆیان کاردەکەن، زمانێک خۆی بدوێت، زانســـتێک خۆی دابمەزرێنێت، شارێک بەگوێرەی یاســـاکانی خۆی، خۆی دروستبکات؛ ئەگەر واتاکان چەسپاوبن و بەرزێتی مرۆڤیش بناســـینەوە، ئەوا ڕۆڵی مرۆڤ وەکو ڕۆڵی ئەو کەشتییەوانەی لێدێت بەگوێرەی خێرایی با و شـــەپۆلەکان کەشتییەکە دەخاتەگەر. بەڵام هەموو تەکنیکێک بۆ گەیشـــتنی بەو کۆتاییانەی مرۆڤ دەیخوازێت پێویستی بە تەکنیکی دیکـــە هەیە؛ بۆنموونە، بۆ بەڕێوەبردنی کەشـــتییەکە دەبـــێ بدوێت. ئەمەش بە تەکنیکی تەکنیکمان دەگەیەنێت-کە خۆی بەڕێوەدەبات و لەم حاڵەتەدا بۆ هەمیشە خاوەن تەکنیکەکە وندەکەین. لەلایەکی دیکەوە، بە گوتن وشە بهێنینەکایەوە ئێمە پەیوەندییە پێویســـتەکانی نێوان تەکنیکەکان لەنێو ڕستەدا ناشارینەوە. باشترە پێویســـتییەکە دامەزرێنین. بۆ دامەزراندنیشـــی یان بۆ ئاشـــکراکردنی پەیوەندی نێوان وشـــەکان لەگەڵ یەکدیدا، دەبێت لەنێو ئەو تێهەڵکێشـــەیەدا یەکبگرن، کە لەوانەوە پەیدا نابێت. بەشاردنەوەی تێهەڵکێشراوەکەی بە "گوتن" ناوزەددەکرێت، یەکگرتنەکە هەڵدەوەشـــێتەوە؛ هەریەکێک لە وشـــەکان بۆ شوێنی تەنیای خۆی دەگەڕێتەوە و واتاکانی وندەکات. کەوابوو، لەنێو پرۆژە سەربەســـتەکەی ڕستەوە یاســـاکانی گوتن دادەمەزرێن؛ بە گوتن ڕێزمان دروســـتدەکەم. سەربەستی تەنیا بناخەیەکی گونجاوی یاساکانی زمانە.

بێجگـــە لەمە، بۆ کێ یاســـاکانی زمان هەن؟ پۆڵهان وەڵامی ئەم پرســـیارەی داوەتەوەو دەڵێت: بۆ گوتەبێژەکە نین، بەڵکو بۆ بیســـەرن. گوتەبێژەکە واتاکان هەڵدەبژێرێت و وشـــەکان ڕیزدەکات. تەنیا پەیوەندییک لەنێوانیاندا ببینێت خۆی

دروستیکردون. لە ئاکامدا، ئەگەر دوو یان زۆرتر وشە بدۆزینەوە، کە نەک پەیوەندی بەڵکو زۆرتر لەنێوانیاندا پێناسدەکرێت ئەمەش واتای زۆریان بە ڕیزکراوی یان دژی یەکدی پێدەبەخشــێت، ئەگەر "بەشی شەیتان"ی تێدا بێت، ئەوا ئەمە لەژێر دوو جۆر بارودۆخدا ڕوودەدات: (١) دەبێت وشە ڕیزکراو و ئامادەکراوەکان پێکهاتەیەکی واتاداریان هەبێت؛ (٢) تێهەڵکێشکردنەکە لەدەرەوەدا ببینرێت، بۆنموونە، کەسێکی دیکە ببینێت و شــفرەیەکی واتا بەخشــی پێکهاتەکەش بێت. لــەم حاڵەتەدا، هەریەکێک لە وشــەکان واتایەکی چوارگۆشــەیی پێدەبەخشــرێت و بە وشەیەکی دیکەوە دەبەسترێتەوە. پێکهاتەکەش چەند واتایەک پەیدادەکات. تێگەیشتن لە واتا ڕاستەکە (بۆنموونە، ئەوەی گوتەبێژەکە بە ویستی خۆی دەریدەبرێت) واتای جیاوازتر بە دەستەوەدەدات، بەڵام نایانشارێتەوە. گوتن، کە پرۆژەیەکی سەربەستانەی منە یاســای جیاوازی بۆ کەسانی دیکە هەیە. یاساکانیش بۆ خۆیان لەنێو تیهەڵکێشە بنەڕەتییەکەدا کاردەکەن. دەتوانین جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان ڕووداو "ڕستە" و ڕووداوی سروشتیدا دیاریبکەین. فاکتۆری سروشتی لەگەڵ یاسا بەرجەستەبووەکەدا تەبایە و یاســایەکی دەرەکی بەرهەمهێنانە. ڕستە، وەکو ڕووداو یاسای سیستەمی خۆی هەڵدەگرێت و لەنێو پرۆژە سەربەســتەکەدا بۆ دانانی یاسا (بۆنموونە یاسای ڕێزمانی) پەیوەندی نێوان وشەکان دروستدەکات. لەڕاستیدا، لە ئاستی بیسەردا هیچ یاســایەکی گوتن نییە. گوتە پرۆژەیەکی سەربەستی واتادانانە، هەڵبژاردنی بوون-بۆ-خۆ دیاریدەکات و بۆ ڕاڤەکردن لەنێو هەڵوێستێکی جیهانگەرییدا ئامادەیدەکات. ئەوەی سەرەکییە هەڵوێستەکەیە، کە من تیایدا لە واتای ڕستەکە تێدەگەم؛ خودی واتاکەش شــتێکی دراو نییە، بەڵکو کۆتاییەکی هەڵبژێردراوە، کە سەربەســتانە واتاکانی دیکە تێپەردەکات. ڕاستەقینەیەکە زمانناسەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەم ڕاستەقینەیەوە، شیکردنەوەیەکی بەرەودوا ڕۆشنایی دەخاتە سەر بونیادی سادەتر و گشگرتر، کە لە نەخشەدانانی یاسا دەچێت. بەڵام نەخشەدانانەکە، وەکو کارکردنی یاســاکانی دیالێکت، لەنێو خۆیاندا ڕووتکراوەن. پێش حوکمدان بەسەر پێکهێنانی ڕســتە و تێپەڕین بەسەریاندا لەنێو ڕستە و بە هۆی ئەوەوە هەیە. لەم ڕووەوە، ڕاســتە سەربەستانە یاسا بۆ خۆی دادەنێت. ئێمەش، لێرەدا، خەسڵەتی بنەڕەتی هەموو هەڵوێستێک دەدۆزینەوە؛ لەگەڵ تێپەڕکردنی شتە دراوەکەدا (وەکو یاســاکانی زمان) پرۆژەی سەربەستی ڕســتە دەبێت بە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو شتە دراوە (یاساکانی سیســتەمی وشە و دیالیکتیکی دەنگەکانی). بەڵام پرۆژەی سەربەستی ڕستە ئەو نەخشەدانانەیە، کە بیر لە شتە دراوەکە دەکاتەوە؛ بەتەنیا بیرکردنەوە نییە، بەڵکو دەیەوێت بگات بەو کۆتاییەی لەودیو شتە پەیدابووەکانەوە هێشتا پەیدا نەبووە و لەڕێگەی ئەوانەوە واتاکە دروستدەکات.

کەوابوو، ڕستە سیستەمی وشەکانە و وشەکانیش تەنیا لەو سیستەمەدا دەبن بە

وشـــه. ئەمەش بۆچوونی زمانەوان و دەروونناسەکانیشە و شەرمەزارییەکەشیان بۆ ئێمە دەبێت بە دژە بەڵگە؛ ئەوان لەو باوەڕەدابوون بۆ پێکهێنانی گوتن خولەیەکی بازنەییان دۆزیوەتەوە و گوایە بۆ گوتن دەبێت کەسەکە بیرۆکەکانی خۆی بناسێت. ئایا چۆن بیرۆکەکان، وەکو ڕاستەقینەیەک و ئاشکرا بە هۆی چەمکە نەگۆڕەکانەوە بـــە گوتن دەناســـرێت؟ کەوابوو، گوتـــن ئاماژە بۆ بیرۆکـــە و بیرۆکەش بۆ گوتن دەکات. لێـــرەدا تێدەگەین، کە خولەیەکـــی بازنەیی لە ئارادا نییە، کە زمانەوان و دەروونناســـەکان بیانەوێت لێی ڕابکەن؛ بەڵکو ئەوەی هەیە خەسڵەتی هەڵوێستە بەگشـــتی. ئەمەش بێجگە لە بەستنەوەی ئێســـتا بە ڕابردوو هەروەها داهاتووەوە چی دیکە نییە، کە سنوردارکردنێکی سەربەستانەی شتە هەبووەکەیە بەو شتەوەی هێشـــتا پەیدانەبووە و ئەو شـــتەی پەیداش نەبووە بە شتە هەبووەکەوە. کاتێک بتوانن ئەم فاکتۆرە دابمەزرێنین ئەوا نەخشەکێشانە ڕووتکراوەکەش ئاشکرا دەبێت و دەبێت بە یاســـا و بنەمای ڕســـتە: نەخشەکێشانی دیالێکتی-زمانی نەتەوەیی و دواجاریش زمان بەگشتی. نەخشەکێشانەکان پێش ڕستە کۆنکرێتییەکان سەربەخۆ ڕاناوەستن. سەربەستییە ئەوان بەرجەستەدەکات.

بێگومـــان، دەبێـــت لەو خاڵەش تێبگەیـــن، کە گوتـــن نموونەیەکی تەکنیکی کۆمەڵایەتی و جیهانییە. ئەمەش بۆ هەموو تەکنیکەکانی دیکە دروســـتە. تەور و چەکوشلێدان ئەو ئامێرانە بەرجەســـتەدەکەن. دەگونجێت تەکنیکی خلیسکاندنی سەر بەفر بەگشـــتی بەڕێگەی میتۆدی فەرەنسییەوە بەرجەستە ببێت. بەڵام ئەم تەکنیکەی مرۆڤ بە تەنیا و ڕووتکراوی هیچ نییە؛ بوونێکی هێزەکی هەیە؛ بە هۆی یاریزانەکەوە بەرجەستەدەبێت و ئێمەش دەتوانین پەیوەندییەکەی بە پێشبڕکێکەوە دیارییبکەیـــن. بەبێ ڕەگەزی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ، بەدڵنیاییەوە، ڕاســـتی نییە. ئەوەی دەمێنێتەوە هەڵبژاردنی ناماقوڵ و هەڵکەوتی تاکە کەسە، کە هیچ یاسایەکی بۆ دانانرێت. ئەگەر ڕاســـتییەک هەلبژاردنەکانی تاکە کەســـێک پێکەوە گرێبدات، ئەوا تەنیا ڕەگەزی مرۆڤ دەتوانێت ئەو ڕاســـتییە بۆ ئێمە ســـاخبکاتەوە. ئەگەر ڕەگەزیش ڕاســـتی تاکە کەس بێت، بەبێ ناکۆکی نابێت بە شتێکی دراو لە بوونی تاکەکەسەکەدا. بەو جۆرەی یاساکانی گوتن لەنێو پرۆژە سەربەست و کۆنکرێتییەکەی ڕستەدا بەرجەستەدەبن و دەمێننەوە ڕەگەزی مرۆڤیش (وەکو دەستەیەک تەکنیک بۆ پێناســـەکردنی چالاکی تاکەکان) پێش پەیدابوونی تاکەکەســـەکە، کە یاساکە بەرجەســـتەدەکات، دەستەیەک پەیوەندی ڕووتکراوەن لەنێو هەڵبژاردنی تاکەکەدا دەمێننـــەوە. بوون-بۆ-خۆ بـــۆ هەڵبژاردنی بوونی خۆی ئەو سیســـتەمە ناوەکییە دادەمەزرێنێت و ڕەتیشـــیدەداتەوە، ئەو سیســـتەمەش لەنێو خۆیدا نەتەوەیی یان مرۆڤانەیـــە. کەســـێک لەوانەیە بڵێت، زۆرباشـــە. بەڵام تۆ خۆت لە پرســـیارەکە دزیوەتەوە. بوون-بۆ-خۆ تەکنیک و سیستەمە زمانەوانییەکانی دروستنەکردووە؛ لە

کەسانی دیکەوە وەریگرتوون. من ئەو یاسایەی بەکاریدەهێنم لە کەسانی دیکەوە وەریاندەگرم چونکە ئەوان هێناویانەتەکایەوە. لەم ڕووەوە گوتنەکەم دەکەوێتە ژێر دەستەلاتی گوتنی کەسانی دیکەوە و دواجاریش ژێردەستەڵاتی گوتنی نەتەوەیی.

پێویستە نکۆڵی لەم فاکتۆرە نەکرێت. بۆ ئەمەش گرفتەکەمان لەوەدا نییە، کە نیشانیبدەن بوون-بۆ-خۆ بنەمایەکی سەربەستی بوونی خۆیەتی؛ بوون-بۆ-خۆ سەربەستە، بەڵام لەنێو بارودۆخدایە. پەیوەندی نێوان بارودۆخ و سەربەستییەکەیە ئێمە دەمانەوێت بۆ تێگەیشتنمان لە هەڵوێست واتاکەی ڕوونبکەینەوە. ئەوەی دامانمەزراندووە، لەڕاستیدا، بەشێکی ڕاستەقینەکەیە. ئەو خاڵەمان باسکرد، کە ئەو واتایانەی بوون-بۆ-خۆ دروستیاننەکات نابن بە ڕێگرێکی دەرەکی بۆ سەربەستییەکەی. بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی خۆیدا، وەکو کەس خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو بوونی خۆیدا دەپارێزێت. ئەو خەسڵەتانەش کەسەکە دەکەن بە پیاو یان ژن؛ هەروەها پەیوەندییە پێویستەکانی نێو بوون بە پیاو لەسەر بناخەی هەڵبژاردنی سەربەستدا سەرهەڵدەدەن؛ هەریەکێک لە بوون-بۆ-خۆکان لە بوونی خۆیدا بەرانبەر ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەرپرسە. بۆ ئێمەش گرنگە نکۆڵی لەو فاکتۆرە نەکەین، کە بوون-بۆ-خۆ دەتوانێت لەودیو دیارکراوەکانەوە، کە بوونی ئەو نابن بە بنەڕەتیان خۆی هەڵبژێرێت. هەریەکێک لە بوون-بۆ- خۆکان لەگەڵ هەڵبژاردنی خۆی لەودیو ڕەگەز و نەتەوەوە دەبێت بە بوون-بۆ-خۆ. ئەمەش لە هەڵبژاردنی گوتن لەودیو مۆرفیم و وشە سازییەوە دەچێت. "لەودیو" سەربەخۆیی بوون-بۆ-خۆ لەو بونیادەوە مسۆگەردەکات، کە دەیەوێت تێپەڕیبکات؛ ڕاستییەکەش لەوەدایە، بوون-بۆ-خۆ "لەودیو" ئەو بونیادەوە خۆی پێکدەهێنێت. ئایا ئەمە چ واتایەک دەبەخشێت؟ واتە بوون-بۆ-خۆ لەنێو ئەو جیهانەدا سەرهەڵدەدات، کە بۆ بوون-بۆ-خۆکانی دیکەش جیهانە و شتێکی دراوە. وەکو بینیمان، لەم ڕووەوە، واتای جیهان بۆ بوون-بۆ-خۆ نامۆیە. هەریەکێک لە تاکەکان خۆی لەبەردەم دەستەیەک واتادا دەبینێت، کە خۆی دروستی نەکردون. لەنێو جیهانێکدا دەژی، کە دراوە و لەو درزە دەچێت لەپێشتر کەسێکی دیکە بینیبێتی، دۆزیبێتییەوە و واتای بۆ دانابێت. ئێمە، لێرەدا، مامەڵە لەگەڵ سنوردارێتی سەربەستیدا ناکەین: بەڵکو دەبێت لەنێو ئەم جیهانەدا بوون-بۆ-خۆ سەربەستییەکەی بدۆزێتەوە؛ لەنێو ئەم بارودۆخانەدا خۆی هەڵبژێرێت. لەلایەکی دیکەوە، بوون-بۆ-خۆ؛ بۆنموونە پیاوێک لەگەڵ پەیدابوونیدا بەدەست کەسانی دیکەوە ئازار ناخوات؛ ئەو زۆری لێدەکرێت بوونی کەسانی دیکە هەڵبژێرێت. ئەو لە هەڵبژاردندا کەسانی دیکە، وەکو خۆ و بابەت دەناسێت. بەو ڕادەیەی کەسی دیکە بۆ ئەو تەماشاکردنە پرسیار لەبارەی تەکنیک یان واتا بێگانەکانەوە ناکرێت؛ بوون-بۆ-خۆ خۆی، وەکو بابەت لەنێو جیهانی تەماشاکردنی کەسەکەدا دەبینێت. کاتێکیش بوون-بۆ-خۆ

لەگەڵ ڕەتکردنی کەسـەکە بەرەو کۆتاییەکانی خۆی ئەو دەکات بە بەرزێتییەکی- بەرزکراو، واتا بە ڕەتکردنە سەربەستەکەی دەبەخشێت. کە کەسەکە، وەکو بابەت دەبێت بە ئاماژەکردن بۆ کۆتاییەکان. بوون-بۆ-خۆش سەربەستانە خۆی فڕێدەداتە نێو ئەو جیهانەوە، کە هەڵسـوکەوتەکان، وەکو بابـەت کۆتاییەکان دیاریدەکەن. کەوابوو، ئامادەبوونی کەسی دیکە، وەکو بەرزێتی- بەرزی ئاڵۆزی ئامێرەکان ڕووەو کۆتاییەکان دەردەخات. مادام ئامێر بڕیار لەسەر کۆتایی و کۆتاییش لەسەر ئامێر لەگەڵ سەرهەڵدانیدا دەدات، لەئاستی کەسەکەی دیکەدا، وەکو بابەت بوون-بۆ-خۆ دەبێـت بە هۆکاری پەیداکردنی کۆتاییەکان لەنێـو جیهاندا؛ ئەو لەنێو جیهانێکدا پەیدادەبێـت، کە خەڵکی دەبن بـە کۆتاییەکان. ئەگەر تەکنیـک و کۆتاییەکان بە تەماشـاکردنی بوون-بۆ-خۆ سـەرهەڵدەن، پێویسـتە ئەوە بناسینەوە، کە بە بۆچوونێکی سەربەستانە بۆ حاڵەتی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر کەسانی دیکە دەبن بە تەکنیک. کەسێکی دیکە بە تەنیا پڕۆژەکان لەبەردەم بوون- بۆ-خـۆدا بە تەکنیک ناکات. لەبەر ئەمە، بۆ کەسـێکی دیکە، بەو ڕادەیەی خۆی ڕەتـدەکات و ڕووەو ئەگەرەکانی دەڕوات، ئەوەی دەیـکات تەکنیک نییە، بەڵکو کردنە و کۆتاییەکەش پێناسـیدەکات. ئەو پینەچییـەی بنێکی نوێ بۆ پێڵاوێک دادەنێت خـۆی وا نابینێت، کە "لەنێو پرۆسـەی بەکارهێنانی تەکنیکدایە"؛ ئەو تەنیا کارەکە دەکات و دەست دەداتە پارچە چەرمەکە، چەکوشەکە و هتد. کاتێک بوون-بۆ-خـۆ حاڵەتەکەی خۆی لەبەردەم کەسـێکی دیکە دەبینێت تەکنیکەکان، وەکو ڕەفتاری کەسێکی دیکە یان بەرزێتییەکی- بەرزکراو دەهێنێتە نێو جیهانەوە. تەنیا لەو ساتەدا بورژوا، کرێکار، فەرەنسی و ئەڵمانی یان بەکورتییەکەی، مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەردەکەوێت.

کەوابـوو، بوون-بۆ-خۆیە ڕەفتاری کەسـانی دیکە لەنێـو جیهاندا بۆ تەکنیک دەگۆڕێت. بوون-بۆ-خۆ ناتوانێت ئەو جیهانە بێنێتە کایەوە، کە ئەم یان ئەو تەکنیکە تیایدا سـەرهەڵدەدات (ئەو ناتوانێت لەنێو جیهانی سـەرمایەداری، سیستەمێکی ئابووری و سروشـتی یان شارستانییەتێکی مشـەخۆردا، خۆی پەیداکات)، بەڵکو دەبێت بە هۆکاری ئەوەی کەسـێکی دیکە پێی دەژی و لـەدەرەوەدا پڕۆژەیەکی سەربەستە و دەبێت بە تەکنیک؛ بوون-بۆ-خۆش ئەمکارە لەوێدا بە ئاکام دەگەیەنێت، کە خۆی لەدەرەوەی کەسـێکی دیکـەدا دابنێت. کەوابوو، لەگـەڵ هەڵبژاردن و بـە مێژووکردنی خۆیـدا بوون-بۆ-خۆ جیهان دەخاتە نێو مێـژووەوە و تەکنیکی ڕۆژژمێری بۆ دادەنێت. تەکنیکەکانیش، وەکو بابەت دەردەکەون و بوون-بۆ-خۆش تەکنیکـە بەجێکان هەڵدەبژێرێت (بۆنموونە، لەنێو ئەو جیهانەدا دەردەکەوێت، کە پیرۆ و پۆڵ پێکەوە دەدوێن یان کاتێک سـواری پاسـکیلەکە بووە، ئوتومبیلەکە دەهـاژوێ لەلای ڕاسـتەوە دەڕوا و هتد.) لەگەڵ بەبابەتکردنـی ئەم کردەوانە و

واتا پێبەخشـــینیان، بوونـ-بۆ-خۆ بەرانبەر فاکتۆری بوونی ئەو جیهانەی دەبێ لە ڕاستەوە ئۆتومبیل بهاژوێ یان بە فەرەنسی بدوێی، بەرپرسی دەبێت. ئەو یاسای ناوەوەی کردەوەکانی کەسانی دیکە دادەمەزرێنێت، کە لە ئاکامی مامەڵەکردنێکی سەربەستانە لەگەڵ پرۆژەکاندا پەیدادەبن و دەبن بە یاسای دەرەکی، وەکو بابەت. هەروەها، یاساکان بەسەر هەموو ئەو کردەوانەدا دەسەپێنرێن، کە لەیەکدی دەچن و هەموو کەســێکیش پەیڕەویان دەکات. ئەم بەمێژووکردنە، کە لەژێر کاریگەرێتی هەڵبژاردنی سەربەســتی بوونـ-بۆ-خۆ پەیدابووە، سەربەســتی سنوردار ناکات؛ بەڵکو بەپێچەوانـــەوە، لەنێو ئەم جیهانەدا، نەک جیهانێکی دیکەدا سەربەســتی دەکەوێتەگەڕ؛ بوونـ-بۆ-خۆ لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ئەم جیهانەدا خۆی دەخاتە نێو پرسیارکردنەوە. سەربەستی ئەوە نییە جیهانێکی مێژوویی هەڵبژێریت و تیایدا بژیت، بەڵکو هەڵبژاردنی بوونی خۆتە لەنێو جیهاندا ئینجا گرنگ نییە ئەو جیهانە چۆن بێت.

لـــەم ڕووەوە، بێهودەیـــە تەکنیکەکان بە ڕێگر لە ئاســـتی ئەگەرەکانی مرۆڤدا دابنرێن. بێگومان دێنس ســـکۆتس ئاگای لە بوونـــی ئۆتۆمۆبیل و فرۆکە نەبوو؛ بـــەڵام ئەو لە بۆچوونی ئێمـــەوە بە نەزان دەبینرێت چونکـــە ئێمە ئەو دەخەینە نێـــو جیهانێکەوە، کە ئوتومۆبیل و فرۆکەی تێدایە. بۆ ئەو، وەکو کەســـێک هیچ پەیوەندییەکی بەم بابەت و تەکنیکانەوە نییە، ئێمە ئاماژەیان بۆ دەکەین. جۆرێک لە نەبوونی ڕەها و نەناســـراو هەیە. ئەو نەبوونە بوونـ-بۆ-خۆیەک سنوردارناکات، کـــە بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت؛ چۆن بیری لێبکەینەوە نابێت بە کەمی. بوونـ-بۆ-خۆیەک لە سەردەمی دێنس سکۆتس خۆی بکات بە بوونێکی مێژوویی لەنێو پڕی بوونـــدا خۆی لە ناودەبات. ناکرێت بڵێین، ئەلبیگانییەکان گولەتۆپیان نەبوو تاکو بەرگری لە سیمۆن دی مۆنت فۆرت بکەن چونکە ساگنیۆر دی ترەنکەڤاڵ و کۆمت دی تۆلۆس لە جیهانێکدا بوونی خۆیان هەڵبژارد، کە گولە تۆپی تێدا نەبوو: لەنێو ئەو جیهانەدا بیریان لە ڕامیاری دەکردەوە و نەخشەیان بۆ جەنگ دادەنا. پشتیوانی کاتارییان کرد و بوون بەوەی خۆیان هەڵیانبژارد. بەتەواوی وەکو پەنزەڕ-دیڤنسیۆن یان (ئار.ئەی.ئێف) لەنێو جیهانی خۆیاندا بوون.

ئەوەی بۆ تەکنیکە ماتەریەکان دادەنرێت بۆ تەکنیکەکانی دیکەش دروســـتە. ژیانی میرێکی بچوک لە لانۆدۆک لە سەردەمی ڕایمۆندی شەشەم ئەگەر بخرێتە نێو جیهانـــی دەرەبەگایەتی ئەو کاتەی میرەکە هەبووە و خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردوە حوکمی بەســـەردا نادرێت. جیهانی دەرەبەگایەتی ســـەردەمی ڕایمۆندی شەشەم ئەگەرەکانی هەڵبژاردن بێســـنور دەکات؛ ئێمـــە لەوە زۆرتر نابین بە خاوەنی. ئەو پرسیارەی، وەکو خەونێکی یۆتۆپیا، هەندێک جار دەکرێت لەواتا بەدەرە: دێکارت چۆن بیریدەکردەوە ئەگەر فیزیای نوێی بزانیایە؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دێکارت

خۆرسکێکی لەپێشتری هەبێت و زانستیش لە سەردەمەکەیدا ئەو خۆرسکە سنوردار بکات. ئێمەش بتوانین بۆ سەردەمەکەمانی بگوێزینەوە و بەرانبەر زانین زیاتر هەڵبچێت. ئێمە لە بیری دەکەین، کە دێکارت ئەوەیە خۆی هەڵیبژاردوە. هەڵبژاردنێکی ڕەهای بوونی خۆیەتی لەنێو ئەو جیهانەدا، کە زانین و تەکنیکی جۆراوجۆری تێدایە و هەڵبژاردنەکەی وەدەستیان دەهێنێت و لەناونیشاندەبات. دێکارت سەرهەڵدانێکی ڕەهایە لەنێو کاتێکی مێژوویی ڕەهادا و لە سەردەمێکی دیکەدا بیری لێناکرێتەوە. ئەو بە دروستکردنی خۆی مێژووشی دروستکردوە. ئەو، نەک کەسێکی دیکە، بڕیاری لەسەر زانینی ماتماتیکی بە دامەزراندنی پرنسیپاڵەکانی ئەندازیاری شیکاری، پێش خۆی داوە. ئەمەش لێرەدا، دۆزینەوەیەکی سەربەستانەیە و ئەو داهاتووەش دیاریدەکات، کە ڕۆشنایی دەخاتەسەر ڕانەبردوو؛ دەستنیشانکردنی تەکنیکی تەواوە لەبەر ڕۆشنایی داهاتوودا، کە یارمەتیمان دەدات حاڵەتی بوونی تەکنیک هەڵسەنگێنین.

کاتێک بوون-بۆ-خۆ بەرانبەر کەسێکی دیکە خۆی وەکو بابەت دادەنێت، بەهەمانشێوە تەکنیکەکانیش بەرجەستەدەکات. کەوابوو، دەتوانێت خاوەنێتییان بکات یان بیانکات بە ناوەکی. بەڵام، کتوپڕ ئەم ئاکامانە قوتدەبنەوە: (١) لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکێدا، بوون-بۆ-خۆ تەکنیکەکە ڕەتدەکات و ڕووەو کۆتاییەکەی دەڕوات؛ ئەو بەردەوام لەودیو تەکنیکە بەکارهێنراوەکەیەتی. (٢) ئەو تەکنیکەی لە بوونی کەسانی دیکەدا-وەکو-بابەت ڕەفتارێکی ڕووت و واتادار بوو ئێستا، لەبەر ئەوەی بووە بە ناوەکی خەسڵەتی بوون بە تەکنیک وندەکات. لەنێو هەڵوێستی ڕەتدانەوەکە ڕووەو کۆتایی دەتوێتەوە؛ تەنیا سەربەستی دەیدۆزێتەوە و هەڵیدەگرێت بەوجۆرەی دیالێکت یان گوتن لەنێو پرۆژەی سەربەستی ڕستەداناندا هەڵدەگیرێت. دەرەبەگایەتی، وەکو تەکنیکی پەیوەندی نێوان تاکە کەسەکان نییە؛ شتێکی ڕووتکراوەیە و هەزار تاکە کەس لە هەڵوێستی یەک مرۆڤدا، کە پەیوەندی بە دەرەبەگێکەوە هەیە، دەیهێڵنەوە و ڕەتیشیدەکەن. مەبەستمان لەمەش گەیشتن بە نۆمینەلیزمێکی مێژوویی نییە. ئێمە ناڵێین دەرەبەگایەتی سەرجەمی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیار و خاوەن زەوییە. بەپێچەوانەوە، بونیادێکی ڕووتکراوەی ئەم پەیوەندییانەیە؛ هەموو پرۆژەیەکی تاکەکان لەمکاتەدا ڕوو لە ساتێکی کۆنکرێتی ئەم ڕووتکراوە دەکات. لەبەر ئەمە پێویست ناکات بە ژماردنی ئەزمونەکان واتای گشتی تەکنیکی دەرەبەگایەتی دیارییبکەین. ئەم تەکنیکە لەنێو ڕەفتاری تاکە کەسەکاندا پێویستە هەبێت و لە هەموو حاڵەتێکیشدا دەتوانین ڕۆشنایی بخەینەسەر. بەڵام، تەنیا لەوێدا دەبێ تێپەربکرێت. بەهەمانشێوە، بوون-بۆ-خۆ نابێت بە کەس، بۆنموونە ئەو کۆتاییە هەڵبژێرێت، کە بوونی خۆیەتی، ئەگەر ئەو ژن، پیاو ئەندامی کۆمەڵەیەک چینێک یان خێزانێک نەبێت. بەڵام ئەمانە

بونیـــادی ڕووتکـــراوەن و بوونێ‌بۆ‌خۆ بە پرۆژەکانی دەیانهێڵێتەوە و ڕەتیشـــیان دەکات. ئەو خۆی دەکات بە فەرەنســـی، کەسـێکی ســـەر بە دەڤەری باشـــور و کرێکارێـــک تاکو خۆی لە ئاسـوّی ئەم دیاریکردنانەدا بدۆزێتـــەوە. ئەو جیهانەی خۆی بـــۆ بوونێ‌بۆ‌خۆ دەردەخات لەنێو بەســـتێنی بەکارهێنانی تەکنیکەکەدایە. وەکو جیهانێ‌بۆ‌فەرەنســـییەک، جیهانێ‌بۆ‌کرێکار و هتد، بە هەموو خەسڵەتاکانی دیکەیەوە دێتە پێش. بەڵام خەسڵەتەکان سەربەخۆ نین. ئەو جیهانەی دەبێت بە جیهان بۆ کەسێکی فەرەنسی یان کرێکار لەپێشدا ئەو جیهانە بووە، کە بوونێ‌بۆ‌خۆ بە کۆتاییەکانی ڕۆشنایی خستۆتە سەر و جیهانی خۆی بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، بوونی کەسێکی دیکە سنورێکی فاکتۆری بۆ سەربەستییەکەم دادەنێت. جۆرە دیاریکردنێک بە سەرهەڵدانی ئەو دێتەکایەوە، کە من هەڵیانناب‌ژێرم. من دەبم بە جولەکە یان ئاری، جوان یان ناشرین، کەسێک قۆڵێکی هەبێت و هتد. ئەمانە منن لەبەردەم کەســـەکەدا بەبێ هیوا بۆ تێگەیشـــتن لەو واتا دەرەکییەی بـــۆ من دانراوە و لەمەش گرنگتر هیوای گۆڕانیانم نییە. گوتن بە تەنیا بوونی من دەگەیەنێت؛ ئەمەش لەوێدا دروســـتدەبێت، ئەگەر ببێت بە بابەتی مەبەستێکی بێ ناوەڕۆک؛ هەموو مەبەســـتێک بۆ هەمیشـــە دەبێت بە نکۆڵیکردن لە بوونم. ئەگەر لای کەســـەکە ڕەگەز یان لەشـــولارم تەنیا وێنەیەکی من بێت یان بوونم لەســـەر بۆچوونی کەسەکە بەرانبەر من ڕاوەستابێت ئەوا زوو کاری لەگەڵدا دەکەین؛ بەڵام بینیمـــان، ئێمە مامەڵە لەگەڵ خەســـڵەتی دەرەکیـــدا دەکەین، کە بوونی من بۆ کەســـانی دیکە پێناسدەکات. کاتێک سەربەســـتییەک بێجگە لە سەربەستییەکەی خۆم ســـەرهەڵدەدات و ڕووبەڕووم دەبێتەوە من دەکەومـــە نێو ڕەهەندێکی نوێی بوونەوە. ئەمجارە پرســـیارکردن ســـەبارەت ســـەپاندنی واتاکان بەسەر هەبووە ڕووتەکاندا یان ســـەبارەت بە لێپرسینەوەم لە ئاستی ئەو واتایانەدا نییە کەسانی دیکە دایاننناون. من بونی خۆم بەو شێوەیە دەبینم، کە واتای بەسەردا سەپێنراوە و هیچ تەواناییەکیشـــم نییە خۆم بە لێپرســـراو لە ئاســـتیدا دابنێم. لەم ڕەهەندە نوێیەی بوونمدا لایەنێکم، وەکو شتێکی دراو سەرهەڵدەدات؛ بە لای کەمەوە بۆ من وا دەردەکەوێـــت چونکە من تاڵی ئەو بوونە دەچێژم، کە لەپێشـــتر نەبوو. من لە پەیوەندییەکانمدا لەگەڵ کەسانی دیکە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مندا ئەو ڕەهەندەی بوونم دەناسم. لەنێو هەزاران شـــتی قەدەغەکراو یان بەرهەڵستیدا کاتێک بەریان دەکەوم و دژیان ڕادەوەســـتم ڕووبەڕوویان دەبمەوە. بۆنموونە، دەڵێن تۆ منداڵیت نابێ ئەم یان ئەو شتەت هەبێت. لەبەر ئەوەی جولەکەم لەنێو زۆر کۆمەڵدا جێگەم نابێتەوە و هتد. من لە ناوەوەی خودی خۆمدا ناتوانم هەست بە بوونی خۆم، وەکو جولەکە، منداڵ یان ئاری بکەم. لێرەدا، دژایەتی من بەرانبەریان دروســـتدەبێت و دەڵێم، کە ڕەگەز، ئەندێشەییە و تەنیا تاکەکان ڕاستەقینەن و هەن. کتوپڕ، توشی

نامۆییەکی تەواو لە بووونمدا، وەکو تاکە کەس دەبم: من دەبم بەو شتەی خۆم هەڵم نەبژاردوە. ئایا ئاکامی ئەم هەڵوێستە چییە؟

پێویســـتە تێبگەین، کە سەربەستییەکەمان توشـــی سنورداربییەکی ڕاستەقینە بووە، ئەویش ئەو شـــێوازی بوونە بەسەرا ســـەپێنراوەیە، کە سەربەستییەکەمان نەبووە بە بناخەی. گرنگە بزانین، ســـنورداربییەکە لە کردەوەی کەســـانی دیکەوە دەرناچێت. لە بەشـــی پێشـــوی [ئەم نوســـراوەدا] بینیمان، چۆن ئەشکەنجەدان ناتوانێت سەربەستییەکەمان زەوتبکات؛ تەنانەت سەربەستانە خۆمان بەدەستەوە دەدەین. بەگشـــتی، ڕووبەڕوو بوونەوەی قەدەغەکردنێک لەسەر ڕێگاکەم ("جولەکە بۆی نییە بێتە ئێرە" یان" ئەمە چێشـــتخانەی جولەکەکانە و بۆ ئارییەکان نییە" و هتـــد) ئاماژە بۆ حاڵەتەکە دەکەن باســـمانکرد (بۆنموونە تەکنیک بەکۆمەڵەکان). واتای قەدەغەکردنەکە لەســـەر هەڵبژاردنی سەربەســـتدا ڕادەوەستێت. بەگوێرەی لێپرســـینەوەی سەربەســـتانەی هەڵبژاردنەکەم، دەتوانم قەدەغە شکێن بم، گوێی نەدەمێ یان بەپێچەوانەوە گوێڕایەڵ بم و بەهای بۆدابنێم. بێگومان قەدەغەکردنەکە هەڵوێستی خۆی، وەکو شتێک لە ویستێکی بێگانەوە دەرچوو، ووناکات؛ هەڵبەتە لە بونیادە دیاریکراوەکەشدا من بەبابەت دادەنێت. لەبەر ئەمە بەرزێتییەک لەژوور بەرزێتی منەوە دەردەخات. هێشـــتا ئەو ڕاستییەش دەمێنێتەوە، کە لەنێو جیهانی مندا بەرجەستە نەبووە. لە هەڵبژاردنەکەمدا دەستەڵاتی سەرکوتکەرانەی وندەکات. لەگـــەڵ ئەگەرەکانمـــدا، کە ئایا من ژیانم لە مردن لا شـــیرینترە یان نا لە هەندێ حاڵەتدا دەگەمە ئەو باوەڕەی مردن لە ژیان باشتربێت و هتد. سنوری ڕاستەقینەی سەربەســـتییەکەم لەوێدایە، کە کەسەکە من، وەکو بابەت دەناسێت. هەڵوێستیشم بۆ ئەو خەســـڵەتی خۆی وندەکات و دەبێت بە شـــێوازێکی دەرەکی و بوونی منی لەســـەر دادەمەزرێت. ئەم پرۆســـەی نامۆبوونی هەڵوێســـتە دەبێت بە سنورێکی دیاریکراو و بەردەوامی هەڵوێســـتەکەم و لەوەش دەچێت بوونی-بۆ-خۆی من لەنێو بوون-بۆ-کەســـانی دیکەدا دابنرێت. ئەم دوو ســـنوردارکردنەیە دەبن بە دیوار بە دەوری سەربەستییەکەمدا.

بەکورتییەکەی، فاکتۆری بوونی کەســـانی دیکە من دەخاتە نێو هەڵوێستەوە، کە دەرەوەی هەیە و منیش تیایدا نامۆدەبم. بێجگە لە کارکردن لەســـەری ناتوانم لەناوییەرم. ئەم سنوردارێتییەی سەربەستییەکەم، وەکو باسمانکرد، بوونی کەسانی دیکە دەیسەپێنێت؛ واتە بەرزێتی من بەرانبەر بەرزێتی ئەوان ڕادەوەستێت. لێرەدا ڕاســـتییەکی گرنگ دەناسین: ئێمە لەپێشـــتر بینیمان، کە خۆمان لەنێو ڕووگەی بوون-بۆ-خۆ دادەنێین و خودی سەربەســـتییەکەمە سەربەســـتیم سنورداردەکات؛ ئێستا دەبینین، کاتێک بیر لە بوونی کەسانی دیکە دەکەمەوە، سەربەستییەکەم لەم ئاســـتە نوێیەدا لەلایەن سەربەستی کەسانی کەسانی دیکەشەوە سنورداردەکرێت.

کەوابوو، لە هەموو ئاستێکدا ئەوەی سەربەستی سنورداردەکات سەربەستییە. ئەمەش گوتەکەی (سپینۆزا)مان بیردەخاتەوە، کە دەڵێت، بیرۆکە دەتوانێت بیرۆکە سنورداربکات. سنورداریێتی سەربەستی، وەکو بڕانەوەیەکی ناوەکی، لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە سەربەستی ناتوانێت سەربەست نەبێت و حوکمی بەسەردا دەدرێت سەربەست بێت؛ سنورداریێتییە دەرەکییەکەش لەوەدایە، کە سەربەستی بۆ سەربەستی کەسانی دیکەیە. سەربەستی کەسانی دیکەش ئەو لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکانی خۆیدا دەناسێت. پاش دامەزراندنی ئەمە، پێویستە سەرنجی ئەو خاڵەش بدەین، کە نامۆبوونی هەڵوێستەکە نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکانی ناوەوە و پێشکەشکردنی شتە دراوەکە، وەکو بەرەنگاریکردنێکی ڕووت لەنێو هەڵوێستەکەی من تیایدا دەژیم، ناکات. بەتەواوی بەپێچەوانەوەیە، نامۆبوونەکە گۆڕانکاری ناوەکی و گۆڕانی لایەنێکی هەڵوێستەکە ناگرێتەوە؛ لەنێو ڕەوتی کاتیشدا ڕوونادات؛ من هەرگیز لەنێو هەڵوێستەکەدا ڕووبەڕووی نابمەوە و خۆی بۆ درککردنەکەم ئامادەناکات. بەڵکو لە من ڕادەکات؛ ئەو دەبێت بە ڕواڵەتی دەرەکی هەڵوێستەکە، کە بوونێتی بۆ کەسانی دیکە لە دەرەوەدا. کەوابوو دەبێت مامەڵە لەگەڵ خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی هەموو هەڵوێستێک بەگشتی بکەین؛ ئەمەش کارناکاتە سەر ناوەڕۆکی. ئەو بوونەی لەنێو هەڵوێستەکەدایە دەیدۆزێتەوە و وەریدەگرێت. لەم ڕووەوە، هەڵبژاردنە سەربەستەکەمان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵوێست، شێوازی دەربڕینی هەڵبژاردنەکە و خەسڵەتی بنەڕەتی هەڵوێستەکەش، کە نامۆبوونە؛ واتە کەسەکە لەنێو هەڵوێستەکەدا دەبێت بە شێوازێکی لەنێو-خۆ بۆ کەسانی دیکە. ئێمە ناتوانین خۆمان لەم نامۆبوونە ڕزگاربکەین چونکە بیرکردنەوە لە بوون لەنێو شێوازێکی لە هەڵوێست بەدەر بێهودەیە. ئەم خەسڵەتە لە ئاکامی بەرەنگاریکردنێکی ناوەکییەوە پەیدانەبووە؛ لەبەر ئەمە ڕێگرێکی سەرانسەری نییە و سوڕانەوەی هێزە لەنێو سروشتی سەربەستیدا و لاوازیشە لە بنەڕەتەکەیدا، کە ئەو ڕووە نیشاندەدات سەربەستی ناخوازێت هەڵبژێرێت. بۆ کەسانی دیکەش دەبێت بە بوونێکی ڕووت. هەروەها، ئەم خەسڵەتە سەر بە سروشتی سەربەستی نییە چونکە سروشت شتێک نییە هەبێت؛ لەسەرو ئەمەشەوە، ئەگەر سروشتێک هەبێت ئەوا ئەم خەسڵەتەی لێوە دەرناچێت چونکە بوونی کەسانی دیکە بەتەواوی فاکتۆرێکی هەڵکەوتوە. هاتنە نێو جیهانەوە بە سەربەستییەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی کەسانی دیکە دەکات بە نامۆکردن. ئەگەر کەسێک سەربەستی خۆی هەڵبژێرێت دەبێت لەنێو جیهاندا بێت و ڕووبەڕووی کەسانی دیکەش بێتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە، ئەو کەسەی بەمجۆرە بوونی خۆی دامەزرێنێت بە سۆزەوە ڕوو لە سەربەستییەکەی دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، من لەدەرەوەمدا هەڵوێستە نامۆکراوەکەم و بوونی نامۆکراوی خۆم دانامەزرێنم. لە یەکەم شوێندا، بێگومان، بینیمان، لەسەر بنەمایەکی

بیردۆزەیی هەرشتێک نامۆکرابێت بونیشـــی بۆ کەسانی دیکەیە. من ناتوانم بەبێ ناســـینی کەسانی دیکە و بەرزێتییەکەیان ئەم نامۆییە بسەلمێنم. ئەم بڕوایەش لە بێ بڕواکردنێکی سەربەســـتانە بە سەربەستی کەسانی دیکە واتا نابەخشێت. بەم بڕواکردنە سەربەستانەیەش، کە بۆ سەلماندنی نامۆبوونەکەم دایدەمەزرێنم بوونم-بۆ-کەســـانی دیکە، بـــە هەرجۆرێک بێت، دادەنێم چونکـــە پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئەوانـــدا دیاریدەکات. کەوابوو، بوونی کەســـێکی دیکە، وەکو سەربەســـتی لەنێو پرۆژەی سەربەستی ناسینەوەمدا بۆ ئەو دەناسم (دەگونجێت سەربەستانە بوونی کەسەکە، وەکو بابەت بناسم)؛ پرۆژەی سەربەستی ناسینەوەی کەسێکی دیکە لە بیرۆکەی سەربەستانەم بۆ بوونم، وەکو بوونێک-بۆ-کەسانی دیکە جیانابێتەوە.

ئێستا دەبینین چۆن سەربەستییەکەم ســـنورەکانی خۆی دەدۆزێتەوە چونکە بوونی خۆم لەئاســـتی کەســـانی دیکەدا بە سنورکراوی دەبینم. ئەوان بە خۆیەتی و بوونی خۆشـــم بۆ ئەوان دادەنێم. ئەمەش ســـوڕانەوەیەکی بازنەیی نییە. لەگەڵ دانانێکی سەربەستانەی ئەم بوونە-نامۆکراوەی نێو ئەزمونەکەم هەست بە بەرزێتی کەســـانی دیکە بەرانبەر بوونم دەکەم. تەنیا لەگەڵ ناسینەوەی من بۆ سەربەستی دژایەتیکـــردن لەگەڵ جولەکەدا (گرنگ نییە چـــۆن بەکاریدەهێنن) و دانانی بوون، وەکو جولەکە، من بۆ ئەوان دەبم بە جولەکە؛ لێرەدا بوون-بە-جو، وەکو سنورێکی دەرەکی هەڵوێستەکە دێتەکایەوە. ئەگەر، بەپێچەوانەشەوە، حەزبکەم دژایەتیکردن لەگەڵ جولەکەدا بەبابەتێکی ڕووت دابنێم، ئەوا بوونم-وەکو-جو وندەبێت و کتوپڕ جێگە بۆ ئاگامەندییەکی سەربەســـتی سادە دەکەمەوە، کە دەبێت بە بەرزێتییەکی ناجۆر. ناسینەوەی کەسانی دیکە، لەوحاڵەتەدا من جولەکە بم و دانانی بوون-بە-جو دەبن بە یەک شت. کەسانی دیکە هەڵوێستم سنوردار دەکەن، بەڵام ئەو کاتەی بوونم-بۆ-کەســـانی دیکە دادەنێم و بەگوێرەی کۆتاییـــە هەڵبژێردراوەکان واتایان پێدەبەخشم، هەست بە سنورەکان دەکەم. هەڵبەتە، ئەم دانانەش نامۆییە؛ لایەنی دەرەوەی هەیە، بەڵام لەم دانانەوە من هەســـت بە بوونم-لەدرەوەدا، وەکو دەرەوە دەکەم. کەوابوو چۆن هەســـت بە سنورە درەکییەکانی بوونم، وەکو بوون بە جو، ئاری، ناشـــرین، جوان، فەرمانبەر یان هەژار و هتد، دەکەم؟ چ کاتێک گوتن ئەم ســـنورانە بە من ڕادەگەیەنێت؟ ئەمە لە ڕێگەی هەســـتکردنی ڕاستەوخۆی من بە جوانی، ناشـــرینی و ڕەگەزی کەســـەکەی دیکە یان لەگەڵ ئاگاییەکی لە تێڕامان بەدەری بە پرۆژەکردنی بوونمدا ڕووەو ئەگەرەکانم ڕوونادات. پێویســـتیش ناکات هەموو ئەم خەســـڵەتە دەرەکییانە بە ڕووتکراوە دابنێین: هەندێکیان ڕووتکراوە و ئەوانی دی ڕووتکراوە نین. جوانی و ناشرینیم یان ناگرنگی ڕوخسارم بۆ کەسەکەی دیکە شـــتێکی کۆنکرێتییە. ئەم شـــتە کۆنکرێتییەیە لە گوتنی ئەودا ئاماژەی بۆ دەکرێـــت؛ بەرانبەر ئەم شـــتەیە من بە بەتاڵییەوە خۆمی ئاڕاســـتەدەکەم. لێرەدا

مامەڵە لەگەڵ شتێکی ڕووتکراوەدا ناکەین. ئەو شتە خاوەنی بونیادێکی پێکهاتوە. پێکهاتەکەش، لەڕاستیدا، منم. لەسەرەتای کەرتی دووەمی [ئەم نوسراوەشدا] نوسیمان، کە بوونـ-بۆ-خۆ ناتوانێت ببێت بە هەموو شتێک. من مامۆستا یان نوسەرێکی نێو قاوەخانەکە نیم، جوان یان ناشرین نیم، جو یان ئاری نیم، کەسێکی گیانەوەر یان سادە نیم. ئەم خەسڵەتانە بە نەناسراو ناوزەددەکەین و نابێت بە ئەندێشاویش دایان بنێین. پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەبووە ڕستەقینەکاندا بکەین؛ بەڵام ئەو شتانەی ئەم خەسڵەتانە هەڵدەگرن خودی خەسڵەتەکان نین. منیش، کە ئەوانم هەستیان پێناکەم. بۆنموونە، ئەگەر پێم بڵێت، کە من کەسێکی سادەم ئەوا ڕاستەوخۆ سروشتی سادەییم بۆ دەردەکەوێت؛ چەمکی "سادەیی" دەخەمەسەر کەسایەتییەکەم. بەڵام واتای ئەم چەمکە بە کەسایەتییەکەمەوە گرێنادەم. بێگومان ئاماژە بۆ جۆرە بەستنەوەیەک دەکات، کە بە هۆی بەناوەکیکردنی سادەیی یان بەبابەتکردنی کەسەکەوە پەیدا دەبێت، بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە ڕاستەقینەکەی نێو پرسیارکردنەکە لەناودەبەن.

کەوابوو، دەورمان بە شتە نەناسراوە نەبڕاوەکان گیراوە. ئەوانەی دڵنیاین لێیان و هەستیان پێدەکرێت ئامادەنەبوونەکانە. ئەو کەسانەی پاش ژیانێکی زۆر لە هەندەران دەگەڕێنەوە لەوەدا نائومێد دەبن، کە هەست ناکەن لەنێو پاریسن. بابەتەکان لەوێدان و ئاشنایی خۆیان ئامادەدەکەن، بەڵام من ئامادە نیم و تەنیا نەبوونێکی ڕووتی پێویست بونیان لەنێو پاریس ئامادەدەکات. هاوڕێ و خەمەکانم ئەندێشەی بەڵێنی نیشتمانم لادروست دەکەن، کاتێک دەڵێن: "دواجار تۆ لێرەیت! گەڕایتەوە! تۆ لە پاریسیت!" بەڵام من دەستم بەو نیشتمانە ناگات. ئەگەر خەڵکەکە مافی ئەوەیان هەبێت لەبەردەم کەسانی دیکە یان بۆ خۆیان "دوو ڕوو بن"، ئەگەر ئەمەش بکەن و لەئاستی هەڵەکردنەکەی دوێنێدا، کە لە کەسێکدا دۆزییانەوە و تانەیان لێدا، هەست بە ئازاری ویژدانی بکەن، لەوانەیە بڵێین،" ئەوە هەمانشت نییە" چونکە بەڕاستی "هەمانشت نییە." کردن بابەتێکی دراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی؛ کەسێکی دیکەش بەرزێتییەکی ڕووتە، کە بوونی سەلماندنێتی چونکە بوونی ئەو هەڵبژاردنە. لەڕێگەی بەراوردکردنی ئاکامە لەیەکچوەکانی دوو کردەوەی لەدەرەوەدا دەتوانین بیخەینە سەر باوەڕ، بەڵام ویستی لەنێو جیهاندا نایەڵێت لێکچونەکە بناسێت. لێرەدا سەرچاوەیەکی لایەنی چاکی گرفتەکانی ئاگایی ڕەوشتی دەبینین، بەتایبەتی ئەو خەمەی لە ئەکامی ئەوەی نەتوانیت بە ڕاستی ڕقت لە شتێک بێتەوە، هەست بە ناشرینی خۆت نەکەیت و بەردەوامیش هەست بە بۆشایی نێوان چەمکە دەربڕاوەکانی، وەکو "من ناشرینم، من گوناهم کردوە" بکەیت.

دواجاریش هەستکردنێکی تەواو بە هەڵوێستەکە. بەکورتییەکەی، ئەمە بنەڕەتی هەموو دوودڵییەکە و لەنێو "ویژدانێکی خراپدا"، ئەویش ئاگامەندی نێو بڕوای

خراپدایە، کە خۆی هەڵدەســەنگێنێت، بۆنموونە، بیر لە بۆچوونی کەسانی دیکە بەرانبەر بوونی خۆی دەکاتەوە.

ئەگەر هەندێک لەو خەسڵەتە نەناسراوانە زۆرتر لەوانی دیکە کار بکەنە سەرمان و ببن بە بابەتی باســکردنی سایکۆلۆجی، نابێت چاومان لە ئاستی ئەو ڕاستییەدا کوێر بکەن، کە ئەم خەسڵەتە نەناسراوانە لە ژمارە بەدەرن چونکە نوێنەری لایەنی وەرچەرخاوی هەڵوێستەکە دەکەن.

ئەم خەســڵەتە نەناســراوانە، بەهەرحاڵ، تەنیا خۆیان بە نەناسراوی بۆ ئێمە دەرناخەن؛ بۆ ئەوەی ببن بە نەناســراو دەبێ لەنێو ئەو پرۆژەیەدا ســەرهەڵدەن، کە ڕوویان تێدەکات. ئەمەشــمان لەپێشتر باسکردو ڕوونمانکردەوە چۆن بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ ناســین و بڕواکردن بە بوونی کەســانی دیکە، بوونی خۆی دەکات بە بوون-بۆ-کەسانی دیکە. لەم پرۆژەیەدا ئەوەی نەناسراوە دەبێت بە شتێکی ناسراو. بێگومان، لەســەرەتاوە، گریمانەکە لەسەر پرۆژە بنەڕەتییەکەی من ڕادەوەستێت. من بێ چالاکانە خۆم ســنوردارناکەم تاکو واتای "ناشــرین"، "زەبون"، ڕەگەز" و هتد وەدەست بهێنم. بەپێچەوانەوە، من لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکانمدا لە واتاکانیان تێدەگەم. ئێمە ئەم خاڵەمان باســکرد، بەڵام بەوەرچەرخانی چەمکەکان، کاتێک دەڵێن فاکتۆری بوونی ڕەگەزێک ڕەتدانەوە بەرانبەر خۆ-بەگەورەدانان یان هەســت بەکەمیکردن دیاریدەکات، ڕاستییەکەشــمان گۆڕی. لەڕاستیدا، ڕەگەز، زەبوونی و ناشــرینی تەنیا لەنێو ســنوری هەڵبژاردنی مندا بۆ هەست بەکەمیکردن یان خۆ-بەگەورەدانان دێتەکایەوە. تەنیا سەربەستییەکەم واتایان پێدەبەخشێت. واتاکان بۆ کەســانی دیکەشە، بەڵام ئەو کاتە بۆ من دەبن بە واتا، کە هەڵیاندەبژێرم. یاسای سەربەســتییەکەم، کە ڕێگەنادات من بەبێ خۆ-هەڵبژاردن هەبم بەسەر ئەمەشدا دەسەپێنرێت: من هەڵمنەبژاردوە ببم بەوەی کەسانی دیکە دەیناسن، بەڵام دەتوانم هەوڵبدەم ببم بەوەی بۆ کەسانی دیکە هەیە. مرۆڤێک یەکەمجار نابێت بە جولەکە و دوایی هەســت بە شەرمەزاری یان ســەربەرزی بکات؛ بەڵکو سەربەرزییەکەی-بۆ-بوون بە جو، شــەرمەزارییەکەی-بۆ-بوون بە جو یان بێ دەربەســتییەکەیەتی ئــەو دەکات بە جو. بوون-بە-جو لە دەرەوەی سەربەســتی ئــەودا بۆ هەڵگرتنی یەکێک لەم هەڵوێســتانە نییە. هەرچەندە من ڕێگەی جیاوازم بۆ خۆ دەرخســتن لە ئاســتی کەســانی دیکەدا لەبەردەممدایە، بەڵام ناتوانــم هیچیان نەگرمە بەر. لێرەدا، دیســانەوە، حوکمکردن بەسەر سەربەســتیدا دەدۆزینەوە، کە لەسەرەوە بــە فاکتۆر ناوزەدمانکــرد. من ناتوانم بەتەواوی واز لــە بوونی خۆم بەو جۆرەی بۆکەسانی دیکە دەردەکەوێت بهێنم چونکە ڕەتدانەوەی دوورکەوتنەوە نییە. من لە هەموو حاڵەتیکدا، لەگەڵ تووڕەبووندا، ڕق، سەربەرزی، شەرمکردن، دڵشکاندن یان خۆشی، پێویستە ئەو بوونەم هەڵبژێرم، کە دەمەوێت بیگەمێ.

کەوابوو، شتە نەناســراوەکان بۆ بوون-بۆ-خۆ، وەکو ئەو شتە نەناسراوانەن بۆ ناسین دەردەکەون. خەسڵەتی خۆیان بۆ ســنوردارکردن وناکەن. سنوردارییەکی دەرەکیــن و بوون-بۆ-خۆ دەیانکات بە ناوەکی. خەســڵەتی زۆرەکییان هەیە. ئێمە مامەڵــە لەگەڵ ئامێرێکدا ناکەین بۆ بەکارهێنان ســەری هەڵدابێت. لێرەدا، شــتە نەناســراوەکە سنوردارییەکی لەپێشتر و بۆ هەڵویســتەکەی من دانراوە (من ئەم کەسەم بۆ ئەوان). چاوەڕێی من ناکات تاکو پەیدای بکەم؛ هەمانکات لەنێو پڕۆژەی سەربەســتی منیشدا دەناسرێت. هەمانکات، مادام شــتێکی نەناسراوە، ئەوا خۆی بەودیو هەوڵدانەکانی منەوە بۆ ناســینی دەگەیەنێت. دەبێت بە شتێکی لەپێشتر و بۆ خۆ سەپاندنی داوای خۆ خەریکردن لە من دەکات. ئەگەر ئەمە پێویست نەبێت دەبێ چی بێت؟ بێگومان دەبێ بکرێت بە شتێکی ناوەکی (لەدەرەوە، وەکو هەموو فاکتۆرێک دروستدەبێت)، بەڵام سیستەمەکەی هەرچییەک بێت، بەو لایەنە دەرەکییە دادەنرێت، کە دەبێت بە ناوەکی. ئەگەر سیســتەم فاکتۆرێکی ڕووتی دراو نەبێت، کە کەسێک هەوڵی گۆڕانی دەدات، پێویستە من لەگەڵ سەربەستییەکەمدا بیناسم و بیکەم بە بونیادی پڕۆژە سەربەستەکەم. ئەگەر سیستەم، سیستەم بێت و ڕەوتێکی سەربەستانەی ڕووەو کۆتاییەکانم نەبێت، ئەوا دەبێت لە ناو سەربەستی هەڵبژاردنمدا خەسڵەتی دەرەکی خۆی بپارێزێت. لەگەڵ هەوڵدانی بوون-بۆ-خۆ و بە ناوەکیکردنی لایەنی دەرەکی هێشــتا ئەو لایەنە لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە. ئەمەش پێناسەی ئەو شتە نەناسراوانەیە، کە دەناسرێن. لەبەر ئەمەیە بە پێویست دادەنرێن.

دەتوانین زۆرتر لەســەر باسی نەناســراوەکان بڕۆین؛ ئەوان سنورەکانی منن. لەبەر ئەمەش بۆ سەربەســتی من تەنیا ســنورن نەک شتێکی دراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سەربەســتییەکەم لەگــەڵ هەڵبژاردنی سەربەســتانەی بوونیدا ســنورەکەی خــۆش هەڵدەبژێرێت؛ یان، ئەگەر حەزبکەیــت دەڵێین، هەڵبژاردنی سەربەستانەی کۆتاییەکانم (بۆنموونە ئەوەی، کە منە) سنوردارییەکەش دەگرێتەوە. دیســانەوە، لێرەدا، هەڵبژاردنەکە دەبێت بە هەڵبژاردنی شــتێکی بڕاوە. ئەو شتە بڕاوەیەش ناوەکییە، بۆنموونە دەســتەڵاتی سەربەســتییەکەیە و ئەو سنورەی بە هۆی ســەرهەڵدانی شتە نەناسروەکانیشەوە پەیدادەبێت بڕاوەیەکی دەرەکییە. من لە دوورەوە بوونی خۆم بە شێوازێک هەڵدەبژێرم، کە هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکەم سنوردارەدەکات و وەرچەرخانەکانیشیان پێکدەهێنێت؛ هەڵیدەبژێرم، کە شتێکی دیکە بێجگە لە خودی هەڵبژاردنەکە، ســنورداربکات. ئەگەر خۆم بە سەریا تورەبکەم و هەوڵبدەم بە هەموو شێوەیەک شتە نەناساوەکان بدۆزمەوە، کە لە بەشی پێشتری ئەم نوســراوەدا بینیمــان، تەنانەت بەهێزترین هەوڵدان بۆ ناســینەوەیان دەبێت بناخەکەی لەســەر ناسینەوەیەکی سەربەستانە و ســنوردارکردنی سنورەکان، کە کەسەکە دەیکات بە ناوەکی، دابمەزرێت. لەبەر ئەوە سەربەستی بەتەواوی بەرپرسە.

شـــتە نەناسراوە بڕاوەکەش بە سنووردارکردنی خۆی لە ئاستی سەربەستی کەسانی دیکەدا دەخاتە نێو هەڵوێستەوە. لە ئاکامدا، سنورە دەرەکییەکانی نێو هەڵوێست دەبن بە سنور-هەڵوێســـت، دەکەونە نێو هەڵوێستەکەوە و دەبن بە "نەناسراوێک" کە هەوڵی ناســـینی دەدرێت. وەکو لایەنی هەڵبژێـــردراو و بەدواداگەڕاو، هەروەها وەرچەرخاوی هەڵبژاردنەکەم دەبن بە واتا بۆ هەوڵدانەکەم. هەرچەندە وەکو مردن پێـــش هەوڵدانەکەم دەکەون. جۆرێکی دیکەی نەناســـراوەکان، کە لێرەدا باســـی ناکەین و دەبێت بە سنور-هەڵوێســـت بە مەرجێک بە ڕووداوێکی نێو ژیان دابنرێت هەرچەندە ئاماژە بۆ جیهانیش دەکات، کە ئامادەبوونم و ژیانم تیایدا نەناسرێتەوە، ئاماژە بۆ ئەودیو ژیان دەکات.

ئەو فاکتۆرەی ئاماژە بۆ ئەودیو ژیان دەکات، تەنیا بە ژیانی منەوە واتا هەڵدەگرێت و بۆ منیش دەبێت بەشتێکی نەناسراو. ئەو فاکتۆرەی ئاماژە بۆ سەربەستی لەودیو سەربەستی منەوە، هەڵوێســـت لەودیو هەڵوێستی منەوە دەکات، وەکو فۆرمێکی دەرەکی لەنێو شـــتەکانی دیکـــەدا، لەنێو جیهاندا دراوە: لێرەدا دووجۆر ســـنور-هەڵوێســـت هەن، کە خەسڵەتی پارادۆکسیان بەرانبەر سەربەستییەکەم لە هەموو لاکانەوە هەیە. هەمانکات واتایان بێجگە لەوەی سەربەستییەکەم پێیان دەبەخشێت چـــی دیکە نییە. بۆ هەموو چین، لەش، کەســـانی دیکـــە و ڕوودانێک "بوونێکی سەربەست-بۆ-." هەیە. لەوێوە بوون-بۆ-خۆ پرۆژەکەی دەخاتەگەر و ڕووەو یەکێک لە ئەگەرەکانی دەڕوات، کە هەمیشـــە دەبێت بە ئەوپەڕی ئەگەرەکەی. ئەگەرێکی شـــوێنکەوتو ئەگەری خۆ بینینە؛ بوونێکە بێجگە لە خۆی لەپێناوی بینینی خۆی لەدەرەوەدایە. لە هەموو حاڵەتەکاندا، پرۆژەی خۆ بەرەو "کۆتاییەک"، کە ناوەکییە و لەنێو خانەی ئەگەرەکاندا دەبێت بە واتایەکی لەودیو-گەیشتنەوە، سەرهەڵدەدات. کەسێک دەتوانێت هەبێت تاکو "ببێت بە-فەرەنسی"، " ببێت-بە-کرێکار" و کوڕی پاشـــاش "ببێت-بە-خاوەن دەستەڵات." ئێمە، لێرەدا، مامەڵە لەگەڵ سنورەکان و حاڵەتە ڕەتدراوەکانی بوونمان دەکەین. بیریان لێدەکەینەوە بەوجۆرەی بۆنموونە، جویەکی زایۆنیســـت بیر لـــە بوونی خۆی لەنێو ڕەگەزەکەیـــدا دەکاتەوە. ئەو بە ڕاســـتی و بڕیاردانەوە بیر لە نامۆبوونی هەمیشەیی خۆی دەکاتەوە. بەهەمانشێوە کرێکارێکی شۆڕشگێڕ لەگەڵ پرۆژەی شۆڕشکردندا بیر لە "بوونی خۆی-لەپێناوی-بوون-بەکرێـــکار" دەکاتـــەوە. وەکو، هایدیگەریش ئاماژە بۆ ئـــەو خاڵە دەکەین، هەرچەندە چەمکەکانی ڕەســـەن و ناڕەسەنی لەبەر ڕەهەندە ئاکارییەکانیان ڕوون نین، هەڵوێستی ڕەتدانەوە و ڕاکردن بەردەوام ئەگەرن لە بووندا. کەسێکی بورژوا بە ڕەتدانەوەی چینەکانی دیکە خۆی دەکات بە بورژوا و کرێکارەکەش بە ڕەتدانەوەی چینەکان و چالاکییە شۆشـــگێڕانەکانی، وەکو یەکێک لەنێو-چینەکەیدا، دەبێت بە کرێکار. بەڵام ئەم ســـنوردارییە دەرەکییانەی سەربەستی، لەبەر ئەوەی دەرەکین

و وەکو شـــتێکی نەناســـراو بە ناوەکی کراون هەرگیز نابن بە ڕێگرێکی ڕاستەقینە بۆ سەربەســـتی. سەربەستی هەمووگیر و نەبڕاوەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ســـنوری نەبێت بەڵکو هەرگیز ڕووبەڕوویان نابێتەوە. ئەو ســـنورانەی سەربەستی توشـــیان دەبێت ئەوانەن خودی سەربەستی بۆ خۆی دروستیان دەکات و ئێمەش مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕابردوودا، ژینگە و تەکنیکەکان باسکردوە.

ئێ . مردنی من

پاش دەرکەوتنی مردن بۆ ئێمە، وەکو شتێکی نا-مرۆڤانە و باڵادەست، لەسەر دیوارەکەی ئەو بەرەوە، بڕیارماندا لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تەماشای بکەین و لێی بکۆڵینەوە؛ وەکو ڕووداوێکی ژیانی مرۆڤ باسیبکەین. ئەم گۆرانکارییە بە ئاسانی ڕووندەکەینەوە: مردن ســـنورە و هەموو سنورێکیش (لەســـەرەتاوە یان کۆتاییدا) دووسەرە. گرنگ نییە بە بەشێک لە نەبوونی بوون، کە پرۆسەکان دەبڕێت، دابڕێت یان نا. ئەو بوونەیە، کە سەر بە پرۆسەیەکە و تاکو ڕادەیەکیش واتا بە پرۆسەکە دەبەخشێت. دوابەشی گۆرانییەکە هەمیشە ڕوو لە بێدەنگی دەکات، ئەویش نەمانی دەنگە، کە شـــوێن گۆرانییەکە دەکەوێت؛ لەلایەکەوە، بە بێدەنگی دروســـتکراوە چونکە ئەو بێدەنگییەی سەرهەڵدەدات لە دوابەشی گۆرانییەکەدا ئامادەبووە و بووە بە واتاکەی. لەلایەکی دیکەوە، بەشێکە لەو بوونەی گۆرانییەکە مەبەستێتی؛ بەبێ دوابەش گۆرانییەکە بەردەوام لەنێو هەوادا دەمێنێتەوە و دوابەشـــەکەش لەم نۆت بۆ ئەو نۆت دەڕوات و گۆرانییەکە کۆتایی پێ نایەت.

مردن هەمیشـــە، ڕاست یان ناڕاست، ئەو شتەیە دەستەڵاتمان بەسەرییدا نییەو دوا ســـنوری ژیانی مرۆڤە. لەبەر ئەمە ئاســـایی بوو فەلســـەفە، کە بەگشـــتی لە کێشـــەی پەیوەندی هەڵوێستی مرۆڤ لەگەڵ لایەنە نامرۆڤەکانی دەکۆڵییەوە، بیر لە مردن، وەکو دەرگایەکی کراوە بۆ نەبوونی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بکاتەوە. ئەو نەبوونەش بە لەناوبردنێکی ڕەهای شـــێوازی بوونی مرۆڤ دابنێت. ئێمە دەتوانین بڵێین، چەمکی ڕیالیســـتانەی مردن، کە ســـەرهەڵدانی مردن بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی نامرۆڤانە دادەنێت، ســـەرهەڵدەدات. کەوابـــوو، مردن لە مرۆڤ ڕادەکات و هاوکات چواردەوری بە سنورێکی ڕەهای نامرۆڤانە دەگرێت.

مەحاڵە بیریارێکی ئایدیالیست و مرۆڤخواز بیرۆکەی ڕووبەڕووبوونەوەی سنورێکی نامرۆڤانە وەرگرێت. ئایدیالیســـت نایەوێت، وەکو فەیلەسوفەکان بڕوانێتە مردن، بەڵکو شاعیرانە، وەکو ڕیلکە یان ماڵرۆی ڕۆماننوس دەڕوانێتە کێشەکە. ئەوەندەش بەسە مردن بەدوا بەشی زنجیرەکە دابنێین. مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو شتانە دەبێتەوە، کـــە مرۆڤانەیە؛ ژیان ڕووی ئەودیوی نییە، مردنیـــش دیاردەیەکی مرۆڤانەیە؛ دوا

دیاردەی ژیان و ژیانێکی وەستاوە. بە وەرچەرخانی کاردەکاتە سەر هەموو ژیان. ژیان خودی خۆی سنورداردەکات؛ دەبێت بە جیهانی "بڕاوە نەک سنوردار"ی ئاینشتاین. مردن، وەکو دوابەشی گۆڕانییەکە واتا بە ژیان دەبەخشێت. ڕووداوێکی نائاسایی نییە؛ بەشێکی زنجیرەکەیە.

بەڵام مردنە دۆزراوەکە بەتەنیا نابێت بە ڕووداوێکی مرۆڤانە؛ دەبێت بە ڕووداوی من. کاتێک مردن لەناوەوە دەبینرێت دەبێت بە ڕووداوێکی تاکەکەسی، وەکو ئەو شتە گەورە نەناسراوە و سنورە بۆ مرۆڤایەتی نامێنێتەوە؛ دەبێت بە دیاردەی ژیانی تاکە کەسیم و ژیانیشم دەکات بەشتێکی تایبەت؛ ژیانم وا بۆدەردەخات، کە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە. لەم ڕووەوە من بەرانبەر ژیان و مردنم بەرپرسم. مەبەستم لێپرسینەوە لە مردنەکەم نییە، بەڵکو لە بڕانەوەی ژیانە. لەم بۆچوونەوە ڕێلکە هەوڵدەدات ئەوەمان نیشاندات، کە مردنی هەموو تاکە کەسێک لە ژیانی دەچێت چونکە هەموو ژیانی خۆ-ئامادەکردنە بۆ گەیشتن بە کۆتایی. مالڕۆش لە (لێس کۆنکویرنت) دا باسیدەکات، کە کەلتووری ئەورووپی بە بەخشینی واتای مردن لای هەندێک ئاسیاییەکان، کە کتوپڕ توشیان دەبێت ئەو ڕاستییە دەناسنەوە، کە ژیان تایبەتە. هایدیگەریش فۆرمێکی فەلسەفی بە مردنی مرۆڤدا. ئەگەر دازاین پرۆژەدانان بێت ئەوا دەبێت پرۆژەی مردنیشی لەنێو جیهان، وەکو ئەگەرێک دابمەزرێنێت. مردن دەبێت بە ئەگەرێکی تایبەتی دازاین و ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیش بە بوون-بەرەو-مردن. بەو ڕادەیەی دازاین پرۆژەی مردن دادەمەزرێنێت هەست بە سەربەستیش-بۆ-مردن دەکات و بوونی خۆی، وەکو هەبوویەکی بڕاوە پێکدەهێنێت.

لەسەرەتاوە دەردەکەوێت ئەم بیردۆزەیە سەرنجڕاکێش نەبێت: مەبەستمان لە بە ناوەکیکردنی مردن ئەوەیە، کە بۆ کۆتاییەکانی ئێمەیە؛ ئەم سنورەی سەربەستیش خودی سەربەستی دەیدۆزێتەوە. بەڵام لایەنی باش و خراپی ئەم بۆچوونانە توشی هەڵەمان ناکەن. پێویستە جارێکی دیکە پرسیارەکە لە خۆمان بکەین.

بەدڵنیاییەوە، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، کە خەسڵەتی بە جیهانبوونیش، دەهێنێتە کایەوە، ناتوانێت ڕووبەڕووی شتێک ببێتەوە مرۆڤانە نەبێت؛ تەنانەت چەمکی نا-مرۆڤانە مرۆڤ دروستیکردوە. کەوابوو، ئەگەر مردن لەخۆیدا دەربەندێک بێت بەرەو شتێکی ڕەهای نا-مرۆڤانە، نابێت هیوامان پێی هەبێت و ببێت بە پەنجەرەیەک لەسەر ئەو ڕەهایە. مردن تەنیا بوونی خۆمان بۆ لە بۆچوونێکی مرۆڤانەوە بۆ دەردەخات. ئایا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مردن شتێکی لەپێشتری ڕاستەقینەی مرۆڤانەیە؟

پێویستە، یەکەمجار، باسی لایەنی بێهودەیی مردن بکەین. لێرەدا ئەو بۆچوونەی مردن بەدوا بەشی گۆرانییەکە دادەنێت ڕەتدەدەینەوە. هەندێک دەڵێن ئێمە لەنێو کەسە گیراوەکاندا، کە فەرمانی کوشتنیان بەسەردا دراوە، بەبێ ئەوەی پێی بزانین،

دانراویـــن. ڕۆژانەش گیراوەکانی دیکە لەبەرچاومان دەکوژن. بەڵام بەتەواوی بەم شێوەیە نییە. باشترە خۆمان بەو مرۆڤە دابنێین، کە فەرمانی کوشتنی دەرچووە، ئازایانە خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات، لەســـەر سەکۆی سێدارەکە ڕادەوەستێت و گوێ ناداتە هیچ نەخۆشـــییەکیش. ئەمەش مەسیحایەتی باسیدەکات. گوایە مرۆڤ دەبێـــت هەموو کاتێک خۆی بۆ مردن ئامادەکردبێت. لەم بۆچوونەوە مرۆڤ دۆخی مـــردن بۆ مردنێکی چاوەڕوانکراو دەگۆڕێت. ئەگەر واتای ژیانمان چاوەڕوانکردنی مـــردن بێت، بە ڕوودانی مۆری کۆتایی لە ژیـــان دەدات. ئەمەش ناوەڕۆکی ئەرێی 'بڕیاردان'ە لای هایدیگەر.

بێبەختانە ئەم ئامۆژگارییە ئاسانە، بەڵام شوێنکەوتنی گرانە، نەک لەبەر ئەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤانە بە سروشت لاوازە یان ناڕەسەنە، بەڵکو لەبەر خودی مردنە. کەســـێک دەتوانێت چاوەڕوانی مردنێکی تایبەت بێت نەک مردن بەگشتی. دەست سوکییەکەی هایدیگەر ئاماژەی بۆ کردوە دۆزینەوەی ئاسانە. ئەو مردن دەکات بە ڕووداوی تاکە کەس و پێمان دەڵێت، کە مردنی کەسە، مردنی تاکە و هیچ کەسێک ناتوانێت بۆ منی بکات. ئەم تاکە نموونەییەی بە دازاین ناوزەددەکرێت ڕووبەڕووی مردنـــی خۆی دەبێتـــەوە. بوونی دازاینیش دەکات بە بوونی تاکە کەســـی خۆی؛ لەگەڵ دانانی دوا پڕۆژەی بوونیدا سەربەستانە ڕەسەنییەتی بوونی دەستدەکەوێت. لەپێناوی ســـەقامگیرکردنی کەســـایەتییەکەیدا خۆی لە کێشە بازاڕییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دادەبڕێت. بەڵام لێرەدا ســـوڕانەوەیەکی بازنەیی ڕوودەدات. کێ دەتوانێت بیســـەلمێنیت مردن خەسڵەتی تاکە کەسی دەبەخشـــێت؟ هەڵبەتە، ئەگەر مردن بە مردنی مـــن دابنرێت ئەوا دەتوانم چاوەڕوانی بم؛ ئەگەرێکی دوور وەســـتاوە و خەسڵەتی خۆی هەیە. بەڵام ئایا ئەو مردنەی ڕوومتێدەکات مردنی منە؟ لەسەرەتاوە شـــتێکی گەورەیە ئەگەر بڵێین، "مردن ئەو شتەیە کەس ناتوانێت بۆ من بیکات". بەڵام لێرەدا جۆرێک لە بڕوای خراپ ســـەرهەڵدەدات؛ ئەگەر کەســـێک مردن بەدوا ئەگەری خۆی دابنێت، ئەو ڕووداوەبێت بوون-بۆ-خۆ بایەخی پێبدات، ئەوا دروستە، کە کەسێکی دیکە ناتوانێت بۆ من بمرێت. هەمانکات، پڕۆژەکانی دیکەشم، لەسەر زەمینەیەکی ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە کەسێکی دیکە بە ئەنجامیان ناگەیەنن. کەس ناتوانێت بۆ من خۆشەویستی بکات، ئەزمونی سۆز و هەڵچونی هەبێت. ئەم (خۆ) یەش لێرەدا هیچ پەیوەندییەکی بەو کەسەوە نییە، کە لە مامەڵەکردنە بازاڕییەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا ســـەرکەوتوە (بۆ هایدیگەر گرنگە کەســـێک سەربەستانە بمرێت. خۆشەویستییەکەی من هەســـتپێدەکەم خۆشەویستی منە نەک خۆشەویستییەک لەنێـــو مندا بۆ ئەوان.) ئاماژە بۆ ئەو خۆیە دەکات هایدیگەر بۆ هەموو دازاینێکی دادەنێت و گرنگ نییە ڕەســـەن یان ناڕەسەنیش بێت. ئەو دەڵێت، "دازاین بوونی منـــە." لەم بۆچوونەوە، خۆشەویســـتی، وەکو مردن تایبەتمەندە و هیچ شـــتێک

جێگەی ناگرێتەوە؛ کەس ناتوانێت بۆ من خۆشەویستی بکات.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کردەوەکانم لەنێو جیهاندا لەبەر ڕۆشـــنایی کاریگەری و ئاکامەکانیان تەماشـــابکرێن ئەوا ئاشکراش دەردەکەوێت، کە ئەوەی من دەیکەم کەســـانی دیکەش دەتوانن بیکەن. ئەگەر کێشەکە لەوەدابێت ئەم ئافرەتە دڵخۆش بکرێت، ژیان و سەربەســـتییەکەی مســـۆگەر بکرێن و ڕێگـــەی خۆڕزگارکردنی بۆ بدۆزرێتەوە یان ماڵێکی بە منداڵەوە بۆ دابمەزرێنرێت. ئەگەر ئەمانە بە خۆشەویستی دابنرێن ئەوا کەســـێکی دیکە لە جێگەی من دەتوانێت بیکات. ئەمە نموونەی ئەو قوربانیدانە ڕاستەقینانەن هەزارجار لە ڕۆمانە ڕۆمانسییەکاندا باسکراوە. وێنەی ئەو پاڵەوانانەمان بۆ دەگێڕنەوە لە خۆشەویستی و شەوقیان لە پێناوی بەختەوەرکردنی ئافرەتێکدا بەرانبەر لایەنە نەیارەکەیان دەسوتێن چونکە لایەنە نەیارەکە دەتوانێت باشتر ئافرەتەکە بەختەوەربکات. لایەنە نەیارەکە ئافرەتەکەی خۆشدەوێت چونکە پێناسەی خۆشەویستی بۆ ئەو لەسەر بەختەوەرکردنی ئافرەتەکە ڕادەوەستێت.

لـــەم بۆچوونەوە، هەموو کردەوەکانم بەهەمانشـــێوە دەردەکـــەون و تەنانەت مردنیشم دەگرێتەوە. ئەگەر مردن لەپێناوی هاندان و نیشتمان پەروەری و هتد بێت ئەوا هەرگیز کەسێکی دیکە ناتوانێت بۆ من بمرێت. بەکورتییەکەی، هیچ بەهایەکی تاکە کەســـی بە مردنمەوە تایبەتمەند نییە. مردن لەکاتێکدا دەبێت بە مردنی من، کە خۆیەتی خۆم بەرجەســـتەدەکەم. پێناســـەکردنی خۆیەتـــی منە بە کۆجیتۆی پێش تێڕامان مردنـــم دەکات بە ڕووداوێکی خۆیەتی بێ وێنە. لەمحاڵەتەدا، مردن خەســـڵەتی بۆ دانانرێت؛ چونکە مردنی منـــە و بونیادە بنەڕەتییەکەی ڕێگەنادات ببێت بەو ڕووداوە تاکەکەســـییەی چاوەڕوان دەکرێت. بێجگەلەمە، مردن چاوەڕوان ناکردێت. مەگەر بۆم دانرابێت یان فەرمانی کوشـــتنم دەرچووبێت (دوای هەشـــت ڕۆژ هەڵدەواســـرێم، نەخۆشم و دەمرم، کە دەزانم ڕوودەدات). پێویستە دوو واتای 'چاوەڕوانی' بەوردی لە یەک جیابکەینەوە، کە بەردەوام تێکەڵیاندەکەین: چاوەڕوانی مـــردن چاوەڕوانکردنی مردن نییە. ئێمە تەنیـــا چاوەڕوانی ڕووداوێک دەکەین، کە دەیناســـین. من چاوەڕوانی گەیشتنی شەمەندەفەرەکەم لە (کارتەرس)ەوە چونکە دەزانم ئیســـتگەی وەستانەکەی لە کارتەرس جێهێشتوە و سوڕانەوەی تایەکانی لە پاریس نزیکتریدەکاتەوە. هەڵبەتە، دەشـــێ شـــەمەندەفەرەکە دوابکەوێت؛ توشی ڕووداوێک ببێت. بەڵام ڕاستی پرۆسەی گەیشتنەکە دەمێنێتەوە و دەزانم بەڕێوەیە. ڕووداوەکەش پرۆســـەی گەیشـــتنەکە لە هەموو لاکانەوە داناخات و مایەرســـەن گوتەنـــی بووە بـــە "بونیادێکی دەمار زۆر". من دەتوانم بڵێـــم چاوەڕوانی پیرۆم، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەشـــم شەمەندەفەرەکەی درەنگ بگات. بەهەمانشێوە ئەگەری مردنم ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە من لە ڕووی بایۆلۆجییەوە بەتەواوی دانەخراوم و سیستەمەکەشـــم دوورەپەرێز نەکراوە؛ تەنیا ئەوەندە دەردەخات، کە لەشم سەر

بە هەموو بوونەکانە. وەکو دواکەوتنی شــەمەندەفەرەکەیە نەک گەیشــتنی پیرۆ. لەگەڵ شــتێکی نەبینراودا، ڕێگرێکی چاوەڕواننەکراودا، کە دەبێت لە بیری نەکەین هاوشان ڕادەوەســتێت. ئەگەر لەو باوەڕەشدابین فاکتۆرەکان مەرجدارن، تەنانەت نەسەلمێنراویشن، هێشتا ژمارەیان نەبڕاوە و چەسپاندنیان نەبڕاوەیەکی نەبڕاوەیە؛ پێکەوە بوونیان هیچ سیســتەمێک دانامەزرێنێت. بەلای کەمەوە، ئەم بۆچوونەوە، ڕۆژی کۆتاییە بینراوەکە (مردنم) نابینرێت. لەبەرئەمە چاوەڕوان ناکرێت. لەکاتێکدا بــە ئارامی لەنێو ئەم ژوورە دەنوســم، حاڵەتی جیهانی لەوەدایە، کە مردنم نزیک دەبێتەوە؛ بەڵام، بەپێچەوانەوە، ئێستا بە بیرکردنەوە دوور کەوتۆتەوە. بۆنموونە، ئەگــەر چاوەڕوانی فەرمانی جێگۆڕین بم ئەوا تێدەگەم، کە مردنم نزیکە ڕوودەدات، بەڵام دەشــێ لەهەمانکاتدا کۆنفراســێکی جیهانی بە نهێنی ببەسترێت و ئاشتی بەرقەرابکات.

کەوابــوو، ناتوانم بڵێم لەگەڵ تێپەڕبوونی خولەکانــدا مردنم نزیک دەبێتەوە. دروســتە مردن بەرەو مــن دێت، ئەگەر بیر لــە بڕاوەیی ژیانــم بکەمەوە. بەڵام لەنێو بڕانەوە لاســتیکییەکاندا (لە تەمەنی سەد ســاڵیدا یان سبەینێ لە تەمەنی ســی و حەوت ســاڵیدا دەمرم). من نازانم ئەو کۆتاییە نزیک دەبێتەوە یان دوور دەکەوێتەوە. هۆی ئەمەش بۆ جیاوازی نێوان خەســڵەتی نێوان مردن لە تەمەنی پیری و مردنێکی کتوپڕدا هەیە، کە لە تەمەنی جوانیدا ڕوودەدات و جوانەمەرگمان دەکات. لەحاڵەتی یەکەمدا چاوەڕوانکردنی مردن ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ژیان پرۆژەیەکــی بڕاوەیە؛ ئەمەش جۆرێکە لە هەڵبژاردنی شــتە بڕاوەکان. لەحاڵەتی دووەمدا چاوەڕوانکردنەکە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ژیانم پرۆژەیەکە بە کەمییەوە پەیدا بووە. ئەگەر مردن تەنیا بە پیرییەوە هەبوایە ئەوا چاوەڕوانی مردنم دەکرد. بەڵام خەســڵەتی تایبەتی مردن ئەو ڕاســتییە دەردەخات لەپێشوەختا ئەوانەی چاوەڕوانی دەکەن سەرســام دەکات. هەرچەندە مردن لــە تەمەنی پیریدا لەگەڵ بڕانەوەی هەڵبژاردن تێکەڵدەکرێت. وەکو دوابەشــی گۆرانییەکەی ژیانمان بڕیاری لەســەر دەدرێت. مردنی کتوپڕیش چاوەڕواننەکراوە و ئێمە سەرسامدەکات چونکە پێشوەخت دێتەکایەوە. چاوەڕوانکردنەکەمان دەکات بە ساختە و دەمانەوێت دوای ساتی مردنەکەش بژین.

بێجگە لەوەی مردنی کتوپڕ بە خەســڵەت لە مردنی دیکەوە جیاوازە بەگوێرەی ژیانی بایۆلۆجیشــمان (لە گۆشــە نیگایەکی جیهانییەوە هۆکار و فاکتۆرەکانیان جیاناکرێنــەوە)، ئەمجۆرە مردنانە لەنێو یەکدیدا هەن. واتە، کەســێک لە تەمەنی پیریدا کوێرانە یان لەســەر بــڕوای خراپ چاوەڕوانی مــردن دەکات. ئێمە پێش تەواوکردنی کارەکانمان لەبەردەم مردندا ڕادەوەستین. کەوابوو، زۆرکەم بەڕێکەوت مردنمان، سۆفۆکلیس گووتەنی، وەکو دوابەشی گۆرانییەکە ئامادە دەبێت. ئەگەر

ڕێکەوتیش بڕیار لەسەر خەسڵەتی مردنمان بدات، ئەو مردنەی لە بەشی کۆتایی گۆرانییەکە دەچێت چاوەڕواننەکراوە. بۆ ئەوەی کۆتایی گۆرانییەکە واتادار بێت ئەوا پێویستە بەشێک لە خودی گۆرانییەکە بێت.

مردنەکەی سۆفۆکلیس باسیدەکات و بە دوابەشی گۆرانییەکەی دادەنێت، وەکو ئەو کۆمەڵە پیتانەی دەکەونە خوارێ و بە ڕێکەوت وشەیەک پێکدەهێنن وایە. ئەو ڕێکەوتەی بەردەوام لەنێو پرۆژەکاندا سەرهەڵدەدات ئەگەری من نییە، بەڵکو لەناوبەری ئەگەرەکانمە، لەناوبردنێکە لەدەرەوەی ئەگەرەکانی منداپە و بەشێک نییە لە ئەوان. کەوابوو، مردن ئەگەری من نییە، ئەگەری لەناوبردنی ئەگەرەکانمە و لەدەرەوەی ئەگەرەکانمدایە.

ئەگەر لە واتای مردن وردببینەوە دەتوانین لە ڕوویەکی دیکەوە بەرەو ئەم کێشەیە بڕۆین. ئێمە دەزانین ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی خودی خۆی بە نەبوون دەناسێت یان ڕووەو خۆی دەڕوات. ئەگەر بەردەوام مامەڵە لەگەڵ داهاتوودا بکات، زۆرمان لێدەکات بڵێین، چاوەڕوانی چەسپاندنی داهاتوویەتی. ئەوەی داهاتووە و ئامادە دەبێت ئێستا هێڵکاری بۆ کراوە. هێڵکاریکردنەکەش لە ئێستادا واتا بۆ بوونی من دادەنێت. ئەم ئیستایەش دۆزینەوەیەکی سەربەستانەی ڕابردوومە لەبەر ڕۆشنایی داهاتوویەکی نوێدا. ئێمە داهاتووەکە سنوردار ناکەین بەڵکو پرۆژەیەکە و چاوەڕوانی سەرهەڵدانەکەی دەکەین. هەڵوێستەکەم ڕەخنە و لۆمەی کەسێکە گێچەڵی پێکردووم. بەڵام کێ ناڵێت ئەو ڕەخنەیەم لە ترسا ناگۆڕێت بۆ تەتەڵەکردنی زمانم و ڕابردووم؟ سەربەستی دەبێتە سنور بۆ سەربەستی؛ واتای ڕابردووش لە ئێستادا دەدۆزرێتەوە. ئەمەش ئەو پارادۆکسە دەردەخات، کە هەڵوێستەکەمان ئاشکرا (کۆجیتۆی پێش تێڕامانە) و شاراوەشە. هەرزەکارێک لەلایەنی شاراوەی هەڵوێستەکەی بەئاگایە و هەمانکات دەبێت باوەڕیشی بە داهاتوو هەبێت. دەیەوێت دڵنیابێت، کە بە پرۆسەی (قەیرانی هەرزەکاریدا) تێدەپەڕێت یان بە گوڕەوە ڕوو لە ژیانی زاهیدی بکات. سەربەستییەکەی داهاتوومان، تاکو ئەو پلەیەی ئەگەری ڕاستەقینە نییە و بناخەی ئەگەرە نەبووەکانە، لەنێو ئاشکرابوونەکەدا تەڵخی دروستدەکات. بارێس گوتەنی "نهێنییەکە لەبەر خۆری نیوەڕۆدا". ئەمەش پێویستی چاوەڕوانکردنەکەمان بۆ بوونمان دەسەلمێنێت. ژیانمان چاوەڕوانیکردنێکی درێژخایەنە: یەکەمجار چاوەڕوانی ناسینەوەی کۆتاییەکانمان دەکەین (هەموو مامەڵەکردنێک چاوەڕوانکردنیشە بۆ ئاکامەکانی). هەروەها، چاوەڕوانی بوونی خۆمانین (ئەگەر پرۆژەیەکم دامەزرا، ئەگەر کەسەکە منی خۆشویست، لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوبم، ئەو چاکەکردنە، دەبێت بڕیار لەسەر شوێن، واتا و بەهای ئەو پرۆژەیە بدەم، کە پێی دەوترێت ژیان). ئەمەش پەیوەندی بە هەڵکەوتنی کەمی لە سروشتی مرۆڤدا نییە، یان لەو شپرزەییەوە پەیدا

نابێت ڕێگەنەدات خۆمان بە ڕانەبردووەوە ببەستینەوە و ڕاستبکرێتەوە و ببێت بە شـــتێکی کاتی. پێویســـتە ژیان بەو بوونە دابنێین، کە دروستکراوە نەک تەنیا بە چاوەڕوانییەوە، بەڵکو بەو چاوەڕوانیانەشەوە، کە چاوەڕوانی چاوەڕنکردنن. لێرەدا بونیادی (خۆ) دەدۆزینەوە: ئـــەوەی دەیەوێت ببێت بە (خۆ) دەبێ بۆلای (خۆ)ی بڕوات. چاوەڕوانیکردنەکان ئاماژە بۆ دوا ماوە دەکەن، کە بێ چاوەڕوانی بۆ شتێکی دیکـــە چاوەڕواندەکرێت. دڵئارامی ئەوەیە، کە چاوەڕوانی بوونێکی دیکە نەکەیت. زنجیرەی هەموو شـــتەکان بە دوا ماوەکەوە بەســـتراوە، کە شـــتێکی دراو نییە و بەهای بوونی ئێمەش؛ واتە، ئاشـــکرایە، کە پڕییە لە شێوازی "بوون-لەنێو-خۆی-بوون-بۆ-خۆدا." یە. لە ڕێگەی دوا ماوەکەشـــەوە بەتەواوی بۆ هەمیشە ڕابردوومان دەدۆزینەوە. دەزانین ئەزمونێکی تەمەنی لاوییمان بەردار یان بێبەرە. هەڵوێستێکی هەرزەکاریم هەڵەشەیی یان فۆرمێکی پێکهاتوو بۆ خەریکردنکەی دوایی بوو؛ خواری و لێژی ژیانمان بۆ هەمیشە دەچەسپێن. بەکورتییەکەی، کارنامەی ژیانمان کۆتایی بە نوسینی دێت. مەسیحیەکان مردن بەم دوا ماوەیە دادەنێن. کەشیش بۆسیلۆت لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ مندا هەوڵیدا تێمبگەیەنێت، کە 'ڕۆژی قیامەت' داخســـتنی دەفتەری کارنامەکانە و هەموو کەسێک دەکات بەوەی، کە هەیە و کەس ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات.

بـــەڵام هەڵەیەک لە لێکچونەکەماندا، کە پێشـــتریش لـــە پەیوەندییەکەمان بە بۆچوونەکەی لایبنیزەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەدۆزینەوە. ئێمە بۆ لایبنیز سەربەستین چونکە کردەوەکانمان لە جەوهەرمانەوە هەڵدەقوڵێن. بەڵام لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە ئێمە جەوهـــەری خۆمان هەڵنەبژاردووە دەریدەخات، کە سەربەســـتییەکەمان کۆیلایەتییەکـــی تەواو دەشـــارێتەوە. خـــوا جەوهەری ئادەمی هەڵبـــژارد. ئەگەر داخســـتنی کارنامەکەمان واتـــا و بەها بۆ ژیان دابنێت ئـــەوا هەموو ئەو کارانەی کردومانە سەربەســـتانە نەبووە؛ لێرەدا واتاکان نامێنن، ئەگەر خۆمان دوا کردەوە لەنێو کارنامەکەدا نەنوسین و داینەخەین.

ئەمـــەش لە بەرهەمەکانی دیدرۆتدا بە کورت و پوختـــە دەرکەوتووە. دوو برا لە ڕۆژی قیامەتدا ڕادەوەستن. یەکەمیان بە خوا دەڵێت، "بۆچی بەلاوێتی منت کوشت؟" خواش وەڵامدەداتەوە دەڵێت، "ویستم ڕزگارت بکەم. ئەگەر تەمەنت درێژتربوایە تۆش وەکـــو براکەت تاوانی زۆرت دەکرد." دوای ئەمە براکەی بە خوا دەڵێت، "ئەی بۆچی منت بە پیری کوشت؟" ئەگەر مردن بڕیاردانێکی سەربەستی بوونمان نەبێت ژیانمان تەواو ناکات. ئەگەر خولەیەک کەمتر یان زیاتر زۆرشت بگۆڕێت و ئەو خولەیە بخرێتە سەریان لەنێو کارنامەکەمدا دەربهێنرێت، هەرچەندە من بە سەربەست دابنرێم، هێشتا ناتوانم واتا بە ژیانم ببەخشـــم. مردنی مەسیحایەتی لە خواوە دێت. خوا کاتی مردن دیاریـــدەکات. هەرچەندە خۆم بە بوونەوەرێکی کاتی دابنێم هێشـــتا کاتی مردنەکەم

دەستنیشانناکەم و ئاکامەکانی جیهان سنورداری دەکات.

ئەگـــەر ئەمە دروســـت بێت، ناتوانیـــن بڵێین مردن لـــەدەرەوەدا واتا بە ژیان دەبەخشـــێت؛ واتـــا لە خۆیەتییەوە پەیـــدا دەبێت. مادام مردن لەســـەر بناخەی سەربەستی دانەمەزراوە ئەوا هەموو واتایەکی ژیان دەسڕێتەوە. ئەگەر من چاوەڕوانی بم و چاوەڕێی چاوەڕانی بکەم و کتووپڕ دوا بابەتی چاوەڕوانییەکەم تێپەڕێت ئەوا چاوەڕوانـــی دەبێت بە بێهودە. بۆنموونە، لاوێک ســـی ســـاڵی تەمەنی چاوەڕوانە ببێت بە نوســـەرێکی گەورە. خودی چاوەڕوانیکردنەکە بەس نییە؛ بەگوێرەی ئەو پەرتووکانەی دەیانوســـێت دەبێت بە شـــتێکی نەزۆک یان ناسینەوەی باهایەکی بـــەرز. ئەو یەکەم پەرتووکی بڵاوکردۆتەوە، بـــەڵام ئەو کارە بە تەنیا چ واتایەکی هەیە؟ پەرتووکێکە بۆ خوێندەوارێکی ســـەرەتایی. گریمـــان پەرتووکێکی چاکە؛ هێشتا واتاکەی لە داهاتوویدایە. ئەگەر نایاب بێت ئەوا یەکسەر دەبێت بە بەڵێن و سەرەتایەکی چاک. ئەو تەنیا پەرتووکێکی نوسیوە؛ کارەکەی سنوردارە و بڕاوەیە؛ ڕووداوە. ئەگـــەر پەرتووکی چاکتر بنوســـێت ئەوا دەبێت بە یەکێک لە نوســـەرە چاکەکان. لەم ساتەدا، کە بیر لە نوسراوێکی دیکە دەکاتەوە و چاوەڕان بوو ببێت بە نوســـەرێکی گەورە، دەمرێت. ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان فڕێبداتە نێو نادیارییەکەوە: من ناتوانم بڵێم نوســـەرە مردووەکە نوســـەری یەک پەرتووکە یان چەند پەرتووکێکی دەنوســـی (چونکە یەک پەرتووکی دەرچووە). من ناتوانم هیـــچ بڵێم. گریمان بەلزاک پێش ڕۆمانەکەی (لێـــس چۆوانس) دەمرێت؛ ئەو وەکو نوسەری چەند ڕۆمانێکی خراپی لە چاپنەدراو دەمێنێتەوە. بەڵام کتوپڕ چاوەڕوانی نوسەرە لاوەکە، ئەو چاوەڕوانییەی دەیکرد بە نوسەرێکی گەورە واتاکەی وندەکات؛ هیچ بڕیارێکی بۆ نادرێت. بێهودەشـــە بڕیادانەکە لەسەر قوربانیدانەکانی بۆ هونەر و ژیانی ناخۆشـــی دابنرێت؛ زۆر نوسەری پێنەگەیشتوش دەدۆزرینەوە، کە هەمان قوربانیان دابێت. دوای بەهای کارکردنەکە بەردەوام بە هەڵواســـراوی دەمێنێتەوە؛ یان دەکەوێتە نێو بێهودەییەوە. کەوابوو، مردن واتا بە ژیان نابەخشـــێت؛ بەڵکو بەپێچەوانـــەوە، ژیان لە واتا دادەبڕێت. ئەگەر پێویســـت بـــکات بمرین ژیان هیچ واتایەکی نابێت چونکە چارەسەر بۆ گرفتەکانی نادۆزرێتەوە و واتای گرفتەکانیش نادیاردەمێننەوە. بێهودەشە پەنا بۆ خۆکوشتن بەرین تاکو لەو پێویستییەی مردن ڕابکەین. خۆکوشـــتن بە کۆتایی ژیان دانانرێـــت، کە بوونی من بناخەیەتی. مادام کردەوەیەکی ژیانمە داوای واتا دەکات و ئەو واتایەش لە داهاتوودایە. لەبەر ئەوەی دوا کردەوەی ژیانمە ئەوا داهاتووشـــی نییـــە. لەبەر ئەمە نادیارە. ئەگەر لە مردن ڕابکەم یان تفەنگەکە چروک بکات نابێت حوکم بدەم، کە خۆکوشتنەکەم ترسنۆکانە دەرچوو؟ ئایا ئاکامەکە نیشانم نادات، کە ڕێگەی دیکەش [بۆ خۆکوشتن] هەبوو؟ مادام ئەم ڕێگەچارانە پڕۆژەی منن لە کاتێکدا ســـەرهەڵدەدەن، کە من زیندوو بم،

خۆکوشتن ئەو بێهودەییەیە، کە ژیانم لەنێو بێهودەییدا بەرجەستەدەکات.

ئەم سەرنجانە لە تێگەیشتنمانەوە بۆ مردن سەریانهەڵنەداوە، بەڵکو لەنێو تێگەیشتنمان بۆ ژیانە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە بوون-بۆ-خۆ ئەو بوونەیە پرسیار سەبارەت بوونی دەکات؛ مادام بوون-بۆ-خۆ ئەو بوونەیە ڕووەو دوایی دەڕوات ئەوا مردن لە بوونی بوون-بۆ-خۆدا نییە. ئەی واتای چاوەڕوانیکردنی مردن چییە ئەگەر چاوەڕوانی بۆ نادیار نەبێت، کە هەموو چاوەڕوانییەکانی دیکە بێهودە دەردەخات؟

چاوەڕوانکردنی مردن خۆ-لەناوبردنە چونکە دەبێت بە ڕەتدانەوەی هەموو چاوەڕوانییەکانی دیکە. پرۆژەدانانم ڕووەو مردنێکی دیاریکراو تێگەیشتنی ئاسانە (خۆم دەکوژم، خۆم شەهیددەکەم و دەبم بە قارەمان). بەڵام پرۆژەدانانم بۆ مردنم، وەکو ئەگەرێکی نادیار دەبێت بە لەناوبردنی هەموو پرۆژەیەک. کەوابوو، مردن نابێت بە ئەگەرێکی تایبەتی؛ تەنانەت یەکێک لە ئەگەرەکانیشم نییە. لەسەرو ئەمەوە، مردن، بەو ڕادەیەی خۆی بۆ من دەردەخات، تەنیا و هەمووکاتێکیش لەناوبردنی هەموو ئەگەرەکانم نییە. لەناوبردنێکی دەرەکی ئەگەرەکانە. پرۆژەیەک نییە هەموو پرۆژەکان و خۆشی بڕوخێنێت. ڕوخاندنێکی مەحاڵی هەموو چاوەڕوانییەکانمە. سەرکەوتنی بۆچوونی کەسانی دیکەشە بەسەر بۆچوونی من، کە بەرانبەر بوونی خۆم هەمە. ئەمەش، بێگومان، ئەوەیە ماڵرۆ باسیدەکات و دەڵێت، "مردن ژیان بەرەو چارەنوس دەبات". لەڕاستیدا، مردن لەلایەنە نەرێکەیەوە لەناوبردنی ئەگەرەکانمە. لە ڕێگەی ڕوخانی ئەو بوون-لەنێو-خۆیەی بوونی منەوە، کە پێی گەیشتوم، دەبم بە ئەگەرەکانم. مردن، وەکو لەناوبردنی لەناوبردن دانانی بوونمە، وەکو بوونێکی-لەنێو-خۆیە بەو جۆرەی هیگڵ دەڵێت، "ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە ئەرێیە". تاکو بوون-بۆ-خۆ لە ژیاندا بێت ڕابردووی خۆی جێدەهێڵێت و ڕووەو داهاتوو دەڕوات. ڕابردووش ئەو بوونەیە بوون-بۆ-خۆ پێیگەیشتووە. کاتێک ژیانی بوون-بۆ-خۆ دەبڕێتەوە ڕابردووەکەی لە ناوناچێت و لەنێو-خۆیدا پەنگدەخواتەوە. هەموو ژیانم ئەوەیە، کە هەیە. ئەمەش ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە هەموویەکی هاوئاهەنگە، بەڵکو شتێکە براوەتەوە، ناتوانێت بەردەوام بێت و گۆڕان بەسەرخۆیدا بە ئاگاوە درووستبکات. هەرچ ئامانجێکی هەبووبێت، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە سۆفۆکلیس ژیانێکی بەختەوارانەی هەبوو، ژیانی بەلزاکیش ڕەنجدانێکی سەیروسەمەرە بوو. ئەم جۆرە بۆچوونانە زۆرتر وردەکرێنەوە و دەتوانین شیانبکەینەوە. بۆنموونە، دەتوانین باسی ژنێکی مردوو بکەین بەو شێوەیەی مۆریاک باسی یەکێک لە ژنە قارەمانەکان دەکات و دەڵێت "ژنێکی وریای بێ هیوا بوو." دەبێت لە واتای گیان لای پاسکاڵ تێبگەین "بۆنموونە ژیانی ناوەوەی"، وەکو شتێکی "تاڵ و مەزن"، کە نیتشە باسیدەکات. ئێمە دەتوانین بە شتێکی 'ترسنۆکانە' یان 'کەمزانی'

دابنێـــن بەبێ ونکردنی ئەو ڕاســـتییەی تەنیا لەنێو بەســـتێنی "بوونە-بەردەوام-هەڵواســـراوەکە"، کە بوون-بۆ-خۆیە واتای پێببەخشـــین. ئەو واتایەش دەبێت بە ناوەڕۆکێکی ئەرێ و خەسڵەتێک، کە بە ڕووداو چەسپاوە. بۆچوونە جیاجیاکانیش لەســـەر ژیانی پیرۆ، کە خودی پیرۆ لەســـەریان کاریگەر بوو، واتاکانیان دەگۆڕا؛ هەموو باسکردنێک لەبارەی ژیانی بوون-بۆ-خۆوە و لەلایەن ئەو بوونەوە دەبێت بە پڕۆژەی خۆ لەودیو ژیانەوە. لەگەڵ گۆڕانی پڕۆژەکەشـــدا، ژیانی پیرۆ دۆخ و واتا لەنێو بە کاتبوونی خۆی دەگۆڕێت. ئێســـتا ئەو مردوە، یادەوەرییەکانی کەســـانی دیکەیە، کە ڕێگەنادەن لەنێو پڕی بوون-لەنێو-خۆدا ڕەق و وشکببێتەوە. خەسڵەتی تایبەتی ژیانێکی مردوو لەوەدایە، کە کەسانی دیکە خۆیان دەکەن بە پارێزگاری. مەبەســـت لەمەش ئەوە نییە، کە کەســـانی دیکە ژیانی مردووەکە هەڵدەگرن و بە زانین هەڵیدەبەستن. هەڵبەستنەکە یەکێکە لە هەڵوێستەکانی کەسانی دیکە لەگەڵ ژیانە مردووەکەدا؛ لەم ڕووەوە خەســـڵەتی "هەڵبەستنی ژیان"، (لەنێو خێزانەوە، لەســـەر یادەوەری کەسوکاری مردووەکەوە و مێژووەوە) چارەنوسێکی دیاریکراوە، کە هەندێک لایەنی ژیان لەوانی دیکە دادەبڕێت. خەسڵەتە نەیارەکەش (ئەو بەشە ژیانـــەی لەبیردەچێتەوە)، نوێنەرایەتی چارەنوســـێکی دیاریکراوی دیکە دەکات و دەبێت بە ئاکامێکی پێویســـت. بۆ ئـــەوەی لەبیربچێتەوە دەبێ ببێت بە بابەت بۆ هەڵوێســـتی کەســـێکی دیکە و بڕیاردانەکەی. لێرەدا، لەسەر بڕیاردانی ئەو تۆ بۆ هەمیشە دەبیت بەو توخمەی لەنێو تۆپەڵێک شتدا دەتوێیتەوەو دەبیت بە (میرێکی گەورەی سەدەی ســـیانزدەهەم، بورژوایەکی ســـەدەی هەژدەهەم، فەرمانبەرێکی ســـۆڤیەت و هتد)؛ بە هیچ شـــێوەیەک لەناوناچێت، بەڵام بۆ ئەوەی لەنێو ئەواندا پێکبێت، پێویســـتە بوونی تاکە کەســـی خۆت ونبکەیت. ئەمـــەش ئەوخاڵەمان بۆدەردەخات، کە نیازی سەلماندنیمان هەبوو: کەسەکەی دیکە بەبێ پەیوەندی من بە مردووەوە ناتوانێت بریاربدات. لەڕاســـتیدا پەیوەندی بە مردووەوە-و بە هەموو مردووەکانەوە-بونیادێکی بنەڕەتی پەیوەندییە بنەڕەتییەکەیە، کە ئێمە بە "بوون-بۆ-کەســـانی دیکە" ناوزەدمانکرد. لەم سەرهەڵدانەدا بوون-بۆ-خۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ مردووەکەدا دیاریدەکات. پڕۆژە سەرەتایەکەی ئەوان لەنێو تۆپەڵەیەکی ڕەق و وشکی لەیەکچودا یان تاکە کەسە جیاوازەکان ڕیزدەکات. دووری و نزیکی خۆی دیاریدەکات؛ دووری و نزیکییەکە بەگوێرەی شـــوێن و کات دەپێورێت. لە ڕوانگەی کۆتایی پڕۆژەکانییەوە دەیانبینێت. بێزەنتییەکان، ڕۆم، ئەسینا، خاچهەڵگرەکانی دووەم، کۆبوونەوەکە و گۆڕستانی شارە کۆنەکان لە دوورەوە یان نزیکەوە دەبینم. بە دۆزینەوەی پەیوەندی هۆکارەکان و سەرنجدانێکی ورد، لەو هەڵوێستەوە وەریدەگرم و لە بوونی خۆمەوە لێیان تێدەگەم. پێناسکردنی مرۆڤێک بە مردنەکەی (بەمەرجێک ئەو خەسڵەتە بناسین) کارێکی مەحاڵ نییە (بۆنموونە بەو شوێنانەی لەنێو کۆمەڵدا

داگیریکـــردوە، ئەو ڕێگایانەی گرتونییەتەبەر، بـــەو زانیارییانەی بڕیارەکانی خۆی لەسەر داوە و بەو ڕەنگانەی لەوێ دایکوتاون) پێناسیدەکەتن.

بێگومان، مردووەکان ئێمە هەڵدەبژێرن، بەڵام پێویســـتە ئێمە لەپێشدا ئەوان هەڵبژێریـــن. لێرەدا پەیوەندی نێـــوان فاکتۆر و سەربەســـتی دەدۆزێتەوە: ئێمە هەڵوێســـتمان لەئاســـتی مـــردووەکان هەڵدەبژێرین، بەڵام ناکرێت هەڵوێســـتێک هەڵنەبژێرین. گوێنەدان بە مردوویەک دەگونجێت (نموونەی ئەمەش لەنێو ئاوارە، جۆرێک لە شۆڕشگێر و خۆپەرستەکاندا پەیدابکرێت). گوێنەدانیش، کە مردووەکە جارێکی دیکە دەمرێنێت، یەکێکە لە هەڵوێســـتەکان. لە ڕوانگەی بە فاکتۆربوونی بوون-بۆ-خۆوە ئەم بوونە بەرانبەر مردوو فڕێدەدرێتە نێو 'لێپرسینەوە'؛ ئەو دەبێت سەربەستانە بڕیار لەسەر چارەنوســـی مردووەکە بدات. بەتایبەتی، ئەو مردووەی لـــە ئێمـــەوە نزیکە. مەحاڵە دیار و نادیار بڕیاری بۆ نەدەین. ئەمەش ئاشـــکرا لە هەڵوێســـتی ئەو کوڕەدا دەردەکەوێت، کە پاش مردنی باوکی دەبێت بازرگانییەکە بەڕێوەبەرێت یان ئەو خوێندکارەی لە جێگەی مامۆستاکەی وانەکان دەڵێتەوە. لە نێو هەندێک بارودۆخدا پەیوەندییەکە کەمتر دەبینرێت، بەڵام لەوانیشدا مردوەکە و مرۆڤە زیندووەکە سەر بە یەک کۆمەڵەی مێژوویی و کۆنکرێتین. من و هاوتەمەنەکانم بڕیاردەدەیـــن بەردەوامی بە هەوڵدانە ڕامیـــاری و کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆمان بدەین یان بیانگۆڕین. وەکو بینیمان، ئەمەریکای ١٩١٧ بڕیاری لەسەر واتاو بەهای کردەوەکانی (لا فایەت)یدا.

لەم بۆچوونەوە ئاشـــکرا جیاوازی نێوان ژیان و مـــردن دەبینرێت: ژیان خۆی بڕیار لەســـەر واتاکەی دەدات چونکە هەمیشە لە ئەگەر و نەگەردایە؛ دەستەڵاتی ڕەخنەلەخۆگرتـــن و دۆخگۆڕینـــی هەیە. ئەمـــەش ژیان، وەکو "ئەوەی هێشـــتا پەیدانەبـــووە" یان گۆڕانی تێدا ڕوودەدات، پێناســـدەکات. ژیانـــی مردوو گۆڕانی بەسەردا نایەت و ئەو شتێکی پڕ و تەواوە. لە گۆڕانەکانیش بەرپرس نییە.

شـــێوەگۆڕینێکی ڕادیکاڵانەی هەیە، کە هیچ شتێک لە ناوەوەیدا ڕوونادات؛ لە هەموو لاکانەوە داخراوە؛ هیچ شـــتێک ناچێتە نێوی، بەڵام واتاکەی لە دەرەوەیدا دەستکاری دەکرێت. تاکو ئەو ڕۆژەی ئەم پێخەمبەری ئاشتییە دەمرێت خۆی واتای پرۆژەکەی دادەنێت، "تاکو لێرە بم جەنگ ڕوونادات".

بەڵام واتاکە سنوری تاکە کەسێکی سادە دەبڕێت، بەو ڕادەیەش ئەو کەسە لەسەر هەڵوێستەکەی (ئاشـــتی بۆ ئەوروپا) خۆی دەناسێت، مردنیش دەبێت بە نوێنەری لێســـەندنەوەیەکی تەواو؛ کەسانی دیکە واتای هەوڵدانەکان لە پێخەمبەری ئاشتی دەســـەنن و ئەویش خۆی وەکو سەرکەوتو یان سەرنەکەوتو دەبینێت. مردن لەنێو ژیانماندا ئێمە بۆ بەرژەوەندی کەســـانی دیکە نامۆدەکات. کەسێکی مردوو نێچیری مرۆڤە زیندووەکانە. ئەو کەسەی دەیەوێت واتای مردنی لە داهاتوودا بدۆزێتەوە خۆی

دەکات بە نێچیر بۆ کەسانی دیکە. لێرەدا جۆرێک لە نامۆیی سەرهەڵدەدات، کە لە بەشەکەمان لەسەر بوونێ‌بۆ‌خۆ باسماننەکرد. دەکرا نامۆییەکانی ئەو بەشە لە ڕێگەی بەرزدانانی بەرزێتی کەسانی دیکەوە لەناوببرێن. ئەمەش، وەکو لەناوبردنی لایەنی دەرەکییمان بە ناوەکیکردنی سەربەستییەکەمان وایە. مادام زیندووم دەتوانم لەو بوونەم ڕابکەم، کە بۆ کەسانی دیکەیە. سەربەستانە خۆم تێدەگەیەنم، کە من هیچ نیم و دەبم بەوەی خۆم دەمەوێت. مادام زیندووم دەتوانم درۆ لەگەڵ کەسانی دیکە بکەم، بەرەوکۆتایی جیاواز بڕۆم و دەریبخەم، کە بوونێ‌بۆ‌خۆم و بوونێ‌بۆ‌ئەوان بە هەمانپێوانە بەراوردناکرێن. لەم ڕووەوە، من بەردەوام لەدەست دەرەوەم ڕادەکەم و بەردەوامیش کەسانی دیکە دەمدۆزنەوە؛ لەم جەنگە دوولایەنییەدا هیچ کام لەو دوو شێوازی بوونە سەرکەوتوو نابێت. بەڵام مردن بەبێ ئەوەی لایەنگری یەکێک لەم لایەنانە بکات سەرکەوتنەکە دەبەخشێت بەکەسانی دیکە. مردن، لێرەدا، ئەو واتایەی هەیە، کە گرنگ نییە تۆ لە ژیاندا لە چەند جەنگدا سەرکەوتوو بوویبیت، تەنانەت کەسانی دیکە پەیکەریشت بۆ بکەن، ئەوەیە تۆ لەڕێگەی کەسانی دیکەوە هەبیت و ئەوان واتا بۆ تۆ و سەرکەوتنەکانت دادەنێن.

ئەگەر شوێن بۆچوونەکانی ڕیالیستێک بکەوین، کە لە کەرتی سێیەمدا باسمانکردن، پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە بوونم دوای مردن ئاسەوارێکی تەماوی (نێو ئاگامەندی کەسانی دیکە) لەشێوەی (وێنە و یادەوەرییەکاندا) نییە. بوونم‌بۆ‌کەسانی دیکە ڕاستەقینەیە. ئەگەر، وەکو چاکەتە بەجێماوەکەم لەبەردەستی ئەودا بێت ئەوە هۆکەی بۆ ڕەهەندی ڕاستەقینەی بوونم دەگەڕێتەوە. ئەو ڕەهەندەی تایبەتمەندێتی منی تێدایە. ڕیچالی، لویسی پانزەهەم، باپیرم کۆی وێنە و بیرۆکەکانی نێو یادەوەریم نین. ئەوان بوونێکی دەرەکی و ڕاستەقینەیان هەیە، کە بەتەواوی بوون بە شتێکی دەرەکی. بەردەوامیش لەنێو مێژووی جیهاندا دەمێننەوە. بەڵام بێجگە لە بەرزێتییەکی بەرزێتی لەنێو شتەکانی جیهاندا چی دیکە نین. کەوابوو، مردن تەنیا لە چاوەڕوانییەکانم بێبەریم ناکات، بەڵکو لە دەرەوەدا واتا بەو لایەنە ناوەکییەی من دەبەخشێت، کە تیایدا ژیاوم. مردن هەموو واتا ناوەکییەکان ڕەتدەداتەوە و دەیانکات بە دەرەکی و لە بەردەستی کەسانی دیکەدا دایاندەنێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم چارەنوسەی ژیانم لە ئەگەر و نەگەردایە وەڵامی ئەو پرسیارەی، "ئایا چارەنوسی ئاشکرا و مێژوویی ڕۆبسپیەر چییە؟" دەکەوێتە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە، کە "ئایا میژوو واتای هەیە؟" یان "ئایا مێژوو تەواو دەبێت یان تەنیا لەناودەچێت؟" هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارانەم نەداوەتەوە. هەڵبەتە، وەڵامیشی نادرێتەوە چونکە هەموو وەڵامەکان (تەنانەت وەڵامی ئایدیالیزم، کە دەڵێت: "مێژووی میسر مێژووی میسرناسییە." مێژوویین.

لەگەڵ ئەوباوەڕەدا، کە مردنم لەنێو ژیانمدا دەردەکەوێت، ئەوا نابێت بە

بەرگرتنێکی ڕووتی خۆیەتییەکەم؛ بۆ ئەو جۆرە بەرگرتنە لەبەر ئەوەی ڕووداوێکی ناوەوەی خۆیە دەبێت تەنیا پەیوەندی بە خۆیەتییەوە هەبێت. ئەگەر دۆگمای ڕیالیزم لە دانانی مردن بە حالەتی مردن دروست نەبێت، بۆنموونە بەرزێتی بۆ ژیان نەبێت، ئەو مردنەی من توشی دەبم و دەبێت بە مردنی من شتێکی دیکەش بێجگە لە من بە خۆیەوە دەبەســتێت. لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە لەناوبەری هەموو ئەگەرەکانمە لە دەرەوەی ئەگەرەکانم ڕادەوەســتێت. کەوابوو، من ناتوانم چاوەڕێی بکەم؛ بەو جــۆرەی ڕوو لە ئەگەرەکانم دەکەم ناتوانم ڕوو لە مردن بکەم. مردن بەشــێک لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆ نییە. مادام سەرکەوتنی کەسانی دیکەیە بەسەر مندا، ئەوا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات، کە بنەڕەتییە، بەڵام بەتەواویش هەڵکەوتە و پەیواندی بە بوونی کەسانی دیکەوە هەیە. ئەگەر کەسانی دیکە نەبوونایە ئێمە مردنمان نەدەناسی؛ لەلای ئێمە دەرنەدەکەوت و تەنانەت نەماندەکرد بە دۆخگۆڕینی بوونمـــان بەرەو چارەنوس؛ دەبوو بـــە ونبوونێکی کتوپڕی بوون-بۆ-خۆ و جیهان، خۆیەتی و بابەتی هەموو واتاکان. ئەگەر مردن تاکو ڕادەیەک دۆخگۆڕینی واتاکانی من بێت، واتاکان خۆیان بە قەرزداری بوونی کەسانی دیکە دەبینرێن. لەبەر بوونی کەسانی دیکەیە مردنم، وەکو فاکتۆرێکی خۆیەتی من فڕێدەداتە دەرەوەی جیهان. هەروەهـــا لەناوچوونی ئاگامەندی و جیهانیش پێکەوە نییە. لێرەدا خەســڵەتێکی بنەڕەتی ئەو فاکتــۆرە خۆی دەردەخات، کە نکۆڵی لێناکرێت. ئەویش هەڵکەوتی ڕادیکاڵانەیە لە مردن و بوونی کەســـانی دیکەدا دەدۆزرێتەوە. ئەم هەڵکەوتە مردن دەخاتە دەرەوەی دەسەڵاتی بیرۆکە ئۆنتۆلۆجییەکان. بیرکردنەوەش لە ژیان لەبەر ڕۆشنایی مردندا، وەکو بیرکردنەوە لە خۆیەکی من لە ڕوانگەی کەسانی دیکەوەیە. ئێمە بینیمان ئەم کارەش مەحاڵ نییە.

ئێمە دژی بۆچوونەکەی هایدیگـــەر بەو ئاکامە دەگەین، کە مردن دوور لەوەی ئەگەرێکـــی تایبەتی من بێت، فاکتۆرێکی هەڵکەوتووە، کـــە لە من ڕادەکات و لە بنەڕەتیشدا سەر بە فاکتۆری بوونمە. نە دەتوانم مردنم بدۆزمەوە نە چاوەڕوانیش بم. ئەو شـــتەیە خۆی بە نەناســـراوی دەهێڵێتـــەوە و هەمـــوو چاوەڕوانییەکان پوچەڵدەکاتەوە. هەموو هەڵوێستەکان چەقوەستاو لە دەرەوەی خۆیەتیدا ڕادەگرێت و کەســـانی دیکەش واتایان پێدەبەخشـــن. مردن، وەکـــو لەدایکبوون فاکتۆرێکی ڕووتە؛ لە دەرەوە بەرەو بوونی ئێمە دێت و ئێمەش دەکات بە شـــتێکی دەرەکی. لەڕاستیدا، مردن لە لەدایکبوون جیا نییە. ناسنامەی لەدایکبوون و مردنیشە ئێمە بە فاکتۆر ناوزەدیدەکەین.

ئایا ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە مردن سەربەستییەکەمان سنوردار دەکات؟ ئایا وازهێنانمان لە بوون-بەرەو-مردنی هایدیگەر بۆ هەمیشـــە ئێمە لە هەڵوێستی سەربەســـتانە و دانانی واتا بۆ ئەو بوونەی بەرانبەری بەرپرسین دوور دەخاتەوە؟

بەپێچەوانەوە، مردن لەگەڵ خۆدەرخستنی بۆ ئێمە، بەو جۆرەی هەیە، ئێمە لە سنورەکان ڕزگاردەکات. ئەم خاڵەش بەسەرنجدانێکی قوڵ باشتر ڕووندەبێتەوە.

یەکەم، پێویستە ڕادیکالانە دوو بیرۆکەکەی مردن و بڕانەوە لە یەکدی جیابکەینەوە. بەگشتی، وا زانراوە، کە مردن بڕانەوەی بوونمان پێکدەهێنێت و بە ئێمەی دەناسێنێت. لەم بۆچوونەوە بەو خاڵە گەیشتوین، کە مردن دەبێت بە پێویستییەکی ئۆنتۆلۆجی و بڕانەوەش لەوەوە پەیدا دەبێت و دەبێت بە خەسڵەتێکی هەڵکەوتو. هایدیگەر بیردۆزەی بوونی-بەرەو-مردن لەسەر دانانی ئەم دوو بیرۆکەیە بە یەک شت داناوە. بەهەمانشێوە، کاتێک ماڵرۆ دەڵێت، مردن تایبەتمەندێتی ژیانمان پێدەناسێت، مەبەستی ئەوەیە، کە مادام دەبێت بمرین ئەوا خۆمان بێدەسەڵات دەدۆزینەوە و دەبین بە هەبوویەکی بڕاوە. سەرنجدانێکی وردی ئەم بۆچوونانە نادروستییەکەیان دەردەخات: مردن فاکتۆرێکی هەڵکەوتوە و سەر بە فاکتۆری بوونە؛ بڕانەوە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خۆیە، کە سەربەستی سنوردارردەکات و تەنیا لەنێو پرۆژە سەربەستیەکانمدا ڕووەو کۆتایی سەرهەڵدەدات، کە واتا بەو بوونم دەبەخشن. بە واتایەکی دیکە، ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی نەمریش بێت هەر بڕاوەیە چونکە بە هەڵبژاردنی خۆی، وەکو مرۆڤ دەبێت بە بوونێکی بڕاوە. بوونێکی بڕاوە ئەو بوونەیە، کە خۆی هەڵدەبژێرێت؛ بە پرۆژەکانی بەبێ کەسانی دیکە بوونی خۆی دەناسێت. سەربەستی، کەوابوو، دروستکردنی بڕانەوەیە. ئەگەر من خۆم دروستبکەم ئەوا دەبم بە بوونێکی بڕاوە و ژیانیشم دەبێت بە تایبەت. لە ئاکامدا، ئەگەر نەمریش بم، نەمرییەکەم ڕێگە نادات "سەکتەی مێشکم" بوەستێنم. ئەوەی ڕێگری منە نەگەڕانەوەی کاتە، کە خەسڵەتێکی تایبەتی سەربەستییەکەمە. هەڵبەتە، ئەگەر نەمر بم دەتوانم ئەگەری (با) ڕەتبکەم و خۆم بە ئەگەری (ئەلف) بگەیەنم و دوایی هەلێکم بۆ هەڵکەوێت بەرەو ئەگەری (با) بڕۆم. بەڵام ئەو هەلە دوای ڕەتکردنەکە ڕوودەدات و هەرگیز، وەکو ئەگەرەکەی پێشو دەرناچێت. لێرەدا، بۆ هەمیشە لەگەڵ ڕەتدانەوەی ئەگەری یەکەمدا بێ گەڕانەوە خۆم دەکەم بە بوونێکی بڕاوە.

لەم بۆچوونەوە، مرۆڤی نەمر، وەکو مرۆڤی بمر چەند جارێک لەدایک دەبێت، بەڵام یەکجار خۆی دروستدەکات. ئەگەر کەسێک لەنێو کاتیشدا نەبڕاوە بێت، هێشتا لە بوونیدا بڕاوەیە چونکە تایبەتمەندێتی خۆی دروستدەکات. مردن هیچ پەیوەندییەکی بەم بڕانەوەیەوە نییە. مردن لەنێو کاتدا ڕوودەدات و ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیش بە دەرخستنی بڕاونەوە تایبەتمەندەکەی لەناوچوونی خۆی نادۆزێتەوە. کەوابوو، مردن بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوونم نییە. بەتایبەتی ئەگەر بوونم بوون-بۆ-خۆ بێت؛ ئەوەی دەمرێت کەسێکی دیکەیە. لەنێو بوون-بۆ-خۆدا جێگەی مردن نابێتەوە؛ بوون-بۆ-خۆ چاوەڕوانی مردن ناکات و نایناسێ و نایکات بە پرۆژە بۆ بوونی. ئایا مردن

چییە؟ مردن بێجگە لەلایەکی دیاریکراوی فاکتۆر و بوون-بۆ-کەسانی دیکە چی دی نییە. بێهودەیە ئێمە لەدایکبووین؟ مردنیشـــمان بێهودەیە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم بێهودەییە بووە بە نامۆبوونێکی هەمیشـــەیی بوونم بۆ ئەگەرەکان، کە لەوە زۆرتر نابن بە ئەگەری من و دەچنە لای کەســـانی دیکە. لەم تێڕوانینەوە، مردن سنوری دەرەکی و فاکتۆری خۆیەتی منە!

ئایا لە ڕوونکردنەوەی بەشـــەکانی پێشوی ئەم نوسراوە تێدەگەین؟ ئەم سنورە فاکتۆرییە پێویســـتی بە سەلماندن هەیە چونکە هیچ شتێک لە دەرەوە نایەتە نێو ئێمەوە. هەروەها ئەزمونی مردنمان شـــتێکی پێویســـتە. فاکتۆرەکەش ڕوبەڕووی بوون-بۆ-خۆ نابێتەوە و تەنیا لە بوونی ئەودا-بۆ-کەســـانی دیکەدایە. ئەم سنورە بێجگە لە شتێکی نەناسراو دەبێ چی بێت؟ ئەگەر تێهەڵکێشەی لایەنی وەرچەرخاوی ئێمە نەبێت ئەی چییە؟ بوونی مەرگداری من بوونم دەخاتە بەردەســـتی کەسانی دیکە؛ مردن واتای داهاتووی بوونم بۆ کەسانی دیکە ئامادەدەکات. کەوابوو، مامەڵە لەگەڵ سنورێکی هەمیشەیی پرۆژەکانم دەکەم؛ ئەو سنورەش دەبێت بناسرێت.

ئـــەو لایەنە دەرەکییەیە لە دەرەوە دەمێنێتەوە و ئەو نەناســـراوەیە، کە دەبێ بناســـرێت. لە بنەڕەتەوە جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنی سەربەستی بۆ مردن، وەکو سنورێکی نەناسراوی خۆیەتی و ئەو هەڵبژاردنەی دەیەوێت ببێت بە سەربەستییەک، کە سەربەســـتی کەسانی دیکە ســـنورداری دەکات، نییە. بەگوێرەی پێناسەکەی پێشـــومان، مردن ئەگەری بوونم نییە؛ هەڵوێستێکی-سنوردارە. نابێت بە ئەگەرم چونکـــە من نایکەم بە کۆتایی بوونم، بەڵکو پێویســـتییەکە ناتوانێت خۆیەتی لێ دووربخەیتەوە و دەبێت بە "دوا" ڕووداو و خۆی دەهاوێتە ناوەوە.

مـــردن دەبێت بە دێوەزمەی هەمـــوو پرۆژەیەکـــم و هەڵیاندەگێڕێتەوە. بەڵام هەڵگەڕانەوەکە ئەگەری بوونم نییە. سەربەستییەکەم، کە سەربەستی منە بە پڕی و نەبڕاوە دەمێنێتەوە. مردن نابێت بە ڕێگری پرۆژەکانم؛ بەڵکو چارەنوسی پرۆژەکانم دەکەونە شـــوێنێکی دیکە. هۆی ئەمەش ئەوە نییە، کە مردن سەربەســـتییەکەم سنوردارناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە سەربەستی ڕووبەڕووی ئەو سنورە نابێتەوە. من لە مردندا سەربەست نیم، بەڵام مەرگدارێکی سەربەستم. مادام مردن لە دەست پرۆژەکانم ڕادەکات چونکە نەناســـراوە، منیش لە پرۆژەی بوونمدا لە دەست مردن ڕادەکەم. مادام مردن هەمیشە لەودیو خۆیەتی منەوەیە ئەوا ناکەوێتە نێو خۆیەتی منـــەوە. کەوابوو، بیر لە مردن ناکەینەوە و چاوەڕێشـــی نابین و خۆشـــمان دژی بێ چەک ناکەین؛ پرۆژەکانیشـــمان سەربەخۆن و پشـــت بە مردن نابەستن، نەک لەبەر ئەوەی لە ئاســـتی مردندا کوێرین، بەوجۆرەی مەسیحییەکان دەڵێن، بەڵکو لەبەر بیروباوەڕمانە. هەڵبەتە هەڵوێســـتی جۆراوجۆریش لەبەردەمیدا دەنوێنین و دەمانەوێت بیناسین، بەڵام هیچ کامیان بە ڕەسەن و ناڕەسەن دانانرێت چونکە ئێمە

بە سەوداگەرییەوە دەمرین. باسکردمەکەمان لەسەر شوێن، ڕابردوو، ژینگە، مردن و هاوڕێکانم درێژخایەن نییە. مەبەستیشمان لە باسکردنیان بۆ ڕوونکردنەوەی واتای هەڵوێست بوو. لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسکردنە پێناسەیەکی تەواوی "بوون-لەنێو هەڵوێست" دەکەین، کە بوون-بۆ-خۆ لەئاستی ڕەفتارەکانی، بەبێ ئەوەی ببێت بە بناخەی بوونی خۆی، بەرپرسدادەنێت.

یەکەم، من هەبوویەکم لەنێو هەبووەکانی دیکەدا. بەڵام ئەم بوونەم لەنێو کەسانی دیکەدا ناناسمەوە؛ من بابەتەکانی دەوروبەرم، وەکو هەبوون و بوونی خۆشم، وەکو هەبوویەکی دەورەدراو نابینم. تەنانەت لە واتای "لەنێوان" بەبێ هەڵبژاردنی بوونم تێناگەم. هەڵبژاردنی ئەم کۆتاییە هەڵبژاردنی ئەو شتەیە، کە هێشتا پەیدانەبوە. بوونیشم لەنێوان شتەکانی جیهاندا لەسەر ئەو پەیوەندییە پێناسەدەکرێت، کە لەنێوان سودبەخشێتی ئامێرەکاندا هەیە یان دژ بە شیکردنی ڕاستەقینەکان لەدەوەری من و فاکتۆری بوونمدا دەدۆزرێتەوە؛ ئەویش دۆزینەوەی مەترسییەکانە، کە ڕوو لە من دەکەن، دەبن بە ڕێگر و ئەو هاوکارییانەی پێویستیم پێیانە. هەموو لەبەر ڕۆشنایی لەناوچوونە ڕادیکاڵییەکەی خۆمدا و ڕەتدانەوەی ناوەکی بەرانبەر بوون-لەنێو-خۆدا لە ڕەوتە سەربەستانەکە بەرەو ئەو کۆتاییەی دانراوە کاریان تێدەکرێت. ئەمەیە واتای هەڵوێست دەبەخشێت.

دووەم، هەڵوێست تەنیا لەگەڵ ڕەتکردنی شتە دراوەکان بەرەو کۆتایی هەیە. ئەو شێوازەیە شتە دراوەکە، کە منە و ئەوەشە، کە من نییە بۆ بوون-بۆ-خۆ ئاشکرا دەبێت و بوونی من لەشێوازی شتێکی نەبوودا دەردەخات. کاتێک باسی هەڵوێست دەکەین لەو "جێگرتنە ناسراوە لەلایەن بوون-بۆ-خۆوە دەدوێین، کە لەنێو هەڵوێستدایە." مەحاڵە هەڵوێست لەدەرەوەدا بیری لێبکرێتەوە؛ لە شێوازێکی ناوەکیدا لەنێو خۆیدا چەسپاوە. لەبەر ئەمە، هەڵوێست نە بە بابەتی نە بە خۆیی دادەنرێت، هەرچەندە بە شتێکی ئەم بونیادە (لێوانەکەی بۆ ئاو خواردنەوە بەکاریدەهێنم، مێزەکەی خۆم بەسەریداداوە و هتد) بابەتین و لە دەرەوەدان. هەڵوێست خۆیەتیش نییە چونکە یەکێتی نێوان جێنیشانەکان نییە، کە شتەکان لەسەر مێشکی ئێمە جێیان دەهێڵن، بەڵکو خودی شتەکانە و بوونی منیشە لەنێویاندا. سەرهەڵدانی بوونم لەنێو جیهاندا، وەکو لەناوچوونێکی ڕووتی بوون هیچ ئاکامێکی دیکەی بێجگە لە هۆکار بۆ بوونی شتەکان نییە و هیچیش ناخاتە سەریان. لەم ڕووەوە، هەڵوێست خیانەت لە فاکتۆری بوونم دەکات؛ شتەکان لەوێدا بەبێ پێویستی و گونجاندنی بوون هەن و منیش لەنێویاندا سەرهەڵدەدەم. هەڵوێست بەو واتایەش، کە شتێکی دراوی ڕووت نییە نابێت بە دەرەکی و (خۆ) لەدەرەوەی ئەودا ناوەڕۆکەکەی پێکناهێنێت. لەڕاستیدا هەڵوێست واتا بە هەموو شتێکی دراو دەبەخشێت و ئاماژە بۆ سەربەستی بوون-بۆ-خۆ دەکات.

ئەگەر هەڵوێست ناوەکی یان دەرەکی نەبێت لەبەر ئەوەیە، کە زانین پێکناهێنێت یان حاڵەتی جیهان بە خۆ ناناسێنێت. هەڵوێست پەیوەندی بوونە لەنێوان بوونی-بۆ-خۆ و بوونی-لەنێو-خۆدا، کە بوونی-بۆ-خۆ لەناویدەبات. هەڵوێست هەمووی خۆیە (خۆ بێجگە لە هەڵوێستەکەی هیچی دی نییە) و هەمووی شتیشە (هیچ شتێک بێجگە لە شتەکان نییە). هەڵوێست ئەو خۆیەیە شتەکان بە تێپەڕکردنیان ڕۆشندەکات. ئەگەر حەزیش بکەین دەڵێین، ئەو شتانەن ئاماژە بۆ وێنەی نێو ئەندێشەی خۆ دەکەن. هەمووی فاکتۆرە، هەڵکەوتنی ڕەهای جیهانە، لەدایکبوونمە، شوێن، ڕابردوو، ژینگە و فاکتۆری بوونی هاوڕێکانمە. سەربەستییەکەمە بەبێسنور و لەوێدا فاکتۆر بۆ من دروستدەکات. بەرزایی و تۆزی ئەو ڕێگەیەیە، تینوێتییەکەم و ڕازینەبوونی ئەو خەڵکەیە بۆ ئاو خواردنەوەکەم چونکە پارەم پێ نییە بیاندەمێ یان من هاووڵاتی وڵاتەکەی ئەوان یان سەر بە ڕەگەزیان نیم؛ بە جێمانم لەنێو ئەو خەڵکە دڵڕەقەدا و بەو ماندووییەوە، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەم دەبن بە ڕێگر هەڵوێستە. هەروەها، ئامانجەکەشم هەڵوێستە نەک بە تەنیا لەبەر ئەوەی من پێکیدەهێنم بەڵکو لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنێکدایە و لە دەوروبەرم هەموو فاکتۆرەکان کۆدەکاتەوە و ڕوونیان دەکاتەوە.

سێیەم، ئەگەر بوونی-بۆ-خۆ بێجگە لە هەڵوێست چی دیکە نەبێت، ئەوا بوونی- لەنێو-هەڵوێست ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەسەر بوونی-لەوێدا و بوونی-لەودیوەوە پێناسەدەکات. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەمیشە لەودیو (بوونی-لەوێدا) یە. هەڵوێست هەمووگیری بوونی-لەوێدایە، کە لەسەر ڕاڤەکردن و ژیان لە بوونی-لەودیوەوە دەناسرێت. کەوابوو، هیچ هەڵوێستێک نییە مافی تایبەتی هەبێت. مەبەستمان لەم خاڵەش ئەوەیە، کە هیچ هەڵوێستێک نییە لەژێرەوەیدا شتە دراوەکە سەربەستییەکەی پەیدایدەکات لەناوبەرێت. بەپێچەوانەشەوە هەڵوێستێک نییە، کە تیایدا بوونی-بۆ-خۆ زۆرتر لە کەسانی دیکە سەربەست بێت. ئەمەش ئەو سەربەستییە ناوەکییە ناگرێتەوە برگسۆن باسیدەکات و پۆلیتزار لە (کۆتایی خۆپیشاندانی فەلسەفە)دا گاڵتەی پێدەکات یان برواکردن بە سەربەخۆیی ژیانی ناوەوەی کۆیلە و دڵ لەنێو زنجیردا نییە. کاتێک دەڵێین کۆیلەی زنجیرکراو وەکو خاوەنەکەی بوونێکی سەربەستی هەیە، لەو سەربەستییە نادوێین، کە نادیارە. کۆیلە زنجیرکراوەکە لە ئاستی پچڕاندنی زنجیرەکەدا سەربەستە؛ واتای زنجیرەکەی لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت، کە خۆی بڕیاری لەسەردەدات: بە کۆیلەیی بمێنێتەوە یان ژیانی بخاتە نێو مەترسییەوە و کۆیلایەتی لەناوبەرێت. هەڵبەتە، کۆیلە ناتوانێت سامان و شێوازی ژیانی خاوەن کۆیلەی دەستبکەوێت؛ بەڵام ئەمانە ئامانجی پرۆژەکەی نین؛ ئەو تەنیا خەویان پێوە دەبینێت. فاکتۆری کۆیلەکە ئەوە نیشاندەدات، کە جیهان بۆ ئەو ڕوخسارێکی دیکەی هەیە و دەبێت کۆمەڵێ کێشە

چارەسەربکات؛ بەتایبەتی پێویستە لەنێو بەستێنی کۆیلایەتیدا خۆی هەڵبژێرێت و واتا بە ڕێگرە نادیارەکان ببەخشێت. ئەگەر ئەو هەڵوێستی شۆڕشگێرانە هەڵبژێرێت ئەوا کۆیلایەتی، کە لە سەرەتاوە ڕێگربوو، واتاکەی خۆی و کاریگەرێتییەکەی بەسەر لایەنە نەیارەکەیەوە تەنیا لەنێو شۆڕشدا بەرجەستەدەکات. بۆ ئەوەی هەبێت و دادوەربێت ئەوەیە، کە ژیان بۆ کۆیلە، ئەو کۆیلەیەی شۆڕشدەکات و لەپێناویدا دەمرێت دەبێت ببێت بە ژیانێکی سەربەستانە. دادوەریش لەوەدایە، کە هەڵوێستەکەی ببێت بە پرۆژەیەکی سەربەست، پڕ و کۆنکرێتی و ئامانجەکانی ژیان وەدەستبهێنێت. بەو خاڵەمان بگەیەنێت، کە باری ژیانی کۆیلە و خاوەنەکەی بەراورد ناکرێن. هەر یەکێک لە ئەوان، وەکو بوون-بۆ-خۆ لەنێو هەڵوێستیدا و لە هەڵبژاردنی سەربەستانەی پرۆژەکانیان لە واتا تێدەگەن. کەسی سێیەم دەتوانێت بەراوردەکە بکات و لەم ڕووەوە، بەراوردکردنەکە لەنێوان دوو بابەتدا و لەنێو جیهاندا سەرهەڵدەدات؛ بێجگە لەمە، لەبەر ڕۆشنایی هەڵبژاردنی سەربەستانەی پرۆژەی کەسی سێیەمدا دادەمەزرێت. هیچ بۆچوونێکی ڕەها نادۆزینەوە، کە بتوانین هەڵوێستە جیاوازەکانی لەسەر بەراوردبکەین؛ هەرتاکەش یەک هەڵوێست دەناسێت ئەویش هەڵوێستی خۆیەتی.

چوارەم، مادام هەڵوێست لەبەر ڕۆشنایی کۆتاییەکانیدا دەبینرێت و ئەوانیش لەسەر زەمینەی بوون-لەوێدا، وەکو پرۆژە دانراون ئەوا ئامادەبوونیان کۆنکرێتییە. هەڵبەتە جۆریک لە بونیادی هەمەکی ڕووتکراوەیان هەیە، بەڵام تاکە ڕوخساریکی هەیە، کە جیهان لە ڕووی ئێمەدا دایدەنێت و دەبێت بە ڕێکەوتنی ئێمە. لێرەدا نموونەی چیرۆکێکی کافکا دەهێنینەوە: بازرگانێک دێتە قەڵاکە تاکو کێشەکەی بخاتەڕوو. پاسەوانێک ڕێگەی چوونە ژوورەوەی نادات. بازرگانەکە ناتوانێت لەوە زۆرتر بڕوا: لەوێدا دەوەستێت و بە چاوەڕوانییەوە دەمرێت. لە سەرەمەرگا بە پاسەوانەکە دەڵێت، "بۆچی من تاکە کەسێک بووم چاوەڕێمکرد؟" پاسەوانەکەش وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، "چونکە ئەم دەروازەیە تەنیا بۆ تۆ دروستکراوە." ئەمە حاڵەتی بوون-بۆ-خۆیە و هەر تاکە دەروازەی خۆی هەیە. خەسڵەتی کۆنکرێتی هەڵوێست لەوەدایە، کە بوون-بۆ-خۆ هەرگیز ڕوو لە کۆتایەک ناکات ڕووتکراوە و هەمەکی بێت. بێگومان، لە بەشی دواییدا ڕوونیدەکەینەوە چۆن واتای تەواوی هەڵبژاردن هەمەکییە و لە ئاکامی ئەمەشدا بوون-بۆ-خۆ، وەکو جۆر دەبێت بە سەرچاوەی ڕاتەقینەی مرۆڤایەتی. پێویستە واتا شاراوەکانیش ئاشکرا بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی بەکاردەهێنین. لەگەڵ ئاشکراکردنەکەدا واتای بوون-بۆ-خۆ دەردەکەویت، کە بۆ بەرجەستەبوونی پێویستی بە جۆرێک هەبووی کۆنکرێتییە. بەڵام کۆتایی بوون-بۆ-خۆ لە پرۆژەدا، کە ڕاستەقینەی پێدەدۆزێتەوە و تێپەڕیدەکات لە بوونی کۆنکرێتییەوە، وەکو

گۆرانکارییەکی دیاریکراو لەنێو هەڵوێستێکی تایبەتدا سەرهەڵدەدات. بۆنموونە، بوون-بۆ-خۆ زنجیرەکە دەپچڕێنێت، دەبێت بە پاشای فرانکەکان، پۆلۆنیا ڕزگاردەکات یان بۆ مافەکانی پرۆلتیاریا خەباتدەکات. لەسەرەتادا، بوون-بۆ-خۆ لەپێناوی چینی پرۆلیتاریادا بەگشتی پرۆژەی خەباتکردن دانامەزرێنێت. بەڵکو ڕوودەکاتە دەستەوتاقمێکی پرۆلیتاریای تایبەت، کە خۆی بە یەکێک لە ئەوان دادەنێت. ئەمەش سەر بەو هۆکارەیە، کە کۆتایی ڕۆشنایی دەخاتە سەر شتە دراوەکە و هەڵبژێردراوە تاکو ڕەتیبکات. بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ هەموو کۆتاییە دراوەکەدا سەرهەڵنادات ئەو لەگەڵ دیاریکردنی هەڵوێستەکەیدا خۆی دروستدەکات.

پێنجەم، بەو شێوەیەی هەڵوێست نە بابەتی نە خۆییە بە ئاکامێکی سەربەستانەی سەربەستی و کوێی ڕێگرەکانیش بۆ من، کە خۆم دایاننانێم؛ لەبەرئەو ڕۆشناییەی سەربەستی دەیخاتە سەر سنورە ڕێگرەکان ئەوا واتای ڕێگری پێدەبەخشێت. لەنێوان هەبووە ڕووتەکاندا پەیوەندی نییە؛ سەربەستی پەیوەندییەکان لەڕیزکردنیاندا، وەکو ئامێرە ئاڵۆزەکان دادەمەزرێنێت؛ هەروەها سەربەستیشە هۆی پەیوەندییەکان و کۆتاییەکەی دەدۆزێتەوە. لەبەرئەوەی پرۆژە بەرەو کۆتاییم دادەهێنم و بەسەر پەیوەندییەکان لە جیهاندا تێپەڕیدەکەم، ئەوا من ڕووبەڕووی بەرەودوایی زنجیرە و شتە ئاڵۆزەکان دەبمەوە و دەبێت پەیڕەوی یاساکان بکەم. ئەم یاسایانە و شێوەی بەکارهێنانیان سەرکەوتن و ڕوخانی هەوڵدانەکەم دیاریدەکان. بەڵام سەربەستی پەیوەندیی یاسایی دەهێنێتە جیهانەوە. کەوابوو، سەربەستی خۆی بە زنجیر لەنێو جیهاندا دەبەستێتەوە.

شەشەم، بوون-بۆ-خۆ کاتییە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە بوون-بۆ-خۆ ئەوە نییە هەیە، بەڵکو "خۆی دروستدەکات". ئەو هەڵویستەیە، کە دەیەوێت بەو بەردەوامییە بنەڕەتییە بگات لە بوونی کەسانی دیکەدا دەیبینین، بۆنموونە دەڵێین "ئەو نەگۆڕاوە" یان "وەکو جاران ماوە". مانەوە لە پرۆژەیەکی دیاریکراودا بەردەوامی نییە؛ بەڵکو بەپێچەوانەوەیە، نوێکردنەوەیەکی بەردەوامی مامەڵەکردنەکەمە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕاستەقینانەی پرۆژەیەک ڕۆشناییان دەخاتە سەر ئاماژە بۆ بەردەوامی بوون-لەنێو-خۆ دەکات؛ بەو ڕادەیەی ڕاستەقینەکان وێنەکانی نێو بیرکردنەوە بۆ ئێمە دەگەڕێننەوە ئەوا بە مانەوەیان پشتگیری ئێمەش دەکەن؛ زۆرجار ڕوودەدات مانەوەی ئەوان بە مانەوەی بوونی خۆمان دادەنێین، بەتایبەتی مانەوەی شوێن و ژینگە، بۆچوونی هاوڕێکانمان بەرانبەر ئێمە و ڕابردوومان وێنەیەکی نزمی مانەوەکەمان پێکدەهێنن. لەنێو بوونە کاتییەکەمدا من بۆ کەسانی دیکە هەمیشە فەرەنسی، فەرمانبەر یان پرۆلیتارم. ئەم شتە نەناسراوە خەسڵەتی سنورێکی یەکجۆری بەسەر هەڵوێستەکەوە هەیە. بەهەمانشێوە، ئەوەی بە سروشت یان ڕەفتاری تاکە کەسێکی دادەنێن پرۆژەیەکی سەربەستی بوونی-ئەوە-بۆ کەسانی

دیکــە و بۆ بوونی-بۆ-خۆش دەبێت بە شــتێکی نەناســراوی یەکجۆر. (ئالەین)، دروست بۆ کێشەکە چووە و دەڵێت، ڕەفتار سوێندخواردنە. کاتێک مرۆڤ دەڵێت، "من بە ئاســانی دڵخۆش نابم." سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ ڕەفتارە نەخۆشەکەیدا دەکات. وشەکانیشــی ڕاڤەکردنێکی سەربەســتی جۆرێک لە ڕابردووی تەمومژاوی ئــەوە. لەم ڕووەوە، ڕەفتار نییە؛ تەنیا پــڕۆژەی بوون هەیە. بەڵام نابێت بەهەڵە لەلایەنی دراوی ڕەفتار تێبگەین. دروســتە بۆ ئەو کەســانەی مــن، وەکو بابەت دەناسن ڕەفتارم بە نەخۆش و کەسایەتییەکەشم بە دووڕوو یان ڕاستگۆ، ترسنۆک یان ئازا دادەنێن. ئەم لایەنەی بوونم تەماشــاکردنی کەســێکی دیکە ئاماژەی بۆ دەکات؛ لــە ئەزمونی تەماشــاکردندا ئەم ڕەفتارە، کە پڕۆژەیەکی سەربەســت و زیندوو هەروەها خۆ-ئاگا بوو، دەبێت بە نەناسراوێک و هەوڵی ناسینی بۆ دەدرێت. ئەمەش تەنیا ناکەوێتە ســەر بوونی کەســێکی دیکە. لەسەر شێوازی دەرکەوتوی لایەنی بوونی منیش بەرانبەر ئەو ڕادەوەســتێت. تاکو من ڕێگە بە خۆم بدەم ئەو تەماشــام بکات ڕەفتارەکەم بۆ من دەبێت بە شــتێکی نەناســراو، مانەوە و ئەو شــتەی ڕۆژانە باسیلێدەکرێت، وەکو "من چل و پێنج ســاڵ تەمەنمە، من ئەمڕۆ خــۆم ناگۆڕم." زۆرجار ڕەفتار ئەوەیــە بوونی-بۆ-خۆ ئەوەی ببێت بە بوونی-لەنێو-خۆی بوونی-بۆ-خۆ وەریدەگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە ئەو خاڵە بخرێتە ڕوو، کە بەردەوامی ڕابردوو، ژینگە و ئەو ڕەفتارانەی خەســڵەتیان پێنەدراوە؛ لەســەر ئەو شــتانەوە دەردەکەون پەیوەندییان بە مانەوەی پڕۆژەکەمەوە هەیە. بۆنموونە، پــاش جەنگ و ژیانێکی درێژخایــەن لە هەندەران مرۆڤێــک دیمەنی چیایەک بە نەگۆڕا و دەبینێت. بێهودەشــە بە ئاواتی ئەوەوەبێت لەســەر نەجوڵان و مانەوەی دیــاردەی بەردەکان داوای ژیانەوەی ڕابردوو بکات. دیمەنەکە مانەوەی خۆی تەنیا لە پڕۆژەیەکی هەڵگیراودا دادەمەزرێنێت. واتای چیاکان لەنێو هەڵوێســتی مندان؛ لەلایەکەوە پەیوەندی من بە گەلێکەوە دەبەســتنەوە، کە لە ئاشــتیدایە. جارێکی دیکە لە کاتی جەنگدا یان داگیرکردنی لایەکی وڵاتەکەم تەماشــایان بکەم هەمان دیمەنیــان نابێت چونکە من پڕۆژەیەکــی جیاوازترم هەیە و جیاواز مامەڵە لەگەڵ جهاندا دەکەم. لەکۆتاییدا، بینیمان، هەڵچونی ناوەوەی هەڵوێســت، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکانی ژینگە ســەربەخۆیە، شــتێکی چاوەڕوانکراوە. ئەو گۆڕانکارییانە گۆڕانی پڕۆژەکانم ناوروژێنێت، بەڵکو لەسەر بناخەی سەربەستییەکەم کاردەکەنە ســەر ســادەیی و ئاڵۆزی هەڵوێســتەکە. لەبەرئەمە، پڕۆژە ســەرەتاییەکەم بە خەســڵەتی ســادەی زۆرترەوە خۆی نیشــانی من دەدات. مرۆڤ سادە یان ئاڵۆز نییە، بەڵکو هەڵوێســتەکەی یەکێک لەم خەسڵەتانەی هەیە. لەڕاستیدا من لەودیو هەڵوێســتێکی دیاریکراوەوە پڕۆژەی بوونی خۆمم. ئەم پڕۆژەیەش هێڵکاری بوونم لەنێو هەڵوێستێکی دیاریکراودا دەکات. ئەگەر هەڵوێستەکە سادە بکرێت، هەرچەندە

دیمەن، ئەشـــکەوتاکان و لێژی ڕێگاکە وێنەیەکی ســـەخت و دژواری بخاتەبەر من هێشـــتا بە ســـادەیی دەمێنمەوە چونکە هەڵبژاردنەکەم ناســـینەوەی هەڵوێستە سادەکەیە. سەرهەڵدانی ئاڵۆزی من دەخاتە بەردەم هەڵوێستی جیاوازتر و ئاڵۆز، کـــە خۆم تیایدا ئاڵـــۆز دەبینم. ئەمەش لای هەموو کەســـێک دادەمەزرێت ئەگەر ببینێت چۆن زیندانییەکانی جەنگ بەرانبەر هەڵوێستێکی زۆر سادە ڕەفتاردەکەن. سادەگیرییەکە واتای پرۆژەکەیان ناگۆڕێت؛ بەڵکو لەسەر بناخەی سەربەستییەکە ژینگەکە خەستدەکاتەوە و کۆتاییەکی سەختی زیندانییەکە دیاریدەکات. بەکورتی، ئێمە مامەڵە لەگەڵ مێتابۆڵیزمی ناوەوە، نەک دۆخ گۆڕینێکی جیهانی دەکەین، کە کاردەکاتە سەر شێوەی هەڵوێست. ئەوانەش گۆڕانن لە ژیانی خۆمدا پەیدایاندەکەم و لەنێو بەستێنی تاکە پرۆژەیەکدا دێنەکایەوە.

٣- سەربەستی و لێپرسینەوە

هەرچەنـــدە ئەم لێکۆڵینەوانەی خوارەوە لەپێش هەموو شـــتێکەوە ســـەرنجی ڕەوشتناس ڕادەکێشێت، بەڵام گرنگە لەوێوە بۆ سەربەستی بوون-بۆ-خۆ بگەڕێنیەوە و هەوڵبدەن لەو فاکتۆرە تێبگەین، کە نوێنەرایەتی چارەنوسی مرۆڤ دەکات.

ئاکامی بنەڕەتی ســـەرنجدانەکانی پێشـــو ئەوە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ حوکمی بەسەردا دراوە سەربەست بێت و باریگرانی هەموو جیهان لەسەرشانی دابنێت. ئێمە چەمکی "لێپرســـینەوە" بە واتا باوەکەی وەردەگرین و بە ئاگامەندی ئەو بوونەی دادەنێیـــن، کە خـــۆی بە داهێنەری بێ هاوتای ڕووداو یـــان بابەتەکەی دەبینێت. لەم واتایەدا لێپرســـینەوەی بوون-بۆ-خۆ پەرێشانکەرە چونکە مرۆڤ ئەو بوونەیە دەیهێنێتە کایەوە. ئەو هەرچ هەڵوێســـتێکی هەبێت پێویستە سەربەرزانە خۆی بە خاوەنـــی دابنێت. لەبەر ئەمە گلەییکردن بێ واتایـــە چونکە هیچ هێزێکی بێگانە هەستکردنمان دروست ناکات، نامانژیەنێت و بڕیار لەسەر بوونمان نادات.

لەسەرو ئەمەوە، ئەم لێپرسینەوە ڕەهایە وازهێنان نییە؛ داوایەکی لۆجیکمەندانەی ئاکامەکانی سەربەســـتییە. ئەوەی بەســـەر مندا دێت بە دەستی خۆم ڕوودەدات. من ناتوانم لە ڕێگەی ئەوەوە لەســـەر خۆم کاریگەربم، ناتوانم دژی ڕاوەســـتم یان وازی لێبهێنم. هەروەها، من خاوەنی ئەوەم لە من ڕوودەدات. مەبەســـتمان لەمەش ئەوەیە، کە یەکەم، من هەمیشـــە، وەکو مرۆڤ لەگـــەڵ ڕووداوەکانمدا بەرانبەرم. ئەوەی لە ڕێگەی خۆ و کەسانی دیکەدا بەسەر مرۆڤدا دێت مرۆڤانەیە. ناشرینترین هەڵوێســـتەکانی جەنگ و دڕندەترین ئەشکەنجە بارودۆخی نا-مرۆڤکردو نین؛ هیچ هەڵوێستێک نییە نا-مرۆڤانە بێت. بە هۆی ترسەوە، هەڵهاتن و ڕووکردن لە ڕەفتاری

جادوگەریانە باوەڕ بە هەڵوێستێک دەکەم مرۆڤ نەیکردبێت. هێشتا باوەڕکردنەکەش مرۆڤانەیە و پێویستە خۆم بە لێپرسراو لە ئاستیدا دابنێم. من خاوەنی هەڵوێستم چونکە هەڵوێست وێنەی هەڵبژاردنێکی سەربەستی بوونی خۆمە. من خاوەنی هەموو شێیکی ئامادەکراوی نێو هەڵوێستەکەم، کە هێما بۆ من و نوێنەرایەتی بوونم دادەنێن. ئایا ئەو کەسە من نیم، کە بڕیار لەسەر کاریگەرێتی لایەنە نایارەکان لە شتەکاندا دەدات و تەنانەت ڕەهەندە نەناسراوەکانیشیان دەدۆزێتەوە؟

کەوابوو، ڕێکەوت لە ژیاندا نییە؛ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دێتە پێش و من مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم و لەدەرەوەدا دروستنابێت. ئەگەر بچمە جەنگەوە ئەوا جەنگەکە دەبێت بە جەنگی من؛ لەنێو بیرکردنەوەی منداپە و منیش شایستەی ئەوم چونکە دەمتوانی بە خۆکوشتن یان هەڵهاتن لە دەستی ڕزگاربم. ئەم ئەگەرانە لەگەڵ بەرەوڕووبوونەوەی هەڵوێست سەرهەڵدەدەن. هەروەها، لەبەر نەبوونی ڕێگەیەک بۆ هەڵهاتن من جەنگ هەڵدەبژێرم. دەشێ ئەمەش پەیوەندی بە کەمتەرخەمی، ترسنوکیم لەبەردەم جەماوەردا یان هەڵنەبژاردنی بەهاکانی هەڵهاتن لە جەنگ (بیروباوەڕی خزمان بەرانبەرم، سەربەرزی خێزانەکەم و هتد) هانم بدەن بۆ جەنگ بڕۆم. بەهەرحاڵ، کێشەکە هەڵبژاردنە، گرنگ نییە تۆ چۆن تەماشای دەکەیت. هەڵبژاردنەکەش بەردەوام تاکو کۆتایی بە جەنگەکە دێت سەرهەڵدەدات. پێویستە لەگەڵ ژین ڕۆمانیس هاوڕا بین، کە دەڵێت، "لە جەنگدا زیانلێکەوتووی بێتاوان نییە." ئەگەر جەنگ لە جێگەی خۆکوشتن و سەرشۆڕی هەڵبژێرم دەبێت لێپرسینەوەی جەنگەکە بگرمە ئەستۆم. بێگومان من دەزانم کەسانی دیکە جەنگەکەیان بەرپاکردوە و منیش تەنیا هاوکارییان بکەم. بەڵام هاوکاریکردن واتایەکی یاسایی هەیە و لێرەدا وەریناگرین. بۆ من و لە ڕێگەی منەوە جەنگەکە لەناودەچێت و من بڕیارم داوە، کە هەبێت. زۆرلێکردن لەمەدا نییە. زۆرلێکردن ناتوانێت سەربەستی داگیربکات. من هیچ بیانویەکم نییە؛ چەندجارێک لەم نوسراوەدا گوتومانە، کە بیانونەگرتن خەسلەتێکی تایبەتمەندی ڕاستەقینەی مرۆڤانەیە. ئەوەی بۆ من دەمێنێتەوە هەڵوێستمە بەرانبەر جەنگەکە.

جەنگەکە جەنگی منە چونکە لەنێو ئەوهەڵوێستەوە سەرهەڵدەدات، کە من وەریدەگرم و بە چوونە نێوی یان وەستان دژی دەیدۆزمەوە. بەڵام ئێستا ناتوانم هەڵبژاردنی بوونم لە هەڵبژاردنی جەنگەکە جیابکەمەوە. چوونە نێو جەنگەوە هەڵبژاردنی بوونمە لەوێدا و هەڵبژاردنی ئەویش هەڵبژاردنی بوونی خۆمە. بیر لە "چوار ساڵ پشودان"، "دواخستن" و "شوێنی خۆشاردنەوە" ناکەمەوە، یان بەشێکی لێپرسینەوەکەم بۆ هاوسەریبوون، خێزان و ژیانی تایبەتیم دانانێم. لە هەڵبژاردنی جەنگەکەدا ڕۆژانە بوونی خۆم هەڵدەبژێرم. بەوشێوەیەی دەبم بەخاوەنی بوونم، خۆم دەکەم بە خاوەنی جەنگەکەش. من لێپرسراوم ئەگەر چوارساڵی بەتاڵیش بخایەنێت.

دواجار، وەکو لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەر تاکە کەسێک هەڵبژاردنی ڕەهای خۆیەتی، لە گۆشـــەنیگایەکی جیهانییەوە، لەبەر ڕۆشـــنایی زانین و تەکنیکەکان هەڵبژاردنەکە ڕوودەدات؛ هەر تاکە کەســـێک ســـەرهەڵدانێکی ڕەهایە لە کاتێکی ڕەهـــادا و هەرگیـــز لە کاتێکی دیکەدا بیری لێناکرێتـــەوە. کات بەفیرۆدانە ئەگەر کەســـێک بپرسێت بوونی من چۆن دەبوو ئەگەر جەنگ نەبوایە چونکە خۆم لەنێو سەردەمێکدا هەڵبژارد، کە جەنگی تێدا ڕوویدا. من لەو سەردەمە جیا نیم؛ نەمتوانی خۆم بەســـەردەمێکی دیکە بەبێ ناکۆکی بگەیەنم. لەبەرئەمە، من جەنگەکەم، کە سەردەمەکەی پێش خۆی براوەو ســـنورداردەکات. دەتوانین بەگوێرەی گوتەکەی پێشـــو "لە جەنگدا زیانلێکەوتـــووی بێتاوان نییە." لێپرســـینەوەی بوون-بۆ-خۆ پێناس بکەین. ئێمە وشـــەکانی گوتەکە دەگۆڕین و دەڵێین، "ئێمە شایستەی ئەو جەنگەین هەڵمانگیرســـاندوە." کەوابو، بەتەواوی سەربەستم و لەسەردەمەکەشم، کە هەڵمبژاردوە، جیاناکرێمەوە و لێپرســـراوم. من هیچ بیانویەکم پێنییە؛ چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی بوونمدا بە تەنیا و بەبێ یارمەتی کەسانی دیکە جیهانی گران بە کۆڵمدا دەدەم.

جۆری لێپرســـینەوەکە تایبەتە. لەوانەیە کەســـێک بڵێت، "مـــن داوام نەکرد لەدایکبم." ئەمەش بۆچوونێکی ســـادەیە بۆ جەختکردن لەسەر فاکتۆری بوونمان. بێجگە لە خودی لێپرسینەوەکەم چونکە من بناخەی بوونی خۆم نیم. لەوەدەچێت بە زۆر لێپرسینەوەم بەسەردا درابێت. من فڕێدراومەتە نێو جیهانەوە، بەو واتایە نا، کە من لەنێو جیهانێکی سەخت و ناخۆشدا، وەکو پارچە تەختەیەکی سەرشەپۆل زەبـــوون بم. من کتوپـــڕ دەتوانم بەبێ یارمەتی بوونم بدۆزمـــەوە، مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکەم ئەو جیهانەی بەرانبەری لێپرســـراوم. هەرچییەک بکەم ناتوانم خۆم لەم لێپرســـینەوەیە بدزمـــەوە. تەنانەت بەرانبەر خۆدزینەوەم لە لێپرســـینەوەش لێپرسراوم.

دوورەپەرێزی لە جیهانەوە کارنەکردنە لەســـەر شـــتەکان و کەســـانی دیکە. ئـــەم دوورە پەریزییەش جۆرێکە لە هەڵبژاردنی بوونی خۆم، تەنانەت خۆکوشـــتن شـــێوازێکی بوونە لەنێو جیهاندا. لەگەڵ ئەمەشـــدا، لێپرسینەوەی ڕەهام بەرانبەر فاکتۆری لەدایکبوونم ڕاستەوخۆ شتێکی نەناسراوە و نەزانراوە چونکە فاکتۆرێکی ڕووت نییە و هەمیشە لەنێو پرۆژەی پێکهێنانی بوون-بۆ-خۆمدایە. من شەرمەزارم، سەرسامم یان دڵخۆشم لەدایکبووم. لەلایەکی دیکەوە بۆ لەناوبردنی ژیانم هەوڵدەدەم خراپی ژیانم بخەمە ڕوو. لەم بۆچوونەوە، بە ڕادەیەک من لەدایکبوونم هەڵدەبژێرم. ئەم هەڵبژاردنە تێکەڵی فاکتۆرەکـــە دەبێت، لەگەڵیدا یەک دەگرێت و من ناتوانم هەڵنەبژێرم. فاکتۆرەکەش بە ڕەتکردنی من بەرەو کۆتاییەکانم دەردەکەوێت.

کەوابوو، فاکتۆر لە هەموو شـــوێنێکدا هەیە، بەڵام ناناســـرێت؛ من بێجگە لە

لێپرســـینەوەکەم ڕووبەڕووی هیچی دی نابمەوە. لەبەرئەمەیە ناکرێت بپرسین، "بۆ چی لەدایکبووم؟" یان نەفرەت لە ڕۆژی لەدایکبوونم بکەم و بڵێم من داوام نەکرد لەدایکبم. ئەم هەڵوێســـتانە لە ئاســـتی لەدایکبوونمدا، بۆنموونە، ئەو فاکتۆرانەی ئامادەبوونـــی مـــن لەنێـــو جیهاندا دەستنیشـــان دەکەن ڕێگەن بۆ ناســـینەوەی لەدایکبوونەکە و خۆبەخاوەنکردن و لێپرســـینەوە لەبەرانبەریدا. لێرەدا، من تەنیا ڕووبەڕووی خـــۆم و پرۆژەکانم دەبمەوە. فاکتۆری بوونم ئەوە دەگەیەنێت، کە من بەتەواوی حوکمم بەســـەدا دراوە بەرانبەر بوونم لێپرســـراوبم. من ئەو بوونەم، کە لەبوونیدا پرسیار لەبارەی بوونیەوە دەکرێت.

ئەم "هەیە"یەی بوونیشم، وەکو ئێســـتا نەناسراوە. لەژێر ئەم بارودۆخانەدا، مـــادام هەموو ڕووداوێک لەنێو جیهاندا خـــۆی بۆ من وەکو هەلێک دەردەخات یان باشترە بڵێین، هەرشتێک لە ئێمە ڕوودەدات ڕێکەوتە و (لە ئێمە ڕوودەدات تاکو لەو بوونە بگەین، کە لەبوونیدا پرسیار لەبارەی بوونیەوە دەکرێت)، هەروەها کەسانی دیکەش، وەکو بەرزێتی-بەرزکراو هەلوڕێکەوتن ئەوا لێپرسینەوە بوون-بۆ-خۆ هەموو جیهان، کە جیهانی مرۆڤە، دەگرێتەوە.

لەبەر ئەمە، بوون-بۆ-خۆ دوودڵە؛ ئەو بناخەی بوونی خۆی و بوونی کەســـانی دیکە و بوون-لەنێو-خۆ نییە. زۆریلێدەکرێت بڕیار لەسەر واتای بوون لە چواردەوری خـــۆی و دەرەوەدا بدات. ئەو بوونەی دوودڵە و فڕێدراوەتە نێو لێپرســـینەوە هیچ پەشیمانی و بیانویەکی نییە؛ ئەو بێجگە لە سەربەستی هیچی دی نییە، کە بوونی خۆی بەرجەستەدەکات و بوونیشـــی لەنێو بەرجەستەبوونەکەدا جێنشین دەبێت. بەڵام، وەکو لەسەرەتاوە باسمانکرد، زۆرجار لە دەست دوودڵی ڕادەکەین و توشی بڕوای خراپ دەبین.

بەشی دووەم

کردن و هەیەتی

١. سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی

ئەگەر ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەو جۆرەی هەوڵماندا بیسەلمێنین بە کۆتاییەکانی ناسنامە و پێناسە بۆ خۆی دروستبکات ئەوا لێکۆڵینەوەو پۆڵینکردنی ئەم کۆتاییانە دەبێت بە کارێکی پێویست. لە بەشی پێشودا لە ڕوانگەی پرۆژەی سەربەستییەوە لە بوون-بۆ-خۆ دواین، کە دەبێت بەهاندەر بۆ ڕووکردن لە کۆتایی. ئێستا پێویستە پرسیار سەبارەت کۆتاییەکە بکەین چونکە بەشێک لە خۆیەتی ڕەها پێکدەهێنێت و بەرزێتی و سنورێکی دەرەکیشە. لەبەر ئەمەیە سایکۆلۆجی ئەزمونگەری دەگەیەنێتە ئەو خاڵەی مرۆڤ بە ئارەزووەکانی پێناسبکات. بەهەرحاڵ، پێویستە لێرەدا خۆمان لە دوو جۆر هەڵەکردن بپارێزین.

هەڵەی یەکەم، کاتێک بیریارێکی سایکۆلۆجی ئەزمونگەری پێناسی مرۆڤ بەگوێرەی ئارەزووەکان دەکات خۆی توشی وەهمی جەوهەریش دەکات. ئەو ئارەزووەکان دەخاتە نێو ئاگامەندی مرۆڤەوە و لەو باوەڕەدایە، کە واتای ئارەزوو لە خودی ئارەزوودایە. لە بیرۆکەی بەرزێتی دووردەکەوێتەوە. ئەگەر من ئارەزووی خانوویەک، لێوانێک ئاو یان لەشی ئافرەتێک بکەم چۆن خانو، لێوانە ئاوەکە یان لەشی ئافرەتەکە لەنێو ئارەزووی مندان؟ چۆن ئارەزووشم دەبێت بە ئاگایی لەم بابەتانە؟ پێویستە ئاگاداربین و ئەم ئارەزووانە بە شتێکی دەروونی لەنێو ئاگامەندیدا دانەنێین؛ ئەوان بە پرۆژە بنەڕەتی و بونیادە بەرزەکەوە خودی ئاگامەندین چونکە لەبناخەدا ئاگامەندی ئاگاییە لە شتەکان.

هەڵەی دووەم، کە پەیوەندی بە هەڵەی یەکەمەوە هەیە، لەوخاڵەدایە توێژەرە دەروونناسەکە لەگەڵ گەیشتن بە دۆزینەوەی ئارەزووە ئەزمونگەرییەکان واز لە توێژینەوەکە بهێنێت. لێرەدا، مرۆڤ لەسەر کڵافەیەک هاندەر و ئارەزووەکانی پێناسدەکرێت، کە توێژینەوە ئەزمونگەرییەکە دایمەزراندون.

هەڵبەتە بیریارە سایکۆلۆجییەکە هەموو جارێک خۆی بەو کڵافەیەوە نابەستێتەوە؛ هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی نێوانیان و هاوئاهەنگیان بناسێت؛ هەوڵدەدات بزانێت چۆن ئارەزووەکان کار لەسەر یەکدی دەکەن. ڕەخنەگرێک، بۆنموونە، دەیەوێت "سایکۆلۆجی" فلوبێرت باسبکات و دەنوسێت، کە "دەردەکەوێت

ئەو لە سـەرەتای لاوێتییدا گەشـەکردنێکی بەردەوامی هەبـووە، کە لە ئاکامی هەسـتکردنێکی دوولایەنییەوە سەریهەڵداوە. لەلایەکەوە تەماعی گەورە و لەلاکەی دیکەوە دەسـتەڵات نەبەزەکەی .... هەڵقوڵانـی خوێنی لاوێتی زوو لە ئەودا و لە تەمەنی هەژدەسـاڵیدا بوو بە حەز و ئارەزووی بۆ ئەدەب. لە وزە و شـێواز یان داسـتانەکاندا جـۆرە ڕزگاربوونێکی لە کردەوە توندوتیژەکان یان ئەو سـۆزانەی ئەشکەنجەیان دەدا دۆزییەوە."[٦٨] لەم بەندەدا کەسایەتییەکی ئاڵۆزی هەرزەکارێک بۆ چەند ئارەزوویەکی سـەرەتایی، وەکو (جۆو) زانایەکی کیمیا لە شتێکی ئاڵۆز چەند توخمێکی سـادە دادەنێت، گەڕاوەتەوە. شتە دراوەکان لەسەرەتاوە تەماعی گەورەن، پێویسـتیان بـە کردەوە توندوتیژەکان و هەسـتکردنە قوڵەکەی هەیە؛ کاتێک ئەم توخمانە یەکدەگرن گەشەکردنێکی هەمیشەیی دروستدەکەن. بەوجۆرەی بۆرگێت ئاماژەی بۆ دەکات، لەچەند دێڕێکیدا، کە دامانناون، گەشەکردنەکە لەسەر هەڵبژاردنێکی شارەزایانەی خوێندنەوە و دەربڕین لە ڕۆماندا بەرجەستەبوو. لێرەدا سەرچاوەی دەرونێکی ئەدەبخواز دەبینین.

ئەم شـیکردنەوە سایکۆلۆجییە لەو پاشخانەوە دەسـتپێدەکات. کە فاکتۆری تاکەکەس لە دوو ڕیانەی یاسـا هەمەکی و ڕووتکراوەکانـەوە دەکەوێتەگەر. ئەو فاکتۆرەی دەبێت باسبکرێت، کە لێرەدا ویستی ئەدەبی (فلوبێرت)ە، لەنێو ئارەزووە ڕووتکراوەکانـدا تواوەتەوە، کە لە ژیانی سـادەی هەموو لاوێکـدا دەدۆزرێنەوە. تەنیا پێکەوە بەسـتنی ئـارەزووەکان لەم هەوڵدانـەدا کۆنکرێتییە؛ لەنێو خۆیاندا نموونـەی ئەگەرەکانن. کەوابوو، لەم گریمانەیەدا ئەوەی ڕووتکراوەیە پێش شـتە کۆنکرێتییەکان دەکەوێت. شتە کۆنکرێتەکەش لە ڕووتکراوەکان پێکهاتوە؛ تاکەکەس دوو ڕیانی نەخشـەیەکی هەمەکییە. بێجگە لـە بێهودەیبە لۆجیکمەندانەکەی ئەم ئاکامـە، لەنموونـە هەڵبژاردووەکەماندا، لە پرۆژەی تاکە کەسـایەتی تێناگەین. لەڕاستیدا هەستکردنێکی قوڵ، وەکو نموونەیەکی هەمەکی شاردراوەتەوە و بووە بە کەناڵێک بۆ سـەرهەڵدانی پێویستی نوسین. ئەمەش ئەو داواکارییە نییە فلوبێرت دەیخوازی؛ بەپێچەوانەوە، ئەمە ئەوەیە، کە پێویستە باسبکرێت. بێگومان، کەسێک دەتوانێت هەزار بارودۆخی دیکە دیارییبکات، گرنگ نییە ئێمە بیانناسـین یان نا، کە پێویستییەکەیان بۆ ئەو کردەوەیە هێناوەتەکایەوە.

بەڵام ئەمە لە سـەرەتاوە وازهێنانـە لە گەڕان بەدوای شـتە نەزانراوەکاندا. هەروەها ئەم میتۆدە تاکەکەسـی ڕووت، کە خۆیەتی فلوبێرت وازیلێهێناوە و بووە بە بارودۆخە دەرەکییەکانی ژیانـی، ڕەتدەداتەوە. دواجاریش، نامەکانی فلوبێرت دەیسەلمێنن، ئەو پێش قەیرانەکانی تەمەنی هەرزەکاری و لە منداڵییەوە ئارەزووی بۆ نوسین ئەشکەنجەیداوە.

لە هەموو قۆناخێکی باسـکردنەکەی سـەرەوەدا توشی بۆشایی دەبین. بۆچی تەماع و هەستکردن بە دەستەڵات لای فلوبێرت لە جێگەی چاوەڕوانیکردنێکی ئارام

---

٦٨ ئەمە بەندەێکە لە توێژینەوەی پۆڵ بۆرگێت لەسەر سایکۆلۆجی فلۆبێرت.

یان ئۆقرەنەگرتنێکی ڕەشـــبینانە گەشەکردن دروستدەکات؟ بۆچی گەشەکردنەکە بە زۆر خۆی دەسەلمێنێت؟ یان بۆچی گەشەکردنەکە لە کۆتایی بەندەکەدا کتوپڕ دەردەکەوێت؟ بۆچی گەشەکردنەکە لە جێگەی پەنابردن بۆ توندوتیژی یان داوێن پیســـی هێمایانە ڕێگایەکی دیکە هەڵدەبژێرێت؟ بۆچی فلوبێرت بوو بە نوســـەر و نەبوو بە هونەرمەندی شـــێوەکاری یان مۆسیقازان؟ ئەو دەیتوانی هیچ ڕێگەیەکی هونەری هەڵنەبژێرێت (بۆنموونە ڕێگەی سۆفیگەریش هەیە). فلوبێرت لە شوێنێکدا دەنوسێت، "دەمتوانی ببم بە ئەکتەرێکی گەورە". بۆچی نەیتوانی ئەم کارەبکات؟ بەکورتییەکەی، ئێمە لە هیچ تێنەگەیشتوین؛ تەنیا زنجیرەیەک ڕووداو یان کلافەیەک ئارەزوومان بینیوە بە چەک و تفاقەوە بەرجەستەدەبن و بێ ئەوەی بزانین لە کوێوە سەریان هەڵداوە.

گۆرانکارییەکان، پێکهاتنەکان و شێوەگۆڕکێ لە ئێمە شاردراونەتەوە.

بەشێوەیەکی ئەزمونی ســـتەمێکی سنوردار بۆ ڕووداوەکان دیاریدەکەین، کە لەڕاســـتیدا شـــوێنکەوتنی ڕووداوەکان لەنێو خۆیاندا (وەکو پێویستی کارکردن لە تەمەنی لاوێتیدا پێش پێویستی نوسین دەکەوێت) نەزانراوە.

هێشـــتا بەمە دەوترێت سایکۆلۆجی! هەرچ ژیاننامەیەک دەکەیتەوە ئەم باسەی تێدادەدۆزیتەوە، کە ڕووداوە دەرەکییەکان و شـــتە ئەندێشـــاوییەکان بە بتەکانی ســـەردەکەمان دادەنێت و دەیانبەســـتێت بەمیرات، فێربـــوون، ژینگە و پێکهاتە فزیۆلۆجیەکانەوە. هەندێکجار، لە نوسراوێکی چاکدا پەیوەندییەکە لەنێوان ڕووداوە لەپێشتر و پاشترەکاندا یان لەنێوان دوو ئارەزووی هاوکاتیدا دامەزراوە. کاریگەرێتییان لەسەر یەکدی بەزنجیرەی سەرهەڵدانەکەیانەوە نەبەستراوەتەوە؛ هەندێکجار دەتوانین بەوجۆرەی یاسپەرز لەنێو نوسراوەکەیدا لەسەر سایکۆپاتەلۆجی تێدەگات ئێمەش تێیبگەین. بەڵام تێگەیشتنەکە ناسینەوەی پەیوەندییە گشتییەکانە. بۆنموونە ئێمە پەیوەندی نێوان پاکژی و سۆفیگەرایەتی یان بورانەوە و دووڕوویی دەزانین. بەڵام پەیوەندی کۆنکریتی نێوان ئەو پاکژییە (دوورکەوتنە لەو ئافرەتە یان دژوەســـتان بەرانبەر جۆرە فریودانێک)و ناوەڕۆکی تاکە کەســـێک لە ژیانی ســـۆفیگەرایەتیدا نازانین؛ بەهەمانشـــێوە، پزیشکی دەروون لەگەڵ ڕۆشـــنایی خستنەسەر بونیادی گشتی وەهمەکان زوو ڕازی دەبێت و هەوڵنادات لە تاکەکەس، ناوەڕۆکی نەخۆشییە دەروونییەکان (بـــۆ ئەو مرۆڤە هەســـتدەکات ئەو کەســـایەتییە مێژووییەیە نەک کەسایەتییەکی دیکە) تێبگات.

لـــە هەمووی گرنگتر، ئەم توێژینەوە "ســـایکۆلۆجییانە"ئێمە بۆ بنەڕەتە دراوە ڕوونەکراوەکان دەبات. ئەوانەش توخمی سادەی سایکۆلۆجین. گوایە، بۆنموونە، فلوبێرت "تەماعی گەورە"ی هەبووە و هەموو باسەکەی دوایی دەکەوێتە سەر بنەڕەتی ئەم تەماعە. ئەمە بەڕادەیەک دروســـتە. تەماعەکە فاکتۆرێکی کەمنەکراوەیە، کە بیرکردنەوە ڕازیناکات. کەمنەکردنەوە، لێرەدا، بێجگە لە درێژەدان بە توێژینەوەکە هۆیەکی دیکەی نییە. زانا سایکۆلۆجییەکە لەو شوێنانەدا، کە دەوەستا فاکتۆرەکەی

بەردەمیشـــی دەبوو بە شتێکی ســـەرەکی دراو. لەبەر ئەمەش کاتێک توێژینەوە سایکۆلۆجییەکان دەخوێنینەوە دڵگران دەبین و ڕازیماننا‌کەن. تەماشاکە، ئێمە بە خۆمان دەڵێین، "فلوبێرت تەماعکار بوو، ئەو جۆرە مرۆڤەبوو." پرسیارکردنەکەمان پوچـــەڵ دەردەچێت، ئەگەر بڵێین بۆچی بەوجۆرە بوو؟ ئەمەش، وەکو ئەوە وایە بپرســـین بۆچی مرۆڤێکی باڵابەرزی قژ زەرد بوو؟ هەڵبەتە دەبێت لە شـــوێنێکدا توێژینەوەکەمان بوەستێنین؛ ئەمەش هەڵکەوتی هەموو هەبوویەکی ڕاستەقینەیە. ئەو بەردە قەوزەی گرتوە و بەردەکەی تەنیشتی پاکە. گوستاف فلوبێرت تەماعی ئەدەبی هەبوو، بەڵام ئەشلی برای نەیبوو. بەهەمانشێوەش دەمانەوێت خەسڵەتەکانی فســـفۆر بدۆزینەوە و بۆ بونیادە کیمیاوییەکـــە گەردیلەکانی بگەڕینینەوە. بۆچی ئەوجۆرە گەردیلانانە هەن؟ چونکە بەوجۆرە هەن. ئەمە هەموو وەڵامێکە. باسکردنی ســـایکۆلۆجی فلوبێرت، ئەگەر بگونجێت، لە ئاماژەکردن بۆ ئاڵۆزی ڕەفتارەکانی، هەستەکانی، حاڵەتە گەڕاوەکانی بۆ خەسڵەتەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەوانەی تەنێکـــی کیمیاوی هەیەتی، کە لەو دیویانـــەوە فلوبێرت ناتوانێت تەماعی هەبێت، پێکهاتوە. هێشتا بە شاراوەیش هەستدەکەین فلوبێرت تەماعەکەی دەستنەکەوتوە. ئەو شتێکی واتا بەخشە؛ کەوابوو سەربەستە. میرات، کەلتوری بورژوازی و فیربوونی، وەکو دەمارگیری مەزاجی ناخرێنە سەری. دەمار واتابەخش نییە؛ مادەیەکی لینجە، کە دەکرێت باســـبکرێت و خەســـڵەتی بەرزێتی نییە؛ خـــۆی تێپەڕناکات تاکو لە واتـــای بوونی خۆی تێبـــگات. لەژێر هیچ بارودۆخێکدا دەمـــار زەمین بۆ واتاکەی خـــۆی دانامەزرێنێت. لە ڕوویەکەوە، تەماعـــی فلوبێرت، وەکو هەموو هەڵکەوتنی فاکتۆرەکان، فاکتۆرە. دروستیشە، کە ناتوانین بەودیوی بگەین، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە خۆی دروستدەکات. ئێمەش دەمانەوێت شتێکی دیکە لەودیوی بدۆزینەوە. شـــتێک، وەکو بڕیاردانێکی ڕادیکاڵ، بەبێ ئەوەی واز لە خەســـڵەتی هەڵکەوتنی بهێنین ببێت بە شتێکی بێ درۆی کەمنەکراوی دەروونی.

ئەوەی دەمانەوێت دەستمان بکەوێت و کەس نەیداوینەتێ شتێکی کەمنەکراوەی بێ درۆیە؛ ئەو شـــتە کەمنەکراوەیەیە، کە کەمنەکردنەوە تیایدا بەڵگە نەویســـتە و ئاکامێـــک نییە دەروونناس دایمەزراندبێت. ئەم داواکارییەش لە ئاکامی گەڕانی بەردەوام بە شـــوێن هۆدا پەیدا نابێت، کە بـــە گەڕانەوەیەکی بەرەودوای نەبڕاوە دادەنرێت و هەندێکجار، وەکو توێژینەوەی هۆشەکی دەبینرێت. هەروەها ئەو پرسیارە ســـاوایەش نییە لەبارەی "چونکە"وە دەکرێت و لەوە زۆرتریش ناڵێین "بۆچی؟" بەپێچەوانـــەوە، داواکارییەکەمان لەســـەر تێگەیشـــتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ ڕادەوەستێت. بە ڕەتدانەوەی ئەو بۆچوونەوە بەستراوە گوایە دەکرێت بوونی مرۆڤ شـــیبکرێتەوە و بە شـــتە دراوەکان دابنرێت. بکرێت بەو ئارەزووە دیاریکراوانەی خۆ پشـــتیوانیان دەکات و وەکو خەســـڵەتەکانی نێو بابەتێـــک تەماشـــادەکرێن؛ ئەگەر بەم جۆرەش لە ڕاســـتەقینەی مرۆڤ تێبگەین هێشتا پێویستە خاوەنی هەڵبژاردن بێت: ئەگەر فلوبێرت ئەو مرۆڤە بێت خۆشمان دەوێت یان ڕقمان لێیە، زەم یان ستایشی بکەین، کە نوێنەرایەتی کەسانی دیکە

دەکات و ڕاســـتەوخۆ بەو ڕاســـتییەی، کە هەیە لە بوونمان دەدات، لە بنەڕەتدا ئـــەو جەوهەرەیە، کە ئەم ئارەزووانەی تێدا نییە؛ قوڕێکی بێ شـــێوەیە و دەبێت خەسڵەتەکان وەرگرێت یان بۆ کلافەیەک لەم هاندەرانەی دەگەڕێنینەوە.

لەهەردوو حاڵەتەکەدا بوونی مرۆڤ وندەبێت؛ ئێمە کەسێک نادۆزینەوە، کە ئەم یان ئەو ئەزمونەی بەسەرداهات؛ لە تەماشاکردنمان بۆ کەسێک توشی جەوهەرێکی مێتافیزیکی ناکۆک و بێســـود دەبین یان ئەو بوونەی دەمانەوێت بیناســـین لەنێو تـــۆزی دیاردەکاندا وندەبێت و پەیوەندییەکانی دەرەکی دادەمەزرێن. بەڵام ئێمە لە هەوڵدانمان بۆ تێگەیشـــتن لە بوونی کەسێکی دی نامانەوێت بە بیرۆکەی جەوهەر بگەین، کە نامرۆڤانەیە. دواجاریش، لەڕاســـتیدا ئەو بوونەی دەمانەوێت بیناســـین لەنێو تۆزەکەدا وننابێت و یەکێتییەکەش لەنێویدا دەدۆزینەوە.

جەوهەر هەبوویەکی کارتۆنی هەیە و ئەوەی بوونەکە هەیەتی، خۆشەویست یان قێزلێکراو، ستایشـــکراو یان لۆمەکراو بەکورتی کەسایەتییەکەیە. ئەو یەکێتییەی لە بوونی مرۆڤدا دەمانەوێت بیدۆزینەوە یەکێتییەکی سەربەســـتە و دوای ئەو فرە لایەنییـــەش پەیدا نابێت، کە دەبێ یەکبگرن. بوون بۆ فلوبێرت و هەموو ئەوانەی ژیاننامەیان دەنوســـنەوە یەکگرتنـــە لەنێو جیهاندا. یەکگرتنـــە کەمنەکراوەکەی دەمانەوێت بیدۆزینەوە، کە خودی فلوبێرتە، دەمانەوێت نوســـەری ژیاننامەکانیش باســـبکەین، یەکگرتنی پڕۆژە بنەڕەتییەکەیە. ئەو یەکگرتنەیە، کە لەنێو بوونێکی ڕەهـــای نا-جەوهەرییـــدا خۆی بۆ ئێمـــە دەردەخات. کەوابوو، دەبێت ئەو شـــتە کەمنەکراوانە بدۆزینەوە و بیانکەین بە پێوەر و ســـەرەتای گەشـــتەکەمان نەک لە ئاستیدا ڕاوەستین و بە بەڵگەنەویست بیانخوێنینەوە و کۆتایی بە توێژینەوەکەمان بهێنین.

بەتایبەتی، نابێت کەســـەکە لەســـەر ئارەزووەکانی پێکبهێنین. (سپینۆزا)ش ئاگادارمان دەکات، کە جەوهەر کۆی شێوازەکانی نییە. هەریەکێک لە ئارەزووەکان شـــتێکی کەمنەکراوەیـــە، هەڵکەوتێکی بێهودەیـــە و بێهـــودەش مامەڵە لەگەڵ هەمووگیری ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتیدا دەکات. ئەگـــەر بڵێم یەکێک لە هاوڕێکانم حەزی لەسەوڵلێدانە، ئەوا من توێژینەوەکەم لەوێدا دەوەستێنم. لەلایەکی دیکەوە، فاکتۆرێکی هەڵکەوتوو دادەمەزرێنم، کە هیچ شـــتێک باســـیناکات و هەرچەندە لە ئاکامی بڕیاردانێکی سەربەستەوە پەیدابووە، سەربەخۆ نییە. من ناتوانم ئارەزووی ســـەوڵلێدان بە پرۆژەیەکی بنەڕەتی (پیرۆ) دابنێم؛ لـــە پلەی دووەمدا دادەنرێت و لە شـــتێکی دیکەوە وەرگیراوە. ئەوانەی وێنەی کەســـایەتییەکمان بۆ دەکێشن لەگـــەڵ دانانی هێڵەکانیاندا دەریدەخەن، کە هەریەکێک لەو هێڵانە یان ئارەزووانە پەیوەندییەکـــی دەرەکی و هەڵکەوتووی بەوانی دیکەوە هەیە. ئەوانەی دەیانەوێت ڕاڤەی ئەم پەیوەندییە بکەن شوێن بۆچوونەکەی کۆمت دەکەون، کە بە "ماتریالیزم" ناوزەدیکرد؛ ئەویش ڕاڤەکردنی شـــتە بەرزەکانە لە شتە بچوکەکانەوەیە. هەندێک، بۆنموونە، دەڵێن، ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵینەوە کەســـێکی وەرزش کارە، حەزی لە ڕاهێنان و مەشـــقێکی زۆرە، هەروەها حەزی لە وەرزشی نێو مەیدانی کراوەیە. بە

دووركەوتنەوە لە باســە گشــتییەكان و نزیكبوونەوە لە شتە وردە دیاریكراوەكان دەیەوێت ئارەزووەكە دەستنیشــان بــكات، كە بەرانبەر شــتەكانی دیكە، وەكو پەیوەندی نێوان جۆری بچوك و گەورەی ئاژەڵناسی، ڕادەوەستێت. ئەو توێژینەوە سایكۆلۆجییەی نایەوێت لە پڕا ڕاوەستێت، هەندێكجار پەیوەندی نێوان ئەو شتانەی پێكەوە یان دوای یەكدی سەرهەڵدەدەن باسدەكەن و پۆلێنیان دەكات. باسكردنی پیرۆ، وەكو كەســێك حەزی لە ســەوڵێدانە دەكەین بە یەكێك لە ئەندامانی ئەو وەرزشــكارانەی حەزیان لە وەرزشی نێو مەیدان نییە و خێزانەكەشی بەگشتی بە وەرزشەوە دەبەستینەوە. ئەگەر وەرزش بە ئارەزوو بۆ ڕێكەوت پێناس بكەین شتی گشــتی زۆرتر دەدۆزینەوە و بەسەر ئەودا دەیانســەپێنین. ئەم جۆرە باسەش لە دانانــی جۆری ڕووەكەكان لە خانەی جیاوازدا دەكات، كە زانا كۆنەكان پەیڕەویان دەكرد؛ لەشــتە گشــتییە ڕووتكراوەكانەوە بۆ شــتە دیاریكراوە كۆنكرێتییەكان دەڕوات. لەپێشــدا ئارەزووی وەرزشكردن بەگشتی هەبوو، دوایی ئەو ئارەزووە بوو بە ئارەزووكردن لە ســەوڵێدان، ئەویش دەبێت بە ئارەزووكردنی سەوڵێدان لەنێو جۆگەیەك ئاوی دیاریكراودا و لە بارودۆخ و وەرزێكی دیاریكراودا.

چــۆن بزانین ئارەزووكردن بۆ ســەوڵێدان ئارەزووی ســەوڵێدانە؟ ئایا ئێمە ناڵێین دەكرێت كەمیبكەینەوە بۆ ئەوەی هەیە؟ زانایانی ڕەوشــت ڕوونیانكردۆتەوە چۆن ئارەزوو بە مەبەســتەكانی ئەودیو خۆی دەگات. پاسكاڵ لەو باوەڕەدابوو لە كارەكانــدا، بۆنموونە ڕاوكردن یان یاری تێنس پێویســتییەك بە لادان هەیە. بە دیدی ئەو، لە هەموو چالاكییەكدا واتایەكی بەرز هەیە، كە ئاماژە بۆ ڕاستەقینەی مرۆڤ و بارودۆخی دەكات. بەهەمانشــێوە، ستێندال، لەگەڵ پەیوەندییەكەشی بە وانەی خاوەنی ئایدۆلۆجین و پرۆســت ڕوونیدەكەنەوە، كە خۆشەویســتی و غیرە بۆ ئارەزووكردنی خاوەنێتــی تاكە ئافرەتێك كەمناكرێنەوە. بەڵكو ئەو ئارەزووانە دەیانەوێــت هەموو جیهان لە ڕێگەی بوونــی ئافرەتێكەوە داگیربكەن. ئەمە واتای "بەشوشەكردن"ە لای ستێندال و لەبەر ئەم هۆیەشە خۆشەویستی بۆ ئەو شێوازێكی بوونە لەنێو جیهاندا. خۆشەویســتی پەیوەندییەكی بنەڕەتی بوون-بۆ-خۆیە لەگەڵ جیهان و بوونی خۆیدا لە ڕێگەی تاكە ئافرەتێكەوە؛ ئافرەت نوێنەرایەتی لەشــێك دەكات لەنێو سوڕانەوەكەدا دانراوە. دەشێ تەواوی ئەم شیكردنەوانە یان هەندێك لایەنی دروســت بن؛ لەگەڵ ئەمەشــدا ئێمە لە ئاســتی میتۆدەكەدا توشی گومان دەكەن. بەهەمانشــێوە، ڕۆماننوسە كاسۆلیكەكان ڕاستەوخۆ لە خۆشەویستییەكی پاكدا دەبینن، كە مرۆڤ ڕوو لە خوا دەكات. دۆن ژوان "بۆ هەمیشــە نەیدەتوانی تێــر بێت" و لە تاوانەكانیدا "خوا لە هیچ شــوێنێك نەبوو." لێرەدا پرســیارەكە سەبارەت دۆزینەوەی شــتێكی گشتی و ڕووتكراوە لەودیو شتە كۆنكرێتییەكانەوە نییــە؛ هانــدەری ڕوو لە خوا كــردن، وەكو ڕووكردن لە ئافرەتێــك كۆنكرێتییە. هاندەر تاكەكەسی و تایبەتە. بەوجۆرەی (بۆرگێت) شیدەكاتەوە، بۆنموونە، باسی پێكهێنانی تاكەكەس لە ڕێگەی كۆكردنەوەی پێوەرە گشــتییەكانەوە، هاندەرەكە پێویستی نوسین و نوسینی پەرتووكێكی تایبەتمان بۆ دەرناخات، بەڵكو پێویستی

چالاکییەکە بەگشتی دەدۆزێتەوە. ڕەتدانەوەی بیردۆزەی قوڕە شێلراوەکە و کلافەی هاندەرەکان دەبێتە هۆی دۆزینەوەی تاکەکەس لە پرۆژە سەرەتاییەکەیدا، کە بوونی ئەو پێکدەهێنێت. ئەمەش کەمنەکردنەوەی ئاکامەکە دەکات بە بەڵگەنەویست نەک لەبەر ئەوەی هەژارترین و ڕووتکراوەترینە بەڵکو دەوڵەمەنتر نییە. دەرک کردنەکە هەمووی تاکە کەسەکەی لەگەڵدا دەبێت.

گرفتەکە لەم خاڵانـــەدا دەردەکەوێت: ئەگەر لـــەو باوەڕەدابین، کە تاکەکەس بوونێکی هەمووگری هەیە، ئەوا ناتوانین هیچ بخەینە سەربوونی یان بوونی بە دانانی حەزە جیاوازەکانی دابنێین، کە ئێمە لە ئەزمونەکانمدا دۆزیماننەوە. بەپێچەوانەوە، لە هەر یەکێک لەو حەز و ئارەزوانەدا کەســـەکە تەواوی بوونی خۆی دەردەبڕێت. هەڵبەتە لە گۆشـــەیەکی جیاوازەوە یان بەوجۆرەیە جەوهەرەکەی ســـپینۆزا خۆی لەنێو خەســـڵەتەکانیدا دەردەخات. ئەگەر ئەمە دروســـتبێت، لەنێو هەریەکێک لە ئـــارەزووەکان یان هەڵوێســـتێکدا واتایەکی بەرز دەدۆزینەوە. غیرەی کەســـێک لە ڕۆژێکی دیاریکراودا و بەرانبەر ئافرەتێک ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕاڤەکردنی هەموو پەیوەندییەکانی[ئەو کەسە]لەگەڵ جیهاندا. ئەو هەڵوێستە ئەزمونگەرییە دەربڕینە بـــۆ "هەڵبژاردنی ڕەفتارێکی ئاگامەندانە." ئەمەش هیچ لایەنێکی شـــاراوەی نییە. ئەگەر ئەزمونەکە ئاماژە بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتارێکی ئاگامەندانە بکات ئەوا ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە[ڕەفتارەکە]خودی هەڵبژاردنەکەیە. بێگومان، خەسڵەتی ڕەفتارێکی ئاگامەندانە، کە لەدواییدا باســـیدەکەین، واتایەکی بەرزە بۆ هەموو هەڵبژاردنێکی ئەزمونـــی و کۆنکرێتـــی. بە هیچ جۆرێک لایەنی نا-ئـــاگا کاری تێناکات؛ تەنانەت شتیکی ئۆنتۆلۆجی پێویستداریش پێش هەڵبژاردنە ئەزمونییەکە ناکەوێت. ئەگەر من سەوڵڵێبدەم بێجگە لە بوونم، وەکو کەسێک سەوڵڵێدەدات لێرە و لە شوێنێکی دیکە هیچ نیم. ئەم پرۆژەیە، کە هەموو بوونم دەردەخات هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکەم لەنێو بارو دۆخێکی تایبەتیدا دەردەبڕێت؛ بێجگە لە هەڵبژاردنی هەموو بوونم هیچی دیکە نییە. لەبەر ئەمەشـــە دەبێت میتۆدێک هەبێت واتا بنەڕەتییەکەی پرۆژەکە، کە نهێنی تاکە کەســـەکەیە لەنێو جیهاندا جیاکاتەوە. بـــە بەراودکردنی ئارەزووە جۆراوجۆرەکانی تاکە کەســـێکیش پرۆژە بنەڕەتییەکە دەدۆزینەوە، کە دەبێت بە زەمینەیەکی هاوبەشیان نەک بە کۆکردنەوەی هەموویان؛ هەریەکێک لە ئارەزووەکان نوێنەرایەتی هەمووی بوونی کەسەکە دەکات.

بەوشێوەیەی بوونی مرۆڤەکان نەبڕاوەیە ئەگەری پرۆژەکانیش نەبڕاوەن. ئەگەر یەکێک لە خەســـڵەتەکان بناسین و لەنێو کاتیگۆری گەورەتردا ڕیزیبکەین باشترە لە حاڵەتە ئاســـانەکانەوە توێژینەوەکەمان لەســـەر تاکە کەسەکە دەستپێبکەین. لە توێژینەوەکەماندا شـــوێن ئەم یاســـایە دەکەوین؛ تەنیا لە ئاســـتی بەڵگەیەکی کەمنەکراوەدا بوەســـتە؛ واتە، لەو باوەڕەدامەبە بە پرۆژە سەرەتاییەکە گەیشتویت تاکو کۆتایی پرۆژەکە خۆی، وەکو بوونی ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵیتەوە، دەرنەخات. لەبەرئەم هۆیەشـــە ناتوانیـــن لەبەردەم خانەدانی "پرۆژەی ڕەســـەن" و "پرۆژەی ناڕەسەن"ی هایدیگەردا کۆتای بە توێژینەوەکەمان بهێنین. هەرچەندە ئەم ڕیزکردنە

ڕەهەندێکی ڕەوشتی هەیە و لە چەمکە بەکارهێنراوەکانیشدا دەردەکەوێت، پەیوەندی بە هەڵوێستی (خۆ)وە لەگەڵ مردندا هەیە. ئەگەر مردن بۆ سەرهەڵدانی دوودڵی ببێتە هۆکار، لە ئاکامیشدا ئێمە دەبێت خۆمان لە دەست دوودڵی ڕزگار بکەین یان بە بڕیاردانەوە بازدەینە نێوی. ڕاستییەکی سادەیە ئەگەر بڵێین ئێمە لەپێناوی ژیاندا ئەوکارە دەکەین. لە ئاکامدا، دوودڵی لەبەردەم مردندا و بڕیاردانەکە یان هەڵهاتنەکەمان ڕووەو بوونێکی ناڕەسەن نابێت بە پڕۆژەیەکی بنەڕەتی لە بووننماندا. تەنیا لەسەر بناخەی پڕۆژەی بنەڕەتی ژیان لە واتاکەی تێدەگەین؛ ئەویش هەڵبژاردنی بنەڕەتی بوونی خۆمانە. کەوابوو، دروستە هەموو جارێک ئاکامەکانی ڕاڤەکردنەکەی هایدیگەر تێپەڕبکەین و ڕووەو پڕۆژەیەکی بنەڕەتی بڕۆین. نابێت پڕۆژە بنەڕەتییەکە ئاماژە بۆ شتێکی دیکە بکات و پێویستە وەکو خۆی بناسرێت. نابێت پەیوەندی بە ژیان و مردنەوە یان خەسڵەتێکی دیاریکراوی بارودۆخی مرۆڤەوە هەبێت؛ پڕۆژەی بنەڕەتی بوون-بۆ-خۆ تەنیا ڕوو لە بوونی[بوون-بۆ-خۆ] دەکات. پڕۆژەی بوون یان ئارەزووی بوون لەنێو لایەنە جیاوازە سایکۆلۆجییەکان و هەڵکەوتە ئەزموونییەکاندا نییە؛ لەڕاستیدا لە بوونی بوون-بۆ-خۆ جیاناکرێتەوە. بوون-بۆ-خۆ ئەو جۆرە بوونەیە، کە لە بوونیدا پرسیاکردن، وەکو پڕۆژەی بوونی هەیە. بۆ بوون-بۆ-خۆ بوون ئەوەیە خۆی لە ڕێگەی ئەگەرەکانەوە، کە دەبن بە بەها، بناسێت. پێناسەی ئۆنتۆلۆجییانەی بوون-بۆ-خۆ ئەوەیە، کە ئەم بوونە کەمییە. ئەگەریش کەمییە لەم بوونەدا. بەوجۆرەی ئەم بوونە لە هەمووگیری بێبەشە بەهاش بووە بە دێوە زمەی

لە کەرتی دووەمی ئەم نوسراوەدا باسمانکرد، کەمی سەربەستییە. بوون-بۆ-خۆ خاوەنی هەڵبژاردنە چونکە کەمی لە بوونیدایە؛ سەربەستی و کەمی یەک شتن. سەربەستی شێوازێکی کۆنکرێتی بوونی کەمییە لە بووندا. لەبۆچوونێکی ئۆنتۆلۆجییانەوە، بەها و ئەگەری بوون سنوری ناوەکی کەمین، کە تەنیا وەکو کەمی بوون دەتوانێت هەبێت یان سەرهەڵدانی سەربەستی ئەگەرەکە دیاریدەکات و دەوری بەهاکەشی دەدات.

لێرەوە زۆرتر هەنگاو نانێین، بەڵام شتە کەمنەکراوە بەڵگە نەویستەکەمان بە گەیشتن بە پڕۆژەی بوون بینیوەتەوە؛ لەبەر ئەمە مەحاڵە بوون تێپەڕبکەین. هەروەها جیاوازیش لەنێوان پڕۆژەی بوون، ئەگەر و بەها لەلایەک و بوونیش لەلاکەی دیکەوە نییە. لە بنەڕەتدا مرۆڤ ئارەزووکردنە بۆ بوون. بوونی ئارەزووکردنەکەش لەسەر ئیندەکشنی ئەزمونگەرانە دانامەزرێت؛ ئاکامی باسکردنێکی لەپێشتری بوونی بوون-بۆ-خۆیە چونکە ئارەزوو کەمییە و بوون-بۆ-خۆ ئەو کەمییەی لە بوونیدا هەڵگرتوە. پڕۆژە بنەڕەتییەکەی لە ئەزمونەکاندا دەبینرێت، کەوابوو، پڕۆژەی بوونە؛ یان، هەریەکێک لە ئەزمونەکان لەگەڵ پڕۆژە بنەڕەتییەکەدا هەیە. بۆ فرۆیدیش بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکە و بنەڕەتی (لبیدۆ)وەیە. ئارەزووی بوونیش شتێکی لەپێشتر بۆ بوونی خۆی نییە. هیچ شتیک پێش دەربڕینە هێماییەکە ناکەوێت، کە ئارەزووە

کۆنکرێتییەکان دەدۆزێتەوە. لەســـەرەتاوە، یەکجۆر ئـــارەزووی بوون پەیدا نابێت و دوای ئەو هەزار هەســـتکردن ســـەرهەڵدەن، بەڵکو ئارەزووی بوون هەیە و خۆی لەنێو غیرەکردن، تەماع، خۆشەویستی بۆ هونەر، ترسنۆکی، ئازایەتی و هەزار جۆر دەربڕینی هەڵکەوتوی دیکەدا بەرجەستە دەکات.

ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەڕێگەی تاکە کەسێکەوە بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات. ئێمە بابەتی ئارەزووەکە لەپێشـــدا دەناســـین. بوون-بۆ-خۆ ئـــەو بوونەیە، کە کەمی لە بوونیدایە. ئەو کەمییەی بوون-بۆ-خۆ هەیەتی بوون-لەنێو-خۆیە. بوون-بۆ-خۆ، وەکو لەناوبەری بوون-لەنێو-خۆ ســـەرهەڵدەدات. ئەم لەناوبردنـــە پرۆژەیە بەرەو بوون-لەنێو-خـــۆ. بوون-بۆ-خۆ لەنێوان بوونە-لەنێو-خۆ لەناوبراوەکە و بوونە-لەنێو-خۆی ناوپرۆژەکـــەدا هیچ نییە. کۆتایی و ئامانجی لەناوبردنەکە، کە منم دەبێت بە بوون-لەنێو-خۆ. کەوابوو، ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی ئارەزووە بۆ بوون-لەنێو-خۆ. بەڵام، ئەو بوون-لەنێو-خۆیەی ئارەزوومەندە هەڵکەوتنێکی ڕووت نییە یان لەنێو-خۆیەکی بێهودە نییە. لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ئەو بوونەی لەناویدەبات بەراود دەکرێت.

لەناوبردن، وەکو بینیمان، شۆڕشی بوون-لەنێو-خۆیە بۆ لەناوبردنی بوونی خۆی دژی هەڵکەوتن. کاتێک دەڵێین بوون-بۆ-خۆ بە فاکتۆرەکانییەوە دەژی، وەکو لەو بەشـــەدا باسی لەشمان کرد، ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لەناوبردن بۆ دۆزینەوەی بوونی خـــۆی کارێکی پوچەڵی بوونە. هەروەهـــا دوورکەوتنەوەیە لە دامەزراندنی ئەو بوونـــەی نەبوون دەهێنێتە بوونییەوە. ئەو بوونـــەی بابەتی ئارەزووی بوون-بۆ-خۆ دروســـتدەکات بوون-لەنێو-خۆیـــە، کە دەتوانێت ببێت بە بناخە بۆ بوونی؛ واتە، پەیوەندییەکـــەی لەگەڵ فاکتۆرەکەیدا لە پەیوەنـــدی نێوان بوون-بۆ-خۆ و هاندەرەکانی دەچێت. لەسەرو ئەمەوە، بوون-بۆ-خۆ، کە ڕەتدانەوەی بوون-لەنێو-خۆیـــە، ناتوانێت ئارەزوویەکی ســـادە و ڕووتی بۆ گەڕانەوە بـــەرەو بوون-لەنێو-خـــۆی هەبێت. لێرەدا، ئێمەش لەگەڵ هیگڵـــدا دەڵێین، ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە بۆ خاڵی سەرەتا نامانگەڕێنێتەوە. ئەوەی بوون-بۆ-خۆ لە بوون-لەنیو-خۆ داوادەکات، هەمـــووی نا-هەمووی "بوون-لەنێو-خۆ لەناوبراوەکەیـــە لەنێو بوون-بۆ-خۆدا." بە واتایەکـــی دیکە، بوون-بۆ-خۆ، ئەو بوونەی هەیە، دەکات بە پرۆژە. ئەوەش وەکو ئەو بوونەیە، کە هێشتا نییە و ئەوەش نییە، کە ئێستا هەیە. ئەو، کە ئاگامەندییە، دەیەوێت چارەنوسێکی نەبڕاوەی، وەکو بوون-لەنێو-خۆی هەبێت. وەکو لەناوبەرێکی بوون-لەنێو-خۆ و داگیرکەرێکی هەمیشەیی هەڵکەوتنەکان و فاکتۆرەکان دەیەوێت ببێت بە بناخەی بوونی. لەبەر ئەم هۆیەشە ئەگەر بەگشتی، وەکو کەمی بوون-بۆ-خۆ دەکرێت بە پرۆژە تاکو ئەم بوونە ببێت بە بوون-لەنێو-خۆ. بەهای ســـەرەکی ئەم پرۆژەیە بوون-لەنێو-خۆی-بوون-بۆ-خۆیە؛ واتە، ئاگامەندی دەیەوێت بە ڕێگەی ئاگامەندییە ڕەوانەکەی، ببێت بە بناخەی بوون-لەنێو-خۆی بوونی.

ئەم وێنەیە بە بوونی خوا ناوزەددەکەین. کەوابوو، چاکترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە پڕۆژە بنەڕەتییەکەی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی لەویدایە بڵێین مرۆڤ دەیەوێت ببێت بە خوا. گرنگ نییە ئایینەکان لەسەر چ جۆرە ئەفسانەیەک دامەزرابن، خوا، لەپێش هەمووشــتێکدا، "بۆ دڵ پڕواتایە" چونکە بە کۆتایی پڕۆژە بنەڕەتییەکەی بوون دادەنرێت.

ئەگەر مرۆڤ تێگەیشتنی پێش ئۆنتۆلۆجییانەی بۆ بوونی خوا هەبێت، جێگەی سەرســوڕمان نییە و دەســتەڵاتێکی کۆمەڵایەتیش بە خۆی نادات. خوا، بەها و دواکۆتایی بەرزێتی نوێنەرایەتی سنورێکی هەمیشەیی دەکات، کە مرۆڤ دەیناسێت. بوون بە مرۆڤ گەیشتن بە بوون بە خوایە یان مرۆڤ لەبنەڕەتەوە ئارەزووی بوون بەخوایی دەکات. دەشێ ئەو پرسیارەش بکرێت، ئەگەر بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا بوون بێت بەرەو خوایەتی یان ســنوری خۆی، ئەگەر ئەو بوون بەخوا هەڵبژێریت، چی بەسەر سەربەستی دێت؟ چونکە سەربەستی بێجگە لە هەڵبژاردنی ئەگەرەکان چی دیکە نییە. بەڵام لێرەدا، دەردەکەوێت پڕۆژەی ســەرەتایی بوون بە خوا، کە پێناســەی بوونی مرۆڤ دەکات، لە بوونی "سروشــت" یان "جەوهەر" بۆ مرۆڤ نزیک دەبێتەوە. وەڵامی پرســیارەکەش ئەوەیە، کە لە کاتێکدا واتای ئارەزووەکە لــە پڕۆژەی بوون بە خوادایە، دەبێت بزانین، کە ئەم واتایە ئارەزوو پێکناهێنێت؛ بەپێچەوانەوە، نوێنەرایەتی یەکێک لــە کۆتاییە دوورەکانی دەکات. کۆتاییەکان هەڵوێســتێکی دیاریکراوی ئەزمونەکانن. شوێنکەوتنمان بە دوای ئەم کۆتاییانەدا دەوروبەری هەڵوێســتەکە دیاریدەکات. ئارەزووی بوون هەمیشە ئارەزووکردنە بۆ شــێوازێکی بوون. ئارەزووکردنی شێوازێکی بوونیش خۆی لەنێو واتای ژمارەیەکی زۆری ئارەزووە کۆنکرێتییــەکان دەردەبڕێت، کە ژیانی ئاگامەندیمان پێکدەهێنن. لێرەدا، خۆمان لە ئاستی بونیادێکی هێمایی ئالۆزدا دەبینین. ئەم بونیادەش سێ نهۆمــی هەیە. لە ئارەزووی ئەزمونیدا هێماکانی ســەر بە ئارەزوویەکی بنەڕەتی و کۆنکرێتی ئاشــکرادەکەم، کە بوونی تاکە کەســەکەیە و نوێنەرایەتی ئەو شێوازە دەکات، کــە لەنێویدا بڕیاریداوە ئەو بوونە بێت پرســیاری لەبارەوە دەکات. ئەم ئارەزووە بنەڕەتییە دەربڕینێکی کۆنکریتانەیە لەنێو جیهاندا و لەنێو هەڵوێستێکی دیاریکراودا، تاکە کەسەکە و واتای بونیادە ڕووتکراوەکە، کە ئارەزووی بوونە بەگشتی، دەپێچێتەوە؛ دەبێت بە ڕاستەقینەیەکی مرۆڤانە و لە بوونی تاکەکەسەکەدا دابنرێت. پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەسانی دیکەشدا ئاشکرادەکات. ئەمەش ڕێگەدەدات ڕاستی لەبارەی بوونی مرۆڤەوە نەک تەنیا تاکە کەســێک بناسین. کۆنکرێتییەکەی ڕەها، تەواوکردن و هەمووگیری بوون ســەر بە ئارەزووی بنەڕەتی و سەربەســتییە، کە بوونی تایبەتمەندی کەسەکەیە. ئارەزووی ئەزمونی هێمایی ئەمەیە؛ ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و واتاکەشی لەمەوە دەردەچێت. ئارەزووی بوونیش لە فۆرمە ڕووتکراوەکەیدا

ڕاستی ئارەزوویەکی کۆنکرێتی و بنەڕەتییە، بەڵام لەسەر ڕاستەقینە ڕاناوەستێت. کە وابوو، پرۆژە بنەڕەتییەکە یان کەسەکە و ناسینەوەی سەربەستانە بۆ ڕاستی بوونی مرۆڤ (بێجگە لەو شـــتە ناجۆرانەی لە بەشی پێشوی ئەم نوسراوەدا باسمانکردن) لە هەموو شوێنێکدا لەنێو ئارەزووەکاندا هەن. لەڕێگەی ئارەزووەوە نەبێت هەستیان پێناکرێت. ئەمەش، وەکو هەستکردن بە شوێن لەڕێگەی تەنەکانەوەیە، هەرچەندە شـــوێن چەمک نییە و ڕاســـتەقینەی خۆی هەیە. یان، ئەگـــەر حەزبکەیت، وەکو بابەتەکەی هوسرڵ وایە، کە تەنیا خۆی بۆ هەڵسەنگاندن بەبێ توانەوە دەردەخات. پاش ئەم ڕوونکردنەوانە تێدەگەین، ئارەزووی ڕووتکراوەی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ بوون نوێنەرایەتـــی بونیادی بنەڕەتی و مرۆڤانەی تاکەکەس نـــاکات؛ نابێت بەڕێگریش لەبەردەم سەربەســـتییەکەیدا. سەربەستی، وەکو لە بەشی پێشوی ئەم نوسراوەدا باســـمانکرد، لەناوبردنە. ئەو بوونەی بە سەربەســـت ناوزەدیدەکەین ئەوەیە، کە بوونی خۆی لەناودەبات. هەروەها دەزانین، کە لەناوبردن کەمی بوونە و هیچی دی نییە. سەربەســـتی، بەتەواوی، ئەو بوونەیە، کە خۆی بە کەمی دەردەخات. بەڵام مـــادام ئارەزوو کەمی بوونە ئەوا سەربەســـتی دەبێت بە ئارەزووی بوون؛ پرۆژەی بوونـ بۆـ خۆیە بۆ بوونـ لەنیوـ خۆیـ بوونـ بۆـ خۆ. ئەمەش بونیادێکی ڕووتکراوەیە، کە نابێ بە سروشت یان جەوهەری سەربەستی دابنرێت. سەربەستی بوونە و ئەو بوونەش پێش جەوهەر دەکەوێت. ســـەرهەڵدانی سەربەستی کتوپڕ و کۆنکرێتییە. لەسەر هەڵبژاردنیش دانامەزرێت؛ ئەم بونیادەی باسیدەکەین ڕاستی سەربەستییە؛ واتای مرۆڤە بۆ سەربەستی.

دەگونجێت ڕاســـتی مرۆڤانـــەی تاکە کەس بە فینۆمینۆلۆجـــی ئۆنتۆلۆجییانە بدۆزینـــەوە. بۆ ئـــەم کارەش لیســـتی ئـــارەزووە ئەزمونییەکان لـــە توێژینەوە سایکۆلۆجییەکەدا دروستدەکەین. ئەمانە، بۆ فەیلەسوف، ئاماژە بۆ پەیوەندییەکان دەکەن، کە خۆیان بە شێواز و ئارەزووەکانی دیکەوە دەبەستنەوە. پەیوەندییەکی کۆنکرێتیـــش لەنێوان کەســـەکە و هەڵوێســـتەکانیدا دەردەخات، کـــە دەتوانین ئەزمونگەریانـــە پێناســـیبکەین. بەڵام بـــۆ دانانی ئارەزووەکانی تاکە کەســـەکان لەنێوخانەدا میتۆدەکان یارمەتیمان نادەن. ناتوانین پرســـیار لەبارەی ئەو شـــتە لەپێشـــترە بکەین و ئۆنتۆلۆجییانە بۆ پێشـــبینی نەکردنی کارە سەربەســـتەکە دابینێین. لەبەر ئەمەشـــە ئەو پرســـیارە لە خۆمان ناکەیـــن. لەهەرچ حاڵەتێکدا بمانەوێت کەســـێک بکەین بە بابەتی توێژینەوەکەمان دەبێ بزانین، کە ئەو کەسە بەگشتی سەر بە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە. یان، ئەگەر حەزبکەیت دەڵێین، ئەمەیە لەســـەر بناخەی ئۆنتۆلۆجـــی دادەمەزرێت. بەڵام توێژینەوە و ئاکامەکانیشـــی لە دەرەوەی ئەگەرەکانی ئۆنتۆلۆجیدان.

لەلایەکـــی دیکـــەوە، لێکۆڵینەوەیەکـــی ســـادە، ڕەوان و ئەزمونگەرانە تەنیا

کەتەلۆگەکان دەخاتە بەردەستمان و شتە کەمنەکراوە ساختەکان (وەکو، ئارەزوو بۆ نوسـین، مەلەکردن، حەزکردن لە گەشـت و کاری مەترسـیدار، غیرەکردن و هتـد) خۆیان دەسـەپێنن. دانانی لیسـتی ڕەفتار و ئـارەزووەکان بەس نییە و دەبێت چارەسـەربکرێن؛ پێویستە بزانین چۆن پرسـیار لەبارەیانەوە بکرێت. ئەم توێژینەوەیەش بەگوێرەی یاساکانی میتۆدێکی تایبەت دەخرێتەگەڕ و بە سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی ناوزەدیدەکەین.

بنەمای ئەم سـایکۆلۆجییە شیکارییە ئەوەیە، کە بوونی مرۆڤ هەموو گیرییە نەک کۆکراوە. لەم ڕووەوە، تەنانەت لە ڕەفتارێکی بچوکی نا-گرنگدا مرۆڤ هەموو بوونـی خۆی دەردەبڕێت. هیـچ تام، کردەوە و ڕەفتارێـک نییە هەمووی مرۆڤی تێدا بەرجەستە نەبێت. ئامانجی سـایکۆلۆجی شیکاری چارەسەرکردنی ڕەفتاری ئەزموونی شـێوازی بوونی مرۆڤە؛ دەیەوێت هەریەکێک لـەو ڕەفتارانە لە ڕێگەی چەمکەکانەوە بناسێت و چارەسەریان بکات.

خاڵی دەرچوونیشی ئەزموونە؛ ئەستونی ڕاگرتنی تێگەیشتنێکی بنەڕەتی و پێش ئۆنتۆلۆجییانەیە، کە مرۆڤ، وەکو تاکە کەس هەیەتی. هەرچەندە زۆرینەی خەڵک گوێ نادەنە ئەو ئاماژەکردنانەی لە دەموچاو گۆڕین و وشەیەک یان تەماشاکردنێکدا هەن، بەڵام هەموو مرۆڤێک لەگەڵ خۆیدا و لەپێشتر واتای ئەو بەهایانە دەزانێت، کە دەیەوێت دەریانبڕێت و تەوانای چارەسەرکردنیشـیانی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر یارمەتی بدرێت.

لێرەدا، وەکو لە هەموو شـوێنێکی دیکەدا، بە ڕێکەوت ڕاسـتی نادۆزرێتەوە؛ بەو شـێوەیەی کەسێک بەدوای سـەرچاوە و کانیاوی ڕووباری (نیل) یان (نایجیر) دا دەگەڕێت لە شوێنێکیشـدا دانەنراوە تاکو مرۆڤ بیگاتێ. لەپێشـدا سـەر بە تێگەیشـتنی مرۆڤە و کاری هێرمنیۆتیکە بیدۆزێتەوە؛ ئەمەش چارەسەرکردنەکە، سـووربوون لەسـەر و بە چەمکردنی دەگرێتەوە. میتۆدەکەی بەراوردکردنە. مادام هەریەکێک لە کردەوەکانی مرۆڤ هێمایە بۆ هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکەی، کە دەبێت ڕۆشـنایی بخرێتەسەر، مادام هەریەکێک لەو کردەوانە هەڵبژاردنەکە دەشارێتەوە و بە شێوەیەکی دیکە لەنێو هەلومەرجەکانی مێژوودا دەریدەخات، تەنیا بەراوردکردنی ئەم کردەوانە کاردەکاتە سەر دەرکەوتنە تایبەتییەکەیان و دەربڕینی ڕێگای جیاواز لە سەرهەڵدانیان. فرۆید و شوێنکەوتوانی یەکەم نەخشەی سایکۆلۆجی شیکارییان کێشـاوە. بۆ ئێمەش بە سوددەبێت ئەگەر خاڵە هاوبەشـەکان و جیاوازییەکانی سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی و فرۆیدی ڕوونبکەینەوە.

هەر دوو جۆرە سایکۆلۆجییە شکارییەکە هەموو بەرجەستە بوونە دەرەکییەکانی "ژیانی دەروونی" بە هێما و پەیوەندی هێمایی لەگەڵ بونیادی هەمووگیری و بنەڕەتی کەسـایەتی تاکەکە دادەنێن. هەردووکییان لەو باوەڕەدان هیچ شتێکی لەپێشتری

دراو، وەکو میراتی، خەسڵەت و هتد نییە. سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایی باوەڕ بە بوونی هیچ شتێک لەپێش سەرهەڵدانی سەربەستی مرۆڤەوە ناکات؛ سایکۆلۆجی شـــیکاریش دەڵێت، کـــە کاریگەرێتییە بنەڕەتییەکە پێش مێـــژوو مۆمێکە هیچی لەســـەرهەڵنەکەنراوە. لیبدۆ تەنیا چەقە کۆنکرێتییەکانێتی. هەردووکیان مرۆڤ بە بوونەوەرێک دادەنێن، کە بەردەوام دەگەڕێ و مێژوو دروستدەکات. هەردووکیان لەو باوەڕەدان مرۆڤ لەنێو جیهاندایە و بەبێ تێگەیشتن لە هەموو هەڵوێستەکانیشی لە بوونی تێناگەین. ئامانجی توێژینەوەی سایکۆلۆجی بونیادنانەوەی ژیانی کەسەکەیە لە یەکەم ڕۆژی ژیانییەوە تاکو کاتی چاک بوونەوەکەی؛ هەموو زانیارییەک سەبارەت کەســـەکە پەیدادەکەن؛ بـــەدوای نامەکانی، گەواهـــەکان، ئارەزووەکانی و هەموو جۆریک لە زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێن. ئەوەی دەیانەوێت دایبمەزرێننەوە بونیادێکی دوو لایەنییە؛ بەســـەرهاتی گرنگی منداڵی و بارە دەروونییەکەی دەوری ئەم ڕووداوەیە. لێرەدا، جارێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێســـتدا دەکەین. هەموو فاکتۆرێکی "مێژوویی" لەم بۆچوونەوە دەبێت بە فاکتۆرێکی گەشەکردووی دەروونی و هێمای گەشەکردنەکەش چونکە ئەو بە تەنیا هیچ نییە. کارکردنەکەی دەکەوێتە ســـەر مامەڵەکردن لەگەڵیـــدا. مامەڵەکردنەکەش بە هێما مەیلـــی ناوەوەی تاکە کەسەکە دەردەبڕیت.

ســـایکۆلۆجی شیکاری و ســـایکۆلۆجی بوونگەرایەتی لەنێو هەڵوێستەکەدا بۆ ڕەفتارێکی بنەڕەتی دەگەڕین، کە لەڕێگەی پێناسەی سادە و لۆجیکەوە دەرنابڕێت چونکـــە پێش هەموو لۆجیکێـــک دەکەوێت و دەبێت بەگوێرەی یاســـاکانی جۆرە تیهەڵکێشکردنێک دابمەزرێتەوە. سایکۆلۆجی شیکاری ئەزمونگەرانە دەیەوێت شتە ئاڵۆزەکان دیارییکات. سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی هەلبژاردنە بنەڕەتییەکەی دوێت. هەڵبژاردنی بنەڕەتی کار لەســـەر جیهـــان دەکات و هەڵبژاردنی حاڵەتێکە لەنێو جیهاندا و وەکو شـــتە ئاڵۆزەکان هەمووگیرییە و پێش لۆجیکیش دەکەوێت. ئەمەیە کاتێک ڕووبەڕووی یاساکان و لۆجیک دەبێتەوە بڕیار لەسەر ڕەفتاری تاکە کەس دەدات. کەوابوو، پرســـیار لەبارەی لۆجیکەکەیەوە ناکەین. لەگەڵ خۆیدا و پێش تێهەڵکێشکردنی لۆجیکانە هەمووگیری بوون دەهێنێت. بۆ واتاکانیش دەبێت بە کرۆکی ئاماژەکردن.

هەردوو جۆرە ســـایکۆلۆجییە شـــیکارییەکەش بابەتـــی لێکۆڵینەوەکەیان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دانانێن و لەوێوە توێژینەوەکە بخەنەگەر. هەردووکیان جەخت لەسەر میتۆدێکی بابەتی دەکەن و زانیارییەکانی تاکە کەسەکە و بۆچوونی کەسانی دیکەش کۆدەکەنەوە. هەڵبەتە، کەسەکە دەتوانێت دەروونی خۆی شیبکاتەوە. بەڵام، دەبێت واز لە ســـودوەرگرتن لە حاڵەتەکەی بهێنێت و بەوجۆرەی کەســـێکی دیکە پرسیاری لێدەکات پرسیار لە بوونی خۆی بکات. سایکۆلۆجی شیکاری ئەزمونگەری

لەسەر گریمانەی بوونی لایەنی دەروونی ئەودیو ئاگاییەوە ڕەگدادەکوتێت، کە لەژێر درککردنی کەسەکە ڕادەکات. سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی گریمانەی ئەودیو ئاگایی ڕەتدەداتەوە؛ کارە دەروونییەکە و ئاگامەندی پێکەوە دەگونجێنێت. ئەگەر پرۆژە بنەڕەتییەکە لە ئەزمونی تاکە کەسەکەدا بێت و کەسەکەش بەئاگا بێت ئەوە ناگەیەنێت، کە بەهەمانجۆر دەبێ ئەو بیزانێت؛ بەتەواوی بەپێچەوانەوەیە. خوێنەر لەبیرێتی چۆن لە پێشەکی ئەم نوسراوەدا ئاگایی و زانینمان لەیەکدی جیاکردەوە. بێگومـــان، تێڕامان بە ڕواڵەت بە زانیـــن دادەنرێت. بەڵام ئەوەی تێڕامان دەیگاتێ هەمـــوو کاتێک پرۆژە ڕووتەکەی بوون-بۆ-خۆ نییـــە، کە بە هیماکان دەردەبڕێت. ڕەفتـــارە کۆنکرێتییەکە دەبینێت؛ کە لەنێو تۆڕی هەموو خەســڵەتەکاندا ڕۆژێکی دیاریکراوی ئارەزووە. لە یەک کاتدا هیما و بەهیماکردنیش دەســتگیردەکات. ئەم تێگەیشـــتنە تێگەیشـــتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی پرۆژە بنەڕەتییەکەیە؛ بەڵام تەکنیـــک و ئامێرەکان بۆ دووردانانی هەڵبژاردنی بەهێماکردنەکە ناگرێتەدەســـت. لەنێو چەمکەکاندا ڕاگیریان ناکات و ڕۆشنایی ناخاتەسەر.

ئێمە لێرەدا، وەکو فرۆیدییەکان مامەڵە لەگەڵ مەتەڵێکی نەزانراو ناکەین؛ ئەوەی هەیە شتێکە ڕووناکی خراوەتە سەر؛ تێڕامان بووە بە خاوەنی و تێیدەگات. بەڵام ئەم "شتە شاراوەیەی بەر ڕووناکی خۆر" لەبەر ئەوە هەیە چونکە خاوەنێتییەکەی بێ وەســیلەیە، کە ڕێگە بۆ شـــیکردنەوە و بەچەمککردنی دەدات. هەموو شتێک بەبێ ســـێبەر، بەرەڵاکردن و پەیوەندییە گـــەورەکان دەگرێت. نەک لەبەر ئەوەی ئەمانە لە شـــوێنێکی جیاوازتردا دانراون بەڵکو دەبێت هەڵوێستی کەسێکی دیکە دایانبمەزرێنێت و تەنیا بە هۆی زانینەوە هەن. تێڕامان نابێت بە بناخەی سایکۆلۆجی شـــیکاری بوونگەرایەتی. تەنیا کەرەســـەکانمان دەداتێ و بیریارە دەروونناسەکە لێیاندەکۆڵێتەوە. ئەویش لە تێگەیشـــتنەکە دەزانێت. لە ئاکامدا، شتە ئاڵۆزەکان لەودیو ئاگاییەوە دەردەهێنرێن. ئەمەش لەو پرۆژانە دەکات ســـایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی دەریاندەخات و کەسەکەی دیکە لێیان تێدەگات. لەئاکامدا، ئەو بابەتەی ڕۆشنایی دەخرێتەســـەر بەگوێرەی بونیادەکانی بەرزێتی-بەرزکراو پێکدێت؛ واتە، بوونی دەبێت بە بوون-بۆ-کەسانی دیکە. گرنگیش نییە کەسەکە و دەروونناسەکە دوو کەســـی جیاوازیـــش نەبن. ئەو پرۆژەیەی یەکێک لەم جۆرە ســـایکۆلۆجییانە دایدەمەزرێنێت هەمووی کەســـەکەیە و توخمە کەمنەکراوەکانی بەرزێتییەکەیەتی، کە بوونیادەکەی بوونە-بۆ-کەســـانی دیکە. ئەو شـــتەی لەژێـــر لێکۆڵینەوەی ئەم میتـــۆدەدا ناگیرێت پرۆژەکە و ئاڵۆزییەکەیەتی. پرۆژەکە تەنیا لە ئەزمونی ژیاندا دەبینرێـــت؛ ناجۆریش لەنێوان بوون-بۆخۆ و بوونێکی بابەتیدا هەیە. بەڵام بابەتی توێژینەوەی هەردوو جۆرە ســـایکۆلۆجییە شیکارییەکە ڕاستەقینەی بوونی تێدایە؛ زانینی کەسەکە لەبارەیەوە دەتوانێت بەری تێڕامانەکە ڕووناک بکاتەوە. تێڕامانیش دەبێت بە خاوەنێتی و زانینێکی بە ڕواڵەت.

لەم حاڵەدا لێکچونی هەردووجۆرە سـایکۆلۆجییە شـیکارییەکە لەناودەچێت. لەوێشدا لە بنەڕەتەوە لەیەکدی جیادەبنەوە، کە سایکۆلۆجی شیکاری ئەزموی لە باتی ڕێگە بدات شـتە کەمنەکراوەکان لەنێو درککردنە بەڵگە نەویستەکەدا خۆیان دەربخەن بڕیاری خۆی لەسەریان دەدات. لبیدۆ یان ویستی هێز بەرماوە دەروونییە-بایۆلۆجییەکە پێکدەهێنێت، کە لەخۆیدا شـتێکی ئاشکرا نییە و لەپێشدا خۆی بۆ ئێمەش، وەکو شتێکی کەمنەکراوە و براوە دەرناخات. دوا جاریش، ئەزمون بناخەی ئەو لایەنە ئاڵۆزانە لەسـەر ئەم لبیدۆیە یان ئەم ویسـتی هێـزە دادەمەزرێنێت؛ ئاکامەکانـی ئەم توێژینەوە ئەزمونگەرانەیەش بەتەواوی هەڵکەوتن و ئێمە بە بڕوا ناگەیەنن. هیچ شتێک ڕێگە لە تێگەیشتنی پێشومان لە «ڕاستەقینەی مرۆڤایی» ناگرێت، کە ویستی هێز نەتوانێت دەریبڕێت و لبیدۆش نەبێت بەپێکهێنەری پرۆژە بنەڕەتییەکە.

لەلایەکی دیکەوە، هەڵبژاردنەکەی سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی ڕێنمایمان دەکات چونکـە هەڵبژاردنێکـە لەجێگـەی هەڵکەوتنە بنەڕەتییەکـە دادەنرێت. هەڵکەوتـی هەڵبژاردنیش دیوی وەرگێڕاوی سەربەسـتییە. بەو ڕادەیەی لەسـەر کەمی بوون ڕادەوەستێت، دەبێت بە خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوون، ئێمەش دەزانین لەوەزۆرتـر نابێ پاڵیپێوەبنێین. هەریەکێک لـە ئاکامەکان هەڵکەوتێکی تەواوە و شتێکە کەمناکرێتەوە. هەروەها، هەمیشە بەتایبەتی دەمێنێتەوە؛ واتە، بە ئامانجی کۆتایی توێژینەوەکەمان ناگەین . بەپێچەوانەوە، کۆتاییەکە هەڵبژاردنێکە تایبەت و لەسەرەتاشەوە خۆی، وەکو شتێکی ڕەهای کۆنکرێتی دەردەخات. درێژەی باسێک لەسەر ڕەفتاری جۆرێک لە هەڵبژاردن دیاریدەکات، بەڵام کۆنکریتی ناکات. هۆکاری ئەمەش بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە، کە هەڵبژاردن بوونی ڕاسـتەقینەی مرۆڤایەتییە؛ ئەمەش، وەکو ئەوەیە بڵێین، بەشـێک لە ڕەفتارێکـی دیاریکراو یان هەڵبژاردنی بنەڕەتی هەیە ئەم ڕاسـتەقینەیەی مرۆڤایەتی دەردەبڕێت چونکە جیاوازی نێوان بوون و هەڵبژاردن بۆ ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی نییە. لێرەدا، تێدەگەین سایکۆلۆجی شـیکاری بوونگەرایەتی لە شتە ئاڵۆزە بنەڕەتییەکانەوە دەست بە توێژینەوەکەی نـاکات، کە هەڵبژاردنی بوونە. شـتە ئاڵۆزەکە دوا هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی بوونە و خۆی بەو شـێوەیە دروستدەکات. ڕۆشنایی خستنە سەری هەمووجارێک، وەکو شتێکی کەمنەکراوە نیشانیدەدات.

ئەمـەش لبیدۆ و ویسـتی هێز لای سـایکۆلۆجی شـیکاری بوونگەرایەتی بە خەسـڵەتی گشـتی و هاوبەش لەنێوان هەموو مرۆڤەکانـدا کەمنەکراوە دانانێت. لەوانەیـە بڵێین پاش توێژینەوەکەمان ئەمانـە لای هەندێک ببن بە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردنەکە. دەزانین چۆن ئارەزوو لەگەڵ خولیای جوتبوون بەگشتی دەبێت بە دەربڕینی هەوڵدانی سـەرەتایی بوون-بۆ-خـۆ بۆ دۆزنەوەی بوونی، کە لەڕێگەی پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە لیی نامۆ بووە.

ویسـتی هێزیش ئاماژە بۆ کەسـانی دیکە دەکات، ناسـینی کەسانی دیکە و هەلبژاردنی خۆ ڕزگارکردنە لەڕێگەی ئەوانەوە. بنەمای ئەم هەڵوێستە هەڵبژاردنە

بنەڕەتییەکەیە، کە بە هۆیەوە ئێمە لە یەکبوونی ڕادیکالانەی بوون-لەنێو-خۆ لەگەڵ بوون-بۆ-کەسانی دیکەدا دەبینین.

هەڵبــژاردن دوا چەمکــی ئەم توێژینـــەوە بوونگەرایەتییەیە. ئەمەش باشـــتر ســـایکۆلۆجییە شـــیکارییەکەمان لەوی دی جیادەکاتەوە. ئـــەو بۆچوونەش، کە گوایـــە ژینگە لەخۆیەوە کاردەکاتە ســـەر تاکە کەس، ڕەتدەداتـــەوە. لەبەر ئەمە توێژینەوەیەکی بابەتگەرانەی ژینگەکە سودی بۆ ئێمە نابێت. لەسەرەتاوە، ژینگە بە هەڵوێســـت دادەنێین و ئاماژە بـــۆ بوون-بۆ-خۆ دەکات. لەگـــەڵ ڕەتدانەوەی هۆکاریەتی میکانیزم هەموو ڕاڤەکردنێکی هیماکراویش، کە توشی دەبین، لادەبەین. مەبەستمان دانانی زنجیرەیەک یاسای ئەزموونی نییە و بەهیماکردنێکی جیهانیش دروستناکەین. بەڵکو دەبێت لە هەموو حاڵەتێکی تایبەتیدا ئەو هێمایانە بدۆزینەوە کەسەکە باکاریان دەهێنێت.

ئەگـــەر هەریەکێک لـــە هەبووەکان لەخۆیـــدا هەمووگەری بێت ئـــەوا ناکرێت بڕیار لەســـەر بوونی ســـەرەتایی پەیوەندییـــە هێماییەکانیـــش بدەین (بۆنموونە، دەموچـــاوەکان، وەکو زێڕ و لباد و ســـنگ)، کە واتاکانیـــان لە هەموو حاڵەتێکدا دەمێننەوە؛ بەگوێرەی بەکارهێنانە جیاوازەکانیان گۆڕانیان بەسەردا نایەت. بێجگە لەمە، بیریاری سایکۆلۆجی شیکاری ئەو خاڵەی لەبیرناچێت، کە هەڵبژاردن ژیانە و تاکە کەسەکە دەتوانێت وازی لێبهێنێت.

ئیمە لەبەشی پێشودا گرنگی کتوپڕیمان لەنێو گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەکاندا باســـکرد. لەم خاڵەی ئێستاوە، دەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو خاڵەی هێماکان واتاکان دەگۆڕن و هێما بەکارهێنراوەکان جێدەهێڵن، ئامادەبین. لەبەر ئەمە، سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی دەبێت باوەڕی بە گۆڕانکاری هەبێت و خۆی لەگەڵ بچوکترین گـــۆڕان لە بابەتی توێژینەوەکەیدا بگونجێنێت. ئەوەی مەبەســـتمانە تێگەیشـــتنە لـــە بوونی تاکە کەس و ســـاتەکانی بوونی. هەروەها، ئەو میتـــۆدەی بۆ تاکێک بەکاریدەهێنین دەشێ بۆ تاکێکی دیکە یان بۆ هەمان تاک لە قۆناخێکی بەرزتردا شیاو نەبێت. ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی هەڵبژاردنە نەک حاڵەت. پێویستە دەروونناســـەکە هەمـــوو کاتێک بزانێت، کە بابەتـــی توێژینەوەکەی لەنێو تاریکی ئەودیو ئاگامەندییەوە نەنێژراوە. بەڵکو بڕیاردانێکی سەربەســـت و ئاگامەندانەیە، کە تەنانەت لەنێو ئاگامەندیشدا جێنشین نەبووە چونکە لەگەڵ ئەم ئاگامەندییەدا بووە بە یەک. سایکۆلۆجی شـــیکاری ئەزمونی، بەگوێرەی ئەوەی میتۆدەکەی لە بنەماکانی باشـــترە، زۆرجار لەبەرچاوی دۆزینەوەی بوونگەرانەیە، بەڵام ئەو خۆی جیادەکاتەوە. کاتێک ڕوو لە هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکە دەکات بەرگریکردنی کەسەکە کتوپڕ دەڕوخێت و وێنەی خۆی، وەکو چۆن تەماشـــای ئاوێنە دەکات، دەبینێت و بۆی ئامادەدەکرێت . ئەم زۆرکردنە لە کەسەکە بۆگەواهیدان بۆ دەروونناس بە نرخە؛ لەوێدا ئامانجە دەستکەوتوەکەی دەدۆزێتەوە. لەوێشەوە چارەسەرەکە دابیندەکات. بەڵام هیچ شـــتێک لەســـەر بنەماکانی ڕێگەی نادات لە گەواهییەکە تێبگات. ئایا ئەو لە کوێوە ئەم مافە بەدەســـت دەهێنێت؟ ئەگەر شتە ئاڵۆزەکە ئاگایی نەبێت،

دیوارێک لەنێوان هێماکە و ئەو شـــتەدا هەبێت، کە هێماکەی بۆ دادەنرێت، چۆن کەســـەکە دەیناسێتەوە؟ ئایا ئەو شـــتە ئاڵۆزە بێ ئاگایە خۆی دەناسێتەوە؟ ئایا پێمان ناڵێن، کە تێگەیشـــتنی نییە؟ ئەگەر لەبەر پێویســـتی تەواناى تێگەیشتنی هێماکانی بدەینێ، ئایا ئەمەش نایکات بە ئاگاییەکی بێ ئاگا؟

ئەگەر تێگەیشتن ئاگایی لەو شتەوە نەبێت، کە تێیدەگات، چییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئـــەو خۆیە ئاگامەندە، کە وێنەکەی بەرانبەری دەناســـێتەوە؟ بەڵام، چۆن دەتوانێت لەگەڵ حاڵەتە ڕاســـتەقینەکەیدا بـــەراوردی بکات لە کاتێکدا لەوەوپێش هیچـــی لەبارەوە نەزانیـــوە؟ ئەو تەنیا ئەوەندە دەتوانێت بڵێت، کە شـــیکردنەوە دەروونییەکە دروستە. پەیوەندییەکەشی لەگەڵ شیکردنەوەکەدا دەبێت بە پەیوەندی کەسی سێیەم یان پەیوەندی دەروونناسەکە؛ شوێنیکی تایبەتمەندی نادرێتێ. ئەگەر گریمانەی شـــیکردنەوەکەش بە دروست دابنێت، ئایا ئەمە دەبێت بە بڕواکردنێکی ســـادە، کە لەنێو ســـنوری ئاگامەندیدا دەمێنێتەوە و بـــەری لایەنەکانی ئەودیو ئاگامەندیش ئاوەڵابکات؟ بێگومان، بیریارە دەروونناســـە شـــیکارییەکە وێنەیەکی تەمومژاوی ڕووداوە هاوبەشـــییەکانی نێـــوان ئاگامەندی و ئەودیو ئاگامەندی لایە. بەڵام هەموو میتۆدێکی بۆ تێگەیشینێکی پۆزەتیڤی لەم هاوبەشییە لابردوە.

هێشتا، ڕۆشـــنکردنەوەی بابەتەکە شتێکی دروستە. لێرەدا درککردنێک هەیە، کە بەڵگەیەک ئاوەڵێتی. ئەو بابەتەی بیریارە دەروونناســـەکە ڕێگەناســـێتی خۆی لەگـــەڵ گریمانەکەدا دەگونجێنێت؛ دەســـتی لێـــدەدات و دەزانێت چییە. ئەمەش لەوێـــدا ڕوودەدات، کە بابەتەکە بەردەوام لە هانـــدەرە ناوەکییەکانی بە ئاگابێت؛ باشـــترە بڵێین، ئەگەر هاندەرەکان لە ئاگامەندی خۆی ئـــەو جیانەکرێنەوە. لەم حاڵەتـــەدا، دەبینین ڕاڤەکردنی ســـایکۆلۆجی نەرێخواز ڕێگەی نادات هەســـت بە بوونی خۆی بەوجۆرەی هەیە بکات؛ بەڵکو زانینی سەبارەت بوونی خۆی دەداتێ. تەنیا سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتییە، کە بانگەشە بۆ گرنگی دوا درککردنی بابەتەکە دەکات.

ئـــەم بەراوردکردنـــە یارمەتیمان دەدات باشـــتر لە ســـایکۆلۆجی شـــیکاری بوونگەرایەتی، ئەگـــەر هەبێت، تێبگەین. ئەو میتۆدەیـــە دەیەوێت، لە فۆرمێکی دەرەکی تەواودا ڕۆشنایی بخاتەسەر هەڵبژاردنە خۆیەتییەکە، کە بە هۆیەوە هەموو تاکێک خۆی دەکات بە کەس؛ واتە، هەســـت بەو بوونەی دەکات، کە هەیە. مادام میتۆدەکـــە بـــە دوای هەڵبژاردنی بووندا دەگەڕێت، دەبێـــت ڕەفتارێکی دیاریکراو بـــە پەیوەندییەکی بنەڕەتـــی دابنێت. ئەو پەیوەندییەش ئـــارەزووی جوتبوون و ویســـتی هێز نییە، بەڵکو پەیوەندی بوونە، کە لە ڕەفتارەکەدا بەرجەســـتە بووە. لەبەر ئەمە لەســـەرەتاوە ڕوو لە تێگەیشتن لە بوون دەکات. بێجگە لەم ئامانجەش نابێـــت ئامانجی دیکە بۆ خۆی دیاریبکات. هەروەهـــا، نابێت ڕێگەی بدرێت پێش گەیشـــتن بەم ئامانجە واز لە شـــیکردنەوەکە بهێنیت. تێگەیشـــتنی لە بوونیش، کە خەســـلەتەکانی بیریارەکەش، لەبەر ئەوەی ســـەر بە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە دیاریدەکات، بەکاردەهێنێت؛ هەوڵدەدات بـــوون لە دەربڕینە هێماییەکان دابڕێت.

هەمـــوو جارێک بە هـــۆی بەراوردکردنـــەوە لەنێوان کـــردەوە و ڕەفتارەکاندا ئەو هێمایـــە بدۆزێتەوە، کە ئاماژەیان بۆ دەکات. پێوەری ســـەرکەوتنەکەی کۆمەڵێک فاکتۆرە، کە گریمانەکەی دەیانخوێنێتەوە و دەرککردنە بەڵگە-نەویستەکەی یەکیان دەخات. بەگوێرەی پێویســـتیش گەواهیکردنی کەسەکە دەخرێتە سەر پێوەرەکە. ئاکامە دەســـتکەوتوەکانیش، کە کۆتاییەکانی تاکە کەســـەکەن دەبن بە بابەت بۆ پۆلێنکردن. بەراوردکردنیان بە بیرۆکە گشتییەکانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، وەکو هەڵبژارنێکی ئەزموونی کۆتاییەکانی خۆی، دەگەین. ئەو ڕەفتارەی ئەم سایکۆلۆجییە شیکارییە لەسەری دەکۆڵێتەوە تەنیا خەوەکان، سەرنەکەوتنەکان، شتە زاڵبوەکان بەسەرمێشکدا و دەمارگیرییەکان کۆناکاتەوە، بەڵکو بەتایبەتی بە دوای بیرۆکەکانی نێو ئاگایی، کارە ســـەرکەوتوەکان و شـــێوازی ژیانی تاکە کەسەکەشدا دەگەڕێت. ئەمجۆرە سایکۆلۆجییە شیکارییە هێشتا فرۆیدی نەدۆزیوەتەوە. تەنیا سێبەری ئەو لەنێو هەندێک ژیاننامەی سەرکەوتودا دەبینین. هیواداارین لە شوێنێکی دیکەدا ئەم خاڵە لە دوو نموونەدا لەسەر فلوبێرت و دۆستۆیەڤسکی ڕوونبکەینەوە. بەڵام بوونی بۆ ئێمە ئەوەندە گرنگ نییە؛ گرنگییەکەی لەوەدایە، کە دەگونجێت هەبێت.

٢ - «کردن» و «هەیەتی» : خاوەنێتی

ئەو زانیارییەی ئۆنتۆلۆجی ســـەبارەت ڕەفتار و شێوەکانی ئارەزوو دەماندات‌ێ، دەکرێـــت ببێت بە بنەما بۆ ســـایکۆلۆجی شـــیکاری بوونگەرایەتی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە شـــێوازی ڕووتکراوەی ئـــارەزووەکان هەبێت و بە هەموو تاکەکان درابێت؛ بەڵکو ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە ئـــارەزووە کۆنکرێتییەکان بونیادیان هەیە و ئەو بونیادەش لە توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەدا ســـەرهەڵدەدات. هەریەکێک لـــە ئـــارەزووەکان؛ ئارەزووکردن لە خواردن، نوســـتن هەروەهـــا ئارەزووکردن لە کاری هونەری ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتی دەردەبڕن؛ زانینێکی ئەزمونی و کەم لەم حاڵەتەدا گرنگی نابەخشـــێت. دەبێت ســـەرکەوتوانە ئەو زانینـــە بۆ دامەزراندنی بناخەی سایکۆلۆجییەکەمان بەکاربهێنین. بێگومان، ئەمەش خاڵێکە بۆ وەستانی ئۆنتۆلۆجی؛ دوا شـــتە دۆزراوەکانی دەبن بە یەکەم بنەمای سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی.

لێرە بەدواوە، پێویستە میتۆدێکی دیکە پەیدابکەین چونکە بابەتی توێژینەوەکەمان جیاوازە. ئایا ئۆنتۆلۆجی لەبارەی ئارەزووەوە، مادام ئارەزوو بوونی ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتییە، چیمان فێردەکات؟

ئارەزووکردن کەمی بوونە. لەبەر ئەمە ئەو بوونەی، کە کەمییە ڕایدەگرێت. ئەو بوونەش، وەکو باســـمانکرد، بوون-لەنێو-خۆی-بوون-بۆ-خۆیە، ئاگامەندییە دەبێت بە جەوهەر، جەوهەریشـــە دەبێت بـــە هۆکار بۆ خۆی یان ئـــەو مرۆڤەیە دەبێت

بــە خوا. کەوابوو، لــە بنەڕەتدا بوونی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی جەوهەر نییە و پەیوەندییەکانی ژیانە. چەمکە سنورداڕەکانی پەیوەندییەکەش یەکەمجار لەنێو-خۆ بنەڕەتییەکەیە، لەنێو هەڵکەوتن و فاکتۆردا گیریخواردووە و خەسڵەتی گرنگیشی لەوەدایە، کە شتێکە هەیە؛ دووەم، بوون-لەنیو-خۆی-بۆ-خۆ یان بەهایە، کە وەکو وێنەیەکی بــەرزی هەڵکەوتنی بوون-لەنێو-خۆ هەیــە و لەودیو هەموو هەڵکەوت و هەبووەکانــەوە دەبینرێت. مــرۆڤ هیچ کام لەمانە نییــە. ناتوانین بڵێین ئەو شتێکە، کە هەیە. ئەو ئەوەیە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە؛ لەناوبەری شتە لەنێو-خــۆ هەڵکەوتوەکەیە و خۆی لەناوبردن ڕزگاردەکات، ڕووە و بوون-لەنێو-خۆ دەڕوات و دەبێت بە هۆکار بۆ خۆی. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەوڵدانە بۆ بوون بە خوا بەبێ ئەوەی هەوڵدانەکەی لەســەر بوونی جەوهەرێک دامەزرابێت. ئارەزووش هەوڵدانەکە دەردەبڕێت. هەروەها، پێناســەی ئارەزوو لەســەر پەیوەندییەکەی بە بوون-لەنێو-خۆ-وەکو هۆکار بۆ خودی خۆی دروستنابێت. پەیوەندی بە هەبوویەکی کۆنکرێتیشەوە هەیە، کە بە بابەتی ئارەزوکردن ناوزەددەکرێت. ئەو بابەتە دەشێ پارچەیەک نان، ئۆتۆمۆبیلێک، ئافرەتێک یان شــتێکی هیشــتا نەناســراو بێت، بۆنموونە ئارەزووی هونەرمەند بێت بۆ داهێنانی بەرهەمێکی هونەری. لەم ڕووەوە، ئارەزووکــردن پەیوەندی مرۆڤ بــە بابەتێک یان چەند بابەتێکەوە لە نێو جیهاندا دیاریدەکات؛ شێوازێکی بوونە لەنێو جیهاندا. لەم خاڵەوە دەبینین، پەیوەندییەکە شــتێکی تایبەت نییە. هەزار نموونەمان لەبەردەستدایە تاکو ڕوونیبکەینەوە چۆن ئارەزووی خاوەنێتی ئەو بابەتە، کارێک، یان بوون بە کەسێک دەکەین. ئەگەر حەز لەو تابلۆیە بکەم، ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئارەزووی کڕینی دەکەم و دەمەوێت ببم بە خاوەنی. ئەگەر ئارەزووی نوسینی پەرتووکێک بکەم، بۆ پیاسەکردن بڕۆم، ئەو واتایە دەبەخشێت، کە دەمەوێت پەرتووکەکە بنوسم و پیاسەکە بکەم. ئەگەر جل لەبەربکەم ئەوا ئارەزووی خۆ ڕازانەوەدەکەم. خۆم فێردەکەم ببم بە زانستکار و هتد. لەم بۆچوونەوە هەرسێ کاتیگۆرییە گەورەکەی بوونی کۆنکرێتی مرۆڤ لەسەر بناخەکەیان خۆیان دەردەخەن، کە: کردن، هەیەتی و بوون.

ئاســانە ببینین ئارەزووی کردن شــتێک نییە کەمبکرێتەوە. کەسێک بابەتێک دەکات دەیــەوێ لەگــەڵ بابەتەکەدا بچێتە نێو پەیوەندییەکــی تایبەتییەوە. ئەم پەیوەندییە نوێیە یەکسەر دەبێت بە هەیەتی. بۆنموونە، لقی درەختێک لێدەکەمەوە تاکــو هەمبێت. کردنەکە دەچێتە شــێوازی هەیەتییەوە. ئەمــە نموونەیەکی زۆر باوە. بەڵام لەوانەشــە چالاکییەکەم بە ئاشــکرا نەبێت بە هەیەتی. دەشی وەکو شــتێکی سوپاسگوزار خۆی دەرخات. ئەمەش لە توێژینەوەی زانستانە، وەرزش و داهێنانە هونەرییەکاندا دەبینرێت. هیشــتا لەم نموونانەدا کردن نابێت بە شتێکی دیکە. ئەگەر تابلۆیەک، شــانۆگەرییەک یان گۆرانییــەک دابهێنم دەبێت بۆ ئەوە بوونێکــی کۆنکرێتیم هەبێت. ئەم بوونەش ئەوەندە بــۆ من گرنگە، کە من لەنێو خــۆم و بابەتەکەدا پەیوەندی داهێنان دادەمەزرێنــم و مافی خاوەنێتیم دەداتێ. بوونی تابلۆکە لەنێو بیرکردنەوەمدا بەس نییە؛ پێویستە لەڕێگەی منەوە بابەتەکە

بێتەکایەوە. ئاشکرایە، لە ڕوویەکەوە، بیرۆکەکە ئەوەیە من تابلۆکە لە بووندا بە هۆکاری داهێنانەوە ئامادە بکەم. دواجاریش، دەبێ من خاوەنی بم. لەڕوویەکی دیکەوە، تابلۆکە دەبێت لە بوونی منەوە جیاواز بێت، تاکو بتوانم بیکەم بە موڵکی خۆم و ئەو من نەبێت. لێرەدا، بەوجۆرەی لە بیردۆزەی جەوهەر لای دێکارت دەبینرێت، لەوانەیە بوونی بابەتە داهێنراوەکە لەنێو بوونی مندا لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی و بابەتگەری لەنێو مندا بتوێتەوە؛ یان بوونی لەنێو خۆیدا پێویست بێت؛ بوونی خۆی بەردەوام نوێبکاتەوە. لەئاکامدا، بەرهەمەکە بۆ من دەبێت بە داهێنانێکی بەردەوام، بەڵام لەنێو بوونی خۆشیدا دەچەقێت؛ بۆ هەمیشە مۆری من بەسەر خۆیەوە هەڵدەگرێت؛ واتە، بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو دەبێت بە بیرۆکەی من. هەموو بەرهەمێکی هونەری بیرۆکەیە؛ خەسڵەتەکانی بیرۆکەین و بێجگە لە واتا چی دیکە نین. لەلایەکی دیکەشەوە، واتاکە یان بیرۆکەکە بەردەوام ئەو کاتەی بیریشی لێناکەمەوە چالاکە. پەیوەندییەکەم لەگەڵیدا دەبێت بە دووجۆری. لەلایەکەوە ئەو ئاگامەندییەم، کە هەست بە بابەتەکە دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو ئاگامەندییەم بەرانبەری ڕادەوەستێت. لەڕاستیدا ئەم دووجۆری پەیوەندییەیە لە گوتەی "ئەوە بۆ منە" دەریدەبڕم. واتای ئەمەش ئەو کاتەی پێناسەی کاتیگۆری "هەیەتی" دەکەین دەردەکەوێت. بۆ ئەم دووجۆرە پەیوەندییە دەمەوێت بەرهەمەکەم دابهێنم. تێهەڵکێشکردنی ئەم خۆ و نا-خۆیەیە دەمەوێ وەدەستی بهێنم و خاوەنێتی منیش دادەمەزرێنێت. من بەتەنیا باسی بەرهەمی هونەری ناکەم. لقی درەختەکەش هەمان دووجۆری پەیوەندی لەگەڵ مندا هەیە: یەکەم، وەکو بابەتێک ڕۆژانە بەکاردێت و لەبەردەستی مندایە، وەکو جلوبەرگەکانم یان پەرتووکەکانم من خاوەنیم. دووەمیش، وەکو بەرهەم دەبێت بە موڵکی من. ئەو کەسانەی ڕۆژانە کەلوپەلەکانیان لەچواردەورە و خۆیان دروستیانکردوون بە موڵکی خۆیانی دادەنێن و چێژیان لێوەردەگرن. ئەوان لەنێو یەک بابەتدا یان یەکجۆر سازاندا بە بوون بەخاوەن و چێژوەگرتن و داهێنان یەکدەگرن. لەوەدەچێت یەکگرتنەکەیان لە هەموو شوێنێکدا لە هونەرەوە بۆ دروستکردنی جگەرە لەنێو یەک پڕۆژەدا بێت. وەکو ئەوە وایە بڵێت، " کاتێک چاکترە، کە خۆم لولی دەکەم." دوای ئەم پڕۆژەیە لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکەی بە خاوەنێتییەوە باسدەکەین، کە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی حەسانەوە چونکە حەسانەوە خەسڵەتی بابەتە بە موڵککراوەکە نییە و خەسڵەتی خاوەنێتییە.

زانین، بەوجۆرەی لە پێشەکی کەرتی چواری[ئەم نوسراوەدا] باسمانکرد، شێوازێکی خاوەنێتییە. لەبەر ئەمەش توێژینەوەی زانستی هەوڵدانە بۆ خاوەنێتی. ڕاستییەک دەدۆزرێتەوە، وەکو بەرهەمێکی هونەری، دەبێت بە زانینی من؛ نۆمینای بیرکردنەوەیە و ئەو کاتە دەدۆزێتەوە، کە من بیردەکەمەوە و بوونی لەسەر من ڕادەوەستێت. لەڕێگەی منەوە جیهان خۆی دەردەخات. لەم لایەنەوە، من داهێنەر و خاوەنم نەک لەبەر ئەوەی بیر لەلایەنێکی بوون دەکەمەوە و دەیدۆزمەوە بەڵکو ئەو لایەنە خۆی بۆ من دەردەخات و شتێکە بە ڕاستی هەیە. من دەتوانم تەنیا

بڵێـــم من ئـــەو دەردەخەم، بەو جـــۆرەی (گید) دەڵێت، "ئێمە دەبێت شـــتەکان دەربخەین." بەڵام من لێکچوونێکی ســـەربەخۆ لەنێوان بەرهەمی هونەری و ڕاســـتی نێـــو بیرۆکەکەم دەدۆزمـــەوە؛ ئەویش لە بابەتگەرایەتیدایە. ئـــەو بیرۆکەیەی من دروستیدەکەم و دێتەکایەوە سەربەخۆیی خۆی دەسەلمێنێت و دەبێت بە بیرۆکەی هەموو کەسێک. دوولایەنی من هەڵدەگرێت: ئەو جیهانەیە خۆی بۆ من دەردەخات و هەروەها "من"یشم لە پەیوەندییەکەم لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

ئەو بیرۆکەیەی دروســـتیدەکەم دەچێتە نێو بیرکردنەوەی کەسانی دیکەشەوە. هەمانکاتیش دوو دەرگا لەســـەر مـــن دادەخات: ئەو بوونەیە، کە من نییە (چونکە خۆی بۆ من دەردەخات)، هەروەها لە یەکەم ســـاتی دروســـتبوونییەوە دەبێت بە بیرۆکەی هەموو کەسێک و نەناسراو. ئەم تێهەڵکێشکردنەی خۆ و نا-خۆ بە چەمکی "هی منە" دەردەبڕێت.

لەســـەرو ئەمەوە، بیرۆکەی دۆزینـــەوەو دەرکەوتن بیرۆکـــەی چێژوەگرتن لە خاوەنێتیش هەڵدەگرێت. ئەوەی دەبینرێت خۆ بەخاوەنکردنە؛ بینین بێ بنکردنە. ئەگەر ســـەرنجێکی بەراوردکردنەکان لەنێوان زانەر و زانراودا بدەین زۆریان، وەکو توندوتیـــژی بینین دەردەکەون. بابەتە نەزانراوەکە شـــتێکی پاک و بێگەردە و لە سپێتی دەچێت. هێشتا نهێنییەکەی ئاشکرا نەبووە؛ هێشتا مرۆڤ لێی نەپچڕیوە. هەموو ئـــەم وێنانە بێ ئاگایی بابەتەکە لە مەبەســـتی توێژینـــەوەکان و ئامرازە بەکارهێنراوەکان نیشـــاندەدات؛ ئەو نازانێت، کـــە دەزانرێت؛ بەبێ ئەوەی بزانێت ســـیخوڕی بەســـەرەوە دەکرێت لە بوونـــدا بەردەوامە. لەو ژنـــە دەچێت نازانێت کەســـەکەی بە لایدا دەڕوات لەنێو گەرماوەکە دەیبینێت. گوتن هەندێکجار ئاشکرا و جاری دیکەش تەمومژاوییە. ئێمە باس لە داماڵینی ڕووپۆش لەســـەر سروشـــت دەکەین (بۆنموونە وێنەی ڕووپۆشـــی سایس لای شـــیلەر). هەموو توێژینەوەیەک بیرۆکـــەی داماڵینـــی کاڵای تێدایە و ڕێگرەکان لەبەردەم شـــتەکەدا لادەبات و لە شـــوێنێکی دیار و کراوەدا دایدەنێت. لە ڕێگە پاککردنەوەکەی ئەکتیۆن بۆ بینینی دیانا لە نێو گەرماوەکـــە دەکات. لەمەش زۆرتر، زانین ڕاوکردنە. بایکۆن بە ڕاوی (پان) ناوزەدیکرد. زانســـتکار ڕاوچییە و بەدوای شتێکی سپی و ڕووتدا دەگەڕێت و بە تەماشاکردنیشی مافی دەخوات. کۆی ئەم وێنانە ئەوشتە دەردەخەن ئێمە بە گرێی ئەکتیۆن ناوزەدیدەکەین.

بیرۆکەی ڕاوکردن دەکەین بە ڕێنیشاندەری باسەکەمان. هەوڵیش دەدەین هێمایەکی دیکەی خاوەنێتی بدۆزینەوە، کە زۆرتر ســـەرەتاییە: مرۆڤ بۆ خواردن ڕاودەکات. خۆ-تێهەڵقورتاندن لە ئاژەڵدا پەیوەندی بەسێکس یان برسێتییەوە هەیە. زانینیش بەکارهێنانی چاوەکانە. لێرەدا، بەگوێرەی ئەوەی زانین پەیوەندی بە هەستەکانەوە هەیە، پرۆسەکە بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، کە لە پەیوەندی بە بەرهەمی هونەرییەوە بینیمان. ئێمە گوتمان بەرهەمی هونەری لە ڕێژەنێکی چەســـپاوی هۆش دەچێت.

هۆش بەردەوام دروستیدەکات و خۆشی تەنیا و جیاواز لە بەرهەمەکە دادەنێت. ئەم پەیوەندییە لەزانینیشـــدا هەیە، بەڵام لایەنە دژەکەی لێی جیانابێتەوە. لە زانیندا، ئاگامەندی بابەتەکە بەرەوخۆی ڕادەکێشێت و دەیخاتەسەر خۆی. زانین توانەوەی بابەتە. نوسینی بیریارە ئەپســـتمۆلۆجییەکانی فەرەنسا پڕی چەمکە و میتافۆرە لەســـەر خواردن (وەکو توانەوە، هەرســـکردن و قوتدان). جوڵانێکی خۆتوانەوە لە بوونی بابەتەکەدا بەرەو زانراوەکەیە. شتە زانراوەکە دەگۆڕێت بەرەو من؛ دەبێت بە بیرۆکەم و بوونی لەسەر من ڕادەوەستێت. بەڵام جوڵانی توانەوەکە چەقوەستاوەو شـــتە زانراوەکە لە جێگەی خۆی ناجوڵێت. بەتـــەواوی دەتوێتەوە و کەچی وەکو خۆشـــی دەمێنێتەوە. هەرسدەکرێت و لە دەرەوەشـــدا، وەکو بەرد جوڵە ناکات. بۆ بیرکردنەوەیەکی ســـادە هێمای "هەرسکراوێکی هەرســـنەکراو" گرنگە؛ وەکو بەرد لە گەدەی حوشـــترمەل (نەعامە)دا و یۆحەناش لەنێو سکی نەهەنگەکەدایە. هێمـــا نموونەیە بۆ خەونی توانەوەیەکی بێڕوخـــان. فاکتۆرێکی نابەختەوەرانەیە، کە هیگڵ باســـیدەکات و دەڵێت، ئـــارەزوو بابەتەکەی خۆی لەناودەبات. بۆ هیگڵ ئارەزوو چاوبرســـییە. دژی ئەم پێویســـتییە دیالێکتیکییە، بوون-بۆ-خۆ خەو بەو بابەتـــەوە دەبینێت، کە من بتوانم بەتەواوی قووتی بدەم و بەتەواویش لەنێو مندا نەتوێتەوە. بوونی خۆی، وەکو شتێکی لەنێو-خۆ بهێڵێتەوە: ئەوەی من ئارەزوومە بابەتە؛ ئەگەر بیخۆم ئەوا بابەتەکە تەواودەبێت و بێجگە لە بوونی خۆم چی دیکە نامێنێتەوە.

ئـــەم تێهەڵکێشـــییە مەحاڵەی توانەوە و شـــتە تواوەکە، کـــە مانەوەی خۆی پەســـنددەکات پەیوەندییەکی قووڵی بە ئارەزووی سێکیشـــەوە هەیە. بیرۆکەی "داگیرکردنی لەش" شتێکی ناخۆشە، بەڵام لەشێکی ئارەزوو مەندکراو، کە بەردەوام دەکرێت بە موڵک و نوێش دەبێتەوە و خاوەنێتی مۆری خۆی لەسەر جێناهێڵێت، دەخاتـــە ڕوو. ئەمەش لە هێمای 'لوس' یان 'بریقەدار' دا دەردەبڕێت. هەســـت بە لوســـی دەکرێت، بەڵام ناچێتە ناوەوەو لە دەستلەملکردن زۆرتر ناڕوات؛ وەکو ئاو وایە. هۆی ئەمەش، باســـکردنی ڕووتانە جەخت لەســـەر لەشـــی ئافرەتی سپی و لوس دەکات. لوسی لە دەست لەملکردندا خۆی پێکدەهێنێت و وەکو ئاو فۆرمێکی نوێ بـــە تێپەڕبوون بەســـەربەردەکاندا و کون کردنیان بۆ خۆی دروســـتدەکات. خەونـــی دڵدارەکەش ئەوەیە، کە خۆشەویســـتەکەی بکات بـــە خۆی و هەمانکات تاکەکە کەسایەتییەکەشـــی بهێڵێتەوە؛ ئەو دەیەوێت، کەسانی دیکە بەبێ ئەوەی لەناوبچن ببن بە ئەو. لێرەدا، لێکچونەکە لەگەڵ توێژینەوەی زانســـتیدا دەبینین: بابەتە زانراوەکە، وەکو بەردی نێو گەدەی حوشترمەلەکە (نەعامە)، لەنێو مندایە، تواوەتەوە و بووە بە هی من و بەتەواوی منە؛ بەڵام شـــتێکە بە ناویدا تێپەڕنابین و فۆرمەکەی ناگۆڕێت، بە تەواوی لوســـەو لەشـــێکی ڕووتە، کە خۆشەویستەکەی

بێهودە باوەشـــی پیادەکات. شـــتێکە لەدەرەوەدا دەمێنێتەوە؛ بۆئەوەی بیناسێت دەبێ بۆی برسی بێت و نەشی خوات. دەبینین چۆن تەوژمەکانی سێکس و خواردن تێکەڵدەبن تاکو گرێی ئەکتێون یان گرێی یۆحەنا دروستبکەن؛ دەتوانین ڕەگوڕیشەی هەســـتەکی و هەرسکردن ببینین، کە یەکدەگرن تاکو ئارەزوو بۆ زانین پێکبهێنن. زانین خستنەناوە و دەست لەملکردنێکی ڕواڵەتییە. فۆرمی خۆی هەرگیز ونناکات. داهێنانی بەردەوامی بیرکردنەوەیە و دامەزراندنی سەربەخۆیی بیرۆکەکەشە. بابەتە زانراوەکە، وەکو شـــت بیرۆکـــەی منە و ئامانجی توێژینەوەکەشـــمە. پەیوەندییە ســـازاوەکەی زەمین بۆ دامەزراندنی هاندەرە جیاوازەکان خۆشدەکات و پەیوەندی خاوەنێتییە. لەبەرئەمەشە، ئارەزووی زانین، گرنگ نییە، چەند بمانەوێ پەیوەندی خاوەنێتییە. زانین شێوازێکی هەیەتییە.

یەکجۆر لـــە چالاکی دەمێنیتەوە، کە سوپاســـگوزارانەیە؛ ئەویش "یاریکردن" و هاندەرەکانێتـــی. ئایا دەتوانیـــن هاندەری خاوەنێتی لە وەرزشـــدا بدۆزینەوە؟ بەدڵنیاییەوە، پێویســـتە یەکەمجار ئەو خاڵە باسبکەین، کە وەرزش، بەو جۆرەی لەسەر گیانێکی جیدی پێکهاتوە، دەردەکەوێت کەمترین هەڵوێستی خاوەنێتی هەبێت. گیانە جیدیەکەی لە جیهانەوە دەستپێدەکات و زۆرتر ڕاستەقینە بە جیهان نەک بە خۆی دەدات؛ مرۆڤەکە سەر بە جیهانبوونی خۆی دەردەخات. بەڕێکەوت نییە، کە ماتەریالیزم جیدییە؛ بەڕێکەوتیش نەبووە بە ڕاڕەوێکی شۆڕشگێرانە. لەبەرئەوەیە شۆڕشـــگێڕەکان جیدین. ئەوان لەڕێگەی ئەو جیهانەوە، کە دەیانچەوســـێنێتەوە خۆیان دەناســـن و دەیانەوێت بیگۆڕن. ئەوان لەگەڵ دوژمنە کۆنەکانیاندا، ئەوانەی لەڕێگەی جیهانەوە خۆیان دەناسن هاوڕان. هەموو بیرۆکەیەکی جیدی لەنێو جیهاندا خەســـتدەبێتەوە؛ چڕتری دەکات؛ وەلادانی ڕاســـتەقینەی مرۆڤایەتییە لەپێناوی جیهاندا. مرۆڤی جیدی ســـەر بە جیهانە و بەتەنیا بێدەرامەتە. تەنانەت ناتوانێت بیر لـــە دەرچوون لەنێو جیهان بکاتەوە. ئەو بوونی بەردی بە خۆی داوە و لەنێو شتەکانی جیهاندا شتێکی نەبزێوە. دروستە، کە مرۆڤە جیدیەکە ئاگایی سەربەستی لـــە خۆی دەشـــارێتەوە؛ لەنێو بڕوای خراپـــدا دەژی و دەیەوێت خۆی وەکو ئاکام ببینێت. هەمووشـــتێکیش ئاکامی ئەوە و ســـەرەتای نییە. هۆی ئەمەشە گوێ بە ئاکامی کارەکانی دەدات. مارکس لەپێشخستنی بابەت و دواخستنی خۆدا پێشنیاری دۆگمای بنەڕەتی 'جیدی' کردوە. مرۆڤ بە دانانی بوونی بە بابەت جیدییە.

یاریکردن، وەکو گاڵتەجاڕییەکەی کیرکیگارد، خۆیەتی بەردەدات. لە یاریکردندا مـــرۆڤ یەکەم بنەڕەتە و خۆی یاســـاکان دادەنێت. ئایا بێجگە لە شـــوێنکەوتنی یاســـاکان هیچ ئاکامێکـــی دیکەی لەدوایە؟ کاتێک مرۆڤ دەزانێت سەربەســـتە و سەربەســـتییەکەی بەکاردەهێنێت چالاکییەکەی دەبێت بە یاری. یەکەم یاســـای یاریکردن خودی مرۆڤەکەیە؛ مرۆڤ بە ڕێگای یاریکردن لە سروشتی ڕادەکات؛ بەها

به یارییەکەی دەدات و بەو یارییەش ڕازیدەبێت، کە خۆی یاساکانی بۆ داناوە.

لە ئاکامدا و لەم ڕووەوە ڕاستەقینەیەکی بچوک دێتە جیهانەوە. لەوانەیە ئەو کاتەی مرۆڤ یارییەک دەکات و خۆی بە داهێنەری سەربەستی یارییەکە دادەنێت، گوێ بە خاوەنێتی شتێک لەنێو جیهاندا نەدات. ئامانجی ئەو لە وەرزش و یاریکردندا بوونی خۆیەتی لە شێوازێکی تایبەتیدا. ئەوەش ئەو بوونەیە، کە پرسیاری لەبارەوە دەکات.

مەبەست لەم خاڵانە ئەوە نییە، کە ئارەزووی یاریکردن کەمنەکراوەیە. بەپێچەوانەوە، پێویستە بەو ئاکامە بگەین، کە لێرەدا ئارەزووی 'کردن' دەبێت بە ئارەزوو بۆ 'بوون'. کردنەکە نابێت بە واتا بۆ خۆی؛ بەڵکو دەبێت سەربەستییەکی ڕەها بەرجەستە بکات، کە بوونی مرۆڤەکەیە. ئەم پڕۆژە تایبەتییە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. ڕادکاڵانە لە پڕۆژەکانی دیکەوە جیاوازە. دەبێت بە درێژی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پڕۆژەی بوون بە خوا ڕوونبکەینەوە، کە لە قوڵایی بونیادی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدایە. بەڵام ڕوونکردنەوەکە لێرەدا ناکەین؛ پەیوەندی بە ڕەوشتەوە هەیە؛ لەمحاڵەتەدا دەبێت هەڵوێستێکی ڕەوشتانە لە ئاستی بەهادا هەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ڕاستییە لەناونا چێت، کە ئارەزووی یاریکردن لە بنەڕەتەوە ئارەزووکردنە بۆ بوون.

سێ کاتیگۆرییەکەی 'بون'، 'کردن' و 'هەیەتی' لێرەدا و لە هەموو شوێنێکی دیکەدا بۆ دوو کاتیگۆری کەمدەکەینەوە؛ 'کردن' گواستنەوەیە. ئەمەش ئارەزوو دەکات بە ئارەزووی هەیەتی و بوون. زۆرکەمیش هەڵدەکەوێت وەرزش هیچ هەڵوێستێکی خاوەنێتی تێدا نەبێت. من حەزدەکەم یارییەکەم چاک بێت و ببم بە هاندەریش بۆ یاریزانەکان؛ لێرەدا باسی ئارەزووی خاوەنێتی لە شتێکی جوان و ماسولکاوی ناکەم، کە لە ئارەزووکردنم بۆ خۆیەتی دەرەکی بوونم-بۆ-کەسانی دیکەوە هەڵدەقوڵێت.

هەمووجاریک ئەم ئارەزووانە ناچێتە ژوورەوە و بنەڕەتیش نین. بەڵام لە وەرزشدا هەمیشە لایەنی خۆیەتی هەیە. وەرزش شێوە گۆڕانێکی سەربەستی ژینگەیە بۆ ئەو خەسڵەتانەی پشتگیری کردنەکە دەکەن. ئەمەش وەرزش، وەکو هونەر، دەکات بە داهێنان. دەشێ ژینگە کە گۆرەپانێکی بەفرین یان لوتکە لێژەکانی چیای ئەلپ بێت. بینینی دەبێت بە خۆیەتی و بەچاو دەکرێت بە هێمایەکی بوون. شتێکی دەرەکی ڕووت و شوێنێکی ڕادیکاڵە؛ ناجۆرییەکەی، دووبارە بوونەوەکەی و سپێتیەکەی جەوهەرەکەی بە ڕووتی دەردەخەن؛ بوون-لەنێو-خۆ بوونی دیاردەیە و لە دەرەوەی هەموو دیاردەکان کتوپڕ خۆی دەردەخات. هەمانکات ڕەقی و چەقوەستاوی لایەنی هەمیشەیی و دەرەکی بوون-لەنێو-دەردەبرێت. هێشتا ئەم چێژوەرگرتنە سەرەتاییە بۆ من و بەس نییە. ئەو بوونە-لەنێو-خۆیەی، ئەگەر بە جەوهەرە درێژ بووەکەی دێکارتی دابنێین، وەکو دیاردەی شتێک، کە بوونی من نییە سەرسامم دەکات؛

من حەزدەکەم ئەو بەشـێک بێت و لە بوونی منەوە دەرچووبێت و بەوشـێوەیەی هەیە بمێنێتەوە. ئەمەش لەو بووکە بەفرینەیەیە دەچێت منداڵان دروسـتیدەکەن؛ ئامانجەکە کردنی شـتێکە لە بەفر؛ واتە فۆرمێکی بدەیتێ، کە لە ئەسـتوەکەدایە و ئەسـتوەکەش لەپێناوی فۆرمەکەدا هەیە. بەڵام ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ کێڵگە بەفراوییەکەدا دروستبکەم هەمووشـتێک دەگۆڕێت. تەرازووی بوونی تێکدەچێت؛ بوونـی جیاجیا و پارچەپارچـە دەبینرێت؛ پەڵە و فڵچە و بۆشـایی ئینجەکانی دەردەخـەن. دەتوێتەوە و دەبێت بە ئـاو. من تاکو ئەژنۆم دەچێتە نێو بەفرەوە؛ ئەگەر تۆپەڵێک بەفر هەڵگرم، لەنێو دەسـتمدا دەبێـت بە ئاو و دەڕژێت؛ هیچی نامێنێتەوە. ئەو بوونە-لەنێو-خۆیە شێوە دەگۆڕێت و دەبێت بە هیچ. ئارەزووم بۆ خاوەنێتـی بەفرەکە هەمانکات لەناودەچێت. هەروەها، نازانم چی لەو بەفرە بکەم، کە دەیبینم و لەنێو دەستمدایە. ناتوانم باوەش بە هەموو کێڵگەکەدا بکەم؛ تەنانەت ناتوانم، وەکو ئەو جەوهەرەی خۆی لە بینینەکەمدا دەرخسـت پێکبهێنمەوە، کە کتوپڕ ڕووخا.

خلیسـکانی سـەربەفر جوڵانی خێرا نییە و لێزانینی دەوێت. هەروەها منیش دەکات بـە خاوەنـی کێڵگە بەفرینەکە. ئێسـتا من دەمەوێت شـتێکی لێبکەم. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت، من وەکو یاریزانی سـەر بەفرەکـە بەفرەکە دەگۆڕم و واتای پێدەبەخشـم. دەبینم لێژاییەک لەبەردەممدایـە و دەبێت بیبڕم، دوایش بەردەوامی و یەکێتییەکەی دەدۆزمەوە. لەمحاڵەتەدا ئەمە پێکەوەبەسـتنە. لەنێوان دوو چەمکی بڕاوەدا هەیە؛ خاڵی سـەرەتا و گەیشـتنەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. مـن لە داگەڕانەکەشـدا چاو دەبڕمە ئەو شـوێنەی دەمەوێ بیگەمـێ و ڕوولەو خاڵەدەکەم. پێداگەڕانەکە چالاکییەکی بزێوی ڕووت نییە؛ تێهەڵکێشەی ڕیزکردن و پەیوەندییەکانیشە؛ بەوجۆرەی ئەندازیارێک، (کانت) گوتەنی، بەکێشانی هێڵێکی ڕاسـت تێدەگات، منیش بە تەماشاکردنی کێڵگە بەفرەکە تێیدەگەم. هەروەها ئەم ڕیزکردنە پەراوێزی نییە و چڕە؛ کێڵگەکە بۆ خۆی و لەنێو خۆیدا یەکی نەگرتوە؛ ئامانجەکە ئاشـکرا دیارە و بابەتە ویستراوەکەشم ئەو خاڵەیە لە قەراخ کێڵگەکە دەیبینم، کە دەبێت بیگەمێ. شوێنە بەفرینەکە تەنێکی ڕەق و بەفراوییە؛ بۆ ئەوەی بە کۆتایی بگەم، بەوجۆرەی کەسێک بۆ گرتنی چەکوشەکە مافورەکەی تەنیشتی بۆ داکوتین نابینێت، منیش کێڵگەکە نابینم.

هیـچ خاوەنێتییەک ئەوەنـدەی خاوەنێتی ئامێـرەکان تەواو نییـە؛ لێرەدا، چالاکی خاوەنێتی چالاکییەکی تەکنیکییە بۆ سودوەرگرتن. کردنەکەم بەوجۆرەی چەکوشوەشـاندنەکە واتای چەکوشـەکە دیاریدەکات، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەفرەکە. هەمانکات، بۆ ئەوەی لە لوتکەی بەفرەکە تێبگەم بۆچوونێکی دیاریکاوم هەڵبژاردوە: ئەوەش خێراییەکی دیاریکراوی منە، کە دەتوانم کەم یان زۆرتری بکەم؛

لەو خێراییەوە کێڵگەکە دەبێت بە بابەتێکی جیاوازتر لە خۆی و بەپێی خێراییەکە دەگۆڕێت. خێراییەکە شتەکان بە ویستی من کۆدەکاتەوە؛ بیر لەو ناوچەیە بکەوە بە پێ، ئوتۆمۆبیل، شـــەمەندەفەر یان پاســـکیل پیایـــدا گەڕاویت. بۆچوونەکانت بەگوێـــرەی خێراییەکانیان دەگۆڕێن. دووری (بێزیـــەر) لە (ناربۆنەوە) دەبێت بە کاتژمێرێک، ڕۆژێک یان دوو ڕۆژی گەشـــتەکە. کەوابوو، من بەگوێرەی خێراییەکە سەربەستانە فۆرم بە کێڵگە بەفرینەکە دەبەخشم. هەمانکات من کار لەسەر لەشی خۆم دەکەم. خێراییەکە بەتەنیا فۆرم بەســـەر بابەتە دەرەکییەکەدا ناسەپێنیت؛ مەتەرەکاەشـــی دروســـتدەکات. ئەو بەفرەی لەژێر پای مندا دەتەپێت یان لەنێو دەستمدا دەتوێتەوە لەگەڵ خێرایی چالاکییەکەمدا دەبێت بە شتێکی ڕەق؛ پشتگیری من دەکات. هۆکاری ئەمەش لاچوونی سوکی و نا-جەوهەربوونییەکەی لەناوچوونە بەردەوامەکەی نییە. بەپێچەوانەوە، ئەو ســـوکی، لەناوچوون و شلییە نهێنییەیە، سەرنجی من ڕادەکێشێت؛ ڕەق و شل دەبێت تاکو پشتگیری لە من بکات. هۆکاری ئەمەش بۆ پەیوەندی خاوەنێتیم لەگەڵ بەفرەکەدا، کە خلیسکاندنە، دەگەڕێتەوە. ئێمە لەدواییدا باســـی ئەم پەیوەندییە دەکەین. بەڵام ئێســـتا هەوڵدەدەین لە واتا جەوهەرییەکەی تێبگەین. ئێمە وا بیر لە خلیسکاندن دەکەینەوە، کە لەسەر زەمین دەمێنێتەوە. ئەمەش دروستە. بەدڵنیاییەوە، من لەسەر ڕووی زەمین دەبم و ئەمەش پێویســـتی بە لێکۆڵینەوە هەیە. بەڵام تێهەڵکێشەیەکی قوڵیشی هەیە. من دەزانم بەفرەکە لەژێرەوە خۆی گرتوە تاکو من لەسەری برۆم؛ خلیسکاندنەکە چالاکییەکە لە دوورەوە؛ لە خۆیەتیم بۆ مەتەرەکە بەبێ ئەوەی پێویست بکات ڕەتیبکەم دڵنیام دەکات. خلیسکاندن بەپێچەوانەی ڕەگداکوتانە. ڕەگەکە نیوەی چۆتە ژێر زەمینەوە خۆی داکوتاوە؛ بووە بە بەشـــێک لە ژیانی گەشـــاوەی زەوی؛ بۆ سودوەرگرتن لە زەوی دەبێت خۆی بە زەوی بکات. خلیســـکاندن، بەپێچەوانەوە، یەکێتی ماتەری لە قوڵاییدا بەبێ ئەوەی بچێتە ناوەوە دەناســـێت؛ لەو خاوەن دەستەڵاتە ترسناکە دەچێت، کە پێویســـت ناکات بۆ ئەوەی پەیڕەوی فەرمانەکانی بکرێت زۆربکات و دەنگ بەرزبکاتەوە. لەمەشـــەوە پێشنیارە باوەکەمان بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت، "ئەی مرۆڤە تەمەن کورتەکەن بخلیسکێن و بیر لە خوارەوە مەکەنەوە". مەبەست ئـــەوە نییە لەشـــتەکان قووڵ نەبیتەوە، بەڵکو تێهەڵکێشـــەکان بە قووڵی ببینەو کۆڵمەدە.

خلیسکاندن خۆیەتییە چونکە تێهەڵکێشەکەی پشتگیریدەکات، لە خێراییەکەدا دەبینرێت و بۆ خلیسکەرەکە لە کاتی خلیسکاندنەکەدا دروستە. ڕەقی بەفرەکە تەنیا بۆ من کاریگەرە و واتا بەخشە؛ نهێنییەکە، کە بەفرەکە بۆ منی ئاشکرا دەکات و لەپشتی منەوە نابێت بەشتێکی ڕاست. خلیسکاندن پەیوەندییەکی مێژوویی نێوان تـــاک و ماتەر دەردەخات؛ مەتەرەکە خۆی بە ڕەقی کۆدەکاتەوە تاکو من بگرێت.

لەپشـــتی منەوە بە ماندوویی پەرشوبڵاو دەبێتەوە. بە تێپەڕبوونەکە ئەوەی بۆ من گرنگە دەدۆزمەوە. بیرۆکەی خلیسکاندن خودی خلیسکاندنە، کە هیچ ئاسەوارێک لەپاش خۆی جێناهێڵێت. خلیســـکاندنی ســـەرئاو لە پاش بەلەمەوە یان بەلەمی ماتۆڕییەوە، لەم دواییەدا دروســـتکراوە، نموونەی وەرزشـــی ئاوییە. خلیسکاندنی سەربەفر کەمتر تەواوکۆیە؛ ئاسەوارێک لە پاش من جێدەهێڵێت. یارییەکی کەمترە ئەگەر خەڵکـــی ئەم یارییە بکەن و گوێ نەدەنـــە کەمییەکەی، هۆکاری دیکەیان بەدەســـتەوە هەیە. لەکاتێکدا ئاسەواری خلیســـکاندنەکەمان پاش خۆمان لەسەر بەفرەکە دەبینین کەمێک توشـــی نائومێدی دەبیـــن. چەند خۆش دەبوو بەفرەکە بچوایەتەوە شـــوێنی خۆی! هەروەها ئێمەش لەگەڵ خلیسکاندنەکەمان لە لوتکەی چیاکەوە حەزدەکەین ئاسەوار پاش خۆمان جێنەهێڵین. دەمانەوێت بەفرەکە وەکو ئاوەکە ڕەفتار بکات. لەبەر ئەمە خلیســـکاندن لـــە داهێنانێکی بەردەوام دەچێت. خێراییەکەش هێمایە و ئاماژە بۆ ئاگامەندی دەکات و کاریگەرێتی بەسەر ماتەرەکەوە دیاریدەکات. دەرخســـتنی یەکگرتنەکە تێهەڵکێشـــکردنە خەســـتەکەی کێڵگەی بەفرەکە، کە دەبێت بە تەنێکی ڕێکخراو بۆ ســـود لێوەرگرتن، بەوجۆرەی سود لە چەکوشـــەکە یان دەزگایەک وەردەگرین و بە ئاســـانی دێتە ژێر دەست، بەردەوام لە داهێناندا دەبێت؛ بەفرەکە بە خلیســـکاندنەکە ڕەق دەبێت و لە دەستەمۆکردنی لەشـــی ڕووتی ئافرەتەکە لە دەســـت لەملکردنەکەدا دەچێـــت. بەڵام، بەفرەکە لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە و دەســـتمان نایگاتێ؛ لەڕوویەکەوە، چالاکی خلیسکێنەرەکە لایەنـــە هێزەکییەکانی بەفرەکە دەخاتە بەرچـــاو. ڕەقی و یەکلایەنی ماتەرەکە لە وەرزشەکەیدا ئاشکرا دەبێت. ڕەقی و یەکلایەنییەکەشی خەسڵەتی ماتەرەکەن. ئەم تێهەڵکێشکردنەی خۆ و نا-خۆ لە چالاکی وەرزشزانەکەدا بەوجۆرەی لە بیرکردنەوە و بەرهەمی هونەریشدا هەیە، بەجەختکردنی مافی یاریزانەکە لەسەر و بەفرەکەوە دەردەبڕێت. من هەزارجار خۆم گواســـتۆتەوە و بەخێراییەکەم کارمکردۆتە ســـەر هێزی خەستبوونەوەکە؛ کە من خاوەنیم.

ئەمجۆرە خاوەنیتییە لە وەرزشـــدا دژوارییەکـــی دیکەی تێدایە. پێش داگەڕانم بە لوتکە بەفرینییەکەدا دەبێت پیایدا هەڵگەڕێم و بچمە ســـەری. پێداهەڵگەڕانەکە بەرگریکردنێکی دیکەی بەفرەکەم نیشـــاندەدات. من بەماندووبوونەکەم هەست بە بەرگریکردنەکەی دەکەم. هەموو ساتێکیش نزیکبوونەوەی سەرکەوتنەکەم دەپێوم. لێرەدا، بەفرەکە و بوونی کەســـانی دیکە و چەمکە باوەکانی، وەکو 'تێپەڕکردن'، 'داگیرکـــردن'، 'کارامە' و هتد لەیـــەک دەچن. پەیوەندی نێوان من و بەفرەکە بە پەیوەندی نێوان خاوەن کۆیلەو کۆیلە دادەنێن.

ئەم خاوەنێتییەی لە هەڵگەڕانەکەدا دەبینرێت لە مەلەوانیشدا هەیە. ئەو سەرەی ئالاکەی لێدانراوە دەبێت خاوەنێتی ئەو ســـەرەی ئالاکەی لیدانراوە بکەین. بنەمای

وەرزش، کەوابــوو، بەتایبەتی ئەو وەرزشـــانەی لە دەرەوەی هــۆڵ و یاریگاکاندا دەکرێن، داگیرکردنی تەنە گەورەکەی زەمین و هەواو ئاوە، کە لەوەوپێش سودیان لێوەرنەگیــراوە. خاوەنێتیش لە هەموو حاڵەتەکاندا پرســیاری لەبارەوە دەکرێت. هونەر، زانســت و یاریکردن چالاکین بۆ وەدەســتهێنانی خاوەنێتی لەودیو بابەتە کۆنکرێتییە ویستراوەکەوە، کە خودی بوونە یان بوونە ڕەها لەنێو-خۆکەیە.

ئۆنتۆلۆجــی فێرماندەکات لە بنەڕەتدا ئارەزوو ئارەزووکردنە بۆ بوون. ئەمەش پەیوەندی بە خەسڵەتی کەمی و سەربەستی بوونەوە هەیە. هەروەها، فێرماندەکات ئـــارەزوو پەیوەندییە بە هەبوویەکی کۆنکرێتییەوە لەنێو جیهاندا و ئەو هەبووەش بوون-لەنێو-خۆیـــە؛ فێرماندەکات پەیوەندی نێوان ئەو بوون-لەنێو-خۆیە و ئارەزوو خاوەنێتییـــە. لێرەدا لەبـــەردەم دوولایەنی ئارەزوودا ئامـــادە دەبین: لەلایەکەوە، ئارەزوو ئارەزوکردنە بــۆ بوونێکی دیاریکراو، کــە بوونێکی-لەنێو-خۆی-بۆ-خۆی هەیـــە و نموونەییە: لەلایەکی دیکەوە، ئـــارەزوو لەزۆرحاڵەتدا پەیوەندییە لەگەڵ بوون-لەنێو-خۆی هەڵکـــەوت و کۆنکرێتیدا، کە پڕۆژەی خاوەنێتی هەیە. ئایا ئەم دوولایەنە بەسەریەکدیا زاڵدەبن؟ هاوتەراز دادەنرێن؟ ئێمە دەتوانین لە بنەماکانی سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی دڵنیابین ئەگەر ئۆنتۆلۆجی پێناسەی پەیوەندی نێوان ئەو دووجۆر بوونە و خاوەنێتییەکە بکات. ئێســـتاش هەوڵدەدەین ئەم خاڵە ڕوونبکەینەوە.

ئایـــا مەبەســـتمان لە 'خاوەنێتی' چییـــە؟ یان چی لـــە داگیرکردنی بابەتێک تێدەگەیـــن؟ ئێمە کاتیگۆری 'کردن'مان کەمکردەوە تاکو کاتیگۆریەکانی 'بوون' و 'هەیەتی' ببینین. ئایا دەتوانین ئەمە لەگەڵ کاتیگۆری 'هەیەتی'دا بکەین؟

ئاشـــکرایە، لەزۆر حاڵەتـــدا، داگیرکردنی بابەتێک لەوەدایە بتوانیت ســـودی لێوەرگریـــت. بەڵام زۆر لەگەڵ ئـــەم بۆچوونەدا هاوڕا نیم. من لـــە قاوەخانەکەدا ســـود لە لێوان و قاپەکە وەردەگرم، بەڵام نابم بە خاوەنیان. سود لە تابلۆی سەر دیوارەکە وەرناگرم، کەچی من خاوەنیم. ئەو مافەی بۆ لەناوبردنی بابەتێک هەمە، کە من خاوەنیم هەندێکجار دروست دەرناچێت.

پێناسەکردنی خاوەنێتی لەسەر ئەم مافە دەبێت بە پێناسەیەکی ڕووتکراوە. لە کۆمەڵگایەکدا، کە پلانی ئابووری بۆ دادەنرێت خاوەن کارخانەیەک مافی خاونێتی کارخانەکەی هەیە، بەڵام مافی داخستنی پێنادرێت. لە ڕۆما خاوەن کۆیلە دەیتوانی کۆیلەی هەبێت، بەڵام مافی کوشتنی کۆیلەکەی پێنەدەدرا.

ئایا مەبەست لە مافی لەناوبردن یان سودوەرگرتن چییە؟ ئەم مافە من دەخاتەسەر زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و پێناســـەی خاوەنێتیش لەســـەر ئەو زەمینە دەکرێت. هەروەها، ماف نەرێییەکی ڕووتە و سنورە بۆ ڕێگرتنی کەسانی دیکە لە سودوەرگرتن و لەناوبردنی ئەو شـــتانەی هەمە. بێگومان، دەتوانین پێناسەی خاوەنێتی لەسەر

کارکردنی کۆمەڵایەتی بکەین. بەڵام، لەپێش هەموو شتێکدا، هەرچەندە کۆمەڵ مافی خاوەنێتی بەگوێرەی یاسا دەسەلمێنێت، هێشتا پەیوەندی خاوەنێتی دروستناکات. ئەوپەڕی دەتوانێت بیکات بە یاسایی. ئەگەر خاوەنێتی بخرێتە ئاستی پیرۆزییەوە دەبێــت لەنێوان بوون-بۆ-خــۆ و بوون-لەنێو-خۆیەکی کۆنکرێتیدا پەیوەندی بێت. ئەگەر بیر لە داهاتووی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بکەینەوە، کە خاوەنێتی تاکەکەسی تیادا ناپارێزرێت و داگیردەکرێت ئەوە ناگەیەنێت پەیوەندی خاوەنێتی لەناودەچێت؛ لەگــەڵ پەیوەندی تایبەتی نێوان مرۆڤ و شــتەکاندا دەمێنێتــەوە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، کە پەیوەندی هاوسەرییبوون نەکرابوو بە یاسا و میراتی لە دایکەوە دەستپێدەکرد، پەیوەندی سێکسی، لە شێوەی دۆستایەتیشدا بووبێت، هەرهەبوو. کەوابوو، پێویستە خاوەنێتی و مافی خاوەنێتی لەیەکدی جیابکەینەوە. لەبەرهەمان هۆکار، پێناســەکەی پرۆدۆن، کە دەڵێت، "خاوەنێتــی دزیکردنە" ڕەتدەدەمەوە. بێگومان خاوەنێتی لە دزییەوە پەیدا دەبێت یان لە پێناوی خاوەنێتیدا کەســێکی دیکە تــاڵان دەکەین. دزێک خۆی بە خاوەنی پارە دزراوەکەی دادەنێت. کەوابوو، کێشەکەمان ڕوونکردنەوەیەکی تەواوی پەیوەندی نێوان دز و شتە دزراوەکان و ئەو شتانەیە ڕەوایانە بە یاسا بوون بە ماڵ.

ئەگەر بیر لەو بابەتە بکەمەوە، کە ماڵی منە، دەبینم خەسڵەتی بوونی بەتەواوی ئامــاژە بۆ ناولێنانی دەرەکی و بابەتــە دەرەکییەکە بۆ من ناکات؛ بەپێچەوانەوە، خەســڵەتەکە بە قووڵــی کاریتێدەکات؛ بۆ من و کەســانی دیکەش دەریدەخات، کە بەشــێکی بوونی بابەتەکەیە. لەبەر ئەمەشــە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە هەندێک کەسیان دەگووت، 'داگیرکراو'، واتە سەر بە شتێکی دیکەیە... بۆ ئەمەش مردووەکانیان بە کەلوپەلەکانیانەوە دەناشت، تاکو لەدواییدا بەکاریان بهێنن. هەڵبەتە ئەو کاتەی ئەمجۆرە کەلتوورە ســەریهەڵدا وا بیری لێنەدەکراویەوە. کەلوپەلەکان خەســڵەتی مردووەکەیان هەڵدەگرت و هەمووی بوونی ئەویان پێکدەهێنا؛ ناشتنی مردووەکە بەبێ کەلوپەلەکانی، وەکو ناشتنی لاشەکەی بەبێ قاچەکانی بوو. لاشە و لێوانەکەی ئاوی پێدەخواردەوە لەگەڵ چەقۆکەی کەسە مردووەکەیان پێکدەهێنا. ســوتاندنی بێوەژنیش لە ناوچەی (مالەبار) لەگەڵ لاشــەی مــردووی مێردەکەدا سەربەم بنەمای پەیوەندییەیە؛ ژنەکە بوونێکی داگیرکراوی هەیە؛ پیاوە مردووەکە لەگەڵ خۆیــدا دەیباتە نێو گۆڕ. بەگوێرەی کۆمەڵ و یاســای ئەو کۆمەڵە ژنەکە لاشەیەکی مردووە؛ سوتاندنەکە یارمەتی دەدات بە مافی مردن لەدەست ئەم مردنە دەربازبێت. ئەو بابەتانەی ناخرێنە نێو گۆڕەکەوە دەبن بە دێوەزمە. خێو بیرۆکەی داگیرکردنی خانویەک [لەلایەن هێزێکی نادیارەوە] دەکات بە بیرۆکەیەکی کۆنکرێتی. لــە کاتێکدا دەڵێین، خانوەکە خێوی تێدایە مەبەســتمان ئەوەیە پارە و هەوڵدان کارناکەنە سەر ڕەهەندی مێتافیزیکی و فاکتۆری ڕەهای خاوەنێتییەکەی کەسەکەی

پێشو. دروستە، کە ئەو خێوانەی لەنێو قەڵا کۆنەکاندا هەن (لاریس)ی نزمن. بەڵام ئەمانە بێجگە لەو نهۆمانەی خاوەنێتی بەسەر دیوارەکانەوە چین؟ یەکەم، دەربڕین بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان شـتێک و خاوەنەکەی بەتەواوی دەچێتە ناوەوەی چەمکی خاوەنێتییەوە؛ مەبەسـت لە داگیرکردن ئەوەیە کەسێک خاوەنی تۆ بێت. واتە، بابەتە داگیرکراوەکە دەستی لە بوونی دراوە. هەروەها لەناوبردنی خاوەنەکە دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی مافی داگیرکراوەکە. بەپێچەوانەشـەوە، مانەوەی شتە داگیرکراوەکـە دەبێتە هۆکاری مانەوەی مافی خاوەنەکە. بەندی خاوەنێتی بەندی نـاوەوەی بوونە. مـن لەنێو بابەتە داگیرکراوەکـەدا خاوەنەکەی دەبینم. ئەمەش گرنگی پاشماوە کۆنەکانە؛ مەبەستمان تەنیا پاشماوەی ئایینی نییە، بەڵکو هەموو کەلوپەلەکانی مرۆڤێکی ناوداریشە، کە لەوانەیە ئەو مرۆڤە بناسین. (بۆنموونە، بیر لە مۆزەخانەی ڤیکتۆرهۆگۆ یان کەلوپەلەکانی بلزاک و فلوبێرت بکەوە.)

ئەم بەنـدە ئۆنتۆلۆجییە ناوەکییە لەنێوان شـتەکە و خاوەنەکەیدا بیردۆزەی خاوەنێتی ڕیالیستانە ڕاڤەناکات. ئەگەر پێناسەکەمان بۆ ڕیالیزم، وەکو خۆ و بابەت بە دوو لایەنی سەربەخۆ دابنێت و دروستبێت، ئەوا بۆ خاوەنێتی بەکارنایەت. بەڵام زانیمان کە بوونی جەوهەری بـە بابەتە زانراوەکە دەدرێت. ئەمەش بۆ خاوەنێتی دەبێت: شـتە داگیرکراوەکە بوونی خۆی هەیە، شتێکە بەردەوام و لە کات-بەدەر. کەوابوو، دەبێ سەربەخۆیی پێببەخشین. جەوهەرێک نابێت بە خاوەنی جەوهەرێکی دیکە. ئەگەر خەسڵەتی 'داگیرکردن' بە شتێک بدەین. لەبەر ئەوەیە، کە پەیوەندی بنەڕەتی و ناوەکی بوون-بۆ-خۆ لەگەڵ بوون-لە-نێو خۆدا، کە دەبێت بە خاوەنێتی لـە ناتـەواوی بوون-بۆ-خۆوە پەیدا دەبێت. ئەوەش دروسـتە، کـە بابەتەکە بە داگیرکردنی کارناکرێتە سەری و وەکو بابەتی زانین وایە. بەبێ دەستلێدان (مەگەر لەو حاڵەتەدا بابەتە داگیرکراوەکە مرۆڤێکی دیکە، بۆنموونە کۆیلە یان لەشفرۆشێک بێت) دەمێنێتەوە. ئەمەش کارناکاتە سـەر واتاکەی؛ واتاکەی ئەم خاوەنێتییە بۆ بوون-بۆ-خۆ دەردەخات.

ئەگەر خاوەن و شـتە داگیرکراوەکە لە پەیوەندییەکی ناوەکییدا لەسەر کەمی بوونی بوون-بۆ-خۆ یەکبگرن، دەبێت واتا و سروشـتی ئەو یەکگرتنە دوولایەنییە ڕوونبکەینـەوە. لەڕاسـتیدا، پەیوەنـدی ناوەکـی تێهەڵکێشـەیە و کاردەکاتە سـەر هەردوو لایـان. واتە، هەردوو لایەنەکە بە بیرۆکە ڕاسـتەقینەیەکی تایبەت دروسـتدەکەن. خاوەنێتی یەکگرتنە لەگەڵ بابەتەکـەدا. حەزکردن لە بابەتێکی دیاریکراو حەزکردنێکی سادە بۆ ئەو بابەتە نییە؛ ئارەزووکردنە لە یەکگرتن لەگەڵ بابەتەکەدا و بەسـتنی پەیوەندییەکی ناوەکییە لە شێوازی یەکگرتنی "داگیرکەر و داگیرکراوەکەدا." ئارەزووکـردن لە هەیەتی دەبێت بە ئارەزووی پەیوەندی لەگەڵ بابەتێکدا و لە پەیوەندییەکی دیاریکراو لەگەڵ بووندا.

لەگـــەڵ دامەزراندنـــی پەیوەندییەکـــەدا، بەوجۆرەی تەماشـــای هەڵوێســـتی زانســـتکارەکە، هەنەرمەندەکە و وەرزشزانەکەمان کرد، بۆ ئێمەش سودی دەبێت. لە هەڵوێستی هەریەکێک لەواندا شێوازێکی خاوەنێتیمان دۆزییەوە. دەرکەوت، کە بابەتەکە جۆرێکە لە هەڵقوڵاوی لایەنی خۆیەتیمان و لەدەرەوەشدا سەربەخۆییەکەی پارێزراوە. "هی منە"، وەکو پەیوەندی بوون لەنێوان لایەنێکی خۆیەتی ڕەهای من و لایەنـــی دەرەکی ڕەهای ئەوەی من-نییە دامەزرا. لەنێو هەمان ســـازاندنی خۆ و نا-خۆدا و نا-خۆ و خۆدا ســـەریهەڵدا. بەڵام، پێویستە لە باسی ئەم پەیوەندییەدا وریاتر بین. لە پرۆژەی خاوەنێتیدا ڕووبەڕووی بوون-بۆ-خۆ دەبینەوە. ســـەربەخۆ و جیا لەو ئەگەرەوە ڕادەوەســـتێت، کە ئەوە. ئەو ئەگەرەش ئەگەری داگیرکردنی بابەتە. هەروەها، ئـــەو بەهایەش دەبینین، کە دەبێت بە دێوەزمەی بوون-بۆ-خۆ، وەکو بیرۆکەی هەمووی بوون و یەکگرتنەکە دروســـتیدەکات. کەوابوو، خاوەنێتی پەیوەنـــدی بوونە لەنێـــوان بوون-بۆ-خـــۆ و بوون-لەنێو-خۆیەکـــی کۆنکرێتیدا و یەکگرتنەکەی نێوانیان پێکدەهێنێت.

خاوەنێتی واتە شتێک هەیە بۆ منە؛ واتە، من کۆتاییەکی تایبەتی ئەو بابەتەم. ئەگەر خاوەنێتی بەتەواوی شتێکی دراوبێت کەسەکە دەبێت بە خاوەنی بابەتەکە. مـــن ئەو پاندانەم هەیـــە؛ واتە ئەو پاندانە بۆ من هەیە یان بۆ من دروســـتکراوە. لەســـەرو ئەمـــەوە، من ئەو بابەتەی دەیخوازم دروســـتدەکەم. دابەشـــکردنی کار بناخەی ئەم پەیوەندییە لەقدەکات، بەڵام لەناوینابات. خۆشگوزەرانی لە پلەوپایە نزمکردنەوەیەتی؛ لەخۆشگوزەرانییدا من بابەتێکم هەیە کەسانی دیکە (وەکو کۆیلە یان نۆکەرەکانی نێوماڵ) بۆ من دروســـتیان کردوە. خۆشـــگوزەرانی شـــێوازێکی خاوەنێتییە، بەڵام ســـەرەتاییە. لەنێو کۆمەڵدا، کاتێک باســـی دابەشـــکردنی کار دەکەین، ئەم پەیوەندییە ســـنوردارەدەکرێت و دادەپۆشـــرێت، بەڵام خەفەناکرێت. ئەو بابەتەی هەمە ئەوەیە، کە کڕیومە. پارە دەبێت بە دەســـتەڵاتی من؛ ئامێرێکە بۆ خاوەنێتی. لەبەر ئەمەش، بێجگە لە حاڵەتە نائاســـاییەکانی چاوچنۆکی، پارە بۆ ئەگەری کڕین دەوردەبینێت؛ شـــتێکی کەم خایەنە و بۆ دەرخســـتنی بابەتەکە دروســـتکراوە و بوونێکی گوێزراوەی هەیە. بەڵام بۆ من دەســـتەڵاتێکی داهێنەرە: کڕینـــی بابەتێک، وەکو داهێنانی بابەتەکە کارێکی هێماییە. لەبەر ئەمەیە پارە بە دەستەڵات دادەنرێت. لەبەر ئەوە نییە دەتوانین ئەوەی ئارەزوومانە پێی پەیدابکەین بەڵکو نوێنەری کاریگەرێتی ئارەزووەکەشـــمە. شـــتێکی بەرزە ڕووەو بابەتەکە و نوێنەری پەیوەندییە جادوگەرییەکەمە لەگەڵ بابەتەکەدا. پارە پەیوەندی تەکنیکی نێـــوان خۆ و بابەت دادەپوشـــێت. ئارەزوو دەخاتەگـــەر و دەبێت بە جادوی نێو داســـتانە جادوگەرییەکان. لەبەردەم جانتایەک پارەی نێو گیرفانت ڕاوەستە؛ ئەو شتانەی بۆت دانراون نیو ساڵ کەمتر کۆنن. لەم ڕووەوە، پارە بەندێکی خاوەنێتی

لەنێوان بوون-بۆ-خۆ و هەموو بابەتەکانی نێو جیهان دەبەستێت. بە هۆی پارەوە ئارەزوو دەبێت بە زانیاری بەخش و داهێنەر.

لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەردەوامی پلەوپایە بەرزەکە بەندی داهێنانی نێوان خۆ و بابەت دەمێنێتەوە. هەیەتی، یەکەمجار داهێنانە. کەوابوو، بەندی خاوەنێتی بەندی داهێنانی بەردەوامە؛ ئەو بابەتەی دامهێناوە خراوەتە نێو ژینگەی منەوە؛ بوونی بە هەڵوێستی منەوە گرێدراوە. چرای سەرمێزەکەم گلۆپ و چەتری سەری و وایەری کارەباکە نییە؛ هێزێکی ڕووناکی تایبەتە لەسەر مێزەکەم و لای پەرتووکەکانمەوە؛ بە شەو ڕووناک کەرەوەی کارەکانمە و پەیوەندی بە خوێندنەوە و نوسینمەوە هەیە. ڕۆشن و ڕەنگدارە بەوجۆرەی من سودی لێوەردەگرم و بەکاریدەهێنم؛ لە ڕێگەی سود وەرگرتنەکەوە هەیە. ئەگەر لە مێز و کارەکانم جیابکرێتەوە و لەسەر زەوی دوکانێک لەنێو شتەکانی دیکەدا دابنرێت، چراکەم ڕادیکاڵانە لەناودەچێت؛ نابێت بە چرای من. بەڵکو دەبێت بە ئەندامێکی جۆری هەموو چراکان و بۆ ڕەسەنی خۆی دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە من لە بوونی ئەو شتانەی هەمە بەرپرسم. بەخاوەنێتی بوونیان دەگۆڕم. ژیانیشم داهێنانە، چونکە بە بەردەوامی ژیان بابەتەکانیش دەبن بەهی من. کۆمەڵێک شتی کۆکراوە لەگەڵ بوونی خۆمدا دەهێنمە بوونەوە. ئەگەر لە من دابڕێن، وەکو جیهانەکەم دەمرن.

بەڵام پەیوەندی ڕادیکاڵ و بنەڕەتی داهێنان پەیوەندی ڕێژەنانەیە. ئەو گرفتانەی توشی بیردۆزەی جەوهەری دێکارتی بوون یارمەتیمان دەدەن ئەم پەیوەندییە بدۆزینەوە. ئەوەی دایدەهێنم خودی خۆمە ئەگەر داهێنان دەرهێنانی فۆرم و ماتەر بێت بۆ بوون. تراجیدیای داهێنەری ڕەها، ئەگەر داهێنەر هەبێت، نەشیاوی دەرچوونە لە بوونی خۆیەوە بەرەو دەرەوە چونکە ئەوەی دایدەهێنێت بوونی خۆیەتی. چۆن شتێکی داهێنراو، کە فۆرم و ماتەری سەر بە بوونی منە دەرەکییە و سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت؟ تەنیا شتێکی نەجولاّ و دەتوانێت ڕایگرێت. ئەو شتە نەجولاّوەش پێویستە من بەردەوام بە داهێنان ڕایوەستێنم. بەو ڕادەیەی خۆم بە داهێنەری بابەتەکان دەبینم بە پەیوەندیش خاوەنێتی بابەتەکان دەکەم بە موڵکی خۆم. پاندان و سەبیلی جگەرەکەم، جلوبەرگ و مێزەکەم و خانوەکەم منن. کۆی هەموو ئەو شتانەی هەمە کۆی بوونی منە. من ئەوەم، کە هەمە. کاتێک دەست لە لێوانەکە دەدەم دەست لە بوونی خۆم دەدەم. ئەو شاخەی پیایدا هەڵدەگەڕێم بوونی خۆمە و دەمەوێت پیایدا سەرکەوم؛ کاتێک بە لوتکەکەی دەگەم و لەوێوە تەماشای دامانی چیاکە دەکەم من خودی دیمەنەکەم؛ دیمەنە گەورەکە بوونی منە لە ئاسۆدا چونکە بە هۆی منەوە و بۆ من هەیە.

داهێنان چەمکێکی چاوبرسییە، بەجولاّنەوە هەیە و بە وەستان وندەبێت. ئەگەر بەزۆریش وەریگرین، هەرلەناودەچێت؛ من بە تەنیا لایەنی خۆیەتیم دەدۆزمەوە یان

ڕووبەڕووی ماتەرێکی ڕووتی ناجۆر دەبمەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. مانەوەی داهێنان لەسەرگۆڕانێکی بەردەوام لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە ڕادەوەستێت. بەوجۆرەی بابەتێک لەنێو جیهانی مندا سەرهەڵدەدات دەبێت ئەویش بەگشتی من بێت و منیش نەبێت. ئەمەش لە خاوەنێتیدا هەیە. بابەتە داگیرکراوەکە داهێنانێکی بەردەوامە؛ بەڵام سەربەخۆشە و بوونێکی-لەنێو-خۆیە. ئەگەر پشتی تێبکەم وننابێت؛ ئەگەر دوور بکەومەوە بوونم لای مێزەکەوە، لەنێو ژوورەکەدا یان لەنێو جیهاندا دەستنیشاندەکات. بەڵام لەسەرەتاوە مەحاڵە بچینە ناوی. ئەو پاندانە بەتەواوی منە، تەنانەت کاتێک پێی دەنوسم لە نوسینی جیاناکەمەوە. لەلایەکی دیکەوە، وەکو خۆیەتی؛ خاوەنێتی من نایگۆڕێت؛ تەنیا پەیوەندییەکی بیرۆکەیی لەنێوانماندا هەیە. واتە، ئەگەر سودبەخش بێت چێژ لە خاوەنێتییەکەی وەردەگرم. کاتێک بیر لە بوونی دەکەمەوە پەیوەندی خاوەنێتی نامێنێت. سەبیلی جگەرەکەم لەسەر مێزەکە بوونێکی سەربەخۆی هەیە. هەڵیدەگرم، هەستیپێدەکەم و تەماشایدەکەم تاکو پەیوەندی خاوەنێتییەکەم لەگەڵیدا ببینم؛ ئەم جوڵانانە چێژی خاوەنێتیم پێدەبەخشن. من هەست بە بوونی بۆڕییەکی نەجوڵاوی لەداردروستکراو لەنێو پەنجەکانمدادەکەم. چێژوەرگرتنەکەم بە بەکارهێنان و سود بەخشینەکەیەوە وەستاوە.

پەیوەندی بەردەوامی داهێنان لەنیو خۆیدا ناکۆکییەک هەڵدەگرێت، کە لەگەڵ سەربەخۆیی بابەتە داهێنراوەکاندا پەیدادەبێت. خاوەنێتی پەیوەندییەکی جادوگەرانەیە؛ من ئەو بابەتانەم، کە هەمن، بەڵام لەدەرەوەدا ڕووبەڕووی خۆم دەبمەوە؛ من وەکو شتێکی سەربەخۆ لەخۆم دروستیاندەکەم. ئەو شتانەی من خاوەنیانم لەدەرەوەی بوونی مندا و خۆیەتی مندا هەن. وەکو بوونێ-لەنێو-خۆ لەژێر دەستم ڕادەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی من هەمیشە لەدەرەوەی بوونی خۆمدام، وەکو شتێکی ناتەواو خۆم دەناسم. کاتێک دەبم بەخاوەنی بابەتێک بوونم بۆ بابەتەکە دەگۆڕم. لەپەیوەندی خاوەنێتییدا لایەنی بەدەستەڵات بابەتەکەیە؛ بەبێ بابەتەکە من بێجگە لە خاوەنێتییەکی ڕووت، ناتەواو، کە تەواوی و پڕی بە بابەتەکەوە بەستراوە، هیچ دیکە نیم.

لە خاوەنێتیدا من دەبم بە بناخە بۆ بوونم چونکە لەنێو بوونێ-لەنێو- خۆدام. بەو ڕادەیەی خاوەنێتی داهێنانێکی بەردەوامە ئەوا بابەتەکە بە شتێکی داهێنراو لەلایەن خۆمەوە دەبینم. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی داهێنان ڕێژەنە ئەوا بابەتەکە جارێکی دیکە لە بوونی مندا دەتوێتەوە و دەبێت بە من. لەکۆتاییدا، مادام لەنێو خۆیدایە، ئەوا من نییە، بەڵکو منم و ڕووم لە خۆم کردووە. شتێکە دەرەکی و هەمیشەیی، ناچێنە ناخییەوە و پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ مندا هەیە.

مادام من پەیوەندییەکی ناجۆری بوونێ-لەنێو-خۆم لەگەڵ بوونی خۆمدا هەیە، ئەوا بناخەی بوونمم. ئەمەش پرۆژەی بوونێ-لەنێو-خۆی-بۆ-خۆیە. ئەم بوونە ئایدیاییە

بــەو بوونەـ لەنێوـ خۆیە دانرا، کە تیایدا بوونـ بۆـ خۆ دەبێت بە بناخەی بوونی یان ئەو پرۆژە بنەڕەتییەی، کە بوونـ بۆـ خۆ نایەوێت تیایدا ببێت بە شێوازێکی بوون، بەڵکــو بەو بوونەـ لەنێوـ خۆیەی هەیە. دوولایەنی بوونـ بۆـ خۆیەکەی دەیەوێت ببن بــە خاوەن و بوونـ لەنێوـ خۆکەی داگیردەکرێت. لەو بوونە دەچێت دەیەوێت ببێت بە خاوەنی داهێنانی خۆی یان ببێت بە خوا. کەوابوو، داگیرکەر دەیەوێت خۆشی لە بوونـ لەنێوـ خۆی خۆی یان بوونی دەرەکی خۆی وەرگرێت. لە خاوەنێتییدا من ئــەو بابەتە دەدۆزمەوە، کە وەکو بوونـ بۆـ ئەوان وایە. لەبەر ئەمە ســەرهەڵدانی کەســانی دیکە سەرسامم ناکات؛ ئەو بوونەی کەسێکی دیکە حەزدەکات بیهێنێتە نێو جیهانەوە منمـ بۆـ کەسانیـ دیکە. ئەو بوونەیە خۆشی لێوەردەگرم. خاوەنێتی، بەمجۆرە، بەرگریکردنە لە خۆمان دژی کەسانی دیکە. ئەوەی هی منە خودی منە لە شــێوازی ناـ خۆیەتیدا و منیش بناخە سەربەستەکەیم. ناتوانم جەختی زۆریش لەســەر ئەو خاڵە بکەم، کە ئەم پەیوەندییە بیرۆکەیی و هێماگەریانەیە. ئارەزووی بنەڕەتیم بۆ بوون هەرگیز لە خاوەنێتیدا، وەکو نەخۆشەکەی فرۆید نییە، کە گرێی ئۆدیبی هەیە و خەو دەبینێت سەربازێک (بۆنموونە پاشای ڕووس)، کە نوێنەرایەتی باوکی دەکات دەکوژێت و ڕازی نابێت، منیش ڕازی نابم. لەبەر ئەمەشە خاوەنێتی لای خاوەن وەکو شــتێکی دراو بەیەکجار لە ئەزەلەوە دراوە و کاتێکی نەبڕاوەشی دەوێت لێیتێبگات. هیچ کارێکی تایبەتی سودوەرگرتن خۆشی خاوەنێتی بە تەواوی دەرناخات؛ تەنیا ئامــاژە بۆ کردەوەکانی دیکەی خاوەنێتــی دەکات. هەریەکێک لــە ئەوان بەهایەکی جادوگەرانەی هەیە. پێش ئەوەی پاســکیلێکت هەبێت دەبێ تەماشای پاسکیل بکەیت و دەستی لێبدەیت. بەڵام دەستلێدان بەس نییە؛ گرنگە سواری پاسکیلێک ببیت و سوڕێک بدەیت. ئەم سوارییە سوپاسگوزارەش بەس نییە؛ پێویستە بە پاسکیلەکە بۆ شوێنێک بڕۆیت. ئەمەش ئاماژە بۆ بەکارهێنانی زۆرتر و گەشتی زۆرتر بەناو فەرەنسادا دەکات. ئەم گەشتانەش ئاماژە بۆ هەزار کردەوەی دیکــەی خاوەنێتی دەکەن و ئەوانیش ئاماژە بۆ ئەوانی دیکە دەکەن. لە کۆتاییدا، بەو جۆرەی پێشــبینی دەکرێت، نوســینی چەکی بانقێک بەسە تاکو من بکات بە خاوەنی پاســکیلەکە. بەڵام تێگەیشتن لە خاوەنێتییەکەی هەموو ژیانمی دەوێت. بە دەســتکەوتنی بابەتەکە تێدەگەم، کە خاوەنێتی پرۆژەیە و مردن لەناویدەبات. ئێستا تێدەگەین بۆچی؛ چونکە مەحاڵە لە پەیوەندییەک تێبگەین هێماکردن ببێت بە خاوەنی. لەڕاستیدا، خاوەنێتی کۆنکرێت نییە. چالاکییەکەی ڕاستەقینە (وەکو خــواردن و خواردنەوە و نوســتن) نییــە تاکو بە هێما بۆ ئارەزوویەکی ناســراو دابنرێت. تەنیا وەکــو هێما هەیە؛ هێماکان واتاکەی بوونی و پێکەوە لکاندنەکەی دەردەخــەن. لەدەرەوەی بەها هێماگەرییەکەیدا خۆشــی لێوەرناگیرێت؛ ئاماژە بۆ خۆشییەکی بەرزی خاوەنێتی (ئەو بوونەی بناخەی خۆیەتی) دەکات. هۆی ئەمەش

مەحاڵبوونی بڕوانامە بە خاوەنێتی بابەتێک بوون-بۆ-خۆ توشی توندو تیژی دەکات تاکو لەناوییبەرێت. لەناوبردن توانەوەی ئەوشتە لە بوونی خۆمدایە؛ ئەو ئاگرەی من بەرمداوەتە کێڵگەیەک کاردەکاتە سەر یەکگرتنی من و کێڵگەکە. کتوپڕ پەیوەندی بوون لە داهێنانەکەدا وەردەچەرخێت؛ من دەبم بە بناخەی کایەنە سوتاوەکە. من کایەنەکەم چونکە لەناویدەبەم. لەناوبردن باشتر لە داهێنان خاوەنێتی دەناسێتەوە. بابەتە لەناوبراوەکە نامێنێت تاکو بەرگری بکات. ئەو لێوانەی لەسەر میزەکە دانرابوو من شــکانم، هێشتا لەوێیە، بەڵام بووە بە شەفافییەتێکی ڕەها. من دەبینم هەموو هەبووەکان بەزۆر ســەپێنراون. ئەمەیە دەرهێنەرە سینەماییەکان لە فلیمەکانیاندا نیشــانیدەدەن. بابەتە لەناوبراوەکە لە ئاگامەندی دەچێت هەرچەندە، وەکو بوون-لەنێو-خۆیەک ئومێدی چاکبوونەوەی نییە. هەروەها، من خاوەنیم. ئەو ڕاستییەی من دەکات بەوەی هەم بابەتە لەناوچووەکە دەپارێزێت. من لەگەڵ دروستکردنی خۆمدا ئەویش دروســتدەکەم؛ لەم بۆچوونەوە لەناوبردن لەگەڵ ناسینەوەی لێپرسینەوە بەرانبەر هەموو ئەو شتانەی هەیە، داهێنانە.

پێویســتە لەناوبردن بخرێتە ڕیزی ئەو کردەوانەی خاوەنێتی دادەمەزرێنن. زۆر لــەو کردەوانەش بونیادێکی ڕوخێنەریان لە تەنیشــت بونیادەکانی دیکەوە هەیە. بەکارهێنان ســودوەرگرتنە. سود لەبەکارهێنانی پاسکیلەکەم وەردەگرم و سواری دەبــم؛ بەردەوامی داهێنانێکی خاوەنێتی لە ڕوخانی بەشــێکیدایە. بەکارهێنانەکە لەبەر هەندێک هۆکار پەرێشانی دروستدەکات، بەڵام خۆشییەکی نهێنیش دەهێنێت، کە وەکو خۆشــی وەرگرتن لە خاوەنێتییــە؛ چونکە لە ئێمەوە دەردەچێت و ئێمە کەســەکەین بەکاریدەهێنین. دەبێت ئەو خاڵە فەرامۆش نەکەین، کە 'بەکارهێنان' واتای لەناوبردنی خاوەنێتی خۆشی وەرگرتنیش دەبەخشێت. بەکارهێنان لەناوبردنە، خواردنە؛ لەناوبردنی شتێکە تاکو بیخەیتەسەر بوونی خۆت. ئەگەر سواری پاسکیلەکە ببم بە کۆنبوونی تایەکانی پەرێشــان دەبم، چونکە کەس نادۆزمەوە بۆم بگۆڕن؛ وێنەی خۆشییەکەی لەشم لەسواربوونەکەوە وەریدەگرێت خاوەنێتییەکی لەناوبردنی "داهێنان-لەناوبردنە". پاسکیلەکە دەخشێ و بەو جوڵانەی من دروستیدەکەم دەبێت بە هی من و دەمگوێزێتەوە. داهێنانەکە لەســەری مۆردەکرێت و لەگەڵ کۆنبوونی تایەکان، وەکو نیشانەی خاوەنێتی بەسەر کۆیلەوە، خۆی دەچەسپێنێت. بابەتەکە بــۆ منە چونکە من بەکاریدەهێنم؛ بەکارهێنانی ئەو شــتەی مــن خاوەنیم دیوی دووەمی ژیانی منە.

ئەم بۆچوونانە یارمەتیمان دەدەن باشــتر لە واتای هەندێک لە هەســتکردن و ئەو ڕەفتارانە تێبگەین، کە گوایە کەمناکرێنەوە؛ بۆنموونە ســەخاوەتی. لەڕاستیدا دیــاری فۆرمێکی ســەرەتایی لەناوبردنە. ئێمە دەزانین ئاهەنگــی دیاریگۆڕینەوە دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی چەند کەلوپەلێک. ئەم لەناوبردنە بۆ کەســێکی دیکە

قەدەغەن؛ دیارییەکە دەیبەستێتەوە. لێرەدا گرنگ نییە بابەتەکە لەناوبرابێت یان بە کەسێکی دیکە درابێت؛ لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئاهەنگی دیاری گۆڕینەوە لەناوبردن و بەستنەوەی کەسەکەی دیکەیە. من بە بەخشین ئەو بابەتە لەناودەبەم. خەسڵەتی خاوەنێتی من بۆ بابەتەکە دەشارمەوە، کە لەنێو بوونیدایە و لەبەرچاوم لای دەبەم. وەکو پەیوەندیم لەگەڵ مێز و ژوورەکەمدا بە ئامادەنەبوو دایدەنێم، ســەخاوەتی، لەبەرئەم هۆکاریە، ڕۆڵی ڕوخێنەر دەبینێت. حەزکردن لە بەخشینی کەلوپەل، کە زۆرجار توشی چەند کەسێک دەبێت حەزکردنێکی قووڵە لە ڕوخاندن؛ وەکو شێتییە یان خۆشەویستییە بۆ وردوخاشــکردنی بابەتێک. حەزە قوڵەکەی لەناوبردن، کە لەسەخاوەتیدا هەیە حەزکردنە لە خاوەنێتی. هەموو ئەو شتانەی وازیان لێدەهێنم و دەیانبەخشمەوە زۆر خۆشییان لێوە وەردەگرم چونکە دەمەوێت وازیان لێبهێنم؛ بەخشینەوە خۆشی پێگەیشتنێکی تیژ و کورتە، لە چێژوەرگرتنی سێکسی دەچێت. بەخشــینەوە خۆشی وەرگرتنە لەو بابەتەی هەتە و دەیبەخشیتەوە؛ هەڵوێستێکی خاوەنێتی ڕوخێنەرانەیــە. لەهەمانکاتدا دیارییەکە جادو لەو کەســە دەکات، کە وەریدەگرێت؛ زۆری لێدەکات داهێنەربێت، بەردەوام داهێنەرانە ئەو بەشەی من، کە نامەوێت و لەناومبردوە و تەنیا وێنەکەیم لاماوە، لای خۆی بهێڵێتەوە. بەخشــین بەکۆیلەکردنــە. بەڵام ئەم لایەنەی دیاری بەخشــین بۆ ئێمــە گرنگ نییە و تەنیا بۆ پەیوەندیمان لەگەڵ کەســانی دیکەدا باســیدەکەین. جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەین، کە سەخاوەتی کەمنەکراوەیە؛ بەخشین خاوەنێتییە لە ڕێگەی لەناوبردنەوە و بەکارهێنانی لەناوبردنەکەشــە بۆ بەکۆیلەکردنی کەســێکی دیکە. سەخاوەتی، کەوابوو، هەستکردنە و بوونی کەسێکی دیکە بونیادەکەی پێکدەهێنێت. ئاماژەش بــۆ خاوەنێتی بە ڕوخاندن دەکات. لــەم ڕووەوە، زۆرتر بەرەو نەبوون نەک بوونـ لەنێوـ خۆمان دەبات (لێــرەدا نەبوونی بوونـ لەنێوـ خۆمان هەیە، کە خودی بوونـ لەنێوـ خۆکەیە، بەڵام وەکو نەبوون هێمایە بۆ ئەو بوونەی دەبێت بە نەبوونی خۆی). ئەگەر سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی لە کەسێکدا خەسڵەتی سەخاوەتی بینی پێوســیتە بەدوای پرۆژە بنەڕەتییەکەیدا بگەڕێت. پێویســتە بپرسێت بۆچی ئەو کەسە هەڵیبژاردووە بە ڕوخان خاوەنێتی بچەسپێنێت نەک بە داهێنان. وەڵامی ئەم پرسیارە پیوەندییە بنەڕەتییەکەی ئەو کەسە، کە کەسایەتییەکەی پێکدەهێنێت، لەگەڵ بووندا دەردەخات.

مەبەســتمان لەم ڕوونکردنەوەیە ڕۆشنایی خستنەسەری خەسڵەتی پەیوەندی خاوەنێتی و کارکردنی هێمایی هەموو کردەوەکان بوو، کە هەوڵی خاوەنێتی دەدەن. پێویستە ئەوەش بزانین، کە هێما لەگەڵ بابەتەکەیدا یەکناگرێت و شتێکیش نییە لەودیو ئاگامەندییەوە ســەریهەڵدابێت، بەڵکو لە بونیــادی بوونـ لەنێوـ جیهانەوە پەیدا دەبێت. لەو بەشــەدا باسی بەرزێتیمان کرد، ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەش کرد،

که سیســتەمی ئامێرەکان لەنێو جیهاندا لە ئاکامی پرۆژەدانانی من بەرەو بوون-لەنێو-خۆ، وێنەی ئەگەرەکانم، کە بوونی منن، پەیدا دەبێت. بەڵام هەرگیز ناتوانم لەگەڵ ئەو وێنەیەی جیهاندا ببم بە یەک چونکە تەنیا بە تێڕامانێک دەتوانم خۆم لە شێوازی بابەتدا ببینم. مادام سوڕانەوەی خۆ تێڕامانانە نییە، ئەوا بەیەکدانانی ئەو بوونەی هەمە دەبێت بە شتێکی نا-بیردۆزەیی، کە "بوون-لەنێو-خۆ"ی بوونی منەو بەبـێ ئەوەی من بزانم جیهانیش ئاماژەی بۆ دەکات. منیش بە هۆی کارەکانمەوە دەتوانم لەگەڵیدا بگونجێنم. لەئاکامدا، لە خاوەنێتیدا مەرج نییە کەســەکە بزانێت بابەتەکەی بەدەســتەوەیە؛ بەڵکو خاوەنێتــی واتە لەنێو پەیوەندییەکەدا بێت یان باشترە بڵێین، خودی پەیوەندییەکە بێت. بابەتە داگیرکراوەکە بۆ ئێمە ڕاستەوخۆ خەســڵەتی ناســراوی هەیە، کە بەتەواوی گۆڕانی بەســەردا دەهێنێت و دەیکات بەو بوونەی من خاوەنیم. بەڵام ئەم خەســڵەتە نابێتە هۆکاری یەکگرتنەکە؛ تەنیا بــە کردن خۆی دەردەخات. واتایەکی دیاریکراو دەبەخشــێت و لەو ساتەشــەوە دەمانەوێــت کەمێک خۆمانی لێ دوور بخەینــەوە و بیر لە بوونی بکەینەوە. بەبێ دەرخستنی واتای بونیادەکەی خەسڵەتەکە لەناودەچێت. خۆ دوور خستنەوەکەمان لەناوبردنی پەیوەندی خاوەنێتییە. لەپێشــتر من لەگەڵ وێنە گشتیەکەدا مامەڵەم دەکرد و نەمدەزانی؛ ســاتێکی دیکە و ئەو وێنەگشتییە دەڕوخێ و منیش ناتوانم واتاکەی لەنێو پارچەکانیدا بدۆزمەوە. ئەمەش لە نموونەی بە نا-کەسکردنی هەندێک نەخۆشــدا، هەرچەندە خۆیان نایانەوێت، دەبینرێت. کەوابوو، بە زۆر دەبێت پەنا بۆ سایکۆلۆجی شــیکاری بوونگەرایەتی بەرین تاکو لە هەموو حاڵەتەکاندا واتای تێهەڵکێشەی خاوەنێتیمان بۆ دەرکەوێت، کە واتا گشتی و ڕووتکراوەکەیمان لەسەر ئۆنتۆلۆجی دامەزراند.

ئەوەی باســمان نەکردووە واتای گشــتی بابەتە داگیرکراوەکەیە. ئەم باسکرنە کۆتایی بە زانیاریمان لەسەر پرۆژەی خاوەنێتی دەهێنێت. کەوابوو، ئەو شتە چییە ئێمە دەمانەوێت ببین بە خاوەنی؟

یەکەمجار ئاســانە ببینین ئێمە لە بنەڕەتەوە ئامانجمان داگیرکردنی شــتێکی ڕاستەقینە و بابەتێکی دیاریکراوە. لەڕاستیدا، ئەوەی من ئارەزووی خاوەنێتی دەکەم نوێنەرایەتــی بوون-لەنێو-خۆ دەکات؛ من دەمەوێ ببــم بە بناخەی بوونی چونکە بەشــێکە لە من. هەروەها دەمەوێت بزانم، کــە لە ڕوانگەیەکی ئەزمونییەوە بابەتە داگیرکراوە، کە لەنێو خۆیدا شــتێکی ڕاســت نییە و بەتەنیاش سودبەخش نییە. هیچ خاوەنێتییەک لــە دەرەوەی درێژبوونەوەیدا واتابەخش نییە: پاندانەکەی پێی دەنوســم، وەکو هەموو پاندانەکانی دیکەیە؛ من خاوەنی شتێکم، کە لەنێو جۆری پاندانەکاندایە. لەسەرو ئەمەشەوە، من لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی ئەگەری نوسینم، فۆرم و ڕەنگەکان بەکاردەهێنم (سود لەو ئامێر و مەرەکەبە پێکەوە وەردەگرم).

ئەم خەسڵەتە واتای ڕەنگ و پاندان و لاپەڕەکە، بەرگریکردینان و بۆن و هتد پێکدەهێنێت. لەگەڵ خاوەنێتییەکەدا ئەو بلورە شوشەییەی ستێندالٚ دروستبووە، کە بە تێهەڵکێشەی خۆشەویستی ناوزەدیدەکات.

بەوجۆرەی دەرکەوتنی ئەو ئافرەتەی خۆشمدەوێت لەگەڵ خۆیدا ئاسمان، کەناری دەریا و دەریاکەی دەوروبەریشـــی دەردەخات، هەریەکێک لە بابەتە داگیرکراوەکان لەنێو جیهاندا هەموو جیهان بەرجەستەدەکات.

کەوابـــوو، خاوەنێتی ئەو بابەتە خاوەنێتییەکـــی هێماگەرانەی هەموو جیهانە. هەریەکێک لەوانە لە ئەزمونەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات: نموونەیەکی خۆم دەهێنمەوە، نەک بۆ ئەوەی خاڵەکە بســـەلمێنم، بەڵکو دەمەوێت یاریدەی خوێنەر بدەم باشتر تێبگات.

چەندســـاڵێک لەمەوبەر بڕیارمدا واز لە جگەرەکێشـــان بهێنـــم. هەوڵدانەکەم ســـەخت هاتە بەرچاو. ئەوەندە گوێم بەتامـــی توتنەکە نەدەدا، کە جارێکی دیکە ناکەوێتە ســـەرزارم. بایەخدانەکەم زۆرتر بە جگەرەکێشان دەدا. لێرەدا بەتەواوی بلورە شوشـــەییەکە دروستدەبێت. من لەسەر شـــانۆ، بەیانیان لە کاتی نوسیندا، ئێواران دوای نانخواردن جگەرەم دەکێشا. هەستمدەکرد وازهێنان لە جگەرە خۆشی سەرشانۆ لەناودەبات، نانخواردنی ئێواران بێتام دەکات و گیانی نوسینی بەیانیانیشم دەکوژێت. هەموو ئەو شـــتانەی چاوەڕوان ناکرێن دەهاتنە بەرچاوم. ئەو خەسڵەتە کۆنکرێتییەیە بەسەر هەموو شتێکەوە دەبینرا تەواناییی بوونم بەرانبەر جگەرەکێشان بوو. دەردەکەوت من لە هەموو شتێکی دەسەنم و لەنێو ئەم جیهانە هەژارەدا ژیان شیاوی هەوڵدانە. بەڵام جگەرەکێشـــان کردەوەیەکی خاوەنێتی ڕووخێنەرە. توتن هێمای بوونە 'داگیرکراوەکەیە' چونکە لە هەناســـە هەڵمژینەکانمدا لەناودەچێت و لە شـــێوازی لەناوچوونی بەردەوامدایە. ئەو دەچێتـــە نێو من و بۆ دووکەڵ خۆی دەگۆڕێت. لە پەیوەندی نێوان ئەو دیمەنەی لە کاتی جگەرەکێشاندا تەماشامدەکرد لە بە سوتوکردنەکەدا توتنەکە هێمایەک بوو بۆ دیمەنەکە. واتە، لەناوبردنی توتنەکە هێمای خاوەنێتییەکی ڕوخێنەری هەموو جیهانە. لەگەڵ توتنەکەدا جیهانێک هەبوو مـــن ئاگرم تێبـــەردەدا، دەبوو بە دووکەڵ، دەچووە هەواوە و جارێکی دیکە بۆ ناو هەناسەم دەگەڕایەوە. لەگەڵ بڕیاردانم بۆ وازهێنان لە جگەرە دەبێت بلورە شوشەکە بشـــکێنم؛ نابێت بیر لە کردەوەکەم بکەمەوە. توتنەکـــە تەنیا بە توتن دادەنێم و بێجگە لە ڕووەکێک، کە دەسوتێت چی دیکە نییە. پەیوەندییە هێماییەکانی لەگەڵ جیهاندا دەبڕم؛ خۆم ڕازی دەکەم، کە وازهێنان لە جگەرە هیچ لە شانۆ، دیمەنەکە، ئەو پەرتووکەی دەمخوێندەوە کەم ناکاتەوە. من بەبێ جگەرە بیریان لێدەکەمەوە؛ بەبێ جگەرەکێشـــان لە شـــێوزێکی دیکەی بووندا دەبێت بیانناسم. ئەگەر بتوانم خۆم ڕازی بکەم پەشـــیمانییەکەم کەمدەبێتەوە. بیر لەوە دەکەمەوە کە ئیتر بۆنی

جگەرە ناکەم و هەست بە گەرماییەکەشی لەنێوان پەنجەکانمدا ناکەم. بەڵام ئەم پەشیمانییە بە ئاسانی لەناودەچێت و دەتوانم بەرگری لەخۆم بکەم.

ئەوەی لە بابەتێکدا دەمانەوێت خاوەنێتی بکەین بوونی بابەتەکە و جیهانە. ئەم دوو کۆتاییەیە خاوەنێتی یەک شتن. من لەودیو دیاردەکەوە بۆ خاوەنێتی بوونی دیاردەکە هەوڵدەدەم. بەڵام، ئەم بوونە لە دیاردەی بوونەوە جیاوازە؛ بوون-لەنێو-خۆیە، نەک بوونی شتێکی دیاریکراوە. ئەمەش پەڕینەوە بۆ لایەنێکی هەمەکی نییە. ئەو بوونەی بە ڕووتی دەرکەوتوە ڕاستەوخۆ دەبێت بە بوونی سارتاپاگیر. ئەمەش پەیوەندی خاوەنێتی بۆ ئێمە ئاشکرادەکات: خاوەنێتی ئارەزووکردنە بۆ خاوەنێتی جیهان لەودیو شتێکی هەندەکییەوە. مادام خاوەنێتی ئەو هەوڵدانەیە بۆ تێگەیشتن لە بوونی خۆمان، وەکو بناخەی بوونی ئەوا هەموو پرۆژەیەکی خاوەنێتی هەوڵدەدات بوون-بۆ-خۆ بکات بە بناخەی جیهان یان بناخەی سەرتاپاگیرییە کۆنکرێتییەکەی بوون-لەنێو-خۆ. ئەم سەرتاپاگیرییە بوون-بۆ-خۆیە لە شێوازی بوون-لەنێو-خۆدا. بوون لەنێو جیهان دانانی پرۆژەیە بۆ خاوەنێتی جیهان؛ واتە تێگەیشتن لە هەمووی جیهان، وەکو ئەو شتەی بوون-بۆ-خۆ کەمە، لەبەر ئەمە پێویستە ببێت بە بوون-لەنێو-خۆی بوون-بۆ-خۆ. دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەمووگیرییەکەدا بکرێت، کە بیرۆکە و بەهایە یان هەمووی سەرتاپاگیرییەکەیە و لە ڕێگەی پێکەوەبوونی ئایدیالانەی بوون-بۆ-خۆ و جیهان، وەکو سەرتاپاگیری بوون-لەنێو-خۆی ئەو بوونەی هەیە، پێکدێت.

پێویستە بزانین پرۆژەی بوون-بۆ-خۆ بوونی هۆش، ئەو بوونەی یەکەمجار بوون-بۆ-خۆ دەیناسێت و فۆرم و ماتەرە و دوایی دەیهێنێتە بوونەوە، پێکناهێنێت. ئەمجۆرە بوونە ڕووتکراوە و هەمەکییە؛ چەمکەکەشی پێش بوون-لەنێو جیهان ناکەوێت؛ بەپێچەوانەوە، چەمکەکەی لەسەر بوون-لەنێو-جیهان دەوەستێت و پێویستی بە تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی بوونە، کە کۆنکریتییە و لە سەرەتاوە لەوێدا یان بوونی-لەوێدا ئامادەیە؛ ئەوەش بوونی جیهانە. بوون-بۆ-خۆ لەپێشدا نییە دوایی بیر لە چەمکی هەمەکییەکان بکاتەوە. بوونی ئەو هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنیش ڕووتکراوە نییە. بوونی بوون-بۆ-خۆ تاکەکەسییەکی بوێرە، هەڵبژاردنەکەشی دەبێت هەڵبژاردنی تاکەکەس بۆ بوونێکی کۆنکرێتی بێت. ئەمە، وەکو بینیمان، بۆ هەڵوێستیش دروستە. هەڵبژاردنی بوون-بۆ-خۆ هەمیشە هەڵبژاردنی هەڵوێستێکی کۆنکرێتییە، کە مەودایەکی ئۆنیۆلۆجی هەیە. کاتێک دەڵێین، بوون-بۆ-خۆ پرۆژەی بوونە، مەبەست ئەوە نییە، کە بوون-لەنێو-خۆ، ئەو بوونەی پرۆژەی بوونەکە پێکدەهێنێت، بونیادێکی هەمەکی بۆ هەموو هەبووەکان هەڵگرتوە؛ پرۆژەکەی بە هیچ جۆرێک چەمک نییە. ئەوەی پرۆژەی بوونەکە پێکدەهێنێت سەرتاپاگیرییەکی کۆنکرێتییە؛ ئەو هەبووە هەندەکییەیە.

هەڵبەتە دەتوانین لەم پڕۆژەیەدا پێشـــبینی ئەگەرەکان بۆ پێشخســـتنی هەمەکی بکەین؛ بەڵام، ئەمە بەهەمانشـــێوەیە، کە دڵدارێک بوونی ئافرەتی لە ڕێگەی ئەو ئافرەتەوە خۆشـــدەوێت، کە دڵداری لەگەڵدا دەکات. بوونـ‌بۆـ‌خۆ پڕۆژەی بوونە. بەڵام، وەکو دەبینین، بناخەی ئەو بوونە کۆنکرێتییە ناناسرێت چونکە کۆنکریتیە؛ بە ئەندێشەش دروستناکرێت، چونکە شتەکانی نێو ئەندێشە بوونی دەرەکیان نییە. لەبەر ئەمە، ئەو شتە دەبێ هەبێت؛ بۆنموونە، ئەوەیە بوونـ‌بۆـ‌خۆ دروستیدەکات. بوونـ‌بۆـ‌خۆ هەڵبژاردنێکی بەرەنگارییە. بەو هەڵبژاردنە پێناسدەکرێت، کە بناخەی بوونی بابەتەکەی بەرانبەرێتی. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشـــێت، کە بوونـ‌بۆـ‌خۆ، وەکو پڕۆژەیەکی تاکەکەسی، هەڵبژاردنی ئەم جیهانەیە و تاکەکەسێکە، کە خۆی دەکات بە ســـەرتاپاگیر بۆ بوون؛ بۆ گەیشتن بە چەمکێکی هەمەکی لۆجیکمەندانە تێپەڕیناکات، بەڵکو ئەو کاتە تێپەڕیدەکات، کە بیەوێت بە بارودۆخێکی کۆنکرێتی هەمان جیهان بگات. هەروەها، لەنێویدا بوون دەبێت بەو بوونە-لەنێو-خۆیەی بوونـ‌لەنێوـ‌خـــۆ دایمەزراندوە؛ واتە بوونـ‌بۆـ‌خۆ بەرەو بوونێکی کۆنکرێتی لەودیو بوونە کۆنکرێتییەکەی بوون دەڕوات. کەوابوو، بوونـ‌لەنێوـ‌جیهان پڕۆژەی خاوەنێتی ئەم جیهانەیـــە. ئەو بەهایەی دەبێت بە دێوەزمـــەی بوونـ‌بۆـ‌خۆ کۆنکرێتییە و ئاماژە بۆ بوونی تاکەکەس دەکات بە تێهەڵکێشـــکردنی ئەم بوونـ‌بۆـ‌خۆیە و ئەم جیهانە پێکدێت. بوون، لە هەرچ شـــێوازێکدا و لە هەرشوێنێکدا بێت، بوونـ‌لەنێوـ‌خۆ یان بوونـ‌بۆـ‌خـــۆ بێت، بیرۆکەی نەگونجـــاوی بوونـ‌لەنێوـ‌خۆی بوونـ‌بۆـ‌خۆ بێت، لە هەڵکەوتنە بنەڕەتییەکەیدا تاکێکی بوێرە.

لێرەدا دەتوانین پێناسەی ئەو پەیوەندییانە بکەین، کە دوو کاتیگۆرییەکەی بوون و هەیەتی پێکەوە دەبەستن. ئێمە باسمانکرد، ئارەزوو بۆ بوون یان بۆ هەیەتییە. بـــەڵام دووەمیان کەمناکرێتەوە. لە کاتێکدا ئارەزوو بۆ بوون ڕاســـتەوخۆ لەســـەر بوونـ‌بۆـ‌خۆ کاریگەرە و سەلماندنیشـــی پێویســـتی بە ناوەندی بوونـ‌لەنێوـ‌خۆی بوونـ‌بۆـ‌خـــۆ نییە، بوونـ‌بۆـ‌خۆ لەنێو جیهاندا دەبێت بە ئامانجی ئارەزووکردن لە هەیەتـــی. لە ڕێگەی خاوەنێتی جیهانەوە پڕۆژەی هەیەتی دەیەوێت، وەکو ئارەزوو بـــۆ بوون هەمان بەهای دەســـتکەوێت. لەبەر ئەم هۆیەشـــە، ئـــەم ئارەزووانە بە شیکردنەوە جیادەبنەوە، بەڵام لەڕاســـتیدا جیا نین. مەحاڵە ئارەزووکردنی بوون بەبێ ئارەزووکردن بۆ هەیەتی بدۆزینەوە و بەپێچەوانەشەوە دروستە.

لە بناخەوە دەبێت تەماشـــای دوو لایەنـــی یەک ئامانج بکەین، یان بە دووجۆر ڕاڤەی هەمان هەڵوێســـتی بنەڕەتی بکەین؛ یەکێکیان بوون بەسەر بوونـ‌بۆـ‌خۆدا بەبێ لادان دەسەپێنێت، ئەوی دیکەیان سوڕانەوەی خۆیەتی دادەمەزرێنێت؛ جیهان لەنێوان بوونـ‌بۆـ‌خۆی و بوونی خۆی دادەنێت. سەبارەت هوڵوێستە بنەڕەتییەکەش، بوونی منە، کە کەمییە؛ ئەو بوونەمە، کە دروستیدەکەم.

بەڵام بوونی من کۆنکرێتی و تاکە کەسییە؛ ئەو بوونەیە هەیە و منیش لەنێویدا دەبم بە کەمی. من نەبوونێکی کۆنکرێتی و تاکم، وەکو بوونیش ئەم لەناوبردنەم و هێشتا نەبووم بە لەناوبردنێکی دیکە. هەریەکێک لە بوون-بۆ-خۆکان هەڵبژاردنێکی سەربەستە؛ هەریەکێک لە کردەوەکانی، گرنگ و ناگرنگ دەربڕینی هەڵبژاردنەکەیە. ئەمەش سەربەستییە. ئێستا لە واتای هەڵبژاردن تێدەگەین؛ هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنی بوونە ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی خاوەنێتی جیهانەوە یان هەردووکیان لە یەک کاتدا. بەمجۆرە سەربەستییەکەم هەڵبژاردنی بوون بە خوایە. هەموو کردەوە و پڕۆژەکانم زمانی حاڵی سەربەستییەکەمن و بە هەزار شێوە دەریدەبڕن چونکە بوون و هەیەتی فرەجۆرن. ئامانجی سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی ئەوەیە بە هۆی ئەم پڕۆژە کۆنکرێتییە ئەزمونگەریانەوە ڕێگا بنەڕەتییەکە لە هەموو مرۆڤدا، کە بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت بدۆزێتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەری بکۆڵێنەوە هۆکاری بەخاوەنێتی جیهانە، کە سەربەستییەکی دیاریکراوی تێدا دەبینرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا خودی بوونی بابەتەکە کەمناکرێتەوە. دەمانەوێت لەنێویدا لەڕێگەی شێوازێکی بوونییەوە یان چۆنییەتییەوە بوونی بگرین. چۆنیەتی، بەتایبەتی چۆنیەتی ماتەری، وەکو شلی ئاو یان ڕەقی بەرد شێوازێکی بوونە و لە شێوازێکی دیاریکراودا ئەو بوونە دەردەخات. ئەوەی هەڵیدەبژێرین ڕێگەیەکی دیاریکراوە، کە ئەو بوونە تیایدا خۆی نیشاندەدات و خۆی بۆ خاوەنێتی بەدەستەوە دەدات. ڕەنگی زەرد، سور یان تامی تەماتە یان نەرمی لۆبیا شتێکی دراوی کەمنەکراوەن. بە هێما نوێنەرایەتی بوونێکی دیاریکراو دەکەن و بۆ هەستکردنمانی دەردەخەن. ئێمەش بە ئارەزوو یان هەرسکردن، بەگوێرەی بینینمان بۆ بوون، ئەو بوونە ئامادەدەکەین. سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی دەبێت واتای ئۆنتۆلۆجی چۆنیەتییەکان بخاتەڕوو. لەبەر ئەمەشە، نەک تێگەیشتنمان لە سێکسگەرایەتی، کە بۆنموونە، هەندێک شتی نەگۆڕ لەنێو 'ئەندێشە' شیعرییەکاندا (وەکو جیۆلۆجی ڕامبۆ و شلی ئاو لای پۆو) دەدۆزینەوە. یان زەوقی هەریەکێک لە تاکەکانە، ئەو زەوقانەی ڕێگەمان پێنادرێت باسیان بکەین و نموونەن بۆ هەمووی ئایدیۆلۆجی، هەمووی هەڵبژاردنی بوون و لە چاوی ئەو مرۆڤانەی دروستیانکردوە بەڵگە نەویستن. هەنگاوی دووەممان، کەوابو نەخشەدانانە بۆ توێژینەوەی زۆرتر لە سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتیدا. لەسەر ئاستی تام و شیرینی یان تاڵی هەڵبژاردنی سەربەست نابێت بە کەمنەکراوە، بەڵکو ئەم کارە لە ئاستی هەڵبژاردنی لایەنێکی بووندایە، کە لەڕێگەی شیرینی یان تاڵی نەجوڵانی بابەتەکەوە دەردەکەوێت.

٣- چۆنییەتی، وەکو دەرکەوتنی بوون

ئەوەی لێرەدا هەوڵیبۆدەدەین سایکۆلۆجی شیکارییە بۆ شتەکان. (میم. باچەلارد) ئەم هەوڵەی داوە و لەدوا پەرتووکیدا (ئاو و خەونەکان) تەوانایی خۆی دەربڕیوە. ئەم نوسەرە لە کەرەسەی ئەندێشەیدا زۆرشتی گرنگی دۆزیوەتەوە. لەڕاستیدا چەمکی ئەندێشە بۆ ئێمە ناگونجێت و خۆی بەو دیو شتەکان و خەسڵەتی جەلاتینی، ڕەقی و شلی وێنە ئەندێشاوییەکانمان ناگەیەنێت. هەستکردنیش، کە لە شوێنێکی دیکەدا باسمانکردوە هیچ هاوبەشییەکی لەگەڵ ئەندێشەدا نییە؛ لە یەکدییەوە جیاوازن. هەستکردن دامەزراندنی وێنەکان لەڕێگەی ئەندامە هەستکەرەکانەوە نییە؛ ئەم تێزە لە بیردۆزەی پێکەوە بەستنی سایکۆلۆجییدا سەرهەڵدەدات و دەبێت وازی لێبهێنرێت. لەبەر ئەمە، سایکۆلۆجی شیکاری بەدوای وێنەکاندا ناگەڕێت و ڕاڤەی واتای شتەکان دەکات. هەڵبەتە واتای ‹مرۆڤانە› بۆ لینجی یان باریکی سەر بە بوون-لەنێو-خۆ نییە. تەنانەت لایەنە هێزەکییەکانی هەڵنەگرتوە. هەمانکات ئەو شتانەیە جیهان پێکدەهێنن. کەرەسەی نێو ئەندێشە، هەستکردنی مرۆڤ بۆ دەرزییەکان، بەفر، تەختە و بۆ قەرەباڵغی، گریساوی و هتد، وەکو جیهان ڕاستەقینەن. هاتنە نێو جیهانیشیانەوە ڕاوەستانیانە لە نێو ئەو واتایانەدا. بێگومان جیاوازییە بچوکەکەیان بە چەمکەکان جیادەکەینەوە. میم باچەلارد بوێرانە بناخەی ئەم بیرۆکەیەی لە سایکۆلۆجییە شیکارییەکەیدا بۆ ڕووەکەکان دەستنیشانکردوە. یەکێک لە نوسراوەکانی ناوناوە (سایکۆلۆجی شیکاری بۆ ئاگر). ئەو میتۆدی ڕاڤەکردنی بابەتێتی بۆ شتەکان نەک خۆ دەکات و ئاماژەی لەپێشتریش بۆ (خۆ) ناکات. کاتێک دەمەوێت واتای دەرەکی بەفر بدۆزمەوە دەبینم لە پلەیەکی گەرمی تایبەتییدا دەتوێتەوە و توانەوەکەشی مردنە. ئێمە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ زانیاری چەسپاندنێکی دەرەکییدا دەکەین. کاتێک بمەوێت واتای توانەوەکە ساخبکەمەوە پێویستە لەگەڵ بابەتەکانی نێو شوێنەکانی دیکەدا بەراوردیبکەم، کە ئەوانیش دەرەکین و بەرزن، بۆنموونە بیرۆکەکان، هاوڕێیەتی یان کەسەکان، کە لە بارەیانەوە دەتوانم بڵێم توانەوە. پارە لەنێو دەستمدا دەتوێتەوە. من مەلەدەکەم و لەنێو ئاوەکەدا دەتوێمەوە. هەندێک بیرۆکە، لەوڕووەوە، کە واتایەکی دەرەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، "تۆپەڵە بەفر" یان شتەکانی دیکە دەتوێنەوە. ئێمە دەڵێین، "ئەو چەند باریک بووە! چۆن پوکاوەتەوە!"، بێگومان دەبێت پێکەوەبەستنی چەند فۆرمێکی بوون لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بدۆزمەوە.

گرنگە نموونەی توانەوەی بەفر لەگەڵ هەندێک توانەوەی نادیاری دیکەدا، وەکو ناوەڕۆکی هەندێک میتۆلۆجی، بەراوردبکەین. لە چیرۆکی پەریانی گریمسدا،

بەرگدرووەکــە پارچەیەک پەنیر هەڵدەگرێــت، وا بیری لێدەکاتەوە بەرد بێت و بە هەموو هێزی دەیگوشێت تاکو پەنیراوی ئۆزیسی لێ چۆڕا؛ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەو باوەڕەدابوون ئاوی لەنێو بەرد دەرهێناوە. ئەم بەراوردکردنە لەبارەی خەسڵەتی شلی لەنێو ڕەقییدا زانیاریمان دەداتێ، لە ئۆدیسێرتیش دەچێت، کە باسی ڕەشێتی ڕەنگی شــیر دەکات. ئەو شــلێتییەی لەگەڵ ئاوی میوە و خوێنی مرۆڤ بەراورد دەکرێت، بۆ پیاویش، وەکو ئاوی نهێنی خۆی وایە، ئێمە بۆ ئەگەرێکی هەمیشەیی، کە "پەستراوێکی دەنگدارە"، خۆ بۆ بوونێکی هاوڕەگەزی شل و ناجۆر دەگۆڕێت. ئێمــە لەبنەڕەتییەوە و لە گرنگی ئۆنتۆلۆجییــەوە لەلایەنە بەردەوام و بڕاوەکانی، مێینــە و نێرینەکانی تێدەگەین و بیردۆزەی کوەنتەم و میکانیزم و پەرەســەندنی دیالیکتیکییانەی بــۆ دادەنێین. کەوابوو، دەتوانین واتایەکی نهێنی یەکگرتوو، کە ئۆنتۆلۆجییانەیــە بۆ بەفر دابنێین. لەنێو ئەمانــەدا چ پەیوەندییەک لەگەڵ خۆدا دروســتدەبێت؟ یان بە ئەندێشــەوە هەیە؟ ئێمە تەنیا بونیــادە دەرەکییەکانمان بەراورد کردووە و هەوڵمانداوە گریمانەیەک بۆ یەکگرتنی بونیادەکان دروستبکەین. لەبەر ئەم هۆیەشە سایکۆلۆجی شیکاری پشت بە خودی شتەکان دەبەستێت نەک مرۆڤ. لەبەر ئەمەشــە کەمتر باوەڕ بە هەوڵدانەکەی میم باچەلارد بۆ دۆزینەوەی کەرەســەی ئەندێشــەی شــاعیرەکانی، وەکو لۆتریمۆنت، ڕامبــۆ و پاوو دەکەم. بەدڵنیاییەوە، خۆشە بەدوای نوسراوەکانی لۆتریمۆنت، کە لەسەر زاری ئاژەڵەکان نوســراوە بگەڕێیت. بــەڵام گەڕانەکە لەوێدا بایەخدارە، کــە ئاکامەکان بۆ لایەنی خۆیەتی بگەڕێینەوە و لۆتریمۆنت بەسەرچاوە و بنەڕەتی ئاژەڵگەری دابنێین و واتا دەرەکییەکەشی دیاریبکەین. ئەگەر لۆتریمۆنت ئەوەی بوێت پێویستە سروشت ئەو شتەی بوێت بناسین.

ئێمە دەزانین ئەو شتێکی جیاوازتر لەوەی من دەخاتە نێو جیهانی ئاژەڵەوە. بەڵام دەوڵەمەندکردنە خۆیەتییەکە، کە زانیاریمان ســەبارەت لۆتریمۆنت دەداتێ لەسەر بونیادە دەرەکییەکەی ئاژەڵگەری دەبێت بە دوولایەنی. لەبەر ئەمەشە سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی بۆ لۆتریمۆنت داوای ڕاڤەکردنی واتا دەرەکییە ئاژەڵگەرییەکانی لێدەکات. بەهەمانشێوەش بۆ ماوەیەکی زۆرە بیرم لە زەڕەنگەری بۆ ڕامبۆ کردۆتەوە. بەڵام بەبێ دامەزراندنی گرنگی زەویناسی چ واتایەک دەبەخشێت؟

ئەو بۆچوونەی جەخت لەسەر بوونی پێش واتا دەکات ڕەتدەدرێتەوە. مرۆڤیش، لەبەر ئەوەی بوونێکی بەرزی هەیە، لەگەڵ هاتنە نێو جیهانییەوە واتا دروستدەکات. بەرزێتی ئەو ئاماژە بۆ بەرزێتییەکانی دیکە دەکات، کە دەکرێت بەبێ گەڕانەوەیان بۆ لایەنی خۆیەتی ڕاڤەبکرێن. وزەی لەش خەســڵەتێکی دەرەکی ئەو لەشەیە، کە دەتوانرێت لەدەرەوەدا لەبەر ڕۆشــنایی بارودۆخە بابەتگەرییەکاندا بپێورێت. ئەو وزەیەش لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ بوونی-بۆ-خۆ دێتە نێو لەشــەکە و جیهانەوە.

بەهەمان شـــێوەش، سایکۆلۆجییەکی شیکاری بابەتگەری و وردبین دەیدۆزێتەوە، کە ئەوەی لە ناخی ئەســتوەکاندا کاردەکات هەموو شــتێک نییە. چەند لایەنێکی هێزەکـــی دیکەش هەن، کە بە بـــەرزی دەمێننەوە و بۆ هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، کە هەڵبژاردنی بوونە، دەگەڕێنەوە.

ئەمـــەش ئێمـــە بە خاڵـــی دووەمـــی ناتەباییەکەمـــان لەگەڵ میـــم باچەلارد ئاشــکرادەکات. نکۆڵی لەوەناکرێت هەموو سایکۆلۆجییەکی شیکاری دەبێت بنەما لەپێشــترەکانی هەبێت. بەتایبەتی دەبێ بزانێت بەدوای چیدا دەگەڕێت یان چۆن ئەو شــتە دەدۆزێتەوە. مادام ئامانجەکەشی بە سایکۆلۆجی شیکاری بەبێ کەوتنە نێــو ســوڕانەوە نادۆزرێتەوە، ئەوا دەبێت ئەو کۆتاییە پێشــمەرج بێت؛ لەڕێگەی ئەزمونەوە دەیگەیەنێ یان لەسەر بنەمای زانستێکی دیکە دروستیدەکەین. لبیدۆی فرۆید پێشـــمەرجە؛ ویستی هێز لای ئەدلەر لە زانیارییە ئەزمونییەکانەوە لەڕێگەی بەهەمەکیرکردنێکی بێ میتۆد پەیدابووە. نەبوونی ئەم میتۆدەشە هانیداوە گوێ بە بنەماکانی میتۆدی سایکۆلۆجی شیکاری نەدات. میم باچەلارد پشتی بەم بیریارانەی پێش خۆی بەستوە؛ پێشـــمەرجە سێکســـییەکان توێژینەوەکەیان داگیرکردەوە؛ هەندێــک جاری دیکەش ئاماژە بۆ مردن، کارەســاتی لەدایکبوون و ویســتی هێز دەکات. بەکورتییەکەی، سایکۆلۆجییە شیکارییەکەی لە میتۆدەکەی دڵنیاترە وەک لە بنەماکانی و پشــت بە ئاکامەکانیشی بۆ گەیشــتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی دەبەستێت. بەڵام ئەمە لە دانانی ئەسپەکە لەپشت گالیسکەکەوە دەچێت؛ ئاکامەکان ڕێگە نادەن دابمەزرێنین. دەردەکەوێت ئێمە واز لەم بنەما ئەزمونیانە یان پێشمەرجانە بهێنین، کە مرۆڤ دەکات بە شــتێکی لەپێشــتر، سێکسگەری یان ویستی هێز و ئامانجی ســـایکۆلۆجی شیکاری بە بۆچوونی ئۆنتۆلۆجییەوە ببەستینەوە. ئێمەش ئەم هەوڵەمان داوە. ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، بێ ئەوەی بە لبیدۆ یان ویستی هێزی دابنێین، ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی خاوەنێتی جیهانەوە، هەڵبژاردنی بوونە. بینیمان، هەڵبژاردنەکە بە خاوەنێتی دەردەبڕێت. هەریەکێک لە شتەکان لەدوا شیکردنەوەدا هەڵبژێردراون نەک لەبەر ئەوەی لایەنی هێزەکی سێکســـییان تێدایە، بەڵکو لەسەر شێوازێکی بوون دامەزراوە و لەوێوە سەرهەڵدەدات. سایکۆلۆجی شیکاری شتەکان هەوڵـــدەدات بزانێت چۆن هەریەکێک لەو شــتانە دەبێت بە هێمایەکی دەرەکی بۆ بوون و پەیوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیش بەو بوونەوە.

من ناڵێم پێویســـت ناکات هیماگەری سێکســـی لە سروشتدا بدۆزینەوە، بەڵکو ئەو کارە ســـەرەکی نییە و کەمدەکرێتەوە و پێویســـتی بە سایکۆلۆجی شیکاری پێش-بونیادەکانی ســێکس هەیە. کەوابوو، توێژینەوەکەی میم باچەلارد لەســـر ئاو پێشــنیار و کۆکردنەوەی بابەتە گرنگەکانە بۆ ئەو ســـایکۆلۆجییە شیکارەی بنەماکانی خۆی دەناسێت.

ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی ڕاستەقینەی واتای شتەکان و پەیوەندی ڕاستەقینەیان بە مرۆڤەوە بۆ سایکۆلۆجی شیکاری دەردەخات. بە تەنیا ئۆنتۆلۆجی دەتوانێت لەنێو پانتایی بەرزێتی و لە گۆشـــەنیگایەکەوە بوون-لەنێو-جیهان بە دوو چەمکەکەیەوە بناســێت چونکە بە تەنیا ئۆنتۆلۆجی لەنێو تێڕوانینـــی کۆجیتۆدا جێگەی خۆی داگیـــردەکات. هەروەهـــا بیرۆکەکانی فاکتۆر و هەڵوێســـت یارمەتیمان دەدەن لە هێمادانانی بوونگەرانە بۆ شـــتەکان تێبگەین. ئەمەش لـــە بیردۆزەدا دەگونجێت، بەڵام بە کردەوە مەحاڵە فاکتۆر و ئەو پرۆژەیەی هەڵوێست پێکدەهێنێت لەیەکدی جیابکەینەوە. ئەم تێبینییە لێرەدا بۆ ئێمە سودبەخشـــە؛ بینیمان، کە پێویســـت نـــاکات بڵێین 'ئەوە'، کاتێک لەدەرەوەدا بەبێ جیـــاوازی و بێ بوون-بۆ-خۆ هەیە و خاوەنی واتایە. لەڕاســـتیدا، خەســـڵەتەکە بوونی ئەوە. زەردی لیمۆ شێوازێکی خۆیەتی تێگەیشتن لە لیمۆ نییە؛ خودی لیمۆکەیە. ئەوەشمان باسکرد، کە بوونی لیمۆکە لەنێو خەســـڵەتەکاندا درێژدەبێتەوە و هەریەکێک لەو خەســـڵەتانە بەسەر ئەوانی دیکەدا کەوتوە؛ ئەمەش 'ئەوە'یە، کە بە دروســـتی باسمانکرد. هەریەکێک لە خەسڵەتەکانی بوون هەمووی بوونە؛ ئامادەبوونی هەڵکەوتنە ڕەهاکەیەتی؛ بێ جۆرە کەمنەکراوەکەیەتی. لەکەرتی دووەمی ئەم نوسراوەشـــدا جەختمان لەســـەر جیانەکردنەوەی پـــڕۆژە و فاکتۆر لە چۆنیەتییەکدا کرد. "بۆ ئەوەی چۆنیەتییەک هەبێت پێویســـتە بوون هەبێت چونکـــە نەبوون، کە بە سروشـــت بوون نییە... چۆنیەتی هەمووی بوونە و لەنێو سنوری ئەو بوونەی لەوێدایە خۆی دەردەخات." لەسەرەتاوە نەمانتوانی خەسڵەتی واتا بۆ بوون-لەنیو-خۆ دابنێیین، چونکە "لەوێدا هەیە" شتێکی پێویســـت بوو؛ کە تێڕامانی لەناوبردنی بوون-بۆ-خۆیە و پێویستە لەوێدا بۆ بوونی خەســـڵەتەکان لەوێدا هەبێت. ئاسانیشـــە لەو خاڵە تێبگەین، کە گوایە واتای چۆنیەتی ئاماژە بۆ شـــتێکی دانراو "لەوێـــدا هەیە"، دەکات، بەرەو بوونێک، کە لە بوونێکی ڕەها و لەنێو-خۆ دەچێت، دەڕوات.

لەتێگەیشـــتنی چۆنییەتیدا هەوڵدانێکی میتافیزیکییانە بۆ ڕاکردن لەدەســـت بارودۆخی خۆمان هەیە و دەیەوێت کون بکاتە نێو قاوغی نەبوونەوە؛ سەبارەت بە "لەوێدا هەیە" و بچێتە نێو بوون-لەنێو-خۆی ڕووتەوە. ئاشکراشـــە ئێمە خەسڵەت بە هێمای بوون دادەنێین، کە هەرچەنـــدە لەوێدا لەبەردەمماندایە بەتەواوی خۆی لـــە ئێمە دوور دەخاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بونیادێکی نوێ بۆ "لەوێدا هەیە"دروستدەکەین.

ئەم بونیادەش ناودەنێین واتا گەیاندنی میتافیزیکییانەی خۆدەرخســـتنەکانی بوون لەنێو درککردندا. ئامانجی ســـایکۆلۆجی شیکاریش وەدەستهێنانی ئەم واتا گەیاندنەیە. ئایا واتا گەیاندنی مێتافیزیکی زەرد، ســـور، بریقەدار یان چرچ و لۆچ چییە؟ پاش ئەم پرسیارە سەرەتاییانە دەپرسین، ئایا لایەنی مێتافیزیکی نەگۆڕی

لیمۆ، ئاو، ڕۆن و هتد چییە؟ پێویستە سایکۆلۆجی شیکاری چارەسەر بۆ ئەم گرفتانە بدۆزێتەوە ئەگەر بیەوێت بزانێت بۆچی پیرۆ حەزی لە پرتەقاڵە و لە ئاودەترسێت؛ بۆچی حەزی لە تەماتەیە و ڕقی لە لۆبیایە، بۆچی دەڕشێتەوە ئەگەر بەزۆر گوێماسی یان هێلکەی بۆگەن بخوات.

ئێمە ئەوەشمان باسکرد، چۆن لە دانانی پڕۆژەدا لەسەر شتەکان، ڕۆشنایی خستنەسەر یان ڕەنگکردنیان توشی هەڵە دەبین. یەکەم، هەستکردن ئامادەبوونێکی ناوەکی نییە، دەرەکی و پەیوەندییەکی بەرزە بۆ ناسینی بابەتەکەی. ئەمەش هەموو لایەنەکانی ناگرێتەوە. ئەو باسەی لە پڕۆژەکەدا سەرهەڵدەدات و دەڵێین، "دیمەنەکە گیانەکییە". ئاکامەکەی ئاشکرایە. بۆنموونە، بیر لە خەسڵەتی "باریکی" بکەوە. بۆ هەرزەکارێکی ئەوروپی ئاماژە بۆ کۆمەڵێک ڕەفتاری مرۆڤانەوە و ڕەوشتی دەکات، کە دەکرێن بە پەیوەندی لەگەڵ بووندا. تەوقەکردن، زەردەخەنە، بیرۆکە و هەستکردنیش دەکرێ باریک بن. بۆچوونە گشتییەکە ئەوەیە، کە یەکەم، من هەست بە جۆرێک ڕەفتار و هەڵوێستی ڕەوشتانەی قێزاوی دەکەم. ئەو ڕەفتارە تاوانباردەکەم. لەسەرو ئەمەشەوە ئەزمونی هەستەکیم بۆ 'باریکی' هەیە. لەدواییدا، بیردۆزەکە دەڵێت، پێویستە پەیوەندی نێوان هەستکردنەکان و باریکییەکە دروستبکەم. باریکیش ڕۆڵی هێما بۆ جۆرێک لە هەستکردن و هەڵوێستی مرۆڤانە دەبینێت. من بە پڕۆژە دانانەکەم 'باریک'م دەوڵەمەندکردوە و زانینم خستۆتە سەر. چۆن ئەم باسە بە پڕۆژەدانان وەرگرین؟ ئەگەر بڵێین، ئێمە لەپێشدا هەستکردنەکان، وەکو خەسڵەتی سایکۆلۆجی ڕووت دەناسین، چۆن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ 'باریک'یدا دەدۆزینەوە؟ ئەگەر 'باریک' لەسەرەتاوە واتا نەبەخشێت و بە بابەتی خەسڵەتێک دابنرێت ئەوا کەس نازانێت چۆن بۆ یەکێتییەکی ناساوی دەروونی دەبێت بە هێما. ئەگەر بە ئاگاوە و ئاشکرا پەیوەندی هێمایی لەنێوان باریک و لینجاوی کەمی تاکە کەسەکان دروست کەین، دەبێت لە کەمی لەنێو باریک و باریک لەنێو کەمییەکەدا تێبگەین.

باسکردن لەلایەن پڕۆژەکەوە هیچ ڕووننا‌کاتەوە چونکە ئەوەی باسیدەکات بڕیاری لەسەر داوە. ئەگەر خۆی لەم ڕەخنەیەش بپارێزێت توشی ڕەخنەیەکی دیکە دەبێت، کە لە ئەزمونەکەوە دەردەچێت؛ باسکردن لەلایەن پڕۆژەکەوە ئەوە دەردەخات، کە ئەو خۆیەی پڕۆژەکەی خستۆتەگەر بە ئەزمون و شیکردنەوە بە جۆرێک زانین سەبارەت بونیاد و هەڵوێستەکانی ئەوەی بە 'باریک' ناوزەدیدەکات، گەیشتوە. بەگوێرەی ئەم چەمکە، کەرەسەکانی لاوازی، وەکو زانین ئەزمونی کەمی مرۆڤ دەوڵەمەند ناکەن. تەنیا دەتوانین بە یەکێتییەکی بیرۆکەیی دابنێین. لەلایەکی دیکەوە، خودی باریک بە جیا و بە کردەوە زیان بەخشە (چونکە شتێکی باریک و لینجاوی بە دەست و جلەوە دەنوسێت و پەڵە دروستدەکات)، بەڵام

باریکی نەگونجاو نییە. لەڕاستدا قێزکردنەوە لەسەر پێکەوە دانانی ئەم خەسڵەتە و خەسڵەتێکی تایبەتی ڕەوشتیدا ڕاڤەدەکرێت. تەماشاکردنیش فێرماندەکات منداڵیش حەز لە شتێکی باریک ناکات. لەو کاتەوە زمان دەگرن لە بەهای وشەکانی، وەکو نەرم و نزم و هتد کاتێک بۆ هەستکردنەکان دادەنرێن، تێدەگەن هەموو ئەمانە تێپەڕدەبن و دەڵێن ئێمەش دێینە نێو جیهانێکەوە تیایدا هەستەکان و کردەوەکان خاوەنی کەرەسەن، جەوهەریان هەیە و نەرمن، ناخۆش، باریک، نزم یان بەرزن؛ لەنێویاندا جەوهەرە مەتەرییەکە واتای دەروونی هەیە، کە دەیانکات بە شتێکی نەگونجاو ترسناک. ئێمە بە هیچ ڕاڤەکردنێک لەلایەن پرۆژەکەوە یان بە لێکچون ڕازی نابین.

بەگشتی، مەحاڵە بەهای هێمای دەروونی 'باریکی' لە خەسڵەتی ڕووتی 'ئەوە' دەربهێنین. مەحاڵیشە واتای 'ئەوە' لە پرۆژەکەدا بە زانین بۆ هەڵوێستەکانی دەروون دابنێین. ئایا چۆن لەم هێماگەرێتییە هەمەکی و بێ ئەندازەیە تێبگەین، کە لەسەر وەرگێڕانی ڕقەکانمان، بەزەیی و سەرنجڕاکێشانمان بۆ بابەتە بێ واتاکان ڕادەوەستێت؟ بۆ بەرەوپێشەوە چوون لە توێژینەوەکەماندا پێویستە واز لە چەند پێشمەرجێک بهێنین. بەتایبەتی پێویستە پێشمەرجی لەپێشتری خەسڵەتی باریکی بۆ هەستکردنێکی تایبەت، وەکو وێنە نەک زانین وازلێ بهێنین. گرنگە نکۆڵی لەوەش بکەین، تاکو زانیاری تەواومان پێدەگات، کە لایەنە دەروونییەکە ڕێگەمان دەدات بابەتە ئەستوییەکە بە هێما یان ئەزمونمان بۆ کەمی مرۆڤ پێش تێگەیشتنمان لەواتای 'باریکی' دەرکەوێت.

با بۆ پرۆژەی بنەڕەتی بگەڕێینەوە. پرۆژەی بنەڕەتی پرۆژەی خاوەنێتییە. زۆر لە 'باریکی' دەکات بوونی خۆی دەربخات؛ چونکە سەرهەڵدانی بوون-بۆ-خۆ لەنێو بووندا خاوەنێتییە، ئەو شتە باریکەی دەناسرێت دەبێت بە باریکییەکی داگیرکراو؛ بەندی بنەڕەتی نێوان باریکی و من لەوەدایە من پرۆژەی بوونەکە دەکەم بە بناخەی بوونەکەی و لە ڕوویەکی بیرۆکەیشەوە ئەوە بوونی منە. لەسەرەتاوە دەردەکەوێت بگونجێت بوونی خۆم دابمەزرێنم؛ چۆنیەتی دەروونی هەیە. بەدڵنیاییەوە، ئەمە بەخشینی 'دەروون' بە بوونی خۆم، وەکو زیندەوەرێکی سەرەتایی، ناگەیەنێت؛ چاکەیەکی میتافیزیکیش بە خۆم نادەم. زۆرکردنی داگیرکەرانە بۆ ئەوەی 'باریکی' واتای خۆی بۆ من دەربخات دەشێ وەکو شتێکی لەپێشتر دابنرێت هەرچەندە پرۆژەکە سەربەستە و بە بوونی بوون-بۆ-خۆ دادەنرێت. شێوازی خاوەنێتی پێویستی بە شێوازی بوونی باریکی نییە، تەنیا پێویستی بە بوونە ڕووتەکەیەتی لەوێدا و ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ ئەمەش لە ڕووبوونەوەکانی دیکە جیاوازتر نییە چونکە پرۆژەیەکی سادەی خاوەنێتییە و لە "لەوێدا هەیە"ی ڕووت جیانابێتەوە. بەتەواوی دەکەوێتە نێو سنوری پرۆژەی خاوەنێتی باریکییەوە. باریکییەکە وەڵامدانەوەی

داواکارییەکەی منە؛ لەدەرەوەدا دەردەکەوێت، وەکو زەروو خوێنم دەمژێت و وەڵامی پرســـیارێکی کۆنکرێتییە؛ بە هەموو بوونیەوە وەڵام دەداتەوە. وەڵامدانەوەکەی بە پڕی پرسیارەکەیە. هەمانکات تاریکە و هەموو کەرەسە نەناسراوەکانی هەڵگرتوە، کە دەربڕینیان مەحاڵە.

بەو ڕادەیەی وەڵامێکی دروستە ئەوا ئاشکرا و ڕوونە؛ باریکی خۆی بەو کەمییە نیشـــاندەدات، کە من هەمە. ڕێگەش دەدات تەماشـــای بکرێت و بگیرێت. باریکی خۆی بۆ خاوەنێتی دەخاتە بەردەست. بەڵام هێشتا بە تاریکی دەمێنێتەوە، فریای خۆی دەکەوێت و بە شـــتی نوێ خۆی پڕدەکاتەوە. ئێمە توشـــی واتایەکی پڕوچڕ دەبین و بوون-لەنێو-خۆ دەستنیشـــان دەکات چونکە باریکی خۆی لەنێو جیهاندا دەرخستوە. دووەمیش، نەخشەی (خۆ)شمان بۆ دەکێشێت چونکە خاوەنێتییەکە، وەکو کردەوەیەکی بنەڕەتی سەر بە 'باریکی' نەخشە دادەنێت.

ئەو خەسڵەتە دەرەکییەی بەرەو ڕوومان دێت سروشتێکی نوێیە. نە ماتەری نە دەروونییە، بەڵکو شـــتێکە ناکۆکی نێوان هەردوو ئەو دوولایەنە ڕەتدەکات و خۆی، وەکو دەربڕینێکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەموو جیهان دەردەخات؛ دەبێت بە زەمینەیەکی نەرم بۆ خانەکردنی هەمووی 'ئەوانە' لەنێو جیهاندا. خاوەنێتی 'باریکی'، کە بۆ بوون-لەنێو-خۆی جیهان دانراوە شێوازێکی دراوە، کە خۆی دایدەنێت. خۆی هێما بۆ بوون دادەنێت؛ واتە، تاکو پەیوەندییەکە لەگەڵ 'باریکی'دا بەردەوام بێت هەموو شـــتێک بۆ ئێمە وادەردەکەوێت، کە باریکی واتا بێت بۆ هەموو جیهان. بەهەمانشێوەش بۆ خێڵە سەرەتاییەکانی شەوگەردەکان هەموو بابەتێک شەوگەرد بوو.

ئایا چ شێوازێکی بوون 'باریکی' بە هێما کردەوە؟ یەکەمجار، دەبینم هاوڕەگەزییە و لاســـایی کردنەوەی شلییە. شتێکی باریک، وەکو سواخدان شلەیەکی نائاساییە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شلیدا ئەو بوونەش بەرجەستە دەبێت، کە لە هەموو لایەکەوە ڕادەکات و وەکو خۆی دەمێنێتەوە. شـــتێک لەســـەرخۆی بەبێ ترس و بیرەوەری هەڵدەگرێت. بۆ هەمیشـــە دەبێت بە خۆی و ئێمە هیچ مۆرکێک بەســـەر ئەوەوە و ئەویش بەســـەر ئێمەوە جێناهێڵێت. ئەو بوونەیە دەخلیســـکێ و ئێمەش لەسەری دەخلیسکێین. شتێک بتوانێت لەسەری بخلیسکێ (وەکو بەلەمی سەولێی، بەلەمی ماتۆڕی و بەلەمی خلیسکانی ســـەرئاو). خاوەنێتی دەستدەکەوێت، بەڵام هەرگیز نابێت بـــە خاوەنی چونکـــە ڕادەکات، بەردەوام دەگۆڕێت. بـــەڵام باریکی کتوپڕ خۆی وەکو شـــتێکی تەمومژاوی دەردەخات چونکە شلییەکەی زۆر هێواشە؛ لەنێو شلییەکەیدا لینجاوی و چڕە. سەرکەوتنی ڕەقی بەسەر شلیدا نیشاندەدات. لینجی ئازار و ئەشـــکەنجەیە بۆ ئاو. دیاردەیەکە لە پرۆسەی پێکهاتندایە؛ مانەوەی لەنێو گۆڕاندا پێنییە، بەو جۆرەی ئاو هەیەتی. ئەم وەســـتانە بن لەقە لە لینجیدا ڕێگە بە خاوەنێتی نادات. ئاو زۆرتر لەجوڵاندایە، بەڵام دەتوانرێت، وەکو شتێکی جوڵاو

داگیربکرێــت. لینجی بە توندی ڕادەکات و لــەو پەیوەندییە دەچێت هەڵۆ لەگەڵ زەویدا هەیەتی نەک مریشــک. تەنانەت ڕاکردنەکەشــی ناگیرێت چونکە باوەڕ بە ڕاکردنی خۆی ناکات. بەئاشــکرا شــتێکی ڕەقی بەردەامە. هیچ شتێک ئەوەندەی "جەوهەرێــک لەنێوان دوو بارودۆخدا" زۆرتر لەو هێواشــییەی لینجاوییەکە تیایدا دەتوێتەوە، گەواهی لەســەر خەســڵەتە نادیارەکەی نادات. ئەو دڵۆپە ئاوەی بەر پانتایی ئاوێکی زۆر دەکەوێت ڕاســتەوخۆ دەبێت بە ئاوەکە؛ ئەمەش لە توانەوەی گیانەکــی تاکەکەس لەنێو فۆرمێکی مەزن دەچێــت، کە لێوەی دەرچووە. هێمای تەنی ئاوەکە لە پێکهێنانی سیســتەمی یەکانەکی بووندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت؛ پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان بــوون و هەبوو دیاریدەکات. ئەگەر بیر لە لینجی بکەینەوە، دەبینین نوێنەرایەتی هیستیریای بەردەوام لەنێو دیاردەی بووندا دەکات. هەنگوینەکەی بە کەوچکەکەمدا لەسەر شوشەی هەنگوینەکە دێتە خوارێ پەیکەریک بە خۆهەڵواسینەکەی دروســتدەکات و یەکگرتنیشی لەگەڵ هەموو هەنگوینەکەدا نوقم بوونێکی لەســەرخۆیە؛ کەوتنە خوارەوەیەکە، کە لە فشبوونەوە دەچێت (بیر لە خۆشی ئەو منداڵە بکەوە، کە لە کاتی یاریکردن بە کەلوپەلەکانی گویی لە فیکە بە پڕ بوونیان و لوورەش بە فشــبوونەوەیان دەبێت.) ئەمیش، وەکو پیشاندان لە مەمکە پانەوەبووەکانی ئەو ئافرەتە دەچێت لەسەرپشت ڕاکشاوە.

لەو جەوهــەرە لینجاوییەی لەنێو خۆیدا دەتوێتــەوە جۆرێک لە بەرگریکردن دەبینرێت. ئەمەش لە ڕەتدانەوەی ئەو تاکەکەسە بەرانبەر لەناوبردنی لەنێو هەموو بووندا دەچێت. هەروەها ئەو نەرمییەشــە فرێدراوەتە ئەو پەڕییەوە. نەرمی نیوە لەناوبردنە؛ وێنەی ئێمە، وەکو هێزێکی ڕووخێنەر و سنورەکانی نیشاندەدات. هێواشی لەناوبردنــی دڵۆپێکی لینجدا لەنێو هەموودا لەنەرمیدا دەناســرێت. نەرمییەکەش تاکــو دواتر دەمێنێتەوە؛ تەنــی جەوهەرە لینجەکە دڵۆپەکــە هەڵدەمژێت. ئەم دیاردەیە چەند خەســڵەتێکی لینجی ئاشــکرا دەکات. یەکەم ئەوەیە، کە دەستی لێدەدەیت نەرمە. ئاو بڕژێنەسەر زەوی؛ دەڕوات. شتێکی لینج بڕژێنە ڕادەوەستێت و خۆی نیشــاندەدات. پاندەبێتەوە و نەرمە؛ ئەگەر دەســتی لێبدەیت ڕاناکات و دەچەســپێت. ئەو خەسڵەتەی، کە بەدڵڕەقی و بێبەزەییانە ڕێگەنادات ئاو بگرین بە نهێنی دەیکات بە کانزا؛ دواجاریش، وەکو پۆڵا دەبێت بە شتێک لێی تێنەگەین. لە لینجی تێدەگەین. خۆی وا دەناســێنێت، کــە بتوانین داگیریبکەین. باریکی و خۆبەستنەوەکەشی ڕێگە نادات لە دەستمان هەڵبێت؛ دەتوانم بیخەمە سەردەستم. نەختێک لە هەنگوینەکە جیابکەمەوە. بەردەوام شــتێکی نوێی تاک دروستبکەم؛ بەڵام هاوکات نەرمی شتەکە، کە لەنێو دەستمدا پانکراوەتەوە تێمدەگەیەنێت، کە من بەردەوام هەوڵی ڕووخانی دەدەم.

ئەمە وێنەی ڕووخاندنێکی-داهێنەرانەیە. لینجی بە ئاســانی دەستەمۆ دەبێت.

لەکاتێکدا لەو بڕوایەدام داگیرم کردوە، ئەویش من داگیردەکات. ئەمەش خەسڵەتی بنەڕەتــی ئەوە: نەرمییەکەی، وەکو زەرووە. ئەگەر بابەتەکەی نێو دەســتم ڕەق بێت، هەرکاتێک بمەوێت فڕێی دەدەم؛ وەســتانی ئەو هێمایە بۆ هەموو هێزی من؛ بناخەکەشــی دروستدەکات. بەڵام بناخەی من دروســتناکات؛ بوونَ-بۆ-خۆ بوونَ-لەنێوَ-خــۆ لەنێو بابەتدا کۆدەکاتەوە. بابەتەکەش بــۆ بوونَ-لەنێوَ-خۆیەکی دیکە بەرزدەکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ لە پلەی خۆی کەم بکاتەوە. ئەو هەمیشــە، وەکو هێزێکی داهێنەر دەمێنێتەوە. بوونَ-بۆ-خۆیە، کە بوونَ-لەنێوَ-خۆ دەتوینێتەوە. بە واتایەکی دیکە، خاوەنێتی لە تێهەڵکێشەی بوونَ-لەنێوَ-خۆی بوونَ-بۆ-خۆدا بوونَ-بۆ-خۆ لەپێشتر دادەنێت. بەڵام، کتوپڕ بوونَ-بۆ-خۆ واز لە مافی خۆی دەهێنێت. من دەستم دەکەمەوە تاکو شتە لینجەکە بڕوات، کەچی لە دەستم نابێتەوە. شێوازی بوونی نە وەستانە، وەکو ڕەقی نە وەکو ئاویش دەجوڵێت. لە تاو ڕاکردنی لە من ماندوو دەبێت. ئەو شــتیکی نەرم، جوڵێنەر، تەڕ و مێینەیە. بە شاراوەیی لەژێر پەنجەکانمدا دەژی. منیش، وەکو گێژبوون هەســتی پێدەکەم. لینجی خەسڵەتی دەستلێدانی هەیە و منیش لەوەزیاتر خاوەنی نیم. بەردەوام دەمێنێتەوە. لەلایەکەوە شتێکی داگیرکراوی دەستەمۆ و لەلاکەی دیکەوە لە دڵسۆزی سەگێک دەچێت، کە کاتێک داواشی ناکەیت ئەو ئەتداتێ. لەژێر دەستەمۆکردنەکەشەوە خاوەنێتییەکی نهێنی لەنێوان خاوەنەکە و شتە داگیرکراوەکەدا هەست پێدەکەیت.

لێرەدا هێمایەک کتوپڕ خۆی دەخاتــە ڕوو: ئەویش خاوەنێتییەکی زەهراوییە؛ ئەگەری توانەوەی بوونَ-بۆ-خۆ لەنێو بوونَ-لەنێوَ-خۆدا هەیە؛ واتە، دەشێ بوونێک پەیدابێت، کە بەپێچەوانــەی بوونَ-لەنێوَ-خۆی بوونَ-بۆ-خۆیە. لەم بوونەدا بوونَ-لەنێوَ-خۆ بوونَ-بۆ-خۆ ڕادەکێشێتە نێو هەڵکەوتن و دەرەکییەکی ناجۆرەوە یان بۆ نێو بوونێکی بێ بناخەوە. لێرەدا، من یەکسەر تەڵەی لینجی دەناسمەوە: ئەو شلییەیە من دەگرێت و ناچارم دەکات واز لە پلەومافم بهێنم. من ناتوانم لەسەری خلیسکاندن بکەم، وەکو زەروو پێمەوە دەنوسێت. نکۆڵی لە خلیسکاندنەکە، بەوجۆرەی لەسەر ڕەقــی هەیە، نەکراوە؛ تەنیا پلەکــەی کەمکراوتەوە. وا دەردەکەوێت لینجی خۆی بۆ من شــلبکات، بانگم بکات چونکە تەنێکی لینجی وەستاو لەدوورەوە لە تەنێکی شــلی پڕ دەچێت. بەڵام ئەمە تەڵەیە. جەوهەرێکی خلیســکاو خلیســکاندنەکەی هەڵوەشــایەوە و هیچ ئاسەوارێکی بەسەر منەوە جێنەهێشتوە. لینجی لەو شلییە دەچێت لە خەوی ناخۆشدا دەیبینین، کە هەموو خەسڵەتەکانی زیندوو دەبن و دژی من ڕادەوەســتن. لینجی تۆڵەسەندنی بوونَ-لەنێوَ خۆیە. تۆڵە سەندنێکی مێینەی شــیرین و دەردەدارە و هێمای 'شــەکری' بۆ دادەنرێت. لەبەرئەم هۆیەشــە تامی شــیرینی، وەکو شەکر شــیرینییەکی هەتاهەتایی، کە پاش قوتدانی لەنێو دەمدا دەمێنێتەوە، ناوەڕۆکی لینجی بە پڕی تەواو دەکات. لینجییەکی شــیرین نموونەی

چاکـــی لینجییە؛ هێمایە بۆ مردنی شـــیرینی بوون-بۆ-خۆ (وەکو ئەو هەنگە وایە دەکەوێتە نێو مرەباکەوە و تیایدا نوقم دەبێت.) هەمانکات لەســـەر ئەو ڕاستییەی من نەخشە بۆ خاوەنێتی جەوهەرە لینجەکە دەکێشم، لینجییەکە دەبێت بە بوونی من. لێسانەوەی شتە لینجاوییەکە بە دەستمەوە بەردەوامی بە لینجییەکە لە بوونی منـــدا دەدات. دەزووە نەرم و درێژە لینجاوییەکانی لە پەنجەمەوە شـــۆڕدەبنەوە و دەکەونە سەر لەشی لینجاوی من (کاتێک پەنجەم دەکەمە ناوی و دەریدەهێنمەوە) خۆتێهەڵکێشـــانی بوونمە لەنێو لینجاوەکەدا. ئەو هیســـتیریایەی بە گەیشـــتنی کۆتاییەکان، بۆ ئەو دەزوانەی بە لەشێکی گەورەترەوە هەن بەرجەستەیان دەکەم، بـــۆ بەرگریکردنە لە توانەوەی بوونم لەنێـــو بوون-لەنێو-خۆدا. ئەگەر بازدەمە نێو ئاوەوە و خۆم نوقم بکەم توشی پەرێشانی نابم چونکە ناترسم لەوەی لەنێو ئاوەکە بتوێمەوە؛ لەنێو ئەو شلییەدا بە ڕەقی دەمێنمەوە. ئەگەر بکەومە نێو لینجاوێکەوە، هەســـتدەکەم وندەبم؛ لەنێویدا دەتوێمەوە چونکە لینجی لە پرۆســـەی بەرەو ڕەق بووندایە. لەگەڵ تێگەیشتنم لە بوونی لینجی جەوهەرێکی چەسپان سەرهەڵدەدات، کـــە لە پلـــەم نزمدەکاتەوە و لە هاوســـەنگی بەدەرە و لـــە دێوەزمەی یادەوەری کەسێکی دۆخگۆڕاو دەچێت.

ئەگەر دەست لە لینجی بدەیت بوونی خۆت دەخەیتە نێو مەترسی توانەوە لەنێو لینجاوەکەدا. ئەم توانەوەیە ترسناکە چونکە توانەوەی بوون-بۆ-خۆیە لەنێو بوون-لەنێو-خۆدا بەو جۆرەی مەرەکەبە لەنێو کاغەری وشـــککردنەوەکەدا نوقم دەبێت. ترسناکتریشە ئەگەر دۆخ گۆڕینەکە تەنیا بۆ شتێک نەبێت بەڵکو بۆ لینجی بێت.

ئەگـــەر بیر لە توانەوەی خۆشـــم بکەمەوە (وەکو دۆخ گۆڕینـــی بوونم بۆ ئاو) هێشـــتا زۆرکاریگەر نابێت چونکە ئاو بە جوڵان و شـــلی و ڕووڵەتە ساختەکەی، کـــە ڕەق دەردەکەوێت و ڕاکردنە بەردەوامییەکەیـــەوە هێمایە بۆ ئاگامەندی. ئەو بیریارە دەروونناســـانەی بۆ یەکەمجار ســـەرنجیان دایە خەسڵەتی بەردەوامبوونی ئاگامەندی (وەکو جێمس و برگســـۆن) ئاگامەندییان لەگەڵ ڕووباردا بەراوردکردوە. ڕووبار وێنەی ڕاڤەکردنێکی بەردەوامی بەشەکانێتی لەنێو هەمووەکەدا و پەیوەندییە پچڕاوە هەمیشەییەکە و جوڵانە سەربەستەکەش. بەڵام لینجی وێنەیەکی ترسناکی هەیە؛ ترســـناکە ئاگامەندی ببێت بە لینجی. هۆی ئەمەش خەسڵەتی نوساندنە لە لینجیدا. هاوکارییەکی فێڵاوی تێدایە لەسەرو هەموویانەوە لێکچونەکەیەتی لەگەڵ زەرووودا. ئەو ئاگامەندییەی دەبێت بە لینجی بیرۆکە لینجاوییەکانی دەیگۆڕن.

لەوڕۆژەوە ئێمە دێینە نێو جیهانـــەوە، ئەو وێنەیەی ئاگامەندی بەرەو داهاتوو یـــان پرۆژەی بوونمان دوامان دەکەوێت. لەکاتێکدا دەگەینە ئەوێ و ئەویش لەوێدا دەبێت بـــەو ئاگامەندییە ڕابردوو بە فێڵ ڕایدەگرێت و هەزار مشـــەخۆر پەلاماری پرۆژەکـــە دەدەن تاکو بەتـــەواوی ونی دەکەن. ”فڕینی بیرۆکـــەکان“، کە لە نێو

دەروونی کاریگەرێتییدا هەیە باشترین نموونەی ئەم بارودۆخە ترسناکەمان دەداتێ. بەڵام ئەو شــتە چییە ئەم ترسە لە ئاستێکی ئۆنتۆلۆجییانەدا دەریدەبڕێت، ئەگەر هەڵهاتنی بوونێ-بۆ-خۆ لەبەردەم فاکتۆری بوونێ-لەنێو-خۆ یان بەکاتبوون نەبێت؟

ترســناکی لینجی تۆقێنەرە و تیایدا فاکتۆر بەردەوام بەرەوپێشەوە دەڕوات و بوونێ-بۆ-خــۆ دەتوێنیتــەوە. ئەمەش ترس لە مردن یــان لەنێو-خۆیەکی ڕووت و نەبوون نییە بەڵکو ترســە لە بوونێکی تایبەت، کە تەنیا لە شێوازی بوونێ-لەنێو-خــۆی بوونێ-بۆ-خۆدا هەیە و لینجییەکــە نوێنەرایەتی دەکات. ئەو بوونەیە من بە هەمــوو هێزمەوە ڕەتیدەدەمەوە وەکو بەها بووە بــە دێوەزمەی بوونم. ئەو بوونە نموونەییەیە، کە تیایدا بوونێ-لەنێو-خۆی بێ بناخە خراوەتە پێش بوونێ-بۆ-خۆوە. ئێمە ئەمە بە دژە بەها ناوزەددەکەین.

لــە پڕۆژەی خاوەنێتی لینجیدا، لینجییەکە کتوپڕ دەبێت بە هێما بۆ دژە بەها: جۆرە بوونێکی نەناســراوە، بەڵام هەرەشــەکەرە و بەردەوام بۆ ئاگامەندی دەبێت بە مەترســی و ڕادەکات. کتوپــر پڕۆژەی خاوەنیتییەکەشــی دەکات بە پڕۆژەی فڕین. شتێک ســەرهەڵدەدات، کە بە ئەزموون نەدۆزراوەتەوە بەڵکو ئاکامی پێش تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونێ-لەنێو-خۆ و بوونێ-بۆ-خۆیە.

ئەمــەش واتایەکی تایبەتی لینجییــە. لەلایەکەوە، ئەزمونــە چونکە درککردن دەیدۆزێتەوە؛ لەلاکەی دیکەوە لە دۆزینەوەی گەشتە پڕ مەترسییەکەی بوون دەچێت. لێرە بەدواوە، مەترسییەکی نوێ بۆ بوونێ-بۆ-خۆ، بوونێکی هەرەشەکەر، کە پێویستە لێی دوورکەوینەوە لە هەموو شوینێکدا پەیدا دەبێت. لینجییەکە هێمای هیچ هەڵوێستێکی لەپێشــتری دەروونی نییە؛ جۆرە پەیوەندییەکی بوون لەگەڵ خۆیدا دەخاتەڕوو. ئەو پەیوەندییەش خەســڵەتێکی دەروونی هەیە. من لە نەخشەدانانەکەمدا بۆ خاوەنێتی دۆزیمەتــەوە و وێنەی خۆی بۆ گەڕاندومەتەوە. لــەم ڕووەوە، یەکەم پەیوەندی بە لینجییەکەوە، لەســەر شێوازی ئۆنتۆلۆجی لەودیو جیاوازییەکان لەنێوان دەروونی و نادەروونیدا، کەواتای بوون بۆ هەموو هەبووەکان بە کاتیگۆرییەکی تایبەت ڕاڤەدەکات، منیش دەوڵەمەنــد دەکات. ئەم کاتیگۆرییە کە جم جمەیەک دەچێت پێش ئەزمون لەگەڵ چەند جۆریک لە شــتە لینجەکان دانرابێت. من لەگەڵ پڕۆژە بنەڕەتییەکەمدا ئەوم هێناوەتە نێو جیهانەوە؛ بونیادێکی دەرەکی جیهانە و هەمانکات دژە بەهاشە؛ ئەو شــوێنە داگیردەکات، کە بابەتە لینجەکان تیایدا خۆیان ڕێکدەخەن. هەرکاتێک بابەتێک ئەم پەیوەندییەی بوونم بۆ ئاشکرا بکات، لە تەوقەکردندا، زەردەخەنە یان بیرۆکەیەکدا بێت لە پێناســەکەیدا، وەکو لینجی دەناســرێت؛ کە دەکەوێتە ئەودیو بەســتێنی دیاردکەیەوە و بۆ من دەکەوێتە ڕیزی شــتەکانی وەکو لەزگە، کەتیرە، هەنگوین و هتد. ئەمانە لە دەڤەری ئۆنتۆلۆجی لینجیدان.

بەپێچەوانەشـــەوە، بەوڕادەیەی من دەمەوێت ببم بە خاوەنی ئەو شتە، شتەکە بۆ من هەموو جیهانـــە و لەگەڵ یەکەم پەیوەندیمدا دەردەکەوێت دەوڵەمەند بێت و واتایەکی شـــاراوەی لەنێو خۆیـــدا هەڵگرتبێت. لینجییەکـــە، وەکو "زۆرتر لە لینجی" خۆی دەردەخات. لە یەکەم ســـاتی خۆ دەرخســـتنەکەیەوە ژوور هەموو جیاوازییەکانـــی نێوان دەروونی و نادەرونی، بوونێکـــی ڕووت و واتاکانی جیهان دەکەوێـــت؛ واتایەکی گونجـــاوی بوونە. یەکەم ئەزموونی منـــداڵ لەگەڵ لینجیدا منداڵەکە لە ڕووی دەروونی و ڕەوشتیەوە دەوڵەمەند دەکات؛ ئەو چاوەڕێ ناکات گەورەبێت تاکو جۆری کەمی لینجی بدۆزێتەوە. ئەوە، لەوێدا، لەشـــێوازی کەتیرە یان هەنگوین لەبەردەستیایەتی. ئەمەش بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەی چواردەوری منداڵ دروســـتە. مەبەستمان ئەوەنییە لەسەرەتاوە ئەو 'ناشرینی'، 'جوانی' بوون دەناسێت. بەڵکو خاوەنی واتاکانی بوونە، کە ناشرینی، جوانی، هەڵوێست، نیشانە دەروونییەکان، پەیوەندییە سێکســـییەکان و هتد، تیایدا بەرجەستە دەبن. ئەمانە تەنیـــا نموونەن. لینجی و کەتیراوی و تەماوییـــەکان و چاڵەکانی نێو لم، زەوی، ئەشـــکەوتەکان و ڕووناکی و شەو هتد. شـــێوازی بوونی پێش-دەروونی و پێش-ســـێکس بۆ دەردەخات، کە بەدرێژایی تەمەنـــی دەبێت لە واتاکانیان بکۆڵێتەوە. "بێ خەتایی" منداڵ دروست نییە.

لەگەڵ فرۆیدا باوەڕ بە ژمارەیەک پەیوەندی لەنێوان سیکس و فۆرم و هەڵوێستی تایبەتی ژینگەی منداڵدا دەکەین. بەڵام ناڵێین ئارەزووی سێکسی دەریان دەبڕێت، بەڵکـــو بەجۆرێک بۆ منداڵەکە دەردەکەون، کە سێکســـگەرایەتییەی پێکدەهێنن. نموونەی سەرنجڕاکێشـــانی منداڵ لەبینینی کوندا باســـدەکەین، کە زۆر لە بیریارە دەروونناســـەکانیش ئاماژەیان بۆ کردوە (گرنگ نییە کونەکە چاڵی نێو لم، زەوی، ژێرزەمین یان ئەشکەوت بێت.) ئەم بیریارانە کونەکەیان بە هەڵویستی سێکسی کونی پاش منداڵ، هەژان لە کاتی لەدایکبووندا و هەستکردن بە مەترسییەکی چاوەڕوان نەکراو لەکاری سێکســـی لای هەرزەکار دانـــاوە. بەڵام ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکانیان هاوڕانین. بیرۆکەی هەژان لەکاتی لەدایکبووندا نموونەیەکی چاکە. بەراودکردنی کون لەگەڵ ئەندامی سێکسی مێینە پێویستی بە ئەزموون یان هەستکردن بە مەترسی چاوەڕواننەکراو لەسێکســـدا هەیە، کە ئەو نییەتی. سەبارەت هەڵوێستی سێکسی منداڵەکەشـــی لە پاشـــەوە، بیر لە ڕەتدانەوەی ناکەینەوە؛ بەڵام ئەگەر ئاماژە بۆ ئەو کونانە بکات دەیانبینێت و بە هێما دایاندەنێت، ئەوا پێویستە منداڵەکە پاش خۆی، وەکو کون ببینێت. ئاشکراتر دەڵێین، پێویستە منداڵەکە ناوەڕۆکی کون یان دەم بناسێت، چونکە پەیوەندییان بە کونی پاشییەوە هەیە. بەڵام ئێمە بەتەواوی هەڵوێســـتی ناوەکی "بوونی خۆمم لەگەڵ لەشمدا" باسکرد. مەحاڵە بڵێین منداڵ ئەندامێکی لەشی بە بونیادێکی دەرەکی بۆ جیهان دادەنێت. تەنیا بۆ کەسێکی دیکە

کونی پاشەوە لەدەم دەچێت. منداڵەکە ئەمە نازانێت. تەنانەت بایەخدانی دایکیشی ئەوەی بۆ دەرناخات، چونکە کونی پاشـــەوە، وەکو بەشــێکی پـــڕ ئازار دەماری هەســـتپێکراوی لەکۆتاییەکەدا بۆ دانەنراوە. دایکەکەش لەڕێگەی وشـــەوە، کە بۆ لەشی منداڵەکە بەکاریدەهێنیت دەزانێت، کە ئەو بەشە کونە. کەوابوو، هەستکردن بە سروشتی دەرەکی کونەکە لەنێو جیهاندا بۆ ئەو ڕۆشنایی دەخاتە سەر سروشتی دەرەکی واتای کونی پاشـــەوە و واتاش بە بەرزێتی هەســـتکردنەکان دەدات، کە لەوەوپێش بە بوون ســـنوردارکرابوون. خودی کون بەتەنیا هێمایە بۆ شـــێوازێکی بوون، کە پێویستە ســـایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی باسیبکات. لێرەدا، ئێمە بەدرێژی باســـیدەکەین. کەســـێک دەتوانێ ببینێت، کە کون ئەو نەبوونەیە داوای 'پڕکردنەوە' بە گۆشتی خۆم دەکات؛ منداڵەکە ناتوانێت پەنجەی یان هەموو قۆڵی نەخاتە نێو کونەکەوە.

کون وێنەی بۆشاییە لە مندا. من بۆ ئەوەی ببم بەو بوونەی چاوەڕوانم خۆم بەرەوکونەکە دەخشـــێنم. کونەکە دەبێت بەهەلکۆڵێن، کە بە وریاییەوە گۆشتم لە قاڵبی دەگرێت بە جۆریک خۆمی تێبگوشم و جێی خۆمی تێدا بکەمەوە؛ بەشداری لە پڕکردنەوەی بوون لە جیهاندا دەکەم. چوونە نێو کونەوە قوربانی دانە بە بوونم بۆ پڕکردنەوەی بوون؛ بوون-بۆ-خۆ دەیەوێت بەســـۆزەوە هەمووگیری بوون-لەنێو-خۆ، تەواوکۆییەکەی و مانەوەی دروستبکات.

لێرەدا، لە بناخەکەیەوە یەکێک لە مەیلەکانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەناسین، ئەویـــش مەیلی پرکردنـــە. لەگەڵ ئەم مەیلەدا رووبەرووی هـــەرزەکاری و تەمەنی دوای هەرزەکاریـــش دەبینەوە. بەشـــێکی چاک لە ژیانمان بـــە پرکردنی کونەکان دەگوزەرێت. منداڵ لەگەڵ یەکـــەم ئەزمونی تێدەگات کونی هەیە. پەنجە دەخاتە نێو دەمی و بەدوای کونەکانی دیکەی نێو دەم و چاوی دەگەڕێت؛ هەست بە پڕی بوونەکەی پارمەنیدســـیش دەکات، ئەگەر پەنجە بمژێـــت و بیەوێت لەنیو دەمیدا بیتوێنێتەوە. ئەو دەیەوێت پەنجەی بکات بە هەویرێکی لینج و دەمی پڕبکات. ئەم مەیلە لە خواردندا بنەڕەتییە؛ خواردنیش پڕکردنە.

لەم بۆچوونەوە بەسێکس دەگەین. ناشرینی سێکسی مێینە لە 'کونەکراوەکاندا'یە. ئـــەوەش، وەکو هەموو کونەکانی دیکە، داوای بوون دەکات. ژن داوا لە لەشـــێکی دەرەکـــی دەکات بوونی بۆ پڕی بگۆڕێت. ژن لەبەرئەوەی "لە شـــێوازی کوندا" یە هەست بەمەدەکات. ئەمەش بنەڕەتی تەواوی گرێی ئەدلەرە. بێگومان، سیکس بۆ ئەو دەمە، دەمێکی برسی، کە ئەندامی سێکسی نێرینە دەخوا. ئەمەش فاکتۆرێکە بۆ بیرۆکەی خەساندن. شەیدابوون خەساندنی پیاوە؛ چونکە سێکس کونە. دەبێت لێرەدا باســـی کارتێکردنی پێش-سێکسیش بکەین، کە لەدواییدا وەکو هەڵوێستی ئەزمونی و ئاڵۆزی مرۆڤ دەبێت بە یەکێک لە بنەماکانی سێکسگەری. بەڵام هیچ

شتێکی هاوبەشی لەگەڵ سێکسدا نییە. سروشتی ئەمەشمان لە کەرتی سێیەمی ئەم نوسراوەدا باسکرادوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەزموونی کون، کاتێک منداڵ ڕاستەقینەکە دەبینێت، ئۆنتۆلۆجی ئەزمونی سێکسیشی بەگشتی لەگەڵدایە؛ منداڵەکە بەلەشیەوە لەبەردەم کونەکەدا ڕادەوەستێت، کونەکەشی پێش هەموو دیاریکردنێکی سێکسی شتێکی ناشرینی چاوەڕوانکراوە و ڕوو لە لەش دەکات.

ئێمــە گرنگی ئــەم کاتیگۆرییە بوونگەرایەتییانە بۆ ســایکۆلۆجی شــیکاری بوونگەرایەتــی دەزانیــن. بەهۆیانەوە بابەتی گشــتی ڕاســتەقینەی مرۆڤایەتی دەدۆزینەوە. ئەوەی بیریاریکی دەروونناس دەیەوێت بیزانێت تێگەیشتنە لە پڕۆژەی سەربەستی تاکەکەسێک لە پەیوەندییەکانیدا. دەشێ من حەز بکەم دەست لە لینجی بدەم یان لە کون بترسم و هتد. ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت من واتای ئۆنتۆلۆجی لینجــی، چەوری، کون و هتد ونبوە. بەڵکو، ئــەو واتایە من لە پەیوەندییەکەمدا لەگەڵ ئەم یان ئەوشتە بڕیاری لەسەردەکەم. ئەگەر لینجی هێمایەک بۆ بوون بێت، کــە تیایدا بوون-لەنیو-خۆ بوون-بۆ-خۆ قوتــدەدات. ئایا من لە ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ کەســانی دیکەدا، چ جۆرە کەسێکم ئەگەر حەز لە لینجی بکەم؟ ئاماژە بۆ چ پڕۆژەیەکی بنەڕەتی بوونم بکەم ئەگەر بمەوێت باســی حەزکردنم بۆ شــتێکی نادیار و خۆرا و لەلایەن بوون-لەنێو-خۆوە بکەم؟ بەم جۆرە تام نابێت بەشــتێکی دراوی کەمنەکراوە؛ ئەگەر کەسێک بزانێت پرسیار لەبارەیانەوە بکات، ئەوا پڕۆژەی بنەڕەتی کەسەکە دەردەخەن. تەنانەت ئاماژەکردن بۆ خوار دەمیش واتا بەخشە. ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێت ئەگەر هەریەکێک لە تامەکان بەبابەتێکی هەســتەکی ڕووت دانەنرێت و وەکو بەهایەکی ئاشکرا تەماسابکرێت. ئەگەر حەز لە تامی سیر بکەم هەستدەکەم هەمووکەسێک حەزی لێدەکات.

خواردن خاوەنێتییە لەڕێگەی لەناوبردنەوە؛ هەمانکات خۆ پڕکردنە بە جۆرێک بوون. ئەو بوونەش تێهەڵکێشەی گەرمی، چڕی و تامە تایبەتەکەیە.

ئاماژە بۆ جۆرێک بوون دەکات؛ کاتێک دەخۆین هەوڵی زانینی خەســڵەتەکانی ئەو بوونە لەڕێگەی تامەکەوە نادەین؛ بە تامکردنەکە خۆمان دەکەین بە خاوەنی. تامکــردن توانەوەیە؛ دانەکان لەگــەل گازگرتنەکەدا چــڕی بوونەکە، کە بۆ گاز دەگۆڕێت، دەردەخات. کەوابوو، تێهەڵکێسکردنی درککردنەکەی خواردن تورانەوە و لەناوبردنە. ئەو بوونەم بۆ دەردەخات، کە من دیکەم بەگۆشت لە لەشمدا.

لێرەدا بەدواوە، ئەوەی من وەریدەگرم یان بەقێزەوە وازی لێدەهێنم بوونی ئەو هەبووەیە یان خواردنەکە جۆرێک لە بوونم بۆ دەردەخات، کە من دەمەوێت هەمبێت یان نامەوێت. هەمووی ئەو بوونە بووە بە فۆرمێک کەمتر چڕو گەرمە. شــیرینی، بۆنموونــە، کاتێک کەوچکێک هەنگوین دەخۆین لینجی دەردەبڕێت. ئەمەش وەکو دەربڕینی کەوانەیە لە شــیکردنەوەیەکی ئەندازیارییــدا. ئەمەش، واتە هەموو ئەو

خەسڵەتانەی تامیش دەگرێتەوە، کە تامی تامەکە نین.(پارچەیەک چۆکلێت لەژێر دانمـــدا ڕەقە بـــەڵام دوایی نەرم دەبێت و دەشـــکێت و لەوەزۆرتر بەرگری ناکات؛ بەرگریکردنەکە و شـــکاندنەکەش خودی چۆکلێتەکەیە). لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەمانە لەنێو خەســـڵەتی کاتی تامەکەدا یەکیان گرتوە؛ بوون بەشـــێوازی کاتی بۆ ئەو. هەندێک تام زوو خۆیان بەدەســـتەوە دەدەن، ئەوانـــی دیکەیان دوادەکەون. ئەم خەســـڵەتانە پەیوەندییان بە چڕی و پلەی گەرمـــی بابەتەکانەوە هەیە. هەروەها شـــێوەی خواردنەکەش ددەردەخـــەن. ئەگەر پارچەیەک کێکـــی پەمەیی بخۆم، تامەکەشی پەمەیی دەبێت؛ شـــەکرە بۆندارە نەرمەکەی، چەوری کەرەکە پەمەیی دەبـــن. کەوابوو، مـــن پەمەیی دەخۆم. لەئاکامـــدا، تام، لەبەر ئـــەم هۆکارەیە، ئەندازیارییەکی ئاڵۆز و کەرەسەی جیاوازی خۆی هەیە؛ ئەم کەرەسەیەیە بوونێکی تایبەتیمان پێدەناسێنێت. ئێمەش دەمانەوێت بیتوێنینەوە یان قێزی لێدەکەینەوە. گرنگ نیە گوێ نەدەینە ئەوەی حەز لە گوێی ماســـی یان ڕۆبیان دەکەین. ئەوەی پێویستە بزانین گرنگی بوونگەرانەی ئەم خواردنانەیە.

بەگشتی ، تامی کەمنەکراوە نییە. هەموو ئاماژە بۆ خاوەنێتی جۆرێک لە بوون دەکەن. ڕیزکردن و خانەکردنیان دەکەویتە سەر سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی. لێرەدا ئۆنتۆلۆجی وازمان لێدەهێنێت؛ یارمەتی دابن دوا کۆتاییەکانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتـــی، ئەگـــەرە بنەڕەتەکانی و بەهاکەی بناســـین. هەر راســـتەقینەیەکی مرۆڤایەتی، هەمانکات، ڕاســـتەوخۆ پڕۆژەی دۆخگۆڕینی بوون-بۆ-خۆیە بۆ بوون-لەنێو-خـــۆی بوون-بۆ-خۆ. پڕۆژەی خاوەنێتی جیهانە، وەکو هەمووی بوون-لەنێو-خۆ لەشێوازی خەسڵەتی بنەڕەتیدا. هەریەکێک لە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی سۆزە، کـــە تیایدا پڕۆژەی خۆ ونکردنی لەپێناوی دۆزینەوەی بووندا بەرجەســـتە دەبێت. دەیەوێ ببێت بـــەو بوون-لەنێو-خۆیەتی بەهۆی بوون بەبناخە بۆ بوونی خۆی لە هەڵکـــەوت ڕادەکات. دەبێت بە هۆکار بۆ بوونی خۆی یان ئەو خوایەی ئایینەکان (هۆکارە بۆ خۆی) باوەڕی پێدەکەن. کەوابوو، سۆزی مرۆڤ بەپێچەوانەی سۆزی مەسیحەوەیە چونکە مرۆڤ دەیەوێت بوونی خۆی، وەکو مرۆڤ ونبکات و ببێت بە خوا. بەڵام بیرۆکەی بوونی خوا ناکۆکە. ئێمەش بوونی خۆمان بێهودە وندەکەین. مرۆڤ سۆزێکی بێسودە.

سەرەنجام

١- لەنێو-خۆ و بۆ-خۆ: ئاکامە مێتافیزیکییەکانی

دواجار بە سەرەنجامەکان دەگەین. لە پێشەکی نوسینەکەماندا دۆزیمانەوە، کە ئاگامەنــدی بانگی بوون دەکات. ڕوونمانکردەوە چۆن کۆجیتۆ ڕاســتەوخۆ ئاماژە بــۆ بوون-لەنێو-خــۆ دەکات و بۆ ئاگامەندی دەیکات بەبابەت. پاش باســکردنی بوون-لەنێو-خۆ و بوون-بۆ-خۆ دژواربوو پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستبکەین. لەوە دەترســاین توشــی دووەلیزمێکی لەچارەبەدەر بین. دووەلیزمەکەش لە ڕوویەکی ترەوە هەڕەشەی لێدەکردین. لەڕاستیدا، لەبەر ئەوەی دەتوانین بڵێین بوون-بۆ-خۆ شتێکە، کە هەیە، خۆمان لەبەردەم دوو شێوازی ڕادیکاڵی جیاوازی بووندا دۆزیەوە: ئــەو بوون-بۆ-خۆیەی، کە بووە بــەوەی هەیە، بۆنموونە ئەوە، کە نییە و ئەوەش نییە، کە هەیە. هەروەها بوون-لەنێو-خۆ هەبووەکە. ئەو پرسیارەشــمان کرد، کە ئایا دۆزینەوەی ئەم دوو شێوازەی بوون بۆتە هۆکاری پچڕاندن و دابەشکردنی بوون بۆ چەند بەشــێکی لەیەک دابڕاو، هەریەکێک لە ئەوانیش واتایەکی بنەڕەتی بوون هەڵدەگرێت یان نا.

بەهۆی توێژینەوەکەمانەوە توانیمان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆ لەنێو تێهەڵکێشــەیەکدا یەکیان گرتۆتەوە تێهەڵکێشەکەش خودی بوون-بۆ-خۆیە. بوون-بۆ-خۆ لەناوبردنێکی ڕووتی لەنێو-خۆیە؛ کەلەبەرێکە لە ناخی بووندا. دەشێ، لێرەدا بیر لەو چیرۆکە باوەی سەبارەت یاسای پاراستنی وزەیە، بکەینــەوە. ئەگەر بڵێین هەریەکێک لە ئەتۆمەکان، کە جیهان پێکدەهێنن لەناوبچێت کارەســات ڕوودەدات و هەموو جیهانیــش دەگرێتەوە. ئەمەش کۆتایی بــە زەمین و سیســتەمی خۆر دەهێنێــت. ئەم مێتافۆرە بۆ ئێمە، لەم باســەدا، سودبەخشە. بوون-بۆ-خۆ، وەکو لەناوبردنێکی بچوکە و لە ناخی بوونیشدایە؛ ئەم لەناوبردنە بۆ خرۆشاندنی بوون-لەنێو-خۆ بەسە. خرۆشاندنەکەشی جیهانە. بێجگە لە لەناوبردنی بوون بوون-بۆ-خۆ ڕاســتەقینەیەکی دیکەی نییە. خەســڵەتەکەی لەسەر ئەو ڕاســتییە دامەزراوە، کە ئەم بوونە لەناوبردنی تاک و بوونێکی-لەنێو-خۆی هەندەکییە نەک بوون بەگشــتی. بوون-بۆ-خۆ نەبوونێکی گشتی نییە بەڵکو کەمییەکــی دیاریکراوە؛ خۆی بە کەمی ئــەو بوونە دادەنێت. کەوابوو، کاری ئێمە

نییه لەســـەر یەکگرتنی بوونـ بۆـ خۆ و بوونـ لەنێوـ خۆ بدوێین چونکە بوونـ بۆـ خۆ جەوهەرێکی سەربەخۆ نییە. مادام لەناوبردنە ئەوا بوونـ لەنێوـ خۆ دروستیکردوە؛ لەڕێگـــەی ڕەتدانەوەی ناوەکییەوە و لەڕێگـــەی بوونـ لەنێوـ خۆوە ئەوەی نییە بە خۆی دەناســـێنێت. لەئاکامدا دەبێت بەوەی هەیـــە. ئەگەر کۆجیتۆ دەرچوونێکی پێویســـت بێت لە (خۆ)وە، ئەگەر ئاگامەندی بەســـەر ئەوەی دەیەوێت بخلیسکێت بەبێ ئەوەی بتوانێت واز لە بوونـ لەنێوـ خۆ بهێنێت، لەبەر ئەوەیە، کە ئاگامەندی بەتەنیا ناتوانێت، وەکو خۆیەتییەکی ڕووت هەبێت. لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ شتەکان دەکات.

هیـــچ بوونێک بێجگە لەو تێڕامانە بۆ شـــتێک ئاگامەنـــدی نییە. ئایا ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی ئەوی دی ئەفلاتونییە؟ باسی کەسە بێگانەکەی نێو دایەلۆگی سۆفستمان لەبیرە، کە لە "ئەوی دی" دەدوێت، تەنیا "لەنێو خەودا دەبینرێت" و ئەوی دی (بۆنموونە، بوونی خۆی دەخوازێ) ناتوانێت بەتەنیا هەبێت. لە کاتێکدا دەردەکەوێت، کە کەســێک تەماشای بوون بکات. ئەفلاتون خەسڵەتی دینامیکییەتی ئەوی دی کەسانی دیکەش لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خۆیدا بینیوە. لە هەندێک شوێندا ئەمە بە سەرچاوەی جوڵان دادەنێت. بەڵام ئەو دەیتوانی زۆرتر لە کێشـــەکە بدوێت؛ دەیتوانی کەســێکی دیکە یان ئەو نەبوونە ڕێژەییە، بە هۆی ئاگامەندییەوە بوون دابمەزرێنێت. ئەوەی لە بوون نییە لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتدا دەبێت بە خۆـ ئاگایی. ئەگەر ئەوی دیکە یاری کورسی و مۆسیقاکە نەبێت بە تێڕامـــان کایەکە بکات و ئێمەش بە ناخی بوونـ بۆـ خۆمان دانا، ئایا چییە؟ تەنیا شـــێوازێک بوونی کەسانی دیکەی، وەکو کەسانی دیکە تێدابێت ئاگاییە لە بوونی خۆ، وەکو کەســـێکی دیکە. کەسی دیکە، لەڕاستیدا، ڕەتدانەوەی ناوەکییە و ئەم ڕەتدانەوەیەش ســـەر بە بوونی ئاگامەندییە. کەســـی دیکەش بەبێ دەرچوونی لە بوونەوە نابێت بە کەســـی دی؛ لەم ڕووەوە پەیوەندی بە بوونـ لەنێوـ خۆوە هەیە. بـــەڵام خۆی دەکات بەوی دیکە؛ ئەگەر وانەبێت خەســـڵەتی ئەوی دی دەبێت بە شتێکی دراو. دواجاریش دەبێت بە بوونـ لەنێوـ خۆ. پەیوەندییەکەشی لەگەڵ بوونـ لەنێوـ خۆدا بە فاکتۆری دەبەستێتەوە؛ بەڵام، مادام بوونی خۆی دروستدەکات ئەوا شـــتێکی ڕەهایە. ئەو خاڵەشمان لەوێدا باسکرد، کە گوتمان بوونـ بۆـ خۆ بناخەی بوونی خۆی، وەکو نەبوونی بوون نییە و بەردەوام نەبوونی بوونی دادەمەزرێنێت. کەوابوو، بوونـ بۆـ خۆ بوونێکی ناـ جەوهەری ڕەهای هەیە و سەربەخۆ نییە. پرسیار سەبارەت ڕاستەقینەی بوونی دەکرێت. پرسیارکردنی لەبەر ئەوەیە، کە ئەو بوونێکە لەنێو پرسیاردا؛ بوونی شتێکی دراو نییە بەڵکو پرسیاری لەبارەوە دەکرێت چونکە نەبوونـــی بوونی کەســـانی دیکە بوونی ئەو لە خـــۆی جیادەکاتەوە. بوونـ بۆـ خۆ هەمیشـــە لـــە چاوەڕوانیدایە چونکە بوونی دواخراوە. ئەگـــەر لەگەڵ بوونیدا یەک

بگرێت ئەوی دی لەگەڵ ئەگەرەکان، زانین و جیهان لەناودەچێت. کەوابوو، گرفتی ئۆنتۆلۆجییانەی زانین لەگەڵ دانانی ئۆنتولۆجییانەی بوون-لەنێو-خۆ لەپێش بوون-بۆ-خۆدا چارەسەردەکرێت.

ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی توێژینەوەی مێتافیزیکییانە. سەرهەڵدانی بوون-بۆ-خۆ و دەستپێکردنی گەشتەکەی بە بوون-لەنێو-خۆ لەگەڵ سەرچاوەی دیالیکتیکی ئەوی دی ئەفلاتونیدا بەراورد ناکرێت، کە لە بوونەوە دەستپێدەکات. 'بوون' و 'ئەوی دی' بۆ ئەفلاتون جۆرن. ئێمە، بەپێچەوانەی ئەمەوە، بە تاکمان دانان. بەهەمانشێوە، دەرکەوتنی بوون-بۆ-خۆ ڕووداوێکی ڕەهای ڕووەو بوونە. کەوابوو، لێرەدا جێگەی گرفتێکی مێتافیزیکییانەمان کردۆتەوە؛ بۆچی بوون-بۆ-خۆ، وەکو بوون سەرهەڵدەدات؟ بێگومان، مەبەستی ئێمە لە 'مێتافیزیکانە' ئەو توێژینەوەیە پرۆسەکانی تاکە کەس، کە جیهان بە هەمووگیرییەکی کۆنکرێتی تایبەت دەبینێت، دەکات بەبابەتی خۆی. لەم ڕووەوە، پەیوەندی نێوان مێتافیزیک و ئۆنتۆلۆجی لە پەیوەندی نێوان مێژوو لەگەڵ کۆمەڵناسی دەچێت. بێهودەیە بپرسین بۆچی بوون ئەوی دییە؟ ئەم پرسیارە لەنێو سنوری بوون-بۆ-خۆدا دەگونجێت. تەنانەت بەرایی نەبوون بەسەر بووندا دەسەپێنێت. دەتوانین ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی دیکەوە، کە لەدەرەوە لەو دەچێت و هێشتا جیاوازیشە، ئاڕاستەی خۆمان بکەین: بۆچی بوون هەیە؟ هەروەها دەزانین پێویستە ئەو دووپرسیارە لە یەکدی جیابکەینەوە. یەکەمیان هیچ واتایەکی نییە: هەموو 'بۆچی' یەکان پاش بوون دێن و پێویستییان بو بوونە. بوون بێ هۆکار و پێویستییە؛ پێناسەکەی خەسڵەتی هەڵکەوتنیمان پێدەڵێت. وەڵامی دووەم پرسیاریشمان داوەتەوە. لەسەر زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجی نەک مێتافیزیکی دامەزراوە: بوون "لەوێدا هەیە" چونکە بوون-بۆ-خۆ هەیە. خەسڵەتی دیاردە لەڕێگەی بوون-بۆ-خۆوە دێتە بوونەوە.

کاتێک پرسیارەکان سەبارەت بنەڕەتی بوون یان جیهان لە واتابەدەرن، یان وەڵامەکەیان سەر بە ئۆنتۆلۆجییە، کێشەکە بۆ بنەڕەتی بوون-بۆ-خۆ دەگۆڕێت. بوون-بۆ-خۆ دەتوانێت بۆ بنەڕەتی بوونی بگەڕێتەوە. ئەو بوونەی 'بۆچی' دەهێنێتەکایەوە مافی هەیە پرسیاری 'بۆچی' لە بوونی خۆشی بکات چونکە بوونی ئەو پرسیارکردنە. ئۆنتۆلۆجی وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە. گرفتەکە باسی ڕووداو دەکات و ئاماژە بۆ بونیادی بوون ناکات. ئەوەندە دەتوانێت ڕوونیبکاتەوە، کە ئەو نەبوونەی بوون-لەنێو-خۆ دروستیدەکات شتێکی لە واتابەدەر نییە. واتای نەبوونی لەناوبردن دەبێ دروستبکرێت تاکو بوون دابمەزرێت. ئۆنتۆلۆجی دووجۆر زانیاریمان دەداتێ، کە دەبن بە بناخە بۆ مێتافیزیک: یەکەم، هەموو پرۆسەیەک لە بناخەی (خۆ)دا پچڕانە لە ناسناوی بوونی بوون-لەنێو-خۆدا؛ دوورکەوتنەوەی بوونە لە خۆی لەنێو پەیوەندییەکەیدا و ئامادەبوونی خۆی یان ئاگامەندییەتی. بە بوون-

بۆ-خۆکردن ئەم بوونە دەبێت بە هاندەر بۆ بوونی و ئاگامەندیش، وەکو لەناوبردنی بـــوون. کەوابوو، قۆناخێک زۆرتر خۆی لـــە هۆگەرییەکی ناوەکی نزیک دەکاتەوە. بۆنموونـــە، دەبێت بە هۆکار بۆ خۆی. بـــەڵام نزیک بوونەوەکەی لەبەر کەمی لەب وونیدا ڕادەوەستێت. کاتی ئاگامەندی پرۆسەیەکی ژوورکێش بەرەو بوون بە هۆکار بۆ خۆ نییە. هۆکار-بۆ خۆ شتێکی مەحاڵە. بەهەمانشێوە ڕاکێشانی ستونی دەریا لەلایەن مانگەوە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی شەپۆلەکان بێت بە تەختی. زانیاری دووەم، کە مێتافیزیک لە ئۆنتۆلۆجییەوە دەستیدەکەوێت، لەوەدایە، کە بوون-بۆ-خۆ پڕۆژەیەکـــی بەردەوامە بۆ دامەزراندنی بوونی خۆی و بەردەوامیش لەم پڕۆژەیەیدا سەرناکەوێت. ئامادەبوونی بە هەموو لایەنەکانی لەناوبردنەوە (وەکو لەناوبردنی سێ ڕەهەندەکەی کات و لەناوبردنی دوولایەنییەکەی تێڕامانی تێڕامان) ســـەرهەڵدانی ئەم پڕۆژەیەیە؛ تێڕامان دابەشـــبوونی پڕۆژەکـــە و گەڕانەوەیە بۆ خۆ تاکو خۆی دابمەزرێنێت. ســـەرنەکەوتنی پڕۆژەکەش ئاســـتەنگی لەناوبردنەکە دروستدەکات. 'کردن' و 'هەیەتی'، کە کاتیگۆری ســـەرەکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتین ڕاستەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ دەبن بە پڕۆژەی بوون. دواجاریش، هەردووکیان پێکەوە ڕاڤەی هەوڵدانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بۆ دۆزینەوەی خۆی دەکات. ڕادیکالانەش بوون و بوونی ئاگامەندی لەیەکدی جیادەکاتەوە.

ئۆنتۆلۆجی فێری دوو شـــتمان دەکات: یەکەم، ئەگـــەر بوون-لەنێو-خۆ خۆی دابمەزرێنێـــت دەبێـــت بە بوونێکـــی ئاگامەند؛ چەمکی بوون بـــە هۆکار بۆ خۆی ئامادەبوونی لەبەردەم خۆشـــیدا دەگرێتەوە. بۆنموونە، دەبێت ببێت بە لەناوبەری بوون. دووەم، ئاگامەندی پڕۆژەی خۆ دامەزراندنە؛ دەبێت بە لەنێو-خۆی-بۆ-خۆ یان لەنێو-خۆ وەکو هۆکار-بۆ-بوونی خۆی. بەڵام هیچی دیکە دانامەزرێنن. هیچ شتێک ڕێگەمان نادات لە ئاســـتە ئۆنتۆلۆجییەکەدا لە سەرەتاوە لەناوبردنی بوون-لەنێو-خۆ لەنێو-بوون-بۆ-خۆدا بسەلمێنین، واتای هەیە و پڕۆژەکەی بوونیش هۆکارە بۆ خۆی. لێرەدا ئۆنتۆلۆجی دژی ناکۆکی ڕادەوەســـتێت چونکە بوون-بۆ-خۆ ئەگەری بناخـــە دەهێنێتە نێو جیهانەوە. بۆ ئەوەی ببێت بە پڕۆژەی بناخەی خۆی بوون-لەنێو-خۆ دەبێت لەبەردەم خۆیدا ئامادەبێت یان ئاگامەندبێت. کەوابوو، ئۆنتۆلۆجی بە بانگەشـــەکردنەکەی بۆ بوون-لەنێو-خۆ بـــۆ ئەوەی خۆی بکات بە بناخە دەبێ بوون-بۆ-خۆ بگۆڕێت. مێتافیزیک دەتوانێت گریمانەکان بۆ تێگەیشتن لەم پرۆسەیە، وەکو ڕووداوێکی ڕەها و تاجدانان لەســـەر تاکە کەس و بوونی دابنێت. ئاشکراشە ئەم گریمانانە بە گریمانەیی دەمێننەوە. ئێمە ناتوانین بیانسەلمێنین یان پوچەڵیان بکەینەوە. ســـەلماندنەکەیان دەکەوێتە سەر ئەگەری پێکەوەبەستنی ئەو شتانەی ئۆنتۆلۆجی پێکیاندەهێنێت. پێکەوەبەستنەکەش نابێت لە بۆچوونێکی مێژووییەوە بێت. کات لـــە ڕێگەی بون-بۆ-خۆوە ســـەرهەڵدەدات. لەبەر ئەمە پرســـیارکردن

لەبارەی بوونەوە پێش پەیدابوونی بوونـ بۆـ خۆ بێ واتایە. بەڵام مێتافیزیک دەبێت خەسڵەت و سروشتی ئەم پرۆسەیەی پێش مێژوومان پێبناسێت، کە سەرچاوەی هەموو مێژووە و هەوڵدانەکانی تاکە کەسی لەسەر ڕادەوەستێت. ئەرکی سەرشانی بیریارانی میتافیزیکە بڕیار لەسەر ئەو خاڵە بدەن، کە جوڵانەکە لەلایەن بوونـ لەنێوـ خۆوە بۆ دامەزراندنی خۆی یەکەم هەنگاوە یان نا. هەروەها پەیوەندی جوڵان، وەکو "نەخۆشی لە بووندا" لەگەڵ بوونـ بۆـ خۆ، وەکو "نەخۆشییەکی قوڵتری لەناوبردن" بسەلمێنێت.

ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە باسیبکەین گرفتی دووەمە، کە لەپێشەکی [ئەم نوسراوەدا] پێکمانهێنا: ئەگەر بوونـ لەنێوـ خۆ و بوونـ بۆـ خۆ دوو شێوازی بوون بن، ئایا کەلێنێک لەنێو بیرۆکەی بووندا پەیدا نابێت؟ ئایا دووجۆر تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ دروستنابێت، کە لەسەر دووجۆرە جیاوازە ڕادیکاڵەکەیان ڕادەوەستێت؟ ئەوەی لێرەدا یارمەتیمان دەدات ئاکامەکانی توێژینەوەکەمانە. ئێمە روونمانکردەوە بوونی لەنێوـ خۆ و بۆـ خۆ لەتەنیشت یەکدییەوە دانەنراون. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بوونـ بۆـ خۆ بەبێ بوونـ لەنێوـ خۆ دەبێت بە شتێکی ڕووتکراووە؛ لەو ڕەنگە دەچێت سەر بە هیچ شتێکی ڕەنگدار یان ئەو دەنگەی سەربە هیچ شتێکی دەنگدار نەبێت. ئەو ئاگامەندییەی ئاگامەنییە لەبارەی هیچەوە هیچێکی ڕەهایە. بەڵام ئەگەر ئاگامەندی پەیوەندییەکی ناوەکی لەگەڵ بوونـ لەنێوـ خۆدا هەبێت ئەوە دەگەیەنێت، کە لەگەڵ بوونـ لەنێوـ خۆدا پێکهاتوە و هەمووگیری دروستدەکات. ئایا ئەو هەمووگیرییە نییە بە بوون یان ڕاستەقینە ناوزەددەکرێت؟ بێگومان، بوونـ بۆـ خۆ لەناوبردنە، وەکو لەناوبردنیش هەیە؛ لەگەڵ بوونـ لەنێوـ خۆدا لە یەکێتییەکی پێشتردایە. یۆنانییەکان ڕاستەقینەی گەردوونیان لەو هەمووگیرییە، کە ئەم یان ئەو بۆشاییە نەبڕاوەی دەوری دابوو، جیاکردەوە. بەدڵنیاییەوە، ئێمە گوتمان بوونـ بۆـ خۆ هیچە و بێجگە لە تێڕامان بۆ ئەو هیچە، کە خۆی جیاکردۆتەوە و لەسەر بوونـ لەنێوخۆ کە پێناسەدەکرێت، هیچ لەدەرەوەی بوونـ لەنێوـ خۆدا نییە. بەڵام لێرەدا، ئێمەش شوێن بیریارە یۆنانییەکان دەکەوین و دەپرسین، ئایا ڕاستەقینە چییە؟ بەچی بڵێین بوون؟ بە گەردوون یان هەمووگیرییەکە؟ بە بوونـ لەنێوـ خۆیەکی ڕووتی دابنێین یان لەنێوـ خۆیەکی گەمارۆدراوە لەلایەن ئەو نەبوونەوە، کە بە بوونـ بۆـ خۆ ناوزەدمانکرد؟

ئەگەر هەمووگیری بوون بە تێهەڵکێشەی بوونـ بۆـ خۆ و بوونـ لەنێوـ خۆ دابنێین، ئایا توشی ئەو سەختییە نابینەوە، کە خۆمان لێی دوورخستەوە؟ ئایا لە بووندا توشی کەلێنەکە نابین؟ چۆن پێناسی ئەو بوونە بکەین، کە وەکو بوونـ لەنێوـ خۆ شتێکە هەیە و وەکو بوونـ بۆـ خۆش ئەوە نییە، کە هەیە؟

ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ئەم گرفتانە بکەین دەبێت بیر لە هەمووگیرییەکە

بکەینەوە: فرەلایەتی بونیادەکەی لەنێو یەکێتییەکیدا ببینین تاکو هەر یەکێک لە ئەوان بە ڕووتکراوی دەرنەکەون. ئاگامەندی بەتەنیا ڕووتکراوەیە؛ بەڵام بوون-لەنێو-خۆ پێویستی بە بوون-بۆ-خۆ بۆ بوونی نییە؛ سۆزی بوون-بۆ-خۆ تەنیا بوونی بوون-لەنێو-خۆ لەوێدا دەردەخات. دیاردەی دابڕاو لە ئاگامەندی ڕووتکراوەیە، بەڵام بوونی دیاردەکە ڕووتکراوە نییە.

ئەگەر بمانەوێت هەمووگیرییەک بدۆزینەوە تیایدا بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆ بە دوو شتی لە یەکدی دابڕاو دانەنرێن، پێویستە ئەو هەمووگیرییە بە جۆرێک بێت، کە بوونی بوون-لەنێو-خۆ لەناویدا لەو لەناوبردنەوە سەرهەڵدات، کە لێی بە ئاگا دێت. ئایا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەمووگیرییەکە لەسەر ئەو بوونەی دەبێت بە هۆکار بۆ خۆی ڕادەوەستێت؟ ئەگەر پرسیارەکەمان سەبارەت بوون-بۆ-خۆ بە بوون-لەنێو-خۆوە ببەستینەوە لەبەر ئەوەیە بوونی خۆمان بە هۆی تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی هۆکار-بۆخۆ، بە شتێکی لەپێشتر دادەنێین. بێگومان هۆکاری-بۆ خۆ مەحاڵە و ناکۆکیش لەنێو بیرۆکەکەیدا هەیە. هێشتا، مادام ئێمە پرسیار سەبارەت بوون دەکەین و لە ڕوانگەی هۆکار-بۆ-خۆوە دەڕوانینە کێشەکە پێویستە لەو بوونە تێبگەین. ئایا بە هۆکاری پەیدابوونی بوون-بۆ-خۆوە سەرهەڵنەداوە؟ ئایا بوون-بۆ-خۆ لە بنەڕەتەوە نابێت بە هۆکاری پڕۆژەی بوونی خۆ؟ بەمجۆرە دەتوانین بە هەمووگیری ڕاستەقینە بگەین. هەمووی بوون ئەو چەمکەیە هیچ کەلێنێک نایکات بە دووکەرتەوە و لەناوبردنی بوون-بۆ-خۆش فرێنادات دەرەوە. ئەو بوونە تێهەڵکێشەی بوون-لەنێو-خۆ و ئاگامەندی تێدایە ئەو لەنێو-خۆیەیە بوون-بۆ-خۆ پەیدای کردوە و لەبوون-بۆ-خۆ دەچێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بڕوانینە ئەم بوونە تاکو حوکمی بەسەردا بدەین ئەوا دەبێت وەدەستهێنانی خۆ-هۆکاری دەبێت بە هەوڵدانێکی سەرنەکەوتو. هەرشتێک ڕوودەدات دەریدەخات مرۆڤ، جیهان و مرۆڤ لەنێو جیهاندا خوای لەگەڵدا نەبێت. دەردەکەوێت لەنێو تێهەڵکێشەکەدا هەموو پەیوەندییەکانی نێوان بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنیو-خۆ هەڵدەوەشێنەوە. ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە یەکگرتنەکە ڕوویدابێت، بەڵکو هەمیشە مەحاڵ بووە.

ئەم سەرنەکوتنە بەردەوامەیە تێکەڵ نەبوونی بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆ و هەمانکات پەیوەندی کەلێنەکەی نێو چەمکی بوون دەردەخات. ئەگەر مەحاڵ بێت لە چەمکی بوون-لەنێو-خۆوە بۆ چەمکی بون-بۆ-خۆ بڕۆین و لەنێو یەک جۆردا یەکێتییەکان دروستبکەین لەبەر ئەوەیە، کە تێپەڕبوونەکە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکە و یەکێتییەکەشیان کاریگەر نییە. ئێمە دەزانین بۆ سپینۆزا و هیگڵ ئەگەر لەنێو تێهەڵکێشەیەکدا چەمکەکان پەیوەنیدار و سەربەخۆش بن ئەو تێهەڵکێشەیە بە هەڵە دروستکراوە. بۆنموونە، لای سپینۆزا چەمکی خڕی لە سوڕانەوەی نیوە

بازنـــە بە دەوری تیرەکەیدا واتاکەی دەردەکەوێت و دەســـەلمێنرێت. بەڵام ئەگەر چەمکی خڕیمان دەســـتنەکەوێت دیاردەی ســـوڕانەوەی نیوە بازنەییەکە ســـاختە دەردەچێت. چەمکەکانی سوڕانەوە و بازنە پێکەوەن بەبێ ئەوەی یەکیان گرتبێت؛ هیچ کامیان بۆ ئەوی دیکە کەم ناکرێتەوە.

لەم ئاســـتەدا جارێکی دیکە چەمکی هەمووگیری نا-هەمـــوو دەدۆزینەوە، کە باســـەکەمان لەسەر بوون-بۆ-خۆ و پەیوەندی ئاگامەندی کەسانی دیکەوە توشمان بوو. بەڵام ئەمە جۆری ســـێیەمی نا-هەمووەکەیە. لە هەمووگیری نا-هەمووەکەی تێڕاماندا ئەو شـــتەی لەبەردەم تێڕامانداپە دەبێت تێڕامان بکەوێتە سەری. ئەوەی تێڕامانیش دەکەوێتە ســـەری دەبێ لەبـــەردەم تێڕاماندا بێت. ڕەتدانەوەی دووقات لەناودەچێت. لەحاڵەتی بوون-بۆ-کەســـانی دیکـــەدا تێڕامانەکان جیادەکرێنەوە و هەریەکێک لە ئەوان نابێ کەســـانی دیکە بێت. کەوابوو، بوون-بۆ-خۆ و کەسەکەی دیکەی-بوون-بۆ-خۆ بوونێک پێکدەهێنن، کە تیادا هەریەکێک لە ئەوان بوونی خۆی وەکو کەسێکی دیکە بۆ کەسەکەی دیکە دەسەلمێنێت. سەبارەت هەمووگیرییەکەی بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆشەوە بوون-بۆ-خۆ لەنێویدا بۆ بوون-لەنێو-خۆ خۆی دەکات بەکەســـێکی دیکە، بەڵام بوون-لەنێو-خۆ لە بوونی بوون-بۆ-خۆدا نابێت بە ئەوی دی؛ بوون-لەنێو-خۆ هەیەیەکی ســـادەو ڕووتە. ئەگەر پەیوەندییەکەی نێوان بوون-بۆ-خۆ و بوون-لەنێو-خۆ دوولایەنی بێت ئەوا دەکەوینە نێو پەیوەندی بوون-بۆ کەسانی-دیکە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمجۆرە پەیوەندییەیان نییە. تاکو ئەم ڕادەیە پرسیار ســـەبارەت هەمووگیرییەکە بێهودە نییە. کاتێک لەسەر بوون-بۆ-کەسانی دیکەمان کۆڵییەوە باسی ئەوەمانکرد، کە پێویستە کەسێکی دیکە بۆ بوونم هەبێت. هەروەها ئەوەشـــمان ڕوونکردەوە ئەو کەســـەی دیکە بۆ من دەتوانێت لەدەرەوەدا هەبێت. لەم بۆچوونەوە پرسیارمان لەبارەی خەسڵەتی پارادۆکسی هەمووگیرییەکە کرد. بەو باوەڕەش گەیشتین، کە پرسیار لەبارەی یەکێتی ئاگامەنییەکان بێ واتایە چونکە تێڕوانینی ئێمەی پێویست بوو! ئێمە لەسەر بناخەی هەمووگیرییەکە دەژین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

ئەگەر تێڕوانینمان نەبێت هۆکەی بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی دیکە خۆی بە من دانابێت و منیش خۆم بە ئەو دانانێم. پەیوەندی دانەوەی نێوانیان ڕێگەبەستی تێگەیشتنمە لە هەمووەکە. لەحاڵەتی ڕەتدانەوەی ناوەکی بوون-لەنێو-خۆی-بوون-بۆ-خـــۆ پەیوەندییەکە دوولایەنی نییە. من یەکێک لە چەمکەکانی پەیوەندییەکە و پەیوەندییەکەشم. ئەو کاتەی لە بوون تێدەگەم و دەبم بە تێگەیشتنەکە لە بوون. ئەو بوونەی لێی تێدەگەم ڕووبەڕووی من نابێتەوە تاکو من لەبەردەم خۆی دابنێت؛ ئەو شـــتەیە، کە تێیگەیشتوم. بوونیشـــی نابێت بەو بوونەی تێیگەیشتوین. بەم واتایە، دەتوانم پرســـیار لەبارەی هەمووگیرییەکـــەوە بکەم. من هەم تاکو مامەڵە

لەگەڵ هەمووگیرییەکەدا بکەم، بـــەڵام مامەڵەکردنەکە ماندووم دەکات چونکە من لە یەک کاتدا ئاگاییم لە بوون و ئاگاییشم لە بوونی خۆم. پرسیارەکەش سەبارەت هەمووگیری ســـەربە ئۆنتۆلۆجی نییە. دەڤەرەکانـــی ئۆنتۆلۆجی بوونـ-لەنێوـ-خۆ، بوونـ-بۆ-خـــۆ و هۆکارـ-خۆییە. بۆ ئۆنتۆلۆجی گرنگ نییە بوونـ-بۆ-خۆ و لەنێوـ-خۆ پێکەوە پێکبهێنین یان جیابکرێنەوە. مێتافیزیک بڕیار لەسودبەخشی لایەنێکیان بۆ زانینن دەدات (بەتایبەتی بۆ ســـایکۆلۆجی فینۆمینۆلۆجییانە، مرۆڤناسی و هتد.): مامەڵە لەگەڵ بوونێکدا دەکات ئێمە ناوی دەنێین دیاردە و دوو ڕەهەندی بوونی، وەکو بوونـ-لەنێوـ-خۆ و بوونـ-بۆ-خۆی بۆ دادەنرێت (لەم ڕووەوە تەنیا یەک دیاردە هەیە، کە جیهانە)؛ وەکو لە فیزیای (ئانیشـــتاین)دا بـــاس لە ڕووداوێک دەکەین ڕەهەندەکانی شـــوێنی و کاتی هەبێت یان چۆن لە کۆندا باسی دوولایەنی بوون و ئاگامەنـــدی دەکرا. تەنیا تێڕوانینێکی ئۆنتۆلۆجییانە هەبێت ئەوەیە، کە دەتوانین چەمکێکـــی نوێ بۆ دیاردەی پێدروســـتبکەین، کە هەمووگیرییـــە پێکهاتوەکەیە. ئێمەش دەتوانین بەشتێکی ناوەکی و یان بەرزی دابنێین.

مەترسییەکەش لە گەڕانەوەماندایە بۆ ڕاڕەوی ناوەکییەکی ڕووت (وەکو ئایدلیزمی هوســـرڵ) یان ڕاڕەوی بەرزێتی ڕووت، وەکو بابەتێکی نوێ. بەڵام خودی ڕەهەندی دیاردەکە لایەنی ناوەکی و ڕەهەندی بۆ-خۆ لایەنی بەرزێتی سنوردار دەکەن. پاش بڕیاردان لەســـەر پرسیاکردن سەبارەت بنەڕەتی بوونـ-بۆ-خۆ و سروشتی دیاردەی جیهـــان بیرپاری مێتافیزیک دەتوانێت چەنـــد گرفتێکی گرنگ، بەتایبەتی لەبارەی کارکردنەکەیەوە، بناسێت.

لەڕاســـتیدا، کارکردن ڕاستەوخۆ دەبێت لەســـەر زەمینەی بوونی بوونـ-بۆ-خۆ و بوونـ-لەنێوـ-خۆ دابنرێت. مامەڵە لەگەڵ پرۆژەیەکدا دەکات، کە ســـەرچاوەکەی ناوەکییـــە و گۆڕان بەســـەر بوونە بەرزە[دەرەکییەکەدا] دەهێنێت. بێســـودە بیر لەوەبکەینەوە، کە کارکردن گۆڕان بەسەر دیاردەی شتەکەوە دروستدەکات. ئەگەر دیـــاردەی لێوانێک بگۆڕین بۆ شـــتێکی نەبوو، هەروەهـــا بوونی لێوانەکەش تەنیا چۆنیەتییەکـــەی بێت ئەوا کردەوەکە دەتوانێت بوونـــی لێوانەکە بگۆڕێت. گرفتی کارکـــردن لەوەدایە، کـــە داوای ڕوونکردنەوەی بەرزێتـــی کاریگەرێتی ئاگامەندی دەکات. ئێمەش دەخاتە سەر ڕێگای پەیوەندی جۆراوجۆر لەنێوان بوون و بووندا، کە بیریاری فیزیاش بەلایەنی دەرەکی دەناسێت. ئەو لایەنەش دەرەکییەکی ڕووت یان ناوەکییە و فۆرمی گیشـــتاڵتی بۆ ئێمە دەردەخات. لەم چەمکانەوە کەســـێک دەتوانێت مێتافیزیکی سروشت دابمەزرێنێت.

٢- ئاكامە ڕەوشتییەکان

ئۆنتۆلۆجــی بــۆ چوونە ڕەوشــتییەکان پێکناهێنێت. ئەو تەنیــا لە چییەتی دەکۆڵێتەوە، ئێمەش ناتوانین فەرمانەکان لەوێوە دەربهێنین. بەڵام ڕێگەمان دەدات تەماشایەکی ڕەوشت بکەین و ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ هەڵوێستی مرۆڤانەدا بیر لە لێپرسینەوەکانمان بکەینەوە.

ئۆنتۆلۆجی سروشت و بنەڕەتی بەهامان بۆ دەردەخات؛ ئێمە بینیمان، کە بەها لە پەیوەندی نێوان بوون-بۆ-خۆ و بووندا کەمییە. مادام بوون-بۆ-خۆ هەیە بەهاش سەرهەڵدەدات و دەبێت بە دێوەزمەی ئەم بوونە. لەبەر ئەم چالاکییەکانی بوون-بۆ-خۆ دەبن بە بابەتی سایکۆلۆجی شیکاری بوونگەرایەتی چونکە ئامانجی هەموویان پێکەوەبەســتنەوەی ئاگامەندی و بوونە لەشــێوازی بەها یــان خۆ-هۆکاریەتیدا. کەوابوو، ســایکۆلۆجی شــیکاری بوونگەرایەتی توێژینەوەیەکی ڕەوشتییە. واتای ڕەوشتی پڕۆژەکانی مرۆڤمان پێدەناسێت. ڕێگەنادات شوێن سایکۆلۆجی سودبەخش و ڕاڤەکردنی سودبەخشــگەری بۆ هەڵوێســتی مرۆڤ بکەوین. واتا ئایدیاڵەکانمان پێدەگەیەنێــت. ئەم واتایانە لەژوور خۆگــەری و خەڵک خواییەوە یان هەموو ئەو هەڵوێستانەوەیە، کە بەنەویست ناودەبرێن.

بــۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە خوا دەبێت خۆی بکات بەمرۆڤ. 'خۆ' لەم ڕووەوە دەبێت بە بناخەی خۆگەری؛ پێوەرێکی دیاریکراویش لەنێوان ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و خۆ-هۆکارییــدا نییە تاکو بڵێین لەوێدا مرۆڤ خۆی وندەکات بۆ ئەوەی ببێت بە هۆکار بۆ خۆی. لەبەر ئەمە بوونی مرۆڤ سۆزە، بوونەوەرێکی ناوداری خۆ-ویستە، کە سەربەستانە هەڵیبژاردوە بوونی خۆی بەوسۆزە دابنێت.

بەڵام ئاکامی سەرەکی سایکۆلۆجی شیکاری بونگەرایەتی دەبێت کارمان تێبکات واز لــە گیانی (جیدی) بهێنیــن. گیانی (جیدی) دوو خەســڵەتی هەیە: بەهاکان بــە بەرز و دراو لەودیــو خۆیەتی مرۆڤەوە دادەنێت، خەســڵەتی 'حەزلێکراو' لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی شتەکانەوە بۆ پێکەهاتە ماتەرییە سادەکان دەگوێزێتەوە. بۆ گیانی (جیدی)، بۆنموونە، نان شتێکە ویستراوە چونکە بۆ ژیان پێویستە. ئاکامی گیانی (جیدی)، وەکو دەزانین، فەرمانڕەوایی جیهان دەکات.

چڕی بابەتە ویستراوەکە دەخاتە پێشەوە و ڕێگەی کەمکردنەوەی نادات. کەوابوو، ئێمە لەسەر زەمینەی ڕەوشــت ڕاوەستاوین، بەڵام هەمانکات توشی بڕوای خراپیش بووین چونکە ڕەوشت شەرم لە ناوهێنانی خۆی دەکات و ناوێرێ بیدرکێنێت. بۆ ئەوەی خــۆی لە دوودڵی ڕزگاربکات هەموو ئامانجەکانی خۆی بە شــاراوەیی داناوە. مرۆڤ کوێرانە بەشاردنەوەی پڕۆژە سەربەستەکەی لە خۆی دەیەوێت دوای بوونی بکەوێت.

ســـايكۆلۆجی شـــیکاری بوونگەرایەتی ئامانجی ڕاستەقینەی گەڕانەکەی مرۆڤ بـــە دوای خۆیدا دەردەخات، کە تێهەڵکێشـــەی بوون-لەنێو-خۆ و بوون-بۆ-خۆیە؛ مرۆڤ بە سۆزی دەناسێنێت. لەڕاستیدا زۆرکەس ئەم سایکۆلۆجییە شیکارییەکان بەسەرخۆیاندا بەبێ فێربوونی بنەماکانی تاقیکردۆتەوە. زۆرکەس ئامانجی گەڕانیان بـــەدوای بووندا و بەگوێـــرەی زانینەکەیان، ناســـیوە. نایانەوێت لەپێناوی خودی شـــتەکاندا ببن بە خاوەنیان و خاوەنێتییەکـــی هێماگەرانەیان بۆ بوون-لەنێو-خۆ هەیـــە. بەڵام لەبەر ئـــەوەی ئەم هەوڵدانە جۆرە گیانێکی (جیـــدی) پێوە دیارە و کەســـەکانیش لەوباوەڕەدان کاریگەرێتییەکەیان بەســـەر بوون-لەنێو-خۆی بوون-بۆ-خۆوە نوســـراوەتەوە خەمۆکی دەبن؛ بۆیان دەردەکەوێت هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ (چونکە لەپێناوی گەیشـــتن بە بوونێکـــی هۆکار-خۆییدا قوربانی بە بوونی مـــرۆڤ دەدەن)، وەکـــو یەکن. هەموویـــان لەبنەڕەتـــەوە ڕووەو ڕووخان دەڕۆن. کەوابوو، جیاوازی لەنێوان مرۆڤێکی سەرخۆشـــی تەنیا و سەرۆکی گەلێکدا نییە. ئەگەر یەکێک لە چالاکییەکان پێش ئەوانی دیکە بکەوێت لەبەر ئامانجەکەی نییە، بەڵکو لەبەر ڕادەی ئاگامەندییەکەیەتی لە ئامانجەکەی. لەمحاڵەتەدا، گۆشەگیری و تەنیایی سەرخۆشەکە پێش هەوڵدانە بێبەرەکەی سەرۆکەکە دەچێت، کە دەیەوێت کاربکاتە سەر گەلەکەی.

ئۆنتۆلۆجی و ســـایکۆلۆخی شـــیکاری بوونگەرایەتی پێویستە ئەوە بۆ مرۆڤ دەربخەن، کە لەڕێگەی بوونی ئەوەوە بەهاکان دێنەکایەوە. لێرەدا سەربەستییەکەی دەبێت بە خۆ-ئاگایی و خۆی لە دوودڵیدا، وەکو سەرچاوەی نەبوون و بەها، کە جیهان دەهێنێتە بوونەوە و بەرجەستە دەکات. ئەو کاتەی سەربەستی توێنێتییەکەمان بۆ بوون و خاوەنێتی بوون-لەنێو-خۆ دەکات بە ئەگەرەکانی تێدەگات، کە ئەگەرەکان لەڕێگەی ئەگـــەری دیکەوە دەبن بە ئەگەر. مـــادام ئەگەرەکانیش هەڵدەبژێرین و ڕەتیش دەکرێن، ئەو بناخەیەی یەکێتی هەموو ئەگەرەکان دروستدەکات بەهایە یان ئامادەبوونی بیرۆکەیی هۆکار-خۆییە. ئایا سەربەســـتی چی بەسەر دێت ئەگەر واز لەم بەهایە بهێنێت؟ ئایا سەربەستی بەهاکە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت کاتێک واز لە بوون-لەنێو-خۆی بوون-بۆ-خۆ دەهێنێت؟ ئایا سەربەستی لەپشتەوە بەو بەهایەدا دەناســـرێتەوە، کە دەیەوێ بیری لێبکاتەوە؟ یان سەربەســـتی لە پەیوەندییەکی لەگەڵ خۆیدا خۆی دەناسێت و کۆتایی بە بەهاکانی دەهێنێت؟ ئایا دەکرێت خۆی بە بەها و ســـەرچاوەی بەهاکانیش دابنێت یان دەبێت لەڕێگەی ئەو بەها بەرزەوە پێناســـبکرێت، کە بووە بە دێوەزمەی؟ ئاگامەندی ئەو سەربەستییەیە، کە ڕوو لە خۆی دەکات، ئەو بوونەیە کە ئەوە نییە ئێستا هەیە و ئەوەشە، کە نییە، هەروەها وێنەی بوونیش لەنێو ئەوەدا دەبینێت، کە هێشتا نییە و ئەوەشە ئێستا هەیە.

ئەم سەربەســـتییە نایەوێت خۆی بدۆزێتەوە بەڵکو لەدەســـت خۆی ڕادەکات،

نایەوێت لەگەڵ بوونی خۆیدا یەکســـان بێت بەڵکو دوور لە خۆی ڕادەوەســـتێت. چۆن لەم بوونە تێبگەین، کە خۆی بە ترســـەوە ڕادەگرێت و دوور دەوەســـتێت؟ ئایا ئەم پرســـیارە ســـەبارەت بڕوای خراپ یان هەڵوێستێکی گرنگی دیکەیە؟ ئایا کەس هەیە بەم جۆرە بژی؟ ئایا سەربەســـتی بـــە دانانی خۆی، وەکو کۆتایی لە هەموو هەڵوێستێک ڕادەکات؟ یان بەپێچەوانەوە خۆی لەنێو هەڵوێستدا دەبینێت؟ ئایا خۆی دەخاتە نێو هەڵوێســـتەوە تاکو زۆرتر ببێت بەشـــتێکی تاک و پڕۆژەی بوونـــی بخاتەگەر و لەنێو دوودڵیدا خۆی مەرجدار بکات، هەموو لێپرســـینەوەیەک بگرێتە ئەســـتۆی و خۆی بەو بوونە دابنێت، کە جیهان دەهێنێتە کایەوە؟ هەموو ئەم پرســـیارانە، کە ئێمە بـــەرەو تێڕامانێکی ڕەوان نەک یاریدەدەر ڕادەکێشـــن، وەڵامەکانیان لە بەســـتێنی ڕەوشتدا دەدرێنەوە. ئێمەش لێکۆڵینەوەی زۆرتری بۆ تەرخان دەکەین.

کۆتایی